هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 105

ساڵی/ 2015 بەرگی سەدو پێنج

چاپی یەکەم/ ساڵی 2019

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2015)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 105
چاپی یەكەم: 2019
تیراژ: 250
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروه هادی، شەرمینخضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.
كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسكندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی چوارەمی هەڵبژاردن پێنج شەممە 2015/5/26 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی چوارەمی هەڵبژاردن چوار شەممە 2015/6/2 ل 103

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن چوارشەممە 2015/6/9` ل217

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) ی خولی چوارەمی هەڵبژاردن سێ شەممە 2015/6/16` ل247

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (16) خولی چوارەمی هەڵبژاردن چوارشەممە 2015/6/17 ل 283

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی چوارەمی هەڵبژاردن سێ شەممە 2015/6/23 ل 329

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی چوارەمی هەڵبژاردن سێ شەممە 2015/6/29 ل 377

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی چوارەمی هەڵبژاردن سێ شەممە 2015/6/30 ل 483

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)ی**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 26/5/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12)

## شەممە رێكەوتی 2015/5/26

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2015/5/26 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یو سف محمد صادق سەرۆكی پەر لەمان و، بە ئا مادەبوونی بەڕێز جعفر ا براهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژ مارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا دانیشتنی ژ مارەی (12)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2015/5/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كرد نی پرۆژە یا سای ڕاكێشانی ما یە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كورد ستان بەپێی مادده كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە یەكی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

2- گفتوگۆ كردن سەبارەت بە كێشەی زیادە ڕەوی لە هەرێمی كورد ستان بە ئا مادە بوونی بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و وەزیری شارەوانی و گە شت و گۆزار و بەرێز وەز یری هەرێم بۆ كارو باری پەر لەمان بەپێی خاڵی دوو لە بڕ گەی دووەم لە ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی هەموار كراوی ساڵی (1992).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كورد ستان دە ست پێ ئە كەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژ مارە (12)، ڕۆژی داینشتن (2015/5/26)، بەرنا مەی كار، بەپێی حوكمەكانی بر گە یەكی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كورد ستانی عێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو دە ستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا كاتی دانیشتنی ژ مارە (12) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كا تژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی (2015/5/26) بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كرد نی پرۆژە یا سای ڕاكێشانی ما یە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كورد ستان بەپێی مادده كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە یەكی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

2- گفتوگۆ کردن سەبارەت بە کێشەی زیادە ڕەوی لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی (1992).

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و بەڕێزان ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەکەین بۆ هۆڵی پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 11) لە بەرواری (2015/5/20) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسند کردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادە کردنی پرۆژە دەستووری کوردستانی عێراق بۆ ڕاپرسی.

4- پەسند کردنی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188) ی ساڵی (1959).

5- خوێندنەوەی یەکەم بۆ شەش پرۆژە یاسا و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لە داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (11) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/5/20) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:

لە دانیشتنی یەکەم:

1 ابراهیم احمد- مۆڵەت 2- بەیار طاهر- مۆڵەت 3- زۆزان صادق- مۆڵەت 4- سهراب میکائیل- مۆڵەت

5- شێرکۆ جودت- مۆڵەت 6- شرین حسنی- مۆڵەت 7- صالح بەشار- مۆڵەت 8- عبدالله محمود- مۆڵەت

9- عبدالله جاسم- مۆڵەت 10- عزت صابر- مۆڵەت 11- قادر ئۆتمان- مۆڵەت 12- پروانت نیسان- مۆڵەت

**له دانیشتنی دووهم:**

1 ابراهیم احمد- مۆڵەت 2- ادریس علی- ئامادە نەبووە 3- انس محمد- ئامادە نەبووە 4- ئاری محمد- ئامادە نەبووە 5- بەیار طاهر-مۆڵەت 6- بەشار مشیر- مۆڵەت 7- بێگەرد دڵشاد- مۆڵەت 8- جمال عثمان- مۆڵەت 9- جودت جەرجیس- ئامادە نەبووە 10- خلف احمد- ئامادە نەبووە 11- دلێر مصطفى- ئامادە نەبووە 12- ڕابوون تۆفیق- ئامادە نەبووە 13- زۆزان صادق- مۆڵەت 14- زیاد حسین-مۆڵەت 15- سهراب میكائیل- مۆڵەت 16- شێركۆ جودت- مۆڵەت 17- شرین حسنی- مۆڵەت 18- صالح بەشار- مۆڵەت 19- گۆران ئازاد- ئامادە نەبووە 20- عادل عزیز- ئامادە نەبووە 21- عبداللە محمود- مۆڵەت 22- عبداللە جاسم- مۆڵەت 23- عزت صابر- مۆڵەت 24- قادر ئۆتمان- مۆڵەت 25- محمد صادق- ئامادە نەبووە 26- محمد علی- ئامادە نەبووە 27- مەردان خدر- ئامادە نەبووە 28- وحیدە یاقو- مۆڵەت 29- یراونت نیسان- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی كۆبوونەوەی لیژنە هەمیشییەكانی پەرلەمانی كوردستان لە (2015/5/20) تا (2015/5/26) بەم شێوەیە بوو:

1 لیژنەی دەستپاكی لە (5/20) كۆبوونەوەی كردووە

سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون

2- لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە لە (5/24) كۆوونەوە كردووە

1 سهراب میكائیل- مۆڵەت

3- لیژنەی دارایی و كاروباری وەبەرهێنان لە (5/25) كۆبوونەوەی كردووە

1 عیزت صابر- مۆڵەت

4- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان لە (5/25) كۆبوونەوەی كردووە

1 صالح بەشار -مۆڵەت

2- عزت صابر -مۆڵەت

3- فائق مصطفى- مۆڵەت

4- بەیار طاهر- مۆڵەت

5- لیژنەی كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (5/25) كۆبوونەوەی كردووە

سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون

6- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (5/25) كۆبوونەوەیان كردووە

1 زانا عبدالرحمن- مۆڵەت

لیژنەی كاروباری یاسایی بە شێوەی بەردەوام كۆبوونەوەی خۆی هەفتانە بە ئەنجام ئەگەیەنێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێش ئەوەی دەست بكەین بە بەرنامەی كار پێشنیارێك هەیە كە بڕگەی یەكەم و دووەم لە بەرنامەی كار ئاڵوگۆڕ پێ بكەین، واتە بڕگەی دووەم ببێتە یەكەم، یەكەم ببێتە دووەم، ئەوە ئەخەینە

دەنگەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە بڕ گەی یە کەم و دووەم لە بەرنا مەی کار ئاڵوگۆڕ پێ بکەین؟ (69) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (4) کەس دژیەتی، کەوا تە پە سند کرا، بۆ یە دە ست ئە کەین بە بەرنا مەی کار، برگەی یەکەم بریتییە لە (گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژ مارە یەکی ساڵی (1992) ی هەموار کراو) بە ئامادە بوونی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەز یران و هەردوو بەرێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری شارەوانی و گە شت و گوزار بەپێی خاڵی دوو لە بڕ گەی دووەم لە ماددەی (54) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، لە سەر داوای ژ مارەی یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان یادا شتێك واژوو کرا بوو بۆ بانگ کرد نی سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەز یران، لە گەڵ وەز یری ک شتوکاڵ و سەر چاوەکانی ئاو و وەز یری شارەوانی و گەشت و گوزار، و سەرۆکی دە ستەی وە بەرهێنان، بۆ قسە کردن لە سەر با بەتی نیشتەجێ بوون و ز ێدە ڕەویی لە دانیشتنێکی پەرلەمان، دوای قسە کردنمان لەگەڵ بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەر لەمان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان پێیان ڕاگەیاندین کە ئەم بابەتە لە ئەنجومەنی وەزیران دوو مە لەڤ لێك جیاوازن، بابەتی زێدە ڕەوی لیژنەیەك تایبەتمەندە پێی، و بەپێی جێ بەجێ بوونیش لیژنە یەکی تر لە ئەنجو مەنی وەز یران تایبە تە پ ێی، را ستە ل ێك نزیک یەك لە ن ێوان ئەو دوو بابە تە هە یە، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن دوو لیژ نەی ج یاوازەوە ئیش و کاری لە سەر ئەکرێ، بۆ یە بڕیارما ندا ئەوە بکەینە دوو کۆبوونەوەی پەرلەمان، کۆبوونەوەیەکیان بە ئامادە بوونی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەز یران کە سەرۆکی لیژ نەی ز ێدە ڕۆی یە لە ئەنجو مەنی وەز یران، و وەز یرە پەیوەند یدارەکان، و لە دانی شتنێکی تریش با بەتی نی شتەجێ بوونیش ئەخەی نە بەرنا مەی کارەوە بە ئا مادە بوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر و دەستە پەیوەندیدارەکان کە پەیوەند یدارن بە با بەتی نی شتەجێ بوو نەوە هە یە، وە کو بڕیار مان لە سەر داوە ئەو بابە تە لە دانی شتنەکانی پەر لەمان کە بڕیارما نداوە ئە ندامانی پەرلەمان هەر یەکە (3) دەقە قسە بکەن، بەڵام پێم وا بێ بەرێز سەرۆکی لیژ نەی شارەوانی و گە شت و گوزار ڕاپۆرتێکی ئا مادە کردووە لە سەر ئەو بابە تە کە بەرێزیان ڕاپۆرتە کە ئەخوێن نەوە، دوا تر ئە گەر بەرێز جێ گری سەرۆکی ئەنجو مەنی وەز یران ق سەیەکی هەبێ ئەتوانی بی کات، دوا یی دەر گای گفتو گۆ ئەکەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە هەر یەکە (3) خولەك قسەی هەیە لەسەر ئەو بابەتە، فەرموو کاك عومەر عینایەت سەرۆکی لیژ نەی ئا سەوار و خزمەتگوزار یەکانی شارەوانی و گە شت و گوزار فەرموو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەت، فەرموو بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەرێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وا تێگەیەندرا بووین کە ئێمە وەکو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کورتە یەك پیشکەش بە پەرلەمانی بەرێز بکەین سەبارەت بە کارەکانی کابینەی هەشت لەسەر کێشەی زیادە ڕەوی، پێش ئەوەی لیژنەی موختەس ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی ئەم بەرێزانە داوایان کردووە، خۆزگە پێش وەخت ئەوەت بە ئێمە بوتبایە، بەڵام ئەوەش دیسان بابەتێکی ئەوتۆ نییە، دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار بەرێزیشت ئەتوانی ئەگەر هەر بابەتێکتان هەیە لەم ڕووەوە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەرێز جەنابی کاك قوباد و وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری شارەوانی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و شاندی یاوەریان ئەکەین، بەرێزان ئێمە یاداشتەکەمان وا پێشکەش کرد بوو کە نیشتەجێ و زێدە ڕەوی دوو شتی تێکهەڵکێشن، یەعنی لێکجیاناکرێنەوە، لەبەر ئەوە داوامان کرد بوو، چونکی کەسێك کە زێدە ڕەوی ئەکات کە خانووی نییە، لەبەر ئەوە وا بوو یاداشتەکەمان، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی وای پێ باشتر بوو، ئێمەش دواتر ئەتوانین لەسەر کێشەی نیشتەجێش ڕاپۆرت ئامادە بکەین، بەڵام لەم ڕاپۆرتەی من هەر تێکهەڵکێش دروست ئەبێ، چونکە ناچارین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، کێشەی زیادە ڕەوی لە دوای (1991) بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە، بە تایبەت لەو چەند ساڵەی دوایی کە چەند حاڵەتێك بوو، بۆتە دیاردە لەسەر سنووری گشتی شارەوانییەکان و لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان سیمای شار و دەرەوەی شارەکان تێك چووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو دیاردەیە ڕوو لە زیاد بوونە، زۆرن ئەوانەی بەهۆی داگیرکردنی زەوییەوە بوونە ملیارد دێرو زۆریشن یەك هۆدەیان نییە شەوی تێدا ڕۆژ بکەنەوە، لە ڕاستیدا داگیرکردنی زەوی هیچی کەمتر نییە لە قاچاخچیەتی بە نەوت و پالأوگەی بێ مۆڵەت، پێم خۆشە جۆرەکانی زیادە ڕەوی لەم وڵاتە بۆ بەرێزتان ڕوون بکەمەوە، زیادە ڕوی چییە و چەند جۆرە؟ ئەو زیادە ڕەوییانە هاووڵاتیانی بێ خانە و لانە ئەیکەنە سەر مۆڵکی گشتی بۆ دروست کردنی خانوو بۆ خۆیان، ئەوە جۆرێکە، ئەو زیادە ڕوویانەی خەڵکانی دەست ڕۆیشتوو بە سوود وەرگرتن لە پلە و پۆست و حیزبیان ئەیکەنە سەر مولکی گشتی بۆ بازرگانی کردن بەو زەوییانەی فۆرخی ئەکەن و بە خەڵکانی کەم دەرامەت ئەیفرۆشنەوە، سێیەم، زیادە ڕەوی لەسەر مولکی گشتی سنووری شارەوانییەکان بۆ مەبەستی بازرگانی، هەیە بینا دروست ئەکات، مەخزەن دروست ئەکات بۆ مەبەستی بازرگانی، یەعنی بۆ سەکەن نییە، زیادە ڕەوی بۆ سەر مۆڵکی گشتی بۆ زەوی کشتوکاڵ و بەردەڵان بە مەبەستی بازرگانی و شوێنی تایبەت، ئەو جۆرە لە لایەن کەسانی خاوەن

دەستەڵات ئەکرێ بە سوود وەرگرتن لەو مافە عورفییەی دانیشتوانی گوندەکان هەیانە، بە نایاسایی فرۆشتیانەتەوە بە سەرمایەدارەکان، ئەوانیش باخ و ڤیلا یان لەسەر دروست کردووە، زیادە ڕەۆیۆهی لەسەر کەناری ڕووبارەکان و شوێنە گەشتیاریەکان، ئەوەی کە غەسالە و کارگەکانی لێ دورست ئەکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە چەگل و لم و کانزاکانەوە هەیە، زیادە ڕەوی لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بۆ دروست کردنی کارگە و پالأوگەی نەوت، زیادە ڕەوی لەسەر ئەو زەویانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە و سایت پلانی وەبەرهێنەر زیادە ڕەوی سنووری ڕێ پێدراو بەپێی سایت پلانێك کە پرۆژەکە ئەبەزێنێ ز زەوی ڕووکنن و خزمەتگوزاری بە ویستی خۆی ئەفرۆشێت و تەنانەت مەتروکەکانیش کە موڵکی شارەوانین یان ئەیانکات بە پرۆژەی بچووك، یان ئەیفرۆشێتەوە بە کڕیاری خانووەکان، یەعنی وەبەرهێنەرکانیش زیادە ڕەوی ئەکەن لە ناو پرۆژەکانی خۆیان، زیادە ڕەوی کاتی لەسەر شەقامەکانی شار کە بۆتە دیاردەیەك لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت پاش تەواو بوونی دەوامی فەرمی شەقامەمان سیمای شاربوون لە دەست دەدەن، نەك هات و چۆی ئۆتۆمبێل، بگرە لە زۆر شەقام پیادەش ئەستەمە بتوانێ هات و چۆ بکات، زیادە ڕەوی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکان، پارێزگای هەولێر زیاتر لە چەند شوێن زیادە ڕووی هەیە، لەسەر ڕێگەی هەولیر و مەسیف و لە کەرتی تارین بە بەرامبەر بە ئوتێل خانزاد کە زیاتر لە (1800) پارچە زەوی وەکو قەرەبوو بۆ هەندێ هاووڵاتی جیا کرابوویەوە، بەڵام ئێستا کەسانی سەرمایەدار و دەست ڕۆیشتوو بە پێنج دۆنم و شەش دۆنم شوورایان کردووە و کراوە بە ڤیلا، گەرەکەکانی قەتەوی و مامزاوە بە زیادە ڕەوی دروست کراوە، خزمەتگوزاری بۆ براوە، تا ئێستا سەر و شوێنی دیاری نەکراوە، زیادە ڕەوی لە سنووری شەقلاوە بە شێوەك تەشەنەی سەندووە و لە پەرەسندن دایە لە ئەژمار نایەت، بە ئاراستەی هیران و نازەنین سەر پردو قەنتەرەکانیش زیادە ڕەوی لەسەر ئەکرێ، لە خەباتیش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادە ڕەوی هەیە، لە کۆیە (17) پارچە زەوی بە دوو دۆنم و زیاتر تەلبەند کراوە، (10) بینای بازرگانی و (35) خانوو بە زیادە ڕەوی دروست کراوە، من هەندێ لە شارەکانم هەڵبژاردووە، تەبعەن هەمووی فریانەکەوتین، پارێزگای سلێمانی، لە سنووری ماستەر پلاندا بە شوێنە جیاجیاکانی ناو شارەوە نزیکەی (3) هەزار خانووی زیادە ڕەوی هەیە، زیاتر لە (500) عەنبار و بینای بازرگانی کە ڕووبەری هەریەکە لە هەزار مەتر دووجا کەمتر نییە، ئەم زیادە ڕەوییە تەنیا ئەوە نییە لە خیلا لی خولی چوارەم کرابێ، بۆ زانیاری بەرێزتان ئەوە دەر ئەنجامی زیادە ڕەوویەکە بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، پارێزگای هەڵەبجە، (3) هەزار خانوو لە گەڵ (70) بینای بازرگانی، سەباری ئەوەی زۆر بەی خانووەکانی ناو شار نهۆمی ژێزەوی کراوە بە عەنبار و لە 100٪ ڕووبەرەکەی کراوە بە بینا، بێ گوێدانە ڕووبەری سەوزایی و جیاوازی نرخ بەپێی تەحەسوونی مەوقع، ئیدارەی گەرمیان، کەلار (2700) خانووی زیادە ڕوی لە گەڵ (3) بینای بازرگانی هەیە، ئیدارەی ڕاپەرین و ڕانیە (300) خانوو لە شوێنی ناوچە خزمەتگوزرایە گشتیەکان کراوە، لە قەڵادزەش لە سنووری شارەوانی بە سەدان

دۆنم زەوی شوورا کراوە، لە سەر ڕوو بەری (37) دۆنم زەوی (110) خانوو بە ز یادە ڕەوی درو ست کراوە، ئەوانە هەندی ز یادە ڕەووی بوون، بەلاّم هە ندێ شارەوانی توانیویا نە سنوور بۆ ز یادە ڕووی دابنێن، ئەمەوێ ناوی هەندێکیان بێنم، ئەوا نەی سەرەوە نموونە نە بوون لە خەرواری ئەو هەموو زیادە ڕەوییەی لە هەرێمی کوردستان ئەکرێ، بەلاّم هەندێ قەزاو ناحیەش هە یە کە جێگەی دە ست خۆشیە، سوپاسی بەپرسەکان ئەکەین کە تا ڕادەیەکی باش جڵەوی ز یادە ڕەوو یان گر تووە و ڕێگەیان نەداوە زۆر تەشەنە بکات، لەوانە قەزای شارەزوور، قەزای دوکان، ناحیەی پیرەمەگرون، قەزای چۆمان، قەزای چەمەچەمال، تەنیا (17) خانوو ز یادە ڕەوی هە یە، دەربە ندیخان تەنیا (50) خانوو هە یە، لەگەڵ (13) کارگە، ئەوە هەندێ لەو شارەوانیەن کە توانیوویانە سنوور بۆ ز یادە ڕەوی داب نێن، ئێمە پرسیار ئەکەین، ئای بۆ هە ندێ نەیانتوانیوە؟ ئەوە جێگەی پر سیارە، پێویستە بەرێزان نوێنەرانی حکومەت وەلاّمی بدەنەوە، ئێمە چارەسەرمان دۆزیوەتەوە بۆ ئەم زیادە ڕویە کە ئەکرێ وە کو لیژ نەی شارەوانی ئەو ڕاپۆر تە لەلا یەن لیژ نەی ئا سەوار و خز مەتگوزاری شارەوانیەوە ئا مادە کراوە، بە ئیتیفاقی هەموو لایەك گەشتینە ئەوەی ئێمە پێمان باشە ئەو چارەسەرانە بکرێ، بۆ ئەوەی لە مەودوا حکومەت دیراسەی بکات و سوودی لێ ببینێ، بۆ ئەوەی سنوور بۆ زیادە ڕەوی دابنێ، یە کەم، نەبوونی یاسایەك کە بێ پێچوو پەنا سنوور بۆ زیادە ڕەوی دابنێ، ڕەدعی بکات لە دە ستدرێژی کردن بۆ سەر ماڵ و موڵکی گشتی، تا ئێستا بەپێی ئەو بڕیار و یا سایانە مامە ڵە لە گەڵ ز یادە ڕەوی ئەکرێت کە بە هەموویان ناتوانن سنوور بۆ ز یادە ڕەووی داب نێن، دە ستی سەرۆك شارەوانی و یە کەی ئ یداری و داواکاری گشتی و دادوەرکان بەم یاسا و بڕیارە ستۆکانە ئاوا ڵە نابێت، ئەو یا سا و بڕیارا نەش ئەوانن، قەراری مەجلیسی قیادەی سەوری ڕە قەم (548) ی ساڵی (79)، قەراری مەجلیسی (165) ی ساڵی (80)، (1181) ساڵی (82)، (398) ی ساڵی (87)، و قانونی ڕە قەم (6)ی ساڵی (1992) ماددەی (29) بڕ گەی (3)، ئەو یا سایانە ستۆك بوون، کارێکیان کردووە دە ستی نە سەرۆك شارەوانی، نە سەرۆکی یەکەی ئیداری، نە قائیمقام و نە داواکاری گشتی و نە دادوەرە کانیش ناتوانن وە کو پێویست بتوانن بەرامبەر بەو زیادەڕوی کەرانە بوەستنەوە و کاردانەویان هەبێ، دووەم، وەستانی دابەش کردنی زەوی، لە (2006/6/8) بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران تا ئێستا بۆ هاووڵاتی ئا سایی و کارمە ندانی حکومەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەرچەندە بە بەڵگە لامانە کە بۆ هە ندێ کارمە ندی نز یك لە بەرپر سەکان کراوە و بە فەرمیش ئا گاردی سەرۆکایەتی پەر لەمانمان کردووە، بۆ هە ندی کەس ئەکرێ کە نزیکە لە بەرپر سەکان، بەلاّم هاووڵاتی ئا سایی ل ێی بێ بە شە، سێیەم، وە ستانی دور ست کردنی پرۆژەی نیشتەجێ بوون بۆ کەمدەرامەت و هەژاران لە (20012/6/28) بە نوو سراوی ژ مارە (106) لە ئەنجو مەنی باڵای وە بەرەهێنان، زەوی دا بەش ناکرێ، کاتێکیش شوقە دا بەش ناکری بۆ هاووڵاتی، ئەویش پەنا بۆ کێ ببات؟ خۆ پرۆسەی هاو سەرگیری بەردەوا مە، کەوا تە ئەبێ هاووڵاتی چی بکات؟ بە نا چاری ئە چێت ز یادە ڕەوی ئەکات، وە ستانی درو ست کرد نی پرۆژەی نی شتەجێ بوون بۆ

کەمدەرامەتەکان، چوارەم، دروست کردنی ڤێلا و شوقەی گرانبەها لەلایەن هەندێ لە وەبەرهێنەران کە لە توانای خەڵکی هەژار نییە بیانکڕێ، هەمووی فرۆشرا بە سەرمایدار و بەرپرسەکان، ئەوانەی خانووی کۆنیان هەبوو لە شارەکان، خانووەکانیان فرۆشت و شوقە و ڤێلایان پێ کڕی، پارەی زیادەشیان بۆ مایەوە، پێنجەم، لێ سەندنەوەی دەستەلاتی حەبس کردنی زیادەڕۆکار لە سەرۆکی یەکەی ئیداری و ڕوو بەڕوو کردنەوەی سەرپێچی کار بە دادگای لێکۆڵینەوە و سزادانی سەرپێچیکار بە هۆی یا سایەکی موڵکەر، بەم شێوەیە ئەوەندە ڕۆتین درسوت بووە بۆ ڕێگری کردن لە سەرپێچیکار، وەکو سەرۆکی شارەوانی سلێمانی وتی تا ئێمە خانەووەکە ئەڕوخێنین لەوانەیە ئەوان منالێکیشیان هەبێت، شەشەم، نەبوونی نەخشەی بنەڕەتی بۆ هەندێ لە شارۆچکەکان، حەوتەم، تەسویە نەکردن و نەکوژاندنەوەی ڕوو بەرێکی زۆر ( یەعنی ئیتیفاق) ئەکەونە سنووری شارەوانی و بە مەش خاوەندار یەتی زەوییە کە بە تەواوی ساخ نابێتەوە، لەلایەک بە ناوی وەزارەتی دارایی یان وەزارەتی بەرگری گرێبەستی کشتوکاڵی لەسەرە، لەلایەک ئەکەوێتە سنووری شارەوانی و شارەوانی ناتوانێ ڕێکاری یا سایی بەرامبەر سەپێچیکار بگرێتە بەر، بەهۆی ئەوەی زەویەکە بە ناوی نییە، وەزارەتەکانی تریش خۆیان ناکەن بە خاوەنی، چونکە لە سنووری شارەوانی دایە، هەشتەم، دیاری نەکردنی سنووری شارەوانی و سنووری مەحەڕەمات و شارەوانی بە دانانی هێمای ئاشکرا لەسەر نەخشە و لە سەر زەوی بە هەر چوار دەوری شار، نۆیەم، قۆستنەوەی هەلی کاتی هەڵبژاردن و چاوپۆشی کردن لە زیادەڕەوی کار یەکێکە لە هەرە فاکتەرە کاریگەرەکانی زۆر بوونی زیادە ڕەوی، بەدا خەوە لە سەروبەری هەڵبژارد نەکان و دوای کۆتایی ماوەی هەڵبژارد نەکان کاربەدەستانی شارەوانی و ئیدارەی شارەکان هەندێکیان لە ژێر کاریگەری هەندێ لە بەرپرسەکان نەك هەر چاوپۆشی بەڵکو هانیان ئەدەن بە مەرجی دەنگدان، زووڕجاریش زیادەڕەوی کەر لەگەڵ زیادەڕەویە کە دەنگیشیان نادەنێ، سەرباری ئەوەش گەندەڵی هەندێ لە بەرپرسان بەرامبەر سەرپێچیکار خۆرەی سەرەکی زەوییە لە کوردستان، دەیەم، نادادپەروەری لە دابەش کردنی زەوی بە پشت بەستن لە خاڵ و حیساب کردنی کارمەند بوونی دەوڵەت وەکو یەکەم مەرج بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی زەوی ئەوەش هەڵە یەکی کوشندەیە، بۆ نموونە لە شارەوانی هیوا هەیە (400) پارچە زەوی دابەش کراوە کە (300) کەس لەوانە لە خانووی خۆیان بوون، لەولاشەوە هەزارن کور و کچ کە تازە بوونەتە هاوسەر لە کرێچی دان، ئاوڕنەدانەوە لە گوندەکان و ڕەوی بەرچاوی گوندنشینان و ڕێژەی گوندنشین لە چاو شارنشین لە 13٪ بۆ لە 89٪ یە ئەوەش وای کردووە خەڵکی گوند بە لێشاو ڕوو لە شارەکان کەن، ئەگەر بۆیان لوا زیادە ڕەوی بکەن، دوانزە، دروست کردنی جادەی قیر بۆ هەندێ ناوچەی گەشتیاری بێ ئەوەی پێش وەخت حیساب بۆ ئەوە بکرێ کە ناوچانەی جادەکەی بۆ دروست ئەکرێ بە تەحەسوونی مەوقیع ئەکەوێت و ئەبێت پێش وەخت سەرچاوە خۆجێیەکان بۆ ئەم حاڵەتانە خۆیان ئەمادە کردبایە، بۆ نموونە ناوچەی سیتەك هۆکاری سەرکی زیادەڕەویەکان دروست کردنی هوتێلی ئەزمەر بوو، ناوچەی مێرگەپان و دروست کردنی جادەی قیر، ناوچەی سماقولی و دروست کردنی جادەی هیزۆب بوو، و دروست کردنی بەنداوەکانیش کاریگەریان

له سەر ز یادەڕەوی هه یه، بەهای ئەو زەویا نه زا یاد ئه کەن که ئەکەو نه سەر بەنداوە کە، یان نز یك بەنداوەکە، دوانزە، ساغ نەبوونەوەی موڵکداری زەوییە کشتوکاڵییەکان و دەستاودەست کردنی گرێبه سته ک شتوکاڵیەکان له باو کەوه بۆ کوڕ و هاو سەر له کاتێ کدا باوك جوت یار بووه کاتێ کۆ چی کردووه گریبەستەکە کراوه به ناوی خێزان و یان کوڕی بێ ئەوەی جوت یار بن، ئەوەش هانی داوه بیفرۆ شن به سەرمایەدار، چواردە، هەرزانی لێدانی بیری قوڵ و هاتنی به لێشاوی ئامێری هەڵکەندنی نیمچه میکانیکی که با ئامێری سووری ناسراوه له سەروبەندی ڕووخانی ڕژێم هۆکاری سەرکی بوون بۆ زیاده ڕەوی له سەر زەوی له دەوروبەری سنووری شارەوانی و شورا کرد نی زەوی یەکان، پانزە، کرێکاری ب ندیوار، یەکێ لەو هاندەرانه بوو که بەپرسەکان بەکاری ئەهێنێ بۆ دروست کردنی باخ و ڤێلا و مەزرە عەکانیان، کێ بوون ئەو کرێکارە بندیوارانه؟ ئەوانەی حیمایەی بەرپرسەکانن که ژمارەیان ئەوەنده زۆره به مەمنوونی شەوه باخی بەپرسەکانیان ڕووا ند و خانووەکان یان بۆ درو ست کردن و پاسەوانەکانی شیان بۆ ئه کەن و ئاوی دارەکانیشیان بۆ ئەدەن، ئەوه چ لۆژیکێکه؟ پەرپر سێك نەماوه فەرزی کردووه (10) کەس خز مەتی بکات، بەرپرسێك خانەنیشین بووه به پلەی وەزیر یان وەکیل وەزیر دوو شوقه و چوار حیما یەی هەبێ، له بێ ئیشیدا ئەیان کات به با خەوان، ئەوا نه هەمووی ئه سەلمێنم، کێن؟ ئێ ستا پێوی ست نا کات ناو یان بێنم، گەڕان به دوای نەوت چانسی بوونی نەوت له زەوی یەکانی کورد ستان هۆ کارێکن بۆ دا گیر کرد نی زەو یەکانی میری و شوراکردنیان به ئوم ێدی قەرەبووی گەوره، حه ڤده، خەرج نەکردنی دەرما ڵەی پێویست و کاری سەرەڕایی بۆ کارمەندانی شارەوانی و بەشی زیاده ڕەوی و کەمی ستاف ئەو بەشه و دووره پەرێزی کارمەندان لەو بەشه بەهۆی هەڕەشه و گورەشەی هەندێ له بەرپرسان و دەستەڵاتدارانی ئەمنی و سەربارزی، چارەسەرەکان، دانانی نەخشەی بنەڕەتی هەموو شار و شارۆچەکان و ڕووپێو کردنی هەموو زەوییەکان، به تایبەتی ئەو زەوییانەی نزیك له سنووری شارەوانیەکانن و ساغ کرد نەوەی خاوندار یەتی زەوییەکان، دووەم، وازهێنان له دابەش کردنی زەوی لەسەر، بەرێز سەرۆکی پەر لەمان ئەوه زۆر گرنگه، کەسێك کارمه ندی دەوڵه ته و موو چه له دەو ڵەت وەر ئەگرێ مافی هه یه زەوی وەر گرێ، بەڵام کە سێك عەرەبانەیەکی هەیه مافی نییه زەوی وەرگرێ، ئەوه چ مەنتیقێکه، ئەو هاووڵاتی یه، ئەویش هاووڵاتی یه، وازهێنان له دابەش کردنی زەوی لەسەر بنەمای خاڵبەندی و کارمەند بوون، هەموو هاووڵاتی کوردستان لەم قۆنا غه به کارمه ند و ناکارمه ندەوه مافی ئەوەیان هه یه بب نه خاوەنی یەکه یەکی نی شتەجێ له ناوه ندی قەزا و پارێزگا کان ئه گەر پرۆ سەی هاو سەگیریان کرد بوو به مەرجێ هیچ جۆره شوێنێکی نیشتەجێیان نەبێ، له ئای نده پلان بۆ ئەوه دابڕ ێژرێت بۆ دا بین کرد نی یه کەی نی شتەجێ بۆ هەر هاووڵاتیەکی کوردستان که مافی ئەوەی هەبێ یەکه یەکی نی شتەجێی هەبێت ئه گەر ته مەنی گه شیته (18) ساڵ و ئەگەر ژنی نەبێت یان شووی نەکردبێت، وەکو ئەوەی له هەموو ئەوروپا پیاده ئەکرێت، ئایا لەسەر چ ینەمایەك کەسێك کارمەند ب ێت و موو چەی حکو مەت وەر گرێ و مافی زەوی شی هەبێ؟ بەڵام کەسێك به عارەبانەیەك بژیەت و مووچەی نەبێت له زەوی بێ بەش بکر ێت، ئەوه چ دادپەروەریه کە؟

سێیەم، بنەماسەرەکییەکان بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجی بریتی یە لە زەوی، بود جە، دە ستی کار، خزمەتگوزاری، ئەم چوار بنەمایە لای حکومەتی هەرێم هەیە، ئەکرێ (10) کۆمپانیای سەر بە وەزارەتی ئاوەدان کرد نەوە یان دە ستەی وە بەرهێنان پێکبهێنر ێت لەماوەی (5) ساڵدا سەدان هەزار شوقەی مامناوەند بۆ ئەوانە دروست بکەین کە شوێنی ژیاذ یان نی یە و ئە چنە پرۆ سەی هاو سەر گری یەوە، یان زەویان پێ بدرێ، خۆیان بەپێی پلانی شارەوانی دروستی بکەن، ژمارەی کرێچیەکانی هەرێم دیاری بکرێ و بە ڕ ێژەی لە 5٪ ساڵانە د یاری بکرێ بۆ هاو سەرگیری نوێ، ڕێگەدان بە دا بەش کرد نی زەوی لە ناحیەکان و لە هەندێ لە قەزاکانی دوور لە سەنتەری شار،شە شەم، بۆ وە ستانی ئەم زیادەڕوویا نە کە ئێستا لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کورد ستان ڕۆژا نە ڕوو ئەدات، ئێمە تەنیا وی ستمان بیوە ستێنین، ئێ مە وە کو لیژ نەی ئا سەوار و خز مەتگوزاری شارەوانی بە هەما هەنگی لە گەڵ وەزارە تی شارەوانی و فەرمانگەی داوا کاری گ شتی سلێمانی و سکرتێری ئەنجو مەنی وەز یران پاش چەند کۆبوو نەوە پرۆژە یاسایەکمان بە واژووی ژمارەی یاسایی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوو خوێندنەوەی یە کەمی بۆ کرا، داوای ڕەوشی بەپەلەمان کرد و تێمانپەڕاند، پەسند کرا، و لە ڕۆژی (2015/4/8) ەوە ڕا پۆرتی کۆ تایی لیژنە کەمان ئار ستەی سەرۆکایەتی لیژ نەی یا سایی کردووە، بەدا خەوە بە ب یانووی بوونی پرۆژەیەکی هاوشێوە لە حکومەتەوە لیژنەی یاسایی تا ئێستا ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش نەکردووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم ئەو پرۆژەیە کاری لەسەر بکرێ و بخرێ تە بەرنا مەی کار بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دوا نەکەوێت، بەڕای ئێمە ئەو یاسایە سنوورێك بۆ زیادە ڕەوی دائەنێت، پرۆژەیەکی دیش ئامادەیە بۆ ڕێکخستن و لابردنی ئەو زیادەڕەویانەی کە پێشتر کراوە، بەو زیادە ڕەویانەش کە لە دەرەوەی سنووری ما ستەر پلان کراوە، حەو تەم، ز یاد کرد نی کارمە ندانی ز یادە ڕەوی لە فەرمانگەکان و خەرج کرد نی دەرما ڵەی تای بەت و کر ێی کاری سەرەرایی و خەرج کرد نی ها ندانی مانگا نە بە شێوەیەك کە هانی کارمەندان بدات لەم بەشە کاربکەن و چاو لە دەستی زیادەڕەوی کار نەبن، بۆ نموو نە جادەی مەو لەوی یان بەر مزگەوتی گەورە لە سلێمانی تا سەعات (4) زۆر ئا ساییە، دوای (4) کەس ناتوانێ هاتو چۆی لێ بکات، من لێم پرۆسی لە موراقیب، وتیان ئێمە پارەی کاری سەرەراییمان بۆ خەرج ناکرێ، ستافەکەشمان کەمە، لەبەر ئەوە........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك عومەر ڕاپۆرتەکەت تەواو بکەی باشترە لەوەی کە قسەی زیادەی لەسەر بکەی.

**بەرێز عمر عینایەت:**

داوای لێبوردن ئەکەم، گرنگیدان بە ئاوەدانی گو ندەکانی کورد ستان و پێ شکەش کرد نی خز مەتگوزاری پێوی ست بە گوند یەکان بۆ وە ستانی ڕەوی گوندن شینانن پرۆژە یەکمان بە ژ مارەی یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان بۆ ئاوەدانی گو ندەکانی کورد ستان پێ شکەش بە سەرۆکایەتی پەر لەمان کرد، بەدا خەوە پرۆژەکەمان لەلایەن لیژنەی ئاوەدان کردنەوە ڕەت کرایەوە بە بیانووی ئەوەی بارگرانی لەسەر حکومەت

زیاد نەکەین، لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە سوپاسەوە داوای لە دەستەی سەرۆکایەتی کردووە کە جارێکی تر لە هۆڵی پەر لەمان گفتو گۆی لە سەر بـکریّ، بەلاّم تا ئێستا بیّ ئەنجا مە، داوا ئە کەین ئەو پرۆژە بهێندرێتەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان، یان داوا لە حکومەت بکریّ بۆ هەڵسەنگاندن و دەربڕینی ڕای خۆیان لەو بارەوە، نۆیەم، دەرکردنی بڕیار لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەسەر شێوەی بڕیاری (241) بۆ تەملیك کرد نی ئەو خانوا نەی کە دە یان ساڵە درو ست کراون، بە بـ یانووی پێ شێلکردنی سنووری لەسەردەمی بەعس بۆیان تاپۆ نەکراوە، ئەو بڕیارە تەنیا بۆ ئەو خانوو زەویانە بێت کە پێش (1991) بوو، بینا کروان یان زەوین لە سەنتەری شارە و گەورەکەکان، دەیەم، دەرکردنی ڕێنـمایی بۆ یا سای ژ مارە (12) ی ساڵی (2012) دەر بارەی ڕێکخـ ستنی سنووری ئەو گوندا نەی ئەکەو نە سنووری شارەکان، بەداخەوە تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران کە پێویـست بوو ڕێنـمایی دەربـکات ئەو کارەی ئەنجام نەداوە، یانزە، ڕووپێو کردن و دیراسە کردنی ژمارەی ئەو بازاڕ و دوکانانەی کە پێش (1991) درو ست کراون و تاپۆ نەکراون، ئە گەر لە ڕووی یا ساییەوە ڕێ گری نەبێت لە سەریان تاپۆ بـکریّ، ببێ تە سەرمایە بۆ شارەوانییەکان، بۆ نموونە لە شاری کەلار (4000) هەزار دو کان هە یە، ئە گەر تەملیك ناکریّ بەپێی یاسای ژمارە (32) بخەملێنریّ، پێیان بفرۆشێت یان بە کریّ پێیان بدریّ، ئەم دوکانانە بوونە تە ئەمری واقیع و بە فیعلی موڵکی ئەو کەسانە کە تێیا ندا ئەژین، دوا نزە، بۆ ئا سانکردنی پرۆ سەی فراوانکرد نی سنووری شارەوانیەکان بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەربچیّ بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو جوتیارا نەی زەوییەکانیان بەدەستەوە بووە، نەماڤ بەکارهێنانیان هەیە، نە گرێبەستی وەزارەتی کـ شتوکاڵ بە ڕ ێژەی نیوەی شایستەی ئەوانەی گرێبەستیان هە یە، یان هەر ڕێژەیە کە حکو مەت و لایە نە پەیوەند یدارەکان پە سندە، ستەم لە جوتـ یاران نەکرێت، دوا نزە، پێکهێـنانی بەرێوەبەرا یەتی ڕێ گری ز یادەڕەوی لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و دارایی بە مەبە ستی چاودێری ئەو زا یادە ڕەویا نەی موڵکی وەزارە تەکانن لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکانن، لەگەڵ ڕێزی لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، باشتر بوو ئەو ڕاپۆرتە کۆپی بکرابایە و بدرابایە بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بەلاّم ئێستاش کۆپی بکەن، خاتوو بێگەرد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەویّ ڕوون کرد نەوەیك لە سەر ئەو ڕاپۆر تەی جەنابی کاك عو مەر بدەم، د یارە ئەمڕۆ ما یەی خۆشحاڵییە حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك بۆ نەهێشتنی ز یادە ڕەوی لە سەر موڵکی گـ شتی لە هەرێمی کورد ستان درو ست ئەکات، بە خۆ شحاڵیەوە جێـگری سەرۆکی ئەنجو مەنی وەز یران بۆ خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم لیژنەیە ئەکات، پێم وا یە ئەوە جد یەتی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان و

شەخسی كاك قوبادە لەم مەسەلەیە، بەلاَم ئەوەی ئەمەوی ئاماژەی پێ بدەم و پر سیار بكەم بەرێز كاك عومەر كە سەرۆكی لیژنەكەی مەنە لە پەر لەمانی كورد ستان ئا یا ئەو راپۆر تەی خوێند یەوە ئێستا و تەوزیع نەكراوە بەسەر هیچ یەكێك لە هاوكارەكانم لە پەرلەمانی كوردستان، رای شەخسی خۆیەتی؟ یان راپۆرتی لیژنە بوو؟ چونكە ئێمە لە لیژنە كە هەمووومان راو ێژمان كردووە لە گەلْ یەكتری، ئاگا مان لە نووسینی ئەو راپۆرتە نەبووە، لەگەلْ ئەوەی لایەنی زۆر باشی تێدا بوو، دە ست خۆ شی لێ ئە كەم، بەلاَم پێم وایە ئەو راپۆرتە ئەكرێ بلێین تایبەتمەند كراوە بۆ چەند ناوچەیەك لە هەرێمی كورد ستان، ئەكرا ئەو پرسە لە ناو لیژنەكە باس كرابایە، هەر لە بادینان تا ئەگا تە ناو چەی گەرمیان هەمووومان دلْنیام خەمخۆرین، و هەڤاڵەكانم خەڵكی ناوچەی بادینانن، دلْنیام ئەوانیش دونیا یەك خەمی ئەو ناو چەیان هەلگرتووە، حەزیان ئەكرد پشكیان هەبێ لە نووسینەوەی ئەو خەمانەی بادینان، لە هەولێر بە هەمان شێوە، نەك تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، و لە راستیشدا ئەم راپۆرتە نە لە بەرنا مەی كاردا بوو، نە تەوزیع كرا بوو، و رەخنە ئارا ستەی بەرێزت ئە كەم، نە ئەبوو دەر فەت بدرێ بەو شێوەیە، هیچ نەبووا یە ئە گەر را پۆرتی لیژنە یە هەڤاڵەكانیشم ئەتوانن قە سە بكەن، ئەبوا یە ئێ مەش بماندیتبا یە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دوێنێ بەرێز كاك عومەر سەرۆكی لیژ نە بەرێز سكرتێری پەر لەمانی ئا گادار كردبوو یەوە كە راپۆرتیان هەیە لەو بارەوە، كاك عومەر فەرمووو.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر داوای لێبوردن ئەكەم، بڕگەی حەووتم بیر چووە دەربارەی پارێزگای دهۆك، دوو، عەفوو دهۆك، كاتێ گواستمەوە لەوبەر بۆ ئەو بەر، بڕگەی سێ پارێزگای دهۆك، سنووری شارەوانی د هۆك حەوت هەزار، لە سنووری شارەوانی زاخۆ (5300)، لە قەزای ئاكرێ (2600)، بۆ ئەوەی بە حەسا سیەت وەر نەگرێ، زۆر داوای لێبوردن لە بێگەرد خان ئەكەم، زۆربەی هاورێكانم دوێنێ تەلەفونم بۆ كردوون، زۆر بەی ژمارە كان ئەوان پێیان داوم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا كێشەیەك نییە، ئاگاداری بەرێز سكرتێری پەرلەمان كراوە كە را پۆرتی لیژ نە هە یە لەو بوارە، با بەرنا مەی كار وە كو خۆی بڕوات، بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجە مەنی وەز یران فەرمووو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكەت.

**بەرێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئە نداما‌نی پەر لەمانی کورد ستان، زۆر سوپا ستان دە کەم بۆ دەرخ ستنی خەمخۆریتان دەر بارەی کێ شەیەك کە ئێ مە لە کابی نەی (8)ی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان بە یەکێك لە ئەولەویە تەکانی حکو مەتی هەرێمی کورد ستانمان دا ناوە ئەویش کێ شەی زیادەڕەو یە لە هەرێمی کورد ستان، بۆ بەر چاو ڕوونی بەرێزتان ئێمە لە مانگی (2014/11)وە یە کەم کۆبوو نەوەی خۆما نمان ئەنجام دا سەبارەت بەم پر سە گرینگە یە و، لە وکا تەوە تاکو ئێ ستا چەندین کۆبوو نەوەی تر مان ئەنجام داوە بە ئا مادە بوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکان و، کەی پێویستی کردووە بە ئا مادە بوونی بەرێز سەرۆکی ئەنجو مەنی وەز یران لەبەرئەوەی کە ئەم کێشەیە تەنیا پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کاریش نییە، بە خۆشحاڵیەوە سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریش دەکەین کە جەنابی حزوری هێناوە و بەشداریش بووە لە کۆبوونەوەکەمان، لە لیژنەکەشمان بەشدارە، لەگەڵ موحافیزە بەرێزەکانیش کە بە شێکن لەو لیژ نە باڵا یەی کە پێکهێ نراوە بۆ بە دوادا چوونی ئەم کێشەیە و بۆ ڕێگرتن لەم کێشەیە و بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم کێ شەیە، ئەم کێشەیە کێشەیەکی گرینگە، کێشەیەکی مەترسیدارە و کێشەیەکیشە کە هی ئەمڕۆ و دو ێنێ نی یە، کێ شەی زیادەڕەوی لە کوردستان کێشەیەکە کە چەندین ساڵە بەردەوام بووە و هەموو حکومەتێکیش کە تا ئێ ستا هاتووەتە سەر کار بە گرینگی زانیوە، بەس من دەتوانم بڵێم بە شاهیدی هاوکارانم لە ئەنجو مەنی وەز یران ئەم کابینەیە دەتوانم بڵێم لە کابینەکانی تر بە جدیتر ئەم مەلەفەی وەرگرتووە و کاری جدیشمان لەسەری کردووە و ئیجارائاتیشمان کردووە لەسەر ئەم بابەتە هەر ئەمڕۆ لە سەر خەت بووم لە گەڵ قایمقام ێك لە کوردستان ناوی شوێنەکە ناهێنم، بەڵام لەسەر مەسەلەی زیادەڕەوی کە کێشەیەکی گرینکی هەبووە و، ئێمە بە هاوکارانی لایەنە پەیوەندیدارەکان توانیومانە تەحاوزەکە ڕابگرین، ئێ مە چەندین جۆر تە جەوزاتمان هە یە بەرێز کاك (ع مر) ئا ماژەی بە تەفا صیلێکی زۆری دا جا من نا یەم ل ێرە خاڵ بە خاڵ وەڵا می ڕاپۆرتەکەی بەرێزیان بدەمەوە ئەگەر ئەمە بە فیعلی را پۆرتی لیژنە یە ئەو ڕاپۆر تە پێ شکەش حکو مەت بکرێت بە فەرمی و ئێمەش دەتوانین وەڵام بدەینەوە، بەڵام، ئە گەر ڕای بەرێزی شی ب ێت ئێ مە ئامادە شین گفتو گۆی لەسەر بکەین و، پێموایە ئەگەر دەرفەتێکیش بدەین بە هاوکارانم وەزیری (کشتوکاڵ) و وەز یری ( شارەوانی) ڕەن گە ئەوانیش هە ندێك مولا حەزەیان هەبێت لە سەر بابە تەکان، بەڵام چەند جۆر ێك تەجاوزات هەیە لە کوردستان و چارەسەر کردنیشیان پێویستی بە بڕیاری جۆراو جۆرە، خانوو هەیە لەسەر عەردی شارەوانی بینا کراوە، هەندێك گەڕەك هەیە کە ئێستا دروست بوونە کە (20) تا (30) ساڵ کۆنن بوونە بە ئەمرێکی واقیع خەڵکی ت ێدا دەژ یت م ناڵی ت ێدا لە دا یك بووە، چارە سەری ئەم کێ شانە ئا سان نابێت تۆ ناتوانی بچیت دۆزەر بنێری گەڕەکەکان بڕووخێنی، پێویستی بە چارەسەرێکی ئیدارییە، پێویستی بە چارە سەرێکی یا سایە، هە ندێك مەنتە قەی تازە درو ست بووە لە گوندەکا ندا ئێ ستا بۆ نموو نە لە (مێرگەپان) و لە (سیتەك) چارەسەری ئەمە چۆن دەکەین؟، ئەمە تەجەوزاتە نا قانونییە ئەگەر بێ یت بە

حەقیەت بە قانون تەماشای بکەی ئەمە نا قانونییە، بەڵام چارە سەری ئەم جۆرە کێشانە کە (1) خانوو، (2) خانوو و ڤیلایەك و مەزرەعەیەك نیین پێویستیان بە هەما هەنگی هەموو لایە نە پەیوەندیدارەکا نە، بۆیە ئێمە لێرە دیسان بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست خۆشی لە پەرلەمان دەکەین کە ئەم بابەتەی بە هەند وەرگرتووە و، ئێمە تەواوی یەکە بە یەکەی ئێوەی بەڕێز دڵنیا دەکەینەوە، کە ئێمەش وە کو دە سەڵاتی جێ بە جێ کار کەم تەر خەم نابین لە ڕوو بە ڕوو بوو نەوەی ئەم خە تەرە، هە ندێك تەجەوزاتی تریش هەیە کە یان باخە یان ڤیلایە کە دروست کراوە لەسەر عەردی زیرا عی، کە ئە مە نەك هەر نا عەدالەتی یەکە، بەڵکو کاریگەریەکی راستەو خۆی هەیە لە سەر پلا نی حکو مەت بۆ گە شە پێدانی کوردستان، تەئسیری را ستەو خۆی هە یە لە سەر ما ستەر پلا نەکانی موحافزە کانی سلێمانی و، هەولێر و، دهۆك و، گەرمیان و، هەڵە بجە ون شوێنەکانی تریش، بۆ یە ئەما نەش دەبێت بە هە ند وەربگرین و بە هەند وەرمان گرتووە و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر لیژنەی باڵامان پێکهێناوە بەڵکو لیژنەی لاوەکیشمان پێکهێناوە لە سەر ئا ستی شارەوانییەکان، لە سەر ئا ستی وەزارە تەکان بۆ دیرا سە کرد نی ئەم کێشەیە، بۆ پێشکەش کرد نی پێشنیارەکانیان و، بۆ موافە قە دان بە هە ندێك ئیجرا ئات بەرامبەر بەم کێشانە، هە ندێك تە جەوزاتیش هە یە با بڵێین لە سەر کەناری ڕووبارەکا ندا ئەنجام دەدرێت، جا چی غەسالەیە جا هەندێك جۆرە کارگەی ترن، کە راستەو خۆ تەئسیریان هەیە لە سەر ڕێڕەوی ڕووبارە کە یان خراپتر تەئسیری را ستەو خۆی هە یە لە سەر ژینگەی کورد ستان کە دەبێت بە خە تەرێکی تر لە سەر کوردستانەکەمان، کە ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەنەکا نە بۆ چارە سەر کرد نی، وەکو لە بیدایەتی قسەکانم ئاماژەم پێدا بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، ئە ندامانی بەڕێز، ئە مە ئەولەو یەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئەولەویەتی کابینەکەشمانە، سەرەڕای ئەو کۆمیتا نە و لیژنا نەی کە پێك هێنراون ئەوەی کە پێمان وابوو کە نوقسان بوو لە بیدایە تدا دا تا بوو، چونکە ئێمە ناتوانین بە میزاج ئیش بکەین و ناتوانین لەبەرئەوەی کە ئەمە شەخسێك لێرەیە بە دڵمان نییە ئیجرا ئاتی لە گەڵ بکەین و کەسانێکی تر ڕەنگە دۆستمان بێت ئیهمالی بکەین، بۆ یە ئێمە لە یە کەم کۆبوو نەوەو لە کۆبوو نەوەکانی دواتریش دا داوامان لە وەزیرە بەڕێزەکان کردووە کە پەیوەندیدارن بەم بابەتە داتا کۆبکەنەوە کە داتا مان کۆکردووتەوە، ئێمە ئێستا لە پرۆسەی تەصنیف کردنی ئەم داتا نەداین، لەکوێن؟، چۆنن؟، کەی کراون؟، بە موافە قەتی کێ کراون؟، هیچ ئیجرائاتێك کراوە بەرامبەریان یان نا؟، چونکە دوو بارە ئێمە ناتوانین هەڵەیەك بە هەڵەیەکی تر چارەسەر بکەینەوە، مادام ئەم کێشانە هەن ئێمە دەما نەوێت بە دیرا سەت، بە عیلم، بە سیاسەت و، پشت بە یا سا چارە سەریان بکەین، بۆ یە هەنگاوی یە کەمان کۆکرد نەوەی داتا یە و ڕاگرتنی ئەو تەجاوزاتانەیە کە تاکو ئێستا ئەنجام دەدرێن یان بەنیازن ئەنجام بدرێن، دە ست پێ کراوە لە هەولێر دەست پێ کراوە، لە دهۆك دەست پێ کراوە، لە ڕانییە دەست پێ کراوە، لە کۆیە دەست پێ کراوە لە سلێمانیش ئیجرائات کراوە، ئیجرائات زۆر کراوە، بەس ئیجرائات بە دەستێك نا کرێت چەپڵە بە دوو دەست لێ دەدرێت، لەم حاڵەتە پێموایە بە سێ دەست لێ دەدرێت، پێویستمان بە هەماهەنگیەکی بەهێزترە لە

بەینی دە سەڵاتی جێ بە جێکار  کە حکومە تە، دە سەڵاتی تە شریعی  کە ئ ێوەی  بەڕێزن  لە پەر لەمان و، دەسەڵاتی دادوەری کە ئەنجومەنی دادوەریە، چونکە بە  یەك کە سەوە  ئەم کێ شە چارە سەر ناکر ێت، بۆ یە ئەم دانیشتنە پێموایە دانیشتنی داهاتووش زەرورن بۆ بەدی هێ نانی ئاما نجە  سەرەکیەکەمان  کە ڕاگرت نە، کە چارەسەرە و، کە نەهێشتنە، تا  کو ئێ ستا ز یاتر  لە (1000) هەزرا حا ڵەت،  هەزار  سکاڵا تۆ مار  کراوە لەسەر ئاستی کوردستان لەسەر  تەجاوزکاران، ئە مە  هەنگاوێکی گرینگە،  بەڵام دا ئیرە حکومی یەکان  تەنیا دە توانن  سکاڵاکە تۆ مار بکەن وە کو  بزانم  بەڕێز  کاك (ع مر)ش ئا ماژەی پ ێدا، پێ شتر یە کە ئیدار یەکان دەسەڵاتی گرتنی خەڵکیان هەبوو، دەسەڵاتی جێبە جێ کردنی ئیجرا ئاتی توو ندیان  هەبوو بەرام بەر  ئەو کە سانەی  کە  تەجاوزاتیان دە کرد،  بەڵام  بە پ ێی  چەند یا سایەك  کە دوای  ئەوە دەر چوونە ئێ ستا  ئەو دەسەڵاتەیان لێ سەندراونەتەوە، بۆیە ئێستا یەکە ئیداریەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نی یە بۆ ئەوەی بەرام بەر بەو کەسانە بوەستن، ئەگەر بێینە سەر حەقیقەت ئەوانەی کە تەجاوزاتە زە قەکان دە کەن کە سی  فەقیر  و ئاسایی نین، خەڵکی بە قوەتن، خەڵکێکی کە لە مەنتەقەکانی خۆیان رەقەمن، خەڵکن کە یان وەختی  خۆی پێ شمەرگەی  ئازا و قارە مان بوو نە و  یان ئێ ستاش ڕەن گە  هەر پێ شمەرگەبن، کە سی سیا سین، کە سی دەوڵەمەندن هەموو لایەنێکیش تێدایە و لە  هەموو کورد ستانیش دا  ئەنجام دراوە، بۆ یە دە سەڵات دەب ێت بگەڕێنرێ تەوە  بۆ یە کە ئیدار یەکان بۆ ئەوەی ب توانن جور ئەتیان  هەبێت پ شت  بە یا سا، پ شت  بە دام و دەزگاکانی حکومەت ببەستن، ئیجرائاتی پێویست بەرام بەر  ئەو کە سانە  ئەنجام  بدەن، بۆ یە ل ێرەدا ئێ مە ئامادەین هەما هەنگ بین لە گەڵ ئێوەی بەڕێز بۆ چارەسەر کرد نی  ئەم کێ شەیە،  بەڵام کێ شەکەش وە کو وتم، وەکو عەرزم کردن جۆراو جۆرە و هەر جۆرێك پێویستی بە  حەلێکی گو نجاوە، پێوی ستی  بە  حەلێکی عادلە، پێویستی بە حەلێکە کە بە یاسایەك ئەگەر کەم و کوڕی هەیە لە یا ساکانمان  فەرموو ئ ێرە با شترین شوێنە بۆ موناقەشە کردنی ئەو کێشەیە و یاسای گونجاو پەسەند بکرێت بۆئەوەی حکومەت پشت  بە یا سا و پشت بە پەرلەمانی خۆی بتوانێت ئیجرائاتی خۆی بکات و، ئە گەر حکو مەتیش  کەم تەر خەم  بوو ب ێت یان کەم تەرخەم بێت لە وەزیرێکی بەڕێزەوە بگرە تا کو ئاستێکی خوارەوە لە ناو حکومەتەکە، ئێمە قبوڵ نا کەین  ئەو کە سە  کەم تەر خەم ب ێت و، ئێ مە خۆ مان  ئیجرا ئاتی خۆ مان بەرام بەر  ئەو کە سە  ئەنجام دەدەین، بۆیە دوو بارە دە مەوێت پێ تان بڵێ مەوە  کە  ئەم مە سەلەیە ئێ مە  بە هە ندمان وەرگر تووە  و  بە هەندیشی وەردەگرین و ئەمە ئەولەویەتێکی کابینەکەی خۆمانە و سوپاسی پەر لەمانی  بەڕێز دە کەین  کە ئێوەش وەکو ئێمە خەمخۆری ئەم مەسەلەیەن کەس لە کەسێکی تر خەمخۆر تر نییە بۆ پارا ستنی مو ڵك و خاك و زەوی و بیئەی کوردستان، پێکەوە ئەگەر ئێمە بتوانین کار بکەین پێکەوە ئەگەر ب توانین سیا سەتی گونجاو دابڕێژین، یاسای گونجاو پەسەند بکەین و ئیجرائاتی گونجاو و عادل جێبە جێ بکەین  ئەم کێ شەیە ڕادەگرین، چارەسەری دەکەین و، لە ئایندەش دا نایهێڵین، ئەگەر ئەم پەرلەما نە  بەڕێزە و  بەڕێز  سەرۆکی پەر لەمان ئە گەر ئی جازە  بدات  بەڕێزان وەز یری (ک شتۆکاڵ) و  بەڕێز وەز یری ( شارەوانی) کورتە یەك پێشکەش بکەن لەسەر ئەو بەشەی کە پەیوە ندی را ستەو  خۆی  بە خۆیا نەوە هە یە، وە لەو دوو وەزارە تی

تریش هەیە کە پێموایە دەبوا یە نوێنەرا یەتیان هەبوا یە لەم مەجلیسەدا یەکێکیان بەڕێز وەزیری ( ناو خۆیە) کە موختەصە لە ئیجرائات و، وەزیری سامانە (سرۆشتییەکانیش) کە دیسان موختەصە بەم ئێشە، بەڵام ئێمە خۆمان نوێنەرایەتی هەموویان دەکەین، بە ئیجازەی بەڕێزتان ئەگەر ئەم وەزیرە بەڕێزانەش هەندێك قسەی خۆیان پێشکەش بکەن مەمنوونی دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، فەرموون وەزیری کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

((بسم الله الرحمن الرحم))، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان، خۆشەویستان، ئێمەش خۆشحاڵین کە لێرە بە دیداری بەڕێزتان دەگەین وبەراستی سوپاسیش بۆ بەڕێز کاك (عمر) و خوشکان و برایانی تر کە بەخەمەوە دەڕواننە کشتوکاڵ و وەزارەتی کشتوکاڵ یان شارەوانی کە زیادەڕەوی نەخرێتە سەر زەویەکانیان و، ئەو زەویانە بەتایبەتی ئەوەی کە مەبەستمە زەویە کشتوکاڵیەکان بە زەرەر نەبرێت، چونکە بەراستی کشتوکاڵ کە دەگات زەویەکە بەتایبەتی سامانێکی گرینگە و دەکرێت بەشدارێکی گرینگ بێت لە پێکهێنانی ژێرخانی ئابووری و پێکهێنانی بەرێژەیەکی زۆر لە بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە دیارە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراقی شوێنەوار و ئاساری کشتوکاڵی زۆر بە توندی لە بەین بردووە بەوێران کردنی زیاتر لە (4000) هەزار گوند و ڕاگواستنی جوتیار بۆ ئۆردوگا زۆرە ملییەکان و دامەزرا ندنیان بە شێوەیەك لە شێوەکان و، بۆ بە گژدا کرد نەوەی شۆڕشی پێشمەرگایەتی نەك هەر دامەزرا ندنیان، من پێموا یە ئێستا ئەم کابینە یە کابینەی (8) یەکێك لە خەمەکانی بریتی بووە لە چۆنیەتی گرینگی دان بە کشتوکاڵ و گێڕانەوەی جوتیار بۆ کشتوکاڵ کردن و ڕێگری کردن لە هەر جۆرە زیادەڕەو یەك کە دەکرێتە سەر زەوی کشتوکاڵ، هەقی خۆیەتی بەراستی سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە دوای ئەوەی ئێمە راپۆرتێکمان پێشکەش کرد و باسی ئەوەمان کرد کە زەوی کشتوکاڵی چۆن پار چە پار چە دەکرێت و دەفرۆشرێت و ئەم سامانە گرینگە زۆر بە ئاسانی لە بەین دەبرێت، لە کاتێك دا لە وڵاتانی تر، یەعنی زۆر بە زەحمەت و ئارەق و بە جوهدێکی زۆرەوە هەوڵیان داوە زەویان پەیدا کردووە، ئێمە لە وڵاتی ( بیلا روسیا) بووین (9) ملیۆن هێکتار زەویان هەیە (3) ملیۆن هێکتاری زەوی کشوکاڵیان هەبووە (6) یان بە زەحمەت و بە ئارەق وبە پڕ کردنەوەی ئاو و لابردنی زونگاو و تەخت کرد نی پەیدا کردووە، بەداخەوە ئێمە باشترین زەوی لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست دوای ( سودان) باشترین زەوی کشتوکاڵی زەویەکانی هەرێمی (کوردستانە)، بەڵام بەداخەوە یەعنی ئێمە چۆن ئەوانەی کە زیادەڕەوی دەکەن لێ بگەڕێن ئەم زەویە، ئەم داهاتە، بەراستی ئەم سەرمایە بەنرخ و گرینگە بە زەرەر ببرێت، من سوپاسی بەراستی بە تایبەتی بەڕێز کاك (قوباد) جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی حکومەتیش بۆ خۆشی لە کۆبوونەوەیەك لە کۆبوونەوەکان بەشدار بووە کە گرینگیان بەم قەزیە داوە و، تا

ڕادەیەکی باش ئێستا خەریکین کە ڕێگری لەوە دەکەین کە زەوی کشتوکاڵی زیاتر زیادەروی بخرێتە سەر، قۆناغ بەندی کراوە، تەبعەن دیارە زیادەڕەو یەکان ئەوانەی کە دەکرێتە سەر زەوی کشتوکاڵی بەگشتی ئەما نەن تەبعەن زەوی کشتوکاڵیە، زەوی بەردەڵانە و، زەوی پاوان و دارستانە، لێدانی بیری بە پایری (سووری) کە ئەویش هەر زیادەڕەو یە بۆ سەر زەو یە کشتوکاڵیەکە بێجگە لە زەرەری تر، کە هەیەتی دامەزراوەی پاڵاوگەیە و لە هەمان کاتدا کانگاکانی چەو لم و بەردە کە (مەقالعی) پێ دەگوترێت، ئێمە لەم ڕووەوە دەستمان پێ کردووە هەنگاوی یەکەمان بریتی بووە لە ڕاگرتنی ئەو زیادەڕەویە کە ئێستا دەکرێت، وەکو کاك (قوباد)ش ئاماژەی پێ کرد لەم ڕووەوە بەراستی زۆر ئیش کراوە و زۆر کێشەش دروست بووە و خەڵکیش گیراوە و، خەڵك بریندار بووە و خانوو، کارگە و شوێنیش هەیە تێکدراوە ئەمە یەك، لە هەمان کاتدا ڕێگری هەبووە لەوەی کەوا ئێمە بتوانین ئیجرائاتی باش لەگەڵ زیادەڕەو یەکان بکەین ئەوانەی کە زیادەڕەوی دەکەن، ئێمە لەکاتی خۆیدا داوامان کردووە کە دادگایەکی تایبەت بە ڕێگرتن لە زیادەڕەوی دروست بکرێت، بەڵام بەراستی ئەمەمان بۆ تا ئێستا سەری نەگرتووە، تا ئێستا بەدەستمان نە هاتووە، ئێمە داوامان کردووە دەسەڵات بە یەکە ئیداریەکان بدرێت کە دیارە هەندێك یەکەی ئیداری زۆر بە گورج و گۆڵی، زۆر بە ڕێك و پێکی ڕێگریان کردووە و هەیە لەسەر ڕێگری کردن لە زیادەڕەوی کوژڕاوە، هێرش لەسەر زیادەڕەوی ئێستا ئەو دراوەتە دادگا بەداخەوە، یەعنی ئەمە قەزیەکی یاساییە پەیوەندی بە قەزاوە هەیە، بۆ مەعلوماتان ئێمە وەکو وەزارەت تا ئێستا زیاتر لە (700) سکاڵامان لەسەر خەڵکی زیادەڕو تۆمار کردووە، بەڵام یان بە کەفالەت بەربووە یا ئەوەتا هەر نە گیراوە، لەوەشدا بەراستی جیاوازی نەکراوە لە نێوان فەقیر و دەوڵەمەند، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، بەڵام ئەمە کێشەیەکە بە حەقیقەت تا دێ مەسەلەن لە ڕووی یاساییەوە سکاڵا تۆمار کراوە داوای شاهید دەکات دوو بارە بانگی دەکاتەوە، بانگی ئەوکەسەی کە زیادەڕەوی کردووە دەکات، دەبێت شاهید حازر بێت ڕەنگە (6) مانگی پێ بچێت، ئەمە کاری خۆی تەواو دەکات بەراستی وەکو (بەرزەکی بانان) بۆی دەر دەچێت، بۆیە ئێمە ئەوەشمان داوا کردووە کە دەسەڵات بە یەکە ئیداریەکان بدرێت، یەعنی بەڵێ هەندێکیان زۆر بە باشی ئیشی خۆیان کردووە دەزانم هەیە کەم تەرخەمە و ئەو کەم تەرخەمییەشی لێشی پرسییەتەوە، بەڵام بەداخەوە ڕێگریشیان لە بەردەمیان زۆرە، ئێمە وەکو حکومەت با بڵێین ئەوە باش هاتووینەتە سەر هێڵ، بەڵام پێدانی دەسەڵات بە یەکە ئیداریەکان بە گرینگی دەزانین کە لە لایەن قەزاوە دەبێت ئەمە بکرێت، هێزێکیش بەراستی دروست کراوە بۆ ئەوەی کە ڕێگری لەم زیادەڕەویانە بکرێت، هەندێك کێشە شە هەیە بەراستی کە پێویستی بە چارەسەری هەیە فیعلەن ئەگەر چارەسەر بکرێت ڕەنگە وردە وردە ئەم زیادەڕەویانەش کەم بێتەوە، مەسەلەن بۆ نموو نە لە کاتێك دا کە یاسا هەیە باسی ئەوە دەکرا کە کاتێك زەویەکی کشتۆکاڵی (ئیتفا) دەکرێت ئەو جوتیارە بە زەوی نیشتە جێبوون قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەمە بەراستی ڕێگە دەکاتەوە بۆ زیادەڕەوی کە دیارە کاتی خۆی وا بوو کە بە پارە قەرەبووی بکرێتەوە، ئەمە بە حەقیقەت بەشێك لە زەویان بۆ دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو زەویەی کە دەشدرێت وەك یەکەی نیشتە جێبوون بەوەی کە (ئیتفا)ی بۆ کراوە هەر زەوی کشتوکاڵییە و

کەمتر وایە سەخەری بێت، ئێمە چیمان کردووە؟، ئێمە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆماندا لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لە (2014/9/25) بڕیارماندا کە ڕێنمایەکمان دەرکرد بۆ ئەو جوتیارانەی کە زەویان بە شێوەیەکی شەرعی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی کە نەچێتە بەشی زیادەڕەوی ئێمە عەقدیان بۆ بکەین بۆئەوەی کە ئەم زەویە ببێتە زەویەکی کشتوکاڵی و عەقدی بۆ بکرێت، فیعلەن ئێمە ئێستا بەردەوامین و دوو بارە هەندێك هەمواری ئەم ڕێنمایە دەکەین کە هەندێك ڕێنمایی ژمارە (5)ی (2014)، دووەم: ئێمە لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لە (2014/9/25) بڕیارماندا پڕۆژەیەك بۆ هەموار کردنی ڕینمایی لێدانی بیر، کە ئەویش هەردیسان زەرەری هەیە بۆ زەوی کشتۆکاڵی و هەموارمان کردووە و هەموارەکەش لە (وەقائعی کوردستان) لە (2015/2/24) بڵاو کراوەتەوە کە ئەمەش دیسانەوە بەشێك لە زەویە کشتوکاڵیەکان ڕێگری لێ دەکرێت کە تەجاوزیان بکرێتە سەر، ئێمە لە (2014/12/2)دا لە کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزارەتمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و شارەوانی و گەشت و گوزار و پارێزگاکانیش و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان تاو توێی ئەم بابەتەمان کردووە هاتینە سەر ئەوەی کە کۆمەڵێك بڕیارماندا وە، ئەمەش هەنگاوێکی تر بووە بۆ ڕێگرتن لە زیادەڕەوی، ئیمە ڕاپۆرتێکمان لەسەر زیادەڕەوی بە دوکیۆمێنتەوە لە ڕێکەوتی (2015/1/15) بەرز کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تاکو لە ڕێکەوتی (2015/1/28) ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (35)ی دا کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕاسپێردرا بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتێکی تێر و تەسەل بۆ سەرجەم گرفت و کێشەکانی پەیوەندیدار بە زیادەڕەوی سەرزەوی کشتوکاڵ، ئێمە ئەوەشمان ئەنجامداوە و، لە ڕێکەوتی (2015/4/21) لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای لابردنی زیادەڕەوی لە ئەنجومەنی وەزیران بابەتەکان بە تێر و تەسەلی خراوەتە ڕوو، ئەوەش دیارە بڕیاری پێویستی لە بارەوە دراوە، لە دواین کۆبوونەوە کە باسی قانونێکمان کردووە مەشروعی قانونی ((المنع وازالة التجاوزات على اراضي الدولة)) کە دیارە وەزارەتی شارەوانی پێشکەشیان کردووە و، بەشی زۆریشی باسی زیادەڕەوی سەر زەوی کشتوکاڵ دەکات، کەئەمەش ئێستا خەریکە تەواو بکرێت، ئەگەر ئەمە پەسەند بکرێت بەراستی هەندێك لە کێشەکان چارەسەر دەکات و ڕێگریەکی باش دەبێت لە زیادەڕەویەکان، ئەوە بەراستی هەوڵەکانمانە و، ئیجرائاتەکانمانە و دەستمان پێ کردووە و ئۆمێد دەکەین کە ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە و، ئێمە بتوانین ڕێگری لە زیادەڕەوی سەر زەوی کشتوکاڵی بکەین و، پاشانیش ئێمە پڕۆژەمان هەیە بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو زیادەڕەویانەی کە لە کاتی خۆیدا کراوە چۆن تەعامولی لەگەڵ بکرێ ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو لیژنەیەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی دەکات و ئێمەش پێشنیاری خۆمان پێشکەش دەکەین، دووبارە سوپاس بۆ هەموو لایەك دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار فەرموو.

**بەڕێز نەورۆز مولود/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕێزان سەرۆکی پەر لەمان و جێگران و ئە ندام پەرلەما نەکان، بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان، زۆر سوپا سی ئەم خەمخۆر یە دە کەین کەوا تایبە تە بە سەر پێچیەکانی هەرێمی کورد ستان کە ئەمڕۆ نی یە ئەم سەرپێچیە هە یە، سەردەمانێکە هە یە، بەڵام ئەوەی ئێ مە کە مەسئولین تێدا وەکو کابینەی (8) و بەرپرسیارەتی وەزارەتەکەی خۆمان بە سوپا سەوە ئەرکە کەی تۆز ێك سووك کردین، بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری کشتۆکاڵ، کە با سی ئەو کۆبوو نەوەیان کرد کەوا حکومەت بە خەمخۆریەوە ئەم دۆسیەی بە دەستەوە گرتووە لەگەڵ راپۆرتی کاك (عمر عینا یەت) کە زۆر شتی تێدا هەبوو، کە ئێمەش لەگەڵ ئەوان بە هەما هەنگی زۆر شتمان کردووە، من کارە کانی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران ئەوانی کە کراوە بۆ ڕێگرتن لە سەر پێچیەکان لە کابی نەی (8) بە کورتی با سیان دە کەم بۆ ئەوەی کەوا بزانن حکو مەت بە پەرۆ شەوە ئەم ئەر کەی گرتووە تە ئە ستۆی خۆی بەتای بەتی وەزارەتەکەی ئێمە، یاسای تەجاوزات کە پێشوو هەبوو لە سەردەمانی پێشوو (قرار مجلس قیادة الثورة) مان هەبوو زۆر یاسامان هەیە تا ڕادەیەك تا ساڵی (2005) ئەمانە کاری خۆیان کردبوو، دەسەڵاتیان دا بوو بە یە کە ئیدار یەکان کە هەقی گرتـ نی هەر موتە جەوزاتێکیان هەبێت و غەرا مە کردن و عقو بە دانی شیان هەبێت، بەڵام دوای ئەوەی کە دەستوور گۆڕاو هەمووان ئاگادارن کە سوڵتەی قەزائی جیا کراوە و دە سەڵاتی گرتن و ئیجرائاتی یاسایی لە سەرۆکی یەکەی ئیداریەکان وەرگیراوە و لەوانەیە کەوا ئەوە بووە هۆی ز یاد بوونی سەرپێچی، بۆ ئەم بابەتە ڕەشنووسێکی یاسایمان ئامادە کردووە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و بە هەما هەنگی لەگەڵ ئەنجو مەنی وەز یران و بەدە ست خۆ شییەوە لە گەڵ بەڕێزانی لیژنەی شارەوانی و هەموو ئە ندامانی لیژ نەی شارەوانی پەر لەمان، ڕەشنوو سە یا ساکە ئەم ئیجرائاتا نەی هەمووی لە خۆی گر تووە کە دادگا یەکی تای بەت دابنر ێت بۆ ئیجرا ئات کردن لە گەڵ سەرپێچی کاران، هەروەها ئێمە وەختی خۆی تەبعەن (2) یاسا هەبووە، بەڵام یاسایەکیان بۆ تەملیك کرد نی مو تەجاوزەکان بووە یاسایەکیشیان بۆ ((المنع وازالة التجاوزات))کانە، ئێمە وەکو ئەنجومەنی وەزیران پێمان باش بوو کەوا بڕیار لە ئەنجومەنی وەزیران درا کەوا پێشتر مەنع و ئیزالەکە بکرێت ئینجا بچینە سەر ئەوەی کەوا پێشوو کراوە و تەملیکیان بۆ بکر ێت، ئێ ستا خۆش بەختا نە یا ساکەی ((المـ نع وازا لة التـجاوزات)) لە ئەنجو مەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە و ناردراوە بۆ مەجلیسی شوورا، لە مەجلی سی شوورا تەواو بـ ێت دێ تە بەردەم پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان پەسەند بکرێت ئەو کێشانەی کەوا زۆربەی باسی دەکەین دە توانین بـ ڵێین هەمووی حەل دەکرێتن، دووەم خاڵ کە ئە مە بە بەردەوامی لە گەڵ شارەوانییە پەیوەند یدارەکان لە سەر خەتین کەوا چەندین نووسراومان کردووە هەر سەر پێچی کارێك بڕیارە بدرێتە داد گا، تا ئێ ستا سەرووی (1000) هەزار داواکار یمان هە یە لە سەر سەرپێ چی کاران لە دـ یدیعا عا مەکان و لە مەحکە مە پەیوەندیدارەکانەوە، تایبەت بەو خاڵانەی کە لە راپۆرتەکەی کاك (عـمر)دا هات بوو سەبارەت بەوەی کە

موخەسەساتی، فیعلەن ئەو برادەرانەی کەوا دەچن تەجاوزات هەڵدەگرن، بەڵام کەس ناتوانێت حیما یەیان بکات تووشی کێشە دەبنەوە لەگەڵ ئەوانەی کە سەرپێچیەکان ئەنجام دەدەن بە پێی ڕێنمایی دارا یی دوا ین ڕێنماییەکانی دارایی زۆربەی ئەو ئیجرائاتانە لەبەر ئەوەی موخەسەسات ڕاگیراوە ئەمەشیان ڕاگیراوە، ئێمە لە لا یەن خۆما نەوە وە کو وەزارەت داوا مان کردووە ل وەزارە تی دارا یی کە ئەم موخەسە ساتەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، ئێمە ستافەکانی شارەوانیشمان وا لێ کردووە کە بکرێ نە (2) ( شیفت)، ( شیفتی) دێواران و (شیفتی) بەیانیان لەبەرئەوەی تا سەعات (4) لەوانەیە تەجاوزاتەکان کۆنترۆڵ بکرێت پاش ئەوەی یا خود بەرۆژانی پشووەکان، ئیستیغلالی پشووی دە کەن، کە نوێنەری موراقبی شارەوانییەکان لەوێ نین ز یاتر پەرە بسێنێت، بەڵام بۆ ئەمەش وامان کردووە کەوا ببنە (2) (شیفت) و بە بەردەوامی چاودێریان بکرێتن، ئەمەش کارێکە کە وەزارەت بە ئەرکێکی خۆی زانیوە و ئیشمان لەسەری کردووە، ئامادە سازیشمان کردووە بۆ کرد نەوەی بەڕێوەبەرا یەتی سەرپێچیەکان کە سەر بە خودی وەز یر بێتن لەبەر ئەوەی ئێمە دەزا نین سەرپێچیەکان لە زۆر شار و شارۆچکەکان زۆر پەرەی سەندووە، بەڵام کە موبا شیر موراقە بەی دائیرە یەکت نەبێ لەوانە یە (تلكأ) هەبێت یا خود هە ندێ لە بەرپر سەکان کاری خۆ یان ئەنجام نەدەن، ئێمە وە کو وەزارەت پێشنیارمان کرد کە بەرێوەبەرایەتی گشتی بێت، بەڵام بەرێوەبەرا یەتی گ شتی پێویستی بە یا سا گۆڕینە و، پێویستی بە موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەما نە، بۆ یە کردووما نە بە بەڕێوەبەرا یەتی سەر پێچیەکان کە سەر بە وەزیر بێتن و بتوانێت ئیجرائات و بەدوادا چوون لەگەڵ هەموو شارەوانییەکان بکرێتن بۆ بەدوادا چوونی جدی ئەو سەرپێچیانەی کە دەکرێت، بابەتێکی تر وا بزانم زۆر گرینگ بۆ کاك (عمر) ئاماژەی پێدا، ئەوەی کە هۆی ڕا گرتنی پرۆژەی نیشتە جێبوون بوو، دا بەش کرد نی زەوی نیشتە جێبوون بوو بۆ هاووڵاتیان، کە ئەمە دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ز یادەڕەوی، بەڵام ئە مەی کە ڕا گیراوە و ئەنجو مەنی وەز یران و حکو مەت بە پەرۆ شەوە ئەم بڕ یارەی ڕا گرت بۆ ئەوەی خز مەتی ز یاتری کەم دەرامەتان بکات لەبەرئەوەی پرۆژەی نیشتە جێبوون و وەبەرهێنان هەموومان دەزا نین ئارا ستەکەی گۆڕاو خەڵکی کەم دەرامەت لێی سوودمەند نەبوون، بۆ یە ئەنجو مەنی وەز یران بە پەرۆ شەوە ڕایگرت بۆ ئەوەی دە ستەی نیشتە جێبوون درو ست بکات، بۆ ئەوەی سەندووقی نیشتە جێبوون درو ست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت شوقە یا خود خانوو بۆ کەم دەرامەتان دروست بکات، نەك تەنیا پێدانی زەوی، هەموومان دەزانین پێدانی زەوی هیچ جار ێك كێ شەی هاووڵاتی چارە سەر نا كات لەر ئەوەی زەویە کەی کە وەر گرت یا دەیفرۆ شێت بەبێ خز مەتگوزاری هیچ سوودی لێ وەر نەگرتووە، ئێمە بە پێی تەجرو بەی ڕا بردووی حکومە تەکانی پێ شوو و حکو مەتی هەرێمی کورد ستان و کابینەکانی یەك لە دوای یەك كێ شەی نیشتە جێبوونمان بۆ حەل نەبوو، لەبەرئەوەی زەوی کە دابەش دەکەی زەوی خەدەماتی نییە، حکومەت ناتوانێت خز مەتگوزاری بۆ بگە یەنێت، هاووڵاتی دەیفرۆ شێتن و ئیستیفادەی لێ نا کات، بەڵام ئەوە حکو مەت بەرنامەی گۆڕی کەوا بکاتە شوقە یا خود خانوو دروستی بکات بە خزمەتگوزاریەکا نەوە بۆ هاووڵاتی کەم دەرامەت و، زەوی حکومەتیش لە داهاتوو بە فێڕۆ نەچێتن بۆ ئەوا نەی کەوا بۆ مام ناوەندی و سەرووی

مام ناوەندی دەکەن بابڵێین بۆ دەوڵەمەندەکان دروست دەکرێتن پێویستە حکو مەت زەو یان پێ بفرۆ شێت نەك بە خۆڕایی بیانداتێ، کە ئێستا وامان لێ هاتووە کەوا دە ڵێین زەوی حکو مەت نەماوە و هەمووی بە فێرۆ چووە و، ئەوە بەرنامەی حکومەتە و، بەرنامەکانی وەزارەتە و ئێمە بە پەرۆشەوە وامان کردووە ئەم دیاردەیە (انشاء الله) بتوانین چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، ئێستا ئەندامانی پەر لەمان دە توانن ناوی خۆ یان بنوو سن، هەندێك لە ئەندامان ناوی خۆ یان نوو سیوە کە بەڕێز سکرتێری پەر لەمان دەیخوێنێ تەوە دوا یی ئەوانی تریش مافی قسە کردنیان هەیە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتو گۆ کردن لەسەر کێشەی زیادەڕەوی لە هەرێمی کوردستان، ئەم بەڕێزانە پێشتر ناوی خۆ یان تۆ مار کردووە ((مامۆستا ابو بکر هە ڵەدنی، سۆران عـمر، عـبدالرحمن عـلی، ما جد عثـمان، گۆران ئازاد، بەهزاد دەروێش، فر ست صۆفی، حـیات مجـید، عـلی حە مە صالح، سروود سلیم، مامۆ ستا مەڕوان گەلاڵی، باپیر کامەلا)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئە ندامانی تریش ناوی خۆ یان بنوو سن هەر یە کە و (3) دە قە بە پـ ێی ئەو دەنگدا نەی کە پێ شتر لە پەرلەماندا کرا دەتوانن قسە بکەن جگە لەوانەی کە ناوی خۆیان نوو سیوە، ئەولەو یەت دەدر ێت بە لیژ نە پەیوەندیدارەکان لیژنەی شارەوانی و لیژنەی کشتوکاڵ بۆ قسە کردن.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە ناوەکانیان تۆمارە بۆ گفتو گۆ کردن لە سەر کێ شەی ز یادەڕەوی ((خـلف ا حمد، ڕ ێواز فائق، سالار محمود، قادر ئۆتمان، تەلار لطیف، ئاواز جەنگی، مەردان خدر، تحـسین اسماعـیل، نجات محـمد، عـلی هالۆ، فیرۆز طە، عباس غزالی، ئاواز حمید، برزۆ مجید، بەهار عبدالرحمن، ایوب عبدالله، ا نور قادر، بەهار محمود، پەروا علی، سهراب میکائیل، حسن صالح، محمود حاجی، فائق مصطفی، کەژاڵ هادی، عـمر کۆ چەر، حاجی کاروان، یروانت نیسان، غریب مصطفی، کمال یلدا، عبدالله جاسم، مریم صمد، کاك عـباس، عـبدالله محمود، بێگەردخان، شێرکۆ حەمە امین، شکریە اسماعیل، زۆلفا محمود)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش لای ﴿کاك هاوکار﴾ ناوم نووسیبوو، ویستم ئەمەش بیری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بخەمەوە، خۆم چوومە ژوورەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ناوی کاك عبدالله بنووسن، کاك بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ تە بەحس کر ئەو لیژنێت پەیوەندیدار ئەولەویەت بۆ وانە، ئایا سکرتێرێ پەرلەمانێ دزانیت کی ئەندامێ لیژنا شارەوانییێ یە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ناوەکان لەبەر دەستماندایە، کاك ابوبکر فەرموو،

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله ﴿ابوبکر هەڵەدنی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری تەواوی راپۆرتەکەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی دەکەم، پێشتر من ئاگاداری کارنامەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبووم بیرۆکەیەکم نووسیبوو، لەبەرئەوە هیوادارم یەك دەقە کاتی زیاترم پێبدەن، لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە جۆرێکی تر لە تەجاوزات نەکراوە، ئەویش دەستدرێژی و تەجاوزاتی حزبە بۆ سەر مۆڵکی گشتی، کە دەیان مۆڵکی گشتی لە لایەن حزب و دام و دەزگاکانی حزب داگیر کراون، دووەم، ئا یا ئیجرا ئات چییە بەرامبەر ئەو حیزبانەی کە هۆکارێکن بۆ تەجاوزات و زیادەڕەوی بۆ چنینەوەی کۆمەڵێك دەنگی ناڕەوا و دەنگی ناحەق لە کاتی هەڵبژاردنەکان چاوپۆشی دەکەن؟ ئەمە هۆکاری سەرەکی تەجاوزاتەکانە، بە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ رادەگەیەنێم کە تاکو ئێستا لێدانی بیری سووری بەردەوامە لە ﴿مێرگە پان و سیتەك﴾ تا دوێنێ هەندێك لە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان تەواتوئیان هەیە لەگەڵ ئەو خاوەن بیرانە، لەبەرئەوە ئیجرائاتەکان هیچ رانەگیراوە، سێیەم: لە راپۆرتی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و هەر دوو وەزیری پەیوەندیدار هەر دەڵێن دیراسە دەکەین و یاسا دادەنێین و بەهەندیان وەرگرتووە و ئاماژەیان بەوەنەداوە کە چەند ئیجرائاتیان کردووە بە داتا و ژمارە بە پەرلەمانی بەڕێز بڵێن تا چەند توانیویانە دیاردەی زیادەڕەوی رابگرن؟ بیرۆکەکەم دەخەمە روو کە ئەو دیاردە ناشارستانییە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان سەری هەڵداوە کە بریتییە لە دەست بەسەردا گرتن بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان لە لایەن کەسانی دەست رۆیشتوو و فرۆشتنی پێوە دەکرێت و بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی کە من خۆم خەڵکی ئەو ناوچەیەم لە هەر دوو ناوچەی سیتەك و میرگە پان بە شێوەیەکی ناڕەوا هەر هەمووی داگیر کراوە،

ئێستا ئاژەڵ و پەلەوەری کێوی ناتوانێت لەو بەر بۆ ئەو بەری شاخەکە بپەڕێتەوە کە ئەمە لە کاتێکدا مۆڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، دوایین هەوڵی ناشارستانی لەم رووەوە راکێشانی جادە و بەش بەش کردن و نیشانەکردنی شاخی سەربەرزی پیرەمەگرونە، ئەو شاخەی کە مامۆستا ﴿تۆفیق وەهبی بەگ﴾ لە وەسفیدا دەڵێت: ﴿هەزار تۆپ و کلاشینکۆف، نادەم بە شاخی پڕ لە لۆف، چونکە پشت و پەنای کوردە، ملی دوژمنی تێدا وردە﴾، پێشمەرگە دێرینەکان لێرەن ﴿کاک دلێر ماوەتی و کاک فەرهاد و کاک ئاری و کاک محمود﴾ بەعسیەکان دەستیان نەگەیشتە ئەم شاخە، بەڵام کۆمەڵێك دەوڵەمەند و هەڵتۆقیو کە خوا نەبێت کەس نازانێت ئەو سامانەی لە کوێ هێناوە؟ دەستیان گەیشتووە بەم شاخە سەرکەشە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و کشتوکاڵ بۆ ئەم یاسا شکێنیە و داگیر کردنی موڵکی گشتی یاسا دابنێن و بەپەلە کار بکەن، با ئەمەش بە مەرەزی سیتەك و مێرگەپان نەچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهانی شاندی حکومەت دەکەم، بەڵام ئومێد دەکەم پەرلەمانی کوردستان تەنیا گفتوگۆ نەکات، چونکە گفوگۆ لە هۆڵەکان و زانکۆ کان و شوێنە پەیوەندیارەکان هەیە، دەبێت لەسەر ئەو پرسە کە حکومەت و پەرلەمان بە گرنگی دەزانن بە بڕیار دەرچین و ئەگەر تەنیا دەردەشە بێت و نیگەرانی بێت و حکومەت بڵێت بە ئێمە ناکرێت، بە سێ دەست دەکرێت و ئێمەش بڵێین دەبێت حکومەت بیکات، هاووڵاتیان روو لە کوێ بکەن؟ کێ بەر لەم کارەساتە بگرێت کە روو بەڕووی ئەم زەویەی کردووە؟ بۆیە بە راستی دەبوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری سامانە سروشتییەکان لێرە بن و پەیوەندی راستەوخۆی بەوانەوە هەیە، دەبوایە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیدار لە حکومەت هەر دوو وەزیری لەگەڵ خۆی بهێنایە، کێشەی زیادەڕۆیی سەرەتا لە بازرگانی کردن بە زەوی دەستی پێکرد کە حکومەت لێی بەرپرسیارە و لە هیچ شوێنی دونیا ئەو حاڵەتەی لێرە هەیە بوویەتە بازرگانی کردن و لە هیچ شوێنی دونیا زەوی بازرگانی پێوە ناکرێت، بە داخەوە لە هەرێم لە سەرەتاوە دابەشکردنی زەوی و بازرگانی پێوە کردن تا ئێستا بەردەوامی هەیە و کارەساتی بەرهەم هێناوە، حاڵەتێکی تر ئەو تەجاوزەیە کە حکومەت بۆ خۆی دەیکات ، وەزارەتی شارەوانی لە یەکێك لەو پرسانەی کە ئێستا لەبەر دەستانە ئاراستەی حکومەت کراوە بۆ پرساندن ﴿301﴾ دۆنم زەوی وەزارەتی دارایی دوای ﴿4﴾ ساڵ مامەڵە پێوەکردن و پەخشان و تەخشان کردنی دانی بە حزب و تاپۆ کردنی لەسەر حزب دوای چوار ساڵ، دەزانرێت ئەمانە زەوی وەزارەتی داراییە و هەر زەوی کشتوکاڵ نییە زەوی وەازارەتی دارایی، هەر هەمووی بە دەستی وەزارەتی کشتوکاڵ تەجاوزی کراوەتە سەر و تەسەروفی پێکراوە بە ناوی ماستەر پلان و کە ماستەر پلان تەنیا بۆ ئەوە جێ بە جێ دەکرێت کە زەوی کشتوکاڵ بکەن بە زەوی نیشتەجێ بوون بە شوێنی تەوزیع کردن، وەزارەتی شارەوانی زەوی داوەتە

خەڵكێك لەم شاری هەولێرە، فرۆشتوویەتی بە ﴿16﴾ ملیۆن دۆلار و تەخشان و پەخشان دەفرۆشێت لە كاتێكدا بۆ پرۆژەی خێرخوازی دراوە لە موساتەحە و لە وەبەرهێنان لە هەموو بوارەكان تەجاوز هەیە و تەجاوزی مەترسیدار كراوە، حكومەت لێی بەرپرسە و بە پێش چاوی حكومەت رووەدەدات جگە لەمە وەزارەتی شارەوانی و حكومەت گاڵتە بە مەشاعری خەڵك دەكات لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، هەزاران پارچە زەوی بە ناوی هەوایی داوە بە خەڵك و خەڵك ئێستا گیرۆدەی بووە و بووە بە مەلەفێكی گەورە، ئەمە بە راستی وەزارەت لێی بەرپرسە و دەبێت چارەسەر بكرێت، یەعنی چی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن رەقەمێك دەدەی بە خەڵك كە هیچ زەوی نییە و بوونی نییە؟ تا ئێستا ئەو خەڵكە گیرۆدەیە، ئەگەر تەماشا بكەین لێرە لە شاری هەولێر لە نێوان ﴿شاوێس و بنەسڵاوە﴾ چەند گۆندێك هەن/ برۆ سەیری بكە بزانە چۆن بە گەنم هەڵدەگەڕێتەوە و كۆمەڵێك بەرپرسی حكومی بە قەتعە دەیفرۆشن و زەمانەتی بە خەڵك دەدەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاتت تەواو بوو، كاك عبدالرحمن فەرموو،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك مولاحەزەم هەیە بە حوكمی ئەوەی ئێمە لیژنەی كشتوكاڵین، كاتی ئێمە ئەگەر چەند خولەكمان بدەنێ رەنگە هەموومان ئەوەندە قسەش نەكەین، سوپاستان دەكەین و بەخێرهاتنی مێوانە بەڕێزەكان دەكەین، بەداخەوە زیادەڕۆیی لە هەرێمی كوردستان لە حاڵەت تێپەڕبووە و بووە بە دیاردەیەكی ترسناك، جاران لە سەردەمی رژێمی بەعس ئەگەر هەندێ ناوچەیان ناو نابوو ناوچەی قەدەغەكراو ﴿موحەرەمە﴾ كەسێك بۆی نەبوو بچێت، بەڵام ئێستا دەچێت، بەڵام بۆت نییە هەر دەتوانی لە دوورەوە سەیری كەی لەبەر سیاج و تەلبەندی جۆراوجۆر، من تەنیا داتاكانی ئەو دوو وەزارەتە كە وەزیرەكانیان لێرەن، وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی كشتوكاڵ بۆ خۆیان كە بە رەسمی رایانگەیاندووە و دڵنیام زۆر لەوە زیاترە، لە شارەكانی هەرێمی كوردستان بە پێی داتاكانی وەزارەتی شارەوانی ﴿48894﴾ حاڵەتی زیادەڕەوی كراوەتە سەر زەوی شارەوانییەكان، كە ئەمە زۆرینەی ﴿32﴾ هەزا بەرەو ژوور لە سنووری شارەوانی پارێزگاكانی هەولێر و دهۆكە، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەر چاوەكانی ئاو بە پێی رووپێوی خۆیان تا ساڵی ﴿2012﴾، نێزیكەی ﴿2487﴾ تەجاوزات كراوە لەسەر زەوی كشتوكاڵی و لەو كاتەوە تا ئێستا چوار ئەوەندە زیادی كردووە بە وتەی خۆیان كە دەكاتە ﴿9948﴾، كە ئەمانە حاڵەتی خراپن و تەنانەت تەجاوزات و زیادەڕەوی كراوەتە سەر ژێرزەوی نەك رووی زەوی، لە كوردستان بە پێی داتاكان ﴿41﴾هەزار بیر لێدراوە كە ﴿21﴾ هەزار بە زیادەڕۆیی كراوە بەداخەوە، زیادەڕۆیی تەنیا هاووڵاتی نەیكردووە، بەڵكو حكومەت بۆ خۆی پشكی شێری بەردەكەوێت لە زیادەڕۆیی بۆ سەر زەویەكانی هەرێمی كوردستان، من نموونەیەك دێنم، لە ساڵی ﴿1998﴾ەوە تا ئێستا بە هۆی ماستەر پلان و فراوان بوونی شار و شارۆچكەكان لە هەرێمی

کوردستان زیاتر له ﴿1﴾ ملیۆن و ﴿651﴾ هەزار و ﴿199﴾ دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەکار هێنراون بۆ فراوان کردنی شار و شارۆچکەکان کە ئەمە لە هەموو دونیا شتی وا لە تاریخ نەبووە، تا ئێستا ﴿45﴾ هەزار دۆنم بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەکار هاتووە کە لە راستیدا کارەساتی بەدوادا دێت، من چەند پرسیار ئاراستەی ئەو بەڕێزانە دەکەم، هەما هەنگی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی تا چەندە؟ چونکە کێشەکان زۆربەی پەیوەستە بە هەردووکیان، دووەم، وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بڕیارێك هەیە بە فەرەبووکردنەوەی دوو دۆنم بە پار چەیەك زەوی، کە ئەم بڕیارە بڕیاری تایبەتە و شەخسییە و لە هەندێك ناوچە جێ بە جێ کراوە و لە ناوچەکانی دیکە ئیشی پێناکرێت، تکایە ئەگەر بڕیارەکە رەسمی یە و لە لایەن حکەمەتی هەرێمی کوردستانەوەیە با بۆ هەموو ناوچەکان و شوێنەکان رابگیرێت و پێشنیار دەکەم رووپێوی ورد لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکرێت، لەبەر ئەوەی زەوی هەیە لە هەولێر زەوی کشتوکاڵییە بە زەوی بەردەڵان هەژمار کراوە، فەرمانی ئەوەی ﴿کاك ابوبکر﴾ وتی، فەرمانی ژمارە ﴿2418﴾ لە رێکەوتی ﴿2011/2/27﴾ کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بووە بە دروستکردنی لیژنە بۆ گەڕاندنەوەی مۆڵکە گشتییەکان چی بەسەر هات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ماجد فەرموو،

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەت و میوانە بەرێزەکان دەکەم، راپۆرتەکەی هاورێم ﴿کاك عمر﴾ راپۆرتی تێروتەسەل بوو، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان بابەتەکانی تێکەڵ کرد بوو، ئەوەی گرنگە ئەمرۆ ئێمە تاوتوێی زێدەرۆیی کردن لەسەر زەویەکانی حکومەت بکەین، لە سنووری شارەوانی بێت یان کشتوکاڵی، وەك ئەو شارەزاییەی هەمانە هەموو وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسن لەو دیاردەیە بە تایبەتی وەزارەتی کشت کاڵ و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە سەردانی چەندین قەزا و ناحییەمان کرد وەك لیژنەی شارەوانی بە تایبەتی لەگەڵ کاك ﴿کمال یلدا﴾ لەگەڵ قایمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکان کۆبوونەوە و گفتوگۆمان کرد و سەردانی چەند شوێنێکمان کرد، بەداخەوە بینیمان ببورن لە هەندێ شوێن زەوی دەوڵەت فەرهود دەکرێت، چیا بە جەك هەمەر و شۆفل و بۆلدوزەر دەروخێنرێت و دار ستانەکان لەناو دەبردرێت و دەسوتێنرێت تا سیفەتی غاباتی لەسەر لابچێت، قەتەتەرەی ئاو پڕ دەکرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە قەتعەی نیشتەجێ بوون و رێگەی هاتووچۆ ئیفراز دەکرێت موحەرەماتی جادە نەماوە و بەدەیان بیری سووری و پایل لە یەك ناوچەدا کار دەکەن، لەبەر چاوی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، خەڵکانێکی دەسەڵاتدار بەتایبەتی عەسکەری بە ئۆتۆمبێلی عەسکەری لەگەڵ چەند کەسێك کە نووسینگەی عەقاراتیان هەیە لە قەزا و ناحیەکان بەیەکەوە زەوی کشتوکاڵی ئیفراز دەکەن و بیرلێدەدەن و دەفرۆشن، شوێنە گەشتیارییەکان و تاڤگەکان لەلایەن چەند

کەسێکەوە ئیحتیکار و ئیستیغلال کراوە، چ قایمقام، چ مودیر ناحییە، یان سەرۆك شارەوانیەکان، قسەیان ناڕوات و هیچیان پێناکرێت و تەحدیدیش دەکرێن ئەگەر ئیجرائات بکەن و ئەمەش ئەو بەڵگانەیە کە دوێنێ لە قەزای شەقڵاوە دەستمان کەوتووە کە چەند کەسیان دەستگیر کردووە و ئیجرائاتیان بۆ نەکراوە و دادوەریش نەیتوانیوە بیانگرێت و هەموویانی بەرێ کردووە، بە دەیان خەڵك گیراون و لە لایەن حاکم بەردەدرێن، بۆیە پێویستە دادگایەکی تایبەت هەبێت بۆ رێگری کردن لەم زێدەڕۆییانە، تا ئەو بڕیارە دەردەچێت داوا دەکەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی زوو بە زوو ئیجرائات وەربگرێت، پێویست دەکات کە ئەو ئەرکە وەك بەشێك لە قایمقامەکان داوایان کرد بسپێردرێت بە لایەنی سەربازی ناوچەکان و هێزی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان لەگەڵ قەزاکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەتوانی بە یاداشت ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکەی، کاك گۆڕان فەرموو،

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەشی زۆر قسەکان کرا و هەم قسە و هەم لە شێوەی پرسیار ئاراستەی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەین، ئێمە لە ساڵی ﴿2006﴾ خۆیان ئاماژەیان پێدا کە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران زەوی دابەشکردن راگیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە زەوی نەماوە کە دابەش نەکراوە، کیشەی ئەوەش هەبووە کە کارتیان هەبووە راستە ئێستا وەزیری شارەوانی کاری کردووە بۆ تاپۆکردن، بەڵام نەکراوە و ئەمە وایکردووە تەجاوزات زۆر بکرێت و ئەوانەی قەرەبوویان وەرگرتووە کە لە راپۆرتی ﴿کاك عمر﴾ هاتووە وەك ئەوانەی لای تارین هاتووە تەجاوزی کراوتە سەر، تاوەکو ئێستا عەقدی موساتەحەیان بۆ نەکراوە و دابەشکردنی بۆ وەستاوە؟ ئەمە یەکێکە لە کێشەکان، چونکە هاوکات لەساڵی ﴿2012﴾ تا ئێستا پرۆژەی نیشتەجێ بوون مۆڵەتی پێنەدراوە، کەواتە لە لایەك زەوی نیشتەجێ بوون وەستاوە و کارتەکانیش تاپۆ نەکراوە و پرۆژەی نیشتەجێ بوونی تازە ناکرێ، کەواتە هاووڵاتیان لە کوێ نیشتەجێ بن؟ ئەمە وای کردووە حاڵەتی تەجاوز زیاد بکات و ئەوەی گرفتە لە حاڵەتی تەجاوز کە ئەو ئیجرائاتانەی ئێمە دەبینین دەکرێ بە زۆری لەگەڵ ئەوانەیە کە زەویەکە دەکرن، نەك لەگەڵ ئەوانەیە کە زەویەکە دەفرۆشن، لە کاتێك ئەو کەسەی زەویە کە دەفرۆشێت سەرمایەدار و دەسەڵاتدار و خاوەن پشتن نەك ئەو هاووڵاتیەی زەویەکەی دەکرێت، بۆیە لە ئیجرائات بەر لەوەی خانووەکەی تێك بدرێت دەبێت ئەو کەسە بگیرێت و ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت کە هەڵدەستێت بە گوریز لێدان لەسەر زەویەکان و فرۆشتنی کە ئەمە یەکێکە لەکێشەکان و ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ساڵی ﴿2011﴾ قانونێکمان دەرکرد بە ناوی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و لەم یاسایە هەڵمەتیك کرا بۆ دروستبوونی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، کە لەم یاسایەدا

هەڵمەتێك كرا بۆ دروستكردنی یەكەی نیشتەجێ بوون و لەو كاتە تا ئێستا ئەگەر باسی كۆیە بكەین ﴿107﴾ یەكەی نیشتەجێ بوون دروست كراوە، بەڵام تەواو نەبووە جێگە لەوەی لە زۆربەی شارەكان ئەم پرۆسەیە هەر نەچووە، بۆیە ئەگەر ئەو پلانە ڕەبتی بە حكومەت هەبێت، لەبەر ئەوەی بودجە نییە بە تەئكید ئەم پلانە لە ئایندەدا سەركەوتوو نابێت، بۆیە دەبێت بیر لە پلانێك بكەینەوە حكومەت هاوكاری جێ بە جێ كردنی پلانەكە بێت، نەك ئەركە داراییەكەی بكەوێتە سەرحكومەت، چونكە لەم حاڵەتەدا ئێمە مەرحەلەیەك لە مەرحەلەكان دەوەستێ و كارێكی باش بۆ ئەم یەكە نیشتەجێ بوونانە دروست بكردایە، لەسەر مەسەلەی زەوی كشتوكاڵی بە ڕاستی ئەو ئامارەی بەدەستی ئێمە گەیشتووە ﴿450﴾ هەزار دۆنم زەوی كەمتر بە هۆی فروشتنی بۆ شوێنی گەشتیاری یان مەزرەعە كەمتر زەوی كشتوكاڵی لەسەر كراوە، ئەگەر وا بێت ساڵ بە ساڵ ئاسایشی خۆراكیمان لە مەترسیدا دەبێت، لەبەر ئەوە ئەو هەموو زەویە بفروشرێت ئەمە گرفتە و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەموو ئەساستر مەسەلەی ئیفراز و ئیتفای زەویە كە هەندێ شت هەیە ڕاستە ڕەبتی بە قەراراتی ئەمنی هەیە ئاسان بكات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا جێگرێ سەرۆكێ ئەنجومەنا وەزیران و وەزیرێن بەڕێز دكەم، ئێك ژ ئەگەرێن سەرەكی تەجاوزاتا رونیە و ئیستراتیژە، بەڕێز جێگرێ سەرۆكێ حكومەتێ دپرسم ئایا چ پلان هەیە بۆ پەرەپێدانا گوندان؟ ئەگەر تەجاوزات لسەر ئەردێن زیراعی و شارەوانی بێتە كرن هەتا نووكە مەگرنگی ب گوندا نەدایە، بەرهندێ دبێژم ڤێ گاڤێ زۆر پارچە ئەرد گرانن، موڵكێ شارەوانی تەجاوز لسەر دهێتە كرن و رەخەكی ێدی گوند چول دبن و كشتوكاڵ ناهێتە كرن و ئەو كێشە دروست دبیت، خاڵەكا دی ئەو یاسایا سیفە ئیستیعجال پێدای ژمارە﴿84﴾، كاك عمر ئاماژە پێكر هەتا نوكە دەبیت لیژنا یاسایی كۆتایی پێ هێنابا، خاڵەكا دی یا گرنگ جێگرێ سەرۆكێ حكومەتێ ژی بەحس كر، هندەك كەس ل هەرێما كوردستانێ باڵادەستن، دێ گەڕەكەكێ تەجاوز چێ كەن و قەتعا دێ فرۆشن و دێ بۆ هێنە تاپۆ كرن و نموونە ژی مە پێل بەردەست، بەڵێ كەسەكێ هەژار لەوانەیە تەجاوزەكا دیر ژی لسەر بكەت لەوانەیە بۆ نەهێتە تاپۆ كرن ئەڤە جیاوازیەكا زۆر ل ڤێ چەندێ دا یا هەی، زەفت كرنا بینا یەتێن دەولەتێ نەو عەكێ دی یێ تەجاوزاتایە، خاڵەكا دی یا محەرەماتێت رێكا، چونكی ئەم ل لیژنا ئاڤەدانگرنێ داین، چەندین پرۆژێن حكومەتێ یێن راوستای بەر تەجاوزات لسەر حەرەماتێت سەر رێكێ، تایبەت رێكێن سەرەكی ﴿50﴾ مەتر دڤێت هێڤەتر بیت، جۆرەكێ دی یێ تەجاوزاتا كو موساتحاتایە و چەندین پرۆژە بناڤێ موساتحە دەنە كەسانێن باڵا دەست و ئیحتیماله ل دویف یاسایێ ئیجرائات گەل نەهێتە كرن، خاڵەكادی جیاوازی ناڤبەرا كەسێن باڵادەست و هەژار مەسەلا تەجاوزاتا، بۆ نموونە هندەك كەس ب عەلەنی و جلكێن عەسكەری و

تەنا نەت ب قومبە لە ئالیاتێت شارەوانی خراپ کر نە ئە ڤە نموو نە وەز یر ژی دزانیت، خا ڵەکا دی ئەو کەسێت کو زەرەرمەندن بەر پرۆژێت حکومی هندەك تێنە قەربووکرن و هندەك یێن بێ واستە و هەژار ناهێنە قەرەبوو کرن، خاڵەکا دی ل دویف بڕیارا ئەنجو مەنێ وەز یران ئەوا ل ﴿2015/4/5﴾ دەر چووی کو نوسخەك بۆ لیژنا مە هاتییە ب ژ مارە ﴿2601﴾، هەتا ڤێ گاڤێ بڕیار دا یە ئەنجو مەنێ وەز یران ل ماوێ ﴿14﴾ رۆژان هەمی دا تا بگە نە سەرۆکایەتیا ئەنجو مەنێ وەز یران و ئەوە ﴿35﴾ رۆژ ب سەر ڤەچوون چ داتا دەست مە نەکەفت، خاڵەکا دی، هندەك جوتیار وەختێ ئەردێ وان تێتە ئیتفا کرن ﴿3٪﴾ ناهێتە قەربووکرن، بەڵێ هندەکێت دی تێتە کرن، نیسبەت سزا، سزادان ئەگەر نەبێت تەجاوات دێ بەردەوام بیت، ئەز دبێژم تەسنیف بهێتە کرن و ئەوێن هەژار و کێم دەرامەت بۆ بهێتە تەملیك کرن و ئەوێن موستەفید ئیجرائات گەل بهێتە کرن، مە دوو مادده یێن هەی ماددێ عقوبات سزادانێت عێراقی ماددێ ﴿457﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەتوانی بە نووسراو بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان بنێری، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر گرنگە، زۆر یش حەساسە و بە راستی زۆر تەشەنەی سەندووە، ئەوەی گرنگە هەنگاوی جدی بهاوێژین بۆ ئەوەی رای بگرین، چونکە تەشەنەی کردووە بە تایبەتی دوای قەیرانی داعش دەرفەت دروست بووە و زیاتر پەرەی سەندووە، ئەوەی لە هەرێمی ئێمە روودەدات بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێك رووبدات، بۆ نموونە ئەمە هەمووی تاپۆی خەڵکە لە لام و تاپۆی زەویە و ئەمە خەریتەیە و هەمووی داگیرکراوە، تاپۆ لە قانون حەقێکی موقەدەسە، لەبەر چاوی حکومەت هەمووی داگیر کراوە و چەند دەستی کردووە و فرۆشراوە، لە راستیدا لە هیچ شوێنی دونیا روونادات کە تۆ تاپۆت هەبوو لە تەسجیل عەقار تەسجیل کرا، چۆن رێگە دەدرێت خەڵکی تر داگیری بکات؟ بۆیە بە راستی حەدیقە و سەوزایی و تەنانەت ترافیك لایت گۆڕاوە شوێنی، ئەوەندە تەجاوزات زۆر بووە، بۆیە ئەوەی گرنگە لە رەگەزی زەوی لە گۆڕینی شوێنە کە بوویتە سیاحە و دوایی بوویتە سەکەنی، ئێمە ئێستا هەموو ئەو لیژنانەی کە پێك دێن و هەموو ئەو وەزیرانەی لێرەن هیممەت بکەن رابیگرن، ئەوەی من لە وەزیری کشتوکاڵ گوێم لێبوو وەکو ئێمە گلەیی دەکات، جاری رابردووش لە خزمەت جەنابی ئەوەم عەرز کرد و ئێمە چاوەڕوانی ئیجرائات دەکەین نەك لەگەڵ ئێمە رەخنە بگرن، بۆیە بە تەسەوری من بە پرەنسیپی ئەمری واقع تەعامول بکرێت و هاووڵاتی گەیشتە سەقف ئیتر تەواو، شەو ئیش بکات بگاتە سەقف ئیتر تێك نادرێت، بێتە ئەمری واقع بە راستی ئەو تیمەی تەجاوزات موعاناتی زۆریان هەیە و بێ ئیمکانیاتن، مودیر ناحیەکان وەك وەزیری شارەوانی باسی کرد و قایمقامەکان موشکیلەی گەورەیان هەیە، رەنگە خەلەل لای ئێمە بێت وەك پەرلەمان دەستمان بەستووە ناتوانن پێنج دەقە حیجزی ئەو کەسانە بکەن کە

تەجاوز دەکەن، بۆیە بە تەسەوری من ئێمە تۆزێك بە قانونیش بێت دەستیان بکەینەوە، چونکە خەڵك بە ناوی پێشمەرگە و شەهید کە بە راستی ئەوان نین و خەڵکی تاجرن و ئیستیغلالی ئەو ناوە دەکەن و تەجاوز دەکەن، زەوی کشتوکاڵی نەما، زەوی سیاحی نەما، هەمووی سیم کرا بە راستی کێشەی گەورە یە و بە جدی لەسەری بوەستین، بە پێك هێنانی لیژنە بەس نییە دەبێت ئیجرائاتی فیعلی بکەین و کێشەی گەورەی ئێمە ئیجرائاتی ئێمە هەموو کەس ناگرێتەوە، تەئکید دەکەم مەشمولە بە خەڵکی فەقیر و خەڵکی تر ناگرێتەوە، ئاخیر قسەم ئەوە یە پشتگیری بە شی زۆر راپۆرتی ﴿کاك عمر﴾ دەکەم، بەڵام ناکرێت شەرعیەت بدەین بە تەجاوزات، کە جەنابت دەڵێی مادام زەوی نادرێتە فەقیر دەبێت تەجاوزات بکات، نابێت ئێمە لە پەرلەمان قسەیەکی وا بکەین، دەبێت پێدا چوونەوەی لەسەر بکرێت، نابێت شەرعیەت لە ژێر هیچ ناوێك بدەین بە تەجاوزات و فەقیر بێت یان دەولەمەند هەر تەجاوزە، دەبێت رێگەی لێ بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حیات خان فەرموو،

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، خاڵەکانم زۆرن، بەڵام هەوڵ دەدەم بە شێوەی خوێندنەوەی بە پەلە بڵێم، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی تەواو بەم، خاڵی یەکەم زیادەڕەوی لەسەر کەناری رووبارەکان دەکرێت بۆ دروستکردنی چەو و لم ئەمەش بوویتە هۆی زیادەڕەوی لەسەر رووبارەکان تەنانەت لە هەندێ شوێنی رووبارەکان رێڕەوییەکەیان لە مەترسیدایە تکایە بۆ ئەمە چی کراوە؟ بە پێی زانیارییەکانی ئێمە لە کاتی ئەنجا مدانی زیدەڕەوی بڕیاری دەست بە سەردا گرتنی کەل و پەلەکان هەیە، بەڵام بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی کەسەکان نین، پێویستە بڕیاری گرتنی کەسەکان دەربکرێت بە بێ جیاوازی نێوان دەسەڵات و بێ دەسەڵات، ژمارە یەك سەرکردەی سەربازی هەیە زیادەڕەو یان لەسەر زەوی شارەوانی و کشتوکاڵ کردووە بۆ رێگەگرتن لەم کارە بەڕێزان چییان کردووە؟ داواکارم لە حکومەتی هەرێم دەسەڵات بدات بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بۆ هەڵگرتنی زیادەڕەوی کە بەپێی بڕیاری دادگای تەمیز راگیراوە و جێگری سەرۆکی حکومەتیش ئاماژەی بەوەدا، حکومەت بە بێ جیاوازی دەسەڵات و بێ دەسەڵات، هەڵمەتی رووخاندنی ئەو زیادەڕەوییانە دەست پێ بکات کە دەبنە هۆی رێگری کردن بۆ ماستەر پلانی شار و شاروچکەکان بە مەرجێك شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئەوانە دابین بکات کە خەڵکی کەم دەرامەت و پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدانن، بە پێی فەرمانی ژمارە ﴿3543﴾ لە ﴿2015/4/30﴾ بە واژووی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە سەر رۆشنایی لیژنەی تایبەت بە قەدەغەکردن و لابردنی زیادەڕەوی لەسەر زەوی و زاری گشتی کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ دراوە، یەکێکیان کە لە ئاخر خاڵدایە باس لەوە دەکات کە هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان هێزێکی هاوبەش ئامادە بکەن بۆ

جێ بە جێ کردنی بڕیاری لادان و تێکدانی زیادەڕەوییەکان، بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە گەیشتوونەتە کوێ؟ چەند خاڵێکم هەیە بۆ قەزای سەیدسادق، کە یەکێکیان لەم قەزایە لەساڵی ﴿2006﴾ەوە تاپۆ کردن لەو قەزایە هەیە و تائێستا دوو گەڕەك تاپۆ کراون، ئایا وەستانی ئەو ئیشە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ یەکێکی تر لە کێشەکان کێشەی مۆڵکەکانی محموودبەگە، کە کەس و کاری ئەم بەڕێزە بە ئارەزووی خۆ یان زەو یەکان دەفرۆشن و هیچ حساب بۆ شارەوانی ناکەن و دۆسییەکەیان لە شارەوانییە و ناجوڵێنرێت و دەستی بۆ نابرێت، هۆکاری ئەم بە لاریدا بردنی ئەم دۆسیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لە شاری سەید سادق لە ساڵی ﴿2006﴾ دا پرۆژەی بۆڕی ئاو دروست کراوە لە لایەن کۆمپانیای ئادەمەوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایە بۆری بەکارهاتوو جارێکی تر لەو پرۆژەدا بەکارهێنراوەتەوە و بوویتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لەو شارە و بە رێژەیەکی زۆر ئەم نەخۆشییە تەشەنەی کردووە و ئەمە یەکێکە لە کێشە زەقەکان سەید سادق، پلانیان چییە بۆ گۆڕینی ئەو بۆڕییانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی بەڕێزەکان دەکەم، دیارە ئەم بابەتە تێکەڵی زۆری تێدا کرا لە نێوان ئەو هاووڵاتیانەی تەجاوزیان کردووە لەگەڵ تەجاوزە گەورەکان، من بە بەڵگە، بە رەقەم دەیخەمە روو، هەموو ئەو تەجاوزاتانەی کراوە لە کفری تا زاخۆ بە روو بەری زەوی لێکبدەیەوە بە قەدەر کۆمەڵێك تەجاوزی گەورە نییە کە سێ کەس کردوویانە و ﴿500﴾ دۆنم بە مەتر، مەتر دەفرۆشنەوە ئێستا، بۆ نموونە لە پشتی قەڵاتی نوێ لە نێوان بنەسلاوە و کەسنەزانەوە زیاتر لە ﴿100﴾ دۆنم زەوی کشتوکاڵی داگیر کراوە بە مەتر و ﴿100﴾ مەتر و ﴿1000﴾ مەتر دەفرۆشرێتە خەڵك و تەنانەت بیریش بۆ خەڵك لێدەدەن و کارەباش بۆی رادەکێشن، من وەزیری شارەوانیم لەمە ئاگادار کردەوە، بەڵام وتیان پەیوەندی بە ئێمە نییە، پەیوەندیم بە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە وتیان کاکە کیتابمان کردووە چی بکەین؟ خۆ ئێمە پۆلیسمان نییە، قایمەقام و وەزارەتی ناوخۆ ئیجرائات ناکات، بۆ نموونە لای تەوسکەوە بۆ قەراسنج کە لە بناری مەسیف دێیتە خوارەوە، زیاتر لە هەزار دۆنم زەوی دەبێت، ﴿30﴾ ساڵ دەبێت ئەمە غاباتە و دارەکان بە شۆفڵ و حەفارە تەخت دەکرێت، بە دۆنم بە هەزار مەتر و یەك دۆنم و دوو دۆنم دەفرۆشرێت بە پارەی زۆر کە زەوی کشتوکاڵین، حکومەت زۆر باشتر لە من ئاگای لێیە، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر لە من باشتر ئاگای لێیە، ئێستا من قسە دەکەم ئەم حاڵەتە بەردەوامە و رێگەی لێنەگیراوە، پێویستە رابگیرێت یەك نموونە دێنم لای قەراسنج و تەوسکە جارێك هێزی زێرەڤانی رۆیشت رێی لێی بگرێت، هێزەکەیان بە زۆر گەڕاندەوە و بەردەوامن لە تەجاوزاتی خۆیان، گەورەترین تەجاوز لە کوردستان کە بە دەیان هەزار دۆنمە لە مەنتیقەی شەقڵاوە روو بەرێکی زۆرە، لەسەر رێگای

مەسیف، لە نێوان کەسنەزان و بنەسلاوەیە، لە بەحرکە و خەبات و لە سیتەك و مێرگە پان، ئەمانە چەند کەسێکی دیاری کراون کەسی ئا سایی نین و هاوو ڵاتی ئا سایی بێ پ شت و پەنا دەفـتەرێکی کۆکردۆ تەوە و ﴿400﴾ مەتر زەوی لەمانە دەکرێت، دیارە چەند کەسێکی دیاریکراون رێگایان پێ مەدەن ئەو زەویا نەیان داگیر کردووە و دەفروشن، زۆرتر لەمەی تێپەڕاندوە، من کاتم نییە ئەگەر نا ناوی هەموو گۆندەکانم تۆ مار کردووە، بۆ نموونە لە غاباتەکان نەوت دەکە نە بن دارە کان و دەیـ سوتێنن و پا شان شوفەڵێ لێ دەدەن و بە مەترکاری دەیفرۆشن، بۆیە ئەو بابەتە وەزیرە بەڕێزەکان بە داخەوە رەخنەی جدیم لێیانە کە نەیان وت، با وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ بلێت ئێمە فلان فلان و کتابمان کرد، موحافەزە و وەزارەتی ناوخۆ ئیجرائات ناکەن لەبەر ئەوەی فلان و فلان پشتیوانیان لێ دەکەن، بۆیە ئەمە نەخرێت بە سەر هاووڵاتی یەك لە بەحرکە چووە ﴿200﴾ مەتر زەوی کڕیوە و خانووەکەی بەسەردا دەرووخـێنن، بەڵام ئەم هاووڵاتیـیە دوو دەفتەری داوە، بە کە سێکی تر کە دە سەڵاتدارە، ﴿ئە گەر کات تەواو بووە نا چارین لە ئیعلام قـسە بکەین﴾، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سروود فەرمووو،

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و شاندی یاوەری دە کەم و هـیوادارم بە سینگی فراوان قسەکانم قبول بکرێت، بابەتی زیادەڕۆیی بابەتێکی گرنگ و حەساسە بە تایـبەت بۆ ئێـمە وەك پێکها تەی کلد و ئاشووری بە تایبەت لە پارێزگای د هۆك، ئەم بابە تە لە ماوەی ﴿20﴾ ساڵی را بردوو باس کراوە، بەڵام بێ چارەسەر ماوە و زیاتر ئاڵۆز کراوە و تا ئێستا بەردەوامە، ئێمە لەم خولە وەك نوێنەرای پێکهاتەی کلد و ئاشووری مەلەفێکمان تەقدیم کرد بە هەزاران دۆکیۆمێـنت لە سەر ز یادەڕەوی لە ﴿53﴾ گۆ ند لە گۆندەکانی کلد و ئاشووری لە دهۆك، ئەم مەلەفە تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد کە بە سوپا سەوە رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، ئە مە هەنگاوێکی مـێژوویی بوو بۆ ئێـمە، لە هەنگاوی دیکە پێمان کرا و بە هاو کاری گ شت ئە ندامانی پەر لەمان با بەتی چارە سەرکردنی ز ێدەڕۆیی بیـکەین بە خاڵێکی گرنگ لە یاسای ژمارە ﴿5﴾ لە ساڵی ﴿2015﴾ ئەوەش کە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانە لە هەرێمی کوردستان کە لە ماددەی سێیەم هاتووە، ﴿معالجة التجاوزات الحاصلة على مناطق ای مکون و اعادة الحال الى ماکان علیه قبل حصول التجاوز الى ا خره﴾ و پاش ئەم هەنگاوا نە بەرپەر سیارەتییەکە دەکەوێـتە ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە بە زووترین کات رێنمایی و بڕیار دەربکات بۆ جێ بە جێ کرد نی یاسای ژمارە ﴿5﴾ بۆ چارەسەر کردنی کێ شەی ز یادەڕۆیی لە سەر گۆ ندەکانی کـلد و ئا شووری لە د هۆك، بابەتی دووەم، تایبەتە بە عەنکاوە، رەنگە ئـێوە قـبوول نە کەن، رەنـگە بـڵێین حکو مەت بە خۆی تەجاوز دەکات بۆ سەر موڵکی خەڵك، بەڵام ئە مە حەقیقە تە و بە بەڵگە بۆ تان دە سەلمێنم، لە عەنکاوە کێ شەی

ئیتفاکردنی زەوی کشتوکاڵیمان هەیە کە ماوەتەوە تاوەکو ئێستا بێ قەربوو، حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2004) کوژانەوەی زیاتر لە (10000) دۆنم کرد بۆ سازدانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، لە قۆناغێکی دیکە فرۆکەخانەکە فراوانتر کرا بۆ هەمان مەبەست و دیسان زیاتر لە (1000) دۆنم ئیتفاکرا و تاوەکو ئێستا (223) جوتیار چاوەڕێی ئەوەن کە قەرەبوو بکرێن، لە ساڵی (2004)ەوە خەڵکی عەنکاوە داوا دەکەن ئەم بابەتە حەسم بکرێ، بەڵام بە داخەوە چارەسەر نەکراوە و ئەوەش پێچەوانەی یاسایە، یاسای ژمارە (20) لە ساڵی (2003) کە تایبەت بە فرۆکەخانەی هەولێری مەدەنی کە لە ماددەی (4) هاتووە (على وزارة الزراعة و الراي في الاقليم تسوية كافة المشاكل الحاصلة بالاراضي المملكة الى المطار)، بەڵام ئەم یاسایە جێ بەجێ نەکرا، هەروەها لە عەنکاوە چەند پرۆژەی وەبەرهێنانی نیشتەجێ بوون دروست کرا لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکانی عەنکاوە، راستە حکومەت مافی هەیە ئیتفای زەوی هەیە بۆ مەسڵەحەتی زەوی گشتیی، بەڵام لە هەمان کات دەبێ خاوەن زەویەکە قەرەبوو بکرێتەوە، ئەوەش لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (4) لە ساڵی (2006) بە جوانی باس کراوە، بەڵام دیسان لە عەنکاوە ئەم یاسایە لەلایەن حکومەت تەتبیق نەکرا، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە پێکهاتەی کلدو ئاشووری و بە یاداشتی فەرمی هەموو ئەم کێشانە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد و تاوەکو ئێستا چاوەڕێی ئەوەین ئەم بابەتانە حەسم بکرێت، بەڕێزان، ناکرێ کێشەکانی تایبەت بە نەتەوەکان بە موعەلەق بمێنێتەوە، ئاوەڕی لێ نەدرێتەوە، لە کۆتاییدا داوادەکەم ئەم لیژنەیە گرنگی بدات بە ئەم کێشانەی کە تایبەتن بە ئێمە و بە تەئکید داتامان ئامادەیە لەلای ئەنجومەنی وەزیرانە، یاسا مەوجودە، بەس ماوە جێ بەجێ کردن و تەتبیقی یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێرهاتنی بەڕێزان بەوە دەست پێ دەکەم، پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزان دەکەم، ئایا جدین بۆ رێگرتن لەو تەجاوزاتانەی کە دەکرێتن؟ ئەگەر بەراستی ئەو کابینەیە جدی بێتن بۆ رێگرتن دەبێ لە بەرپرسە باڵاکانەوە دەست پێ بکەن، ئەگەر موحاسەبە و بەرپرسە باڵاکان رێگریان لێ کرا کابرای فەقیر و هەژار بەخۆی دەست دەکێشێتەوە و دەڵی بەخوا دیارە ئەو حکومەت جدیە بۆ نەهێشتنی تەجاوزات، پێویست ناکات خۆمان لەگەڵ ئەوان مەشغول بکەین، ئەو قسەیەی کە برای بەڕێزم (کاك د.فرست) کردی پشتگیری تەواوی لێ دەکەم کە راست دەکاتن تاوەکو ئێستاش ئیجرائاتەکە بەس بەرامبەر بە خەڵکی هەژار دەکرێت، خەڵکێکە هیچ پشتێکی نییە ئیجرائاتی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام بەرپرسەکان هیچ ئیجرائاتێکیان شمول ناکات، بەداخەوە، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێ نیشانەی لەبەین چوونی هەموو قەوم و میللەتێك ئەوەیە کە دەسەڵاتدارەکان زێدە رەوی بکەن و بەکەیفی خۆیان بەربنە سەروەت سامانی موڵکی خەڵکی و

کەس موحاسەبەیان نەکات، بەڵام لێ پرسینەوە، موحاسەبەکردن بۆ خەڵکی فەقیرو هەژار بێتن، هەروەها چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕیزیان دەکەم، پرسیاری یەکەم: هۆکاری جیاوازی قەرەبووی سلێمانی و هەولێر چییە؟ تاوەکو ئێستاکە لەو ئەرزانەی کە هی جوتیارانە کە ئیتفا دەکرێت، کە تاوەکو ئێستاکەش بە مەعلوماتی من ئەو جیاوازیە هەیە، دوو: بەڕێزان لە وەزارەتی شارەوانی پلانیان چییە بۆ ئەو گەنجانەی کە تازە ژن دەهێنن؟ بە تایبەتی بۆ مەسەلەی نیشتەجێ بوونیان، هەروەها پرسیاری دیکەم ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی زراعەش دەکەم ئەوەیش ئەوەیە کە تاوەکو ئێستاکە زۆرێك لە شار و شارۆچەکەکان ئەو کۆمەڵە زەویانەی کە تەرخان کراون بۆ قوتابخانەکان و بۆ دایەنگەکان، بۆ نەخۆشخانەکان، بۆ سەوزایی، ئێستاکەش زۆربەیان داگیرکراون، خانوویان لەسەر کراوە لەلایەن کۆمەڵە بەرپرسێکی دیار و هەموو خەڵك دەیان ناسێتن، بەڵام تاوەکو ئێستاکەش هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵ نەکراوە، ئایا پلانیان چییە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شوێنە گشتییانە و رووخاندنی ئەو تەجاوزاتەی کە لەسەری کراوە؟ پرسیارێکی دیکەم کە ئەو زەویە کشتوکاڵییانەی کە دەستیان بەسەرداگیراوە ئایا پلانیان چییە بۆ گێڕانەوەی ئەو زەویانە؟ پرسیاری کۆتاییشم ئەوەیە پلانی حکومەتی هەرێم چییە بۆ رێگرتن لەو تەجاوزاتەی کە لە کاتی حەملەی هەڵبژاردندا دەکرێتن و رێی پێ دەدرێتن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، من وەکو برادەرەکانم دیارە زۆر ئاماژەیان پێکرد لەسەر ئەو گرفت و کێشانەی کە لەسەر زەوی و زاری کشتوکاڵی و زەوی زاری شارەوانی، ئەگەر بێین پۆلێنی زەوی و زار بکەین چ لە رووی جۆرییەوە، چ لە رووی پەیوەندیدارییەوە ئەو زەویانەی کە باسی لێ دەکرێت زۆربەی پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و بەشێکیشی پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە لە رووی پەیوەندیدییەوە، لە رووی جۆریشەوە کە باس دەکرێ هەندێکی زەوی کشتوکاڵییە، هەندێکیشیان زەوی نەشیاوی کشتوکاڵیە، بەراستی تێکەڵ و پێکەڵییەك هەم باس کردنەکانی ئێمە هەیە، هەم لە باسەکەش هەیە، بۆیە من دەمەوەێ ئەوەی زیاتر شارەزاییم لێ هەبێت یاخود گرفتەکەی بزانم زەوی کشتوکاڵی بێت، هەموو لایەکمان دەزانین کە هەموو شتێك لە دەرەوەی وڵات بێنین، بەس ناتوانین زەوی لە دەرەوەی وڵات بێنین، چونکە زەوی ئەو پانتاییەی هەیە و ئەو درێژاییەی هەیە لەوە زیاتر ناکرێت، کەواتە دەست پێوەگرتنی ئەرکی هەمووماانە، ئەخلاقێکی مرۆییە، پەیوەندی هەر نییە بەوەی کە مەسەلەیەکی ئابووری بێت، ئەوەی من دەیبینیم کێشەکە بە شێوازێکی تری دەبینم (کاك عمر) ئاماژەی بە راپۆرتەکە دا، لە ساڵی (1991) بەدواوە ئەو تەجاوزانە کراون، ئەو دەست درێژیە کراوەتە سەر زەویەکان، بەڵام من دواتری دەبینم، هۆکارەکە هۆکارێکی مەوزوعییە، زەوی کشتوکاڵی کاتێك دەتوانی پارێزگاری لێ بکەی کە

ببێتە سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك، یان سەرچاوەی بژێوی ژیانی جوتیار، بەڵام بەداخەوە کە زەوی کشتوکاڵی لە دوای ساڵی (1998) کە نەوت بەرامبەر بە خۆراك هات ئەو ئەهمیەتەی نەما، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی نەچووە بازاڕەوە بفرۆشێت و ببێتە سەرچاوەی ژیانی خەڵك، بۆیە گوندەکان چۆڵ بوون کە سیاسەتێکی هەڵەی هەم نەتەوەیەکگرتووەکان، هەم ئەو کاتی ئەو رێککەوتنەبوو، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە زەوی کشتوکاڵی ئەهمیەتی نەبوو، لە ساڵی (1991) کە ئەهمیەتی هەبوو ببووە سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك، خەڵك دەچوو گوندەکانی خۆی ئاوادان دەکردەوە و رێژەی دانیشتوانی دێهات رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو، ئەوە رەهەندێکی هەیە لە رووی بابەتییەوە، لە روویەکی ترەوە، لە رووی یاساییەوە کۆمەڵێك یاسامان هەیە، یاسای ژمارە (30، 90، 117) یاسای ژمارە (1، 2)ی ساڵی (2008) تێکەڵییەك لەگەڵ ئەو یاسایانە دروست بووە تەعاروزیشی تێدایە لە هەمان کاتدا فەوزایەکیش لە رووی یاساوە هەیە، ئێستا بێین یاسایەکی تریش دەربکەین من پێموایە بە تایبەتی یاسا تایبەتیەکان کە دەردەکەین تەسادوم یان تەعاروزێکیان دەبێت لەگەڵ یاسا گشتییەکان و کێشە و گرفتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، ئەوەی کە هەست پێ دەکرێت لێرە جێ بەجێ نەکردنی یاسایە، نەبوونی یاسا نییە، جێ بەجێ نەکردنی یاسایە، من یەك پێشنیاری ترم هەیە لەبەر ئەوەی کە لە پێشتر لە بواری کشتوکاڵی و ئەوانە پەیوەند بووینە، ئەگەر نیو دەقە دەرفەت بدەن، بە هەر حاڵ من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری کشتوکاڵ بۆ ئەوەی ئەهمیەتی زەوی کشتوکاڵی بگەڕیتەوە، بە پیشەسازی کردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بۆ ئەوەی زەوی خۆشەویست بێت و ببێتە سەرچاوەی ژیان ئەوە یەك، دوو: پێشنیارێکی ترم هەیە کە کێشەیەکە ئێستا هەیە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، لە شارۆچەکەی (بەستەسێن) کە زەویەکان بە ناوی خەڵکەوە بوون زیاتر لە (2000) ماڵن حکومەت بە ناوی خۆی کردووە، کە کارتیان هەیە لە ساڵی (1978) راگوێزراون بۆ سێ ماڵ، بۆ چوار ماڵ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە یاداشت ئاڕاستەی وەزیرە پەیوەندیدارەکانی بکە، کاتت تەواوبوو، فەرموو کاک خلف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، جێگای دڵخۆشیە لەسەر ئاستێکی باڵا لیژنەیەك بۆ بەرنگاربوونەوە و کۆتایی هێنان بە مەلەفێکی گرنگ لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان کە تەجاوزە تەشکیل کراوە لە راستیدا ئەوە جێگای دەست خۆشییە، من دەمەوێ ئەو قسانەی کرا دووبارەی نەکەمەوە، هەروەها تایبەت بە لیژنەکەی خۆشم کە لەسەر تەجاوزات قسە بکەم لیژنەی کشتوکاڵە لە راستیدا مەسەلەی تەجاوزات بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵ لە مەترسیدارترین تەجاوزاتەکانە کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە و لە ناو ئەم تەجاوزاتە جگەلەوەی لەلایەن شەخسەوە بە تەفسیلی باس کرا، من ناچمە سەر ئەوە، تەجاوز کراوە سەر کەرتی کشتوکاڵ لەلایەن وەزارەکانی ناو حکومەتی

هەرێمی کوردستانیشەوە دیسان تەجاوزات کراوەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی لە کاتی پێدانی زەوی نیشتەجێ بوون کە پێویستە بۆ ئایندە لە بری ئەوەی پشت بە ئاسۆیی دابین کردنی زەوی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان ببەستێ پشتی بە ستوونی بەستووە، لەلایەکی تر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاوبان لە کاتی لێدانی ڕێگاوبانەکان، شەقامەکان، تەجاوزێکی زۆر دەکاتە سەر کەرتی کشتوکاڵی کە بەدیلی ئەمانەش هەیە، من نموونەم لەبەر دەستدایە (37) بۆ (38) کیلومەتر جادە لێ دراوە، دەکرا ئەم ڕێکایە لە شوێنێکی ترەوە بڕوات کە کەمترین زیان بەر کەرتی کشتوکاڵ بکەوێت، تەجاوزاتەکان بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵی زیاترە لە (10000) تەجاوزات لە هەرێمی کوردستان هەیە کە ناچمە سەر ئەو بابەتە بۆ ئەوەی کاتەکە بگێڕمەوە، هەروەها مادام حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەیسە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی تەشکیل کردووە، زۆر گرنگە، هەر ئەو لیژنەیە بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەگەر تەعدیلی پێویستە، واتە پڕۆژەیەکی هەموار پێویستە لەلایەن حکومەتەوە بگاتە پەرلەمان، مادام ئیشکالەکە ئیشکالی یاساییە، ئیشکالی ئیجرائات کردن و نەبوونی یاسایە پێویستە پڕۆژەیەکی تەعدیل لە یاساکان تایبەت بە تەجاوزات بنێرێ، ئەگەر نا پڕۆژە یاسایەك ئامادە بکرێ بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو فەراغە یاساییە کۆتایی پێ بێنین، گرنگە لە ڕووی یاساییەوە جگەلەوەی کە سەلاحیەت بدرێتە بەڕێوەبەری ناحیە و قایمەقامەکان، جگەلەمە زۆر گرنگە لە پڕۆژە یاساکە یان لە پڕۆژەی تەعدیلەکە ئەوەش جێ بکرێتەوە دوای ئەوەی کە سەلاحیەت درایە ئەو یەکە ئیدارییانە لە هەر جێگایەك تەجاوزات دروست بوو ئیجرائات لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانیش بکرێ، لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی یەکە ئیدارییەکان بکرێت، چونکە راستە لە ڕووی بەرتیل وەرگرتنەوە کۆمەڵێك حاڵەت ڕووی داوە، هەندێ جار هەیە ناتوانین بەرتیل بسەلمێنرێت، بەڵام خۆ دەتوانین حاڵەتەکە بە بەرچاوە دەبینرێ کە تەجاوزات کراوە، دیارە ئەمە شتێکی تری لە پشتەوەیە، بۆیە گرنگە لە یاساکە ئەوە یەکلا بکرێتەوە، من جارێکی تر دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم و ئەوەم لەلا ڕوون نەبوو، لە چ تاریخێکەوە ئەو لیژنەیە تەشکیل کراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەفدی حکومەت دەکەم، لە راستیدا من دەمەوێ باس لەوە بکەم ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەیە بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان؟ چونکە بەراستی دەست درێژی کردنە سەر زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە رادەیەکی مەترسیدار، ئەگەر وا بەردەوام بێت حکومەت پلانی نەبێت بۆ راگرتنی ئەو دەست درێژیە بەراستی ئاسایشی خۆراکی هەرێم دەکەوێتە مەترسییەوە و نەوەکانی داهاتووش بێ بەش دەبن لە سوود وەرگرتن لەو زەویانە، بەڕێز

سەرۆکی پەرلەمان، من دەمەوێت چەند پێشنیارێك بخەمە بەردەمی وەزیری کشتوکاڵ کە پێویستە زەویە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان بە یاسایەك رێکبخرێتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا نا روونییەك هەیە لە خاوەندارێتی زەوی لە هەرێمی کوردستان، بەشێك لەو زەویانە کە موڵکی سرفە، تاپۆیان هەیە، بەشێکی گرێبستی کشتوکاڵی هەیە، بەداخەوە بەشێك لەو زەویانەی کە گرێبەستی کشتوکاڵیان هەیە بەدەست خەڵکانێکەوەن کە پێویستیان بەو زەویانە نییە، دانیشتووی لادێکان نین و بەکاری ناهێنن، بەڵام بە کرێی دەدەنەوە بە خەڵکانی تر، کەواتە پێویستیان بە زەویەکە نییە پێویست ناکات گرێبەستەکانیان بۆ نوێ بکرێتەوە، بابەتێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم دارستانەکانە، بەداخەوە دارستانەکانیش کەوتوونەتە بەر هێرشی زیادەڕەوی، بەشێکی زۆر لەو دارە بە تەمانانەی لە کوردستان هەن ئێستا دەبڕدرێتەوە و زەویەکە تەخت دەکرێ بۆ دروست کردنی خانوو لە ناویاندا، لەلایەکی تریشەوە رەئی جائیرمان هەیە کە لە ناو دارستانەکان ئەوانیش چۆن دەڵێ دەست درێژیەکی تر دەکەنە سەر دارستانەکانمان، خاڵکی تر کەناری رووبار و ئاوەکانی کوردستانە بەداخەوە ئاوی ژێر زەوی کەوتۆتە ژێر زیادەڕەوی و بە نا یاسایی دەردەهێنرێ و بیری (سوری) لێ دەدەرێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کەم بوونەوەی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان، دەبێت حکومەت بە جدی کار لەسەر ئەو بابەتە بکات، چونکە زەنگی ئاو لە هەرێمی کوردستان زەنگێکی خەتەرە و لێی داوە، حکومەت وەکو پێویست کاری بۆ نەکردووە، بابەتێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم لە قەراغی دەریاچەی دوکان کۆمەڵێك خەڵك تەجاوزیان کردۆتە سەر موڵکی دەوڵەت و ئەم زەویانە پێیان دەگوترێت زەوی مەغمورە، کەواتە حکومەت کە بەنداو دروست کراوە پارچەیەك زەوی لە بەینی ئەرزەکانی کە ئێستا هەیە و لە ژێر ئاوە پێی دەگوترێت مەغمورە، لە ساڵانی زۆر باران بارین ئەو زەویانە دەچنەوە ژێر دەریاچەکە، بەڵام کومەڵێك خەڵك دەست درێژیان کردۆتە سەر ئەو زەویانە و بەکاری دەهێنن و حکومەت هیچ خۆی لێ ناکات بە ساحێب، بمبوورە، لە بەینی ئەم زەویانە و زەویەکانی تر زەوی هەیە پێی دەگوترێ ئیستیملاك کراوە لەلایەن دەوڵەت، ئەوەش کۆمەڵێك خەڵکی باڵا دەست و دەست رۆیشتوو تەجاوزی کردۆتە سەری و بە موڵکی خۆی دادەنێت، هیوادارم وەزیری کشتوکاڵ بەرچاو روونی هەبێ لە داڕشتنەوەی ئەو یاسایە، ئەم بابەتە بگرێتە بەرچاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە پێداگرین لەسەر ئەوەی کە سێ دەقەکە تەجاوز نەکەن، چونکە هێشتا (37) کەس ماوە قسە بکات، بەم پێیەبێ نزیکەی دوو کاتژمێرمان پێدەچێ، بۆیە داواتان لێدەکەم پابەندبن بە کاتەوە، نوقتەیەکی نیزامی هەیە؟ کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرجار وەزیرە بەڕێزەکان دێنە ئێرە لە نەتیجەی ئەو هەموو قسەیە لە ئاخیردا پێنج، شەش دەقەیان بەر دەکەوێت زۆربەی هەرە زۆری وەڵامەکانمان دەست ناکەوێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە لایەنی کەم نیوەی

ئەم دانیشتنەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، یان هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز پرسیارێك دەکات با وەزارەتی پەیوەندیدار ئەو دەقەیە وەڵام بداتەوە، لەوانەیە کاتیشمان زۆر بۆ بگەڕێتەوە و وەڵامەکانمان دەست دەکەوێت، دونیایە وەڵام لە ئاخیردا بزر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانین دوای پشوو وەزیرە پەیوەندیدارەکان هەندێك لە وەڵامی ئەندامی پەرلەمان بدەنەوە، کە ڕەنگە وەڵامی پرسیاری ئەندامانی تریش بێت، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم (کاك فرست صۆفی)، بەڵام من ناچمە سەر ئەو بابەتە، چ ئەو بابەتەی زیادەڕەوی دەکەن، چ ئەو بابەتەی ئەوانەی بە ناوی یاسایی ڕەش دەکرێنەوە هەمووی لەسەر کەرتی کشتوکاڵە، لێدانی جادە، فرۆکەخانە، دروست کردنی یاریگا، کە نموونەی شارستانیەتین لەسەر کەرتی کشتوکاڵن، کە ئەمانە زیان بە کەرتی کشتوکاڵ دەگەیەنێت، من ناچمە سەر ئەو بابەتانە، بابەتێکی تر هەیە بۆ ئاسایشی خۆراك کە باس دەکەن یەکێك لەوانە ڕەوەندەکانن کە ئاسایشی خۆراکمان دابین دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕەوەندانە کە دەبینین لەسەر جادەکان تا دەڕۆنە کوێستانەکان هیچ ڕێگایەکیان نییە، داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین ڕێگایەکیان بۆ بکەنەوە، هەروەها ئەو ڕەوەندانەش خەریکی لەناوچوونن بە هۆی ئەوەی نە ڕێگایان هەیە، نە لەوەرگەکان، بۆ نموونە باسی (سیدەکان) دەکەین ئێستاکە ڕەوەندەکان لە کوێستانەکانن بە هۆی ئەو شەڕ و پێکدانانە خەریکن بگەڕێنەوە، تەماتە و خیار و شینایەتیش لەم دەڤەرە ناکرێ بەرەو قەلاچوون دەچێت، ئەگەر ڕێگایەك و چارەسەرێکی گونجاو نەکەن، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم هیچ زەویەکی تری کشتوکاڵی تاپۆیەکەی نەگوڕێت بۆ تاپۆی شارەوانی یان ڕێگاوبان، دوو: لە کاتی یەکەی نیشتەجێ بوون تەئیدی برای بەڕێزم (کاك خلف) دەکەم، نیشتەجێ بوون بە خانوو نەکرێ، بە شێوەیەکی ستوونی و شوقەیی بکرێت بۆ ئەوەی کەمترین عەرزی تێ بچێت، هەروەها قەراغ ڕووبارەکان مەترسیەکی گەورەی لەسەر ژینگەی کوردستان و ڕێڕەوی ئاوەکان گۆڕاوە بە هەموو شێوەیەك ئەو کارگانەی لەوێنە قەدەغە بکرێن، ئەگەر نا ئاسایشی خۆراك کە هیچمان نییە و ئەوەی هەشمانە لە مەترسی دایە بەرەو لە ناوچوونیش دەڕواتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی حكومەت دەكەم، هەرچەندە درەنگە بۆ دەست پێكردنی ئەم ئەركە و لەبیرچووە و دواكەتووە، بەلاّم ئێستاش دەكرێ وەك عەرەب دەڵێ (انقاذ ما یمكن انقاذە) جێ بەجێ بكەین، تەجاوزات بە گشتیی ئەگەر بمانەوێ چارەسەری بكەین دەبێ بە دوای هۆكارەكانیدا بگەڕێین، یەكێك لە هۆكارەكانی تەجاوزات بۆ سەر زەوی نیشتەجێ بوون دابەش نەكردنی زەویە كە هاوڕێكانیشم باسیان لێوە كرد، كە نە دروست كردنی شوقە و ڤیلا گران بەهاكان كێشەكانیان چارەسەر كرد و نە قەیرانی دارایی ئەم هەرێمەش دەتوانێ مژدە ببەخشێت بە بێ خانوو و كرێچییەكان كە كێشەكەیان لە داهاتوویەكی نزیكدا چارەسەر دەبێ، بۆیە هەر چەندە دابەشكردنی زەوی بە چارەسەرێكی زانستی نازانم، بەلاّم لەم دۆخەی ئێستادا بە یەكێك لە چارەسەرەكانی دەزانم بۆ ئەوەی خەڵك چیتر ناچار نەبێ زەوی نیشەجێ بوون لە بارزگانانی زەوی بكرێت، بەلاّم با چاودێری ئەوە بكرێ كە زەوی بەراو و كشتوكاڵییەكان دابەش نەكرێت، بەڵكو زەوی سەخەری دابەش بكرێ لە كاتی دابەشكردندا، خاڵێكی تر ئەو شوێنانەی كە جێگای نیشتەجێ بوون بوونە پێشتر كە كەڵكی كشتوكاڵیان نەماوە وەكو ئۆردوگای (بەستەسێن) كە كاتی خۆی لە پێش ڕاپەڕین ئۆردوگایەك بووە زیاترە لە (3000) خێزان تێیدا نیشتەجێ بووە دەكرێ ئەوانە بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەكانیان وەكو چۆن حكومەت شوێنەكانی تری گێڕاوەتەوە، بۆ نموونە ئۆردوگای (بنگرد)ی گێڕاوەتەوە، یەعنی حكومەت بەراستی دەبێت بە یەكسانی و بە عەدالەت بڕیار بدات، ناكرێت لە مەنتیقەیەك شوێنێكی نیشتەجێ بوون بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەكانیان و لە مەنتیقەكانی تر نەگەرێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆ ستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێش وەخت پشتیوانی و پشتگیری تەواو لە ڕاپۆرتەكەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانیەكان (كاك عمر عینایەت) دەكەم، لەبەر كەمی ماوەكە من تەنها بە كورتی دەڵێم زیادەڕەوی لەسەر موڵكی شارەوانی و كشتوكاڵ و هەموو وەزارەتەكانی تریش تەنها لە شوێنێك نییە تا نموونە بهێنینەوە، چونكە نموونەمان زۆر لەبەر دەستدایە، بەڵكو لە هەموو هەرێمدا بلاّوە، من ناڵێم لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڵكو لە دیاردەش تێپەڕی كردووە بۆتە عورفێك و مۆدێلێك، بەراستی تەجاوز كردن لەسەر ئەم موڵكانە بۆتە مۆدێل لە هەرێمی كوردستان، هەر كەسێك سووكە لێپرسراویەتییەكی هەبێت بەداخەوە لە جیاتی بۆ خزمەتی گەلەكەی كار بكات یەكەم شت كە بیری لێ دەكاتەوە ئەم كاتە زێڕینەی چۆن بقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی و خۆ دەوڵەمەندكردنی بە شێوەیەكی زۆر ناشەریفانە، بۆیە من

بەرپرسیاریەتی ئەم مۆدێلە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەمانە، یەکەم: بەرپرسی یەکەمی یەکە ئیدارییەکان تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی گرتنی زیادەڕەوییەکانیان هەبووە کە لە ئێستادا دەگوترێت دەسەڵاتی قەزا دەتوانێ سەرپێچیکار بگرێت کە ئەویش هەر نایکات، ئەمە من بەراستی تەبریرێکی زۆر گونجاوە بۆ دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان کە دەڵێن ئەم دەسەڵاتە لەوان سەندراوەتەوە بۆ دەسەڵاتی قەزا و ئەویش نایکات، ئەوە دەکرێت حکومەت وەڵامان بداتەوە، دووەم: من دەیگەڕێنمەوە بۆ خودی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لە ماوەی چەندین ساڵی کابینەکانی حکومەتی هەرێم، چونکە لە چەندین ساڵی رابردوودا ئەم دوو دەسەڵاتە، سەرۆك و جێگرەکەی دەسەلاتی هەموو کوردستانیان هەبووە و بە ئێستاشەوە، کە ئێستا بە هۆی هەڵبژاردنەوە کۆمەڵێك پێکهاتەی سیاسی هاتوونەتە ناو گۆڕەپان لەو ماوەدا، بەڵام تاوەکو ئێستاش یەکە ئیدارییەکان لەبەر دەستی ئەم دوو حیزبە دابووە، بۆیە وەزیرەکان هیچ پەیوەندیدار نین بەوە، وەزیری شارەوانی چ بکات، وەزیری کشتوکاڵ چ بکات کە یەکەی ئیداری نایکات، کە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی لەگەڵی نەبێت، من بۆیە دەیگەڕێنمەوە بۆ دووانە، هەروەها تەمەنا دەکەم لەمەودوا ئەم شتە، ئەم دیاردەی تەجاوزە لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەیەوە کە بە خۆشحاڵییەوە من پێم خۆشە (کاك قوباد تاڵەبانی) ئەلێرەوە بەڵێن بە خەڵکی کوردستان بدات وەکو سەرۆکی ئەم لیژنەیەی کە دروست بووە، لەم ئەمڕۆوە تەجاوز نەکرێتە سەر ئەم زەویانە، ناشکرێت لە کوردستانی ئێمەدا زۆر سەیرە لە جیاتی ئەوەی خەڵکی موتەجاوز و خەڵکی تاوانبار بگیرێت، خەڵکێك کە لێ پرسینەوە دەکات بگیرێت، من تەنها بە نموونەیەك کۆتایی پێ دێنم کە سەرۆکی یەکەی ئیداری سەنگەسەر کە ئێستا لە دادگا کەیسی لەسەر کراوەتەوە لە کاتێکدا بۆخۆی چووە کە رۆژێك پێش پشوو بووە بۆخۆی چووە خانووی موتەجاوزی رووخاندووە ئێستا تەجاوزکار وەك بەرزەکی بانان خەریکی دروست کردنی خانووەکەیەتی و بەرێوەبەری ناحیەکە دراوەتە دادگا و خەریکە لە ماوەیەدا دادگایی دەکرێت، لە کاتێکدا ئەم بەرێزە داواکاری گشتیشی لێ ئاگادارکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای پەخشەندەو میهرەبان، بابەتی زیادەڕەوی ئەو خەمە گەورە و کارەساتە کە نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، تەنها ئەوەندە دەڵێم بابەتی زیادەڕەوی، گەورە ئاوی رشتووە، بۆیە بچووك پێی تێ دەخات، چونکە ئەگەر حیزبە سیاسییەکان و ئەگەر کەسە دەسەڵاتدارەکان زیادەڕەوی نەکەن یان دەست کۆتا کەن مولکی گشتیی بگێڕنەوە بەراستی ئەوە روونادات، لەگەڵ مامۆستا عبدالرحمن چووینە ناحیەیەکی پارێزگای سلێمانی لایەنێکی سیاسی خەریك بوو نەخۆشخانەیەکی نۆژەن دەکردەوە بۆ ئەوەی بیکاتە بارەگای حیزبە سیاسییەکەی خۆی، کاتێك پێمان گوتن بۆ وا دەکەن، گوتی سەیری ئەوبەر بکەن

ئەو قوتابخانەیە ئالأیەك بەسەری دەشەكێتەوە، هەر كاتێك ئەوەتان لەوان سەندەوە ئێمەش ئەمە دەگێڕینەوە، ئەم بابەتە ئەوەند ترسناكە وەكو ئاگر بەربووبێتە پووشی وشك كوردستان بە شووڕی ئیش دەكرێت، من دەپرسم حكومەت لە كۆیە لەم دوخەیەدا؟ ئەمە جگەلەوەی سەرۆكی یەكە ئیدارییەكان دەستیان بە جۆرێك شەتەك دراوە، قایمەقام هەیە كە ئیجرائاتی كردووە (10)ملیۆن دینار غەرامەی بۆ هاتۆتەوە لە دادگاوە، تەنانەت فەرمانبەری شارەوانی، لەلایەك زیادەڕەویكار هەڕەشەی لێ دەكات، لەلایەكی تر پۆلیس دێت بە شوێنیدا و دادگا دەیهێنی و دەیبات، ئەمە واقیعەكەیە، ئا لەم ساتە وەختەی كە ئێمە قسەی لەسەر دەكەین لە هەموو كوردستان بە تایبەتی لە دەربەندی گۆمەسپان كە ئەوە چەند رۆژە سكالأیان دێتە لیژنەی كشتوكاڵ، لە دۆڵی سماقوڵی، لە چیای پیرەمەگرون، هەمووی بە شووڕی ئیش دەكرێت، من دوو خاڵ بە خێرایی بۆ چارەسەر پێشنیار دەكەم، خاڵی یەكەم: داوابكرێ لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و داوابكرێ لە مامۆستایانی ئاینی بەبێ دوو دڵی فتوایەكی یەكلا كەرەوە بدەن لە گشت مینبەری مزگەوتەكان و میدیاكان بخوێنرێتەوە كە تێیدا نووسرابێ زیادەڕەوی لەسەر موڵكی گشتیی حەرامە و غەسبە و نوێژكردن تێیدا حەرامە، دووەم: پێویستە دەستی بە دەستی بەو پڕۆژە یاسایە نەكرێت بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرا لە پەرلەماندا و سیفەتی ئیستیعجالی پێدرا و نێردرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران وەكو باسی دەكەن بەرێزیان و ئاوا دواكەوتووە، تكایە با ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەكانی شارەوانی وەزارەتی كشتوكاڵ، وەزارەتی دارایی، رێ لە پەرلەمان نەگرن، ئەو رۆتینە بەس بێت دەستكراوەمان بكەن با یاسای زیادەڕەوی زیادەڕەویكردن بە تاوان هەژمار بكات، زیادەڕەویكار وەكو تاوانبار لە دادگاكاندا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و ئەو دادگەیەی كە ئومێد دەكەین بە دەرچوونی یاساكە دروست بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك كمال فەرموو.

**بەڕێز كمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و شاندی یاوەری دەكەم، راستە ئەم هۆیە هۆیەكی زۆر گرنگە خەڵك چاوی لەسەر بڕیاری حكومەتە و بە شێوەیەكی دائیمی رووی لە حكومەت و پەرلەمان دەكات، بەڵام تاوەكو ئێستا چارەسەری زیادەڕەوی نەكراوە، بە شێوەیەكی فیعلی رۆژ بە رۆژ وا زیاد دەبێتەوە، زیاتر دەبێ بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەر بكرێتەوە، ئێمە وەكو لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار لەگەڵ مامۆستا مەلا ماجد سەرەدانی زۆر جێگامان كردەوە لە دهۆك و لە هەولێر، لە سۆران، لە چۆمان، لە عەنكاوە، هەروەها خەبات، كە ئەوەی پێمان زانیووە نە قایمەقام و نە بەرێوەبەری ناحیە، نە بەرێوەبەری شارەوانی، كە هیچ سەلأحیەتیان نییە بۆ ئەوەی كە ئیجرائاتەكەی وەربگرن، وەكو جەنابی وەزیری كشتوكاڵ گوتوویەتی كە (700) سكالأ هەیە لەسەر ئەوانەی كە تەجاوزیان كردووە، كە دەگیری حاكم دەری

دێنێ بە کەفالەت و دووەمین ڕۆژ، شەش مانگ، حەفت مانگ کەس لێی ناپرسێتەوە سکالاکە، بزر دەبێ و کێشەکەش هەر ماوە، ئەوەی کە (د.سروود) ئاماژەی پێ کردووە پشتگیری دەکەم لەسەر کێشەی شار و گوندەکانی پێکهاتەکانی کلدانی و سریانی و ئاشووری، لە خولی سێیەم دەستمان پێ کردووە هەزاران سکالا و هەزاران کۆمێنتمان نووسیووە تاوەکو ئێستا هیچ ئیجرائاتێکی وەرنەگرتووە، ئێستا مەسەلەیەکی بەسیتتان پێ دەڵێم کە لە عەنکاوە هەیە وەختی خۆی زەویەکی زراعی هەبوو ئەو زەویە ئیتفاکراوە بە ناو شوانێك لە ناوی دانیشت بوو، شوانەکە ئێستا برا و مام و نازانم کێی هێناوە و دەرناچێ، (15) زەوی کە تاپۆ کراوە بە ناوی خەڵکی عەنکاوە و تاوەکو ئێستا ناتوانن خانووی لەسەر بکەن، ئەوە هەشتەمین ساڵە کەس ناوێرێت دەریان بکات، بەڕێوەبەری ناحیە پێی دەڵێیت دەڵێ سەلاحیەتم نییە دەریان بکەم، کێ سەلاحیەتی هەیە؟ ئەوە هەموو بەرپرسی حکومەتن، دەبێ شتێکی بە جدی وەربگیرێ، قانونێکی ئەوها دەربکرێتن لە دژی ئەوانەی کە جەزایان بدرێتن یان ئیجرائاتیان لێ وەربگیرێت بە جدی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بێگەرد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا، من تەنها بە کورتی چەند خاڵێك دەڵێم، من پێموایە تەشکیل کردنی ئەم لیژنە باڵایە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی دەستپێکیکی باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لە هەموو کەسێك ئەوانەی کە زیادەڕەوی دەکەن دەستی بەرپرسە باڵاکان بگرێت، هەر کاتێك ئێمە توانیمان دەستی ئەو بەرپرسانە لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە شێوازێك دەستیان بگرێن لە مەسەلەی زیادەڕەوی و ئەوەی کە کردووشیانە لە ڕاستیدا بە پێی یاسایەك ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێ، من پێموایە وردە وردە هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێین کە خەڵکی سادە و هەژاریش ڕێگری لێ بکرێت، لەلایەکی ترەوە بەشێك لەو تەجاوزانەی کە دەکرا ئەوە زۆربەی برادەرانم باسایان کرد، من دەمەوێ لێرە یەك شت بڵێم زۆرجار وەزارەتی شارەوانی بۆ کارێکی خزمەت گوزاری کە ئەنجامی دەدات لە ناوچە جیاجیاکان ئەویش لەوانەیە تەجاوز بکاتە سەر ماڤی گشتیی خەڵك، یەعنی خەڵکی ئاسایی، لەو نێوەندەشدا بەشێکی زۆر لە خەڵك دەتوانم بڵێم زەرەرمەند دەبێ و لە هەمان کاتیشدا کەمتر هەنگاوی قەرەبووکردنەوە دەنرێ بۆ ئەو خەڵکانە، هیوادارین وەزارەتی شارەوانی بۆ ناوچە جیاجیاکان ئەو هەنگاوە خێراتر بکات و بە تایبەتیش من کێشەیەکیش هەیە من دەمەوێ بێگەیەنم ئەویش ئەوەیە بەراستی دەڤەری ڕاپەڕین یەکێك لەو ناوچانەی کە گرفتێکی زۆری هەیە لەسەر مەسەلەی تاپۆ، ئومێدەوارم لە ڕێگای وەزیری شارەوانیەوە بتوانن کارێك بۆ ئەو ناوچەیە بکەن و ئیجرائاتەکان بە زووی بخرێتە بواری جێ بەجی کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عباس فتاح فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و شاندی یاوەری دەکەم، زۆر بەخێربێن، دیارە زۆر لە بابەتەکان لەلایەن ئەندامانی بەڕێزەوە باس کراوە، ئەوەی کە من هەمە پرسیارەکەم زیاتر خاڵی یەکەمم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵە، کاری باشیان کردووە بە ڕێگری لە لێدانی بیر، بەڵام بەرامبەر ئەوە بۆ خزمەت کردنی خەڵکی لادێنشین و ئەوانەی کە پێیان دەگوترێت کاری مەڕداری دەکەن بێگومان پێویستە بەرامبەرێکی بۆیان هەبێت ئەویش بە ڕێگەی بەراوردکردنی لادێکان و گەیاندنی ئاو بۆ ئەو جێگایانە، چونکە ناکرێت تۆ ڕێگری لە شتێك بکەی، بەڵام بەرامبەرەکەیت نەبێت، پێویستە بیرێك لە چارەسەرکردنی ئەو زەویانە بکەینەوە کە بە کار دابەش کراون، دیارە ئەمەشیان دوای ئەو بڕیارانەی کە زەوی ڕاگرتن ڕاوەستاوە، بێگومان زیاتر لە (150000) زەوی بە ژمارە دراوە بە خەڵك و ئەم زەویانە مامەڵەیان پێوە کراوە، پێموایە لە نەتیجەی کۆتایی لەوانەیە زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیش دروست بکات، هەرچەندە وەزارەتی شارەوانی جەنابی وەزیر باسی لەوەی کرد بەرنامەیان هەیە بۆ تاپۆکردنی و دەستیان پێ کردووە، بەڵام ئەمە زۆرە و پێموایە زیاتر لە (2)ساڵی دەوێت، لەسەر ڕاپۆرتەکەی کاك عمر عینایەت من زۆر دەست خۆشی لێ دەکەم، ڕاپۆرتێکی زۆر چڕ و پڕ و هەمەلایەنەی نووسی بوو، هەرچەندە پرسیشی پێمان نەکردبوو وەکو لیژنەی شارەوانییەکان، لەوانەیە ئەگەر پرسی پێمان کردایە بۆ ئاوەدانکردنەوە کارێکی باش بوو، باسی لەوە کردبوو کە پڕۆژەیەکیان وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە من بە حوکمی ئەوەی لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەشم، ئێمە ڕەتی ئەو پڕۆژەیەمان کردۆتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێکان، بەڵکو ڕێگەچارەی ترمان داناوە لەگەڵ وەزارەتیش قسەمان کردووە بۆ ئەوەی کە بتوانین خێراتر خزمەتی خەڵك بکەین، ئەگەر ئێمە دیاریکردنی سنووری شارەوانییەکان لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە پەلەی لێ بکرێ پێموایە خۆی کێشەی تەجاوز کەم دەکاتەوە، زیادەڕەوی کەم دەبێتەوە، خاڵێکی تر بە پێویستی دەزانم دابەش کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون و دابەش کردنی زەوی، بەراستی ئێمە زۆر گرنگیمان بە تایبەتی بە ناحیەکان و ئینجا قەزاکان نەداوە، ئەگەر لە ناحیەکان زۆر کەم زەوی دابەش کراوە، ئەگەر زەوی دابەش نەکرێ خەڵك چی بکات؟ یەعنی نە یەکەی نیشتەجێ بوونمان وەکو پێویست دروست کردووە، هەر دروستمان نەکردووە لە زۆربەی ناحیەکان، زەویش دابەش ناکرێت، من خاڵێکی ترم هەیە لەسەر ئەوەی کە زەوی دابەش کردن ڕاگیراوە بەراستی ئێمە و هەموو لایەك و بە تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان من بۆخۆم یاداشتێکیشم بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردووە لەسەر ئەم بابەتە، ناکرێ بەراستی زەوی دابەش کردن لەسەر پێشمەرگە ڕابگرین، پێویستە من یاداشتێك بە سێ خاڵ وەکو پێشنیار داومە بە بەڕێزیان پێویستە هەر چۆنێك بێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، چونکە هێزی پێشمەرگە مووچەی

بۆ زیاد نەکەین و مووچەی کەم بێت و زەویشی پێ نەدەین، یەعنی لێرەوە بە جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت دەڵێم بۆ ئەوەی یاداشتەکە کاری پێ بکرێت، باسی ئەوە کرا کە تەجاوز لە ساڵی (1991)ەوە دەستی پێ کردووە، بێگومان زۆر لە پێش ساڵی (1991)ەوە لە زۆربەی شارەکان، لە هەولێرەوە دەستی پێ بکە سەیر دەکەین زۆر لە گەڕەکەکان تاوەکو ئێستاش هەڵبەتە بە تەجاوز دروست کراوە، ئێمە بیرمان لەوە نەکردووە رێگری لەوە بکەین، بۆیەش تەشەنەی کردووە، من لە لیژنەکەمە پێویست بوو (2) دەقەی زیاترم پێ بدەی، چونکە لە سەرەتا جەنابیشت وات گوت....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی بە یاداشت ئاڕاستەمان بکەی بۆ ئەوەی ئاڕاستەی وەزیرە پەیوەندیدارەکانی بکەین، بەڵێ، کاك صالح بشار فەرموو.

**بەڕێز صالح بشار صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت زێدەگاڤیا کێشەیەت ئەبینم کێشەیەکی مەزنا بە تایبەت لە زاخۆ ، چونکو ئەو پرسیارەی مەژی لە سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخۆ کریە بێژیتن ئەو خانیەیە ل دیڤ داخازیێن ژ لایە خەڵکێ ڤە گەهشتنە باژێرڤانیا زاخۆ گەهشتنا تەقریبەن (8842) خانینە کە زێدەگاڤی ، نیزیکی (400)قتعەی عەردی هەتا نووکە تاپۆ نەکرینە ، ئەدبینین ئەڤە کێشەیەکی مەزنا ، نیزیکی (5000) قیتعەی عەردی شارەوانیا زاخۆ یە دەینداره ، بۆ چارەسەر کرنا ڤێ کێشێ ئەز دبینم لیژنەك ئان مدیریەك دروست ببتن پێکهاتیش وەزارەتا ناوخۆ ، وەزارەتا شارەوانی و وەزارەتا دارایی ئەز دبینم هەکە ئەڤ لیژنە سەلاحیات هەبن و دێبتە ئێك ژ بۆ دروستکرنا ڤێ لیژنێ ئان ڤێ مدیریەت ، دێبتە چارەسەرکرنا ڤێ کێشا مەزن ل زاخۆ ، چونکە نیزیکی تەقریبەن (8842) خانی مە تەجاوزی هەنە ئان زێدەگاڤی هاتنە کرنێ ئەو ژی هەمی خەڵکی هەژارن ، بێدەسەلاتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێزان ئێمە کا تژمێر(2) پشوویەك وەردەگرین ، پێش ئەوە با بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە گەڵ هەردوو وەزیری بەڕێزی پەیوەندیدار ئەگەر وەلامێکیان هەیە بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوانەی کە ناویان نووسیبوو هەموویان قسەیانکرد پێش پشووەکە ئەگەر وەلامی ئەندامانی پەرلەمانیان لایە ئەتوانن ، فەرموون.

**بەڕێز ڤوباد تاڵەبانی/جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە سوپاسی بەڕێزتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز دەکەین بۆ ئەو خەمخۆری و پەرۆشییەی کە نیشانیانداوە بەرامبەر ئەم پرسە گرنگە ، من وەلامی چەند پرسیارێك ئەدەمەوە پرسیارەکانی تر بۆ هاوکارانم بەجێ ئەهێڵم ، دوو ، سێ بەڕێز جەختیانکردەوە لەسەر ئەوەی کە فەرق و جیاوازی نەکرێ

بەرامبەر ئیجرائاتەكان ، یەعنی خەڵكی فەقیر و هەژار و خەڵكی بالآ دەست و بەرپرس ، هەر بۆ زانینی ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە ئێمە تەنها ئیجرائاتمان بەرامبەر خەڵكی فەقیر و هەژار نەكردووە ، بە پێچەوانەوە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و بە بەشداربوونی ، سەرپەرشتی بەندەی موخڵیستان ئێمە لە چەند شوێنێك كە خەڵكی بالآ دەست چ سەرۆك عەشیرەت بێ یان فەرماندەی سەربازی بێت یان كەسی ناوداری حیزبێكی سیاسی بێت یان لایەنگری حیزبێكی سیاسی بێت یان كەسێك بێت كە لە ناو بڵێین كە سایەتییەك بێت ئیجرائات یان بەرامبەركراوە ، كارمەندەكانیان كە كار یان كردووە لە سەر عەردە تەجاوزەكە یان ئەوەی ئیشیان كردووە دەستگیركراون ، هێز نێردراوە لە هەندێ حاڵەتا ، ئێمە بە وازیحی پەیامەكەمان وتووە ئەوەی كە هەیبەتی حكومەت ناپارێزێت و ئەوەی كە زیادە ڕۆی ئەكا لەسەر موڵكی گشتی ، موڵكی حكومەت بێ ، هی كشتوكاڵ بێ ، هی شارەوانی بێ بەرامبەر ئەبێ چاوەڕوانی ئەو ئیجرائاتەی بكا بەرامبەری وەكو ئەم مەجلسە بەڕێزەم ئاگادار كردەوە هەر ئەمڕۆ بەیانی لەسەر حاڵەتێك لەسەر خەت بووم لە بەیانی زووەوە كە لە شوێنێكی حەساسدا بەرپرسێكی سەربازی كە كەسێكی تێكۆشەریشە بە حەقیقەت ئەگەر مێژووەكەشی بخوێنیتەوە كەسێكی تێكۆشەرە ، بەڵام تەجاوزاتی كردووە ئەمڕۆ زۆر بەتوندی پێی وتراوە كە ئەو تەجاوزەی لێ قەبوڵناكرێت ، ئەتوانم بڵێم ئەمە كەسێك بووە كە سەر بە حزبەكەی خۆشم بووە كە ئێمە ئەو فەرق و جیاوازییە ناكەین ئێمە تەنها بەرامبەر بە خەڵكی فەقیر و هەژارا ناوەستین تەجاوزات تەجاوزاتە ، ناقانونی ناقانونییە ، لەسەر مەسەلەی گوندەكان دوایی ئەگەر مامۆستا عبدالستاریش هەندێ ڕوونكردنەوە بدات پێم باشە ، بەڵام بەڕێز كاك باپیر هەندێ مەعلوماتی گرنگی خستە بەردەم ئەنجومەنە بەڕێزە كە چۆن هەم حكومەتی پێشووی بڵێین ڕژێمی سەدام چ كاریگەرییەكی خراپی هەبوو لەسەر بەروبوومی ناوخۆیی كوردستان دوای ئەوەی كە ئەوان نەیانكرد بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك كردی ، ئەمە هەموو بووە سەبەبێك كە گوندەكانمان چۆڵكران ، خەڵك لە گوندەكانەوە هاتن بەرەو شارو شارۆچكەكان كە پێموایە وەزارەتی كشتوكاڵ دڵنیاشم كە وەزارەتی كشتوكاڵ بەهاوكاری تەواوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرنامەی گەشەپێدانی گوندەكانی هەیە ، ئەوە بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ ئەتوانێ زیاتر ئاماژە بەو خاڵە بدات ، لەسەر دابینكردنی ئاسایشی خۆراك پرسیارێكی زۆر زۆر بەجێبوو ، پرسێكی زۆر هەستیار و ستراتیجییە بۆ كوردستان ، بەڵام ئەبێ لەبیرمان نەچێ تاكو ئێستا ئێمە بەشێكبین لە وڵاتێك كە ناوی عیراقە ، تەواوی دەسەڵاتی سیادی بەدەست هەرێمی كوردستانەوە نەبێت ئێمە ناتوانین بە تەنیا ئاسایشی خۆراك یان ئاسایشی ئاوی كوردستان دابین بكەین ، لەبەر ئەوەی كە ئێمە هێشتا هەندێ دەسەڵات هەیە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵە وەكو دانانی باج لەسەر سنوورەكان یان سیاسەتی هەناردەكردن و هاوردەكردن ، ئەوە سیاسەتی دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم نییە ، بۆیە ئێمە چەند بتوانین بەروبوومی خۆمان بپارێزین لە سنوورەكانی ژێردەسەڵاتی خۆمان ئێمە هیچ كۆنترۆڵێكمان نییە لەو سنوورانەی كە لەدەرەوەی هەرێمی كوردستانن ، بۆیە ئێمە ئەگەر بۆ نموونە سێو لە سلێمانی ڕابگرین بۆ پشتگیری سێو و بەروبوومی خۆمان لە كوردستان زۆر بە ئاسانی لە جنوبەوە

ئەتوانی بێت ، زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت داخلی كوردستان بێت ، بۆیە هەم سیاسەتی ئیقتسادی ئێمەو هەم سیاسەتی ئاسایشی خۆراك و سیاسەتی ئاسایشی ئاوی خۆمان تاكو ئێستا ئێمە بە شێكبین لە عێراق ئێمە تەواوی دەسەلاتمان نابێ لەسەر دابینكردنی ئەو ئاسایشانە هەرچەندە خۆش بەختانە بەپێی ئەو داتا یەی ئەمرۆ لە وەزارەتی بازرگانی كوردستانەوە وەرمانگرتووە بەروبوومی گەنم لە كوردستان لە زیادەدا یە ، بەپێی مەعلوماتی وەزارەتی كشتوكاڵیش بەروبوومی ناوخۆی كوردستان زیادی كردووە ، بەرەو ئەوە ئەمان بات تاكو بەشی داواكاری هاوولاتیانی كوردستان دابین بكەین ، بەلام ئەو مەسەلەی بەستنەوەی هەرێمی كوردستان بەعیراق بە هەند وەرگرن كە بێینە سەر مەسەلەی ئاسایشی خۆراك ، بەڕێز كاك حسن داوای لێكردین ئەمرۆ پەیامێك بگەیەنین بە گەلی كوردستان ، ئێمە پەیامە كەمان وازیحە كە ئێمە هەموو هەنگاوێك ئەنێین بۆ پاراستنی موڵكی گشتی ، بۆ پاراستنی عەرزی زراعی ، بۆ پاراستنی موڵكی شارەوانی ، بۆ گەشەپێدانی كوردستان بە تەواوی ، بەلام ئەمەش وەكو لە قسەكانی پێشووما حەز ئەكەم دووبارە و سێبارەشی بكەمەوە ئەم چەپڵەیە بەیەك دەست لێنادرێت ئەركێك لەسەر شانی حكومەتی كوردستانە وەكو دەسەلاتی جێبەجێكار ، ئەركێكیش لەسەر شانی پەرلەمانی بەڕێزە وەكو دەسەلاتی تەشریعی ، ئەركێكیش لەسەر دادگایە كە لە ژێر ڕكێفی ئەنجومەنی دادوەری دەبێت ، ئێمە پێكەوە وابكەین هەركەسێ هەستێ بە ئەركی خۆی ، ئیشی خۆی جێبەجێ بكا ، پەیامیش ئەوەیە ئەوە ناكرێ تەنها بە شیعارات و سیاسەت و بەدەركردنی ڕێنماییەك ، من حەتا دەڵێم دەبێ بیگەینینە ئاستێك پێویستمان بە هەڵمەتێكی نیشتمانییە لەسەر ئەم بابەتە كە شتەكە گەورەبكەین و خەڵكیش بێنین داخلیان بكەین لەم مەسەلەیە ، چونكە لە كۆتاییدا ئەگەر ئەم زێدەڕەوییە بەردەوام بێت خەڵكی كوردستان زەرەردەكەن ، لە هەموو كەسێك زیاتر زەرەرئەكەن ، من ئەم چەند وەلامەم هەبوو بۆ پرسیارەكانی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئەگەر هاوكارانم وەلامی تریان هەبێت ، ئەگەر ئیجازەیان پێبدەن مەمنوون ئەبین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ، بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید / وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سوپاسی هەموو ئەو براو خوشكە بەڕێزانە ئەكەم كە سەرنجیان خستەڕوو ، تێبینیان باس كرد ، ڕەخنەی خۆیان ئاڕاستەی ئێمەش كرد ، پێشنیاریشیان خستەڕوو ، ئەوە كە زەروور بێت ، پێویست بێت كە قسەی لەسەربكەین مامۆستا (ابوبكر هەڵەدنی) باسی ئەوەی كرد كە لێدانی بیری سووری هەر بەردەوامە ، باسی ئەوەی كرد ئیجاراتاتەكان چییە كراوە؟ تائێستا بۆ كەمكردنەوەی زێدەڕۆی هەر هەیە بەردەوامە، ئەمن تەنها چەند ئەرقامێك دەخەمەڕوو:

یە کەمیان" لێدانی بیری سووری تا ئێستا ئێمە (916) بیری پایلی سووری گیراوە ، نە شدراوەتەوە ، ڕەوانەی کارگەی شیش کراوە ، توێنراوەتەوە ، باسی سیتەکی کرد هەر دوێنێ دەزگا یەکی بیری پایلی سووری گیراوە ، نەك ئەوە پێمخۆشە بیزانن دەزگای بیری پایلی سووری کە قەدەغە یە هی بەرپرسێکی سەربازی ئێستا لە جەبهەکانی شەڕی داعشە گرتوومانە کە ئامر لیوایە پێمخۆشە بیزانن ، یەعنی بۆ ئەوەی نەڵێن ئیجرائات بەرامبەر فەقیر دەکرێ بەرامبەر بەرپرس ناکرێ ، پێمخۆشە بیزانن ئێمە تا ئێستا زیاتر لە (700) سکالاّ تۆمارکراوە ، هەندێکیشی ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە وەکو باسم کرد ئەمەش هەنگاوە ، ئا یا ئەمە ئیجرائات نییە؟ ئێمە لە وەزارەت فەرمانمان دەرکردووە کە دەسەلأتمان بە فەرمانبەرەکانی خۆمان داوە هەموویان مافی ئەوەیان هەیە بچن لە دادگاکان سکالاّ دژی زێدەڕۆی تۆماربکەن وە کراویشە ، ئێمە لە پارێزگاکان لیژنە دروستکراوە دوای ئەو کۆبوونەوانەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی کردووە بڕیار دراوە ، لە پارێزگاکان لیژنەی بالاّ دروستکراوە ، دەستکراویشە بە هەنگاونان بە ڕاگرتنی تەجاوزات ، بە ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بە زێدەڕۆییان ، هەر دەمەوێ لێرەوە وەلاّمی کاك فرسەت صۆفیش بدەمەوە کە دەڵێ وەزارەتی کشتوکاڵ ، دەڵێ جارێکی تریش وتوومانە فلان کەسیش گلەیی هەیە ، گلەیم هەیە ، بەلأم پێمخۆشە بیزانن یەعنی ئیجرائات عایدی وەزارەتی کشتوکاڵ نییە ، وەزارەتی کشتوکاڵ پۆلیسی نییە ، وەزارەتی کشتوکاڵ ئاسایشی بەدەست نییە ، ئەمن ئەوەی کە پێویستە ئەوە جەنابی کاك قوباد جێگری سەرۆکی حکومەت لەو مەترسییە ئاگادار کراوەتەوە ، سوپاسیشی دەکەم باش هاتۆتە سەرخەت ، پاڵپشتی باشیشی کردووین ، بەلأم ئەمە ئیجرائاتەکەی عایدی وەزارەتی کشتوکاڵە؟ ڕێنمایی ، بڕیاردەرکردن ، ئەوە عایدی ئێمەیە ئەوش کراوە ، نەك ئەوە پێمخۆشە بشیزانن ئێمە لەگەڵ ئەوەدا مۆزەفەکانمان حەزدەکەم بیزانن لێیاندراوە لەسەر ئەم قەزیانە ، مۆزەف بریندارکراوە ، باسم کرد مۆزەف شەهیدکراوە لەسەر ڕێگری کردن لە کاری نایاسایی ، ئێ کاکەگیان ئەوە بەشداریکردنە لە ئیجرائات ، ئەوە هەنگاو نییە بەوەی کەنراوە بۆ ئەوەی تۆ زێدەڕۆی قەدەغە بکەی؟ مامۆستا عبدالرحمن باسی کرد وتی هەمەئاهەنگی نێوان کشتوکاڵ و شارەوانی چۆنە؟ ئەمن دەڵێم زۆرباشە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ بەڕێز نەورۆزخان ڕێککەوتووین لەسەر قەزییەکی زۆر گرنگ ، ئەویش ئەوە یە بڕیارما نداوە کە هەر چی زەوی کشتوکاڵی هە یە کە کاتی خۆی شارەوانییەکان بردو یەتی کە ئەمەش یەکێك بووە لە کێشەکان دەگێردرێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ مادام سیفەتی کشتوکاڵی لە دەست نەدابێت ئەمە بڕیارێکە داومانەو ئێستا ئیشمان لەسەری کردووە و زۆر زەوی کشتوکاڵیشمان گێڕاوەتەوە ، کاتی خۆی شارەوانییەکان بردوویانە بۆ (اطفاء) ، باسی ئەوە کرا کە زێدەڕۆی هەیە لەسەر زەوی کشتوکاڵی ، بەڵێ زێدەڕۆی هەیە من نازانم باسی (400,000)هەزار دۆنم کرا ئەو ژمارەیە ڕاست نییە ، ئی (2012) باسی چوار سەد و قسور دەکا یەعنی ئێستا لەوانە یە نزیکەی مەسەلەن (9000)دۆنمێك ئیحتیما لە لەو دەورو بەرەی زێدەڕۆی خرابێتە سەری ، بەلأم هەر زۆرە بەڕای من (1)دۆ نمیش زۆرە ، بەلأم ئەو ژمارە یە هەڵە یە (400,000) هەزار دۆنم زۆر زۆرە ، بەرنامەی پەرەپێدان بۆ گوندەکان کاك قوباد باسی کرد ئێمە

گرنگیمان پێداوە یەك" بەهۆی دانانی باج لەسەر بەروبوومی هاوردە کاتێك کە بەروبوومی خۆماڵی پێدەگا کە ئەمە جوتیاری خۆمان هاندەدا بۆ ئەوی کە بەردەوام بێت لە کشتوکاڵ ، فیعلەن بە پ ێی یەعنی قسەی بەرێز قائیمقامەکان مودیر ناحییەکان دەڵێن کاکە جوتیارێکی زۆر ئێستا دەست گەر مە ، گەڕاوەتەوە سەر کشتوکاڵەکەی خۆی ، گەڕاوەتەوە لای گوندەکانی خۆی ، کە ئە مە بەڕا ستی ئاماژە کەرێکی دڵخۆ شکەرە کە ئێمە هەوڵدەین جوتیار بگەڕێتەوە سەر کشتوکاڵی خۆی ، پاڵپشتی کشتوکاڵیمان هەیە لە گەنم لە جۆ ئێستا کاتەکەی هەونییە کە باسی بکەم کە لە بنە تۆ وە داشکاندن ئەوەی کە پێمانکرابێت لەم قەیرانی داراییەش ئیشمان کردووە ، ساڵی پار ئێمە یەعنی جۆمان کڕییەوە لە جوتیاری خۆمان کە یەعنی پێ شتر نەکرابوو ، بە ٪$50$ داشکاندن داومانەتەوە ئاژەڵدارەکان کە ئەمە پاڵپشتییەکی باشە بۆ جوتیاری خۆمان ، گەنمی ب نە تۆمان کڕیوەتەوە بە ٪$30$ داشکاندن داومانەتەوە جوتیاری خۆمان زۆرمان هەیە ، بەڵام با سەکە ئەم با سە نییە ، ئەوەی کاك علی حەمە صالح با سی کرد ڕا ست دە کا هە یە ئەوا ئەمنیش ئەوە دە ڵێم ئەوەی ئەم لیژنەیە باڵایە بۆچی دروست بووە لە ئەنجومەنی وەزیران؟ ، ئایا خوشك و برا بەڕێزەکان ئەمە گرنگیدانی حکومەت نییە بەم قەزیەیە؟ کە لیژنەیەکی باڵا دروست بووە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەکی خۆی کردووە ئجرائاتیش لەگەڵ گچەکە و گەورەکراوە ، بەڵام یەعنی سەرەتایەکە دەستمان پێ کردووە ، ه یوادارم کە بگەینە ئەوە کە ئەوەی کاك ع لی حە مە صالح و غەیری و یش کەهە یە وردە وردە ڕ ێی لێ ب گرین و چارەسەری بکەین ، ئەوەی کاك سروود باسی کرد کێ شەی ک لد و ئا شوورییەکان هە یە ئەوە لیژنە یەك لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە پێکهێنراوە ئومێد دەکەم کە ان شاءالله ئەم قەزیەیان بۆ یەکلا بکە نەوەو کێ شەی ک لد و ئا شوورییەکان چارە سەر بێ ، مامۆ ستا مەڕوان فەرمووی جدین لە ڕێ گەگرتن ، بەڵی جدین وە باسیشکرا فەرمووی با لە بەرپرسە باڵاکان دەست پێبکەن ، والله لە هەمووی دە ستمان پێ کردووە بەرپر سی باڵا ، بەرپرسی خواریش ، جیاوازیش ناکەین یەك بە باری خۆم بەڕاستی هیچ کامێکمان لە گەڵ ئەوە نین ج یاوازی لە ن ێوان هیچ کە سێك ب کرێ ، نە بەناوی ئەوەی کە فەقیرە ڕ ێی پێ بدرێ ، نە بەناوێك کە دە سەلاتدارە ڕ ێی پێ بدرێ بەڵکو ئیجرا ئات کە بڕیارما نداوە بڕیارە کە چۆنە بە سەر هەردووکی جێبەجێبکرێ ، پرسیارەکی دیکە کرا فەرمووی جیاوازی هەیە لە قەرەبووکردنەوەی جووتیارانی هەولێر و سلێمانی ، نەخێر ئەوە لە کاتی خۆی لە کاتی دوو ئیدارەیی بووە ئێ ستا کاتێ کە کە زەوی (اطفاء) دە کرێ یەك قەرەبوو هەیە و بۆ هەمووی وەکو یەك وایە ، کاك باپیر کامەلا تەبعەن باسی هەندێك شتی کرد کاك قو باد هە ندێ تەوزیحات یدا ، بەڵام ئەوەی بە سەر بەستە سێن ئەوە لیژنە یەك درو ستکراوە لە وەزارە تی شارەوانی ، ک شتوکاڵ ، ناوخۆ یەعنی خەریکن پێموا یە هە ندێکیش وەڵام یان داوە تەوە بەڕێوبەرا یەتی ئیدارەی گشتی ڕاپەرین ، بەڕێز باسی ڕێکخستنەوەی زەوی کشتوکاڵی کرد پێموایە ئاوازخان بوو ، ڕاستدەکا تەبعەن پێویستی بە ڕێکخ ستنەوەی زەوی ک شتوکاڵی هە یە بۆ ئەوەی کە زەوی ک شتوکاڵی لە بەر دە ستی جوتیار بێ ، نەك لەبەر دەستی غەیری جوتیار بێ ، ئێمەش داوامان کردووە کەرێنمایی ($4$)،($6$)ی یا سای ژ مارە ($117$)ی ساڵی ($1970$) تەب عەن یەعنی خەلەلە کە ئە لە وێ یە بەڕا ستی ، ئێ مە داوا مان کردووە

فیعلەن ئەمە چاوی پێدابخشێندرێتەوە ، زەوی کشتوکاڵی تەنها لەبەر دەستی جوتیار بێ ، مامۆستا غەریب فەرمووی دوو پێشنیاری کرد ، پێشنیاری یەکەمی پەیوەندی زیاتر بە ئێمەوە بوو کە داوا بکرێ لە وەزارەتی ئاوقاف و مامۆستایان ئێمە بە کتابی ڕەسمی وەزارەت نووسراومان ئاڕاستەی وەزارەتی ئاوقاف کردووە داوا کراوە لە مامۆستایان ، لێرەشەوە داوادەکەین بە ڕاستی داوادەکەم لە مامۆستایان ، زانایانی ئاینی کە لە وتارەکانیان باسی ناشەرعیەتی تەجاوزات بکەن ، فیعلەن ناشەرعیشە ، چونکە ئەم موڵکە موڵکی تەنها کەسێك و ، دوو کەس نییە موڵکی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە ، یەکێك و دوو کەس بۆی نییە بەڕاستی بێ مەتر ، مەتر ، دۆنم ، دۆنم پار چە پار چەی بکا بیفرۆشێ ، چونکە من پێموایە منیش بەشم هەیە ، ئێوەش بەشتان هەیە ، هەموو هاووڵاتیەك بەشی هەیە ، حەقەتەن خۆی ئەگەر ڕاستیت دەوێ پێویستە هاووڵاتیان هەموویان بێنە دەنگ لەسەر ئەو قەزیەیە نەك تەنها هەر حکومەت و پەرلەمان ، چونکە ئەوە موڵکێکی گشتییە ، داواشمان کردووە ئومێدیش دەکەین مامۆستایان لێرەوە ئەم پەیامەیان گوێ لێبێ ، هیوادارم لە وتارەکانیان ئاماژە بە ئەوە بکەن ، من لە کۆتایدا داواکارم پەرلەمانتاران و بەڕاستی لیژنەکان هاوکاربن لە هەموارکردن و دەرکردنی یاسا کە خزمەت بە کەرتی کشتوکاڵ بکا ، چ بە ڕێگری کردن بی لە زێدەڕۆییەکان ، چ بە هاوکاری بودجە بێ بۆ کەرتی کشتوکاڵ ، چونکە بەرەو پێش بردنی کەرتی کشتوکاڵ هەر بۆ ئەوە نییە ئێستا ئەتو ڕێبگری لە زێدەڕۆییەکان ، بەڵکو پێویستە بە هەم دەرکردنی هەندێ یاسا هەیە بۆ ئەوەی کی پشتگیر بێ ، پاڵپشت بێ بەرەو پێش بردن و گەشەپێکردنی کەرتی کشتوکاڵ ، هەم بودجەی شایستە لە کاتی خۆی دابین بکرێ بۆ ئەم کەرتە بۆ ئەوەی کە بتوانین کە باسی ئاسایشی خۆراك و ، ئاسایشی ئاوکرا دابینی بکەین ، پاشان داوا کارم ڕاگەیاندنەکان ، بەڕاستی ڕاگەیاندنەکان دەوری باشیان هەبێ لە ڕێگە گرتن لە زێدەڕۆییەکان ، هۆشیارکردنەوەی خەڵك ، کاتێك کە زێدەڕۆییەك لادەبرێ مەسەلەن خانوویەك دەڕووخێنرێت بە تەجاوز یەعنی دروستکراوە ڕاگەیاندنەکان نەیەن بەڕاستی زۆر گەورەی بکەن و بیکەن بە هەلاو خەڵك هانبدەن بڵێن کاکە ئەمە فەقیرەو هەژارە و لێی تێکدراوە و مەسەلەن چۆن ئەم زێدەڕۆییە لابراوە ، بەڕاستی ئەمە کاریگەری خراپی هەیە ، هیوادارم ڕاگەیاندنەکان لێرەوە داوایان لێدەکەم لەئی حیزبییەکان لە هەموو لایەك کە بەم ئاڕاستەیە هەنگاوبنێن کە ئەم کەرتە گرنگی پێبدرێ ، ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ ، پاشان داوا لە حیزبەکانیش دەکەم بەڕاستی لەکاتی ئێستا کە ئەمە دەستمان پێکردووە چۆن کاك قوباد باسی کۆمەڵێك بەرپرسی خۆی کردووە ئەمن ئاگادارم ، ئینزاری کردوون ، هەرەشەی لێکردوون کە دەبێ دەست هەڵگرن لە تەجاوزات و لێیان قبوڵناکرێ ، ئەمن هیوادارم بەڕاستی هەر حزبێکی تر لێرەوە بەحەقەت ئەم قەزیەیە بە گرنگ وەربگرێت ، ئەمن نامەشم بەڕاستی ئاڕاستەی سەرۆکی حزبەکانیش کردووە لە ئەم ڕووەوە ، هاوکاربن حزبەکەیان ، ئەندامیان ، ڕاگەیاندنیان بۆ؟ کاتێك وەزارەتێك بڕیارێك دەردەکا پێویستە بەڕاستی ئەو خەڵکە هەمووی هاوکار و پاڵپشت بێ ، ئێمە هەر نموونە لەم ڕۆژانە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەنفلوزای باڵندە لیژنەیەکی باڵا لە ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنراوە ، بڕیاری دەرکردووە ، کە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی

گشتییه ، ناكرێ بەراستی خەڵكێك بێ خەڵكێك هاندا یەعنی بچنە سەر سەری حزبێك ، یەعنی لە تەمەنی (23)ساڵی حكو مەتی هەرێمی كورد ستان بۆ یە كەم جار حكو مەت بڕ یاردەدا خەڵك بچنە سەر حزب ، یەعنی ئە مە كەی مەنتیقە ، بۆ یە من دە ڵێم پێویستە بەراستی یەعنی پێش هەموو كەس دەیكەم دەمانەوێ ئێمە بۆیە باس دەكەم پەرلەمانتارە بەرێزەكانی ئێرە لە فراكسیۆنەكان هەریە كە نوێنەرایەتی حزبی خۆی دەكا كاتێك داوا لەمن دەكا ئیجرائات بكەم ، كاتێك كە داوا لەمن دە كا یاسا جێبەجێ بكەم ، كاتێك كە داوا لەمن دەكا حكومەتێكی رێك و پێكبم ، بە جدی بێمە سەر خەت و بە جدی ببمە رێگری ، فیعلەن دەبێ ئاگای لە حزبەكەی خۆشی بێ ، حزبەكەشی بە ئاراستەیەكی خراپ دا نەیبا ، خەڵك تیف تیفەنەدا بچنە بن گوێی خەڵك و لە بن گوێی خەڵك بخوێنێ و كاكە والله وەزیری كشتوكاڵ ، والله نەیان گوتییە وەزیری كشتوكاڵیش بڕوابكەن گوتیتیان ئەوە كۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری داوە مریشك قەدەغەبێ ، ئەوە چ عیلاقەی بە كۆمەڵی ئیسلامی هەیە ، بۆ یە هیوادارم بەراستی ئەم پرسانە جدین بە حەقیقەت یەعنی هەندێكیانم ئاماژە پێكرد یەعنی پێمخۆشە بەراستی ، بە جدی لەسەری بووەستن بەمشێوەیە ئێمە دەتوانین چاكسازی بكەین ، گۆڕانكاری بكەین نەك ئەوەی كە باسی چاكسازی دە كا ، باسی گۆڕانكاری دە كا كە مەسڵەحەت هاتە سەر ئەوەی كە چوار هاووڵاتی چوار برادەری بێبەش دەكرێ لەم قۆناغەدا ، مەسەلەن بكەوێتە ئەوەی كە هانیبدا و بەرەو ئاراستەیەكی دیكەی ببا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم حاجی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ وەزیری كشتوكاڵ و سەر چاوەكانی ئاو ، ئێستا دەر فەرت بە نەورۆزخان دەدەین وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ ئەوەی تێبینییەكانی خۆی پێشكەش بكاتن دواتر پشووەك وەرئەگرین.

**بەڕێز نەورۆز مولود/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ، هەندێك پرسیار دیارە دووبارە بوو لە نێوان ئێمە و وەزارەتی كشتوكاڵ ئەگەر پێویست بی دووبارەی نەكەمەوە كاك عبدالستار هەندێكی جوابداوە كە پەیوەندی بە هەردوو لایەنەوە هەبوو ، ئەوی ئێمە وەكو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ئەو سوئالانەی كە ئاراستەی ئێمە كرا ، ئەوەی كە كاك سۆران عمر ئاماژەی بە (301)دۆنم زەوی دراوە و وەزارەتی دارایی ئاگای لێنییە ، وا بزانم ئەوە با بەتێكی قانونییە ئەگەر بەپێی قانونەكان پێدابچینەوە قانونی (تملك العرصات الامیریة) هەموو زەوییەك ئەو قانونە قەدیمە تەبعەن عیراقییە ، بەڵام لە كوردستان جێبەجێ دەكرێ ، هەموو زەوییەك لە كوردستان تایبەتە بە ناوی وەزارەتی داراییەوە ، هەمووی موڵكی وەزارەتی داراییە ، بەڵام بە پێی ماستەر پلان و بەپێی سایدپلانی شوێنەكە كە (اطفاء) دەكرێ و داخیلی حدودی بەلەدییە دەبی ، بەلەدییە بۆی هەیە تەسەروفی تێدا بكا هەرچەند ئەمەی كە دابەش كراوە كاتی خۆی لەسەر دەمی كابینەی ئێمە نەبووە ، بەڵام ئەمە تەوزیحێكی یاساییە بۆ بەرێزیان كەوا بە یاسا ئەم ئیجرائاتانە كراوە دەتوانن بە لائیحەكیش بنێری و بە یاسا جوابیان بدەینەوە كە یاسامان هەیە و بە پێی یاسا ئەو ئیجرائاتانە كراوە ، تایبەت بە

کارتەکان کە هەوائییە تەبعەن لەبەر ئەوەی زۆر زەوی (اطفاء) دەکرێتن ، داخیلی ماستەر پلان دەبیتن ، داخیلی حدودی بەلەدییەکان دەبیت ، نوقەیدی تەنفیز دەبیتن ، بەتەئکید زۆر زەوی دەبی ئیتفا بکرێتن کە ئیتفا دەکرێ بۆ پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی و حکومەتە ، یاخود بۆ دروستکردنی شەقامە ، یاخود بۆ خەدەماتی شار و شارۆچکەکانە بەتەئکید ئەوە پێویستی بەوە هەیە خاوەن زەوییەکان قەرەبوو بکرێنەوە زۆربەیان سەنەدی هەوائیان دراوەتێ بۆ تەعویزکردنەوەیان ، بەلام ئیجرائاتی ئیفرازکردن و تەوحید و گۆڕینی ئەم زەویانە لە کشتوکاڵییەوە بۆ ناوی شارەوانییەوە دوایی خستنە سەر ناوی هاوولاتیان بە تەئکید ئیجرائاتی دەوێ ، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان سێ لیژنە پێکهاتووە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە ، بەلام ئەوەی کە زۆر زەقە لە شاری هەولێر هەیە بە تەئکید لەبەر ئەوەی لە سەرووی (100000) هەزار کارتی هەوائی هەیە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەك پێکهاتووە لە چەند مانگی ڕابردوو (4500) سەنەد تەسلیمی هاوولاتیان کرد لێرەشڕا ئیجرائاتەکانی (12500) سەنەد دوو هەفتەی داهاتوو هاوولاتیان دەتوانن بێن وەریبگرن ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ جولانەوەی بازاڕ و کەوا حەقی خۆشیانە هاوولاتیەکان کە سەنەدیان وەربگرن ، ئەوەی هەما هەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ خۆشبەختانە هەماهەنگییەکی زۆرباشمان هەیە بە حکومی ئەوەی یاساکانمان لێك نزیك کردنەوە ، ئیجرائاتە یاساییەکان لێك نزیکن ، هاوکارن لە هەر ئیجرائاتێك کەوا کرابێت بە هەماهەنگی هەردوولایان لیجانی تایبەتمان هەیە بۆ ئەم بابەتانە ، ئەوی پەیوەستە بە هەردوولایەن جێبەجێمان کردبی ، بەڕێز مەلا ماجد ئاماژەی بەوەدا کە دەسەلاتی ، فیعلەن ئەوەی ئەمەش ئاماژەمان پێکرد دەسەلاتی ئیجرائاتی یاسایی بدرێتە سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکان زۆر لە کێشەکان حەلدەکا ، ئەوەش دووبارە ناکەینەوە کە لە یاساکەی خۆمان کە وەك وەزارەت ئاراستەی ئەنجومەنمان کردیەو پەسندکرایەو چوویتە مەجلیسی شوورا بۆ ئەوەی پەسندکرێ ، داوای دادگای تایبەتمان کردووە یاخود گەڕانەوەی ئەم دەسەلاتە ئەمە بەمە چارەسەر دەبی ، زۆر لە برادەرانی ئەندام پەرلەمانان ئاماژەیان بەو نوقتەیەدا کە ئەمە زۆر گرنگە سیفەی ئیستعجالی پێبدرێ ، زوو چارەسەر بکرێ و بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئیجرائاتانە بکرێ ، زۆر سزاشی تێدایە کەوا دەبێتە ڕادعێك بۆ ئەوەی ئەو متەجاوزانەی پێش ئەوەی سەرپێچییەك بکەن یەعنی وەکو ترساندنێك بۆیان کەوا ڕەدعێکە بۆیان کەوا بگەڕێنەوە لەوەی تەجاوزەکە بکەن ، بەتەئکید بۆ ئەوانەی کە کراویشە دەبێ یاسایەك و ژینگەیەکی لەبریان بۆ دروست بکرێ بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێ ، بەتەئکید ئەوەی کاك بەهزاد ئاماژەی پێدا کە پەرەپێدانی گوندەکان ، هەموومان دەزانین کە ئەوەی زۆربەی گوندنشینەکان وا بزانم جێگری بەڕێز سەرۆکی حکومەت جوابی پێبوو کەوا ئەو بەرنامەیەی کە کرا نەوت بەرامبەر خۆراك وای کرد گوندنشینان ڕوو لە شارەکان بکەن ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەی تەجاوزاتە ، سەبارەت بە (مساطحات) هەر وابزانم کاك بەهزاد ئاماژەی پێدا دابینکردنی زەوی بۆ پڕۆژە لە ڕێگای بەکرێدانی مساتەحات تا (2011) بە بەبێ موزایەدە دەدرا ، بەلام لەگەڵ بەرنامەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێم کەوا چەند بڕیارێکی لە خۆ گرت یەك لەو بڕیارانە ئەوە بوو هەموو مساتەحەکان دەبێ بە موزایەدەی

عەلەنی بگەڕێتەوە سەر یاسای (32)ی ساڵی(1986) کە لەسەر ئەو ئەساسەوە بە کرێ بدرێن ، واتە هیچ مساتەحەیەك ، هیچ بە کرێدانێکی زەوی ماڵ و موڵکی دەو ڵەت بەبێ موزایەدەی عەلەنی ئەنجام نادرێ ئەمە لە ساڵی (2011) تا ئێستاش بەردەوامە هیچ زەوییەك نەدراوە بەبێ موزایەدەی ئاشکرا ، هەموو سەرۆك شارەوانییەکان بەپێی سیستەم زەوییەکانیان لە بەر دەستیانە موزایەدەی بۆ دەکرێت ئینجا گرێبەستی مساتەحە لە گەڵ خاوەن پرۆژە کە ئەنجام دەدەن ، سەبارەت بە تەجاوزاتی دهۆك هەروەها وا بزانم ئەو بەڕێزە ئاماژەی پێدا ئێمە بەپێی ئەو داتایەی لە بەر دەستمانە تا ئێستا (323) تەجاوز هەڵگیرایە لە دهۆك ئەوەی کە لجانی تایبەتی ئێمە ئیشەکانیان لە سەر کردووە (114) تەجاوزیش درایە دادگا ، لە دادگا ئیشی لەسەر دەکەن ، ئەوەی بەڕێز کاك فرست ئاماژەی پێکرد فیعلەن ئەوەیە کەوا ئێستا چیبکەین بۆ ئەوەی ڕابگیرێتن ، ئەوەش بوو کە ئاماژە بە یاساکان و بە ئیجرائاتەکان کرا کە دەبی پەلەی لێبکرێتن ، حەیات خان ئەوەی بڕیاری داد گای بە نیسبەت یا سای کانزا کانی فلزی و لافلزی ساڵی (1988)مان هەیە تایبەت بە ڕووبارەکان و ئەوەی سەر ڕووبارەکان کە تەجاوزاتی لێدەکەن ئەم یاسایە هەندێ ئیجرائاتی ڕادعی تێدایە ، ئەو پرسیارەی لە سەر سەید سادق موڵکەکانی مەحمود بەگ ، ئەوانە ئێستا هەمووی لە دادگایە تەملیکردنی وەستاوە بەهۆی ئەوەی بەڕێوبەری نەخشەدانان تیمەکانی سەرقاڵی مەسحکردنەوەی گەڕەکەکانی سەید سادقن کە زۆر بەی زۆری تەجاوزن ، بەڵام کارەکانیان زۆر بە خاوی دەڕوا لە بەر ئەوەی هۆی نەبوونی بودجە ، هەموومان دەزانین کە نەبوونی بودجە و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبیلەکان و بۆ ئەو فەرمانبەرانە تۆزێك بۆتە هۆی سیستی ئەو ئیجرائاتانە کە بکرێتن ، ئەوەی کاك علی حەمە صالح ئاماژەی پێدا وا بزانم یەك ، دوو پەرلەمانتاری بەڕێزیش ئاماژەیان پێدا وەکو ئەوەی کاك گۆرانیش بوو زەوییەکانی تارینە ، زەوییەکانی تارین ڕاوەستا تەجاوزەکی زۆری لێکرایە ، تەلبەند کراینە ، خەڵکانێك ڤیلای لەسەر دروستکردییە ، خەڵکانێك پارچە پارچەیان کردیە فرۆشتیتیان ئێمە پێش شەش ، حەوت مانگ لە وەزارەت لیژنەیەکی باڵامان دروست کرد بە سوپاسەوە ناردمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەموو پێشنیارەکانی لیژنە کە پەسندکرا ، یەك لە خاڵەکان ئەوەبوو فەوری لیستێکمان ئامادەکرد بەناوی موتەجاوزەکان پەسندکرا و لە ئەنجومەنی وەزیران ناردرا وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی ناوخۆ ئێستا ئیجرائاتی هەڵگرتنی ئەم تەجاوزانەی لە ئەستۆی خۆیان گرتییە بە هاوکاری تیمەکانی ئێمە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم زەویانە دابینکرابوو کەوا گرێبەستی مساتەحە لە بەر ئەوەی تەخسیس کرابوو (800) مەتر ، (800) مەتر کرابووە قیتعە تەوزیعی سەر چەند خاوەن زەوییەك کرابوون ئەمانە گرێبەستی سیاحیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێ لە خیلالی یەك ، دوو حەفتەی داهاتوو پاش ئەوەی کە زەوییەکانمان هەمووی گەڕاندەوە ، واتە ئیجرائاتێکی زۆر بە فەوری و سەریع کرایە لە سەر ئەم زەویانەو دەتوانین بڵێین هەموومان گەڕاندۆتەوە ، لەوانەیە سوئالەکان بەرەو ڕووی من زیاتر کرابوو بۆیە تۆزێ درێژەی پێدەدەم ، بڕیاری ڤەرەبووکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی دوای کوژانەوەی بۆ ناوچەی ڕانیە و پشدەر بەرامبەر بە دوو دۆنم ئەوە سوئالەکە کاك (عبدالستار) جوابی داوە ، بەڵام من زیاتر تەوزیحی

دەدەمێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان قەرەبووكردنەوەی زەویـیە كشتوكاڵیەكان بە هیچ یاسا و ڕێنماییەك ناتوانی جیاوازی بكرێ ، لەبەر ئەوەی یەك یاسای كوژاندنەوەمان هەیە و پاش تەعدیلاتەكانی تەبعەن بە تەعدیلاتەكا نەوە لەگەڵ بڕیارەكانی ، بەلاَم ئەوەی بەرامبەر بە ڕاندیە و پشدەر ئەوە بوو لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هاتبوو لەبەر ئەوەی كێشەی تەسویەیان هەبوو شوێنەكان لەوانە هەندێك كێشەی مولكییەتی زەویـیان هەبوو ، بۆیە بۆ هەر دوو دۆنم زەوی یەك پارچە زەوی نیشتەجێبوونیان بەسەر دابەشدەكرا ، بەلاَم ئەم بڕیارە كۆن بوو لە كاتێك جێبەجێ كرا واتە هیچ جیاوازییەك نییە لە مابەینی قەرەبوو كردنەوەی زەوییەكە ، بەڕێز ئەندام پەرلەمان (عبدالرحمن علی) ڕای وابوو كە ماستەر پلان هۆكارێكە بۆ زیادەڕۆی و بەفیڕۆدانی زەوی كشتوكاڵی ، بەپێی ئەو زانیارانەی ئاماژەمان پێدایە ئێمە بە عەكسەوە لە ئەسنای تەحلیلكردن و تەفسیركردنی هۆی زیادبوونی تەجاوز یەكێكە لە نوقتەكانی كەوا بوویتە هۆی زیادبوونی تەجاوز ئەوەیە ماستەر پلانی هەندێ شار و شارۆچكەمان تا ئێستا ئەنجامنەداوە كە خۆی دەگرێتەوە لە سەرووی $(10)$ماستەر پلان كە تائێستا لەبەر نەبوونی بودجە نەمانتوانییە پەسندی بكەین و جێبەجێی بكەین ، ئەگەر ماستەر پلان هەبوو ئەو كاتە سنووری شارەوانییەكان دیاری دەكرێن و شوێنی مەرحەلەی قەیدی تەنفیزیش لەسەر دیاری دەكرێن ناتوان تەجاوزبكەن ، بەعەكسەوە ئەم هۆیەكە بۆ ئەوەی كەوا بوویتە تەجاوز لەبەر نەبوونی هەندێ شارو شارۆچكەكان نەبوونی ماستەر پلان ، نەك هەبوونی ماستەر پلان ببێتە هۆی تەجاوزكردن بە پێچەوانەوەیە ئەمە......

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر دەزانی زۆرماوە دەتوانین دوابێخم ، باشتروایە پشووەك وەربگرین .....

**بەڕێز نەورۆز مولود/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

والله ماومە ، ئەگەر پێنج دەقەم بدەیتێ تەواوی دەكەم ، سەبارەت بە سوئالی دكتۆر سروود ئەوەی كە ئیتفاكردنی زەوی كشتوكاڵی مەتاری هەولێرێ ، ئەمە تەبعەن دەمێكە كە دەزانین كەوا ئیتفاكرایە و زۆر بەی زۆر یان قەرەبوویان وەرگرتۆتەوە ، بەلاَم هەندێك لەوەی لە فراوانكردنە كە لەمەرحەلەی ئیجرائاتی ئیتفاكردنەوە قەرەبووەكانین ئەوەش لیژنەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران بە سوپاسەوە پێكهاتییە نوێنەری وەزارەتی كشتوكاڵیش ئەندا مەو ئێمەش و لایەنە پەیوەند یدارەكانیش كەوا قەرەبووی ئەو هاوولاَتیانە بكەین كە تا ئێستا قەرەبوویان وەرنەگرتیتەوە ، شارۆچكەی باسێل ئەوەی كاك باپیر تەبعەن ئەوە ئی ڕانیەیە لیژنەیەك بە سەرۆكایەتی وەزارەتی ناوخۆ و ئێمە و وەزارەتی كشتوكاڵ پێكهاتییە هەفتەی جارێك لە ڕانییە كۆبوونەوە دەكرێن لەگەڵ بەڕێز قائیمقام و یەكەی ئیداری ناوچەكەو لە قۆناغی كۆتاییـنە بۆ ئەوەی كێشەكە و ڕاپۆرتی كۆتایی بخرێتە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیرانەوە ، تەسوییە بابەتی تەسوییەی ئەوەی كەوا بێگەردخان ئاماژەی پێدا لەوانەیە كێشەیەكی زۆر زەق هەیە كەوا بەتایبەتی گوندەكان و شار و شارۆچكەكان گەورەترین كێشە كە لەبەردەمیانە تەسوییە نەكردنی زەوییەكانە ، خۆی یاسای تەسوییە لە پەرلەمان دەرچووە ، بەلاَم لەیاساكە فەقەرەیەك هەیە كە

دەڵێتن دەبێ لجانی تایبەت پێکبهێنرێتن بۆ ئەوەی ، تۆ تاپۆی شوێنەکەت نەبی ناتوانی لە گوندەکانە یاخود لە شوێنە دوورە دەستەکان پڕۆژەی شەقام دروست دەکەی یاخود پڕۆژەیەکی ئاو دروست دەکەی ، هەر پڕۆژەیەك دروست دەکەی ئەکید زەوییەکە دەگەڕێتەوە بە عەشائیری و بە عورفەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەجموعە خەڵکێك نەك بە تاپۆوە ، ئەوە یە لە بەر ئەوە تە سوییەیان نەکرا یە بۆ یە بەپێی یاسای تەعویزکردنەوە ، قەرەبووکردنەوە ئیلا دەبی تەنها سەنەدی هەبێ کە ئەمەش سەنەدی نییە جیهەتی مەعنی ئەگەر وەزارەتی شارەوانییە یاخود وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە یاخود هەردوو لایەنەکەن ناتوانی قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە ، بۆیە چارەسەرکردنی تەسوییە کە ئەو لجانانە تەفعیل بکرێ لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگر تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد ئەو لجانانەی کە بەو یاسایە هاتییە بە زووترین کات تەفعیل بکرێن و ئەو شوێنانە دەست بکرێن بە تەسویەکردن ، بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبوو ئەو خەڵکانە بکەنەوە کە زەویان لەو شوێنانە هەیە و بەر پڕۆژەکانیان دەکەوێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار ، بەڕێزان بە تەئکید گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە درێژەی هەیە ، بەردەوام دەبین ، بەڵام دانیشتنەکە هەڵدەگرین ، ئێستا پشووەك وەردەگرین و سەعات (3) دەگەڕێینەوە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (12)، کۆبوونەوەی ژمارە (2)، رۆژی دانیشتن (2015/5/26)، بەردەوامین لە گفتوگۆ کردن سەبارەت بە کێشەی زیادەڕۆیی لە هەرێمی کوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەر هەردوو بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەپێی خاڵی (2) لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، بەپێی ئەو ریزبەندیەی کە ناوەکان نووسراو بوو، ئێستا بەردەوام دەبین هەر ئەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە سێ خولەك قسە بکات، کاك سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا برای بەڕێز کاك عومەر عینایەت ئەو راپۆرتەی تێرو تەسەل بوو، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خیلالی ئەو راپۆرتەوە بەرچاوی روون نەبێتەوە بۆ روو بەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردانە،

تەسەورم وایە قسەکانی ئێمە زیادە دەبن، بۆیە پشتگیری راپۆرتەکەی جەنابیان دەکەم، تەنها ئیزافە یەکم هەیە ئەویش پرسێکە پەیوەندی بە زیادەڕەوییەوە هەیە کە رەهەندی سیاسی هەیە، جۆرێك لە تەعریب ئێستاکە لە مەنتیقەی ئێمە لە رێگای تەجاوزاتەوە دروست بوون، لە هەندێك لەو گوندانەی گەرمیان و مەنتیقەی کەرکووك و مەخمورو جێگاکانی تریش، ئەو عەرەبانەی کە لێیان قەوماوە هاتوونەتە گوندەکان خانوو دروست دەکەن، لە هەندێك شوێن ئێستا موجەمەعیش دروست بووە، خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ئەو شوێنانەی تییادا نیشتەجێ بوون، ئەمە کاریگەریان دەبێ و جارێکی تر پرۆسەی تەعریبی مەنتیقەی کەرکووك، گەرمیان هەیە، پێشنیارم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ئەم مەسەلەیە بە مەترسیدارترین جۆری تەجاوز وەربگرێ لە ئاستی تەجاوزات، کە لەسەر موڵك و ماڵ و ئەرزی هەرێمی کوردستان دەکرێت، من خۆشحاڵم کە لیژنەیەکی بالاّ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروست بووە، بەڵێ ئەو یاسایانەی کە بەرکارن لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا نەیانتوانیوە وەکو پێویست رەدع دروست بکەن، چونکە یاسا بۆ رەدعەو، پێمانوایە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیشدا صارمی ئەو یاساو بڕیارو رێنماییی و پەیڕەوانە یە وای کردووە کە هەندێك خەڵك تەجاوز نەکاتە سەر موڵکی گشتی، ئەگینا تەبیعەتی بەشەر تەبیعەتێکی ئاسایی نییە، بۆیە ئەم لیژنەیە با دەستپێکێك بێت کە ئێمە بتوانین پیاچوونەوە بەو یاسایانەدا بکەین و، ئەوانیش لە رووی کردارییەوە هەوڵ بدەن ئەوانەی بە تایبەتی باس کرا بەرپرس و پلە بالاّن لە ئاستی حکومەت و لایەنەکانی تر رێ لەوانە بگیرێت، ئینجا بۆ خەڵکی تر و، هەڵمەتێکی هەمە لایەنا نە لە خیلا لی ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنرێت لە ئاستی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، زانایانی ئاینی، زانکۆیەکان، حزبە سیاسییەکان، ناوەندە ئەکادیمییەکان هەموو بێنە سەر خەت، ئەمە یەکێکی ترە لە مەترسییە گەورەکان، ئێمە ئەمڕۆ هەزارو پەنجا کیلۆمەتر رووبەڕووی هێزێکی تاریکستان بووینەتەوە، کە دەیەوێت تەجاوز بکاتە سەر خاك و ماڵ و موڵکی ئێمە، ئێمە لەناو واقیعی موجتەمەعی خۆمان تەجاوز بکەینە سەر ئەرزو ئاوی خۆمان و ئەرزو ئاوی گشتی، ئەم مەعادەلەیە چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەگەر کەسێکی بێ لایەن بێت ئاستی ئینتیمای خەڵکی ئێمە لەم ولاّتە لێك بداتەوە، بەدیوێکی تردا بۆ هەندێك جێگا کە هەرچەند کوردستان هەمووی لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان یەکە، بەلاّم لە جوانترین رۆڵەکانی خۆمان، لە نەزیهترین و نازدارترین رۆڵەکانی خۆمان کردە قوربانی بۆ بەرگری کردن لەو خاك و لەو پێ دەشتانە، بەلاّم لە بەرامبەریشدا خەڵکانێك دێن بە مەوقیعی جیاجیا لە جوانترین باخ و دەوەن و کوێستانەکانی ئەم کوردستانە تالاّن و داگیر دەکەن و تەجاوز دەخەنە سەر، بۆیە من رام وایە ئێمە لەو پرۆسەی تەشریعیەدا قورسترین سزا دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو کاك سالار، بەڕێز کاك مەردان خدر فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز حكومەتێ ب ئەگەری سەرەكی رێگری نەكرن، یان كو نەهێلاێن و كۆنترۆل نەكرنا ڤێ كێشەیێ، كێشا زێدەڕۆییا، ئانكو تەجاوز لە هەرێما كوردستانێ بینم، چونكو ب حەقیقەت ئەگەر حكومەت یا جددی با، یا ئەگەر حكومەتێ ئیرادەكا بەهێز هەبا تەئكیدم دا شێت حەتاكو نوو كە ئەگەر $100\%$ سەدا سەدیش كۆنترۆلا ڤێ كێشە نەكەت بەس ب رێژە یەكا زۆر زۆر مەزن شێت ڤێ دیاردێ كو ڤێ كێشە ل هەرێما كوردستانێ كەم بكات، و ئەز دشێم چەند نموونا بینم كو حكومەت ئەگەر سەر ئاستێ بالاً ، سەر ئاستێ ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیرادە هەبوو بەس ل خارێ ئەو ئیرادەیە نەبووە، ل هەموو ئاستێ حكومەت ئەز دشێم بێژم هەتا ئەو ئەفسەرێ كو بەرپرسە ل وێ مەفرەزا كو رێگری تەجاوز بكات، هەندێك جارا ئەو خۆ جیاوازیێ دكەت دەرفەتێ ددەتە هندیەكان و رێگری لە هندەكا دەكات، ئینجا چ بۆ وەرگرتنا پارەی بیت، یان تەلەفۆنێك ب واستەو واستەكاریێ بیت، هەتا دێتە مودیر ناحیەو قائیمقام هەموو ئاستا ئەز تەئكید دكەمەوە كو ئەڤ دیاردە دناڤا حكومەتا هەرێما كوردستانێدا یا ، بەنیسبەت جیاوازی لە چەندین نموونە بەردەستێ منن كو حكومەت بەلێ جیاوازیێ دكەت، ئیجرائات گەل هەر كەسێ هەژار وەرگریت، بەس ل كەسێ بالاً دەست وەرناگری، ئەگەر هەندەك نموونە ل بەر دەست حكومەتێ هەبن لێرە ل پەرلەمانێ بەحس بكات، بەس تەئكیدێ دەكەمەوە ئەمە دەیان نموونە ل هندەك جهێن دی یان بێژم ئەگەر لە هندەك جها هاتبێتە كرن ل هەندێ جهێن دی نەهاتینە كرن، رەنگە دە كەس هەبیت ب هەزارەها پارچە زەوی، یان كو زەوی كشتوكالێ كربنە پارچە زەڤی فرۆت بن حكومەتێ یەك ئیجرائات بەرامبەر وان كەسا نەكریە هەتا حازر نەبووینە كو دەعوا یا ئاسایش لەسەر تۆمار بكەن، بەس بەرامبەر هەژاران كو ب هەزارەها كەسن ئەوی وێ رێكێ عەلەئەساس كۆنترۆل بكەن، دیتنا من ئەو ئاسانتر بوو كو ئیجرائاتە كەسە وەرگرن ئەوێت زەوییێت كشتوكالێ كە نە پارچە زەوی و دەفرۆشن كونترۆل كرنا وێ دا ئاسانترە، ئەوی تر بەنیسبەت عەردێت كەرت هاتینە دابەش كرن، زۆر هەڤالاێن بەحس لێ كر، بەس حەقیقەت كێشەیەكا زۆر زۆر مەزنا رۆژانە پەیوەندی مە دێتە كرن، ئەز تەئكیدێ وەكو پرسیارێ ل بەڕێز وەزیرا شارەوانی دكەم كا پلا نا وان چییە كەنگی ئەو كێشە دەهێتە چارە سەر كرن، چونكە فیعلەن ئاریشەیە مەزن و ئاریشە كۆمەلایەتی ئی ل دویف خۆ ئێناینە، بەنیسبەت ئیتفا سەرەڕاییێ كو كەمو كورتی یێت تێدا هەی، دیسان رۆتینێكە مەزن ئیتفا كرنا عەرد هەی نموونەم هەی موعامەلە ئێتفا كرنا عەردێ سنووری قەزا یەكی زۆر زۆر پێتڤیە ل $2012$ هەی ئەڤە $2015$یە لەناڤ بەینا قەزایا تا موحافەزێ هەتا نووكە نەهاتینە چارەسەر كرن، خالا ئەخیرێ كو زۆر زۆر گرنگە..............

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكێ پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاتەكەت تەواو بوو كاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند سانییەكم دەر فەتێ بدە یە من، ب هەزارەها فەرماذ بەرو پێ شمەرگە ل پارێزگا ها د هۆكێ ئە ڤە چەندین سالە، سێ چوار سالە موافەقە وەرگرتنا عەردێ هەی، جهێ داخ یە پێ شمەرگە هەبوو یە بە سێ سالە رەزامەندی یا هەی و نووكە شەهید كرن و عەرد وەرنەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، كاك برزۆ مەجید فەرموو.

**بەڕێز برۆز مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مەسەلەی تەجاوزە هەم لە رووی یاسایی، هەم لە رووی ئ یداری، هەم لە رووی ئەوەی كە بە شێك لە خەڵك چاوپۆشی كراوە لە بەشێكی نەكراوە، پێمانوا یە مە سەلەی تەقصیری ئ یداری و فە سادی ئیداری شی تێپەڕاندووە، پێی دەوترێت كارەسات، سبەی رۆژ لە سیرەی زاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئە مە تۆ مار بكرێت، پێمانوایە زیانی زۆر دەگەیەنێت.

دوو/ ئە گەر مە سەلەكە یا ساو بە یا سا مامە ڵە كرد نە، یان دەركرد نی یا سای نوێ یە، ئێمە پێ مانوا نی یە نەقصی یاسامان هەبێت لەو بارەیا نەوە، بۆ خۆ شم وا تێگەی شتووم یەعنی بۆ چارە سەر كرد نی كێ شەی گە ندەڵی، تۆ جارێ گەندەڵیە كە را گرە، ئینجا قسە لە سەر ئەوا نەی را بردوو بكەیت، ساڵانی را بردوو و ئێستاش زۆر كەیسی گەندەڵی هەڵدەدەینەوەو باسی دەكەین لە رابردوودا، بەڵام خۆی ئە سڵی گەندەڵیە كە بۆ ئەمڕۆو سبەیش بەردەوامە، بۆیە ئەگەر بتەوێ بەر لەو مە سەلە تەجاوزە بگری، جارێ با بەری لێ بگرین، دوایی هەندێك فایلی رابردوو هەڵبدەینەوە، بۆیە من پێم با شە ئەنجو مەنی وەز یران لە ئا ستێكی باڵای خۆیدا ئاگاداری نامەیەكی راستەوخۆ بنێرێت بۆ سەرۆكی یەكە ئیدارییەكان، بۆ پۆلیس و هەموو ئەو دەزگا پۆلیسیانەی با بڵێین لەو ناوچانە هەنە، یەعنی و ێڕای دەستخۆ شیان لێ بكات كە دە ستیان هەبووە لەوەی نەهێڵن تەجاوز روو بدات، بەڵام ئاگاداری نامەیەكیش ئەوەی تێدا بێت، كە لە كەس قەبول ناكر ێت و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ هەر مەسئوولێكی حكومی دەكرێت ئەگەر تۆز قاڵێكیش ئا سانكاری كرد ب ێت بۆ مەسەلەی تەجاوز، ئێمە پێمانوایە ئەو ئاگادارینامە موباشیرە بە جۆر ێك لە جۆرە كان ئ ینزاریش ب ێت، ئەگەر خوا نەخواستە كەسانێكی حكومی هەبوو بن تەسهیلاتیان كرد بێت لەو رادەگیرێت.

سێ/ ئێ مە خۆ مان دەزا نین تەركی بەی سیا سی و تەركی بەی حز بی و تەركی بەی عە سكەری لە هەرێمی كوردستان چۆنە، هەندێك جار لەوانەیە هێزی پۆلیسی تەجاوزیش، یاخود بەڕێوەبەرا یەتی پۆلی سی هەر ناوچەیەك هێز دەنێرێت، بەڵام كابرای خاوەن نفوز دەسەڵاتی ئەوەندە زۆرە هێزەكە ناحەقی نی یە ئە گەر نەوێرێت، رای بگرێت، یاخود بە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بكات، ئێ مە دەب ینین هە ندێك جار كێ شە لەنێوان هەندێك هۆزو تیرەو عەشیرەت بەداخەوە كە روو دەدات، یاخود كێشەیەك لە ناو چەیەكی د یاری كراو روو

دەدات گوێمان لەوە دەبێت پۆلیس نەیتوانیوە هیچ بکات، ئاسایش نەتوانیوە هیچ بکات، بەلأم هێزی فلاٌنە کەس رۆیشت، یاخود لیوای تایبەتی فلاٌنە کەس رۆیشت حەلی کرد، جا ئەگەر ئێمە موجتەمەعە کەمان کە سانی وای تێدا یە کە دەتوانرێت هێزو لیوای تایبەتی لێ دروست بکرێت و دەسەلأتدار بن، یەعنی مەنتیقی تێدا نییە حکومەتیش نەتوانێت بۆ مەسەلەی تەجاوزو چەندین مەسەلەی تریش هێزێکی تایبەتی بەهێز دروست بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم وێڕای ئەو ئاگادارینامە راستەوخۆ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بچێت بۆ سەرۆکی یەکەی ئیدارییەکان هێزێکی تایبەتی پۆلیسی زۆر بەهێز دروست بکرێت، ئەو هێزە جیاواز لە هێزەکانی تر، یەعنی لە رووی وەرگرتن و تەعین و دامەزراندن و تەدریبەوە هیچ مەوقیعێکی حزبی پێوە دیار نەبێت لە بالأترین دەسەلأتەکانی ئەم هەرێمەش پشتیوانی لەم هێزە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو هێزە بۆ مەسەلەیەکی تەجاوز، بۆ هەر کێشەیەك چوو پشتگیری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، کاك پروانت فەرموو.

**بەڕێز پروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا شاندێ حکومەتێ دکەین پێشیێ ئەز پشتگریا راپۆرتا کاك عمر عینایەت دکەم ب راستی راپۆرتەکا جهێ خۆدا بوو، ئەز دێ تەجاوزاتا تەصنیف کەم دوویا، تەجاوزاتێن دهێنە کرن هاولأتی سەر ملکێ گشتی و تەجاوزاتێن هاولأتی ل سەر هاولأتیان، ئەوا هاولأتی سەر هاولأتیان سەر مە کریستیانا دهێتە تەتبیق کرن ئەڤە دەڤ مە تشتەکێ گەلەك بزەحمەتە بێتە چارەسەر کرن ئەم حەس دکەین چارەسەریا وێ بهێتە کرن یا دی ئەوا هاولأتی سەر ملکێ گشتی دهێتە کرن ئەو ژی دهێتە تەصنیف کرن سەر بەلەدیا ماددی و زیراعە یێ بەلەدیێ سەکەنی و تیجاری موشکیلا سەکەنی فەقیر و زەنگین یان دەسەلأتن یێ مالیێ ژی یێ هاتیە تەصنیف کرن سەکەنی و تیجاری، سەکەنی ژی کنە و تیجاری و مالی ژی کنە، موجەمعات سەکەنی و موجەمعات تیجاری چێکرینە ئەڤە وەکی تەصنیفایە بس چارەسەرکرنا وێ من راپۆرت دا جهانێ وەزیرێ بەلەدیاتێ چەند نوقەتەیەکێت تێدا بەس ئەز هندەکان بێژم لازم نیزامەکا دەقیق هەبیت سەر ئەو خانییێن دهێنە تەجاوز کرن تەرقیم بێنە کرن دا زێدە نەبن، یا دوویێ تەفعیل کرنا قانونا رەقەم دوازدە ئەڤا (2012) ێ ئەڤا هاتیە گرێان ب گوندانڤە و یا ژ هەمیان موهیمتر تەشریع کرنا قانونەکا نوی ئەڤا جهێ رەقەم پێنج (2002) ێ یان تەعدیل ل سەر بهێتە کرن قانونا پێنج (2002) ێ بەس بو سالا (2000) ئەو تەجاوزاتێن دهێنەو کرن بەری سالا (2000) دێ ئێتە تاپۆ کرن و دێ

ئێته چارەسەر کرن ئەوا پشتی (2000) یٚ ناهێته چارەسەر کرن هەر ل وێریٚ ژی موشکیلەکا دی ژی یا هەی ئەڤێت بەریکا (2000) یٚ ژی موشکیلە چییە تەغیر صونف نەچێبوویە چوار ساڵە تەپۆ نەکریە، چونکی صونفیٚ زیراعی نەکریە بەلەدیاتا یان صونفیٚ مالی نەهاڤێتیە سەر بەلەدیاتا، یا ژ هەمیان موهیمتر ئەم تەئکیدیٚ ژ خودانێت مەکاتیبان دکەین کڕین و فرۆتن، چ مەکتەبەك کڕین و فرۆتن تێدا بهێته کرن بێته عقوبە دان یا دیتر (استحداث مدیریە العامة التجاوزات) بەس تابعیٚ وزراەت داخلیە بیت نە تابعیٚ وزارەت بەلەدیات بیت نە تابعیٚ وزارەت زیراعە بیت بەلەدیات بیت و سولتە هەبیت و هەر موحافەزەیەك ژی مدیریەك هەبیت و، سوپاسیا هەوە دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش موداخلەکانم ئەو پرسیارەم هەیە جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ لێرە نییە؟ بەڕێزت ئاماژەت پێدا بە ئامادەبوونی ئەو کە دەسمان کردەوە بو جەلەسە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موڵەتی وەرگرت کۆبوونەوەیەکی هەبوو، بەڵام دێتەوە.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، زۆرێك لە سەرنج و تێبینییەکانم هاوڕیان ئاماژەیان پێدا خاڵی یەکەم لەوەوە دەست پیٚ ئەکەم وەڵامی نوێنەرانی حکومەت بۆ هەندێك پرسیارەکان، خاڵی یەکەم ئەگەر هەنگاو هەیە بۆ چارەسەر و ئەنجومەنێك دروست کراوە بۆ رۆژ بە رۆژ لە زیاد بوون دایە؟ وەك لە راپۆرتی لیژنەی شارەوانیدا هاتووە بەو پێودانگە بووایە ئەبوایە ئەبیٚ رۆژ بە رۆژ لە کەم بوون بیٚ نەك لە زیاد بوون، دووەم، بۆ هیچ ئاماژەیەك بە وەزارەتی پلاندانان نەدرا کە لایەنێکی پەیوەندیدار بێت لە کاتێدا ئەم کێشەیە وەك بەڕێز وەزیری شارەوانی ئاماژەی پێدا کێشەیەکی کونە و سەرجەم حکومەتەکان و کابینەیەك یەکێك لە دوای یەکەکاندا هەبووە ئایا ئەمە ئەوەمان پیٚ ناڵێت تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەخشە و پلان نییە و گرنگی پیٚ نەدارە؟ خاڵی سێیەم ئەو رەخنەیەی کە ئاراستەیان کرا سەبارەت بە جیاوازی ئیجرائات

بەرامبەر بە فەقیر و هەژار و خەڵکی دەوڵەمەند و سەرمایەدار دیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئەو جۆرانەی تەجاوزات کە ئاماژەی پێدرا لە راپۆرتی لیژنەی شارەوانی هەشت جۆر ئاماژەی پێدراوە پەرلەمانتارانیش دوو بۆ سێ جۆر ئاماژەیان پێدا، واتە تەقریبەن دە بۆ دوانزدە جۆر تەجاوزات هەیە دوو جۆریان کە خاڵی یەکەم و هەشتەم لە راپۆرتی لیژنەی شارەوانی ئاماژەی پێدراوە فەقیر و هەژارن سەرجەمی ئەوانی تری دەوڵەمەند و خەڵکی دەست رۆیشتوو قیاس بەوەی کە ئەو ئیجرائاتانەی کراوە زۆرترین بەرامبەر بە فەقیر و هەژار بووە نەك سەرمایەدار و دەوڵەمەند و دەست رۆیشتوو، کۆتا خاڵم بەڕێز کاك قوباد ئاماژەی بەوەی دا کە تەجاوزات هەموو لایەنەکان کردوویانە لێرەوە وەك فراکسیۆنی یەکگرتوو ئەتوانم ئاماژە بەوە بدەم کە بە خوشحالییەوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەشدار نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك تەحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە گەڵ داوای لێبوردن، دیارە کێشەی زیادەرۆیی لە سەر زەوییەکان لە کوردستان کێشەیەکی وەکو بەڕێزان باسیان کرد کێشەیەکی بەرفراوانە، بەڵام تا ئێستاش لە کوردستان خەڵك خۆی بە خاوەنی زەوی دەزانێ نەك حکومەت، یەعنی ئەوەی کە زێدەرۆیی لە سەر زەوییەکان دەکات هێی خۆی دادەنێت ئەوەشیان گرفتێکە و تەوعییە پێویستە حکومەت تا ئێستا نەیتوانی وا بەرگری لە موڵکی خۆی بکاتن، واتە قائمەقام، مودیر ناحیە، سەرۆکی شارەوانییەکان حەتا پۆلیس و ئاساییشیش لە مەوقوفێکی موحریجدان ناتوانن بەرگری بکەن، لە بەر ئەوەی تا ئێستاش حکومەت نەیتوانی هێزێکی وایان بداتێ یان دەسەڵاتێکی وایان پێ ببەخشێ کە بتوانن بەرگری لەو زەویانە بکەن، کێشە تەنها لە بەینی ئەوانە نییە کە زێدرۆیی دەکەن لە گەڵ حکومەت بەڵکو لە نێوان هاوڵاتیان خۆشیاندا ئەم بابەتە هەیە، هەیە زەوی خۆی هەیە و تاپۆیە، بەڵام کەسی تر چووە تەجاوزی لە سەر کردووە تا ئێستاش ئەمە گرفتە لە بەینی هاوڵاتیان کە یەکێکیان خاوەن زەویە تاپۆی هەیە ئەوی تر تەجاوزی لە سەر کردووە من پێم وایە راپۆرتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان موژدەی ئەوەیان دەدات کە جدینە لە سەر چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، بەڵام

وەکو بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەت ئیشارەتی پێدا پێویستە پەرلەمان و دادگاش هاوکار بن لە گەڵ حکومەت و من لایەنەکی تریش ئیزافە دەکەم ڕاگەیاندن دەبێ هاوکار بێت کە لایەنێکی زۆر گرنگە لەم ڕووەوە و مامۆستا مەلا غەریب ئیشارەتی دا مامۆستا بەرێزەکانی ئاینیش دەبێ هاوکار بن لەو ڕووەوە، لایەکی تر ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە خەڵکی ئێمە لە زیاد بووندایە بەردەوام، کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە زەوی تەرخان بکاتن بۆ نیشتەجێ بوون و هەموو خزمەتگۆزارییەکی بۆ بباتن و وەکو نەوروز خانی ئیشارەتی پێدا بە بڕە پارەیەك بە هاوڵاتی بفرۆشێتن نەك بە بەلاش، هەروەها دروست کردنی خانوو یەکەی نیشتەجێ بوون لە قەزا و ناحیە و گوندەکان زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەم تەزەخووم لە سەر شارە گەورەکان کەم بێتەوە و هەمیش خەڵکی کەم دەرامەت بتوانن ببنە خاوەن یەکەی نیشتەجێ بوون، بەرێز وەزیری کشتوکاڵ و حکومەت ئەگەر پشتگیری لە جوتیاران بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك تەحسین کاتەکەت تەواو بوو، سوپاس، بەرێز کاك قادر فەرموو.

**بەرێز قادر ئۆتمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم بابەتە زۆر قسەی لە سەر کرا تەجاوز و دەست درێژی بۆ سەر مۆلکی گشتی وەك بەشێکی زۆری برادەران ئاماژەیان پێدا لە ڕاستیدا بۆ بە شتێکی مەترسیدار و برادەران ئاماژەیان بەوە دا کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوانەی کە تەجاوز دەکەن بەشی زۆریان بەرپرس و خەڵکی دەست ڕوویشتووی ئەم وڵاتەن تەنانەت خەڵکە هەژار و فەقیرەکەش لەپەنای ئەواندا دەیکەن من پێم وایە حکومەت بەر لەوەی کە لیژنە پێك بێنێت کە پێك هێنانی لیژنە کارێکی باشە بۆ ئەوەی لە ئاستی خوار ڕێگری لەو بابەتە بکرێ، بەڵام پێویستیشە لە ڕاستیدا قەرارێك دەرچێ بۆ ئەوەی بەرپرسە هەرە باڵاکانیش کە منارەوا مۆلکی گشتیان داگیر کردووە بە شێوازە جۆراجۆرەکان کە لەوانەیە دەرفەت نەبێ ئێمە لە ماوەی سێ دەقیقەدا ئاماژەیان پێ بدەین بەر لە هەموویان مۆلکی گشتی لە عەمان وەرگیرێتەوە، چونکە ئەمە چەند شێوەیەك هەیە مەسەلەن ئێمە دەتوانین نموونە بۆ بینینەوە کە زۆرێك لە هەندێ لە بەرپرسی ئیداری و سەرۆکی شارەوانی هەندێك تەنانەت گرێبەستی شارەوەی نامەشروعیان هەیە بۆ چوونیەتی بە کار هێنانی مۆلکی گشتی لە گەڵ کۆمەڵە کەسانێك لە ژێرەوە

گرێبەستیان هەیە بۆ بە شێوەیەك لە شێوەكان رێكەوتوون لە ئەنجامی ئەوەی بلێین نەخشەی شارەكە فراوان دەكرێت و من دەتوانم نموونە بێنمەوە كە لە هەندێ شوێن زەوی بۆ خزمەتگوزاری گشتی تەرخان كراوە، بەلآم لە هەمان كاتدا لە ئەنجامی تەغیر و گۆرانكاری لە نەخشەی شارەكە كراوە بە سەكەن ئەمەش بۆ بەرژەوەندی چەند كەسێك جگە لەوە لە كاتی فراوان كردنی نەخشەی شار لە چەندین شار و شارۆچكە دەتوانم نموونە بێنمەوە ئەگەر كات هەبێ بە شێوەی نارەوا، یەعنی زۆر شوێن هەیە كراوە بە سەكەن بۆ بە خاتری بەرژەوەندی چەند كەسێك پێویستە حكومەت لە راستیدا لەمانە بپێچێتەوە بە تایبەتی لەوانەی كە ئەنجامیان داوە بە سەرەرای ئەوەی كە مۆلكی گشتی كە لە لایەن حكومەتەوە، حكومەت حەقی تەسەروفی هەیە لەو مۆلكە گشتیەدا دەبینین كە چ بە شێوی موساتەحە بێ یان چ بە شێوازە جۆراجۆرەكان پالپشت بە قانون ئێمە دەبینین تەنها كۆمەلێك خەلك چەند كەسێكی دیاری كراو لە سنوورە جیاوازەكان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی لە دروست كردنی بەنزینخانە، كارگە، یەعنی نموونەی زۆر لە بابەتەدا هەیە پالپشت بە قانونە، بەلآم بە شێوەیەكی نارەوا بە كار دەهێنرێ من پێم وایە ئەم لیژنەیەی كە ئێستا پێك هێنراوە پێویستی بە كۆمەلێك ئەحكامە بۆ ئەوی پشت ئەستوو بەو ئەحكامە قانوونیانەنە بتوانن روبەرووی ئەم دیاردەیە بێتەوە و ئیجرائات بكات لە لایەك كە هەم ئێمە پێویستمان لە پەرلەمانی كوردستان پرۆژە یاسایەك هەیە من پێشنیار دەكەم كە ئەو پرۆژە یاسایە زوو بكرێتە بەرنامەی كارەوە بۆ مەبەستی گفتوگۆ لە سەر كردنی بۆ ئەوەی لیژنەكە پشت بەست بەو ناوەرۆكی ئەم پرۆژە یاسایە هەلئەستێ و لە لایەكەشەوە ئەو سەرۆكی شارەوانی یان بەرپرسی یەكە كارگێڕیانە كە ئیجرائات ناكەن بە ئەركی خۆیان هەلناسن ئیجرائات و لێ پێچینەوە لەمانیش بكرێت ئەمە سەرەرای ئەوەی كە لە راستیدا كۆمەلە كێشەی زۆ هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش.

**بەرێزقادر ئوتمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر یەك، دوو سانیەم بدرێ ببورە، زۆر كێشە هەیە كە بە نموونە لە سنووری پشتدەر و بتوێن تا ئێستا بە هەلپسێراوی ماوەتەوە كو كێشەی مۆلكایەتییە، كێشەی تاپویە لە نموونەی كێشەی ئەوەی بەستین تەنها ئەوە دەلێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوە باس كرا، دەستخۆش.

**بەڕێز قادر ئوتمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

تەنها یەك وشە مایە، یەعنی كە وەزیری شارەوانییەكان دەڵێ فەترەیەكی زۆرە، یەعنی ناكرێ ئەم كێشەیە یەك لای نەبێتەوە، بەڕێز وەزیری كشتۆكاڵیش دەڵێ راپۆرت ئاراستەی سەرپەرشتی ئیدارەی سەرپەرشتمان كرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو نەجات فەرموو.

**بەڕێز نجات محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یا خۆیایە كو رێژا هەرە زۆر یا زێدەگاڤیا دەرئەنجامێ نەبوونا تەسویە كرنا ئەردی سەرهەڵدەتن دەمەكیدا كو ل دویف یاسا ژمارە دوو فەقەرا سێ یاسایا سالا (2007) ێ كو وەزارەتا شارەوانیێ پێدڤی بوو رابیا ب ئامادەكرن و پێكشكەش كرنا دیراسەتەكێ بۆ روونكرن و دیار كرنا ئەو ئەردێن دكەڤنە ناڤ نەخشێ بنەرەتیێ هەر شارەوانیەكێ كو مەشمولن ب حوكمێن ڤێ یاسایێ ل ماوەیەكێ كو كێمتر بیت شەش هەیڤا ل رۆژا بەركاربوونا ڤێ یاسایێ سەر چۆنیەتی و قەرەبوو كرنا دانێن ئەردی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بكەت و ئەنجومەنی وەزیران ژی سەر رۆشناییا ڤێ دیراسەتێ پرۆژە یاسایەكێ ئامادە بكەت بۆ سەرۆكاتیا پەرلەمانێ كوردستانێ بۆ هندێ بیتە یاسا كو تا نوكە چ نەهاتیە كرن كە چی ل دویف فەرمانا ئەنجومەنی وەزیران یا شەش صەدو یازدە (611) هەیڤا شەش (2014) ێ سەبارەت تەسویە كرنا وان دەڤەرێن كو ئەردێ وان هاتیە تەسویە كرن تەنها ب سێ رێكان دێ هێتە قەرەبوو كرن یان دڤێت گرێبەستا كشتۆكالی هەبیتن یان حەقێ تەسەروفێ و یێ تاپوێ هەبیتن یان ژی سەنەدە پێ هەبیت كە چی ئەگەر ئەرد نەهێتە تەسویە كرن چ ژڤان بەڵگانە نابیتن مەبەستا من ڤێرێ ئەو نابیتن كو ناڤێ دەڤەرەكێ بینن چێ دبیت تاك تاك هەمی دەڤەران هەبیت ئەڤ حاڵەتە لێ پشكا شێرێ لبەر دەڤەرا ئامێدیێ بەر قەزا ئامێدیێ دكەڤیتن كو هەر هەشت شارەوانییێت سنوورێت قەزا ئامێدیێ ئەڤ كێشەیە هەیە و ل ڤێرێ پرسیارا من ئەڤە بۆ بەڕێز وەزیرا شارەوانیێ كا ئایا پلانا حكومەتێ چییە بۆ تەسویە كرنا

ئەردی؟ هەر چەندە جەنابێ وێ ئاماژە پێدا بەس ئەگەر ل دویف ڤێ پلانێ بیتن ب دیتنا من چێ دبیت دەه ساڵێن دی ژی تەسویە خلاس نەبیت، ژبەر هندێ ئەگەر چەند تەسویە مینیت دێ کێشا زێدەروویێ زێدەتر لێ هێت، ژبەر هندێ دڤێت هزر ل میکانیزمەکا دی بهێتە کرن بۆ هندێ ب زویترین وەخت ئەڤ دەڤەرە بێنە تەسویە کرن و نەهێنە مەحروم کرن د پرۆژێن خزمەتگۆزاری، یا دوویێ یاسا ژمارا دوو ساڵا (2012) ێ کو یا تایبەتە ب تاپۆ کرنا خانیاڤە ئەگەر ئەڤ یاسایە کو شارەوانیەك کو وەزارەتا مەعنییە رێنماییێن تایبەت دەرئێخست بان چێ دبیت حەتا نوکە پتریا ئەو کێشێت بۆ نموونە کۆمەڵگەهێت زۆرە ملینە یان ئەو گوندێن کو دکەڤنە سنوورێت شارەوانیادا هاتبا چارەسەر کرن و هندەك ئەردێن وان هاتبا تاپۆ کرن ئەڤ کێشە وەکی پێدڤی نەمابا، سێ، پێدڤی دزانم بەشەکێ تایبەت ب زێدەگاڤیا هەر باژێرڤانیەکێ بهێتە ڤەکرن بۆ هندێ رێگری بێتە کرن، چار، کارا کرنا رۆلێ یەکەییێن کارگێڕیێ دا کو هەماهەنگیێ بکەن دگەڵ باژێرڤانیا بۆ راگرتنا زێدەگاڤیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە من لە گەڵ ئەوە نیم قسە کردن کورت بکرێت سنووردار بکرێت بۆ سێ دەقیقە، بەڵام ئەگەر دوو دەقیقەش مەجالم بدەنێ رەنگە بتوانم قسەکانی خۆم بکەم، چونکە زۆربەی جار قسەکانم رێ لێ گیرا و ماف خۆران، دیارە جۆرەکانی زیادەڕەوی بەڕێز کاك عمر عینایەت روونی کردووە پێویست ناکات من جارێکی دیکە باسیان بکەمەوە زیادەڕوویی یان وێرانکردنی وڵات لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی یاسا و خراپی سیستەمی حوکمرانییەوە دروست بووە زیاتر ئەوانەی کە زیادەڕووی ئەنجام دەدەن بەرپرسانی حکومی و حیزبی و هەندێك سەرمایەدارن و هەروەها ئەوانەشن کە کاتی خۆی لە سەر دەمی رژیمی بەعسدا فەوجییان هەبوویە ئەو مۆلکانەی کە زیادەڕوویان دەکرێتە سەر زیاتر مۆلکی وەزارەتی دارایی و ئابوری و وەزارەتی کشتۆکاڵ و وەزارەتی شارەوانین، بۆیە پێویست بوو وەزیری داراییش ئامادە بوایە هەروەها وەزیری کارەباش، چونکە زۆربەی شوێنەکانیش کارەبایان بۆ چووە، کارەسات لەودایە کە ئەو بەرپرسانەی کە دەبێ رێگر لە زیادەڕەوی بکەن و ئیجرائات بکەن خۆیان بە بڕیار بۆیان تاپو دەکەن من دوو نموونەتان بۆ دێنمەوە لە ناحیەی بێتواتە لە سەرچاوەی سەر بە

ناحیەی بێتواتە بە بڕیارێکی نهێنی و تایبەت بە ژمارە هەزار و نۆصەد و چل و شەش (1946) لە (2008/7/15) بە ئیمزای ئەم سەرۆك حکومەتی ئێستا مۆلکی ژمارە دوو لە سەر سێ کەرتی سی و پێنجی سەرچاوە کە پێ دەوترێ گردی قەسری میراوە شوێنێکی سەفەری و سیاحیە پانزدە دونم و پانزدە ئولکە کە دەکاتە بیست و هەشت هەزار و هەشت صەد (28800) دونم لە سەر عائیەلەیەك تاپو کراوە کە ئەویش یەکێکە لە مەسئول فەوجەکامی رژێمی بەعسی پێشووی دیکتاتور، هەروەها خاڵی دووەم هەر بە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەتی ئیداری پێشووی سلێمانی شوێنی دادگای پێشووی رانیە کە ناو جەرگەی بازاری رانیەدایە کە ئەویش شوێنێکی تیجاریە نێزیکەی هەزار و شەش صەد (1600) مەترە لە سەر کەسێك تاپو کراوە ئەویش هەر یەکێك بووە لە فەوجەکانی رژێمی بەعسی دیکتاتور، خاڵێکی تر هەیە کە باسی بکەم کە ئێستا بووتە جێگای نیگەرانی خەڵکی رانیە و دەوروبەری ئەوەیە کە لە بەینی رانیە سەیری بکەن شوێنێك سیاج کراوە لە لایەن هەر ئەو کەسەوە کە دیارە زۆرن کە شوێنەکان سیاجی بکەن، بەڵام بۆ نموونە دێنمەوە نێزیکەی هەشتا (80) دونم دەوێ بە پێی پێداچوونەوەی کە بۆ تاپو و شارەوانی و هۆبەی کشتۆکاڵیم کردووە کە نێزیکەی دووصەد هەزار (200,000) مەتر دەبێت سیاجی کردووە تا ئێستا کوا حکومەت لە کۆیە کە بتوانێ ئیجرائات بکات و بەدوادا چوونی بۆ بکات لە کاتێکدا ئەم شوێنە شوێنێکی سەفەری و سیاسییە و سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عبد الله فەرموو.

**بەڕێز عبد الله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ کاك عمر عینایەت بۆ راپۆرتەکەی، سەبارەت بە روونکردنەوەی بەڕێز جێگری ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرە بەڕێزەکان شتی باشیان روون کردەوە بە تایبەت جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تێڕوانینی سەبارەت بە واقعیەتی هەرێمی کوردستان کە لە جێی خۆیدایە بە بۆچوونی من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری زیراعە هەر چەند باسی لیژنەی باڵای کرد کە پێك دەهێنرێت پرسیارەکە ئەوەیە لە ساڵی (1991) بە دواوە ئەو گوندانەی کە ئاوەدان کرانەتەوە لە سەدا پەنجای (50٪) رێژەی دانیشتووانی زیادی کردووە جێگەی نیشتەجێ بوون لە گوندەکان نەماوە داوایان ئەوەیە بە شێوازی قانونی لە سەر

**زەوییەکانی خۆیان یان بە شێوازێکی قانونی کە خۆیان ئەگەر پرۆژەیەکی هەبێ لە وەزارەتەوە جێیێ نیشتەجێ بوونیان بۆ دەستەبەر بکرێ، پرسیارێکشم بۆ بەرێز وەزیری شارەوانی هەر چەند لە لایەن هاوکارانم پرسیارەکە ئاراستە کرا بەس وا بزانم جەوابەکە وەرنەگیرا، ئەو کەسانەی کە کارتیان وەرگرتووە بۆ مەسەلەی زەوی تا ئێستا کێشەکانی یەك لای نەکراوتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆرە بەهار فەرموو.**

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی من بەشی زۆری کرا بە تایبەتی لە راپۆرتەکەی بەرێز کاك عمر عینایەت و پشتیوانی لێ ئەکەم، بۆیە قسەکان ناکەم بەس تەنها روونکردنەوەیەکم هەیە کە دوو، سێ جار ئیشارەت بەوە درا کەوا پرۆژە یاسایەك هەیە لێرە سیفەی ئیستیعجالی پێدراوە دیارە ئەو پرۆژە یاسایە ئێمە دوایی ئەوەی کە لیژنەی شارەوانی راپۆرتیان لە سەر نووسیبوو ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئاگاداری ئەوە بووین سیفەی ئیستیعجالی پێدراوە ویستمان کە راپۆرتی هاوبەشی لە سەر بنووسین و بینە هۆلی پەرلەمان لە لایەن بەرێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندیمان پێوە کرا، کەوا ئەوان ئەو پرۆژەیان هەیە زیاتر تەتەوری پێ ئەدەن و هەندێك شتی تر هەیە ئەیانەوێ جێی بکەنەوە و پێیان باشە کە لە رێ مەجلیسی شوراوە بێتەوە ئێمەش لە بەر ئەوەی کە لە وڵاتانی تر تەجروبەیەکی لە جۆرە نەبووە پێمان باش بوو کە لە رێ مەجلیسی شوراوە بێتەوە بۆ لای ئێمە، بۆیە لە ژێر رۆشنایی ئەم رونکردنەوەمان داوا لە لیژنە باڵای زیادەرۆیی لە حکومەت دەکەین کەوا بە زووترین کات پرۆژەکە بگێڕنەوە بۆ لای ئێمە بۆ ئەوەی کاری لە سەر بکەین، چونکە راستە کە یاسا هەبووە بۆ رێگرتن لە زیادەرووی، بەڵام ئەو یاسایانە پەرش و بڵاو بوون پێویستمان بە یاسایەکی گشتگیری مووەحەد هەیە لەم بوارەیەوە وەکو هەنگاوێکی یەکەم بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میوانە بەرێزەکان، ئەندامانی پەرلەمان، لە گەڵ حورمەتم بۆ قسەکانی جەنابی دکتۆرە بەهار بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، لە پەیڕەوی ناوخۆدا نییە ئێمە چاوەڕێی مەجلسی شورا بکەین هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و دەبوایە حکومەت خۆی پەلەی بکردبایە لەوەی ئەو راپۆرتەی بنار دایە، ئەو پرۆژەی بنار دایە و ئەو پرۆژەی ئێمەش بە هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران و بەرێز وەزیری شارەوانی و جێگری وەزیری شارەوانی هەر دووکیان حوزوریان هەیە و هەروەها بو هەماهەنگی لە گەڵ داواکاری گشتی، فەرمانگەی گشتی داواکاری سلێمانی ئامادە کرا بوایە ئەوا تەصەور دەکەم هەموو قۆناغەکانی بڕیوە ئەو پرۆژەی ئەوانیش هەر ئەوانەی ئێمەیە، لە بەر ئەوە من داوا لە بەرێزت دەکەم ئەکتیف بکرێت و بخرێتەبەرنامەی کارەوە و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، زۆر سوپاس، بەرێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز جێگرێ سەرۆکێ حکومەتێ کاك قوباد ئیشارە ب هەماهەنگیێ دا کو پێویستە هەماهەنگی دناڤبەرا پەرلەمانێ کوردستانێ و حکومەتێ و ئەنجومەنی دادوەیدا هەبیت، جارێ ب دیتنا من پڕانیا کێشێن ڤی وەلاتی دزڤرن بۆ نەبینا ڤێ هەماهەنگیێ جارێ پەرلەمانێ کوردستانێ پێویستە هندەك یاسا پەسەند بکەت هندەك یاسا بۆ تەنزیم کرنا ئاکنجی بوونێ هەروەسا رێگرتنێ ل زیادە ڕەوییێ، لێ دیسان پرسیار و گازندە ئاراستەی حکومەتا کوردستانێ یە وەزارەتێن پەیوەندیدار ئەگەر یاسایێن پێویست نینن بۆ رێگرتنێ ل زێدەڕەوییێ ئەڤە نێزیك ساڵەکە وەزیرێن پەیوەندیدار دەست ب کارن، بۆچی حەتا نووکە ئەو پرۆژە یاسا نەهنارتینە پەرلەمانێ کوردستانێ؟ ئەنجومەنی دادوەری ژی دیسان دڤێتن دناڤبەرا ڤان هەر سێ موئەسسادا ئەڤ هەماهەنگیە هەبیت پەرلەمانێ کوردستانێ ژی دیارە ڤێرێ دا خەمسارە وەکو پێویست ب کارێ خۆ یێ چاڤدێریێ نەرابیە، ئەگەر ئەڤ دانیشتنە ژی وەکی هەمی دانیشتنێن دی تنێ ئاخفتن و گوتن بیت بێ بڕیار و بێ راسپاردە بێ کو ئەم ئەنجامێن وێ ببینن ئەز باوەر دکەم ئێدی هاتنا وەزیرێن بەرێز بۆ پەرلەمانی ئەو سەنگیا

خۆ، ئەو گرانیا خۆ نامینیت، ئەز هیڤیدارم هەر حەفتی دوو، سێ وەزیران ئەم ل هولا پەرلەمانی ببینین و ل سەر بابەتێن گرنگێن ڤی وەلاتی ئەم گفتوگۆ و دان و ستاندنا بکەین و ئەو پرۆژە یاساییێن کو ئەو ب گرنگ دبینن بێن هۆلا پەرلەمانی دا کو بێن پەسەند کرن، بۆ هندێ کو رێك ل زێدەگاڤی بێت گرتن دڤێت وەزارەتێن پەیوەندیدار ئەڤ ژ خۆ دەست پێ بکەن پرانیا ڤان وەزارەتا هندەك کەسێن کو تێدا کار ب دەستن، فەرمانبەرن زێدەگاڤیێن گەلەك مەزن ئەنجام داینە و بخۆ ل پشت گەلەك ژ ڤان زێدەگاڤیانە ئەو وەزارەت یان ژی حکومەتا کوردستانێ کو بڤێت رێکێ لێ بگرن دڤێت ئەو بخۆ پێشەنگ و دەست پێشخەر بیت دوو جۆر زێدەگاڤی ل کوردستانێ یێت هەین هندەك ژ ڤان پشتی سەرهلدانێ ژ ئەنجامێ کو پرانیا خەلکێ گوندا قەستا باژێرا کرن و نەبینا جهێن ئاکنجی بوونێ نەچار بوون تەجاوزێ بکەن ئێدە ئەڤانە پێویستە بێنە تەملیك کرن نەتەملیك کرنا وان یا بۆیە سەبەبێ تێکدانا باژێران هەروەسا سەبەبێ تێکدانا ژیانا وان، ل ئالیەکێ دی ئەڤ کەسێن بەرپرس، کەسێن تاجر بۆ بەرژەوەندیێن خۆ گەلەك تەجاوز یێن کرین، ئەگەر ئەز نموونەیەکێ بینم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو بوو کاك علی، سوپاس بۆ جەنابت، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لە قسەکان لە لایەن هاوڕیانەوە کرا ئەوەی ماوەتەوە حەز دەکەم لە چەند خاڵێکدا کۆی ئەکەمەوە، یەکێك لەو کێشە گەورانەی کە بۆتە گرفت لە بەر دەمی هەر دوو وەزارەتی پەیوەندیدار بڕیاری ژمارە نەوەی ساڵی (1975) دا کە لەو بڕیارەدا هەموو ئەو زەوی زارانە کران بە ناوی وەزارەتی مالیەوە کە ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان نەتوانن لە کاتی تەجاوزاتدا سکالای خۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی ئەو مافانەی کە لێیان زەوت کراوە یا خود بۆتە هۆکارێك بۆ زیاد بوونی تەجاوزات لە رێگەی دادگاکانەوە یەك لای بکەنەوە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە تا کو ئێستا، تا کو ئەمڕۆش کە ئێمە گفتوگۆ لە سەر زیادەڕەوی ئەکەین بە ناوی مۆڵەتدان بە دروست کردنی باخەوە، باخی زیراعی مۆڵەت ئەدرێت بۆ ئەو کەسانە کە کارەبای نشتیمانی راکێشن کە ئەو کارەبا نشتیمانیە راکێشا ئەمە خۆی رێگە دانە بۆ بەردەوام نەبە تەجاوزە و بێ دەنگی حکومەت دەردەخات لەوەی کە رازیە زۆمنیەن بەو تەجاوزە، بۆیە پێویستە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان

كه هەر دوو وەزارەت ئێستاش لێرەدا ئامادەن كار لە سەر ئەو خاڵە بكەن بە تايبەت وەزارەتی كشتۆكاڵ، سێیەم شت كە زۆر زۆر گرنگ بوو ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ لێرە بوایە، چونكە یەكێك لەو هۆكارانەی بۆتە زیاد بوونی تەجاوزات لە هەرێمی كوردستاندا ئەوا جێبەجێ نەكردنی ئیجرائاتەكان و بڕیاری دادگایە و ئەو جێبەجێ نەبوونی بڕیارەكانی دادگا بە تايبەتی ئەو سكاڵانەی كە لە لايەن داواكارە گشتییەكانەوە پێشكەش كراون یا خود تەحریكی شەكوا كراوە حەتا كو ئێستا بڕیارە یاساییەكانی جێبەجێ نەكراوە لە لايەن وەزارەتی ناوخۆدا كە ئەمەش ئەبێتە هۆكارێك دیسانەوە بۆ بەردەوام بوونی ئەو زیادەڕوانە، بۆیە پێویست بوو لێرە وەزیری ناوخۆ ئامادە بوایە بۆ ئەوەی قسە لە سەر هۆكاری جێبەجێ نەكردنی بڕیارەكانی دادگا و ئەو تەحریكی شەكوانە بكات كە پەیوەندیدارە بە داواكاری گشتییەوە بۆ جێبەجێ نەكراوە؟ خاڵێكی دیكە كە زۆر گرنگە ئەو نووسینگانەی كڕین و فرۆشتن بە تايبەتی كە لەو ناوچانەی كە باخەكانی لێ دروست ئەكرێ ئایا ئەو مۆڵەتانەی پێیان ئەدرێت لە سەر چ ئەساسێك و ئەو نووسینگانە لە سەر چ ئەساسێكی یاسایی هەڵئەسێن كڕین و فرۆشتن بەو زەویانە ئەكەن كە خۆمان ئەزانین زۆبەری زۆری ئەو زەویانە كە ئەوەتا قسەیان لە سەر ئەكرێت بە زیادەڕەوی كڕین و فرۆشتنی پێ ئەكەن و مافی كەسانی دیكەیە جارێكی دیكە ئەوان بە كاری ئەهێننەوە كە پێویستە ئەو لیژنە پەیوەندیدارە كار لە سەر ئەو خاڵانەش بكات حەتا كو بتوانن لە ئێستادا وەكو چارەسەرێكی ئانی رێگر بن لە ئەو زیادەڕەویانە، خاڵێكی دیكە ئەوەیە كە ئەو گرێبەستانە كە پێویست ئەكات بە راستی ئەو گرێبەستانە بە تايبەتی وەزارەتی كشتۆكاڵ بیخاتە چوارچێوەیەكی یاسایی واوە كە بتوانرێت چی تر بە ناوی كڕین و فرۆشتنەوە بە بیانووی ئەو گرێبەستانەوە جارێكی دیكە ئەو مافانە بە كار نەهێنرێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەو زیادەڕەویانە كە ئێمە بە تايبەتی ئەو باخانەی كە ئێستا هەیە هەمووی لە رێگای ئەو گرێبەستانەوە ئەو زیادەڕویانە لە هەرێمی كوردستاندا زیاد بووە، پێویستە كاری جدی لە سەری بكرێت، هەروەها حەقی تەسەروفیش كە ئەو مافە دراوە بە خاوەن موڵكەكان لە گەڵ لايەنی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاتەكەشی تەواو، باشە سوپاس، خاتوو فەیروز فەرموو.

**بەرێز فیروز طه:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشەكیێ بخێرهاتنا شاندا حكومەتێ دكەم بخێر بێن سەرچاڤا، هەروەسا دەستخۆشیێ ل لیژنێ دكەم بۆ ئامادەكرنا راپۆرتێ و، پشتەڤانیا ئاخفتنێت كاك دكتۆر فرستی دكەم نیسبەت وەرگرتنا ئیجرائاتا و رێگری ل تەجاوزاتا بێتە كرن، بەرێز سەرۆكی پەرلەمانی گەلەك ئاخفتن هاتنە كرن من لێرەدا دوو پرسیار هەنە پرسیارەك بۆ وەزیرا شارەوانیێ كە ل (7/3/ 2014) من پرسیارەك ئاراستەی وەزارەتێ كر ب رێكا سەرۆكاتیا پەرلەمانی و ل (7/22/ 2014) هاتە ئاراستە كرن بۆ وەزارەتێ ئەو ژی برِیارا پەرلەمانێ كوردستانێ یا ژمارە پێنج بوو ل سالا (2002) كە هەمی ئەو خانی یێت تەجاوز دروست بووینە كە بێنە تاپو كرن، بەلێ هەتا نووكە لە سنووری شاروانییا ئاكرێ ژمارەكا خانیێ تەجاوز ماینە، لە (2015/1/18) وەلاما وەزارەتێ گەهشتە دەستێ من، ئەوی ژی سێ خالە، یا ئێكێ/ هەمی ئەو خانییێت هاتینە ئەوێ تەجاوز دروست بوون هاتینە ڤەرەبوو كرن ب زەڤییا، بەلێ ئەز دبێژم ل سنوورێ شارەوانیێ ئاكرێ زۆر خانی ماینە، بە تایبەتی ئەڤێت دەكەڤنە سەر جاددە و جهێت خزمەتگوزاریی، حەتا نووكە وەكو پێدڤی ئەو خزمەتگوزاریی ناهێنە پێشكەش كرن بۆ باژارێ ئاكرێ، یا دووێ/ پرسیار دكەم ئەو پرۆژە یاسا ئەوە وەزارەت و شارەوانیێ دروست كری، بۆچی هەتا نووكە نەگەهیشتییە پەرلەمانی كوردستانێ؟ ئەڤە تەقریبەن هەیڤەك و هەشت رۆژێت مانگەكە ببێتە سێ حەفتە وەختی ئەمن ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابی وەزیری كری یە، هەر وەسا من پرسیارەكی دیا هەی ئاراستەی بەرێز وەزیری كشتوكالێ دكەم، لە (2015/3/2) چەندین پرسیار من ئاراستەی وەزارەتێ كربوون، گەلەك جوابی وان پرسیارا من وەرنەگرتینە، لە دیڤ پەیرەوی ناوخۆیێ پەرلەمانی كوردستانێ كە دوو حەفتیا ئەو وەلامێت پرسیارا بگەنە دەستێمە، زۆر سوپاس.**

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، خاتوو پەروا علی، فەرموو.**

**بەرێز پەروا علی حەمە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حكو مەتی هەرێم دە كەم، بەخێربێن، سەر چاو. زۆر ێك لە ق سەكانی من بەرێزان ئیشارەتیان پێدا، ئەوەی كە من دەمەوێ قسەی لەسەر بكەم لە راستی دا ئەوەیە خۆشحالێن بەوەی كە لیژنەیەكی پەیوەندیدار دروست بووە بۆ مەسەلەی تەجاوزات، پرسی تەجاوزات، بەلام ئا یا ئەو لیژ نە بەرێزە تا چەند پلانیان هە یە لە ئێ ستای دە ست بەكاربوونیان ئەو لیژنە یەوە هەتاوەكو كۆ تایی خولی كابینەی هەشت بگە نە چ ئا ستێك؟ بە چ رێژە یەك كارەكا ن یان ئەنجام بدەن؟ ئا یا پلانێكی مو حەددەدیان**

دا ناوه بۆ ئەوە؟ یان بەدا خەوه وه کو هەموو ئەو کابیـنەکانی پێ شوو ئەو پلانا نەی کە دادە نرێ لە کابینەیە کەوە بۆ کابینە یەکی تر دەگوازرێ تەوە بێ ئەوەی کاری لە سەر بـ کرێ؟ ئەوە یەکێ کە لە پر سیارەکانم، تا چەند ئەوان پلانە کەیان بەو شێوەیە وەرگر تووە؟ بەرِ ێزەی چەند ئیـ شی تـ یا بـکەن؟ حاڵەتێکی تر کە قسەی لەسەر کرا ئەوەیش مەسەلەی ئەوەی کە حەوت سەد سکاڵا هە یە، بەڕێز وەز یری کشتوکاڵ ئیشارەتی پـێدا، کە ئەوە ندەی بزا نرێ ئەو حەوت سەد سکاڵایە ز یاتر تایبە تە بە ناو چەکانی گەرمیان و سلێمانی، ئایا تا چەند ئەوە ئیجرائات دەکات؟ هیوادارین ئیجرائاتێکی جددی بێت، بۆ شارەکانی تریش هەمان ئیجرائات بکرێتەوە، یەکێکی تر لەو شتانەی کە زۆرێك لە بەدا خەوە جاران زۆر بەی ناو چە کشتوکاڵییەکان لە ڕژێمی بەعس دا دەکرا بە موجەمەعی سەکەنی، بۆ لـێدانی هەم بواری کـشتوکاڵی، هەم مەسەلە سیاسییەکە، بەڵام ئێستاش بەڵێ زۆرجار پلان یان ماستەر پلان کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە بەدا خەوە زۆر ێك لە ناو چە کـشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەی نیـ شتەجێبوون دە کرێ، کە بەڕێز وەز یری شارەوانیش ئیشارەتی پێدا، بەڵام هەندێك شت هەیە لەوانە وەك نموونەیەك ناوچەی بەکرەجۆ یەکێکە لە ناوچە کـشتوکاڵییەکان، بەڵام دەبـینین فرِۆکەخا نەی تـ یا کراوە، بووە بە ناو چەیەکی نیـشتەجێبوون، لە هەمان کات دا پرۆژەی هەواری شار لە ناو چەیەکە کە بە ناوی دۆ لەڕووت، ئەوە یەکێکە لەوا نەی کە هیوادارین ماستەر پلان لە ئاستی پێویست دا بێت، حاڵەتێکی تر هە یە بەدا خەوە کە زۆر بەی هەموومان ئێ مە هەر لە بەڕێز جێ گری سەرۆکی حکومە تەوە هەتا وە کو ئێ مەش وەك پەر لەمانتاران، هەموو هیوا خوازین و هەموومان داوا دە کەین، یەعنی پێموا یە ئەی کێ بـێت ئیجرا ئات بـکات؟ هەموومان هەر داواکار یمان هە یە، لە گەڵ ڕِ ێز و خۆشەویـ ستیم بۆ هە ندێ با بەت، لەوا نە/ بەکارهێنانی میـز بەری مزگەوتەکان، ئەوە (tool)ێکە لە (tool)ەکانی هەڵمەتی هۆ شیاری بۆ پرۆژە یەك، نەك ئێـمە کە بزانین حکومەت کۆمەڵێ یاسا هەیە، کۆمەڵێ بڕ یار هە یە، لە زوعـ فی جێبەجێ کرد نی بڕ یار و یا ساکان دا پەنا دەبرێ بۆ کۆمەڵێ بواری تر، کە هەموو ئاوا دەکەین وەك ئەوەی وتم، زۆرێك لە شوێنەکانی تۆ کە ئەوان بۆ خۆیان بۆ هەڵمەتی هۆشیاری دادەنرێن، ئەوان ئیشەکانمان بۆ بـکەن، هـیوادارم ئەو کەم تەرخەمیـ یە، یان ئەو کەمییە لە جێبەجێ کردنی یاساکان لەلایەن حکومەتەوە، ئەوە بچێتە بواری جێبەجێ کرد نەوە، یەك خاڵی تر ئەوە یە کە بەدا خەوە ئە گەر بەو شێوەیە بڕوات ئێـمە هەموو پەر لەمانتاران وا بـکەین، تەنیا نوشتە و دوعا دەمێنێ کە پەنای بۆ بەرین، هیوادارم بەو شێوەیە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆش، بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت سەرۆکی لیژنەی تەجاوزاتە، پێویست بوو بەڕێزت مۆڵەتی پێ نەدەی، هەر لە ئێستاوە خەڵك ڕەشبینە، لەبەر ئەوەی کە هۆڵەکەی چۆڵ کرد، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو کۆبوونەوەیە بەرەنجامێکی وەهای نابێت، یەکەم/ من لەگەڵ تەواوی ڕاپۆرتەکەی بەڕێز کاك عەمری حاجی عینا یەت دام، دەستخۆشی لێ دەکەم، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەم وڵاتە لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە بەڕاستی داگیر کراوە، سێیەم/ زەوییە تەلبەندەکان، تا زەوییە تەلبەندەکان بمێنن وەزیری زراعە، وەزیری شارەوانی، جێگری سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی حکومەت کاتێ کەوا سەردانی شارەکان دەکەن و ئەو تەلبەندانە هەیە، دەبێ چۆن بڵێین ئەو حکومەتە شکۆی هەیە، فەلاح نرخی هەیە، زەوی کشتوکاڵی نرخی هەیە، دابین کردنی ئابووری ناوخۆ لەسەر خۆمان دا لە ستراتیجییەتی ئێمەیە؟ خاڵێکی تر/ زەوییەکانی بەستەسێن و تووەسووران کارتیان هەیە، وەکو باقی موجەمەعەکانی تر پێویستە بەڕاستی ئەو لیژنەی کە پێك هێنراوە لە وەزیری شارەوانی و لیژنەی ناوخۆ، بە زووترین کات کێشەکەیان چارەسەر بکەن، چونکە شەڕ ڕوویداوە، پۆلیس بریندار بووە، خەڵك بریندار بووە، ئەوە حەقێکی خۆیانە، بە نیسبەت زەوی حەقی تەصەروفەوە، کە بەڕێز وەزیری شارەوانی ئاماژەی پێدا و تی ئەوانە قەرەبوو کراونەوە، لە سنووری قەڵادزێ خەڵکانێك هەیە سەدان ساڵە زەوی بە دەستەوەیە، بەڵام نە تەملیکی هەیە، نە تاپۆی هەیە، بە ناوی ماستەر پلانەوە زەوییەکان کەوتۆتە ناو ماستەر پلانی شارەکەیەوە، نە قەرەبووی عەینی، نە ماددی نەکراونەتەوە، لەوانە گوندی سەرکەپکان و باقی گوندەکانی تریش، ئەوەش بەڕاستی زوڵمێکە لەو مەنتیقەیە کراوە، گەڕانەوەی بارەگای حیزبییەکان، ئەوە خاڵێکە، پرسیارێکە لە زەمانی دکتۆر بەرهەمەوە ئەم لیژنەیە پێك هێنراوە، حیزبەکان خۆ یان عەرقەلەن لە بەردەم ئەوەی کەوا بارەگاکان، شوێنە گشتییەکان ناگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆیان، لە کاتی حەملەی ئینتیخابات هەزاران پارچە زەوی دابەش کراوە، زەوی بۆ بازرگانی کردن بەکار هێنراوە، بەڵام دواتر هەر ئەوانە زەوییەکانیان لەسەر تاپۆ نەکراوە، کەسی وا هەیە حەز دەکەن ناوەکانتان پێ دەدەم، بە ناوی کادیری پێشکەوتوو، بە ناوی ئاوارە، بە ناوی جێگری وەزیر سێ پارچە زەوی وەرگرتووە، مامۆستای واش هەیە (30) دانە ساڵە لەو وڵاتە قیتعەیەك ئەرزی پێ نەبەخشراوە، بەشێکی زۆر لە شوێنەکانی تر تاپۆ نەکراون، نازانم وەزیری شارەوانی چ چارەسەرێکی پێیە بۆ تاپۆ کردنی خانووەکانی سەید سادق، هەڵەبجە، قەڵادزێ، ڕانیە، دهۆك، زاخۆ، شوێنەکانی تر؟ خاڵێکی تر/ بۆ گرنگیدان بە جووتیاران، بۆچی هەوڵ نادرێ (23) ساڵە کارگەی میوە، کارگەی سرکە، ئەو شوێنانەی کەوا کارگەی........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش د. شوان، باش بوو قسەكانت تەواو نەكردبوو بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەت تەشریفی هێنا یەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، بەشێكی قسەكانی جەنابتی گوێ لێ بوو، بەلآم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پرسیارێك لە بەڕێزتان دەكەم، تەبعەن لە دانیشتنی سەر لە بەیانی هەموو ئەندامانی پەرلەمان كە ناویان نووسیبوو لە لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان قسەیان كرد، ئەوان زیاتر لە هەموو ئەندامانی تری پەرلەمان و لە ئێمەش دەستەی سەرۆكایەتی ڕەنگە باشتر ئاگایان لە دۆخی زیادەڕۆیی بێ لە هەرێمی كوردستان، من پرسیارێك لە ئێوە دەكەم، ئایا ئەم قسانەی كە ئێمە لە دوای نیوەڕۆ دەیكەین هەر لە قسەكانی بەڕێز د.شوان كە من بە دەق دەزانم كە هەندێكی دووبارەی قسەی ئەو برادەرانە بوو كە نوێنەری ناوچەكانی ڕانیە و قەلآدزێ بوون، ئایا قسەكان زۆربەی هەرە زۆری دووبارە نییە؟ یەعنی باشتر وایە ئەگەر قسەیەك پێشتر كراوە ئیتر نەكرێتەوە، خۆ قسە بۆیە دەكرێ بۆ ئەوەی بگەیێنرێ، پەیام بگەیێنرێ، پرسیار بكرێ، بەلآم ئەوە لیژنە دروست بووە بۆ ئەوەی چارەسەری بكات، پرۆژە یاسایەك هەیە بۆ ئەوەی ئەم دۆخە چارەسەر بكات، ئەوە باشترە ئیشی لەسەر بكەین، وەك لەوەی كە هەموو ئەندامانی پەرلەمان قسە بكەن، بەڕێز كاك سوهراب میكائیل، فەرموو.

**بەڕێز سهراب میكائیل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یادیارە كو تەجاوزات سەرانسەرێ هەرێما كوردستانێ گەهیشتە گوپیتكی، ئەڤە شك تێدا نینە، وەك نموونە دبێژم بەحسی شیلادزێ، تاخی سەرهەلْدان، تاخی شەهیدان، تاخی ترێژانێ، ناڤبەرا شیلادزێ، سیریێ، هەردوولا جاددەی، شیڤ چنارکێ و دەوروبەرێت وێ، بانك و دەور و بەرێت وێ ئەڤە هەمی ئەردی زراعی بوو، خەلْكەكی بۆ خۆ كار تێدا كر، هەمی بوونە پارچێت ئەردی هەمی هاتن دابەش كرن، بارا پترێ ئەو خەلْكی وان ئەوێن كو ب كار دئینا ئەردێ وان ژێ مەحروم بوون و هندەك بەرپرس و ئەو بۆ خۆ گەهشتن ئامانجێت خۆ، بینایەت و ئەردێ تەعاونیا شیلادزێ د وەختیدا یێ بەرفرەه بوو نووكە هەمی یێن بوویینە پارچە زەوی یێت هاتیە دابەش كرن و یێت دهاتیە فرۆتن یا ل شێلادزێ دبیت من باوەرا ژ ئەردا نابیت، یەعنی تشتەكێ عەجیب و غەریبە هندەك سەد ژ سەدێ (100٪) دهێنە قەرەبوو كرن هندەك هەشتێ (80) هندەك سێزدە (13) هندەك دوانزدە (12) هندەك سێ (3) حەتا هندەكا چ قەرەبوو بۆ نینە بەلكو ئەردێ وان ژی چیتن و هندەكێن دی پتر پێ خۆش دبن چێ دبیت ئێكێ بیستانەك هەبیت بچویك بهێتە قەرەبوو كرن، چونكە بەرپر سەكە، بەرپر سەكێ حیزبیە یان یێ حكومیە بەرامبەری وێ دێ پار چە زەوییەكێ دەنێ روكن و جهەكێ تیجاری و دویف چوون و ناڤ و رەقەم لبەر دەستێن مە هەنە، پرسیارێن من ژ میهڤانێت مە یێن بەرێز ئەڤەیە، ئەگەر ئیجرائات هەبن ئەرێ ئەو دشێن ڤان ئیجرائاتا بكەنە كریار دەرحەقێ ئەو كەسێن تەجاوزاتا دكەن و هەروەسا ئەوێت دبنە هاریكار ئەو كەسێت تەجاوزاتا دكەن؟ چونكی نە بەس ئێكە تەجاوزێ دكەت ئێك رێكێ ددەتێ رێكێ بۆ خۆش دكەت هاریكار دبیت حەتا وان

تەجاوزا دکەن، هەروەسا ئاخفتن هاتە گوتن کو گەلەك ئیجرائات وەرگرتینە، بۆچی ل موحافزا دهۆکێ ئەم وان ئیجرائاتا نابینین؟ تایبەت شێلادزێ، پر سیارا من ئەڤە یە، ئەو د شێن ڤان ئیجرائا تا درە حەقێ وان کەسان بکەن ئەوێن شێلادزێ ئەو تەجاوزات کری؟ من پێ خۆشە ئەگەر بەرسڤا مە هەبیتن، هەورەسا هاتە گوتن کو هندەك تەجاوزات ڤێگافێ خانینە خەلکەك یێ تێڤە نەشێن عەیالێن وان بپاڤێنە سەر شارعی ئەز دبێژم نووکە ژی وەختێ یێ فەقیر بیت لاندکا وی ژی دهاڤێنە سەر شارعی بەری ئیسبوعەکێ ئەڤ چەندە ل دهۆکێ رویدا راستە هندەك کەسن خودان هێزن ئاریشە نە دو یَریٚ دا یە کو لا یەنێن ئیداری دە سەلات نینە ئەز بێژم بەروڤاژی ڤێ چەندێ لایەنێن ئیداری بارا پترێ هاریکارێن ڤان مرۆڤێن خودان هێزن مو ڤان تەجاوزاتان بکەن یان ژی چاڤێن خۆ لێ دنقینن ئەگەر رێکێ بۆ خۆش نە کەن، دەستخۆ شیێ ل بەرێز وەزیری کشتۆکالێ دکەم سەرەدانێن وی یێن مەیدانی بۆ گەلەك دەڤەران داخازا مە ئەوە دە مەکێ نێز یك و جارەکا دی ژی من ئەڤ دا خازە کر بوو سەرەدانا دە ڤەرا شێلادزێ بکەت ئاریشێن ڤان ببینیت ئاریشێت تەجاوزاتا ئاریشێت کشتۆکالێ و ئەو جهەکێ وەسا مخابنە هوسا بچیت و ل دویماهیکێ ئەز دبێژم مە باوەرە دەمەکێ بەس پیچەکێ دویر ئاریشا تەجاوزا دێ چارەسەر بیت نە ژ هندێ کو دێ ویژدانا هندەکا ساخ بیتن یان ژی ژ ترسا یاسایێ و ئیجرائاتا بەلکو چ جهـ نامینن تەجاوزاتا ل سەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خاتوو ئاواز حمید، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز حمید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی کە من دەمەوێ بیکەم زۆر پەیوەندی بە تەجاوزات نییە، چونکە قسەکان هەموو کراوە، ئەو قسەی دە مەوێ بیکەم با سی ئەوە یە کە ناو چەی زۆر هەن کە کێشەی زۆر یان هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە و لە زیادبوون دا یە، حکو مەت تا ئێستا ئاوڕی لێ نەداوە تەوە، بۆ نموو نە مەنتیقەی سۆران، هاولاتییان چوار ڕۆژ جارێك بۆ چەند سەعاتێك ئاویان هەیە، سەردانی هەندێ.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئاو پەیوەندی بە مەسەلەی تەجاوزات نییە کە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز ئاواز حمید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەڵێ، سەردانی هەندێك دەوائیری ئەو مەنتیقەم کرد، کێشەکانم لای خۆم تەئشیر کرد، ئەو کێشانە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی هەبوو، پەیوەندیم بە مەکتەبی وەزیری شارەوانی کرد بۆ بینینی وەزیر، بەلام بەداخەوە ئەوە سێ مانگە مەجالی نەبووە کە ببینم و باسی ئەو کێشانەی بۆ بکەم، بەلام دیارە گوێ لە کێشەکانی مەنتیقەی سۆران ناگیرێ، لە بەر ئەوە تا ئێستا هیچ شتێکی وا یان بۆ نەکراوە وە کو هاوولاتیانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالله جاسم، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئاخافتنا من هەمی هاتنە کرن، لای نەجات خانی و کاك سەهراب میکائیل، بتایبەتی ئەڤێت موتەعەلیقە بە دەڤەرا ئامێدی و شیلادزێ، ئەز پشتگیری ئەوە دەکەم، سوپاسی ئێوە دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك محمود، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان شاندی حکومەتی هەرێم.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

بێگومان ئەوەی لای من گەلاڵە بوو، هەر لە بەیانییەوە ئەم جەلسەیە بۆمان دەرکەوت کە لە کوردستان دوو جۆر زیادەڕۆیی هەیە، کە لەلایەن دوو شەریحەی موخالیف بەیەك ئەنجامدراون و دەدرێن، کە هەردووکیان بە زۆری دەچنە خانەی داگیرکارییەوە نەك تەجاوز، تەجاوز ئەوەیە بە سەنتیمەتر یان چەند مەترێك لەبەردەم ماڵی خۆت، یان لە شوێنە گشتییەکان بکرێ، بەڵام ئەوەی دەکرێ لێرە تەنها و تەنها داگیرکاری زیاتر هیچ پەیوەندی بە تەجاوزاتەوە نییە، ئەو دوو شەریحەیەش یەکێکیان ئەو خەڵکە باڵادەست و خاوەن کۆمپانیا و بەرپرسانەیە کە بۆ تیجارەت و دەوڵەمەندبوونی ناشەرعییانە کە ئیستیغلالی زەوی شارەوانی و کشتوکاڵیان کردووە، شەریحەی دووەمیش خەڵکە هەژار و بێ سوکنەکەیە کە لەبەر بێ شوێن و ڕێگە، لە پێناو چارەسەری نوایەك بۆ ماڵ و مناڵیان پەنایان بۆ بردووە، تەجاوز بەمانای کەلیمە ئەوەیە کە باسم کرد لە سەرەتاوە، بە چەند مەتر و چەند سەنتیمەترێك دەکرێ، ئەوەی لێرە دەکرێ بە هەزاران دۆنمە، ئەوەی کە کاك عمر لە ڕاپۆرتەکەی ئیشارەی پێدا، جەنابی کاك قوبادیش تەئکیدی کردەوە، ئێمەش قسەی لەسەر دەکەین، دوو، سێ شتە، واستە و واستە، واستە و ڕوودار و بێ ڕوویی، ڕەشوە و چاوپۆشی لێ کردن و دەعم کردن بە خزمەتگوزاریی، سێ هۆکاری سەرەکین بۆ ئەو تەجاوزییە، بۆ ئەو موخالەفانە، بۆ ئەو داگیرکەریانە، لە هەموو حاڵەتێك دا خەڵکی هەژار باجەکەی دەدا، جگە لەو هۆکارانەش، ڕاگرتنی زەوی

نیشتەجێبوون بێ ئەوەی بەدیل هەبێ، زۆربەی ئەو زەویانەی کە دا بەش کراون نارێکی تێدابووە، چونکە فرۆشراون، لە بری ئەوەی بکرێن بە سەکەن بۆ خەڵکی بێ سەکەن، زەوی کشتوکاڵی ئەو زەویانەی کە جووتیار دڵی پێ خۆش نییە، بۆ؟ چونکە بە هەند وەرناگیرێ، مەعقول نییە، مەسەلەن بۆ نموونە لە پارەوە تاوەکو ئێستا پارەی گەنم نەدراوە، یەعنی دوای ئەوەی یەك ساڵ جووتیار دروێنە دەکات پارەی گەنمەکەی نادرێ، بۆیە ناچار دەبێ پێی بکرێ زەوییەکەی بە دۆنم بفرۆشێ، بۆ ئەو زەوییانەی کە ئەمڕۆ نزیك لە شارەکان و هاوسنوورن بە شارەوانی و خاوەکانیان یان ئەوانەی تاپۆیان هەیە وەکو بەگزادەکانی جاف لە گەرمیان، کە هەم بۆ خۆیان توانا و تاقەتی کشاوەرزی کردنیان لێ نییە، هەمیش بۆ حکومەت دەعمیان ناکات، بۆیە ئەوە بە باش دەزانم بە دۆنم بیفرۆشن، فرۆشتنەکەش بەرپرسان و دەوڵەمەندان دەیکڕن و دەکرێتە خانوو و ڤێلا و تەلبەند دەکرێن، لەوەشیان دا فەرق و جیاوازی کراوە، بۆ نموونە دەست ڕۆیشتنی چاوپۆشی لێ دەکرا و لیژنەنا چێتە سەری، فەقیرێك و هەژارێك چاوپۆشی لێ ناکرێ و خانووەکەی بەسەردا دەڕووخێنرێت، لەسەر زەوی شارەوانی کۆمەڵێك گەڕەك لە کەلار دروست کراون، بڕواتان هەبێ ناوی وای لێنراوە، زۆر سەیر و سەمەرەیە، زیاد لە حەوت گەڕەك لە کەلار دا دروست کراوە کە سێ هەزار ماڵ دەبێ، ئێستا ئەمری واقیعە کە تۆ دەبێ تازە هیچ چارەسەرێك نییە بەدەر لەوەی تەنها و تەنها خزمەتگوزارییان بۆ بکەی، چونکە بەشێك لەوانە ئێستا بازاڕ و دوکان و سوپەرمارکێتن، ئاوی سیروان کە یەکێك لەو شوێنانەیە لەجیاتی ئەوەی ژینگەی بپارێزرێ، هەر هەمووی لەلایەن شۆفل و حەفارەوە، زیاد لە (10) کەس لەو شوێنە خنکاون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەستخۆش کاك محمود، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا یەکم هەیە لە بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت، خۆزگە گوێم لەوە دەبوو یەك تاریخێکی دیاریکراوی دابنابایە ئەگەر ساڵێکیش بێ من هەر مەمنونم، تا ساڵێك ئەم وەختە بە چەند داتایەکەوە بهاتایە، کە کۆمەڵێ ئیجرائاتێکیان بکردایە، بەوەی دڵی ئێمەی پەرلەمانتار و خەڵکی تریش خۆش بوایە، من دیمەنێکم بینی پێشمەرگەیەك کە لە واجیب بوو هاتەوە، لەگەڵ هاتنەوەی دوای ئەوەی (15) ڕۆژ لە دەوام بوو، کە هاتەوە خانووەکەی ڕووخابوو، خۆی و ژنەکەی لە ناو خانووە ڕووخاوەکە دانیشتبوون، یەعنی پێشمەرگەیەك ئەوە حاڵی بوو، کەچی ئەم هەموو دیمەنە دەبینی لەسەر ئەو هەموو جادده و بانە کە تەجاوزات کراوە، بەڵام ناعەدالەتییەکی زۆر دەبینێ لە ئیجرائات دا، من پرسیارەکەم لەوەیە جەنابی وەزیری شارەوانی لەوە دەچێ شەش تەلەفۆنمان بۆی کردبێ بە شەش نامەوە، تەنانەت لە خۆی ڕا نابینێ جوابی یەك بەڵێ یەکیش بداتەوە بڵێ لە ئیجتیماعیشم، دوو پەرلەمانتار لێرە ڕۆیشتوونە، نزیکەی یەك سەعاتی ڕێك لە ئیستیعلامات دانیشتوونە، وتوویەتی لەبەر ئەوەی مەوعیدتان نەبووە، ئەگەر پەرلەمانتار

نەتوانێ موقابەلەی وەزیر ێك بكات، ئیتر لێرە حە صانەی بۆ چییە پەر لەمانتار؟ من نازانم ڕێزەكە لە ئێمەوەیە یان لەوانەوەیە كە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ؟ باسەكەم لەوەیە ئەگەر من وەكو پەرلەمانتارێك خەمی خەڵكم بێ و لەگەڵ وەزیردا بمەوێ كێشەكە چارەسەر بكەم، وەزیر جەوابی من نەداتەوە، من چ ئیجرائێ بكەم لەگەڵ وەزیردا؟ ئەو تەجاوزاتانەی كە دەكرێ لە دوو شت دایە، ئەو ماستەر پلانەی كە دەردەچێ بۆ شارێك، گوندەكانی تێكەڵاو دەبێ، بۆ گوندەكان جەنابی وەزیر باسی كرد جارێك، لەو گوندانە خەڵكی گوندەكە دەتوانن بۆ خۆیان تەجاوز بكەن، بەڵام لە بەینی گوند و ناو شاردا لەوێ ئیختیلاتێك هەیە، لەوێ ئەو سنوورەی گوندە لەگەڵ ناو شاردا تێكەڵاو دەبێ، زۆربەی تەجاوزاتەكان لەوێ یە، من پرسیارەكەم لە بەڕێز وەزیری شارەوانی یە، غەیری ڕوو خانی یەك گەراجێك لە ڕێی مە صیف لەو كاتەوەی تەجاوزات دەكرێت چەند ئیجرائ یان كردووە؟ یەكێك لەو بەڕێزانەی كە لجنە بووە، بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، لیجنەی ئەمنی بووە چووە بۆ شوێنێك خانوو بڕووخێنێ، خانووەكە هی مە سئولێكی عە سكەری یەك لەلایەنەكان بووە، یەك مەفرەزەی سێ سەیارەیی بۆ ناردووە، بەس خوا نەیكوشتووە، یەعنی بە هەزار قول وەڵلا لەبەر دەستی نەجاتی بووە، ئێ كابرا لەو كاتەوە تا ئێستاكە وازی لەو ئیجرائاتە هێناوە، بیست تەلەفۆنی بۆ كراوە، وتوویانە بۆ یەك شوێنی تر بڕۆی دەتكوژین، ئیتر كام لجنەی ئەمنی هە یە جێگری سەرۆكی حكومەت كە دڵی ئێمەی پێ خۆش بكات؟ بڵێت ئا ئەم لجنە یە دە سەڵاتێكی ئەمنی هە یە، هیچ قوەتێكی عەسكەری و حیزبی لەبەری ناوەستێ، من سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێزان وەفدی حكومەت.**

دیارە من لێرەوە دەستخۆشی لە بەڕێز كاك عەمر عینا یەت دەكەم بۆ ئامادەكردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەڵام دەبوایە ڕاپۆرتەكە زیاتر گشتگیرتر بوایە، سەرجەم شار و شارۆچكەكانی تری بگرتبایەوە، چونكە ئەم بابەتە زۆر گرنگە، زۆر حەساسە، بابەتی زیادەڕۆیی نەك هەر تەنها لە ناوچەیەك و شار و شارۆچكەیەك، دیارە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان دیاردە یەكی زۆر زە قە، وەك هەڤاڵانم باسیان كرد، دیارە دەبوایە بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆش لێرەبان، چونكە زۆر بابەت هەیە پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ هەیە، هەروەها جگە لەوەش وەزیری دارایی مەعنییە بەڕاستی بەو بابەتە، بەتایبەت كۆمەڵێك موڵك هەیە موڵكی وەزارەتی دارایی یە، وەك لەوەڕگاكان و بەردەڵانەكان، كە زۆرجار كێشە و گرفتی زۆر گەورە و زەقی لێ دەبێتەوە، بەڕێزان دیارە كێشەكان ئەوەندە گەورە و زەقن لای هەموو خەڵك ئاشكرا و ڕوونن، بەڵام بەداخەوە تاوەكو ئێستا پلانێك نەبووە بۆ بەرگری كردن لەو دیاردەیە، نموونە زۆرن، لە دانیشتنەكانی

ڕابردوو مان پر سیارمان ئارا ستەی بەڕێز وەز یری ک شتوکاڵ کرد لە سەر ئەو زیادەڕۆییا نەی دەکر ێت، بەتایبەتی لە ناوچە گەشتیارییەکان و لە ناوچە زراعییەکان، کە هەمووی تەلبە ند کراوە، زۆر لە ناو چە زراعییەکان هەیە دەکرێت بە یەکەی نیشتەجێبوون، هەروەها زۆر شوێن هە یە لە ناو چە گە شتیارییەکان تەلبەند کراوە، شوێنێك نەماوە بۆ گە شتیاران کە ڕووی تێبکەن، جگە لەوەی ناو چەیەکی فراوان دا گیر دەکرێت، بە ناقانونی بیریشی لێ دەدرێت، بە تایبەت سنووری شەقڵاوە کە زۆر لە برادەران باسیان کرد، کە ئەو ناو چەیە بەڕا ستی لەلا یەن کۆ مەڵێك خەڵکەوە بە شێکی زۆری داگیر کراوە و تەجاوز کراوە، هەر بە ناقانونیش بیری لێ دەدرێ، کاربەدەستانی ئەوێ ناتوانن ڕێگری لێ بکەن، بۆیە من لێرەوە داوا لەو لیژ نە بەڕێزە دەکەم کە لیژنەیەك پێك بێنن سەردانی سنووری شەقڵاوە بکەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەم سنوورە بۆ تەوە، برادەران با سیان لە ناو چەی پ شدەر و ب تویّن کرد، بەڕا ستی لەوێ گرفتی یەکجار زۆر مان هە یە، بە تای بەتی ئەو سنوورە تاوەکو ئێ ستا بە شێکی زۆری ناو چەکانی شار و شارۆ چکەکان تاپۆی نی یە، ئەوەش زۆر جار گرفتی زۆر بۆ هاووڵات یان درو ست دە کات، من ل ێرە لە سەر قسەکانی کاك أنور سەبارەت بە دۆخی دەڤەرەکە پ شتگیری دە کەم، کە هەمووومان لە گەڵ ئەوەین تەجاوز بەو شێوە نایاسایيە نەمێنێت، بەڵام بۆ بەرچاوی بەڕێزتان و هەموو لایەك، ئەو بابەتەی کە ئەو باسی کرد هەشتا دۆنمەکە، ئەویش ئەوەی نێوان سەرکەپکان و ڕان یە بە هەوڵی بەڕێز جێگری حکو مەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە دەستخۆشیت لێ دەکەین، ئومێدێکمان هەیە بەو لیژنە یە، بەوەی کە لە دا هاتوودا کاری جددی بکەن، چونکە ئەوە بۆ ماوەی (23) ساڵە لەلا یەن کۆ مەڵێك خەڵك و لەلا یەن کۆ مەڵێك ماف یاوە بەڕاستی دەست دەگیرێ بەسەر ماڤی خەڵك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فائق مصطفى، فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د یارە من سەرەتا تێبینی یەکم هە یە لە سەر ڕاپۆرتە کەی بەڕێز سەرۆکی لیژ نەی شارەوانی، لەوەی کە پەیوە ندی بە بواری نی شتەجێبوونەوە هەبوو، پەیوە ندی بە لیژنە کەی ئێ مە هەبوو وە کو لیژ نەی ئاوەدانکرد نەوە و نی شتەجێبوون، خۆ ئە گەر ڕا پۆرتێکی هاوبە شی هەردوو لیژنە کە بوا یە، لەوانە یە بمانتوانیایە ڕاپۆرتەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە دەستخۆشی لێ دەکەم، ڕاپۆرتێکی باش بوو لەم بارەیەوە، دیارە دیاردەی زیادەڕەوی و هۆکارەکانی و پرۆسەی تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە تا ئەو ڕاددەی کە لە ئێستادا لە سنوور دەرچووە، ئێمە هەر چۆنێك تەفسیر و تەئویلی بۆ بکەین، یەعنی یەك حەفتە لێرە دابنیشین باس لە هۆکارەکان و ئەوە بکەین، بە قەد ئەوە نییە کە لە یەك د ێرپدا بڕ یاری لێ بدەی کە لە ئێستادا چی بکرێ بۆ ڕێگەگرتن لەوە و بۆ ئیجرا ئات کردن لەوەی کە لە ڕا بردوودا کراوە، چونکە ئەوە لە شەوی تاریك دا ناکرێ، دیاردەیەکە بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە دەکرێ، د یارە دوو تو ێژی

دیاریکراو ئەوە دەکەن بۆ دوو مەبەستی جیاواز، توێژێکیان توێژی خاوەن دەسەڵات و دەست ڕۆیشتووەکانن بۆ گیرفان پڕکردن و خۆ دەوڵەمەند کردن، توێژەکەی تریش کە خەڵکی فەقیر و هەژارە بۆ پە یداکردنی سەرپەنایەك بۆ بژێوی خۆیان بۆ ئەوەی تێیدا بژین، کە ئەوەشیان ئەوەی کە خەڵکی فەقیر و هەژار ئەوەی کردووە، هۆکارەکەی هەر خودی حکومەت خۆیەتی، چونکە ئە گەر پلانێکی ستراتیژی و تۆکمەی هەبوا یە بۆ دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسانی هەژار و کەم دەرا مەت، د یارە ئەو زیادەڕەوی یە لەلا یەن خەڵکی هەژار و کەم دەرامە تەوە ئەنجام نەدەدرا، بۆ یە حە قە ج یاوازی بکر ێت لەم دوو جۆرە لە زیادەڕەویدا، کاریگەرییەکانی دیارە کاریگەرییەکی زۆر خرا پی هە یە، من ئە گەر بەڕێزان لە سنوورەکانی خۆیان دا باسی نموونەی زیادەڕەوی بکەن لەسەر زەوی، من لە سنوورەکەی خۆم دا کە لە قەزای دو کانم زیادەڕەوی کراوەتە سەر ئاوەکەمان، دیارە ئەوە ڕووباری دوکان هەموو کەس دەیبینێ کە چۆن تەنگی پێ هەڵچندراوە بە ڕووبارەکە، هەموو ئەو ڤێلایانەی کە لەوێ دروست کراون ئەوە بەرپرسەکانن کە لەوانە یە بە دوو ساڵیش جارێك مەجالیان نەبێ، لەبەر ئەوەی لە شوێنی تریش زۆریان هە یە ڤێلا، د یارە مەعلو مە ئەوە، سەبارەت بەوەی کە کێشە لە یاسادا هەبێ من پێموایە حکومەت خۆی هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە تا لەو شوێنەدا بۆی دەرکەوێ کە بۆشایی لە یاسایەك دا هەیە، یان کەم و کوڕی هە یە لە نەبوونی یا سایەك، زیادەڕەوی خۆی ناوەکەی بە خۆیەوەیە، یەعنی سەرپێچی، سەرپێچی لە یاسا، کەواتە یا سا هە یە و پێ شێل دەکرێ، کەواتە با حکومەت ئیجرائاتەکانی خۆی دەست پێ بکات، هەنگاو بنێ، لە کوێ دا کێشەی بێ یاسایی هەبوو ئەو کاتە پەرلەمان هاوکار دەبێ، لە کوێ دا بۆ شایی هەبوو لە یا سادا، ئەو کا تە پەر لەمان هاو کار دەبێ لە هەموارکردنی یاسادا، بۆیە من پێموا یە هەر ئەوەی کە ئەمڕۆ لێرە دانیشتووین، ئەوە هەوڵ و ماندووبوونی پەرلەمانە، بە تەنگەوە چوونیەتی بۆ کێشەکە، بەڵام ئەوە حکومەتێکە تا ئێستا بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، حکومەت هەرچی شتێك ئەوەی کە دەکەوێتە سەر شانی پەر لەمان، پێویستە ئارا ستەی ئێمەی بکات، ئێمە ئامادەین بۆ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك فائق، خاتوو کەژاڵ، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران لەلا یەن پەر لەمانتاران، تەنها تێبینی یەکم لە سەر ڕاپۆرتە کەی بەڕێز جێ گری سەرۆکی حکو مەت هەبوو، کە لە میا نەی قسەکانی ئا ماژەی بەوە کرد ئەنجا مدانی تەجاوزات هەموو لایە نەکان دەستیان تێدا هەبووە، من پێم با شە جێگری سەرۆکی حکو مەت ئەم بۆ چوونەی خۆی تەعمیم نەکات بەسەر هەموو لایەنەکانەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزانی شاندی حکومەت دەکەم، من پێم باشە باس لە واقعی زیادەڕۆیی و داگیرکردنی زەوی کوردستان بکرێ، ئایا ئەم هەموو یەکەی نیشتەجێ بوون و باخ و هەموو ئەو پرۆژە زیادەڕۆییانەی کەکراوە دەتوانرێ زیادەڕەویە کە لابرێ و برووخێنرێ؟ بێگومان نەخێر، بۆیە خێرا پێویستە بیر لە ڕێگەچارەی تر بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەیوەندی بە سزاوە هەیە پێموایە بەر لەهەموو کەس پێویستە کابینە یەك لە دوای یەکە کەکانی ڕا بردوو سزابدرێ بەر لە بازرگانەکان و لە خەڵك کە نەیانتوانیوە یاسا و ڕێنمایی بڕیارەکانی حکومەت جێ بەجێ بکەن و هەموو ئەو تەجاوزانە ئەوان یەکێك لە خاڵە سەرەکی جێ بەجێ کەرەکانی حکومەت بووە، بە نموونەی ئەگەر تۆ لە سەر ڕێگا سەرەکیەکان بە پێی یاسا ڕێگای بە پێی پانیەکەی موحەرەماتی ڕێگا سەرەکیەکان جیاوازە لە (75) م یان (55)م بۆ (150)م موحەرەماتی جادەیە پەیوەندی بە هەموو وەزارەتەکانەوە هەیە، هەموو وەزارەتەکان موافەقەیان بۆ بەنزینخانە و هەموو ئەو پرۆژانەی کە لە لێواری جادەکان دا دەکرێ، بۆیە بەرپرسیاری یەکەم حکومەت بووە لە ڕابردوودا و لەوێشەوە درێژەی کێشاوە بۆ خەڵکی تر، سەبارەت بەوانەی من پێشنیارم بۆ ئەم مەبەستانە، زیادەڕەوی دیارە زۆربەی ڕووەکان دەگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکەی نیشتەجێ بوون و باخ و ئەوانە زیاتر زیادەڕەوی لێ کراوە، بۆیە زیاتر باس دەکرێ، هەموو ئەوانەی کە تۆمار نەکراون لە تاپۆ بەناوی زیادەڕەویەوەیە بەشێکی حکومەت دیسانەوە کەمتەرخەم بووە، بە نموونە ئەگەر لە نموونەی حەوزەی چەمچەماڵ لەلای ئێمە بێنمەوە لە ناحیەی تەکیە، نیوەی ناحیەی تەکیە و نیوەی ناحیەی شارەکە کە لە ساڵی هەشتاکان دا دروست کراوە، دەیان جار سەردانی دامودەزگا و شوێنە ڕەسمیەکانمان کردووە تا ئێستا نیوەی ناحیەکە تاپۆ نەکراوە، کە ئەوە بۆ چل ساڵ دەچێ کە خۆی بە ئێستاشەوە خەڵك بە زیادەڕەوی دەزانێ، زیادەڕەویەکان کە دروست کراوە بەشێکی دوای ڕاپەڕین تا پرۆسەی ئازادی ئەمە زۆرتر خەڵکی هەژاری گرتووەتەوە و دوای پرۆسە بەشێکی ئەوەی کە پێی دەڵێن بازرگان و مافیا، بەشێکی خەڵکی هەژارە من پێشنیار دەکەم هەموو ئەوانەی کە لە ماستەرپلاندان بەشێوەیەکی گونجاو حکومەت لیژنەیەکی بۆ دابنێ بیر لە تاپۆ کردنیان بکاتەوە، هەم سەرچاوەیەکی داهاتە و هەم ڕێك دەخرێ، بەڵام هەموو ئەوانەی کە زیادەڕەویان کردووە ئەگەر کەسانێك بن سوودمەند بن لە حکومەت بە خانوو یان یەکەی نیشتەجێ بوون با ئەوانە بەنرخێکی گرانتر بۆیان تاپۆ بکرێ، سەبارەت بە زەوی کشتوکاڵی ئەوەی کە کراوەتە بانك من پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی بەڕێز کاك قوباد وەکو سەرۆکی لیژنەکە و بەڕێز وەزیری پەیوەندار ئەو زەویە کشتوکاڵیانە جارێکی تر تۆمار بکرێتەوە و ڕێك بخرێتەوە و بۆ ئەوەی بتوانرێ بۆ سلفەی کشتوکاڵی خۆی بۆ ئەوەی کە لە دەستی نەدات وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەم سەرچاوەی داهاتە و هەم مسۆگەر کردنی ئاسایشی نەتەوەیی و هەم زەوییەکانیش دەپارێزێ، خاڵ زۆرە دوایی بە یاداشت تەسلیمی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان دا خازا د کەم دقە یەکی وەخ تێ ز ێدەتر بدە یە من، با شە، ئاری شە بە مەوزوعێ پتر گرێدا یە دی وەلا تێ دا ئەم کۆنفراذ سەکی و ڕۆنی شتنەکا در ێژ سەر ب کەین چارە سەریا ئاراستەی کەن، واستە ئەوێ چ مورا قەبێ ژی د گەل پارە وەر گریتن و ناهێلێت هەر تەجاوز بەردەوامن، ئەدی چەوا مەوزوعێ عە شیرەتێ کم کەین؟، چەوا مەوزوعێ مە سئولێ حیز بی و دە سەلاتێت وی کەم کەین؟، ئەڤە سەیدا ماموٚستا غریب گۆتی کو مەوزوعێ ئەم مزگەفتێ داچین، مینبەرێ دا ب ڤەنا عەتا من ئەڤێت تەجاوزێت گەورە دکەن، ئیحتماله مەوزوعێ نڤێژێ نزانم کو چەوانە دگەل، بەس ئەوێ فەقیر هەکا ژ وان ڤەبیل نەبن، خانیشی نەبیتن، ئە ڤە ل دنیا و ئاخیرەتێ ڕاستی خە سارەت بوون، من سێ پر سیار ئاراستە دکەم، پرسیارا ئێکێ بۆ وەز یرێ شارەوانییێ، کێشەك ل کۆمەڵگەهێ باگێڕا هەی، دوو کیلۆ مەتر باگێڕا ڤە یا خستیە پلان ماستەرێ دا، پر سیارێ د کەم بۆ چی ڤە دوو کیلۆ مەترێ دا، هەمی مادام خستە ماستەر پلانێ دا لازمە ئەو هەر دوو کیلۆ مەترێ ژی کربانە دگەل، وەختێ ژ دیرڤەی باگێرا کری نە پلان ماستەرێ دا ئەڤە بووە جهێ گومانێ، دبێژن ئەڤە حەقەکێ مەیە و وی حیجەتێ کو مانگەکی و هەیڤەکی قانون هەبیتن کە سێ خۆ لڤێ عەردێ نەکر یە خودان خەڵك لێ د یار بوو، بووە جهێ گو مانێ و دبێژن حەقەکی مەیە و ڤێ حجەتێ کو پێشی مانگەکی و هەیڤەکی قانون بێژیتن کەسێ خۆ لڤێ عەردێ نەکر یە خودان، وەخ تێ خەڵك لێ د یار بوو حەقی وێ هاووڵاتیان نەی تە خوارن، پر سیارا دو یێ ئەڤ باخ چە و حەدیقە گەلەك جاران دێ بەرپرسەکی بۆ مەشروعەکا تیجاری، باشە ئەو خەڵکە کڕی وەخ تێ بەرام بەری حەدیقە و باخچەیێ کڕی، ڤتعا وی گرانە، وەختێ کر یا ل مەنتە ڤەکا سەکەنی و تیجاری ئەو خودا نا وێ پارچە عەردێ خەسارەت بوو وێ خانێ، چ تەعویز بۆ نایەتە کرن، پرسیارا حیکمەت وی ڤدوە بیتن، با شە پرسیار بۆ جێگرێ سەرۆکی حکومەتێ، کە ئەڤ بینایەتێت لایێ حزبێ ڤە هاتینە داگیر کرن، چەند ژ وا نە ز ڤران دینە ڤە، مە پر سیارەکا کری وەك لیژنا دە ستپاکیێ بۆ حکو مەتێ ناردی کە چەند بینا یە کرێ گرتینە، بەس وەزارەتا دارایی هاتیە پتر 5 بینایەتا بەنکا و بینایەتێت حکومەتێ ئیجارن، ژ لایێ حزبی ڤە هاتی نە دا گیر کرن، من دوو پێ شنیار هەین بۆ چارە سەریێ، پێ شنیارا ئێکێ، ئەوا کاك برزۆ گوتی ئەز پشگیریەت دکەم، چونکێ ئەڤە مەوزوعەکا گەلەکی مەزنە، باوەڕ بکەن نە بەس ناوخۆ، لازمە هێزەکا ڤەویا پێشمەرگەی لپشت بیت، حەتا وێ چارەسەر بکات، چونکی مشکلێت گەورەنە، پێشنیارا دوێ، شینا پار چێت عەردی، شوڤا بداتە خەڵکی، وەختێ شوڤا دداتە فەقیر و موەزەڤێ و فەرمانبەری، ئەڤە دێ بازاڕێ زەنگی نا و دەوڵەمەندا کەم کاتن، د بازاڕا وان ئەرزان دکاتن، نە شێ تەجاوز ئا ڤا کاتن، د چتە شوڤەکا سەکەنی ڤە حکومەتێ بۆ پێشکەش کر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەندێك لەو قسانەی كە جەنابت بە بادینی وتت بە سۆرانیش كرا، كاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بخێرهاتن شاندێ حكومەت دكەم، زێدەڕۆیی بوویە كێشەكێ مەزن لەسەرانسەری هەرێمی كورستان، بۆ چارەسەر كرنی ئەو كێشە ئەز دبینم ئێمە پێویستە بۆ یاسا، یاسا هەیە و ناقس نینە، بەلآم پێویستین بە ئیرادەیەكی سیاسی بەهێز هەبێت، چونكە زێدەڕەوی دەسپێكریا هەشت سالێ، (1991) بەلآم تا ئێستا زیاد دەبێت و كەمتر نابێت، چونكە ئیرادەی سیاسی بەهێز نییە، ئەو ژی ژ بەر خودانێ زێدەڕەوی هەر ئەون، بەرپرسێ حزبی و حكومی، گەلەك هەڤالێن ئەندامێ پەرلەمانێ بەڕێز قسە كر بەس كەس ژ وان باسی مەوزوعێ ئێمە نەكر كە ئاشووری زێدەڕەوی لەسەر زەوی وزارێ گوندێ مە ئەڤە تشتەكی نە خۆش بوو، حەقیقەت بە تایبەت هەڤالێت مە ل مەنتیقا بادینا و پارێزگەها دهۆكێ، بتنێ كاك د. سروود باسێ ئەڤ مەوزوعێ كر، ئەژی باسی ئەو مەوزوعە دكەم، ئێمە وەك كلد و ئاشووری خودان سەدان گوند بووین لە هەرێمی كوردستان، ئێستاش دەهان گوندمان ماون، بەس جهێ داخێیە ئەو گوندێ مە پتر زێدەڕەوی تەجاوز لەسەر هەیە، ئەو دۆسیەیە تەجاوزی هەشت سالێ (1991) دەست پێ كریە، تا نها هیچ چارەسەر كرن نەهاتیە، هە ژمارەكا گوندێ ل قەزا زاخۆ تەجاوز لسەر هەیە و پتر لە (45) هەزار دۆنم ئێ خەلكێ مە و گوندێ مە هاتیە داگیر كرن، عەینی شت لە مەنتیقەی قەزا ئامێدی و ئاكرێ گوندێ نەهلە و شەقلآوە و دەهان جهێت دی، ئەڤرۆ عەنكاوا بوویە نموونەكا گەورە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی، ئەگەر ئەو دۆسیە هەر بەو شێوەیە برێڤە بچیت من باوەڕم چەند سالێت دی ئێمە نابینە خاوەنی یەك دۆنم لە هەرێمی كوردستان، چونكە گەلەك بڕیار ژ دادگەهێ بە مەوزوعی زێدەڕەوی لەسەر گوندێ مە هاتیە بڕیاردان، بەلآم جێ بەجێ نەكراوە، زۆر نموونەمان هەیە دادگە بڕیاری دایە بەلآم تەتبیق نەهاتیە كرن، ئەوە تشتەكی زۆر زۆر خراپە، پێویستە چارەسەر بكرێ، ئەڤە كابینا هەشتێ حكومەتا هەرێما كوردستانێ، ئەگەر هەر كابینەكی حوكمەت د كێشەی زێدەڕەوی لەسەر گوندێ هاتیە چارەسەر كرن، ئێستا هیچ كێشەما نەدەما، ئەڤە دیارە وان كابینەی ڕابردووی حكومەت هیچ ئیهتمام نەكریە لسەر كێشەیەت مە، هیچ ئیرادەیەت سیاسی بۆ چارەسەر كرن، ئەم سوپاسێ وەزیری كشتوكالێ دەكەین چوو بووە مەنتیقەیەت زیارەت كر، بەس پێویستە جارەكا دی زیارەت لە مەنیقەی بكات، من پێشنیارەكی هەی لیژنەیەكا تایبەت بێتە دروست كرن لەلای حكومەت، نوێنەرێ سەرۆكایەتیا هەرێما كوردستانێ لێ هەبت، نوێنەری ژ هەردوو پارێزگەها دهۆك و ئەربیل و نوێنەرێت پەرلەمان كلدو ئاشووری لەو لیژنەیە هەبیت، بچن ئەو مەوزوعە سەیر كەن، موتابەعە بكەن و پێشنیاری مولزەم بۆ تەنفیز تەقدیم بكەن بۆ حكومەت، چونكە ئەڤە (23) سالێ مەوزوعی كێشەی تەجاوز لەسەر گوندێ مە هیچ نەهاتیە حەل كرن، دادگە بڕیار دایە و بڕیارێ دادگە جێ بەجێ ناكرێت نازانم دێ كێڤە چین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هە ندێك لە ئە ندامانی پەر لەمان یادا شتێکیان بۆ ئێمە نوو سیوە باس لەوە دە کەن کە بەڕێز وەزیری شارەوانی بەردەوام دەرگای کراوە بووە بەڕووی ئە ندامانی پەر لەمان، بۆ یە ئە گەر قسەیەك لەو بارەیەوە کراوە ئەوەندە ئەندا مەی پەر لەمان پێ یان وا یە کە ڕەنگە نا حەقی کرا بێ بەرامبەر بە بەڕێز وەزیری شارەوانی، چونکە ئەوان پێیان وایە بەڕێز وەزیری شارەوانی دەرگای کراوە بووە بەڕوویان دا کاتێك ڕۆیشتوون بەڕێزیان پێشوازی لێ کردوون، کاك د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی دەکەم، ڕاپۆرتەکە هەم کێشە بوو هەم چارە سەر بوو، پێ شنیازیش ئەو (13) خا ڵەی کە لەلا پەڕەی (7) بەدواوە هە یە جا بەشکلی ڕاسپاردە بێ یان بە شکڵی بڕ یارو پێ شنیازە بدرێ تە حکو مەت و دەنگی شی لە سەر بدرێ ئە گەر ئیمکان هەیە، لەم چوارچێوەیە ئی سلاحەکە دە ست پێ بکات، لەڕا ستی دا زۆر گرنگی شە حکو مەت کاتێك زەمەن بەندیەك بۆ ئەم ئیشە دابنێ، لەبەر دوو سەبەبی زۆر سەرەکی، سەبەبێکیان ئەوەیە لەڕا ستی دا بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو پەندە ئەوەندی تر خۆی ساغ نەکا تەوە لە سەر هەرێمی کورد ستان، کە هەر ئی شەی نەتویست بیکەی لە بەر لیژ نە، خاڵێکی تر ئەوە یە کە لە ساڵی (2011) لە دوا (17) شوبات و ڕۆژا نی دوایی سەرۆکایەتی هەرێم کۆمەڵێك خاڵی دەکرد و کۆمەڵێك ئیجرائاتیان دەست پێ کرد، بەڵام بە نەتیجە ئەنجامەکەیمان وەکو پێویست نەبینی، بۆیە لەڕاستی دا زۆر گرنگە ئیرادەیەکی بەهێز بە تای بەتی لای ئەو حزبانەی کە پشکی زۆری زیادەڕەوی و داگیرکار یان بەر کەوتووە لای ئەوا نەوە هەبێ بۆ چارە سەر کرد نی کێشەکە، هەروەها پێشنیازیش دەکەم زۆر بەخێرایی ئیش لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکرێ، چونکە بە پێی ماددەی (71) خاڵی (4) لەپەیڕەوی ناوخۆ ڕەوشی بە پەلە ماوەی (5) ڕۆژ دەبێ و ئەبێ ئیتر دە ست بکات بە ئیش کردن لەسەری، بۆیە زۆر گرنگە ئەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە لەڕاستی دا زۆر بەخێرایی پشتگیری لە قسەکانی کاك محمود حاجی عمر دەکەم لەڕاستی دا بە بۆچوونی منیش زیادەڕەوی جیایە لە داگیرکاری، بە نەتیجە ئەم حکومەتە بەداخەوە بە جۆرێك بووە بە حکو مەتی موەزەف، یەعنی هاووڵاتیەکی سادە کە موەزەف نەبێ یاخود هیچ بەرکەوتێکی نییە لەناو ئەم حکومەتە لەڕاستی دا نەلە داهات دا بە شی هە یە و نە لە بودجە بەشی هەیە، نە لە زەوی دا بەشی هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە کە خەڵك هەمی شە هەوڵ بدات ببێ بە فەرمانبەر، یەعنی من پێشنیار دەکەم ئەم حکومەتە لە حکو مەتی فەرمانبەرەوە بگۆڕێ بۆ حکومەتی هاووڵاتی، چونکە بەڕاستی تا ئێستا حکومەتی هاووڵاتی نییە ئەوەندەی حکو مەتی فەرمانبەرە، پرسیارێکم هەیە بەخێرایی بۆ بەڕێز وەز یری کشتوکاڵ، لەڕا ستی دا من بۆ خۆم لەم ماوە یەی ڕا بردوو سەردانی ناوچەی قەیوانم کرد لە نزیك شاری سلێمانی ناوی کۆمپانیاکە شی با بڵێین هەموو ئەوا نەی بۆ ئەنێرم کە کۆمپانیای قەیوانیشە، کۆمەڵێك کانیاو وشك کراوە، یەعنی ئەگونجێ کانی و سەرچاوەکەی وشك

بكرێت و هەوڵ بدرێت تەلبەند كراوە و بكرێ بە پرۆژە، ئەمە حەز دەكەم وەڵامم بداتەوە، هەروەها بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی بە پرسیاریش ناردوومە لە ساڵی (2011) قەرار بووە (500) دۆنم زەوی تەرخان كراوە بۆ (5) هەزار یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرانی زانكۆی سەلاحەدین، ئێستا دەڵێن لەو (500) دۆنم زەویە (271) ی ماوە، حەز دەكەم وەڵامی ئەوەشم بداتەوە، تەنها یەك شت دەڵێم، ئەویش ئەوەیە لەڕاستی دا جیاوازی هەیە لە نێوان ئیجرائات كردن، بۆ نموونە من ئاگادارم بە پێی زانیاریەكانم لە ماوەی ڕابردوو بەرپرسی بنكەی پۆلیسی مێرگەپان لادراوە لەسەر ئەوەی ڕێگری لە تەجاوزات كردووە و ڕێگری لە لێدانی بیر كردووە، كەچی لایان بردووە، لەبری ئەوەی دەست خۆشی لێ بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەم، پاڵپشتی تەواوی ڕاپۆرتەكەی بەڕێز كاك عەمر عینایەت دەكەم، من چەند خاڵێكم هەیە لەسەر ڕێگای كەسنەزان و بنەسلاوە و هەروەها بەحركە هەتا ئێستاش و هەتا ئەم ڕۆژانەش دەیەها هاووڵاتی پەیوەندی بە من كردووە بەداخ و خەفەت و مەراقێكی زۆرەوە دەیەها دۆنم زەوی ئێستا لەوێ دەفرۆشرێ و لە (3) دەفتەرەوە تا (5) دەفتەر، جا من زۆر بەلامەوە سەیرە كە ئەو لیژنە باڵایە ئایا ئاگادار نین؟ ئەگەر ئاگادارن بۆ ئیجرائاتێك بەرامبەر ئەو كەسە ناكەن كە ئەو هەموو زەویە دەفرۆشێت، خاڵێكی تر هاووڵاتیەك پەیوەندی پێوە كردم و تی من فەرمانبەرم لە وەزارەتی شارەوانی، بەردەوام لە داخ و خەفەتێكی زۆر دادەژیم، كەسێ دێ پارچەكا غەزێكی چەند سانتی مەتری دەهێنێ بۆ بەڕێوبەری گشتی شارەوانی، داوای چەند دۆنم زەویەك دەكات كە لەلایەن بەرپرسێكەوە ئیمزای بۆ كراوە، بەڕێوبەری گشتی شارەوانی نەك هەر ڕازی دەبێ، بەڵكو یەكێ لە ئێمە لە فەرمانبەرەكانیش دەسپێرێ تەسكەرەو جنسیەكەشی ناردووە كە دەبێ ئێمە بچین بەناوی بكەین، یەعنی بەڕاستی ئەمە كارەساتە، سەبارەت بە زێدەڕەوی دیارە لە ماوەی ڕابردوو كۆمەڵێ قەرەبوو كراوە بۆ كەسانێك كە گیرابوون، دیارە گەندەڵی زۆر كراوە لەمە، زێدەڕەوی كراوە كەسانێك دوو زەوی و سێ زەویان وەرگرتووە، كە سانێكی تر كە ئەسڵەن نەگیراون كەچی ئەم قەرەبوویەیان وەرگرتووە، من پێموایە كەسانێك كە هەندێ زێدەڕەوی دەكەن بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ وەزارەتی شارەوانی بەرپرسە لەمە، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو كە یەكەی نیشتەجێ بوون دەستەی وەبەرهێنان دروستی كردووە، ئاشكرایە لای هەمووومان كە ئەم پرۆژەیە سەركەوتوو نەبوو، بەرهەمەكەی بریتی بوو لە دروست كردنی پارك ڤیو، تاوەر و جیهان ستی و ئەمانە كە هەر شوقەیەك لە (15) دەفتەرەوە و بۆ (80) دەفتەر فرۆشراوە، كە تەنها چەند كەسانێك پێی بوون بو ملیۆنێر، بەڵام فەقیر و هەژارەكان لێی سوودمەند نەبوون، بۆیە بەڕاستی ئەگەر كێشەی نیشتەجێ بوون لە ئێستاوە دەست نەكرێ بە چارەسەر كردنی ئەوە لە داهاتوودا دەبێتە قەیرانێكی زۆر گەورە بۆ هەرێمی

کوردستان، من پێموا یە وەزارە تی شارەوانی بە پلانێکی تۆکمە دە توانێ لە ئێستاوە دە توانێ دە ست بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کرێ نشین چارەسەر بکات، بە بێ ئەوەی یەك دۆلاری بچێ، پلانێك دابنێ تەنها زەویەکە دابین بکات، لەهەر شار و شارۆ چکەیەك کە زەوی دا بین بکات، ئینجا بیدات بە کۆمپانیایەك بە موقەدیمە یەك بۆ نموو نە هەر هاووڵاتی یەك کە کرێ نشینە داوای ئەوە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باوەڕ کەن ئەم قسانە هەمووی دووبارەیەو گوێمان لێی بووە، بۆ یە تکا یە پابە ند بن بە کا تەوە، مامۆ ستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف (گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، داوای لێ بووردن دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هە ندێك پر سیارم هە یە، بۆ چی ئەو گەڕەك و جێگایا نەی کە بە تەجاوز درو ست کراون، زۆر لەو گەڕەکانە باشترن کە شارەوانیەکان تەسمیمان کردووە و دروستیان کردووە، بۆ ئەو باخا نەی کە حکو مەت دروستی کردووە، بە پانزە ساڵ دارێکی تیا سەوز نابێ، بۆ ئەوەی کە تەجاوز درو ست دە کرێ بە ساڵێك گەشە دەکات و دەبێ بە باخ؟ یەعنی ئەوانە پر سیارن دە بێ حوکمەت وەڵام یان بدا تەوە، خ ێرە حکو مەت لەسەرەتای دروست کردنی تەجاوزات لە خانوویەك بۆ دە خانوو هیچ قسە ناکات، کاتێك کە دەبێ بە هەزار خانوو هێز و مەکائین دەبات و دە یەوێ هەزار خانوو بروخێ نێ؟ کە لە کات ێك دا سەرەتاکەی یەك، دوو خانووە نایروخێنێ کە ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە، من بۆ خۆم دە ڵێم هەتاوەکو وە بەرهێنان لە کوردستان ڤیلاو شوقەی نیو ملیۆن دۆلاری هیچ هێزێك لە کوردستان ناتوانێ تەجاوزات ڕاگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان ئەو ڕاپۆر تەی بەڕێز سەرۆکی لیژ نەی ئا سەوار و خزمەتگوزار یەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار خوێندیەوە، کۆ مەڵێك ڕا سپاردەی تیا یە لە کۆتاییە کەی، ئێوە ئەندامانی پەر لەمان دە توانن لە ماوەی چەند ڕۆژ ێك ئە گەر ڕا سپاردەی تر تان هە یە بیخوێن نەوە، ئەگەر ڕاسپاردەی ترتان هەبوو ئارا ستەی بەڕێز سەرۆکی لیژ نەی بکەن بۆ ئەوەی لە چوار چێوەی ئەو ڕاسپاردانە جێی بکاتەوە، ئەو کات وەکو ڕاسپاردەی ئەم دانیشتنە ئارا ستەی ئەنجو مەنی وەزیرا نی دە کەین بۆ ئەوەی پێی وەربگیرێ و لە هەمان کاتیش دا ئەو پرۆژە یاسایەش ئامادە کراوە لەبواری زێدەڕەوی، لیژنە

پەیوەندارەکان موتابەعەی دەکەن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بەزووترین کات ڕاپۆرتی حازر ببێ و بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەمە پەیوەنداره بە بەشێك لە قسەکانی بەڕێزتان، کە ڕا سپاردە و پێ شنیار بوون بۆ حکومەت سەبارەت بە د یاردەی ز یادەڕۆیی کە دە توانرێ لەناو ئەو ڕا سپاردانەی لیژنە کە ج ێی بکرێتەوە، ئەوەی کە پەیوەندیداره بە پرسیارەکانتان ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەز یرە پەیوە ندارەکان دە توانن هەر وەڵامێک یان هە یە بۆ پر سیاری ئە ندامانی پەر لەمان ئێ ستا وەڵام بدەنەوە و ئەو وەڵامانەشی کە ئێستا ناتوانن بیدەنەوە بە نووسراو دوا یی ئارا ستەی پەر لەمانی بکەن، بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکرێتەوە، بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، داوای لێ بوردن دەکەم کە بۆ فەترەیەك کە بە کارێکی ترەوە سەرقاڵ بووم، هەندێکی شی هەر پەیوە ندی بە زێدەڕەو یەوە هەبوو، سوپا سی ئ ێوەش دە کەم کە ئەو دەرفە تەتان دا مێ و خۆ شحاڵم کە هاتمەوە هێشا موناقەشە وا گەرم و گوڕە و ئەو حەوسەڵەیەی کە لەم پەرلەما نەدا دەب ینم ج ێی خۆ شی و سەربەرزییە، من وەڵامی چەند پرسیارێك دەدەمەوە کە هەندێکی ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی بەندە کرابوون، چەند کەسێك گلەییان لە ئێمە کردووە کە وتارەکەمان کە عەلا ئە ساس وتوو مە هەموو لا یەکمانی تیا یە، داوای ڕوونکردنەوەیان کردووە، لەسەر ئەو بابەتە، من بەخۆشحاڵیەوە من ئەو ڕوونکردنەوە یە ئەگە یەنم کە دەڵێم هەموومانی تیاییە، دەڵێم هەموو نەوعە کەسێکی تیایە، هەموو نەوعە چین و توێژێکیشی تیایە، لە حاکمەوە بیگرە تاوەکو ئەندام پەر لەمانی خولی پێ شوو و لەوانە یە و ه یوادارم ئە ندام پەر لەمانی ئەم خولەی تێدا نەبێ، بەڵام ئێمە بەناو داتاکانمان ئەگەڕێین و ئەگەر تیای بوو بەڕێز سەرۆکایەتی پەر لەمان ئا گادار دەکەی نەوە، هەروەها مە سئولینی حز بی تیا یە، مە سئولینی سەربازی تیا یە، فەرماذ بەری تیا یە، مەلای پیرۆزی تیایە، بۆیە ئەوانەی کە بەشداربوونە لە زێدەڕەوییەکە ئەم هەموو لایەنانە دەگرێتەوە، بەڵێ مەبەستم کە دەڵێم هەموو لایەکی تیابووە، تەنها مەبە ستم لا یەنی سیا سی نەبووە، مەبە ستم ڕە نگ بێ ئەندامانی لایەنی سیاسیش بەشداریش بووبن لە ز ێدەڕەوی و ئێ مە کە بە جدی بەرام بەری ئەم حاڵە تە وەستاوین بە جدیش ئجرائات دەکەین، بەرامبەریان، بەڕێز کاك برزۆ پێشنیارێکی پێشکەش کرد کە حە قە بەڕێز سەرۆکی حکومەت یان بەندە وەکو سەرۆکی ئەم لیژنەیە فەرمان دەربکەین بۆ ڕاگرتنی ز ێدەڕەوی و بۆ ئیجرا ئات بەرام بەر بەوە، من بەخۆ شحاڵیەوە ڕای دەگە یەنم لە (2015/4/30) بە فەرمانی ژ مارە (43/35) ئێ مە بزە بت ئەو فەرما نەمان دەر کردووەو نو سخەیەك لەو فەرما نە ن ێردراوە بۆ ئەم سەرۆکایەتیە بەڕێزە، من داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان دە کەم نو سخەیەك لەم فەرما نە کە تەواوی ئیجرائاتەکانی ئێمە و فەرمانەکانی حکومەتی هەرێمی کورد ستانی کە لە لیژ نەی پێکهێ نراو دراون بڵاو بکرێتەوە و بەسەر هەر یەکە لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئەگەر دەتانەوێ ئێمەش دەتوانین. ........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانمان کردووە بە تایبەتی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە هەموو ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز نوسخەیەکی لەم فەرمانەی پێ بگات، تاوەکو بزانن ئیجرا ئات چییە، ئەوە لە فە قەرەی (2)ی ئەو فەرما نە هەر بزە بت داوا لە وەزارە تی ناوخۆ کراوە، وەزارە تی پێشمەرگەش و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان وەکو هێزێکی هاوبەش پێك بهێنن و جێ بەجێ کردنی بڕیاری لابردن و تێکدانی زێدەڕەوییەکان لەسەر زەوی و زاری گشتی و لابردنی سەرجەم ئەو بیناو سیم و تەل بەندانەی کە ئیتر دەتوانم هەمووتان بۆ بخوێنمەوە، وەکو بڕیار دراوە، ئێستا ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکرێ و بەردەوام بین لەسەری، دوو، سێ جار باسی حاڵەتێکی تایبەت کراوە، یان بڵێین دوو حاڵەت کە لە دەڤەری ڕاپەڕین ئەنجام دراوە، یەکێك لە سەروچاوەو ڕێی سەر کەپکان بۆ ئاگاداری پەر لەمانی بەڕێز ئەم زێدەڕەو یە ڕا گیراوە، لە گەڵ ئەو کە سە کە تاوانبار کراوە بە ئەنجا مدانی ئەم زێدەڕەو یە قسە کراوە و ئیشەکەی ڕاگیراوە و لیژنەیەکی تایبەت پێکهێنراوە بۆ ئەوەی بە دیراسەت و بە پێی قانون تەئکید بین کە ئە مە بیزە بت زێدەڕەو یەو دڵنیا تان دەکە مەوە ئە گەر ئە مە ز ێدەڕەوی بووبێ ئێ مە نایهێڵین و هەڵی دەوەشێنینەوە، خاوەن مەشروعەکەشمان ئاگادار کردووەتەوە، بۆیە ئیجرائات کراوە و ئەوە کەسێکی د یار و خۆشەویستی ئەم دەڤەرەشە، بۆیە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە تەنها یەك، دوو کەسمان دە ست نیشان نەکردووە، بەڵکو ئێ مە هەموو لا یەکمان مولزەم دە بین بەوەی کە بە جدی بەرام بەر ئەم ئیجرائاتا نە بوەستین، ئەگەر هاوکارانم لە وەزارەتی شارەوانی یان کشتوکاڵ وەڵامی پرسیارەکانی تریان هەبێ فەرموون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

**بەڕێز نەورۆز مولود (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر پێم باشە ڕوونکردنەوەیەك لە سەر تێبینی ئەو دوو ئە ندام پەرلەما نە بەڕێزە بدەم کەوا بەهۆی سەرقاڵیمانەوە نەمانتوانی جوابی مۆبایلەکانیان بدەینەوە یان هەر کارێك، پێم خۆشە جەنابیان ئاگادار بن کە تەنها وەزارەتەکەی ئێمە دوو سەد شارەوانی لەخۆ دەگر ێت، (43) هەزار فەرمانبەرمان هە یە، ئە مە مانای ئەوە نییە حجە بدەین کەوا نەتوانین جوابیان بدەینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بێتو تەوزیعی هەر سەرۆك شارەوانیەك بکەین، ڕۆژی هە ندێ کات یان بدەینێ، بە تەئکید لەوانە یە زۆر سەرقاڵ دە بین، لەگەڵ ئەوەش ئێمە نووسراوەکانی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان کە لە ڕێگەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ ئێمە دێت، یاخود لەڕێگەی بەڕێزتانەوە وەکو سەرۆکی پەر لەمان و لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزارەتەکەمان دێت، پێم خۆشە ئیحسائیەك بکرێ، بزانین چەند نوو سراو ئاراستەی ئێمە کراوە و چەندیش جوابمان داوەتەوە و چەند جدی بوویـنە لە جواب دا نەوەی سوئالەکان،

وابزانم وەزارەتەکەی ئێمە پشکی شێری بە بەرکەوتووە لە هەموو سوئالەکان و لە هەموو وەڵامدا نەوەکان، پێم خۆشە تەقیم لەسەر ئەوە بێ کە چەند توانیبمان جواب بدەینەوە، بەڵام ئەگەر ئەو بەڕێزانە هەر سوئالێکیان هەبووە یاخود هەر کارێکیان هەبووە خۆ دەیانتوانی لەڕێگەی بەڕێزتانەوە بە نووسراو بۆمان بنێرن تا ئێمەش کاری پێویست بکەین بۆ هەر کارو بارێکی هاووڵاتیان، ئەگەر کارو باری هاووڵاتیان بێت، ئەگەر مەسڵەحەی گشتی بێ، بە تەئکید ئێمە لە خزمەت داینە، کاری ئێمە یە و بیانووش بۆ ئەوە نابینینەوە کەوا کارمان زۆرە و نەمانتوانیوە، اللهم تا ئێستا خۆم ژمارەی خۆم نەگۆڕیوە، لە ئەوەڵ ڕۆژەوە کە رەقەمی مۆبایلم هەیە ژمارەی تەلەفۆنەکەمان نەگۆڕیوە، بۆیە لەوانەیە (111) ئەندامی پەرلەمان، (111) ژمارە لەلامان خەزن نەبێ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

دیاردەیەك هەیە خاتوو نەورۆز، دیاردەیەك هەیە لەناو پەرلەمان زۆر جار باس دەکرێ، وەزیرەکانی کە سەر بە هەر فراکسیۆنێکەوە دەنگیان پێدرابێ کەمتر جوابی فراکسیۆنەکەی خۆیان ئەدەنەوە، جوابی فراکسیۆنەکانی تر زۆرتر ئەدەنەوە، ئەمە بووە بە دیاردە، وەزیرەکان جوابی فراکسیۆنەکانی خۆیان نادەن.

**بەڕێز نەورۆز مولود/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیتر ئەمە لەسەر ئێمە تەتبیق نابێ، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هەر نەمانتوانیبێ وتوومە لە خزمەتی هاووڵاتی و ئەندام پەرلەمانداین، کاری ئێمەیە، واجبی ئێمەیە، نایکەمە مننەت بەسەریانەوە بە تەئکید سەبارەت بە سوئالەکان لە وەزارەتی ئێمە کراوە، ئەوەی کە برادەرەکە وەڵلاهی ئەندام پەرلەمانەکە کاك سالار بوو وا بزانم، ئەوەی کەوا لە دهۆك پلان چییە بۆ دابەشکردنی زەوی بۆ پێشمەرگە و فەرمانبەرەکان لە دهۆك، یاخود ئەو پێشمەرگەو فەرمانبەرانەی کە ناویان هەیە و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە بۆ دابەشکردنی زەوی تا ئێستا وەریان نەگرتیە، ئەم کێشەیە تەنها لە دهۆك نیمانە، لە هەولێر هەمانە، لە سلێمانیش هەمانە، لە هەڵەبجە هەمانە، لە زۆر شوێنەکانی کوردستان هەمانە، ئەو شوێنانەی بە هۆی قەرەباڵغی شوێنەکانەوە نەتوانرایە زەوی پێویست دابین بکرێتن، بە هۆی ئیفراز نەکردن و بە هۆی ئیتفا نەکردنی زەوی، بەهۆی بچووکی شوێنەکانەوە نەتوانراوە، بەڵام هەمووی بە پلان لە وەزارەتە تا ئێستا چەند لیستێك هەبوو لە سەردەمی ئەم کابینەیە، ئێمە جێبەجێمان کردیە خۆی دەگرێتەوە لەسەرووی (400 ‐ 500 ) قیتعە زەوی کەوا تەنفیز کراوە، دابەش کراوە، بە تەئکید بەرنامەمان بۆ داهاتوو ئەوەیە کەوا ئەوەی لیستی هەبی، رەزامەندی هەبی، ناهێڵن دوا بکەوێتن و زەویان بۆ دابین دەکەین بەسەریان دابەش ئەکەین، بەڵام هەندێك جار قەیرانی دارایی وایکردووە، لەبەر ئەوەی زەوی کوژاندنەوە پێویستی بە میزانییە لەوانەیە هۆیێك بێ بۆ دواکەوتنی ئەمە، کاری لەسەر دەکرێ لە وەزارەت بە جدیەوە، سەبارەت بە یاسای ژمارە (12)ی ساڵی (2012)ی تایبەت بە تەملیك کردنی ئەو خانووانەی کە دەکەونە حەرەمی گوندەکان، ئێستا دەکەونە سنووری نەخشەی شارو شارۆچکەکان هەندێکیان بەبێ بەدەل

كه خانووی كۆنن و له بنهمادا خانووی گوند بووینه، ههندێكی به بهدهلی (50) ههزار مهتر دوو جا خانووی نوێ، ههندێكیان به نرخی راسته دراوه، بهڵام تا ئێستا ئهم یاسایه جێبهجێ نهكراوه لهبهر ئهوهی ههندێك رێنمایی پێویسته له یاساكهدا نوسراوه كه تا ئێستا رێنمایی پێویستی بۆ دهربكرێت رێنماییهكان ئامادهكراوه له ئهنجومهنی وهزیرانه چاوهڕێ دهكهین دهرچێت و جێبهجێ بكرێتن، پهروا خان بهرێزهوه كه زۆر باسی ماستهر پلان دهكرێت و دهوترێت زۆر بهی زۆری ماستهر پلان دهكرێت به شوێنی نیشتهجێبوون لهوانهیه ئهمه تۆزێك ناڵێم ئیجحافی تێدایه، تۆزێك لهوانهیه ناروونیهكی تێدا بی، چونكه رێژهی شوێنی نیشتهجێبوون له روو بهری ماستهر پلان له (25٪) تهجاوز ناكات رێژهی (75٪) بۆ چالاكیهكانی تره لهگهڵ سهوزاییهكان، مهسهلهن بۆ نموونه باسی فرۆكهخانهی كرد كه ناكرێ فرۆكهخانه له دۆڵه رووت كه پرۆژهی ههواری شاری لهسهر دروست كراوه بكرێتن، ماستهر پلان به زانستی دادهنرێ، به عیلمی دادهنرێ، كۆمپانیای بیانی و موتهخهسس ئهم ماستهر پلانانه دادهنێن، لهسهر ئهساسی ئهم ماستهر پلانانه، ئهم پرۆژانه جێبهجێ دهكرێتن، وهكو تێبینیهك بۆ جهنابیان كهوا ماستهر پلان لهرووی زانستییهوه تهوزیعاتی لهسهر دهكرێتن، تاپۆی سهید صادق بهشێكی كهمی تهواو بووه بهشێكی زۆری ماوه به هۆی ئهوهی تا ئێستا بهرێوهبهرایهتی نهخشهدانان كار دهكات بۆ روو پێوكردن و نهخشهسازی گهڕهكهكان، كه زۆربهی زیادهڕۆی پێویست به راست كردنهوهو كاری زۆرو كارهكان لهبهر قهیرانی دارایی به پێی پێویست نهبووه، بهڵام ئهمهش هۆیهكهی دهگهڕێتهوه بۆ قهیرانی دارایی ئهوهی بهرێز كاك قادر وهتمان سهبارهت به سهرۆك شارهوانیهكان به ئیجرائات كردن لهگهڵیان، ناكرێ كهم تهرخهم بن لهوانهیه سهرۆك شارهوانیهكانیش كێشهی خۆیان ههبێتن، بۆ نموونه ههفتهی رابردوو سهرۆك شارهوانیهكی بهرێز پاش (2)ی شهو تهقهی لێكراوه، تههدیدی ماڵ و منداڵی كراوه لهبهر ئهوهی به رۆژ تهجاوزی ههڵگرتووه، پێش ههفتهیهك له سلێمانی بهرێز موراقیبێك سهری شكێنراوه رهسمهكانمان لهلایه به (13) تهقهل دوورایتهوه به بلۆك لێدراوه تهنها چووه تهجاوزێك ههلبگرێتن، ئهوانیش كێشهی خۆیان ههیه لهبهر ئهوهیه ئهمه تهركیز لهسهر ئهوهی ئهكهین كه دهبێ لیژنهی ئهمنی هاوكار بن لهگهڵ سهرۆك شارهوانیهكان بۆ ههڵگرتنی تهجاوزهكان، ئهمهیه كه زۆر برادهران دووبارهیان كردهوه، ئهمه پێویسته بهم شێوازه حهڵ بكرێتن، سهبارهت بهوهی رانییه كه دهڵێ زۆر درێژه دهخایهنێ، درێژهی نهخایهنندیه تهوهقع دهكهین لهو دوو ههفتهیه تهواو ببێ راپۆرتهكهی بخرێته بهردهم ئهنجومهن وهزیران بۆ یهكلاكردنهوهكهی، ئهوهی نجات خان ئاماژهی پێداوه، وا بزانم پشووهكه پێش ئیسراحهته ئاماژهم پێدا كێشهی تهسویهیه، لیجانی تهسویه پێویسته بهگهر بخرێن و ئهنجومهنی وهزیران بریاری ههیه به زووترین كات بكهونه كارو تهسویهی مهنتیقهكان بكهن، بۆ ئهوهی قهرهبووی ئهو خهڵكه بكهن كه زهویان بهر پرۆژهكان دهكهوێت، ئهوهی كاك عبدالله حاجی محمود ئاماژهی پێدا له كارتهكان، چۆن ئیشمان لهسهر نهكردیه؟ جوابم داوه پێشوو كهوا زۆربهی ههره زۆری ئهو كارتانهی كهوا كارتن نهكراون به سهنهد زۆربهیان له سێ لیژنه پێكهاتووه له ههر سێ پارێزگاكان، بهڵام ئهوهی ههولێر زۆر زهقه، لهبهر ئهوهی سهرووی (100) ههزار

کارتە، تا ئێستا (400)مان تەوزیع کردیە، (2500)یش هەفتەی داهاتوو تەوزیع دەکرێ ئەوانی تریش لە بەرنامە یە خەریکی ئیفرازات و تەوحیدین، بەڵام پێویستی بە ستافی زۆرە بە تەئکید و پێویستی بە پاڵپشتی تاپۆشە وەزارەتی عەدلیش، تەنها ئەرکی وەزارەتی شارەوانی نییە، پرۆژە یاساکە د. بەهار ئا ماژەی پێکرد، ئێمە وتوومانە پرۆژە یاساکە ئامادەیە هەمووی تێدایە تەنها ئەوەندە ماوە لە پەرلەمان پەسەند بکرێتن ئەوەی کە کاك عمریش ئاماژەی پێکرد ئەوان ئامادەیان کردووە یاساکە، بەڵام یاسای کۆنی وەزارەت بووە، بەڵام جیاوازمان کردەوە لەگەڵ پەرلەمانتاران کردمانە یاسای تەملیك کردن لە جیاتی یاسای (ازالة التجاوزات)ش بە جیان کە ئەوەی ئێستا ئامادەیە یاسای مەنع و ئیزالەی تەجاوزەکەیە، ئەگەر ئەمە پەسەند بکرێ، دواتر دێینە سەر یاسای تەجاوزەکە واتە ڕاو سەرنجی هەموو لایەنەکانی تێدایە، ئەوەی بەڕێز فەیروزخان کەدوو نووسراوی ناردووە جوابمان دایتەوە بڕیاری ژمارە (5)ی ساڵی (2002)و ئەمە تایبەتە بە یەك ساڵ لە ماوەی ساڵێك هەر کەسێك تەجاوزی کردیە بۆی هەیە بچێت تۆمار بکات، داوا تەسجیل بکاتن بۆ ئەوەی بە ناوی بکرێ هەر لە پاش ئەوەی تەجاوزەکە کرابێ بە ناوی نەکرایە، موتەراکم مایتەوە، ئێمە ئیحسائیەمان هەیە، تەجاوز هەیە، بەڵام هەمووی پێشوو کرایە ئەمانەش بڕیاری ژمارە (5)ی ساڵی (2002) لە سەریان تەتبیق نەبووە بۆیە ئەمەنە زۆر بووە کەڵەکەی کردووە کۆبۆتەوە، کە دەڵێین یاسای تەملیکی دا هاتوو جێبەجێ بکرێ هەندێك لەوانە دەگرێتەوە، بەڵام دەبێ سەقفێکی موحەدەدی هەبێتن و هەندێ ئیجرائاتی زۆر توندیشی هەبێ، ئەوانەی بەڕێز ئاماژەی پێکرد هەندێك زەوی هەیە حەقی تەسەروفیان هەیە لە قەڵادزێ و لەو شوێنانە کە تا ئێستا تەعویز نەکرایەنەوە، ئەوانە یان ئەوەتە ئیحتیما لە ئەگەر بنێرن بۆمان بە نووسراوێکی رەسمی ئەتوانین جوابیان بدەینەوە، یان موستەمەسەکیان نییە بۆیە نەتوانراوە ئیتفا بکرێ، یاخود لە قۆناغی قەرەبوو کردنەوە نەبوو بۆیە پێویستمان بەوە هەیە زانیاری زیاترمان بدەنێ بتوانین وەڵامێکی راست و دروستیان بدەینێ، مەنیقەی سۆرانیش کێشەی ئاوی هەیە، ئەمەش ئاگادارین ئیشمان لە سەر کردیە، بەڵام ئەوەی کە ئاگامان لە کێشەکانی سۆران نەبی هەر خۆم تەنها لەم کابینەیە سێ لیژنەم پێك هیناوە، سێ لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی کێشەکانی زەویەکانی سۆران هەمووی لە مەرحەلەی تەحقیق و ئیجرائاتە، بەڵام سۆران خۆی شوێنی تۆمۆگرافی خۆی ماستەر پلانی نەبوو خەڵکانێکیش برادەران زۆربەی لە شوێنان تر هاتوونەتە سۆران لەسەر شوێنی تەجاوز زۆر خانوو دروست کراو زۆر ئیجرائات کراوە وایلێهاتووە لەوانەیە بە هۆی نەبوونی ماستەر پلان تەجاوزێکی زۆرەوە ئەم کێشانە کەڵەکە بووە، بەڵام ئەم سێ لیژنەیە هەر یەکی پسپۆرە، تایبەتە بەو کێشەیەی کەوا بۆی دانراوە، مامۆستا عمر کۆچەر ئاماژەی بە کێشەیەك کرد لە باگێرا، باگێرا ماستەر پلانی پێش دوو هەفتە پێش ئێستا پەسەندمان کرد، تەقریبەن شەش مانگ رامانگرت پلانەکە بە هۆی ئەوەی ماستەر پلانەکە هەندێك شوێنیان داخیلی ناو شوێنەکە، نەکردبوو وەزارەتی کشتوکاڵ دیار بوو گلەیی هەبوو، لەبەر ئەوەی حەقی خۆیانە زەوی زیراعی بەبەر کەتییە، ئێمە موراعاتی ئەم شوێنانەمان کرد، داوای راو سەرنجمان کرد دواتر بە ئیتفاق و رەزامەندی خۆیان لە ئاکرێ و

باگێرا هەمان شت کە رازیبوون زەوییەکانی کشتوکاڵ بۆ هەندێك پرۆژەکان داخیل بکرێتن و بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئەوەی تەجاوزی لەسەر بکرێتنن، ئینجا ماستەر پلانەکەمان پەسەند کرد دوای ئەوەی کە هیچ گلەیی و گازاندەی هاوڵاتیانی لەسەر نییە لەبەر ئەوەی بە پێی یاسا هەر ماستەر پلانێك ئەگەر هاوڵاتیەك لە خیلالی مانگێك کە ئیعلانی بۆ دەکرێ هاووڵاتییەکە داوا تۆمار نەکاتن لەسەر ئەو زەویە، حکومەت بۆی هەیە داخیلی ماستەر پلانی بکا، ئەم ئیجرائەتا نەمان کردیە پێش ئێستا بۆیە ماستەر پلانەکە پەسەند کراو بە سوپاسەوە لایەنی پەیوەندیداریش هەموویان رەزامەندیان نواندیە، کاك شێرکۆ ئاماژەی بە زەویەکانی زانکۆی صلاح الدین کرد، کەمپی زانکۆی صلاح الدین لە کابینەی پێشوو پارەکی بۆ دەرکرا لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە کەمپی زانکۆی صلاح الدین پەرەی پێبدرێ پرۆژەیەکی گەورە دروست بکرێتن، وەکو ئەوەی لە سلێمانی وەکو زانکۆی ئەمریکی بۆی دروست بکرێتن، بۆردێکی زۆر گەورە لە ئەنجومەنی وەزیران پێکهات وەزیری ئاوەدانکردنەوەی پێشوو سەرۆکی بۆردەکە بوو ئەو زەویانەی کە بۆی دابین کرابوو (500) دۆنم بوو لەسەر ئەوە دروست دەکرێ لە زیمنی ئەم (500) دۆنمە (200) دۆنمی زەویەکەی کە دابین کرابۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەرانی زانکۆی صلاح الدین بەبەر ئەم کەمپە کەتییە، واتە یەعنی لە زەویەکانی دابین دەکرێ بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران بەبەر کەمپی زانکۆ دەکەوێ، یەعنی لە غەرەزەکی پیرۆزەوە بۆ غەرەزەکی پیرۆزتر، یەعنی کەواتە هەردووك غەرەزەگە بۆ ئەوەیە خزمەتی زانکۆکە بکاتن، بە خۆشبەختانەوە لە هەفتەی رابردوو لە ئەنجومەنی با ڵای وە بەرهێنان ئەمری ئیستسنا شیان بۆ دەر چوو لە سەر ئەو (271) دۆنمە کە بۆ فەرمانبەرانی زانکۆی صلاح الدین و وەزارەتی تەعلیم عالی خانوو بۆ فەرمانبەرەکان دروست بکرێ لەسەر ئەو (271) دۆنمە کە خۆشیان رازیبوویینە لەسەری، هەم دەستەی وەبەرهێنان رازیبووە ئێمەش وەکو وەزارەت پاش ئەوەی کەمپ ئەم رووبەرەی بردووە ئەویدیش بەپێی ئیفرازاتی شوێنەکە کاری لەسەر کراوە بەپێی یاسا و رێنماییەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ دەستت دەبینم بەس با تەواو ببێت خاتوو نەورۆز تەواو ببێ کاك ابوبکریش ویستی قسە بکا جەنابیشت ویستت قسە بکەی.

**بەڕێز نەورۆز مولود/ وەزیری شارەوانی و گوشت وگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز شکریە رسول فەرمانبەری شارەوانی نازانم ئاماژەی بە بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەك کرد کەوا بە وەرەقەیەك فەرمانبەرێك تەکلیف دەکا بۆی بەدواداچوونیش بکا ئەگەر شوێنەکەم پێ بڵێ مەمنون دەبووم بە دواداچوونی بۆ بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیش وەڵامەکەم ئەوەیە زەوی دابەش کردن راگیراوە، چۆن نامەیەك دێ زەوی بەدویدا بڕوا؟ ئیحتیمالە ئەگەر باسی دەکا پێشوو کە زەوی هەبووە دابەش کراوە، بەڵام ئێستا ئەوە چەند ساڵە زەوی دابەش کردن راگیراوە، چۆن بە وەرەقەیەك دەتوانێ، بۆی نییە دەسەڵاتی

بەرێوەبەری گشتی شارەوانی دەسەڵاتی وەزیریش نییە زەوی دابەش بکاتن، بۆیە ئەگەر ئەمە کۆنبێ، ئەگەر ئی تازەشە ناوم بداتێ، شوێنەکەم بۆ دیاری بکا سوپاسی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو پەرلەمانتارەی کە حاجی کاروان باسی کرد جەنابی ماموستا غەریب پێنجوێنی و بەندە بووین سەعات و چارەگێك لە نووسینگەی وەزیری شارەوانی لە ئیستعلامات ژوورەکەی بەردەمی خۆی ماینەوە، ئێمە حەقمان بەوە شکا کەوا نەمێنینەوە، بەڵام هۆکاری مانەوەمانەوەکەمان ئەوە بوو سکاڵای هاوڵاتیەکی بەش مەینەتی ئەم کوردستانەمان پێ بوو لە ساڵی (1978)وە فەرمانبەرە لە ساڵی (1991)وە خانووەکی بەرناپالم کەوتووە تەنها بە ئیجرائاتی حیزبی، بە تەزکییەی حیزبی زەویان نەداوەتێ، ئەوەتا خەڵکی کە کەمەندە ناوی احمد عزالدین ناوەکەشماندا بە وەزیری شارەوانی، بەڵام هیچی بۆ نەکرد، ئەمە تەنها بۆ خزمەتی ئەو هاووڵاتییە ئەوەندە چاوەڕێمان کرد، کە ئەوە خۆشی هیچ ئیجرائاتی خۆشی لەگەڵ مودیری نووسینگەکەی نەکرد پێم وایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە زۆر بە کورتی مەجالی ئەوەمان نییە وەڵامی پرسیار هەبێت. کاك د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوو سراوە فەرمیەکانیشم ناردووە، ئەوەی کەمپی زانکۆ جیاوازە لەوەی یەکەی نیشتەجێبوونی فەرمانبەران لە نووسراوەکەی بەڕێز کاك د. دلاوەر علاءالدین مانگی (3/ 2011) بە دیاریکراوی (2) موفاتەعە یە باغمر ئەفە ندی و دارە توو ئەڵێت (500) دۆنم زەوی تەرخانکرا بۆ (5000) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران ناردوویەتی بۆ دەستەی وەبەرهێنان، ئەڵێ ئەو کاتە تکایە بە پێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2006) بیدەن بە کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی ئیجرائات بکا، بەڵام لە مانگی (4)ی (2015) لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی صلاح الدین، ئەلێ پێیان راگەیاندین لەو (500) دۆنمە (271)ی ماوە، یەعنی من خۆم چوومەتە شوێنی کەمپی زانکۆ ئەزانم، ئێستا کەمپی زانکۆ خەریکن کۆمەڵگای بەشە ناوخۆیەکانیان درو ست کردووە (25) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە بۆ دیزاین، ئەمە هەموو ئەمانە ئاگادارم، بەس ئەوە زۆر جیاوازە لە کەمپی زانکۆ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی بواری ئە مە نیـیە، پێم وا بێ ئەم دەرفە تە، ئەم دەرگا یە بکەیـنەوە هەمووی قسە ئەکا تەوە، وە جارێکی تر کە ئەمە ئێستا بواری ئەمە نییە. کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس روونکرنەوەك، بەڕێز جێگری سەرۆك حکومەتێ من د پرسیارا خۆ ژی دا ئا ماژە پێکر ئەڤ بڕیارا ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (35)، (43)، (34) دڤێ بڕیارێدا نوسخەك نك مە و ل نك جەنابێ وە ژی یێ هەی بێژیتن ماوەی چواردە رۆژان هەمی داتا یێت سەرپێچکاری ئەنواعێت سەرپێچکاریا بێنە تەسنیف کرن و بگەهیتە ئەنجو مەنی وەز یران (4/21)، یەعنی نڤیـسیە چواردە رۆژان بـگەهیتێ، بەلاّم (35) رۆژ ێن سەرڤە چووی چ داتا ئەڤرۆکە نەگەهشتنە مە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالستار وەزیری کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید/ وەزیری کشتوکاڵ ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، دووبارە سەلاّوو ر ێزو حور مەتم بۆ پەر لەمانتارە بەرێزەکان هە یە کاك بەهزاد باسی کووژاندنەوەی کرد، ئیتـفا لە دـهۆك، تەبـعەن د یارە سنووری شارەوانی یاخود ما ستەر پلان تەبعەن ئەوە پەیوە ندی بە بڕ یاری (1977/22)وە هە یە کە بەرێوە بەرە گـشتییەکانی کـشتوکاڵی، لەگەڵ پارێزگاکان و شارەوانی پارێزگا کان ئەم بڕ یارە جێبەجێدە کەن، وا تە ناگەرێـتەوە وەزارەت، ئێـمەش سەرنجمان لەسەری هەیە، ئێستا هەندێك خەریکی ئەوەین هەندێك ڕێنمایی پێ دەربـکرێ لە حکومە تەوە بۆ قەزیەی ئیتفا، واتە کوژاندنەوە کاك تحسین باسی ز ێدەرۆیی هاوڵاتـ یانی کرد لە سەر زەوی یەکتر ئەوە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەر قەزیەی تەسویە کردن، کە تەسویە بە شێوەیەکی گشتی راگیڕاوە لەبەر بێ ئیمکانیەتی، چونکە تەنها تەوزیع بووە دا بەش کردن هەبووە، ئەوەی پێـشووتریش بەڵـگە دێنێـتەوە کە بەلگەکانیشیان هەموو هەڵوەشێندراوەتەوە ئەمە کێشەکە لەوەدایە کاك عبدالـلە با سی ئەوەی کرد کە لە ساڵی (1991) کە گو ندەکان (50٪) ز یادی کردووە هە یە ز یادی کردووە، بەلاّم هە شە بەرا ستی کەمی کردووە، خۆی فراوان کردنی حەرەمی گوند عایدی شارەوانی و کشتوکاڵ و تاپۆیە هەر کاتێ ئەم سێ لایەنە بە زەرووری بزانن بە پێویستی بزانن حەرەمی گوند فراوان بکرێ بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێ ئاساییە ئێمەش پەسەندی دەکەین، کاك انور باسی ز ێدەرۆیی (80) دۆنمە کەی کرد نازانم جەنابی سەرۆکی حکومەت وەڵامی دایەوە یان نە؟ جێگری سەرۆکی حکو مەت وا بزانم جێگری سەرۆکی حکو مەت لەوێ نەبوو جەنابت وەڵامت دایەوە، جوابت داوەتەوە، با شتر، فەیروز خان با سی ئەوەی کرد کە چەند نامەیەکی ناردووە لە مانگی (2015/3/2)، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوە تەوە، هیچ نامە یەك لەلای ئێـمە فەرامۆش نەکراوە، بە بەلگەی ئەوەی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هیچ نامەیەك بۆ ئێمە نەهاتووە

که نامەی فلان پەرلەمانتار لای ئێمە تاخیر بووە، دەبینی بە ئێمە هەر نەگەیشتووە پەرواخان شتێکی باس کرد زۆر پەیوەندی بە باتەکانی ئێمەوە نییە، کە باسی کە پێویست نا کا بۆ بڕ یاری جێ بەجێکردنی یا سا بگەڕێننەوە بۆ چین وتوێژێك مامۆستایان و ئەوانە زانایان وە ڵلا من پێم وا یە زانا یان قور سایی تای بەتی خۆیانیان هەیە، حەقی خۆشیەتی بۆ هێندێ پرس و بابەت زۆر ئاساییە ئێمە بشگەڕێینەوە بۆ لای ئەوان نەك هەر ئەوان زۆر جار ئێمە بە پێویست ئەزانین لای حیزبەکانە ڕێکخراوەکانی کۆ مەڵگای مەدەنی هەر چین و توێژێك، یەعنی قورسایی هەبێ لەوەی کە هاوکارمان بێ ئێمە ئەم وڵا تەی خۆ مان، ئەم هەرێ مەی خۆمان بەرەو پێشتر ببەین، ئەو گۆرانکاری و چاکسازیانەی کە باسمان کرد جێ بەجێیێ بکەین، زۆر بە تەبیعی و ئاسایی دەزانم پێم باشە ئەویش، یەعنی ئەم بۆچوونەی ئەمرۆ بەراستی بگۆڕێ، تەبعەن چونکە کاریگەریان هەیە، هەندێ قەز یە هە یە ئەم میللە تە مو سڵمانە پێوی ستی بە حەرام و حەلال هە یە چوار مامۆستا،چوار قسەی لەسەر بکا ئەمن قەناعەتم وایە رای خەڵکی بگۆڕێ، کاك شوان باسی ئەوەی کرد گوتی ئێوە چۆن بەو شوێنانە دادەچن تەجاوزی کراوەتە سەرو هەروەکو ئەوە، وە ڵلا من هەر بەڵگە یەکی سادە دێنمەوە ئەمن سەرەتا بەر لەوەی دەست بە لابردنی زێدەڕۆیی مەنع کرد نی بیری سووری، ئەوا نە بکەین کە بە ڕەهای بوو بە دۆلی سماقۆلیدا چووم خۆم یازدە دەزگای بیری سووری لە دۆڵی سماقۆلی لەم سەر تا ئەم سەر حیساب کردووە، بەڵام ئێستا بەرێزتان هاتووچۆ دەکەن پێم خۆ شە تەنها ئە گەر یەك دانە شتان بینی ، پێم خۆشە ئاگادارمان بکەنەوە کەوابێ بەو ڕێگایانەدا دادەچم بەو شوێنانەدا دەچم بۆ ئەوەی دوای مەنعیشی بکەن بەسەرزیش بەو شوێنەدا دەچم، چونکە هیچ دەزگایەکی بیری پا یدی سووری ئێ ستا ئیش نا کا لەوێ،کاك سوهاد با سی ئەوەی کرد کە سەردانی شیلادزێ بکەین بەسەر چاو لەو ساوە سەردانی پێنجوێن مان کردووە تا ئێ ستا گەرمیان ، پ شدەر، بیتوێن، چۆمان، بەردەرەش، ئاکرێ، زا خۆ، سم یڵ، پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی، أنشاالله سەردانی ئەوێش دە کەین بەسەر چاو، کاك د. شێرکۆ با سی ئەوەی قەیوانی کرد ئەمن بەراستی هیچ زانیاریەکم نییە ئەگەر دوا یی بەدوادا چوونی بۆ بکەین رەنگە پرۆژەی وەبەرهێنان وا بزانم کاتی خۆی پێیا ندابن من ئا گادار نیم بەرا ستی دەکر ێت دوا یی وەڵام تان بدە مەوە، ئەوەی مێرگە پان فەرمووی بەرێوەبەری پۆلیس لابراوە لەسەر ئەم قەزیە، چونکە دەزگای بیری سووری یا مەسەلەی تەجاوزاتی مەنع کردووە ئەمن نازانم ئەو قەزیە یە چۆنە، بەڵام لێرەوە هەموو لا یەك دڵنیا دەکەمەوە کە ئێمە نەك یانی لایبدەین، ئەمن یەك لە بارە خۆم تەقدیری چەند قایمقامێکم کردووە وە کو وەزارەتی کشتوکاڵ بە نامەی رەسمی، چەند مودیر ناحیەیەك کە بەراستی زۆر چالاکانە، زۆر ئازایانە رێگر بوون لە بەردەم زێدەڕۆیی چ سەر زەوی ببێ چ دەزگای بیری نا یاسایی بووبێ چی مەقالیع و پالاو گەکان بووبێ، بۆ یە نازانم چۆنە حەقیقەت ئێ مە یانی پ شتیان دە گرین وە هاوکاری یان دە کەین، تە قدیریان دەکەین نەك خوا نەخواستە لایانبەین، مودیر ناحیە هەبووە قسەم لە گەڵی کردووە گوتو مە کا کە گ یان، یەعنی جەنابت گەرم وگورتربە، توونددتر بە لە مەنع کردنی زێدەڕۆیی، پشتت دەگرم گوتی وەڵلا لەوانەیە ئەگەر سبەینێ وا بکەم لەوانە یە لام ببەن گوتم وەرە مەرجت لە گەڵ دە کەم ئەم یا ساو رێنمایا نەی کە

دەرکرا بۆ مەنعی زێدەڕۆیی جێبەجێ بکە ئەمن دڵنیات دەکەم مودیر ناحیە دوای دەبێ بە قایمقامیش، پشتیشت دەگرین هەر کەسێك حکومەت لەسەر ئەوەی جەنابت پابەندی بە یاساو ڕێنمایەکان مەنعی زێدەڕۆیی دەکەی کە لەسەر ئەم قەزیەیە لات ببەن وەعد بێ ئەمنیش لەگەڵ جەنابت ئیستقالە دەکەم، نا وا نییە بلێی یانی پشتیان ناگرین و هاوکاریان ناکەین بە عەکسەوە ڕەنگە هەندێکیان خۆیان کەم تەرخەم بن، جاری وایە کابرا کەم تەرخەمە لە ئیشەکەیەوە دەپێچێ دەڵێ لەبەر ئەوەی من یاسا جێبەجێ ئەکەم دەمەوێ ئاوا بم ئاوا بم ، بۆیە لابرام، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قوباد جێگری سەرۆکی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی / جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان یەك خاڵی تر هەبوو لەبیرم چوو بیڵێم بەڕێزێك پرسیاری کرد وا بزانم بەڕێزێك بوو لە لیستی برادەرانی یەکگرتوو تاکەی ئێمە بتوانین ئەم دیاردەیە نەهێڵین لە کاتێك وەختێك تەحدید بکەین کە ئێمە ئەمە نەهێڵین ، ئەمە زۆر ئاسان نییە من پێتان بلێم (21)ی فلانی ئەوەنەیە، ئێمە ئەم کێشەیە ناهێلین، چونکە ئەمە کێشەیەکە کە چەندین ساڵە دەیان ساڵە تەراکومی کردووە، بەڵام دڵنیاتان ئەکەینەوە و بەلێنیشتان پێ ئەدەین لێرە، بەڵنیش ئەدەین بە میللەتی خۆمان کە ئەگەر پشتیوانیمان هەبێتن ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز پشتیوانمان بێت، یاسای پێویست پەسەند بکا، تەواوی لایەنە سیاسیەکان هاوکارمان بن، دوور بکەونەوە لە موزایەدەی سیاسی، پێکەوە کار بکەین بۆ چارەسەر کردن و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە نایهێڵین هەڵی ئەوەشێنینەوە و چارەسەری ئەکەین، چونکە ئەولەویەتێکی ئەم کابینەیە ئەمە بە قسەی گەورەو بە قسەی زل ناکرێ بە ئیش ئەکرێ، بە ئیجرائات ئەکرێ، بە یاسا ئەکرێ، بە دەزگای دڵسۆزو پەرۆش ئەکرێ من هیوادارم ئەمرۆ سەرەرای ئەم هەموو قسانە لێرەدا کراوە هەموو بەرێزان لە پەرلەمان دڵنیا بنەوە کە ئێمە لە حکومەت لە کابینەی (8) ئەم مەلە فەمان بە گرنگ وەرگرتووەن من حەز ناکەم کەس لێرە خۆی بکا بە بەتەڵی ئەم مەلەفە ، نە پەرلەمان نە حکومەت پێکەوە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین، کیشەکە ئی هەر هەمووومانە، حەلەکەش ئی هەمووومانە، ئەگەر بەو نەفەسە پێکەوە کار بکەین دڵنیام چارەسەری ئەکەین ، ئەیخەینە سەر ڕێو شوێنی خۆی، یاساش سەروەر ئەبێ، زۆر زۆر سوپاسی دێوەو هەموو پەرلەمانتارانی بەرێز ئەکەین بۆ خەمخۆریتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز وەزیری هەرێم، کاك مولود.

**بەڕێز مولود محی الدین باوەموراد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز پەرلەمانتارە خۆشەویستەکان پێم باش بوو لەم کاتەیە ئاماژە بە خاڵێك بدەم:

یه کەم/ سەرۆکی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان لە هەف تەی را بردوودا دوو گ شتاندنی بۆ تەواوی فەرمانگەکانی حکومەت سەیتەرەکان کرد دەربارەی بە دەمەوەچوونی پەر لەمانتارەکان و کار ئا سان کردن بۆیان، ئەوە لە هەفتەی رابردوودا گشتاندێك کرا بۆ هەموو سەیتەرەکان، هەموو فەرمانگەکانی حکومەت. دوو/ واتە لە مانگی مایسا وەڵامی (87) پرسیار گەیشتۆتە پەر لەمان لە لا یەن نوو سینگەی ئێمەوە (69) پرسیار لە پەرلەمانەوە ئاراستەی وەزیرە بەرێزەکان کراوە ، بڵێم بۆ لا یەنی ئیش لەلا یەنی خۆم بۆ چی بڵێم وەلحاسل لە ز منی ئەو سێ وەز یرەی کە زۆر ترین پر سیار ئارا ستە ئەکرێ وەز یری شارەوانییە کە ئەلحەق بۆ ویژدانی خۆم بڵێم تا ئێستا هیچ پرسیارێ لای دوا نەکەوتووە ، پرسیاریش نییە لای ئەو فەسلی تەشریعی تیا چووبێ، سوپاس بۆ بەرێزتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك عمر دەستت بەرز کردووەتەوە، تەنها ویستم ئەوە بڵێم کە ئەو بابەتەی بەڕێز کاك ابوبکر با سی کرد بووە باس و خواست لەنێوان پەرلەمان و حکومەت، بۆ یە ئەوەتا موعالە جە کراوە لەو ڕێگا یەی کە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان باسی کرد، بەڕێز کاك عمر دوا شت کە باسی بکەی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمەسعید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر داوای لێبووردن دە کەم، من ئەمرۆ زۆر قسەم کرد، تەنها ئەوە ندە دە ڵێم پرۆژە یەکم ئا مادەکردووە بۆ رێکخستنی ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی سنووری شاراوانی زیادەڕۆیی یان لە سەر کراوە، ڕادە ستی بەڕێزتانم کرد و ئێوەش بەڕێزتان نارد تان بۆ سەرۆکی حکو مەت، نو سخەیەکیش دەهێنم بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکو مەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری کشتوکاڵ، ئەوە زۆر گرینگەو بە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵیش دەڵێم ئەمڕۆ من لە دۆ ڵی سماقوڵیەوە هاتم کەمپێکی ئالیات لەوێیە، شۆفل، بلدۆزەر، حەفارە، دەقاق ئەو کەمپە مەهێڵن، چونکە من خۆم بە چاوی خۆم لە چوار مەوقیعدا بینیم مو شتەقات و بلدۆزەر ئیشی دە کرد، ئەوا نە ڕێگری لێ بکەن بە ڕە ئی من زیادەڕۆییەکان سنووری بۆ دابنێین تا ئەوکاتەی لە ئاخیریدا بتوانین رێکی بخەین و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزیشتان ڕاسپاردەکان ئامادەبکەن بۆئەوەی بەزووترین کات ئاراستەی حکومەتی بکەین، زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێزان جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرانی پەیوەندیدار لە کابینەی حکومەت، زۆر سوپاس بۆ ئێوەش پەرلەمانتاران کە بە وتوو ێژەکانتان و بە سەرنج و تێبینی و پر سیارەکانتان ئەو بابەتانەتان زیاتر دەوڵەمەند کردبەمشێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆ تایی پێ هات، دانیشتنی داهاتوو مان هەفتەی داهاتووە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)ی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 2/6/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

## چوارشەممە رێكەوتی 2015/6/2

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2015/6/2 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی

جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2015/6/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كرد نی پرۆژە یا سای ڕاكێ شانی ما یە لە ڕێ گەی قەرز كردن لە هەرێمی كورد ستان بەپێی مادده كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە یەكی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كورد ستان دە ست پێ ئە كەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (13)، ڕۆژی داینشتن (2015/6/2)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی یەكی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كورد ستانی عـێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو دە ستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا كاتی دانیـشتنی ژ مارە (13) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی (2015/6/2) بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كرد نی پرۆژە یا سای ڕاكێ شانی ما یە لە ڕێ گەی قەرز كردن لە هەرێمی كورد ستان بەپێی مادده كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە یەكی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

بەخێرهاتنی بەرێزان جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كورد ستان و وەز یری دارا یی و بەرێز وەز یری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و بەرێز سكرتێری ئەنجو مەنی وەز یران و ڕاو ێژكارانیان ئە كەین بۆ هۆڵی پەرلەمان بۆ بەشداری كردن لە وتوێژەكانی تایبەتمەند بە بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، پێش دەست پێكردن بە وتوێژەكان داوا لە بەرێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەین پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەرێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان.**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 12) لە بەرواری (2015/5/26) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆكی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- ئاڵوگۆڕ کردنی بەرنامەی کار خاڵی دووەم بۆ خاڵی یەکەم و بە پێچەوانەوە.

4- پەسند کردنی گفتوگۆ کردن سەبارەت بە کێشەی زیادە ڕەووی لە هەرێمی کوردستان و ئامادە بوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

5- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستان و بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لە داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (12) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/5/26) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:

لە کۆبوونەوەی یەکەم:

1-انەس محمد-مۆڵەت - ئاری محمد- مۆڵ - بەیار طاهر-مۆڵە - بەشار مشیر-مۆڵەت - پەری صالح-ئامادە نەبووە - زۆزان صادق-مۆڵەت - سراج احمد-مۆڵەت - سەرکەوت سەرحەد- مۆڵەت - گەشە دارا- مۆڵەت - فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت - منیرە عثمان- مۆڵەت - عزت صابر- مۆڵەت

لە دانیشتنی دووەم:

1 انس محمد-مۆڵەت - ئاری محمد-مۆڵە - بەیار طاهر- مۆڵەت - بەشار مشیر- مۆڵەت - پەری صالح- ئامادە نەبووە - زۆزان صادق- ئامادە نەبووە - سراج احمد- مۆڵەت - سەرکەوت سرحد- مۆڵەت - گەشە دارا- مۆڵەت - فەرهاد حەمە صالح- مۆڵەت - منیرە عثمان- مۆڵەت - عزت صابر-ئامادە نەبووە - منی نبی- مۆڵەت - جمال عثمان- مۆڵەت - حیات مجید- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی کۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (2015/5/26) تاکو (2015/6/2) بەم شێوەیە بوو:

1 لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لە (5/26) کۆبوونەوەی کردووە

بەشار مشیر- مۆڵەت بووە

2- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەر هێنان لە (5/27) کۆبوونەوەی کردووە

**هێڤا حاجی  مۆڵەت - شێرکۆ جودت  ئامادە نەبووە - مدینە ایوب  ئامادە نەبووە - سۆران عمر- ئامادە نەبووە - یروانت نیسان- ئامادە نەبووە**

3- **لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە** (5/27) **کۆبوونەوەی کردووە**

**ئێڤار ا براهیم- مۆ ڵەت بووە - کمال یلدا  ئا مادە نەبووە لە بەر ئەوەی لە هەمان کات کۆبوو نەوەی لیژنەیەکی تری هەبووە**

4- **لیژ نەی کارو باری پێ شمەرگە و شەهیدان و زیندانیانی سیا سی و قورباذ یانی جینۆ ساید لە** (5/28) **کۆبوونەوەی کردووە**

**دلێر مصطفی- مۆڵەت - هەورامان حەمە شەریف- مۆڵەت - عبدالله محمود- مۆڵەت**

5- **لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**صالح فەقێ- ئامادە نەبووە - سۆران عمر- مۆڵەت**

6- **لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**مریم صمد  مۆڵەت - شێرکۆ حەمە امین- مۆڵەت**

7- **لیژنەی بازرگانی و مافی بەکاربەر لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**-ڤەمان فیصل- مۆڵەت - ڤالا فرید- مۆڵەت - هێڤا حاجی- ئامادە نەبووە**

8- **لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداوەکان لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**خلف احمد- مۆڵەت - ئاواز جنگی مۆڵەت - فەرهاد حەمە صالح- مۆڵەت**

9- **لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کرردن لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**عباس فتاح- مۆڵەت - شیلان جعفر- مۆڵەت**

10- **لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون**

11- **لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە** (6/1) **کۆبوونەوەی کردووە**

**صالح بەشار مۆڵەت- علی حەمە صالح مۆڵەت - عزت صابر- مۆڵەت**

12- **لیژنەی کارو باری پێ شمەرگە و قورباذ یانی جینۆ ساید و زیندانیانی سیا سی لە** (6/1) **کۆبوو نەوەی کردووە**

1 **محمد صادق  ئامادە نەبووە - هەورامان حەمە شەریف- ئامادە نەبووە - قادر ئۆ تمان مۆ ڵەت - عبدالله محمود مۆڵەت بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی بە شێوەی هەفتا نە کۆبوو نەوی خۆ یان ئەجام داوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەخێرهاتنی تیمێك لە ڕۆژنا مە نوو سانی ڕۆژ ئاوای کورد ستان ئە کەین کە ئێ ستا لێرە ئا مادەن، ئێستا ئەچینە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ کە بریتییە لە (گفتو گۆ کرد نی پرۆژە یا سای**

ڕاکێشانی مایه له ڕێگەی قەرز کردن له هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (1992) ی هەموار کراو)، داوا له سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی کارو باری یا سایی و ئەوقاف و کارو باری ئاینی و دارا یی و کارو باری ئابووری ئەکەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێکردن بە گفتو گۆ، بەلاّم ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئێوە ڕاپۆرتەکەتان لە بەر دەستە، ئەگاداری ئەوەن کە بەشێکی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە تایبەتمەندەکان تەحەفوزیان نووسییوە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، بۆیە سەرەتا گفتوگۆی ئەوە ئەکەین کە ئایا پرۆژە یاساکە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، یان ڕەت بکرێتەوە، ئەوکات ئەچینە سەر برگە و ماددەکانی پرۆژە یاساکە ئەگەر قبوڵ کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەکات ئەچینە سەر برگە و ماددەکان، و ئەگەر بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەو بابەتە ڕەفز کرایەوە ئەوکات گفتوگۆکان هەڵئەگرین، بۆ ئەمەش باشترین خەڵکانی تایبەتمەند بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بابەتە لەسەر ئەوەی ئایا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکرێ یان پرۆژەکە ڕابگیرێ؟ ئەندامانی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانن، خۆیان ڕاپۆرتیان لەسەری نووسیوە، سەرەتا دەرفەت بەوان ئەدەین کە ڕای جیاوازیشان هەیە، تێبینی خۆیان بخەنە ڕوو لەو بارەوە، دوایی ڕێ بە (3) ئەندام پەرلەمان ئەدەین پشتگیری موناقەشەکردنی پرۆژەکە بکات، و (3) ئەندام پەرلەمانیش موناقەشەی ئەوە بکەن بۆچی ئەوان دژی ئەوەن گفتوگۆی پرۆژە یاساکە بکرێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مونتیج ئەو گفتوگۆیە بە کۆتا بێنین، یان بە پەسند کردنی گفتو کردن لەسەر پرۆژە یاساکە، یان بە ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ کردن لە سەری، بڕیاری پەرلەمان یەکلایی کەرەوە ئەبێ لەو بابەتە، ئێستا داوا لە سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەین، فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەرێز غريب مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم ئەوە بڵێم کە خۆم ئەندامێکی لیژنەی ئەوقافم، ئەو واژووییەی کردوومە لە ژێرەوە نووسیومە کۆی پرۆژەکە ڕەت ئەکەمەوە، لەبەر ئەوە ئێستا بە حزووری بەرێزتان واژووەوەکەش ڕەت ئەکەمەوە، ئاگادار بن.

**بەرێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێز دکتۆر عیزەت صابر سەرۆکی لیژنەی ئابووری و کاروباری دارایی فەرموو.

**بەرێز عزت صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئاری نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز ئاری هەرسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر قسەکانی بەرێزتان حەز ئەکەم ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ئالیات چییە بۆ ئەوەی (3) کەس لە گەڵی و (3) کەس لە دژی قسە بکات؟ چونکە ئەگەر (50) کەس دەست بەرز بکاتەوە چۆن هەڵی ئەبژێری؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەوشی پەرلەمان هەر بەو شێوەیە بوو، ئەگەر هەمووی هەڵسێ ڕەنگە ئەمڕۆ تەواو نەبین لەسەر ئەوە، بەلاَم لە فراکسیۆنە جیاوازەکان ئیختیاری ئەو کەسانە ئەکەین کە قسە لەسەر بابەتەکە بکەن، بەرێزان پێشتر پرۆژە یا ساکە بەو شێوەی لە حکومەت هاتووە، و ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەند یدارەکان ئەخوێندرێتەوە، دوایی دەست ئەکەین بەو گفتوگۆیەی باسمان کرد، فەرموو دکتۆرە جوان نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەحەفوزم لەسەر هەیە، واژووەکەم سەحب ئەکەمەوە.

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واژووی ئەندامی پەرلەمان لەسەر ڕاپۆرتەکان بۆ ڕایی کردنی بابەتەکەیە لە ناو لیژنە، واتە ئەو ئەتوانێ لێرە دەنگ بۆ یاساکە نەدات، زۆر ئاساییە، بەلاَم ناتوانێ ڕاپۆرتەکە ڕابگرێ لە لیژنەکەی خۆی، دەنگدان دواجار بۆ ئەندامانی پەلەمانە، ئایا ڕەتی ئەکەنەوە ئەو یاسایە یان قبوڵی ئەکەن، بەلاَم سەحب کردنی واژوو بەو شێوەیە ڕەوان نییە پەیڕەوییەن، ئەتوانێ واژووی نەکات، بەلاَم کە واژووی کردووە ئەڵێ من لەگەڵی نیمە تەنیا بۆ ئەوەیە بابەتەکە لە ناو لیژنەکە بێتە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەواتە هەر ئەبێ گفتوگۆی ئەوە بکەین ئایا پرۆژە یا ساکە گفتوگۆی لەسە بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە، ئەگەر لەلایەن ئەنداما نەوە قبوڵ کرا موناقەشە بکرێ ئەوکاتە ئەیخەینە گفتوگۆوە، ئەگەر ڕەتیش کرایەوە ئەوکات ڕەت ئەکرێتەوە، پێم وابێ ئەوەندە نوقتەی نیزامییە پێویست ناکات، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لیژنەیەك واژووکانی نیسابی قانونی نەبێ ڕاپۆرتەکەی ئیعتیباری نییە، بۆیە لیژنەی ئەوقاف پێشتریش بە ڕاپۆرت و بە ڕەسمی ڕەتی کردۆتەوە، ئێستا ڕاپۆرتی هاوبەش تێك ئەچێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسمان کرد ئێستا ڕاپۆرت ئیمزا کراوە، خراوەتە سندووقی ئەندامان، ئەگەر لیژنەی ئەوقاف پێی باش نەبوو ئەبوو هەر لە سەرەتاوە واژووی لەسەر نەکەن، کە ئێستا چۆتە سندووقی ئەندامانەوە بۆ گفتوگۆش، ئێستا بە دەنگدان یەکلایی ئەکەینەوە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێ یان نا؟ فەرمووو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز د.هەورامان گەچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر تەوزیحدانی قسەکانی کاك سۆران ئەوە ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقافە، لیژنەی ئەوقاف هەموویان لێرەن، بە ئیجماع ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەمان ڕەتکردۆتەوە و ئەوەش ڕاپۆرتەکەمانە، نازانم چۆن لە کاتێکدا کە لیژنەیەك، پرسیار لە لیژنەی یاسایی ئەکەم، لیژنەیەك لە لیژنەکان ڕەتی ئەکەنەوە، ئایا چۆن ڕاپۆرتی هاوبەش ئەنووسرێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا لیژنەی ئەوقاف ئەو ڕاپۆرتەیان ناردبوو، ڕەفز کردنەوە نییە، داوای بەدیل ئەکەن، بەلاّم لە دوای کۆمەڵێك کۆبوونەوە ئەو ئیمزایە بۆ ئێمە هاتووە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئەوقافەوە، ئەو ئیمزایانە لە لیژنەی ئەوقافەوە بۆ ئێمە هاتووە کە نیسابی قانونی تەواوە، لە (7) کەس (4) کەس ئیمزای کردووە، هیچ عیلاقەی بە ئێمەوە نییە کە چۆن ئیمزا کراوە لە لیژنەی خۆیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم چۆن لە ڕووی یاساییەوە گفتوگۆ لەسەر شتێك ئەکەین کە پەیوەستە بە باجەتێکی ترەوە کە بودجەیە؟ ئێمە تا ئێستا لەم خولەی پەرلەمان نازانین بودجە چییە؟ داهاتمان چیە، خەرجیمان چیە؟ چۆن........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نییە بەهار خان، فەرموو کاك حاجی.

**بەڕێز کنعان نجم الدین(حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن کۆی واژووی لیژنەکان 80٪ لای کەم تە حەفوزی پێوە یە، پر سیار ئە کەم ئا یا ئە گەر کۆی ئەو ئیمزایانە 80٪ تەحەفوز بێت دێتە ناو جەلسە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیشکالێکە لە پەیڕەوی ناوخۆ، بە دڵنیایی یەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی تازە ئەوە موعالە جە ئە کەین، ئەگەر بۆ نموونە لیژنەیەك لە لیژنەکان ئەسڵەن لە گەڵ موناقە شەی پرۆژە یا سایەك نەبوو، دوو لیژ نەی تر، یان سێ لیژنەی تر لە گەڵی بوو چۆن یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام پێمان وا یە با شترین ئالیەت ئەمڕۆ بیگرینە بەر بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکرێ یان نا؟ ئەوە یە کە سەرەتا گفتو گۆ لە سەر ئەوە ئەکەین کە پرۆژە یاساکە بخرێتە موناقەشەی پەرلەمانەوە یان نا؟ ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگدانی خۆ یان ئەو پر سە یەکلایی ئەکە نەوە، دوای دەنگدانی ئە ندامانی پەر لەمان یان پەر لەمان بڕ یار ئەدات گفتوگۆ بکرێ و دەست ئەکەین بە گفتوگۆ کردنی، یان ئەندامانی پەرلەمان ڕەتی ئەکەنەوە گفتوگۆ ناکرێ، ئێستا فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی قسە لەسەر پرۆژەکە نییە، قسەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ، لە پەرلەمانی عێراق ئەوە نموونەیە بۆ ئەوەی وازیح بێ کە عەیبێکی شکلی دروست ئەبێ، هەتا ئەگەر یاساکەش پەسند بکەین، دەنگ درا لەسەر مەسەلەی یاسای خانەنشینی پەرلەمانتاران، لەسەر عەیبێکی شکلی مەحکەمەی ئیتیحادی ڕەفزی کردووە، عەیبەکە ئەوە بوو پرس بە حکومەت نەکرابوو، ئەوە مە سەلەیەکی شکڵیە، ئەو پر سیارە ئەکەم، حیکمەت چییە لە ئاراستە کردنی پرۆژە یا سای قەرز بۆ لیژ نەی ئەوقاف ئە گەر ڕەئ یەکانیان بە نەزەری ئیعیبار وەرناگیرێ؟ ئەوە یەك، دوو، حیکمەت چیە لە ئارا ستە کرد نی پرۆژەی قەرز بۆ لیژ نەی دارایی ئەگەر ئیمزای ئەوان بە نەزەری ئیعیبار وەرناگیرێ و دواجار پەرلەمانی کوردستان ساغی ئەکا تەوە، ئێستا پرۆژەی هەموار یان دانانی پەیڕەوێکی نوێمان لەبەر دەستە، بۆ یا سایەك دەر ئە کەین کە گوما نمان هەیە لە شکڵیەت و لە ئیجرائاتی؟ لەکاتێکدا ئەکرێ چارەسەری ئەو بابەتە لە ناو پەیڕەودا بکەین، دوا تر قسە لەسەر ئەو حاڵەتانە بکەین، یان ئەو پرۆژە یاسایانە بکەین کە ئەوجۆرە جەدەلەی تێدایە، لە ئێستاوە من وەکو قانونییەك گومانم هەیە لەسەر پرۆژە یاساییەك کە لێرە موناقەشە ئەکرێ، لە کاتێکدا یەکێ لەو لیژ نە تایبەتمەندا نەی کە بەرێزتان ئیعتیبار تان بۆ دا ناوە کە زەڕوورن حزوور یان هەبێ ئیمزاکا نیان حزووریان هەبێ، بەڵام بێ ئەوەی ئیعتیبار بۆ ئیمزاکا نیان دابنرێ دێ تە ناو پەر لەمان، کەوا تە پێویست ناکات ئەندامی پەرلەمان لە لیژنەکان قسەی خۆی بکات، هەر لە پەرلەمان لێرە هەر شتێك هەبوو یەک سەر ساغی ئەکەینەوە و قسەی خۆمانی لەسەر ئەکەین، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من عەیبەکە ئەبێتە عەیبێکی شکڵی، هیوادارم ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان، بەرێز دکتۆرە ڕێواز ئەتوانی سەیری ڕاپۆر تە هاوبە شەکە بکەی، ئەو ڕاپۆر تە هاوبەشەی دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەر لەمان، ڕا پۆرتی لیژ نەی ئەوقافیشی لە سەرە، لە کۆی (7) ئەندامی لیژنەکە پێنج ئەندامی واژووی لەسەر کردووە، بۆ یە هاتۆ تە ناو سەندوقی ئەنداما نەوە، خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ددەمێکیدا کو لیژنێن پەیوەند یدار ڕا پۆرتێن خو حازر بکات، و موناقە شێ ها تە ناڤ هۆ ڵە پەرلەماندێدا بدیتنا من پێویستی هندێ ناکاتن، و خالێت نیزامینە ئەگەر بێنە وەرگرتن کو موناقە شە کرن ل سەر ڤێ پرۆژێ بێتە ڕاگرتن، ئەڤە د دەمەکیدا راستە کو موناقە شە کرن حەتا نەهێتە ناڤ هۆ ڵە پەرلەماندێدا، ل نووکە دبینم خالەکا پەیڕەویا کو ڕاگرتنە پرۆژێ بێتە کرن ب حیجەتێ هەندێ هەندەك ئەندام پەر لەمان دناڤ هۆڵا پەرلەمانێ دبێژن ئەم سەحبا ئیمزایا خو دکەین، ئەڤە هەم وەخت گرتنە، هەم ژی وە خت گرتنا حکومەتێیە، ژبەر هەندێ بچینە سەر موناقەشێ سەرەکی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خولی پێشوو هیچ کات پرۆژە یاسا لیژنە ڕەتی نەکردۆتەوە، چۆتە ناو لیژ نە، لیژ نە سیاغەی کردووە، جاری وابووە لیژنە بە کاملی پرۆژە یاسای ڕەت کردۆ تەوە، لە نەتیجە هاتیە لە هۆڵی پەر لەمان دەنگی لەسەر دراوە کە ئەم پرۆژەیە قبولٚ بکرێ کە ڕەفزی لیژنەیە، لیژنەی یاسایی پرۆژە یاسای ڕەت کردۆ تەوە، لە هۆڵی پەرلەمان ڕەت کردنەوەی لیژنەی یا سایی رە فز کراوە تەوە، جارێکی تر سیاغە کراوە تەوە، بۆ یە ئێ ستا ئەم تێبینیە، یەعنی لیژ نە موعتە بەرەکان وەر یان گر تووە کە بە شێکی زۆری ئە ندام پەر لەمان تێبینیان لەسەر پرۆژەکە هەیە لەگەڵ ئەوەن، بۆیە بەرێزت ئەڵێی مەبدەئیەن، خۆ بڕ یارت نەداوە بچینە سەر موناقە شەکە، ئێ ستا تۆ ئەڵێی فەرموو کێ لەگە ڵە؟ کێ لە گەڵ نی یە؟ ئە گەر ڕەت کرا یەوە، ڕەت ئەکرێتەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوسا ئەچییە سەر موناقەشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەزانم چەند کە سێکی تریش دە ستیان بەرز کردۆ تەوە، بەڵام وا هە ست ئە کەم تێکەیشتین بارودۆخەکە چۆنە، فەرموو لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی تر دە قی پرۆژە یا ساکە و ڕا پۆرتی هاوبەشی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکە بخوێنەوە.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای ڕاكیشانی مایە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كوردستانی عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشە و دەستەواژانەی دێن ماناكانیان بەرامبەریانە.**

**1 هەرێم- هەرێمی كوردستانی عێراق**

**2- ئەنجومەنی وەزیران- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم**

**3- پەرلەمان- پەرلەمانی كوردستانی عێراق**

**ماددەی دووەم: ئەنجومەنی وەزیران تەخویل ئەوكرێ بە ڕاكێشانی مایە لە سەر چاوەی یاسایی پاك لە ڕێگەی قەرز كردن و قەرز وەگرتن و یان گەرەنتی كردنی قەرز یان پرۆسەی تری هاوشێوە بە بەهایەك سەرجەمی لە (5) ملیارد دۆلاری ئەمریكی زیاتر نەبێ، مەرجە سەرجەم قەرزە وەرگرتنەكان یان گەرەنتییەكان یان هەر پرۆسەیەكی تری هاوشێوە تێپەڕی ئەو بڕە نەكەن كە لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە باس كراوە، و دانەوەی یان گەرەنتی كردنی بە دانەوەی ڕسوومات و سوود و خەرجییەكان و ئەو بڕانەی تر كە پێیەوە بەستراونەتەوە لە نێو دەستەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دایە كە لە ماددەی (5)ی ئەم یاسایەدا ڕوون كراوەتەوە، و ئەم بڕانەش لە نێو بەرزە ئاستی باس كراو لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە هەژمار ناكرێن.**

**ماددەی سێیەم: ئەكرێ ئەو مایەی ڕائەكێشرێ یان ئەو قەرزە گرەنتی كراوانەی دەرئەكرێن بە هەر دراوێكی بیانی بێ لە سنووری ئەو بڕەی لە بڕگەی یەكەمی ماددەی یەكەمی ئەو یاسایە باسكراوە، و لەسەر بنەمای نرخەكانی پارە گۆڕینەوەی كار پێكراو لە ڕێكەوتی بەستنی قەرز كردنەكە یان گەرنتی كردنەكە لەسەر بنەمای نرخەكانی پارە گۆڕینەوەی كار پێكراو لە ڕێكەوتی بەستنی قەرز یان گەرەنتی پێ كردنی قەرزەكە بە گوێرەی حوكمەكانی ئەو یاسایە، تەنیا بە نووسین لەسەر ڕێكەوتێكی تر ڕێككەوتبن.**

**دووەم: لە شێوەی قەرزی دەرەكی یان ئاسانكاری هەبوونی تر یان پەڕ یان قەواڵەی دارایی دەركراو لە بازاڕە دەرەكییەكان یان هی تر.**

**سێیەم: لە ڕێگەی یەك پرۆسە یان لە ڕێگەی زنجیرە پرۆسەی بە یەك بەستراو یان نێوان نەبەستراو و لەو سنوورەی لە بڕگەی یەكەمی ماددەی یەكەمی ئەو یاسایە هاتووە.**

**ماددەی چوارەم: پابەندییەكانی هەرێم بە دانەوە لەوەی تایبەتە بەو مایانەی ڕاكێشراون، یان قەرزە گەرەنتی كراوەكان بە پێی حوكمەكانی ئەو یاسایە لە ڕووی مافەكانی پێشەنگیدانەوە یەكسانن لەگەڵ پابەندە داراییە نا گەرەنتی كراوەكانی تری هەرێم.**

**ماددەی پێنجەم:**

1 بە بڕیارێکی ئەنجو مەنی وەز یران پێ شوەختە حوکم و مەر جەکانی ڕاکێ شانی هەر ما یە یان گەرەنتی کردنی قەرز لە نێوانیشیاندا بۆ نموونە دراوی متما نە پێ کراو بەرزە پێ کراوی سوود یان تێ کڕای سوودی بنەڕەت و بڕی بنەرەت و ڕێکەوتی شایستە بوون، بەو شێوەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەری ئەکات د یاری ئەکرێت.

2- ئەنجو مەنی وەز یران بۆی هە یە لیژنە یەکی تای بەت کە پێ کدێ لە سەرۆکی ئەنجو مەنی وەز یران و جێگرەکەیی و وەزیری دارا یی و ئابووری بە یە کەوە یان بە جیا ڕاب سپێری بە دە ستەڵات یان حوکم و مەرجەکانی هەر پرۆسەیەك لە پرۆ سەکانی ڕاکێ شانی ما یە یان هەر گەرەنتی کرد نی قەرز، و دانو ستان کردن بە سیفەتی ئەوەی کە نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن، و بەستنی سەرجەم ڕێکەوتن و بەڵگە نامەکان و هەر هەموار کردنێك بەو شێوەی بەرژەوە ندی گ شتی دە ستە بەر ئەکات و خە ستنە بواری جێ بەجێ کردنەوە و بەرپرسیەتی ئەم لیژنەیەش لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران هاوکاری تەزاموونی ئەبێ.

ماددەی شەشەم:

1 ئەنجومەنی وەز یران سەرجەم ئەو ڕێکارا نەی دا یان ئەنێت کە بەرژوە ندی گ شتی د ستەبەر ئە کەن و چارەنوو سی ئەگەرێ تەوە بۆ ئـ یدارە ئەگرێ تە بەر، لە نێوانی شیان پرۆ سەکانی ئاڵوگۆڕ کرد نی دراو و بەرهەمە ئیدارییەکان و دووبارە پارە پێدان (تەمویل) درێژکرنەوە و دووبارە پەیکەر سازی کرد نەوە یان کڕین یان دووبارە کڕینی بە ناوی هەرێم و بە نێونەرایەتی ئەو، هەر قەرزێك لە قەرزەکان یان پابە ندی گرەنتی کرا و یان هەر یەك لەو گەرەنتی دەرکراوانەی نێو ئەو بڕەی لە ماددەی یە کەمی ئەو یا سایە دا و بە پێی حوکمەکانی دەقی لەسەر کراوە.

2- ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لە لیژنە یەکی تای بەت کە پێ کدێ لە سەرۆکی ئەنجو مەنی وەز یران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابووری بە یەکەوە یان بە جیا ڕابسپێرێ بە دە ستەڵاتی گرتنە بەری ئەو ڕێکارانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو مادده یە باس کراون، و بە ستنی سەرجەم ڕێکەوتن و بەڵگەنا مەکان و هەر هەموار کردنێکی تایبەت پێیانەوە بەو شێوەی بەرژەوەندی گشتی دە ستبەر ئەکات خـستنەبواری جێ بەجێ کردنەوە و بەرپر سیەتی ئەو لیژنە یە لە بەردەم ئەنجو مەنی وەز یران هاو کاری وا تە ( تەزاموونی) ئەبێت.

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنی وەزیران هەڵئەستێ بە د یاری کرد نی بەرزترین تێ کڕای سوود یان تێ کڕای سوودی بنەڕەت و ڕ سوومات و نوو سراوەکان یان هەر سوودێك یان دە ستەکەوتێك یان دا هاتێکی تر کە شایستە ئەبێت یان کەڵەکە بووە لە سەر هەر مایە یەك کە ڕائەکێ شرێ یان هەر قەرزێکی گەرەنتی کراو بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بەو شێوەی بەرژەوە ندی گ شتی دە ستبەر ئەکات ئەو دە ستەڵاتەش ملکەچ نابێ بۆ هیچ بەرزە تێکڕایەك، یان هەر کۆتێکی تری هاتوو لە هەر یاسایەك یان پەیڕەوێك یان ڕێنما یەکی تری بەرکار لە هەرێم یان لە داهاتوو بەرکار ئەبێ.

**ماددەی هەشتەم: بڕی بنەڕەت، واتە ئەسڵی و سوود و شایستەکانی تری سەر هەر مایەیەك لەو مایانەی لەوانەیە ڕابکێشرێن و سەرجەم ئەو بڕانەی بەپێی هەر گەرەنتی کردنێکی بەستراو بەپێی ئەو یاسایە شایستە ئەبن و گشت ڕێکەوتن و بەڵگەنامەکانی لەو بوارە هەرێم گرێیان ئەدات ملکەچ نابن بۆ ڕسووماتی پولی دارایی یان لێ بڕینی هەر بڕێك یان باجێکی هاتوو لە هەر یاسایەك یان پەیڕەوێك یان ڕێنمایەیەکی تری بەرکار لە هەرێم یان لە هەرکاتێك بەرکار ئەبێ.**

**ماددەی نۆیەم: کار بە هیچ یاسایەك یان بڕیارێك یان دەقێکی تری ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکرێ، و لە حاڵەتی بوونی هەر ناتەبایەیەك لە نێوان حوکمەکانی ئەو یاسایە و هەر یاسایەك یان پەیڕەوێك یان ڕێنماییەکی تری دەرکراو لەلایەن دەستەڵاتە ئیتیحادییەکان یان دەستەلاتەکانی هەرێم ئەوە بە حوکمەکانی ئەو یاسایە وەر ئەگیرێ کە لە سەر جەم لایەنەکان دا لە یاساکە لە پەیڕەو و یان ڕێنماییەکانی تر لە پێشترە.**

**ماددەی دەیەم: ئەکرێ ئەو ناکۆکیانەی لە ئەنجامی پیادە کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە و ئەو ڕێکەوتن و گرێبەستانەی بەپێی ئەو یاسایەوە ئەبەسترێن چارەسەر بکرێن لە ڕێگەی ناو بژیوانی نێودەوڵەتی بە گوێرەی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی پێویستی ئەکات.**

**ماددەی یانزە: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی و پێناسە کردنی وشەکانی ڕاکێشان، بەرهەمە داراییەکان، گەرەنتی کردنی قەرز و وشەی تر کە لەو یاسایە هاتوون بەوەی پێویستە دەر بکەن.**

**ماددەی دوانزە: ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی فەرمی کوردستان) جێ بەجێ ئەکرێ.**

**هۆیەکانی دەرچوواندن:**

**لە پێناو پاڵپشتی کردنی باری دارایی هەرێمی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی گەشەپێدان و پێشخستن بەو شێوەی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەی دەستەبەر بکات کە لەگەڵ دەستوور هاوڕایە ئەوا ئەو یاسایە دەرچووێنرا.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**لێژنەکانی (کاروباری یاسایی) و( ئەوقاف و کارو باری ئایینی) و ( دارایی و کارو باری ئابووری) ڕۆژی (چوارشەمە 2 گولانی 2715 )ی کوردی بەرامبەر بە (2015/4/22) ی زایینی کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کە لەلایەن (ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) ەوە پێشکەش کراوە ، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (11)ی ئاسایی لە ڕۆژی چوارشەممە بەرواری 19/11 / 2014 ، ڕەوانەی لیژنەکان کراوە.دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**ناونیشانی پرۆژەکە:**

**هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە**

**ماددەی (1): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە**

**ماددەی (2): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران تەخویل دەکرێت بە راکێشانی مایە لە سەرچاوەی یاسایی پاك لە رێگەی قەرزکردن و قەرزوەرگرتن و/یان گەرەنتیکردنی قەرز یان پرۆسەی تری هاوشێوە بە بەهایەك سەرجەمی لە (5,000,000,000) پێنج ملیار دۆلاری ئەمریکی زیاتر نەبێت.**

**دووەم: مەرجە سەرجەم قەرزوەرگرتنەکان یان گەرەنتیەکان یان هەر پرۆسەیەکی تری هاوشێوە تێپەڕی ئەو بڕە نەکەن کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا باسکراوە، وە دانەوە یان گەرەنتیکردنی دانەوەی رسومات و سوودو خەرجیەکان و ئەو بڕانەی تر کە پێیەوە بەستراونەتەوە لەنێو دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دایە کە لەم یاسایەدا روون کراوەتەوە، وە ئەم بڕانەش لە ذێو بەرزە ئاستی باسکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هەژمار ناکرێن.**

**ماددەی (3): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**دەکرێت ئەو مایانەی رادەکێشرێن و/یان ئەو قەرزە گەرەنتیکراوانەی دەردەکرێن:**

**یەکەم: بەهەر دراوێکی بیانی بێت لە سنووری ئەو بڕەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا باسکراوە، وە لە سەر بنەمای نرخەکانی پارەگۆڕینەوەی کارپێکراو لە رێکەوتی بەستنی قەرزکردنەکە یان گەرەنتیکردنی قەرزەکە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە تەنها ئەگەر بە نووسین لەسەر رێکەوتنێکی تر رێککەوتبن.**

**دووەم: لە شێوەی قەرزی دەرەکی یان ئاسانکاری دڵنیابوونی تر، یان کاغەز یان قەواڵەی دارایی دەرکراو لە بازاڕە دەرەکیەکانی رێکخراو یان رێکنەخراو.**

**سێیەم: لە رێگەی یەك پرۆسە یان لە رێگەی زنجیرە پرۆسەیەکی بەیەك بەستراو یان نێوان نەبەستراودا وە لەو سنوورەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا باسکراوە.**

**ماددەی (4): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**حکومەتی هەرێم پابەندە بە دانەوەی ئەو مایانەی راکێشراون یان قەرزە گەرەنتیکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە پێی مەرج و ماوەی دیاریکراو لە رێککەوتن و بەڵگەنامەکان.**

**ماددەی (5): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لێژنەیەکی تایبەت کە پێکدێت لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابوری) بە یەکەوە رابسپێرێت بە دەسەڵاتی دیاریکردنی حوکم و مەرجەکانی هەر پرۆسەیەك لە پرۆسەکانی راکێشانی مایە یان هەر گەرەنتیکردنێکی قەرز، هەروەها دانووستان کردن، بە سیفەتی ئەوەی کەوا نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن، وە بەستنی سەرجەم رێککەوتن**

و بەڵگەنامەکان و هەر هەموار کردنێکیان بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات، و خستنە بواری جێ بەجێ کرد نەوەو، بەرپر سێتی ئەم لێژنە یەش لە بەردەم ئەنجو مەنی وەزیرا ندا پێکەوەیی (تضامني) دەبێت.

دووەم: بە بڕ یارێکی ئەنجو مەنی وەز یران پێشوەختە حوکم و مەر جەکانی هەر راکێشانێکی ما یە یان گەرەنتیکردنی قەرز لە نێوانیـشیاندا بۆ نموو نە (دراوی متما نەپێکراو، بەرزە تێکڕای سوود یان تێکڕای سوودی بنەڕەت، و بڕی بنەڕەت و ڕێکەوتی شایستەبوون) بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات، دیاری دەکرێت.

ماددەی (6): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو رێکارانە دادەنێت کەوا بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکەن و کە پەیوەستە بە بەرێوەبردنی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕکردنی دراوو بەرهەمە داراییەکان، دووبارە پارەپێدان (تمويل)، درێژکردنەوە، دووبارە دارشتنەوەی قەرزەکە، یان کڕین یان دووبارە کڕینی، بەناوی هەرێم و بەنوێنەرایەتی ئەو، هەر قەرزێك لە قەرزەکان یان پابەندیی گرێدراوی تر و/یان هەر یەك لەو گەرەنتیە دەرکراوانەی نێو ئەو بڕەی لە مادده دووەمی ئەم یاسایەداو بەپێی حوکمەکانی دەقی لەسەر کراوە.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لێژنەیەکی تایبەت کە پێکدێت لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابوری) بەیەکەوە رابسپێرێت بە دەسەڵاتی گرتنە بەری ئەو رێکارانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مادده یەدا باسکراون، وە بەستنی سەرجەم رێککەوتن و بەڵگەنامەکان و هەر هەموارکردنێکی تایبەت پێیانەوە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات، و خستنە بواری جێبەجێ کرد نەوە، وە پێدانی دەسەڵاتی واژۆ کردن بە وەزیری دارایی و ئابووری لە سەر رێککەوتن و بەڵگەنامەکان و بەرپرسێتی ئەم لێژنەیەش لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێکەوەیی (تچامنی) دەبێت.

سێ یەم: هێنانەکایەی بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ناوی بەریوەبەرایەتی مایەی راکێشراو بۆ مەبەستی بەرێوەبردنی کاروباری مایەی راکێشراو.

ماددەی (7): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە دیاریکردنی بەرزترین تێکڕای سوود یان تێکڕای سوودی بنەڕەت و ر سومات و عمو لەکان یان هەر سوودێك یان دەسکەوتێك یان داهاتێکی تر کەوا شایستە دەبێت یان کەڵەکەبووە لەسەر هەر مایەیەك کە رادەکێشرێت یان هەر قەرزێکی گەرەنتیکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات، ئەم دەسەڵاتەش ملکەچ نابێت بۆ هیچ بەرزە تێکڕایەك یان هەر کۆتێکی تری هاتوو لە هەر یاسایەك یان پێڕەوێك یان رێنماییەکی تری بەرکار لە هەرێمدا یان لە داهاتوودا بەرکار دەبێت.

ماددەی (8): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە

ماددەی (9): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ئابووری و پلان دانانی بری مایەی راکێشراوەکە بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان خەرج بکەن, دوای راستاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

ماددەی (10): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەکرێت ئەو ناکۆکیانەی لە ئەنجامی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ئەو رێککەوتن و گرێبەستانەی بەپێی ئەم یاسایە دەبەسترێن چارەسەر بکرێن لە رێگەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی بەگوێرەی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی پێویستی دەکات.

ماددەی (11): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

کار بە هیچ یاسایەك یان بڕیارێك یان هەر دەقێکی تری ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (12): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، و پێڕەوو رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی دەربکەن.

ماددەی (13): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لە پێناو پاڵپشتی کردنی باری دارایی هەرێمی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی گەشەپێدان و پێشخستن بەو شێوەیەی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەی دەستەبەر بکات , ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێز دکتۆر عیزەت صابر ئەکەین سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان کە بفەرموی بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکەی. کاك سۆران نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت و پرۆژە یاسا ئەسڵیەکە پێویستە دەنگدان لەسەر گفتوگۆ کردن بکرێ یان نا پێش ئەوەی بەرێز دکتۆر عیزەت هەر با بەتێك پێشکەش بکات، بۆیە داوا لە بەرێزتان ئەکەم دوای خوێندنەوەی پرۆژەی هاوبەش بیخەیتە دەنگدان ئایا گفتوگۆ بکرێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەو گفتوگۆیەش کە ئێستا دەستی پێ ئەکەین بۆ ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان بەرچاو ڕۆشن بن لە کاتی دەنگدان کە ئایا گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاساکە بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە؟ ئەم گفتوگۆیەی ئێستا ئەکەین بۆ گفتوگۆ کردنی برگە و ماددەکانی نییە، بەڵکو بۆ دەنگدانە، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکەی کاك دکتۆر لامانە تەئیدی ئەوە ئەکات، ئەبێ ڕاپۆرتێکی دژیش هەبێ، یان قسە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەش ئەکرێ، ئەوەی دژیەتی ئەوەش ڕێی پێ ئەدەین قسە بکات، لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتەی دکتۆر عیزەت کە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە ئەیخوێنێتەوە کە نیوەی واژووی لەسەر کردووە یان ڕەئی خۆیەتی؟ ئەگەر ڕەئی خۆیەتی ئەوە ئێستا زووە بۆ ئەوەی، چونکە هێشتان دەنگدان نەکراوە لەسەر ئەوەی کە ئاراَئەکان دژ و پەسندن، کێ عەرزی ئەکات، ئەگەر ڕەئی لیژنەی داراییش ئەخوێنێتەوە ئەوە مەوزوعێکی ترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عیزەت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا پرۆژە یاسای ڕاکێشانی سەرمایەی قەرز ئەرکی سەرەکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانە، قسەی خۆی هەبێ، ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکات، بە جیاوازی هەموو ڕەنگەکان و دەنگەکانەوە، بۆ وەلامی دکتۆر شێرکۆ یان من وەکو خۆم وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بۆ بەڕێزتان، ئەوە ئەرکی لیژنە مەعتییەکانە بەرچاو ڕوونی بدەن بە پەرلەمانتارەکان، هەرچەندە پەرلەمانتار بەرچاویان ڕوون بێ ئەوکات ئازادتر ئەبن لە دەنگدان بە ڕەفز کردن یان بە قبوڵ کردن، (48 ) سەعات پێش ئێستاش داواکارییەکم پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد، وێنەیەکم لەو بەشە پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد، خۆشبەختانە قبوڵیان کرد کە بدرێ بە هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، کاتی (10) دەقەم داوا کردووە بۆ ئەوەی باسەکەم پێشکەش کەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان قەلادزەیی فەرموو.

**بەڕێز د.شوان قەلادزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنە هاوبەشەکان لە (29) کەس (11) کەس واژووی نەکردووە، (13) کەس تەحەفوزی هەیە، (4) ئەندامیش لەگەڵ کۆی پرۆژەکە نین، ئەوەش تاکە پرۆژەیە تا ئێستا بەو شپرزەییەوە هاتبێتە ناو هۆڵی

پەرلەمان، ئەو بابەتە بابەتێکی شەرعی و ناشەرعییە، پێم وایە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست بوو پرس و ڕای بە........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامییە نییە کاك دکتۆر، بەڕێزت هەرکاتێ حەز ئەکەی دەرفەتت پێ ئەدەین، کە دژی پرۆژەکە قسە بکەی و ڕایەکانی خۆتی لەسەر بدەی ئەو کاتە ئەمانەی کە ئێستا جەنابت باسی دەکەی دەتوانی باسی بکەی، خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەرنامەی کاردا تەنیا باس لە گفتو گۆ کردن لە سەر پرۆژەکە دەکات، ڕاپۆرتی بەڕیز دکتۆر (عزت) لەبەرنامەی کاردا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو ئەندامێکی پەرلەمان قسە دەکات، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ڕێ بە ئەوانە دەدەین کە دیفاع لە پرۆژەکە دەکەن قسەی خۆیان بکەن، ڕێ بە ئەوانەش دەدەن کە دژی پرۆژەکەن، هەر قسەی خۆیان بکەن بە تایبەتی لە لیژنە پەیوەندیدارەکان و، دوایش لە ئەندامانی پەرلەمانیش، لە فراکسیۆنە جیاوازەکان ڕێیان پێ دەدەین کە قسە بکەن، بۆیە ئەمە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هەقی خۆیەتی بڵێ من لە گەڵ ئەوەم ئەم پرۆژەیە گفتو گۆی لەسەر بکرێت، کاك علی دوای قسە دەکەی وا نییە؟، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی کە تەحەفوزیان لەسەر ڕاپۆرتەکەی نووسیوە مەبەستیان ئەوە نییە کە کۆی پرۆژەکە ڕەفز کراوە، من خۆم ئەندامی لیژنەی دارایی یەم واژووم کردووە، بەڵام تەحەفوزم نووسیوە مەبەستم ئەوە نییە پرۆژەکە ڕەفزم کردووە، بەڵام هەندێك گۆڕانکاری پێویستە دوایی پێشنیار دەکەین، پێشنیارێکی تریشم هەیە، یەعنی بە نووسراویش ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانم کردووە، هیوادارم لە پەیڕەوی ناوخۆ پەسەند بکرێت لەم پەرلەمانە جێگای بکرێتن، کە هەر پرۆژە یاسایەك بکەوێتە خوێندنی دووەم لە ناو هۆڵی پەرلەمان لیژنەی موختەس ڕاپۆرتێك یان داتاشۆیەك لەسەری عەرز بکرێتن بۆ بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەرچاو ڕوونی کردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئیتر ئەمانە پەیڕەوی نییە، خاتوو بێگەرد قسەت هەبوو؟، باشە، خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش راپۆرتێکم ئامادە کردووە، مادام ڕێگات بە دکتۆر (عزت) دا کە بۆ پاڵپشتی ئەم قەرزە راپۆرتەکەی بخوێنێتەوە رێگا بە منیش بدە بۆئەوەی بە پێچەوانەی دکتۆر (عزت) راپۆرتەکەی خۆم بخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی دکتۆر (عزت) (48) سەعات پێش ئەوە دایەتی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام دەکرێت ئەو کاتەی کە ڕێی بە ئەندامانی پەرلەمان دەدەین لە فراکسیۆنە جیاوازەکان بۆ نموونە ئەگەر فراکسیۆنی (کۆمەڵ) جەنابت هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی ئەوان دژی پڕۆژەکە قسە بکەی ئەوە من ئامادەم دەرفەت بە جەنابت بدەم، فەرموو دکتۆر (عزت) بابەتەکە پێشکەش بکە.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خۆش بەختانە وێنەی ئەم باسەی بۆ بەڕێزتانی باس دەکەم، لە لای هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان هەیە، هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی بەرچاو ڕوونییەك بۆ پڕۆژەی (قەرز) مانای (قەرز) گرینگی (قەرز)، یەعنی (قەرز) حاڵی خۆمان لە گەڵ عێراق، لەگەڵ وڵاتانی تر، (قەرز)، (قەرزی گشتی) بریتییە لە بڕێك دراوی نەختینە کە دەوڵەت بە دەستی دێنێت لە هاووڵاتیان یان بانکەکان یان دامەزراوە دارایی ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەت، کە بەڵێن دەدات بە دانەوەی قەرزەکە و بڕی سوودەکە و بە قیمەتی دیاری کراو لە نێوان قەرزدەر و قەرزدار دا، جۆرەکانی قەرز: قەرزی ناوخۆیی و دەرەکیمان هەیە یان لەسەر ئاستی ماوە قەرزی کورت خایەن، مام ناوەند، قەرزی درێژخایەنمان هەیە، کورت خایەن لە (1) ساڵ کەمترە قەرزی مام ناوەند لە نێوان (1)ساڵ بۆ (5)ساڵە، قەرزی درێژخایەن لە (5) ساڵ زیاترە بۆ سەروە، شیکردنەوەی قەرز کردن بە یەك نموونەی زۆر سادە و ساکار مرۆڤێك یا خود کەسێك ئەگەر بیەوێت (100) دۆلاری پێبێت چاکەتێکی پێ بکڕێت، ئەگەر چاکەتەکەی کڕی (100) دۆلارەکەی دەڕوات و نا گەڕێتەوە، ئەگەر چاکەتەکە نەکڕێت و بەڵێ لە بانك دایبنێت فائیدەی بانك (8٪) بێت لە کۆتایی ساڵ (108) دۆلاری دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەو چاکەتەی بە پارەی بانك کڕی و خۆی نە بوو قەرزی کرد، (100) دۆلارەکە قەرز بکات ئەگەر فائیدەکە (10٪) بێت دەبێت لە کۆتایی ساڵ (110) دۆلار بدات بە بانکەکە جیاوازی نێوان بە پارەی خۆت ئەو چاکەتە بکڕی یان بە پارەی بانك بیکڕی (2٪) ئەمە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان ڕاستە، کاریگەری ئابوورییەکانی: ئەگەر قەرز بۆ وەبەر هێنان بێت یەکێك لە سەرچاوەکانی تری داهاتە بۆ وڵات سوود بە ئابووری وڵات دەگەیەنێت، قەرزی ناوخۆیی کردوو یەتی ئەم حکومەتەش و هەموو حکومەتەکانی تریش لە دونیا پاشەکەوتی هاووڵاتی و کۆمپانیاکان کەم دەکاتەوە ناچێت بۆ وەبەر هێنان، بۆیە وەبەر هێنان کەم دەبێتەوە، قەرزی دەرەکی گەر بۆ وەبەر هێنان نەبێت خەرجی حکومەت زۆر دەکات دانەوەی سوودەکەی لە کاتی دانەوەی ئەمەش پارەیەکی کەم دەهێڵێتەوە بۆ وەبەر هێنان بۆ حکومەت، دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان

ئەندامانی پەر لەمان، حکو مەتی هەرێمی کورد ستان بە نا چاری و بۆ خەرجی حکو مەت و بۆ موو چەی فەرمانبەرانی لە ساڵی (2014) و (2015)دا بڕی (1) ملیار دۆلاری لە وڵا تی (تورکیا) وەرگر تووە و، قەرزی کردووە و ڕەزامەندی پەرلەمانیشی وەرنەگرتووە، حکومەتی هەرێم بە سەدان ملیۆن دۆلار قەرزی لە کۆمپانیا کانی نەوتی دەرە کی کردووە و نر خی سوودی هە ندێکیان لەوانە یە (10٪) ز یاتر بـ ێت، ڕەزامەندی پەرلەمانی وەرنەگرتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ساڵی (2014) ز یاتر لە (5) ملیار دۆلاری وەك قەرزی ناوخۆیی لە کۆمپانیا کان و بانکەکان و پا شەکەوتی هاووڵاتیان وەرگر تووە و ڕەزامەندی پەرلەمانی وەر نەگرتووە و تەنا نەت ڕەزامە ندی خاوەن پارەکانیشی وەر نەگرتووە، حکو مەتی هەرێمی کوردستان بە قەرز گرێبەستی بۆ کڕینی (گازوایل) بۆ وێز گەکانی کارەبا کردووە نر خی سوودی هەندێك لەو گرێبەستانە (50٪) زیاترە، ڕەزامەندی پەرلەمانیشی وەر نەگرتووە، بۆ یە گرینگە بە یا سا و لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستان پرۆسەی قەرز وەرگرتن لە هەرێمی کورد ستان ڕ ێك بخر ێت، خۆش بەختانە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە و (انشاء الله) لە داهاتوو یەکی نز یك دا بەیانی مالی ساڵی (2014) بۆ بەڕێزتان ڕوون دەکاتەوە و، لە بەیان مالی دا ئیشارەت بەوە دراوە، کە چەندێك پارەی با نك و کۆمپانیاکان وەك قەرزی ناوخۆیی سوودی لێ وەرگیراوە بۆ فەرمانبەران بۆ پڕۆژەکانی حکو مەت، ئەمەش هەر قەرزە، وڵاتی عێراق ئەگەر بۆ بەڕێزتان باس بکەم، (پۆل بریمەر) لە ساڵی (2004) لە وڵا تی عێراق قانوونێکی دەر کردووە پـێی دەوتر ێت ( قانون الادارة المالية والدين العام في العراق)، بەپێی ئەو یا سایە حکومەتی عیراق قەرزدەکات، ئەوانەی بە ڕەنگی سوور ئیشارەتی پێدراوە دەسەڵات دراوە بە وەزیری دارایی بە بانکی ناوەندی لە عێراق هەموو ساڵێك چەندی قەرز پێویست بێ لە بودجەیا جێگای بکاتەوە و قەرزەکە بکات، وەزیری دارایی بە نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق ئیمزا لەسەر ئەو قەرزە نێودەوڵەتیانە دەکات کە لە بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی قەرزدەکات، ساڵی (2010) حکو مەتی عیراقی مافی هەبووە (4.5) ملیار و نیو دۆلار قەرزبکا، چونکە ئەندا مە لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، (2)ملیار دۆلار لە بانکی نێودەوڵەتی، (2)ملیار دۆلاری تر وەکو حقوقی سەحبی خاس یاخود وەکو سەنەدات ، ساڵی (2011) بە هەمان شێوە، بەڕێزان ئەما نە هەمووی لە ماددەی (2)ی بودجەی عێراقدا چەسپێنراوە برگەی دووەم" (ب) عێراق ساڵانە قەرزدەکات یەك نموونە بۆ بەڕێزتان وڵاتی زیمبابۆی کەم بەهاترین عوملە لە عالەما وڵاتی زیمبابۆییە (6)ملیۆن دۆلاری قەرزی لای عێراقە و قەرزارترین وڵاتی عالەمیشە، ساڵی (2012) بەهەمان شێوە، ساڵی (2013) و، ساڵی (2014)، گرینگە ئەمانە پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانیش لەراستیدا، تەنیا ئەوانەی کە ڕەنگە سوورەکانن بریتییە لەو قەرزەی کە عێراق لەسەریەتی لەگەڵ ئەو سوودەی کە دەیداتەوە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان ساڵانە بەشدارین لە وەرگرتنی ئەو قەرزە بەشداریشین و لە دانەوەی ئەو قەرزە، یەعنی ئەو سوودەی کە عێراق دەیداتەوە لەسەر هەرێمی کوردستان ساڵانە (17٪)ی ئەو قەرزە هەرێمی کوردستانیش بەشدارە لە دانەوەی، سوودی سەنەدات، نادی (پاریس)، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی، سەرجەم ئەو قەرزانەی کە وڵاتی عێراق دەیکا

كە ئەو كاتەی تا ساڵی (2014) چی پارە و داهات لە بەغداوە هاتبێت بۆ هەرێمی کوردستان، چی ئەو پارەی بۆ مان هاتبێت بە شێکی زۆری قەرزی نێودەو ڵەتی بووە، کە حکو مەتی عێرا قی کردووە یەتی دانەوەکەشی ئێمە بەشدار بووین تێدا، ساڵی (2015) کە ئەم ساڵ دەکات عێراق فریا بکەوێت بە بڕی (9.5)ملیار دۆلار قەرز دەکات، (4,5) ملیار و نیو دۆلار لە نەقدی دەولی، (2) ملیار لە بانکی دەولی (500) ملیۆن دۆلار لە بانکی ئیسلامی، (2,5) ملیار و نیو دۆلار لە مەصرەفی عێراقی لە تیجارەت، (9.5) ملیار نیو دۆلار، بۆیە هەموو ئەو (500) ملیۆن دۆلارانەی کە مانگانە لە بەغداوە بۆ مان دێت بە شێکی قەرز کراوە و دەدرێت بە ئێمە و، ئێمەش دەیخۆین، ئەمە لیژنەی مالی پەرلەمانی عێراق باس لەوە دەکات، ئێمەی لیژنەی مالی لە پەرلەمان ڕێگەمان داوە بە حکو مەتی عێراقی قەرز بکات، بۆ ئەوەی شەڕی ئیرهابمان پێ بکرێ، بۆئەوەی پڕۆژەمان پێ بکرێت بۆ عێراق، ئەمەش وتەی بەڕێز ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراقە کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستمان بە قەرزە و رازی بووین، خۆش بەختانە بانکی دەولی رازی بووە کە قەرزمان بداتێ، چونکە زۆرمان پێویستی پێیەتی، بەڕێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی داهاتی ناوخۆی وڵاتانی جیهان ئەمە گرینگە، ئەگەر ئێمەی پەرلەمانتار ترسمان هەبێت دەبێت ترسمان لەمە بێت لەم ڕێژانە بێت کە بۆ بەڕێزتان باسی بکەم، گرینگە بزانین کۆی داهاتی ناوخۆی وڵات بۆ ئەمڕۆ و، بۆ ئەم موناقەشەیە، بۆ ئەم دەنگدانە چییە؟، کۆی داهاتی ناوخۆی وڵات بە ئینگلیزی پێدەوترێت (Domestic Prodect Group ) کورت کراوەکەی پێدەوترێت (G.D.P)، ئەمەی کە ئێستا گوێمان لێ دەبێت، کۆی داهاتی ناوخۆی وڵات بریتییە لە داهاتی هەموو حکومەت لە (1) ساڵدا زائیدەن داهاتی کەرتی تایبەت لەو ساڵەدا، ئەمە راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمە زائیدەن بانکی نێودەوڵەتی، کە من سوودم لەو ژمارانە بینیوە، لە ساڵی (2013)دا کۆی داهاتی گشتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە (13) ملیار دۆلار بودجەی حکومەت زائیدەن (12) ملیار دۆلار داهاتی کەرتی تایبەت بە هەموو پڕۆژەکانەوە، یەعنی مرۆڤێکی دوکانداریش چەندی دەست بکەوێت ئەوەش حیساب دەکرێت، بۆ وڵاتی عێراق (115) ملیار دۆلار داهاتی حکومەت بووە، بودجەی حکومەت بووە، (118) ملیار دۆلاریش داهاتی کەرتی تایبەت بووە کە (33) ملیار دۆلار دەکات، من زۆر پرسیارم کرد لە بەڕێزان شارەزاکان یا خود کەسانی مەعنی لە حکومەتی هەرێم هەتا لە کەسانی شارەزا، باسیان لەوە کرد بۆ (5) ملیار دۆلار داناوە وەکو ژمارە، ئەگەر داهاتی ئەم حکومەتە داهاتی ناوخۆی هەموو هەرێمی کوردستان (25) ملیار دۆلار بێت لە (1) ساڵدا، ئەم (5) ملیارە دابەشی (25)ی بکەی دەکاتە (20٪)ی، باشترین ئابووری وڵات ئەوەیە کە ڕێژەی قەرز لە کۆی داهاتی وڵاتەکەی ڕێژەیەکی زۆری پێك نەهێنابێت و، حکومەتیش دەست کراوە نەبێت چەندی ویست پارە قەرز بکات، بەڕێزان ئەمە وڵاتەکانن ڕێژەی قەرزە بۆ هەموو ئابووری وڵات، بۆ هەموو داهاتی وڵات، وڵاتێکی وەکو (ئۆستراليا) (30٪)ی هەموو داهاتی وڵاتەکەی قەرزە، ژمارە گەورەکان بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، وڵاتی (میسر) کە جامیعەی ئەزهەری لێ یە (85٪)ی هەموو سەروەتی وڵاتەکە قەرزە، قەرزی نێودەوڵەتییە، هی خۆی نییە، وڵاتی (فرەنسا) (90٪)ی هەمووی پارەی وڵاتەکەی، داهاتی

وڵاتەکەی قەرزە، وڵاتی (ئێران) (19٪)ی پارەی ئێران و داهاتی ئێران قەرزە، وڵاتی (ئایسلاند) (120٪)ی داهاتە کەی قەرزە، ئەوە ژ مارە گەورەکان، (ئێرلە ندا) (120٪)ی داها تای وڵاتە کەی قەرزە، (ئیتالْ یا) (126٪)ی داهاتەکەی قەرزە، لە راستیدا ئەمە بۆ ئەوە نییە تەشجیعی پەرلەمانتار بکەم تەئ‌سیری هەبێت لەسەری دەنگی پێبدات، راستە، بەڵام ئەمە حەقیقەتە، ئەمە واقیعە، هیچ ترسم لێ نییە، دەنگی پ‌ێدەدەم، بەڵام ئەم حەقیقەتە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بەبێ ئەوەی هیچ هینێکی هەبێت هەموو ژمارەیە و داتایە بۆ بەڕێزتانی باس دەکەم، وڵاتی (قەتەر) (32٪)ی کۆی داهاتی ناوخۆی وڵاتە کەی قەرزە، وڵا تی ( سعودیە)ی عەرەبی (13٪)ی کۆی دا هاتی وڵاتە کەی قەرزە، وڵا تی (بریتان یا) (90٪)ی پارە کەی قەرزە، وڵا تی ( ئەمریکا) (73٪)ی پارەی وڵاتە کەی قەرزە، (زیمبابۆی) کە خراپترین دراوی هە یە (200٪)ی پارە کەی قەرزە، لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا (64٪)ی داهاتی ناوخۆی وڵاتەکەی قەرزە، لە راستیدا من بە گرینگی نابینم ڕیبایە ئەو ڕێژە یەی سوود، چۆن زانا یانی ئاینی ئیسلام وە بە ندە وەك ئەوان دڵنیام ئەوەی لە (قورئانی پیروزدا) هاتووە هەمووی وایە (ڕیبا) حەرامە، بەڵام ئەکادیمییەن، ئیقتیسادییەن لەوە دڵنیام کە نر خی سوودی با نك لە گەڵ (ڕیبا) یەکسان نین بە یەك، سوودی لە سەرە، یەکسان نین، ڕیبا حەرا مە (100٪)، یەك نموو نە بۆ بەڕێزتان دێنمەوە سوودی را ستەقینە هە یە پ‌ێدەوترێت (الفا ئدة الحقیقیة)، سوودێکی تر هەیە پێدەوترێت (الفا ئدة الاسمیة)، فائیدەی حەقیقی حەرا مە، فائیدەی حەقیقی یەعنی چی، فائیدەی ئیسمی دەکاتە ئەو ڕێژە سوودەی کە لە بانك دا هەیە، فائیدەی حەقیقی دەکاتە ئەو فائیدەیە ناقس (التضخم) لە ئابووری وڵات، (التضخم) یەعنی هەڵئاوسان، بۆیە ئە گەر نر خی سوودی با نك (10٪) ب‌ێت، هەڵئاو سانی نرخ لە هەموو هەرێمی کورد ستان لە ماوەی (1) ساڵدا (6٪) ب‌ێت، کەوا تە سوودی را ستەقینە دەکا تە (4٪)، ئە مە بۆ نموونە یە لە وڵا تی بریتان یا و ئەمریکا لە یا سای (30) ساڵی ئابووریەکەیاندا کردووە، بەندەك هاتووە نرخی سوودی ئاسایی (7٪) بووە بە تێکڕای (30) ساڵ، تەزەخوم (3٪) بووە کەواتە فائیدە حەقیقیەکەی (4٪) وە کو ئەو ژ مارەی کەوا لەبەردە ستە، لە کۆ تایی دا هەموو وڵاتێك لە جیهاندا یاسای قەرزیان هەیە بە وڵاتی عێراقیشەوە، لێرەدا هەرێمی کورد ستانیش یا سای خۆی هەبێت و لە لا یەن پەرلەمانیشەوە پە سەند بکر ێت، لەوەش گرینگتر ئەوە یە پەر لەمانی کورد ستان و پەرلەمانتاران سەرکەوتۆ بن لە چاودێری کردنی چۆنیەتی خەرج کردنی قەرزەکە، خۆش بەختانە لیژنەی دارایی ئەو ماددەیەمان ئیزافە کرد بۆ پرۆژە یا ساکە، کە ماددەی (9) یە بەم شێوەیە خوێند یەوە خاتوو دکتۆرە ( ڤاڵا) (( کە دەب‌ێت ئەنجو مەنی وەز یران و وەزارە تی دارا یی و وەزارە تی پلا ندانان بڕی ما یە راکێشراوەکە بۆ پرۆژە کانی ژێر خانی ئابووری و وە بەرهێنان خەرج ب‌کەن دوای را سپاردنی لە لا یەن پەرلەمانی کوردستانەوە))، سوپاس بۆ گوێ گرتنتان، سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بەڕێز.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز دکتۆر عزت صابر، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەخێرهاتنی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دیارە ئەو خیلافەی لە چوارچێوەی ئەم پرسە هەیە خیلافێکی مەعریفییە و تەنیا تێگەیشتنە لە پرۆسەی قەرزە کە، ڕەنگە ئەوا نەی کە سەردانی ولاتانی خەلیجی و ئەوروپایان کردووە و لە گەڵ بانکەکا ندا دانیشتوون بۆ ئەم قەرزە لە خەمی ئەوەدابوون چۆن ژێرخانێکی ئابووری دروست بکەن و بووژانەوەی ئابووری ڕووبدات، پەرلەمانتارانیش کە تەعنی بکەین ترسمان هەیە لە ئایندە چۆن تووشی داروو خانی ئابووری بین، واتە ئەو خیلافەی کە هەیە بەتەواوەتی خیلافێکی مەعریفییە و زیاتر نییە لەمە، بە پێی لێکۆڵینەوەکان ژمێرەی قەرزی جیهانی ئێستا نزیکەی (60) ترلیۆن دۆلارە، کەم ولات هەیە یان قەرزی نەدابێت یان قەرزی نەکردبێت، زۆر دەگمەنە، بەلام مەرج نییە هەر ولاتێك قەرزی کردبێت ئێمە وەکو نموزەجێکی جوان وەری بگرین بۆ ئەوەی چاوی لێ بکەین، دونیا دا بەش بووە بە سەر دوو بەرەدا، بەرە یەکیان سوودیان لەو قەرزە وەرگرتووە وەکو ( ئەمریکا) وەکو (یابان) وەکو (بریتانیا) ئەما نە سەرکەوتوو بوون لە قەرزەکە، بەشێکیشیان بە بوونەی قەرزەوە تووشی داروو خانێکی زۆر گەورە بوون وەکو (میسر، یونان، فەنزەویلا، زیمبابۆی) ئەمانە قەرز...، فیکرەکە ئەوەیە ئێمە دیراسەی وەزعی خۆمان بکەین بۆئەوەی بزانین لە کام بەرەین؟، ئایا بووژانەوەی گەورە لە ژێرخانی ئابووریمان دا ڕوودەدات یا خود تووشی داروخانی ئابووری دەبین و نەوەکانی ئایندە، نەك نەوەکانی ئایندە ڕەنگە خۆشمان پاش (10) ساڵ (15) ساڵی تر باجەکەی بدەین، واتە دەبێت دیراسەی ئەمە بکەین، دیراسەی ئەمە بە دوو پێوەر کراوە هەر ولاتێك ئیدارەی مالی و ئیدارەی مەشاریعی خراپ بوو (100٪) قەرز دەکات، ئێستا (یابان) زۆر زیاتر لە (G.D.P) خۆی قەرزی کردووە، بەلام ئیدارەی مالی سەرکەوتووە لە کاتێك دا تەمەنی بووژانەوەی (یابان) لە (70) کانەوە دەست پێدەکات، ولاتێکی وەکو (یۆنانیش) (2000) هەزار ساڵە فەلسەفەی دەوڵەتداری تێدا دەخوێنرێت لە کۆمارەکەی (ئەفلاتوونەوە) بۆ ئێستا، بەلام (یۆنان) بۆتە ژێر قەرزەوە و تووشی قەیران بووە، واتە ئەمە پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە، پەیوەندی بە مێژووی دەوڵەتداریەوە نییە، کۆمەڵێك پرسیار هەیە من لێرە تەرحی دەکەم ئەگەر هاتو وەلامی موقنیع بۆ ئەم پرسیارانەی من بدرێتەوە، کە لە خەڵکی شارەزا و پسپۆڕمان وەرگرتووە لەئاستی ناوخۆ و دەرەکی ئەوا ئێمە دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە لەم قەرزە سوودمەند دەبین و، ئەگەر وەلام نەدرێتەوە بۆ ئەم پرسیارانە من هەم لەبەر خۆم هەم لەبەر ئایندەی منالانی ولاتەکەمان بەدڵنیاییەوە دژی ئەم قەرزە دەبم ئەمە بابەتێك، بابەتێکی دیکە من لێرەوە، واتە بە وتە دەیخەمە ڕوو حکومەتی هەرێم لە ماوەی ڕابردوو دا چەند قەرزی کردووە و پرسی بە پەرلەمان نەکردووە، ئێستا بۆ ئەم پرسە دێتە پەرلەمان، ئایا ڕای پەرلەمان بەلایەوە گرینگە یا خود بابەتەکە بەشێوەیەکی ترە و دواتر پرسی لەسەر دەکەم، من دەمەوێت پرسیارە عیلمییەکانی خۆم بکەم و، هیوادارم وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەلامی عیلمیم بداتەوە

بۆئەوەی قەناعەت بکەم، قەرز لەسەر بنەمای (G.D.P) دەکرێت، بەڵام بەڕێز هاوڕێم دکتۆر (عزت) ئاماژەی بە بابەتێك دا ئەوە ساڵی (2013) یە دەبێت ئێمە لەسەر بنەمای (G.D.P) (2015) ئەم قەرزە بکەین، چونکە (2013) دۆخێك بوو بۆ هەرێمی کوردستان و ئێستا دۆخێکی ترە و، گۆڕانەکە گۆڕانێکی جەوهەرییە گۆڕانێکی نیسبی نییە (2٪)، (3٪) گۆڕانی بەسەردا هاتبێت لە دەخلی فەردەوە بگرەوە بۆ دەخڵی کۆمپانیایەکی گەورە دواتر داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئا یا لەسەر چی بنەما یەك، هەرچەندە دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە لای من ئەوەندە ئیدارەی قەرز گرینگە ئیدارەی (G.D.P) گرینگ نییە، (یابان) باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە کە زۆر لە (G.D.P) خۆی زیاتر قەرزی کردووە، بەڵام ئیدارەی دەدات و ئیستیسمارێکی باش بەم قەرزە دەکات، دووەم ئیدارەی نەختینە و ئیدارەی مەشاریع لە هەرێمی کوردستاندا بەداخەوە لە ڕابردوو دا زۆر لاواز بووە هەمووتان شاهیدی ئەوەن بەڵگەمان بۆ ئەمە چییە؟، لە ساڵی (2003) یەوە بۆ ئێستا بە پێی ئەو بەدوادا چوونەی من کردوومە بۆ ئەو پارانەی کە لە بەغداوە بۆمان هاتووە کە لە داهاتی ناوخۆ و داهاتی نەوت نزیکەی (103) ملیار دۆلار هاتوو تە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی (2013) حکومەتی هەرێم (3) ملیار دۆلار قەرزار دەبێت، واتە نەك ئیحتیاتی نییە بەڵکو (3) ملیار دۆلار قەرزار دەبێت، ئێوە بۆمان ڕوون بکەنەوە ئیدارەی ئێوە بۆ ئەم قەرزە چییە؟، ئیدارە بۆ ئەوە نییە موئەسەسەیەك دروست دەکەم، ئەگەر موئەسەسەیەك لە کۆی موئەسەسەکە موئەسەساتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ستراتیژی نەبوو موئەسەسەیەك کە مودیر عامێکی هەیە بە تەئکید ناتوانێت ڕۆڵ ببینێت، واتە ئیدارەی ئێوە بۆ مەشاریع و ئیدارەی ئێوە بۆ قەرزەکان چییە؟، ئەمە جگە لەوەی کە نزیکەی (5000) هەزار پڕۆژەمان هەیە ئێستا لە کوردستان وەستاوە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان راستە ئەمە بەناوی جیاوازەوەیە، بەڵام لە نەتیجە کۆی گشتی قەرزدەکات، قەبارەی کورت هێنان ئەوەی کە لە لایەن وەزارەتی دارایی یەوە تۆمار کراوە نزیکەی (9.79) ترلیۆن و حەفتاو نۆ ملیار دینار بووە تا (2015/1/1) کۆی بەکار هێنانی سیولەی نەقدی بانکەکان (12.761) ترلیۆن و حەوت سەد و شەست و یەك ملیار دینار بووە کە ئەمە دیارە بەکار هێنراوە بۆ پڕکرد نەوەی کورت هێنانە کە، کەوا تە ناکرێت لێرە کۆ یان بکەینەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموومان دەزانین مووچەی (2) مانگی فەرمانبەرانی ئێستا قەرزارە کە نزیکەی (1.700) ترلیۆنێك و حەوت سەد ملیار دینارە، چەکێکی زۆری بێ ڕەسید کە بەشێکی کۆمپانیاکانن بەشێکی تری دکتۆر (عزت) باسی کرد هی کڕینی (گازوایلە) بە سەدان ملیۆن دۆلار ئێستا لە بازاڕەکاندا یە ئەمەش هەر قەرزە، دەبێت ئەم قەرزانە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر بیداتەوە ئەمە جگە لەوەی (1) ملیار دۆلارمان لە (تورکیا) وەرگرتووە جا قەرزە یان قەرز نییە دواتر دەکرێت بەڕێز وەزیری دارایی وەڵاممان بداتەوە، بە پێی زانیاریەکانی من قەرزی کۆمپانیا نەوتییەکان لە گەڵ فرۆشتنی نەوت بە پارەی پێشوەخت تەبعەن ئەوەش هەر قەرزە، چونکە نەوتەکەی دەدەیتەوە نزیك دەبێتەوە لە (5) ملیار دۆلار، پارەی پێشوەخت و ئەو کۆمپانیانەی کە، جارێ با حکومەت پێمان بڵێت پلانی چییە بۆ دانەوەی ئەمانە تا وەکو

قەرزی تر بکەین؟، پلانێکمان پێ بڵێ بڵێت ئەمە پلانمانە لە ماوەی (4) ساڵی تر، (3) ساڵی تر، (2) ساڵی تر، (6) ساڵی تر ئەمانە بەم شێوەیە ساف دەبێت، واتە پرسیارەکەی من ئەوەیە کە پلانی چییە بۆ ئەمە؟، بۆئەوەی دواتر لە کاتی خۆیدا بتوانیت ئەو قەرزەی کە ئێمە دەیکەین بیدەینەوە، تا وەکو ئێستا ئێمە کۆمەڵێك پرسیاری زۆر گرینگمان هەیە من پێشووتر کردوومە وەڵامی موقنیعم دەست نەکەوتووە ئێستا دەیکەم، هیوادارم دەستم بکەوێت، چونکە بەبێ ئەم وەڵامانە دڵنیام ناتوانین ئیستیفادە لەم قەرزە بکەین، ئەم قەرزە بۆچی دەکرێت؟، پرۆژەکان چین؟، واتە ئەم پرۆژانە وەکو ناو چین؟، پێمان بڵێن (أ، ب، ج، د) لە فلان شوێن ئەمانەن، فائیدەی سەر ئەم قەرزە چەندە و چۆن دەدرێتەوە؟، میکانیزمی دانەوەی ئەم قەرزانە چەندە و پشتی بە چی بەستووە؟، جەدوای ئیقتیسادی ئەم مەشاریعانە چین؟، یەعنی ئەمانە سادەترین پرسیارن کە تۆ وەکو هاووڵاتییەك کە هەرشتێکیش خانوویەك دەکەی لەگەڵ کۆمپانیایەك رێك دەکەوی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت وەربگریتەوە، ئەگەر بەبێ وەڵامی ئەم پرسارانە رەنگە هین نەبێت، من دڵنیام رەنگە وەڵامە کە ئەوەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێت هێشتا ئێمە قەرزە کەمان نەکردووە کەی کردمان وەڵامی ئەم پرسیارانەتان دەدەینەوە؟، نەخێر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانکەکان چووەتە دانیشتن، چووەتە موفاوەزات، بانکەکان پێیان وتوون یاسایەکمان بۆ بێنن کە پەرلەمانی کوردستان بڕوای پێ بکات، بەڵکو ئەو قەرزانەتان پێ نادەین و، ویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە پێش هاتنی ساڵی (2015)، واتە حکومەت چووەتە ناو ئەم تەفاصیلەوە، خاڵێکی تر ئەوانەی کە ئەندازیارن، من پێموایە هەرچییەکی سەقافەیەکی بیدائی هەبێت ئەگەر ئەم پارانە بۆ پرۆژەی ستراتیژی بێت هەموو پرۆژەیەکی ستراتیژی بەلایەنی کەمەوە (1) ساڵ، (2) ساڵی دەوێت بۆ دیزاینی ماستەر پلان و تا دواتر، ئایا ئێمە بۆ قەرزەکە بکەین لە قاساتدا داینێین دوای (2) ساڵی دیکە فائیدەی زۆر بچێتە سەر و ئینجا مەشاریعەکانمان تەنفیزکەین، ئینجا بۆ نەێین دیزانی ماستەر پلانی ئەم پرۆژانە دانەنێین دواتر قەرزەکە بکرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کە دیارە با لای خەڵك روون بێت یا خود با بۆ ئێمەش روون بێت، چونکە ئەم قەرزە دیارە بۆ شەڕی دژە تیرور نییە، شەڕی دژی (داعش) نییە، بۆ موو چەی فەرمانبەران نییە، ئایا بۆ ئەو (5)، (6) هەزار پرۆژە یە کەوە ستاوە ئیدارەی پێدەدەن؟، درێژەی پێدەدەن؟ بۆ ئەوەی تەواو بێت یا خود بۆ پرۆژەی نوێ دەبێت؟، من پرسێکی زۆری ترم هەیە ئەوانەی کە پەرلەمانتار بوون لە خولی پێشوودا شاهیدی بۆ ئەمە دەدەن، ساڵانە لە بودجەی کوردستاندا پارەیەك تەرخان دەکرا بۆ پرۆژەی وەبەر هێنان کە نزیکەی (5) ترلیۆن دینار بوو، واتە نزیکەی (4) ملیار دۆلار، لە ماددەیەکیش دا تەسبیت دەکرا نابێت ئەم پارەیە تەنەقولاتی پێ بکرێت بۆ بابەتی دیکە بەکار بێت، بەڵام من ساڵی (2011) و (2012) و (2013) وەك نموونە وەرم گرتووە (5) ملیار دۆلاری پارەی پرۆژەکانی وەبەر هێنان بۆ پرۆژە خەرج نەکراوەو تەنەقولی پێ کراوە و، قانوونەکە شی رێگەی پێنەدراوە و ئیجرائاتیش لەگەڵ کەس دا نەکراوە، واتە من ترسم هەیە دیسانەوە ئەمە وای پێ بکرێت، بۆیە من لێرەدا هیوادارم وەڵامی ئەم بابەتانەی کە دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە راستە عێراق بەردەوام قەرزی کردووە، بەڵام ئایا عێراق سوودی

لەم  قەرزە بینیوە یان زەرەری لەم قەرزە کردووە؟، یەعنی ئێستاش عێراق بە تەمای قەرزە  لە ڕا بردووش دا بە نیازی قەرز بووە، هەموو ساڵێك ئەم وڵاتە لە بودجە کەی  خۆی پارە یەك  تەرخان دە کات  بۆ  ئەوەی فائیدەی قەرز بداتەوە لەولایەوە (2) ساڵی تر دەڕوات قەرزی تر دەکات، واتە قەرز دەکات بۆئەوەی  قەرزی پێبداتەوە لە نەتیجە، من پێموایە ئەمە خرا پە، بۆ یە ئە گەر  ئەو وەڵاما نەم وەك پێویـست وەرنەگر مەوە بەدڵنیاییەوە لە گەڵ  ئەوە  نیم  ئەو قەرزا نە وەربگر نەوە، دیـسانەوەش  ئەو پر سیارە دە کەم حکو مەتی هەرێمی کوردستان دەستکاری هەموو ئەو پارانەی کردووە کە وەریگرتووە، ئێستا کە ئێمە گفتو گۆ دە کەین من زانیاریم هەیە، هەر چەندە  من دژی هە ندێك  جۆری  قەرز  نیم  بۆ نموو نە ئێستا  من ئیشیـشم تێدا کردووە، کە فرۆشتنی نەوت بە پارەی پێشوەخت، بەڵام لە فەترەیەکی زەمەنی کەم دا بۆ نموونە  لە  ماوەی (8) مانگ دا تۆ کۆی نەوتەکەت بدەیت و پارەکەی وەربگریتەوە نەك درێژ بێتەوە  بۆ (10)  ساڵ و (15) ساڵ، چونکە ئۆتۆماتیکی فائیدەکەی ز یاد دە کات، ئێستا حکو مەتی  هەرێمی کورد ستان ئا گادارم  سەرقاڵی مامەڵەیەکە وەك بەڕێز وەزیری سامانە سرۆشییەکان وتی ئیستیعدادیان دەربڕیوە نەوتی کورد ستان بکرێ بە بەهای (8) ملیار دۆلار (2٪)، (3٪) بە کەمتر لە سیعری بازاری عالەمی، بۆ ئە مە پر سمان پێنا کەن  بۆ دەستکاری کردنی سیولەی نەقدی بانکەکان پرس بە ئێمە و خاوەن پارەکەش نەکراوە، بۆ ئەمە بۆ پرس بە ئێمە دەکرێت؟ بۆئەوە نییە  کە ڕای ئیمە گرینگە  لەم بابەتە؟  بۆ ئەوەیە  کە کۆمپانیا کە  بەبێ  بوونی قانونێك قەرز نادات بە ئێمە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حەمە صالح، دیارە وا ڕێککەوتوونە ئەم موناقەشانە بەردەوام بن، نوقتەی نیزامیت هەیە خاتوو شرین؟، فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیڤیدارم ئەو نەریتێت پێش جەلسێت  بەری نوو کە بێتە بکار ئینان  کە  هەر پەر لەمانتارێك (3) دەقە زیاتر قسە نەکات، پێموایە ئەگەر لەم جەلسەیەدا ژی بەکار بهێنرێت باشترە، چونکە ئەگەر کاتەکە مەفتوح بێت پێموایە مانگێکی تر تەواو نابین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو شرین حسنی، ئێستا ڕێگە دەدەین  بە نوێنەری فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، ئینجا پرۆژەکە بیخەینە دەنگدانەوە بۆئەوەی پرۆژەکە موناقەشە بکرێت لە  ناو پەر لەمان  یان  نا؟، ئێستا ڕێگە بە مامۆستا مەلا هەورامان دەدەین با قسەی خۆی بکات هەر لە شوێنی خۆت فەرمووو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

((بسم الله الرحمن الرحيم))، دیارە ئەو بەڕێزانەی تر هەر یەك لە ئیختیسا سی خۆی قسەی خۆی كرد، منیش بەراستی پێم خۆشە كە لە بوارە كەی خۆم دا لە ئیختیسا سەكەی خۆم دا تی شك بخە مە سەر ئەم بابەتە، بەو پێیەی كە ئێمە میللەتێكی موسوڵمانین زۆرینەی هەرە زۆر مان و، ئێ مە ئەم پەرلەمانتارا نەی كوردستان كە لێرەین نوێنەری ئەو خەڵكە مو سوڵمانەین، ئەم با بە تەش بەرا ستی با بەتێكی شەرعییە، بۆ یە دە مەوێت تی شك بخە مە سەری لەو بابە تەوە، پێ شەكی چەند مولاحەزە یەك دە ڵێم، یە كەم: ئەو قەرزانەی كە حكومەت كردوویەتی و بەڕێز دكتۆر (عزت) باسی كرد لەبەر نەبوونی یاسا نەبووە، بەڵكو بە ناچاری كردوویەتی، دووەم: كەی ع ێراق نموو نەی ئێمە یە بۆ قەرز ئەی بۆ با سی وڵا تانی وەك (یۆ نان) ناكرێت كە ئیفلاسی كردووە بەهۆی قەرزەوە؟، ئایا چاودێری دارایی و دەزگاكانی دژە گەندەڵی زەمانەت بۆ بەهەدەر نەدانی ئەم قەرزە دەكات؟، خاڵێكی تر ئەو وڵاتانەی كە نموونەیان پێ هێنایەوە وەكو (فەرەنسا) و كوێ و كوێ، بەڕێزان ئەوان دەوڵەتیان هەیە و ئەوان ئیستیقراریەتی ئەمنیان هەیە، ئێمە لە شەڕێك دا ین بیدایەتەكەی دەستی پێ كردووە، بەس نازانین نیهایەتەكەی كەی دێت؟، نازانین كەی تەواو دەب ێت؟، با شە ئەم قەرزە ئەگەر بكرێت بڵێین بۆ ماوەی (5) ساڵ، خۆ دیارە لە كاتی (5) ساڵەكە ئەگەر نەتوانی قەرزە كە بدەیتەوە ئەم قەرزە زیاتر دەبێت، ئێمە لەبەرئەوە لە ڕووی ئەمنییەوە ئیستیقراریەتمان نییە سبەینێ ئەم شەڕە نارەحەت تر بۆ لەسەرمان ئەو نەوتەشی كە هەمانە فشاری خرا یە سەر نەفرۆ شرا بەو جۆرەی كە خۆمان دەمانەوێت و، نەمانتوانی قەرزەكە بدەینەوە بۆ پاش چەند ساڵێكی دیكە ئا یا وەزع مان چی لێ دێت؟، ئەو قەرزە زیاتر دەبێت و تەراكوم دەبێت لەسەرمان، لەوانەیە وەكو هەندێك لەوانەی كە لە بواری سیاسیدا زۆر شارەزان دەڵێن لەوانەیە ئینسان هەتا هەڵوێ ستی سیاسی شی بەدە ستی خۆی نەمێنێت دوا یی، پاشان بەڕێزان بەو پێیەی كە وتم ئێمە میللەتێكی موسوڵمانین من ل ێرە بەرا ستی بەس ئەو دەقا نەی كە خوای ((رب العالمين)) لە (قور ئان)دا هەتا نەیداوە تە دە ست ((پێغەمبەری خودا (د.خ) )) بۆ خۆی بە چەندین دەستەواژە بە چەندین عیبارەتی جیا جیا باسی حەرام بوونی ڕیبای كردووە، چونكە لە را ستیدا ئەم پڕۆژە یە پڕۆژە یەكی ڕی باوی یە، ئیتر ((یسمونها بغير اسمها)) ناوێكی تری لێ دە نێن، (ا ستقطاب اللاموال) ئەمە چییە؟ من ئەوە شەربەتم داناوە پێت دەڵێم ها ئەوە ئاو بخۆرەوە، ئاو نی یە، شەربەتە با ناوی ئاویشی لێ بنێم، شتێكە حەقیقەتەكە چۆنە ناوەكەیت گۆڕی بەناو گۆڕن ناوەڕوكی شتەكە ناگۆڕ ێت، ئەم پڕۆژەیە قەرزە، نە دەوڵەتان، نە حكومەتان، نە كۆمپانیاكان، نە بانكەكان، هیچ كەسێك بەراستی لەبەر چاوی كاڵی ئێمە كە میللەتێكی مەزڵومین قەرزمان ناداتێ ئیلا بە سوو و بە ئی فادەی عا مان دەدا تێ، ئێ سووش دیارە، هەر ئەو نصو صانەی كە لە (قور ئان)دا هاتووە خوای پەروەردگار ڕایگەیا ندووە كە قەرز كردنی ڕیبەوی لە شییەم و ئەخلاق و قی یەمی مو سوڵمانان نی یە بەڵكو لە میل لەتانی غەیری ئی سلامە، چونكە ئەوان هەمیشە ویستوویانە بە درێژای تاریخ لە ڕێگای قەرزی ڕیبەوی یەوە خوێنی میل لەتان بمژن و دوایش پێیان پێ بكەنن، ((فبظلم من الذين هادوا حرمنا عليهم طيبات أوحيلت لهم وبصدهم عن سبيل

الله كثيرا وأخذهم الربا وقد نهوا عنه وأكلهم أموال الناس بالباطل))، خواى گەورە كە باسى ڕیبا دەكات یەكسەر دەفەرمویت ((وأكلهم أموال الناس بالباطل))، چونكە ڕیبا دەبیتە هۆی ئەوەی كە لەسەر ئەساسیكی (باطل) پارەی خەلك بخۆیت، خواى گەورە ڕایگەیاندووە لە (قورئان)دا كە ڕیبا موحارەبەی خوا و پێغەمبەرەكەیەتی، خواى گەورە دەفەرموویت: ((یا أیها الذین أمنوا))، ئێمە خۆمان بە خەلكێكی موسولمان دەزانین، نوێنەری خەلكی موسولمانیشین، ((یا أیها الذین أمنو أتقو الله وذروا ما بقی من الربا ان كنتم مؤمنین))، ئەگەر ئێوە دەلێن ئێمە موسولمانین واز لە ڕیبا بێنن، ((فان لم تفعلوا)) ئەگەر نەتان كرد ((فأذنوا بحرب من الله ورسوله))، ئەوا ئاگادار بن خواى گەورە ئیعلانی حەربتان لەگەلتان دەكات، جا ئیعلانی حەربی خوا بۆ ڕیبا یەعنی چی؟، یەعنی نەمانی بەرەكەت، خواى گەورە دەفەرمویت: ((یمحق الله الربا ویربی الصدقات))، خوا ڕیبا مەحق دەكات، مەحق یەعنی بەرەكەتی تێدا ناهێلێت هەركەسێك ڕیبا بكات سوودی لێ نابینێت، ئیفلاس دەكات، ئیفلاس كردنی ئەو هەموو بانكانە لە تاریخ دا كە دەبینین موصداقییەتی ئەم ئایەتەیە كە خواى پەروەردگار باسی كردووە، پێغەمبەری خوا (د.خ) لەسەر بێت لە فەرموودەی صەحیح دا دەفەرمویت: ((ڕیبا (37) بابە ئاسانترینیان ئەوەیە كە ئینسان بڕوات دایكی خۆی مارە بكات))، ئەمە فەرموودەیەكی نەصی صەریحی پێغەمبەری خوایە (د.خ) لەسەر بێت، عولەماكانیش باسیان كردەلێن بۆ پێغەمبەر (د.خ) زینا كردن و ڕیبا پێكەوە باس دەكات، لەبەر ئەوە لە ڕاستیدا ئەوانەی كە هەمیشە ڕیبا دەر بوون و هەولیان داوە خەلكی فەقیر بكەن، ڕیبا دەبێتە مایەی فەقیر بوونی خەلك و بەرە و فاحیشە دەڕوات، خواى گەورە دەفەرمویت ((الذین یأكلون الربا لا یقومون الا كما یقوم الذی یتخبطه الشیطان من المس))، خواى گەورە فەرمویەتی: ((یمحق الله الربا ویربی الصدقات))، خواى گەورە فەرمویەتی: ((وما أتیتم من ربا لیربو فی اموال الناس فلا یربو عند الله))، لەبەر ئەوە بەڕێزان بەڕاستی لەبەر ئەم نصوصانە و دەتوانم ئێستا دەیان نصوصی تر لە كیتاب و لە سوونەتی صەحیحی پێغەبمەری خودا (د.خ) لەسەر بێت، بێنمەوە و لەسەر تەحلیلی ڕیبا، لەسەر حەرام بوونی ڕیبا، دیارە عولەماكان دەفەرموون: ((أینما وجدت المصلحة فثم شرع الله))، لە هەر شوێنیك بەرژەوەندی هەبێت ئەوا شەرعی خوا لەوێ یە، بێگومان خواى ((رب العالمین)) كە مەصلەحەتی بۆ بەندەكانی دەوێت كاتێك كە دەفەرموویت: ((وأحل الله البیع وحرم الربا))، خوا بەیعەی حەلال كردووە، بەس ڕیبای حەرام كردووە، لەبەر مەصلەحەتی عەبدەكانیەتی و ئەو هەموو زەرەرەی كە كاك (علی) برام باسی كرد موصداقیەتی ئەم ئایەتانەیە، بۆیە داواتان لێ دەكەم بەڕێزان ئێمە ئەصلەن نەچینە بابەتی گفتوگۆ كردن لەسەر ئەم بابەتەوە و ڕەت بكرێتەوە و دەتوانین بەدائیلی تر بێنین، كە خوا شتێكی حەرام كردووە بەدیلی هێناوە بەراستی، بەدیلیش وەكو لیژنەی ئەوقافیش ئاماژەمان پێ كردووە و كاك (علی)ش ئاماژەی پێ كرد، دەتوانین سەلەمی مولك بكەین پێشتر نەوت بفرۆشین بەو جیهەتانە و پارەكەیان لێ وەربگری پەی بە پەی و پەیتا بە پەیتا تۆ نەوتەكەی تەسلیم دەكەی كە دیارە ئەوە خۆی لە خۆیدا ئیختیاسی من نییە،

بەس لە ڕووی شەریعەتیشەوە بە هەمان شێوە دروستە، ئەوکاتە هەم لە ڕووی شەرعییەوە نەجاتمان دەبێت و هەم لە ڕووی واقعیشەوە لە زەرەرەکان نەجاتمان دەبێت، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسای قسەتان هەیە؟، ئەگەر قسەشتان نەبێت تەبیعییە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەین بابەتەکە بخەنە دەنگدانەوە بۆئەوەی داخڵی تەفاصیل ببین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، نایخەینە دەنگدانەوە جارێ، چونکە داوامان لە فراکسیۆنەکان کردووە کە هەر فراکسیۆنە و نوێنەری خۆی دیاری بکات بۆئەوەی قسە لەسەر بابەتەکە بکات چی بە دژ یان بە گفتو گۆ کردنی پڕۆژە یاساکە لە پەرلەمانەوە، نوقتەی نیزامی دەبینم، بەڵام هەر دەمەوێت لەوە ئاگادارتان بکەمەوە کە فراکسیۆنی (پارتی) بەڕێز (دڵشاد شعبان)ی دیاری کردووە کە قسە لەسەر بابەتەکە بکات و، فراکسیۆنی (سەوز) دکتۆر ( عزت) قسەی کرد، فراکسیۆنی (کۆمەڵ) کاك (سۆران عمر)ی دەست نیشان کردووە، فراکسیۆنی (گۆڕان) کاك (علی حەمە صالح)ی دیاری کردووە کە قسەی کرد، فراکسیۆنی یەکگرتوو د. شێرکۆ جودت، فراکسیۆنی تورکمانی بەڕێز ماجد عثمان دەستنیشان کراوە، فراکسیۆنەکانی کلد و ئاشوور و سریان و ئەرمەن کاك یروانت نیسان دەست نیشان کردووە، د. شوان قەڵادزەیی قسە دەکات، نوقتەی نیزامی کاکك عمر؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی ﴿71 بۆ 79﴾ باس لە چۆنیەتی یاسادانان دەکات و ئەو نەریتەی ئەمڕۆ ئێمە گرتمانە بەر و بەڕێزت لە ناو هۆڵی پەرلەمان جگە لەوەی کە د. عزت ﴿48﴾ سەعات پێش ئەوە راپۆرتەکەی داوای کرد بخوێنێتەوە، من تەسەور دەکەم هیچ لەوانەی کە قسەیان کرد بە پێی پێڕەو نییە و دەکرا مادام راپۆرت حازر کراوە، داخلی گفتو گۆ کردن بین لە سەر پڕۆژە یاساکە و ئەمە نە لە پێڕەودا هەیە سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسە بکات و نە لە پەیڕەو هەیە ئەندامەکان قسە بکات، مامۆستا هەورامان دەیتوانی لە شوێنی خۆی قسە بکات لە کاتی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاساکە، ئەوەی ﴿ کاك علی﴾ بە هەمان شێوە، جگە لەوەی د. عزت کە وتی موافەقەی سەرۆکی پەرلەمانم وەرگرتووە پێش ﴿48﴾ سەعات، ئەمانە هەمووی دژی پەیڕەوی ناوخۆن، دەبوایە ئەمە ببایە نەریتێك کە لەوانەیە زیان بە پەرلەمان و ئەدای بگەیەنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر وا بزانم لە سەرەتای گفتوگۆکا نەوە باسمان کرد، هەندێك لە ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکان بە تەحەفوزەوە واژوویان کردووە و هەندێکی نووسیویانە دژی ئەوەین کە ئەم پڕۆژە

یاسایە موناقەشەی لەسەر بکرێت، بۆیە سەرەتا دەرگای گفتوگۆمان کردەوە کە پرۆژە یاساکە موناقەشە بکرێت یان نا؟ ئەمە نەریتێك بووە لە پەرلەمانی کوردستان، کاك برزۆ فەرموو؟

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو نامەیەی سکرتێری پەرلەمان کە بۆ ئێمە هات، ئێمە وا تێگەیشتووین کە لەفراکسیۆنەکە کێ دژە با قسە بکات، ئێمە {کاك علی} وەکو دژە، ئەگەر نا {د. بەهار} مان داناوە وەك رەئی فراکسیۆنی گۆڕان کە ئێمە پشتیوانی یاساکە دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لە گەڵ قسەکانی { کاك عمر}، ئێمە بچ ئالیەتێك ئەوەی { کاك ئاری} باسی کرد مافی قسەکردنمان پێنەدرێت لە لایەن جەنابتان؟ بۆ لە هەر فراکسیۆنێك یەك کەس؟ جەنابت پشت بە کام ماددەی پێڕەوی ناوخۆ دەبەستی؟ ئێمەش دەما نەوێت قسە بکەین و نابێت لێرە دابنیشین و مافی قسەکردنمان نەبێت، چۆن جەنابت مافی قسەکردنمان پێنادەی؟ بۆ لە هەر فراکسیۆنەك کەسێك قسە بکات؟ داوا لە جەنابت دەکەین بەر لەوەی پرۆژەکە موناقەشەی ماددە و بڕگەکانی بکرێت، پێویستە هەر پەرلەمانتارێك قسەی خۆی بکات و بچینە ناوەرۆکی ماددە و بڕگەکانی پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە پەیوەندی بەوە هەیە کە بە باشترین شێوە قسەی لەسەر بکەین و گفتوگۆکان زۆر درێژ نەخایەنێت کە خۆشتان بێزار دەبن و دەڕۆنە دەرەوە، کاك ئاری فەرموو،

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو روونکردنەوەیەی بەڕێزت کاك {د. عزت} دای و ئەوەی {کاك علی} لەگەڵ بەرچاوڕوونی تەواو بە پەرلەمانی داوە، پێم وایە لە پێش ئەوەی بیخەیە دەنگدانەوە بچینە موناقەشە؟ حەقە شانسێك بدەینە لایەنی پەیوەندیدار جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێز وەزیری دارایی کە ئەوان وەڵامی ئەو پرسیارەی {کاك علی} بدەنەوە و ئەو کاتە زۆر مەنتیقی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با ئەندامانی تری پەرلەمانیش قسە بکەن ئەو کاتە دەرفەت بە حکومەتیش دەدەین کەقسەکانی خۆیان بکەن، د. رێواز فەرموو،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە خۆم لەگەڵ تەنزیم كردنی قسە كردنم بۆ هەمیشە، بەڵام لەم بابەتەدا كە هیچ فراكسیۆنێك نییە كە هەموو ئەندامانی دژ بن یان پێك بن بەتایبەتی سێ فراكسیۆنەكە و هەموو ئەندامانی لەگەڵ بن، هەست دەكەم جۆرێك لە غوبن هەیە كە مەسەلەن ﴿د. عزت﴾ لەگەڵە و من تا سەر ئێسقان دژم و لە فراكسیۆنەكانی تریش هەیە دژە، مەسەلە ئەوەیە كە رای گشتی وا نەكەوێتەوە كە ناوی فراكسیۆن دێنن و فراكسیۆنێك بە تەواوەتی لەگەڵە و فراكسیۆنێك بە تەواوەتی دژە، مع العلم بە تەواوەتی وا نییە، ﴿كاك برزۆ﴾ ئەم حەقیقە تەی وت و بۆیە باشترە لە هەر فراكسیۆنێك كێ لەگەڵیدایە و كێ دژیەتی؟ چۆنكە دەرفەت بۆ فراكسیۆنی گۆڕان رەخساوە، دەكرێت دكتۆر بە ناوی موئەیەدین قسەی كردووە، بۆ نمونە لە فراكسیۆنی ئێمە بە ناوی دژەكان ﴿كاك قادر قسە﴾ دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی كە نووسراوە بۆ سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئەوەیە كە ئەوانەی دژن و ئەوانەی كەلەگەڵیدایە دیاری بكرێت، ئێوە لە فراكسیۆنی سەوز یەكێك لەوانە قسە بكات كە دژی دەوەستێت، شرین خان فەرموو،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابتان بڕیاری دا لە هەر فراكسیۆنێك یەك كەس قسە بكات، بەڵام پێم وایە لە فراكسیۆنی كۆمەڵ ﴿مەلا هەورامان﴾ قسەی خۆی كرد، ئەگەر یەكێكی تر لەو فراكسیۆنە قسەی كرد دەبێت لە فراكسیۆنەكانی تر دوو كەس قسە بكات، پێشنیارم كرد پێش ئێستا نەریتێك هەبوو هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیە ﴿3﴾ خولەك قسە بكات، پێموایە ئەگەر لێرە هەر كەسەك بە موحازەرەیەك قسە بكات تەواو نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی رێ بە هەمووو ئەندامان نادەین قسە بكەن، تەنزیمی دەكەین، بۆیە لەوانەیە لە سێ دەقە زیاتر بێت، د. جوان فەرموو،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئێستا ئاگادار بووم من كە لە هەموو فراكسیۆنێك چ نوێنەرەك قسە دەكات و تەبلیغ نەكرایەنە كە نوێنەرەك هەبێت، ئەو ئیختیساسەش ئیختیساسی نێزیكە لە من، ئەگەر دەرفەتم بدەی قسە بكەم، مەمنون دەبم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، باشە، ئەگەر فراكسیۆنی گۆڕان خۆیان یەكلایی بكەن، كاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێم وا یە سەبارەت بە راپۆرتەکە زۆر قسە کرا و هیچ ناروونییەکی تێدا نییە، ئەوەی بە تەحەفوزە ئەمەش مانای ئەوە نییە کە واژوو نەکراوە، بۆیە هیچ ناروونی تێدا نییە، تەحەفوز رەنگە لە سەر ماددەیەك بووە، ئەوەی کە لە ماددەیەك بکشێینەوە لەوانەی کە ئیمزا کرا کە خرایە ناو بەرنامەی کارەوە دەسەڵاتی ئیمزا کێشانەوەی نابێت، وەك لە یاساکەدا، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، تکایە با موناقەشەیەکی مونتیج بکەین، کاك بەهزاد فەرموو،**

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جەنابت ئاماژە پێ کر کە چ پرۆژە یاسا ب ڤی شێوازەی نەهاتینە پەرلەمانێ، یەعنی دویف پەیڕەوێ ناوخۆ بەحس نەکریە، دووبارە دەکەینەوە ڤێ ئاخفتنێ کو ﴿86٪﴾ تەحەفوز یا هەی ئەو دبێژیت و خاڵە کادی ﴿29﴾ کەسا تنێ ﴿4﴾ کەسا واژوویا کری.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ، کاك ابوبکر فەرموو،**

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هەندێك لە پەرلەمانتاران بە ناوی خۆمەوە ﴿30﴾ کەس بووە بۆ موداخلە، ئایا ئەمە چی بووە؟**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەمە بۆ موداخەلەی ماددەکانی پرۆژە یاساکەیە، ئێستا کاك دڵشاد فەرموو،**

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە تەواوەتی پشتگیری قسەکانی ﴿د. عزت﴾ دەکەم و لە خاڵێکدا پشتگیری قسەکانی ﴿ کاك علی﴾ دەکەم، کە دانانی پرۆژە یاسایەك بە روونی تێدا روون بێت کە چۆن ئەو کورتهێنانەی لە بودجەی ﴿2013﴾ و بەیانی مالیەی ساڵی ﴿2014﴾ دا هاتووە؟ هەروەها ئەو قەرزانەی کە دەکرێت چۆن بکرێنەوە؟ کە پرۆژە یاسایەك بە ئیستراژیەتی ﴿5 یان 10﴾ ساڵی بێت، دەبێت بێتە پەرلەمان، ئەمە دوو ساڵە ئێمە لە پەرلەمان دەست بەکار بووین تا ئێستا یاسای بودجە بۆمان نەهاتووە، نازانم کەس ئەو پرسیارەی کردووە یان نا؟ رەنگە هەندێك کەس بڵێن وەزارەتی مالییە کەمتەرخەمە، کە ئەمەش راست نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان لاوازن، ئەو پارەیەی لە بەغدا دێت و داهاتی ناوخۆی ئێمە و ئەو نەوتەی کە پێش ئێستا هەمان بوو بەشی ئەوەی نەدەکرد کە بودجەی ساڵێك دابنرێت، لەبەر ئەوە پێویستە بیر لە هەندێك سەرچاوەی تری داهات بکرێت و قەرزیش یەکێکە لەو**

داهاتانەی دونیا کە زۆر وڵات پشتی پێ دەبەستن، زۆر باسی ترسی ئەو قەرزە دەکرێت لە سایتی ﴿cia﴾ ئەمریکی لە کۆی ﴿205﴾ وڵات، ﴿201﴾ وڵات قەرزی کردووە، وڵاتێکی وەك ئەمریکا ﴿15﴾ تریلیۆن و ﴿680﴾ ملیار دۆلار قەرزدارە کە ئەمە داتای ساڵی ﴿2014﴾ یە و ئیتحادی ئەوروپی ﴿15﴾ ترلیۆن و ﴿950﴾ ملیار دۆلار قەرزدارە و یەك دونیا وڵاتی ئیسلامی و عەلمانی تێدان، بێجگە لەمەش هەر هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر رووی ئەو زەمینەدا دەژین لە حکومەتەوە قەرزدارن و کێشە ئەوەیە ئەو تەجروبە لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە، هەموو وڵاتانی دونیا و خەڵکی ئەو وڵاتانە کرێدیت کارتیان هە یە، دە چن خانوو و سەیارە و زەوی بە قەرز دە کرن و خەڵك و حکو مەت هەر هەموویان قەرزدارن و هیچی لەو دونیایە نە گۆڕیوە، رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، مەرج نییە ئەو قەرزە تەنیا بۆ پرۆژەی وە بەرهێنان و موو چە بەکار بێت، ناکرێت لێرە بەم یا سایە حکو مەت نا چار بکەین تەنیا بۆ پرۆژەی ئستراتیژی و ئیستیسمار، چونکە حکومەت ئەم سەرچاوەی داهات بۆ خۆی وەردەگرێت بۆ ئەوەی بود جەی ساڵی ﴿2015 یان 2016﴾ دابنێت، کە ئەم قەرزە بۆ مووچە یان ئیستیسمار بێت، دەکرێت قەرز وە کو ئەداتێکی ئیستیسماری بەکار بێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری یا ساکانی بود جە بکەین لە ساڵی ﴿2013 و 2012 و 2011﴾، پڕە لە قەرزی سیناعی و زیراعی و ئیستیسماری و تا ئێستا نێزیکەی ﴿5﴾ تریلیۆن پارەی حکومەت لای خەڵکە و نەگەڕاوەتەوە، ئەمە زاهیرە یەکی سەحی نییە و حکو مەت قەرز بە خەڵك بدات، دەبێت لە رووی بلۆکی دەولی بچینە ناو بازاڕی دەولی ئابووری و مالی بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمی مالی و ئابووری و دارا یی خۆ مان رێك بخەین وەك ﴿ کاك علی﴾ و تی لە رێی ئەم قەرزەوە دە توانین سیستەمی مالی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان پەرەی پێبدەین، و ئەو قەرزانەی کە با سم کرد لە بود جە دەربێنرێت و لە لا یەن بلوکی ئەهلی بدرێ تە خەڵك نەك لە لا یەن حکو مەت، زۆر با سی دەفعاتی گەڕاندنەوەی ئەم قەرزە دەکرێت، زۆر پەرلەمانتار و خەڵك وا حسابیان کردووە کە لە ﴿5﴾ ملیارد دۆلار لە ﴿5 بۆ 10﴾ ساڵ دەبێتە ﴿7.5﴾حەوت و نیو ملیار، وا نییە، حسابمان کردووە ئە گەر مانگا نە یان دوو، سێ، مانگ یان شەش مانگ، بە هەموو یەوە لە خراپترین حا ڵەت ئە گەر ساڵانە بە ﴿5﴾ دەفعە بگەڕێنیەوە، دەبێ تە ﴿6﴾ ملیار و ﴿594﴾ملیۆن دۆلار، نەك ﴿2﴾ ملیار و ﴿500﴾ ملیۆن دۆلار ئیزا فە دەکرێت، با سی ﴿G.D.P﴾ کرا کە ساڵی ﴿2013﴾ ئێ مە ﴿100﴾ هەزار بەرمیل نەوت ئینتا جمان هەبوو و ئێ ستا لە کۆ تایی ساڵ ﴿1﴾ی ملیۆن بەرمیلمان دەبێت کە ﴿G.D.P﴾ ساڵی ﴿2015﴾ زۆر بەهێز دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسەرێکی بەریتانی دەڵێت، کاتێك سەیری ئەو لیستە دەکەین کە ﴿کاك دڵشاد﴾ باسی کرد، راستە هەموو ئەم وڵاتانە قەرزدارن و سەیرە کەس ناپرسێت ئەم قەرزانە لە کێ دەکرێت یان قەرزدارە؟ ئێمە باش دەزانین سپی کردنەوەی پارە لەم جۆرە قەرزە خارجییە کە سەرمایەدارانی وڵاتان پارەکەیان دەبەنە بانقەکان و بە ناوی قەرزی خارجییەوە دەیهێننەوە بۆ میللەتەکەیان، ئێمە قەرزداری خەڵکی کوردستانین، هێشتا مووچەی حەقی خۆیان وەر نەگرتووە، بۆ چی ئەوەی لە ﴿10﴾ ساڵی تر لە دایك دەبێت بە قەرزداری لە دایك بێت، ئەگەر لەم یاسایەی ئەمڕۆ کە لە پەرلەمان تێدەپەڕێت و لە ﴿60٪﴾ وڵاتانی جیهان قەرزیان هەیە و لە ﴿23٪﴾ ئیستیفادەیان کردووە، ﴿3٪﴾ توانیویانە دەخلی فەرد زیاد بکەن و لە هەرێمی کوردستان کەس نازانێت دەخلی فەرد چییە؟ ئەگەر هەرێمی کوردستان یاسایەك دێنێت بە ناوی ئیستیرادی ئەموال، باش سیاسەتی ئەم یاسایە لە ﴿2004 تا 2014﴾ هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی پەیڕەو کردووە و بۆچی بووە؟ کە ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لە لیژنەی هاوبەش ئاماژە بە مایە کراوە، بۆیە دەسەڵاتی حەسری حکومەتی عێراقی دەبێت بە پێی ماددەی ﴿110﴾ ی دەستوور بڕگەی یەك، مەسەلەی قەرز، ئەگەر ئەو یاسایە ئەمڕۆ لێرە تێبپەڕێت ئێمە لە مەحکەمەی ئیتحادی شکایەت و تەعن لەو یاسایە دەدەین، ئێستا عێراق هەرێمی کوردستان مەحکومە بە یاسای ﴿95﴾ ساڵی ﴿2004﴾ کە ئیداری مالی و دەینی عامی عێراقە، چونکە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئیدارەی دەینی عام هیچ یاسایەکی بۆ دەرنەچووە، ئەو قەرزە بۆ پرۆژەی ئیستراتیژی، بۆ ژێرخانی ئابوورییە، خێرە لە ﴿2003 تا 2014﴾ زیاتر لە ﴿70﴾ ملیار دۆلار هاتووتە هەرێمی کوردستان، نەتوانراوە ژێرخانی ئابووری وڵات چاك بکرێت ئێستا لەم قەیرانە داراییە دەتوانن ژێرخانی ئابووری بە ﴿5﴾ ملیار دۆلار چاك بکەن؟ کامە پرۆژە بە ژێرخانی ئابووری چاك دەکەن؟ و ﴿3﴾ هەزار پرۆژەی بەردەوامی هەرێمی کوردستان وەستاوە، لە ساڵی ﴿2007 تا 2013﴾ لە ﴿50٪﴾ ئەو پارەیەی بۆ ئیستیسمار دانراوە کە ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتەی پێی نەکرا ﴿50٪﴾ موناقەلەی پێکراوە لە موازەنە و کێ بەرپرسیارە؟ و چ زەمانەتێکمان دەداتێ حکومەت کە ئەو پارەیەی دەیهێنێ سیاسەتی شەفافانەی ماڵی پێ بەڕێوە بەرێت؟ هێشتا نازانین ﴿2﴾ ساڵە پارە لەم وڵاتە بە چ یاسایەك خەرج دەکرێت؟ بودجەی تەشغیلی کە ﴿80٪﴾ بودجەی موازەنەی گشتی بەرێت، چۆن دەتوانێت پارە بێنێتە ئەو وڵاتە بڵێت ئیستیسماری پێ دەکەم؟ بە سەدان ملیار دۆلار ئیستیسمار هاتووتە ئەم وڵاتە و بۆچی ئیستیسماری گەورە نەکراوە؟ بۆیە بە گۆمانەوە سەیری ئەم پرۆژە یاسایە دەکەین، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژە یاسایە موخاتەرەکانی کەمتر ئاماژەی پێ کراوە و وەسف کراوە، ئەگەر نا سیعری سەرفی عوملە بێنینە کوردستان ئەوەندەی تر وێران دەکات، خەلەل لە میزانیەی ساڵانەمان دروست دەکات کە ئێستا عەجزی موتەراکممان هەیە و دێینە سەر ئەوەی لە میزانیە پارەی قەرزەکە دابنێت و ئەمساڵ نەماتوانیوە و فایدەکەی زیاد دەکات، لە ماوەی ﴿10﴾ ساڵ، ﴿5﴾ ملیار قەرز دەکەین دەبێتە ﴿13﴾ ملیار، رێگایەکی زۆر زۆر خەتەرە، یاسای قەرزکردنی خارجی بۆ تەدەخولی خاوەن قەرزەکان لە سیاسەتی ئەم وڵاتانە، بۆیە لە هەرێمی کوردستان ئەو پرۆژە یاسایە هەرێمی کوردستان

نەیتوانیوە کاتێك کە گۆڵدزمانی هێناوە، بانکی هێناوە، نەیتوانیوە قەنا عەتمان پێ بکات کە بۆ پارەمان دەداتێ؟ و زەمانەت چییە؟ و سلبیاتەکان ئەوەندە زۆرن، بۆیە دەنگی پێنادەین و رەتی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێركۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە چەند رەهەندێكی ترەوە كە تا ئێستا لەو بەڕێزانەی باسیان كرد دەچمە ناو مەوزوعەكە، هەر لە سەرەتادا تەراكومی ئەو سوودەی كە دەچێتە سەر قەرزەكە، ئەگەر حسابی بكەین پرۆژەیەكی ئیستراتیژی لە وەبەرهێنان ئەگەر لە ﴿5 بۆ 10﴾ ساڵ تەواو بێت كە پارە پەیدا بكات، بە هەمان رێژە كە سوودەكەی دەچێتە سەر ئەو پارەیە دوو ئەوەندە دەبێت، واتە ئەو قەرزەی كە دەیكەین رێك دوو ئەوەندە دەبێت لە كاتی مەترسیدار، چوار مەرجی گرنگ هەیە وەك پرەنسیپ لە هەموو دونیا كە قەرزی لێدەكرێت، كە ئەمانە پرسیارن بۆ حكومەت و وەڵامی دەوێت، ئەنجامدانی چاكسازی مەرجە بۆ دانی قەرز و سیستەمی وەبەرهێنانی سەركەوتوو مەرجە، چاودێری و رەقابە و پرۆسەی دژایەتی گەندەڵی و سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری مەرجە، ئەمانە ئەساسین، رەیتی پروفێت و فایدە دیاری دەكات و چەند ریسك لەسەر ئەمانە هەبن، سوود زیاتر دەبێت لەو قەرزانەی دەدرێتە هەرێمی كوردستان و ئەو قەرزانەی حكومەت كردوویەتی ﴿د. عزت﴾ باسی كرد لەبەر نەبوونی یاسا نەبووە و یاسا هەبووە، بەڵام حكومەت بە ناچاری كردووە، عێراق فاشیل ترین شێوازی قەرز و ئیدارەی هەیە لە عالەم و سێیەم و ڵاتی گەندەڵە لە عالەم، ناتوانین ئەوان بكەینە نموونە، ئێمە لەگەڵ خۆبەراكانی حكومەت و ئەوانەی لە بانقەكانەوە هات بوون بۆ موناقەشەمان لەگەڵدا بكەن لە لیژنەی داراییدا و لیژنەكانی تر، بۆمان سەڵماند كە ﴿G.D.P﴾ یان بە هەڵە حساب كردووە، دومێستیك پرۆدێكتیان بە هەڵە حساب كردووە، هێز نییە لە هەرێمی كوردستان بڵێت ﴿G.D.P﴾ ئەوەندەیە، لەبەر حەقیقەتی زانستی كە بە موئەسەسات دەكرێت و ئەوە نییە لە كە ئیحتیساباتی دارایی هەرێم و عێراق بكەن، كە موئەسیسەكە بوونی نەبێت كێ دەتوانێت بڵێت ﴿G.D.P﴾ چۆن كراوە كە دەرئەنجام لە ﴿20٪﴾ كە ﴿25﴾ ملیار دۆلارە هەر بە هەڵە حساب كراوە، خۆ بەرا نێودەوڵەتییەكان نەیانتوانی وەڵامی ئێمە بدەنەوە كە﴿G.D.P﴾ بۆ تەقریرینەتەوە یەكگرتووەكان كە ئەوانیش دەڵێن ئیحتیما لە ئەوەندە بێت ﴿G.D.P﴾، بۆیە هەڵەی گەورەی تێدایە، ئێمە تواناى قەرزدانەوەمان نییە، توانانی جێ بە جێ كردنی پرۆژەی وەبەرهێنانمان نییە، دیراسەیەكی پرۆژەی وەبەرهێنان بكەین لە هەرێمی كوردستان و تەداولی پارە لە ماوەی ﴿2011﴾ تا ئێستا كە زیاتر لە ﴿100﴾ ملیار دۆلار كە هاتووە، ﴿31﴾ ملیار پێویستە بۆ ژێرخانی ئابووری هەرێمی كوردستان، كە ئەمە دابین نەكراوە بۆ؟ لەبەر ئەوەی سەرمایە لە هەرێمی كوردستان ئیحتیكاریە و بۆ كۆمەڵێك سەرمایەدار دەڕوات و ئەو قەرزەی كە دەكرێت هەر ئەوان دەبێت شەراكەتی پرۆژەی وەبەرهێنان بكەن و

هەر ئەوانی پێ قە ڵەو و گەورە دە بن کە ﴿5٪﴾ دانیـ شتوانی هەرێمی کورد ستان نا کات، مەبە ستم ملیاردێرەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەم قەرزە بۆ ئەوان دەبێت و قازانجە کەی بۆ ئەوان دەبێت و پرۆژە وەبەرهێنەکانیش هەروەکو ﴿42﴾ ملیار دۆلارەکەی کە ئیستیسمار کراوە لە دوو ساڵی رابردوودا لە لا یەن وەبەرهێنەکانەوە، پرۆژەی ژێرخانی ئابووری نەبوون و پرۆژەی ئۆتێل و شتی تر بوون کە بۆ ئەوان بووە، بۆ یە ھ یوادارم ئەم سیـ ستەمی قەرزە نەبێ تە سیـ ستەمی گەورە کرد نی کاپیـ تالیزم و سەرمایەدارەکانی هەرێمی کوردستان و پرۆژەی تەمیزی ئەموال نەبێت وەك لە وڵاتانی تر کە کراوە و سیستەمی وەبەرهێنان سیـ ستەمێکی سەرکەوتوو نیـ یە و تێبیـ نی زۆری لە سەرە، بۆ یە کۆنگرەی وە بەرهێنان دەبە سترێت و گەندەڵییەکان چارەسەر دەکرێت، لە داهاتوودا بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەی وەبەرهێنانی سەرکەوتوو بکەین، ئەما نە هەموو مەقایـ سن، بۆ ئەوەی ئەو قەرزە نەبێ تە ما یەی بار و قور سایی ز یاتر و گەورە کرد نی سەرمایەداران لە هەرێمی کورد ستان، فەرقی تە بەقی و چەو ساندنەوەی تە بەقی ئەوە ندە جار دوو بارە ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەهار خان فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ هاتنی ئەو پرۆژەیە لە لایەن حکومەت بۆ پەر لەمان بە رێژە یەکی رە ها دژی نەبووین، چونکە پێمان وابووە بوونی یا سای قەرز شتێکی ئا ساییە کە هەرێمی کورد ستان هەیبێت، بەڵام تەرکیزی ئێ مە ئەوە بووە بە دوای زەما نات و شەفافییەت بگەڕێین لەوپرۆژە یەدا، بۆ ئەوەی کە هاووڵاتیان دڵنیا ببن کە ئەو قەرزە بۆ بەرژەوە ندی ئەوا نە و تەرکیز لە سەر ئەوە بووە کە دڵنـ یابین لە ئەساسی قانونی و دەستووری لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، بۆیە لەو روانگەیەوە کارمان کردووە لە ناو لیژ نە پەیوەند یدارەکان و لە رووی ئەسا سی یا سایی و دە ستووری، ئە گەر سەیری ماددەی ﴿110﴾ بکەین لە دەستووری عێراقی باس لە ئیختیساساتی حەسری دەکات و لەوێش باسی سیاسەتی قەرز کردن دە کات و لە سیاسەتی قەرزکردن ئیختیساساتی حەسرییە، بەڵام وەرگرتنی قەرز لە ئیختیسا ساتی حە سریدا نەهاتوە، بۆیە بە پـێی ماددەی ﴿115﴾ لە دە ستووری عێرا قی کە هەر ماددە یەك لە 110﴾ هاتبـێت ئەوە لە دەسەڵاتی هەرێمەکانە، جگە لەمە بە پێی فەقەری ﴿6﴾ لە ماددەی ﴿8﴾ لە یا سای ئەنجو مەنی وەز یران ژمارە ﴿3﴾ ساڵی ﴿1992﴾ کە باس لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران دە کات لە فە قەری ﴿6﴾ لە ماددەی ﴿8﴾ دەڵێت، ﴿ عقد القروض و منحها بموافقة مجلس وطني لكردستان العراق﴾، بە پـێی ماددەی ﴿141﴾ لە دە ستووری عـ ێراق گـ شت یا ساکانی هەرێم کە پێش ساڵی ﴿2005﴾ دەر چوون کار یان پێدەکرێت ئەگەر لە دە ستووریش ناکۆك بن، بۆ یە بە پـێی ئەم بـ نەما یا ساییانە شتێکی نادە ستووری و نایاسایی نییە ئەو پرۆژە قەرزە، لە رووی زەمانات و شەفافیات لە رووی ئابوورییەوە، ئەوەندەی توانیومانە

تێبینییەکانی خۆمان خستووتە ناو یاساکەوە، ئەو قەرزە لە کێ و بۆچی دەکرێت؟ و ئیزافە کردنی ماددەی ﴿9﴾ بەرچاو روونی زۆرە، بۆ ئەوەی کە ئەو پارە یە خەرج دەکر یت بۆ پرۆژە کانی ژێر خانی ئابووری و پرۆژە کانی ژێر خانی ئابووری لە دوای را ستاندنی پەر لەمان، وا تە حکو مەت کاتێك کە ئەوبڕە قەرزە وەردەگرێت پێویستە لیستێك بنێرێت بۆ پەرلەمان و بڵێت بۆ ئە مە بەکاری د ێنم، داوا دە کەین جەداولی ئیقتیسادیشمان بۆ بنووسن و پەرلەمان راستاندنی لەسەر بکات و دەنگی لەسەر بدات، ئینجا حکومەت بۆی هەیە خەرجی بکات، تێبینیمان هەبووە لەسەر سوود، کە باشتر وایە لە یاساکەدا دیاری بکر ێت کە تەرەفی بەرام بەر ئەجنەبی یە، لەوانە یە داوای برێ کی د یاری کراو بکات و لەوانە یە ئەو بڵ ێت تا ئەو سەقفە دە سەڵاتتان هە یە، بۆ یە لەو سەقفەدا قسەیان لەگە ڵدا بکات و هەر پێ شمان با شە ئە گەر بڕە کە د یاری نەکرێت، و شەی کێبڕ کێ بخرێ تە ناو یا ساکەوە، ئەما نە چەند تێبی نی و ئێ مە بەدواد یدا گەڕاین لە فراکسیۆنی گۆڕان، بۆ ئەوەی کە زەمانات و شەفافییەت لە یاساکەدا جێ بکەین، کە بە شێکی جێ کراوە و بەشێکی تری لە لایەن ئەندامانی ئێمەوە عەرز دەکرێن، هەموویان لە بەرژەوە ندی گ شتی هاووڵات یانن و ه یوادارین جێگەی بکرێ تەوە، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یا سایە بە شەفاف ترین شێوە تێ پەڕێت، ئێ مە لەو بڕوایەداین کە قازانجەکەی زۆرترە لە زیانەکەی، بۆ ئەوەی کە بتوان ێت هەنگاوێك ب ێت بۆ دەرچ کرد نی هەرێمی کوردستان لەو بارە ئابوورییەی ت ێدا کەوتووە، زی ندوو کرد نەوەی بوون یەی تەحتیی کورد ستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ماجد فەرموو،

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە چەند هاوڕێیەکم راو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ماددەکان، بەڵام ئێمە بە گشتی سەیری پرۆژە کان دە کەین کە بڕ یارێکی حەسا سە، ئە گەر حکو مەت بتوان ێت زەما نەتی ئەوەمان پێ بدات کە زەمانەتی باری ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەوە پێش ببات، ئەگەر ئەو پرۆژە یە بخرێ تە باری نا چاری حا ڵەتی د یزتیرار، ئە گەر بەڕێزان مامۆ ستایانی ئاینی رێ گەم پێ بدەن ئا یەتێك دە خوێنم خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿ فمن اضطر في مخمصة غير متحانف اثم فان الله غ فور ر حيم﴾، ئە گەر ببی نە ئەو غا لبە، ئەمە مەوزوعێکی دیکەیە، هەروەها حکومەت زەماناتی ئەوەمان پێ بدات کە بزانین هۆی دەر چوواندنی ئەو یاسایە چییە؟ و ئایا دەتوانێت دەرمان بچوێنێت لەو قەیرانە ئابووری و داراییە و سوودی زیاتر دەبێت بۆ گەلانی کوردستان ئەو کاتە ئێمەش رای خۆمان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یروانت فەرموو،

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خێرهاتنا شاندێ حکومەتی دکەین، لە دینی ﴿حلال وحرام﴾ مە کار بڤی بابەتێ نینە و ئەم دگەلێ قەرزی داینە بۆچی؟ ئەگەر ئەم ئیفتیرازی بکەین، چونکی نەگوتیە بۆ چەند ساڵیە و روبح چەندە؟ ئەگەر حالەتی ئیفتیرازی بۆ ﴿10 ساڵ بۆ ﴿5﴾ ملیار دۆلارا بدەمە دوماهیکێ ئەگەر ﴿10٪﴾ بیت ﴿8﴾ ملیار و ﴿113﴾ و دەفعامە ساڵانە ﴿825﴾ ملیۆن دۆلار بیت، هەیڤانە ﴿68﴾ ملیار دۆلار تنێ بیت و ئەگەر دەفعێ ﴿825﴾ بدەین و ئەگەر روبح ﴿10٪﴾ بیت دەفعێ ساڵانە ﴿1﴾ ملیار بدەین هەیڤانە ﴿83﴾ ملیۆن دۆلار بیت روبحی دبیتە ﴿2﴾ ملیار و ﴿583﴾ یەعنی نابیتە بارەکێ گران سەر ئەقلیمی و داهاتێ گازێ مە یێ هەی و لێرە جەدوەلێ ئیقتیسادی بەسیت مە چێ کریە، ملیۆن دۆلارا بدەتە مە چونکی ﴿5﴾ ملیۆن دۆلارا، لێرە ل سیکێ دا ﴿150﴾ ملیۆن دۆلار ل سیکێ دا تەعامول هێتە کرن و هەروەسا عقارات سیکێ دا ﴿300﴾ ملیۆن دۆلار ل سیکێ دا دێ چێبیت ژ بلی هندێ ژی چەند عامل و کادرێت وەسەتی و موهەندس تێدا شۆل کەن کو نێزیکی ﴿68﴾ هزار کەس ل ﴿10﴾ ساڵا دا و پرسیارەك، ئەڤ ئیدارەکا دروست بهێتە کرن و نە بۆ راتبا بیت، یا دی چەند پرسیارەك بێتە کرن و جەدوەلەکا ئیقتیسادی بێتە دانان و تەحدیدا نیسبا ئەرباحا بێتە کرن و کەیفیەتێت دەفع چەوا هێتە دان؟ و بۆ چ غەرەز ئیستیفادە دهێتە کرن و مە چ کێشە ل حلال و حەرام نینە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سوان فەرموو.

**بەرێز عمر مصطفى باوەمیر﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە زمانێکی سادە قسە دەکەم ئێمە لە ﴿ا تا ی﴾ لەگەڵ هەموو شتێك داین بۆ فەرا هەم بوونی کوردستانێکی ئازاد و ژێر خان و سەرخانێکی بەهێز، بۆ ئەم وڵاتە مەزلومەی خۆمان، بەڵام راکێشانی قەرز لە بانکە نێودەوڵەتییەکان و هەر شوێنێکی تر رەت دەکەینەوە، چونکە بە دڵنیایی هیچ بانقی ئەهلی و حکومی بە بێ ریبا و سوود قەرز ناداتە کوردستان و ئەمەش بە پێی ئایینە ئاسمانییەکان وەکو مەسیحی و یەهوودی و فەرموودەی پێغەمبەر ﴿د.خ﴾ ئەمە بە ریبا دادەنرێت و قەدەغە یە و لەو ﴿7﴾ ماددەیە هەژمار کراوە کە مرۆڤ و کۆمەڵگا بەرەو بە هیلاك چوون دەبەن و وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿احل الله بیع وحرم الربا﴾ پێغەمبەری خوا دەفەرموێت لعان رسول الله ﴿ص﴾، ﴿أكل الربا وموكله﴾ هەروەها دەفەرموێت ﴿کل قرض جر نفعه فهو ربا﴾ واتە هەر قەرزێك بێتە هۆی راکێشانی سوود ئەوا دەبێتە ربا، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت ﴿7﴾ شت لە موهلیکاتن و واتە ئینسان و کۆمەڵگا بە هیلاك دەبەن کە یەکێکیان ریبایە ، ئێمە خاوەنی ئەو هەموو داهاتەین و رۆژانە دەیان هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات و خاڵە کانی سنووری بازرگانی هەیە و سەدان کۆمپانیای عیملاق لەم وڵاتە هەیە کە بە سیستەم رێکخراون نەك بۆ بەرژەوەندی خەڵك، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کەسانی تر، کە ئەوان بە هۆی ئەو هەموو داهاتە بوونە

میلیاردێر، بۆچی حکومەت لەو میلیاردێرە خۆمالیانە قەرز ناکات؟ کەواتە ئێمە دەتوانین قەرزیش بدەین نەك قەرز بکەین، ئەگەر شەفافیەت و دروشمەکانی چاکسازی جێ بە جێ بکرێن نازاندرێت ئەم قەرزە بۆ چ مەشروعێکە؟ و پرۆژەکە لە کوێ یە و بۆ چییە؟ هەروەها قەرزی بە ریبا هەرە سی بە سەدان بانق هێناوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ولا تانی تر، تازە ئێمە با سی قەرز دە کەین لە لا یەکی تر پێویست بوو حکو مەت پرس و رای لیژ نەی فـتوای با ڵای کورد ستانی وەربگرتا یە یان یەکێتی زانا یانی کورد ستان کە کۆمەڵێك زانای بە ئەزموونی تێدایە، بابەتەکە لە ﴿أ تا ی﴾ شەرعییە، قەرز وەرگرتن ئاسانە و لە دا هاتوو بە گرانی زۆر لەسەر ئابووری وڵات دادەنرێت و دەبێتە مایەی تەدەخولی وڵاتان لە کاروباری کوردستان وەکو چۆن لە هە ندێك رووی تر تەداخولیان کردووە،ئا یا کە ﴿5﴾ میل یارە پارە کە وەردەگر ێت سوودەکە و زیادەکە چەندە؟ بۆ چی قەرزتان وەر گرت لە تورکیا و چەند و ڵاتی تر و بانقەکانی تر، هەر پرس بە پەر لەمان نەکراوە، پێ مان وا یە ئە گەر ئەو بانـقە کە داوای قەرزی کردووە ئە گەر داوای رەزامە ندی پەرلەمانی نەکردایە ئەو پرسە یان نەدەهێنا ناو پەر لەمان، بۆ یە ئەو قەرزە رەت دەکەی نەوە کە خرا یە دەنگدانەوە یەکسەر خوا حافیزی لەم خۆ لە دە کەین، بۆ چی حکو مەت گرنـگی بە کشتوکاڵ و پیشە سازی نادات؟ ﴿80﴾ ملیار دۆلار لە ﴿2003 تا 2013﴾ هاتووتە هەرێمی کوردستان، پرۆژەکەی وەبەرهێنانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەمرۆ گفتو گۆ لە سەر پرۆژە یا سایەك دە کەین بەدا خەوە ئێ مە دەو ڵەت نین، بەڵام خاوەنی دەرا مەتی سرو شتی و مرۆ ڤی و ئابووری زۆر ین، بەڵام لە بەر ئەوەی خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نین نەمانتوانیوە ئەم دەرامەتە لە هەرێمی کوردستان بەگەڕ بخەین و حکومەتی هەرێم پلا نی نەبووە بەر لە قەیرانی دارایی، ئەوەی کە بتوانرێت ژێرخانی ئابووری لە هەرێمی کورد ستان بب ێت بە ژێر خانی پ تەو و پلا نی ئی ستراتیژی نەبووە، بۆ یە ئێستا ئێ مە قـسە لە سەر ئەوە دە کەین کە قەرز بـکەین، لە هەرێمی کوردستان گەندەڵی و تەخشان و پەخشان و بەهەدەردانی زۆر هەبووە، مەترسیمان لەوە یە ئەو قەرزە کە دەکرێ لە چی سەرف دەکرێت؟ ئەم قەرزە وەکو زۆربەی هەڤالان باسیان کرد گرەنتی چییە کە لە پرۆژەی ئی ستراتیژی سەرف بکر ێت یان بەگەڕخ ستنی دەرا مەتی ناوخۆیی و نی شتمانییەکان ب ێت، ئێ مە ئەو گرەنتییەمان لە را ستیدا دەو ێت ئە گەر پرۆژەی ئیستراتیژی نەبێت و بۆ بەگەڕخ ستن و بووژاند نەوەی ژێرخانی ئابووری نەبێت ئێمە دەزانین کە بەکار بردن دەرئەنجامی چییە، ئێمە لە جەنگداین و پێشمەرگە لە جەنگی دژە تیرۆرە و رۆژانە تەلەفۆنمان بۆ دەکەن و دەڵێن ئیمە لەژێر سێبەری جەمەلۆن دا ین و ئاوی سوێر دەخۆین، وڵاتێك ، شوێنێك ئاو و هەوایەکەی زۆر گەرمە، بۆیە سەرنجی خۆم لەسەر ئەم پرۆژەیە لە

چەند خالێك دەخەمە روو، ئێمە پێمان وایە نموونەی ئەو وڵاتانە زۆر کەمە کە لە وەرگرتنی قەرز سەرکەوتوو بوون بە تایبەتی بە هۆی ناجێگیری باری ئابووری لە جیهان بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە پشتیان بەیەك سەرچاوەی داهات بەستووە وەك نەوت، ئێمە ئاگادارین کە نرخی نەوت دابەزین و نزمی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەمان توانیوە سەرچاوەی داهات هەمە جۆر بکەین و پشتمان تەنیا بە نەوت بەستووە و گەرەنتی چییە بۆ ئەو قەرزانە کە سوودی زیاتری نەیەتە سەر و تەراکومی سوود لە سەر قەرزەکان دروست نەبێت؟ جێگە لە مە زۆر لە وڵاتانی جیهان کە قەرزیان وەرگرتووە بووینەتە پاشکۆی سیاسی هەندێك وڵات خاوەنی سیادە و سەروەریش بوون، بەڵام بەشێك لە سیادە و سەروەریان لەدەست داوە بە هۆی ئەوەی کە ئەم قەرزە وەکو فشار بەکارهێنراوە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی کە قەرزی لێ وەرگرتووە بەتایبەتی ئێمە ئەگەر ئەو قەرزە لە وڵاتانی دراوسێ بکەین جێگەی مەترسییە و ئێمە هەرێمێکین بەرگەی گۆشاری سیاسی ناگرین ئێمە لە هەرێمی کوردستان خاوەنی سیستەمێك یان نیزامێکی مالی و دارایی رێك و تەندروست و پێشکەوتوو نین، ئەو نیزامە پێویستی بە یەکخستنەوەیە، پێویستی بە رێکخستنەوەیە، دوای یەکخستنەوەی ئەم نیزامە دەکرێ ئێمە قەرز بکەین، ئەوەی کە لە راپۆرتەکاندا هاتووە قەرزێکی زۆر وەرگیراوە، یەکێك دەلێ (7) ملیار دۆلار وەرگیراوە، یەك دەڵێ (5) ملیار دۆلار وەرگیراوە، ئایا سووی ئەو قەرزانە چەندە؟ پلان چییە بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە؟ ئینجا بێین قسە لەسەر قەرزکردنی زیاتر بکەین، وەزیری مالیەی عێراق کوردە، راستە، ئاگادارە، رای گشتیی و ئێمەش هەموومان ئاگادارین لەوەی کە لە بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانیش نانێرێت، بەڵام مادام بەپێی قانون و دەسەڵات و سەڵاحیاتی وەزیری مالیەی عێراقە، باشترە هەوڵبدرێ کە عێراق بتوانێ ئەگەر هەڵە نەبم (20) ملیار دۆلار قەرز بکات، ئێمە لە رێگەی ئەوەوە دەوڵەتێك کە ئەگەر سیادەی هەبێت یان ناقس سیادە بێت بێگومان ئەو سووەی کە دەخرێتە سەر ئەو قەرزە لەوانەیە بۆ ئێمەش کە خاوەنی دەوڵەت نین، بەدا خەوە خاوەنی سیادە نین، ئەو سووەی کە لایەنی قەرزدەر، یەعنی لایەنی قەرزدەر لەسەرمان بە مەرج دەگیرێ زیاتر بێت، ئەمە جگە لەوەی کە خۆزگە وەزیری پلاندانانیش لێرە بوایە، ئایا وەزیری پلاندانان، وەزارەتی پلاندانان پلانی چییە بۆ چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو پارەیەی کە ئەگەر بریار بێت بە قەرز وەربگیرێ؟ سەرەرای ئەمە من پێموایە پێویست بوو کە کۆنفرانس یاخود (مؤتمر) ئەنجام بدرێت لەلایەن خەڵکی شارەزا و بەتوانی بواری ئابووری بۆ ئەوەی کە دەریخەن ئێمە قەرز بکەین یاخود قەرز نەکەین، ئەگەر قەرز بەکەین چۆن قەرز بکەین، ئەوە قەرزە لە چیدا سەرف بکەین، بۆیە لە راستیدا ئەو تێبینیانە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە هەیە، من قسەی زیاتریشم هەیە ئەگەر دەرفەت بێت....

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، لە هەموو ئەندامانی تری پەرلەمان قسەی زیاترت کرد بەرێزت، بەرێزان ئێستا پێموابێت لەلایەن فراکسیۆنە جیاوازەکان، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئەوەی کە پێویست بوو گوترا لەسەر ئەم بابەتە،

پێویست ناکات قەسەی زیاتری لەسەر بکرێت، حکومەتیش، بەڕێز وەزیری داریی و ئابووری هەندێك ڕوونکردنەوەی ڕەنگە هەبێت، دوو نوقتەی نیزامی دەبینم، کاك دڵشاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرفەتم پێ بدەی لە یەك دەقەدا باسی سپی کردنەوەی پارە بکەم.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باوەڕبکە پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین، چونکە ئەگەر دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە جارێکی تر ئەندامانی تری پەرلەمانیش قسە دەکەن، بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش هەفتەیەك ناوم نووسی بوو لەسەر قەرزی دەرەکی قسە بکەم، ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ کاك فخرالدین تەئکیدم لە مەوعیدەکە کرد، دووبارە دەکەمەوە لە ناو فراکسیۆنیشمان باس نەکرا کە لە هەر فراکسیۆنێك نوێنەرێك قسە دەکات، تکایە لە ئیختیساسی منە، کە دووبارە دەکەمەوە ئەگەر دەرفەتم پێ بدەی قسەی لەسەر بکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان، هەر بەڕێزت نییە کە داوای قسە کردن بکات، چەند کەسێکی تریش داوای ئەوەیان کردووە کە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، بەڵام پێمانوایە گفتوگۆی زیاتر مونتیج نییە، چونکە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لەگەڵ ئەوەن کە پڕۆژە یاساکە موناقەشە بکرێ، قسەی خۆیانیان کرد، ئەوانەی کە دژی موناقەشەکردنن قسەی خۆیانیان کرد، تێبینی زۆر خرانە ڕوو کە ئێتر پێویست بە قسە کردنی زیاتر ناکات، هەروەها داواشمان لە فراکسیۆنەکەتان کرد کە جارێکی تر سەرۆکی فراکسیۆنتان هەیە لە پێشەوە دانیشتووە، نوێنەرایەتیتان دەکات ئەوان (د.بەهار)یان دیاری کرد.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووی ئیختیساسەوە من مەجموعەیەك (Alternative)م هەبوو، بەدائیلم هەبوو....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی دواتر لە کاتی موناقەشەکردندا باسی بکەی، بەڕێز د.ڕێباز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز حەمەلان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، حکومەت لە هەموو دونیادا و لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە مافی خۆیەتی بە دوای هەموو سەرچاوەیەکەوە بگەڕێت بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهاتی خۆی و بۆ بەڕێکردنی کارەکانی، ئینجا هەم تەشغیلی بێت یاخود لەسەر پرۆژەکان بێت، من حەز دەکەم نوقتەیەك هەیە کە بەڕێزان (مامۆستا هەورامان و کاك علی حەمە صالح) ئاماژەیان پێدا لەسەر ئەوەی کە گوتیان ئاساییە ئەگەر قەرزەکە ئەوەی بۆ پێشینە وەردەگرین دواتر بە نەوت بدرێتەوە، لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە ریبا دروست نەبێ، یاخود ئەو سووە دروست نەبێ، مامۆستا باسی ئەوەی کرد گوتی ئەگەر پەرداخێك شەربەت دابنێی بڵێی ئەوە پەرداخێك ئاوە، بەڵام هەر شەربەتە، ئەوەش بە هەمان شێوە عەینی شت دەگرێتەوە، چونکە کە تۆ پێشینەی پارە وەردەگری لە کۆمپانیاکانی نەوت، دواتر بە نەوت پێیان دەدەیتەوە، ئەو پێشینەیە داشکاندن کراوە، یەعنی هەموو ئەو شەریکاتانە (Discount)یان بۆ کراوە، ئەو (disccount)ەش هەمان ئەو فایدەیە کە لەولاوە ئەگەر بەرز وەری بگرین دەگرێتەوە، هەر عەینەن شت دەگرێتەوە، ئەگەر بیخەیتە ئەو قاڵبەوە، دێینە سەر مەسەلەی ئەوەی کە ئەو زەمانەتانە چین، یەعنی یەکێك لە هەرە مەسەلە گرنگەکان ئێمە وەکو حکومەت و وەزارەتی دارایی کە تەئکیدی لێ دەکەینەوە ئەوەیە ئێمە جاری باسی ئەوە ناکەین لەگەڵ کێ تەعامول دەکەین، لەگەڵ کێ قەرزەکە دەکەین، ئێمە باسی ئەوە دەکەین پێویستە هەموو حکومەتێك، هەموو دەوڵەتێك یاسای قەرزی هەبێت، ئێستا ئێمە هاتووینەتە بەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە و ئەو پرۆژە یاسایەی کە حکومەت ناردویەتی بۆ پەرلەمان باسی یاسای قەرز دەکەین، ئێمە جاری نەهاتووینەتە سەر وردەکاری ئەوەی کە ئایا ئەو قەرزە لە کوێ دەکەین و چۆن دەیکەین، هەروەها لەم یاسایە بە وردی ئەگەر ئەم بەڕێزانە بیخوێننەوە کە تێدایە مەسەلەی سپی کردنەوە بە هیچ شێوەیەك قەبول نییە، چونکە لە ماددەی یەکدا بە وازحی تێدایە کە دەڵێ سەرچاوەیەکی قانونی و سەرچاوەیەکی خاوێن، خۆ تۆ ئەمە دوای ئەوە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند دەکرێت، خۆ ئەمە یەکسەر ئەوە نییە تۆ ئەم یاسایە کە ئەگەر ئەمرۆ یاخود هەر رۆژێکی تر پەسەند کردێت یەکسەر حکومەت بتوانێت، ئەوە کۆمەڵێك زەمانات هەیە، یەکەمیان: ئەوەیە کە پەرلەمان پەسەندی ئەو پرۆژەیە دەکات کە حکومەت بۆی هەیە پارەکەی بۆ سەرف بکات، ئەوە بە وازحی لە ماددەی (9)دا تێدایە، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران کە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی تێدایە لە ماددەی (5، 6، 7) ئەوەی تێدا روونکراوەتەوە کە ئەوان دەسەڵات دەدەن بە بە سەرۆك وەزیران، بە جێگری سەرۆك وەزیران، بە وەزیری دارایی، ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەدرێ و ئەنجومەنیش نوێنەری هەموو لایەکی تێدایە، هەروەها ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری کە ئەوە یەکێکە لە هەرە واجیبە سەرەکییەکانمان چۆن تۆ قەرز دەکەی، مەفروزە شێوازی دانەوەکەشی رێکبخرێ، بۆیە ئێمە بە زووترین کات یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2010)ی وەزارەتی دارایی دەنێرینە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بە پرۆژەیەك بۆ تەعدیل کردنەوەی، هەروەها بۆ زیاد کردنی بڕگەیەکیش کە ئەویش دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارە کردنی قەرزە گشتییەکانە، هەروەها یەکێك لە خاڵە سەرەکەیەکانیشمان لەوێ جێ بەجێ دەکەین

خەڵکانی پسپۆڕ لە دەرەوەی ئەم بەڕیوەبەرایەتیە ببات بەڕێوە، بۆ ئەوەی بتوانین هەرێمی کوردستان ئەو قەرزانەی کە ئێستاش لەسەر شانیەتی و ئەوانەی لە داهاتووشدا ئەگەر بیکات لەوێ ڕێکبخرێت، هەروەها وەکو باسیشم کرد یەکێك لە زەمانەتەکانی تر ماددەی یەکە کە گوایە پارە سپی کەیتەوە، ئەوە نییە، هەروەها ماددەی (6)یش یەکێکە لەهەرە مادده گرنگەکان لەم یاسایە کە مەسڵەحەتی عامەی تێدایە، بۆیە باس دەکرێت، بە نیسبەت شتێکەوە کە باس کرا مەسەلەی تەشغیلی کە (80٪) پارە بۆ تەشغیلی سەرف کراوە، بەڕێزان، یەکێك لەهەرە کێشە گەورەکانی هەرێمی کوردستان ئەو هەلأوسانە گەورەیە کە لە مووچە هەیە، ئەو لە (80٪)یەی کە بەڕێز کاك سۆران عمر باسی کرد بۆ تەشغیلیە، لە (70٪)ی ئەو (80٪)ە بۆ مووچەیە کە بۆ تەشغیلی دەڕوات، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان لە پێش هەموو شتێکدا ئەم مەسەلەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکی زۆر جدی بدات بۆ چارەسەر کردن و دۆزینەوەی باشترین ڕێگا چارە بۆ کێشەی مووچە خۆران، چونکە بێجگەلە مووچە ئێمە بەردەوام کۆمەڵێك پارەی کە هەیە دەڕوات بە زایەع لە مەسەلەی دەرماڵە و کاری سەرەڕایی، هەروەها ئەو هەموو ئیفاد و هەموو ئەو کێشە گەورانەی کە لە ناو میلاکاتدا هەیە، مەسەلەیەکی تریش بە نیسبەت ئەم یاسایەوە کە هاتۆتە پەرلەمان ئەمە پێموایە گرنگیەکی حەتمیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە بە دۆخێکی زۆر نا هەمواردا دەڕۆین، بەڕێزان، ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی ناخۆییمان نییە ئێستا لە جێی ئەوە نییە کە بتوانین ئەم حکومەتە پێ ببەین بەڕێوە، ئێمە لە مانگی یەکی ئەم ساڵ (109) ملیار دینار داهاتمان هەبووە، مانگی دوو (145) ملیار دینارمان هەبووە، مانگی سێ (150) ملیار دینارمان هەبووە، ئەوە هەرە ئاستە بەرزەکەی بووە لە هەموو ئەو گومرگ و زەریبە و رسوماتانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێ، مەسەلەیە نەوتیش ئەوە ئێمە تەسلیمی سۆمۆمان کردووە، ئەوەش حکومەتی عێراقی بەو شێوەیە تەعامولی لەگەڵ کردووە، کاك قادر رەزگەیی باسی ئەوەی کرد کە پێویستە بەغدا قەرزەکە بکات و ئەوان بەشمان بدەنی، ئینجا ئەوان پارەکەی ئێستامان بۆ نانێرن، جا وەرە پارەی قەرزمان بۆ بنێرن، لەبەر ئەوە، ئەوە یەکێکە لە کێشە و گرفتە گەورەکانمان، ئەوان سەرەڕای ئەوەی پارەی حەقی خۆمانیان نەنارد و لە (10٪)شیان بڕیوە و چاویان لێیە ئەم مانگەش بە هەمان شێوە لەو پارەی کە دەینێرن، من حەز دەکەم لێرە روونکردنەوەیەکیش بدەم لەسەر مەسەلەیەك کە چەند رۆژێکە باسێك هەیە کە عەبادی لەسەر تەلەفزیۆن قسەی کردووە گوتویەتی لە مانگی (11)ەوە ئێمە مووچەی فەرمانبەرانمان ناردووە، حکومەتی هەرێم نەیداوە، ئەوان کە باسی مووچە خۆران دەکەن تەنها باسی فەرمانبەران دەکەن، حیسابی خۆیان کردووە (540) ملیارە، لەوە زیاتریان حیساب نەکردووە، بەلأم ئێمە (860) ملیار دینار دەدەین بە مووچەی هەرێمی کوردستان، ئەوە یەکێکە لە خاڵەکان کە بەراستی ئەوە هیچ وانییە هەموو ئەو قسانەی کە کردوویەتی ئەم رۆژە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتی دەکەینەوە و بە بەڵگەوە، ئێمە زیاتر لە (6) هەزار پرۆژەمان هەیە کە ساڵێکە وەستاوە و هیچ پارەیەکی بۆ سەرف نەکراوە، لە هەرێمی کوردستان دائیمەن کە باسی کێشەکان دەکرێت تەنها باسی مووچە خۆران

دەكرێت، بەڵام زۆر بەڵێندەر لەم وڵاتە هەیە خۆی ئینتیحار كردووە، هەیە هەرێمی كوردستانی بەجی هێشتووە، هەیە خۆی شاردۆتەوە لەبەر ئەوەی تووشی قەرزێكی زۆر گەورە بۆتەوە لەسەر ئەم پڕۆژانەی كە وەستاوە، ئێمە وەكو حكومەت مولزەمین ئەم پڕۆژانە بخەینەوە گەڕ و بتوانین ئەم خاوەن پڕۆژانەش نەجات بدەین لەو وەزعەی كە تێدانە، هەروەها بە هەزارەها كرێكار و كارمەند لەم پڕۆژانە كار دەكەن كە هەموویان ئەوانیش بە هەمان شێوە بێ مووچە بوون و بێ دەرامەت بوون، بۆیە ئەم پڕۆژانەش بەشێكی لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە پەسەندكراوە و لە داهاتووشدا هەرچی پارەیەك لەم قەرزە سەرف بكرێت بۆ ئەم پڕۆژانە دەبێت پەرلەمانی كوردستان پەسەندی بكات، بۆیە زۆر وازح ئەم یاسایە هەموو بابەكانی كە تێدایە و هەمووی لە لیژنە بەڕێزەكاندا موناقەشە كراوە و ئەم یاسایەی كە ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێز دایە ئەوە ئەو یاسایە نییە كە بلزەبت كە لە حكومەتەوە چۆن هاتووە، زۆر تەعدیلاتی تێدا كراوە لەسەر قسەی ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بزانین كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە وتو وێژ لەسەر پڕۆژە یاساكە بكرێت؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (53) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (25) كەس لەگەڵ دانییە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، وتو وێژی لەسەر دەكرێت، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەكان فەرموون ماددە بە ماددە بیخوێننەوە، هەر لە ناونیشانەكەوە بۆ ئەوەی وتو وێژی لەسەر بكەن.

**بەڕێز د.ڤالاڤ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژەكە هیچ تێبینییەكی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژەكە:

**راكێشانی مایە لە رێگای قەرزكردن لە هەرێمی كوردستان  عێراق.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشانی پڕۆژەكە؟ بەڕێزان، پێش ئەوەی وتو وێژ لەسەر ناونیشان بكەین جارێ دەنگدان لەسەر ئەوە دەكەین كە راپۆرت بكرێتە بنەمای گفتوگۆكردن، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان بكرێتە بنەمای گفتوگۆكردن؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (46) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس نییە لەگەڵدا نەبێت، كەواتە پەسەندكرا، ئەم

بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە (د.ڕێواز، كاك ئاری هەرسین، كاك عمر عینایەت، د.شێركۆ جودت، كاك حاجی كاروان، كاك سالار محمود)، لەسەر ناونیشان قسە دەكەن، فەرموو د.ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من پرسیارێكم لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی هەیە، (اموال) جەمعی (مال)ە، (مال) لە قانونی عێراقدا چۆن تەعریف كراوە؟ ئایا بۆ ئێرە دەبێت؟ چونكە ئێمە سێ یاسامان هەیە كە تەنزیمی مەسائیلی مەساریف و پارە دەكات، یاسای بەڕێوەبردنی دارایی ژمارە (94)ی ساڵی (2004)، یاسای بانكەكان ژمارە (94)ی ساڵی (2004)، یاسای بانكی مەركەزی عێراقی ژمارە (56)ی ساڵی (2004)، لە هیچ شوێنێك بۆ مەسەلەی قەرز قەرزی (اموال) بەكار نەهاتووە، ئەم (اموال)ە مەبەست چییە لێی لە رووی قانونیەوە؟ یەعنی هەر یەكسەر بگوترێت قەرزكردن، مادام قسە لەسەر ئەوە كرا كە ئەوە موخالیف نییە بە ماددەی (110)ی دەستووری عێراقی، چی تێدایە ئەگەر بگوترێت یاسای قەرز، یەعنی بۆ ناو نراوە (استقطاب الاموال)؟ چونكە (مال) بە خۆیان بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەزانن تەعریفەكەی چییە، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من هەست دەكەم زیادەیەكی تێدایە كە ئەویش ئەو مەسەلەی (استقطاب الاموال)یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەگەڕێینەوە سەر نیزامی (3) دەقەكەمان، بەڕێز كاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من پرسیارە، بەم شێوەیەی كە ناونیشانەكە (Formula) كراوە مەجالی بڵێین تەلاعوبی مەنتیقی لە رووی زمانەوانیەوە تێدایە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە پێش هەموو شتێكەوە باس لەوە دەكرێ یاسای راكێشانی مایە لە رێگەی قەرزكردن لە هەرێمی كوردستان، ئەمە مەجالی ئەوەی تێدایە بڵێی كەواتە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان قەرز ناكرێت ئەمە یەك، دووەم: باسی قەرزكردن لە هەرێمی كوردستانە، ئەوەی كە قەرز دەكات و ئەوەی پڕۆژەكەی ناردووە حكومەتی هەرێمی كوردستانە، بۆیە بە بۆچوونی من حەقە حكومەتی هەرێمی كوردستانی تێدابێ، چونكە ئەو لایەنەی كە قەرزەكە دەكات حكومەتە، خۆ خەڵكی كوردستان یان بڵێین كۆمپانیایەكی ئەهلی ئەو قەرزە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، من تەنها قسەم لەسەر ماددەی (110)یە، کە دەڵێ (اختصاصات السلطات الاتحادية)، کە دەڵێ (رسم السياسة الخارجية و التمثيل الدبلوماسي والتفاوض بشأن المعاهدات و الاتفاقات الدولية و السياسات الاقتراض و توقيعها و ابرامها والرسم السياسة الاقتصادية والتجارية و الخارجية السيادية)، من لە لیژنەی یاسایی بەڕێز دەپرسم، ئایا ئەم راکێشانی مال و قەرزکردنە دژ بە ماددەی (110)ی دەستووری عێراقیە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر لە ناونیشانەکەدا کە دەڵێ راکێشانی مایە لە رێگەی قەرزکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یەعنی ئایا قەرزەکە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت؟ واتە جیهەتی (دائن) هەرێمی کوردستانە، بۆیە پێموایە هەڵەیەك لە (Title)ەکەدا هەیە، لەوانەیە بگوترێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گونجاو تربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا هەر لە ناونیشانەکەوە ئیشکالێك هەیە کە روون نییە ئەم (مایە)، چونکە دراو بەشێکە لە مایە، ئایا مەبەست لە قەرزکردنی دراوە؟ یان شمەکە؟ چونکە سەنداتیش دەگرێتەوە، یەعنی ئەمە ئەلف و بێی مەسەلەی دارایی و ئابووریە، دەکرێت ئێمە لە عینوانەکەوە بەرچاو روونی بدرێتە حکومەت، ئەگەر لەم پرسەدا پەرلەمانی کوردستان دەیەوێ واجیهەبێت و بەرچاو روونی بداتە حکومەت و چاودێربێت لەم پرسەدا لەسەر حکومەت بە جیاواز لەو رێ و شوێنانەی لە کابینەکانی پێشوو و لە ماوەکانی رابردووشدا لەلایەن حکومەتەوە لەسەر پرسی دارایی و ئابووری و سیاسەتی مالی لە هەرێمی کوردستاندا گیراوەتەوە بەر، دەبێ لەم پرسەشدا شەفاف بین، ئایا پرسەکە بۆ قەرزکردنی دراوە؟ یان خۆلادانە لەوەی کە رێگری دەستووری هەیە؟ لیژنەی مەعنی وەڵامان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو عینوانە ناوەڕۆکی هەموو ماددەکان سەرتاپای ناوەڕۆکەکە پێچەوانەی ئەم عینوانەیە، لەسەر قسەی بەڕێز وەزیری دارایی کە باسی ئەوە دەکات کە ئێمە پێویستمان بە یاسایەکە لە پەرلەمانەوە دەرچێت یاسای راکێشانی قەرز، ئەم یاسایە کە هەمووی سەیری دەکەی هەمووی ئیستیناد کراوەتە سەر راکێشانی (5) ملیار دۆلار، یەعنی کەواتە ئەوە یاسایە یاسایەکی گشتیی نییە تاوەکو پێویستیمان بە یاسای تر نەبێت، بۆیە دەبێ یان عینوانەکە بە کاملی بگۆڕدرێ، یان دەبێ ئەو ناوەڕۆکان بە کاملی بگۆڕدرێ، یەك تێبینی تر کە ئێمە ماوینەتەوە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو لێرە بۆ ئەوەیە تەئیدی قەرزێکی بێ ریبا و بێ فائیز بکەین و رەتدانەوەی ئەو حاڵەتانە بکەین کە پێچەوانەی شەرع و زەرەری خەڵکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.رێباز قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.رێباز حەمەلان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك روون کردنەوەم هەبوو لەسەر ئەوە، ئەو مەسەلەیەی کە دوو، سێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێز باسیان کرد، مەسەلەی (G.T.P) ئەوە وەکو کاك (د.شێرکۆ)ش باسی کرد بەراستی حەقیقەتێکی تەواوە کە لە کوردستان و لە عێراقیش هێشتا موئەسەسەیەك نییە (G.T.P) هەبێ کوردستان تەحدید بکات، هەر بۆیە لەم قانونە (G.T.P) تێدانییە، ئێستا پارەکە سەقفی مەحدود دانراوە بۆ مەسەلەی پارەکە کە (5) ملیارە، یەعنی لەوە زیاتر نییە، لەبەر ئەوە سەقفێکی بۆ دانراوە، ئەگەر (G.T.P)ەکە هەبوایە تۆ رەقەمەکەت تەحدید نەدەکرد، ئەو کاتە لە (30٪) (G.T.P)ەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەست بوو بە ناونیشانی یاساکە (راکێشانی مایە لە رێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان عێراق)، بەو شێوەیە دێت کە باس لە هەرێمی کوردستان عێراق بکات، چونکە یاسای وڵاتانیش هەر وایە، ئەگەر سەیری قانونی (ادارة المالية و الدين العام في العراق) بکەین، ناڵێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، چونکە قەرزکردن و موفاوەزات کردن لەسەر قەرزکردن خۆی لە سولبی ئیختیساسی حکومەت دایە، پەرلەمان یاسا دەردەکات و رێگا دەدات بە حکومەت، حکومەتیش مەسەلەی تەفاوز و مەسەلەی (ابرام) و مەسەلەی تەوقیع ئەوە لە سولبی ئیختیساسی حکومەت دایە، بۆیە ناونیشانی یاساکان لە یاسای هەموو وڵاتان ئەگەر سەیری بکەین ناوی هەرێم و ناوێ وڵات دێتن، نەك ناوی حکومەت، لەبەر ئەوە ئیختیساسی حکومەتە و پێویست بە دیاری کردنی ناکات، ئەوەی کە پەیوەندیدار بوو بە پرسیارەکەی

بەڕێز (عمر عینایەت) ئایا ئەوەیان پێچەوانەی دەستووری عێراقە یاخود نا، دەڵێین نەخێر، پێچوانەی دەستووری عێراقی نییە و لە موبەریرە یاسایەکەشماندا ئیسناد دەکەینە سەر ماددەی (8) فەقەرەی (6) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی (1992) کە باس لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و تێیدا دەڵێ (عقد القروض و منحها بموافقة المجلس الوطني لكوردستان العراق)، هەروەها بە پێی ماددەی (141) لە دەستووری عێراقیدا گشت یاساکان کە لە هەرێم دەرچوون پێش ساڵی (2005) کاریان پێ دەکرێت هەتا ئەگەر لەگەڵ دەستووریش ناکۆك بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی (مال) لە ماددەی (65) لە قانونی مەدەنی تەعریف کراوە دەڵێ (كل حق بقيمة مالية)، ئینجا لێرە کە کەلیمەی (مایە) بەکار هێنراوە واتە (استقطاب الاموال) هیچ ڕێگریەك نییە کە ئەم کەلیمە بەکار نەهێنرێ، چونکە کەلیمە (مال) نەقدیش دەگرێتەوە و غەیری نەقدیش دەگرێتەوە، (كل حق بقيمة مالية)، بۆیە زۆر گونجاوە هیچ نا یاساییەکی تێدانییە کە لێرەدا بەکار هێنراوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پەرلەمانتاری بەڕێز (کاك حاجی کاروان) کە ئیشارەتی دا ئەمە بەس بۆ (5) ملیار دۆلارە، ڕاستیەکەی ئەمەیە هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە تا ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێت نابێت قەرزەکەی لە (5) ملیار دۆلار تێ بپەڕێت، حکومەتی هەرێم بە یەکجار ئەم قەرزە ناکات، کە کردی، هیچ موئەسەسەیەك نییە بەیەکەوە (5) ملیار دۆلاری بداتێ، لەوانەیە لەم ساڵدا (1) ملیارێك وەربگرێ، لە ساڵی داهاتوو (3) ملیار قەرزی هەبێ، لە ساڵی دوای ئەوە و تاوەکو کۆتایی، کەواتە لە (5) ملیار دۆلار تێ ناپەڕێت، بۆیە ئەو (5) ملیارە دیاری کراوە، بەڕێزان لە حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەوەی دایەوە کە ئەگەر (G.T.P)مان مەزبوت بێ باشە بە ڕێژە دیاری بکەی، بڵێی ڕێژەی قەرز وەکو هەموو وڵاتانی جیهان وا دەکەن، ڕێژەی قەرزی هەرێمی کوردستان نابێ لە سەدا ئەوەندەی کۆی داهاتی ناوەخۆی وڵاتەکەی لە هەموو کاتێکدا تێپەڕ بکات، کە (G.T.P)ەکەت مەزبوت نییە، بۆیە مەبلەغ دیاری کراوە، بە نیسبەت (کاك سالار محمود) وەکو (د.بەهار)یش بەشێکی ڕوون کردەوە، من ئەگەر لە ڕووی ئابووریەوە شیکارەکەی بکەم (مایە) ناقسە، شتی تر هەڵدەگرێت، بەڵام جانبی قانونیەکەی، چونکە ئەمە یاسایە دەردەچێت، ئەگەر بڵێی سەرمایە

مەوجوداتی غەیرە نەقدیش دەگرێتەوە، سلعەش دەگرێتەوە، ئەوە خراپە، ئەگەر بلێین نقد ئەشباهی نقود ناگرێتەوە، سەندات ناگرێتەوە، بۆیە (اموال) یان (مایە) کە هین کراوە جەمعە، بەلاّم لە هینی ئیقتیسادیدا دەقیق نییە بەرامبەر بەو نەشاتەی کە ئەم یاسایە بۆی دەردەچێت، ئەگەر لە جانبی قانونیەوە وەکو (د.بەهار)یش ئیشارەتی پێ کرد، مادام هیچ ئیشکالێکی نییە، بۆیە وەکو خۆی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە دەقی ناونیشانەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژەکە:

**راکێشانی مایە لە رێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان  عێراق.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیساب تەواو نییە، کاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیساب بە پێی ئەو کاتەی دەست پێکراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا نیساب تەواوە، بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (45) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەلدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی یەکەم، تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:** مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشەو دەستەواژانەی دادێن ماناکانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان  عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

3- پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان  عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی یەکەم لە راپۆرتی هاوبەش هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە، بەڵێ، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی یەکەم؟ خاتوو گەشە فەرموو.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببوورە، من وامزانی ئەوەیە ماددەی یەك ئەوەی پەڕەی ئەو دیو، داوای لێبووردن دەکەم، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر پێناسەکان قسەم نییە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز خاتوو لینا فەرموو.**

**بەڕێز لینا عزریا بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی تەعاریف، بەس سێ کەلیمات و تەعابیر هاتیە تەعریف کرن، بەس لە مەشروعدا موستەلاحاتێت هەن موحتاج بە تەعریفن، وەکو (ضمان دیون) و (مصطلح الاستقطاب)، یەعنی زەروری بوو کە تەعریف بکەن لە تەعاریفەکاندا، تەعریفی ئەو کەلیمات و تعابیرانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنە پەیوەندیدارەکان وەڵامتان چییە؟ فەرموو د.بەهار.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو وشانەی کە بەڕێز (لینا خان) باسی کرد ئەوە لە فقهدا هەیە و دەتوانرێت، لە تەعلیماتیشدا کە تەعلیمات دەردەکرێت، لە تەعلیماتدا روون کردنەوە لەسەر ئەو کەلیمانە بدرێت، ئێمە زۆرتر مەبەستمان لە ماددەی تەعاریف ئەوەیە کە دووبارە بوونەوەی کەلیمەیەك هەیە روونی بکەینەوە، مەبەستمان لەوەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، کەواتە ناتانەوێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ، بیخوێننەوە دەقەکەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یەكەم:** مەبەستی ئەم یاسایە لەم وشەو دەستەواژانەی دادێن ماناكانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی كوردستان  عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

3- پەرلەمان: پەرلەمانی كوردستان  عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (41) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (2) كەس لەگەڵ دانییە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی دووەم، تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:** بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: ئەنجومەنی وەزیران تەخویل دەكرێت بە راكێشانی مایە لە سەرچاوەی یاسایی و دارایی پاك لە رێگەی قەرزكردن و قەرز وەرگرتن و، یان گەرەنتیكردنی قەرز، یان پرۆسەی تری هاوشێوە بە بەهایەك سەرجەمی لە (5,000,000,000) پێنج ملیار دۆلاری ئەمریكی زیاتر نەبێت.

دووەم: مەرجە سەرجەم قەرز وەرگرتنەكان، یان گەرەنتیەكان، یان هەر پرۆسەیەكی تری هاوشێوە تێپەڕی ئەو بڕە نەكەن، كە لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا باسكراوە و، دانەوەیان گەرەنتیكردنی دانەوەی رسومات و سوودو خەرجییەكان و ئەو بڕانەی تر كە پێیەوە بەستراونەتەوە لەنێو دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دایە كە لەم یاسایەدا روون كراوەتەوەو، ئەم بڕانەش لە نێو بەرزە ئاستی باسكراو لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هەژمار ناكرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوەكانیان بنووسن؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەكە دەكەن (علی حەمە صالح، كاك دلێر ماوەتی، خاتوو تەلار، گەشە دارا، گۆران ئازاد، رێواز فائق، ڤەمان فیصل، برزۆ مجید، انور قادر، عبدالرحمن علی رضا، شێركۆ جودت، قادر ئۆتمان، مریم صمد، د.سرووود سلیم، لینا عزریا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانەی لە لیژنە پەیوەندارەکان و ئێستا لە سەر مەنسەن دواتر دەتوانن قسە بکەن، با ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، ئەو کات ئێوە قسە بکەن، بەڕێز کاك دلێر ماوەتی فەمووو.

**بەڕێز دلێر مصطفی حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەفدی یاوەرەکەی دەکەم، بە رای من لەم خاڵەدا سەرچاوەی یاسایی پاك، (پاك) زیادە ئەو وشەیە، ئەو سەرچاوەی یاسایەش دەکرێ بکرێتە دەزگایەکی رەسمی موعتەبەر، چونکە ئەمە مەتاتیەت دەداتە پرۆسەکە، بەلأم یاسا دەبێ روون و ئاشکرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم هەمی دزانین کو یاسا سیستەمێکێ مەنتقی موغلە قە چەند یا سای ڕوون و واز یح ب ێت دێ پتر خزمەتا وێ ئارمانجێ کەتن ئەوا کو لە پێناو دێتن دەینانندنێ ، ژبەر هەندێ ئەز دبینم من پێم با شە بڕ گا ژیا حەتا حەدەکی بێتە موتابەقەکرن لەگەڵ برگا یەکێ کو ئەو ژی لە ئەخیرا فەقەرا ئێکێش بر گا دوو وێ دبێژێتن هەر پرۆسەیەکی تری هاوشێوەی تێپەڕی ئەو برە نە کەن ئەوەش ب بێتن سەرجەم، یەعنی ئەڤ مەجموعی ئیجمالی ئەوێ دێ تە دە ین کرن (5) ملیار دۆلار بن و بتنێ بۆ جارەکێ بیتن ئەڤ (5) ملیار دۆلارە نەك دەستێ حکومەتێ ڤەکری بیتن هەر گاڤەکا ڤیا (5) ملیار دۆلارا دەین بکەتن بیمەعنا ئەڤ بڕ گا دوویێ ژی نەیتن ئەو (برە) تێپەڕی وی سەرجەمە نەکن ئەوێ کو ل برگا ئێکێ هاتی یە دەستنی شان کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برزو فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەم لە کۆ تایی بر گەدا ئە گەر ئە مە ز یاد بکر ێت لە گەڵ دوو بارە بوو نەوەی هەرجارێك وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی لەسەر وەربگیرێت ، یەعنی دووبارە بوو نەوەی ئەو قەرزە لە هەر جارێکدا دیسان پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سروود سلیم فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار مولا حەزەی گچکەم هە یە کە دە ڵی( مـصادر قانونـیة نظیـفة) ، (سەر چاوەی یا سایی پاك) یەعنی تەفـسیری دەوێ ، یەعنی نازانین کێهان پا کە و کێهان پاك نـیـیە ، ئەوە لە لیژ نەی پەیوەند یدار دە بی تەفسیرمان بداتێ ، خاڵی دووەم کە دەڵێت (پرۆسەی تری هاوشێوە) یان ئەو(غار یة من العملیات المماثـلة) ئێمە لێرە نووسیمان یەعنی (عملیات الاقتراض والاستدانة او ضمان الدیون) یەعنی ئەگەر عەمەلییەکی تر هەیە بابنووسین ئە گەر نـیـیە ئەو ( غیره من العملیات المماثلة ا لمجال اجتـهادات) زۆردەدا با ڕێـگا نەدەین حکومەت ئیجتهاداتی خۆی بکا لەم بابەتە ، خاڵی سێەم کە دەڵێ تخویل بـکرێ ئا یا ئەو تەخویـلە بۆ یەك جارە ، بۆ پێنج ملیار دۆلارە یان لۆ زیاتر لە یەکجارە ئەوە ئەگەر تەحدید بکرێ لەم یا سایە با شترە لە بەر ئەوە سبەی ، دووسبەی ئێستا پێویستیمان بە (5)ملیار دۆلارە ئیحتمالە سبەی پێویستیمان پێنەبێ ، بەس حکومەت هەر داوای قەرزی بکات بە پـێـنج مـلـیار دۆلار ئە گەر تەحد ید بـکرێ و ڕەزامە ندی پەر لەمان لۆ هەرجارەك بی باشترە و قوەتی دەداتە ئەو قانونە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە باسی قەرز دەکات ، بۆیە من قـسەکانم لە سەر کۆی پرۆژە کە و لەو ماددەیەدا یە ، ئەم با بەتی قەرزکرد نە کۆ مەڵێك پر سیاری لای من درو ست کردووە بۆ یە مـنیش وە کو ئە ندامێکی لیژ نەی یا سایی ئیـمزام لە سەر ئەم ڕاپۆر تە نەکردووە کە لە 2015/4/22 ئا مادەکراو ئێـستاش لەم دانیـشتنە گفتو گۆی لە سەر دە کرێ ، د یارە ئەوەی هەرێمی بەم بارودۆ خە خرا پە گەیا ند لە هەموو بارەکا ندا حکومڕانیەکی میزاجی بێناو و ناجۆر و گەندەڵ بوو ، ئەم عەقلیەتە شکست خواردووە تا ئێـستا بە شێکی گەورەن لە حکومڕانیدا کە نەیانتوانی لە هەموو داهاتە جۆر بەجۆرەکانی هەرێم بە بودجە زەبەلەحەکەی بەغداشەوە بنمایەکی ئیقتسادی بەهێز بۆ هەرێم دروست بکەن ، پرسیارەکەم لـێرەدا ئەوە یە من پێموا یە باشووری کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بە سامانە جۆربەجۆرەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی و داهاتی تر......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور لەسەر ماددەی دوو قسە ئەکەین.....

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

لەسەر ماددەی دووە ، ئەگەر سیستەمێکی باش هەبێ ، ئەگەر یاسا سەروەر بێت و داها تەکان شەفاف بن و لە دەستی خەڵکی شیاو و ئەمین دابن و دادپەروەرانە بۆ خەڵك دابین بکرێت پێویست ناکا هەرێم قەرز بکا ، پێشموایە سەرەڕای ئەو هەموو بارودۆخە خراپەی کە لە سایەی سەری ئەم دە سەڵاتە خرا پە درو ستبووە

حا ماوەتەوە نەوەیەك كە تا ئێستا لە دایك نەبووە ئەویش قەرزدار بكرێت ، بۆیە من ڕەتم كردۆتەوە ، دەنگیشم پێنەداوە و لەگەڵی نیمە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو تەلار لطیف فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك ڤەمان و كاك برزۆ ئەكەم ئەوان قسەكانی منیان كرد سەبارەت بەوەی كە ئەو پێنج ملیارە بۆ یەك جار بێت ، لە كاتی دووبارە بوونەوەیا موافەقەتی پەرلەمانی بوێت ، لە ڕووی سیاغە شەوە كە ئەڵێ (ئەنجو مەنی وەزیران تەخویل دەكرێ بە ڕاكێشانی مایە) ئەو و شەی تەخویلكرد نە ئەگەر سیاغەكی تر بكرێتەوە هەتا لە ڕووی یاساییەوە چوارچێوەیەكی وا بێت یاسایی تر بێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز كاك عبدالرحمن علی رضا فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پێمخۆشە ئەو هەموو وشەیە كە بەكارهێنرا لەم هۆڵە لە پرۆتۆكۆل بسڕێتەوە ، چونكە ئەمە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە وا نیشان نەدرێت هەندێك برادەر چووبێتەدەرەوە ئەوەی كە لە ژوورەوە موناقەشەكراوە دژی قورئان و دژی ئایەتن ئەوانە كراوە ، بۆیە داوا كارم ئەوانە لە پرۆتۆكۆل بسڕێنەوە ، سەبارەت بە ماددەی (2) لە بڕگەی یەكەمدا بەڕای من بەم شێوازەی لێبكرێ زۆر باشە (ئەنجو مەنی وەزیران تەخویل ئەكرێ بەڕاكێشانی مایە لە ڕێگای قەرزكردن یان قەرزوەرگرتن یاخود پارەداركردنی پرۆژە ستراتیژەكان بە بەهایەك كە سەرجەمیان لە (5)ملیار دۆلار زیاتر نەبێت ، تەنها بۆ جارێكیش بێت پشتیوانی ئەو ڕایەی كاك برزۆ و كاك ڤەمان دەكەم هەم بۆ جارێك بێت و هەم پەرلەمانیش لە هەموو حاڵەتەكاندا راستاندن و تەسدیقی ئەو قەرزە بكات ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو لینا عزریا فەرموو.

**بەڕێز لینا عزریا بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن من نەفسی مولاحەزەی دكتۆر سرودی هەی لەسەر(عبارة المقصود بالمصادر القانونية النظيفة) یەعنی (تحديد المصادر القانونية) (ما هي المصادر القانونية؟) یەعنی ئەگەر شەریكات بلۆك بێت یەعنی دیاركەن (على سبيل المثال) نەك (على سبيل الحصر) ، كلیمەت (النظيفة) یەعنی (هل من المعقول الحكومة تتعامل مع المصادر القانونية الغير نظيفة؟) ، ملاحەزە دوێ لەسەر فەقەرە ( و غيرها من العمليات المماثلة)

یەعنی ئەو خۆ دیارکری (العملیات هي اقتراض استدانة او ز مان الادي) ئەگەر عەمەلیاتی دی هەبیت لازم بە نەصی قانونی وازیح و سەریح بێت نەك لازم ( یتم ذکر ها ولا یترك ا لمجال للاجتهاد والتآو یل في ا لنص القانوني ولا تترك على السلطة التقدیریة الواسیعة للسلطة التنفیز یة في تفسیر النصوص القانونیة ، یجب تکون الواضحة والصریحة).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (2) ئەتوانین ئیشکالییەتی ئەو سەرچاوە یاساییە پاکە بکەین بە ڕابردووی پاك ، ئەوە موستەلەحێکە لە بنوکی دەولیا ، لە (سی . ڤی) بانقەکان و ئەو لایەنانەی کە قەرز ئەدەن بەکارئەهێنرێ و موتەداوەلە ، ڕابردووی پاك یەکێکە لەو مەرجانەی کە سیقەو متمانەی بەو لایەنەی کە قەرز ئەدا زیاتر ئەکا ، بۆیە کە ئەڵێ سەرچاوەی یاسایی ڕابردوو پاکی بۆ ئیزافەبکەین پێموایە گونجاو تر ئەبێ ، سەبارەت بەوەی کە یان (پڕۆسەی تری هاوشێوە) بۆ ئەوەی لەو مەتاتیەیە دەرچین ئەم دێرە لا بەرین ، چونکە پڕۆسەی تری هاوشێوە پێشتر باسکراوە قەرزە یان ئیستیدانەیە یان شتی ترە ، پڕۆسەی تری هاوشێوە با مەجالێك نەهێڵێتەوە بۆ جوملەیەکی مەتاتی ، سەبارەت بە (5)ملیار دۆلارەکە وەکو عەرزم کرد پێشتر ئەمن لە سەر حیسابی (G.D.P) هەرێمی کورد ستان حیسابکراوە کە خو بەراکانی ئەو دوو باذ قەو حکومەتیش کە هاتن بۆلامان بۆمان سەلماندن کە ئەو (G.D.P) بە هەڵە حیسابکراوە ، موئەسەساتی حیسابی(G.D.P) لە عیراق و لە هەرێمی کورد ستاندا نییە ، بۆیە ئەگەر ئێمە (20)ملیار دۆلار سەرمایەمانە (G.D.P)مانە ، لە ٪20 حیساب ئەکەین واتە (5)ملیار دۆلار ، ئەگەر (20)ملیار دۆلارمان هەیە ئەی بۆ مووچەمان پێنادرێ؟ ئەمە (G.D.P) (2015) نییە ، (2014) نییە ، لەبەر ئەوە بە تەئکید هەڵەیە ، ڕەقەم ڕەقەم لێرەدا هەڵەیەکی گەورەیە ، ئەبێ لایبەین ، من پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم کە ئەبێ بە ڕەزامەندی پەرلەمان بێ ، ئەوەشی بۆ زیاد ئەکەم بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی ستراتیژی دیار بێ کە پەرلەمان پەسەندی بکا ، بڕەکەشی هەر پەرلەمان پەسەندی بکا پێموایە ئاوا ڕوونتر ئەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، خاتوو گەشە درارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمە پێنووس نامەیەك بێ واتە بە عەقدێك بێ کە بخرێتە بەردەم پەرلەمان ن چونکە ئەمە ئەبێتە بەشێك لە بودجە ، ئەبێ پەرلەمانتاران ئەو بڕە پارەیە ، چۆنیەتی ئەو عەقدە لە بەر چاویان ڕوونبێ ، تا بزانن دوایی لە بودجەیا چۆن بەسەر پرۆژە ئیستسمارییەکانەوە کە لێرەدا ئەڵێ

مەرجە بۆ پڕۆژەی ئیستیسماری جارێکی دیکە دابەشی کاتەوە ، بۆیە پێم باشە بە پێنووس نامە یەك بێ کە دەخرێتە پەرلەمان بۆ پە سندکردن ، قەرزە کەش بۆ یەکجاربێت یەعنی لێرە تەحدیدی بکەین لەم بڕگەدا کە تەنها بۆ یەکجارە ، لە بڕگەی دووەم سەرجەم قەرز وەرگرتنەکان ئا یا مەبەست لەوە یە کە ئەم (5)ملیارە بە چەند جارێك قەرزەکە ئەکرێ یاخود چەندجارێك ئەو (5)ملیارە پڕدەکرێتەوە جارێکی تر ، بۆیە من وەلأمم لە بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت کاك قو باد و وەزیری دارایی ئەوە یە کە ئا یا ئەو پێنج ملیارە بەردەوام ئەبێت یاخود لە چوار چێوەی ئەو (5)ملیارە قەرز وەرگرتنەکان جەمع کراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا ، هەر ئەوەیە پێویست بە تەوزیحێکی وردتر هە یە کە سەقفی ئەو (5)ملیارە ئێمە تێ ئەگەین لەوانەیە هەمووی بە جارێك نەکرێ ، بەلأم گریمان (2)ملیاری حکومەت وەر گرت یان (5)ملیاری وەرگرت ئەگەر توانی (3)ملیار بداتەوە ، دەتوانێ جارێکی تر بچێتەوە (3)ملیار دیکە خەرج بکاتەوە واتە بەردەوام سەقفی قەرزی حکومەت لەوەدا (5)ملیار بێ یاخود نەخێر ئەمە تەنها بۆ یەکجارە ئەم (5)ملیارە کە زیاتر مەبەستی قانونەکە ئەوەیە ، ئەوەی کە ئێمە پر سیومانە مەبەستی حکومەتیش هەر ئەوەیە ، بۆیە ئەگەر وابێ دەتوانی بۆ یەکجار لەناو نەسەکە ئیزافە بکەین کە تەحسیل حاسلیش بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو مادەیە ، بۆخۆتان ئەزانن جۆری قەرز یان کاتییە یان بەردەوامە ، کاتییەکە بە زەمەن دیاری کراوە ، بەلأم بەردەوامەکە ئەوە یە کە حکومەت قەرزەکە ئەکاو ئیتر پشتی لێئەکاتەوە بە بەردەوامی فائیدەکەی ئەدا ، لە بڕگەی دووەمی ماددەکەش هاتووە کە فەوائید و رسومات و گرێدانی ناچێتە ناو ئەو سەقفەوە کە ئێمە دامان ناوە لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم کە بوترێ جۆری قەرزەکە ، جۆری کاتییە نەك جۆری بەردەوام یەعنی دائیم نییە ، بۆ ئەوەی کە ئەمە حالەتێك هە یە زۆربەی حکومەتەکان ئەم ئەرکە ئەسپێرن بە حکومەتی دوای خۆیان ، یەعنی ئەم کابینە ئەیسپێرێ بە کابینەکەی تر ، هیچ ئیلتزامێکی لە سەر درو ست نابێ ، چونکە تەبیعەتی قەرزەکە خۆی لە ڕووی زەمەنییەوە وایە ، پرسیارێکم هەیە لە ڕووی سەرچاوەوە هیچ ئاماژە نەدراوە یەعنی جۆرەکانی قەرز لە

ڕووی سەرچاوەوە ناوەکی هەیە و دەرەکیش هەیە ، تەبعەن موختەڵەتیش هەیە لە هەردووکیان بێ لێرە هیچ ئاماژە یەك بەوە نەدراوە ئا یا مەبە ست لەم قەرزە تەنها قەرزی دەرەکی یە؟ یان قەرزی ناوەکیش دەگرێتەوە؟ ئاماژە لەناو ماددەکەدا بە گرێنتی قەرزدراوە یەعنی حکومەت زەمانەتی ئەدا بۆ قەرزکردن ، تەبعەن حکومەت ئەتوانێ زەمانی قەرزی موئەسەساتی گشتی بکا و ئەتوانێ زە مانی قەرزی موئەسە ساتی کەرتی تایبەتیش بکا ، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بەتەنها حکو مەت قەرارە زە مانی قەرزی حکومی بکا پێشنیار ئەکەم ئەمە ئیزافە بکرێ کە بەتەنها زەمانی دیونی حکومی بێ یان بڵێین قەرزی حکومی بێ یان موئەسە ساتی کەرتی گ شتی بێ نەك کەرتی تای بەت ، ئە گەر هەردوولا شە ن یەتی حکو مەتی بۆ هەردووکیانە ئەمە پێویستمان بە تەوز یحە ، چونکە نازانین ئەو کەرتی تایبە تەی کە حکو مەت زە مانی قەرزەکانیان ئەکا هی کێن ، پشتگیری لە هەردوو برای بەڕێزم کاك ڤەمان و کاك برزۆ ئە کەم سەبارەت بەوەی کە تەوزیح بکرێ لەسەر ئەوەی کە ئەمە تەنها بۆ یەکجارە ، ئەوەش بە هەمان شێوە قسەکردن بێ لەسەر ئەوەش کە ئەم (5)ملیار دۆلارە ئەسڵی قەرزەکەیە چونکە هەر لە بڕگەی دوودا باس لەوە کراوە کە زیادکردنەکان فەوائید و رسومات بە هیچ شێوەیەك ناچێتە زمنی ئەم سەقفەوە لە بەر ئەوە داوا ئە کەم ، یەعنی دەقیق بین لەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی کە دەستی حکومەت کراوەنەبێ ، ئاخیر قسەم لە سەر ئەوە یە کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا تەجروبەی قەرزیان هەیە ئەم تەجروبەیە یان ئەم عەمەلیەیە لە ڕێگای بانکی مەرکەزی یەوە ئەکرێ ، داوا ئە کەم ئێ مە بیر لە ئەوە بکەی نەوە کە مادام بەرەو سەربەخۆیی ئابووری ئەڕۆین مە سەلەی بانکی مەر کەزی بخەی نە ناو سی ستەمی قانونی خۆما نەوە ، چونکە لە دوذ یادا نی یە وەزیری دارا یی خۆی بیکا ، تەنا نەت لە قانونی عێراقیش ، یەعنی لە ماددەی (10)ی یا سای ئ یدارەی مالیشدا بە دەقیقی باس لەوە کراوە کە بانکی مەرکەزی عەمەلییەکە بەڕێوە ئەبا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە وەز یری مالی یە کاك ڕێ باز دە کەم کە بۆ مان ڕوونبکا تەوە کە لە سەر چ ئەسا سێك ئە مە چ خەملاندنێك کراوە بۆ (5)ملیار دۆلار ، بۆ (2)ملیار نەبێ؟ بۆ (3)ملیار نەبێ؟ ڕا ستە حکو مەتی هەرێم دە توانێ ملیار ێك و تا پێش ملیارێکیش قەرزبکا بە پ ێی پێوی ستی ، بەڵام حەز دە کەم لەم بارە یەوە ڕوونکردنەوەمان پێدرێ من پێشنیار دەکەم کەمتر بێ ئەو بڕە لە (5)ملیار بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکیش نەبێ لەسەر ئابووری نیشتمانی ، ئابووری نیشتمانی ببێتە بارمتەی دانەوەی قەرزە دەرەکی یەکان ، چونکە وە کو پێ شتر با سمان کرد قەرزی زۆر کراوە ، سەبارەت بە بڕ گەی (2)م من پێموا یە سەرجەمی قەرز وەرگرت نەوەکان یان گرێنتی یەکان تاکو دەگا تە ئەوەی لە بڕ گەی یە کەمی ئەم ماددە یەدا با سکرا هەر

تەئکیدکردنەوەیە لەوەی یەکەم ، چونکە لە برگەی یەکەم بە ئاشکرا دەڵێ کە نابێ لە (5)ملیار زیاتر بێ بۆ ئەوەیە من ئەو دێر و نیوەم پێ زیادە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو مریم فەرمووو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری لەو هەمووو ئەو هەڤالآنە دەکەم کە لەسەر بڕی قەرزەکە چەندە کە دیاری بکرێت ، بۆ (5)ملیارە؟ ئەوەی کە هەڤالآن کاك قادر و گەشەخان و کاك گۆران باسیانکرد ، من پێم باشە وەك ئەوەی کە هەڤالآن باسیان کرد تەنها بۆ یەکجار بێ ئەو بڕە پارە ئەو (5)ملیارە ئەگەر (5)ملیار بێ ، سالآنە بێتەوە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو سهام عمر فەرمووو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددا (2)وێ فەقەرا(1) لێرەدا ئەز پێشنیار دکەم ژ بلێی کو ئەڤ تێبینیا هاتیە گۆتن کو بۆ ماوەی یەکجار بێتن سەرچاوەی دیارکریبیتن بۆنموونە بێژین (ئەنجومەنی وەزیران تەخویل دەکرێ بەڕاکێشانی مایە لە سەرچاوەی دیاری کراو) یەعنی هەتاکو پەرلەمانیش دیار بیتن کانێ ئەڤ دێ چ سەرچاوە هەنێ دێ کی بێتن هەتا (وشەی پاك) ڕابردووی پاك بیتن یەعنی نە حکومەت بێژیتن ئەڤە سەرچاوەیەکی پاکە ، بەلکو بۆ ڕای گشتیش دیاربیتن یان بۆ پەرلەمان دیاربیتن کو ئەڤە ڕابردووەکی پاکی هەی ئەڤ سەرچاوەیە کو دێ قەرزی دێتن ، ئەوێ ژی گومانێ ڕادبیتن کو سپی کرا پارە نەبێ ، ژ بەر هەندێ ئەزیش پێشنیار دکەم وشەی سەرچاوەی دیاری کراو یەعنی دیاربیتن بۆ پەرلەمانی بۆ هەندێ شتن چاودێری بکەتن بۆ پەیدابوونا هەر خەلەلێك ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك علی حەمە صالح فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری زۆربەی بۆچوونەکان دەکەم ، بۆ چوونەکەی خۆشم دارشتۆتەوە کە وتم سەرچاوەی یاسایی ئەبێت پاك بێت ئەگەر سپی کردنەوە بێت ئەمە خۆی لە بنەڕەتدا پاك نییە ، لە ڕابردوودا جا پیس بووبێت یاخود ئێستا پیس بووبێت یاخود مەسدەری دەستکەوتنەکەی پیس بووبێت ئەمە سەرچاوەی یاسایی نییە ، دووەم" سەرنجی من ئەوەیە کە دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەگەر(G.D.P) وەکو ئەساس

وەرگیرابێت ئەکرێ لە (G.D.P) کەمتر بێت مەرج نییە ڕێك ئەو لە ٪20 بێت یاخود ٪25 یەعنی شتێکمان بۆ کەم بکەنەوە بیکەنە چوار یا سێ ، بۆیە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دائەڕێژمەوە (ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێ بە ڕاکێشانی مایە لە سەرچاوەی یاسایی لە ڕێگەی قەرز وەرگرتن یان گەرێنتی کرد نی قەرز) چونکە سەرچاوەی هاوشێوەکە لابرێت (بە بەهایەك سەرجەمی لە (4)ملیار دۆلار زیاتر نەبێت بۆ یەکجار و پەرلەمان ئاگاداری ڕێکەوتنی وەرگرتنی قەرزەکە بێت) ، پەرلەمان ئاگاداری عەقدەکە بێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەکان تێبینی خۆیان بدەن ، بەڕێز کاك قوباد جێگری سەرۆکی حکومەتیش قسەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەیە لەسەر مەسەلەی (5)ملیار دۆلارەکە ، حەزدەکەم بەرچاو ڕوونییەك بخەمە بەردەم جەنابتان و پەرلەمانتارانی بەڕێز ، ئێمە بۆ ئەم ڕەقەمەمان داناوە؟ ڕاستە ئێمە لەسەر تەخمینەیەکی (G.D.P) گەیشتووینەتە ئەم ڕەقەمە ، بەڵام بە باشمان زانی سەقفێك بۆخۆمان دانێین ، بە باشی دەزانین ئەم پەرلەمانە بەڕێزە سەقفێك بۆ حکومەت دانێ ، یەعنی ئەگەر ڕەقەمێکی تێدا نەبێ ئەوکاتە ئێمە دەستمان کراوە دەبێ بۆخۆمان بچین تا ئێرە خۆمان قەرزار بکەین ، ئەوە زەرەر لە خۆمان ئەدەین و زەرەر لە حکومەتەکەمان ئەدەین و لە ئاییندە خۆشمان ئەدەین ، ئێمە وامانزانیوە شتێکی باش ئەکەین بۆ ئەوەی کە ڕەقەمێك تەحدید دەکەین ئینجا ئەتوانی موناقەشەی ئەوە بکەین زیادی کەی ، کەمی کەی ، شتێکی لێبکەی ، بەڵام ئێمە ئەمە بە ڕەقەمێکی مەعقولی بزانین ، ڕەقەمێکە ئەوە هێنیش نییە ئێمە بچین هەموومان لە یەك وەختدا بچین قەرزێکی (5)ملیار دۆلاری بێنین و یەکسەر پڕی بکەینەوە و بگەینە سەقفەکەی خۆمان ، ئەمە سەقفێکە کە بەپێی گفتوگۆمان لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم بوارە ، بەپێی تەخمینەکەی (G.D.P) ئێمەی ئێستا ڕەقەمێکی گونجاوە ، ڕەقەمێکە کە بارگرانییەکی زۆر ناخاتە سەر ئەستۆی ئەم کابینەیە یان هی داهاتووش ، ڕەقەمێکە بۆ بیدایەتی ئێمە کە لە بیدایەتی پرۆسەیەکین پێمان وایە ئەتوانین ئیدارەی بدەین ، گومانم نییە لە کەفائەتی حکومەتەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین ئیدارەی ئەم قەرزە بدەین ، بتوانین بە پرۆژەی گونجاو سەرفی بکەین ئەوانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا بێت لە نەسی قانونەکەدا نووسراوە و پێموابێت بەڕێز وەزیری داراییش ڕوونکردنەوەی تریشی هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ڕێباز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز حەمەلان/ وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر مە سەلەی (5)مل یار دۆلارە کە بەڕێز کاك قو باد ڕوونکردنەوە یدا ، بەلاَم من پێ شتریش ڕوونکردنەوەیەکمدا وتم لە بەر ئەوەی هیچ موئەسە سەیەك نی یە لە هەرێمی کورد ستان و لە عیرا قیش بتوانێت ئەو تەخمینە وەکو خۆی دەرخات ، بۆیە ئەمە کرا بە ڕەقەم بێتە ناو یا ساکەوە ، ئەو سەقفە شی بۆ دانراوە لەو (5)ملیارە زیاتر نەبێت ئەوەش هەر وەکو وەلاَمێك بۆ بەڕێز قادر ، بەنیسبەت خاتوو گەشە دارا باسی ئەوەی کرد پرسیارێکی هەبوو لەسەر پرۆسەکە ، چۆنە؟ ئەوە لە ماددەی (3) برگەی (3)م ئەڵێ لە ڕێگەی یەك پرۆسە یان ئەڵێ لە ڕێگای زنجیرە پرۆسەیەکی بەیەك بە ستراو یان ن ێوان نەبە ستراو ، لەو سنووری لە برگەی (1) یەعنی واتە تۆ ئەوەی بە یەکجار بێت یاخود بە چەندجارێك بەیە کەوە ب ێت یان بەیەکەوە نەبێت زمنی (5)ملیارەکە ئەبێت یەعنی لەوە زیاتر نابێت ، بە نی سبەت ئەوەی بەڕێز دکتۆرە ڕێوازیش کە ئەڵێ حکومەت ئەتوانێ قەرزی ناوەوەش بکا ، نەخێر وانی یە ، لە بەر ئەوەی لە ماددەی(3)م لە برگەی (2)م ئەڵێت لە شێوەی قەرزی دەرە کی بە هیچ شێوەیەك با سی قەرزی ناوەوەی نەکردووە ، بەنیسبەت بانك ، باسی بانکی مەرکەزیشی کرد ، بانکی مەرکەزی مەسەلەیەکی فیدڕالییە بە پ ێی ماددەی (110)ی دەستوور ، بۆیە حکومەتی هەرێم ناتوان ێت بانکی مەر کەزی ئ ێستا درو ست بکات ، بەلاَم ئ ێمە وەکو وەزارەتی دارایی ، لەگەڵ حکومەتی هەرێمیش ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەکمان هەیە و بە زوو ترین کات جێ بەجێی ئە کەین ئەو دوو بان کەی لە هەرێمی کورد ستان هە یە تە تەورێکی با شی پێدەدەین ، هەروەها یەکی دەخەین بۆ ئەوەی بتوانین وەکو فەرعێکی ئەکتیف بێت لە هەرێمی کورد ستان ن سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، لیژنە پەیوەندیدارەکان بەڕێز دکتۆر عزت فەرمووە.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکان کۆدەکەمەوە ، پەرلەمانتارێکی بەڕێز باسی لەوە کرد کە پاك بێت یان ڕابردووی پاك بێت لەو ڕۆژانەدا یەکێك لە بانکە بەناوبان گەکانی جیهان لەو دوو ساڵەی ڕا بردوو باجی بە تەواوەتی نەدابوو ناوی بانکە کە لە پا کەوە بوو بە پیس ، یەعنی ڕابردوو شی پاك بێ ، بەلاَم ئەم پارەی ئەوڕۆ تۆ لێیوەردەگری لەو بانکە ئەگەر پاك نەبێ ئەوا خراپە ، کێن د یاری دە کەن سەر چاوەی بەکارهێنانی پارە؟ ئەم پارەیە شەرعییە یان ناشەرعییە ، پاکە یان پاك نییە مۆئەسەساتی مالی دەولی بانکی دەولی ئەتوانێ تۆ لە هەر بانکێك پارە قەرز بکەی وەکو وڵات وە کو ئیقلیم ێك پ ێت ب ڵێ پارەی ئەو بان کە پا کە یان پی سە ، بانکی دەولی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەبەر ئەوە وشەی پاکیش لێرە هیچ کێشەیەك دروست ناکا ، بەلاَم ئەگەر بڵێ ڕابردووی پاك و خۆی ئەمڕۆی باش نەبێت ئەوا ئەوەش هەر خرا پە ، باس لەوە کرا هەموو

جارێك ڕەزامەندی بكرێت ئەم یاسایە ئەوەی ئێمە خوێندوومانەتەوە ڕاپۆرتمان لەسەر ئا مادە كردووە تا ئاستی (5)ملیار لە هەر كاتێكدا دارایی هەرێمی كوردستان دیراسە بكەین ئەبێ (5)ملیار دۆلاری قەرز لابێ نابێ لەوە زیاتر بێ ، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە وەكو بودجە نییە تۆ تەحدیدی بكەی ئێستا یەك نموونە بۆ بەڕێزتان باس بكەم لەو سلایدی (16)تێیدا دیاری كراوە عیراق مافی هەیە هەموو ساڵێك (4)ملیار تا ئاستی چوار ملیار و نیو دۆلار قەرز لە بانكی نێودەوڵەتی بكا ، دیاری كراوە ، بۆی هەیە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دوو ملیار دۆلار قەرز بكا تا ئەو ئاستە لە (2009)وە هیچ ساڵێك عیراق نەگەشتۆتە ئەوەی چوار ملیار و نیو دۆلار قەرزبكا لە بانكی نێودەوڵەتی ، یەكجار ڕێی پێدراوە ناكرێ تۆ هەموو ساڵێك یاسایەك دەركەی بۆ ئەوەی دیسان پەسەندی بكەی بۆ ئەوەی جارێكی تر ڕەزامەندی بووێتەوە ن بە نیسبەت (G.D.P) دیسان زۆر بەكورتی (G.D.P) بریتی نییە لە پارەی وڵات ، كە ئەڵێین داهات كەسێك زەوییەك 200 مەترە ئەمڕۆ ساڵێكی دیكە ببێ بە خانوو لەماوەی ئەم ساڵەدا قیمەتی ئەو خانووە چەندە ئەبێ بە داهات بۆ ئابووری وڵاتەكە حیساب ئەكرێت ، لەبەر ئەوە من دڵنیام قورسە لە عیراق و لە كوردستان حیساب كردنی ، بەڵام كە ئەڵێم قورسە مەعنای نییە موئەسەساتی دەولی كردوویانە ئەگەر ڕەقەمەكەشیان ڕاست نەبێ نزیكە لە ڕاستیەوە ، لە هیچ باشترە ئەبێ ڕەقەمێك هەر هەبێ ، بە نیسبەت موئەقەت و هەمیشەیی ئەگەر ئەم قەرزە بە دڵنیاییەوە لە ماوەی كەمتر لە ساڵێك نادرێتەوە كەواتە كورتخایەن نییە ، موئەقەت نییە ماوەتە سەر ئەوەی حكومەتی هەرێم مفاوەزەتەكانی كە لە داهاتوو ئەیكات ئایا لە (5) ساڵ ئەیدەنەوە پێی ئەوترێت قەرزی مامناوەند ، ئەگەر لە (5) ساڵ تێپەڕی ئەبێ بە قەرزی هەمیشەیی ، كەواتە ئەو مادده وەكو خۆی ئەمێنێتەوە ئێمە هیچ تێبینیەكمان نییە لە سەری و بۆ ئەوەی هیچ گۆڕانكارییەكی تێدابكەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز دكتۆر عزت دەكەم ئەوەی كە پەیوەندیداربوو بەسەرچاوەیەكی یاسایی پاك ، دەبێ بەو شێوەیەی كە بە موتڵەقی هاتووە لەناو یاساكەدا هەر بە موتڵەقی بمێنێتەوە نە باس لە ڕابردوو بكا ، نە باس داهاتووش بكا ، لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوەیە دەبێ لە ڕابردوو لەو كاتەی عەقدیشی لەگەڵ دەكرێ سەرچاوەیەكی یاسایی بێ وە پاكیش بێتن ، ئەوەشی پەیوەندیدار بوو بە یەكێكیان كە داوای كرد قەرزەكە قەرزێكی كاتی بێتن لەبەر ئەوەی ئیلتیزامات نەخاتە سەر حكومەتێك كە لە دوای ئەودا دێتن ئەوا ئیلتیزاماتی حكومەت خۆتان دەزانن كە مەبدەئێكی یاسایی حكومی دەكاتن ئەویش ئەوەیە كە هەر حكومەتێكی تازە دێ میراتگری حكومەتی پێشووە ، هەم لە مافەكان و هەم لە ئیلتیزاماتیش ، واتە

گۆڕینی حکو مەت هیچ کارناکا تە سەر ئەو ئیلتیزاما تەی کە لە ئە ستۆی حکومەتە کەی پێ شوودابووە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەم نییە بۆ ئەوەی کە بەڕێزان وتیان ، تەنها ئەوە نەبێت کە ئیقتیراحی ئەوەی لە کاتی دووبارە بوونەوەی ئەو قەرزە ڕەزامەندی پەرلەمان وەربگیرێت یان بوترێت بۆ یەکجاربێت ئەوە بە شێکی زۆر لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئیقتیراحیان کرد بخرێتە دەنگدان باشە ، سەبارەت بەو پێشنیازەی بە شێکی زۆر لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کردیان سەبارەت بەوەی کە ئەم قەرزە بۆ یەکجاربێت و یان لە کاتی دووبارەبوونەوەیا ڕەزامەندی پەرلەمان وەربگیرێتەوە پێم باشە شاندی حکو مەت ڕوونکردنەوە یەك بدەن بۆ زیاتر دڵنیا بوونی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر دڵنیایان وەر گرت ئەتوانرێ ئیزافە نەکرێ ، ئە گەر نا پێم باشە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ، ئایا ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێت یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ، خۆی ئەو پێشنیارەی ئەندامانی پەرلەمان لەوەوە هات کە ئەندامانی پەرلەمان گومانیان لەوە هە یە (5)مل یار دۆلار قەرز ئەکرێ جارێکی تر ، جارێکی تریش (5)مل یار قەرز ئەکرێت ، بۆ یە تکا یە ڕوونکردنەوە بدەن بەڕێز کاك قوباد تا ئەم یاسایە بەرکاربێت پێویست دە کات هەموو قەرز وەرگرتنەکان تا (20)ساڵیش بێت لە (5)ملیار دۆلار زیاتر نەبێ ، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت زۆر لە من باشتر شەرحت کرد ئەوە بیزە بت ئەوە یە سەقفێکی پێنج مل یار دۆلاری یە ئێمە کە گەیشتینە ئەو سەقفە ئیتر بۆمان نییە لەو سەقفە تێپەڕین جا (10) ساڵی تر بێت (100) ساڵی تریش بێت ئێمە تاکو ئەوە هەموار نەکرێتەوە ، ئەو سەقفە زیاد نەکرێ ئێمە بۆ مان نی یە ، ئەوە نی یە تۆ بڵێی قەرزێکی (5)ملیاری وەردەگری و دوایی ئەتوانی بڕۆی قەرزێکی (5)ملیاری تر وەربگری ، ئەوە سەقفێکە ئیتر ئێمە ناتوانین قەرزی دەرەکی وەربگرین لە (5)ملیار تێپەڕێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەبێت لە ڕووی یاساییەوە لە پڕۆژەکەدا ئەمە تەسبیت بکرێت ، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز حەمەلان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لەسەر ئەوەی بەڕێز دکتۆرە بەهار باسی کرد مەسەلەن کە ئەڵێت (5)ملیار دۆلاری ئەمریکی زیاتر نەبێت ، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت جارێکی دیکە کرا ڕەزامەندی پەرلەمان وەرگیرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە ڕەنگە پێویست نەکات ، بەس ئەوە ڕوونکرێتەوە لە یاساکەدا سەقفەکە ناتوانرێت تەجاوز بکرێ ، بەڕێز کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە یەك ڕستە ئەمە حەل دەبێت ، نا بێت لە هیچ حاڵەتێك یا لە هیچ کاتێکدا قەرزی سەربار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (5)ملیار دۆلار زیاتر بێ ، چونکە لەوانەیە (20) ساڵی تر نە کاك قوباد جێگری سەرۆکی حکومەتە و نە ئێمە لە پەرلەمانین ، بۆیە نابێ بە ڕا بێت دەبێ دەقیق بێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەرج نییە بە یەکجار (5)ملیار وەربگیرێ، دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو نەسە وەکو خۆی بمێنێت وادەکات حکومەت دەتوانێت (5)ملیار وەربگرێت ، جارێکی تریش دەتوانێت (5)ملیار وەربگرێت لێرە وادەکات ، ئەگەر تەنها ئەو نەسەی بۆ زیاد بکەیت کە بەڕێز وەزیری مالییە وتی ئەو نەسەی بخوێنییەوە دەتوانی جارێك (5)ملیار وەربگرێت ، دەتوانی پاش شەش مانگ (5)ملیار دۆلاری تریش وەربگری نەسەکە موتڵەقە یەعنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بڕگەی دووەم ئەڵێ مەرجە سەرجەم قەرز وەرگرتنەکان یان گەرەنتییەکان یان هەر پرۆسەیەکی تری هاوشێوە تێپەڕی ئەو بڕە نەکەن کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا باسکراوە ، بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی نییەتی حکومەت بۆ ئێمە وازیحە ، نییەتی ئێمەی پەرلەمانتاریش وازیحە بە فیعلی ئێمە دەزانین ئەم پرۆسەیە بە یەکجار نییە لەوانەیە بە دوو ، سێ جار بێ ، سەقفەکەش دیارە (5)ملیار دۆلارە ، بەڵام پرسیارەکەی هاوڕێیانمان ئەوەیە لەماوە ئەم (5) ساڵە یەعنی ئەو (5)ملیارە کە وەرگیرا لە مودەیەکدا

لەوانەیە بدرێتەوە ، ئایا دیسان حکومەت لەبەر ئەوەی سەقفەکەی پێنجە بە بەردەوام پێنجی قەرز کرد بزەبیت بەم شێوەیە سێی داوە دووی ماوە دیسان دەچێ سێی دیکە قەرز دەکا لەبەر ئەوەی سەقفەکەی پێنجە؟ پرسیارەکە ئەوەیە ، ئەگەر ئەوەیە ئەمە شتێکە ئەگەر نا هەر نا نەخێر بە جیا بوو بۆ سەد ساڵی دیکەش بێ هەر پێنج ملیارەو تەواو جارەکی دیکە دایەوە ، نەیداوە هەر (5)ملیارە ، ئەمە پرسێکی ترە ، فەرقی هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز حەمەلان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە من جارێکی دیکە دەچمەوە سەر ماددەی (3) بڕگەی سێیەم لە ڕێگای یەك پڕۆسە یان لە ڕێگای زنجیرە پڕۆسەیەکی بەیەك بەستراو یان نێوان نەبەستراو وە لە سنووری بڕگەی یەکەم یەعنی بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەم یەعنی تۆ ڕێك تەحدیدکراوە لە سنووری پێنج ملیارەکە ئەگەر جەنابت ئەوە تەرکیز بکەی هەر ئەوەیە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ، کاك قوباد فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر ، تەواوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها یەك پەرەگراف ، یەك جوملەی بۆ ئیزافە بکرێ بە مەرجێ قەرزە کەڵەکە بووە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم لە (5)ملیار لە هیچ حاڵەتێکدا تێپەڕ نەکات ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قەرزەکە موستەمر نەبوو سەقفە بەرزەکەی (5)ملیارە ئەگەر بەم جۆرە دەبێ لەم ماددەیە لۆ ئێمە کە لە یاساکەوە زیاد کراوە تەقریبەن حەلی ئەمەی تێدایە کە دەڵێ (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بڕی مایە ڕاکێشراوەکە بۆ پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و

وەبەرهێنان خەرج بکەن دوای ڕاسپاردنی لەلایەن پەرلەمانەوە یەعنی ئەم قەرزە موستەمیرە کە جورعە جورعە قەرزدەکریَ ، بەلاَم لە ژێر سەقفی (5)ملیارەکە کە جورعەی نویَ قەرز دەکریَ دەفعەی نویَ بۆ پڕۆژەی نویَ خەرج دەکریَ ئەم پڕۆژە نوێیانەش دەبیَ دیسان بێنەوە پەرلەمان تەسدیق بکرێنەوە ، یەعنی ئەمە لەویَ تۆزیَ چارەسەرکراوە ن سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحيم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك گۆران ئازاد دەکەم و یەك تەوزیحیش دەدەم ، ئەگەر من باش حالَی ببم مەبەستی لە سەقفی کریدیت بوو ، ئەمە ئەگەر زۆر بچووکی بکەینەوە لە ولاَتانی ئەوروپا هەموو هاوولاَتییەك کە ئیشی سابیتی هەبیَ حەقی ئەوەی هەیە داوا لە بانك بکا هەموو مانگیَ (1000) یۆرۆ بوەستێت ، هەموو جارێك پڕیبکاتەوە جارێکی دیکە بۆی هەیە بچێتەوە سەر هەزارەکە ، ئینجا بۆیە دیاری کردنی ئەوە بەڕەئی من زۆر زەرورەو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو پەروا علی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەلَ ئەوەدام بە هەمان شێوە زۆرێك لە بەڕێزانی تریش ئیشارەتیان پێدا کە بەم شێوەیە بێت ئەنجومەنی وەزیران تەخویل بکرێت بەڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن یان قەرز وەرگرتن یاخود پارە دارکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکان بە بەهایەك سەرجەمی لە (5)ملیار دۆلار زیاتر نەبیَ و تەنها بۆ یەکجار بیَ ، کە سەرجەمەکەی تەحدید کرا ، ئیتر ئەکریَ بۆ یەکجار بیَ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەڕێزتان ، ئەندامانی تری بەڕێزی پەرلەمانیش کە ئیقتیراحتان هەبوو ، پێشنیارتان هەبوو ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن بۆ ئەوەی پێی وەربگیریَ ، کاك یراونت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یراونت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری کاك گۆران دکەم ڕاستە خیلالی حەوت سالَ ئیحتیمالە (3)ملیار بدات (2)ملیارێت ماین بچیت قەرزێکی دیکە خیلالی ئەو (3)ملیاری بکات ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش قسەکانم کرا ئەوەی کاك گۆران وتی پشتیوانی دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، پێم باشە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئیعادەی سیاغەی بکەنەوە ، پشوویەك وەرئەگرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن سالی دووەم دانیشتنی ژمارە سیانزدە کۆبوونەوەی ژمارە دوو رۆژی دانیشتن (2/6/ 2015) بەردەوام ئەبین لە سەر گفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژە یاسای راکێشانی مایە لە رێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی (72) و (74) و (75) لە پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی یەکی سالی (1992) ی هەموار کراو، لە ماددەی دوو بووین تکا یە ئەو دە قەی کە ئامادە تان کردووە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی را و پێشنیارەکان بەو شێوەیە سیاغە کراوەتەوە لە لایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان، ماددەی دوو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یە کەم ئەنجو مەنی وەز یران تەخویل دە کرێ بە ڕاکێشانی ما یە لە سەرچاوەی یاسایی و دارایی پاك لە رێگای قەرز کردن و قەرز وەرگرتن یان گەرەنتی کرد نی قەرز یان پرۆسەی تری هاوشێوە بە بەهایەك کە لە هیچ کاتێکدا سەرجەمی لە پێنج ملیارد دۆلاری ئەمریکی ز یاتر نەبێت، دووەم مەر جە سەرجەم قەرز وەرگرتنەکانی یان گەرەنتیەکانیان یان هەر پرۆسەیەکی تری هاوشێوە تێپەڕی ئەو بڕە نەکەن کە لە برگەی یە کەمی ئەم ماددە یەدا باس کراوە و دا نەوەیان گەرەنتی کردنی دانەوەیان و رسوم و رسومات و سوود و خەرجییەکان و ئەو بڕانەی تر کە پێوە بە ستراونەتەوە لە نێوان دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران دایە کە لەم یا سایەدا روون کراوە تەوە و ئەم بڕا نەش لە ناو ئا ستی بەرز کراو لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هەژمار ناکرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵییەتی؟ 40 کەس لە گەڵییەتی، کێ دژییەتی؟ سێ کەس دژییەتی، کەوا تە پە سەند کرا، ماددەی سێ، فەرموو.

**بەرێز د. ڤالا فرید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بەم شێوەیە دەخوێندرێ تەوە، دەکر ێت ئەم مایا نەی رادەکێ شرێن یان ئەو قەرزە گەرەنتەکراوانەی دەردەکرێن یەکەم، بە هەر دراوێکی بیانی بێت لە سنووری ئەو برەی بڕ گەی لە بڕ گەی یەکەمی ئەم یاسایەدا باس کراوە و لە سەر بنەمای نر خەکانی پارە گۆڕینەوەی کارپێکراو لە ڕێکەوتی بەستنی قەرز کردنەکە یان گەرەنتی کردنی قەرزەکە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یا سایە تەنها ئە گەر بە نووسینی لە سەر ڕێکەوتنێکی تر ڕێکەوتبن، دووەم، لە شێوەی قەرزی دەرەکی یان ئا سان کاری دڵنیابوونی تر یان کاغەز یان قەوالەی دارایی دەرکراو لە بازارە دەرەکییەکانی ڕێکخراو یان ر ێك نەخراو، سێیەم لە ڕێگای یەك پرۆسە یان لە ڕێگەی زنجیرە پرۆسەیەکی بە یەك بەستراو یان نێوان نەبەستراو و لەو سنوورەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا باس کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ کاك ڤەمان فەرموو.

**بەرێز ڤەمان فیصل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێك ژ وان گیر و گرفتێت کو مەشارعێت کورد خو تێدا دئێخیتێ دائیمەن ئەوە د مەسائیلێت مەتاتیدا خۆ دبینیتن، یەعنی خۆ پتر ئالۆدەی وان تشتان دکەتن ئەوێت پتر مەتاتیەت تێدا هەبیتن نابیتن ئەم یاسایەکێ بدەین ئەم بخۆ دگەل یاسا خۆ بچین بۆ خەلکی و مەحکەما شەرح بکەین کو ڤی سیغەتی یە ئەوێ ئنیەتا مە یان ژ ڤێ یاسایێ ئەڤەیە کو تێبینی یا من سەر برگا ئێکێ ئەوە دبێژیتن بە هەر دراوێکی بیانی بێت لە سنوورەکەدا، سنوورەکە گەڵەك گەڵەك یا مەتاتیە و ل دوماهیکا وێ فەقەرێ دبێژیتن تەنها ئەگەر بە نووسین نەبێت لە سەر ڕێکەوتنەکە، کەواتە ئیبتالێ کرنا ڤی نەصی هەمی یە و بتنێ حوجە دانە ب ئەڤێ فەقەرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەرێز د. ڕێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەکەم شکلیە هەست دەکەم جیاوازییەکی زۆر زۆر هە یە لە نێوان تەرجە مەی کوردیە کە و لە نێوان ئەو نەصەی کە حکومەت بە عەرەبی ناردوویەتی ئەوەی حکو مەت زۆر زۆر با شە، تەبعەن ئەوە موجامەلەی حکومەت نییە، بەڵام لە ڕووی سیاغەوە ئەوەی کە کاك ڤەمان با سی ئەکات لە ئەخیرە کە کە نوو سراوە ئە گەر بە نوو سین لە سەر ڕێکەوتنێکی تر ڕێکەوتبن، بەڵام لە عەرەبیە کەی کە حکو مەت ناردوویەتی ئەڵێیت ( ما لم یتم اتفاق علی تاریخ أخر تحریرا)، کەوا تە ئەوەی حکو مەت مەبە ستیەتی

**ڕێکەوتن لە سەر تەئریخێکی جیاواز بکرێ، بەڵام ئەوەی کە لە ناو نەصە کوردیەکەدا هاتووە کە ئەنەما هەموو یەك دەگرێتەوە یان غەڵەتی ئیملائیە یان ئەگەر غەڵەتی تەرجەمەیە ان شا الله چاك ئەکرێت و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەوە دیارە ئەبێ ڕێکەوت بێ، بەڵێ، باشە سوپاس، کاك بێستوون فائق فەرموو.**

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی سێیەم کە ئەڵێت لە ڕێگەی یەك پرۆسە یان لە ڕێگەی زنجیرە پرۆسەیەکەوە، یەعنی ئەگەر ئەوە روونتر بکرێت یان نازانم گۆمانم لەو مادەیە هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئایدن فەرموو.**

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددە سێیەم لە بڕگەی یەکەمدا ئەم بڕگەیە ڕێگە دەداتە حکومەتی هەرێم پارەی قەرز بکات بە هەر دراوێکی بیانی لە سنوور بڕی پێنج میلیار دۆلاردا باشتر وایە لەم مادەیەدا جۆری دراوی دیاری بکرێت کە دراوی دەرەکییە یان دراوی ناوەکییە کە لێرەدا تەحدید بکرێتن شایەنی باسە زۆربەی یا ساکانی قەرزی حکومی وڵاتان دراوی بیانی دیار دەکەن، ئەگەر قەرزەکە دەرەکی بێت و دراوی نشتیمانی دیاری دەکەن ئەگەر قەرزەکە ناوخۆی بێت لێرەدا و هەروەها لەم یاسایەدا حاڵەتەکانی بە کار هێنانی دەسەڵاتی قەرز وەرگرتن دیاری نەکردووە بۆ حکومەت، بۆیە پێشنیار دەکەین بڕگەیەکی زیات بکرێت لەو مادەیەدا کە بەم شێوەی خوارەوە بێت وەرگرتنی قەرز لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان سنووردار بەم بارودۆخانەی خوارەوە، یەکەم، دابین کردنی پارە تەمویل بۆ کورت هێنانی حجز لە بودجەی گشتی، دابین کردنی تەمویل پرۆژە ئیستراتیجیەکانی هاتوو لە بودجەی گشتی دا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لە ماددەکانی تردا باسی کرد کاك ئایدن بە تایبەتی بە ماددەی نۆ، سوپاس بۆ جەنابت، کاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر ئوتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە بڕگەی یەکەم من پێم باشە کە جۆری دراوەکە دیاری بکرێت و دراوێکی نێو دەوڵەتی بێت بە نموونە دۆلار، چونکە ئێمە بانکی مەرکەزیمان نییە بۆ ئالوگۆڕی دراو خاص لەوانەیە وڵامەکەی ئەوە بێت ئێمە قەرزی دەکەین و مەرجیشمان هەبێ، بەڵام بە رای من ئەگەر دراوەکە دیار کراو بوو دراوێکی نێو دەوڵەتی بوو دۆلار بۆ باشترە بۆ ئەوەی کە گرفت و کێشەمان بۆ دروست نەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز كاك سعيد؟ بەرێز خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئه گەر بكر ێت بڕ گەی یه كەم ئه مەی بۆ ز یاد بكر ێت، ئه گەر قەرزە كە به دراوی ب یانی بوو ئەوە لە گۆڕینەوەی دراوەكەدا بۆ دیناری عێراق ڕەچاوی كێ بڕ كێ بكرێت له ن ێوان بان‌كە ناوخۆ یەكانی هەرێمی كوردستاندا، ئەمەی بۆ زیاد بكرێت، سوپاستان ئەكەم و، بەشی دووەمیش لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز كاك ڕێباز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد / وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم هەیە ئەگەر رازی بن ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان با هەر ئەوە قسەی تەحدید بكر ێت به دۆلار و بۆ ئەوەی كێشه له سەر نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، لیژنه پەیوەندیدارەكان؟ دكتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بانكی ئەمریكی پارە قەرز بكەی بە دۆلار ئه تدەنێ له بانكی ئەوروپی پارە قەرز ب‌كەی پارە بە یورو ئەتدەنێ ئەم یاسایە بۆ قەرزی نێودەڵەتی‌یە بۆ یە قەد به دی‌نار ناكرێ ئەم پارە یە ئەم دە سەڵاتە دە بێ بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئەوان بكەن به پرۆ سە، پرۆ سەی گۆڕی‌نەوەی پارە كە بۆ دراو یورویان وەرگرت، یورویان بگۆرنەوە به دی‌نار جارێ وا هە یە یوروكە شی یەكسەر ناتوانی ب‌كەی بە دینار، چونكە عوملەی دووەم له هەێمی كوردستاندا تا ئێستا ساغ نەبووتەوە كە دوا یی دی‌نار چی به كار بهێنرێت، چونكە هەر دووكی وەكو یەك به كار ئەهێنن، له بەر ئەوەی بە بۆچوونی من ئێمه ناتوانین لەم یاسایەدا عومەلەكە دیاری بكەین هەر چۆن حكومەتی عێراقی ئیعلانی كردووە هەموو مامەڵەیەكی دارا یی لە ناو عێراقدایە تەنها كڕینی كارتی موبایل، تەنها شەریكە دە بێ هەمووی بە پارەی وڵاتە كە ب‌ێت ئەو بانكانەش كە لەو وڵاتانە كار دەكەن ئەبێ دراوی یە كەمیان عوم‌لە ب‌ێت سەبارەت به پرۆ سە بەرێز كاك بێستون باسی كرد لەم یاسایەدا ئیشارەت بەوە دراوە حكومەتی هەرێم مافی هەبێت لە یەك بانك لە ماوەی چوار ساڵدا هەموو جارێك نیو ملیار دینار وەربگرێت و جەدوەلەی بۆ بكرێت ساڵی یەكەم نیو میلیار ساڵی دووەم نیو ملیار ئەمە پرۆسەیەكی بەردەوامە چەند جارێكە گر ێدراوە مافێكی تریش هە یە له بانكێكی تریش بێ لەو بانكە ئەو پرۆسەیە ئەوە گرێدراوە نابێت بۆ پرۆسەی ترەوە ئەو تەوزیحە كە لەوێوە هاتووە

بۆ روونکردنەوە بەو شێوەیە بوو، بەرێزێکی تر باسی بانکی ناوخۆیی کرد ئەم یاسایە بۆ قەرزی نێودەڵەتیە بۆ قەرزی ناوخۆیی نییە لە راستیدا، زۆر سوپاس، لە بەر ئەوەی هیچ تێبینیەك نابینین لە سیاغەکاندا وەکو رای لیژنەی دارایی و خۆی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز کاك عەلی حەمە صالح فەرموو.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بو نووسینی سەرنجی خۆشم دەستمان هەلبڕی بوو، بەڵام دیار بوو نەیان بینی، بۆیە لێرەوە تەئکید دەکەم پشتیوانی سەرەنجەکەی دکتۆرە رێواز دەکەم، بەڵام یەکەم وشە پێم وایە یجوز لە عەرەبیەکە بە مانای دەکرێت نییە دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لەفزێکی ئیختیاریە لە کوردیدا بە کار ئەهێنێن ئەڵێین دەکرێت ئەم ئیشە بکەم؟ یەعنی دەشکرێت نەیکەم، بۆیە ئەو وشەی دەقیق کە من پێم وایە بڵێین دەبێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یجوزیش هەر دەکرێتە.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێت لە کوردیدا بە ئیختیاری بە کار دێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، یجوزیش هەر ئیختیاریە ئەوا یجب کە جەنابت باس دەکات.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یجب، بۆیە پێشنیار دەکەم بڵێین دەبێت ئەو ئیختیاریتان نییە، چونکە ئەگەر ئەگەر ئیختیاری بێت ئەوا دواتر دەستکاری ئەکرێت نرخەکانی پارە گۆڕینەوە قسەی لە سەر کرا، ئەگەر بانگی مەرکەزی بێت ئەوا بانگی مەرکەزی خۆی تەعدیلی ئەکات نە بە موزایەدەیە نە بە موناقەسەیە تەعدیل ئەکات دۆلار بە صەد و بیست هەزار (120) بە صەد و هەژدە هەزار (118)، واتە بە پێی بازاری رەش نابێت، ئەگەر بانکی مەرکەزیمان نەبێت ئەو کاتە ئەوا بابەتێکی ترە، یەعنی هەم تەوزیحات بدرێت من لە مەبەستەکەی دەزانم، بەڵام دە بێ حکومەت خۆی تەوزیحات بدات لە نێوان بانکی رێکخراو و رێك نەخراو نازانم مەبەستییان لە بانکی رێکخراو بانکی دەولی و سەندوقی دەولیە بانکی رێك نەخراویش مەبەستیان ئەو بانکانەی ترە وەکو بوچە بانك و گولەن ساکز و ئەوانە، بەڵام مەفروزە ئەم روونکردنەوە بۆ خەڵك لە

زمانی خۆیانەوە بێت بۆ ئەوەی وا تەفسیر نەکرێت بانکی کە ڕێك نەخراو مەبەستیان ئەو موئەسسانەیە کە ناچنە ژێر باری ئەو موراقەبە دەولیە کە بۆ بانکەکان هەیە لە جیهاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەم مادەیە مەتاتی بێت کەلیمەی سنوور بیلعەکس تەحدیدی کردووە مەتاتیەتی لە سەر ئەم مادەیە لاداوە، چونکە ئەڵێ سنووری ئەو برگەیە لە برگەی یەکەمی ماددەی دوو دا لە سنووری پێنج میلیۆن دۆلارەکە سەبارەت بە ئەوەی کە ئێمە ئەگەر بڵێین لە دوایدا، ئەگەر نووسین لە سەر ڕێکەوتێکی تر ڕێکەوتبن ئەمە ئەوەی پێشوو بەتاڵ ئەکات نەخێر لە قاعیدەی قانوونیدا ئەصڵ هەیە و ئیستیسناء هەیە ئەصڵ ئەوەیە کە ڕێکەون لە سەری ئیستیسنائەکە ڕێگە دراوە بە ئەوە، ئینجا سەبارەت بەوەی کە دیباجەی مادەکە بکرێت دەکرێت بکەین بە دەبێت ئەوە لە بەر ئەوەی لە ناو مەتنی مادەکەدا یە ئێمە یان مان هەیە کەلیمەی یان، بۆ نموونە لە فەقەرەی دووەم یان ئاسانکاری یان کاغەز یان ئەوە، بۆیە کەلیمەی دەکرێت بمێنێتەوە باشترە، چونکە یەکێك لەم یانانە هەڵئەبژێردرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد / وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر یەك ڕوونکردنەوەم هەبوو لە سەر قسەکانی کاك عەلی حەمە صالح لە سەر بانکی ڕێك نەخراو ڕاستە ناوەکەی بانکە، بەڵام بانك ئیشەکەی ئیشی بانك نییە وەکو سەندوقێکی ئیستیسمار وایە، یەعنی تەمویلی ئەکات، بەڵام ئەوا ئیشەکەی ئەوە نییە وەکو بانك بێت ناوەکەی وایە هەر بۆ ڕوونکردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەوا تە لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتان وایە کە وەکو خۆی بخرێتە دەنگەوە؟ بەڵێ، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو وشەیە کە بە ڕێکەوتنێك هاتیە ڕێکەوتە کە هەڵەی چاپە تەنها ئەوەمان چاك کردووتەوە پێمان باشە وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : دەکرێت ئەو مایانەی رادەکێشرێن یان ئەو قەرزە گرەنتی کراوانەی دەردەکرێن یەکەم بە هەر دراوێك بیانی بێت لە سنووری ئەو بڕەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا باس کراوە و لە سەر بنەمای نرخەکانی پارە گۆڕینەوەی کار پێکراو لە رێکەوتی بەستنی قەرز کردنەکەی یان گەرەنتی کردنی قەرزەکە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە تەنها ئەگەر بە نووسین لە سەر رێکەوتێکی تر رێکەوتبن، دووەم، لە شێوەی قەرزی دەرەکی یان ئاسانکاری دڵنیابوونی تر یان کاغەز یان قەوالەی دارایی دەرکراو لە بازارە دەرەکییەکانی رێکخراو یان رێك نەخراو، سێیەم لە رێگەی یەك پرۆسە یان لە رێگەی زنجیرە پرۆسەیەکی بە یەك بەستراو یان نێوان نەبەستراودا و لەو سنوورەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا باس کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی بڕ هاتووە وتم وشەی بڕەکە بکەن بە گوژمە، بڕ یەعنی کەمیە و گوژمەش یەعنی مەبلەغ تەنها ئەو وشەیەم سەرنج هەبوو لە سەری بڕ یعنی (الکمیە) کەمیەش بە پارە نابێ گوژمە یەعنی مەبلەغ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز دکتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا هەندێك موستەلحی ئیقتیسادی هەیە کە ئەیکەی بە کوردی تەواو مەعناکەی پێچەوانە دەبێتەوە لە ئەخیری، ئەگەر نا تا ئێستاش لە کوردستاندا کە بە کار دێت بو مەبلەغ لە عەرەبی پێ ئەوترێت بە کوردی بڕی ئینگلیزیش پێ وترێت (amount)، بۆ ئەوەی موستەلحەکە هەستی پێ ئەکەین لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا لە هینی حکومەیەوە لە تەندەر و لەوانە بە کار دەهێنرێت گوژمە بە مانای پرۆژەکە بە کار دێت گوژمە یەعنی گوژمی پرۆژەکە پرۆژەکە تێ چوو کە بکەی بە عەرەبیەوە دەبێت بە کولفە و بە ئینگلیزیشەوە دەبێت بە (Cost)، بۆیە باشتر دانراوە بڕەکە، یەعنی ئەوا بە کار دێت لە کیتاباتی حکومی لە کوردەواریدا لە نووسراوەکاندا بەرامبەر بە وشەی کولفە گۆژمە دادەنرێت، بۆیە بڕەکە بە باشتر دەزانین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ لە گەڵیەتی؟ 47 کەس لە گەڵییەتی، کێ دژیەتی؟ دوو کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی چوار بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : حکومەتی هەرێم پابەندە بە دانەوەی ئەو مایانەی راکێشراوان یان قەرزە گرەنتی کراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە پێی مەرج و ماوەی دیاری کراو لە ڕێکەوتن و بەلگەنامەکان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ کەس نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگەوە کێ لە گەڵیەتی؟ 45 کەس لە گەڵییەتی، کێ دژیەتی؟ یەك کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : یەکەم، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەیەکی تایبەت کە پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی وەزیری دارایی و ئابووری بە یەکەوە راپسپێرێت بە دەسەڵاتی دیاری کردنی حوکم و مەرجەکانی هەر پرۆسەیەك لە پرۆسەکانی راکێشانی مایە یان هەر گەرەنتی کردنێکی قەرز وەها دانوستاندن کردن بە سیفەتی ئەوەی کەوا نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن و بەستنی سەرجەم ڕێکەوتن و بەلگەنامەکان و هەر هەموار کردنێکی یان بەو شێوەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات خستنە بواری جێبەجێ کردنەوە و بەرپرسیارەتی ئەم لیژنەیەش لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێکەوەیی و تەزامونی دەبێت، دووەم، بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران پێش وەختە حوکم و مەرجەکانی هەر ڕاکێشانێکی مایە یان گەرەنتی کردنێکی قەرز نێوانیشیاندا بۆ نموونە دراوی متمانە پێکراو بەرزە تێکڕای سوودی بنەرەت و بڕی بنەرەت و ڕێکەوتی شایستە بوون بەم شێوەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ بەڵێ، بەڕێز کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج، یەکەم، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەیەك دروست بکات، واتە دەتوانێت نەشی کات، بۆیە دەبێ بڵێین ئەنجومەنی وەزیران دەبێ لیژنەیەکی تایبەت پێك بێنێت، دووەم سەرنجم ماددەکانی زۆر دوبارەی تێدایە، یەعنی دەتوانرێت کورت بکرێتەوە لە سەرجەم پرۆژە یاساکەدا بەو شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات چوار جار چوار بارە بوو تەوە بەرپرسیارەتی ئەم لیژنەیەش لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران تەزامونی دەبێت دوو جار دوبارە بووتەوە بەستنی سەرجەم ڕێکەوتن و بەلگەنامەکان

و هەر هەموار کردنێکی دوو جار، یەعنی دەتوانرێت کورتتر و موڵە خەس بکرێتەوە کەمتری دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئوتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاو ڕام لە گەڵ قسەکانی کاك دلێر ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە، واتە دەتوانێت نەش کات، بۆیە پێشنیار دەکەم بوترێ ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەت پێك بهێنێت جگە لەوانەی کە ناویان هاتووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی وەزیری دارایی و پێشنیاری وەزیری پلان دانانیش دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش ئەگەر بەر چاو ڕوونیەکمان پێ بدرێت بۆ بەرزترین ئاستی سوود دیاری بکەین نەك هەر حکومەت بە تەواوی تەخویل بێ و موخەوەل بێت و ماوەی زەمەنی گرێبەستەکانیش دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ پێم وا بێت ئەوەی کە لەوێدا هاتووە بۆی هەیە، یەعنی ئەنجومەنی وەزیران خۆی ئەتوانێ مومارەسەی هەموو ئەو سەلاحیەتە بکات یان خۆی بڕیار بدات کە لیژنەیەك پێك بێنێت، بەڕێز کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە یەك بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوازە پێویستە سەرجەم ڕێکەوتن و بەڵگەنامەکان و هەر هەموار کردنەوەیەك لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز برزو فەرموو.

**بەڕێز برزو مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت بەو قسەی کە بەڕێز کاك عبدالرحمن کردی ئەگەر تەسدیق کردنی ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلەکان و هەموار کردنیان لە لایەن پەرلەمانەوە بێتە کێشە بۆ تەرەفی خارجی، چونکە تەرەفی خارجی لەوانەیە بە تیمی حکومەتی هەرێم بڵێیت ئەگەر من بزانم هەنگاوێکی تر ماوە پەسەند بکرێت لە کوردستان ئەوا دەبێتە کێشە بۆ من ئەمە لە وانەیە بێتە بەر باس، بەڵام دەکرێ لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان سیغەیەك بدوزنەوە کە لە وردەکارەکانی پرۆتۆکۆل و عەقد و بوندەکاندا پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز كاك عەلی حەمە صالح فەرموو.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی لە عەرەبیەكەی بیخوێنێتەوە ئەو بۆی هەیە ئەو مەعنا نادات بزە بت ئەڵێیت (لمجلس ا لوزراء لجنه خاصه المولفه من ... )، ئەوا یەعنی لە كوردیەكە ئەڵێیت بۆی هە یە ئێمی وا فێر بووین لە كورد یدا بۆی هەیە یەعنی ئەلێی بیكات دەسەڵاتە و لە رووی مەنتقیشەوە بەرێزت وەڵامی دایەوە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لە بیست و نۆ (29) وەزیر پێك دێت خۆ هەموویان ناچن بۆ موفاوزات بڵێین ئەنجومەنی وەزیران دەبێت یان دەبێتەكەشی نەنووسێت ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی تایبەت پێك دێت تەواو یەكسەر ئەوە بنووسێت و ئەو خاڵەش ئیزافە بكرێت كە پێویستە سەرجەم رێكەوتن و پەر لەمانی كورد ستان ئا گاداری سەرجەم رێكەوتن و بەڵگەنا مەكان بێت، چونكە رەنگە ئەم رێكەوتن و بەڵگەناما نە لێرە ناكرێت تا پەرلەمان تەسدیقی بكات ئەچنە وڵاتێكی تر لەوێ ئەكرێت هەم بگەڕێتەوە هەم تەسدیقی بكات و بێتەوە، بەڵام پەرلەمان لە وردە كاری ئاگادار بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتوو رۆزا فەرموو.

**بەرێز رۆزا محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە كە باسی حوكم و مەرجەكان ئەكات نازانم مەرجەكان چییە و من پێم باشە كۆتایيدا كە ئەڵێیت لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێكەوەی تەزامونی بێت دوایی ئەوەی بە مەرجێك پەرلەمان ئاگاداری حوكم و مەرجەكان بێت. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەرێز كاك رێباز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەرێز رێباز محمد / وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەر مەسەلەی ئەوەی كە ئەو برگەیە بۆ زیاد بكرێت یا خۆد پرسیار لە پەرلەمان بكرێت پەرلەمانی كوردستان دەسەڵاتێكی تەشریعی و چاودێری هەیە چ كاتێك بیەوێت لە ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێت تەلەب بكات بڵێیت ئەو عەقدە چۆن كراوە، چینەكراوە هەموویان بۆمان بنێرێن و دوای ئەوەش ئەم پارە یەش دیسانەوە جارێكی دیكە تۆڵیی وەر ئەگرێ بە ئا ماژە پێكراوە كە بە پە سەندی پەرلەمانی كوردستان بێت، یەعنی هیچ برگەیەكی تێدا نییە پەرلەمان نەتوانێت ئاگادار نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان بەڕێز دكتۆر عزت فەرمووو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی تایبەت پێك دێنێت كە پێك دێت لە و هەتا دوایی، ئەگەر ئەوا حكومەت هیچ ئیعتیرازی نەبێت لە سەری پێشنیار ئەكەین بۆ ئەو دەقە عەرەبیە كە كراوە بە كوردی هینەكی نەبێت هیچ ئیشكالێكی لوغەویشمان بۆ نەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو هیچ ئیشكالێكی تەرجومەی تێدا نییە، بەلأم ئەگەر ئەوەتان پێ باشترە وایە ئەوا كە ئەڵێیت (لمجلس)، یەعنی بۆی هەیە.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی وەزیران لیژنە یەكی تایبەت پێك دەهێنێت كە پێك دێت لە، هیوادارام دكتۆرە ڤالا بۆمان سیاغەی بكات ئەگەر حكومەت ئیعتیرازی نەبوو بەو شێوەیە بۆ هەوینەی كاك عەلیش بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرێت لە مەسەلەی تەفریە و ئەوەش چارەسەر ئەكات لە گەڵ خۆیدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەم شێوەیە مادەكەمان دارشتووتەوە : مادەی پێنج بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یەكەم، ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی تایبەت پێك دێنێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیری دارایی و ئابووری كە بە یەكەوە رادەسپێدرێن بە دەسەڵاتی دیاری كردنی حوكم و مەرجەكانی هەر پرۆسەیەك لە پرۆسەكانی راكێشانی مایە یان هەر گەرەنتی كردنێكی قەرز هەروەها دانوستاند كردن بە سیفەتی ئەوەی كەوا نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن و بە ستنی سەرجەم رێكەوتن و بەڵگەنامەكان و هەر هەموار كردنێك یان بەو شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەكات خستنە بواری جێبەجێ كردنەوە و بەرپرسیاریەتی ئەم لیژنەیەش بەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا پێكەوەیی تەزامونی دەبێت، دووەم، بە بڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیران پێش وەختە حوكم و مەرجەكانی هەر ڕاكێشانێكی مایە یان گەرەنتی كردنی قەرز لە نێوانیشیاندا بۆ نموونە دراوی متمانە پێكراو بەرز تێكڕایی سوودی یان تێكڕایی سوودی بنەڕەت و بڕی بنەڕەت و رێكەوتی شایستە بوون بەو شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر بكات دیاری دەكرێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز كاك قوباد تالەبانی جێگری سەرۆكی حكومەت فەرمووو.

**بەرێز قوباد تالەبانی / جێگری سەرۆكی حكومەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو حكومەت هیچ مەناعەتمان نییە كە فەرز بكرێت بە سەرمان كە لیژنە یەك پ ێك بهێنین ئەوا بەس رەنگە ئیختیار لای ئێمە بێت كە ئە ندامی ئەو لیژنە یە ب ێت، ئینجا بۆ یە وا نوو سراوە بۆی هە یە لیژنەیەك پێك بهێنێت لەم سێ بەرێزە وەكو نموونە هێناویەتییەوە، بۆیە رەنگە ئەنجومەنی وەزیران پ ێی باش بێت وەزیرێكی تری بۆ ئیزافە بكات یان لیژنەكە فراوانتر بكات یان پۆختری بكا تەوە، بۆ یە بەر رای من ئە گەر پەر لەمانی بەرێز لای پە سەند ب ێت ئیلزا ممان بكات كە لیژنە كە پ ێك بهێنین، بەڵام دە ست نیشانی نەكات كێ ئەندامی ئەو لیژنەیەیە یان دەرگایەك بكرێتەوە بۆ حكومەت ئەگەر ب یەوێ ئە ندامێتی لیژنەكە زیاد بكات لامان پەسەندە وەكو حكومەت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز كاك رێباز وەزیری دارایی فەرمووو.

**بەرێز رێباز محمد / وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئیزافە بۆ قسەكانی بەرێز كاك قوباد ئەتوانن بنووسن ئەنجو مەنی وەز یران لیژنە یەكی تای بەت پ ێك ب ێنن كە لە سێ كەس كەمتر نەبێت لە ئە ندامانی ئەنجو مەنی وەز یران تەحد ید نەبێت كە سەرۆكی وەزیران و جێگرەكەی وەزیری دارایی.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز كاك گۆران فەرمووو.

**بەرێز گۆران ئازاد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیحەكەی جەنابت كەمێك وازیح بوو، یەعنی ئەو نەصەی كە هەیە، یەعنی ز یاتر بوارە كەی فراوانترە بەو نە صەی كە پێ شنیاری دە كەین نە صەكە ب چووكتر دەكەی نەوە ئە گەر بما نەوێ حەتا شەفافتر ب یت دەسەڵاتەكە بۆ هەموو ئەنجومەنی وەزیرانە جا ئەوان لیژنەیەكی سێ پێك بێنن پێنجی پ ێك ب ێنن چاری پ ێك ب ێنن، بەڵام ئێ مە خۆ مان لە ئەنجو مەنی وەزیرا نمان وەرگر تەوە دوا یی دا مان بە لیژنە یەك لیژنەكەشمان تەحدید كرد بە سێ كەس سێ كەسەكەش شەخصەكانمان دە ست نی شان كرد كە لە كاتێكدا پێم وا بوو نییەتە كەی ئە ندامانی پەر لەمان ئەوە بوو مە سئولیەتەكە فراوانتر ب كەین، بەڵام بیلعەكس مەسئولیەتەكەمان مەحدودتر و كچكەتر كردەوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز كاك عەلی حەمە صالح فەرموو.

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی حكومەت داوایی دەست كراوەیی دەكات دەكرێ بەم شێوەیە بێت ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لیژنەیەكی تایبەتمەند پێك بێنێت بە مەرجێك سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان تێدا ئەندام بن، واتە ئەكرێ خەڵكی تریش تێدا بێت، بەڵام ئەم چوارە ئەساسین بە تایبەتی ئەگەر پلان دانان بیت ئەگەر مەشاریع بێت مورتەبتە ئەوەوە یان پلان دانانیش ئەگەر حكومەت خۆی بە زەروری نازانێت ئەو سێ كەسەی تر بە تەواوەتی سەد لە سەد (100٪) ئەندام تێدا بێت و دەستكاری بێت بۆ ئەانی تریش، واتە ئەو سێ كەسە و كەسێكی تریش پێ بات.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەرێز كاك گۆران فەرموو.

**بەرێز گۆران ئازاد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی صەلاحیەتی پەرلەمان لە پێدانی زانیاری و بەڵگەنامەكان ئێستا با بڵێین عەقدی نەفت هەیە خۆ ئەویش عەقدی بكات و كرایە و بە ستاندەرێك پەرلەمانی كوردستان و هەموو ئەندامێكی پەرلەمان و هەموو لیژنەیەكی مەعنی دەسەڵاتی داوا كردنی نوسخەكانی هەبوو، بۆیە داواش كراوە لە خۆڵی پێشوو نوسخەكانیش هاتووە بەیانیش ئەو عەقدەی قەرزەكەی كرا لە گەڵ هەر كۆمپانیا و وڵات و شەریكەیەكە پەرلەمانی كوردستان صەلاحیەتی هەیە لە رێ لیژنەی مەعنی هەموو بیدات بە ئەندامانی پەرلەمان وێنەی وردە كاری كومێنتی قەرزەكاری هەمووی بیخاتە بەردەم پەرلەمانی كوردستان بە پێچەوانەوە ئەگەر حكومەت بەوە هەڵناستێ تووشی موساعەلە و مەترسی دەبێت، لە بەر ئەوە ئەمە شتێكە لە سەلاحیەتی پەرلەمان خۆیەتی.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەرێز د. ڤالا فرید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە پەیوەندیدارەكان پێشنیار دەكەن نەصەكە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان، دوایی ئەو روونكردنەوەی كە لە لایەن بەرێز حكومەتەوە درا، ماددەی پێنج بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یەكەم، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەیەكی تایبەت كە پێك دێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی وەزیری دارایی و ئابووری بە یەكەوە رابسپێدرێن بە دەسەڵاتی دیاری كردنی حوكم و مەرجەكانی هەر پرۆسەیەك لە

پرۆسەکانی راکێشانی مایە یان هەر گەرەنتی کردنێکی قەرز هەروەها دانوستاند کردن بە سیفەتی ئەوەی کەوا نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانن و بەستنی سەرجەم رێکەوتن و لەگەنامەکان و هەر هەموار کردنێکیان بەو شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات و خستنە بواری جێ‌بەجێ کرد نەوە بەرپر سیارێتی ئەم لیژنەیەش لە بەردەم ئەنجو مەنی وەز یران پێکەوەی تەزامونی دەبێت، دووەم بە بڕ یارێکی ئەنجو مەنی وەز یران پێش وەخ تە حوکم و مەر جەکانی هەر راکێ شانێکی ما یە یان گەرەنتی کرد نی قەرز لە نێوانیا شیاندا دراوی متما نە پێ کراو و تێکڕا یی سوود یان تێکڕا یی سوودی ب نەڕەت و بڕی ب نەڕەت و رێکەوتنی شایستە بوون بەو شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەتان هەیە بەرێز دکتۆر عزت؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوایی ئەوەی گفتوگۆیەکان زیاتر بوو سیغەیەکی باشترمان هەیە ئەوەی کی دکتۆرە ڤالا خویندوو تەوە لە سەدا با بڵێین نەوەد و هە شت (98٪) وە کو خۆ یە تەنها یەك گۆرانکاری بچووك هە یە هیوادارم لێمان وەرگرن با کاك عەلی حەمە صالح ئێستا سیاغەکەی دەخوێنێتەوە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ مە وە کو لیژ نەی دارا یی پێ مان با شە ئەم سیاغە بەم شێوەیە ب ێت : دەب ێت ئەنجو مەنی وەز یران لیژنەیەکی تایبەتمەند پێك بێنێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەز یری دارا یی هەر وەزیرێکی تر کە خۆی پێ باش بوو، چونکە رەنگە ئە گەر ئەنجو مەنی وەز یران لیژنەیەکی پێك هێ نا خەڵکی وەز یری تێدا نەبوو چۆن موحا سەبەی بکەین؟ وا تە لە مودیر عام پ ێك هێناوە یان لەمە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ناچار ئەکەین هەر لەو لیژنەیەدا ب ێت لە گەڵ وەز یری دارایی بۆی بەرپرسیاریەتەکەی هەڵگرن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی نەفسی مانای هەیە، بۆیە وەری دەگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پشتگیری کاك عەلی دەکەم وشەی بۆی هەیە جایز نییە لە ناو قانوندا هەبێت پێویستە فەرز بکرێ لە سەریاندا پێویستە یان دەبێت. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێز کاك تەحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەستنی سەرجەم ڕێکەوتن بەستن لێرە دەکرێ بە ئیغلاقیش بێتن ڕەنگە نەگونجێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، خۆی کاك تەحسین پێم وا بێت ئاساییە لە هەموو زمانێکی تریش لە هەموو ز مانی ب یانی جاری وا هەیە وشەیەك چەند مانایەکی هەیە ئێستا ئەوە بەستنی ڕێکەوتن شتێکی ئا ساییە، یەعنی برە، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی پێنج بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یەکەم ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەت پێك دەهێنێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابووری هەر وەزیرێکی تر کە بە یە کەوە رادەسپێدرێن بە دەسەڵاتی دیاری کردنی حوکم و مەر جەکانی هەر پرۆ سەیەك لە پرۆ سەکانی راکێ شانی ما یە یان هەر گرەن تی کردنێ کی قەرز هەروەها دانو ستاندن کردن بە سیفەتی ئەوەی کە نوێ نەری ئەنجومەنی وەزیرانن و بەستنی سەرجەم ڕێکەوتن و بەڵگەنامەکان و هەر هەموار کردنێکیان بەو شێوەیە بەرژەوە ندی گ شتی دە ستەبەر دە کات و خ ستنەوەی بواری جێ بەجێ کرد نەوەی بەرپر سیارەتی ئەم لیژنەیەش لە بەر دەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێکەوەیی تەزامونی دەبێت، دووەم، بە بڕ یارێکی ئەنجو مەنی وەز یران پێش وەخ تە حوکم و مەر جەکانی هەر ڕاکێ شانێکی ما یە یان گەرەنتی کرد نی قەرز لە نێوانیشیاندا بۆ نموونە دراوی متمانە پێکراو بەرزە تێکڕایی سوودی یان تێکڕا یی سوودی ب نەڕەت و بڕی بنەڕەت و ڕێکەوتی شایستە بوون بەم شێوەیە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات دیاری دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (45) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (1) کەس دژیەتی، دوای ئەوە ماددەی شەش، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (6): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو ڕێكارانە دادەنێت كەوا بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەكەن و كە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی پرۆسەكانی ئاڵوگۆڕكردنی دراو و بەرهەمە داراییەكان، دووبارە پارەپێدان (تمويل)، درێژكردنەوە، دووبارە داڕشتنەوەی قەرزەكە، یان كڕین، یان دووبارە كڕینی بەناوی هەرێم و بەنوێنەرایەتی ئەو، هەر قەرزێك لە قەرزەكان، یان پابەندیی گرێدراوی تر و، یان هەر یەك لەو گەرەنتییە دەركراوانەی نێو ئەو بڕەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا بەپێی حوكمەكانی دەقی لەسەر كراوە.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەیەكی تایبەت پێك بهێنێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیری دارایی و ئابووری بەیەكەوە ڕابسپێرن بە دەسەڵاتی گرتنەبەری ئەو ڕێكارانەی لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەو ماددەیەدا باسكراون و، بەستنی سەرجەم ڕێككەوتن و بەڵگەنامەكان و هەر هەمواركردنێكی تایبەت پێیانەوە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەكات و، خستنە بواری جێبەجێكردنەوە و، پێدانی دەسەڵاتی واژۆكردن بە وەزیری دارایی و ئابووری لەسەر ڕێككەوتن و بەڵگەنامەكان و بەرپرسیارێتی ئەم لیژنەیەش لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێكەوەیی (تضامني) دەبێت.

سێیەم: هێنانەكایەی بەڕێوەبەرایەتییەكی گشتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی مایەی ڕاكێشراو، بۆ مەبەستی بەڕێوەبەردنی كاروباری مایەی ڕاكێشراو.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەندیدارە بەو لیژنەیەی كە پێك دێت و وەكو ئەو نەصەی سەرەوەی لێ دەكرێ، بەو شێوەیە صیاغە دەكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەندامان ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو بابەتە نەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر چاكە، سوپاس، خاتوو شيلان جعفر، فەرموو.

**بەڕێز شيلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم بڕگەی سێیەم من پرسیارێكم لەلا دروست بوو، پرسیارەكە ئەوەیە كە ئایا ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یە كە دروست دەكرێت، ئێمە پێویستمان بە چ جۆرە كەسانێك هەیە؟ دەبێت ئابووریناس بێت یاخود دارایی ناس بێت؟ هەروەها چونكە ئەوە پەیوەستە بە ڕاكێشانی مایە بۆ

وەبەرهێنان، بۆ بووژاندنەوەی ئابووری کورد ستان، پێشخستنی بواری ئابووری یە، ئەوە ڕوو نە کە ئێمە پێویستمان بە خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئابووری هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لە بڕگەی سێیەم دا خەڵکی شارەزا و پسپۆڕی بواری ئابووری بۆ زیاد بکرێ، وا تا بەم جۆرەی لێ بێت (هێنا نە کا یەی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی مایەی ڕاکێشراو، کە لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ئابووری پێك بێت بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری مایەی ڕاکێشراو)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك برزۆ مجید، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەمی ماددەی شەشەم لەو شوێنەی کە دەڵێ پێدانی دەسەڵاتی واژۆکردن بە وەزیری دارایی و ئابووری لەسەر ڕێککەوتن و بەڵگەنامەکان، لەبەر ئەوەی پێ دەچێ لە بڕگە و ماددەکانی تری با بڵێین ئەم یاسایەش دەسەڵاتەکان لە بەینی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی سیفەتێکی جەماعی وەرگر تووە، بۆ یە من پێم با شە دە سەڵاتی واژۆ کردن بە سەرۆکی ئەنجو مەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی ببەخشێ، مەسئولیەتەکە بکرێتە مە سئولیەتێکی جەماعی، هەم لە بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەعنی هەر لە موئەسەساتی حکو مەت وا هاتووە جۆرێکە لە بارگرانی و کولفەی ئیداری و مالی، بۆیە با هەر بوترێ بەڕێوەبەرایەتیەك، یەعنی سیفەتە گشتییەکەی لێ بسەنینەوە هەیکەلە ئیداریەکەی وا گەورە نەبێ، ئیشاڵلا ئە گەر لە کورد ستان تە تەوراتی ئیداری و مالی ڕوویدا، ئەو کاتە دەبێتە موئەسەسەی ئیدارەدانی قەرز، بۆیە هیچ نەبێ جارێ گشتییەکەی لێ بکرێتەوە، بەس بەڕێوەبەرایەتی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو امنە زکری، فەرموو :

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان تێبینیێت هەین سەر بڕگا (3)، وەزارە تا دارایی وەزارەتە کە کو تایبەتمە ندە ب پرسێن دارایی، کۆمە لەك ڕێڤە بەریێن گشتی بە شێن تایبەت، و کە سێن شارەزا ل بواری ئابووری دا یێن هەین، هەلبەت ئیحداس کرنا ڕێڤەبەریەکا یا گشتی کو تایبەت بیتن دەربارەی قەرز و ڕاکێشانا قەرزی، ئەز دبینم کو ئەڤە هەم دڤێتن دەستکاری یاسایێ وەزارەتا بێتە کرن، دوو، پێویستیا وەزارەتێ دێ ب هندێ چ بیت؟ کو وەزارەتەکا مەعنی یە گرێدای پارەی با، و دڤی وەختی دا ڤی زرووڤ دا هیچ پارەیەك ژی بۆ وەزارەتی ناچی، ژبەرهەندێ ئەز دبینم فەڤەرە، فەڤەرەکا زێدەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر برگەی سێیەم (هێنانەکا یەی بەڕێوەبەری یەکی گشتی) جاریَ هێنانەکا یە نازانم ڕەنگە لای من بە دروستی نازانم، دروست کردنی یان پێکهێنان، لەگەڵ ئەوەم کە دەکریَ بەڕێوەبەرایەتی یەکی تر لە ناو وەزارەتی دارایی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگریَ، مەسەلەن بەڕێوەبەرا یەتی گشتی بود جە دەکریَ لە پلا نی ساڵانەدا سەرپەر شتی ئەو کارو بارەی ما یەی ڕاکێشراو بکات، لە گەڵ ئەوەی پلا نیش دا بنیَ بۆ چۆنیەتی دانەوەی ئەو قەرزە ساڵانە لە بودجەدا و لە داهات دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. سرود، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی خاتوو امنە دەکەم، ئەو بەڕێوەبەرا یەتی گشتییە زیادە و بارگرانیش لەسەر حکومەت دروست دەکات، بە تەصەورم لابدریَ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من چەند مولاحەزە یەکم هە یە، یە کەمیان ئەوە یە ئەنجو مەنی وەز یران سەرجەم ئەو ڕێکارا نە دادەنێت کەوا بەرژەوەندی گشتی دەستەبەری دەکەن و پەیوە ستە بە بەڕێوەبردنی پرۆ سەی ئاڵوگۆڕ، من پێموا یە ئەوە ئە گەر بەڕێز وەز یری دارا یی تەرکیزی لەلام بێت، ئە گەر دەزا نی ئەو فەر عەی بەنکی مەرکەزی زوو دروست دەبێت، ئەوە لە دنیا ئیشی بەنکی مەرکەزییە، ئیشی ئەنجومەنی وەزیران نییە، ئەو ڕێ و شوێن دانانە، ئەگەر ئەو فەرعەش زوو دروست دەبیَ، ئەو فەرعە دەسەڵات و صەلاحییەتی هە یە بە پێی قانون، کە قانونی یەکان با شتر دەزا نن، ئی شی ئەوا نە، چونکە ئەنجو مەنی وەز یران و بە شێك لە وەزیرەکان هیچ مورتەبیت نین بەو بابە تەوە، یەعنی وەز یری ئەوقاف، وەز یری کشتوکاڵ، ئەوا نە، بۆ یە ئەگەر ئەوە دەزانی زوو تەواو دەبێت، ئەوە بابەتێك، تەئیدی ئەو سەرنجەی کاك برزۆ دە کەم، کە وەز یری دارا یی و ئابووری و جێگری سەرۆکی حکو مەت و سەرۆکی حکو مەت بەیە کەوە ئیتیفاقییە کە بکەن، دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە ئەگەر بانکی مەرکەزیمان هەبێت ئەوە سیا سەتەکە هین دە کات، پێوی ستی بە مودیریەتی عامە نییە، بەڵام تاوەکو بانکی مەرکەزی دروست دەبێت ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەك هەبیَ هیچ

ئی شکالی نی یە، تە عدیلی قانونی ناویّ، هەر لە دە سەلاَتی چوار چێوەی وەزارەت خۆیدا یە، زەرووره بەڕێوەبەرایەتی یەك هەبێ بۆ ئ یدارەدانی ئەم قەرزە، ئەو قەرزا نەی دی‌کەش کە لە ئا ستی ناوخۆدا لەسەرمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قوباد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتی یان بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی، حەز دە کەم هەر کورتە یەك باس بکەم لەسەر مەبدەئەکە لە کوێوە هاتووە؟ ئەو وڵاتانەی کە ناجیح بوون یان سەرکەوتوو بوون لە ئ یدارەدانی قەرز، نوو سینگەیەکیان هە یە، دائیرە یەکیان هە یە بۆ ئ یدارەی قەرز، زۆر بەی ئەو وڵاتا نەی کە ئێ مە دیراسەمان کردووە، ئەم دائیرەیە سەر بە وەزارە تی دارا یی یە، ئەوە ز یاتر کارێکی ئیداری یە، لەوەی کە پێویستی بە ئابووریناسێك بێت، زیاتر بۆ ئەوەیە کە بتوانێ ئ یدارەی هەموو جۆرە قەرزەکانی حکو مەت بکات، چونکە ڕە نگ بێ وا بکات ئێ مە ڕە نگ ب یێت ئەو ساڵ قەرزێك وەربگرین، ساڵانی دا هاتوو ڕەنگە قەرزەکان و جۆری قەرزەکان ز یاد بکەن و جۆراو جۆر بن، ئەو کا تە بۆ ئەوەی فەوزا درو ست نەبێ، بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێت، چەندمان قەرز کردووە؟ چەند دە بێ بدرێ تەوە؟ کەی دە بێ بدرێ تەوە؟ چۆن داخیلی بودجە دەکرێتەوە، پێویستمان بە هەیئەتێك هەیە، جا زۆر موهیم نییە ئاستی هەیئەتەکە چییە؟ بەڕێوەبەرا یەتی گ شتی یە، یان بەڕوە بەرە، یان فەرمانگە یە، یان نوو سینگەیە، بەڵام موهیم ئەوە یە موئەسەسەیەك هەبێ، بۆ ئەوەی ئیدارەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، جا ئەوە پێموا یە ڕا ستە جانبێکی قانونی هە یە بۆ هەمواری هەیکە لەی وەزارە تی دارا یی، بەڵام ئەوە مە بەدەئو مەبەستەکەمان لێرەدا ئەوەبوو بەڕاستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ڕێبازیش قسەی هەیە، بەڵام لە ڕووی یاساییشەوە مادام لە یا سایەکی تر ئا ماژە بەوە بکرێ بەڕێوبەرایەتییەکی تازە بۆ وەزارەتی دارایی ئیستیحداس بکرێ، پێموانی یە کێ شەیەك درو ست ببێ، هەڵبەت پێموابێ پێشتریش جەنابی کاك ڕێ باز با سی ئەوەی کرد کە یا سای وەزارەتەکە شیان دەن ێرن بۆ هەموارکردنەوە، فەرموو، بەڕێز کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستیحداس کردنی هەر چ دائیرەیەك کە بەڕێوەبەرایەتی بێ لە دەسەڵاتی وەزیردایە، یەعنی وەز یر خۆی دەتوانێ ئیستیحداسی بکات، بەڵام کە بوو بە بەڕێوەبەرایەتی گ شتی، دە بێ یا ساکە تە عدیل بکرێ و بێ تە پەرلەمان، لە پەرلەمان قەراری لێ بدرێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر/ من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر جەنابتان

پێتان باش بێ، یەك تێبینی تریشم هەبوو، یاخود ڕوونکردنەوەیەك، عادەتەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بریتی یە لەوەی کە فەرعی بەڕێوەبەرایەتی هەیە لە شارەکانی تریش، یەعنی ئیشەکەی فراوانترە، بەڵام ئەوە تۆ تەحدیدی یەك دائیرە دەکەی، ئیشەکەی بەس ئیدارەکردنی ئەو قەرزەیە کە تۆ وەری دەگری، لەبەر ئەوە پێشنیارێکم هەیە هێنانەکایی فەرمانگەیەك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ناوی فەرمانگەی بەڕێوەبردنی قەرزی گشتی، کە فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات، پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی زیاتر نەبێت، یەعنی تۆ لەو کاتەش دا بۆت هەیە ئیعتیادی ئەگەر بەڕێوەبەر بێ، بەڕێوەبەری گشتیش نەبێ، موهیم ئەوەیە لەو پلەیە زیاتر نەبێ، ئەگەر پێتان باش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، سوپاس، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی وەزیران بۆیە هەیە ، ئەو (بۆی هەیە) لە قانون دا جائیز نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لادەبرێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

لادەبرێ؟ جا بمبوورە، دەستکاری لیژنەکەمان کردووە لەسەر ئەوە، لە بەندی پێنج دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسیان کرد گوتیان وەکو ئەوەی لێ دەکرێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

وەکو ئەوەی لێ بکرێ، پشتگیری قسەکانی کاك ڕێبازیش دەکەم، فەرمانگەیەك بکرێتەوە، (هێنانەکایەی) بکرێ بە (پێکهێنانی فەرمانگەیەك)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم لەسەر پێشنیاری نوێنەری حکومەت خۆی زیاد کراوە لە کاتی گفتوگۆکردن لە لیژنەکان، لەسەر پێشنیاری ئەوانیش هەمواری دەکەینەوە، کە بەڕێز وەزیری دارایی پێشنیاری کرد، بەڵام ئەوەی کە زۆر تەئکیدی لەسەر کراوە مەسەلەی تەوقیع کردن و مەسەلەی مەسئولیەت بوو لێرانە، عادەتەن تەواقیع لەلایەن یەك کەسەوە دەکرێ، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەو کەسەی کە تەوقیع دەکات تەنها ئەو مەسئولە، چونکە ئێمە گوتوومانە بەرپرسیارێتییەکە بەرپرسیارێتییەکی تەزامونییە، ئەو لیژنەیە هەر هەمووی

بەرپرس دەبێ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان تەوقیع و لە نێوان مەسئولیەت دا نییە، تەوقیع دەکات بەڵام مەعنای ئەوە نییە تەنها ئەو مەسئولیەتەکە هەڵدەگرێ، بۆیە ئەوە هیچ مەترسییەکی نییە، بەڵام ڕەواش نییە یەعنی عەقدێك لەلایەن سێ، چوار کەسەوە تەوقیع بکرێ، دائیمەن یەك کەس تەخویل دەکرێ کە تەوقیعی عەقدەکان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز د.عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنکی ناوەندی عیراقی صەلاحییەتی داوە بە وەزارەتی دارایی بۆ وەرگرتنی پرۆسەی قەرز لە موئەسەساتی عالەمی، یەك مولاحەزەیەکی گشتی بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، دڵنیابن لەوەی کە هەموو ماددەیەك لەو ماددانە لیژنە پەیوەندیدارەکان کاتێکی زۆر زۆریان بەسەر بردووە، یەعنی ئەگەر قانونەکەی حکومەت لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە لە دەستی بەڕێزتانە، ئەنواع گۆڕانکاری تیاکراوە، لەبەر ئەوە هیچ ماددەیەك هەر ئاوا وەك ئەوەی کە حکومەت ناردویەتی، مولاحەزات و تێبینی لیژنەکانی پێوە دیارە، ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییە مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ، لەوانەیە فەرمانگەیەك بێ، بۆ نموونە ئەگەر دوایی بەڕێز وەزیری دارایی پێی باش بوو، فەرمانگەیەك بێ سەر بە بەڕیوەبەرایەتی گشتی بودجە بێ لە حکومەتی هەرێم، لە زۆر وڵاتی دونیادا ئەو فەرمانگەیە لە کۆتایی پێش ئامادەکردنی بودجە تەقریری خۆی دەدات بە مودیر عامی بودجە، بە وەزارەتی دارایی، دەڵێ ئەوە وەزعی مالییە، ئەوەندە قەرزەمان هەیە، ئەوەندە پێویستە بدەینەوە، جەدوەلێك دەکات و لە ناو بودجەدا جێگەی دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئیلحاح ناکەین کە ئەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێ، فەرمانگەیەك بێ وەکو بەڕێز وەزیری دارایی وتی، لە ناو وەزارەتی دارایی دا بێ، سەرپەرشتی پرۆسەی یاخود ئیدارەدانی ئەو قەرزە بکات، ئەوەی بەڕێز شیلان خان وتی، ئاساییە، هەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین کە کەسانی شارەزا بن لەو بوارەدا، بواری کارگێڕیش بێ بە هەمان شێوە ئەوە کاریگەری خۆی دەبێ لە ڕاستی دا، چونکە ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە بڕیار لە هیچ شتێك نادات تەنیا ئیدارەدانی ئەو قەرزە بڕیار دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تەوزیحم هەبوو لەسەر قسەکانی بەڕێز کاك علی حەمە صالح، لەسەر بانقی مەرکەزی، بانقی مەرکەزی حەقی ئەوەی نییە کە ئیدارەی ئەم (دین)ە بکات، یاخود ئەگەر زوو دروست بێ، یان درەنگ دروست بێ، چونکە ئەوە بە پێی قانونی قەرزی حکومەتی عیراقیش هەر عەینەن شتە، ئەو دەسەڵاتە هی

وەزارەتی دارایی یە، هەتا ئیدارەکردنەکەشی، لەبەر ئەوە پەیوەندی بە بانقەوە نییە، بەڵام لە ناو بانقەکانی کە ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هەیە، کاتێ کە بانق خۆی قەرزی دابێت، یان قەرز نەکات، ئەوە خۆی بە پێی عەمەلییەیەکی بانقی رەبتی بە بانقی مەرکەزییەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، صیاغەی بکەنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەڵێ، کاك علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێ وشوێنەکەم نەوت بەڕێز وەزیری دارایی، من بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دراوەکەم وت، ئەوە عایدی بانقە، یەعنی من وام وت، ئەوە لە دێڕ و دۆڵ خەتم هێناوە بە ژێری دا، چونکە ئەوەم خستۆتە عایدی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

قسەکانم لە پرۆتۆکۆل بسڕنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو ڕێکارانە دادەنێت کەوا بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکەن و کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕکردنی دراو و بەرهەمە داراییەکان، دووبارە پارەپێدان (تمویل)، درێژکردنەوە، دووبارە داڕشتنەوەی قەرزەکە، یان کڕین، یان دووبارە کڕینی بەناوی هەرێم و بەنوێنەرایەتی ئەو، هەر قەرزێك لە قەرزەکان، یان پابەندیی گرێدراوی تر و، یان هەر یەك لەو گەرەنتییە دەرکراوانەی نێو ئەو بڕەی لە مادده دووەمی ئەم یاسایە و بەپێی حوکمەکانی دەقی لەسەر کراوە.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەت پێك دەهێنێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و ئابووری و هەر وەزیرێکی تر کە بەیەکەوە ڕادەسپێردرێن بە دەسەڵاتی گرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەو ماددەیەدا باسکراون و، بەستنی سەرجەم ڕێککەوتن و بەڵگەنامەکان و هەر هەمووارکردنێکی تایبەت پێیانەوە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات و، خستنە بواری جێبەجێ کردنەوە و، پێدانی دەسەڵاتی واژۆکردن بە وەزیری دارایی و ئابووری لەسەر ڕێککەوتن و بەڵگەنامەکان و بەرپرسیارێتی ئەم لیژنەیەش لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا پێکەوەیی (تضامني) دەبێت.

سێیەم: هێنانەکایەی فەرمانگەیەك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ناوی فەرمانگەی بەڕێوەبردنی مایەی ڕاکێشراو، کە فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات، کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی زیاتر نابێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو (هێنانەکا یە) ڕەنگە پێکهێنان بێ با شترە، (پێکهێنانی فەرمانگە یەك)، هێنانەکا یەوە؟ با شە، کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (44) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ؟ کەواتە پەسند کرا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە دیاریکردنی بەرزترین تێکڕای سوود، یان تێکڕای سوودی بنەڕەت و ڕسومات و عمولەکان یان هەر سوودێك، یان دەسکەوتێك، یان داهاتێکی تر کەوا شایستە دەبێت، یان کەڵەکەبووە لەسەر هەر مایەیەك کە ڕادەکێشرێت، یان هەر قەرزێکی گەرەنتیکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات، ئەم دەسەڵاتەش ملکەچ نابێت بۆ هیچ بەرزە تێکڕایەك، یان هەر کۆتێکی تری هاتوو لە هەر یاسایەك، یان پەیڕەوێك، یان ڕێنمایەکی تری بەرکار لە هەرێمدا یان لە داهاتوودا بەرکار دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕیواز، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من دیسان بەراوردێکم کرد لە بەینی دەقە عەرەبییەکە و دەقە کوردییەکەدا، حوکمی ماددەکە بە تەواوی دەگۆڕێ ئەو بەراوردە، لە دەقە عەرەبییەکەدا باس لەوە دەکات کە تەحدیدی صەلاحییەتی سعری فائیدە لە سەر بنەمای تەفاووز دەبێ، بە دوو مەرج، یەکەمیان موراعاتی مەصڵەحەتی عاممە، دووەم/ (شرط ألا تتجاوز هذه الصلاحية أي معدل أقصى أو أي قيود قد تكون واردة في أي من القوانين أو الأنظمة أو التعليمات الأخرى السارية المفعول أو التي ستصبح نافذة في الإقليم)، کەواتە مەرجە ئەو موعەدەلی فائیدەی لەسەری ڕێك دەکەون تەنها تەجاوز نەکات، بەڵام لە دەقە کوردییەکە عەکسەکەی نووسراوە، دەڵێ ( ئەم دەسەڵاتە ملکەچ نابێ بۆ هیچ بەرزە تێکڕایەك یان هەر کۆتێکی تری هاتوو لە هەر یاسایەك، یان پەیڕەوێك، یان ڕێنمایەکی تری بەرکار لە هەرێم یان کە لە داهاتوودا بەرکار دەبێ)، یەعنی دەقە عەرەبییەکە و دەقە کوردییەکە حوکمی ماددەکەیان گۆڕیوە، لە دەقە عەرەبییەکە دەڵێ پابەند دەبێ بەو قەوانینانە، لە دەقە کوردییەکەی کە لیژنە تایبەتمەندەکان صیاغەیان کردووە، دەڵێن ملکەچ نابێ بۆ قەوانین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوت بەڕای من پێویستە بەرزترین ئاستی سوود، فایز لە یاساکە دیاری بکرێ، بۆ نموونە بڵێین ڕێژەی لە (3٪) زیاتر نەبێت، ماوەی گرێبەستی قەرزیش دیاری بکرێت لە یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ڤەمان، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بتنێ ئێك پێشنیار مە یا هەی سەر ماددا پێنجێ لیژنەکا تایبەتمەند یا هاتی پێك ئینان کو ئەگەر ئەم بتنێ ڤێ عیبارەی یەعنی وەربگرین، بێژیتن ب ڤی شێوەی بیتن کو بەرژەوەندییا گشتی دەستەبەر بکەت، مەعقول نینە کو ئەو لیژنەیە کو هاتیە تەخویل کرن بۆ ڤان موفاوزاتا و ڕاکێشانا مایەی بەرژەوەندیا گشتی دەستەبەر نەکاتن، دەستنیشان کرنا ئەقەلترین، یەعنی فائیدە بۆ لایەنی بەرامبەر، وەکو پێشنیار چییە؟ پێشنیار ئەوە کو تەحدید کرنا فائیدە ژی بێتن راسپاردنا ب ڤێ لیژنێ ئەم شین تشتەکی بۆ ئیزافە بکەین کو بتنێ ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکەتن ئەو فائیدەی ئەو دەستنیشان دکەن، ئاخیر مولاحەزا من ئەوە کو هەروەکی د.ڕێوازی گۆتی دبێژیتن لە داهاتوودا بەرکار دەبێت، یەعنی کو بزانن ژەوا ژ لایێ قانونی ڤە چەند کەسن و چەند دروستە کو ژ لایێ پەرلەمانی کوردستانێ قانونەکی دەینێن تەوقیف یان تەعلیقا هەندەك قاعیدێت عام دەکات ئەو ژی ل دەمێ (الخاص يقيد العام)، (اللاحق يقيد السابق)، یان هەر قاعیدەکا دیتر بیتن، بمن وەرە ئەو بێتە لادان دێ پتر خزمەتا قانونی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك برزۆ مجید، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم لە سەر مەسەلەی سوود دەکرێ ئەوە ئیزافە بکرێ (ڕەچاوکردنی کێبڕکێی نێوان بانکەکان لەسەر کەمترین سوود)، ئەگەر بیانوویەکیش هەیە کە ئەگەر بانکێك قەرز بە سوودی کەم بدات، ئەوا کواڵیتی یان جەدوای قەرزەکە دادە بەزێ، نازانم چەند ڕێی تێدە چێ بنووسرێ بە ڕەچاوکردنی کێبڕکیی نێوان بانکەکان لەسەر کەمترین سوود، بە مەرجی لە دەست نەدانی کواڵیتی قەرزەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن علی رضا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو قسەیەی کاك برزۆ دەکەم، کە ئەنجامدانی کێبڕکێی نێوان بانکەکان لەسەر کەمترین سوود بۆ ئەو قەرزە، هەروەها پێشنیار دەکەم کە کۆتایی ماددەکە بڵێین ( بە مەرجی ڕەچاوکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من مولاحەزە یەکم هەیە، لەگەڵ د. عزتیش ناگەینە نەتیجە بۆ تێگەیشتنی کەسمان، دەڵێ (ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێ بە دیاریکردنی بەرزترین تێکڕای سوود)، من پێموایە نزمترین تێکڕای سوودە، تۆ دەتەوێ سوود کەم بێت، موناقەصە و موزایەدە ئەوە نووسراوە، بەرزترین تێکڕای سوود، بۆ کێ؟ بۆ حکومەت؟ یان بۆ کۆمپانیاکە؟ چونکە ئەوە بابەتێکی دوو سەرەیە، یاخود ئەگەر ئەوە نەکەین، بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسی کێبڕکێ حکومەت بە کەمترین فائیدە، بە کەمترین سوود ئەم قەرزە وەرگرێ، من لەگەڵ دیاریکردنی نزم دا نیم، چونکە زۆر خراپە، بەڵام ئەو بەرزترین تێکڕای سوودە، یان نزمترین تێکڕای سوود، تەصەور دەکەم خیلاف دروست بکات، بەڵام عەرەبییەکە زۆر دەقیقە، زۆر دەقیق دەڵێ (معدل الفائدة الأقصى).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من لەلایەن بەڕێزان کاك برزۆ و کاك علی حەمە صالح کرا، منیش لەگەڵ ئەوەم، تەحەفوزم نووسیوە لەسەر ئەو ماددەیە، (بەڕەچاوکردنی کێبڕکێ لە نێوان سەرچاوەکانی مایە کە بە هەمان مەرج قەرز دەدەن)، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، حکومەت ڕاتان هەیە؟ د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو ڕوونکردنەوەی کە درا لە نێوان نەصی عەرەبی و نەصی کوردییەکە، پێموایە ئەوەی لای د.ڕێواز ئەو نەصە عەرەبییە نییە کە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە، لەبەر ئەوەی نەصی عەرەبی و کوردی لەلای

من كه له‌لای حكومه‌ته‌وه نێردراوه، موسته‌ڵه‌حی كه ده‌بێ (ملكه‌چ نابێ) ده‌ڵێ ( لن تخضع)، له‌لای ئێمه نه‌فسی ئه‌و موسته‌ڵه‌حه‌یه، نه‌فسی شته، هیچ ته‌ناقوزێك نییه له‌ هێنه‌كه.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(و لن تخضع هذه الصلاحية لأي معدل أقصى أو أي قيود قد تكون واردة في أي من القوانين و الأنظمة)، به‌ڵێ، به‌ڕێز كاك ڕێباز، فه‌رموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی سووده‌كه حه‌ز ده‌كه‌م یه‌ك ڕوونكردنه‌وه هه‌یه با باسی بكه‌ین، ئه‌گه‌ر ئێمه ته‌حدیدی سه‌قفه‌كه‌ی بكه‌ین چه‌نده، ئه‌و كاته هه‌ر چ كه‌سێك دێت له‌گه‌ڵ هه‌رێمی كوردستان قه‌رزی بداتێ ئه‌و یه‌كسه‌ر خۆی ده‌زانێ سه‌قفه‌كه چه‌نده، به پێی ئه‌وه قسه ده‌كات، به‌ڵام كه دیاری نه‌بوو له قانونه‌كه، مه‌جالی موفاوه‌زاتی تێدایه بۆ ئه‌وه‌ی كه دابه‌زێنین، ئه‌وه یه‌ك، دووه‌م/ هه‌ر ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ك بۆ ئه‌ندامه به‌ڕێزه‌كانی په‌رله‌مان، ئه‌و سووده كه دیاری ده‌كرێت هه‌موو شتێك بۆی هه‌یه له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی سووده‌كه، یه‌كه‌م/ سیقه‌ی ئه‌و وڵاته‌ی كه ئایا ئه‌و قه‌رزه ده‌داته‌وه؟ یان نادا‌ته‌وه؟ ئه‌وه پێموایه باشترین عونصوری ئه‌ساسی له هه‌رێمی كوردستان ئه‌وه‌یه، هه‌رێمی كوردستان ساحێبی نه‌وتی خۆیه‌تی، ئه‌وه جێی سیقه‌یه‌كی گه‌وره‌یه كه هه‌ر چ وڵاتێك یاخود هه‌ر چ شه‌ریكه‌یه‌ك بێت قه‌رز بدات به هه‌رێمی كوردستان، دووه‌م/ له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی وه‌زعی ئه‌منی، وه‌زعی ئیقتیصادی، ئه‌وانه هه‌موو‌ی ده‌وری هه‌یه له‌سه‌ر به‌رزی و نزمی ڕێژه‌ی فائیده‌كه، پێموایه ئه‌گه‌ر ئێمه له (2013) هه‌رێمی كوردستان قه‌رزی بكردایه، فه‌رقی هه‌بوو له‌وه‌ی كه ئێستا قه‌رز ده‌كات، له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌و فائیده‌یه له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه‌یه، هه‌ر وه‌كو ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، به‌ڕێز د.ڤاڵا، فه‌رموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئه‌وه‌ی كه په‌یوه‌ست بێ به دێڕی ئه‌خیر كه ده‌ڵێ (له هه‌ر یاسایه‌ك یان په‌یڕه‌وێك یان ڕێنماییه‌كی تری به‌ركار له هه‌رێم دا یان له داهاتوودا به‌ركار ده‌بێ، ئه‌وه له لیژنه‌ی یاسایی موناقه‌شه‌ی ئه‌و بابه‌ته كرا و دركی پێ كرا، له كاتی ئاماده‌بوونی حكومه‌ت ئه‌و پرسیاره‌شمان كرد، كه لێره ده‌بێ ته‌نها بگوترێ هه‌ر یاسایه‌ك یان په‌یڕه‌وێك یان ڕێنماییه‌یه‌كی تری به‌ركار له هه‌رێم دا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نابێ باس له داهاتوودا بكرێ كه به‌ركار ده‌بێ، به‌ڵام ئه‌وه‌یان ڕوونكردنه‌وه‌مان ده‌وێ له حكومه‌ت، ئایا دانانی ئه‌و مه‌رجه شه‌رتی ئه‌و كۆمپانیانه یان شه‌رتی ئه‌و بانقانه‌بووه كه ئیستیعدادیان ده‌ربڕیوه قه‌رز بده‌ن، یان له هه‌موو یاسایه‌ك دا هه‌یه كه تایبه‌ته به قه‌رزی وڵاتان؟ بۆ ئه‌و بڕگه‌یه كه له حكومه‌ت دا هاتووه ئیزافه كراوه، ده‌ڵێ له

هەرێم دا یان لە داهاتوودا بەرکار دەبێ، هەر پەیڕەوێك، هەر یاسایەك، ئێستا ئەوەی موتەبەعە لە ناو یاساکان دا دەڵێین (لە هەر یاسایەك، یان پەیڕەوێك، یان ڕێنماییەکی تری بەرکار لە هەرێم دا.)، باس لە داهاتوودا ناکرێ، بۆ لێرە باس لەوە کراوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ زیاتر پشتگیری کردنی قسەکانی د.ڤالا، ئەگەر ئێمە لە داهاتوودا ( بەرکار دەبێت) دابنێین لێرە، پێچەوانەی مەبدەئێکی قانونییە (اللاحق ینسخ السابق)، یەعنی نابێ لێرە ئەو داهاتووە بمێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی، بەڕێز کاك قوباد تاڵەبانی، فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاکو بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن وەڵامێکی گونجاو و یاسایی ئامادە دەکات، حەز دەکەم ڕەئی حکومەت دەربڕم، مەسەلەی کێبڕکێکە شتێکی ئاساییە لای ئێمە، ئەگەر داخیلی ماددەکە بکرێت شتێکی ئاساییە و پێمان باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر چاکە.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونی مەدەنی و لە قانونی بنوکیش، لە 7٪ تەحدیدد کراوە، لەبەر ئەوە لەم بڕگەیە ئێمە وەکو حکومەت داوامان کردووە کە ئەوە ئیستیسنا بکرێت، سەقفی حەددی ئەعلاکە کە دانراوە بۆ سوودی قەرز ئەوە وەکو پێشتریش باسم کرد مەجالی موفاوەزەی تێدا نامێنێ لەگەڵ ئەو شەریکاتانە، یاخود لەگەڵ ئەو بانکانەی کە دەکرێت، لەبەر ئەوە داوای ئەو ئیستیسنایە کراوە، لە قانونی عیراقیش بۆ قەرز بە هەمان شێوە هەر ئەو ئیستیسنائە کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کێشە نییە، ئیستیسنائەکە کێشە نییە، ئەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بوو، بەتایبەتی لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە کە دەڵێ ( هەر ڕێنماییەکی تری بەرکار لە هەرێم دا یان لە داهاتوودا بەرکار دەبێ)، لە داهاتوودا بەکار دەبێت ناکرێ، یەعنی دەبێت ئەو یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییانەی کە بەرکارن، ئیتر

پێویست ناكات، له عەرەبییەكەی (أو أي قيود قد تكون واردة في أي من القوانين أو الأنظمة أو التعليمات الأخرى السارية المفعول أو التي ستصبح نافذة في الإقليم)، بەڵێ، فەرموو كاك قوباد.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆكی حكومەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لە بەر ئەوە داخیل كراوە تاكو ئێستا ئەگەر ئێمە ڕێككەوتنی لەگەڵ با هەر لە ناو ئەنجومەنی وەزیران، پشت بە یاسا ڕێككەوتین لەسەر فائیدەیەك و گرێبەستێكمان واژوو كرد، دوایی یاسایەكی تر دەرنەكرێ كە فائیدەكە كەم بكاتەوە، چونكە ئێمە خۆمان ئیلزامین بە عەقدێك كە پێشتر واژوو مان كردووە، زەمەنێكی هەیە، بۆ ئەوەی یاسایەكی تر كە دەرنەچێت لە موستەقبەل دا، كاریگەری نەبێ لەسەر ئەم كارەی كە كراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەحصیل حاصلە، تۆ ئەو كاتەی عەقدێك دەكەی مولتەزیمی بەو یاسا و ڕێنمایی و پەیڕەوانەی لە كاتی عەقدەكەدا كە جەنابت عەقدەكە دەكەی، بەڵام دوای ئەوە هەر عەقدێكی تر دەكەی مولتەزیمی بە یاساكەی كە لەو كاتەدا بەركارە، پێموانییە هیچ ئیشكالێك هەبێ، كاك ڤەمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتا نیزامییە، تەنێ خالەكی بۆ بیر هینان، كو سولەمی قانونی دا دەستوورە و یاسا و، تەعلیماتە، قەرارە نازانم چییە، یەعنی تەحصیل حاصلە، نابێت پەیڕەو ڕێنماییە و قەرارات موخالیفی یاسا بن، ئەگەر تۆ ل ڤێرە نڤیسی ژی هیچ ئەسەرەك نابیتن یەعنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێموابێ ناڕوونیەك لای بەڕێزت هەیە، حكومەت دەیەوێ پابەند نەبێ بە هەر كۆتێك كە هەبێ لەسەر بەرزترین ئاستی سوود لە یاسا و پەیڕەو وڕێنمایی، ئەوان داوای ئەوە دەكەن كە ببرژرێن وئیستسنا بكرێن لە هەر حەدێكی ئەعلای سوود، دەست كراوە بن لەوەی كە مفاوەزە دەكەن لەگەڵ كۆمپانیاكان، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەك بەر چاڤێت من ڕوون نەبن، بەیل عەكس بەر چاڤێت من گەلەك گەلەك ڕوونە، نە بەرسڤەكی بۆ جەنابێ تە، بەس ئەوە نابیتن یەعنی ب ڕێنماییەكی موخالفی یاسایی تەقیبێ دەسەڵاتێت حكومەتێ بێتە كرنێ، چونكە یاسا ئەعلا بلندترێیە ژ ڕێنمایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بزانین د.ڤالا چی دەڵێ؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەكە وەرگیراوە و بەو شێوەیە سیاغە كراوەتەوە، ماددەی حەوت بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (7):** بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە دیاریكردنی بەرزترین تێكڕای سوود، یان تێكڕای سوودی بنەڕەت و رسومات و عمولەكان بە ڕەچاو كردنی كێبڕكێ لەنێوان سەرچاوەكانی راكێشانی مایە، یان هەر سوودێك، یان دەسكەوتێك، یان داهاتێكی تر كەوا شایستە دەبێت، یان كەڵەكەبووە لەسەر هەر مایەیەك كە رادەكێشرێت، یان هەر قەرزێكی گەرەنتیكراو بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەكات، ئەم دەسەلآتەش ملكەچ نابێت بۆ هیچ بەرزە تێكڕایەك، یان هەر كۆتێكی تری هاتوو لە هەر یاسایەك، یان پێڕەوێك، یان ڕێنماییەكی تری بەركار لە هەرێمدا لەكاتی بەستنی ڕێككەوتننامەكە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟ (40) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (2) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، د.ڤالا ماددەی دواتر ماددەی (8) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (8):** بڕی بنەڕەت ئەسڵی و سوود و بڕە شایستەكانی تری سەر هەر مایەیەك لەو مایانەی لەوانەیە رابكێشرێن و سەرجەم ئەو بڕانەی بەپێی هەر گەرەنتی كردنیكی بەستراو بەپێی ئەم یاسایە شایستە دەبن و گشت ڕێككەوتن و بەڵگەنامەكانی كە لەم بوارەدا هەرێم گرێیان دەدات ملكەچ نابن بۆ رسوماتی پولی دارایی، یان لێ بڕینی هەر بڕێك، یان باجێكی تری هاتوو لە هەر یاسایەك، یان پێڕەوێك، یان ڕێنماییەكی تری بەركار لە هەرێمدا، یان لە هەر كاتێك بەركاردەبێت، ئەو عیبارەی ئەخیر هەڵدەگیرێ وەكو ئەوەی لەسەرەوە ئیشارەتمان پێیدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، كەواتە ئەو عیبارەتە هەڵدەگیرێ، بەو شێوەیە سیاغەی بكەنەوە كە لە ماددەی پێشوو، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (8):** بڕی بنەڕەت ئەسڵی و سوود و بڕە شایستەكانی تری سەر هەر مایەیەك لەو مایانەی لەوانەیە رابكێشرێن و سەرجەم ئەو بڕانەی بەپێی هەر گەرەنتی كردنیكی بەستراو بەپێی ئەم یاسایە شایستە دەبن

و گشت ڕێككەوتن و بەڵگەنامەكانی كە لەم بوارەدا هەرێم گرێیان دەدات ملكەچ نابن بۆ ر سوماتی پولی دارایی، یان لێ بڕینی هەر بڕێك، یان باجێكی تری هاتوو لە هەر یاسایەك، یان پێڕەو ێك، یان ڕێنمای یەكی تری بەركار لە هەرێمدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟ (41) كەس لەگەڵیەتی؟ كێ دژیەتی؟ (1)كەس دژیەتی، ماددەی نۆ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (9) بۆ پرۆژەكە زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێوی ستە لە سەر ئەنجو مەنی وەز یران و وەزارە تی دارا یی و ئابووری و وەزارە تی پلان دا نان بڕی ما یە ڕاكێ شراوەكە بۆ پرۆژە كانی ژێر خانی ئابووری و وە بەرهێنان خەرج ب كەن, دوای را ستاندنی لە لا یەن پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ق سەم نەدەكرد، بەڵام لە سەرەتاوە لە لیژ نەش هە ندەك تە حەفوزم لە سەر ئەو ماددە یە هەبوو، لەبەرئەوە قسە دەكەم، لەڕووی عیلم یەوە بەڕەوای نازانم كە ئێ مە حكو مەت نا چار بكەین كە تەنیا لە بابێك دا ئەم پارەیە خەرج بكات، بودجە لەداهات پێك دێت و لە خەرجیات پ ێك د ێت، قەرز سەر چاوەی داها تە، دەڤ عاتی ئەم قەرزە لە گەڵ سوودەكانی دە چێتە خاڵی كول فەو نە فەقات لەناو بود جەدا، جا لەبەرئەوە من پێشنیار دەكەم دەقەكە بەم شێوەیە بخوێنرێ تەوە، (پێوی ستە لە سەر ئەنجو مەنی وەز یران، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارە تی پلا ندانان بڕی ما یە ڕاكێ شراوەكە وە كو سەر چاوەیەكی دا هات بۆ دا بین كرد نی بود جە بەكاربهێنێ)، ئە گەر پێ تان باش بێ فەقەرە یەكی تریش دا توانین ئیزا فە ب كەین، ڕێژەیەك لەم قەرزە لەڕێگەی موئەسەساتی مالی كەرتی تایبەتەوە بۆ پێدانی قەرزی زیرا عی و صیناعی و ئیست سماری، بەڵام بە مەرجێك بەدەر لە بود جە بەكاربهێ ندرێت، یەعنی من بەهێچ شێوەیەك لە گەڵ ئەوەدانیم قەزری زیرا عی و صیناعی و پێ شینەكان لەناو بود جەدا لەلا یەن حكومە تەوە بدرێن، دەب ێت ئە مە لەلا یەن موئەسە ساتی كەرتی تایبە تەوە تەنزیم ب كرێن، ئە گەر ڕێژە یەك د یاری ب كرێ، ئەوە گرەنتیەكیشە بۆ ئەوەی كە ڕێژەیەك لەو قەرزە وەكو خۆی بۆ حكومەت بگەڕێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شرین خان فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من پێم باشە بۆ ژێر خانی ئابووری و وە بەرهێنان بێت، چونکە ئەگەر لەبواری وە بەرهێنان بەکارهێنرا قازانجی دێتەسەری، پێم باشە ڕستەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ لەسەر ئەم ماددەیە، ئەویش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەم پرۆژانە لەسەر هەموو پارێزگاکانی هەرێم بەکاربهێنرێ، ئەمە زیاد بکرێ لەناو ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە دەربارەی ئەو ماددەیە وای لێ بکرێ کە پێویستە بۆ پرۆژەکانی ژێر خانی ئابووری ستراتیجی بێت، چونکە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو زۆر پێویستمان بەو پرۆژانە هەبوو، کە لەوانەیە وەکو پێویست نەتوانرێ جێ بەجێ بکرێ، پێویستە ئەو پرۆژانە لەڕێگای خودی ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێ بەجێ بکرێ، سێیەم/ ئەگەر لەڕێگای کۆمپانیای موختەلیف یەعنی تۆکمە و کەرتی تایبەت بێت، چوارەم/ پێویستە پێش واژوو کردن لەسەر پرۆژەکان کۆی پرۆژەکە بدرێتە پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم فەقەرەیە فەقەرەیەکی باشە، بەڵام بەڕای من ئەمەی بۆ زیادبکرێ، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بڕی مایە ڕاکێشراوەکە بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان خەرج بکرێ، بەکارنەهێنرێ بۆ سپی کردنەوەی پارەی بە هەدەردراو و تێچووەکانی ڕابردوو و ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وشەی وە بەرهێنان من لێرەمەبەستمە شی بکرێتەوە و وە بەرهێنان لەموازەنەی عامە، بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە و بەێز د. عزت موختەسە لە وەبەرهێناندا لە

موازەنەی عامە و وەبەرهێنان یەعنی مە شاریعی ئیستـ سماری بۆ نموو نە جادە و ئاوو ئاوەڕۆ و باخـچە و پارك و ئەمانە هەمووی وەربەهێنانن، لەكاتێك دا وەبەرهێنان بریتیە لە بەكارهێنانی سەرمایە بۆ ئەوەی سوود وەربگری، ئەم پرۆژانەی كە لە دێر زەمانەوە ئەم موناقەشەیەمان لە گەڵ حكو مەتی بە غداش هە یە ئەم وشەی وەبەرهێنانە و لە پرۆژەی وەبەرهێنان خەدەمین، وەبەرهێنان ئەوەیە سەرمایەدارێك برێ پارە دێنێ دەیخاتەگەڕو لە ئەخیردا قازانجی لێ دەكات، سەرمایەكەشی دەست دەكەوێتەوە و قازانجیشی لێ دە كات، بەڵام پرۆژەكانی جادەوبان، بۆ نموونە ئاوو ئاوەڕۆ كە با سمان كرد، ئەوا نە پرۆژەی خەدەمین، ئا یا چۆن لێرە تەعریفی وەبەرهێنان دەكەی؟ من هەتا لە موازەنەش دا لەگەڵ برادەرانی ئەوا نەی كە میزانـیە ڕ ێك دەخەن وشەی وەبەرهێنان تا ئێستا لەخودی عیراقیشدا بەم شێوە سەقەتە هاتووە، جادە دروست دەكرێ لە بەینی دوو شاردا، دە یان ملـیار دیـناری تێ ئە چێ، بەڵام حكو مەت یەك فـلس قازانـج نا كات، لە ئاوەڕۆ حكومەت یەك فلس قازانـج ناكات، جادە دروست دەكەی لە شاردا و پارك درو ست دە كەی حكو مەت قازانـج ناكات، كەواتە ئەمە مەشاریعی خەدەمین و پارەیەك د ێت و ئەڕوات، لەبەر ئەوە دە بی ٚو شەی وە بەرهێنان لێرە بەتەواوی ڕوونبكرێتەوە، مەبەست لە وەبەرهێنان چییە و؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكەی كاك عـمر و كاك شوان دە كەم، ئەوەی كەبیـستوومانە ما یە ئیقتـ ساد دەیـڵێن ز یاتر قەرز بۆ مەسەلەی ژێرخانی ئابووری و پرۆژەی گرنگی ستراتیجیە نەك بابەتی تر، بۆیە من تەركیز لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە لێرە وشەیەكی بۆ زیاد بكرێ، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان ڕێنمایی ڕاكێشراوەكە تەنها بۆ پرۆژەی ژێرخانی ئابووری و (تەنها) یەكی بۆ زیاد بكرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەهەمان شێوە پشتگیری قسەكانی كاك عـمر و كاك شوان دە كەم، لە هەمان كا تدا دە كرێ لە دوای ئەوەی كەدەڵێن بۆ پرۆژە كان ژێر خانی ئابووری و وە بەرهێنان ئە گەر ئە مەی بۆز یاد بـكرێ، بۆ هەموو شارەكانی كوردستان بە پێی ژمارەی دانیشتوان خەرج بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز پروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕەئی من وشەی وەبەرهێنان لێرە تێت هەر تشتەك حیكمەت و خەڵك ئیستفادە بكات، نەك وەكی ئەمن موستەسمرم عیمارەیەك چێ كەم، من مدیری مەبانی بووم، فوتا بخانێ وەختێ ئاڤا دكەن وبود جەی وەبەرهێنان بوو كێ ئیستفادەی ژێ كر؟، خەڵكەكێ ئیستفادە ژێ كر، چ تاجرە، چ هاووڵاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕاپۆرتەكەش دا تەحەفوزم لەسەر ئەو ماددەیە نووسیوە، تەبیعی ئەم ماددەیە زۆر ماددەیەكی باشە بەمن، ئەوەی زیاتر وای كرد ئەم ماددەیە هانمان بدات بۆ ئەوەی دەنگ بە مەسەلەی قەرزەكە بدەین، چونكە ئێستا لە كوردستان دەیەها پرۆژەی ئەساسی ڕاوەستاوە، بەنموونە ئەگەر من یەك نموونە باس بكەم، بۆ نموونە ڕێگەی كۆیە هەولێر بابڵێین ئەو دوو سایدە نیزكەی ئەگەر سەد ملیاری تێ چووبێ ئێستا وەستاوە، ئەگەر حكومەت دەست بەئیش نەكاتەوە تا چوار پێنج ساڵی دیكە كۆی ئەو پارەیەی لێی سەرف كراوە سفر دەبێتەوە، لەبەرئەوە پێموایە خۆی لەخۆیدا ئەمە وەك بنەما قازانجێكی باشە، بەڵام نەسەكە لای من یەك، دوو تێبینیم لەسەری هەیە، یەكەمیان ئێمە ئەگەر بڵێین لە حسابێكی تایبەت ئەو پارەیە دادەندرێ بۆ ئەوەی لەبواری پرۆژەكاندا سەرف بكرێ، یەعنی وەڵامم دەوێ لە حكومەت تا چەند پێویست دەكات ئێمە ئەمەیان بۆ دانێین ئەولەویەت بدرێ بەو پرۆژانەی كە ئێستا تەندەرین كراون و ڕاوەستاون و ئیش كردنیان تێدا ڕاوەستاوە لەبەر ئەوەی پارە نییە یاخود خۆیان بە فیعلی لەو دەستەی كە ئامادەی دەكەین ئەولەویەت دەدەین بەو پرۆژانەی كە بە تایبەتی ستراتجین و هەروەها لەسەر نەبوونی پارە ڕاوەستاون، سێیەم/ كە من مولاحەزەم هەیە تەبیعی ئەو پارەیە كە ڕایان كێشا ئەوان سەرفی ناكەن بە پێی ئەو نەسە، هەتاوەكو لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە موسادەقە نەكرێ، واتە بۆ ئەو پرۆژانە جا ستراتیجیە، وەبەرهێنانە، یان هەر ناوێكی تیایە، سەرفی ناكات هەتاوەكو پەرلەمان موافەقەی لەسەر نەكات، بەڵام لەدوای چەند یەعنی ئەم ژمارەیە كە ئەوان ڕایان كێشا و لیستێكی تایبەت ئەم پارەیە بۆ پەرلەمانی دەنێرن؟ ئەترسم پارەكە ڕاكێشن و ساڵێكیش تەداولی پێ بكرێ و لیستی پرۆژەكان نەیەت بۆ پەرلەمانی كوردستان، لەبەر ئەوە تا چەند زەرورە ئێمە مودەیەك دانێین كە لە مودەی ئەوەندەی دوای ڕاكێشانی پارەكە لیستی ئەم پرۆژانە بگاتە پەرلەمانی كوردستان بۆ موسادەقە كردن و تەحویل كردن و سەرف كردنی پارەكە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قوباد فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم کەس عاجز نەبێ بەم قسەیەی کە ئێستا دەیکەم، بەدڵسۆزیەوە دەیڵێم، بەڕاستی ئەمە جێی نیگەرانیە کە ئەو گومانە هەبێ، کە ئێمە هەنگاوێك بنێین یان کارێك بکەین، بەشدار بین لە پرۆسەیەکی نا قانونی و نا یاسایی بۆ ئەوەی کە پێی دەگوترێ سپی کردنەوەی پارە، من پێشنیارێك دەکەم بۆ پەرلەمانی بەڕێز کە مادام ئەم گومانە هەیە کە ڕەنگ بێ نیەتێك هەبێ، دووربێ ،دوور بێ نیەتێك هەبێ بۆ سپی کردنەوەی پارە، لە عیراق یاسای ژمارە (93) ی (2004) کە قانونی نەهێشتنی سپی کردنەوەی پارەیە، ئەو یاسایە یاسایەکی زەمانی بریمەرە، مادام ئەم گومانە هەیە هەر با لێرە ئینفازی بکەین لە کوردستان ئەو کاتە ئەبێ بە فەرمی لێرە و دەبێ بە شتێکی نا قانونی، وانشاءالله ئەو گومانەش لێرە نەهێلرێت و نەمێنێتەوە، من پێموایە دەتوانین ئەمە تێپەڕێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو شتم هەبوو، یەکەمیان بۆ ماددەی (9) ئەوەی ئەخیر کە دەڵێ دوای ڕاستاندنی، ئەوە ئەگەر کەلیمەی پرۆژەکانی بۆ زیاد بکەن، دوای ڕاستاندنی پرۆژەکان لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوە یەك، دووەم/ وەکو وەلامێك بۆ قسەکانی کاك گۆران ئازاد، بەنیسبەت پرۆژەکان ئەوەی ئێمە هەمانە لە حکومەتی هەرێم و بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانان تا ساڵی (2017) شەش هەزار پرۆژەمان هەیە کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، هەروەها بایی حەوت ترلیۆن دینارە، لەبەرئەوە ئەوە مەسەلەیەکە کە ئەو پرۆژانەی زۆر گرنگ و ستراتیجین بە دڵنیاییەوە ئێمە ئەولەویەت بۆ ئەوانە دادەنێین، هەر پرۆژەیەکی تازەش هەبێ بە تەئکید دێتە پەرلەمانی کوردستان و بە پێی ئەم ماددەیە پرۆژەکە لێرە پەسەند دەکرێ و دواتر ئەو پارەیەی بۆ تەرخان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو موستەڵەح یاخود موستەڵەحێك کاك عمر ئیشارەتی پێیدا گرنگە پێناسەی بکەین بە کورت و پوختی، بۆئەوە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بەر چاو ڕوون بن زیاتر، بۆ ناوەکەی، هەر پارەیەك حکومەت خەرجی بکات، بۆ هەر پرۆژەیەك پێی دەوترێ (الاستثمار الحکومی)، پێی دەوترێ( public investment)،(وەبەرهێنانی حکومی)، هەر خەرجیەك کە حکومەت بۆ مووچە و بۆ نەفەقاتی

تەشغیلی جیایە لەوە بەدەر بێ، هەر پارەیەکی تر حکو مەت خەرجی بکات وەبەرهێنا نە، وە بەرهێنان لە کەرتی گ شتی، فەل سەفەی دەوڵە تداری حکو مەت پارە خەرج دە کات بۆ ئەوەی ل ێی قازانج ب کات، خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان دابین بکات، پ ێی دەو ترێ مە لەفی عا مە، نەك فوائ ید، نەك ر بح، حکو مەت جسر دروست دەکات، هەر خەرجیەك کە حکومەت بۆ مووچە و بۆ نەفەقاتی تەشغیلی جیایە، لەوە بەدەر بێ، هەر پارە یەکی حکو مەت خەرجی ب کات وەبەرهێنا نە، وە بەرهێنان لە کەرتی گ شتی، فەل سەفەی دەوڵەتداری حکومەت پارە خەرج دەکات، بۆ ئەوەی لێی قازانج بکات، بۆ ئەوە یە بۆ ئەوەی خۆ شگوزەرانی بۆ دانیشتوان دابین بکات، پێی دەوترێ (م نافع عا مە) نەك فەوائ ید، نەك ر بح، حکو مەت ج سر درو ست دەکات، سایلۆ دروست دەکات، خەستەخانە دروست دەکات و... هتد، هەموو ئەمانە وەربەرهێنا نە، هەمووی وەربەهێنانە، دروست کردنی سایلۆ، مەکتەب، ڕێگا، ج سر، پرد، مەتار، هەمووی وەبەرهێنا نە، بەڵام پ ێی دەوترێ ئیستسماری حکومی، وەبەرهێنانی حکومەتی، وەبەرهێنانی حکومەتی بە دڵنیيایەوە مەبەست ل ێی بەدەسهێنانی قازانج نییە، ئەوەندە و دەست کەوێ کە زیاتر لە سوودەکەی، ئەوەی کە هەر کۆمپانییا یەکی کەرتی تای بەت دەی کات، پ ێی دەو ترێ (ا ستثمار ق طاع ال نافع الخا صة)( privet investment) (وەبەرهێنانی کەرتی تای بەت)، درو ست کرد نی خانوو یەك و شوقە و ڤێلا یەك لەلا یەن وەبەرهێنێکەوەو فرۆشتنەوەی بە دەستهێنانی قازانج ل ێی دەب ێت درو ست کرد نی مەک تەب و خە ستەخانە و جادە و پرد و ڕێگاوبان و وە بەرهێنانی کەرتی حکومە تە، بەڵام تەئ یدەن بەوەی کە پرۆژە یەك بێ، بەڵام کە دە ڵێین حکومەت مەبەستی قازانج نییە، مەبەست لەوە نییە پارەی لێ دەست نەکەوێ، فەلسەفەکەی قازانج نی یە، ئەگەر نا لە زۆربەی وڵاتانی دنیا جسرێك دروست کراوە، بەپێنج یۆرۆ دەبێ بە کاش ب یدەی بەرۆژ پانزە یۆرۆ دەدەی بەشەو پێنج یۆرۆ ئەدەی ئەو ج سرە قازانج دە کات بە نەتیجە، مەبە ستی حکو مەت قازانج نییە لەڕاستی دا، بۆ نەفعی عامە،بە نیسبەت ئەم ماددەیەشەوە لەڕاستی دا لە گەڵ لیژ نەی یا سایی بەڕێز موناقەشەمان کرد یەك وشە زیاد بکەین، وەبەرهێنان خەرج ب کەن دوای ڕا ستاندنی ئەو پرۆژا نە لەلا یەن پەرلەمانەوە ئەگەر ئەوە دوایی لیژنەی داراییش پێی باش بێ، خاڵێکی تر ماوە باسی بکەم ئەویش ئەمەیە تەئیدەن بۆ کاك گۆران، پرۆژە زۆر زۆر وەستاوە بەڕێزان، ئەم پرۆژا نە کە وە ستاون، هیچ مانع ێك نی یە بەشێك لەم پارەیە سبەی قەرز دەکرێ بۆ بەگەڕختستنەوەی ئەو پرۆژانە بن، هەموو ئەو پرۆژا نەی کە بۆ حکومەت دروست دەکرێن ناوەکەی ناوی وەبەرهێنا نە و ئەو یا سایەش دەیگرێ تەوە، شاڕێی جادەی ڕان یە ئەگەر پێویستی بە پارە بێ حومەت لەم دەقەیەدا چۆن دە توانێ پارە تەرخان ب کات بۆ ئەم پرۆژە یە با لەمە پارەی بۆ تەرخان بکرێ، هەڵبجە ئەمڕۆ داوایان کردووە حکومەت پارە یان بداتێ وە بەرهێنان ب کات لە ژێرخانە ئابووریەکەیان با بۆهەڵەبجە برێك لەم پارەیە تەرخان بکرێ، با بۆ ک فری و کەلار بر ێك لەم پارە یە تەرخان ب کرێ، مادام وەبەرهێنا نە بۆ زا خۆ تەرخان ب کرێ، ج سرێك درو ست دە کرێ هەولێر و بادینان هەولێر و رۆڤیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە سەدا نەوەدی تەواو بووە با لەمە پارەی بۆ تەرخان ب کرێ، بۆیە هیوادارین بە پەسەند کرد نی ئەم پرۆژە یا سایە حکو مەتی هەرێمی کورد ستان لە نزیکترین کا تدا

بەرهەمی پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایەمان نیشان بدات، هەر پرۆژەیەکیان ئیفتتاح کرد بڵێین بەو قەرزە کردمان بۆ ئەوەی دڵنیابن پەرلەمانتارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سەرنجیش بدەن لەسەر ئەوەی کە چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاری ئەوەیان کرد پرۆژەکان بەپێی پارێزگاکان یان بە پێی ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێ بەسەر شارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر وەڵامێکیشتان هەبوو بۆ ئەمە بیڵێن، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند موستەلەحێك ناوی هێنرا لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە کە زیاد بکرێت، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان بەکار نەهێنرێت بۆ سپیکردنەوەی پارە، لەڕاستیدا خۆی ئەوانە دەبێ وابێ، یەعنی ئەگەر لە قانونیشدا نەیڵێی دەبێ وابێت، ئەگەر وا نەبێت یەعنی پێچەوانەی یاسایە، بۆ یە سەبارەت بە موستەڵەحی یەکەم و دووەم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی ژمارەی دانیشوان یەکەمین ئەو پرۆژانە بەپێی ئەم ماددانە دێتە پەرلەمان بۆ ڕاستاندنیان، لەکاتی ڕاستاندا دەتوانرێت موناقەشەی ئەوە بکرێت جگە لەوە پەرلەمان جگە لە دەوری تەشریعی، دەوری رەقابی هەیە، دەتوانێت لە دەوری رەقابیەکەدا ئەندامانی پەرلەمان موتابەعەی ئەوە بکەن، بەکارنەهێندرێت بۆ سپیکردنەوەی پارە، ئەو یاسایەی کە هەیە لە بەغدا بۆ سپیکردنەوەی پارە، ئێمە هەوڵدەدەین کە ئینفازی بکەین یان یاسایەکی ترمان هەبێ بۆ مەنع کردنی سپیکردنەوەی پارە ، لێرە ناوی نەهێنین باشە، چونکە ئەوە هەر خۆی نابێ وابێ شتێکی نایاساییە ئەگەر وابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خیلافێ هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئەم پارانە بۆ کام جۆرە پرۆژانە بێت؟، کە من خۆم کۆکم لەسەرئەوەی دەکرێت بۆ پرۆژە دواکەوتوو بەردەوامانە بێ، کە زۆر زۆرن ژمارەیان، بۆ ئەو شوێنانە بێ کە دکتۆر عزت باسی کرد نامەوێ منیش هەندێ ناوی شوێنی تر ئیزافە بکەم، بەڵام خیلافەکە لەسەر ئەمەیە ئایا تۆ تەسدیقی پارەکە دەکەی یان تەسدیقی مەشاریعەکە دەکەی؟ ، تۆ ناتوانی تەسدیقی مەشاریعەکە بکەی، لەبەرئەوەی پێشووتر تەسدیق کراوە، پەرلەمان پەسەندی کردووە، بەڵام پەرلەمان بۆ نموونە (100) ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ ڕێگای سلێمانی و گەرمیان، (50) ملیۆن دۆلاری سەرف کراوە، (50)ی تری ماوە، کەواتە تۆ دەبێ لە پەرلەماندا تەسدیقی پارەکە بکەی، ئەگەر تەسدیقی مەشاریعەکە بکەی، کەواتە نایەتەوە پەرلەمان، بۆیە من پێشنیار دەکەم جارێ ڕستەی ئاخیر ببڕێتە یەکەم، بۆیە ڕاستاندن

لەلایەن پەرلەمانەوە چونکە ئێستا تەفسیرەکەی وا دەکرێت، یەعنی دەکرێت وا بکەین حکومەت هەمووی تەواو کرد دوایی ناردوو یەتی بۆ پەرلەمان، نا، دوای ڕاستاندنی لەلایەن پەرلەمانەوە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی پلاندانان بڕی مایە ڕاکێشراوەکە بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان لە کەرتی گشتیدا، وەبەرهێنانمان هەیە لە کەرتی تایبەت، وە بەرهێنانمان هەیە لە کەرتی حکومی، لە کەرتی گشتیدا چ بکەن؟ واتە کۆی خەرجیەکە دێت ،(3) ملیار دۆلار ئێمە خەرجی دەکەین، بەشێکی بۆ پرۆژەی کۆنە، بەشێکیشی بۆ پرۆژەی نوێیە، پەرلەمان تەسدیقی دەکات، حکومەت دواجار خەرجی دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وایە ئەوە باش نییە بەمشێوەیە، ئەگەر ڕای من وەکو ڕای ئەندامێکی پەرلەمان لێرە باسی بکەین، بەڵێ وایە، کەواتە ئیتر هیچ پرۆژەیەك لە ڕێگای ئەم مایەوە پەسەند دەکرێت پێویست ناکات بێتە پەرلەمان، چونکە لە رابردوودا پەسەند کراوە، با کاك قوباد قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی حکومەت لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە، تەبعەن ئەمە یەکێك لەو ماددانە بوو، کە داخل کرا لە یەکەم رەشنووس نەبوو، لەبەرئەوەی کە پرسیارێکی زۆر هەبوو لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم قەرزانە، دوای کفتوگۆیەکی زۆر ئەم ماددەیە داخل کرا بۆ دوو مەبەست، یەکێك بۆ ئەوە بوو کە پەرلەمانی بەڕێز دڵنیا بکەینەوە، کە ئەو پارەیە بەفیڕۆ ناچێت، بە عەکسەوە بۆ مەشروع بەکاریدەهێنین، ئێستا دوو جۆرە پرۆژە هەیە، پرۆژە هەیە کە پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و چەند هۆیەکی تر پرۆژەکان وەستاون، کە بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا و، ئەو بڕە پارەیەشی پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، کە تاکو (2017) دەوروبەری (6) هەزار پرۆژ هەیە کە کولفەی ئەو پرۆژانە خۆیان دەدەن لە (7) تریلیۆن دینار دەدەن، بۆیە ئێمە لەو باوەڕە داینەو داوا دەکەین پەرلەمان داوای لێ نەکاتەوە بێینەوە دووبارە چۆنیەتی بەکارهێنانی قەرزەکە بۆ پرۆژەی پەسەند کراو، بێینەوە دووبارە موافەقەتی بۆ وەرگرینەوە، چونکە پێشتر موافەقەتی بۆ وەرگیراوە، وەکو بەڕێزێکی تر ئاماژەی پێدا ئەم قەرزە بەشێکە لە داهاتی کوردستان، دەبێ بە بەشێك لە داهاتی کوردستان، ئەو داهاتەش بەکاردەهێندرێت بۆ تەمویل کردنی پرۆژە، ئەگەر پرۆژەیەك پەسەند نەکرا بۆ بێ لەلایەن پەرلەمانەوە و حکومەت بە گرینگی زانی ، پارەی قەرزەکەی بۆ تەرخان بکات، یان بۆی سەرف بکات ئەوکاتە زۆر ئاساییە بێینەوە پەرلەمان، داوا لە پەرلەمانی بەڕێز بکەینەوە لەبەر ئەم تایبەتمەندیانە ڕەزامەندیەکی تر بدەن لەسەرئەوەندە بڕە پارەیە بۆ ئەم پرۆژەیە، بە ڕەئی من ئەگەر ئەو دوو شتە جیا بکرێتەوە لە یەکتری، ئەو مەشروعانەی کە پەرلەمانی بەڕێز پێشتر پەسەندی کردووە ئێمە دەستکراوە بین لە بەکارهێنانی هەر قەرزێك کە لە

مو ستەقبەلدا وەریبگرین، جیابکر ێتەوە لە پرۆژەی نوێ، کە پە سەند نەکراوەلەلا یەن پەرلەما نەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز ئێستا دەرفەت بە جەنابت دەدەم، بەڵام پێم وا بێ ڕوونکردنەوە یەك لێرە پێویستە، ئەوکا تەی پەرلەمان ئەو پرۆژانەی پەسەند کردووە دۆخێکی ئاسایی هەبووە ، بودجە لە عیراقەوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا تۆ قەرز دەکەی، پێویست دەکات ئەم قەرزە بدەیتەوە، پێم وابێ زەمانەتێکی با شترە کە ئەو پرۆژانەی بەپێی ئەم قەرزە ئیشی تێدا دەکرێت، کاری تێدا دەکر ێت، پارەی بۆ تەرخان دەکر ێت جارێکی تر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێتەوە، چونکە ڕەنگە ئەندامانی پەر لەمان هە ندێکیان پێ یان وابێ کە هەندێك پرۆژە ڕەنگە پێویستی بە پارە بۆ تەرخان کردن نەبێ، کاك ڕێباز فەرمووو.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکەی جەنابیشت و وەکو ئیزافەیەکیش بۆ قسەکانی کاك قو باد ئێمە تەحسیل حا سڵ ئەو پرۆژا نەی کە پەر لەمانی بەڕێز پە سەندی کردووە عە قدیان لە گەڵ کراوە، هەندێکیشیان پرۆژەی بەردەوامن ئێستا خۆ تازە ئە گەر بەو شتە بێ، دە بێ تۆ ئەو پرۆژە بوە ستێنێ، ئەو عە قدە بوە ستێنێ جارێکی تر دە چین لە پەر لەمان قسەی لە سەر دە کەین، بەعەزێکی زۆر یش لەو پرۆژا نە لە (90٪)، لە (80٪)، لە (70٪)ی تەواو بووە، ئێستا ئە گەر ئێمە خۆ تۆ ناتوانی بیوە ستێنی، هەندێکیشی چاوەڕێی پارەی حکومەتی نەکردووە هەر بەردەوامە، لەبەرئەوە ڕوونکردنەوەکەم لە سەر ئەوانە یە، را بردوو دیسان بگەڕێتەوە، پێم وایە هەندێك کێشەمان بۆ دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرمووو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەی دەیڵێم تێبینیەکی شکلیە لەوانەیە هەر بچێتە چوارچێوەی خاڵی پەیڕەویش، تەبعەن ئەگەر سەیری بکەی هەتا لە ماددەکەی پێشوو، پێشووتریش ئەوە دووبارە بووە، ئێستاش بۆ نموونە هاتووە دەڵێت پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەز یران و وەزارە تی دارا یی و ئابووری و پلا ندانان، تەبعەن ئەو مە سەلەیە مادام ڕاستاندنی لە پەر لەمان بۆ دەکر ێت، لە ئەنجو مەنی وەزیرا نەوە د ێت، لە ئەنجو مەنی وەزیرا نەوە پەسەند دەکرێت، ئیتر ڕیزکرد نی وەزارە تی پلا ندانان، وەزارە تی ئابووری ئەوە زیادە یە، هەتا مە سەلەن ئە گەر سەیری ئەوەی پێ شتریش بکەی کە ڕۆیشت بە تە سەوری من ئەوی‌ش دەکر ێت لەچوار چێوەی داڕشتنەوە بکرێت، بۆ نموونە دەڵێت هەر باجێکی تر لە یاسایەك یان پەیڕەوێك، باج لە یاسایەك دەکرێت، باج لە پەیڕەو ڕێنمایی ناکرێت، یەعنی تەحسیل حاسڵە کە وتت یاسا تەواوە، لێرەش کە و تت ئەنجو مەنی

وەزیران یەعنی پێویست ناکات وەزارەتەکان بژمێرین، چونکە تەخسیس کرد نی پارە بەو زەخامە تەی لە ئەنجومەی وەزیران دەکرێت، دێت لە پەرلەمان ڕاستاندنی بۆ دەکرێت، بۆیە ئەو مولا حەزە شکلیانە وە کو باسم کرد لە ماددەکانی پێشووتریش هەندێکجار دەبینین ئێمە لە حرس لە پەر لەمان، لە حر سی خۆ مان چووینە ناوهەندێك تەفا سیل بۆ نموو نە ئەوەی تازە دکتۆرە بەهاریش با سی کرد (غ سیل الا موال)، کە بەشێکی گەورەی لەناو قانونی عقوبات هەیە، یەعنی ئەتو لێرە بینوو سی یان نەینوو سی هەروەکو یەك وایە، لەبەر ئەوەی زۆر یەعنی قانو نەکانمان زۆر جار بە شتی دوو بارە لەوانە یە لە جوانی قانونە کە، لە سەلامەتی قانونەکە ئیشکالمان بۆ دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحێك هەر پرۆژەیەك تەوقیعی بیت دچیتە مەشاریعێت موستەمرادا ئەو ئەگەر موقاوەلە چێ بوو تۆ تەعویزا نادەیێ، بەس دێ تەسبیت د وەز عێ وا ندا چێکەی یان دێ پارەی دا نێ، ئە گەر تو ئ ستیمرار ژی بکەی دێ هەر تەعویزاتا دەیێ، چونکە تەوەقوف لە (90) رۆژ ز یاتر هاتووە، یەعنی هەمی پرۆژە ، هەر شەش پرۆژە دێ پارە بۆ ئەوا نە سەرف بکەن، لازم ئەو بابە تە بێ تە بەر چاڤ وەر گرتن یان ژی ه ێـە پەرلەمانیدا یان نە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەنها ڕوونکردنەوەیەکم دەوێت، لە بەڕێزانی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێز وەزیری دارایی، ئەوەی بەڕێزیان ئیشارەتی پێدا ئەوەیە کە بۆ زۆرێك لەو پرۆژانەی کە پێ شتر پە سەند کراوە، ئە گەر هی ئەم دوو ساڵە بێ مانای وایە پرۆژەی مو ستەمیر بێ ئەم دوو ساڵە قەیران هەبووە، بەڵام بۆ پرۆژە کانی پێشتر بێ، خۆی بودجەی بۆ داندراوە، ئەی ئەو بودجەیە چی لێهاتووە؟ کەواتە زۆرترین بڕی ئەو قەرزەی کە ئێمە قەرزی دەکەین بۆ رابردووە نەك بۆ داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەتێ ژ ئاماژەی پێكر، ئەو پارەیەی تەرخان كری بۆ ئەو پرۆەژە یەی كو بەر نە پەر لەمانێ كورد ستانێ برِ یار لە سەردای، پر سیار ئەوە یە ئا یا چێ د بیتن پەر لەمان قەرار و پەسەندكرنێ سەر پرۆژەیەكی دوو جار بداتن، وەختەكێدا پە سەند كر نا پرۆژەی پەر لەمانێ كورد ستانێ هاتە كرن، لێ بودجە نەهاتە كرن و بۆ ئیستمراریەتی وان پرۆژە، ل نها ئەڤ پارەیە دێـتە وەرگرتن بۆ دوو بەشە، بەشێك دەچێتن بۆ ئیستمرارە یا پرۆژەیەت وەبەرهێنانێ، بەشێكی تر دەچێـتن بۆ پرۆژەیەت دانانی ئیستراتیژی، ئەم شی بێژینە حكومەتە هەرێمی كوردستانێ، ئەو پرۆژە یەن ئیستراتیژیە نوو كە دەكەوێتە كاری بەرنامەی وان دێـە پەرلەمانێ بۆ پە سەند كر نێ، هەلوە سا مە سوەدەیەك پرۆژە یەن كو بەردەوامی داتێ بۆ بەردەوامی پەرلەمانێ مولحەق بكات، بەس نەك بۆ پە سەند كر نێ، چونكە ئەوە خە لەلی یا سایی دەچێت پەرلەمان دووجار لەسەر پرۆژەیەكی دووجارا دەنگی نادات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دوای شەرح كرد نی حكو مەت، تێگەیشتین كەوا لەلای حكو مەت ئەو پرۆژا نە كە ئێستا ناوی پرۆژەی بەردەوامە، ئەوانەی ئیلتیزامێكە یەعنی حكومەت پێم وانییە بتوانێت دە ست لە بۆ پرۆژەی وی بباتن، هەتاوەكو ئەو ئیلتیزامەی جێبەجێ نەكات، یەعنی بۆ نموو نە شاری ڕانیە، ناو شارەكەی با بڵێین پرۆژەی نییە وە ستاوە لە سەر پارە، تۆ چ پێویستت بەوە یە بچی جارێ فوتابخانە یەكی لێ بكەی؟ ناو بازاڕە كەی پێویستی بەوە یە، مادام ئەو پرۆژا نە لە را بردوو پە سەند كراوە لە پەر لەمانی كورد ستان، حكو مەتیش خۆی دەڵێت ئەفزەل یەت لای ئێ مە ئەم پرۆژە كۆنانە یە، ئێ مە پ شتیوانی لێ دە كەین لەخۆبوونەتەوە، بۆ یە با سی وەزارە تی دارا یی و ئابووری، وەزارە تی پلا ندانان كرا یە، ئەو مولاحەزە یەی دك تۆر فر ست مەنتیق یەتی تێدا یە، بەڵام ئێ مە دائیمەن كە با سی پرۆژەی نوێ دە كەین هاو شێوەی موناقەشەی میزانیە، وەزیری مالیە، وەزیری پلاندانان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە دەبن، جا دوای پرۆژە كان ،ئابووری پرۆژەكان ڕوون دەكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من ئیزاحێك بدەم لەسەر قسەكانی بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت ئینجا قسەكانی كاك ڕێبازیش، ئەگەر بكرێت یان وشەی پرۆژە بەردەوامەكان ئیزافە بكرێت یان فەقەرەیەك بەڕێژەیەك لەم قەرزە بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بە فەقەرەیەكی جیاواز، مەسەلەن لە (20٪)ی ئەم قەرزە بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بێ، لە (10)ی ئەوە تەبعەن ڕەقەمێكە دەبێ حكومەت پێمان بڵێ، وەزیری دارایی و ئەنجومەنی وەزیران بە ئێمەی بڵێ، ئایا چەندتان پێویستە بۆ پرۆژە بەردەوامەكان؟، بەنیازن چەندی بەكاربێنن بۆ پرۆژەی تازە؟ بەنیازن چەندیشی بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بێ؟، یان بە وشەی پرۆژە بەردەوامەكان ئابووری و ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان و پرۆژە بەردەوامەكان ئیزافە بكرێت، یان بە فەقەرەیەك بڵێ ڕێژەی ئەوەندەی ئەو قەرزە بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بەكاردێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا موناقەشەی ئەوە كرا، ئەگەر بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بێ ئەوە ناتوانرێت وەك پرۆژەی تازە تەسەروف بكرێت، ئەوە كێشەكە لەوەدایە، دوا سیاغەی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (9): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلان دانانی بڕی مایە راكێشراوەكە بۆ پرۆژەكانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە خەرج بكەن, دوای راستاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارا هندێ كو ب شێوەكێ كو ل گۆر پارێزگەها ل گۆر ئاكنجیێن پارێزگەها ئەز دێ روونكرنەكێ دەم ئیحتیماله هەولێر و سلێمانی ئەو كێشە نەبیت ئەم وەك پارێزگەها دهۆكێ ژی مە پێ خۆشە، یەعنی بووژاندنەوە و گەشەسەندێن هەمی پارێزگەهێن هەرێما كوردستانێ ب هەمی ئاستەكێ بهێتە ئەنجامدان سەبارەت پارێزگەها دهۆكێ ئەو ترس مە یا هەی، ژبەر هندێ داخاز دكەین كو ل گۆر ئاكنجی و هەژاریا مەنتەقێ ئەوپرۆژە بهێنە دابەش كرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم دەقە وەكو خۆی بمێنێتەوە حكومەت ناتوانێت ئەو پرۆژانەی كە هەبووە وەكو خۆی جێبەجێ بكات، ئەو پێشنیارەی كە من كردم ئەگەر بیخوێنن هەموو كێشەكانی پێ چارەسەر دەكرێت وەكو تریش بڕیار لەلای ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنارەش لای من هاتە كرن، حەز دكەم بێتە دەنگدانێ و پشتگیریا ئاخافتنێ ئامینە خان دكەم هەمان فیكرمان هەی لە بارەی پارێزگای دهۆك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (9): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لە سەر ئەنجو مەنی وەز یران و وەزارە تی دارا یی و وەزارە تی پلان دا نان بڕی ما یە راكێشراوەكە بۆ پرۆژەكانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە خەرج بكەن, دوای راستاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامینە خان لە خولی پێشوو لێرە بووە لە موناقەشەدا، یەعنی ئە ندامی پەر لەمانی كورد ستان هە یە دە ڵێ لەسەر رێژەی دانیشتوان كە بزانێت ڤازانجیەتی، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لە هەندێك مەنتیقە دە ڵێ لەسەر ئەساسی زیان لێكەوتن و كاولكاری، هەندێكیان لە سەر ئەسا سی راگوا ستن و كیمیا باران، هە ندێكیان دەڵێن لەسەر ئەوە، وشەی دادپەروەری دەكرێت تۆ مەنتیقە یەك ز یانی لێكەوتووە، مەنتیقە یەك هەژارە، مەنتیقەیەك ئیستیسماری تێدا نی یە، یەعنی دوورە دە ستە لە پەنا یەك كەوتووە، یەعنی شاری وا هە یە بەس بە ئیستیسمار ژیانی گوزەرانی تێدایە، شاری وا هەیە ئەگەر حكومەت پرۆژەی لێ نەكات وێران دەبێ، لە بەر ئەوە ئەم وردەكاری یە، هەژاری و كاولكاری داد پەروەری و ئەوا نە و شەی داد پەروەری پێموا یە پڕ

پێستیەتی، دوایی لە نەتیجەی ئەم پرۆژانە پەرلەمانی کوردستان و وەزیرەکان، یەعنی من پێموا نییە حکومەت تەعبیر بێت لە شارو گەڕەکێك، هەر وەزیرێك تەعبیر لە هەموو کوردستان دەکات و تەعبیر لە هەموو دێیەك دەکات و مەسئوولە لە بەرامبەر هەموو ناوچەیەك، ئەگەر ئەو وەزیرانەی ئێمە هەر کەسە دیفاع لە شارو دێیەکەی خۆی بکات، بەڕاستی حکومەتداریەکی عەیبەمان هەیە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا من دڵنیام بێگەرد خانیش دەڵێت لەو شوێنەی کە راپەڕین دەستی پێکردووە، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوە ناکەم لەکوێوە راپەڕین دەستی پێکردووە، بەڵام ئێمە باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی سنووری هەرێمی کوردستان دەکەین، بەس من پێموایە ئێستا کەرکووك زۆرترین زەغتی هەم لە عێراقەوە لەسەرە، هەم ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بڕیار وایە ئەو ناوچانە بەشێکین لە هەرێمی کوردستان و دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بۆ موزایدە نییە بەڕاستی دەیڵێم حەقی خۆیەتی لە ئێستادا پارێزگای کەرکووك وەکو پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان لەناو ئەم پرۆژەیە جێگای بکرێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح رەئی جەنابیشت وایە، وانییە؟ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم ئەم قسەیە بکەم بێگەرد خان کردی، من دڵنیام کە ئێمە ئابووری کەرکووك بەکار دێنین بۆیە پێویستیشە لەو قەرزە، لەو پرۆژانە دابنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من خاڵی پەیڕەوییە، یەعنی بە تەسەوری من کێشەکە لێرە دروست دەبێت، هەمیشە وا بووەو ئێمەش کە پەیڕەومان داڕشتۆتەوە وامانکردووەو لە رابردووش وا بووە، کاتێك کە رەئیەکان تەرح دەکرێن، ئەگەر بە عورفی سێ کەستان وەرگرتووە، وەریبگرن، ئەگەر یەك کەستان وەرگرتووە، وەریبگرن، دەڵێن لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەندە رەئیە هەبووە، نەك برادەران لەوێ صیاغەیەك دەکەن و بۆمان دەخوێننەوە، ئەو دەڵێ منی تێدا بێت، ئێستا منیش پرسیار دەکەم هەموو ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەرچوونە چۆن پەرلەمان موخاتە بەی وەزارەتەکان دەکات؟ پەرلەمان موخاتەبەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، من

پێشنیارم کرد پێویست ناکات وەزارەتی ئابووری و وەزارەتی پلاندانان، پێشنیارەکە هەر حیسابی بۆ نەکرا، باشە ئەگەر وایە بە کەیفی خۆتان دایڕێژن و دەنگ دەدەین، کاتێك ئێمە قسە دەکەین پێویستە چەند رەئی هەیە بیخەنە دەنگدانەوە، کامە دەنگی هێنا؟ کامە دەنگی نەهێنا؟ نەك یەك لەولایە هەڵبستێت ئەوەش زیاد بکرێت، با ئەو شارەشی لەگەڵ بێت، ئێمەش خەڵکی شوێنێکین، ئێمەش ناوی شارێك دەبەین ئەگەر وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محەمەد عەلی فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موزایەدە یەکەم هە یە ئەگەر روخسەت بێت، چونکە کاتی ئەوەیە، ئەگەر کاتی خۆی پارێزگای دهۆك بچووکترین پارێزگای هەرێمی کوردستان بوو لە رووی دانیشتوانەوە، ئێستا گەورەترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە لە رووی دانیشتوانەوە، ئەو هەموو ئاوارەو ئەو هەموو کەسە نزیکەی زیاتر لە (وەن پۆینت ثری) ملیۆن کەس بەپێی ئەوەی سەتی سیکسی نێودەوڵەتی لە پارێزگای دهۆك لەدوای ئەو قەیرانە نیشتەجێ بوونە، ئەگەر لەم یاسایە قەرار وایە موزایەدەی شارو شارۆچکە بکەن کە بەدڵی من نییە، ئێمەش با ئەو موزایەدەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆزان صادق فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقە سکرتێری پەرلەمانێ ناڤێ من بیر نەکات، ئەوە سێ جارە من دەستا خۆ را کرییە، بیر کریە ناڤێ من چییە؟ ئەز پشتیڤانیا ئاخافتنا ئامینە خان و دکتۆر محەمەد عەلی دکەم، بۆ جەماعەتێك ئەوە بێژن دادپەروەری مە دهۆکێ موشکیلە هەی گەل وشە دادپەروەری، هەر جار بەحسێ داد پەروەری دەکرێ بەس دهۆك یا بێژم پتر هەمیا یا زەرەرمەندو زیانمەندە کو ئەو پرۆژەو ئەو خزمەتگوزارییێن هەر پارێزگەهێن دێنە کرن هەولێرو سلێمانی دهۆکێ نایەتە کرن، بێژا ئەو داد پەروەری ئەگەر بە دروستایی بێتە جێ بەجێ کرن ئەم دگەلین، بەس ئەگەر بە دروستایی نەهێتە کرن هەروەکو پێشتر بەری نووکە هەبیتن ئەم حەز دکەین لەنێوان دوو قەوسدا دهۆکێ بکەنە ناڤ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینشائەللا ئەمجارە بەرێکوپێکی جێ بەجێی دەکەین، تکایە ئەوە زۆر دەست بەرز کراوەتەوەو نوقتەی نیزامی، ئێوە دەزانن و خۆشتان دەزانن نوقتەی نیزامی نییە، من موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆ دەکەم، کە رێ بەوە دەدەم، تکایە ئەگەر دوا صیاغە بخوێننەوە، بەڵکو ئەندامان بەدڵیان دەبێت و دەیخەینە

دەنگدا نەوە، ئە گەرنا ئەو پێ شنیارەی دکـ تۆر فر سەت درو ستە یەك بە یەکی ئەو تێبینیا نە بخەی نە دەنگدانەوە، ئینجا دوایی، بەڕێز کاك قوباد تاڵەبانی فەرموو.

**بەڕێز قوباد تاڵەبانی/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەکەین ئێمە هەموو پەرلەمانتارێکی بەڕێز دڵنیا بکەینەوە کە ئێمە حکومەتێکی دادپەروەرانەمان هە یە، کابینەکەمان نەك هەر بنکە فراوانە، بەڵکو نوێنەری هەموو دڵ فراوانێکین و ئیتر زۆر شتمان فراوانە، ئەمە سەر ئێشە بۆ هەمووومان دروست دەکات، ئێمە کە بڕیار دەدەین لەسەر پرۆژە دادپەروەرانە بڕیار دەدەین، ڕەچاوی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین، پارەیەکی زۆریش سەرف دەکەین لەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پێموایە دڵنیاش دەبین لە داهاتووشدا هەر وا دەبین، بۆیە پێموایە سیقەتان هەبێت بە حکومەتەکەی خۆتان دادپەروەرانە مامەڵە بەم قەرزەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئینجا کاك عومەر ئەوە ئەمڕۆ جەنابت لە هەمووان زیاتر قسەت کردووە، بۆیە ئێستا دەرفەت بدەم بە جەنابت ئەوە ئەندامانی تری پەرلەمانیش قسەیان هەیە، تکایە دوا صیاغە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9): بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلان دانان بڕی مایە راکێشراوەکە بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خەرج بکەن, دوای راستاندنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە پێشنیارەکەی ئێوە چی بوو؟ مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك دەکەم رەنگە چارەسەری ئەو بابەتە بکات، نوو سراوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو (پێویست بوونێکی) بۆ زیاد بکرێت، چونکە رەنگە شوێن هەبێت پێویستی بە پرۆژەی تر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە تێ دەگەین لەو دڵسۆزییەی ئێوە بۆ مەنتیقەی دهۆك، بەڵام قسەکە ئەمە یە چ پێوەرێك دادەنێیت هەژاری، پێوەری هەژاری لە کوردستان چییە؟ ڕێژەی دانیشتوان، کامە یە ڕێژەی دانیشتوان؟ یەعنی هەر جوملەیەك دەگری جوملەیەکی قیاسی ستانداردمان نییە لە کوردستان پشتی پێ ببەستین، یەعنی ئەوە بریتییە لە ئەرکی پەرلەمانتارەکان خۆمان لەسەر حکومەت کە ئەم پرۆژانە تەوزیع دەکات، یەعنی چی غەدر لە شارێکی وەکو دهۆك بکرێت، چۆن لێی قەبول بکرێت؟ ئەگەرنا تۆ هەر ستانداردێك دادەنێی، هەر شتێك دادەنێی داینێ، حەز دەکەن ئێستا دەنووسین بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان پارێزگاکاندا بە لەبەرچاو گرتنی هەژاری و کاولکاری وپێویستی دوو، سێ جوملەی تریش دەنووسین، ئەمە چ لە وەزع دەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا وابزانم من بووم ئەم پێشنیارەم کرد، من گوتم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، چونکە هیچ پێوەرێکی دروستمان نییە لە هەرێمی کوردستان، کام پێوەری هەژاریمان هەیە وەکو کاك گۆران ئازاد ئیشارەتی پێدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا ئەوە زۆر باشە، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر پارێزگاکان، فەرموو خاتوو مریەم.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە جگە لە پارێزگاکان ئیدارەشمان هەیە، ئیدارەی سەربەخۆ، دوو ئیدارەی سەربەخۆیە، ئەگەر پارێزگاکان ئیزافە کران ئەوانەش ئیزافە بکرێن، چونکە بەڕاستی هەمیشە ئەوان پەراوێز خراون وەك کاك گۆران باسی کرد، دوو ساڵ زیاترە یەك پرۆژەی ناو بازاڕ وەستاوە، دوو ساڵە ئیش و کارو کەسابەتی خەڵك وەستاوە، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە ئەو جێیەی بۆ دابین نەکراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریەم ئیدارەکان، قەزاکان، بەشێکن لە پارێزگاکان، کە باسی پارێزگات کرد ئیدارە دەگرێتەوە، قەزا دەگرێتەوە، ناحیە دەگرێتەوە، هەمووی دەگرێتەوە، کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هەموو گومان کردنە لە حکومەتە، ئێمە بۆ ئەو تەفاسیلە رادەکێشی، ئەگەر راستە ئەوەندە گومانە هەیە، والله لە قەزاکانیش گومانمان لە موحافەزە هەیە، بۆیە باش نییە ئەوەندە گومان کردنە، ئەوەندە تەفاسیلە، ئەو نەصەی کە خوێندرایەوە بە تەنیا دادپەروەری کافیەو سیقەمان بە حکومەت هەبێت، کە دادپەروەریانە تەعامول لەگەڵ ئەو قەرزە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخوێننەوە، هیچتان بۆ ئیزافە کردووە؟ یان هەر ئەوەیە، خۆ با پێتان بڵێم هەر کە دەیخوێننەوە هەر ئەوەی ترە، لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (34) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو تکایە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەکرێت ئەو ناکۆکیانەی لە ئەنجامی پیادە کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو رێککەوتن و گرێبەستانەی بەپێی ئەم یا سایە دەبەسترێن چارە سەر بکرێن لە رێگای ناو بژیوانی نێودەو ڵەتی بەگوێرەی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی پێویست دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شوان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر دەستم بەرز کردەوە، تازە دەنگی لەسەر درا، بۆیە هەر قسەیەك بکەم زیادەیە، بەڕاستی قسەی زۆری لەسەر کرا، کاك فرسەت قسەیەکی زۆر جوانی هێنا، بەڕاستی ئەو رەئیانەی ئێستا هەست پێ دەکەین هیچ ئیعتیباری بۆ دانانرێت، من لەگەڵ ئەوەدام دادپەروەریەکەش وەکو کاك قوباد ئیشارەتی پێدا..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە دەنگی لەسەر درا، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی دەیەم؟ کەس نییە، ئەوەی لیژنەی یاسایی دروستە هیچ پێشنیارێك نەبووە بگاتە سێ کەس، بەڵام بەشکێك لە پێشنیارەکان لە نەصەکە جێ کراوەتەوە، کەواتە کەس نییە قسەی هەبێت لەسەر ماددەی دە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (35) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگەڵدا نەبێ، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی یازدە تکایە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

کار بە هیچ یاسایەك، یان بڕیارێك، یان هەر دەقێکی تری ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا یە دە ستی بەرز بکاتەوە؟ (35) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگە ڵدا نەبێ، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەیەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن و پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی دەربکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا یە دە ستی بەرز بکاتەوە؟ (34) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگە ڵدا نەبێ، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەیەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاَوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا یە دە ستی بەرز بکاتەوە؟ (38) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (کەس نییە) لەگە ڵدا نەبێ، کەواتە ماددەکە پەسند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لەپێناو پالْپشتی کردنی باری دارایی هەرێمی کورد ستان و بەردەوامی پرۆ سەی گە شە پ ێدان و پێشخ ستن بەو شێوەیەی بەرژەوەندی بالاَی گەلەکەی دەستەبەر بکات، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ بەس کاك عباس غەزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەکەی وابزانم دەبێت بنووسین گەلەکەمان، ئێمە بۆ میللەتەکەمان بڕیار دەردەکەین، نەك بۆ میللەتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئەوە چاك بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لەپێناو پالْپشتی کردنی باری دارایی هەرێمی کورد ستان و بەردەوامی پرۆ سەی گە شە پ ێدان و پێشخ ستن بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گەلەکەمان دەستەبەر بکات، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (36) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگە ڵدا نی یە دە ستی بەرز بکا تەوە؟ ( کەس نی یە) لەگە ڵدا نەبێ، کەوا تە پە سند کرا، کۆی یا ساکە دەخە مە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە ماددە کانی پە سند کرا، کێ لەگەڵدا یە دە ستی بەرز بکا تەوە؟ (39) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (6) لەگە ڵدا نی یە، کەوا تە یا ساکە پە سند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کورد ستان دە کەین بە بۆ نەی دەر چوونی ئەم یا سایەوە، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)ی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 9/6/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/6/9

**كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2015/6/9 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2015/6/9 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو:**

**أ- پرۆژە یاسای تاقانەكانی كیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید كراوەكان.**

**ب- پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای زمانە فەرمییەكان ژمارە (6) ساڵی (2014)**

**2- گفتوگۆ كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە كراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) و بڕگەی هەشت لە ماددەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار كراو و پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەست پێ ئەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (14)، ڕۆژی دانیشتن (2015/6/9)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی یەكی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (14) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە كاتژمێر (10) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی (2015/6/9) بەم شێوەیە بێت:**

1 خوێند نەوەی یە کەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:

ت- پرۆژە یاسای تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید کراوەکان.

پ- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (6) ساڵی (2014)

2- گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە کراوە بەپێی بریاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) و بڕگەی هەشت لە ماددەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو و پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی کورد ستان ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

پێش ئەوە دەست بە بەرنامەی کار بکەین داوا لە بەرێز سکرتێری پەر لەمان ئە کەین کە پوختە یەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە.

بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 13) لە بەرواری (2015/6/2) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەر لەمانی ئامادە نەبوو و ئامادە بووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسند کردنی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە بەرێزتان ئە کەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەر لەمان و دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەرێز فخرالدین قادر- سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (13) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/6/2) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:

لە کۆبوونەوەی یەکەم:

ئاواز جەنگی- مۆڵەت - ئومێد حەمە علی- مۆڵەت - ئێڤار ابراهیم- مۆڵەت - باپیر کامەلا- مۆڵەت - پەری صالح- مۆڵەت - جمال عثمان مؤرتكة- ئامادە نەبووە - حەیات مجید- مۆڵەت - خلف احمد- مۆڵەت - زانا عبدالرحمن- مۆڵەت - سراج احمد- مۆڵەت - سەرکەوت سەرحەد- ئامادە نەبووە - شێرکۆ حەمە امین- مۆڵەت - صالح بەشار- مۆڵەت - ڤیان عباس- مۆڵەت - عادل عزیز- مۆڵەت - عبدالرحمن فارس(ابو کاروان)-

مۆ ڵەت - عبدالله محمود- مۆ ڵەت - عمر صالح- مۆ ڵەت - فەرهاد حه مه صالح- ئا ماده نەبووە - فەرحان جەوهر- مۆڵەت - منیره عثمان- مۆڵەت

له کۆبوونەوەی دووەم:

ئاواز جنگی مۆڵەت ئاواز جەنگی- مۆڵەت - ئومێد حه مه علی- مۆ ڵەت - 4- باپیر کاملا- مۆ ڵەت - پەری صالح- مۆڵەت - جمال عثمان مۆرتکه- ئا ماده نەبووە - حەیات مجید- مۆ ڵەت - خلف احمد- مۆ ڵەت - زانا عبدالرحمن- مۆ ڵەت - سراج احمد- مۆ ڵەت - سەرکەوت سەرحەد- ئا ماده نەبووە - شێرکۆ حه مه امین- مۆڵەت - صالح بەشار- مۆڵەت - ڤیان عباس- مۆ ڵەت - عادل عزیز- مۆ ڵەت - عبدالرحمن فارس- مۆ ڵەت - عبدالله محمود- مۆڵەت - عمر صالح- مۆڵەت - فەرهاد حەمه صالح- ئاماده نەبووە - فەرحان جەوهر- مۆڵەت - منیره عثمان- مۆڵەت - حسن صالح- مۆڵەت - انور قادر- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، ڕا پۆرتی بەدوادا چوونی کۆبوو نەوەی هەفتا نەی لیژ نه هەمیی شەییەکانی پەرلەمانی کوردستان له بەرواری (2015/6/3) تا (2015/6/9) بەم شێوەیە بوو:

1 لیژنەی ناوچه کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم له (6/3) کۆبوونەوەی کردووە:

1 منی نبی- مۆڵەت

2- لیژ نەی ئا سەوار و خز مەتگوزاری شارەوانی و گوا ستنەوە و گەیا ندن و گه شت و گوزار له (6/3) کۆبوونەوەی کردووە

صالح بەشار مۆڵەت- سراج احمد مۆڵەت - بێگەرد دلشاد مۆڵەت - ایوب عبدالله مۆڵەت - علی هالۆ مۆڵەت

3- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی له (6/7) کۆبوونەوەی کردووە

4- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

سەرجەمیان ئاماده بوون

5 لیژنەی ناوچه کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

سەرجەمیان ئاماده بوون

1- لیژنەی کاروباری پێشمەرگه و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

محمود عمر مۆڵەت -عبدالله محمود مۆڵەت

2- لیژنەی اوقاف و کاروباری ئاینی له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

سراج احمد مۆڵەت - ادریس علی مۆڵەت

3- لیژنەی دەستپاکی له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

ادریس علی مۆڵەت - خلف احمد مۆڵەت

4- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی له (6/8) کۆبوونەوەی کردووە

د.جوان اسماعیل مۆڵەت - د.ڕێواز فائق مۆڵەت - مەردان خدر مۆڵەت - زۆزان صادق مۆڵەت

5- لیژنەی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتیەکان لە (6/8) کۆبوونەوەی کردووە
رۆزا محمود مۆڵەت - عزت صابر مۆڵەت - ڕێواز فائق مۆڵەت
6- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (6/8) کۆبوونەوەی کردووە
ئاواز جەنگی مۆڵەت - عباس غزالی مۆڵەت - فەرهاد حەمە صالح مۆڵەت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامییە؟

بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام من مۆڵەت بووم لە هەموو حاڵەتەکان، بە بەڕێزت و برادەرنیشم وتووە ئە چم بۆ باکوور تا ئەو دەقەی دێمەوە پێم وتوون، یەك ڕۆژ بێ مۆڵەت نەڕۆشتووم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە سەر بەرنامەی کاری ئەمرۆمان کە بڕگەی یەکەم بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی کورد ستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:

1- پرۆژە یاسای تاقانەکانی کیمیا باران و جینۆساید و ئەنفالکراوەکان.
2- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسا فەرمییەکان ژمارە (6) ی ساڵی (2014).
3- داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست کردن بە خاڵی یە کەمی بەرنامەی کار.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایەك بناڤێ تاقانەکانی کێمیاباران و ئەنفال و جینۆساید کری هاتیە پێشکەش کرن ب ژ مارە یاساییە ئەندامە ڤە، کۆپیێ کی سێ ماددە د گەل هۆ کارێ دەرکر نێ، دە ست پێ د کەت ب ئاری محەمد هەر سین، محە مد صادق، شوان شێخ ا حمد، ڤەمان فی صل، ئوم ێد ع بدالرحمن، ام نە ز کری، سعید مەسیفی، ئێڤار ابراهیم، ئومێد حەمە علی، فائق مصطفی، شێرکۆ جودت، علی حەمە صالح، هەروە سا چەند بەرێزکی تر ژی واژوو خۆ پێشکەشی سکرتێری پەرلەمانی کری، کو دەست پێ د کەتن ب (دل ێر مصطفی، عبدالرحمن، ابو کاروان، باپیر کاملا، عبدالله حاجی محمود، یعقوب گورگیس، قادر رەز گەیی، بەهار عبدالرحمن، حسین اسماعیل، مەروان گەلاڵەیی، هەورامان گە چێنەیی) دا خازێ ژ جەنبێ وە یی دکەین کو پێشکەشێ لیژنەی پەیوەندیدار بکەن بۆ دروست کرنا ڕاپۆرتە ل سەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو نوقـتەی نیزا می هە یە  پێش وە خت،  با ئیحا لەی لیژ نەی پەیوەند یداری بـ کەین، دوا یی نوقـتە نیزامیـیەکانتان وەر ئەگرین، ئەم  پرۆژە یا سایە ئارا ستەی لیژ نەی کارو باری یا سایی و لیژ نەی کارو باری پێشمەرگە و قوربانـیانی جینۆ ساید و زیـندانیانی سیا سی و گ شت ئە ندامانی پەر لەمان  ئەکرێ، مامۆ ستا هەمورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان گەچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە نوقتەی نیزامییە، و داوا ئەکەم ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەی لە سەر بـکرێ،  چونکە  سەبارەت  بە پرۆژە یاسای تاقانەکان تەقریبەن  ئەو  پرۆژە یا سایە تە قدیم  کراوە، ئێ ستا تاقانا نەکانی  ئەنفال و کیمـیا باران چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو  پرۆژە یا سایە بـکەین و تە سویتی لە سەر بکەین، چەند مانگە لەگەڵیان دانیشتووین، وەعدمان پێ داوان، ئەم پرۆژە یاسایە تەقدیم  کراوە، نـێردراوە بۆ لیژنەی موختەس، بەداخەوە تا ئێستا  کەس ڕا پۆرتی لە سەر نەنوو سیوە،  تازە هە ندێ  پرۆژە تە قدیم ئەکرێ و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێ، داوا لە بەڕێزت ئە کەم بەدوادا چوونێکی  جدی  بۆ  ئەو بابە تە بکەی، چونکە تاقانەکان چاوەڕێ ئەکەن ئەمڕۆ یاساکەیان بۆ دەربچێ،  نەك  ئەمڕۆ  خوێند نەوەی یە کەمی بۆ بکرێ و کەی خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ ئەکرێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاری هەرسین.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە عورفی پەرلەمان نییە پەرلەمانتارێك جوابی یەکی تر بدا تەوە، بۆ یە  من  جواب نادە مەوە تا بەڕێزت روخسەت نەدەی، دوو شت هەیە پێویستە باس بکرێ، یەکێ لەوانە راست کردنەوە یەك ئە کەین لەو  پرۆژە قانو نە، ئە گەر  لە ماددە کان  سەیری (1، 2، 3)بـ کەین  لە  خوارەوە نوو سراوە ( ئاری محـ مد هەرسین) بە ناوی منەوە نووسراوە،  خۆی  ئەبوو بنوو سرێ لیژ نەی پێ شمەرگە و  شەهیدان و قوربانـیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کورد ستان، داوا  لە  بەڕێزتان ئە کەم  ئەو ڕا ست کردنەوە یە بکەن، دوو، لە هەمان کات داوا لە  بەڕێزتان ئە کەم لە بەر گرنـگی  ئەو مەوزو عە  کە لە سەر ئەسا سی  ئەو کۆبوونەوەیەی لیژنەی پێشمەرگە مۆنۆمێنی هەڵەبجە لەگەڵ نوێنەری ئەو قوربانیانە کردوو یەتی، داوا  لە بەڕێزتان ئەکەم سیفەتی بەپەلە بدەن بەو پرۆژە قانونە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شوان.

**بەڕێز(عمر مصطفى) د. شوان قەلاًدزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە بە ژمارەی یاسایی ئەندامان (12) كەس ئیمزای كردووە، لە (2014/5/18) پێشكەش كراوە، بەلامانەوە سەیرە ئەو بابەتە گرنگە كە خوێندنەوەی یەكەمیشی بۆ كراوە، بۆ چی خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەكراوە؟ بۆ ڕاپۆرتی لەسەر ئەمادە نەكراوە؟ تا ئەگاتە ئەوەی لەساڵی (2015) پاش ساڵێك پرۆژەیەكی تر پێشكەش بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كە خوێندنەوەی یەكەم بۆ پرۆژە یاسایەك كرا ئەڕواتە لای لیژنەی پەیوەندیدارەكان، ئەوانیش پێویست ئەكات ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بكەن، بەلاًم تا ئێستا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر پرۆژە یا سایەك خوێندنەوەی بۆ كرا بێ، پرۆژەی تری هاو شێوە خوێندنەوەی بۆ ئەكرێ، ئاراستەی لیژنە پەیوەندیداركان ئەكرێ، ئەو حاڵەتە نییە، حاڵەتی تریشمان هەیە كە چەند پرۆژە یاسایەك یان یەك پرۆژە یاسا بە ناوەڕۆكی جیاواز لەلایەن، یان هەندێ جار بە ناوەڕۆكی لێكچووش لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان واژوو كراوە، ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان كراوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی لەسەر بكەن، و هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە بكەن بە ڕاپۆرتی هاوبەش، چەند پرۆژە یاسا تا ئێستا لە ناو پەرلەمان گفتوگۆمان لەسەر كردوون، خوێندنەوەی دووەممان بۆ كردووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بە چەند گرووپێك پێشكەش كراوە، و دوایی لە خوێندنەوەی دووەمیش ئاماژە بە هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە كراوە كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، كاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی بەڕێز مامۆستا هەورامان لەجێی خۆیەتی، بەلاًم پیشنیار ئەكەم بۆ ئەوەی ئەو كێشە حەل بكرێ، ئەگەر سیفەی ئیستیعجال بكرێ بۆ ئەو پرۆژەیە، هەردوو پرۆژەكە پێكەوە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی سیفەی ئیستیعجالیان بدرێتێ، بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی بەیەكەوە ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش ئەكرێ، ئەكرێ هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی لە بواری تاقانەكانی ئەنفال و جینۆساید و كیمیا باران ئامادە كراون ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێ هەموویان سیفەی ئیستیعجالیان لەسەر بدرێن، فەرموو دكتۆرە ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز ئاری هەرسین و بەڕێز ڕابوون مەعروف ئەكەم سیفەتی ئیستیعجال بدرێ بەو پرۆژە یاسایانە بۆ ئەوەی بە زووترین كات ڕاپۆرتی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ، كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی زۆر بۆ هەموو كەسێك كە پرۆژە یاسا پێشكەش ئەكەن، و مافیان ئەپارێزرێ، بەلاَم ئەو سیفەی ئیستیعجالە ئەگەر ئێستا بیخەیتە دەنگ دەنگی لەگەڵ ئەدەم، بەلاَم پرۆژە یاسای تریش هەیە، ئەوەی شارەوانییەكان، دەنگمان داو سیفەی ئیستیعجالمان پێیدا، یەعنی ئەیكەین بە نەریتێك و دەنگیشی لەسەر ئەدەین و كە ئەشزانین سەركەوتووش نابێ، دواتر بە عەیبەیەك بۆ خۆمان ئەشكێتەوە وەكو ئەندامی پەرلەمان، لە كاتێكدا دوو هەفتە ئەو وەرزەی دانیشتنمان ماوە، ئەگەر ئەو مەوزوعە سیفەی ئیستیعجالیشی پێ نەدەی ئەتوانین بیخەیینە دەنگیشەوە، دەنگی پێ ئەدەم، بەلاَم وەكو حەزەرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ لە خستنە دەنگدانی سیفەی ئیستیعجال بۆ پرۆژە یاساكانی تریش منیش هەمان تێبینیم داوە، و بەداخەوە ئەو پرۆژە یاسایانەی تریش كە سیفەی ئیستیعجالمان پێداون لە كاتی خۆی نەمانتوانیەوە بیهێنینەوە هۆڵی پەرلەمان و موناقەشەی لەسەر بكەین، بەلاَم كە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش داوای ئەكەن ئەیخینە دەنگەوە، بەڵكو بتوانرێ ئامادە بكرێ، بەڕێز بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەم ئەو پرۆژە یاسایە سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ، بەلاَم چۆن موعالەجەی بكەین؟ ئەمڕۆ ئەكەوینە سەروبەندی گفتوگۆ كردن لە پەیرەوی ناوخۆ كە پێم وایە كاتێكی زۆر دوور و درێژ ئەخایەنێ، بۆیە ئەبێ ڕەچاوی ئەوە بكەین، وەلاَمی ئەوەمان بدەنەوە كە چۆن ئەتوانین سیفەی ئیستیعجالی بدەێنێ لە كاتێدا ئەوە پێویستی بە موعالەجە هەیە؟ نازانم چۆن چارەسەر ئەكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە كاتی دەست كردن بە گفتوگۆ كردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، لیژنەی ئامادە كردنی پەیڕەوی ناوخۆی هەندێ پێشنیاریان ئامادە كردووە، بۆ چۆنیەتی موناقەشە كردنی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی هەر پرۆژە یاسایەك گرنگی تایبەتی هەبوو بێتەوە هۆڵی پەرلەمان لە كاتی موناقەشە كردنی پەیڕەوی ناوخۆ بتوانین ئەو پرۆژە یاسایانە موناقەشە بكەین، چونكە پێم وابێ وتووێژ كردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ كاتێكی زیاتری ئەوێ، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سیفەی ئیستیعجال کە باسی یاسای زیادە ڕەوی کرا، من لە (4/8)ەوە ڕاپۆرتی ئێمەش و لیژنەی کشتوکاڵیش پێشکەش کراوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لای لیژنەی یاسایی پەکی کەوتووە بە بیانووی ئەوەی لای حکومەتەوە پرۆژە یەك دێت، تا ئێستا ئەوەی حکومەتیش نەهاتووە، لە پەیڕەوی ناوخۆ نییە پرۆژە ڕابگرین تا ئەوکاتی لە حکومەتەوە پرۆژە دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە ئەوە کێشەیەکە، بەڵام جەنابیشت ئەزانی کێشەی زیادەڕەویش پەیوەندی بە حکومەتیش هەیە کە پێویستە ڕای ئەوانیش وەربگیرێ، بە تایبەتی وەزارەتی شارەوانی کە کێشەکە لێرەیە کە وەزارەتی شارەوانی داوای ئەوەی کردووە چاوەڕێی لیژنەی پەیوەندیدارەکان، چاوەڕێ ئەوانیش بکەن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ڕووخەستم بدەی بایە حزووری بەڕێز وەزیری شارەوانی و ستافەکەی چوار جار لەگەڵی کۆبووینەوە، ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەوان ئامادە کراوە، تەنیا پرۆژەیەك نییە، زۆر بە داخەوە سوئی تەفاهومێك دروست بووە لە مەسەلەکە، داوا ئەکەم بەرێزت هەوڵی چارەسەرێکی ئەو مەلەیە بدەی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پرۆژە یاساکانی پەیوەندیدار بە تاقانەکانی ئەنفال و جیۆنساید و قورباذیان و کیمیا باران سیفەی ئیستیعجالی پێ بدرێ لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس روخسەتم بدەی بە حزوری بەڕێز وەزیری شارەوانی و ستافەکەی (4) جار لە گەڵی کۆبووینەتەوە، ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ ئەواندا ئامادە کراوە، دەنا پڕۆژەی ئێمە نییە، زۆر بەداخەوە سۆئی تەفاهوم دروست بووە لە مەسەلەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە دەبێ هەوڵی چارەسەر کردنی ئەوەش بدەین.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم بەڕێزتان هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە بدەن، ئەوەش زۆر گرینگە بۆ خەڵکی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پڕۆژەکانی پەیوەندیدار بە تاقا نەکانی کێمیا باران و ئەنفال و جێنو ساید کراوە کان سیفەی پە لەیيان پێ بدرێت لە ئا مادەکردنی را پۆرتی لیژ نە پەیوەندیدارەکان؟، کێ لە گەڵیەتی؟، (71) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، کەس نییە دژی بێت؟، کەوا تە پەسەند کرا، فەرموو کاك ڤەمان پڕۆژە یاسای (2)م بخوێنەرەوە.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسایا (2)م کو ژلایێ ژمارا یاسایی یا ئەندامێت پەرلەمانی ڤە هاتیە پێشکەش کرن بناڤێ هەموارا یاسای زمانێ فەرمی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی، بەس ئاماژە پێ نەدایە ئەو یاسایە ژمارە چەندە ئەوا کو بێتن هەموار کرنێ، کو ژ (2) ماددا و هۆ کارێن دەر چۆنێ پێك دێتن، دەست پێدکەتن ژی ناڤێ ( فەرهاد سەنگاوی، صالح فەقێ، ئاواز شێخ جەنگی، خلف احمد، ڤەمان فیصل، رێواز فائق، تەلار لطیف، عباس فتاح، سەرکەوت سەرحەد، سالار محمود، مریم صمد، قادر ئۆتمان، سعید مەصیفی، گەشە دارا، زیاد حسین، شرین حسنی، حیات مجید، مدینە ایوب، فیروز طە، بیار طاهر، دڵشاد شعبان، ئاری هەرسین، هیڤا حاجی، پەری صالح، کەژاڵ هادی، محمود حاجی، حسن صالح، زولڤا محمود، جعفر ابراهیم، علی علی هالۆ، محمد علی، شیلان جعفر، گۆران ئازاد، عزت صابر، بێگەر دڵشاد، دلێر ماوەتی، حسین اسماعیل، ئێڤار ابراهیم، عبدالرحمن علی، ئۆمێد عبدالرحمن، سراج شێخ احمد، ابراهیم احمد، د.عبدالله جاسم، وحیدە یاقۆ، زانا عبدالرحمن، ماجد عثمان، کمال یلدا، یعقوب گورگیس، حاجی کاروان، شێرکۆ جودت، بەهزاد دەروێش، سەهراب میکائیل، سهام عمر، لینا عزریا، عادل عزیز، سۆران عمر، جوان اسماعیل، عمر عینایەت، رابوون معروف، منی نبی، جودت جرجیس، سرود سلیم، شوان شێخ احمد، بشار مشیر، تحسین اسماعیل، نجات محمد، فرحان جوهر، عباس غزالی، صالح بشار، محمد صادق، شێرکۆ حەمە امین، قارەمان قادر، جمال مۆرتکە، عبدالله حاجی، عبدالرحمن فارس، ئاواز حمید، ئۆمێد حەمە علی، بەهار عبدالرحمن، ناظم کبیر، شێخ شامۆ، بێستۆن فائق، امنە زکری، ابو بکر هەڵەدنی، مدینە ایوب، انس محمد شریف، عمر صالح، نجیبە لطیف، علی حەمە صالح، فخرالدین قادر، منیرە عثمان، غریب پێنجوینی، هەورامان گەچێنەیی، رۆزا محمود، انور قادر، فرست صۆفی، شکریە شێخانی، فائق مصطفی، ڤیان عباس)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داخوازێ دکەین ئەڤێ ژی ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کار و باری یاسای و، لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هۆنەر و گەشت ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز ( ڤەمان فیصل) ئەندامی لیژنەی یاسایی، کاك باپیر نوقتەی نیزامی؟، ئاخر دەبێت نیزامی بێت، نا، پەیوەندی بە خەڵکەوە، نا، دەبێت نیزامی بێت، نیزامی، ئەوەی لەبەرنامەی کاردا بێت، ئەوەی کە سیفەی ئیستیعجالمان پێداوە لە بەرنامەی کاردا بووە، بەڕێزان

دەچینە سەر برِگەی (2)م لە بەرنامەی کار کە بریتیە لە گفتو گۆ کرد نی پەیرِەوی ناوخۆی پەر لەمانی کوردستان، کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێدا چوونەوەی پەیرِەوی ناوخۆ ئا مادە کراوە بە پێی برِ یاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) و برِگەی (8) لە ماددەی (56) لە یا سای هەڵبژاردنی پەر لەمانی کورد ستان ژ مارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو پاڵپ شت بە ماددەی (94 )ی پەیرِەوی ناوخۆی پەر لەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، ئێستا داوا لە لیژ نەی پەر لەمانی کورد ستان تایبەت بە پێدا چوونەوە بە پەیرِەوی ناوخۆی پەر لەمانی کورد ستان  عێراق دە کەین کە بفەرموون بۆ سەر مەنە صە، ئە ندامانی بەرِێزی پەر لەمان ئ ێوە دەزا نن کە لە دانیـ شتنی ئا سایی ژ مارە (6)ی رِۆژی (2014/10/21) پەرلەمانی کوردستان برِیاری دا لیژنەیەك دروست بکات بۆ پێدا چوونەوە بە پەیرِەوی ناوخۆی پەرلەمان و، ئامادە کردنی پەیرِەوێکی نویٚ بۆ سەر لە نویٚ دارِشتنەوەی چۆنیەتی ئیش و کار لە ناو پەرلەمان و رِێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەر لەمان و دە سەڵاتەکانی تر و، چۆنیەتی و تو و یٚژ کردن لە سەر پرِۆژە یا ساکان، شێوازی بەرِێوە چۆنی کار لە ناو پەر لەمانی کوردستان و سەرجەم ئەو بابەتانەی تری کە پەیوەندیدارن بە پەیرِەوی ناوخۆ لە ما فەکانی ئەندامیەتی، مافی پرساندنی ئەندامان، چۆنیەتی وتو ویٚژ کرد نی پرِۆژە یا ساکان بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوازێکی نویٚ یا نەو سەردەمیانە کارە کانی پەر لەمانی کورد ستان بەتایبەتی کارە کانی یا سا دا نان و چاودێری کردن و، هەروەها و تو و یٚژ کردن لە سەر بود جەی هەرێمی کورد ستان لە پەر لەمان بەرِێوە ببەین، لەم رِووەوە لیژنەیەك دروست بوو کە خۆش بەختانە ئەم لیژنەیە دوای ئەوەی توانیان پەیرِەوی ناوخۆ ئا مادە بکەن، کە سپاردیان بە دەستەی سەرۆکایەتی و ئێستا لەبەر دەستی ئ ێوەی بەرِێزی ئە ندامانی پەرلەما نە، ئەمرِۆ ئەو لیژنەیە سەرەتا راپۆرتی کار و چالاکیەکانی خۆیان و چۆنیەتی ئامادە کردنی پرِۆژەکە دەخوێننەوە و، دوا تر هە ندێك را سپاردەیان هە یە بۆ چۆنییەتی و تو و یٚژ کردن لە سەر پەیرِەوی ناوخۆی پەر لەمانی کوردستان ئەوانەش دەخەینە دەنگەوە و، دەنگدانی لە سەر دەکر یٚت و دوا تر دە ست دە کەین بە و تو و یٚژ کردن لەسەر پەیرِەوی ناوخۆ، کاك باپیر فەرموو.

**بەرِێز باپیر کامەلا:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە باسمان لە سیفەتی ئیستیعجال کرد زۆر شتی گرینگ هە یە، بەڵام پێموا یە هیچ شتێك لە بود جە گرینگتر نییە، کە ماوەی (2) ساڵە مەسەلەی بودجە بە هۆی قەیرانی ئابووریەوە پەر لەمانی کورد ستان تەصدیق نەکراوە، بەڵام بەیانی مالی خۆ دەبێت بێتە پەرلەمانی کورد ستان و بزانین چی خەرج کراوە و، چی هەیە و چی قەرزدارین؟، سوپاس.

**بەرِێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەمە هیچ پەیوەندی بە بەرنا مەی کاری ئەمرِۆ نەبوو، ئە مە نیزامیش نەبوو، با شە قسەکانی خۆتت کرد، تکایە لەسەر خۆ، هێور بەرووەوە، قسەی خۆتت کرد، بەیانی مالی ئاراستەی لیژنەی کار و باری

داراییمان کردووه و چاوەڕێی ڕای ئەوان دەکەین بۆئەوەی بزانین پەر لەمانی کورد ستان چۆن مامە ڵەی لە گەڵدا بکات، چونکە بودجە پەسەند نەکراوە و ئەوەش حیساباتی خیتامی نییە، لە پەیڕەوی ناوخۆش دا چۆنییەتی موناقەشە کردنی ئەمە ڕێك نەخراوە، چاوەڕێی ڕای لیژنەی پەیوەند یداری پەر لەمان دە کەین، بۆئەوەی ئەوان هەر ڕایەکیان هەبوو ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمە لە دە ستەی سەرۆکایەتی و تو و ێژی لە سەر دەکەین و ئەو کات بڕیاری لەسەر دەدەین، ئێستا داوا لە بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی سەرۆکی لیژ نەی کاتی بۆ پێدا چوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دە کەین کە بفەرموێت بۆ پێشکەش کرد نی ڕاپۆرتەکەی.

**بەڕێز د.فەرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرە بان، بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان، لەڕێکەوتی (2014/6/16) پەرلەمانی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی دا بۆ پێدا چوونەوە و هەموار کردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکە پێك هاتبوو لە (13) ئە ندامی پەر لەمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- د.فرست صۆفی علی/ سەرۆکی لیژنە.

2- قارەمان قادر فتاح/ جێگری سەرۆکی لیژنە.

3- گەشە دارا جلال/ بڕیاردەری لیژنە.

4- امنە زکری سعید/ ئەندامی لیژنە.

5- ابو بکر عمر عبدالله/ ئەندامی لیژنە.

6- سۆران عمر سعید/ ئەندامی لیژنە.

7- د.بەهار محمود فتاح/ ئەندامی لیژنە.

8- د.ڕێواز فائق حسین/ ئەندامی لیژنە.

9- ڤەمان فیصل/ ئەندامی لیژنە.

10- عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ ئەندامی لیژنە.

11- منی نبی نادر/ ئەندامی لیژنە.

12- عمر مصطفی باوەمیر/ ئەندامی لیژنە.

14- وحیدە یاقۆ هرمز/ ئەندامی لیژنە.

لیژنە سەرەتا میکانیزمی کار کردنی خۆی پەسەند کرد و پەیڕەوی بەرکاری کردە بنەما، ماددە بە ماددە گفتو گۆمان لەسەری دەکرد، وەك تێبینیەك دەما نەوێت بیخەینە بەر دە ستی جەنابتان بەر لەوەی ئەم لیژنەیە لە (6/16) لە پەرلەمانی کوردستان وەکو لیژنەیەکی کاتی دەنگی لەسەر بدرێت، لەو ماوەیەی کە پەر لەمانی کورد ستان نە یدەتوانی کۆببێتەوە، لە لا یەن فراکسیۆنەکانی پەر لەمان لیژنە یەکی دیکە کە

لیژنه یەکی نا فەرمی بوو لەو ماوە یە کار یان کرد و ژمارە یەکی زۆر لە ماددە کانی پەیڕەوی ناوخۆ یان هەموار کرد، ئێ مە کە لیژ نە فەرمییە کە پێک هات لە پەر لەمان لە سەری ڕۆی شتین، دوا تر ناوی ئەو بەڕێزانەش ئاماژە پێدەدەین کە لەو لیژنەیە دەور و ماندوو بوونیان پیشاندابوو، ماوەی نزیکەی (1) ساڵ کار کردن و ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەك توانیمان خۆش بەختا نە ئەم پەیڕەوەی ئێستا کە لەبەر دەستانە ئامادەی بکەین، سوپاس و پشوو درێژی و ماندی بوونی جێگر و بڕیاردەری لیژ نە و یە کە یە کەی ئە ندامانی لیژ نە دە کەین بەرا ستی ئەرکێکی قورس بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بە گرووپ کار مان دە کرد توانیمان سەرکەوین، دە توانم بڵێم دەکر ێت شێوازی کار کرد نی لیژ نەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکرێتە نموونەیەکی باش بۆ کاری دا هاتووی پەر لەمان لە هەما هەنگی و یەکتر قبوڵ کردن، ئێمە تیمێك بووین راستە هەر یەکەمان نوێنەری فراکسیۆنێکی پەر لەمانی بووین، بەڵام کەمترین حیزبایەتی و حەساسییەتی حیزبی لەکاری لیژنەکەمان بەدی دەکرا، ئەو پەیڕەوەی ئێستا لە بەر دە ستانە بە تەنیا جەهودی ئەو (13) ئەندا مەی لیژ نە نی یە، بەڵکو خەڵکانێکی دیکەی دڵسۆز بەو پەڕی گ یانی خۆبەخشی و ماندوو نەناسی لە گەڵمان بەشداربوون و بیرو پێشنیارو جێ پەنجەیان زۆر بە ڕوو نی لە سەر ئەم پەیڕەوە دیارە، هەر بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم سوپاسی یەکە یەکەی ئەو لایەن و جیهەت و کەسانە بکەین کە لە گەڵمان هاوکار بوون، سوپاسێکی تایبەت بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، کە بەردەوام هاوکارمان بوون، بەردەوام پاڵپشتمان بوون و، بەردەوام بەدوادا چوونی کارەکانی ئێمەیان دەکرد، سوپاسی زۆر بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەر لەمان، ئە گەر ئ ێوە نەبان و کار ئاسانی ئێوە نەبایە نەماندەتوانی بگەینە ئەوەی کە ئێستا پێگەی شتین، سوپا سێکی تای بەت بۆ ئەم ڕاوێژکارە بەڕێزانەی پەرلەمان کە لە خوارەوە ناویان دەهێنین وەکو ئەندامی لیژ نە لە یە کەم ڕۆژەوە تا دوارۆژ لەگەڵمان بوون، زۆر سوپا سیان دە کەین، بەتای بەتی زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر (عثمان علی وەیس) کە زۆر ماندوو بوو لە گەڵمان، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (کاردۆ محمد) زۆر ماندوو بوو لە گەڵمان، بەڕێز کاك (هیوا حامد) یەکێك بۆ لەوانەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە گەڵمان بوو، بەڕێز (دا نا) ڕاو ێژکاری پەرلەمان لە گەڵمان هیلاك بوو، بەڕێز (لاوەند) ڕاوێژکاری پەرلەمان لە گەڵمان زۆر ما ندوو بوو، بەڕێزان کاك (دیلمان) و کاك (صلاح) ڕاوێژکارانی پەرلەمان لە گەڵمان بوون، هەروەها سوپاسێکی تایبەت بۆ بەڕێز (جبار امین) کە زۆر لە گەڵمان هیلاك بوو بە تای بەتی لەو سەفەرەی لیژ نەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ پەرلەمانی (سوید) کردی، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر (دا نا سعید صۆفی) کە لە گەڵمان هیلاك بوو، سوپاسێکی زۆر تایبەت بۆ بەڕێز (عبدالسلام بەرواری) زۆر لە گەڵمان ما ندوو بوو، سوپا سی تای بەت بۆ بەڕێز دکتۆرە (ڤاڵا فرید) کە لە بەشێکی کارەکانی لیژنە ئەندام بوو، دواتریش کە لە لیژنەکەش کشایەوە، بەڵام بە بەردەوامی بە سەرنج و تێبینی یەکانی لە گەڵمان بوو، سوپاس بۆ هەر یەك لە بەڕێزان (عمر عینایەت) و (گۆران ئازاد) و (رابوون معروف) و (مولود باوە مراد) و ( شێخ فخرا لدین) و ( باپیر کا مەلا) و (مەردان خدر) و (ئایدن معروف) و کاك (یروانت) و کاك (تحسین دۆڵە مەری)، کە ئەوا نە هەم لە لیژ نە

فەرمییەکەی پێشوو تر لە گەڵمان بوون هەم سەرنج و تێبینیشیان پێدابن، زۆر سوپاس بۆ هەر یەك لە بەڕێزان (فرست احمد) و (عدنان عثمان) و (د.ڕۆژان دزەیی) و (زانا ڕۆستایی) و (د.عمر نورا لدینی)، کە ئەوانیش بەو راپۆرتەی نوسخەی کۆتایی ئامادەمان کردو پێمان دان و پێداچوونەوە و بە سەرنجەکانیان دەوڵەمەندیان کرد، سوپاسی بەڕێز (دیلان) دەکەین کە سکرتێری لیژنەکەمان بوو بەراستی شایەنی ڕێز و تەقدیرە، زۆر هیلاك بوو لە گەڵمان، سوپاس بۆ کاك (مهدی محمد عبدالقادر) و (شکري عثمان حسن) و (عثمان محمد) و هەر یەك لە (مقصود) و (احمد) و (مام زەردو)، کە ئەوانە ئەرکی کار گۆزار یان لە گەڵ ئێمە کێشا و لەماوەی کۆبوونەوەکانی لیژنە لە گەڵمان بوون، بۆ ئا مادە کرد نی ئەم پەیڕەوە جگە لەوەی سوودمان وەرگرت لە پەیڕەوی پەرلەمان کە ئێستا کاری پێدەکەین، سوودمان وەرگرت لە پەیڕەوی ناوخۆی نزیکەی (21) وڵاتی دونیا بۆ نموونە پەیڕەوی ناوخۆی (ئەڵمانیا، میسر، سوید، مەغریب، ئوردن، جەزائیر، کوێت، عێراق) تا کۆتایی، هەروەها سوودمان وەرگرت لەو پڕۆژانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە پێشتر لە خۆلی دووەم و سێیەمی پەرلەمانی کورد ستان ئا مادە کرا بوون، سوودمان وەر گرت لەو پڕۆژە یەی کە (N.D.I) ئا مادەی کرد بوو، هەروەها بۆ ماوەی (4) ڕۆژ سەردانی پەر لەمانی ( سوید)مان کردو بە شێوەیەکی مەیدانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی (سوید) و کاری لیژنەکانمان بینی و لەوێ لە گەڵیان ئا مادە بووین، سوپاسی هەر کەس و لا یەنێکی تر دە کەین ئە گەر بە یەك و شەش تەنا نەت بە ها ندانێکیش لە گەڵماندا بووبێ، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، بەڕێزان ئەم پەیڕەوەی لە بەر دە ستانە پێکهاتووە لە (12) بەش و (149) مادده، بەم پێیەش بەبەراورد لەگەڵ پەیڕەوی پێشوو (54) مادده ز یادی کردووە، چونکە پەیڕەوی بەرکار لە (95) مادده پێکهاتووە، بە شی یە کەم ئەم پەیڕەوەی کە ئامادە مان کردووە، ئەم پڕۆژەیە پێناسەی چەمکەکان کراوە، بەشی دووەم پێکهاتەو کۆبوونەوەی پەرلەمانی تێدا د یاری کراوە، لە بەشی سێیەم هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئاماژەی پێدراوە بە شێوەیەکی ورد دەسەڵاتەکانی دە ستەی سەرۆکایەتی و سەرۆك و جێگر و سکرتێر داڕیژراونەتەوە، بەشی چوارەم باس لە ئەندامیەتی دە کات کە هەر یەك لە درو ستی ئەندامیەتی و ئەر کەکانی ئە ندام و ما فەکانی ئە ندام و پارێز بە ندی و نەمانی ئەندامیەتی دیاری کراوە، بەشی پێنجەم لیژنە هەمیشەیی و تایبەتیەکان بەشێوەیەکی نوێ دارێژراونەتەوە و هەوڵدراوە لەم پڕۆژەی لەبەر دەستتانە لیژنەی هەمیشەیی ببێتە چەقی کار کردنی پەرلەمان و، هەموو نا ڕوونیەکان کە پەیوە ستن بە کۆبوو نەوەکانی لیژ نەکان و کاری لیژ نەکان هەوڵما نداوە ڕۆ شنی بکەین، ژمارەی لیژنەکان کەم کراونەتەوە بە پێی ئەوەی ئێمە پێشنیاری دە کەین بۆ بەردەمی دێوەی بەڕێز لە (17) لیژ نە ز یاتر تێ پەڕ نا کات، بە شی (6)م سیـ ستەمی کاری پەر لەمان کە تێدا بەرنا مەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان زۆر بە ڕوو نی باس کراوە، کارنا مەی هەفتا نەی پەر لەمانمان دا ناوە، لە مەو دوا ئەندامی پەرلەمان دەزانێ ڕۆژی (یەك شەممە) لەناو هاووڵاتیانە، ڕۆژی (دووشەممە) کۆبوونەوەی لیژ نەی هەمیـ شەیی هە یە، ڕۆژی (سێ شەممە) و ( چوار شەممە) کۆبوو نەوەی پەرلەما نە ڕۆژی (پێنج شەممە) تایبەتە بە کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت، هەموو ڕۆژەکانی هەفتەمان بە تەنزیم لە نێو ئەم پەیڕەوە ڕێك

خستووه، هەروەها دانیشتنەكانی پەرلەمان و ئامادە بوون لە دانیشتنەكان وسیستەمی گفتو گۆ كردن لەم بەشە ڕێكخراوە، بۆ نموو نە لە مەو دووا دیار یمان كردووە هەر ئە ندامێكی پەر لەمان تەنیا (3) خو لەك دەتوانێ لەسەر هەر بابەتێك قسە بكات، تەنانەت خاڵی پەیڕەویش كە یەكێكە لەو كێشانەی كە كات لە دەستی ئێمە دەدات و كاتمان بە فیڕۆ دەدات، ئێمە لە ناو ئەو پرۆژەیەی لەبەر دەستماندایە زۆر بە روو نی پێناسەمان كردووە، بەشی حەوتەم، چاودێری كردنە كە یەكێكە لە كۆڵە كە گرنگەكانی كاری پەر لەمانی، پرسیاری زارەكی و نووسراو، تەرح كردنی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ و ئیستیجواب و لێسەندنەوەی متما نە، زۆر بە روونی مەرجەكانی هەر یەكەمان لە ناو ئەم پەیڕەوە نوێ یە خستووتە بەر باس، بە شی هە شتەم كە یاسادانە لە هەموو بەسشەكانی تر گرنگترە، هەوڵمان داوە پێشنیاری یا سا و پرۆژەی یا سا لێك جیا بكەینەوە، پێشنیازی یاسا ئەوەیە كە لە ﴿10﴾ ئەندام پەرلەمان بەسەرەوە پێشكەشی بكەن، بە شێوازێك كە كۆمەڵێك خاڵمان دیاری كردووە دەبێت ئەو مەرجا نەی لە پێشنیازی یا سادا هەبن دیار یمان كردووە، پرۆژە یاساش ئەوەیە كە حكومەت یان دەسەڵاتی جێ بە جێ كردن و ئەو پرۆژانەی پەیوەستن بە دسەڵاتی دادوەری، ئێمە لە یاسادانان خوێندنەوەی سێیەممان ئیزافە كردووە، واتە لەمە دوا كاتێك لەسەر بڕ گەكانی یاسایەك گفتوگۆ دەكرێت لەو جەلەسەیە دەنگدان ناكرێت لەسەر ئەم یاسایە و لە جەلەسەی دوا یی لە گەڵ لیژ نەی تایبەتمە ند و لیژ نەی یا سایی، سیاغەی را یەكان دەكر ێت و ئێنجا لە جەلە سەیەكی تای بەت كە جەلەسەی دەنگدانە، دەخرێتە دەنگدان، بەشی نۆیەم تایبە تە بە بود جە و لە بە شی دە یەم ئیستیحداس كردنی كۆمەڵێك دەستەو ماددەی گرنگە كە لە پەیڕەوی ئێستای بەركار دا نین، بۆ نموونە باسی فراكسیۆن و پێناسە و دەسوڵات و مافەكانی فراكسیۆنمان كردووە و دەستەی گشتیمان ئیستیحداس كردووە، دە ستەی گشتی كە پێك دێت لە سەرۆكایەتی پەر لەمان و سەرۆكی فراكسیۆن و دە سەڵاتەكانی دە ستەی گشتیمان د یاری كردووە و هەروەها ئۆپۆز سیۆنی پەر لەمانیمان پێنا سە كردووە و ما فەكانی ئۆپۆز سیۆنی پەر لەمانیمان باس كردووە وە كو كۆڵە یەكی گرنگ لە سی ستەمی دیمۆكرا سی، بە شی یازدە یەم دی سان ئیسحتیداسی كۆمەڵێك ماددەی گرنگە، دیوانی پەرلەمانمان پێناسە كردووە و نوو سینگەكانی پەر لەمان كە ئێستا هەن، بەڵام لە پێڕەوی بەركاردا باسیان نەكراوە و هەروەها وەزیری هەرێم بۆ كارو باری پەر لەمانی ئەركەكانی دیاری كرداوە، لە بەشی دوانزادەیەم حوكمەكانی كۆتایمان تێدا باس كردووە، دابەش كردنی ئەو بەشانە كە لە بەردەستداندایە لەم پرۆژەیە بەم تەسەلسولە شتێكی سابت نی یە و دە توانن پێش و پا شی بكەن، چونكە وەك پرۆژە خستوومانە بەردە ستان و كەمترین ماددە كانی بە دوو را هاتووە بەردە ستتان، ئەمەش ئەنجامی لە خۆبووردەیی نوێنەرەكانتا نە لە فراكسیۆنەكانە لە ناو لیژنە كەدا ، پێم وا یە ﴿9﴾ ماددە بە دوو را هاتووە، ئەگەر نا زۆر رای جیاواز هەبووە، بەڵام لە خۆ بووردەیی ئەو ئەنداما نەی لێرە دانیشتوون وای كردووە كە ئێمە بە كەمترین ماددەی دوو را بێینە بەردەمتان و كەمترین سەرئێشە بۆ پەرلەمان دروست بكرێت، میكانیزمی پەسەندكردنی ئەم پەیڕەوە كە وەك پێشنیار دەیخەینە روو ئە گەر پەسەندی بكەن، پێشنیار دە كەین هەر ئە ندامێكی پەر لەمان لە سەر هەر ماددە یەك بۆی هەبێت ﴿2﴾

خولەك قسە بكات و بۆ یەك جار و لە سەر یەك مادده قسە بكات، ئە مەش نەك بۆ تەقید كرد نی قسە كردن، تەنیا بۆ ئەوەی لە ئایندەیەكی نێزیك ببینە خاونی پێڕەوی ناوخۆ، چونكە پەر لەمان پێویستی بە پەیرەوی نوێ یە ، پێشتر عورفێك هەبوو هەر كاتێك كە پەیرەو دەنگی لە سەر دەدرا و مادە یەك مان تە عدیل دە كرد یەك سەر دەخرا یە بواری جێ بە جێ كردن، ﴿ كاك ڤەمان﴾ ئەو پێشنیارەی خستە بەردەستمان كە لە ماددەی كۆتایی لە ئێستا پە سەند بكەین، بلێین ئەو پەیرەوە دوای بڵاوكرد نەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستانی پەسەند دەكرێت، كەواتە ئێستا پەسەندی بكەین، لەبەر چی؟ لە بەر ئەوەی ئێستا یەك، دوو پەسەندی دەكەین بەركار نابێت و تا ماددەی ئاخیر، لە رۆژنا مەی وە قایعی كورد ستانی بڵاودەكرێت و هەر مادەیەك پەسەند دەكرا بەركار دەبوو ئەمە بۆ ئێوەی بەرێز بە جێ دێڵین، ئە گەر بە گۆنجاوی دەزانین بۆ سوود وەرگرتن لە كات، ئەو سیستەمەی ئێمە لە خاڵی پەیرەوی دا مان ناوە و لەم پرۆژەیەی لەبەر دەستمانە، بەركاری بكەین و جێ بە جێ بكەین، بۆ ئەوەی لە رێگەی خاڵی پەیرەوی، بۆ ئەوەی كاتمان بە فیرۆ نەڕوات، پێمان باشە بەش بە بەش بخوێنین كە ﴿12﴾ بە شە و هەموو پەیرەوی ناخوێنین و بەشی یەكەم دەخوێنین و ئینجا مادده، مادده دەیخەینە بەر گفتو گۆ، بڕ یار وا بوو كە هەوڵ بدەین هەمووی تەواو ببێت ئینجا بخەینە دەنگدان، بەڵام لە كۆبوونەوەی پەیرەو پێمان وا یە پێچەوانەیە، بۆ یە نا چار دە بین مادده بە مادده بیخەینە دەنگدان ئە گەر لە رووی قانونی كێشە نەبیت كە هەموو بەشەكە موناقەشە بكەین و ئینجا سیاغەی قانونی مادده كان بكەین، ئە مە بۆ رای ئێوە بەجێ دە هێڵین، هیچ جهود یێك بێ كەم و كۆڕی نی یە، دەزا نین ئەوەی لە بەر دە ستی ئێوە یە كەم و كوڕی تێدا یە، بەڵام چاوەڕوانین دەوڵەمەندی بكەن، بۆ ئەوەی بێتە پەیرەوی نموونەیی كە هەمومان شانازی پێوە بكەین، بە توانا و بەشداری و رەخنەی ئێوە دەوڵەمەند وباشتر دەبێت، پێشنیاری تر دەخەینە بەردەستتان كە هەر لە ئێستاوە لیژنە یەكی دیكەی كاتی بۆ دا نانی رێكارە كانی رەفتار كاری ئە ندامی پەر لەمان پێك بهێنر ێت، چونكە ئەم پەیرەوە ئە گەر جێ بە جێش كرا ئێمە لەناو پەر لەمان رێكارە كانی رەفتار كاری ئە ندامانی پەرلەمانمان نەبێت، كێشەمان بۆ دروست دەبێت، دوو پرۆژە مان هەیە كە یەكێكیان ﴿د. عبدالله جاسم﴾ و ئەوەی تر ﴿د. عثمان ع لی وە یس﴾ ئا مادەی كردووە، هەر كە سێك دە یەوێ ئەو رەشنوو سە بخرێ تە بەردەستی سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئێمە بە زەرووری دەزانین پەرلەمانی كورد ستان ئەم رێسایەی رەفتاری كاری سلوكی ئە ندامانی پەر لەمانی هەبێت كە لە هەموو پەرلەما نەكانی دونیا هە یە، بووورن ئە گەر درێژمان كردبێت، بەڵام بە پێویست دەزا نین لە یە كەم گفتو گۆ لە سەر پێرەوی ناوخۆ ئەم پێشنیارانە بخەینە بەردەستتان و هیوادارین لەو ماوە ی لەبەر دەستماندایە، پێش كۆتایی گەیشتن بە فەسلی تەشریعی و لە ماوەی كە مدا ئەم پەیرەوە تەواو بكەین و سوپاس بۆ هەموو ئە ندامانی بەرێزی لیژ نەی كاتی پەیرەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ د. فرست سەرۆكی لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پ یڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستانی عێرق، پێم وایە بابەتێك لە بیرت چوو، ئەگەر هەر پرۆژەیە یاسایەك پەر لەمان بە گرنگی زا نی بتواذ یێت بهێنرێتەوە بەرنامەی كار لە كاتی گفتوگۆ كردنی لە پ یڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، چونكە ئێ مە لە كۆ تایی هاتنی فەسلی تەشریعی كاتی كەممان ماوە ئێستا ﴿3﴾ حەفتەمان ماوە جگە لەم حەفتەیە، بۆیە پێویستە هەندێك پرۆژە یاسا كە سیفەی ئیستیعجالتان پێداوە و دوو پرۆژەیە یاسای تر كە گرنگن و پێویستە پێش كۆتایی فەسلی تە شریعی دەنگی پێ بدرێت كە یەكێكیان پەیوەند یدارە بە پرۆژە یا سای بە كریێ دان لە مانگی حەفتی ئەمساڵ دەكەوێتە بەركار كە پێوی ستە رابگیر یێت و هە ندێك با بەتی سیا سی ئانی هەن كە رەذ گە پێوی ست بە خوێند نەوەی پرۆژە یا سا یان پە سەند كرد نی هەبێت و ئە مەش دی سان پێوی ستە پەرلەمانی كوردستان خەمی لێبخوات، بۆیە پشتگیری رایەكانی لیژنەی پەیوەندیدار دەكەین كە داوا دەكەن ئەندامان بە پۆختی و كورتی و چڕی گفتوگۆ ی پ یڕەوی ناوخۆی بكەن و ئەو پێ شنیارانەی كە كرد یان سەبارەت بە كاتی قسەكردن و خاڵی پەیڕەوی دەخەینە دەنگدان، لەهەمان كات پێوی ستە ئە مە لە بەر چاو بگرن كە ئەگەر پرۆژە یاساكانی تر كە پەرلەمان وتووێژی لەسەر دەكات، پێویستە كاتی خۆ مان رێكب خەین و بەداخەوە ئەندامان درەنگ ئامادەی كۆبوونەوە دەبن و جاری وا هەیە ﴿20﴾ خو لەك چاوەڕێ دە كەین نیساب تەواو بێت بۆ دەستپێكردنی دانیشتن، هەندێك جار لە دانیشتنەكان وا دەبێت ئەندامان لە ژوور نین و نیساب تەواو نییە بۆ دەنگدان، پێویستە شێوازی گفتوگۆ ر ێك بخەین، ئە گەر نا نا چار دە بین بۆ تەواو كردنی ئەو بەرناما نەی كە زەرروورە بە دەنگدانی پەر لەمان ماوەی گریێ دا نی خول در یێژ بكەین، بۆ یە پێویستە گفتوگۆ كردن و دانیشتنەكانمان رێك بخەین، كاك ابوبكر فەرموو،

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، من وەك ئەندامی لیژنە سوپاسی ﴿د. فرست﴾ دەكەم بە راستی ئیدارەی جوانی كۆبوو نەوەكانی كرد لەم ماوە یە، دەستخۆ شی لێدە كەم لە سەر ئەو راپۆر تەی خوێندی یەوە و تێبینیەكم هەیە كە راوێژكارەكان لە یەكەم كۆبوونەوەی لیژنەكان بەشدار بوون، هاوڕێكانم دەزا نن لە گەڵ ئەوەی كە جێ پەنجەی راوێژكاران لەم پێڕەوە دیارە، بەڵام لەم ئاخیرە دا خلێ بوون لە یە كەم كۆبوو نەوە حزووریان نەبوو، لە بەر ئەوە وە كو پرۆتۆ كۆڵ حەزم كرد ئەم بابە تە را ست بكە مەوە، ئەوەی جەنابت وروژا ندت لە دانیـ شتنەكانی پەر لەمان، ئـ ێوە وە كو دە ستەی سەرۆكایەتی جاری وا هە یە درە نگ د ێن و ئەمەش وادەكات كە ئەندامان پەرش و بڵاو بن كە دەزانن ئێوە درەنگ دێن و ئێوەش ئەگەر لە كاتی خۆ یدا ئامادە بن خزمەت بە كۆبوونەوەكانی پەرلەمان دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر جار هەیە کە عورف نەبووە دەستەی سەرۆکایەتی بێت دابنیشێت چاوەڕێی ئەندامان بکات، بەڵام جاری واش هەیە ئەوەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بێنە ژوورەوە، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی نیساب دەکەین و یەکێك لە فەرمانبەرانمان راسپاردووە، بۆ ئەوەی کەی نیساب تەواو دەبێت بێینە ناو هوڵی پەرلەمانەوە دەست بە دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین، بۆیە داوا دەکەین ئەو کاتەی زەنگی پەرلەمان لێدرا دەستەی سەرۆکایەتی ئامادەیە بێتە ناو دانیشتنەکان و ئەگەر زەنگ لێنەدرا کاتی بانگهێشتی ئەندامان دیاری کراوە و بە هەمان شێوە لە بەرنامەی کاریش ئەمە تەسبیت کراوە، بۆیە لە کاتی دانیشتن بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکان بکەین، امنە خان فەرموو،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ تە بەحسێ ماددەیەکێ کر، کو ل پەیڕەوێ نییە، ئەگەر زڤرییە ماددێ ﴿54﴾ برگا پێنجێ، ئاماژە بڤێ چەندێ ددەت ئەگەر گفتوگۆ لسەر ماددەیەکێ بهێتە کرن ناچێبیت تاکو گفتوگۆ کرن لسەر ڤی بابەتی تەواو نەبیت پاش بێخی، مەبەستا من ئەوە پەیڕەوی نابێت ئەگەر موناقشە کرنا خۆ رابگرین بۆ هەر هەجەتاکا هەبێت، ل خولا چوویش هەبوو، پەر لەمان دێ شێت جەلە سێت زەرووری بکەت و جەلە سێت ئیستیسنایی و راوستاندنا گفتوگۆیێ نابیتن، ئەو بەندێن مە خستییە دەنگێ زۆرینەی، بەڵێ ل بەرنامەی کارێدا دەنگێ زۆرینەی ناو هولا پەرلەمانێ دشێت رێزبەندییا گفتوگۆی بگۆریت و گفتوگۆ کرن لسەر بەندا ئەم نەشێین بگۆرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانت ئاماژەت پێدا ئێستا هەندێك بابەتی سیاسی گرنگ هەیە لە وڵاتەکەمان کە پەرلەمانی کوردستان ناچارە بیخاتە گفتوگۆ، لەبەر ئەو قەیرانەی لە وڵاتەکەمان هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدان لە پەرلەمانی کوردستان و یاساناسەکانمان موعالەجەیەکمان بۆ دابنێن، کە ئایا لە کاتی پێویست ئەگەر پرۆژەیەك هاتە ناو پەرلەمان بتوانین گفتوگۆ لەسەر پێڕەوی ناوخۆ رابگرین و ئەو پرۆژە یاسایانەی پێویستە باس بکەین، ئەگەر نا رووبەڕووی قەیران دەبین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە راستی ئەگەر موعالەجە نەکرێت وەك دەستەی سەرۆکایەتی داوا دەکەین کە تەئجیل بکرێت، چونکە بابەتی گرنگ هەیە پێویستە پەرلەمان کاری لەسەر بکات، کاك گۆڕان فەرموو،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی بەڕێزت دەرکەوت کە دەتەوێ حەلێکی تەوفیقی بکەی، بۆ ئەوی وەك پەرلەمان هەم ئیشی پەیڕەو بکەین هەم دەستمان بەستراو نەبێ بۆ ئەو پرسانەی ئەگەر زەروور بێت بێتە پێشەوە، بە راستی یەکێك لەو ئەگەرانەی بەپێی پێڕەو حەقی ئێمەیە درێژکردنەوی خولەکەیە، بۆ ئەوەی بەردەوام بین، وەك ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نامانەوێت ئەم خولە درێژ بکرێت، چونکە کار دەکاتە سەر ئیشەکانی ئێمە، چونکە کاتی سنووردارمان بۆ دانراوە و ژمارەیەك ئەندامی ئەولیژنەیە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن و ئەگەر ئەمڕۆ جەلسە نەبا دوێنێ ئەو کاتە لە کۆبوونەوەدا دەبووین و بەردەوام دەبووین، ئێمە ﴿2﴾ حەفتەمان لەبەر دەست دایە، پێم وا نییە بتوانین پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەم دوو حەفتەیە تەواو بێت، ئەگەر پرسی گرنگ هاتە پێش، دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئەم خاڵەی ﴿امنە خان﴾ وتی خاڵێکی پێڕەوییە کە لە پێڕەوی ناوخۆ وا دیاری کراوە، ئینجا لێرە چۆن هەموار دەکرێت؟ دەبێت دوو ئەگەر لەبەر چاو بگری، نابێت و باش نییە درێژ بکرێتەوە و باش نییە موناقەشەی پێڕەو بکەین و کارەکانیشی تەواو نەکەین و پچڕێنینەوە و ئەم رەئیەم لەگەڵ بەڕێزت موناقەشە کرد لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڵسۆزی و ماندوبوونی ئەو برادەرانە بەرز دەنرخێنین و من قسەم لەسەر عینوانە، زمانیەکەم پێناسەی نەتەوەیە و هیچ نەتەوەیەکیش قەبوڵ ناکات یەك حەرفی زمانەکەی بە هەڵەدا بروات، پەیڕەو هەڵەیە دەبێت بڵێین پێڕەو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە چووینە سەر موناقەشە قسە دەکەین، بەهار خان فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاراستە کردنی ئەم نوقتەیە زۆر گرنگە، چونکە لەوانەیە پرسی هەنووکەیی مان هەبێت و بە جەلسەی ئیستیسنایی چارەسەر ناکرێت، چونکە دەزانن جەلسەی ئیستیسنایی لە ماوەی وەستانی وەرزی تەشریعی دایە ، بۆیە دەکرێت بە پێی ماددەی (94) بیکەینە پڕۆژە بڕیارێك یا هەر ئێستا کە دەڵێت (دەکرێ حکومەکانی ئەم پەیڕەوە هەمووی یان هەندێکی لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان (10)ئەندام و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان هەمواربکرێت ، ئەو بڕگەی ماددەی (54)ە ئەو بڕگەیە هەموار بکەین بۆ

ئەوەی نە کارەکانی پەیڕەو بوەستێت ، نە دەستیشمان بگرێت لەوەی کاتێك پر سێکی هەنووکەی هەبوو ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کاك دکتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم کۆبوونەوەی ئەو (3)حەفتەی پەرلەمان چڕو پڕتر بێ ، سەعاتەکانی زیاتر بن ، ڕۆژەکانی زیاتر بن ، بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەمی هەبێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز کاك ڕابوون معروف ، ئەکرێت بابەتی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوام بێت ، بەلاَم بۆ پرسە هەنووکەییەکان، بۆ پڕۆژە هەنووکەییەکان بخرێتە دەنگدانەوە کە پێویستە لەکاتی خۆیدا بکرێ، بەلاَم قسەکردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر ماوەیەکی زۆرتریش بخایەنێت ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هێشتان دەستمان بە قسەکردن نەکردووە ، بۆ پێشوەختە بڕیاربدەین حاڵەتی ئیستیسنائی هەیە یان زروفی سیاسی هەیە ، کەی ڕووبەڕووی حاڵەتێکی وا بووینەوە ئەوا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لێرەن ، من لەبەر ئەوەش ئەوەم باس نەکرد لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەو لەگەڵ هەندێك یاساییەکان قسەمان لەم بارەیەوە کرد خیلاف و ڕای جیاوازی لەسەر بوو هەر کاتێك ڕووبەڕووی هەر حاڵەتێکی وا بووینەوە من پێمان وایە پەیڕەو کارەکانی بڕوات ، ئێمە دێین دادەنیشین لە پەرلەمان دەتوانین موعالەجەی بکەین ، بەلاَم پەیڕەو ئایا گرنگ نییە بۆ ئەم پەرلەمانە؟ ئایا ئێمە هەمووومان ئیحساس بەوە ناکەین کە ئەو پەیڕەوەی کە ئێستا لەبەر دەستمانە کۆمەڵێك کەم و کوڕی و کێشەی تێدایە پێویستی بەوەیە چارەسەر بکرێ بۆ باشتر ڕاییکردنی کارەکانی پەرلەمان ، بۆیە من تەسەوڕدەکەم کە ئێمە وەرەقەیەکمان ئامادەکردووە دوای ماندوبوونێکی زۆر لەبەر دەستاندایە بە هیچ شێوەیەك کات بە فیڕۆ نەدەین ، دەست بکەین بە گفتوگۆکردن لەسەری ، ئەگەر ڕووبەڕووی هەر حاڵەتێك بووینەوە کە پێویستی کرد بەپەلە بوو ئەوا دێینەوە لێرە هەر ئەندامانی پەرلەمان خۆیان یاسا دادەنێن خۆشیان دەتوانن یاسا

تەعدیل بکەن ، دەتوانن رێگا چارە و میکانیزمی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی ، بەلاّم جارێ هیچ شتێك لە ئارادا نییە بۆچی دەبێ ئێمە قەراری پێشوەختە بدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، تەبعەن من پشتیوانی ڕاکەی بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی ئەکەم کە زۆر سوپاسی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنەکە و سەرجەم ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین کە توانیان پەیڕەوەکە ئا مادە بکەن ، بەلاّم هێنا نە کا یەی با بەتی پەیڕەو ، بەرنا مەی کاری پەرلەمان پەنا بەر نە بەر یادا شتێك ئەوە بوو کە سەرۆکی لیژنە کە بە ئێمەی داوە کە ئەتوانین موعالە جەی ئەو بابە تە بـ کەین ن چونکە ئە مە موناقە شە بوو لە دە ستەی سەرۆکایەتی ، لە گەڵ سەرۆکایەتی لیژ نەی کاتی بۆ پێدا چوونەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەمڕۆ پێش دە ستپێکردن بە با بەتی پەیڕەو پێویست دەکات ئەم بابەتە موعالەجە بکەین ، ئە گەر نا بەڕا ستی ئێ مە لە دە ستەی سەرۆکایەتی ڕەنگە ڕایەکی ترمان هەبێت سەبارەت بەم بابەتە ، چونکە ناتوانین دەست بکەین بە موناقەشەی پەیڕەوی ناوخۆ بە بێ ئەوەی بەرچاو ڕوون بین کە چۆن موناقەشەی ئەکەین ، بابەتەکانی تریش کە دێ نە پێ شەوە ئەوان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەکەین ، بەڕێز کاك بهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژ وێ ڕەئیمە کو ڤێ فەترێ گفتو گۆ زۆر تر لێ بێن ، دانیـشتن چڕ و پڕبن ، خا ڵەکا دی مادده (54)ێ یەکەم خالاً (5)ێ ئەز بێژم هەندەك سەلاّحیات دەداتە دەستەی سەرۆکایەتی ، ئە گەر ڕوخـسەت بی بەس بخینەوە ئەڤ دێرە هە نە دبـێژیتن ناکرێ بە ندەکانی بەرنامە کە پاش و پێش بخرێ تەنها بەڕەزامە ندی زۆرینەی ئامادەبوان نەبیت ، ئەگەر نەکرا گفتو گۆ دەر بارەی بە ندێکیان لە بەر هەر هۆیە کەوە بـیت ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە تێروانینی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوابخات ، ئەو بەندانەی لە دوای ئەو دێن گفتوگۆ بکات یانیش ناکرێ مەسەلەن باسی بابەتەك ، لێرە چارەك بدۆزینەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ڕا ستە ، ئەبێت چارەیەکی بۆ بدۆزرێـتەوە ئەوەی کە دكـتۆرە بەهار با سی کرد ، ڕەنـگە ڕێـگا چارەیەك بێت بە پڕۆژە بڕیارێك چارەسەری بکەین ، بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ژ ێر ڕۆ شنایی ماددەی (94)دا من ئەم پێ شنیارەم هە یە کە ماددەی (94)دەڵێت (حکو مەکانی ئەم پەیڕەوە هەمووی یان هە ندێکی لە سەر پێ شنیاری سەرۆك یان (10) ئە ندام بە ڕەزامە ندی زۆری نەی ئەندامان هەموار بکرێت) پێشنیارەکەی من ئەوەیە بەم شێوەیە ئەگەر پێویست بکا بیکەین بە بڕیار ، لەم ماوەیەدا کە گفتوگۆ لەسەر ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت ئەگەر پڕۆژە یاسایەکی گرنگ پێویـست

بوو بێتە هۆڵی پەرلەمان دەسەڵاَیەتی سەرۆکی پەرلەمانە گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ ڕابگریێت تاوەکو ئەو پڕۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت یاخود پەسەند دەکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دەتوانی ئەوەی نووسیوتە ئاڕاستەی لیژنەکەی بکەین بۆ ئەوەی گفتو گۆی لە سەر بکریّ ، بەڕێز کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو شت جگە لەوەی پشتیوانی لە قسەکانی هی بەڕێز ئامینە خان دەکەم کە پەیڕەوی بوو ، کاك گۆران ، کاك ڕابوون یەعنی دووشت هەیە با ڕاستگۆ بین لە گەڵ یەکتر یدا ، ئە مە بە پیـنەو پەڕۆ ناکر یێت ، ئە مە موناقەشە هەڵ ئەگرێت کات ئەبات ، ئەمە حەقیقەتێکە ئەوەی کە موهیم ترە هەندێ برادەر بۆ چوونیان وایە بۆچی ئەبێ چاوەڕێی ئێوە بکەین کە شتی لەناکاو بێ تە پێ شەوە لە بەر دوو هۆی زۆر بە سیت ، تۆ وڵاَتەکەت لە شەڕدایە ، (24)سەعات هەموو حکومەتەکەت لە ئینزاردایە ، داخیلی قەیرانی دارایش بوویت ئیتر حاڵەتی تایبەتی لەوە زیاتر چی؟ لەبەر ئەوە من پشتیوانی لە قسەکانی ئەو بەڕێزا نە دە کەم و پێ شم وانییە ئەمە پینە بکریّ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەساسی ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمن پێشنیار دەکەم کە بەڕێزتان سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری هەموارەکە بکەن بۆ ئەوەی بتوانی بە زوو ترین کات ئەو چارە سەرە پێ شکەش بکریّ ، دەقێك هەروەکو دەقێکی یار مەتی دەر بۆ ئەوەی دابڕ یێژریّ ئە گەر هەر پر سێکی گرنگ و هەنوو کەی یا سایی و سیا سی ها تە پێش لە میا نەی گفتو گۆکردنی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆدا ئەوا سەرۆکایەتی پەر لەمان دەتوانێ ئەو گفتوگۆیانە ڕابگریّ ، پرسە نوێیە یاسایی و سیاسییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو سهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا پێشنیارا دکتۆرە بەهار دەکەم ، بەلاَم تێبینییەکا دی من هەیە بۆ بەردەوام بوون و گفتو گۆ لسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پێتڤیە هەر ڕۆژانە زێدەتر بدەنە ئەڤی پڕۆژە چنکی ئە گەر ل ماوەی (3)حەفتەدا هەر تەمام نابیتن ، ژ بـلی کو ئەم هزرا حا لەتێ لەناکاو بکەین ئە ڤە هەنێ پێتڤ یە پڕۆژە

بهێته ئامادەکردن و یا ئامادە کری بیتن و (10) پەرلەمانتار یان سەرۆکایەتیا پەر لەمانی پێشکەش بکەن بۆ هندێ حازربیت ژبەر ئەگەر هەر حالەتەك ڕوو یدا بشێن ل دیف پەیڕەوێ ناڤ خۆ ئەوی پرۆژە یا سا سیفەتی ئیستعجال پێدرای یان ژی ئەو بابەتەی کو گرنگ بیتن موناقەشە سەر بهێتە کرن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە هەندێك لە برایانی پەرلەمانتار بە باشی باسیان لەسەر کرد ، پەیڕەوی ناوخۆ زۆر زۆر گرنگە هەمووارکردنەوە و قسە لەسەر کردنی ، بەلاّم گرنگتر لەوە ئەوەیە کە دەستمان پێکرد هیچ هۆکارێك نەبێتە هۆی پچڕاندنی ئەم گفتوگۆکردنە لەسەر ئەم پەیڕەوە ، بۆیە ئەوەی ئەو چارەسەرەی ماددەی (94) دیاری کردووە بەڕێزان کاك علی حەمە صالح و کاك ئومێد بە باشی باسیان کرد ، ئەگەر ئەو پرۆژە یاسایە ئامادە ناکرێ لە هەر بابەتێکی گرنگ و چارەنوو ساز کە بێتە پێشەوە ئێمە گفتو گۆ ڕابگرین لە سەر پەیڕەو ، پیشنیار دەکەم لەبەر ئەوە لە ئێستادا جگە لە قەیرانی دارایی و جگە لە بارودۆخی ئەمنی کە هەمیشە ئە مە دوو مۆتە کەی زۆر گەورەن بە سەر ئەم میلە تەوە هی ئەوە یە گفتوگۆ یان لە سەر بکرێ و ئەم پەرلەمانە پرۆژەی هەبێ بۆ چارەسەرکردن و دەربازبوون لەم قەیرانانە ، بابەتی گرنگتر لەبەر دەست دایە کە هەڵدەگرێت ئێمە ئەندا مەکانی ئەنجو مەنی وەزیرا نی لە سەر بانگ بکەین بۆ ئەم پەرلەما نە تاوەکو ئا ستی لێسەندنەوەی متما نە هەڵ ئەگرێ گفتو گۆی لە سەر بکەین ، لە بەر ئەوە ئەم بابەتا نە زۆر زۆر گرنگن پێشنیار ئەکەم ئەگەر ئەو چارەسەرە یاساییەی بۆ نادۆزرێتەوە تەئجیلی موناقەشەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ دوای دەستپێکردنەوەی خولی تەشریعی نوێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با شە ، سوپاس ، سێ پەر لەمانتار ناو یان نوو سیوە قسەبکەن دوای ئەوە پ شوویەك وەر ئەگرین لە گەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان دا ئەنیشین لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاتی پەیڕەو بۆ ئەوەی چارە سەرێکی ئەو بابەتە بکەین ، پێویست دە کات چارە سەرێکی یا ساییانە بێت بۆ ئەوەی دوا یی نەکەوینە کێشەوە ، بەڕێز کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو لا یەکمان دەزا نین پرۆژەی پەیڕەو کاتێکی ئەوێ ، بڕوام وا یە بە بێ دیرا سە خراوە تە بەرنامەی کارەوە ، ناکرێتیش ماددەکان کە پەیوەند یدارن بە یەکتری یەوە دە نگ لە سەر ماددە یەك بدرێ ڕەنگە لە کۆتایدا ئەو پەیڕەوە دەنگیش نەهێنێ ، بۆ یە من پێموا یە پێویستە دوا بخرێت گفتو گۆکردن لەسەر پەیڕەو بۆ دوای خولەکە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ا بو کاروان ڕا پۆرتی لیژنە کە ئا مادەکراوە ، ماوەی (10)ڕۆژە خراوە تە سندوقی ئەندامانەوە ، سەرۆکی لیژنەکە یاداشتێکیشی بۆ ئێمە نووسیوە دوای ئەوە خستوومانەتە بەرنامەی کارەوە ، بەڕێز کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ناتوانین لەم ماوە کورتەدا پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بکەینەوە ، یاخود پە سندی بکەین ، لە بەر کەمی کات لە بەر چاو گرتنی ئەو گرفتا نەی باسی شتان کرد بۆ یە با شتر وا یە دوای بخەین ، باس لە هەموارکردنەوەی بڕگەی ماددەی (94) دەکرێت من پێموا یە ئەوەش چارە سەر نییە ، چونکە بۆ؟ لە بەر ئەوەی ماددەی (94) ڕاستی چارەسەرە دەبێت بە پڕۆژە بڕیارێك بێت ، پرڕۆژە بڕیارەکە دەبێ (10) کەس لا یەنی کەم ئەو پڕۆژە ئەوە بکەن ، دوای (48)کا تژمێر خوێند نەوەی یە کەمی بۆ بکر ێت دوای (48)کاتژمێر ئینجا بێی گفتوگۆی لەسەر بکەین کە لە بڕیار و لە واقیعیش تۆمار بکرێ مانای وایە کاتەکە دەچێ ، دوو هەفتەمان دەچێ تاکو ئەو بڕگەیە هەموار دەکەین ، خۆ ڕا ستەوخۆ لەناو هۆڵی پەرلەما ندا ئەوە هەموار ناکرێتەوە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلأم ئێستا ئەکرێ ماددەیەکی پەیڕەوە هەمواربکرێتەوە...

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

ماددەیەکی پەیڕەویش بێت دەبێت پێشتر ئەوە بکرێت ، بۆیە من پێم باشە ئەو گفتوگۆ یە دوا بخەین ئەو یاسایانەی یان ئەو پڕۆژە یاسایانەی ، ئەو پڕۆژە بڕیارانەی سیفەتی ئیستیعاجالمان داوە تێ ئەوە دەخەینە بەرنامەی کارەوە و لەگەڵ ئەوانەی کە هەنووکەیی دەبن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئێمە سەعات و نیوێکە موناقەشە ئەکەین هیچ ئینتاجێکمان نییە ، جا بەڕا ستی ئە گەر وا بڕوا قەد نابینە خاوەنی پەیڕەو ، ئەو پەیڕەوە کۆمەڵێك خەڵك ئێمە دەنگمان پێداون لە فراکسیۆنەکانی خۆ مانن ، ڕۆژانە ڕەئی ئێمەیان وەرگرتووە برادەرەکانمان لە سەر وردوو درشتی مادده کانی ئەو پەیڕەوە ، پێ شموایە بە شی زۆری مادده کانی بە وردی داڕێژراوە تەوە ڕەنگە هە ندێ تێبینی زۆر شکلی و ئەوا نەمان لە سەری هەبێ ، بۆیە من پشگیری ئەو قسەی کاك عزت ئە کەم ئە گەر قەرار وا بێ ئێمە لە هەفتەیە کدا بەلا یەنی چوار ڕۆژ بۆ پێنج ڕۆژ دابنیشین هەر ڕۆژی هەشت ، حەوت سەعات بڕوانا کەم زۆری بوێ ئەم پەیڕەوە ،

یەعنی ئەگەر بڕیارە ئێمە ئەمانەوێت ببینە خاوەنی پەیڕە و لە ڕاستیدا ، بەس ئەگەر وەکو ئێستا بڕوا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە سەعات و نیوێکە هەر موناقەشە بکەین ئیستسفادەی نابێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر شتێك لێرە بڕیاری لەسەر بدرێت ئەوە بڕیاری کۆتاییە ، بەڵام با جارێکی تر ئەوە تەئکید بکەینەوە ئەگەر پاساو ئەوەیە کە دەیانەوێ متمانە لە وەزیر وەربگرنەوە و یاسای ئیستیعجال هەیە خۆ ئێمە ئەورۆ ئەوەمان هینا بۆ پێشتر نەتان دەکرد ، یەعنی بەڕاستی ناکرێ ئەوە بکرێتە پاساو ئەوەش هیچی کەمتر نییە لەو یاسایانەی کە سیفەتی ئیستیعجالتان پێداوە یان لە هەر یاسایەك ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە وە دەبێتە یەکێك لەو دەست کەوتانەی کە ئەم خولەی پەرلەمان شانازی پێوە دەکات ، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من جارێکی تر لەو یاداشتەی دایتمانە خزمەت جەنابتان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەئکید دەکەینەوە ئێمە پێموان وایە گفتوگۆکردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ زەرورە ، گرنگە ، وەکو ڕێزگرتنیش لە جوهود و ماندیبوون ز شەو نخونی ئەو هاورێ بەڕێزانەی کە ئێوە دەنگتان پێدان ، ئەندامی لیژنەکەن با گفتوگۆکردن بەردەوام بێ ، خۆ ئێمە بڕیارمان نەدایە پێشوەختە کە قەیرانێك لە ئارادایە ، خۆ بڕیاری پێشوەختەمان نییە ، کەی شتێکیش هاتە پێش پەیڕەوە لە دەستی ئێوەیە چۆن بتانەوێ وا تەعدیلی دەکەین ، بۆیە ئێمە جارێکی تر بەر لەوەی کۆبوونەوە هەڵبگرن تەئکید دەکەینەوە زەرورە گفتوگۆکردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ئەگەر نەشمان توانی لەم خولەی تەشریعی کە سێ هەفتەمان ماوە تەواوی بکەین ئەگەر (30)ماددەمان تەواو کرد کە خولی نوێ دەستی پێکردەوە لە (31)مین ماددە دەستی پێدەکەینەوە ، یەعنی ئەمە هیچ کێشەیەکی قانونیمان بۆ دروست ناکات ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (94) دەسەڵاتی بە بەڕێزتان سەرۆکی پەرلەمان داوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەتوانین ماددەی (45) بە ماددەی (94) چارەسەر بکەین لە کاتی پێویست دەتوانین کارکردن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ ڕابگرین و ئەو پرۆژانەی کە گرنگە بیهینینە ناو بەرنامەی کار ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە پەیڕەوی ناوخۆ بخەینە ناو گفتوگۆكانی پەرلەمان و ئەم سێ هەفتەیە بە بەردەوامی پەیڕەو تەواو بكەین ، چونكە لە ئێستادا پێموایە دوو ، سێ پڕۆژە یاسا ئا مادەن كە ئەوا نە ئە گەر بكەوێ تە دوای خولی یاساداناني نوێشەوە هیچ گرنگ نییە ، تاقە یاسایە كە ئێمە بەڕاشكاوانە قسەی لە سەر بكەین یا سای سەرۆكایەتی هەرێمە ئەو بابەتەش یەعنی دەكرێ ئێمە لە كۆبوونەوەیەكی ئیستیسنائی لە كاتی وە ستاندی خولی تەشریعی لەوێشدا بێ ئێمە ئەتوانین ئەو كێشەیە چارەسەر بكەین ، لەبەر ئەوە هیچ پا ساوێك نی یە بۆ دواخستنی گفتوگۆكردن لەسەر پەیڕەو ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو زۆزان فەرموو ، دوا پەرلەمانتار.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆش بۆ لیژنا كاتیا بەرهەڤكرنا پەیڕەوی ، ئەز بێژم مە پەیڕەو یەكی هەی كو ئەم د شێنێ لـسەر بچین ، ڤە تەئجیل كرنا وێ یانی بۆ وەرزا نی چ ئیشكالێ بۆما دروست نا كا ، چنكی ئەوە ماوە یەكی در ێژە ئەمین چاڤە ڕێنە حەتا بەرهەڤكری ، دیسا ئەز پێشنیار دكەم كو ل حەفتیادا ڕۆژەك بێتە تەخسیس كرنێ سێ حەفتایا مەی ماین یەعنی سێ حەفتی سێ ڕۆژ یەعنی سێدەی دەست پێبكەین حەتا ئێڤاری ئەم تـنێ بۆ وێ ڕۆژێ بۆ پەیڕەوی بیتن ، یەعنی نە بۆ بەرنامجێ دی ئان بۆ پرۆژەی د یتر بخەیـنە بەر بەرنا مەی كاری دا ، تنێ موناقەشەكرن لسەر پەیرەوی بهێتە كر نێ ، كا حەتا چ حەد ئەم دێ خەڵاس كەین وە كی دكتۆر فرست گۆتی بەردەوامیا وێ بچیتە خولا نیدا ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم ، پرسیار ئەوەیە ئا یا ئێمە ئەو گفتوگۆ یە ڕا ئەگرین؟ چی ئە كەین؟ ئا یا ڕاپۆر تەكانی لیژ نەی یاسایی بە هەند وەردەگیرێ ؟ئەوەی كە ئامادەیە ناكرێ پەرلەمانیش دانیشێ بێ كار بێ ، ئە گەر چاوەڕێی پڕۆژە یەك بێ یان بارێكی نائا سایی بێ یا چی بێ ، بۆ یە لە دە سەڵاتی بەڕێزتا نە پێموا یە هەر لەو كۆبوونەوە ئەتوانن ئەوە چارەسەر بكەن ئەویش وەكو كاك قارەمان وتی پشتیوانی ئەكەم لەسەر پێ شنیاری جەنابت كە سەرۆكی پەرلەمانی دەسەڵاتت دراوەتێ كە ئەم بابەتە چارە سەر بـكەی بە هەمواركردنی ئەو ماددەیە ، ئێمە بەردەوامبین هەر كاتێك پێویستی بەوە بوو ئەو ناوبڕەی تێبكەین و كۆتایی بەمە ئەهێنین

و ئەو بابەتە دەست پێئەکەین کە پێویستی بە موناقەشە بێت یان (10)ئەندام پەرلەمان هەر ئەمڕۆ ئەتوانن پێشنیارە بکەن و بۆ ئەوەی ئێمە بێ کار نەبین سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە ، سوپاس بۆ بەڕێزتان ، هەر بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە بڕیارێکی لەو شێوەیە جەنابتان باستان کرد ، چ لە لایەن ئێمەوە پێشکەش بکرێ یان لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ ماوەی نیو سەعات پشوو وەرئەگرین، کاتژمێر دوانزە دەست ئەکەین بە کۆبوونەوە ، ئێستا داوا لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێدا چوونەوەی پەیڕەو، لیژنەی یاسایی ئەکەین کە بێنە سەرۆکایەتی بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەم بابەتە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم دانیشتنی ژمارە چوارده، کۆبوونەوەی ژمارە دوو رۆژی دانیشتن (2015/6/9) بەردەوام ئەبین لە گفتوگۆ کردن لە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتی یە لە گفتوگۆ کردنی پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێدا چوونەوەی پەیڕەوەی ناوخۆ ئامادە کراوە بە پێی بڕیاری ژمارە بیست و شەشی (26) ی ساڵی (2014) و بڕگەی هەشتی مادەی پەنجا و شەشەم (56) لە یاسای ئامادە کراو پاڵپشت بە مادەی نەوەد و چواری (94) ی پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی یەکی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، بەڕێزان لەو کۆبوونەوەدا کە لە گەڵ لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی بە پەیڕەو هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیژنەی یاسایی ئەنجاماندا بیر و رایەك دروست بوو بۆ نرخاندنی ئەو هەوڵانەی کە لیژنەی کاتی ئامادە کردنی پەیڕەو کردوویانە لە سەر ئامادە کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و لە بەر ئەوەی کاتی کەممان ماوە لە بەر دەست بۆ ئەوەی تەواوی پەیڕەوەکە موناقەشەکە گفتوگۆ بکرێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت و لە بەر زۆری مادەکانی پەیڕەوەکە کە سەد و چل و نۆ (149) مادەیە رایەك هەبوو کە ئەم بابەتە، واتە گفتوگۆ کردن لە سەر پەیڕەوەکە دوا بخەین بۆ وەرزی گرێدان و یاسا داناني داهاتوو و لە سەرەتای ئەو وەرزە دەست بە گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە بکرێتەوە ئەمە پێویستی بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان هەیە ئەیخەینە دەنگەوە کێ لە گەڵ ئەوەیە کە گفتوگۆ کردن لە سەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە سەر هەموار کردن و گفتوگۆ کردنی ئەو پەیڕەوە تازە دوا بیخەین بۆ سەرەتای وەرزی گرێدانی داهاتوو، کێ لە گەڵییەتی؟ شەست (60) لە گەڵییەتی، کێ دژییەتی؟ دە (10) کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، بەڵێ کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە ئەگەر بابەتەکە نوقتە نیزامی نەبێت، بەڵام بابەتێکە پەیوەستە بە کاری ئێمە لە پەرلەمان و قسە کردنە دەربارەی رووداوێك، بە داخەوە لە رۆژی (3/25) رووداوێکی نەخوازراو لە پەرلەمانی کوردستان بوو ئێمە ئەو کاتیش وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان رامان گەیاند ئەو بابەتە بە هیچ شێوەیەك پەیوەست نییە بە سیاسەت و تێ فکرینی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو ئەو بابەتە بابەتێکی کەسییە، لە بەر ئەوەی

ڕووداوەکە دوو لە بەڕێزان ئەندام پەرلەمانەکەی فراکسیۆنەکەی ئێمەی تێدا بووە، بۆیە ئێستا ئێمە دەر بارەی ئەم بابەتە قسە دەکەین ئەو کاتیش رامان گەیاند کە ئەو بابەتە دیسان تەئکید دەکەینەوە پەیوەست نییە بە سیاسەت و تێگەیشتن و تێ فکرینی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە جارێکی دیکە تەواوی ئەندامانی پەرلەمان و بە تایبەت فراکسیۆنی گۆران و بە تایبەتر بەرێز پەرلەمانتار عەلی حەمە صالح دڵنیا دەکەینەوە ئەوە سیاسەتی رەسمی فراکسیۆنی ئێمە نەبووە ئینفیعالێکی دوو هەڤاڵی ئێمە بووە لە کاتی گفتوگۆیەکدا کە لە سەر بابەتێك کراوە، بۆیە دڵنیایی دەدەینە پەرلەمانی کوردستان و لێرەشەوە بە راشکاوی رادەگەینین کە چۆن رادەگەینین ئێمە ئەم بابەتەمان نەکردووە داوای لێبوردن لە پەرلەمانتاری بەرێز کاك عەلی حەمە صالح دەکەین کە ئەو رووداوە بووە و داوای لێبوردن لە فراکسیۆنی گۆران دەکەین کە ئەو رووداوە بوو جارێکی دیکە تەئکید لە سەر ئەوە دەکەینەوە بە تایبەت بۆ بەرێزان لە فراکسیۆنی گۆران ئێمە پابەندین بە هەموو ئەو تێگەیشتنەك کە لە نێوانماندا هەیە لە بەرێوەبردنی وڵاتێك و لە بەیەکەوە کار کردن و تەوافق و لە تێگەیشتنی هاوبەشمان لە بۆ ئەو وڵاتە کە بەرژەوەندی گشتی دەخوازێتن هەر ئەو بابەتە نەخوازراوەش دەکەینە فرسەت قسە دەر بارەی ئەوە بکەین ئەوەی بووە پەر چە کردار ێك بۆ ئنفیعالێك بووە لە گفتارێکدا، بۆ یە ئێمەش دە خوازین لە پەر لەمانی کورد ستان کە نوێنەرانی خەڵکی کورد ستانین ئەو بابە تە بیکەینە مەد خەلێك لەوەی کە ر ێز لە پیروز یەکانی ر ێز لە بەها و بنە مەکانی تێگەیشتنی یەکتر بگرین کە تا با بەتی لەو شێوەیە دو بارە نەبێتەوە و لە کۆتایشدا جارێکی دیکە سوپاس بۆ ئێوە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەر لەمانی کورد ستان کە پەرۆش بوون بۆ چارە سەر کرد نی کێشەکە و تایبەت بەوەی کە لیژ نەی پەر لەمانی کورد ستانیش باس لە سەر ئەوە کرا هەڤاڵانی ئێمە پابە ند نەبوو نە بە لیژنەکە ئێمە جارێکی دیکە دڵنیایی دەدەینەوە کە ئەوە بابەتێکی کەسی نەبووە بە تایبەت لە گەڵ سەرۆکی لیژ نە، بەڵکو ئەو بابەتە مولاحەزەمان هەبووە لە سەر لیژنەکە پێم وا بووە یا سایی بووە، بەڵام کە کاتێك ئەو بابە تە چووە دادگا پێم وا بوو لە دادگا یەك لا یی دەبێتەوە دڵنیایی دەدەینە بەرێز سکرتێری پەر لەمان ئەوا بێ ر ێزی نەبوو بەرامبەر بە ئەو لیژنە یەی ئیعتیرا فی پێ نەکرابێت یا خود ئیلتیزا می پێوە نەکرابێت، سوپا سی تەواوە فراکسیۆنەکان و تەواوی ئە ندامانی پەر لەمان دە کەین کە لەو بابە تەدا بە را ستی پەرۆش بوون و هەوڵیا ندا چارەسەر بێت هیواداریین ئەوە دوا بابەتی نەخوازراوی لەو چەشنە بیتن لە پەرلەمانی کوردستاندا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان، منیش بە نووبەی خۆم سوپاسی بەرێز سکرتێری پەر لەمان و ئەو لیژنە یە ئە کەین کە دەست بە کار بوون بۆ ئەوەی لێکۆلینەوە لەو بابە تە بکەن بۆ ئەوەی پەر لەمانی کورد ستان برِ یار لە سەر ئەو بابەتە بدات، دە ست خۆ شیان لێ ئە کەین سوپا سیان ئە کەین کە لە ماوە یەکی کاتی زۆر کورت تواذ یان کارە کانی خۆ یان ئەنجام بدەن و ئەنجامی لێکۆلینەوە کەش ئارا ستەی دە ستەی سەرۆکایەتی بکەن، بەرێزان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمرِۆمان کۆتایی پێ هات، دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 16/6/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (15)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/16

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/16 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (15)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1 دەنگدان لەسەر ماددەكانی (10، 11، 12، 13) و هۆكارەكانی دەرچوواندن لە یا سای ڕاكێ شانی ما یە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كوردستانی عێراق ژماره (7) ی ساڵی (2015) بەپێی ماددەكانی (74، 75، 77) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

2- گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای ڕا گرتنی كار كردن بە یا سای بەكر ێدانی خانوو بەرە ژ مارە (9) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كورد ستان بەپێی مادده كانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

3- گفتوگۆ كردن لەسەر كار و چالاكییەكان و كێشە و گرفتەكانی ئەنجومەنی كۆمیسیاران لە كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێیی ماددەی (3) لە یاسای كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژماره (4) ی ساڵی (2014).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كورد ستان دە ست پێ ئە كەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانی شتنی ژ مارە (15)، ڕۆژی دانی شتن (2015/6/16)، بەرنا مەی كار، بەپێی حوك مەكانی بر گە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستانی ع ێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕ یاری دا كاتی دانی شتنی ژ مارە (15) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵ بژاردنی چوارەمی پەر لەمان لە كا تژمێر (11) ی پێش ن یوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێ كەوتی (2015/6/16) بەم شێوەیە بێت:

1 دەنگدان لەسەر ماددەکانی (10، 11، 12، 13) و هۆکارەکانی دەرچوواندن لە یا سای ڕاکێ شانی ما یە  لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (7) ی ساڵی (2015) بەپێی ماددەکانی (74، 75، 77) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕا گرتنی کار کردن بە یا سای بەکر ێدانی خانوو بەرە ژ مارە (9) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کورد ستان بەپێی مادده کانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

3- گفتوگۆ کردن لەسەر کار و چالاکییەکان و کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێیی ماددەی (3) لە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (4) ی ساڵی (2014).

لە دەست پێك داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 14) لە بەرواری (2015/6/9) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوخ تەی دانی شتنی پێ شوو و خوێند نەوەی ناوی ئە ندامانی پەر لەمانی ئا مادە نەبوو و ئامادە نەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- خوێندنەوەی یەکەم بۆ دوو پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە.

4- گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دواخرا بۆ خولی پایزە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی لیژنەکان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (14) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/6/9) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن

ئاواز جەنگی- مۆڵەت - ئاواز حمید- مۆڵەت - تەلار لطیف- مۆڵەت - ڕۆزا محمود- مۆڵەت - ڕێواز فائق- ئامادە نەبووە - زولفا محمود- مۆڵەت - سهراب میکائیل- مۆڵەت - سرود سلیم- مۆڵەت - سۆران عمر- مۆڵەت - شکریە اسماعیل- مۆڵەت - شێرکۆ جودت- مۆڵەت - شێرکۆ حەمە امین- مۆڵەت - شرین حسنی- مۆڵەت - ڤیان عباس- مۆڵەت - عباس غزالی- مۆڵەت - عبداللە جاسم- مۆڵەت - فرحان جوهر- مۆڵەت - عمر محمود- مۆڵەت - مریم صمد- مۆڵەت - منیرە عثمان- مۆڵەت

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی كۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان لە بەرواری (6/9) تا (6/16) بەم شێوەیە بوو:**

**1 لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری وەبەرهێنان لە (6/9) كۆبوونەوەی كردووە.**

**هێڤا حاجی مۆڵەت - شێركۆ جودت مۆڵەت - شرین حسنی مۆڵەت - مدینە ایوب مۆڵەت - ڕۆزا محمود ئامادە نەبووە - سۆران عمر مۆڵەت**

**2- لیژنەی كاروباری پەرلەمان لە (6/10) كۆبوونەوەی كردووە:**

**سۆران عمر مۆڵەت - عمر مصطفی(شوان قەلادزەیی)- مۆڵەت - منیرە عثمان مۆڵەت**

**3- لیژنەی دارایی و كاروباری وەبەرهێنان لە (6/15) كۆبوونەوەی كردووە:**

**علی حەمە صالح ئامادە نەبووە - مدینە ایوب مۆڵەت - ڕۆزا محمود مۆڵەت - سۆران عمر مۆڵەت**

**4- لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی لە (6/15) كۆبوونەوەی كردووە:**

**جوان اسماعیل مۆڵەت بووە**

**5- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان لە ( 6/15) كۆبوونەوەی كردووە:**

**ڕۆزا محمود مۆڵەت - علی حەمە صالح ئامادە نەبووە - ڕێواز فائق مۆڵەت**

**6- لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (6/15) كۆبوونەوەی كردووە**

**عبدالرحمن فارس مۆڵەت - عبداللە حاجی محمود مۆڵەت - یعقوب گورگیس مۆڵەت**

**7- لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری و بەنداوەكان لە (6/15) كۆبوونەوەی كردووە**

**سەرجەم ئەندامان ئامادە بوون**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئێستا ئەچینە سەر بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆ كە بریتییە لە (دەنگدان لەسەر ماددەكانی (10، 11، 12، 13) و هۆكارەكانی دەرچوواندن لە یاسای ڕاكێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (7) ی ساڵی (2015) بەپێی ماددەكانی ( 74 ، 75، 77) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو، بەڕێزان ئێمە لە (2015/6/7) ڕاپۆرتێكمان لەلایەن یەكێ لە ڕێكخراوەكانەوە بە دەست گەیشت، كە ڕێكخراوی (ئینوستیتی پەی) ە بۆ گەشەپێدان، دیارە ئەو ڕێكخراوە لە ساڵی پارەوە گرێبەستێكی لەگەڵ پەرلەمان كردووە، ڕێكەوتنێكی كردووە كە بەدواداچوون و چاودێری كاروبارەكانی پەرلەمان ئەكەن، و ڕاپۆرتێكیشیان بلاّو كردۆتەوە لەو بارەوە، هەرچەندە ڕاپۆرتی پێشووشیان هەندێ برگەی باش و هەندێ برگەی تێدابوو كە ڕەنگە وەكو پێویست نەبێ، بەڵام بە سوپاسەوە ئەو ڕاپۆرتەی ئاراستەی ئێمەیان كرد بوو سەرنجیان ڕاكێشاوین بۆ كەموكورتییەك كە لە دانیشتنی (2015/6/2) ڕوویداوە، ئەویش ئەوەیە لەكاتی گفتوگۆی پرۆژەی ڕاكیشانی مایە لە ڕێگەی قەرز كردن لە هەرێمی كوردستان، لەو ڕۆژە لە گفتوگۆ كردن لە دەنگدان**

لەسەر ماددەکانی (10، 11، 12، 13) و هۆکارەکانی دەرچوواندن نیساب لە ناو هۆڵی پەر لەمان نەبووە، ئەم بابەتە لە دانیشتنی پێشووش جێگەی مـشتومڕی ئە ندامانی پەر لەمان بووە، چونکە ماددەی (4) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە دەقە کوردییەکە و دەقی عەرەبی لێك نەچوون هەیە، لە دە قە عەرەبیە کە تەئکید لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە ئینعیقادی دانیشتنی پەرلەمان، واتە دەست پێکردنی دانیـشتنی پەر لەمان پێویستی بە نیساب هەیە، دوای ئەوەی کە دانیـشتن دە ست پیێ ئەکات بڕیارە کانی پەر لەمان بە زۆریـنەی ئا مادە بووان ئەدرێ، بەڵام لە دە قە کوردییە کەی ئەیخوێنیـتەوە ماددەی (4) باس لەوە ئەکات کە کۆبوونەوەی پەرلەمان پێویستی بە نیسابی قانونی هەیە، لە خولی پێشوو و ئەم خولەش ئێمە عورفێکمان پەیڕەو کردووە کە ئەویش ئەوەیە بۆ تێپەڕین لەو لەبسە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هە یە پابە ند بووین بەوەی دە ست پێکرد نی دانیـشتنی پەر لەمان، و دەنـگدان لە ناو هۆڵی پەر لەمان وا مان کردووە پێویستی بە نیساب هەبێ، لە خولی پێشووش ئەوە پەیڕەو کراوە، لە خولەکانی تریش ئەوە پەیڕەو کراوە، و لەم خولەش پەیڕەو کراوە، و تەنانەت لەو دانیشتنەی (6/2) یش ئەوەمان پەیڕەو کردووە، لە هەندێ لە ماددە کان کە نیـساب نەبووبێ دەنـگدانمان لە سەری نەکردووە، ئەم بابە تە لە پەیڕەوی ناوخۆی تازەی پەرلەمان موعالەجە کراوە، و بە ڕوون و ئا شکرایی باس لەوە کراوە کە نیـسابی یا سایی تەنیا بۆ دە ست پێکردنی دانیشتن و دەنگدان لە هۆڵی پەرلەمان پێویستە، و ئێمەش بە شێوەیەکی عورفی تا ئەو لەبـسە لە نێوان دەقە کوردی و عەرەبییەکە چاك ئەکرێتەوە پابەند ئەبین بەو عورفەی پەیڕەو کراوە کە تەنیا بۆ دەست پێکردنی دانیشتنی پەرلەمان و دەنگدان نیساب پێویستە، بۆیە بۆ ئەوەی هیـچ مولا حەزەکی یا سایی لەو پرۆژە یاسایانەی لە پەرلەمان تێئەپەڕێ دروست نەبێ، ئەو هەڵا نەی کە تەنا نەت هە ڵەی بـچووکیش بێ ڕا ست بکرێـتەوە، دا مان نا یەوە لە بەرنا مەی کاری دانیـشتنی ئەمڕۆ، تەنیا بۆ دەنـگدان لە سەر ئەو ماددانەی نیساب نەبووە نیسابی لەسەر ئەکرێ، دواتر ئەچینە سەر بڕگەی دواتری بەرنامەی کار، شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم ئەو بڕگەیە بخرێتە بڕگەی کۆتایی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەبعەن ئەوە هی بەرنامەکانی کاری دانیـشتنی پێـشووە، بۆ یە ئەبێ تەواو بـکرێ، ئەوکات بـچینە سەر خاڵەکانی تر، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامم وەرگلات بۆ کاتی خوێندنەوەی ناوی ئامەدە نەبووان، خەڵك هەیە بە ئەرکی پەرلەمان چۆتە دەرەوە، بە مۆڵەت ناو ئەبرێ، ئەوە لە ڕووی ئیدارییەوە هەڵەیە، بە ڕەئی من ئەو کەسانە ئەبێ جیا

بکرێ نەوە، کە سێك مۆ ڵەتێکی ئا سایی بۆ خۆی وەر ئەگرێ، کە سێکیش پەر لەمان ڕاي سپاردووە بـ چێ بە ئەرکێک، لەسەر ئەوە ئەگەر بکرێ داوا لە بەرێزتان ئەکەم بنووسرێ بە ئەرکی پەر لەمان چووە بۆ فلاٚن شوێن، یان پەرلەمان ڕایسپاردووە بۆ کارێك، ناکرێ ئیفاد بووە، یان ڕایسپاردووە، ناکرێ مۆ ڵەت بێ، ئیـشی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەبعەن ئەوە وەکو ئەوەی لە لیژنەکانەوە ڕاپۆرت دێتەوە بۆ سەرۆکایەتی و بۆ بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەخوێندرێتەوە، ئەتوانرێ لە کاتی نووسنی ئامادە نەبووان و ئامادە بووان لە دانیشتنی لیژنەکان ئەو سەرنجەی بەرێزت ڕەچاو بکرێ، خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکی ل سەر یاداشتا هەوە ب پـشت بە ستن ب مادده (74، 75) ێ دیتـنا من نا پەیڕەو یە، چنکی ماددێ (74، 75) گە لەك ڕوو نی بەحـسێ وێ دانیـشتنێ د کەت ئەوە جـڤین تـێدا هاتیـیە کرن، حەلا وی بابەتی ناکات ئەگەر هاتو ئەو جڤین خەلاس بوو، ئەو یاسا تەمام بوو دەنگدا نە گـشتی ل سەر هاتـیە کرن دێ، سەرۆکایەتیا پەر لەمانی چەوا تەعامل د گەل د کەت؟ پر سیار ئەڤە یە، ئە گەر یا سایێ پەر لەمانێ کوردستانێ دەنگدان ل سەر هاتییە کرن و تەمام بوو، ئایا چێت بیتن بۆ دە ستا سەرۆکاتییا یا سایی هەی خۆت بزڤرینیتا ناو هۆلێ پەرلەمانێ؟ هیچ ماددەکا پەیڕەوی ئاماژە ب هندێ ناداات، ئە گەر بزڤریـنا ماددا (17) برگا (9) بەحسێ هەندێ دکەت کو دلٚنیا بوون ل ژمارا یاسایی ب هاڤکاریا هەردوو ئەندامەکانی تریا دەستێ سەرۆکایەتیا، بەراستی ئەم وەك پەرلەمانتار چاوا دلٚنیا بین حەتا نوو کە درا ستیا ژمارد نا دەنـگادا، راستیا یان حزورا ئەندامێن پەرلەمانی گومان بۆما دروست بووی ئایا حەتا نووکە مە چ گرەنتی هەیە ئەو یاسایە بەر نوکە دەرچووینە کو ژمارا یاساییا پەرلەمانتارا حزوراوان یا درو ست بوو یە، هەژماردنا دەنـگان دروست بوویە؟ براستی ئەز وەك پەر لەمانتار رەخـنە ژ دە ستەیا سەرۆکایەتیا دە گرم کو ئە ڤە سادەترین ئەرکێ دەستا سەرۆکایەتیا، حزورا ئە ندام پەر لەمانێ د گەل دەنـگدان و هەژمار کر نا دەنـگدان ئە ڤە جارا دوویێ یە دەنگدان ب شێوازە خەلەتێدا کرن، جاراکی دی دەنگدان ژ بۆ کابینە بوو کو ژمارد نا دەنـگا شا شێ هاتبوویە ل ئەنجامدان، ئەڤ ڤی جاری براستی ئەز دبینم خەلەلەکا یاسایین شکاندنا هەیـبەتا پەرلەمانیـیە، نابیتن ئەڤ بابەتە دووبارە ببیتەڤە، یاسایەك دەربچیت و دەنگدان ل سەر بێـتە کرن و دیـسان بزڤرینە ڤە، مە چ گرەنتی هەبیتن، چ باوەری هەبیتن کو دەستا سەرۆکایەتیێ هەژماردنا ئامادە بوونا ئەندام پەرلەمانێ دا دەنگانەکا دروست بیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەبعەن ئەوەی پەیوەندیدارە بە ماددەی (74، 75) ئەوە دوای ئەوە کە ژمارەی یاسایی ئە ندامانی پەرلەمان حزوریان هەبێ، بۆیە ئێمە ئاماژەمان بە ماددەی (4) کردووە، دوا یی بەر مەبنای ئەو ماددا نەی

تر كه له پەیڕەو هەن، ماددەكانی (74، 75، 77) كه پەیوەندیداره به دەنگدان له سەر مادده كان له دوای گفتوگۆ كردن، واته دەرگای گفتو گۆ كردن دا خراوه تەنیا دە نگ ئەدرێتەوه له سەر مادده كان، ئێنجا ئەو ماددانەی كه خەلەلیان تیا هەیه، ئەگەرنا لەو ماددانەی نیساب هەیه دەنگدانی لەسەر ناكرێتەوه، ئەوه شی پەیوەندیداره به ژ ماردن ڕا ستی زۆر بەی، ئەویتری دەنگدا نەكانی تر به درو ستی ڕۆیشتووه، ئەبێ ئەوه لەبەر چاو بگرن كه به دروستی ڕۆیشتووه، بەڕێزان ئەندامانی تری دەستەی سەرۆكایەتی زۆر جار ما ندوو بوون بەوه، ئێستا ڕەنگه بەڕێز سكرتێری پەرلەمانیش قسەی هەبێ له سەر ئەم بابه ته، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بابەته له هەموو هەڵه یەك له ماوەی دا هاتوو به دوور بێ، له داهاتوو یەكی نز یك دەنگدان له ناو پەرلەمان ئەبێته دەنگدانی ئەلیكترۆنی، ئەو تایتنانەی كه لەبەر دەستاندایه له ڕێگەی تیمێكی هونەر یەوه هەموو كارەكانی تەواو ئەكرێ، لەمەولا دەنگدان به ئەلیكترۆنی ئەكرێ له ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەوكات ئەو كێشه و گرفتانه به تەواوی كۆتایی پێ دێ، ڕەنگه لەكاتی تر و له خو لەكانی تریش هه ندێ جار كێشه هەبووبێ، بەڵام تێپەڕیوه، نامانەوێ ڕاسته كێشه هەبووه، بەڵام باشتر وایه كێشەكان چاره سەر بكرێ نەك هەر وا بمێنێتەوه، فەرموو بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت به بژاردنی دەنگەكان له كاتی تە سویت بۆ هەر پرۆژه بڕ یار و یا سایەك، وا بزانم ئەو بابه ته چەندین جار گفتوگۆی لەسەر كراوه، قسەكەی ئامینه خان تازه گەری تێدا نەبوو، تەنیا شتێك بوو كه ئەندامانی پێشووی خۆی ئاماژەیان پێ كردووه، من به دڵەوه هەموو ڕەخنەكان قبوڵ ئه كەم، ئێمه لێره دەنگەكان كه ئه بژێرین دا بەشمان كردووه به دوو كەرت بۆ ئەوەی زۆر دەقیق بین، كەرتی (ا، ب) كاك دكتۆر جەعفەر ئەیبژێرێ، منیش كەرتی دووەم ، بۆ ئەوەی دەقیق بین، به نیسبەت ئا ماده بوون و ئا ماده نەبوونی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، كاتێ دەست به گفتوگۆ ئەكەین واته دانیشتن دەست پێ ئەكەین، نیساب ئێمه تەئكیدی لێ ئەكەین كه هەیه، بەڵام به داخەوه ئەوه ئەندامی پەرلەمانن كه له شوێنەكانی خۆیان نامێنەوه، دوای ئەوه كه واژووی ئاماده بوونیان ئەكەن ئه چن ئیسارحەت ئه كەن، یان له هۆڵەكان نامێننەوه، به تایبەتی ئاگادارن لەو پرۆژه یاسا و بڕیارانەی پەیوەستن به كاروباری ئافرەتانەوه كه یەكێكه له مەعاناتی گەورەی لیژنەی ئافره تان له پەر لەمانی كورد ستان، ئه ندامانی پەر لەمان هێنده كەمن بەو شێوەیه، ئەو پرۆژه یاسایەی پێشوو كه تێپەڕی، پرۆژه یا سای قەرزه كه، به دڵنیایی یەوه كه هاتینه ناو دانیشتنەوه (59) ئه ندامی پەر لەمان له ژووری كۆبوونەوه كه هەبوون، بەڵام له دوای ئەوه له به شی كۆبوونەوەی دووەم له هۆڵی پەرلەمان نەماون بەو شێوەی له ماددەكان هەبوون، و بابەتێكی تریش، بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئێمه له هەرێمێكین كه ئەڕۆین بەره و پێشكەوتن و سوودێكی گەوره له دونیای ئەلیكترۆنی وەردەگرین، به داخەوه تا ئێستاش سەرۆكایەتی پەر لەمانی كورد ستان (2) ئه ندامیان ئاوا به ده ست و به چاو خەریكی بژاردنی دەنگی ئه ندامانی پەر لەمانن، كه له خولی سێیەمی پەر لەمانی

کوردستان ئەو هۆڵە تازە کراوەتەوە، ئەو ئەجهیزانەی لەبەر دەستی بەرێزتانە تا ئەو دەقیقەش ئەو کارەی بۆی کراوە تەنیا بەس صەوت گەیاندنە کە دەگاتە لای ئێمە و، دڵنیام لەوەی ئەگەر بە دەنگیش قسەمان لەگەڵدا بکەن دەیبیستین، بەدا خەوە بەکار نەهێنراوە لەبەر ئەوە ئەمە خاڵێکی دیکە یە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش ئەوەی کە من دیقەتم داوە زۆر ماندوو دەبین لە بژاردنی دەنگەکاندا، چونکە هەیانە دەست بەرز دەکات و یەکجار وەکو ئەوەی کە ئۆکەیەك کرد بێ و دەستی بەرز دەکاتەوە و دەستی دادەگرێتەوە، چەند جار ئەندامی پەرلەمان دەستی بەرز کردۆتەوە و دیسانەوە دایگرتووە ئەوە بەداخەوە، یان دەستی ئەوەندە هێواش دادەگرێت تەوەقوع دەکەن بەرێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئێمە ئاوا دەگەڕێین تا وەکو بزانین دەستی بەرز کردووتەوە یان بەرزی نەکردۆتەوە، بۆیە هەر کەم و کوڕییەك دروست ببێت پەیوەستە بەو ئەجهیزەوە و دڵنیاتان دەکەم بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان زۆر ماندوو بووە و ئەوەش تەئکیدی دەکەمەوە کە تەنیا کاری خۆی وا بهێڵێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، دکتۆر عزت فەرموو.

**بەرێز د.عزت صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پشتیوانی کاك (عمر عینایەت) خەلەلێکی ئیداری هەیە لە پەرلەمان کاتێك بەرێزێکی ئەندام پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنەکەی یان لەسەر دەعوەت نامەیەکی شەخسی یان بە هەر هۆکارێك سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات مووەکینە فریای ئەوە ناکەوێت سەرۆك لیژنەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە، یەعنی ئەگەر مولا حەزە بکەی بەرێزتان (6) کۆبوو نەوە کراوە (3)ی لیژنەی دارایی کردووە یەتی لەم (8) ڕۆژەدا، لەبەر ئەوە مووەکینە ئەندامێکی لیژنەکە بە سەفەرێك بە ئیفاد بە ئەمری سەرۆکایەتی پەرلەمان چووە، بەڵام سەرۆکایەتی لیژنەکەی ئاگادار نییە، بۆیە داواکارم، پێشنیار دەکەم هەر پەرلەمانتارێکی بەرێز کە سەفەر دەکات بە موافەقەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان وێنەیەك لەو ڕەزامەندیە بنێرێت بۆ لیژنە تایبەتەکەی خۆی بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی لیژنەکەشی ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن و بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك ابو بکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەرێز ابوبکر عمر عبدالله ((ابو بکر هەڵەدنی)):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ) و (یەکگرتوو) لەبەرئەوەی کە کۆی پرۆژە یاساکەمان ڕەتکردۆتەوە یاسای قەرز، بۆئەوەی کە بەشدار نەبین لە شەرعیەت دان بە کارەساتێکی ئابووری کە لە داهاتوودا بەروکی

هەرێمەکەمان و نەوەکانی ئاینده دەگرێت، بۆیە ئێمە لەکاتی دەنگدان بایکۆتی هۆڵی کۆبوونەوە دەکەین، بەڵام لە بڕگەکانی تردا ئامادە دەبین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێوە ئازادن لەوەی کە هەر هەڵوێستێکتان هەبێت، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی و، لیژنەی ئەوقاف کە بێنە سەر مەنەصە بۆئەوەی دەنگدان دەست پێ بکەینەوە، کاک ئۆمێد فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم ئەو بەشەی قسەکانی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لە پڕۆتۆکۆڵ دەر بکرێت لەو بەشەی کە باسی لەوە کرد هەر بابەتێك پەیوەست بێت بە پرسی ژنان و ئافرەتان جێگەی ئیهتیمامی ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئێمەش دەپرسین چی بابەتێك کە لە لیژنەی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان هاتبێت گفتو گۆی لەسەر کرابێتن لە لای ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان جێی گرینگی نەبێت، بۆیە داواکارم ئەوە لە پڕۆتۆکۆڵ دەربهێنرێت لەبەرئەوەی دەچێتە خانەی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان بۆ قەزیەی ژنان ئیهتیمامی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیڤیدارم دەستا سەرۆکایەتیێ تەحەمولا رەخنێ هەبیتن، تازەگەری بۆ پەرلەمانتارا پێویست ناکات، چونکە پەرلەمانتارێن کوردستانێ مولزەمن بە پەیرەوێ ناڤخۆ یێ پەرلەمانی و ئەم کار دکەین بە دەقێت کووەکو دەستوورەکێ یە بۆ پەرلەمانتارا و پەرلەمانێ کوردستانێ، پرسیارامن ئەڤە یە بۆ ڕێکخراوەك، ڕێکخراوەکا کۆمەڵگای مەدەنی دێ شێت کۆنترۆڵا قاعا پەرلەمانی بکەت، بەس دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کو ئەرکێ وێیە بتایبەتی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی نەشێت کونترولا ناڤ هۆڵا پەرلەمانی بکەت، یەعنی دڤێتن تەحەمولا مەسئۆلیەتێ بێتە کرن دڤی بواری دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشەن سوپاس، تەبعەن ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، بەڕێز جێگری سەرۆك و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کونترۆڵی قاعەیان کردووە، یەعنی تەنیا یەك کۆبوونەوە نەکراوە کە ئەم هەڵەیە تێدا بووە بەڵکو دەیان کۆبوونەوە لە پەرلەماندا ئەنجام دراوە و کونترۆڵی قاعەشیان کردووە و بژاردووشیانە، دەنگەکانیان بژاردووە تا ئێستا ئەوەی کە جەنابت باست کرد دوو جار هەڵە ڕوویداوە ئەمە ناکاتە ئەوەی

که وا وێنا بکەین کە بەڕێزیان نەیانتوانیوە کونترۆڵی بکەن یان ئێمە هەرسێکمان لەدەستەی سەرۆکایەتی نەمانتوانیوە کونترۆڵی قاعە بکەین، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی قسەکانی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەم، بەڵێ ئەو پرۆژە یاسانەی پەیوەندیان بە پرسی ژنانەوە هەبێت و پەیوەندیان بە کار و باری کۆمەڵایەتیەوە هەبێت بەڵێ ئەندامانی پەرلەمان زۆر جار قاعەکە چۆڵ دەکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و (منیرە) خان دەکەم، ئێمە خۆشمان ڕەخنەمان گرتووە کەوا (2) جار دوو با بەتی گرینگی تایبەت بە پرسە کۆمەڵایەتیەکان و پرسی ژنانەوە هەبووە هۆڵی پەرلەمان چۆڵ بووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، فەرموون ماددەکان بخوێننەوە یەك بە یەك لە ماددەی (10)یەمەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، نیصاب هەیە (77) ئەندام پەرلەمان لەژوورەوەن فەرموون ماددەکان بخوێننەوە ماددەی (10).

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (دەکرێت ئەو ناکۆکیانەی لە ئەنجامی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێککەوتن و گرێبەستانەی بە پێ ئەم یاسایە دەبەسترێن چارەسەر بکرێن لە ڕێگەی ناو بژیوانی نێودەوڵەتی بەگوێرەی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی پێویست دەکات).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەتی؟، (56) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (6) کەس دژیەتی، کەوا تە پەسەند کرا، ماددەی (11)م.

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11)م بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (کار بەهیچ یاسایەك یان بڕیارێك یان هەر دەقێکی تری ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟، (56) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، (7) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبە جێ بكەن و پەیڕەو و ڕێنماى پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی دەر بكەن).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟، (57) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، (7) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (13) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە (ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بلاوكردنەوە لە رووژنامەی وەقائعی كوردستان جێبە جێ دەكرێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟، (57) كەس لەگەڵیەتی؟، كێ دژیەتی؟، (10) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، هۆیەكانی دەرچواندن.

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ( لە پێناو پاڵپشتی كردنی باری دارایی هەرێمی كوردستان و بەردەوامی پروسەی گەشە پێدان و پێشخستن ئەو شێوەی بەرژەوەندی گەلەكەمان دەستەبەر بكات ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟، (56) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، (10) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، كۆی یاساكە كێ لەگەڵیەتی؟، (57) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، (15) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی دارایی دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، لیژنەی یاسایی لەسەر مەنەصە بمێننەوە بۆئەوەی برگەی (2)م لەبەرنامەی كار بەڕێوەببەین، برگەی (2)م لەبەرنامەی كار بریتییە لە گفتو گۆ كردنی پرۆژە یاسای ڕاگرتنی كار كردن بە یاسای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستان بە پێی ماددەكانی (72) و (74) و (75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو، فەرموون لیژنەی یاسایی ئەصڵی پرۆژەكە و راپۆرتی خۆتان لەسەر پرۆژە یاساكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای كار كردنی ڕاگرتنی بە كرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستان  عێراق.**

**ماددەی (1) كار نەكردن بە حوكمەكانی یاسای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەی (2) ساڵ تا (2017/7/15).**

**ماددەی (2)م كار نەكردن بە بڕیاری ژمارە (220)ی ساڵی (2001).**

**ماددەی (3)م پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**ماددەی (4)م ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی كوردستان دەچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، هۆیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە: بەهۆی ئەم یاسایە كێشەی كۆمەڵایەتی لەنێوان كرێچی و خاوەن موڵك دروست دەبێت تا كاتێك هەموار دەكرێت كە كار كردن بە حوكمەكانی ئەم یاسایە ڕادەگیرێت.**

**بەڕێز ڤالا ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پڕۆژە یاسای ڕاگرتنی یاسای بە كرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستان، لیژنەی كار و باری یاسایی ڕۆژی (چوارشەممە) (20)ی جۆزەردانی كوردی بەرامبەر بە (2015/6/10)ی زاینی كۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردنی پڕۆژە یاسای ڕاگرتنی كار كردن بە یاسای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەكە لە دانیشتنی ئاسای ژمارە (10)ی ڕۆژی (چوارشەممە) لە بەرواری (2015/4/29) ڕەوانەی لیژنەكەمان كراوە، دوای گفتو گۆ كردن و تاوتوێ كردنی گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**یاسای ژمارە (2)ی (2015) ڕاگرتنی كار كردن بە یاسای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی كوردستان.**

**ماددەی (1)م كار نەكردن بە حوكمەكانی یاسای بە كرێدانی خانوبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەی (1) ساڵ تا ڕۆژی (15/7/ 2016).**

**ماددەی (2)م بڕیاری ژمارە (220)ی ساڵی (2001) هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی (3)م پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

ئەم یا سایە لە ڕۆژی دەر چوونیەوە کاری پ ێدەکرێ و لە ڕۆژنا مەی فەرمی (وە قایعی کورد ستان) بلاّو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە کێشەی کۆمەڵایەتی لە ن ێوان خاوەن مۆ ڵك و کرێچی لێدەکەوێتەوە تا دەرکردنی یا سایەکی گ شتگیر کە سەرجەم یا سا و بڕیارە کانی ئەم بوارە لە خۆ بگرێت ئەم یاسایە دەرچوێندرا، بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان داوا لە بەڕێزتان دە کەم کە را پۆرتی لیژ نەی یاسایی بکرێت بە ئەساس بۆ دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فراکسیۆن و ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە چوونە دەرەوە داوایان کرد لە بڕگەکانی تر بەشدار بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چاوەڕێ دەکەین کە بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان و رامان سپاردووە کە بانگ بکرێن بۆ هۆڵی پەر لەمان، کاك عمر نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەودا نییە چاوەڕێی خەڵك بین بێتە ژوور.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ڕاستە، لیژنەی یاسایی داوای ئەوەیان کرد کە ڕاپۆرتەکەیان ببێت بە بنەما، کێ لەگەڵێدا یە؟ ﴿52﴾ کەس لەگەڵێدا یە، کێ لەگەڵێدا نی یە؟ کەس نی یە، کەوا تە پە سەند کرا، بەڕێزان لیژ نەی یا سایی پێ شتر تەوزیحتان پێ دەدەن لەسەر ڕاپۆرتەکە و لەسەر پڕۆژە یاساکە بۆیە ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ وتوو ێژەکان لەسەر بڕگە ومادەکانی یاساکە، فەرموو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ز یاتر ڕوون ب ێت بۆ چی داوای ڕاگرت نی ئەو یا سایە دە کەین؟ و داوای هەڵوە شانەوەی بڕ یاری ﴿220﴾ دەکەین؟ بۆ ئەوەی بزانین ئەمە لە چی هاتووە؟ جەنابتان دەزا نن کە عە قدی ئی‌جار عەقدێ کە قانونی مەدەنی تەنزیمی کردووە، بەڵام لە دوایدا کە قانونێکی خاص دەردە چێت بە ئی‌جاری ع قار ژ مارە ﴿87﴾ ساڵی ﴿1979﴾، الخاز یق ید العام، وا تە عە قدی ئیجاری عەقار خازع دەب‌ێت بۆ قانونە کە کە

بریتییه له قانونی ئیجار عقاره ژماره ﴿87﴾ ساڵی ﴿1979﴾، بەڵام ئەم یا سایه كه هاتووه، بۆ ئەوەی باڵانسێك رابگرێت له نێوان مو ئەجیر و مو ستەئجیر كه هەر دوو لا یەنی عه قدی ئیجارن، هاتووه زۆر تر باڵانسەكەی و هاوسەنگیەكەی بەلای موستەئجیر دا شكاندووه به جۆرێك كه مو ئەجیر به هیچ شێوەیەك بۆی نییه موستەئجیر دەر بكات له ئەو شوێنەی كه داوەتی به كرێ، هەتاكو خۆی به ئیرادەی خۆی چۆلی نەكات، مادام مو ستەمره له پ ێدانی كرێ كەی، ئه مه وای كردووه كه جۆر ێك له تێكچوونی هاو سەنگی نێوانیان دروست دەكرێت و له رەد فەعلی ئەمه له تەتبیقاتی مەحاكمەكان، چەند بڕ یار و یا سا دەر چووه بۆ چاككردنەوەی ئەم باڵانسه، بەڵام له ئەم بڕیارانه له جیاتی هاوسەنگیەكەی چاك بكات ئەم جاره بەلای موئەجیر دا شكاندووه، یاسای ژماره ﴿9﴾ ساڵی ﴿2008﴾ كه ئێستا داوای راگرتنی كار پێكردنی دەكەین، عەدالەتەكەی وا تێك داوه كه عەقدی ئیجاری كردووه به عه قدی ئذعان، عه قدی ئذعان وا ته یەكێك له لایەنەكانی ئیرادەی نییه و ئیرادەی تەسلیمی بەرامبەر دەبێت، به پێی ئەم یا سایه گەڕاوه تەوه بۆ قانونی مەدەنی و به پێی قانونی مەدەنی هەر كاتێك موئەجیر موددەی عەقدەكه تەواو بێت دەتوانێت موستەئجیر دەربكات كه ئەمەش وای كردووه ئەم بڕیاره له سالحی كرێ نشینەكان نی یه وای كردووه كه خازع بن بۆ ئیرادەی ساحب مولكەكان، ئەم بڕیاره بەم شێوەیه باڵانسەكەی تێكداوه، بڕیاری ﴿220﴾ ساڵی ﴿2001﴾ كه داوای هەڵوەشانەوەی دەكەین، له ئیدارەی سلێمانی دەرچووه، كاتێك كه قانونی ژ ماره ﴿9﴾ دەر چووه له یەكێك له بڕگەكانی دەڵێت كار به هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی ئەمه بێت، كه مەفروز بوو یا سای ژ ماره ﴿220﴾ ساڵی ﴿2001﴾ هەڵبوه شێتەوه، بەڵام كه ئیدارەی سلێمانی له مەحاكم ئی شی پێكراوه و له هەولێر ئی شی پێ نەكراوه و له گەڵ ﴿ كاك ا بوبكر و تەلار خان﴾ دیرا سەی ئەم بابه تەمان كردووه و له گەل مەحاكمی سلێمانی كۆبووینه تەوه و پر سیاری ئەوەمان كرد كه ئەسا سی قانونی كاركردن تان به بڕ یاری ژ ماره ﴿220﴾ چییه؟ دە ڵێن، له لیژ نەی یا سایی خولی پێ شووی پەر لەمان نووسراوان بۆ هاتووه كه كار بەمه بكەین، لیژنی یا سایی بۆی نی یه نوو سراو بكات بڵێت كار بەم بڕ یاره ب كەن، بۆ یه سەرەرای ئه مه سیمای دوو ئیداری یه، ئەسا سه قانونی یه كەی تەواو نی یه، بۆ یه داوای هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارەمان كردووه، بەڵام ئەمانەی ئێمه داوا مان كردووه هیچی حەلی كێشەكه نا كات، ئێمه كێشەیەكمان هەیه پێویسته هاوسەنگی و عەدالەت بۆ هەردوو لا بگەڕێنینەوه، بۆ یه كاك﴿ابوبكر و تەلار خان﴾ بەردەوام لەسەر خەتین لەگەڵ خەڵكی موختەس و حاكمه بەڕێزەكان، گەڵا لەی پرۆژه یەكمان كردووه كه یاسایەكی تایبەت دەركەین به ئیجاری ئەقار، هەتا ئەوكاته حەلی كاتی وەكو پاراستنی مه سالحی كرێنشینەكان داوای كار كردن به یاسای ژماره ﴿9 ﴾ ساڵی ﴿2008﴾ و هەڵوه شانەوەی بڕ یاری ﴿220﴾ دەكەین، چونكه ئەمه كاری پێناكرێت له رووی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

روونكردنەوەی ترتان نەمان لیژنەی یاسایی؟ فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێرای پشتگیری لە قسەکانی ﴿د. بەهار﴾ یاسای ژمارە ﴿9﴾، بۆیتە گرفتی تەواو بۆ دادگاکان لە رووی جێ بە جێ کردنەوە، چونکە کاتێك چەند گرنگە یاسا دەربچێت گرنگتر ئەوە کە جێ بە جێ بکر یێت، ئەم تەناقو ز تەعاروزە لە بەینی یاساکان وای کردووە کە نە مافی خاوەن موڵك و نە مافی کرێچی بپارێزرێت و گرفتی تەواوی دروست کردووە بۆ دادگاکان لە رووی جێ بە جێ کردنەوە، بۆیە ئەگەر هاتوو ئەم راگرتنە بە شێوازێ بێت و لە ساڵ کەمتر نەبێت، نەك تا 2016/7/15 بەس لە ساڵ کەمتر نەبێت، چونکە وەك ﴿د. بەهار﴾ ئا ماژەی پێ کرد کە ئەو پرۆژە یە گەلاَ لە و هیچی نەماوە ئا مادە بکر یێت و ئیمزای بۆ کۆبکرێتەوە و هاوسەنگی دروست بکەین، چونکە ئیش کردنی مەحاکمی سلێمانی و دەورو بەری لە سەر ماددەی ﴿220﴾ وای کردووە کە شێوازی کارکردنی جیاواز بێت لە گەڵ هەولێر و دهۆك لە رووی کارکردن، لە کاتی وەستانی یاسا ﴿220﴾ و ژمارە ﴿9﴾ کۆمەڵێك گرفتی یا سایی دروست دەبێت، بۆیە ئەگەر لە ساڵ کەمتر نەبێت باشترە هەتا بتوانین هاوسەنگی دلروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤاڵا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا ابراهیم فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿د. بەهار و تەلارخان﴾ لەلیژنە تەخویل کراون کە بەدوادا چوون بۆ ئەم بابەتە بکەن و سوپا سیان دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە دوای بەدواداچون بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام تێبینی لە سەر یا سای بە کرێدان بە شێوەی گشتی بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون دەکەینەوە کە ئە مە بە گشتی یا ساکان هێشتا نەفەسی ئیشتراکیان پێوە دیارە، کە کاتی خۆی یاساکە پشتی پێ بەستووە، واتە بە فەلسەفەی ئیشتراکی کە تێیدا قورسایی بۆ دابینکردنی مافی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان تەحویل کراوە، بۆ ئەستۆی دەوڵەمەند و خاوەن موڵك و خاوەن خانووەکان، بۆیە هەموارکردنەکان کە کراون تەنها تووشی ئەو روانەگەیەیان کردووە بە پێی ئەوەی کە توند بوونی کێشەی کرێچی و قووڵ بوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە لەم دەروازەیەوە سەرچاوەی گرتووە کەمی بکەنەوە، بۆیە ئێمە لێرە کە ئەم یا سایە رادەگرین یاخود ئەو هەموارەی ئەو یا سایە رادەگرین، بەلاَم تەنها ماوەی ساڵێکمان داوە بە لیژنەی خۆمان کە لیژنەی یاساییە، لە ماوەی ئەو ساڵە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ تاوتوێی ئەو بابەتە بکەین و بتوانین بە زوو ترین کات هەمواری ئەم یاسایە بکەینەوە بە شێوەیەك کە بتوانین تەوازن رابگرین لە نێوان بەرژەوەندی هەردوولا، هەم بەرژەوەندی کرێچی، هەم بەرژەوەندی خاوەن موڵك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین، تکایە ناونیشانی پڕۆژە یاساکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راگرتنی کار کردن بە یاسای بە کرێدانی خانوو بەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 لە هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەیە؟ باشە، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوٌفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رۆژی (21/ 9/2014) راپۆرتێکم لە پەرلەمان پێشکەش کرد وەکو بیرۆکە، باسی ئەو کێشەم کرد کە ئەمە کێشەیەکە سەر هەڵدەداتەوە، ئێستاش دەمەوێ لە عینوانی ئەو قانونەی کە ئێستا رای دەگرین دەست پێ بکەم، کە هەفتەی داهاتووە راگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان، ئێمە لەم یاسایە کێشەمان بە تەواوی لەگەڵ یەك ماددە هەیە، کە ماددەی یەکەمە، لە ماددەی یەکەمی ژمارە (8)ی ساڵی (2009) ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە (87)ی ساڵی (1979)ی راگرتووە، کە لەوێ لە ماددەی سێیەمیدا یاسای ژمارە (87)ی ساڵی (1979) هاتووە کە ئەگەر کرێچی کرێ بدات و بمێنێتەوە لە خانووەکە بەردەوام دەبێت، بۆیە لە ساڵێ (2010) یاسای ژمارە (16) لە پەرلەمان دەرچوو، تەنها کارکردنی بەو ماددەیە راگرت، نەك هەموو یاساکە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئەو یاسای ژمارە (9) ساڵی (2008) تەنها ئەمەی تێدا نییە، نیسبەشی دیاری کردووە، ئەگەر ئەو خانووە هی سەکەنی بێت ئەوەندە لەسەد نابێ لە قیمەتی گشتیی خانووەکە و عەقارەکە زیاتر بێ، ئەگەر خانووەکە هی تیجاری بێ نابێ زیاتر بێ، بۆیە ئەمە کێشەی بۆ باجی خانووبەرەش دروست کردووە، چونکە هەندێك لە عەقدەکان بە پێی یاسای ساڵی (1951)ی مەدەنی کراون، لەو ماوەیە، چونکە لە ساڵی (2002) وەکو باسم کرد تاوەکو ساڵی (2015) کار بە یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2010) کراوە، بۆیە بە تەسەووری من لەبەردەم دوو ئەگەردایین، ئێمە لە عینوانی یاساکە، ئەگەری یەکەم: ئەوەیە ئەگەر ئێمە پێمانوایە لە هەموو ساڵێك ئێمە ئەو دەردە دەدەینە کرێچی و چاوەڕێی ئەو حاڵەتە بکات و، لە سلێمانیش بە قەرارێك کار کراوە کە ئێستا تەعلیقێکیش لەسەر ئەوە دەدەم، من پێموایە ئێمە یان دەبێ بە دوایی بگەڕێینەوە بۆ ماددەی ژمارە (3) لە ساڵی ژمارە (87)ی ساڵی (1979) ئەگەر وایە هەموو ساڵێك پێویست بەو راگرتنە ناکاتەوە، یان ئەوەیە ئێمە بە تەواوی وەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی باسیان کرد، بە تەواوی ئێمە بەو یاسایە دابچینەوە، بەراستی ئەمە جەنگێکی دەروونییە لەگەڵ کرێچی و لەگەڵ خاوەن خانووش دەیکەین، بە دەیان خەڵك پەیوەندی دەکات، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی ئەم بڕیارە کێشەیەکی یەکجار

**گەورەی دروست کردبوو، من دەست خۆشی لە هاورێکانم لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە بە تەواوی هەڵیان وەشاندۆتەوە، هەروەها لەو دەرفەتەش دەمەوێ ئەمە بقۆزمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەنها ئەو قەرارە نییە، قەراری دیکەش هەیە لە مەحاکمی سلێمانی، لێرە قانون هەیە لەوێ کاری پێ دەکرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئێمە لەم قۆناغەدا تاوەکو تەعدیلی دەکەین، چونکە دەڵێ دەرفەتی تەعدیل کردن دەدەین......**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دیارە کاتت تەواو بووە، زۆر سوپاس، بەڕێز د.سراج فەرموو.**

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەوەندە داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیەکمان بدەنێ، ئایا خیلالی ئەم ساڵە بەدیل چییە؟ یەعنی باس لەوە دەکەم کە تاوەکو (15/ 7/ 2016) بەدیل چییە؟ بەچ یاسایەك کار دەکرێت؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز تەلار خان فەرموو.**

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە دوای راگرتنی ئەم یاسای ژمارە (9)یە کە ئەگەر لە ساڵێك زیاتر نەبێ، لە ئێستادا گەلاڵەی پڕۆژەیەك کراوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك لە دادوەرە بەڕێزەکان، هەروەها ئەو لیژنەیەی کە دروست بووە لە نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری، کار لەسەر ئەوە کراوە ئێستا چەند ماددەیەك قسەی لەسەر کراوە و چەند ماددەیەکی تر ماوە کە کاری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە ماوەی لە ساڵ کەمتر نابێت ئەو پڕۆژەیە کاری لەسەر دەکرێ کە هاوسەنگی لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچیش دەستەبەر دەکات ئەمە بەشێکی، لەم حاڵەتەشدا کە ئێستا (220)یش رادەگیرێت، هەروەها بەشێکی دەچێتەوە سەر یاسای ئیجاری عەقاری کۆن، بەشەکەی تریشی بە یاسای قانونی مەدەنی کاری پێ دەکرێ و گرفت لە ئێستادا دروست نابێت لە رووی جێ بەجی کردنی یاساکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.بەهار فەرموو.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر ویستم ئەوە بڵێم دەگەڕێینەوە سەر یاسا کۆنەکە، بەڕێز تەلار خان ئاماژەی پێدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پشتگیری قسەکانی برای بەڕێزم (د.فرست) دەکەم، بە فیعلی ئێمە حاڵەتێکی ناخۆشە هەموو ساڵێك ئەو قانونە تەئجیل دەکەینەوە، بەلاَم رەخنەیەکیش لە خۆمان دەگرین وەکو پەرلەمانتار، ئێمە لە خولی پێشوو و لەم خولەیەش بەراستی پڕۆژەی جدی تەواو پێشکەش نەکراوە، یا بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاخود بۆ پڕۆژەیەکی نوێ کە بەراستی باشترین حەل ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی تازەیە، هەورەها ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستی ئێمەش بوو کارمان لەسەر کرد، ئەگەر ئەو پڕۆژەیەش نەبووایە وەکو ئەمری واقیع بریتییە لە مەسەلەی راگرتن، بۆیە بەراستی ئومێدەوارم هەمووومان هاوکاربین کەوا بتوانین پڕۆژە یاسایەکی نوێ گەلاڵە بکەین کە وەك دکتۆرە باسی کرد، بەرژەوەندی هەردوولای تێدا پارێزراو بێ و لەسەر مەبنای ئەم حاڵەتەش ئێمە ئەمجارە درێژکردنەوەکەمان تەنها بۆ یەك ساڵ کرد، نەك بۆ دوو ساڵ، چونکە پێشووتر هەموو جار بۆ دوو ساڵ دەکرا، بۆ ئەوەی زیاتر بکەوینە ژێر زەغتێکی کاتەوە، بتوانین ئەمجارە بە پڕۆژە یاسایەکی نوێ ئەم مەوزوعە کۆتایی پێ بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راگرتنی کار کردن بە یاسای بە کرێدانی خانوو بەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (48) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵی نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، ماددەی یەکەم بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (1):**

کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی خانووبەرەی ژمارە (9)ی ساڵی (2008) درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ تا رۆژی 2016/7/15.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له راستیدا من لەگەڵ كار نەكردن بەو یاسایە دام، بەلاّم بەر لەوەی كە لە پەرلەمان گفتوگۆی كار نەكردنی بەو یاسایە كرابا، دەبوایە ئێمە لایەنی جێ بەجێ كارمان بانگ كردبایە لەسەر جێ بەجێ كردنی یاسای دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتووان كە بە شێوەیەك ئەو قانونە جێ بەجێ كراوە كە لە راستیدا تەنها ئامرازێك بووە بۆ خۆ دەوڵەمەندكردنی كۆمەڵێك بەرپرس، بە مەبەستی تیجاری بەكار هێنراوە، ئەگەر جەنابیشتان بڵێن هیچ ژمارەیەكی یاسایی داوای ئەوەی نەكردووە كە بۆ ئەم مەبەستە لایەنی جێ بەجێ كار بێتە پەرلەمانی كوردستان تاوەكو بزانرێ بۆچی بەو شێوەیە كراوە، لە كاتێكدا بۆ چارەسەركردنی كێشەی سەكەن ئەم یاسایە دەركراوە، كە خەڵكی كەم دەرامەت و هەژار نەیتوانیوە سوودی لێ ببینێ.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر ئەوە یاسای دادگاكانە.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەلاّم هۆكاری ئەوەی كە بۆچی حكومەت تەنها یاساكەی لە پێناو بەرژەوەندی كۆمەڵێك بەرپرس بە نا راستەوخۆ، خەڵكێك بەڵێندەرە راستەوخۆ، بەلاّم لە ئەساسدا بەڵێندەری راستەقینە نییە، ئەوەتا ئێمە دەبینین كە چۆن پرۆژەكان فەشەلیان هێناوە، قسەكەی من لەسەر ئەوەیە كە ئەم یاسایە بەڵێ جێ بەجێ كراوە، بەلاّم لەبەرژەوەندی خەڵكی هەژار و كەم دەرامەت جێ بەجێ نەكراوە، بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش نەیتوانیوە كێشەی سەكەن چارەسەر بكات، من مەبەستم لەوەیە، من لەگەڵ راگرتنی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر، نوقتەیەكی نیزامی، ئەم یاسایە جێ بەجێ نەكراوە تاوەكو ئێستا.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەی حوكمەكانی بە كام یاسا زەوی تەرخان دەكات بۆ ئەو پرۆژانەی كە موڵكی گشتییە و لە هەمان كاتدا سامانی گشتیشی بۆ تەرخان دەكات؟ بەڵێ، من لەگەڵ راگرتنی كار نەكردنم بەو یاسایە، لەبەر ئەوە كە كێشەی كۆمەلاّیەتی زۆر دروست بووە بە تایبەتی لە دوای قەیرای دارایی، چەندین پێشمەرگە رۆژانە تەلەفۆن دەكات كە خاوەن خانووەكان دەریان دەكەن، دوا قسەم ئەوەیە ئەوە باڵەكە نە كرێچییە و نە خاوەن خانوو و خاوەن موڵكە، ئەوە باڵەكە لە ئەستۆی حكومەتە، هەمووومان ئەم راستیە دەزانین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایە كار كردن بە راگرتنی هەر وەكو باسی لێوە كرا دادپەروەری تێدا نییە، بەڵكو

دادپەروەریەکە ئەوەیە کە ئێمە بتوانین یاسایەکی کامل لە پەرلەمانی کوردستان دەر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر ئەو گرفت و کێشانەدا زاڵبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عینوانەکەش گوتم ئێستاش لە ماددەی یەك ئەوە تەئکید دەکەمەوە، پێموایە ئێمە کێشەمان لەگەڵ ماددەکانی تری یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2008) نییە، ئێمە تەنها کێشەمان لەگەڵ ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2008) هەیە، بۆیە لە ساڵی (2010) وایان کردووە، یەعنی تەنها ماددەی یەکەمی یاسای (9)ی ساڵی (2008)یان ڕاگرتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم تەنها ماددەی یەکەم ڕابگرین، ئەمە باشترە، وەکو باسم کرد کێشەی تریشی بۆ زۆر لایەنی تر و بە تایبەتی باج و خانووبەرە دروست کردووە، چونکە ئیزدواجیەتێك دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم یاسایە ساڵانە بەردەوام هەموار بکرێتەوە، بەڕێزانی لیژنەی یاسایی ئەگەر لەم ماوە دیاری کراوە بۆیان جێ بەجێ دەکرێ ئەوە کارێکی باشە، ئەگەر پڕۆژەیەکی باشیان گەڵاڵە نەکردووە پێویست بەوە دەکات ماوەکە زیاتر بێ، هەروەها من لەگەڵ ئەوەم ماوەکەش نەکەوێتە کاتی پشوودا، شەرت نییە ساڵێك، (14) مانگ بێ، یان (10) مانگ بێ، لە کاتی پشووەکە نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زۆزان فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارا من لە لیژنەیا یاسایی ئەوە کو سەبەب چییە هەتا ساڵەکی بدەنە درێژکرنا ڤی یاسایێ؟ ئەوە یەك، یا دووێ: لە خولی چوویشدا ئیحتیماله ئەڤ ماددەیە خستیە بەرنامەی کاریدا کو بێتە تەعدیل کرنێ، هەتاکو نووکە تەنێ مایە بەرنامەیدا، یەعنی چ چارەکرن بۆ نەهاتیە کرنێ، لەبەر هەندێ پرسیار و پێشنیارا من ئەوە، ئەز پێشنیار دکەم کو شەش هەیف بێنە دانانێ، نەك ساڵەکێ، ئەگەر بشهێنی ئەو لیژنە پێکهینای یان ئەو کەس و پسپۆڕ و تایبەتمەندێن وان ژ بەحس لێ کری کو شوێنی بەداو داچوونێ لەسەر

ڤی بابەتی بکەن بۆ هاریکاریا واندا، ئەگەر بشێت ماوەی شەش هەیڤا دا پرۆژەیەکی پێشکەش بکەن ل سەر ڤێ ماددەی دێ باشتر بیتن ل سالەکێ، چونکە لە فائیدەی خەلکیدا بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەیار فەرمووو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بە خۆ لەگەلێ هەندێ نیمە ئەڤ یاسایە بێتە راگرتن، چونکە چەندین جارا ئەڤ یاسایە هاتیە راگرتن، بە دیتنا من دەبوایە بچیتە بواری جێ بەجێ کرنێدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە دادگەهامە یا دیتی چەندین کیشە و دەعاوی سەر ڤێ حالەتێ یا هەی و بە تایبەتی ئەو حالەتێت سەر قفلی، حالەتێت (الایجار من الباطن)، بە دیتنا داکو ئەڤ دادگەها سەرێ وا رەحەت کەین ژ ڤان ئاریشەیا پێتڤیا ئەڤ یاسایە بێتە جێ بەجێ کرن وەکی یاسای مەدەنی، هەروەسا ژی خیلالی ڤان (20) سالاڎا چەندین حالەتێت هاتینە چارەسەر کرن، خەلکێت دوکاندار یێت شیاین دگەل خودانێ مولکا بگەهنە تەفاهومەکی ، دیتنا من ئەگەر ئەم ڤێ یاسایێ جێبەجێ بکەین دەمێکی گەلەك کورتدا دێ چارەسەریا هەمی ئاریشەیا دێتە کرن ، دیسا دیتنا من تڤیابا ئەم ل پەرلەمانێ کوردستانێ بەلانسەکێ لناڤ بەینا بەرژەوەندا هەمی لایەنا وەربگرین تایبەتی خاوەن ملکا ژی دیسا کرێچیا ژی ، دیتنا من ل حالاتێ مەحکەما مە دیتی گەلەك حالەتا دوکاندار پترێ موستەفید بوو ژ خودان مولکی خیلالی کارێ وێ دوکانێدا ، ئیحتیمالا هەی جارەکا دی بێژم گەلەك جارادا سەرقفلی ، ژبەر هەندێ دیتنا من ئەڤ یاسایە تڤیا بێتە جێبەجێ کرن و ئەڤ تەعدیلە نەیەتە پەسەند کرن ژ لایێ پەرلەمانێ کوردستانێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر عبدللە فەرمووو.

**بەڕێز د.عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە گۆتییە ئەز پێشنیارکەم ماددەکا دی ئیزافەکەین ، ئەگەر ئەڤ یاسا هاتە پەسەندکرنیش ، ئەڤ تەعدیلە ، ژ لا یێ پەر لەمانێ کورد ستانێ ڤە ماددە کادی ئیزافە کەین کو پەر لەمان پابە ند بیتن ب زوو ترین کات یاسایەکی بەدیلی کونجاو دەربێخیتن نەکو بێلین مەسەلەن کەمتر سالەکا یان خیلالی فەترەکا کەمتر بیتن ئەڤ ئاریشە حەل ببێ، چونکی ئاریشە تەفریبەن لناڤ کۆ مەلکای زۆر زۆر بەربلاوبووی حەتا ڤێ گاڤێ چ ئاریشا بۆ نەدیتیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سراج فەرمووو.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا ئەكەم لە حاڵەتێك یاسایەك ڕابگرین ئەگەر ئەتو ئەڵتەرناتیڤت پێ بی ، بەدیلت پێ بی ، ئە مە تا ساڵێك ڕابوەستین تاوەكو یاسایەكی نوێ دەرئە كەین بەڕا ستی ئێ مە توو شی ، بەڕای من توو شی هە ندێك كێشە بین سبەینێكە نەتوانین خۆمانی لێ خەلاس بكەین ، جا من پێشنیار دەكەم ساڵێك بۆ حازری پڕۆژە یاسایەك زۆرە یان بۆ هەمواركرد نەوەی زۆرە عە لەل ئە قەل بە دوو ، سێ مانگ بتوانی ئەوەی لیژ نەی یاسایی باس دەكرێتن خۆمانی لێ خەلاس بكەین ، تەسەور دەكەم هەر بابەتێك بیتن بە دوو مانگ ، بە سێ مانگ ئەگەر هەوڵەكان چڕبكەینەوە خۆمانی لێ خەلاس دەكەین ، بەڕای من ساڵێك زۆرە ، پا شان ئەوەش ڕانەگیرێت هەتاوەكو ئەو پڕۆژە یاسایەی ئەوان وا خەریكن تەعدیلی ئەكەن ئەو كاتە ڕاگرتنەكە دەستپێبكا و لەبەر ئەوەی من وا تەسەور دەكەم تووشی كێشەیەك دەبین لەوانەیە نەتوانین خۆمانی لێخەلاس بكەین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمەامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەلسەفەی دەركردنی یاسا ئەوەیە كە زۆرترین خەڵك سوودمەند بێت لێی ، لائیحەكە بە جۆر ێك تەنزیم بكا كە لە قازانجی زۆرینەی خەڵكا بشكێتەوە ، بە پێی ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە بە تایبەتی لە پارێز گای سلێمانی ، ڕەنگە هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لە خو لەكانی پێ شوو ڕا گیراوە ، لەكاتی جێ بەجێكردنی ئە مە بەشێكی زۆری خەڵك لێی زەرەرمەند دەبێت كەمینەیەك لێی سوود مە ند دەبێت ، بۆ یە لە ڕا ستیدا من لەگەڵ ڕاگرتنەكەم ، بەلاَم لەهەمان كاتدا بۆ ئەوەی تۆ بابڵێین ئەوەی كە باس دەكرێت خاوەن موڵكەكانیش لێی سوودمەندبن ، بۆیە وەكی بەڕێزان لە لیژ نەی یا سایش وتیان لەو ماوەی كە خۆ یان جو هدی با شی لەسەر بكەن بتوانرێت هەمواركێكی باش ، یاسایەكی گونجاو پێشكەش كر ێت ، بۆ یە من لە گەڵ ڕا گرتنیم ، هیچ بۆشاییەكی یاسایی ، هیچ خەلەلێكیش دروست ناكات ، لەبەر ئەوەی لە بنەمادا ئێستا خۆی كاركردن بەم یاسایە ڕاگیراوە ، یەعنی واتا ئێستا دادكاكان خۆ كار بەمە ناكەن تا ئە گەر ئێمە قەرارمان دا ڕایگرین ئیتر بۆشایی یاسایی دروست بێت و كێشەی گەورە دروست بێت لەبەر ئەوەی خۆی ئێستا كاری پێناكرێت لە شوێنەكاندا ، بۆیە هیچ كێشەیەك دروست نابێ ، من لە گەڵ ڕاگرتنە كەدام ، بەلاَم وە كو ئەو بەڕێزا نەش خۆیان وتیان بتوانن یاسایەكی باش لەو ماوە ئامادەبكەن بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەساسا دەرکردنی ئەم یا سایە لە گەڵ بەرکاربوونیدا گرفتی لەڕێگای دادگاکاندا بۆ دروست بووە ، لە بنەماش وەکو گۆران ئاماژەی پێکرد ڕێوشوێنی یاسایی بەدیلی جەزری بۆ دانەنرا ، ئێمە ئەم یاسایەمان ڕاگرتووە بۆ ساڵێك ڕامانگرتووە لە 7/15ەوە جارێکی تر بەرکار ئەبێت ، جارێکی تر کێشە بۆ دادگاکان و خەڵکی تریش دروست ئەبێ ، بۆیە لە ماددەی یەکەمدا کە نووسراوە تاوەکو 2016/7/15 ڕابگیرێ فەقەرەیەك ئاماژە پێبکرێ لەو ماوەیەدا یاسایەکی گشتگیر لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەربکرێ تەواوی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لەو بوارە دەرکردوون پڕبکاتەوە بۆ ئەوەی ئێمە گرێنتی ئەوە بکەین بۆ ساڵی داهاتوو جارێکی تر لە بەرنامەی کاردا ئەم پڕۆژە یاسایەو ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە (9) نایەتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و موناقەشە بکەین ، چونکە من بەو عومرەی لە پەرلەمانی کوردستان بووم ئەمە چوارەمین جارە ئەم بابەتە درێژ ئەکرێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدا ئیمکانی ئەوە هەیە ئەم یاسایە کە خەلەلی هەیە پەرلەمانی کوردستان هەموارێکی گشتگیر یان یاسایەکی نوێ دەربکا و ئەو یاسایە ئیلغا بکاتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دکتۆرە ڤالاً فەرموو.

**بەڕێز ڤالاً فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشارەت درا بەوەی کە لە ساڵی 2010 تەنها ماددەیەك لە یاساکە ڕاگیراوە ، بەڵێ ڕاستە لە ساڵی 2010 تەنها یەك ماددە لە هەمواری یاساکە ڕاگیرابوو وەکو ئەوەی یاساکە ڕانەگیرابوو ، بەڵام لە ساڵی 2012 یاسای ڕاگرتنی کارکردنە بە یاسایی بەکرێدانی خانووبەرە واتا هەموو یاساکە ڕاگیراوە ، بە ئیسناد لەسەر مەبدەئی ئیستقراری موعامەلات لیژنەی یاسایی بڕیاریدا کە کۆی یاساکە ڕابگرێتن بۆ ئەوە ئەوەی کە مەحاکم لەسەری ڕۆیشتووە لە ساڵی 2012 ، لە ساڵی 2013 هەمان پەیڕەوبێتن لەو ساڵەش کە ڕایەدەگرین بۆیە تەجزیئەی یاساکەمان نەکرد بۆ ئەوەی ئیستقراری موعامەلات تێك نەدەین لە خەڵك و هەروەها لە مەحاکمیش ، دەنا پێشتر تەنها یەك ماددە ڕاگیرابوو لە تەعدیلەکە بەڵێ ئەوەیان ڕاستە ، ئەوەشی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە فەقەرەیەك زیادبکەین خۆمان پابەندبکەین بەڕێزان باسکراوە کە تا ڕۆژی 2016/7/15 کە دەڵێی تەنها ساڵێکە ئەمن ڕامگرتووە ، لێرانەش لە ڕوونکردنەوەی یەکەمان وتمان لیژنەی یاسایی بەڵێنمان داوە کە کاربکەین لەسەر ئەو بابەتە ، بەڵام ئێمە چاوەڕێی ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەین کە ئەو بابەتە ببێتە خەمی ئەوانیش ، بە زووترین کات پڕۆژەیەکی ڕێك و پێکی بۆ ئامادە بکەن و پێشکەش بە پەرلەمانی بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش لە لیژنەی یاسایی بە زووترین کات کاری لەسەر بکەین ، ئەوە جگە لەوەی کە خۆشمان کارمان کردووە وەك و ئەندامانی لیژنە ، کار لەسەر

ئا مادەکردنی پڕۆژەش دە کەین ، بۆ یە ئە گەر ئە سباب موجیبەش بخوێنـنەوە لەوێش د یارە کە کاریش دەکەین بۆ دەرکردنی یاسایەکی گشتگیر ، بۆیە ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ئەوە نین کە فەقەرە یەکی تـێدا بـێت لەو فەقەرە یەدا خۆ مان ئیـلزام بـکەین بۆ ئەوەی یا ساکە دەربـکەین لە بەر ئەوەی مەفهومی موخالف وازحە لەناو یاساکەدا ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ببورە تەلارخان ناوت نووسیبوو فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر ئەوەی کە کارکردن یاخود ڕاگرتنی تەنها یەك بڕگە یان یەك مادده لەو یا سایە گر فت دروست دەکات ، جارێکی دیکە هاوسەنگی نا پارێزێ لە نـێوان خاوەن مو ڵك و کرێـچی ، ئیـچحافە جارێکی دیکە بۆ مافەکانی کرێچی ، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئەم یاسایە کۆی یا سایەکە کاری پێـنەکرێ ، ئەوشمان لە یاد نەچێ ئێستا کۆمەڵێك گرێبەستکراوە ، گرێبەستکراوە لە هەولێر و دهۆك بە یا سایەك لە سلێمانی بە یاسایەکی دیکە ئەمەش گرفتێکی دیکە درو ست ئەکا ، لە ئێستادا ئە گەر بـبـینین سەیر ئە کەین زۆر بەی زۆری خاوەن موڵکەکان وای لێهاتووە بە پێی ئەم یاسایانەی ئێستا خانوو نادەن بە مەبەستی نیشتەجێبوون ، بەڵکو خانووەکان ئەدەن بە کرێ بۆ کۆمپانیا و دەوائیرەکان ە ئەمەش دیـسان گرفـتی کرێـچی لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات ، بۆیە گرنگە کۆی یاساکە کاری پێـنەکرێ ، مـنیش لە گەڵ ئەوەدام بەڕا ستی کە لە ساڵ ز یاتر نەبێ بۆی ئێـمە هەم وە کو خۆ مان وە کو لیژ نەی یا سایی و پەر لەمان پابە ندین بەو کا تە ، لە هەمان کاتیـشدا ئێـستا پڕۆژەکە لە تەواو بووندا یە بۆ ئەوەی بە زوو ترین کات کاری لە سەر بـکەین و بخرێتە بەرنامەی کارەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئێمە هەرچەندە لە ساڵی 2010 واکرابێت ئێمە تەنیا مادده یەك ڕابگرین ئەوا خە لەلێکی یا سایی دروست دەبێ ، چونکە ئەگەر سەیری یاسایی ژمارە (9)ی ساڵی 2008 بکەین لە ماددەی یەکەمیدا ئەڵێ ( قانونی ئیجاری ، عەقاری ڕەقەم (87) ڕا ئەگیرێ) دوا یی ئەڵێ لە ماددەی دووە مدا ئیـستیمرار ئەکرێ بە ئیشکردن پێی هەتاوەکو چوار ساڵ بۆ ئەو ئیجارارنەی ئەغرازی سەکەنە و ئەوا نەی بۆ غەیری ئەغرازی سەکەنە بۆ دوو ساڵ باقی ئەگەڕێتەوە بۆ قانونی مەدەنی ، کەواتە لێرە ئەگەر هەموو یا سایەکە ڕا نەگرین ئێمە تێکەلأویەك دروست ئەکەین لە نێوان یاسایی مەدەنی یاسای ژ مارە (9)ی ساڵی 2008 لە گەڵ یا سای ژمارە (87)ی ساڵی 1979 ، بۆیە ئەگەر هەرچەندە لە ساڵی 2010 واکرابـێت ڕا ستر ئەوە یە کە هەموو

یاساکە ڕابگیرێ ، ئەوەی کە ئێمە خۆمان پابەندبکەین بەماوەیەکی کەمەوە ئێمە با ساڵەکە تەسبیت بکەین هیچ ڕێگریەك نییە ئەگەر لە پێش ساڵەکە پڕۆژەکە حازر بوو ئێمە یاساکە پەسند دەکەین ، بەلاّم ساڵەکە تەسبیت دەکرێ و ناشبێ ئێمە لە مەتنی یاسادا بلێین خۆمان پابەند دە کەین بەوەی یا سایە لە هۆ یەکانی دەرچوواندن وتوومانە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاگۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەڕێزان ئەندامانی لیژنە کردیان لەسەر ئەوە ، بەلاّم ئەم نیقا شەی ئێ ستا دوو بارە دەبێ تەوە هەموو جار هەمان نی قاش دوو بارە دەبێ تەوە ئێ مە وەك لیژ نەی یا سایی مولزەم نین بەوەی یا سایەك پێشکەش بکەین بۆ حەلی ئەم مەوزوعە وەك لیژنەی یاسایی ، وەك ئەوەی هیچ لیژنەیەکیش لە پەر لەمان مولزەم نییە ، ئەوە فراکسیۆن هەیە ، ئەندامانی پەرلەمان هە یە هەموو ساڵ کەدێ تە سەر درێژکرد نەوە دەگوترێ بۆ قانونێك نییە؟ بەلاّم من دەڵێم من دەپرسم ئەی بۆ ئەو قانونە ئامادە نەکراوە؟ ڕۆژانە دەیەها پڕۆژە یاسا ئامادە دەکرێ ، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ لەوانەیە بۆ ئێمە قورس بێ ئیشی شیان لە سەر بکەین لە هەندێك لایەنەوە کەم و کوڕ یان تێدا یە ، بەلاّم ئە گەر ئەو مەوزو عە ئەوها جەوهەری یەو بە نیسبەت هەمووومان جێگای ئیهتیما مە ناکرێ لە ڕۆژی موناقە شەکردن لە سەر درێژکرد نەوەی قانونە کە هەموو جارێ تووشی ئەو نیقاشە بین ، ئەگەر بە فیعلی وایە پڕۆژە یاسایەك دەبێ هەمووومان هاو کاربین ، ئامادەی بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خۆی نا نیزامی یە ، بەلاّم دوو ئە ندام پەر لەمان دوا یی ناو یان نوو سی بەڕێز کاك عـمر عینایەت و کاك بهزاد دەروێش ، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن ئەوەی من تەواوە ناوم نەنوو سیبوو ، بەلاّم لە ئەنجامی قسەکردنی هاورێکا ندا ئەڵێ قسە قسە ئەهێنێت ، من ئەپر سم لە بەڕێز لیژ نەی یا سایی کە حەقیا نە ڕا ستە ئەوان ئەتوانن یا ساکە پێ شکەش نەکەن ، لەسەر هەر (10)ئە ندام پەر لەمانێك ئەتوانێ پێشکە شی بکا ، لەم پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی کە هەمواریان کردۆتەوە ئەو حەقەشیان لە ئەندام پەرلەمانتارەکان وەرگرتۆتەوە کە دەسەلاّتی جێبەجێکردنی پڕۆژە یاساکان بنێرنەوە ، بۆچی دەسەلاّتی دادوەری ئەم پڕۆژە یاسایە ئەگەر ئەوەندە کێشەی هەیە لە گەڵ مەسەلەی ئیجار و موئەجیر و موستەئجیرا بۆچی تا ئێ ستا یا سایەك بۆ ئێ مە نانێرێ؟ من داوا ئە کەم لە ئە ندامانی لیژ نەی یا سایی ، سەرجەم ئە ندامانی پەر لەمان کە با ئێ مە پە لە بـ کەین بۆ دە ستوور

(90)ڕۆژ مان دا ناوە ، مەنتیقیی تێدا یە (13) مانگ داب نێین بۆ یا سای ئی جار لە کورد ستاندا ، بۆ تە مە سەلەیەکی موزمین لە هەموو کورد ستاندا ئەوە لە (3) خولی پێ شوو موعالە جە نەکراوە ئێ مەش بیگەینینە خولی دوای خۆمان ، لەبەر ئەوە من داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کێ زانیاری هەیە ، کێ توانای هەیە لە ئەمڕۆوە کار بکا ، داوا لە دەسەلاّتی دادوەریش بکەین ئەوانیش پڕۆژە یا سایەکمان بۆ بنێرن ئێمەش کاری لەسەر بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بهزاد درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ ناوی خۆ نڤیسی بوو جا نازانم ئە گەر نەهاتبیتە نڤیسین ، سکرتێر بیرکرد بی ، ئیحتیما لە یەعنی ئەندام پەرلەمان بەحس کردبیت هەندێ کو خەلکێت هاولاّتی هەژار ئەڤێت کرێچی ڕاستی ئەڤ نەهێنە ئیستیغلال کردن ، ئەڤ پرسە بێتە چارەکرن من پێم باشە جا کا ماددەك ئیزا فە بە کەین یانیش بکەینە بڕیارەك یانیش هەر سێ لیژنە پەرلەمانێ تەبیعی یە وە کی کاك گۆران بەحس کر مولزەم نین ، بەلاّم چونکی ئەڤ بابەتە گە لەکی گرنگە هەر سێ لیژ نەی دارا یی و شارەوانی و ئاوەدانکرد نەوە پڕۆژە کی دیراسە بکەن گەل لایەنی پەیوەندیدار تەبعەن لەگەڵ حکومەت و رێکخراوی پەیوەندیدار پڕۆژەیەك بێ تە پێشکەش کردن کو بشێین چارەسەریا ڤێ کێشە بکەین ، چونکی ڕاستی وکی بەحسێ تە کرن نزیکی سەد هەزار کرێچیا لە هەرێمێ کوردستانێ هەنە با ئەڤ پرسە بێتە چارەکرن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئێمە ئیشارەتمان پێدا ئێمە لە پەیوە ندی بەردەوا مداین لە گەڵ دە سەلاّتی دادوەری بۆ ئامادەکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە ، بەلاّم لە ئێستادا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوان بۆ یان نی یە ڕا ستەوخۆ پڕۆژە پێشکە شی پەر لەمان بکەن ، بەلاّم ئێ مە لە پەیوە ندی ڕا ستەوخۆداین لەگەڵیا نداو ، بەهاوکاری تەواوی ئەوان ئێمە ئەو پڕۆژەیە حازردەکەین ، هەر لە زەمنی ئەوانە شدا ئەوا ڕاپۆرتێکیان داوینەتێ کە تەوسیاتی پڕۆژەکەی تێدایە ئەمە هی دەسەلاّتی دادوەرییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەحاکم و دەسەلآتی دادوەری هیچ کێشەیان لەسەر تەتبیقی ئەم قانونە نییە ، ئەسڵەن ئەوان لەوانەیە هەندێکیان بەشی زۆری پێیان باشە تەتبیق بکرێ ، بەلآم لە تەتبیقا کێشە بۆ خەڵکی تر دروست دەبێ ، بۆیە من چ بچم لەگەڵ ئەوان دابنیشم بڵێم وەرن ئێوە مەشاکیلتان چییە ، ئەوان ئەڵێن ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان مادام لە تەتبیقا ئێمە مەشاکیل ئەبینینەوە ئەوەی کاک شێرکۆ دەیڵێ ، ئەوەی رەفیقەکانمان وتیان ئەڵێن خەڵکی هەژار ، خەڵکی کەم دەرامەت زەختە لە ئەندام پەرلەمانەکان دەکەن ئێمە ڕامانگرتووە ئەم قانونە ئەگەرنا مەحاکم کێشەی نییە لە تەتبیقا ، ئەوەی دکتۆرە بەهار وتی دەقیقە ئەوان هاوکاری ئێمەش دەکەن ، وتیان ئێمە هاوکاریشتان دەکەین بۆ ئەوەی شتێکی مەتەوازن ڕابگرن ، بەڕاستی ئێمە وەك ئەندامی پەرلەمان بمبوورن ئەم قسە ئەکەم زۆرجار خۆمان بە شك نابی بە قانون پابەند بکەین یەعنی هەتا لەسەر سیفەی ئیستیعجالیش یەعنی خۆمان ئەندامی پەرلەمانین لە لیژنەکانین هیچ مانعێکی قانونی نییە بەیانی سێ سەرۆك لیژنە مەوعیدێکی هاوبەش دانێین ئالیەتێك دانێین بۆ ئەوەی پڕۆژە یاسایەك حازربکەین ، بۆ ئەوەی کۆببینەوە ، بۆ ئەوەی ووِرك شۆپ بکەین ، بۆ ئەوەی سیمینار بکەین ، بۆیە ناکرێ ئێمە لەناو هۆڵی پەرلەمان بڕگە و مادده بۆخۆمان دابنێین ، خۆمان خۆمان پابەند بکەین ، ئێمە دائیمەن حکومەت لایەنی تر پابەند دەکەین ئەوەکەی تر واجب و ئەرکی خۆمانە کە کارەکان جێبەجێ بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (1):**

کار نەکردن بە حوکمەکانی یاسای بە کرێدانی خانووبەرەی ژمارە (9)ی ساڵی 2008 درێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ تا رۆژی 2016/7/15.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (51) کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نییە؟، (4)کەسی لەگەڵدا نییە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دووەم، تکایە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

بڕیاری ژمارە (220)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، با ناوی بنووسین، کاك ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەڵوەشان و ڕاگرتنی دوو بابەتی لەیەك جوودان، بەهیچ شێوەیەك لەڕووی یاساییەوە لەگەڵ یەکتری تەکیف ناکرێن، چونکە هەڵوەشان کۆتایی بەژیانی یاسا یان بڕیار دێنێت، بەڵام ڕاگرتن بە ستراوە بەکا تەوە، ئەمە لەحاڵەتێکدا، لەحاڵەتێکی تریشدا بەهیچ شێوەیەك ئا ماژە لە عینوا ندا بەوە نەدراوە کە بڕ یارێکی تریش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەوەشێنێتەوە، ئالێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، ئەگەر هاتوو ئەو ماوە چونکە یاسا لەسەر فەرەزیات دادەندرێت، موشەریع پێشبینی دەکات، ئەگەر بێت و ماوەی ئەو ساڵەی کە کۆ تایی پێهاتووە، هیچ یاسایەکی تریش دەستی بۆ نەبراو ئە مەی تر فەعال بوو، کەوا تە ئەو هەڵوە شانەش هیچ قیمەتێکی نامێنێت، لەبەر ئەوە ئەمە بڕیارێکی سەربەخۆیەو دەبێت بڕیارێکی تر دەربچێت بۆ ئەوە ئەمە هەڵبوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەروەکو بەڕێزان لەلیژ نەی یا سایی ئاماژە یان پ ێدا، ئەو بڕ یارە تەنها لە سنووری پارێزگا یەك جێبەجێ کراوە، کۆمەڵێك کەیس ئێستا لە داد گان، کە دەر ئەنجامی دەر چوونی ئەو بڕیارە یە، بۆ نموو نە یەك لەو کەیسانە ئەوەی ڕانیەیە، لە قەیسەری هاوژین، بەڵام من پێم با شەو لە گەڵ هەڵوە شانەوەی ئەو بڕیارەداین، بەڵام با ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی تر هەڵبوەشێنینەوە، نەك بەیاسا بڕیارە کە هەڵبوە شێنینەوە، حەزیش دەکەم لەو بارەیەوە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدەن، هەم لەسەر بەدیلی بڕیارە کە، کە ئەمە گرفتی بەرزی و نزمی کرێیە، هەم لەسەر ئەوەی کە ئاڕاستەیانم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من حەزەکەم ئەو بەڕێزا نە کە بەحوکمی ئەوەی بەدوادا چوونیان کردووە، بەتای بەتی لە سەر بڕیار(220)ی ساڵی 2001، چونکە ئەمە بڕیارەکەیە، یەعنی ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەنێ، هەر تەنها هۆکەی ئەوەیە کە کاتی خۆی لە پارێز گای سلێمانی، ئە مە دەر کراوە، یاخود کێ شەی بۆ خەڵك درو ست کردووە، چونکە ڕەن گە د یوی تری شی بە ئێ مە گە شتبێت، چونکە تەنها تایبە تە بەمە سەلەی خانووی

بازرگانی، موڵکی بازرگانی، تایبەت نیە بەموڵکەکانی ترەوە، بۆیە پێم خۆ شە ڕوونکرد نەوەی ز یاتر بدەن، لەسەر ئەوەی کە بەهانەیان چیە، کە ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز انور قادر، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بڕیاری(220)ی ساڵی 2001 هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەم بڕ یارە لەپارێزگا یەك جێبەجێ دەبێت و لە پارێزگایەکی تر جێبەجێ نابێت، لەو پارێزگایەش کێشەیەکی زۆری دروست کردووە، لەنێوان کرێچی و خاوەن مو ڵك، بۆ نموو نە من لەنزیکەوە ئا گادارم لەنێوان کرێچی و خاوەن مو ڵك لە بازارێکی شاری ڕانیە کێشەی گەورە هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەتان چییە، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ مە لەسەرەتا شەوە ئی شارەتمان بەوەداوە، کە بڕ یاری ژ مارە (220)ی ساڵی 2001 کە دەر چووە، گەڕاوەتەوە بۆ یا سای مەدەنی، یەعنی گەڕاوە تەوە بۆ کارکردن بە یا سای مەدەنی، لەیا سای مەدەنی شدا، هەرکاتێك ماوەی عەقدەکە کۆتایی هات خاوەن موڵك بەبێ سەبەب ئەتوانێت کرێچی دەر بکات، بۆیە ئە مە تێکچوونی بەڵانسەکەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەم سیمای دوو ئیدارەیی یە، نابێت بڕیار ێك لە پارێزگایەك جێبەجێ بکرێت و لەیەکێکی تریش جێبەجێ نەکرێت، ئەمە دووەم، خاڵی سێیەم: کە یا سای ژمارە(9)ی ساڵی 2008 دەرچوو، کە بەدوای ئەودا دەر چووە، بڕگە یەك هە یە ئەڵێت کار بەهیچ یا ساو بڕیار ێك ناکر ێت کە پێ چەوانەی ئە مە ب ێت، کەوا تە ئە مە خۆی لەخۆ یدا بڕ یاری ژ مارە (220)ی هەڵوە شاندۆتەوە، بۆ یە کارپێکردنە کە ئەسا سێکی یا سایی تەواوی نەبووە، لە بەر ئەم هۆکارا نە داوای هەڵوە شانەوە دە کەین، سەبارەت بە بڕ یاری ژ مارە(220) لە عینوا ندا ئی شارەتی پێ نەکراوە، دەب ێت بڕیارێکی سەربەخۆ بێت، ئەوە ڕاستە، ئەمە جیاوازە لە کار نەکردن بە یاسای ژمارە(9)، بەڵام موتەعەلیقە بە مەسەلەی ئیجاری عەقارەوە، ئەگەر ئێمە ئەو بڕ یارە هەڵنەوە شێنینەوە لە بەر ئەو هۆکارا نەی کەوتم تێکەڵ یەك روودەدات، مادام پەیوە ستە بە هەمان مەوزو عەوە، هیچ ڕێگر یەك ن یە لەوەی ل ێرەدا هەڵیبوە شێنینەوە، بەڵێ بەقە صد وتووما نە ئەوەیان کارکردن پ ێی ڕا ئەگیرێت، بەڵام ئە مەیان هەڵئەوەشێتەوە، ئەمانەوێت بڕیاری ژمارە(220) بەیەکجاری بمرێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو تەلار لەتیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری (220) کاتی خۆی کە دەرکراوە، ئەو بڕیارە ڕاستە لەڕووی ئاوەدانکردنەوەوە شتێکی باشە، وە سیمایەکی باشی هەبوو، لە دروستکردنی باڵەخانە تیجارییەکاندا کە کارێکی باش بکرێت، لەڕووی پاراستنی مافی کرێچی ئەو باڵانسەی ڕانەگرتووە، بەتایبەتی ئێمە ڕاستە لە بڕیارەکەدا بۆ خانووی نیشتەجێبوون و هەروەها بۆ تیجارییەکانیش بوو، بەڵام دوای ئەوەی نیشتەجێبوون کاری پێ نەکرا، بۆ تیجارییەکان کاری پێکرا، لە تیجاریشدا گرفتی زۆری بۆ ئەو کەسانە دروستکردووە کە کرێچین بەدوو شێواز، یەکێکیان هەر کرێچییەو مانگانە کرێ دەدات، ئەوی تریان بە شێوازی سەرقوفڵی، ڕاستە سەرقوفڵی لەڕووی یاساییەوە چوارچێوەیەکی یاسایی نییە، بەڵام ئەو کەسە پارەیەکی زۆر، مەبلەغێکی زۆر دەدات، ئەمەش گرفت دروست دەکات لەنێوان ئەو کەسەی کە سەرقوفڵەکەی داوە، لەگەڵ خاوەن موڵك، بەو شێوەی کە خاوەن موڵك وائەزانێت کە ئەو سەرقوفڵەی دا، ئەبێت بەخاوەنی ئەو موڵکە، خاوەن موڵکیش دیسانەوە کرێی لێ دەسەنێت بەشێوازێکی تر، لەکاتێکدا ئەو بیداتەوە بەکرێ، یان هەر مامەڵەیەکی تری پێوە بکات لەڕووی یاساییەوە نایاساییە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چوار چێوەیەکی یاسایی لە هەمان کاتدا تەئکید دەکەمەوە لە باڵانسی هاوسەنگی لەنێوان خاوەن موڵك و کرێچی ڕابگرین، چ ئەوانەی نیشتەجێ بوونە، چ ئەوانەشی بازرگانین، ئەبێت ئەم بڕیارە ڕابگیرێت، تەئکید لەقسەکەی دکتۆرە بەهاریش دەکەمەوە، بەڵێ ئەمە سیمای دوو ئیدارەییە، وای کردووە کە تەنها لە سلێمانی جێبەجێ دەکرێت و لە هەولێرو دهۆك جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش کۆمەڵێك گرفت و کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتیشی لێ کەوتووەتەوە، بۆیە پەرلەمان بەرپرسە لەوە، ئێمە لەسەردانێکمان لەگەڵ بەڕێزت بۆ ئەنجومەنی دادوەری، و لە مەحکەمەی تەمیز کە ئەو پرسیارەمان کرد، ڕووبەڕوی خۆمانیان کردەوە، کە ئەوە پەرلەمانی کوردستانە ئەو بڕیارەی ڕانەگرتووە، بۆیە پێویستە ئەم بڕیارە ڕابگیرێت، لەماوەی ئەو ساڵەدا کاری جدی بکەین بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت هەتا بتوانین پاراستنی مافی خاوەن موڵك و کرێچیش دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر فرست، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو پرەنسیپەی کەوا لە یاسا هەیە، پرەنسیپی پەلە بەندی یاسایی، یەعنی من نازانم ئەوە پرسیارێکە تا ئێستا کە دەیکەم، ئەمە لەپەرلەمان دەرنەچووە، لە سوڵتەی تەشریعی دەرنەچووە، لەماوەی 2008 تا ئێستا، چەندجارێك یاسای تایبەت بەمە لە سوڵتەی تەشریعی دەرچووە، مانای وایە هیچ عورفێکی نیە پەرلەمان قەرارێکی تەنفیزی هەڵبوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات لەگەڵ یاسا، یاسا مادەیەکی ڕاگرت یان یاسایەکی ڕاگرت، یەعنی تەواو ئەوەی لەخوار یاساوەیە تۆماتیکیەن ڕادەگیرێت، مانای

وایە کە تا ئێستا کار بەو قەرارە کراوە موخالیفی یاسا کار بەو بڕیارە کراوە، وێڕای پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانی کاک ڤەمان، بەڵام من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا دەکرێت لەڕووی یاساییەوە ئاماژە بە قەرارێك بدرێت کە لە پەرلەمان دەرنەچووە ڕایبگرێت، ئایا قانون کە دەرچوو بەخۆی قەرارەکە ڕاناوەستێت، ئەوەی تا ئێستا مەحاکم لە سلێمانی کردوویەتی موخالفی یاسا نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە ئەم بڕیارە دەرچووە لەکاتی دوو ئیدارەیی بووە، ئەو کاتە سوڵتەی تەشریعی هەبووە، ئەو بڕیارانە هەمووی تەنها بڕیاری (220) نەبووە، چەندین بڕیاری تر هەبووە کە لەو کاتەدا کاری پێکراوە، کۆمەڵێك بڕیار دەرچووە کە تایبەت بەیاساکانی باری کەسێتی بووە، بە یاسای سزادانی عێراقی بووە، بە یاسای ئیجاریش ئەمە بووە، بەڵام ئەوەیە ئەو بڕیارانەی کە تایبەت بوون بە باری کەسێتیەوەو یاسای سزادانی عێراقی، بەیاسا لەپەرلەمانی کوردستان لەکاتی تەوحیدی دوو ئیدارەییدا ڕاگیراوە بە بڕیار، بەڵام ئەمە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئێمەش لە سەردانەکەماندا لەگەڵ دکتۆرە بەهار و کاك ابوبکر هەڵەدنی، تەئکیدمان لەو خاڵانە کردۆتەوە، بەڵام هەڵە کە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم: پێویست بوو ئەو بڕیارانەی کە لەخولی پێشووی پەرلەماندا، لەکاتی درێژکردنەوەدا ئەبوایە تەئکیدیان لێ بکردایەتەوە کە کار بەهیچ نەصێکی تر ناکرێت، کە ئەوە ئاماژەی پێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئاماژە بەو بڕیارانە کراوە کە لەکاتی دوو ئیدارەییدا لە هەولێر دەرچووە، بەڵام ئاماژە بەو بڕیارە نەکراوە کە (220) لە سلێمانی دەرچووە، دووەم: ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەحکەمەی تەمیز لەکاتێکدا کە ڕاستە ئەو بە سیفەی ئیستیئنافی تەمیز کراونەتەوە، بەڵام ئەو بڕگەی کە تایبەتە بە تەعویزات و بە ئیعادەی تەقدیرەوە، جارێکی تر ئەگەڕێتەوە مەحکەمەی تەمیز لە هەولێر ئەوان هەموویان تەصدیق کردووە، تەصدیق کردنی ئەو بڕیارانە ئەوە لەڕووی یاساییەوە جارێکی تر بەردەوام بوونی مەحکەمەی سلێمانی بووە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، بۆیە ئەوان پێویستیان بەوە هەیە کە ئێستا تەئکید بکرێتەوە بە یاسا کار لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە بکرێت، تا ئەوانیش بتوانن کار بەوە نەکەن و ئەو سیمای دوو ئیدارەییە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر هەڵەدنی داوای ئەوەی کردووە، چەند خولەکێکی بدەینێ، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەوە بوو من بیرم چوو، بە هەمان شێوە فراكسیۆنی بزووتنەوەش، ئێمە جاری پێشووتر بایكۆتی هۆڵەكەمان كرد لەسەر یاسای قەرز، بۆیە دەنگی ئەوانیش لەپاڵ دەنگی ئێمەدا، فراكسیۆنی بزووتنەوەش ئەمڕۆ بایكۆتی هۆڵەكەیان كردووە لەسەر یاسای قەرز، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تكایە دەقی ماددەكە بخوێننەوە، تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (2):

بڕیاری ژمارە (220)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵدایەتی؟ چل و هەشت (48) كەس لە گەڵدایەتی، كێ دژیەتی؟ دوو كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، سەرەنجەكانی ئێوە دروست بوون بەڕێز دكتۆر فرسەت، بەڵام ئێستا كێشەیەكی یاسایی هەیە بە داخەوە لە دادگاكان كار بەو بڕیارە ئەكرێ بۆیە پێویست بوو ئەو بڕیارە لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بووەستێنرێت یان هەڵبواشێتەوە، فەرموون مادە سێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی سێ، پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەند یدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ كەس نییە، كەواتە ئەیخەینە دەنگەوە، كێ لە گەڵدایەتی؟ چل و حەوت (47) كەس لە گەڵدایەتی، كێ دژییەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، مادەی چوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی چوار، ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بلاو دەكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسە هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ بەرێز كاك صالح فەقی فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە یاساییەكی نوێمان دەرنەكردووە تا لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ بكرێ لە ڕووی سیاغەوە باشترە بڵێین كار نەكردن بە ڕاگراتنی ئەم یاسایە بەردەوام دەبێت لە بری ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یاسایەكی تازەیە، یاسایە تەواو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كار نەكردن پێوە بەردەوام بێت، كار نەكردن بە ڕاگرتنی ئەم یاسایە پێوە بەردەوام بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە ئەوە دوای لیژنەی یاسایی قسەی خۆیان هەبێت، بەڕێز كاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەو مادەی یەك پێشنیارم هە یە ئەویش ئەوە یە كە كار بە هیچ دەقێك نەكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت بۆ ئەوەی لە دادگاكاندا تووشی كێشەی نەبین مە سەلەن ئەو مەخرە جە بهێڵێت، یەعنی كار بە دەقێك یان یاسا و شتێك بكرێت پێچەوانە بێتن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوەتان چییە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكە وەردەگرێت لیژنەی یاسایی سیاغەی دەكەینەوە و دەخەینە دەنگدانەوە لە ڕێی بەڕێزتانەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوایی دیراسە كردنی یاسای ڕاگرتن ساڵی (2012) و ساڵی (2013) دیارە ئەو یاسا و بڕیارانەی كە ڕامان گرتووە بە ڕوونی ئاماژەمان پێداوە بۆیە پێمان وایە ڕێگا نەگرین یان ئەو دەقە ئیزافە نەكەین كە كار بە هیچ یاساییێك و دەقێك و بڕیارێك نەكرێ دژی و ناكوك بێتن لە گەڵ ئەوەی كە لەم یاسایەدا هاتووە، بۆ ئەوەی ڕێگری نەكرێتن لە جێبەجێ كردنی ئەو یاسانەی كە بە ڕاگرتنی ئەو یاسانە بەركار دەبنەوە و

دەخرێنە بەرکار و جێبەجێ کردن بە تایبەتی یاسای مەدەنی و هەروەها یاسای بە کرێ دانی خانوو بەرە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعەتی ئەم یاسایە جیاوازە لە یاساکانی تر بۆیە ئەو بڕگەیە پێویست ناکات بۆ ئیزافە بکرێت تەبیعەتی یاساکانی تر تۆ کۆمەڵێك تێدا ریز ئەکەی ئەڵێی کار بە هیچ یا سایەك نا کەی بە پێچەوانەی حو مەکانی ئەمە بێت، بەڵام لێرە ئێمە حوکممان نەوتووە یا سایەکمان راگر تووە بڕیارێکمان هەڵوە شاندووتەوە بۆ یە پێویست ناکات ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کەواتە ماددەکە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، لە رۆژی دەچوونییەوە کاری پێ دەکر ێت و لە رۆژنا مەی فەرمی وەقایعی کورد ستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵێیەتی؟ پەنجا و شەش (56) کەس لە گەڵێ یەتی، کێ دژی یەتی؟ کەس نی یە دژی ب ێت، کەوا تە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە لە بەر ئەوە ئەم یاسایە کێشەی کۆمەڵایەتی لە ن ێوان خاوەن مۆ لك و کرێچی لێ دەکەوێتەوە و تا دەرکردنی یاسایێکی گشتگیر کە سەرجەم یا سا و بڕیارە کانی ئەم بوارە لە خۆ بگرێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕ گەی دووە می ئە سباب زۆر با شە بەس بڕ گەی یە کەم هاتووە لە بەر ئەوەی ئەم یا سایە کێ شەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر قبولیان بێت ئەم سیاغەی دەخوێنمەوە : تا چارەسەر کردنی تەواوی کێشە یا سایەکانی

پەیوەست بە کرێدانی خانوو بەرە و دەرکردنی یاساییەکی گشتگیر کە سەرجەم یاسا و بڕیارەکانی ئەم بوارە لە خۆ بگرێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایە بینێرە بۆ لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی دکتۆر فرسەت بۆ دراشتنەوەی هۆیەکانی دەرچووندان پەسەند کرا و لیژنە بەو شێوەیە دارشتەوە، هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە : تا چارەسەر کردنی کێشەکانی پەیوەست بە کرێدان و دەرکردنی یاساییەکی گشتگیر کە سەرجەم و یاسا و بڕیارەکانی ئەم بوارە لە خۆ بگرێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵییەتی بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە؟ شەست و سێ (63) کەس لە گەڵییەتی، کێ دژییەتی؟ یەك کەس، کەواتە پەسەند کرا، هۆی پرۆژە یاساکە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵییەتی؟ شەست و یەك (61) کەس لە گەڵییەتی، کەواتە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان ئەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، کێ دژییەتی؟ پەسەند کرا ئیتر بەس بزانین چەند کەس دژییەتی، وایە حەقی خۆتانە رای خۆتان بڵێین، چوار کەس دژییەتی، کەواتە پەسەند کرا، کۆبوونەوەکەمان هەڵئەگرین بۆ سبەینێ کاتژمێر دە، بەرێزان کۆبوونەوەی سبەیمان کاتژمێر دە ئەبێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان  عێراق | کوردستان  عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)ی**

**چوار شەممە رێكەوتی 17□6□2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2015/6/17

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2015/6/17 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2015/6/17 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 گفتوگۆ کردن لەسەر کاروچالاکییەکان و کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپۆرسی لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (3) لە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (4) ی ساڵی (2014).**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (16)، ڕۆژی دانیشتن (2015/6/17)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (16) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (10) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (2015/6/17) بەم شێوەیە بێت:**

**1 گفتوگۆ کردن لەسەر کاروچالاکییەکان و کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپۆرسی لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (3) لە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (4) ی ساڵی (2014).**

**بەخێرهاتنی ئەندامانی کۆمیسیاران و سەرك و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپۆرسی ئەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، نوقتەی نیزامییە کاك کەمال؟**

**بەڕێز کەمال یەڵدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو نوێنەری پێکهاتەی کلدانی..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەمال بە بچینە سەر بەرنامەی کار جاری، با خاڵی یەکەم بخوێنینەوە، فەرموو سکرتێری پەر لەمان بفەرموون پوختەی دانیشتنی پێشوو بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 15) لە بەرواری (2015/6/16) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەر لەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و ئامادە نەبووی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسندکردنی دەنگدان لەسەر ماددەکانی (10، 11، 12، 13) و هۆکارەکانی دەرچوواندن لە یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگەی قەرز کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- پەسند کردنی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (9) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان.

5- گفتوگۆ کردن لەسەر کار و چالاکیەکان و کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژارن و ڕاپۆرسی لە کوردستانی عێراق و دواخرا بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەر لەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (15) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/6/16) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:

ابراهیم احمد- مۆڵەت - انس محمد- مۆڵەت - ئاری محمد-مۆڵەت - ئێڤار ابراهیم- مۆڵەت - بەشار مشیر- مۆڵەت - ڕۆزا محمود- مۆڵەت - ڕێواز فائق-مۆڵەت - زولفا محمود- مۆڵەت - سهام عمر- مۆڵەت - سۆران عمر- مۆڵەت - شامۆ شێخۆ- مۆڵەت - گەشە دارا-مۆڵەت - عبدالله محمود-مۆڵەت - عمر صالح- مۆڵەت - وحیدە یاقو- مۆڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان وەكو باسمان كرد تەوەری یەكەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان كە هەر ئەو تەوەرەشمان هەیە كە بریتیە لە (گفتو گۆ كردن لە سەر كارو چالاكییەكان و كێشە و گرفتەكانی ئەنجو مەنی كۆمیسیاران لە كۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپۆرسی لەسەر داوای ژمارەی یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان، بەپێی ماددەی (3) لە یا سای كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپر سی ژ مارە (4) ی ساڵی (2014))، ئێوە ئەزانن كە لە مانگی كانونی یە كەمی ساڵی (2014) ئەنجو مەنی كۆمیسیاران لە بەردەم پەر لەمانی كورد ستان متما نەیان وەر گرت، دوا تر لە (2014/12/23) لە بەردەم ئەنجو مەنی دادوەری سوێندی یاساییان خوارد و لەو ڕۆژەوە دەست بەكار بوون، بەڕێزیان كۆمیی‌ۆن لە ماوەی ڕا بردوو لە (2015/6/1) ڕاپۆرتێك لە سەر كار و چالاكی خۆ یان ئارا ستەی پەر لەمان كردووە كە دا بەش كراوە بە سەر ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ لەسەرەتا سەرۆكی كۆمیسیۆنی باڵا و ڕاپرسی باسی كاروچالاكیەكانی ڕابردووی خۆیان و كێشە و گرفتەكانی خۆیان ئەكات، دواتر دەرگای گفتوگۆ ئەكەینەوە بۆ ئەندامانی پەر لەمان، كاك كەمال فەرموو ئەگەر قسەیەكت هەیە.

**بەڕێز كەمال یەڵدا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێ مە وە كو نوێ نەرانی پێكها تەی كلدانی و سریانی و ئا شووری و ئەر مەن نیگەرانی خۆ مان دوو پات ئەكەینەوە لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی كۆمیسیۆنی هەڵژاردن، بە پەراوێز خستنی ئیرادەی ئێمە بۆیە بایكۆتی ئەو دانیشتنە ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك باپیر نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو كۆمیسیۆنە بەڕێزتان ئەزانن چۆنیەتی دیاری كردنی كاندیدەكان لە ڕێگەی حیزب بووە، منیش وێڕای برایان لە پێكهاتەكانی تر بایكۆتی ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆكی كۆمیسیۆن ئە كەین لە هەرێمی كورد ستان بفەرمووێ بۆ خوێند نەوەی ڕاپۆرتی خۆی.

**بەڕێز هندرێن محمد/ سەرۆكی كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەو فرسەتە بۆ میوانداری كردنی كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپر سی لە هەرێمی كوردستان، بۆ خستنەڕووی كاروچالاكیەكان و ئەو گرفتانەی كە هاتوونە تە بەردەم كۆمیسیۆن،

**هەڵبەتە کۆمیسیۆن بەپێی یاسای ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد، ڕاپۆرتی یەکەم ڕەوانەی پەرلەمان کرا و خراوە تە بەردە ستی د یۆەی بەرێز، ئە گەر دەر فەتم بدەن کورت یەك لەو ڕاپۆر تە بخوێنـ مەوە و بیخە مە بەردەم بەرێزتان، تەبعەن کۆمیسیۆن لە دوای ئەوەی لە (3/1) ئەو پۆ ستانەی لە ناو یا ساکە هاتبوون یەکلایی کرانەوە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمیسیۆن و جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆن و بڕیاردەر و سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن دەستی کرد بە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە، تێیدا بڕ یار دراوە، دووەم، پەیڕەوەکان، بەپێی یا سا تەکلیف لە کۆمیسیۆن کراوە پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجو مەنی کۆمیسیاران و پەیڕەوی ناوخۆ بۆ کارگێری هەڵبژاردن دابنرێ، بۆیە بە ئامادە کردنی دوو ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لەلایەن ئە ندامانی ئەنجوومەنەوە وەکو پێشەکییەك بۆ کار ئاسانی نووسینەوەی پەیڕەو پاش چەندین کۆبوو نەوە و دیرا سە کرد نی ئەو ڕەشنوو سە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجو مەنی کۆمیـ سیۆن ناوخۆی ع یراق و سەرجەم پرۆژە و پەیڕەوەکان بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن پەسند کرا، و وەگێدرایە سەر زمانی عەرەبی، و لە ژ مارە (187) ی ڕۆژنامەی وەقائیعی کورد ستان لە بەرواری (5/14) ئەو پەیڕەوە بلاوکرا یەوە، دووەم، ئا مادە کرد نی سێ ڕە شنووس و پەیڕەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردن لەلا یەن ئە ندامای ئەنجومە نەوە وە کو پێ شەکی و کارئا سانی بۆ نوو سینەوەی پەیڕەوەکان پاش چەندین کۆبوو نەوە و دیرا سە کردن سەرجەم پرۆژەکە بەکۆی دەنگی ئە ندامانی ئەنجـمەن پە سند کرا، و دیـستان وەگ ێدرا سەر ز مانی عەرەبی، و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بە ژمارە (187) بلاوکرایەوە لە (5/14)، سێیەم، هاوبەشەکانی کۆمیسیۆن، تەبعەن لە پێ ناو گە شە پ ێدان و بەرەو پێش برد نی کارە کانی کۆمیـ سیۆن و کرد نەوەی دەر گا بە ڕووی ڕێخراوە نێودەوڵەتیەکان و دروست کردنی پردی پەیوەندی ئەو چالاکیانە ئەنجام دراوە لەو ماوەی ڕابردوو تا (6/1):**

**1 کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێخراوی (کرانەوە بەرەو دیموکراسی) لە بەرواری (1/14) و موزە کەرەکی تەفاهومی مەبدەئی تەوقیع کراوە بۆ ئەوەی هاوکار یمان بـکەن، ئێـستا خەریکی ئا مادە کرد نی پرۆژەین لە ن ێوان هەردوولا، دوای ئەوەی پەسند ئەکرێ لە کۆمیسیۆن.**

**2- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی یۆنامی لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری (3/25)**

**3- کۆبوو نەوە لە گەڵ تیـ می ن ێدراوی ویلایە تە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرواری (26)، ئەو تیـ مەی ئەمریکا لە هێرتپارتەری یۆنامی هاتبوو بۆ تەقیم کردنی ئیحتیاجاتی کۆمیسیۆن و پێداویـ ستی، بۆ یە لەو کۆبوونەوە جەخت کرا یەوە لە سەر ڕەهە ندی یا سایی پێکهێ نانی ئەو کۆمیـ سیۆنە و چۆنیەتی کرا نەوەی کۆمیسیۆنی کوردستان بەرووی ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتیـ یەکان بە مەبە ستی نا ساندنی کۆمیـ سیۆن و کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی کۆمیسیۆن لە داهاتوو، تەنانەت کار لەسەر ئەوەش ئەکەین ئەو کۆمیـ سیۆنە ببێ تە ئە ندام لە تۆڕی ئەو کۆمیـ سیۆنانەی کە لە ولا تانی ئەقلیمی هە یە، و لە ئەوروپا و ئەورووپای شەرقی هەیە.**

4- دامەزراوەکانی هەرێم: لەو ماوەیەدا ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران چەندین سەردانیان کردییە، یەك لەوانە شەش سەردان لەگەڵ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، گرێدانی چوار کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێز وەزیری دارایی بۆ بەدواداچوونی ئیشەکانی کۆمیسیۆن، و سەردانی پارێزگای هەولێر کراوە.

5- ڕاگەیاندن وەك هەر دەزگایەك کۆمیسیۆن وتەبێژێکی فەرمی دانا بۆ گەیاندنی پەیامی کۆمیسیۆن بە شێوەکی یەکسان و شەفافانە بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بلاّو کردنەوەی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی.

تایبەت بە کارگێری و داراییەکان ئامادە کردنی بودجەی خەملێنراو بۆ ساڵی (2015) و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەرواری (2015/4/6) بەمەبەستی ڕاوێژ کردن وەکو لە یاساکە هاتووە پێویستە کۆمیسیۆن میزانییە حازر بکات لە ڕاوێژکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و دوایی لە پەرلەمان پەسند بکرێ، و لە خاڵی یەکەمی ماددەی (15) لە یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2014) هاتووە.

2- ئامادە کردنی میلاکی سەرجەم فەرمانگەکانی کۆمیسیۆن و پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەن و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە (2015/4/6) بە مەبەستی پەسند کردنی وەکو لە خاڵی یەکەمی لە ماددەی (15) دا هاتووە لە یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2014).

ئەو فەرمانگانەی لە ناو ئەنجومەنی کۆمیسیارانن و ئەو فەرمانگانەی لە ناو کارگێڕی هەڵبژاردنن و ئەو فەرمانگانەی لە پارێزگاکانی کە دەکرێتەوە وئەمەوێ لێرە ئەوە بڵێم ئەگەر سەیری ئەو هەیکەلە بکەی کە کۆمیسیۆن پێشکەشی کردووە زۆر نوێیە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوەی لە عێراق هەیە، چەندین شتی تێدا گۆڕدراوە، نیشانی چەندین شارەزامان دا، بە تایبەتی ئەوانیش دەست خۆیشان لێ کرردین کە ئەو ستایلە نییە لە هەیکەلیەت هەیە، چونکە لە گەڕانەوە بۆ ئەو تەجروبەی هەیە لە عێراق لە ناو چۆنیەتی دامەزراو و کاری فەرمانگەکان تونار ستایلێکی نوێ پێشکەش کرێ، لەو بروایەم کاری کۆمیسیۆن شەفاف تر و ئاسانتر ئەکات.

لیژنەکانی کۆمیسیۆن: بۆ خێرا کردنی کارەکانی کۆمسیۆن و ئامادە کردنی ڕاپۆرتی پێویست لە سەرجەم بوارەکان ئەنجومەنی کۆمیسیۆن هەستاوە بە دروست کردنی چەندین لیژنەی کاتی لە ئەندامانی ئەنجومەن بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرت و خستنەڕووی دید و بۆچوونیان بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی بڕیارە سەردانی کردن، لیژنەکانیش دارای، لیژنەی ئەژمار و کردنەوەی حیساب لە بەنك، لیژنەی دۆزینەوەی بالەخانە کە ئێستا دەست نیشان کراوە و لە قۆناغی گرێبەست کردن داین، دوای ئەوە ڕەزامەندی وەرئەگرێ لە وەزارەتی دارایی بۆ ئەو ئیجرائاتەی ئەیەوێ، لیژنەی پەیوەندییەکان، لیژنەیەکە بۆ ئەو سەردانانەی کۆمیسیۆن بۆ خۆ ناساندن، لیژنەی دامەزرادن، تەبعەن ئەوە بە تەفاسیلی پرۆسەی دامەزراندنی پەسند کردووە، میکانیزمی ڕاگەیاندنی چەند ڕادەگەینرێ؟ ئەو فۆرمانەی بلاّو ئەکرێنەوە، لە کێ بلاّو ئەکرێنەوە، تەقیم کردن، جگە لەوەی بە وەسفی دەقیقی هەموو ئەو کارمەند و ئەو میلاکەی لە ناو کۆمیسیۆن هەیە لە ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە هاتووە، و لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەوە کە سبەینێ پەسند کرا، وەسفە وەزیفیەکەش ڕادەگەیەنین لەگەڵ فۆرمێکی تایبەت، لیژنەی کردارەکان بۆ ئامادە کردنی ڕاپرسی، لیژنەی ئامادە کردنی

فۆرم و پێداویستیەکانی پۆسەی ڕاپرسی، و لیژنەی ماڵپەر و لۆگۆ، ئەو لیژنەی لۆگۆ کارەکانی تەواو بوو، لەبەر ئەوەی لۆگۆی کۆمیسیۆن دروست بوو، ڕەوانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرا بۆ ئەوەی گشتاندنی بکات بەسەر هەموو فەرمانگەکان، لیژنەیەك تایبەت دروست کرا بە ڕێکخراوی ( سی ۆ دی) بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەی تەقدیمیان کردیە دیراسەتی بکرێ، و لیژنەی هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی بەغدا، تەبعەن ئەو لیژنەیە بە دانیشتنێك لەگەڵ پەرلەمان کۆمیسیۆن بڕیار لەوە درا کە لیژنەیەك لە نێوان ئێمە و ئەوان دروست بێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو خاڵانەی کە پێکەوە شەریکین، ناڵێین دەستەڵات، هی ئێمە دیارە و هی ئەوان دیارە بەپێی یاسا، بەڵام کۆمەڵێك خاڵ هەیە پێویستە پێکەوە ئیشی لەسەر بکەین، لەوانەیە لەسەر تۆماری دەنگدەران بێ، یان لە شارەزایی بێ، یان لە هەر موراقەبەیەك بێ، چاوەڕێ ئەکەین لە هەفتەی داهاتوو ئەو لیژنانە دابنیشن، تەبعەن سێ کەس بە سەرپەرشتی پەرلەمان ئەبێ، جێگری سەرۆك پەرلەمان و سێ ئەندام لە ئەنجومەنی کۆمیسیارانی هەرێم و سێ ئەندام لە ئەنجومەنی کۆمیسیارانی بەغدا.

8- ئامادەکردنی بۆ پرۆسەی ڕاپرسی: وەك ئامادەسازییەکی پێش وەخت لە بواری تیۆری بۆ پرۆژە ڕاپرسی دەستوور ئەو چالاکییکانە ئەنجام دروان، لایەنی یاسایی، پێکهێنانی دوو لیژنە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە پەیڕەوەکان بۆ جێ بەجێ کردنی پەسندکردنی دەستوور، لەلایەنی کرداری، پێکهێنانی لیژنەی کرداری بۆ ئامادەکردنی خشتەی کرداری بۆ کاری پێویست و پرۆسەی ڕاپرسی دەستوور، ئەو خشتانە کرداری ئەبن، سەرجەم ئەو نەشات و چالاکیانەی کە بۆ هەڵبژاردن یان بۆ ڕاپرسی لەگەڵ ئەو کاتانەی پێویستە و لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی پێویستە تێیدا دیاری ئەکرێ، پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە ئامادەکردنی فۆرمی پەیوەست بە پرۆسەکان، هەڵبەت ئەو فۆرمانەی بەکاردێن لە هەڵبژاردن گرنگن، بۆیە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دروست بووە، ئەوە کاروچالاکییەکان بوو، ئێستا دێمە سەر ئەو گرفتانەی هەنە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی:

1 ئەنجومەنی کۆمیسیارن بودجەی خەملێنراوی بۆ ساڵی (2015) ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەرواری (4/6) بە مەبەستی ڕاوێژکردن وەکو لە خاڵی یەکەمی لە ماددەی (15) لە یاسای ژمارە (4) ی کۆمیسیۆن هاتووە، و بۆ هەمان مەبەست میلاکی فەرمانگەکانی کۆمیسیۆنی ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەرواری (4/6) بە مەبەستی پەسندکردنی وەکو لە خاڵی یەکەمی ماددەی (15) لە یاسای کۆمیسیۆن هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە، وەڵامێکی فەرمیمان نەدراوەتەوە، ئەوەش وای کردووە ئەنجومەن نەتوانێ هەنگاوی تر بنێت لەو بوارە، بۆیە بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەکی یاسایی بۆ پەسندکردنی بودجە و میلاکاتی کۆمیسیۆن بە کارێکی پێویست و لە پێشینەی دەبینین بۆ کۆمیسیۆن بۆ ئەوەی دەست بکرێ بە دامەزراندنی کارمەندان و ئامادەکاری بکرێ بۆ هەر ئەگەرێك، بە پێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کارەکانی کۆمیسیۆن دەبێت، بەلەبەر چاو گرتنی حاڵەتی ئێستا هەرێمی کوردستان هەوڵمان داوە ڕێگە چارە بدۆزینەوە بۆ خستنە سەرپێی کۆمیسیۆن و چارەسەر کردنی گرفتی بودجە، لەو بوارەش سەردانی

بەرێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بەرێز وەزیری دارایی هەرێمی كورد ستانمان كردووە، لە ئێ ستاش دا چاوەڕێی دیداری بەرێز سەرۆكی حكومەتی ئەنجومەنی وەزیرانین، بە ئومێدی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەكی یاسایی بۆ ئەو گرفتە، دوو پێشنیاریشمان لەو ڕاپۆرتە هاتووە ئەمەوێ بیخوێنمەوە.

1 پێ شنیار ئە كەین بۆ بەرێزتان سەبارەت بە هەر پێ شهاتێكی تای بەت بە هەلّ بژاردن و ڕاپر سی ڕای ئەنجومەنی كۆمیسیاران وەرگیرێ وەكو دەزگایەكی ئیختیساسی و موختەس لەو بوارە، چونكە بەرێكردنی پرۆسەكانی هەلّبژاردن و ڕاپر سی پێویـستی بە ئا مادە كاری پێ شوەخت هە یە، و لەو قۆنا غە ئەنجو مەن پێویستی بە كات هەیە بۆ ئەوەی فەرمانگەكانی كۆمیسیۆن ساز و ئامادە بكرێ.

2- تایبەتە بە سەرچاوەی داتاكانی لیستی تۆماری دەنگدەران، لێرە ئەو پێشنیارە كراوە تۆ ماری دەنگدەران بۆ ئەو قۆناغە گرنگە، چونكە ئەنجومەن كاتی پێویستی لەبەر دەست نی یە تا كارتی ز یرەك ئا مادە بكات، هەر وەكو ئەوەی ئێستا لە كۆمیسیۆن بەغدا ئیشیان لەسەری ئەكرد، ئەوەش وا ئەكات بۆ هەر پرۆ سەیەكی ڕاپرسی ناچار بین پشت بە تۆماری دەنگدەرانی عێراق ببەستین كە كۆمیسیۆنی بەغدا دوا هەلّبژاردنی پێ ئەنجام داوە، هەلّبژارد نەكانی (2014/4/30)، بۆ ئەو مەبە ستە پێ شنیار ئە كەین نوو سراوی فەرمی ئارا ستەی كۆمی سیۆنی بە غدا بكرێ تا ئەو داتایا نە بنێری بۆ مان، هەلّبە تە ئەوە ئەكرێ لە ڕ ێی ئەو لیژنەشەوە كە لە هەفتەی داهاتوو لە بەغدا ئەبەسترێ، باسی لێوە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمیسیاران، بەلاّم تكایە بمێنـ ێەوە، با سی ئامادە كاری خۆ تان بكەن بۆ هەلّبژاردنی سەرۆكایەتی هەرێم، چونكە دلّنیام ئەوە باس و خواسێكی ئە ندامانی پەر لەمانیش ئەبێت، ئێوە چ ئامادەكاریتان كردووە، ڕێگری لەبەردەمتان چییە؟ چ بڕیارێكتان داوە لەو بارەوە؟

**بەڕێز هندرێن محمد/ سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمیسیاران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، بەلّی سەرۆكایەتی هەرێم بە نووسراوێكی ڕەسمی كۆمیسیۆنی ئاگادار كردەوە بۆ خۆئامادەكاری بۆ هەلّبژاردنەكانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، ئێمە وەلاّمێكمان ئا مادە كردووە، وەلاّمە كەمان ڕەوا نەی سەرۆكایەتی هەرێم كردووە، ڕێم بدەن با بیخوێنمەوە، لە وەلاّمەكە هاتووە (ئەنجومەنی كۆمیسیاران لەبەر ڕۆ شنایی ئەو فەرما نە هەرێمی یەی ڕۆژی (2015/6/14) كۆبوو نەوەی نائا سایی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ كردنی ئەو داواكارییە و خستنەڕووی بەرنامەی كاری ئەنجومەن، دوای دیراسەت كرد نی لایە نە هو نەری و لۆجستییەكان و ڕەچاو كردنی پێوەرە نێودەولّەتیەكان گەشیتە دەرئەنجامی لای خوارەوە):

ئەنجو مەنی كۆمی سیاران ئا مادە بۆ ئەنجا مدانی هەلّ بژاردنی گ شتی بۆ هەلّ بژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دوای دەستەبەر كردنی بودجە و پێداویستییەكان بۆ ئەوەی بتوانێ فەرمانگەكانی ئامادە بكات و كارمەندان دا بمەزرێنێ و ڕاهێـ نانی پێویـ ستیان پێ بكات بە مەبە ستی سەرخـ ستنی پرۆ سەكە، بۆ یە دوای ڕەچاو كردنی لایەنە هونەری و لۆجیستی و بارودۆخی كۆمی سیۆنی كورد ستان ئەنجو مەنی كۆمی سیران بە

**کۆی دەنگ هاوڕا بوون لە (2015/8/20) کۆمیسیۆن لە توانای دا نییە هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی ئەنجام بدات لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە:**

**1 کۆمیسیۆنی کوردستان پێداویستییەکانی دابین نەکراوە کە بریتین لە:**

**أ کۆمیسیۆنی کوردستان بودجەی خەمڵێنراوی پەسند نەکراوە کە بە نووسراوی ژمارە (15) لە (4/6) ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم کراوە، وەکو لە خاڵی یەکەمی ماددەی (15) هاتووە، تا دەست بکات بە دامەزراندنی کارمەندانی بە پێی میلاکاتی پەسند کراو و ئەنجامدانی ڕاهێنانی پێویست بۆ کارمەندانی.**

**2- کۆمسیۆن دەست کراوە نەبووە لە گرتنی باڵەخانە بۆ ئەنجومەنی فەرمانگەی کارگێری و فەرمانگەکانی پارێزگا لەگەڵ دابینکردنی پێداویستی و کەرەستەکانی.**

**3- بۆ تێپەڕاندنی ئەم گرفتە ئەنجومەنی کۆمسیاران بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی ئاگادار کردۆتەوە هەوڵی بینینی بەڕێزان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی داوە، بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەکی یاسایی.**

**دووەم/ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان:**

**بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن ڕاپرسی کۆمەڵێك بنەمای نێودەوڵەتی هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەن بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لایەنی کەم (180) ڕۆژی بۆ داناوە لە پەیڕەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردنەکان بۆ ئامادەکارییەکان لە ڕووی یاسایی و لۆجیستی و هونەری، لەوانە ئامادەکردن و نوێکردنەوەی و پەسندکردنی تۆماری دەنگدەران، تۆمارکردنی قەوارە سیاسییەکان و کاندیدەکان، تۆمارکردن و پەسندکردنی ناوی کاندیدان، تۆمار کردن و یەکسانی کردنی لیستەکانی بریکاری قەوارە سیاسییەکان، چاپ کردنی کارتەکانی دەنگدان، ئامادەکارییەکانی لۆجیستی، لایەنە هونەرییەکان، ئامادەکردنی ناوەندەکانی دەنگدان، هەروەها ئامادەکردنی تالی سەنتەر کە مەر کەزی کۆکردنەوەی دەنگەکانە، لە بەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئاماژە پێدراو، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ڕاپرسی لە توانای دا نییە لەو وادەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق داوای کردووە ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدات، کەواتە ئەم هەڵبژاردنە ئەوەی کە لە ئێمە داوا کراوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تەماشا دەکەین بەشی زۆری لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆمسیۆنە، لەبەر ئەوە بودجە و ئەو میلاکەی کە ئێمە داوامان کردووە ئاراستەی حکومەت کراوە، ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە، تەبعەن لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە بچین ئەو میلاکەی خۆمان پەسند بکەین و بودجەکەمان پەسند بکەین، بۆیە ئەو وەڵامەمان داوە و وتمان ئێمە ناتوانین لەو ماوەیە ئەو هەڵبژاردنە بکرێ.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، سوپاس بۆ جەنابت، دەتوانی بگەڕێیتەوە شوێنی خۆت، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش دەتوانن ئێستا ناوی خۆیان بنووسن بۆ گفتوگۆکردن، تەبعەن پێنج بەڕێز ناوەکانی خۆیان نووسیوە پێش وەخت،**

ناچارین پابەندبین بە بڕیاری پێشووتری خۆمانەوە کە هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەبێ تەنها سێ دەقە قسە بکات، چونکە ژمارەی ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن زۆرە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە کە ناویان تۆمار کراوە بۆ گفتوگۆکردن، پێشتر ئەو بەڕێزانە ناویان لای ئێمە تۆمار بوو: گۆران ئازاد، بێستوون فائق، بەهزاد درویش، شێرکۆ حەمە أمین، پەروا علی.

ئێستاش: سالار محمود، قادر وەتمان، گەشە دارا، صالح فەقێ، کاك عەباس، فەرهاد سەنگاوی، مریم صمد، فرحان جوهر، ناظم کبیر، شیلان جعفر، عەباس غزالی، ڤەمان فیصل، مامۆستا مروان گەڵاڵی، مامۆستا أبوبکر هەڵەدنی، هەورامان گەچێنەیی، بەهار محمود، أنور قادر، محمود عمر، حسن صالح، شوان قەڵادزەیی، حاجی کاروان، منیرە عثمان، شکریە إسماعیل، کاك شوان، حیات مجید، کاك عمر، د.سراج.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم، لەبەر ئەوەی کات تەحدید کراوە تا چارم سەرنجەکانم کەمێك بە سەریع بڵێم، ئێمە کاتێك کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانمان لە هەرێمی کوردستان دروست کرد، کۆمسیۆنمان هەبوو، تا ئێستاش بەردەوامە کۆمسیۆنی عیراقی، بەڵام بە گوێرەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووەم دەسەڵاتی حەصریمان دا بە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، واتا ئەوە بریتی بوو لە دەست و پێ بەستنی خۆمان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەو کاتەی کۆمسیۆنمان دروست کرد، ئێمە لێرەدا تمووحی ئەنجامدانی ڕاپرسیمان هەبوو بۆ سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای حەوت مانگ لە متمانە پێدان بە کۆمسیۆنی سەربۆخۆی هەڵبژاردنەکان و دوای دوو مانگ و حەڤدە ڕۆژ لە کۆبوونەوە دەبینی کۆمسیۆن هاتۆتە بەردەممان بە دەستێکی خاڵی، کۆمسیۆنێك هاتووە دینارێك بودجەی لەبەر دەست دا نییە، کۆمسیۆنێك هاتووە بارەگای سەرەکی نییە، بارەگای فەرعی نییە، فەرمانبەرێکی بۆ دانەمەزراوە، تۆماری دەنگدەرانی نییە، لە کاتێك دا هەمووومان دەزانین لە کاتی دروستکردنی کۆمسیۆن لە (8/19) ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەواو دەبوو، هەمووومان دەمانزانی لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنداین، هەمووومان دەمانزانی پەرلەمانی کوردستان لە سەروبەندی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووورە لە ماوەی سێ مانگ دا و دەبێ ڕاپرسی لەسەر دا بکرێ، هەمووومان قسەمان

لەسەر دروستکردنی ژووری عەمەلییاتە بۆ ئەنجا مدانی ڕاپر سی سەربەخۆیی و گەڕا نەوەی ناو چەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە حاڵی کۆمسیۆنەکەیە، کێ مەسئولە؟

1- بە گوێرەی مادده (3) لە یا سای کۆم سیۆن پەر لەمانی کورد ستان یە کەم مە سئولە لە بەردەم کۆم سیۆنی سەربەخۆی هەڵبژارد نەکان، کە تاوەکو ئێ ستا لیژنە یەکی مەعنی لە پەر لەمانی کورد ستان بە ئەرکی خۆی، یاخود د یار نی یە بۆ بەدوادا چوونی کێ شەکان، کەوا تە ئێ مە وەك دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، وەك ئەندامانی پەرلەمان هەر هەمووومان مە سئولین لەم کەم و کورییانەی کە هەیە لە کۆمسیۆن.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆن لە (4/6) داوای لە حکومەت کردووە بود جەی بۆ دا بین بکات، داوای کردووە موەزەفی بۆ تەعین بکرێ، بەڵام بە گوێرەی بەدوادا چوونی ئێمە وەزاره تی مالیە نووسراوەکانی بۆ ئەنجومەنی وەز یران بەرز کردۆ تەوە، بەڵام تا ئەم ساتە هیچ وەڵام ێك نەبووە، لە کات ێك دا حکو مەتی هەرێمی کورد ستان دوو هەزار فەرماذ بەری لە ماوەی ئەم ساڵدا تەعین کرددوە، بەڵام پێنج سەد موەزەفی بە حاڵی کۆمسیۆن ڕەوا نەبینیوە، لە کات ێك دا کە قسە لەسەر نەبوونی میزانییە دە کرێ، دە کرا حکو مەتی هەرێمی کورد ستان بە سولفە میزانی یە بۆ کۆمسیۆن تەرخان بکات، لە کاتێك دا بە پ ێی ڕاپۆرتە کەی خۆ یان ئەم کۆم سیۆنە داوای د یدار و دیتنی سەرۆکی حکومەت دەکەن، تا ئێستا لە چاوەڕوانی دانی شتوونە و حکو مەتیان نەبینیوە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێ و هاوکار و پاڵپشتییان بکات.

3- کۆمسیۆن خۆیان بەرپر سیارن، من دەپر سم/ کوا ئەو نوو سراوانەی بۆ ڕای گ شتیتان ئەنجام دا، بڵاوکردەوە، کە بڵێن ناتوانین ئینتیخابات بکەین؟ کوا ئەو پرێس کۆنفرانسانەی کرد تان کە ب ڵێن ئێمە گرفتی گەورەمان هەیە و پێویستە هاوکار و پشتیوانیمان لێ بکەن؟

ئێوە لە ڕاپۆرتەکەتاندا کە باس لەوە دەکەن پێویستە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن سیستەمی سێ دەقەکە ئیش دەکات ئێستا بۆ مایکرۆفۆنەکان، لەبەر ئەوە کاتەکەت تەواو بوو، ئاخر بیدەم بە جەنابت، دە بێ ب یدەم بە ئە ندامانی تر، دە ستت خۆش بێ، زۆرێکی خا ڵەکانت گەی شت، کاك بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئی ستیفادە لە کاتە کە ب کەم، ق سەکانی کاك گۆران دوو بارە ناکە مەوە، بەڵام لە ڕا ستی دا لە (12/23) کات ێك ئەندا مە بەڕێزەکانی ئەنجو مەنی کۆم سیارانی ئەم کۆم سیۆنە موبا شەرەیان کرد و لە پەرلەما نەوە سوێندیان خوارد، تا ئێ ستا هیچ نەتائیجێکی ئەوتۆ نە لە کارەکاذ یان وە لە عەمەلی یەی ئینتیخابی لە کوردستان دا نابینین، پێدەچێ ئەو موئەسەسەیە هەر لە سەرەتادا بۆ ئەوە درو ست کرا بێ

وەکو کارتێکی فشار یان وەکو کارتێك بە دەستمانەوە بێ لە بەرامبەر نەیارەکان دا، ئەگەر نا یەعنی مەعقولە دوای ئەوەندە مانگ تا ئێستا ئەم کۆمسیۆنە، یەعنی پێدەچێ ئەندامەکانی خۆشیان بڕوایان بەوە نەبێ کە ئەم کۆمسیۆنە بتوانێ ئیش و کارەکان بکات، ئەوەتا سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران بە پێی مەعلوماتەکانی ئێمە تا ئێستا لە کۆمسیۆنەکەی بەغدا دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە، ئەندامە لەوێ، مووچە و ئیمتیازاتی هەیە، هیوادارم ئەوە ڕاست بکاتەوە، بزانم ئەو قسەیە وایە؟ یان وا نییە؟ ئەوەی کاك گۆران وتی یەکێکی تر لە فەرامۆش کردنی ئەو کۆمسیۆنە و نیییەت نەبوون بۆ تۆکمەکردن و دەوڵەمەند کردنی ئەو کۆمسیۆنە ئەوەیە کە حکومەت بەداخەوە ئامادە نییە ئەو کۆمسیۆنە ببینێ، کە ئێمە مەعلوماتمان هەیە چەند جارێك داوای دیداریان کردووە لە سەرۆکی حکومەت، ئامادە نییە بیانبینێ، بەڕێز کاك هەندرێن خۆیشی لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات دەڵێ/ ئێمە چاوەڕێی بینینی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمی کوردستانین، خاڵێکی تر/ دەبوو ئەم کۆمسیۆنە خۆ ڕاستە ڕەنگە ئینتیخاباتی پێ نەکرێ وەکو خۆیان دەڵێن، خۆ دەیانتوانی تۆماری نوێ بۆ تۆماری دەنگدەران دروست بکەن لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا، کە بە پێی هەندێك زانیاری ئینتیخاباتەکانی ڕابردوو سەدان هەزار دەنگدەری دووبارە و مردوو لە تۆماری دەنگدەران دا هەیە، بۆیە ئەگەر ئینتیخاباتیان پێ ناکرێ، خۆ دەتوانن تۆمارێکی نوێی دەنگدەران بۆ ئینتیخاباتی هەرێمی کوردستان ئامادە بکەن، تۆمارێکی تازە دروست بکەن و تۆمارە کۆنە کە پاك بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دیڤ ئەڤ یاسا ژمارە (4) (2014) لە (7/23) هاتیە پەسند کردن لەلای پەرلەمانا، ئەڤە (11) هەیڤە، (5) هەیڤ پێچوون هەتا بەس سوێندا یاسایی خوارد، (6) هەیڤیش حەتا نووکە حالی کۆمسیۆنی ئەوەیە، هەتا نووکە جێ نییە تێدا کۆبوونەوێت خۆ ئەنجام بدەن، خاڵێك کە ئەز تەئکیدی لەسەر دەکەم ئایا ئەنجامدانا ڕاپرسیا دەستووری چ وەختەکی گونجاو دانایە کۆمسیۆن؟ چونکە پەرلەمان (3) هەیڤێت دانای، کو ئەڤ لیژنە بیست و ئێکی کاری خۆی تەواو بکات، پشتی هەنگی هەیڤەکی سەرۆکایەتیا هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی مودەکی دانێن، ئایا پرسیارم ئەوەیە دەشێت هەیڤا دە بۆ نموونە ئەڤی ڕاپرسی ئەنجام بدەن پرسیار؟ یا دی ئایا بۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بودجە تەرخان نەکریە دەبێ وەزارەتی دارایی دوو نەوعە بودجە هەناردبانە پەرلەمانی، بودجەکێ یەعنی ئاسایی، بودجەکیش بۆ ئەڤ حاڵەتێت کو ئەڤ زانین ئەو لەوویات دانابن، بۆ هەر وەزارەتەك، هەر دەستەك، هەر کۆمسیۆنەکێ، ئایا پرسیارێ من ئەڤەیە/ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ وەختێ بۆ هەمی دەستە، هەمی وەزارەتا پارەی تەرخان کردبوو؟ بۆ کۆمسیۆنێ کە کۆمسیۆن وەکی گوتی هەیئەکە گەلەکا بالایە لە هەرێما کوردستانی، بۆ

پاره بۆ تەرخان نەکریە هەتا نووکە؟ خالەکا دی ئەم بەحس کەین کو ئەڤ ژمارە فەرمانبەرا دهێتە دامەزراندن کو لە ڕاگەیاندنادا دێتە بەحس کرن (552) کەسن، ئایا بەحسی بنەما کرد؟ بەس من حەز کرد وەك پەرلەمانیش ئاگادار بین، ئەڤە چ وەکی گوتی ئەڤ زانیاری هەبانە دەبا چاڤدێری کرد با دوور ل دەستێوەردانا تەزکیێت حیزبی ئەڤ کەسە هاتبانا دامەزراندن، بەمەش چاودێریێ کرد با، خالاًدیش مایە ئەڤەیە کو ئەم بێژین ل (12/3) تا نووکە ئاماژە پێ کرد ئەڤە شەش هەیڤ زیاترە هەتا نووکە بەحسی تۆمارا دەنگدەران لە کۆمسیۆنێ نییە، ئەوان چ ئامادەکاری نەکرنە، کو پەرلەمان ئەڤ یاسا پەسند کرد، مە گەلەك کەس وەکو تۆمارا دەنگدەران بە زووترین وەخت بێتە پاگژ کرن ل دەنگێت نادروست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەو بەڕێزانە دەکەم.

بەڕاستی من پشتیوانی تەواو لە قسەکانی کاك گۆران و کاك بێستوون و کاك بەهزاد دەکەم، من پرسیارەکە ئەوەیە سەرنجێك لەلای من دروست بووە، هیوادارم ئەو بەڕێزانە، بە تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران وەڵام بداتەوە، من بڕوام وایە هەر لە بنەماوە دروست کردنی ئەم کۆمسیۆنە بۆ چەك خستنی هەڵبژاردن بووە لە هەرێمی کوردستان، یەعنی هەموومان دەزانین کە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و بە دیاریکراوی سەرۆکایەتی هەرێم کە هاتنە ناو ئەم هۆڵەوە زۆر پەلەیان بوو ئەم کۆمسیۆنە دروست بکرێ، زۆر پەلەیان دەکرد لەوەی کە ڕاپرسی دەکەن، باسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکەن، زۆر شتی تریش، بەڵام ئەوەتا بە پێی ڕاپۆرتەکەی خۆیان ئەو شوێنەی کە زۆر مەعنییە بە جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکانیان و بە ڕایی کردنی ئیش و کارەکانیان، ئەسڵەن ئامادە نییە بیانبینێ، بە بڕوای من لێرەوە ئەرکی پەرلەمای کوردستان دەست پێ دەکات، بێگومان لە تەنیشت ئێمەوە دەبێ خۆیان پێش هەموو کەسێك فشار بکەن، دەبێ لێپێچینەوە لە حکومەت بکرێ لەسەر ئەوەی بۆ ئیستیعدادی نییە کە ئەوا نە ببینێت؟ کە لە ڕاستی دا ئەوا نەن کە چارەنووسی هەڵبژارد نەکان بەڕێوەدە بەن، چارەنووسی هەڵبژاردنێکی نەزیهە لە هەرێمی کوردستان دا ئەگەر بکرێ دیاری دەکەن، بۆیە لە ڕاستی دا گرنگە و زۆر گرنگە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لێپێچینەوە لەوانە بکات کە ئامادەنین هەم بودجەیان بۆ تەرخان بکەن، هەم بیانبینن، خۆشیان دەبێ تەنها بەوە ڕازی نەبن نووسراوێك بەرز بکەنەوە، بەڵکو هەوڵ بدەن فشار دروست بکەن، ڕای گشتی بجووڵێنن لە بەرامبەری دا، ناکرێ لە ڕاستی دا کە ئەو بەڕێزانە نووسیویانە زیاتر شتی تەشریفاتییە، کۆبوونەوە لەگەڵ فلان ڕێکخراو، بە بڕوای من لە بری ئەوە دەبوایە ئیشی زۆر جدییان بکردایە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی، ئەو لایەنانەی کە مەعنین لە هەرێمی کوردستان دا بە جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکانیان، بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانیان بۆ بکەن، هەروەها ئەوەی کە کاك

بێستوون بە دیاریکراوی وتی ئایا یاسایی یە و ئایا وایە فیعلەن لە یەك كات دا تۆ لە دوو كۆمسیۆن دا فەرمانبەر بیت؟ هەروەها لەسەر مەسەلەی تۆماری دەنگدەران، من پێم سەیرە ئەوان پێشنیاز دەكەن ئەو تۆمارەی دەنگدەرانی بەغدا بێت دیسان جارێكی تر هەڵبژاردنی لە هەرێمی كوردستان دا پێ بكرێت، كە هەمووما‌ن دەزانین ئەو تۆماری دەنگدەرانە چەندە تۆمارێكی ناپوختە، چەندە تۆمارێكی نادروستە كە هەمووما‌ن سەرنج و تێبینی گەورەمان هەبووە لەسەری، لەم پەرلەمانەوە لە خولی پێشوو لیژنەی بۆ دروست كراوە بۆ پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەران، كەچی هەمان تۆماری دەنگدەران بهێننەوە، جارێكی تر هەڵبژاردنی پێ ئەنجام بدەن لە هەرێمی كوردستان دا، بۆیە لە ڕاستی دا ئەوە دۆخێكە بەڕاستی جێگای ئەوەیە زۆر بە جددی هەڵوێستەی لەسەر بكرێ، ئەم پرسیارە بەدیاریكراوی لە سەرۆكایەتی هەرێم بكرێ، بۆ ئەوەندە پەلەیان بوو لە دروست كردنی ئەم كۆمسیۆنە؟ ئەی ئێستا بۆ بەم دەردەیان.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، خاتوو پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی ئەو بەڕێزانە دەكەم، سەرەتا من پشتگیری لە قسەكانی كاك گۆران و كاك بێستوون دەكەم، بەڕێزیان ئیشارەتیان بە زۆرێك لەو خاڵانەدا كە من نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، بەڵام دەمەوێ بەراوردێك بكەم لە نێوان ئەوەی كە ئێمە لە (2010)دا ئەم پرۆژەیە لە خولی پێشووەوە پێشكەش كراوە، ئەو پرۆژە یاسایە، واتا لە (2010)وە هەتا وەكو ئێستا ئەوە شەش مانگە سوێند خواردنی یاسایی كراوە، بەراوردێك لەگەڵ كانتۆنی جەزیرە بكەم كە ئەوانیش كۆمسیۆنیان هەیە، بزانین ئایا تا چەند و چۆن چۆنی كارەكانیان كردووە؟ كانتۆنی جەزیرە لە (2014/2/22) پێك هێنرا، لە (2014/2/25) دەستی بە كارەكان كرد، ئێمە تا ئێستا دەستمان پێ نەكردووە، لە (2015/3/13) دوای ساڵێك لە هەڵبژاردن هەڵبژاردنی شارەكانی جەزیرەی بەڕێوەبرد، لە پاش (3) ڕۆژ ئەنجامەكانی ڕاگەیاند، ئەوە لە كانتۆنێك دا كە تەمەنەكەی هەمووما‌ن دەیزانین، بەڵام ئێمە كۆمسیۆنێكمان هەیە بەدا خەوە لەگەڵ هەموو ئەو هۆكارانەی كە بۆ دامەزراندنی لەگەڵ بوونی كۆمسیۆنێكی تر، لەگەڵ كۆمەڵێك لەو شتانەی كە ئەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا، پێویست ناكات من ئیشارەتی پێ بدەمەوە، سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، تۆماری دەنگدەران ئێمە دەزانین كە ژمارەیەكی زۆر لە ناوی دووبارە و مردووە بەڕێزەكانی تیا بوو، هەتا وەكو ئێستا ئێمە هەر چاوەڕێ دەكەین، بەڕێزیان بێنەوە دیسان بەو شێوەیە بەكاری بهێنینەوە؟ زۆر بەی ئیش و كارەكانی ئەو بەڕێزانە تەشریفاتی بووە وەكو كاك د.شێركۆ ئیشارەتی پێدا، لەگەڵ ئەوەی كە ڕەنگە هەمووما‌ن ئێمە نەمانتوانیبێ وەكو پێویست لە ئەهمییەتی بوونی كۆمسیۆنێك بزانین، ئەگینا ئەوەندە خەم ساردی لە دروست بوونی، لە دوای سوێند خواردنەوە كە ماوەی نزیكی بۆ حەوت مانگ دەچێ، تازە

هاتووین داوای ئەوە دەکەین ئێمە فەرمانبەرێکمان بۆ تەعین ناکرێ، لەگەڵ ئەوەی کە لێشاوێك هەزاران فەرماذ بەری زیادە مان هە یە، بۆ چاوەڕێ دە کەین بۆ مان تەعین بـکرێ؟ بۆ داوای ئەوە نا کەین کە بگوازرێنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ئەوەی ئیشەکان ڕا یی بـکرێ؟ کەوا تە ئەو خەم ساردییە هەمیشەیی یە، بۆیە من پێم خۆشە بەڕاستی ئەوە بە باش دەزانم کە بە دا خەوە خۆزگە ئەم کۆمسیۆنە کاتی بوا یە نەك هەمیشەیی، هەر کاتێ پێویستمان بە هەڵبژاردن دە بوو، ئەو کا تە شەش مانگ پێش هەڵبژاردنەکە کۆمسیۆنێکمان بە پەلە دادە نا، بە بەشداری هەموو ئەندامانی حیز بەکان، دە مانتوانی بۆ کاروبارە کان ئیشەکان ڕا یی بـکەین، ئەو ئەرکە شی نەدەخستە سەر بود جەی هەرێمی کورد ستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەکەین.

لە ڕاستی دا ئەم کۆمسیۆنە بە پـێی یا ساکە بەرپر سیارە لە بەردەم پەر لەمانی کورد ستان دا، دە بێ هەموو هەنگاوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە هەماهەنگی بێت لە گەڵ پەر لەمانی کورد ستان، لەمڕۆوە دەبێ ڕەچاوی سەربەخۆییشیان بکرێ، پەرلەمانی کوردستان ئەوە بـپارێزێ، سەرۆکی کۆمسیاران هە ندێك مەسەلەی ڕوونکردەوە، بەڵام هەر دەبێ پرسیار بکەین ئایا بە پێی ماددە (4) لە یا ساکە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نراوە بۆ نوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران؟ ئە گەر نەکراوە، ئا یا لە ئایـندەدا بەرنا مەتان هە یە پێش چوونە ناو هەر پرۆ سەیەکی هەڵبژارد نەوە ئەم هەنگاوە بـ نێن بە پـ ێی ئەو یا سایەی لە بەر دە ستتاندایە؟ ئا یا بە پـ ێی ماددە (5)ی بڕ گەی دووەم هیچ کراوە بۆ کرد نەوەی نوو سینگەکان لە پارێزگاکان؟ کە جەنابتان فەرمووتان نەکراوە، ئایا لە ئایندەی نزیك دا هیچ هەنگاوێکی عەمەلی دەنێن بۆ ئەوە؟ ئایا ئێوە ئامادەن بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران؟ ئەو ئیرادەیە لە هەیئەی کۆمسیاران دا هەیە؟ بە پێی ماددە (15) بودجە لەلا یەن پەرلەما نەوە دە بێ پە سند بـکرێ بۆ هەیـئەی کۆمسیاران و بۆ هەر ئیجرائاتێکی تر، ڕاستە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەکەن، بەڵام دە بێ پەر لەمانی کورد ستان لەو ئیجرائاتە ئاگادار بێ پەسندی بکات، دواتر بخرێتە ناو بود جەی گشتییەوە، ئە گەر ئەوە نەکرێ بەڵام بە شێوەیەکی قانونی دەبێ پەر لەمانی کورد ستان لە وەر گرتنی هەر سەر چاوەیەکی دارا یی بۆ کۆمسیاران و هەیـئەی کۆمسیۆن ئا گادار بێ،ئەوە ندەی ئێمە دەزا نین بەڕێز وەز یری دارا یی ملیار ێك دیـناری تەرخان کردووە بۆ ئەو داخوازییانەی ئێوە، ئاراستەی بانق کراوە، بەڵام بەڕێز بەڕێوەبەری ژمێرکاری لە وەزارە تی دارایی ئامادە نیـیە بۆ کۆمیـسیۆن سەرف بـکات ئا یا ئە مە را ستە؟ ئا یا ئـێوە هیچ هەما هەنگیتان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە وەکو ناوەندێکی چالاك و مەدەنی بۆ کار ئاسانی کردن لەگەڵ ئێوە؟

ئەوەی لەگەڵ راپۆرتەکەی ئێوەی بەڕێز ئاگامان لێ بوو هیچ هەماهەنگی تان نەکردووە لەگەڵ رێکخراوەکان بەتایبەتی ئەوەی ناوخۆیی، لە راستیدا پێویستە پیش هەر پێشنیارێك لەگەڵ وەزارەتی دارا یی ئەوەی داوا دەکەن، پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری بێت و حکومەتی هەرێم ئەگەر ئامادە نی یە لە گەڵ ئ ێوە دابنیـ شێت پێوی ستە لەم دانیـ شتنەدا پەر لەمانی کورد ستان بڕ یار بدات ئەو ناوەندا نەی لە حکو مەت بەرپر سن بانگهێشت بکرێن بۆ لێپێچینەوە لە پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرحان فەرموو،

**بەڕێز فرحان جەوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنی کورد ستان دە کەین بۆ ئامادەبوونیان لە پەرلەمانی کورد ستان، چەند پر سیارێکمان هە یە، پێمانوا یە کۆمیـ سیۆن بەرپر سیارە بەرامـ بەر پەر لەمانی کورد ستان ، ئا یا ئێ مە وەك پەر لەمان بۆ چی لە داواکاریـ یەکانی کۆمیـ سۆنمان نەپێچیتەوە؟ پێویست بوو، دەمانزانی هەڵبژاردنمان و راپرسیمان لە پێشە، بۆچی کەمتەرخەمیمان کردووە و ئێمە بەرپرسیارین و جگە لەمە ئەوان داوایان لە وەزارەتی دارا یی کردووە کە تاکو ئێ ستا بە پ ێی ئەو راپۆرتەی سەرۆکی کۆمیسۆن خوێندیـ یەوە داوا لە وەزارە تی دارا یی کردووە کە کە بود جەی بۆ تەرخان بکر ێت و کە بود جە نەهاتووە بۆ چی پەر لەمان ئە مەی بەهە ند وەر نەگرتووە بۆ جێ بە جێ کرد نی احتیاجا تەکانیان؟ ئەما نە هەمووی کۆمیـ سیۆن پێوی ستە ئەمڕۆ وە ڵامی بدا تەوە و ئێ مە تە حەمولی بەرپرسیارەتی خۆمان بکەین، ئەنجومەنی کۆمیسیاران لەبەردەم پەرلەمان و بەرپرسی یەکەم پەرلەما نە و پێویستە حکومەت داواکارییەکانیان جێ بە جێ بـکات و لەوانە یە حکو مەت بەها نەی خۆی هەبێت، ئەم کۆمیسۆنە بەر لە شەڕی داعش پێکهات و راستە ئێمە بۆ راپرسی و چەند ئەرکی تر لە کورد ستان، بەڵام خۆتان دەزانن شەڕی داعش دوای ئەوەی کە هات زرو فی ئیستیـ سنایی بێ تە سەر کورد ستان و هەر چەندە ئەمە موبەڕەر نییە، بەڵام ئەوانیش هۆکاری خۆیان لەبەردەست هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مروان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مروان گەڵالی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش بەخێرهاتنی خۆشك و برایانم لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران، بەوە دە ست پێدە کەم وە کو خۆم هەموو سیقە و متمانەیەکم بەو ئەنجومەنە و تواناکانیان هەیە و خەڵکی کارامە و بە توانان، بەڵام قەناعەتم وا یە هەر کۆمیسیۆن بێنی لە جـێی ئەوان دانـێی، کۆمیـ سیۆن بـێت پێ شکەوتووترین و ڵات بـێت و بەو شێوازە هەڵسوکەوت و مامەڵە و بەربەست درو ست بکر ێت ناتوانن هەنگاو بەرەو پێش باوێن، بۆ یە ئێ مە وە کو

پەرلەمانی کوردستان ئەو کەمتەرخەمی قسەکان ئۆبالەکەی نەخەینە سەر ئەستۆی خوشك و برایا نمان لە ئەنجومەن، ئەگەر لە شوێنی ئەوان باین روبعی ئەوانیشمان پێنەدەکرا، دەستخۆشی ئەو راپۆرتەیان دە کەم کە کار و چالاکییەکیان کردووە ئەوەی لە توانایان دا بێت، خاڵی تر، ئۆباڵی بێ تواناکردنی ئەو ئەنجومە نە بە راستی دەخەمە ئەستۆی حکومەتی هەریم، دەبوا یە حکو مەت زۆر بە بەرپر سیارانەتر هاتبا پێ شەوە، ئیش و کارەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی کردبا ئەولەویەتی کارە کانی خۆی، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو هەموو لایەك ئاگادارین هەرێمی کوردستان پێویستی بە راپرسییە بۆ سەربەخۆیی هەرێم و ئەو راپرسییە تاکە جیهەتە پشتی پێ دەبەستین ئەو ئەنجومەنەیە کە باسی حاڵی خۆ یان دە کەن قەناعەتمان وایە کە ئەوەی دە ڵێن بەس قسە بێت و هەنگاوی عە مەلی بە دوا یدا نەبێت، خاڵێکی دیکە کاتێك باسی بود جە و دارا یی و کرد نەوەی ئۆفیس و تەعین کرد نی خەڵك دەکر ێت بۆ ئەنجو مەن پێم سەیرە لە هەرێم کە دەوڵەمەندە بە نەوت و رۆژ بە رۆژ زیادکردنی بەرهەمی نەوتی زیاد دەبێت و رۆژا نە خەڵك تەعین دەکر ێت و پارە سەرف دەکر ێت و دەبەخ شرێت، بەڵام بۆ کۆمی سۆن کە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین جێی هەڵوەستەکردنە، خاڵی دیکە ئێمە ئەنجومەنێك کە بەم شێوەیە حکو مەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات و ئامادە نەبێت ببینێت ئەدی هاوو ڵاتی هەژار چۆن دەتوانێت ها نای خۆی بۆ حکومەت ببات ئەگەر ئیشێکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر﴿شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەو بەڕێزانە دەکەین و لە سەرەتاوە پێم وایە شێوازی پێکهێنانی ئەنجو مەن خە لەلی تێدا یە، هەم لە رێژەی ئافرەتان و هەم ئەو ئەنجومە نە نوێنەرا یەتی پ ێنج حز بی سەرەکی دە کات نەك هەمووو لایەك، خاڵێکی تر، تۆماری دەنگدەران کە پێشتر چەندین سلبیاتی لێکەوتووە بۆیە تە دە نگ، بەڵام ئێستتا سەرۆکی کۆمی سیۆن دەڵ یت پ شت بە تۆ ماری دەنگدەرانی ع ێراق دەبە ستین، وا تە ئەو سلبیاتانەی لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەنجام دراوە دەبێت چاوەڕوان بین لە ژ ێر چەتری ئەم کۆمی سیۆنە لە پا شەرۆژ دووبارە و سێبارە ببێت، خاڵێکی تر ئەو کۆبوونەوانەی باس کرا زۆر سەتحین و تا ئێ ستا لە ﴿5﴾ حزبن، سەردانی لایەنە سیاسییەکانیان نەکردووە، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە نوێ نەری ئەوانی شن و لە گەڵ نوێنەری رێکخراوی کۆمەڵانی مەدەنی کۆ نەبوونەتەوە، تا هەموو خەڵك ئەم کۆمیسیۆنە بە نوێنەری خۆی بزانێت، خاڵی تر بۆ پێکهێنانی نوسینگەکانی ئەم کۆمیسیۆنە لە پارێزگاکانی تر وە کو ئەنجو مەن کۆنترۆڵ دەکرێت لە لایەن ﴿5﴾ حزبەکە، بەڕێوەبەری نووسینگەی د هۆك، سلێمانی، هەولێر، هەڵە بجە، را پەرین، گەرمیان، یان بە شێوازی سی ڤی دەب ێت هەروەك چۆن خۆ یان بە سی ڤی دا نەنراون، پێکهاتە کەی تورکمانەکان و کری ستیان لە هەرێمی کورد ستان کە دوو پێکها تەن ئەم کۆمی سیۆنە بە نوێ نەرانی خۆی

نازانن، بۆیە دەبێت چارەسەر بکرێت، وتە بێژی ئەم کۆمیسیۆنە هیوادارم بە هە ڵە بێت، وای راگەیا ندووە که دوای بینینی سەرۆکی هەرێم وە ڵامی بەڕێزیان دەدە نەوە، دە بارەی ئا یا لە تواناییاندا یە هە یە لە ﴿2015/8/20﴾ هەڵبژاردن بکەن؟ خۆ شیان کەمتەر خەمیان هە یە و جدی نەبوون و نارەزایەتی یەك لێیان بەرزنەبووە کە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم هەست بکەن کە داواکارییەکەیان جێ بە جێ نەکراوە، ئەمڕۆ فشار رۆڵی هەیە و فشار نەبینراوە بۆ ئەوەی بڵێن داواکاریمان جێ بە جێ ناکرێت و دەستە وەستان راوستاین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرمووو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من دەمەوێ بڵێم پێمان باشە بە روون و راشکاوی پێمان بڵێن ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەرامبەر تەفعیل نەبوونی ئەو دامەزراوە یە جگە لە قەیرانی و دارا یی و ئەوەی با سییان کردووە، بود جەیان خەملا ندووە و ئارا ستەی لا یەنی تایبەتمە ندیان کردووە و داوای دامەزرا ندنیان کردووە ئا یا هۆ کاری تر هەیە بۆ تەفعیل نەبوونی ئەم دامەزراوە یە؟ ئا یا با سیان کردووە باس لەوە دەکرێت بەدوای دەر چەی یاسایی دەگەرێن، لەبەر ئەوەی بودجەی گشتی نەهاتووتە پەرلەمان کە ئەوان وەك قانون خاوەنی بود جەی سەربەخۆی خۆیان دەبن لە چوار چێوەی بود جەی گشتی و هەمووومان دەزا نین حکو مەتی هەرێم لە گەڵ داهاتی ئەم وڵاتە پابەند نەبووە بە قانون تا ئە مە گر فت بێت، بەدیلی ئە مەی کە نەهاتوو تە پەر لەمان ئەمەش روونە، پرسیاری من ئەوەیە جگە لە قەیرانی دارایی هۆکاری تر هەن؟ بە پێی زانیاری ئێمە کە نامەوێت لێرە باس بکەم کۆمەڵێك هۆ کاری تر هەن، بەڵام تا ئێستا کۆمیسیۆن بۆ رای گشتی پەر لەمان نەدرکا ندووە و ئا شکرای نەکردووە، خاڵی تر ئەرکی ئەنجا مدانی هەڵبژاردن و راپر سی بە پێی قانونی کۆمیسیۆنی با ڵا ئەرکی ئەم کۆمیسیۆنەیە، و کات ێك لە راگەیا ندن پر سیار لە کۆمیسیۆنی با ڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کراوە کە ئێوە ئامادە کاری دە کەن یان ئا مادەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم؟ وتیان ئەگەر ئاراستەی ئێمە بکرێت دیرا سەی دە کەین، تا ئێستا کۆمیسۆن هیچ روونکرد نەوەی نەبووە ئەمە حەسرییەن دیاری کراوە کە دە سەڵاتی ئەوا نە ئەنجام دا نی هەڵبژاردن و راپر سی، جگە لەم خا ڵە ئەوەی چەند پەرلەمانتاری بەڕێز ئاماژەی پێدا و لە راپۆرتە کەدا بینیمان و کۆمیسیۆن قەراری داوە کار بەو داتایانە دەکات کە پێشتر کۆمیسیۆنی عێراق بۆ ئەنجا مدانی هەڵبژارد نەکان کاری پێکردووە و خۆ یان دەڵێن لە ﴿2015/8/20﴾ ناتوانن هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی کاتی زۆر لەبەر دەست دایە، بوو ئەم قەرارەیان داوە، پلانیان چییە بۆ نوێ کرد نەوەی تۆ مار و پاککرد نەوەی لە کاتێك لە دوای پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەردەوام سەرنجی زۆر لەسەر تۆماری دەنگدەران هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ناظم فەرموو،

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دەکەین، دەستپێك پشتگیری لە قسەی ﴿کاك فرحان﴾ دەکەم بە نیسبەت ئەوەی کە ئەنجومەنی کۆمیسیارانی بەرپەرسە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان و ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان بەرپرسین لەوەی دەبێت تا ئێستا پێداچوونەوەمان کردبا بۆ چارەسەر کردنی کەم و کاسیانە، لیژنە پێك بهێنرابا لە رووی ئیش و کارەکانیان و دابین کردنی پێداویستییەکانیان، خاڵی تر ئایا ئەنجومەنی کۆمیسیاران نیاز یان هەیە لە سەر تۆماری دەنگدەران ئیش بکەن یان اعتماد دەکەنە سەر تۆماری دەنگدەرانی عێراق؟ خاڵێکی تر ئەنجومەنی کۆمیسیاران بۆ هەر راپرسی و هەڵبژاردنەك چەند کاتیان پێویستە؟چەند کاتیان پێویستە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان؟ خاڵێکی تر دەربارەی ئەندامانی ئەنجومەن و برادەرێك پرسیاری کرد لە دەست لەکار کێشانەوەی ئەرکی پێشووی، ئایا هەر ئەندامێك یان ئەندامانی تر کاری پێشوویان هەبووە و دەستی لەکار کێشاوەتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله﴿ ابوبکر هەڵەدنی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی سەرۆك و سەرجەم ئەندامانی کۆمیسیاران من چوار خاڵ بە کورتی دەخەمە روو، فەلسەفەی دروستکردنی ئەو کۆمیسیۆنە روونە و یەکەم بۆ ئەنجامدانی راپرسی بوو لە ناوچە کوردستانییەکان و لە داهاتوو راپرسی لە سەر دەستوور وهەڵبژاردنی خولی پێنجەم کە ﴿2﴾ ساڵ ماوە ئەمە ئەرکی گەورەن لە سەر ئەستۆیان، ئەگەر ئەم کۆمیسیۆنە تەنیا لە ماوەی 2 ساڵی داهاتوو خۆی تەرخان بکات بۆ خاوێن کردنەوەی تۆماری دەنگدەران کە ئەو تۆمارە خاوێن بکەنەوە لە ناوی دوو بارە و ئەمە ئیشی گەورەیە و تێچووی ئەم پرۆسەیە ئەگەر بدەنە حکومەت ئەمە کافیە، ئەو کۆمیسیۆنە وەکو وەزارەت و دەستەی ناوچە کوردستانییەکان و دەستەی نەزاهە و رێکخراوە ناحکومییەکان، واز حە لە گەڵ ئەو قەیرانە ئابوورییە دەست لە ملیان بووە، ئەوانەی لێرەن قوربانی ئەو دۆخەن و هەموویان فەرماندبەر و مامۆستای زانکۆ بوون، لە زۆر رووەوە شوێنی پێشووتریان باشتر بووە، بۆیە دەبێت پەرلەمانی کوردستان فشارەکان خۆی چڕ بکات لەسەر حکومەت بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەم کۆمیسیۆنە هەمووومان پێمان وایە یەکێك لەهەرە یاسا باشەکان کە جێگەی شانازیە، ئەو یاسایە کە ئەم بەڕێزانە ئەمڕۆ کاری لە سەر دەکەن و خاڵی دەیەم کە باسی لە دروست کردنی متمانەی جەماوەر دەکات لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن، کە پێم وایە پارەی تێنا چێت دەتوانن ئیشی لە سەر بکەن، لە گەڵ هەماهەنگی

لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ئەمەش ئیشێکی ترە کۆمیسیۆن دەتوانێت ئیشی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەهارخان فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر چی پێم وایە بانگهێشتکردنی کۆمیسۆن زوو بوو، تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاتی پەرلەمانە و چەندین وەزیر و دامەزراوە هەیە کە کەمتەرخەمن لە ئاست داخوازییەکانی جەماوەر، دەبوایە ئەوان بانگ بکەین و کاری گرنگتر هەیە کە کێشەی هاوڵاتیانە، بەڵام بەهەر حاڵ کە بانگهێشت کراون ئەم سەرنجانەم هەیە، لە ڕوانگەی ئەو وتانەی سەرۆکی کۆمیسۆن خستە ڕوو، هەست دەکەم دژ لە و تەکان هەیە بە تایبەتی کە وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێم داوە تەوە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن دەڵێن لە ماوەی ﴿180﴾ ڕۆژ دەتوانین ئەنجامی بدەن، بەڵام من دەڵێم ﴿360﴾ ڕۆژیش لە بەردەمیان هەبێت ناتوانن، چونکە نە بینا و نە تۆمارەی دەنگدەران و نە کارمەندیان هەیە و هەتا دوەایی، پرسیاری تر ئایا خاو بەڕێوە چوونی کارەکانیان دەستێوەردانی حزبی یان هۆکاری لۆجستی یان شتی ترە؟ بۆمان بخەنە ڕوو، خاڵی تر لە یاسای کۆمیسۆن سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ماددەی ﴿3﴾ ئەوەمان چەسپاندووە کە بەرپرسن لە بەردەم پەرلەمان؟ ئایا چ لیژنەیەکی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کاروبارەکانی ئەوان دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی ئەندامانی کۆمیسیۆن دەکەین و سەبارەت بە ماددەی ﴿4﴾ بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدەران و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارەکان لە ئەستۆی کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵباژدنەکانیکوردستانە بۆ دروست بوونی متمانە لای هاووڵاتیان، بەڵام ئەوەی ئێمە ئاگادارین و کارمان لەسەر کردووە، من لە خولی پێشوو ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم و ﴿امنە خان﴾ ئەندام بوو بە ڕاپۆرتێك دوای چەندین کۆبوونەوە و گۆڕینی نامە و نامەکاری لە نێوان لایەنە پەیوەندیارەکان گەیشتنە ئەوەی کە بە کۆی دەنگ ڕاپۆرتێك بنووسین کە ئەنجامەکانی ئەمانەن، ﴿95﴾ هەزار مردوو تا ساڵی ﴿2013﴾ نەسرابوونەوە و بە دەیان هەزار ناو دووبارە و سێ بارە و بگرە ئەم دۆکۆمێنتە کە کۆکراوەتەوە ئاراستەی بەڕێزتان کراوە کە ئاراستەی کۆمیسیۆن بکەن و هیوادارم بچێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، ناوی بیست بارەش تێدایە بە هەمان موالید، نازانم تۆماری دەنگدەرانی عێراق بەم شێوەیەیە کە ئێمە هەڵبژاردن دەکەین؟ ڕاستە جارانیش بەم شێوەیە کرا، بۆیە بووە هۆی لاواز بوون و نەمانی متمانە لای هاووڵاتیانی

کوردستان، بە داخەوە ئێستا باسی ئەمە دەکرێت هیچ توانایەکیان نی یە و هەنگاویان نەناوە کۆمی سیۆن و هەروەها پێوی ستە پەر لەمان لێپێ چینەوە لە حکو مەت ب کات سەبارەت بە مە، بێ لەوەی دە سەڵاتی دامەزراندن و کردنەوەی نوسینگە کە تا ئێستا جێ بە جێ نەکراوە بە هۆی نەبوونی بودجەوە، پرسیارم لە کاک ﴿هەندرێن﴾ە کە لە کەناڵێکی عەرەبی لەگەڵ ﴿مقداد شریفی﴾ و تراوە چۆن قەبوول دە کەی مدیر عامی تۆ سەرۆکی کۆمی سیۆنی سەربەخۆی هەڵبژارد نەکانی کورد ستان ب ێت و ئەوەی ئا گادارین جەنابت مۆڵەتی و ئێستا داوای نقل خدماتت کردووە و ئەمە پێشێل کردنی یاسایە، ئێمە شانازی بەوە دە کەین کە کۆمی سیۆنی سەربەخۆمان هە یە و چۆن دەب ێت سەرۆکی کۆمی سیۆنمان مدیر عام ب ێت لە کۆمی سیۆنی عێراق؟ سەرۆکی هەرێم ئیستینادی کردووە سەر چ یاسایەك بۆ دیاری کرد نی وادەی هەڵبژاردن؟ هەروەك ئێمە لە پەرلەمان دەرمان کردووە لە یا سای کۆمی سیۆن کە کۆمی سیۆن مافی جاردانی وادەی هەڵبژاردنی هەیە ئێوە ئیستینادتان کردووە سەر چ ماددەیەك کە وەڵامی بەڕێز سەرۆکی هەرێمتان داوەتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف گەچێنەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای بەخێرهێنان و دەستخۆشی لە مێوانە بەڕێزەکان بۆ چالاکییەکانیان و د یارە ئێ مە سەرنجی زۆر مان هەبوو، دیارە لە لایەن خۆشکان و برایانی بەڕێز باس کرا، ئەوەی دەمەوێت بۆ تەئکید کردن ناو و تۆ ماری دەنگدەران لە مردوان و ناوە دووبارە بووەکان، چونکە لە راستیدا لەمەو پێش لە سەرجەم هەڵبژارد نەکان ئەمە سفرەیەکی چەور بووە بۆ تەزویر کردن، ئایا ئەم سفرە چەورە تاکو کەی پاك دەکرێ تەوە لەم ناوە مردوو و دووبارەبووا نە؟ چونکە تەئک یدین ئە گەر ئەو عەمەل یە ئەنجام نەدرێت پاك سازی و چاك سازی نەکرێت هەر هەڵبژاردن و هەر راپرسییەك ئەنجامەکەی (نزیە) ناب ێت، بە دە یان عەلا مەتی ئی ستیفهامی دەکەوێتە سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو شیلان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەخێرهاتنی دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەم، من سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەکەم بە حەقیقەت پێویستە ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆمان لە ئاست کەمتەرخەمیەکان بەرپرسیار بزانین، تەنها کۆمسیۆنی باڵا بەرپرسیار نین لە کەمتەرخەمیەکان، من بە دوو پرسیار دەست پێ دەکەم کە لە راپۆرتەکەی بەڕێز (کاك هندرێن)ەوە واتا سەرۆکی دەستە دەستی پێ کرد، من سەرەتا دەست خۆشیش لە خوێندنەوەی راپۆرتەکەیان دەکەم،

پرسیاری یەکەم: ئەوەیە کە کۆمسیۆن بودجەی خەملێنراوی بە پێی خوێندنەوەی راپۆرتەکە لە (2015/4/6) رەوانەی وەزارەتی دارایی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی نەبووە بە پێی راپۆرتەکەی خۆیان، بەڵام ئایا من ئەو پرسیارە ئاراستە دەکەم کە تا چەند پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی داراییدا گفتوگۆی کردووە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە؟ پرسیاری دووەم: ئەوەیە کە زۆر لە بەڕێزان پرسیاری ئەوەیان کرد کە سەرۆکی دەستە تاوەکو ئێستا دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە، بەردەوامە لە کاری پێشووتری، من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی تر، ئایا ئەندامانی دەستە بە گشتیی هەر هەموویان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە یاخود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئکید لەسەر ئەو موقابەلەیەی تەلەفزیۆنی دەکەمەوە کە بینراوە لە کەناڵی (الرشید)ی عێراقی هەمان پرسیاری کرد تەبعەن سەرۆکی دەستە یان دائیرەی هەڵبژاردن هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو کە نەیگوت وایە، یان وانییە، ئەوە بەڕێز جەنابیان دەتوانن وەڵامیان بداتەوە، من لێرە نەك هەر ئەنجومەنی وەزیران، ئێمەش وەکو پەرلەمان بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، مەعقولە لە ماوەی ئەو حەوت مانگەدا خۆی بە بەرپرسیار نەزانیوە لەبەرامبەر ئەم ئەنجومەنە کە کەمتەرخەمیەکانی، کە کەم کووڕیەکانی عیلاج بکات و چارەسەر بکات، تاوەکو ئێستا بانگیانی نەکردووە لە پەرلەمان بۆ ئەوەی نەك لە جەلسەی پەرلەمان، بەڵکو لە ناو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا دابنیشن لەگەڵیان بۆ ئەوەی ئەوە چارەسەر بکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر تاوەکو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دادەنرێت و دروست دەبێتەوە لیژنەیەکی کاتی لە پەرلەماندا دروست بکرێ کە سەرپەرشتی ئەم ئەنجومەنە بکات، بۆ ئەوەی ئێمە (contact)ێکی موباشەرەمان لەگەڵیان هەبێت، تا بتوانین وەکو پەرلەمان بە ئەرکی خۆمان هەستین، بۆ ئەوەی تەنها گلەییەکان لەوان نەکەین، خاڵێکی تر ئەوەیە کە پێشنیارەکەی من هیوادارم بچەسپێ، بەس خوشکێکی بەڕێز (پەروا خان) بوو ئەو پێشنیارەی کرد، من داوا دەکەم بە جدی بۆ ئەوەی گرفتیان چارەسەر بێت، دونیایەك کارمەند لە وەزارەتەکان هەیە بێ کارن، ئەو وەزارەتانەی کە کارمەندی فائیزە هەر وەزارەتێك (10) کارمەند بداتە ئەم ئەنجومەنە موشکیلەیان چارەسەر دەبێت لە رووی دامەزراندنەوە، بۆیە من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە بە کیتابێکی رەسمی داواکاری ئەنجومەنی ئەم دەستەیە داوا بکات لە وەزارەتەکان چ کارمەندێکی فائیز هەیە بۆ ئەم دەستەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی بە راپۆرتێك کار و چالاکیەکانیان تاوەکو (2015/6/1) خستۆتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوا بابەتی راپۆرتەکەشیان گرفت و پێشنیارەکانە، کۆمسیۆن بودجەی لەبەر دەستدا نییە، بارەگای سەرەکی و فەرعی نییە، کارمەندیان نییە، تۆماری دەنگدەرانیان لەبەر دەستدا نییە، یان تۆماری دەنگدەرانیان پاك نەکردۆتەوە، هەنگاویان چییە بۆ ئەمە؟ هەروەها ئەم کۆمسیۆنە دەڵێ (180) رۆژ پێویستە بۆ هەڵبژاردن، واتا تاوەکو ئێستا هیچ ئامادەکاریەکان نییە بۆ هەڵبژاردن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی هەرێم سیناریۆ نییە؟ ئایا نەیدەزانی کە کۆمسیۆن ئامادەی هەڵبژاردن نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو وشەی سیناریۆ گونجاو نییە، یەعنی پێویستە ئەو لە پڕۆتۆکۆل بسڕدرێتەوە، بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشێکی زۆری کێشەکان وا دەبینم وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، بۆیە حکومەتی هەرێم کەمتەرخەم بووە لەوەی کە نەك بودجەی بۆ ئەم کۆمسیۆنە هەر پڕۆژە یاسای بودجەی تاوەکو ئێستا نەبووە، لە کاتێکدا عێراق سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کە عێراق گرتۆتەوە یاسای بودجەیان پەسەندکردووە بە پێی رێژە، بۆ نموونە لە (70٪)ی ئەو داهاتەیان هەبێ کە بڕیاریان لێ داوە، لەو مانگە لە (70٪)ی وان و تا بۆ کوردستان بە ئێستاشەوە ناکرێ ئەو پارەیە بەبێ پڕۆژە یاسای بودجە سەرف بکرێ، دەبوو یاسای بودجە بێتە پەرلەمان و پەسەند بکرێ، ئەگەر لە (20٪)ی ئەو داهاتەیان هەبوو کە بڕیاری لێ دەدرێ با لە (20٪)ی هەر وەزارەتێك و هەر دەستەیەك سەرف بکرێ، بۆیە کێشەی هەرە سەرەکی لەوێ لە بودجەی دەیبینەوە، سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران ئایا تۆماری دەنگدەران چی بۆ کراوە؟ هەم پێویستیشە پەیوەندیان لەگەڵ هەندێك وەزارەت، بۆ نموونە وەزارەتی تەندروستی دەبێ بۆ سڕینەوەیان تۆمارێکی نوێ لە راستیدا کە ئەوەی پێشوو و ناکرێ کاری لەسەر بکرێ، ئێمە مەترسیمان هەیە لە تۆماری نوێشدا هەموو ئەو ئاوارە بە لێشاوەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە دیسانەوە ناوەکانیان تۆمار بکەن، کە بەشێکی زۆر لەو ئاوارانە کە ئێستا کارتی زانیاریشی بۆ کراوە، کە من بە گۆمانم ئەو کارتانە بۆ دوا جار بۆ ناو تۆماری دەنگدان بە کاری بێنێت، بۆیە باشترین سیستەم ئەو ئەلیکترۆنیەی پەنجە مۆرەکەیە بۆ ئەوەی نەتوانرێ کەس دووبارە بێت، پێویستیشە لەسەر کۆمسیۆن هەوڵبدات و کەم و کووڕیەکان بخاتە روو، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت بە هەردوولا سیستەمێکی ئەلیکترۆنی گونجاو بهێنرێتە پێشەوە، سەبارەت بەوەی کە بۆ پسپۆڕانی دەرەوە، ئایا هەر لە ئێستاوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە راوێژ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پسپۆڕانی دەرەوە بهێنن، بۆ ئەو تۆمارە بتوانین زیاتر تێیدا

بەكاری بهێنین، سەبارەت بە ناوچە كوردستانیەكان، ئایا جگەلەوەی كە لە تۆماری هەرێمی كوردستاندا ئەم چوار پارێزگایەی كە هەیە بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان كە ئومێد دەكەین بتوانێ ئەو پرۆژەی رەشنووسی دەستوور پەسەند بكرێ، هەروەها هەماهەنگی و رێكەوتن لەسەری بكرێ، ئایا چی كراوە بۆ ناوچە كوردستانیەكان و چۆن بتوانن ئەو كێشە و گرفتە یەكلایی بكەنەوە؟ منیش دیسانەوە تێبنییەكم لەسەر ئەوە هەبوە ئەوەی كە جەنابی سەرۆكی هەرێم ئەو نووسراوەی كردووە بە چ یاسایەك بووە؟ بە پێی یاساكە پەرلەمان بەرپرسیارە لەبەرامبەر كۆمسیۆن و، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەست نیشان بكات، نەك وادەی هەڵبژاردنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

امنە نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەرنامەی كاری سەح بكەین بەحسێ هەندێ دكەت كو گفتوگۆ كرن ل سەر كار و چالاكی و كێشە و گرفتێن كۆمسیۆنا سەربەخۆیا هەڵبژاردنان دكەت، تەنها بۆ بیرئینانە جۆرێ پرسیار كرنا پەرلەمانتاران، لە لێ پرسینێ دەچێتن، كو نە ل گۆر پەیرەوی ناڤخۆ، ئەگەر هەر لایەنێك بێهتە بانگ كرن بۆ ئامادە بوون و گفتوگۆ كرن بیتن، نە ل گۆر یاسای ماددەی سێ كو گفتوگۆ كرن ل سەر كێشە و گرفتان نابیتن شێوازی لێ پرسینێ بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید لێ پرسین نییە، ئەوەی دێنە بەحس كرن تێبینی و سەرەنجن، پەرلەمانتاریش لێرەدا ئازادن، بەڕێز كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستانی عێراق دەكەم، بەراستی لە رۆژی دامەزراندیەوە نیگەرانیەك هەبووە ئەویش پێكهاتەكانی هەرێمی كوردستان بوون كە بە پرۆژەیەك داوامان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە كە چارەسەرێكی گونجاو و ئەو پێكەوە ژیانە لە كوردستان بەرەوێنێتەوە، هیوادارین بەداو داچوونی بۆ بكەن و چارەسەری گونجاویشی بۆ بكەن، پشتگیری گوتەكانی برای بەڕێزم حاجی كاروان دەكەم، ئەگەر كۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەبەرامبەری پەرلەمان بەرپرسیار بێت ئێمە بەدوا داچوون بۆ هەموو كێشەكان دەكەین، بەلاَم بۆ كێشەی ئەوان كردووە پێشتر دەبێ ئێمە ئەو كەمتەرخەمیەی خۆمان قەبول بكەین و بەدوا داچوون بۆ كارەكانیان بكەین لەگەڵ حكومەت و لەگەڵ دامەزراندنی هەموو كارەكانی، سەبارەت بە پێشنیارەكەشی بۆ پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدوا داچوونی كاروباری كۆمسیۆن سەد لە سەد پشتگیری لێ دەكەم نابێ كەم بۆ ئەوەی كەمتەرخەمی روو نەدات، بەلاَم

سەبارەت بە نەقل کردنی کارمەندان بۆیان رەنگە جیاوازیم هەبێت، چونکە هەڵبژاردن کارێکی تەخەسوسە دەبێ رەچاوی ئامار و ئایتی و قانون و ئیداری بکرێت، داوا لە کۆمسیۆن دەکەم ئەو شتانەی پێویستە و تەخەسوسین بۆ هەڵبژاردنێکی بێگەرد هەمان رەچاوی دامەزراندن لە ئێستاوە بکەن، هەورەها بە نیسبەت تۆماری دەنگدەرانەوە هەمیشە ئەو گرفتەمان هەبووە کە ناوێکی زۆر لە ناودان نەسڕاونەتەوە، داواش لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەکەین کە لەگەڵ پەرلەمان هاوکاربن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگارئەو تۆماری دەنگدەرانەی کە لە بەغداوە دێن لە رێگای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بپاڵێورێن و لە ناوە زیادە و مردووانە پاك بکرێنەوە، تاوەکو ئامارێکی پاك و بێگەردمان هەبێت و هەڵبژاردنێکی بێگەرد لە کوردستاندا بەڕێوە بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك محمود فەرمووو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان هەر ناوەندێك کە مەهامێکی لە پێشە کەرەستەی بەردەستی پێویستە، بە پێی راپۆرتەکەی بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆن دەرکەوت لە فەمانبەر لە بینا، لە بودجە، لە داتا و ئامار هیچ شتێکی لەبەر دەستدا نییە وەکو پێویست کە بۆ ئەمڕۆژە بگونجێت، تا بتوانێ هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردێ تێدا فەراهەم بکات، بەس تەنها بۆ رۆژی هەڵبژاردن زیاد لە (5000) هەزار فەرمانبەری پێویستە، تاوەکو ئێستا ئەوەی باسی لێوە کرد پێوەرە نێودەوڵەتیەکان نەك لاوازە، هەر نیشە، ئیتر من تێناگەم ئەم بانگ کردنە بۆ چییە؟ دەبوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەر چوار مانگ پێش ئێستا پێداویستییەکانی بۆ پڕ بکردنایەتەوە و بە دیقەتەوە خەمی بۆ بخواردنایە، بۆیە بەم ئالیەتە ناتوانرێ هەڵبژاردن بکرێ و فەراغی یاسایی و تەنگەژە زۆر زیاتر دەبێت، هەمووشمان دەزانین هەڵبژاردن ناکرێ، بەداخەوە لە کوردستاندا پلان و ستراتیژی درێژ خایەن نییە و زۆر کورتە، مەعقولە لەم ماوە کەمە هەڵبژاردن بکرێ، لە کاتێکدا وڵات بار گرانی بە کۆمەڵێك قەیران و تەنگەژی مالی و شەڕ هەموو ئەوانە کارێگەری تەواویان هەیە لەسەر باری کۆمەلایەتی و کۆمەلانی خەڵك داناوە، رێزم هەیە ئەو وەزعە تەنها سەرقاڵ کردنی خەڵکە، چونکە بەراستی لەم ئەزمەیە خەڵك پێویستی بە بژێوی ژیان هەیە، بە کارە هەیە، بە کەسابەت هەیە، بە مووچە هەیە، بەوانە هەیە، رەنگە تا ئەوەی بۆ دابین نەکرێ نەتوانێ بچێتە سەندوقی هەڵبژارن و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات، پەرلەمانیش بەراستی دەبوو هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەم خولەوە بە جدی خەمی کۆمەڵێ پرسی گرنگی بخواردایە، ئەو پرسانەی راستەخۆ پەیوەندیان بە رەهەندی نیشتیمانییەوە هەیە، لەوانە پرسی راپرسی، هەڵبژاردن، پرسی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها ئەو پرسە قولانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی وڵاتی گرتۆتەوە، بۆیە بەراستی بەم ئالیەتەوە هەڵبژاردن ناکرێت و هەم کۆمسیۆنی بالاّ بۆ خۆیان مەسئولیەتیەکی بەشێکی لەو تەنگەژیانە هەڵدەگرن و

هەم سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئێمەش وەكو پەرلەمانی كوردستان، بۆیە جارێكی تر تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە ئەم تەنگەژە قوڵە بەم وەزعە ئاڵۆزەوە و ئێمە لە كەمتر لە دوو مانگی تر تووشی تەنگەژەیەكی قوڵتر دەبین، هیوادارم بتوانین هەمووومان بە گیانی مەسئولیەتی و یەك خیتابی سیاسییەوە ئەو پرسە چارەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە قسەكانی من زۆربەیان كران، بەڵام بە كورتی ئەو سێ، چوار خاڵە دەڵێم، یەكەم: ئەو بودجەیەی ئەوان بۆ ئەوەی بكەونە سەرپێی خۆیان بۆ رایی كردنی كارەكانیان چەندە كە داوایان لە وەزارەتی دارایی كردووە و وەزارەتی داراییش بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستانی ناردووە؟ دووەم: لە سەرەدانەكاندا بەر گوێم كەوت كە چوون بۆ زۆر شوێن، بەڵام وەزارەتی بازرگانیمانبەر گوێ نەكەوت، چونكە بەراستی وەزارەتی بازرگانیش زۆر پەیوەستە بە مەسەلەی پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەران، هەر وەك چۆن وەزارەتی تەندروستیش پێویستە، هەورەها ئەوەی كە گوێشمان لێ بووبێ بێ ئومێدیەكی زۆر گەورەی دا بە ئێمەش و بە خەڵكی كوردستانیش كە نەتوانێ تۆماری دەنگدەران پاك بكاتەوە لەو ماوەیەدا و كار بەو تۆماری دەنگدەرانە بكات كە لە وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە دێت، ئەوە ئەگەر هەڵبژاردن نەشی كات باشترە لەوەی كە بەو تۆماری دەنگدەرانەوە بێكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم پەلە بكرێ لەوەی كە ئەو بێ ئومێدیە و ئەو قسەیەی كە كردی لە داهاتوودا هەوڵ بدات بڵێ ئێمە بە تۆماری دەنگدەرانی تازە كار دەكەین، لە كاتێكدا كە ئەم تۆمارە پاك كراوەتەوە، سێیەم: سەرەدان كردنی حكومەت بۆ كۆمسیۆن ئەوەندە قورس بێت بەراستی ئەمەشیان تۆزێك بێ ئومێدی دەدات بە خەڵكی كوردستان، ئەو كۆمسیۆنەی كە دروستمان كرد هەمووومان ئومێدێكی گەورەمان لەسەر هەڵچنی بوو بۆ ئەوەی راپرسی بكات، بۆ ئەوەی راپرسی بۆ ناوچە دابڕێنراوەكان بكات، راپرسی بۆ دەوڵەتی كوردی بكات، راپرسی لەمەو دوا بۆ هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان و حكومەت و سەرۆكایەتی هەرێم و دەستوور و كۆمەڵێك شت بكات، یەعنی ئەم چاو پێكەوتنی حكومەت ئەوەندە قورس بێ ئومێدمان كەمتر دەبێتەوە بەم كۆمسیۆنە، چوارەمیان: شەش مانگ زیاترە سوێندیان خواردووە ئەم بەڕێزانە و داوایان لە حكومەت كردووە بودجەیەكیان بۆ دابین بكرێ، ئایا بەڕێزان لە سەرۆكایەتی هەرێم، یان راستر بەرێز سەرۆكی هەرێم نەیدەزانی بێ بودجە و بێ فەرمانبەر و بێ هەموو ئەو موستەلزەماتانەی هەڵبژاردنی پێ ئەنجام دەدرێ وەك باڵاترین دامەزراوەی جێ بەجێ كردن چ هاوكاریەكی ئەم كۆمسیۆنەی كردووە؟ چ هاوكاریەكی ئەم كۆمسیۆنەی كردووە و داوای شتێكیان لێ دەكات كە سوور دەزانێت ناكرێت؟ من جارێكی تر لەگەڵ هیوای سەركەوتنم بۆ ئەم كۆمسیۆنە، بۆ ئەم دەستە بەڕێزە، بەڵام بۆ خۆشیان هەست دەكەم زۆر بێ فشاربوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عباس فتاح فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ قسەی هاوڕێکانم دووبارە بکەمەوە، چەند پرسیارێك زیاتر ئاراستە دەکەم، بەلاّم ئێستا گوێمان لە بەڕێز سەرۆکی هەڵبژاردنەکان بوو کە هەڵبژاردن لە ماوەی ئەو دوو مانگە ناکرێت، کە ناکرێت پێویستە بۆ دۆزینەوەی شێوازێك و ڕێگەیەکی تر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان بە تەوافق ڕێگا چارەیەك دیاری بکرێت، هەموو لایەکمان زۆر پەلەمان کرد لە دروست کردنی کۆمسیۆن، بەلاّم تاوەکو ئێستا نەتوانراوە فەرمانبەرەکانی دیاری بکرێ، نە بارەگایەکەی بۆ دابنرێت، بەلاّم پێش چوار مانگ پێش ئێستا کە ئەوان بێگومان دەیان زانی کە هەڵبژاردن لە پێشەوەیە و هیچ ئاگاداریەکیان نەکردووە کە ئەم پێداویستیانەمان بۆ دابین ناکرێ، ئایا بە چەند دەتوانن ناوی دەنگدەران تۆمار بکەنەوە و بێ دووبارە و بە ڕاست دروستی؟ هیچ هەنگاوێکیان بۆ ناوە یان نا؟ ئایا ئێوە نازانن کاتی هەڵبژاردنەکان چ کاتە و خۆتان بۆ ئامادە نەکردووە؟ یەعنی دەبێ پێویستە ئیلا کە ئاگاداری بکرێنەوە ئێنجا بڵێن ئێمە کاتمان زیاتر دەوێت، ئەوان کاتی هەڵبژاردنەکان دەزانن، پێویستە پێش ئەو کاتانە هەموو ئامادەکاریەکانی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر بارودۆخێك هاتە پێشەوە، ئەو کاتە لەبەر هۆی بارودۆخەکان دەتوانین بکەین، ئایا پەرلەمانیان ئاگاردار کردۆتەوە؟ ئەگەر ئاگاداریان کردۆتەوە بۆ تاوەکو ئێستا پەرلەمان بێ دەنگ بووە لایەنی پەیوەندیدارەکانی بانگ هێشت نەکرووە؟ ئەگەر ئەوان بە ڕەسمی پەرلەمانیان کردۆتەوە کە حکومەت ناتوانێ بیان بینێ کە پێداویستیەکانیان بۆ دابین ناکات، ئەگەر ئاگاداریان کردۆتەوە ئایا پەرلەمان لەو حاڵەتەدا بەرپرسە لەوەی بۆ ئەوانی بانگ هێش نەکردووە؟ لە قسەکانی جەنابی سەرۆکی کۆمسیۆن دەڵێ پشت بەستن لەوەی کە نووسراوەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەگەر بە دەنگدەرانی هەڵبژاردنی پێشوو بێت، جەنابی سەرۆکی هەرێم لە نووسینەکەی دەڵێ بە شێوەی پێوەرێکی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان بکرێ، واتا کارتی زیرەك دروست بکرێ، هەر کارتی زیرەك خۆی بەراستی دوو مانگ و سێ مانگ، پێموایە هەر خۆی شەش مانگی دەوێ بۆ دروست کردنی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ڕاست و دروست بێت، بۆیە پێموایە هەموو ئەم خالاّنە پێویستە بۆ هەڵبژاردن کۆمسیۆن وەلاّمان بداتەوە کە بۆ نەیتوانیوە هەموو ئەم پێداویستیانە دابین بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم هەمی دزانین کو سەر بە پەرلەمانی ڤەبوونا کۆمسیۆنێ بە هەندێ دووماهیك نایەت، تەنێ کۆمسیۆن ل بەرامبەری پەرلەمانی بەرپرسیار بیت، کو پەرلەمان هیچ پێنگاڤەکا مونتیج پاڤێژیتن بۆ هەندێ کو ئەڤ کۆمسیۆنە بشێتن بە شێوازەکی سەرکەفتیانە کارێن خۆ ئەنجام بداتن، یەکیش وان کێماسیێن کو پەرلەمانی ئەنجام دای ئەوە ئەڤڕۆگە بیە کۆمبینا ئەڤڕۆکە دا مەفروز بێت پەرلەمانی بە ئاگاهداری یان ژی ئامادە بوونا وەزیرێ دارایی و یان یەکیش ل نوێنەرێن ئەنجومەنێ وەزیران ئەڤ کۆمبینا ببەستیبا بۆ هەندێ کو ئەڤ بەرپرسیاریەتیە ئەم هەمی بێ کو بزانی ئەنجام چییە ئەم دێخینە ئەستۆی حکومەتێ دا، بەڵکو وان ژی موبالەغەییێت خۆ هەبان بۆ هەندێ کو دیفاعێ ل هەندێ بکەن بزانین کە بۆچی هەتا نوکە ئەو بودجەیا پێتڤیە و ئەو موستلەزەماتێت پێتڤی بۆ ئەنجامدانە هەر هەڵبژاردنەکی نەداینە کۆمیسۆنێ یان نەختستنە بەردەستێ واندا، ڤێرێ من دڤێت ئاخافتنێت خۆ بە دوو پرسیارا بە دووماهی بینم، راستە بۆ ئەنجامدانا هەر هەڵبژاردنەکی کۆمەڵەکا پێڤەرات هەین، یەکیش وان پێڤەرا رەنگە ل هەمیا گرنگتر کات بیتن کو کۆمسیۆن پێتڤی بە هەبینا شەش مانگ هەبیتن و ئەڤە ژی ل ناڤ پەیرەوی ناڤخۆدا یا تەسبیت یان پەسەند کری، باشە، تەسبیت کرنا وان شەش هەیڤا بۆئەنجامدانا هەر هەڵبژارنەکی، ئایا موراعاتا وان یاسای بەرکار کریە کو ل یاسای سەرۆکایەتیا هەرێمی ئاماژە بە هەبینا بە دوو هەیڤا دایە، دوو: دگەل هەندێ دا کو کۆمسیۆنێ ئەو ئامادە نیشاندایە کو نەشێتن هەڵبژاردنا ئەنجام بدات؟ ئەرێ باشە بۆچی کۆمسیۆن پێشنیارا هەندێ نەکریە کو پەرلەمان ئەڤڕۆکە ل ڤێ کۆمبینێدا یان کۆمبینەکا دیدا وێ دەسەلاتێ ژی وەربگریتن ئەوە کو ئەو دێ رابینم ئەنجامدانە هەڵبژاردنان ل هەرێما کوردستانێ، یان ژی کۆمسیۆن پێنگاڤەکا هوسا هاڤێتیە کو هەماهەنگیەك کردبیتن کو ل گۆری یاسایا وان یا ژمارە (4) ژی ئەو تێدا هاتیە پێتڤیە هەماهەنگیەکی دگەل کۆمسیۆنا بەغدا بکەن، بۆ هەندێ کو بشێن ئیستیفادەش وان مەکاتبێت کۆمسیۆنا بەغدا ل هەرێما کوردستانێ هەی بکات بۆ ئەنجامدانا ڤی هەڵبژاردنی یان بۆ هەر هەڵبژاردنەکا دی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم ، دیارە ئێمە لە سەرەتاوە کە ئەم ئەنجومە نە یا سای بۆ دەر کەوت ، دوا تر ئەم بەڕێزا نە سوێندی یا سابیان خوارد ئێ مە هەموو پەر لەمانتاران ئومێدێکی زۆر گەورەمان هەبوو کە ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت کارێکی زۆر گەورە ئەنجام بدا ، بەلاَم بەداخەوە بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن خوێندییەوە هەموومانی بێ ئومێد کردووە ، ئێمەی پەرلەمانتاری بێ

ئومێد کردووە ، خەڵکی کوردستانیشی بێ ئومێد کرد بەرامبەر بە هەموو ئەو لەم پەرانەی کە دێتە بەردەمیان بۆ ڕای کردنی کارەکانیان ، بۆیە وەکو پەرلەمانتارێك پێشنیار دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان کە بەرپرسیاری یەکەم دەبێت لە سەرپەرشتی کردن و چاودێریکردنی ئەم ئەنجومەنە بەرێزە هاوکار و پشتیوانیان بێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەو لەمپەرانە لەبەر دەمیان دروست بووە لابرێن ، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ڕای کردنی کاری ئەم ئەنجومەنە بنگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکرێن ، لە کەمتەرخەمییەکانیان بکۆڵدرێتەوە ، چونکە ئێمە هیوایەکی زۆر گەورەمان بەو ئەنجومەنە هەبوو خاڵی یەکەم ، خاڵی دووەمیان" بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن باسی مەسەلەی تۆماری دەنگدەرانی کرد من پێیان ئەڵێم ئێوە لەناو پۆلی پەرلەمانی کوردستان سوێندتان خواردووە کە بەرپرسیارن لە پاراستنی بەرژەوەندی میلەتەکەتان ، هەر بۆیەش پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران پێویستە ئەرکی لە پێشینەی ئەم ئەنجومەنە بێ ، یەکێ بێ لە کارە گرنگەکانیان ، لە ئەولەویەتی کارەکانیا ندا پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران بێت ، خاڵێکی تر ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئێمە لەم پەرلەمانی کوردستانە ، ئەوەی ئەمان بینی حەماسێکی زۆر گەورەمان ئەبینی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتەوە بۆ دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە ، ئەم دەستەیە پێمان وابوو ئەگەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا دروست ببێ ، ئەوا ئەم حکومەتە ، هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم پاڵپشتییەکی گەورەی ئەم ئەنجومەنە ئەکەن من پێشموایە خۆشیانئەندامانی ئەنجومەن ئەم ڕوئیایەیان لا دروست بووە کە لە سەرەتادا بوونە تە ئەندام لەم ئەنجومەنەدا ، بەڵام ئێستا هەمووومان بێهیوا بووین لە سەرۆکایەتی هەرێم هەم لە سەرۆکایەتی حکومەت بۆ پشتگیری و پشتیوانیکردنی ئەم ئەنجومەنە ، بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی حکومەت ، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردیستان لێرە بەدواوە ئەو کەمتەرخەمیانەی کە نواندوویانە کۆتایی پێ بهێنن ، هەموومان بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە هەوڵ بدەین کۆتایی بەم لەم پەرانە بهێنین ، دەستخۆشیتان لێدەکەم.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەرێز کاك شوان فەرموو.

**بەرێز شوان احمد نعمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە خۆشەویستەکان دەکەین ، ئێمە چاوەڕوانی زۆرمان لەو کۆمسیۆنە هەبوو بۆ ئامادەکاری هەڵبژاردنەکان و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی ، بەرێز سەرۆکی هەرێم زۆر بە پەرۆش بووە کە هاتۆتە پەرلەمان داوای لە پەرلەمان کردیە بۆ دروستکردنی ئەم کۆمسیۆنە ، دەبوایە ئێمەش وەك پەرلەمانی کوردستان موتابەعەمان بکردبایە ، ئەرکی پەرلەمانە چاودێری وردی بکردبایە ، چونکە پەرلەمان بەرپرسیاری یەکەمە بە پێی ماددەی (3) یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2014) ، ئەوەیتریشیان دەربارەی ئەو پرسیارە لە ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم ئایا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ

(UN) ئەنجامداوە؟ چونکە بەڕاستی بێ هاوکاری (UN) ولاّتانی ئەوروپی و بەتایبەتی ولاّتی ئەمریکا زۆر زەحمەتە هەندێ ئیش و کار کە بۆ ئایندەمان تەمەنای دەکەین زەحمەتێ بە جێبگا ئەگەر پشتیوانییەکی تەواومان لێ نەکرێت ، ئەوەی تریش زۆر قسەو باس لەسەر ئەوە دەرکێ بەڵێ ئێمەش پشتگیری لە ئەوەی دەکەین کە هەوڵبدرێ تۆماری دەنگدەران پخت و خاوێن بکرێتەوە لە مردووان ئەوانی کە وجودیان نەماوە بەهەر شێوەیەك بی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو هیچ تانە و تەشەنەك لە هەڵبژاردنەکان نەدرێ ، بۆ هەموو لایەکیش ساغ بێتەوە کە ئەم تۆمارە چۆن بەشێوەیەك پاككراوەتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێکی تریش پێویستە سوێندێك بخۆین کە مەبەستمان شەخصی و حیزبی نییە ، صلاح الدین ئەیوبی چەند سەد ساڵێك لەمەو پێش بۆ ئەوەی ئیش و کار بە ڕێك و پێکی بڕوا ، ئیشەکان باش بڕوا و تی کاکە (بسم الله) لە نامەکان بکەن و چونکە کۆترەکان ناتوانن نامەی گەورە ببەن ، لە ڕاستیدا من پێموایە دەزگای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە مەبەست ئیفلیج کراوە ، هەموو دامودەزگاکانی ئەم ولاّتە بە مەبەست ئیفلیج دەکرێ لە بەر ئەوەی سەرکردایەتی کورد بڕیاری داوە لە هەموو حیزبەکان بە بێ ئیستسنا بڕیاریانداوە کە بمێننەوە (50) ساڵ ، (60) ساڵ تۆش بۆ ئەوەی کە بمێنیتەوە پێویستە دام و دەزگا و موئەسە ساتت نەبێ ، دام و دەزگا و موئەسە سات پەیوەندی بە گەلێکی پێ شکەوتوو ، سیستەمێکی پێشکەوتوو هەیە ، سەرکردایەتی کورد بەبێ ئیستیسنا لە هەموو حیزبەکان ئەبێ بمێننەوە لەبەر ئەوە وەکو (مەکیاڤیلی دەڵێ : میر نابێ لاکێك بێ دەوری بە داڵ گیرابێ ، میر ئەبێ داڵێك بێ دەوری بە لاك گیرابێ) لێرە مەسەلەکان زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەم ولاّتەی ئێمە بەرەو پێشەوە ناچێ ، دام و دەزگا دروست نابێ لەبەر ئەوە سەرکردایەتی کورد بە هەموویانەوە پێویستیان بەوەیە کە دام و دەزگا دروست نەبێ ، لە کۆتایشدا هەموو مەسەلەکان بەرەو کوێ دەچێ؟ سەرکردایەتی کورد هیچ شتێکی نییە بەبێ مەبەست بێ تەنانەت هەڵەو کەم و کورتی و ئەوانەش هەمووی بەمەبەستە بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان بەم جۆرە بڕوات ، لە کۆتایدا داوا لە دادگای فیدڕاڵی ئەکرێ بڕیار بدا دادگای فیدڕاڵیش بڕیار ئەدا ، یان لە مەتبەخەکانی پشتەوەی حیزب ڕێکەوتنێك دەکرێ لەسەر مەسەلەکان ، هیچی تر نییە ئەندام پەرلەمان و ڕوو ناکبیر و سوحوفیش نە خۆیان شین و مۆر بکەنەوە ، نە ڕەخنەی توندو تیژ بگرن ، نە حیزبەکانیش ئەوەندەی تر بکەن بە دوژمنی یەك ، نە میللەتەکەشمان پڕ نەبێ لە کێشەو ڕق و کینەو ئەوانە ، ڕێکەوتنی سیاسی یان دادگای فیدڕاڵی مەسەلەکە یەکلای دەکاتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز خاتوو حەیات فەرموو.

**بەڕێز حيات مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی هەریەك لە بەڕێزان كاك فەرحان جەوهەر و كاك ڤەمان فیصل ئەكەم ، دیارە چەند خاڵێكم هەبوو ، بەلاَم پێ شتر ئەوان ئاماژە یان پێ كردوو ڤ سەكانی من یان كرد من دوو بارەی ناكە مەوە جارێكی تر ، بەس پرسیارێكم هەیە بۆ بەڕێز ئەندامانی كۆمـ سیۆن ئا یا كۆمـ سیۆن تۆڕی پەیوەندی یەكانی خۆی لەگەڵ ڕێكخراوەكانی (NGO)كان كە هە ندێك لەو ڕێكخراوا نە بەتای بەت ئی شی لە سەر مە سەلەی ڕاپر سی و لە سەر مە سەلەی هەڵبژاردن كردووە ، ئا یا ئەو تۆڕەی خۆ یان فراوانكردووە؟ئە گەر نە شیان كردووە لە ئێستادا دەتوانن ئەو تۆڕەی خۆیان فراوان بكەن و ئیستیفادە لە تەجروبەی ئەوان بكەن شتێكی خراپ نییە ، لە سەر مە سەلەی ڕاپۆرتە كەی كۆمـ سیۆن هە ندێك لە برادەرا نی تریش ئاماژە یان پ ێدا كە ڕاپۆرتە كە ڕا پۆرتێكی تاڕادە یەك پرۆتۆكۆلی یە ، ڕاپۆرتە كەیان وا دەب ینم هە ندێك لە برادەرا نی تریش نەفسی ئاما 1 ەیان پێدا ، پێویستە لەسەر كۆمسیۆن پێگەی خۆی بەهێز بكات و ئەوەندە بێدە سەلاَتی خۆی نیشان نەدات ئەوان ئەتوانن بە عەمەلی ئیشی خۆیان بكەن و پێداگیربن لە موعالەجە كردنی كێ شە ماددی و تەكنیك یەكانیان ، هەڵبە تە بۆ ئە مەش پێوی ستە پەر لەمان ڕۆ ڵی خۆی هەبێت لەم مە سەلە یەدا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەرەتادا بەخێرهاتنی ئەنجو مەنی كۆمـ سیاران دە كەین ، دەستخۆشی شیان لێدە كەین بۆ كار و چالاكییەكانیان هەر چەندە دەب ینین ڕا ستی دەستبە ستراو بووی نە ، لە سەرەتا پاڵپ شتی ڤ سەكانی بەڕێز مامۆ ستا مەڕوان گەلاَلی دە كەم نا مەوێ دوو بارەی كە مەوە زۆر ێك لە ڤ سەكان هاوڕێ یان كرد یان ، بەلاَم دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بكەمەوە كە پێشنیاریان كردووە تۆماری دەنگدەرانی حكومەتی ناوە ندیان بۆ بهێندرێت ، من دە ڵێم ئە گەر ئەو تۆمارە شیان بۆ بهێ ندرێت بەڕا ستی لە ئێ ستاوە پێوی ستە چاك سازی و پاكسازی لەو تۆمارە كرێ ، پاشان بخرێ تە بەردە ستی پەر لەمان و سەرجەم پەر لەمانتاران ، لە بەر ئەوەی ئێمە نوێنەری خەڵكی هەرێمی كوردستانین ، هەموو حیزبەكانیشی تێدا هەیە ، بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی كە ئەو تۆمارە هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسییەكی لە سەر ئەنجامـ بدرێ دڵن یابین لە سەر ناوی دوو بارە و ناوی مردووەكانی تێدا نییە پێموایە ئەمە حەلێكی باشە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم ، ئێمە کاتێك یا سای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیمان کرد بە ڕای من یەکێك بوو لە دەستکەوتە هەرە باشەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان ، زۆر شانازیمان پێوەی کرد ، بەلاَم بەداخەوە کاتێك قیادەی ئەم کۆمسیۆنە دەدرێتە دەست ئەم بەڕێزانەی کە ئێستا میوانن لای ئێمە ، ئێمەی تووشی نائومێدییەکی تەواو کردووە ، ئەوان لێدەر بوون بەتایبەتی سەرۆکی کۆمسیۆنەکە ئەبووایە لە خاڵی سفرەوە دەستی پێکردووە زۆر دەستە وەستان نەبوایە ، دەست سپی نەبوایە زۆر زۆر بەداخەوە ، ئەبوایە کاتێك سەرۆکی حکومەت نایەوێ بەڕێزبان ببینێ پەنای بۆ سەرۆکی پەرلەمان ببردایە ، چونکە سەرۆکی پەرلەمان چاودێری یەکەمی ئەوانە ، کۆمەکی بکردبانیە کاتێك ناتوانێ بینایەك بگرێ بە کرێ لەناو هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و دهۆك ، کۆی هەمووی ئەم بینایانە ناکاتە (20) ملیۆن دینار ، مەنتقی تێدا نییە تۆ دەزگایەك شەلەل بکەی بۆ (20) ملیۆن دینار ، کاتێك فەرمانبەرت نییە وەکو ئەو هاوڕێ بەڕێزانەم کە باسیان کرد تۆ بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە هەر بندیوارەکان نەقل بکرابایە بۆ ئەو دائیرەیە بەس بوو هەتا ئەوان بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن ، بەلاَم بەداخەوە قیادەکردن ، قائید ئەبێ قائید بێ لە سفرەوە دەست پێبکات بەداخەوە ئەم کۆمسیۆنە ئێمەی بێ ئومێد کردووە ، ئەبوایە نەك ئەندامانی پەرلەمان داوای هاتنی ئەوانیان بکردبایە کاتێ ئەوان لە خیلالی چەند مانگێکدا ئەزانن کارەکەیان ناچێتە پێشەوە ئەوبوایە خۆیان داوایان بکردبایە بێنە پەرلەمان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانیان بگۆتبایە ئەمە وەزعەکەی ئێمەیە چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە ، نەك ئێستا کاتێك داوای هەڵبژاردنێکیان لێ ئەکرێ ئەوان دێن پەنا بۆ پەرلەمان ئەبەن ، ئەمە ئێمەی زۆر بێ ئومێد کردووە ، من چەند پرسێك ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانە ئەکەم بودجەکەیان چەندە کە داوایان کردووە بۆ (2015)؟ بۆ بە ڕەقەم بە ئێمەیان نەوتووە بڵێن ئەوە بودجەکەمانە؟ ئایا ئەمە ناچێتە زمنی نەفەقاتی سیادی لە بودجەی عیراق؟ چونکە هەڵبژاردن نەفەقاتی سیادیە پێویستە حکومەتی بەغدا ئەم پارەیە سەرفبکات نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئایا ئەم هەوڵەیان داوە یان نەیان داوە؟ هەڵبژاردن نەفەقەیەکی سیادیە ، پەیوەندی نێوان ئەم دەستەی کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو فەرمانگانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عیراق چییە؟ ئایا نەیانتوانیوە سوود لەوان وەربگرن؟ ئەشوانتوانی هەر کارمەندیان نییە لە 60٪ ئەو کارمەندانەی کە لەناو دەزگاکانی حکومەتدا هەیە بە بینای پەرلەمانیشەوە 8٪ زیادەیە ئەیانتوانی سوود لەو کارمەندانە وەرگرن ، ئایا نەیانتوانیوە کارمەندەکانیان دابمەزرێنن ، بینایان دابمەزرێنن ، ئایا موچەو ئیمتیازاتی خۆیان هەروەکو بودجەکەیان دیارە یان دیار نییە؟ هیوادارم وەلاَمی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنم بۆ شاندی میوان کۆمسیۆنی بالاّ ، من داوا ئەکەم ئێمە لێرەدا لەم مینبەرە ڕ استییەکان وەك خۆی باس بکەین و بابەتیا نە قسەکانمان دەر بخەین ، من دەپر سم ئا یا بۆ کۆمسیۆن موقە سیرە؟ لەکاتێك کە هیچ پێداویستیەکانی بۆ ئا مادە نەکرا یە ، دەبوا یە ئەمڕۆ پەر لەمانی کورد ستان زۆر بە ڕا شکاوانە باس دە کەم دەبوا یە لا یەنی پەیوەند یداری کەوا موقە سیرە بەرامبەر کۆمسیۆنی بالاّ کە پێداویستییەکانی بۆ ئا مادە نەکرد یە ئەوان لێرەبا نە وە کو وەزارە تی دارا یی ، وەزارە تی پلا ندانان ئەو لایەنانەی کە موقەسیرن بەرامبەر ئامادە نەکردنی پێداویستیەکانی کۆمسیۆنی بالاّ ، دەپر سمەوە ئا یا بۆ ئەمڕۆ پەر لەمان بانگهێشتی کۆمسیۆن دە کات بەتایبەتی دوای بانگهێشتی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردن ، ئایا بۆ تازە پەرلەمان لە کۆمسیۆن بەخەبەر دێت بۆ پێشتر بەخەبەر نەدەهات؟ من ئەوە دەپرسم جێگای سەیرو سەمەرەیە چما پەرلەمان نەیدەزانی ئێمە ڕۆژانە لەم پرسە گرنگە نزیك ئەبینەوە ، بۆ سێ مانگ پێش ئێستا ئەم با بەتەی نەئەروژا ند؟ بۆ بانگهێشتی کۆمسیۆنی نە ئەکرد و چارەی کێشەکانی نەئەکرد و هەڵی نەستاندەوە سەر پای خۆی؟ کەوا تە کۆی ئەو گلەییا نەی ئیمرۆ کە لە کۆمسیۆن ئەکرێ ، ئەو خەمساردیانەی کەوا بەرامبەر کۆمسیۆن نیشان ئەدرێ من دە ڵێم دەبوا یە لە پەرلەمان بکرابایە ئەمڕۆکە ، ئەو خەمساردییە ، ئەو گلەییا نە دەبوا یە دەستەی سەرۆرکایەتی ئەوڕۆ کە ئەو شتانە وەڵام بدەنەوە ، چونکە ئەوانن نەیانتوانیوە کارەکانی کۆمسیۆن وەکو پێویست چاودێری بکەن ، جا لێرە با هەموو خەڵکی کوردستان بزانێ تۆپی تەقسیر تۆپی موقەسیری لە ساحەی پەرلەما نە نەك لە ساحەی کۆمسیۆن کەواتە هیچ ئیجاب ناکرێ ئیمرۆ ئێمە دەستی چەوری خۆمان بە جل و بەرگی ئەوان بسرینەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەکەم ، دیارە زۆر لە هەڤاڵانم قسەکانی منیان کرد ، بەڵام من هەندێ خاڵم هەیە بە کورتی باسیان دەکەم ، وەك ئەوەی هەڤاڵانم باسیان کرد ڕاستی دەبوا یە لە گەڵ دروست بوونی ئەو کۆمسیۆنە پەرلەمانی کوردستان لیژنە یەکی تایبەتی ڕاسپاردایە بۆ ئەوەی چاودێری ئەو کۆمسیۆنە بکات و بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئا گاداری و هاو کاری ئەو کۆمسیۆنە بێت ، دیارە ئەو ئەنجومە نە بەڕێزە وەك لە ڕاپۆرتە کە ئاماژە یان پێکردووە کۆ مەڵێك گرفتیان هە یە کە بۆ بۆ تە هۆی ئەکتیڤ نەبوونی ئەو کۆمسیۆنە ، ئا یا ئەو گرفتا نە یان ئەو کەم و کوڕیا نەی کە هەیا نە تەنها لە سەر نەبوونی بودجەو میلاکە؟ یان لەمپەر و بەربەستی دیکە هەیە لەبەردەم هەنگاوەکانیان ، لە خالێکی تر لە

پێشنیاری ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە دەکەن کاتیان پێویستە بۆ هەڵبژاردن ، گرفتیان هەیە بۆیە دەبێ بۆ هەڵبژاردن پرسیان پێ بکرێت ، بەلاَم سەرۆکایەتی هەرێم داوای لێکردوون هەڵبژاردن بکەن لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکەی ئەوان لە 6/1 نێردراوە ، لە نووسراوی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە 6/14 دەڵێت بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەم پێوەرە نێودەوڵەتییە چیتان کردووە؟ ئەگەر بڕیاربێ بەپێی بایۆمەتری بێت وەك هەڤالأنم باسیان کرد ئەو تۆمارەی دەنگدەرانی عیراق کە پڕە لەناوی مردوو و دووبارە ئایا ئەوان پلانیان چییە بۆ ئەم تۆمارە؟ چ هەنگاوێکیان ناوە؟ لە کۆتاییدا پشتگیری لە تەواوی قسەکانی خاتوو گەشە و کاك گۆران و بەڕێز کاك قادر دەکەم و پێشنیار دەکەم لایەنی مەعنی بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی لێپرسینەوە بکرێت کە بۆچی تا ئێستا هاوکار نەبوون ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون تۆفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم دوو تەوەرەیە هەوڵدەدەم بە کورتی پێشکەشیان بکەم ، یەکێکیان سەبارەت بەوەیە ئێستا بە پێی وەلأمەکەی بەڕێزان لە کۆمسیۆنی بالأی سەربەخۆی هەڵبژاردن ڕاپرسی بۆ بەڕێزان لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەوە دەر کەوتووە کە ئەو کۆمسیۆنە توانای نییە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەبەرێ ، بە شێکی زۆری لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پێشتریش ئامادەکاری سیاسی بۆ کرابوو کە بۆ چوونیان وایە کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لێرە بە دواوە لە کوردستانی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ ، بۆیە ئەگەر ئێمە جۆرێك ئیتیفاق لە ناو پەرلەمانی کوردستان دروست بکەین فراکسیۆنەکان بگەنە سازان و لە یەك گەیشتن دەتوانین بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ ببین بە هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ، بۆیە هیوادارم ئەمە ببێتە دەرچەیەکی یاسایی و هەم سیاسیش لە ولأتەکەمان و بەسەر ئەم تەگەرەیەشدا زاڵببین ، بابەتی دووەم ئەوەیە کە ئێمە لە ساڵی 1991 ڕاپەرینمان کردووەو بە شێکی گرنگ لە ولأتەکەمان ڕزگار کردووە ، دەستمان کرد بەشێوەیەك لە شێوەکان هەرچەندە من تێبینی زۆرم هەیە لەو بارەوە ، بەلاَم دەستمان کرد بە دروستکردنی دام و دەزگاکان لە هەرێمی کوردستان لەو ساوە ئێمە چەندین هەڵبژاردنمان کردووە سەرنجی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بۆ ئەوە ڕادەکێشم هەتاوەکو ئێستا هیچ هەڵبژاردنێك لەم ولأتەی ئێمە نەیتوانیوە دوو پرەنسیپ و ستانداردی نێودەو لەتی جێ بەجێبکات بۆ ئەوەی ڕێك خراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە موعتەبەرە نێودەوڵەتییەکان وەك هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕەوا واتە دوو ستانداردە بەناوبانگە نێودەوڵەتییە کە ، دوو ستانداردی بنەڕەتی ، واتە هەڵبژاردنێکی ئازاد بێت ، هەڵبژاردنێکی ڕەوابێت کە بەداخەوە کات فرسەت نادا هەردووکی وردبکەمەوە یەعنی چی ، بەلاَم تونس لە دوای ئەو ڕووداوانەی کە ناودەبرێن بە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی دوو هەڵبژاردنی کردووە ، دوو هەڵبژاردنی

پەرلەمانی هەردوو هەڵبژاردنەکە توانیتی ستاندارده نێو دەوڵەتییەکان (ئازاد و ڕەوا) لە خۆ یدا جێ بەجێ بکاو سەرکەوتووبن بە سەر هەڵبژاردنەکانیا ندا ، میسر لە دوای ڕووخا ندنی حکومە تە دیکتاتۆرییە کەی مو بارەك هەڵبژاردنە کەی ستانداردە نێودەوڵەتی یەکانی ( ئازاد و ڕەوا) جێ بەجێکرد ، بەلاّم کات ێك کە عە سکەرییە دیکتاتۆری یەکان ئینقیلاب یان کرد هەڵبژاردنە کەی دووەم نەیتوانی ئەو دوو ستانداردە نێودەوڵەتییە جێ بەجی بکات ، پر سیاری من لە کۆم سیۆن ئەوە یە ئا یا ڕێ دەدەن ولاّتە کەمان لە بەردەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دونیای نێودەو ڵەتیcommunity) (enter national ئینجا لە بەردەم گەلەکەما ندا لەم بابە تە نا شرینە بەردەوام بین وا تە هەڵبژارد نەکانمان دی سان بە هەمان پ ێوەری هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەڕێوە بچن یان لەبەردەم ئەم پەرلەمانەدا بەڵێن بە ئێمەو بە گەلەکەماندەدەن کە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەم دوو پێوەرە نێودەوڵەتییەی (ئازاد و ڕەوا) لە هەڵبژاردنەکانماندا جێ بەجێ بکرێن ، سەرمان لەبەردەم هەم گەلەکەمان و هەم لەبەردەم (Enter national community) بەرزبکەنەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د یارە هەلاّ بژاردن و کۆم سیۆن دوو زاراوەن کە لە هەرێمی کورد ستان زۆر گوماذ یان لە سەرە ، ململاذ ێی سیاسی توندیان لەسەر بووە لە ڕابردوو ، لە ئێستادا کە ئێمە هەنگاو نەنێین ئەو گومانەی کە لە ڕا بردوو دروست بووە بیرەوێنینەوە بۆ ئەوەی لە ئایندە ئەو کۆمسیۆنە بتوانێ کار بکا کە ئەمن پێموا یە بە شێکی گەورەی پەکخستنی کاری کۆمسیۆنەکە نەبوونی متمانە یە پا شان بود جە و بابە تەکانی تر ، بۆ یە گرنگە لایەنە سیاسییەکان یەکەم کار کە ئەیکەن ڕەوانەی بێ متمانەیی ئەو گومانەی زۆرەی کە لە سەر مە سەلەی پرۆسەی هەڵبژاردن و کۆمسیۆن هەیە لە هەرێمی کوردستان ، چونکە ئە گەر ئەو کۆم سیۆنە بەو هەموو گومانەی ئێستاوە بمێنێتەوە چارەسەری کێشەکانی نەکرێ چۆن لە ئایندە ئەتوانێ هەلاّ بژاردن بکا ، ئە گەر هەڵبژاردنی کرد ئەوە کێیە ئەتوانێ دەرئەنجام و نەتیجەی هەڵبژاردنێك قبولّ بکا کە کۆم سیۆنێك ئەیکا کە دنیایەك گومان و ڕەخنەی لەسەرە ، بۆیە گرنگە یەکەم کار درو ستکردنی متما نەی ذ ێوان لایەنەکا نە ، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی کۆمسیارانە پەرلەمان ئەبێ ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لەو بارەیەوە ، پرسیارێکی تر ئەوە یە کۆم سیۆن بۆ دا مەزرا؟! ئەوەی کە لە ڕاپۆرتە کە با سیان کرد ئەوا نەی کە ئەیا نەوێ سوود لە ئەزموونی بەغداد وەربگرن ، سوود تۆماری دەنگدەرانی بەغدا وەرگرن جا بۆ ئێمە مامەڵەمان هەر لە گەلّ بەغداد نەکرد ، ئەگەر تۆماری دەنگدەرانی بەغداد هی بەغداد بێ و ئەزموونە کەی هی بە غداد بێ ئێ مە کۆمسیۆنی کوردستانمان بۆ دامەزراند؟ بۆیە گرنگە ئەم کۆمسیۆنە بە ڕوحییەتێکی نو ێوە ، بە وەرگرتنی ئەزموون لە ولاّتانی پێشکەوتوو کۆمسیۆنێکی کوردستانی بۆ ئێمە بنیات بنێ نەك کۆم سیۆنێك هاو شێوەی

کۆمسیۆنەکەی بەغداد کە ئێمە کێشەی گەورەمان لەگەڵی هە یە ، سەبارەت بە ئە ندامبوونی هە ندێك لە ئەندامانی کۆمسیۆن لە کۆمسیۆنی بەغدا لە ڕاستیدا ئەوە کارەساتە ، ئەکرێ ئە ندامبن ، فەرماذ بەربن لە حکو مەتی هەرێم لە هەر دامەزراوە یەکی تر ، بەڵام جارێکی تر درو ستکردنەوەی پەیوە ندی لە گەڵ کۆمسیۆنی بەغداد سەربەخۆیی ئەم کۆم‌سیۆنە ئەخا تە ژ ێر پر سیارەوە کۆمێ نت ئە کەم ئە گەر شتی وا هەبێ بەزوویی چارە سەربکرێت ، کۆم‌سیۆن دەزگا یەکی گرنگە بەتای‌بەتی بۆ پەرەپ ێدانی دیموکرا سی ، چونکە هەڵبژاردن ئەبا بەرێوە ، ئەبێ حکو مەت لەم مە سەلەیە تێبگەێ ندرێ ، ناکرێ بەناوی قەیرانی دارای‌یەوە ئێ مە پاشەکشێ لە مە سەلەی دیموکرا سی بکەین ، هاو کاری ئەو کۆم‌سیۆنە نەکرێت ، چونکە ئەگەر ئەو کۆمسیۆنە وەکو ئێستا پەکی بخر ێت خۆ تان ئەزانن مە سەلەی هەڵبژاردن و ڕاپر سی و ئەوا نە پەکی ئەکەوێ و مەسەلەی دیموکراسی لە کوردستان زۆر پاشەکشێ ئەکا کە ئەرکی پەرلەمانە فشاری گەورە لەسەر حکومەت دروست بکا ، پەرلەمان تەنها بە ئەرکی دەنگدان و دامەزراندنی کۆم‌سیۆن و دامەزرا ندنی دامەزراوەکان نەبێ ، مەسەلەی چاودێری و بەدواداچوون کێشەکانی‌شیان ئەرکێکی گرنگ ب ێت ، ئێ مە کە ئەرکەکەمان ئەوەبوو کە ئەو کۆمسیۆنەمان دامەزراند یاسایەکیشمان بۆ دەرکرد ئەرکی گرنگ ئەوە یە کە لە ئایندە پشتیوانیان بکەین سەپۆرتیان بکەین ، لە کۆتایی بۆ ڕەواندنەوەی گرف تی لایە نەکان لە گەڵ ئەم کۆمسیۆنە ئەبێ تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك هەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارد نەکان دە کەین ، پ شیوانی بۆ چوونەکانی کاك ڕا بوون ئەکەم بە تەواوەتی هەموومان دڵنیابووینەوە لەوەی کە ئەم کۆمسیۆنە نە لە شەش مانگدا و نە ڕەذ گە لە هە شت مانگی تردا کە تۆ مارێکی دەذ گەدەران و فەرماذ بەر و بود جەو کۆی مو ستەلزەماتی ئینتیخا باتی نەبێت ناتوانێ هەڵبژاردن بکات، حەلیش ئەوەیە، ئێ ستا حال یەن لایە نە سیا سیەکانیش لە کۆبوو نەوەدان، بیر لەوە بکرێتەوە لەڕێگەی ئەم پەرلەمانەوە ئەو گرفتەی کە هە یە ناونراوە گرفتی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرێت، بە هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستاندا، خاڵێکی تر هەیە، ئەمەوێت تەرکیزی برادەرانی کۆمیسیۆنی بۆ ڕابکێشم، چونکە تا ئێستا قسەی لەسەر نەکراوە، ئێستا لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، خەریکی تەسجیلی (بایۆ مەتری)ن، ئەم تەسجیلی بایۆمەتریە، دژی ئەم یا سای کۆمی‌سیۆنەیە کە ئێ مە ق سەی لە سەر ئە کەین، من ق سەم لە گەڵ هە ندێك چاودێردا کردووە، ئەڵێن نزی کەی لە (8٪)پەنجەمۆرەکان ناخوێنێتەوە، لە (8٪) نزیکەی (300)هەزار دەنگ دەکات، یەعنی لە (8٪) کەم نی یە، دووەم، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەپێی یا سا ئەرکی کۆمی‌سیۆنی باڵای هەڵبژارد نەکانی هەرێمی کوردستانە، نەك ئەو تەسجیلە بایۆمەتری یەی، کەوەك وتم ئەڵێت لە (8٪)ناخوێنێ تەوە، ئە مە با بەتێکی

خراپە، من پێم وایە ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت نوێکرد نەوەی تۆ ماری دەنگدەران، دەرکرد نی ناوی مردووەکان کارێکی ئەستەم نییە، کارێکی ئاسانە، تەنا نەت خولی پێشووی پەر لەمانی ئێمە کاری با شیان لەسەر کرد، تەنانەت سیدییەکانیشیان وەدەست خست، ناوەکانیشیان دەرکرد، بەس دیلەیتی مابوو، یەعنی بەس ئەوە مابوو دیلەیت بکر یت و تۆ مارێکی دەنگدەرانی نوێ بهێرێ تەوە، خاڵێکی تر ئەوە وەزارە تی تەندروستیمان هەیە، بەتەئکید هەرکەس ئەمرێت ناوەکەی ئەدرێتە وەزارەتی بازرگانی، ئەگەر ئیرادە یەکی بەهێز هەبێت من دڵنیام لەماوەیەکی کورت و کەمدا ئەتواندرێت بکرێت، خاڵێکی تریش هیچ وەزارەتێك نییە لەکوردستاندا لە فەرمانبەردا زیادی نەبێت، یەعنی ئەتوا ندرێت سوود لەما نە وەربگیر یت، لەرێگای وەزارەتەکانەوە با کۆمیسیۆن پێمان بڵێت نووسراوتان کردووە بۆ چەند وەزارەت کەمیلاکی زیاد یان هە یە، لە پێداویستی خۆیان زیادەو بۆیان نەناردبن، خاڵێکی تریش من تەئکید دەکەمەوە خەریکە شتێك بەتەم و مژاویی ئەمێنێ تەوە، ئەوەش ڕوون بکرێ تەوە، هەموو هاورێ یان دڵنیا بکرێ نەوە، بیرۆ کەو ئیمزا کرد نی بانگهێشتی کۆمیسیۆن پێش برِیارەکەی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کورد ستان بوو، بۆ ئەنجا مدانی هەڵبژاردن، ئەوانەی ئیمزایان کرد لەم کا تەدا ڕەنگە بیر یان لە مە کردبێ تەوە عەقڵیان پ یێ شکابێت، ئەم کۆمیسیۆنە پێویستە بێت، ئەگەر پێش ئەوە یەکێك دوو مانگ، سێ مانگ پێش ئێستا بە پێویستی دەزا نین کۆمیسیۆن بێت ئەیتوانی یاداشت ئیمزا بکات و نووسراو بنێرێت، بۆ ئەوەی کۆمیسیۆنەکە بێ تە ئ یرە، تا گفتو گۆ لەو بابەتەوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا عبدالرحمن علی، فەرمووو.

**بەرێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئەو هاورێیا نە دە کەین، پێش هەموو شتێك هەر بۆ زانیاری ئەو برادەرا نە، لەوەزارەتی بازر گانی و پیشە سازی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان لە ئێ ستادا فەرمانگە یەك کراوە تەوە بەمەبە ستی پاکتاوکردنی ئەو کەسانەی کە بەپێی فۆرمی بایعی دیارە پەیوەندی بەمانیشەوە هەیە، ئەتوانن ئیستیفادە لەمانیش بکەن، بەڵام پێم وابێت سەردانی ئەوانیان نەکردووە، دووەم: بەپێی یا ساکە دە سەڵاتی حە سری داوەتە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، ئایا تا چەند ئاساییە کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، تەئکید لەوە ئەکاتەوە ئێمە ئامادەی هاوکاری کردنی کۆمیسیۆنی هەرێمی کورد ستانین بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت، خاڵێکی تر باسی بینینی سەرۆکی حکومەت زۆر کرا، ئەم ڕاپۆرتەی کە ئەو بەرێزانە تەقدیمی ئێمەیان کردوە لە 6/1 بوو، ڕەنگە پێ شتریش ئەوان داوایان کردبێت تە سەور ئە کەم هەر مانگێك بب ێت، داوای بی نینی سەرۆکی حکو مەتیان کردب ێت، بەڵام من بەوان دە ڵێم لەڕا ستیدا هیچ دڵ یان لەخۆیان دا نەمێنێت، ئێ مە لەپەر لەمانی کورد ستان لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە 2014/12/22، بەفەرمی داوامان لە

سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە دیدارێك لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا بکەین بۆ ماوەیەکی کەم، سەرۆکایەتی لە $1/5$ داوای لە سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەز یران کردووە، ئێستا شی لەگە ڵدا بـ ێت، بەدا خەوە سەرۆکی حکو مەت ئا مادە نەبووە چارەکێك، لە گەڵ لیژ نەی ک شتوکاڵدا دابنیـ شێت، کە $10$ ئە ندام پەرلەما نە لیژنەکەش ئەوەندە گرنگە ئاسایشی خۆراکی پێوە بەندە، ئەمە بۆ کێشەکانی کشتوکاڵ بووە، گەنم چێندرا، دوورایەوە، لەسایلۆکاندا دانرا، ئەو دانیشتنە هەر نەبەسترا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، قسەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان تەواو بوو، بەدڵنیاییەوە دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سەرۆکی ئەنجو مەنی کۆمیـ سیارانی کۆمیـ سیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپر سی لە هەرێمی کورد ستان، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینیەکانی ئەنجومەنەکەیان بخاتە ڕوو، بەڵام هەندێك لەڤ سەو با سەکان ڕوو بەڕوی ئێ مە کرایەوە، لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ یە من ئە مەوێت هە ندێك تەوزیح بدەم، لەڕێگای بەڕێزیـ شتانەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، کە ئێمە چۆن مامەڵەمان لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمیسیاران کردووە، من دڵنـ یام کە خۆ شیان شاهیدی ئەوەن، بەڕێزان هەر لە سەرەتای دە ست بەکار بوونی ئەم ئەنجومە نە، ئەنجو مەنی کۆمیسیاران لە سووێند خواردنـ یان ئێ مە بەردەوام لە سەر خەت بووین، خۆ شیان لە ڕاپۆرتە کەیان با سیان کردووە کە ئێ مە شەش کۆبوو نەوەمان لەگە ڵدا ئەنجام داون، بەردەوامیش لە سەر خەت بووین بۆ چارە سەرکردنی کێ شەکانیان، بە شێوەیەکی کاتی بینا یەکمان بۆ دا بین کردوون، بۆ ئەوەی ئیـ شووکاری ئەنجومەنەکەیان بەڕێوە ببەن، تا ئەو کاتەی ئەتوانن بە بودجەی خۆیان بینایەك دابین بـکەن، بەدڵنیایـ یەوە بینا بەتەنها بۆ ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەس نییە، بەڵکو ئەوان پێویـ ست ئەکات بینا یان هەبێت لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کورد ستان، بۆ ئەوەی فەرمانـ گەکانی خۆ یانی تـ ێدا درو ست بـکەن، ئە مە پێویـ ستی بە بودجە هەیە، ئەوان داوایان کردووە لەڕێـ گەی خۆیا نەوە چونکە ئەوان سەربەخۆن، داوا یان کردووە لەڕێی خۆیانەوە لە وەزارەتی دارایی و لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی ئەو کێ شانەیان بۆ چارە سەر بـکەن، ئێ مە هەندێك فەرمانبەرمان بەشێوەی کاتی بۆ تەنسیب کردوون، بۆ ئەوەی ئیـ شوکارەکانی خۆ یان بەڕێوە بەرن، بەڵام ئێ مە ئا گاداری ئەوەین کە ئەوان پێویـ ستیان بەوە هە یە کە فەرمانـ بەری تازە دا بمەزرێنن، بەپێی مواسەفاتی تایبەت بەخۆیان، ئەگەر نا تەنانەت ئەتواندرا سوود لە فەرمانـ بەری وەزارە تەکانی تر وەربـ گرن، چەند جارێك ڕەنگە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لەناو پەرلەمان فەرمانبەری بن دیوار هەبێت، ئە مەوێت دـ ێوەی بەڕێز و ئە ندامانی پەر لەمان لەوە دڵنـ یا بکە مەوە، لە سەرەتای دە ست بەکار بوونما نەوە نەمان هێ شتووە تەنا نەت پێش ئەوەی کە ئەو بابە تە ئە صڵەن لەوەزارە تەکانیش بهوژێ ندرێت، نەمان هێ شتووە یە کە فەرمانبەری بن دیوار لەپەرلەمان بمێنێت، هەموو ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر میلاکی پەرلەمانی کوردستانن، لە فەرمانـ بەرێکی ئا ساییەوە بۆ پـ لەی ڕاو ێژکار ئێ ستا لەدەوامن لەپەر لەمانی کورد ستان، فەرمانـ بەری بن دیوار مان نـ یە، ڕا ستە فەرمانـ بەری زیاد مان هە یە، هە ندێ فەرمانـ بەرمان هە یە کە ڕەنـ گە بەپێی ئەو ئیشوکارانەی پەرلەمان بەکاری پەرلەمان نەیەن، بەڵام دامەزراون و ئێستا ناتوانین ئێمە لە پەرلەمان دەر یان

بکەین، پەیوەندیمان بۆ ئەنجومەنی کۆمیسیاران و سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران درو ست کردووە، لە گەڵ یۆنامی، لە گەڵ نام، لە گەڵ ڕێکخراوە تایبەتمە ندەکانی پەیوەند یدار بە ئەنجا مدانی هەڵبژاردن و ڕاپر سی خۆ یان شاهیدی ئەوەن کە هەموو ئەو پەیوەندییا نە ئێ مە لە سەرۆکایەتی پەر لەمان بۆ بەڕێزیانمان ڕێکخستووە، هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵ یۆ نامی لە سەر ئا ستی هەرێمی کورد ستان، وە لە سەر ئا ستی ع ێراق، تەنا نەت تیمێ کی ( یو، ئێن) بەناوی نام، کە لەنیۆر کەوە هاتبوون هیچ دانیشتنێکمان لە گەڵ ئەما نەدا نەکردووە، بەبێ ئەوەی با سی کۆمیسیۆن یەکێك ب ێت لە با سە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی ئەو پەیوەندییانەی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە، ئەم ڕێکخراوە تایبەتمەندا نەی کە لەم بوارەدان، هەتا ئەوەی کە لەراپۆرتەکەیاندا باسیان کردووە، ئەو ڕێکخراوەی کرا نەوە بەرەو دیموکرا سی ( سی، ئۆ، دی) هەر دیسانەوە ئێمە داوامان لێ کردوون کە لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمیسیاران دابنیشن، هەروەها پەیوەندیمان بۆ دروست کردوون، لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە عێراق، پێم وابێت هەفتەی داهاتوو یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست دەبێت، سەبارەت بە بودجە ئەوان دەزگایەکی سەربەخۆن لەهەرێمی کوردستان، پێویست دەکات بودجە یەکی سەربەخۆی خۆ یان هەبێت، لەدەرەوەی حکومەت، وە لەدەرەوەی پەرلەمان، بەڵام تەنانەت ئەگەر ڕێگا یەکی یا سایی هە ب ێت، بۆ ئەوەی ئێ مە لەپەر لەمان بود جەیان بۆ دا بین ب کەین، یان ڕێگا یەکی یا سایی هەبێت، بۆ ئەوەی ئێ مە فەرماذ بەرەکانیان بۆ دا بمەزرێنین، فەرماذ بەری کۆمی سیۆن دا بمەزرێنین، ئێ مە لە سەرۆکایەتی پەر لەمان بەڕاستی لاریمان نییە، سەبارەت بەوەی کە زۆر باس کرا، بۆچی ئێمە ڕێگامان خۆش نەکردووە بۆ پەیوە ندی ئەوان لەگەڵ حکومەت، لەگەڵ ئەنجومەنی وەز یران، لەڕا ستیدا ئەوان سەربەخۆن لەڕێگای خۆیا نەوە داوای پەیوەندی دەکەن لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەند یدارەکان، بەڵام تا ئێ ستا داوای ئەوەیان لێ نەکردووین کە ئێمە ئەم پەیوەندی یەیان بۆ درو ست ب کەین، ئەتوانین هەوڵی ئەوەش بدەین ئە گەر خۆ یان بیا نەوێت، وە ئەوان خۆیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەتوانن ئەو پەیوەندیانە بکەن، بەڵام ئەگەر بیا نەوێت ئێ مە دە توانین ڕێگا خۆش بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو پەیوەندیانەش سەر بگرێت، پێشنیاریش کرا کە لیژنە هەبێت، جا کاتی بێت یان هەمیشەیی، بۆ چاودێری کردن و هەم بەدوادا چوونی کێ شەو کەموکورتی یەکانی کۆمی سیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کورد ستان، بەپێ شنیارێکی گو نجاوی دەزا نین، هەم لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، هەم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەگەر ئێوە بەگونجاوتان زا نی ئەتوانین ئەو لیژنە یە درو ست بکەین، ئێستا داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجو مەنی کۆمی سیارانی کۆمی سیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپر سی دە کەین، کە سەرنج و تێبینی یەکانی خۆ یان لە سەر ڕای ئە ندامانی پەر لەمان، تێبینی یەکانیان، ڕەخنەکانیان، پێشنیارەکانیان بخەنە ڕوو، فەرموو.

**بەڕێز هەندرێن محمد/ سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمیسیاران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، دووبارە سوپاستان دەكەین بۆ ئەو میواندارییە، سەرەتا بەوە دەست پێ دەكەم، كە من تا ئێستا وەك ئیمتیاز مو چەم هە یە لە كۆمیسیۆنی بە غداد، نەخێر شتی وا نیە، من لە 2015/3/1 وە كە ڕۆژی دەست بەكار بوونمە لە كۆمیسیۆنی هەرێم هیچ پەیوەندییەكی دارایی و كارگێڕیم نەماوە وەك مافێكی خۆم، من داوای گواستنەوەی ڕاژەم كرد لە بەر ئەوەی من(10) ساڵە لەو دەزگا یە ئیش ئەكەم، شتێكی تەبیعیشە لەنێوان دوو دەزگادا ڕاژە بگوازرێتەوە، لەبەر ئەوەی من بەڕێوەبەری گشتی بووم و ئەمری دیوانیشم هەبووە، ئێستاش ئەو پۆستە، پۆستێكی پلە تایبەتە كە بگوازرێتەوە، لەكاتی داواكردنی ئەو گوا ستنەوەیەدا تەبعەن مە سەلەی گوا ستنەوە كۆ مەڵێك موا فەقاتی دەو یت، بەتایبەتیش كە من ز یاتر لە (7) ساڵ خز مەتم لە فەرمانگە یەكی هەرێمی كورد ستان هەبووە، ئەویش حی ساب بكر یت، بۆ یە لەكاتی داواكرد نی گوا ستنەوەی ڕاژە كەم، با سم لەوە كردووە كە لە دوای 2015/3/1 تا تەواو بوونی ئەو گوا ستنەوەیە، من بەو چانی بێ موو چە حـسابم، لە بەر ئەوەی خە لەل ڕوو نەدات، كە ناكر یت ئیـستیقالە بدەیت، چونكە ئیستیقالە جیاوازە لەگەڵ نقلكردن، دەشكرێت بەڕەسمی داوا لە كۆمیسیۆنی بە غداد بكر یت ئەوە ڕوون بكاتەوە، لەوانەیە لێرەدا خەلەلێك هەبێت، لە بەر ئەوەی بۆ من لە 3/1 دە ستم پێكرد، ڕا ستە ئەوەی كە پەرلەمانی بەڕێز لە 12/3 متمانەی بە ئێمە داوە، لە 2014/12/23 ئێمە سوویندی یا ساییمان لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەریدا خوارد، بەڵام بەپێی ئەوكا تەی كە ئێمە دانیشتنی یە كەممان كرد، بەپێی یاساش دانیشتنی یەكەم بۆ سەرۆكی كۆمیسیۆن و جێگری سەرۆك، ئەوكاتە بەڕۆژی دەست بەكار بوون حساب دەكرێت، بۆیە من 3/1 هەر لەم پەرلەمانەش بوو، لێرەش ڕاگەیاندنمان بۆ كرد، بەڕۆژی دە ست بەكاربوونی خۆم دا نا، دوا تر لەناو كۆمیسیۆن ڕەئ یەك هەبوو كە نوو سرا بكر یت بۆ پەر لەمانی بەڕێز بۆ ئەوەی موفاتەحەی سەرۆكایەتی هەرێم بكات بۆ ئەوەی مەر سوم دەربكات بۆ ئێمە، بەڵام لەوەڵامی نوو سراوی پەرلەمانی كوردستان هاتووە، دەڵێت پێویست ناكات، بەڵكو دە ستبەكار بوون تان لە 12/23 حـسابە، تەبعەن ئەو كیتابەی بۆ ئێمە هاتووە لەپەرلەما نەوە، لە 4/22 گەیشتۆتە ئێمە، وا تە ئێمە لە 3/1 موبا شەرەمان كردووە، ماوەی مانگێك و 20 ڕۆژ، دوای ئەوە نووسراومان كردووە، بۆ ئەوەی مەرسوممان بۆ دەربكەن، دوای ئەوە وەڵامی پەرلەمان بووە لە 4/22 بەكیتابی ژ مارە (2062) كە نەخێر ئێوە دە ست بەكاربوونتان لە 12/23 یە، لەو مەقتە عە زەمەنیەی من هەر لەبە غدا بووم و بەڕێوە بەری گشتی بووم لە كۆمیسیۆنی بەغداد، لە (3/1) وازم هێناوە، لە بەر ئەوەی دانیشتن ئەو كاتە بە دەستم لە كارم بەردا لە بە غدا تایبەت بەو پرسیارانەی تر ئە گەر دەر فەت بدەی یە كەمیان بەوەی كە را پۆرتی ئێمە و جوابدا نەوەی ئێمە بۆ هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی هەرێم سەراحەتەن لە ناو وەك كۆمسیونێك چەند را یەك هەبوو، یەعنی حەتا لە راپۆرتەكەی ئێمە تەنها ئامادەكاری كرایە بۆ راپرسین بە ئاستی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی نەكرایە، لە بەر ئەوە لە ناو كۆمسیون را یەك هەبوو كە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی، یەعنی خولیە و یەعنی لە

پەرلەمان دەكرێت حەتا ئەگەر بگەرێنەوە سەر یاسایی ژمارەی دوویی ساڵ (92) ی كە باسی ئەوە دەكات هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە خۆی پەر لەمان دەكر ێت بە را ستی تەوەفقوعمان نەكرد، بۆ یە لە راپۆرتەكەشدا باسی ئامادەكاریمان نەكرد تەنها باسی راپرسینمان كرد بۆیە لە تەوەفقو عدا نەبوو، زۆر بەی زۆری پرسیارەكان لە سەر ئەوە بوو كە لەوانە یە ئێمە كاری جدیمان نەكردبیت ئەو سەردانانەی ئێمە كرددومانە بۆ ئەو شوێنانە ئەڵبەتە تەشریفی نەبووە، بەڵكو خەمخور بووین لۆ ئیشەكانمان بڕوات سەردان كردنمان بۆ پەرلەمان، سەردان كرد نمان بۆ وەزارە تی دارا یی تەنها ئەوە بووە كە بە دوو نوو سراوەكانی خۆماندا بچین بە كارەكانی خۆماندا بچین، بۆ ئەوەی رایپەڕێنین بە نیسبەت ئەو كۆمە ڵە پر سیارەی كە كرا لە سەر مە سەلەی تو ماری دەنگدەران ئێ مەش دەزا نین تو ماری دەنگدەران یەك لە هەرە بابە تە حەساسەكانە و گرنگیەكانیش یە كەم سیستمە هەر دەنگدانێك، چونكە ئە گەر خە لەل لە سیستمی لە داتا كانی تو ماری دەنگدەران هەبوو لەوانە یە خەلەلە كە لە پرۆ سەیەدا هەبوو یە ئەوەی ئێمە تەرحمان كردووە تەنها پێشنیارە وەك سەرچاوەیەك ئەو داتا نە وەر گرین ئەو پێشنیارەشمان ئارا ستەی پەر لەمانی كوردستان كردووە، واتە ئێمە نەمان وت سەد لە سەد (100٪) ئیعتیماد دەكەینە سەر ئەو داتایا نە، بەڵكو گوتیتمان وەك سەرچاوەیەك و تایبەتی لو شتێكی، یەعنی زوو دە ست ئەو داتایا نە بكەین، یەعنی ئەو داتایانەی كە ئێمە لە باسی توماری دەنگدەران دەكەین تەنها مەبەستمان پێشنیار بووە كە وەك سەر چاوە وەری گرین مەبە ستمان ئەوە نەبوو بە كاملی دا بەزین و بیكەی نە لی ستەكانی تو ماری دەنگدەران لە ئێستگەكانی دەنگدان دەكرێ ئیشی تێدا بكرێ تەنانەت ئەمە باسمان لەوەی كردیە كە دانیشتن بكر ێت لە گەڵ هەموو لایەنەكان و لە گەڵ هەموو شەریكەكان، بۆ ئەوە پرۆژەی پاك كرد نەوە لە مردووە لە دو بارە كردنە لەو داتایانە دەربێن تاقە سەرچاوە ئێمە بۆ سەرچاوەی ئێست خێرا لەوانەیە ئەو داتا نە بیت ئێمە تەنها ئەوە پێشنیارمان كردووە و دەشكرێ پرۆژە هەبیتن و ئێمە كۆمسیون ئامادەینە لە هەموو لایەك هەر پرۆژەیەك هەر شتێك كە خزمەت بەوەی دەكات كە ویستەكانی توماری دەنگدەران ر ێك و پ ێك بكرێ بە مەرجێك لە ژێر یاسادا بیت بەڵێ ئێمە پێشوازی لێ دەكەین و لە بۆ خاوێن كرد نەوەی پرۆژەی دەنگدەران دوای وەرگرتنی ئەو داتایانە بەڵێ دەكرێ پەیوەندی لە گەڵ وەزارەتی بازرگانی بكرێ بۆ نویێ كرد نەوەی ئاخر داتاكان پەیوەندی لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی بكرێت بۆ وەرگرتنی ناوی وردە كان، كەوا تە ئەوەی مەبەستمان بوو لەو راپۆرتە تەنها وەرگرتنی داتاییێكە كە وەك سەرچاوەیەكی ئەوەلی دوا تر ئیشی لە سەر بكەین بە كۆمەڵێك پرۆژە و بۆ موشاركە كردنی، یەعنی بەشداری كردنی هەموو لایەك و ئەوە تایبەت بەو مەسەلەیە، مەسەلەی ئەوەی كە هەنگاوی عەمەلی كردن بۆ نوێكردنەوەی توماری دەنگدەران ئەوە بووە كە ئێمە بەڵێ لە ئێستاوە فكرمان كردەوە كە یەكەم هەنگاو دەبێت سەرچاوەیەك لە بەر دە ستدا بیت ئەوجا ئیش بكەین وەرگرتنی داتاكان بە خاوی ئێستا بە كۆمپانیای خۆراك ئەگەر هەشت بیت دابەشكردنەوەی بە سەر شەش هەزار و پێنج صەد (6500) وێستگە كارێكی زۆر زەحمە تە ئە مە تەنها ئەوەی پێشتیارمان كردووە ئەو داتایانە، لە بەر ئەوەی لین كرایە هەر دەنگدەرێك بە پێی وێستگەكانی خۆی دەكرێت ئیشی لە

سەر بکەیـنەوە و دە کریّ پۆختیـشی بکەیـنەوە، سەردانەکانی ئیّمە وەك لە راپۆر تەکانی ئیّمەدا هاتووە باسمان لەوەی کردووە کە لیژنەیەکمان ئامادە کردووە بۆ پەیوەندییەکان بەلّیّ لە بەرنامەدا یە سەردانی هەموو لا یەکان بـکەین هەموو شەریکەکانمان بـکەین هەموو حیز بەکانمان بـکەین، لە بەر ئەوەی بە تایبەتیش حیزبەکانی یەك لە شەریکە هەرە سیاسییەکانی ئیّمەیە ئەو بودجە یەی خەم لیّکراو کە ئیّمە دامانناوە بە راستی ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە و هەموو نوو سراوەکانی کۆپ یەك دەدەیـنە پەر لەمانی کوردستان وەکو دەزگایەکی سەرپەرشتکاریّك و رەقابەی لە سەر کۆمـسیون بۆ یە هەموو ئەو شتانەی کە ئیّمە کردوومانەچ لە نوو سراوەکانمان چ لە راپۆر تەکانمان چ لەو شتانەی کە رەوا نەی دام و دەزگا کانی دەوڵەت کراوە هەمووە رەوانەی پەرلەمان کرا ئەوە بۆ ئاگادرای بوونیان ئەو بودجەیەش کە روا نەی کراوە تەخمین دەکریّت بە نیّزیکەی شانزدە (16) ملیار دینار بوو و نوسخەشی دراوە بە هەموو لا یەك دە کریّ ئیتیلاعی لە سەر بـکەین، پەیوەندییەکانمان لە گەڵ (un) ئیّمە لە موحاو لە دایـنە هیّشتا نەشارینەوە تۆزیّك نیگەرانی هەبوو کە لای ئیّمە دانیشیتن، بەڵام لە ریّ ئەو چەندین دانیـشتنی ئەخیری وا کرا کە ئەوە (un) بکاتە قەناعەتە کە هاوکاریمان بکات سەرەتا بە راستی تۆزیّك تەحەفوزی هەبوو ئەوەی کە لە گەڵ ئەو کۆمسیونە دانیشن، لە بەر ئەوەی دەیان گوت ئەگەر لە گەڵ ئیّمەدا دانیـشن، کەوا تە ئیـعتیراف بە کوردستانی سەربەخۆ دەکەین کۆ مەڵیّك لەو مە سەلانە هەبوون و لایە نە دەستووریەکە شی کیّشە هەبوو دەیان گوت ئەو کۆمسیونە لەوانەیە دەستووری نەبیت و لەوانەیە، یەعنی ئەو مە سەلانە لەوانە یە خەڵکی دیکە جیّیان لیّ بیت، بەڵام لە ریّ ئەو دانیشتنانەوە ئیّمە هەموو ئەمو شتانە خستنە بەر روو کە نەخیّر ئەو کۆمسیونە فیکرەی ئیّستا نییە، بەڵکو لە ساڵی (92) یەوە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای دەرکرد باسی لەوەی کرد کە دەبیّت کۆمسیونەك هەبیّت هەڵبژاردن بکات و لە هەموو یاساکانی تریش دو بارە بوو نەوە و بیّجگە لەوەی ریّیان هەموو دە ستوورییەکی بە هەریّمی کورد ستاندا کە کۆمـسیونی خۆی هەبیتن، بە نیسبەت کە ئەوان ئیهتیمام دەکریّن دەست وەستان نەبووینە وەك باسیشم کرد ئیّمە هەموو ئەو ئەرکا نەی کە لە ناو یا سا را سپیّردراوە کردووما نە ئەوەی دی ئەو تەحەدیا نەی هەموو لە دەرەوەی کۆمـسیون بوو هەموو لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆمان بوو تەحەدیاتی خارجە بووە ئیّمە هیچ دە سەڵاتیّکمان، یەعنی یەك لە گرفتەکانی دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردنی سەربەخۆ، وا تە کۆمیـسیونەکانی سەربەخۆ بە را ستی دوورە لە مەرکەزی قەرار کە دووریش بیّت لە مەرکەزی قەرار تۆ ناتوانی زەخت لە موئەسە سەیەکی حـکومی بـکەی کە بودجەت بۆ دابین بکات تۆ ناتوانی زەخت لە وەزارەت دارایی بکەی میلکاتت بۆ بـکات ئەوە تەبیـعەتی موئەسە سەکەیە زۆر نیّز یك بوو نەوە لەوانە یە شتیّکی باش نەبیت ئیحتیما لە ئەوە کۆمـ سیونیّکی سەربەخۆیە بۆیە یەك لە گرفتەکانی دائیمەش لە دونیادا هەر وا یە دە سەڵاتەکانی هەڵبژاردنی سەربەخۆ یەك لە گرفـتەکانی ئەوە یە کە دوورە لە سەر چاوە قەرارەکان ئەوە ندە توا نای نیـیە ئەوەی دەیو یّت لە حکومەت و لە دەزگا حکومـیەکانی تر بە دە ستی بیـنیتن، یەعنی تەنا نەت سەرەتای کار کرد نمان پـیّنج ئەندامەمان لە دەرەوەی شار دیّن لە سەر ئەرکی خۆیان دەهاتن هاتو و چوو و مانەوەیان هەر لە سەر ئەرکی

خۆیان بوو تا ماوەیەكی دوور و درێژیش بە راستی هیچ ئەركێكی ئەوەیان نەدراوە و ئێستاش هەروا بیت ئێمە بەڵێین دەدەین و پێویستیشە بەڵێین بدەین كە كۆمسیونی هەڵبژاردن بە پێی پێوەرەكانی جیهانی ئیش ئەكات كە خۆی لێ دوور پێوەر دەگرێتەوە ئەویش كە سەربەخۆ بێت و نەزیه بیت لە رێ پەیرەو كردنی هەموو ئەو موعاییرانە دەولیانە بە تایبەتیش ئەو مێعیارە لە بەرنامەی جیهانی هاتووە ماددەی بیست و یەك باسی ئەوە دەكات دەبی هەموو كەس بە ئیرادەكی حەقیقی راستەقینە نوێنەری خۆی هەڵبژێریت لە پەرلەمانەكان و بە بێ گرفت و بە شێوەیەكی سری، تەسجیلی هیچ پەیوەندییەكی بە ئێمەدا نییە، بەڵام لەوانەیە لەو دانیشتنەی ئێمە لە گەڵ ئەو لیژنەی كە لە بەغدا دێت حەفنەی داهاتوو باس لەو مەسەلەی بكەین بزانین چەند بە كەلك دێت و چەند بە كەلك نائێتن، بەڵام ئەو پرۆژەیە لە لای كۆمسیونی هەرێمەوە بەرێوە ناچیتن و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەوە وابزانم كۆی ئەو پرسیارانەی كە خۆی دەگرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان، كاك عمر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تا ئەو كاتەی كە جەنابت پێشنیارت كرد پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بكرێت و لیژنەیەك دیاری بكرێت بۆ بە دوا داچوونی كارەكانی كۆمیسیون من پێشنیار ئەكەم یەكێك لەم لیژنانە یان لیژنە كاروباری پەرلەمان یان لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان یان لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای كۆمەڵی مەدەنی یەكێك لەم لیژنانە پەرلەمان رابسپێرێ بۆ ئەوەی تا ئەو كاتە پەیڕەوی ناوخۆ، یەعنی ئەمان بێ چاودێر و بێ سەرپەرشتیاری پەرلەمان نەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێكی گونجاوە، بەڵێ كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك عورفیكی پەرلەمانی لە خولی پێشوو لیژنەی یاسایی مەسئوول بوو لە كارەكانی كۆمسیونی سەربەخۆی هەڵبژاردنی كوردستان ئەوە با بڵێین نوو سینگەكانی هەرێمیان هەبوو ئێمە لە گەڵیاندا دادەنیشتن و كێشە و داواكارییەكانمان موناقەشە دەكردن ئەگەر بە لیژنەیەكی دیكەش رادەسپێردرێن ئاساییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئەبێ وتو وێژ بكەین لە سەر ئەم بابەتە؟ خاتوو امنە فەرموو.

**بەرێز امنه زکری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گه لەك پر سيار ژ لا يێ پەر لەمانتاراوه هاتنو كرن و راپۆر تا كۆمسيونێ ژی ئا ماژه ب هه ڤديتنا جەنابی سەرۆكێ حكومەتێ كر من دڤێت بزانم بۆ هندێ كو ئەم وەك پەر لەمانێ كورد ستانێ هەڤكاريا كۆمسيونێ ئەنجومەنێ كۆمسياران بين ب چ نڤيسنەكا رسمی و كيشك تاريخێ ئەڤ داخازا هەڤديتنا سەرۆكی حكو مەتێ كريه بۆ هندێ كو ئەم ژی هاريكاريا وان بكەين.

**بەرێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك ئەبوبەكر فەرموو.

**بەرێز ابوبكر عبد الله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رايەكەی كاك عمر ئەكەم، بەڵام پێم وايە ليژنەی ياسايی چوار ئەندامیان ئەندامی ليژنەی دەستوورن بێجگە لە كاروبارەكانی تری ياسايی باشترين ليژنە كە ئەركی كەمترە پێم وايە لە ليژنەكانی تر ليژنە كاروباری پەرلەمانە پێم وايە ئەركەكانی پێ بسپێرێت.

**بەرێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، هەموو بوونەی نەكرێ بە پرۆژەيەك بۆ ئەوەی لە دانيشتنی داهاتووی پەرلەمان ئەصەلەن بڕياری لە سەر بدەين ئەتوانين بڕياری لە سەر بدەين و ئێك لای بكەين و كۆ تايی پێ بێت، كاك بەهزاد قسەيەكت هەيە؟ فەرموو.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيارەكا گرنگ ب راستی وەختێ ئەم چووينە سكوتلەندا وە فدێ پەر لەمانی ئەزانيش كۆمسيون هەبی ساڵانە پەرلەمانی بودجە بۆ تەرخان دكر ڤێجا ئەز پێشنيار دكەم ڤێ روينشتنێدا پەر لەمان بڕ يارەكێ دەربێخيت بۆ بودجەی پێويست حكومەتێ مولزەم بكەت ب زويترين وەختدا بۆ كۆمسيونێ دەست نيشان بكەت و ئەو فەرمانبەرێت پێويستيش بۆ دابمەزرينت ئەڤ هەر دوو بڕيارە ب گرنگ دزانم، سوپاس.

**بەرێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەتوانرێ ئەوەش سياغە بكرێ بۆ ئەوەی لە دانيشتنی پەرلەمان بڕياری لە سەر بدرێت، كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەرێز كنعان نجم الدين (حاجی كاروان):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكە ليژنەی كاروباری پەرلەمان لەوە ئەچێت باشترين ليژنە بێت بۆ ئەو كارە بەس وەكو پێشنيارێك ئەڵێم، چونكە زۆربەی فراكسيۆنەكانی ديكە هەيە و پێكهاتەكانيش هەيە بەس يەك مولاحەزەيەك بە

راستی ئێمە جوابەکی موقنیعمان بە دەست نەکەوت دەربارەی پاك كرد نەوەی ئەو ناوا نەی کە قەرارە لە حکومەتی عێراقییەوە جارێکی تر ئەم دەستەیە ئیعتیماد بکاتە سەر، یەعنی جوابێکی موقنیع نەبوو بە راستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم وڵام درایەوە کاك حاجی کاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وڵام درایەوە، بەڵام بە راستی وڵامەکان موقنیع نەبووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وە کو ئە ساس وەردە گیرێ دوا یی پێویست ئەکات پاك بکا تەوە لە لا یەن ئەنجو مەنی کۆمسیارانەوە، زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينكی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 2015/6/23**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/23

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/23 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/23 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 خوێند نەوەی یە كەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو:**

**1 پرۆژە یاسای قەدەغە كردنی پیادە كردن و ڕەفتاری پێشێلكار بۆ مۆڕاڵ و ڕەو شتەكانی پیـشە بۆ پیـشە پزیشكی و تەندروستییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق.**

**2- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005).**

**3- پرۆژە یاسای هەمواری یا سای سێیەمی یا سای سەرۆكایەتی هەرێمی كورد ستانی عـێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).**

**4- پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یا سای سەرۆكایەتی هەرێمی كورد ستانی عـێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).**

**5- پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یا سای سەرۆكایەتی هەرێمی كورد ستانی عـێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).**

**6- پرۆژە یاسای هەمواری پیادە كردنی یاسای بارە مەدەنییەكانی ژمارە (65) ی ساڵی (1972) ی هەموار كراو.**

**2- گفتوگۆ كردن لە سەر هەردوو پرۆژە یا سای نەبڕینی موو چەی تاقا نە و تاقانەكا نەكانی كیمیا باران و جینۆسیاد و ئەنفال بەپێی ماددەی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی كورد ستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.**

3- گفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژە یا سای ڕێکخستن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەکانی جە ستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کورد ستان دە ست پێ ئە کەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژ مارە (17)، ڕۆژی دانیشتن (2015/6/23)، بەرنا مەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورد ستانی عێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دە ستەی سەرۆکایەتی پەر لەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژ مارە (17) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەر لەمان لە کا تژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2015/6/23) بەم شێوەیە بێت:

1 خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو:

1 پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی پیادە کردن و ڕەفتاری پێشێلکار بۆ مۆڕاڵ و ڕەو شتەکانی پیشە بۆ پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005).

3- پرۆژە یاسای هەمواری یا سای سێیەمی یا سای سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستانی عێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).

4- پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یا سای سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستانی عێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).

5- پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یا سای سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستانی عێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005).

6- پرۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسای بارە مەدەنییەکانی ژمارە (65) ی ساڵی (1972) ی هەموار کراو.

2- گفتوگۆ کردن لە سەر هەردوو پرۆژە یا سای نەبڕینی موو چەی تاقا نە و تاقانەکا نەکانی کیمیا باران و جینۆسیاد و ئەنفال بەپێی ماددەی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەر لەمانی کورد ستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

3- گفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژە یا سای ڕێکخستن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەکانی جە ستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژ مارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

له دهستپێكی دانیشتن بهخێرهاتنی گهرمی میوانانی پهرلهمان ئهكهین، بهتایبهتی نوێنهری قونسوڵخانه و دیبلۆماسیهكان له ههرێمی كوردستان و ڕێكخراوهكانی كۆمهڵگهی مهدهنی، ئێستا ئهچینه سهر برگهی یهكهمی بهرنامهی كاری دانیشتنی ئهمڕۆمان كه بریتییه له خوێندنهوهی یهكهم بۆ ئهو پرۆژه یاسایانهی خوارهوه بهپێی ماددهی (71) له پهیڕهوی ناوخۆی پهرلهمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی ههموار كراو، داوا له سهرۆكایهتی لیژنهی یاسایی ئهكهین بێنه سهر مهنهسه بۆ دهست پێكردن به بهرنامهی كار، فهرموو.

**بهڕێز ابو كاروان:**

**بهڕێز سهرۆكی پهرلهمان.**

بهڕێزان، بهداخهوه ئهوهی ئێستا ڕوودهدات له پهرلهمان لهسهر یاسای ههمواری سهرۆكایهتی ههرێمی كوردستان له نێوان هێز و لایهنه باڵا دهستهكان دا پێچهوانهی ڕێكهوتن و سازانه، پێچهوانهی ئهو بنهمایانهیه كه پێنج حیزبهكه خۆیان پێشتر لهسهری ڕێكهوتوون، تهنانهت پێهوانهی ڕێسا و یاساكانی پهرلهمانی كوردستانه، بهداخهوه دۆخهكهیان گهیانده ئهم ئاسته خراپه و نهخوازراوه و ئهكراو ئهیانتوانی پێشووتر ڕێكهوتن و سازان بكهن لهسهر ئهو بابهته، ئهوكات بیهێنه پهرلهمان و گفتوگۆی لهسهر بكهن، بهڵام هێنانی بۆ نێو پهرلهمان و لێكهوتنهوهی ئهو ئاڵۆزییه پێنج حیزبهكه بێ جیاوازی بهرپرسیاریهتی ههڵئهگرن، ئهبێ گهل شاهید بێ ئهوهی ئهو حیزبانه ئهمڕۆ له پهرلهمان ئهیكهن هیچی بۆ خهڵك و له پێناوی خهڵك نییه، بهڵكو بۆ بهرژهوهندی سیاسی حیزبی و تایبهت بهخۆیانه، ههرلهبهر ئهوهش هاتینه كۆبوونهوهی ئهمڕۆ، بهڵام به ههموو شێوهیك دژی خولْقاندنی ئهم دۆخه نهخوازراوهین و ڕهتی ئهكهینهوه، پێمان وانییه هیچ پرس و پرۆژه یاسایهك، هیچ ههموار كردنهوهیهك بهڵام شێوهیه چارهسهر بكرێ، به پرسی ههموار كردنی یاسای سهرۆكایهتی ههرێمیشهوه، بۆیه داوا ئهكهم به عهقل و مهنتق مامهڵه لهگهڵ ئهو پرسه بكرێ، ئهم كۆبوونهوه دوابخرێ، بۆ ئهوهی جارێكی تر گفتوگۆی لهسهر بكرێ، سوپاس.

**بهڕێز د.یوسف محمد صادق/ سهرۆكی پهرلهمان:**

سوپاس، بهڕێز كاك ئهبو كاروان، هیچ كارێكی نایاسایی نهكراوه، بهپێی ماددهی (71) له پهیڕهوی ناوخۆی پهرلهمان (10) ئهندام پهرلهمان بۆیان ههیه پرۆژه یاسای پێشكهش بكهن به پهرلهمانی كوردستان، ئهركی سهرۆكایهتی پهرلهمانه بیخاته بهرنامهی كار، و ئهوهش به شێوهیهكی ئسوڵی ڕۆیشتووه، هیچ كێشه و گرفتێكی تێدا نییه، بۆیه دانیشتنهكه دوا ناخرێ، وهكو خۆی ئهڕوات، فهرموو لیژنهی یاسایی دهست بكهن به خوێندنهوهی پرۆژه یاساكان.

**بهڕێز د.بههار محمود:**

**بهڕێز سهرۆكی پهرلهمان.**

پرۆژه یاسای یهكهم:

پرۆژە یاسای قەدەغە کرد نی پ یادە کردن و ڕەف تاری پێ شێلکار بۆ مۆڕاڵ و ڕەو شتەکانی پی شە بۆ پی شە پزیشکی و تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەم پرۆژە یا سایە لە (18) مادده پێکهاتووە، لە گەڵ هۆکارە کانی دەر چوون، لەلا یەن ڕ ێژەی یا سایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەوەش ناوەکانیانە:

دکتۆر عبدلله جاسم - دکتۆر شرین حسنی - د.فرست صۆفی - مەردان خدر - صالح بە شار - ڤەمان فی صل - نازم کبیر - انس محمد - شوان شێخ احمد - بەشار مشیر - امنە ز کری - ئاواز حیمد - نجات مح مد - اوم ید عبدالرحمن - عزت صابر - مریم صمد - زولفا محمود - کنعان نجم الدین - دڵشاد شعبان - ع مر عینا یەت - ع لی هالۆ - یراو نت نی سان - ئا یدن م عروف - د. سرود سلیم، داوا کارین لە بەرێزتان ئەو پرۆژە یا سایە ئاراستەی لیژ نە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژ نەی تەندرو ستی و ژینگە ئەکرێ.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005)، ئەو پرۆژە یاسایە لە (23) مادده و هۆکارە کانی دەر چوواندنی پێکهاتووە، لەلا یەن ژ مارەی یا سایی ئە ندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەش ناوەکانیانە:

د. ڕێواز فائق - گۆران ئازاد - گەشە دارا - تەلار لطیف - دکتۆر شێرکۆ حە مە ا مین - سالار مح مود - ع باس فتاح - صالح فەقێ - سۆران عمر - سەرکەوت سەرحەد - خلف احمد - مریم صمد - عزت صابر - هەورامان گەچێنەیی - قادر ئۆ تمان، داوا کارین لە بەرێزتان ئەو پرۆژە یا سایە ئارا ستەی لیژ نە پەیوەند یدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای چوارەمی یا سای سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستانی ع ێراق ژ مارە (1) ی ساڵی (2005)، ئەم پرۆژە یاسایە لە (17) مادده و هۆکارەکانی دەرچوواندنی پێکهاتووە، لەلا یەن ژ مارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشکەش کراوە، ئەوە ناوەکانیانە:

برزۆ مجید - علی حەمە صالح - اومێد حەمە علی - پەروا ع لی - فائق م صطفی - قارە مان قادر - بێ ستون فائق - محمود حاجی عمر - ڕۆزا مح مود - ئێڤار ا براهیم - ع مر عینا یەت - ح سن صالح - بەهار مح مود -

د.پەری صالح - شێرکۆ حەمە امین - دکتۆرە جوان اسماعیل - عادل عزیز زولفا محمود - ایوب عبدالله - منیرە عثمان - ڕابوون معروف - عبدالرحمن علی - انوەر قادر، داواکارین لە بەرێزتان ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005)، ئەم پرۆژە یاسایە لە (18) مادده و هۆکارە پێویستەکان پێکهاتووە، لەلایەن ئەو بەرێزانە واژوو کراوە:

بێگەرد دلشاد - گۆران ئازاد - گەشە دارا - تەلار لطیف - خلف احمد - سعید مصیفي - سالار محمود - ڕێواز فائق - قارد ڕەزگی - دلێر ماوەتی - عیزت صابر - عباس فتاح - ئاواز جەنگی - صالح فەقێ - سەرکەوت سەرحەد - مریەم صمد - فەرهاد سەنگاوی - زانا عبدالرحمن، داواکارم ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسای ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (1) ی ساڵی (2005)، ئەو پرۆژە یاسایە لە (9) مادده و لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، ئەم بەرێزانە واژوویان کردووە.

مەروان گەلاڵی - هەورامان حەمە شەریف - نجیبە لطیف - سۆران عمر - شکریە اسماعیل - عمر عبدالله - بها عبدالرحمن - حاجی کاروان - غریب مصطفی - بەهزاد دەروێش - عمر صالح - کەژاڵ هادی - سهراب میکائیل - دکتۆر شوان قەلادزەیی - سهام عمر - فخرالدین قادر - اومێد حەمە علی - قادر شکر - علی حەمە صالح - قارەمان قادر - محمود حاجی عمر - شێرکۆ جەودەت، داواکارم ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- پرۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسای بارە مەدەنییەکانی ژمارە (65) ی ساڵی (1972) ی هەموار کراو، لە (3) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی، لەلایەن ئەو بەڕێزانە واژوو کراوە.

دکتۆر سرود سلیم - کمال یلدا - جەودت جرجیس - لینا عزریا - محمد علی - یروانت نیسان - یعقوب گورگیس - امنیە زکری - وحیدە یاقۆ - فرهاد سەنگاوی - زیاد حسین - عزت صابر - سعید مسیفی - سەرکەوت سەرحەد - صالح فەقێ - زانا عبدالرحمن - باپیر کاملا - ابو کاروان - ئاری هەرسین - بەشار مشیر - بەیار طاهر - مدینە ایوب - ڤیان عباس - فیرۆز طه - حیات مجید - تحسن اسماعیل - مردان خدار - شامۆ شێخۆ - ئیڤار ابراهیم - دکتۆر سیراج - سالار محمود

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و گشت ئەندامان ئەکرێ، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، فەرموو با بچینە بڕگەی دووەم، بەلاَم بەڕێزان بیرمان چوو لە دەست پێکی دانیشتن پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی و ناوی ئامادە نەبووان بخوێنینەوە، ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پوختەی دانیشتنی پێشوو ئەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 16) لە بەرواری (2015/6/17) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و ئامادە نەبووی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- پەسند کردنی گفتوگۆ کردن لەسەر کاروچالاکیەکان و کێشە و گرفتەکانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆن باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستانی عێراق

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (16) ی ئاسایی لە بەرواری (2015/6/17) ئامادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون ئەمانەن:

ادریس علی-مۆڵەت - انس محمد- مۆڵەت - ایوب عبدالله- مۆڵەت - ئاری محمد- مۆڵەت - ئێڤار ابراهیم- مۆڵەت - تەلار لطیف- مۆڵەت - جمال عثمان- مۆڵەت - خلف احمد- مۆڵەت - دلێر مصطفی- مۆڵەت - ڕۆزا

محمود  مۆڵەت - ڕێواز فائق- مۆڵەت - سۆران عمر- مۆ ڵەت - شرین حسنی- مۆ ڵەت - عبدالرحمن فارس- مۆڵەت - غریب مصطفی- مۆڵەت - وحیدە یاقۆ- مۆ ڵەت - عبدالله محمود- ئامادە نەبووە - عمر مصطفی- ئامادە نەبووە - ابراهیم احمد سمۆ- ئامادە نەبووە

بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، ڕا پۆرتی بەدوادا چوونی کۆبوو نەوەی لیژ نە هەمیە شەییەکانی پەر لەمانی کوردستان لە بەرواری (2015/6/17) تا (2015/6/23) بەم شێوەی خوارەوەیە:

1 لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لە (6/17) کۆبوونەوەی کردووە

1 ڕۆزا محمود- مۆڵەت

2- ڕێواز فائق- مۆڵەت

2- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون

3- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1- ئاواز جەنگی- مۆڵەت

2- فەرهاد حەمە صالح- مۆڵەت

4 لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 عمر مصطفی- مۆڵەت

2 فرست صۆفی- مۆڵەت

3 بێستون فائق- مۆڵەت

4 زۆزان صادق- مۆڵەت

5- لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 ڤیان عباس- مۆڵەت

2 عمر کۆچەر- ئامادە نەبووە

6- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون

7- لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 محمود علی  مۆڵەت

2 بەهار عبدالرحمن- مۆڵەت

3 نجیبە لطیف- مۆڵەت

4 کمال یلدا- مۆڵەت

8- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 شێرکۆ جودت- مۆڵەت

2 مدینە ایوب مۆڵەت

3 ڕۆزا محمود- مۆڵەت

4 سۆران عمر ئامادە نەبووە

5 دڵشاد شعبان- ئامادە نەبووە

9- لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 کمال یلدا مۆڵەت

2 علی هالۆ- مۆڵەت

10- لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت لە (6/22) کۆبوونەوەی کردووە

1 ڤیان عباس مۆڵەت

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەهزاد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز بهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لێبوردنێ دکەم ئەگەر نوقتە نیزامیش نەبیت، راستی ئەم بێژین هەرێما کوردستانێ ب قۆناغەکا هەستار دا تێپەڕیتن، کو سەرەڕای شەرێ تیرۆریستی داعش یا بەردەوامە، قەیرانە دارایی هەروەسا، ب قەناعەتا مە هەرێما کوردستانێ پێویستی ب سازان هەیە، ب تایبەتی بۆ بابەتەکی زۆر یا گرنگ کو پرسا سەرۆکایەتیا هەرێمی کوردستانێیە، ڕاستە خۆندنا ئێکێ هاتیە کرن بۆ ڤێ بابەتێ، بەس ب قەناعەتا من دەبوا لایەنا سیاسی حەتا ڤێ حەدێ ئیحراج نەکربا، ل دەرەڤێ سازان هاتبا کرن، ژ بەر هەندێ دا خازم ل سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دکین داکۆکی ل ئەڤە بکات، سازانەکی ل سەر ڤێ پرسا نیشتیمانیا گرنك بکەن، دا بگەینە ڕێکەفتنەکا باش و ئەڤ دۆخە زیاتر ئاڵۆز نەبیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێمە لەو سەردانەی بۆ لای حیزب و لایەنە سیاسیەکان ئەنجاممان داوە، لەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە ماوەی ڕابردوو، تەقریبەن حەفتانە ئەنجاممان داوە، داوامان لێکردوون لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم هەمووان هەوڵی ئەوە بدەن بگەن بە سازانێکی نیشتیمانی، و پرۆژەی هاوبەش لەو ڕووەوە پێشکەش بکەن، بەڵام ئەزانن لە (8/19) ویلایەتی سەرۆکی هەرێم تەواو ئەبێ، ئەوەش تەنگژەیەکە لەبەردەم هەرێمی کوردستان، تەنگژەیەکە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان کە پێویستە هەموو ڕێکارەکانی بگیرێتەبەر، بۆ چارەسەر کردنی ئەو تەنگژەیە، دێوە ئەزانن لە ماوەی ڕابردوو پرۆژە یاسایەکمان پەسند کرد بۆ هەمواری دەستووری هەرێمی کوردستان، و بەر مەبنای ئەو پرۆژە یاسایەی لە پەرلەمان پەسند کرا، لیژنەیەکی دەستووریش پێکهاتووە کە ئێستا کاروباری خۆیان

ئەکەن، ئەوە یەکێکە لە ڕێگاکان، یان یەکێ بوو لە ڕێگاکان، بە داخەوە ئێستا ئەبێ وابڵێین، یەکێ بوو لە ڕێگاکانی چارەسەر کردنی ئەو تەنگژەیە، بەلاَم بەداخەوە بەهۆی درە نگ پە سند کرد نی پرۆژە یا ساکە و بەهۆی دروست کردنی لیژنە کە وا هە ست ئە کەین ڕەنگە ئەو ڕێگا یە ئیتر ڕێگا یەکی وا نەبێ بتوانێ بە تەواوی ئەو پر سە چارە سەر بکات، هەڵبە تە هەڵ بژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، بەر مەبنای یا سای سەرۆکایەتی ئێستاش یەکێکی تر بوو لە ڕێگاکان، ئەزانن هەفتەی پێشوو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژارد نەکان لە هەرێمی کوردستان لێرە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان وتیان ناتوانین لەو ماوەی بۆ مان د یاری کراوە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام بدەین، بۆیە نا چار ئەبین دەر گای سێیەم بکەینەوە کە هەمواری یا سای سەرۆکایەتییە، ئەمڕۆ خوێندنەوە بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە کراوە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکر ێت، دیسان دەرفەت هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی سازانی نیشتمانی لەسەر بکەن، ئێمە تەنیا دەرگا مان بۆ هێنانەکایەی سازان کردووە، بە راستی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یا ساکان ئە مەی نەدەهێنا کە لە دوێنێ وە ئەو هەموو هەلا ئیعلامیە گەورەیەی لە سەر کراوە، ئەم هەمو فشارە لە سەر پەر لەمان ویستر ا دروست بکرێت، ئەمە کارێکی هەڵەیە، ناتوانرێت هیچ ئیرادەیەك لە دەرەوەی پەر لەمان ئیرادەی پەر لەمان پەکبخات، پەرلەمان خاوەنی شەرعیەتی را ستەقینەی خەڵکی کورد ستانە و خاوەنی دەنگی را ستەقینەی خەڵکی کوردستانە، هەموو هێزە کان هەموو پۆ ست و بەرپر سیارەتییەکان و دە سەڵاتەکان شەرعییەت لە پەر لەمان وەردە گرن، بۆ یە پێویـ ست بوو شەرعییەتی پەر لەمان بەردەوام ب ێت و کاری خۆ بکات لەم روانگەیەوە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوەیە کرا، بەڵام ئە مە دەرگایە کە بۆ ئەوەی لایە نە سیا سییەکان هەر چی زوو تر ئەو کا تەی بە فیڕۆ یان داوە قەرەبووی ب کەن و بێ نە سەر خەت و گفتو گۆ ب کەن لە گەڵ فراکسیۆنەکان و لەرێگای فراکسیۆن یان لیژنەی دانووستان سازان لە سەر ئەم بابە تە بێ تە کا یەوە، ئێ ستا دەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ کە بریتییە لە گفتو گۆ کردن لە سەر هەر دوو پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانەو تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنافال و جینوسایدکراوەکان بە پ ێی ماددە کانی ﴿70 و 71 و 72 و 74 و 75﴾ لە پ ێڕەوی ناوخۆی پەر لەمان ژ مارە ﴿1﴾ی ساڵی ﴿1992﴾ی هەموار کراو، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کە لیژ نەی کارو باری یا سایی ل ێرەن و لیژ نەی دارا یی و کارو باری ئابووری و وە بەرهێنان و لیژ نەی پێ شمەرگە و شەهیدان و قوربان یان و جینۆ ساید و زیندانیانی سیاسی دەکەین کە بێنە سەر منصە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەست پێ بکەین، کاك گۆران نوقـتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم چونکە دەچینە سەر گفتوگۆ و پەسەندکردنی یاسا ئەندامانی پەر لەمان ئە گەر بکر ێت پابە ند بن بە دانیشتن لە هۆڵی پەر لەمان، بۆ ئەوەی کێ شەی نیـسابی قانوونی لە سەر دەنگدانی پرۆژە یا ساکان دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکی زۆر دروستە، داوا دەکەین لە هۆڵی پەرلەمان بمێننەوە، بۆ ئەوەی کێشەی نیسابمان بۆ دروست نەبێت لە کاتی دەنگدان لەسەر پرۆژە یاساکە، نوقتەی نیزامی د. شوان؟

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر ﴿ د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، هیوادارم ئەگەر نوقتەی نیزامیش نەبێت پێم نەبڕن، ئەمڕۆ کە پرۆژە یاسا خوێندنەوەی بۆ کرا نیشانەی ئەوەیە کە ئیرادە هەیە ناتوانێ لەبەرامبەر هەموو ئەو شتانەی دێتە پێشەوە دەستەوەستان بوەستین، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیتوانی ﴿6﴾ مانگ لەمەوبەر بۆ بابەتی وا نیشتمانی زۆر گرنگ کۆبوونەوەی لەگەڵ فراکسیۆنەکان بکرابا و سەردانی لایەنە سیاسییەکان بکردایە و ئەو لایەنانەی کە حسابی سفر بۆی نەکراوە، ئەوە مانای وایە نە سازانە و نە تەوافوقە و نە شتێکی ترە، بە راستی دەبێت پەرلەمان ببێتە مایەی ئارامی دەروونی بۆ هاووڵاتیان، ئێستا ئەگەر چەند مانگ لەمەو بەر بکردایە ئەم حاڵەتە تەشەنوجە ونا سەقامگیری دەروونی دروست نەدەبوو، خەڵك بە شێوازێك سەیری ئاراستەی ئێمە دەکات سەردەمی کۆشکی حەمەدئاغا و شوێنکەوتوانی دەبینێتەوە ، لەبەر ئەوە پێویستە پەرلەمان مەسئولانە و ئەزموونانە هەنگاو بنێت و هەڵوێست بنێت، ناکرێت لە ناو هۆڵی پەرلەمان بەم شێوازە بە مانای دەست شکانەوەی ئەوانی تر بێت، ئەم وڵاتە بە تەوافوقی هەموووان دەبڕێ بەڕێوە، ئێمە خۆشمان خاوەن رەئی و بیروبۆچوونی خۆمانین، بەڵام بەداخەوە بە ناوی سازان لەسەر لیژنەی ئێمە کرا خۆشتان باش دەزانن ئەوەی ئەمڕۆ خوێندنەوی بۆ دەکرێت ئێمە لە ﴿2014/5/18﴾ پێشکەشمان کردووە هەتا پرۆژە یاسا ئامادە نەکرا لەبەرامبەر پرۆژەی ئێمە، نەیاخستە دەنگدانی دووەم، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، هیوادارم وەکو چۆن ئینسانێکی خاوەن ئەزموون و رابردوو ماندوو بەم وڵاتەوە دەبێت بەرپرسانە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گوران نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز گۆڕان ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بچینە سەر تەوەرەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی رێگەت دا بە هەندێ پەرلەمانتار لەسەر ئەم پرسە قسە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك بە شێوەیەك خوا نەخاستە کاری نایاسایی کرا بێت یان هەوڵی دەستە جەمعی لە دژی هێزی سیاسی، ئەوەی ئەمڕۆ کرا خوێندنەوی ئاسایی بۆ پرۆژە یاسایەکەیە، جێ بە جێ کردنی واجبی قانونی واقعی سەرشانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانە بۆ حەلی کێشەیەك کە ئێمە مەحکومین بە کات کە بریتیە لە ﴿2015/8/19﴾ تا ئێستا هیچ هێزێك لەدەرەوەی سازان نییە و پابەندن و پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی ئاشتەوایی نەك تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمون دەقی پرۆژە یاساكان كە پێشكەش كراوە و راپۆرتی هاوبەش بخوێننەوە، بۆ ئەوی بخەینە گفتوگۆ.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرۆژە یاسا پێشكە كراوە، لەبەر یەكێتی بابەتەكە یەك راپۆرتمان لەسەر ئامادە كردووە یەكەم: پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە، ماددەی یەكەم، مەبەست لە زاراوەی تاقانە ئەو كەسە تێكۆشەرەیە كە لە خەباتی پێشمەرگایەتی دا و كارە ساتی جینۆ سایدی ﴿182﴾ هەزار مرۆ ڤی كورد ستان و ﴿8﴾ هەزار بارزانی و كیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەكانی تری كوردستان یان بە هۆی بوردوومان و تەقینەوە سەرجەم كەس و كاری شەهید بوون و تەنیا خۆی ماوەتەوە و خاوەن مووچەیە.

ماددەی دووەم: وەكو رێزلێنان لە قوربانیدان یان تاقانەكان مووچەیەكی شایستەیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی پێداویستییەكانی سەردەمیان بۆ دابین بكرێت كە ناچاری كاری قورس نەبن باری دەروو نی و مەعنەوی و ماددیان جێگیر بێت.

ماددەی سێیەم: هەر كەسێكی تاقانە كە خانووی نییە یەكەی نیشتەجێ بوونی بۆ دابین بكر ێت و لە سەری تاپۆ بكرێت.

ماددەی چوارەم: پێناسێكی تایبەت بە خۆ یان هەبێت وەك حە سانەیەك بۆ یان و دیاربوونیان لە شوێنە تایبەت و گشتی و فەرمی و نافەرمییەكان تا رێزی شایستەیان لێبگرێت.

ماددەی پێنجەم: وە كو سەرجەم فەرمانبەران ئیمتیازاتێك بیانگرێتەوە لە وەرگرتنی سولفە لە كاتی دانەوەی قەرز جیاوازی بكر ێت لە گەڵ فەرمانبەران بە گشتی لە روی ئەو ماوە یەی كە دەیگێڕنەوە بە گشتی لە فەرمانبەران كەمتر بێت.

ماددەی شە شەم: لە كاتی نەخۆ شی درێژخا یەن و نە شتەرگەری و سەردانكردنیان بۆ شوێنەكانی تەندروستی حكومەت بێ بەرامبەر حسابیان لەگەڵ بكرێت و حكومەت بچێتە ژێرباری خەرج كردنیان.

ماددەی حەفتەم: لە كاتی مرد نی تاقا نە موو چەكەیان نەبڕێت و بەردەوام بێت بۆ ئەوا نەی خز مەتیان كردووە یان بە پێی شەرع و یاسا لێی نێزیكن.

ماددەی هەشتەم: لا یەنی پەیوەند یدار لە وەزارە تی دارا یی و شەهیدان و كارو باری كۆمەڵا یەتی رێنمایی پێویست دەردەكات بۆ جێ بە جێ كردنی ئەو یاسایە.

ماددەی نۆیەم: بەرواری بڵاو كرد نەوەی ئەم یا سایە لە رۆژنا مەی وە قایعی كورد ستان كاری پێدەكرێت و هۆیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە:

بە هۆی شۆڕشی رزگاری خوازی گەلی كوردستان و ئەو ستەمە دڕندا نەی رژێمە یەك لە دوای یە كەكانی عێراق چەندین بنەماڵە لە كاتی بۆردومان و پێشمەرگایەتی و كیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنە كانی تر و بێ سەر وشوێنكردنی ﴿8﴾ هەزار بارزانی و ﴿182﴾ هەزار مرۆ ڤی كورد و هاوو ڵاتی كورد ستان بووینە تە

قور بانی و تەنیا کە سێکیان ماوە بە مەبە ستی رێز گرتن لە شەهیدان و قورباذ یدانی بە کۆ مەڵی خا نەوادەکان و ئەو تاقا نە جەرگ سووتاوانە و خز مەتکردنی بەردەوامیان و ما نەوەی یادی بیرەوەری تێکۆشانیان لە بیروهەستی نەوەکانیان و دەبڕینی وەفا و ئامەد بەرامبەر خۆیان و مێژووی پڕ سەروەرییان ئەم یاسایە دەرچووە.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای تاقانەکان و ئەنفالْ و جینۆسایدکراوەکان

ماددەی یەکەم، تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوان، ئەو کەسانەن کە لە هێر شی دوژمـنان کەس و کارەکەی واتە دایك و باب و خۆشك و برایانی ببنە قوربانی واتە هەر لە هەمان رۆژ شەهید بوو بن بە هۆی بوردوومانی کیمیایی و ئەنفال کردن و تیرۆر و لە سێدارەدان و بۆمبارانکردن و ئەمەش ببێ تە هۆی ئەوەی یەك ئەندامی خێزانەکەی رزگاری بێت و خۆی بە تەنیا مابێتەوە.

ماددەی دووەم: ئامانج لە پێشکەشکردنی ئەم پرۆژ یاسایە

1- داوا لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت رێزی تایبەت و کار ئاسانیان بۆ بکرێت.

2- 2- بتوانرێت سولفە لەسەر موو چەکانیان وەربگر ێت بە پـێی ر ێژەی د یاری کراو کە کار نەکاتـ تە بژێوی کەسی تاقانە.

3- وەك بنەمالەی شەهید مامەڵەی بکر ێت و پێنا سەی تای بەتی بۆ بکر ێت و وەك حە سانە ر ێزی لێ بگیرێت.

4- هەموو ساڵێك رێژەیەکی ئەم تاقانە سەفەری دەرەوەی وڵاتیان بۆ بکرێت، وەزارەتی شەهیدان هاو کار بێت لە تێچوونی ئەم گەشتانە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ باشتر کردنی باری دەروونیان.

5- مناڵی تاقانەکان بتوانن سوودمەند بن لە سولفە و پێشینەکانی خانوو بەرە.

6- چارەسەر کردنی گرفتی ئەنفال جینوساید کراوەکان لە دادگاکان و کار ئاسانیان بۆ بکرێت.

ماددەی سێیەم

چۆنیەتی رێگری کردن لەو کەسانەی کە تاقانە نین و ناوی خۆیان وەك تاقانە ناونووس دەکەن:

1- لە کاتی ئا شکربوونی ئەو کە سانەی بە تەزویر ناوی خۆ یان تۆ مار کردووە وەك تاقا نە سزای تو ندیان بۆ دابنر ێت و لە هەمان کا تدا ئەو موو چە و ئیمتیازاتا نەی لێ وەربگیر ێت کە لەم رێگەیەوە بە دەستی هێناوە.

2- سزای ئەوانە بدرێت کە دادگاکان شاهیدی بە درو دەدەن لەسەر کەسی تاقانە، مەبە ست لە و شەی حەسانە واتە حەسانەی تاقانە بۆ ئەوەی لە رێگەی یا سا رێگری بکر ێت لە سوکایەتی کرد نی بە تاقانە.

**هۆكاری دەرچوواندن ، بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاتر و دابین كردنی ژیانی شایستە بۆ تاقانەكانی ئەنفال و كیمیاباران ئەم یاسایە دەرچووێندرا.**

**راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە هەردوو پرۆژە یا سای نەبڕینی موو چەی تاقا نە و تاقا نەكانی كیمیا بارن و جینۆ سیاد كراوان، لیژ نەی كارو باری یا سایی و دارا یی و كارو باری ئابووری و وە بەرهێنان و لیژ نەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و زیندانیانی سیا سی رۆژی یەكشەممە ﴿31 جۆزەردانی كوردی بەرامبەر بە 2015/6/21﴾ ی زایینی كۆبوو نەوەی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ كرد نی هەر دو یا سای نەبڕینی مووچەی تاقانە كە لە لایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە دوای خوێندنی یەكەمی پرۆژە كە لە دانیشتنی ئا سایی ژ مارە ﴿16﴾ رۆژی سێ شەممە بەورواری ﴿2014/12/16﴾ تاقا نەكانی كیمیا باران و ئەنفال و جینۆ ساید كراوان كە لە لا یەن ژ مارە یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان پێ شكەش كراوە، دوای خوێند نەوەی یە كەمی پرۆژە كە لە دانیـ شتنی ئا سایی ژ مارە ﴿14﴾ لە رۆژی سێ شەممە 9﴿2015/6/﴾ خە سلەتی بەپە لەیی پـێدرا و رەوا نەی لیژ نەی تایبەتمە ندەكان كراوە، دوای گفتوگۆ كردنی تاوتوێ كردن لیژنەكان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە، ناونیشانی پرۆژەكە بەم شێوەیە دەخوێنرێ تەوە، پرۆژە یا سای ماف و ئیمتـیازاتی تاقا نەكانی جینو ساید، ماددەی یە كەم بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، ماددەی (1):**

**بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**تاقانەی جینۆساید: ئەو كەسەیە كە لە كاتی ڕوودانی تاوانەكانی جینۆسایدی دژ بە گەلی كورد ستان، پاش شەهید كردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەكەی، بە تەنها رزگاری بوبێت.**

**ماددەی (2):**

**یەكەم: تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەكانی كچ و كوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، كە لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموار كراو دەقنووس كراوە.**

**دووەم: لەكاتی كۆچی دوایی تاقانەدا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەكرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید كە لە یاسای ئا ماژە بۆ كراوی خاڵی (یە كەم)ی ئەم ماددە یە هاتووە، بۆ وار سەكانی دەستەبەر دەكرێت.**

**سێیەم: وەكو ڕێزلێنان، ناسنامەیەكی تایبەتی بۆ دروست دەكرێت و مەدالیایەكی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.**

**ماددەی سێیەم: پشتڕا ستكردنەوەی تاقا نەی جینۆ ساد لە ر ێی لیژنە یەكی پ سپۆر لە وەزارە تە پەیوەندیدارەكان بە سەرۆكایەتی دادوەرێكی پلە یەك دەبێت.**

**ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.**

**ماددەی پێنجەم: كار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناكرێت ناكۆك بێت لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی شە شەم: ئەم یا سایە لە رۆژی بڵاو كرد نەوەی لە رۆژنا مەی فەرمی (وە قائیعی كورد ستان) جێ بەجێ دەكرێت.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاترو دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، ئەم یاساییە دەرچووێندرا.

لەبەر ئەوەی دوو پرۆژە یاسا هەبووە موناقەشەی زۆری لەسەر کراوە و رای لایەنی پەیوەند یدار وەر گیراوە دواکارین لە بەڕیزتان راپۆرتی هاوبەش بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین نیساب تەواوە بۆ دەنگدان، بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێتە بنەما بۆ گفتو گۆ کردن؟ تکا یە دە ست بەرزکا تەوە، (54) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نی یە لە گەڵ دا نەبێت، کەوا تە پە سەندکرا، فەرموون لە ناونیشانی پڕۆژەکەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژەکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشان؟ کەس نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ناونیشانەکەیە بەو شێوەیەی کە هاتووە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (54) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، ماددەی یەك بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (1):**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

تاقانەی جینۆساید: ئەو کەسەیە کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردستان، پاش شەهید کردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، بە تەنها رزگاری بوبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی یەك با ناوەکان بنووسرێن؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی یەك ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان نووسیوە (صالح فقێ، سەرکەوت سەرحەد، سعید مەسیفی، عباس فتاح، قادر ئۆتمان، تەلار لطیف، بێستون فائق، شکریە اسماعیل، محمود عمر، عادل عزیز، فەرهاد سەنگاوی، ابوبکر هەڵەدنی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك تاقەنە هەیە من بە نموونە کەسێك لە سنووری خۆمان دەناسم دوای تیاچوونی خێزانەکەی تەنها دایکی مابۆوە دوای چەند مانگێکی کەم دیکیشی تیاچووە، بۆیە ژمارەیەك لەوانە کە چوار کەسن لە دوای چەند مانگێك لەو تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلی کورد روویدایە داوای ئەوە دەکەن کە جێگەیەکیان بۆ بکرێتەوە، رەنگە ئافرەتێك بە تەنها لە ماڵێکدا ئەگەر حەوت کەس بۆ نموونە لە خێزانێك بووبێ شەشی تێداچووە، تەنها دایکی ماوەتەوە، دوای دوو، سێ مانگێك رەنگە بە خەفەت و مەراقی ئەوانەوە ئەویش تێداچووبێت، بۆیە ئەوان پەیامیان ئەوە بووە داوای ئەوەیان دەکرد کە جێگەی ئەوانیش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من وەکو قسەکەی (کاك صالح)ە، لە راستیدا تاقانەکان ئەوانەن کە دەبێ هەموو کەس و کارەکانیان لە عەمەلیەی جینوسایدا ببوونە قوربانی، بەڵام خەڵکی وامان هەیە کەسێك لە خێزانەکەی دەرچووە، دوای ئەوە لە رووداوێکدا بۆتە قوربانی، تاوانی ئەمە چییە ئەو کەسەی لە ئەنفال رزگاری بووە، مەسەلەن دواتر لە رووداوێکی تر گیانی لە دەست داوە، خۆ ئەمە دیسان ئەمیش تاقانەیە، ئەگەر مەبەست لە تاقانە ئەو کەسە بێت تەنها برا و دایك و باوك و خوشکی نەبێت ئێستا ئەمیش هەمان شتە، بەڵام ئەوەیە ئەم کەسێك لە خێزانەکەی لە عەملیەی ئەنفالدا یان لە کیمیابارانا بۆ نموونە شەهید نەبووە دواتر لە دوای ئەوە لە رووداوێکی تر تێداچووە، بەڵام لە ئێستادا ئەویش هەر تاقانەیە، یەعنی تەنها هەر خۆی ماوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ ڕێکخستنی ئەو جوملەیە وا پێویست دەکات ئەو کەسەی کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکانی جینوساید دژ بە گەلی کوردستان پاش شەهید کردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، پێویست دەکات ئەو کەس نێر بێت یان مێ بێت ئەوە بنووسرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پالپشتی ئەم بۆچوونەی (کاك صالح) دەکەم، سەبارەت بە یەکەم من پێموایە لێرە (واو)ێك زیادە لە ڕووی لوغەویەوە، یەك (واو) بێت تەواو، سەبارەت بە خالی دووەم من پێموایە لێرە کێشەیەك دروست دەکات بۆ وارسەکان، وارس ڕەنگە ئەگەر لە ڕووی شەرعیەوە سەیری بکەین کوڕی کوڕی پلکیشی هەر دەبێت، بەلام من پێموایە لە ناو کەوانەیەك دابنرێت باشە، مەسەلەن وارسەکان کێ و کێن، مام بێ، خال بێ، پلك بێ، یەعنی کەسە نزیکەکان، من پێم باشە ئەوهای لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سعید مەسیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد (سعید مەسیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاقانەی جینوساید هەر کەسێك لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی جینوساید یان لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان سەرجەم خێزانەکەی ژیانیان لە دەست دابێت، تەنها یەك کەس ڕزگار بێت، پێویستە ئەوەی لەگەلدابنرێت کۆڕەوەکەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاگادارن لە تاوانی ئەنفالدا بەشێکی زۆر لەوانەی کە (نقرة السلمان) و لە شوێنەکانی تر زیندانی کران دوای شەش، حەوت مانگێك لە زیندان بوونیان گەڕانەوە، بە تایبەتی پیر و پەککەوتەکان و مندالەکان، بەشێك لەو مندالانە لەگەل دایك و باوکیان گەڕانەوە، دایك و باوکیان دوای ئەوەی کە گەڕانەوە دوای شەش مانگێك کۆچی دواییان کرد و ئێستا خۆیان ماونەتەوە، داواکارم و پێویستیش دەکات ئەوانەش کە

ڕێژەیەکی کەمن، مەسەلەن بۆ نموونە لە ناحیەی رزگاری و قەزای کەلار و ئەو شوێنانە هەمانە لەو بابەتانە چەند کەسێك ئەوانەش هەڵبەتە تاقانەی جینوساید هەژمار بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کردەوەی ئەنفال کردەوەیەکی زۆر ئاڵۆز بووە، بێگومان زۆر قسە هەڵدەگرێ، (کاك محمود) بەشێك لە قسەکانی منی کرد، ئێمە خەڵکمان هەبووە بە تاقانەیی بەجێ ماوە، دایك و باوکیشی ئەنفال کراوە، بەڵام بە هۆی پەککەوتنی پاش ماوەیەك، پاش شەش مانگ زیاتر لەوانەیە دایکی یان باوکی بە هۆی پەککەوتنیانەوە گەڕابێتەوە لەوانەیە چەند مانگێکیش بێت، پێویستە ئەمەشیان بخەینە ئەم چوارچێوەیە، لەوانەیە لە حاڵەتی کیمیابارانیش حاڵەتی لەو بابەتەمان بۆ دروست بێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەمانەش کە وەکو تاقانە هەژمار بکرێن کە دایك و باوکیان (نقرة السلمان)یان دیوە جارێکیان یان پاش ماوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من (کاك محمود و کاك سعید مەسیفی) کردیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە مەرج نییە ئەوەی کە تاقانەیە هەموو ئەندامەکان لە کارەساتەکاندا شەهید بووبن، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بەر لە رووداوی کارەساتی جینوساید ئەندامێکی خێزانەکەی شەهید سەنگەربێت، دواتر ئەوانی تر شەهید بووبێ، یەعنی پێی ئەم دەقەبێت ئەمە ناگرێتەوە، بۆیە سیاغەیەکی قانونی بۆی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانەی کە دوای کارەساتەکەش کەسێك کە ئەندامێکی خێزانەکەی دەرچووە، باقی تر ئەوانەی کە شەهید بوون ئەگەر لە دەرئەنجامی کیمیابارانی ئەنفالیش نەبێت بە هۆکاری ئەمەی هۆکارەکەی نەخۆشی بێت ئەمیش مەشمول بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رایەکەی (کاك بێستون فائق) دەکەم، بە یەك وشە ئەم کێشەیە حەل دەبێت بەوەی تاقانەکان دواتریش بگرێتەوە، پێش بە تەنها رزگاری بووبێت، ئەم وشەیەی بۆ زیاد بکرێ یان دواتر بە تەنها رزگاری بووبێت، واتە ئەوانەش دەگرێتەوە کە دواتر ئەندامێکی تری خێزانەکەیان لە دەست داوە ئێستا تاقانەیە بە رای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەشێك لە قسەکانم (کاك بێستون) کردی، پشتگیری لە قسەکانی دەکەم، بەلأم یەك خاڵی تر هەیە ئێمە کە پێناسەی تاقانە دەکەین زۆرجار هەیە لە دەرئەنجامی ئەو زەواجانەی کە کراوە ئیتر ئایا دایکەکە زەواجێکی کردۆتەوە یان زەواج دەکات، لەو کاتەدا دوو تاقانە دروست دەبێ لە خێزانەکەدا، دواتر دایك و باوکەکانیان لە دەست داوە، لەو کاتەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەکرێ ئەگەر بەو شێوازەی پێناسەکە بێت، ئەوە جیاکاری دەکرێ، بۆیە پێناسەکە بە شێوازێك بێت کە حەلی ئەو کێشەیەی تاقانەی خێزانەکانیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەی کرا، بەلأم من گلەیەکی بچووکم هەیە لە مەسەلەی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال و تاقانە هەمووی لە جێگای خۆیەتی، پێویستە زۆر رێزیان لێ بگیرێ، ئەوە بێگومان، بەلأم ئەگەر پڕۆژەی سوشیالەکە جێ بەجێ بکرێ ئێمە پێویستمان بە زۆر شت نابێت، هەموو کۆمەڵگا لە ناو ئەو پڕۆژەیە جێگای دەبێتەوە، پێویستە ئەو سوشیالە بکرێ بە پڕۆژەی هەموو فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە تەنها تاقانەی جینوساید ئەو کەسانە نەگرێتەوە لە کاتی تاوانەکاندا تاقانە بوون، بەڵکو ئەوانەی دواتریش بگرێتەوە، پێموایە ئەوە لەلایەن بەشێکی زۆر لە ئەندامانی بەڕێزەوە باسکرا، ئێمە لە لیژنە هاوبەشەکان موناقەشەی زۆرمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و باسمان کردووە، هەروەها لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداریش باسمان کردووە، بەڵام ئێمە لە لیژنەکان و لایەنی پەیوەندیداریش لە حکومەت پێی وابوو ئەم مەسەلەیە حەسم نابێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بڵێین ئەوەی کە شەش مانگیش بێ دوای ئەوە دەبێتە تاقانە، ئەی ئەوەی کە شەش مانگ و یەك ڕۆژە، (کاك گۆران) لە لیژنەکەدا بلزەبت ئەو قسەیەی کرد، یەعنی ئەوەی کە شەش مانگ و یەك ڕۆژە، ئەگەر گوتمان ساڵێك، ئەی ئەوەی ساڵێك و یەك ڕۆژە، بۆیە ئێمە بۆ حەسم کردنی مەوزوعەکە بۆ ئەوەی ئیستیقرار دروست ببێت لە قانونەکەدا پێمان باش بوو تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە لە کاتی جینوسادید، ئەمە رای پەیوەندیداریش بوو لە حکومەت بۆ ئەوەی حەسم ببێت، ئیستیقراری پێوە دیار بێت ماددەکە، سەبارەت بەوەی کە بگوترێ ئەو کەسە نێر بێ یان مێ، پێموایە کە گوتمان ئەو (کەس)ە بە موتلەقی هاتووە، هەمووی دەگرێتەوە و پێویست ناکات، وشەی کۆڕەوەکە ئەوە مانیع نییە ئەگەر لەلایەن لیژنەکانەوە دەتوانین ئیزافەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی (د.بەهار)، ئێمە لە لیژنە ئەو قسانەی کە ئەندامانی پەرلەمان کردیان بۆ پشتیوانی کردنی ئەو کەسانەی کە دواتر کەسێکیان لە دەست داوە، ئێمە زۆر بە جدی ئەم تەرحەمان کرد، ئەم داواکاریە لەلایەن کۆمەڵێك لەم کەسانەی کە دواتر دایکیان ماوە یان باوکیان ماوە، بەڵام بە هەر هۆکارێك بێ پاش ماوەیەك لە دەستیان داوە، دیفاعمان لەوانە کرد، بەڵام لەبەرامبەریشدا قسە لەسەر ئەوە بوو کە ئەم یاسایە بە خودی تاقانەکانە، ئەوانە ڕەمزێکی تایبەتن و ئیمتیازی تایبەتیان هەیە، بە جۆرێك لە جۆرەکان فراوانگردنی سنوورەکەی ئەم ئیمتیازاتانە بە شێك لە دیوەکەی ئەوان بەر تەسك دەکرێتەوە، غەدرێك دەکرێ، دووەم شت تەحدیدکردنی سنوورەکە وەکو (د.بەهار) گوتی وەزارەت بە ئێمەی دەگوت چ کاتێك، پاش چەند، هەیە پاش شەش مانگ مردووە یان پاش ساڵێك مردووە، یان پاش دوو ساڵ مردووە، تەحدیدکردنی کەمێك قورس بوو، هەروەها جگەلەوە لەوانەیە بەهۆی کە بەداخەوە زۆرجار ئەم حاڵەتانە بە لاڕێ دەبرێت، بەڵگەی ناراست دێتە دەرێ، شاهیدی ناراست دەدرێت، لەوانەیە سنوورەکەی فراوانتر بکرێ، بە داخەوە لەلایەن هەندێ کەسەوە، لەگەڵ ڕێزمدا، بۆیە ئەمە بۆچوونی وەزارەتی شەهیدان بوو، ئەگەر نا ئێمەش بە پەرۆش بووین بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان ناوت نەنووسی بوو، بەلاَم فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەلاَدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێم باشە لە کۆی ئەو پرۆژەیە لە شوێنی وشەی ئەنفال جینۆساید بەکاربهێنرێت، یاخود بە ناو ئەنفال، حیزبی بەعس هەشت ساڵ شەڕی دژ بە ئێران کرد بە ناوی (فرس المجوس)، بەلاَم رۆژێك لە رۆژان لە ئەدەبیاتی ئێرانیەکاندا نەیان گوت ئێمە (فرس المجوس)ین، ئێستا ئەنفالیش دژی شەعبێك دەدرێ کە ئەو شەعبە لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە، وەکو ئەوە وایە خۆمان ئیعتیراف بەوە بکەین، یانیش وشەی جینوساید بەکاربێنین، یاخود بەناو ئەنفال، وشەی ئەنفال نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنفالی تێدا نییە، جینوسایدە، بەڕێز مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله پرسیارێك هاتووە پرسیارەکە وەجیهە پێم خۆشە ئەگەر ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەین، ئافرەتێك کە کچێکی بچووکی هەبووبێتن بە بچووکی ئەو کچەی بەجێ هێشتبێت شووی کردۆتەوە، حاڵەتی ئەوهامان زۆرە، ئەو کچە بە تەنها ماوەتەوە دایکەکە لە ژیانە، بەلاَم شووی کردۆتەوە، ئایا ئەوەش بە تاقانە حیساب دەکرێت یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دواتر وەلاَمتان دەدەنەوە، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە برادەرانی لیژنەی یاسایی باسیان کرد بێگومان بۆ تاقانەکانی ئەنفال سەرجەم کوردستان ناگاتە (150) تاقانە، یەعنی لە (150) کەس تاقانە تێپەڕ نابێت، پێموابێت ئەمە رێژەیەکی زۆر نییە بۆ حکومەت ئەگەر لێرە و لەوێ ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر لە ماددەکانی دوای ئەوە هاتووە کە لیژنەیەکی پسپۆڕ بە سەرۆکایەتی دادوەرێك دانراوە بۆ لێکۆڵینەوە و تەحقیقی ورد لەوەی کە بزانی کێ تاقانەیە ، کێ تاقانە نییە ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو جۆرە تاقانەش کە باسمان کردووە دوی دایك و باوکیان ماونەتەوە ئەوانەش ئەژما بکرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای تەحدیدکردنی کاتمان نەکردووە ، دەڵێن گریمان کەسێك رزگاری بوو خۆی و براکەی ، دووکەس لە خێزانێك رزگاریان بوو ئەی ئەگەر براکەی هەر لە ئەنجامی دەرەنجامی کیمیا بارانەکە تیاچوو ، یەعنی لێرەدا لەو پێناسەیە نایگرێتەوە پێویست بە تەحدید کردنی کات ناکات شەش مانگ یان چەند ساڵ ، کەسێك تاقانەیە خۆی و برایەکی گریمان دەر چووە دوا تر براکەی هەر بەهۆی کیمیابارانکردنەکە گیانی لەدەست داوە مەشمول نابێ ، مو ستەفید نابێ بەپ ێە ئەم دە قە ، بەپێی ئەم پێنا سەیە ماف و ئیمتیازاتەکانی شێوەی دی جینۆساید ، بۆیە داوا دەکەین کە ئەمە ڕاستە لەوانەیە ئیشکالی تێبکەوێ ، بەڵام لە سنوورێك تەحدیدی بکەین یانی ئەم حاڵەتانە تایبەتن ، وەکو کاك محمودیش باسی کرد ڕێژەکە زۆر نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوا مولاحەزەم پێ باشە ، مەسەلەن تاقانەیە و یان ئەبێ بە تاقانە ، چونکە ئەبێ لەوانەیە دووان بن یەکێکیان بمرێ و ئەو بە تاقانە حیساب ئەبێ ، ئەبێ بە تاقانە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، با بزانین لیژنەی یاسایی ڕایان چییە ، فەرمووو بەڕێز کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئەبووایە وەزارەتی شەهیدان لەم دانیشتنە لێرە بووایە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆیان وتیان ڕێککەوتووین لەگەڵ لیژنەکە.....

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

بەڵێ ڕێککەوتووین ، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان موختەرەحات و ڕەئی تازە و باشیان هەیە ، زەرور بوو ئەزان وەڵام بدەنەوە ، بەڵام ئێمە وا لە خەتین لەگەڵیان ، وەزارەتی شەهیدان و ئێمەش وەکو لیژنە بە هەرسێ لیژنەکەوە مانیع نین لەوەی کەوا لەدواتر ئەوانەی کە تاقانە بوون بیگرنەوە ، بەڵام ئەبێ سەقفەکی زەمەنی دابنرێت ، یەعنی ئەوە ئەرکێکی قانونی و یەعنی مێژووییە باسی دەکەین ، سەقفێکی زەمەنی دانەنرێ یەعنی هیچ سوودێك بۆ ئیمتیازاتەکانیان نابێ ، جا سەقفەکە سێ مانگ دادەنێین ، شەش مانگ دادەنێین ، ساڵێك دادەنێین ، بەڵام لە نەتیجەدە بێ سەقفێك هەبێ ، قانونیش دائیمەن هەروا یە

بەشێك تێدا بێبەش دەبێ ، بەلاَم موهیمە زۆرترین کەس تێدا سوودمەندبێتن لە قانەندا ، بۆیە ئەگەر ئەمە بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی نەکەین سەقفێك ئەگەر پێتان باشە شەش مانگ یان ساڵێك هەردووکی بخەیەنە دەنگەوە ، ئێمە وەکو لیژنە ڕاوێژەك دەکەین ئەگەر روخسەتمان بدەی لەسەر چەند ڕێکەوتین بیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی مامۆستا مەڕوان کردی ، ئەو کەسە حیساب نییە بە پێی ئەم یاسایە ، نەخێر چونکە ئەگەر دایکی شووی کردبێتەوە مەعنای ئەوە نییە لە ژیاندا نەماوە و پەیوەندی بەوەوە نەماوە ، سەبارەت بە کۆڕەویش لە یاسای ژمارە (9) شەهیدان سەیرمانکرد ئەوەی کۆڕە و بە شەهیدی هاولاَتی حیسابە ، ئێمە باسی شەهیدی جینۆساید دەکەین ، بۆیە ناتوانین مەسەلەی کۆڕەو لێرە ئیزافە بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئێوە مشاوەرەی خۆتان بکەن ، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدلله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تەحدیدکردنی کات هیچ عەدالەتێکی تێدانییە ، من دوای شەش مانگ باوکم ئەمرێ ، دوای دە ساڵ ئەمرێ هیچ عەدالەت لە تەحدید کردنی کاتدا نییە یان ئەبێ ئێستا جێی ئەوانە بکەینەوە کە ئەبنە تاقانە لە داهاتوودا یان ئەبێ ئەم یاسایە بڕوا لە داهاتوودا بەهەمەئا هەنگی لەگەڵ وەزارەتی شەهیداندا پرۆژە یاسایەکی تر بۆ هەموان پێشکەش بکەین کە ئەوانیش بگرێتەوە ، ئەو دوو حەلەی هەیە بە ڕەئی من ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئاوازخان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من بە باشم دەزانی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزارەتی مەعنی داتا یەکیان لەبەر دەست بووایە بۆ ئەوەی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بەرچاو ڕوونیمان هەبوایە بزانین ژمارەی ئەو تاقانانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە چەند کەسن ، بەوەی کە ئێستاش پێشنیار دەکرێ ئیزافە بکرێ یەعنی بە ئەوانیشەوە بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی دەقی ئەو یاسایەی وا دیارە ئەو ماددەیەی ناوچە دابڕێنراوەكانیش دەگرێتەوە ، بۆیە پێموایە ئەو ڕێژەی كە باسی دەكەن دەبێ زیاتربێ لەوە ، چونكە ئێمە هەموومان دەزانین ناوچەی شنگال لەوانەیە بە دەیان كەس هەبێ كەس و كاری لە دەست دابێ دایك و باوكی ، بۆیە هیوادارم ئەوەش ڕەچاو بكەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفی حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تاقانەكان توێژێكی زۆر زۆر مەغدورن ، یەعنی زۆر زەحمەتە هیچ ئەندام پەرلەمانێك بتوانێ (5) دەقە گوێ لە مەعاناتی تاقانەكان بگرێ كە ئێمە وەكو لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵیان دانیشتین تەقریبەن (105) كەسن لە هەڵەبجە ، یەعنی حەقە ئەمانە یەك بە یەك مێژوویان بنووسرێتەوە لە یەك ڕۆژدا بێنە بەرچاوی خۆت دایك و باوك ، خوشك و برا ، مام و خاڵ ، نەنك و باپیری شەهید بوون خۆی بە سوتفە دەرچووە یان لە ماڵەوە نەبووە یان بە سوتفە لەوێ شەهید نەبووە و هتۆتەوە ، یەعنی مەعاناتیان زۆرە ئەمانە (30)ساڵە بەتەنیا ئەژین ، (30)ساڵە لە ماڵان ئەژین ، (30) ساڵە خەڵك بە خێویان دەكا ، كەس نازی نەكێشاون ، منداڵەكانیان ئێستا وەكو قسەی خۆیان كەس نییە لایان دابنێن كە یەكێكیان فەرماندبەر بێ ، نە پوری هەیە ، نە مامی هەیە ، نە خاڵی هەیە ، نە باپیری هەیە ، نە نەنكی هەیە ، یەكێكیان بۆی گێرایەوە تووشی صەرع بووە دوو ، سێ منداڵی بچووكی هەیە یەعنی تا ئەم وەبەرخۆدێتەوە ئەبێ منداڵەكانی لە چ مەئساتێكدابن؟ بۆیە واجبە لەسەر پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان ژیانێكی زۆر زۆر شایستە بۆ ئەمانە دابنێن ، ویسامێكیان بداتێ وەكو خەڵكی ڤێتنام ، حەقە ئەمە لە پایتەخت گەڕەكێكی زۆر زۆر تایبەتیان بۆ بكرێتەوە هەر ملەتێكی مەزلوم كە هاتە ئەو سنوورە ، هەر سەحافەیەك هاتە ئەو سنوورە ئەمانەیان پیشان بدەی بەرهەمی چوار كارەساتی زۆر گەورەن بۆیە بەناوی تاقانەكانی جینۆسایدەوەیە ، چونكە دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق ئیعترافی پێكردووە ، ئەگەر شەنگالیش لە مەو دوا ئیعترافی پێ بكرێت دەچێتە زمنی ئەمانەوە ، بۆیە هەرژی بۆیان بكرێ كە مەزیاد نییە لەم قۆناغەدا ئەمە بۆ ئەوەی تووشی ئیشكالاتی یاسایی نەبین ، لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی مەعنی شتێكی تارادەیەك باش ئەگەر دەوڵەمەندی بكەین دارێژراوە ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو بەهار فەرمووو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كاك دلێر كردی ، هەر ئەوەندە لە ڕووی عەددەوە هەتا ئەم ساتەوەختە (105) كەسن ، ئەوەی كە دێتە سەری تاوانەكانی شەنگال دواتر تەحەكوم دەكا ، بەڵام وەكو بەڕێزان داوای داتایان كرد هەتاوەكو ئێستا (105)ن ئەوەی كە لەبەر دەستدایە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك ئومێد قسەیەكت هەبوو فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجێكم لەسەر دیاری كردنی كات هەبوو ، لەگەڵ ئەو قسەیەم سەرباری پشتیوانی بۆ هەژماركردنی ئەو تاقانانەی ئەو برادەرانە باسیان كرد ، بەڵام ئیشكالێكی ترمان دێتە پێش دوای ساڵێك ، دوای دوو ساڵ ، دوای دە ساڵ ڕەنگە دوای پانزە ساڵ یەكێك لەو كەسانەی كەماونەتەوە كۆچی دوایی بكەن ، ئایا چۆن ئەوانە ئەژمار دەكرێن ، چونكە دوای دە ساڵیش دوو كەس ماونەتەوە یەكێك لەو دوو كەسە كۆچی دوایی ئەكات بە هەر ڕووداوێك ئەگەر دوای دە ساڵ یان پانزە ساڵ بێ ئەگەر بە عادیلا نە تەمەشای بكەی ئەبێ ئەژمار بكرێ ، بەڵام ئەگەر كات دیاری بكەی ئەبێ ئەژمار نەكرێ ، ئەگەر ئەم دەرگایە شت كردەوە بە دڵنیایی یەعنی سنوورەكەی دیاری نەكەی دەڕوا و ڕەنگە تا ماوەی (50)ساڵیش بەردەوام تاقانە زیاد بكا ، بۆیە ئەبێ ئەم ئیشكالییەتە لە یاساكە چارەسەر بكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو جەدەلی ئێوە لێرە بەڕێزتان باسی دەكەن ئێمە هەستمان پێكردووە بە جدیش باسمان كردییە ، ئەم قانونە زیاتر بۆ ئیمتیاز نییە ، زیاتر بۆ ڕێز لێنانە ، زیاتر بۆ ناساندنە ، زیاتر بۆ تەعویزكردنەوەی مەعنەوییە ، ئەو عەددەدەی كی كاك دلێروان باسیان كرد (105) كەسن بە ئێمەش وترا (158) كەسن یەعنی فی كل احوال لە (150) كەسەكە تێپەڕ ناكا ، بەڵام عەددەدەكەی تەحدید ناكرێ ، لەوانەیە زۆر زۆر زیاتر بێ یەعنی شتێك نییە لەبەر دەستمان بێ ، ڕۆژانەش دیار نییە لەبەر چاومان ، پێشنیار دەكەین وەك لیژنەی مەعنییەكان ئەم نیقاشە بە دەنگ دان یەكلا ببیتەوە ، یەكەم شت ئەسڵی مەشروعەكە بەم شێوەیەیە ئەمە ڕای لیژنەكانە ، ڕای لەگەڵ وەزارەتە بیخە دەنگەوە ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا ئەوا وەك

**خۆی دەمێنێتەوە ئەگەر ڕەفز کرا ئەو کاتە پێشنیاری ئەندامان بۆ ئەوەی مودەی شەش مانگ ، ساڵێك چەندیان پێ گونجاوە بۆیاساکە ئیزافە بکەین ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە ، دەرفەتان پێدەدەم ، کاك زانا قسەیەکت هەبوو فەرموو.**

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من لەگەڵ ڕایەکەی کاك گۆرانم ، مەسەلەی تاقانەکان ئەوان دەستکەوتێکی مەعنەویان هەیە بوونەتە سومبولێك ، ناکرێ ئەم سوموله زیاد بکرێ و کارێزمایەکەیان بەردەوام خەڵکی بچێتە سەر ، ئەوا ئەو کارێزمایەی کە هەیانە نایان مێنێ ، ئێمە ئەمانە نزیکەی هەیانە (30)ساڵە تاقانەیە ناکرێ ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێتە تاقانە ئیمتیازی بەقەد ئەوە بێ کە (30) ساڵە بە تەنیا ئەژی ، ئێمە لە هەموو دونیا وایە ئەوانەی کە لەدوای جینۆساید ئەبووە تاقانە جۆرێك لە سیمبولیان هەیە ناکرێ خەڵکی تریان بۆ زیاد بکرێ ، ئەوەی کە هەیە بە پێی یاسای تر بە شێوازی تر هاوکاری بکرێن ، بەڵام ئەمانە دەستکەوتێکی مەعنەوین ، سەروەتێکی مەعنەوین کە لە دوای قوربانی ، لەدوای جینۆساید بۆ ئێمە ماونەتەوە ، بۆیە زیاد کردنی ئەمە بە بڕوای من لە گەورەیی ئەوان کەمدەکاتەوە ، بۆیە گرنگە وەکو خۆی تەعامولی لەگەڵدا بکەین کە ئێستا هەیە دەبێ لە ئایندە بە پڕۆژە یاسای تر ئەم مەسەلەیە ڕێك بخەین ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس ، بزەبت ئەکرێ ، ئەبێ بە دیراسەکراوی بێ ئەو بابەتە ، دیارسە بکرێ بزانین چەندێکن ، چەند کەس ئەگرێتەوە ئەو کات بڕیاری لەسەر بدەین ، هەڵبەتە ئەوە ئەمێنێتەوە بۆ دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ، خاتوو بەهار فەرموو.**

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حەز ئەکەم لە ڕووی پڕۆتۆکۆلییەوانێ ئاماژە بە ڕوونکردنەوەیەك بدەم لە ڕووی عەدەدەکەوانێ کە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ خۆیاندا کرد لە هەڵەبجە وتیان (105) ، ئێستا باسی لێدەکا (158) بن بەپێی ئەو ڕێکخراوەی کە هەیانە ، دیارە قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە کە تاقانەکان هەندێکی تێکەوتووە ، هەندێك بە ئەوەی کە بەیاساکەشدا ئاماژەی پێدراو چارەسەری ئەوە کراوە کەس بە ڕێگایەکی نایاسایی خۆی بە تاقانە نەزانێت ، ئێوە لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەزانین تا ئێستا لە ڕووی ئامارەوە سەرجەم دام و دەزگاکانمان بە شێوازێکی گونجاو نییە ئامارەکانی ، بۆیە ئەو (105) و (158)ە تاکو ئێستا یەکلا نەبۆتەوە ، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە ، سوپاس ، دکتۆر عزت قسەیەکت هەبوو فەرموو ، دوا موداخەلە.**

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمەش وەكو لیژنەی دارایی پێشنیار دەكەین وەكو خۆی بخرێتە دەنگدانەوە ، ئەگەر دەنگی نەهێنا پێشنیارەكانی تر بخرێتە دەنگەوە ، لەبەر ئەوەی بە هەموو پێوەرێك ژمارەكان دیاری كراو بێت خزمەتی زیاتر دەكرێن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ماددەكە وەكو خۆی ئەخەینە دەنگەوە ئەگەر دەنگی نەهێنا دوایی پێشنیاری دووەم ئەوەیە كە داوای ئەوە كراوە ئەوانەی كاتی ڕوودانی تاوانەكە و دواتر دەبنە تاقانە بەمەرجێك لە ساڵێك زیاتر تێپەڕ نەبێت لە كاتی ڕوودانی تاوانەكانی جینۆساید ن ئەم دوو ڕایە هەیە ئەیخەینە دەنگەوە ، لە پێشان ئەسڵی ماددەكە ئەخوێنینەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگەوە تكایە بیخوێننەوە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (1):**

بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

تاقانەی جینۆساید: ئەو كەسەیە كە لە كاتی ڕوودانی تاوانەكانی جینۆسایدی دژ بە گەلی كوردستان، پاش شەهید كردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانەكەی، بە تەنها ڕزگاری بوبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟ (39) كەس لەگەڵیەتی ، كێ دژیەتی؟ (12) دژیەتی ، كەواتە پەسەنكرا.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**ماددەی (2):**

یەكەم: تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەكانی كچ و كوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، كە لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموار كراو دەقنووس كراوە.

دووەم: لەكاتی كۆچی دوایی تاقانەدا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەكرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید كە لە یاسای ئاماژە بۆ كراوی خاڵی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، بۆ وارسەكانی دەستەبەر دەكرێت.

سێیەم: وەكو ڕێزلێنان، ناسنامەیەكی تایبەتی بۆ دروست دەكرێت و مەدالیایەكی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، با ناوەكان بنووسرێ ئێوە ڕوونكردنەوە بدەن.

**بەڕێز فخرالدین قادرعارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی (2) دەکەن : سعید مەسیفی ، صالح فەقێ ، فەرهاد سەنگاوی ، بێستون فائق ، حسن صالح ، محمود عمر ، شێرکۆ حەمە امین ، انور قادر ، خلف احمد ، قادر وەتمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕوونکردنەوە ئەدەن بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە یە تایبە تە بە ماف و ئیمتیازات ، بۆ ئەوەی بەڕێزتان بەر چاوتان ڕوون بێ ئەم ماف و ئیمتیازاتانە لە یاسای وەزارەتی شەهیدان لە ماددەی (7)دا لە هەشت بڕگەدا بە واز حی نوو سراوە ، کەوا بریتی دە بێ لە یەکەی نیشتەجێبوون ، بریتی دە بێ لە کرێی خوێندن ، لەکاتی نەخۆش کەوتن لە مەسەلەی تەندروستی و چارەسەرکردن ، بەخشین یان لە سولفەی زەواج ، دامەزراندن ، کورسی خوێندن ، لەبەر ئەوە پێویست ناکا ئێمە ئەو خاڵانە هەموو دەرج کەین کە وتمان ئەو ئیمیازاتانەی بۆ ئەو کەس و کارانە هاتووە لە یاسای وەزارەتی شەهیدان هەمان شتە ، خودی پڕۆژە یاسایەکەش کە لەلایەن با بڵێین تاقانەکانەوە پێشکەش کرابوو ئەوان درجیان کردبوو ، بەڵام ئێمە لە ڕووی قانونی زەمانەتی ئەوە هەیە کە هەموو مافەکانیان لە ناو یاسای وەزارەتی شەهیدان ئاماژە پێکراوە ، بۆیە پێویستی بە تیکرار نییە تەنها ئاماژەمان بە بوونی ئەو مافانە کردووە کە ئەوانیش شمولی دەکەن بۆ زانیاری بەڕێزتان ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕوانگەی ئێمەوە وەکو لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان، کە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ نوێنەری تاقانەکاندا کرد، لەڕوانگەی ئەو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەو بەڕێزانە، ئەوان سێ کێشەی زۆر سەرەکیان هەبوو، کە پێویست دەکات ئێمە ڕەچاوی بکەین لەم یاسایەدا، یەکەم: مەسەلەی مووچەکانیان کە بگەڕێتەوە بۆ منداڵەکانیان، دووەم: مەسەلەی نیشتەجێبوون، سێیەم: ڕێزلێنانیان لەدامودەزگاکاندا، سەبارەت بە یەکەی نیشتەجێبوون ڕەنگە وەکو نەصێکی وازح نەهاتبێت، بەڵام ئێمە لەوەی کە وتوومانە کە لەیاسای ژمارە (9) ساڵی 2007 نووسراوە، وەك کاك گۆران ئاماژەی پێکرد، یەکەی نیشتەجێبوونی تێدایە، تێچووی

تەندروستی تێدایە، هەموو ئەو ئیمتیازانەی تێدایە، پێشینەی هاوسەرگیری، سوودمەند بوون لە خوێندن، هەروەها مەسەلەی ڕێز لێنانیش کە لە ماددەی سێیەم، جێگای کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە یاسایە ئەوەیە، ئەوانەی کە تاقانەی جینۆسایدن، ئەوەی کە مانگانە وەری دەگرن مینحەیە، کەخۆی نەما لەژیاندا، بەپێی ئەویاسا بەرکارانەی کە هەیە لە هەرێمدا ناچێت بۆ کەسوکارەکەی، ئەبێت لێرەدا وەکو برگەیەك لەماددەی $2$ چەسپێندراوە، ئەگەر تاقانە نەما لەژیاندا ئەو مووچەیەی کەهەیەتی ئەچێت بۆ کەسوکارەکەی، ئەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی دانانی ئەم یاسایە، لەوە زیاتر ئەو بەڕێزانە کەباسیان کرد، یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان زۆر ماددەی گرنگی تێدایە کە ئەمانیش دەگرێتەوە، وە ئەکرێت ماددەی تری بۆ زیاد بکرێت یان بەتەحدید باسی یەکەی نیشتەجێبوون بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەعید مەصیفی، فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید(مەصیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەماددەی دووەم برگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، تاقانە ئەگەر مووچەخۆر بێت لەهەر دامودەزگایەکی حکومەت، مووچەی کەسوکاری شەهیدەکەی نەبێتە ڕێگر، یەعنی ئەوە لەناو ماف و ئیمتیازاتەکان هەبێت، ئەوەی کەمووچەخۆر بێت لەهەر دامودەزگایەکی حکومەت پێویستە ئەو ماف وئیمتیازاتانەی کە لەیاسای ژمارە $(9)$ی ساڵی $2007$ کە هەیە، بۆ ئەو کەسە نەبێتە ڕێگر، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بیستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بیستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ماددەی دووەم، فەقەرەی یەکەم خۆی وایە، بەڵام بەڕای من پێویست ناکات کە تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف وئیمتیازاتەکان دەگرێتەوە، ئەوە بەڕای من زیادەیە، لەفەقەرەی دووەم، ئەصڵی ئەم یاسایانەی کە پێشکەشکراون، بۆ کەسێك پێشکەشکرا کە خۆی تاقانەیەو ئێستا منداڵەکانی مووچە وەرناگرن، بەڵام پێم وایە ئەو تاقانەیەش خۆی ئەو جۆرە تاقانەیە کە من باسم کرد، تاقانەکان تازە ڕۆشت تێپەڕی لەماددەیە یەکەم، بەڵام دوو جۆرن، $(158)$ کەسن، $(105)$ لەوانە لیژنە لەگەڵی

کۆبووەتەوە، ئەو تاقانانەن کە هەموو کەسوکاری تێداچووە، ئەو (50)یەی تریشی ئەوانەی ترن، نەفەرێکیان لەم دواییەدا گیانی لەدەست داوە، بەڵام ئەو تاقانەی کە لەئەصڵدا ئەم پرۆژەی بۆ پێشکەشکراوە، بەپێی ئەم یاسایە شمولی ناکات بەداخەوە، فەقەرەیەکی تر بۆ ئەم ماددەیە، بەڕای من زیاد بکرێت، من لەسەرەتای شەڕی داعشدا لەڕێگەی جەنابتەوە یاداشتێکم ئاڕاستەی وەزارەتی شەهیدان کرد، لەڕێگای ئەوانیشەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە، کە زیاتر لە (50)تاقانەمان لەبەرەکانی جەنگدایە، ئەمانە وەك ئەوەی کاك دلێر جوان وەسفی کردن، ئەمانە تاقانەن سومبولن، تەنها خۆیان ماون، یەعنی ناکرێت لەپێشی پێشەوەی بەرەکانی شەڕدا بن بۆ ئەوەی شەهید بن، ئەی دواتر منداڵەکانیان چی بکەن، تائێستا وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ، ئەوانیان لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ نەگەڕاندۆتەوە، بۆیە گرنگە بە فەقەرەیەك باسی ئەوە بکەین، یەعنی لێرەدا جێگای بکرێتەوە، ئەوانەی کە پێشمەرگەیە، یان لە هێزەکانی ناوخۆو هێزە چەکدارەکانن، ببەخشرێن لەبەرەکانی جەنگ، یان بهێندرێنە مەرحەلەیەك دواتر و لەپێشەوە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم خاڵی یەکەم، خۆیان لێرە بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێ بدرێت، یان پێی نەدرێت دەیانگرێتەوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئێمە ئاماژە بەوە بدەین کە ئایا حکومەت ئیلزام بکەین بەجێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە بۆیان؟، بۆ نموونە هەلی خوێند، ئەگەر کەسێك لەو تاقانانە بیەوێت بخوێنێت بەهەمان شێوەی ئەو تەعلیماتانەی وەزارەتی شەهیدان هەیەتی ڕەنگە نەگونجێت، ڕەنگە کاتێکی زۆری بووێت، ڕەنگە نەتواندرێت و جێگای نەبێتەوە، یان جێگای چەند کەسێکی کەم ببێتەوە، یان یەکەی نیشتەجێبوون، بەهەمان شێوە ڕەنگە تا سەرەی دێت یان کاتی دێت، بۆیە ئەوەی کە گرنگە، ئێمە بەم یاسایە حکومەت مولزەم بکەین لەماوەیەکی دیارکراودا هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کەهەیە لەو ماوە یاساییەدا بۆیان جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حسن صالح، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەماددەی دووەم، خاڵی دووەم، پێم وایە لەکاتی کۆچی دوایی تاقانەدا، ئەم تاقانەیە بە شەهیدی جینۆساید حساب دەکرێت لەوێ باس کراوە، سەرجەم ماف وئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید کە لەیاسای ئاماژە پێکراو خاڵی یەکەم، ئەم ماددەیە هاتووە، من پێم وایە وارسەکە دەستنیشان بکرێت کە کێیە؟،

**چونکە بەڕاستی ڕەنگە هەمووومان بینیبێتمان زۆرێك لەوارسەکانی شەهیدان جاری وا هەیە، مامی بووە ئەصڵەن هەر لای لێ نەکردۆتەوە لەو تاقانەیە، بەڵام ئێستا بە وارس بۆی حساب دەکرێت هەموو ماف وئیمتیازاتەکان دەدرێت بەو، بۆیە وەرەسە ماڵ و منداڵی بێت، یان هەر شتێك بێت دیاری بکرێت لەشوێنێك کە وەرەسە کێیە، بەتەسەوری من ساڵێکیش دیاری بکرێت کە ئەم تاقانەیە نەوە لەدوای نەوە هەر دەڕوات و زیاد دەبێت، لەشوێنێك ستۆپ بکرێت، کە تاکوێ ئەم تاقانانە دەڕۆن، ئەگینا وەختێك دێت مەملەکەتێکمان لە تاقانە بۆ دروست دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، کاك فەرهاد سەنگاوی، فەرموو.**

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە دەزانین تاقانەکان ژمارەیەکی کەمن، هی سەردەمێکی دیاریکراون، هی ڕووداوێکی دیاریکراون، لەئەنجامی شەڕو کارەسات کێشەیەکی زۆریان بۆ دروست بووە، کە باری دەروونیان زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی کە زۆریش نین، یەعنی ژمارەیان زۆر نیە، ئەکرێت دەزگایەکیان بۆ دروست بکرێت کە ئەو دەزگایە تایبەت بێت بەخۆیان، مەسەلەن دکتۆری نەفسی تێدا بێت، توێژەری کۆمەڵایەتی تێدا بێت، خەڵکی شارەزای تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئیشوکاریان بۆ ڕایی بکات، بەتایبەتی ئیشی دائیرەکان، کە زەلامێکی بێ ئیش و ساغیش بێت ئیشەکەی بۆ جێبەجێ نابێت تا ماوەیەکی دوورودرێژ، لە ئێران مەدالیایان بۆ دروست کردوون بۆ منداڵی شەهیدەکانی شەڕی عێراق و ئێران، لەهەر شوێنێك ئیشوکاریان پەکی بکەوێت لە دائیرەکاندا ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەن، بۆیە من پێم وایە ئەو مەدالیایە هیچ نرخێکی نامێنێت یەعنی ئەگەر ئەو قیمەتەی نەبێت کە لەشووێنان بەکاری بهێنن، مەدالیایەك بەس بۆ جوانی چ نرخێکی هەیە، ڕەنگە ئەو سەعاتە خۆش بێت کە پێیان دەدرێت یان بەکار دێت، بۆیە لەبەر ئەوەی کە ژمارەیان زۆر نیە، پێویستیان بە دەزگایەکە کە خەمی ئەو (150)کەسە بخوات، لەهەموو مەجالەکانی کێشەکانیان کە دەیان بێت، بەتایبەتی مەسەلەی نەفسی، خۆمان دەزانین کە مەسەلەی دکتۆری نەفسی لای خۆمان گرنگی پێ نادرێت، ئەوانیش کێشەی دەروونیان زۆرە، بۆیە پێم وایە پێویستیان بەدەزگایەك هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێز محمود حاجی عمر، فەرموو.**

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من خاڵی یەکەمم داوایەکی تاقانەکانە کە ڕاستەوخۆ ئەیگوێزمەوە بۆ ئێرە، ئەوویش ئەوەیە پرسیاریان کردووە لە ڕابردوودا حکومەت جگە لە مووچە فەرمیەکە، مینحەیەکی بچووکی بۆ داناون، کە بەداخەوە**

ماوەیەکی زۆرە ئەو مینحەیە بڕاوە، داوا دەکەن ئەو مینحەیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەمە جگە لە مووچەکەیان، وەکو جۆرێك لە ئیمتیازات، خاڵی دووەم: سەبارەت بەناسنامەی باری کەسێتی و مەسەلەی نفوس، وەك بینیمان و بیستمان لەڕابردوودا لەیەك، دوو ساڵی ڕابردوودا، تاقانەی ئەنفال هەبوو دوو ساڵ سجن کرا، لەبەر نفوسێکی کە لەسەر خزمێکی دەری کردبوو، چونکە کەسی نەمابوو، نەباوك، نە دایك، وەرەسەی هیچ نەمابوو، بۆیە ناچار پەنای ئەبرد بۆ کەسێك تا کارتی بایع و ئەو شتانە دروست بکات، ئەچوو نفوسی تەزوویری دەرکرد، لەنەتیجەی ئەم تەزوویرە گیرا تاچەند محاوەلە کرا، ئیعلام تەداخولی کرد، ئینجا لەڕێگای سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەم کەسە نەجاتی بوو، بۆیە ئەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، سەبارەت بە یاسای باری کەسێتی، شتێکیان بۆ تەدبیر بکرێت تا ئەمانە بتوانن نفوس دەربکەن، جنسیە دەربکەن، پاسپۆرت دەربکەن، تا ئەمانە بێبەش نەبن لەو شتانە، خاڵێکی تر پشتیگری قسەکانی کاك بێستوون ئەکەم، لەڕابردوودا زۆر قسەمان لەسەر تاقانە کرد، تاقانە چ لە سلێمانی، چ لە گەرمیان، چ لە بادینان و دهۆك و شوێنەکانی تر، بەداخەوە لەم شەوانە تاقانە شەهید بووە، ئەو بڕیارە دەرچووە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بۆیە دەست بەجێ پێویستە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك خەڵەف ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد شاتوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك بێستوون فائق کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لەقسەکانی کاك بێستوون ئەکەم، لەڕاستیدا ئەوەی کاك فەرهادیش وتی نازانم، ئەگەر بکرێت ئەوەی کە دەڵێت لایەنە پەیوەندیدارەکان، مەسەلەن وەزارەتی شەهیدان ناچار بکرێت کە ئەوە بکات، ئەوەی وارسیش حەز ئەکەم ئەوەش ڕوون بکەمەوە، ئەوەی کە تا چەند نەوە ئەگرێتەوە، خاڵی ئەخیرم، تێبینیەکی زمانەوانیە، دووجار وشەی تایبەت هاتووە، هەم لەگەڵ ناسنامەکە، هەم لەگەڵ میدالیاکە، بەتایبەتی ئەوەی میدالیاکە پێم وایە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانم کران، بەس لەسەر بڕگەی دووەم کە تاقانە لەدوای کۆچی دوایی کردنی بەشەهیدی جینۆساید لەقەڵەم دەدرێت، ئەمە جیاوازە لەو پێناسەیەی کە لەیاساکەدا هاتووە، لەوانەیە تەناقوز دروست نەکات، چونکە ئەو کاتە ئەتوانین ئێمە بڵێین ئیستیسنایە، یاخود ئەم یاسایە بەپێی کاتی دەرچوونی تازەتر دەبێت لە یاسای ژمارە (9)بۆیە کار بەوە دەکرێت، بەڵام ئەگەر بکرێت بۆ ئەوەی پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەو پێناسەیە نەبێت کە بۆ شەهیدی جینۆساید کراوە، ئەگەر هیچ چارەسەرێك هەبێت دوای دیراسەکردن، بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە باشترە، بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەو دەقە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك انور قادر، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف وئیمتیازاتی کوڕ وکچی شەهیدی پێ دەدرێت، ئەمە زۆر لەجێگای خۆیەتی کە لەماددەی یەکەم ئەمە بڕاوەتەوە، کەتاقانە کێیە؟، بەڵام من وا تێدەگەم کە ماددەی دوو، بڕگەی دوو ئەمە مەفهومە کە ئەو مافە هەیە، کەواتە شتی تازە هەیە لە بڕگەی دووەمدا، خۆی شەهید لای من کەسێکە کە بەهۆی کیمیاباران و جینۆساید و ئەنفالەوە شەهید بووبێت، یان لەسەنگەری بەرگریدا دژی بەدوژمنانی کوردستان لەپێناو گەل و نیشتمان شەهید بووبێت، یان هەر حاڵەتێکی تر کە بەدەستی داگیرکەرو دوژمنانی کوردستان شەهید بووبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو تەلار لەتیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك بێستوون و کاك سەعید مەصیفی ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانەی کە دەردەچێت لە پەرلەمانی کوردستان، پێویستە بەشێوازێك بن کە مافەکان پارێزراو بن، لەهەمان کاتدا دوای جێبەجێ کردنی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ نەکرێت، وە مەتاتی نەبێت، بۆیە گرنگە ئەو خاڵانە تەسبیت ببێت لەیاساکەدا لە ئێستادا، پشتگیری تەواوی قسەکەی کاك فەرهادیش دەکەم، لەکردنەوەی ئەو سەنتەرە، چونکە گرنگە بۆ لایەنی دەروونی، هەروەها تەندروستی و لایەنەکانی تریش، بەتایبەتی وەکو ئاماژەی پێکرا کە ژمارەیەکی کەمن بۆیە کردنەوەی ئەو سەنتەرە زۆر زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان چیە لەسەر قسەی ئەندامانی بەڕێز؟، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئەگەر مووچە خۆر بێت، لەهەر دامودەزگایەك مووچەی تاقانەکەی نەبێتە ڕێگر، ئەوە ئەگەر هەردووکیان مووچە بن ئێمە ناتوانین بەیاسایی بکەین لێرەدا، سەبارەت بەوەرەسەکان کە دیاری بکرێت، بەڕێزان وارس لە یاسای ئەحوالی شەخصی دیاری کراوە، دەرەجەی قەرابە هەیە، هەرکاتێك دەرەجەی قەرابە هەبوو حەجبی دەرەجەی قەرابەی دوای خۆی ئەکات، بۆ نموونە دەرەجەی قەرابەی یەك هەیە دوو هەیە سێ هەیە، ژن، منال، دایك، باوك ئەمانە دەرەجەیان یەکە، هەرکاتێك ئەم دەرەجە لە حەیات هەبوون، حەجبی دوو ئەکەن، کە بریتیە لە خوشك و برا، هەرکاتێك دوو هەبوو حەجبی سێ یەکات، کە بریتیە لەمام و خاڵ و پور، بۆیە کە ئێمە ئەڵێین وارس قانوون خۆی دیاری کردووە، کە یەك هەبوو هەجبی ئەوانی تر ئەکات، واتە ناهێڵێت ئەوانی تر بەریان بکەوێت، بۆیە پێویست ناکات ئێمە لێرەدا وردی بکەینەوە، یاسا دیاری کردووە، سەبارەت بەماددەی دووەم بڕگەی دووەمی کە هەمان مەفهومە، ببورن نەخێر هەمان مەفهوم نییە؟، چونکە خۆی داواکاری تاقانەکان بۆ بڕگەی دووەم بوو بەتایبەتی، تۆ ئەڵێیت لەیەکەمدا تاقانەی جینۆساید ماوە تۆ ئیمتیازاتی کوڕ وکچی شەهیدی جینۆسایدی دەدەیتێ، لەدووەمدا مردووە، خۆی کە ئەمرێت بۆ وارسەکانی حساب دەکرێت کە ئەمە شەهیدی جینۆسایدە، بۆیە دوو شتی جیاوازن، وەکو یەك نین، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە تاقانەکان لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەشداری پێ نەکرێت، ئێمە پیمان وایە کە بڕیارێك هەیە سەبارەت بەوە پرۆژە یاسایەکی تریش پێشکەش کراوەتەوە سەبارەت بەوە، بەڵام پێمان خۆشە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە ئایا ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت یا نا؟ ئەگەر دەنگی هێنا ئێمە سیاغەمان بۆ ئامادە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز خاتوو (بەهار) فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە تاقانەکان نەبە نە بەرەکانی جەنگ ئەوە بڕیاری سەرۆکایەتی ( هەرێم)، بەڵام بە داخەوە ئەوە حاڵەتە لە هەندێك حاڵەتدا جێبەجێ نەکراوە، سەبارەت بە واریس دکتۆرە بەهار ئاماژەیان پێداوە کە ئەوە دیاری کراوە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم و دووەم، ماددەی یەکەم : ماف و ئیمتیازەکەیە بۆ کە سەکەی خۆی، بەڵام ماددەی دووەم : چارە سەری نەوەکانیان دە کات، یەعنی کێ شەی نەوەکان کە کێشەیەکی خۆیانە کە مو چەکانیان وە کو ئاماژە یان پێداوە دەرما ڵەیان ناگوازرێ تەوە بۆ ئەوان بۆ یە بە

شێوازێك دا مان ڕ شتووه  كه وه كو  شه‌هید  هه‌ژمار ده‌كر ێت،  بۆ  ئه‌وه‌ی  ئه‌و موو چه‌ی  كه هه یه  ئه‌و هاوكارییه‌ی كه هه‌یه كێشه‌ی نه‌وه‌كانیان چاره‌سه‌ر بكرێت و بۆ نه‌وه‌كانیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شكریه فه‌رمووو.

**بەڕێز (شكریه) اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا پێ ده‌چێت دكتۆره به‌هار له مه‌به‌ستی ئێمه تێنه‌گه‌یشتبێت  كه ئێ‌مه ده‌ ڵێین مه‌به ست  له واری‌سه‌كان، ئێمه ده‌زانین قه‌رابه چه‌ند پله‌یه‌كی هه‌یه ده‌ره‌جه (یه‌ك، دوو، سێ) به‌ڵام ئێمه ده‌ڵێین بۆ نموونه ده‌ره جه (یه‌ك) نه‌ما ده‌ره‌جه (دوو) نه‌ما ئایا ده‌ره‌جه ( سێ) ده‌كر ێت مو چه‌ی وه‌رگر ێت  پاش  ئه‌وه‌ی  كه ده‌ره جه (یه‌ك) و (دوو) نییه؟ ئێمه مه‌به‌ستمان ئه‌وه‌یه كه ئایا ده‌ره‌جه كه‌ی  یه‌ك و دوو كا مه ده‌گرێ تەوه،  یه‌عنی ئێمه ده‌زانین شێوازه‌كه به‌و شێوه‌یه هیوادارین روونكردنه‌وه‌ی زیاتر بده‌ین و بابه‌ته‌كه لێمان وه‌رگرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه، سوپاس، دكتۆره (به‌هار) وه‌ڵامت هه‌یه؟ فه‌رمووو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كه ئێمه د یاری ب‌كه‌ین  كه  كێ و  كێ وه‌ری بگر ێت ئه مه مه سه‌له‌یه‌كی  تره  كه تای‌به‌تی بكه‌ین ئه‌توانین بڵێین به‌س پله یه‌كه‌كان بو واریسه پڵه یه كه‌كانی  ئه‌و كا ته  به‌س ژن و م‌نداڵ و دا یك و باوك ئه‌گرێته‌وه، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌وه‌ی  كه ئێ‌مه واری‌سه‌كان ده ست نی‌شان ب‌كه‌ین  ئه‌وه  گوتم ده‌ره جاتی هه‌یه له قانونی ناوخۆی دیاری كراو، ئێمه وازی لێ بینین هه‌ر كات ێك  كه ده‌ره جه  یه‌كی  نه‌ما  با ده‌ره جه دوو وه‌رده‌گرین ئه‌وه نییه‌ته‌كه یه ده‌وری  ئه‌بینێت ئێ‌مه نی‌یه‌تمان ئه‌وه یه  كه ئا یا ده‌ره جه ( یه‌ك)  نه‌ما ده‌ره‌جه (دوو)ش وه‌ری بگرین؟ یان هیچ حه‌صری بكه‌ین له ده‌ره‌جه (یه‌ك)دا ئه‌وا ئه‌توانین ب‌ڵێین واری‌سه پڵه یه‌كه‌كان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

به‌رێز كاك گۆران فه‌رمووو.

**بەڕێز (گۆران) ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای ئه‌ندامان ئه‌وانه‌ی كه گوتی زه‌رووره و روونكردنه‌وه‌ی له سه‌ر هه‌یه پێوی‌سته  بزانین وه‌رده‌گر ێت  یان نا ئه‌وه رای كاك (بێستون) زۆر ده‌قیقه و كه به‌شێك له ئه‌ندامان پشتیوانیان لێكرد كه تاقانه‌كان به‌شداری پێ‌شه‌وه‌ی  جه‌نگ نه كه‌ن،  به‌ڵام  ئه‌و را یه ده‌ب‌ێت بخرێ ته ده‌ن‌گه‌وه  كه ئا یا ز یاد ده‌كر ێت  یان  نا؟  به‌ڵام پرسیاری ئه‌ساسی ئه‌وه‌یه كه له رووی قانونی بڕ یاری  سه‌رۆكایه‌تی  هه‌رێمی كورد ستان هه یه و بڕ یارێكی

مولزەمە، ئەگەر ئەم بڕیارە جێبەجێ نەبێت قانونیش جێبەجێ نابێت، ئەگەر ئەم بڕیارە پەرلەمانتار نەیتوانی موحا سەبەی حکو مەت و لایە نە پەیوەند یدار بکات بە لای کە مەوە دە لێین بۆ چی جێ بەجێ ناکەن؟ بە هەمان شێوەش یا ساکەش هەمان مەرتە بەی هە یە و ئە مە شتێکی تایبە تە، بەڵام ئێمە وەك لیژنە پەیوەندیدارەکان بو تەئکید، یەعنی بیخەینە دەنگەوە مانیعمان نییە ئەگەر زیاد بکرێت، بەڵام قسەش لە سەر ئەوە هەیە کە بڕیارێك هەیە و پێشنیارێکی دیکەی کرا لای کاك ( فەرهاد) و برادەرانیش پشتیوانیان لێ کردوون بۆ چارە سەر کرد نی باری دەروو نی د یارە ئێمە دوا یی راو یژ لە گەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەوانە بە هۆی تەنیا بوونیان لە وانە یە زەختێکی نەفسیان لە سەر بێت ئەم نەسەمان نووسیوە، ئەگەر ئەو هەدەفە بپلکێ و لە سیاغە گۆنجاو بوو دە کرێ دوا تر پێ وەربگرێ و پلەی چاودێری کردنی باری دەروونی تاقانەکان و چارە سەر کردنیان لە ڕێگە یەکی کرد نەوەی سەنتەری تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عزت صابر فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە موناقەشەی واریس تۆی ئەوت تاقانە، تاقانە، یەعنی (دایك) و (باوك)ی نەماون کە (دا یك) و (باوك)ی نەما بێ واریسی پێ یە و هاوسەرەکەیەتی و منداڵەکانییەتی کە بە دەنگدانی پەرلەمانتاران لە سەر ئەوە بێ دوایی منداڵ و هاوسەرەکەی بدرێ بە مام و خاڵ و کەس و کارەکەی یان نا؟ ئەتوانین بەوە چارەسەری کەین و بڵێین بە واریسی دەرەجە یەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك (محمود حاجی عمر) فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا وەکو ئێستا (کور) و (کچ)ی ئەنفال هەیە بە ناوی (باوك) و (دایك)ی خۆی نییە لە نفوس، بۆیە ئە مە پرسێکی گرنگە و زۆریش خەتەرە، بۆیە دەبێ ئەوە بکەین، منداڵ و کەس و کاری ئەنفال هە یە بە ناوی کەسێکی تر بە ناوی دایك و باوکێکی ترە ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر لە تەحدید کرد نی واریسە و حەقی ئێمە دەقیق بین ئایا نەوەی خۆی بڵێین (کور) و (کچ)ی خۆی، نەك سبەینی (مام) و (خاڵ) و کە سێکی تر بێت، بۆیە کێشە دروست دەبێت، بۆیە پێویستە دەبێ واریس تەحدید بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشداری کردنی تاقانەکان لە شەڕەکاندا لە راستیدا راستە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام بڕیار و قانون یەك مەرتبەیان نیەه، بەڵکو سیلەمی قانونی وا پێشان دەدات کە قانون بەرزترە، بەڵام لە حوکمی جێبەجێ کردندا یەك قووەتیان هەیە من پێشنیار ئەکەم ئەو بۆچوونەی کاك (بێستون) و کاك گۆران ئاماژەیان پێکرد بە ماددەیەکی جیاواز لە قانونەکە دیاری بکرێت، چونکە دوور نییە لە ئایندە تووشی شەری تر بچێتە هەرێمی کوردستان، شەری ناجوری تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز (بێستون) فەرموو.

**بەڕێز بێستون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها روونکردنەوەی لە سەر واریسی تاقانەکان خۆی، مەبەستی ئەم پرۆژەیە یاسایە بۆ ئەوەی تاقانە نییە ئەوەی کە هاولاتیان پێناسەیان کردوویە ئەوەیە کە کەسییان نییە برای نییە خۆیشکی نییە بابی و دایکی نییە ئەمە کە شوو کردووە و ژنی هێناوە کۆمەلێك منداڵی هەیە کە خۆی لەم ماوانە مەسەلەن کە گیان لە دەست ئەدات و لە ژیاندا نامینێ ئێمە کێشە لە گەڵ منداڵەکانیان هەیە منداڵەکان بە پێی یاسا ناتوانن مووچەی باوکیان وەربگرن یان دایکیان وەربگرن کە ئەویش واریسی کەس و کارەکەی خۆیەتی، بۆیە لێرە ئێمە تەنها مەبەستمان منداڵەکانە تاقانە کەسی تری نییە واریسی نییە ئەصڵ بۆ منداڵ و خێزانەکەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا (حسن صالح) فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك (بێستون) کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆرە (بەهار) فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە واریسەکان پێمان باشە ئێمە وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان واریسەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە لە قانوونی ماف و ئیمتیازانی شەهیدانیشدا دەست نیشان کراوە کە واریسی شەهید کێ و کێ ئەگرێتەوە و پێمان باشە ئەم ماددەیە بە هەر سێ بڕگەکەی خۆی بخرێتە دەنگدانەوە بۆ زیاد کردنی ئەوە

بیخەینە ماددەیەکی دەنگ لە سەر ئەوە بدرێت ئایا ئەم ماددەیە زیاد بکرێت یان زیاد نەکرێت کە نەبرێنە بەرەکانی جەنگەوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کەمێك چاوەرێ ئەکەین تا ئینصات تەواو بێت (53) کەس لە هۆڵی پەر لەمانن، مادده یەکی تر موناقەشەی ئەکەین، ئەگەر دوایی ئینصات هەبوو ئەم ماددەیەش دەنگدانی لە سەر ئە کەین و ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ : پشت راست کردنەوەی تاقانەی جینۆساید لە ر ێی لیژنە یەکی پ سپۆر لە وەزارە تی کارو باری شەهید و ئەنفالکراوەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە (یەك) دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەرێزانە گفتوگۆ لە سەر ماددەی (سێ) دەکەن، (بێستون فایق، محمود عمر، حاجی کاروان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك (بێستون) فەرموو.

**بەڕێز بێستون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکە مدا پێنا سەی تاقا نەمان کرد و لە قائیم ەی وەزارە تی شەهیدان و کارو باری ئەنفالکراوەکانیش هەموو کەس و کارێکی ئەنفال یان شەهید یان جینۆ سایدی خۆی ژ مارەی خێزا نی و ژمارەی قوربانییەکانی نووسراوە، واتە وازیحە لە وێ کێ تاقانەیە کێ تاقانە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت : ئەم پ شت را ست کرد نەوە بۆ ئەوە ب ێت کە کە سانێك کە لە بەر هۆیەکی ترەوە تاقانە بۆ بێت ئەم یاسانە نەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك (حاجی کاروان) فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

پێم باشە وەزارتی تەندروستیشی تێدا بێت لە ڕێی لیژنەیەکی پسپۆر لە هەر دوو وەزارەتی کارو باری (شەهیدان، تەندروستی)، چونکە ئێستا خەڵکێکی زۆر هەیە وا وردە وردە ئەدوزرێنەوە بە تایبەتی ئەوانەی لە کاتی کیمیا باران لە هەڵەبجە بوون لەوانەیە تاقانە بێ ئەو کاتە ئەگەر وەزارەتی تەندروستی تێدا نەبێت ئیشکالیات دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەیەکتان هەیە؟ بەڕێز دکتۆرە (بەهار) فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی دانانی ئەم ماددەیە تەواو وەك ئەو مەبەستەیە کە کاك (محمود) گوتی، یەعنی تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەوانەی کە بە ڕێگەیەکی تر ئەیانەوێت خۆیان بە تاقانە بناسێنن نەتوانرێ لیژنەیەك هەبێ بۆ کۆنترۆڵی ئەو کارە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك (ابوبکر) فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەم ماددەیە یان بە ماددەیەکی تر ئەم یاسایە پێویستی بە ڕێنمایی هەیە، یەعنی ئەبێ بڵێین لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجی کردنی ئەم یاسایە دەرکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەك ئەڵێین وەزارەت.

**بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی:**

بەڵێ وەزارەت، بۆ نموونە ئەبێ تەعەود بێ ئەو کەسە مەسەلەن لە لای کاتب عەدل کە زانیاری لا یان ڕاستە، لە بەر ئەوە ڕێنمایی پێویستە بۆ ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئەوە دەبێت بە ماددەیەك کە زیاد بکرێت، بەڕێز دکتۆر (عزت) فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وتەکانی کاك (بێستون) راستە وەزراەتی (شەهیدان) سەرجەم ئامارییان لایە، بەڵام ئێمە وەکو کەسێکی ئەندام حەدەسەیەکی تازە دروست بووە، بۆیە گرنگە ئەو ماددەی کە دانراوە بە سەرپەرشتی دادوەرێکی پلە (یەك) دڵنیایی بکرێتەوە کێ تاقانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوو موناقەشە ئەکەین، ماددەی چوار.

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە لە دوایی ئەمە ئەحکامە کۆتاییەکانە، بۆ ئەوەی ناچینە ئەوێ لە بەر ئەوەی دەنگدان ئیندصات نییە، پێمان باشە ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە کە ئەوە زیاد بکرێت یان نا؟ چونکە شوێنەکەی ئێرەیە، ئەگەر زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش دوایی ئەخەینە دەنگەوە، ئەخەینە ئێرە ئەوە کە دوایی ئیزافە بکرێت، باش نییە ئێستا بچینە ماددەی چوار.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار : پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو بەڕێز (کاك سالار).

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی پرسی تاقانەکان لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیداندا موعالەجە نەکراوە و لە یاسای وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان خۆشی موعالەجە نەکراوە ئەم بابەتە ئەبێ رێنمایی بۆ دەربچێت، بۆیە پێش ئەم ماددەیە ئەوەی کاك (محمود حاجی عمر) فەرمووی کە ئەم یاسایە پێویستی بە رێنمایی دەرکردنە بەڵێ پێش ئەم ماددەیە ئەوە عەرز بکەین لە رێگەی لیژنەی قانونییەوە ئەو ماددەیە سیاغەی بکەین کە رێنمایی بۆ یاسایەکە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی دەربکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، پێم وا بێت ئەكرێتە دوایی ئەمەوە ئەكرێ جێبەجێ بكرێ و ئە شكرێ دە مج بكرێ، با شە، ئەكرێ وەزارەتی شەهیدان جێبەجێ بكەن و وەزارەتی شەهیدانیش ڕێنمایی بۆ دەربكات، با شە، كە سی تر قسە نییە لە سەر ئەم ماددەیە؟ بچینە سەر ماددەی پێنج.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج : كار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناكرێت یان كۆ بێت لە گەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسە هە یە لە سەر ئەم ماددە یە؟ كەس نی یە قسە لە سەر ئەم ماددە یە، كەوا تە دوا یی ئەیخەینە دەنگەوە، ماددەی شەش.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەش : ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنا مەی فەرمی ئەلوەقایعی كورد ستان جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسە هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، كەواتە دوایی ئەیخەینە دەنگەوە، هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە كە بە مەبەستی ڕێز لێنانی زیاتر و دابین كردنی ژ یانێكی شای ستە بۆ تاقانەكانی جینۆساید ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسە هەیە لە سەر هۆیەكانی دەرچوواندن؟ بەس كاك (صالح فەقێ) یە فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە تایبەت بوو بە ماف و ئیمتیازات كە ئێمە قسەمان لە سەر كرد وترا جێگر نەكرا تەنها ئەوەی كە لە یاسای ژمارەی نۆی ساڵی (2007) دایە خۆشیان ئەوانە ئەگرێتەوە هیچ حاڵەتێكی تای بەتمان نەداوە بە مانا لەم یاسایەدا، كەواتە پێویستە هۆیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە تەنها ڕێز لێنان و لایەنی مەعنەوی بیت، بۆیە هیچ شتێكمان بۆ دابین كردنی ژیانێكی شایستەمان بۆیان نەكردوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان؟ خاتوو (شوكریە) ببورە، فەرموو.

**بەڕێز شوكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەمەی بۆ زیاد بكرێت لە هۆ یەكانی دەر چوواندن و قەرەبوو كرد نەوەی لە رووی ماددی و مەعنەوی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس. بەڵێ دكتۆرە (بەهار) فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دابینكرد نی ژ یانێكی شایستە دە بێ بمێنێ لە هۆكارە كانی دەر چوواندن، چونكە ماددەی و مەعنەویە یە، چونكە جاران مەشمول نەبوون بەو مەعاشە، جگە لەوە كە لە كاتی فە قەرەی دووەم بە تایبەتی كاتێ كە كۆچی دوایی دەكات ئەم یاسایە وای لێ دەكات كە بە شەهیدی جینۆ ساید ئەژمار بكر ێت، بۆ واریسەكانی مەعاش هەبێ، بۆیە لایەنی ماددی و مەعنەوی تیایە، كە دەڵێین دابین كرد نی ژ یانێكی شایستە، ماددی و مەعنەویشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەمێك چاوەڕێ دە كەین تا نیساب تەواو دە بێ، ئێستا نیساب تەواوە، لە ماددەی دووەوە بیخوێنەوە، ماددە كە بخوێنەوە، دوا یی ئەو ماددانە شی كە پێویست دە كات ز یاد بـ كرێن، ئەوا نەش دەخوێنیـنەوە، دەیخەینە دەنگەوە، ماددەی (2) بخوێننەوە، با بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەیەك هەیە دەمانەوێ لەسەر ماددەی (2) زیادی بكەین، بۆیە ئێستا ئەو بڕگەیە دەخوێنیـنەوە، ئە گەر دەنگی هێنا دەبێتە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (2):

چاودێری كردنی باری دەروونی تاقانەكان و چارەسەر كردنیان لە ڕێگەی كردنەوەی سەنتەری تایبەت.

ئەوە بە بڕگەی چوارەم زیاد بكرێ بۆ ماددەی (2)، بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كێ لەگەڵیەتی؟ (54) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە دژی بێ، كەوا تە پە سند كرا، كۆی ماددەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (2) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: تاقانەی جینۆساید سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکانی کچ و کوڕی شەهیدی جینۆسایدی دەبێت، کە لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموار کراو دەقنووس کراوە.

دووەم: لەکاتی کۆچی دوایی تاقانەدا، بە شەهیدی جینۆساید ئەژمار دەکرێت و سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی جینۆساید کە لە یاسای ئاماژە بۆ کراوی خاڵی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، بۆ واریسەکانی دەستەبەر دەکرێت.

سێیەم: وەکو ڕێزلێنان، ناسنامەیەکی تایبەتی بۆ دروست دەکرێت و مەدالیایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت.

چوارەم: چاودێری کردنی باری دەروونی تاقانەکان و چارەسەر کردنیان لە ڕێگەی کردنەوەی سەنتەری تایبەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە کرا دەبێ ببێتە ماددەی (3) بەو شێوەیەیە:

ماددەی (3):

ئەو تاقانانەی کە کارمەندی هێزە چەکدارەکانن لە کاتی شەڕدا نابێت بنێردرێنە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە بە ماددەی (3) زیاد بکرێ؟ تازە خرایە دەنگەوە کاك أبوبكر، باشە، دوایی دەیکەین بە هێزە چەکدارەکان، باش، (52) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (4)، مامۆستا رابون، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سوهراب لە ژوورەوە نەبوو، حەز دەکەم تەئکید بکەمەوە ئەو ماددەی کە ئێستا دەنگمان بۆ دا نیسابی قانونی هەبوو یان نەبوو؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیسابی قانونی هەبوو، بێ کاك سوهرابیش نیسابی قانونی هەبوو، باشە سوپاس.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

دەستخۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەنگدانەی کە کرا بۆ قبوڵکردنی ماددەکە بوو، جارێکی تر صیاغەکە دەخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئەوە قبوڵ کرا، ئێستا دەخرێتە دەنگدان.

ماددەی (3): ئەو تاقانانەی کە کارمەندی هێزە چەکدارەکانن لە کاتی شەڕدا نابێت بنێردرێنە بەرەکانی شەڕ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (53) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (4): پشتڕاستکردنەوەی تاقانەی جینۆساد لە ڕێی لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتە کاروباری شەهید و ئەنفالکرلوەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك حاجی کاروان، قسەیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری تەندروستیمان کرد، چونکە زۆر کەس پێویستی بە فەحسی (DNA)ی هەیە، خۆ وەزارەتی پێشمەرگە نایکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز د. بەهار محمود، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باری دەروونیمان ئیزافە کرد، سەبارەت بە تێچوونی نەخۆشی لە ئیمتیازاتەکانی شەهید دا هاتووە کە ئێمە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (2) وتوومانە هەموو ئیمتیازاتەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخیل کردنی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی (DNA) یەوە پیشان بدرێ ئەو تاقانە یە لە چ خێزانێ کە؟ پ شکنینەکە لە ڕێ گەی وەزارە تی تەندرو ستی دە کرێ، ئەو تی مەش سەر بە وەزارە تی تەندروستییە، بۆیە ئەوەندەی وەزارەتی تەندرو ستی گرنگترە، بە قەت ئەوە وەزارە تی شەهیدان گرنگتر نییە، کە پێویستە لە ناو ئەو ماددەیەدا هەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك أبوبکر هەڵەدنی ، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لەم ئیشکالە دەربچین، بڵێین (لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان) بە ڕێنمایی ناوی هەموو وەزارەتەکان بێنین بەڕای من.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە ڕێنماییەکەش دەرکرا دوایی دەتوانرێ ئەوەی تیابێ، پێشنیارێکی دروستە، ئەو دوو وەزارەتە، بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی، فەرموو.

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك شتی بچووك دەڵێم لە سەر ئەو سەنتەرە، چونکە من ئەوە لە دەرەوە دیو مە، لێرە ئە گەر ئەو سەنتەرە دروست کرا، دەکرێ حقوقی تیابێ، دکتۆری نەفسی تیابێ، ڕووناکبیر و نووسەری تیابێ، تو ێژەری کۆمەڵا یەتی ت یابێ، ئەو سەنتەرە پەیوەندییە کە بۆ ئەوان لە گەڵ هەر وەزارەت ێك بێ ئەو سەنتەرە پەیوەندییەکە دروست بکات، ئەو سەنتەرە زۆر فرەڕەهەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ڕاتان چییە؟ لیژنە پەیوەندیدارەکان؟ بەڕێز د.بەهار محمود، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەمان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بۆ دوایی بە ڕێنمایی تەحدید بکرێ،

(پشتڕا ستکردنەوەی تاقا نەی جینۆ ساد لە ڕ ێی لیژنە یەکی پ سپۆر لە وەزارە تە پەیوەند یدارەکان بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك دەبێت).

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (53) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نی یە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو، ماددەی (5).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (5) دوای وەر گرتنی پێ شنیارەکان لەلا یەن بەڕێزان ئە ندامانی پەرلەما نەوە بەو شێوەیە دامانڕشتۆتەوە.

ماددەی (5): پێویستە لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی دەربکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار محمود، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو بڕگەیەمان لە یەك جیا کردەوە، کردمانە دوو ماددە،

ماددەی (5) پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، بەڕێز کاك عمر عینایەت، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئیزافە کرا، پێویست بوو ڕەزامەندی ئەندامان وەربگیرێ بۆ ئیزافەکردن، دواتر بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، ئێستا ڕەزامەند بوون کە ئیزافە بکرێ؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

نازانم دەنگەکە بۆ کامیانە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوێندراشەوە، حەز دەکەی دەیخوێنینەوە جارێکی تر دەنگی لەسەر دەدەین، فەرموو بیخوێنەرەوە، با هیچ ئیشکالێکی یاسایی لەسەر ئەم ماددەیە دروست نەبێ.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (5): پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (53) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (6).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (6): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێەتی؟ (53) کەس لەگەڵێەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (7).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (7): کار بە هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێەتی؟ (54) کەس لەگەڵێەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (8).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی (8): ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێەتی؟ (54) کەس لەگەڵێەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

پێشنیارێك هاتوو بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن، ئێمە وەك لیژنە پێمان مەعقولە، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە:

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

تاقانەکانی کوردستان بەشێکی گرنگن لە ناسنامەی قوربانی دانی گەلی کوردستان و بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێەتی بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (54) کەس لەگەڵێەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵێەتی؟ (55) کەس لەگەڵێەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، بە تایبەتی تاقانەکانی جینۆساید، پیرۆزباییان لێ دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، بەڕێزان دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات، ئەم دانیشتنە هەڵ دەگرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 29/6/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18)

## سێ شەممە رێكەوتی 2015/6/29

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2015/6/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2015/6/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كردن لە سەر پرۆژە یا سای رێكسختن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەكانی جە ستەی مرۆڤ بەپێی ماددەكانی (72، 74، 74) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كورد ستان دە ست پێ ئە كەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانی شتنی ژ مارە (18)، ڕۆژی دانی شتن (2015/6/29)، بەرنا مەی كار، بەپێی حوك مەكانی بر گە (1)ی ماددەی بیست لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كورد ستانی ع ێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو دە ستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا كاتی دانی شتنی ژ مارە (18) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵ بژاردنی چوارەمی پەر لەمان لە كا تژمێر (10) ی پێش ن یوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە رێ كەوتی (2015/6/29) بەم شێوەیە بێت:

1 گفتو گۆ كردن لە سەر پرۆژە یا سای رێكسختن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەكانی جە ستەی مرۆڤ بەپێی ماددەكانی (72، 74، 74) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو.

لە دەستپێكی دانیشتن بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری تەندروستی ئە كەین بۆ هۆڵی پەر لەمان بۆ بە شداری كردن لە گفتو گۆی ئەو پرۆژە یا سایە، بەرێزان ئەزانن لە چەند ڕۆژی ڕا بردوو بەدا خەوە جارێكی تر تیرۆریستانی داعش پەلاماری یەكێ لە شارەكانی ڕۆژئاوای كورد ستانیان دا، بەدا خەوە ژمارە یەك هاووڵاتی كورد بوونە قوربانی، لە دەست پێك داوا ئەكەین دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كۆ بانێ و

هەموو شەهیدانی دەستی گروپە تیرۆریستیەکان و شەهیدانی دەستی ڕژگاری کوردستان، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی کۆنووسی پێشوو بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 17) لە بەرواری (2015/6/23) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبووی کۆبوونەوە و ئامادە نەبووی لیژنەکانی پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- خوێندنەوەی یەکەم بۆ شەش پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

4- پەسند کردنی گفتوگۆ کردن لەسەر هەردوو پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە و تاقانەکانی ئەنفال و جینۆساید کراوەکان.

5- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستن و گواستنەوە و چاندنی ئەندامەکانی مرۆڤ و بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەچینە سەر تەوەری یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە (گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکسختن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەپێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو)، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو دکتۆر فرسەت.

**بەڕێز فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (54) برگەی (4) پاش ئەوەی سەرۆکایەتی کردنەوەی دانیشتنەکە ڕائەگەیەنێ ناوی ئامادە نەبووان ئەخوێندرێتەوە، ئینجا ئەوانەی بێ پاسا و ئامادە نەبوون، دواتر پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو، پاشان ئەنجامدانی ئەو ڕاست کردنەوانەی سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆ یان لەسەر داوای یەکێ لە ئەندامەکان بڕیار ئەدات پەسند ئەکرێ، ئینجا بەندەکانی بەرنامەی کار بەپێی برگە، ئەوەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان خوێندیەوە، ئێمە سەیریمان کرد لە کۆبوونەوەی ڕابردوو بەم تەسەلسولە نەهاتبوو، و تازە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەو شێوە عەرزی کرد کە خاڵی یەکەم کۆنووس خوێندراوەتەوە و ناوی ئامادە نەبووان خوێندراوەتەوە، لە کاتێکدا کۆبوونەوەی ڕابردوو بۆ ڕاست کردنەوە پێچەوانەی ئەو برگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرەتا خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاساکان کرا، ئینجا چووینە سەر بەرنامەی کار، هەر لەو دەرفەتە ئەمانەوێ ئەو پرسیارە ئاراستەی ئێوە بکەین، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دوور لە مەسەلەی سیاسی، ئایا ئەوەی کە لە جەلسەی ڕابردوو سەبارەت بەو پاش و پێشەی بەرنامەی کار کە لە ماددەی (54) ی پەیڕەوی

پەرلەمان هاتووە هەڵەیەکی تەکنیکی بوو ڕوویدا؟ یان ئەوە بەداخەوە کە ئەڵێم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ سەرخستنی بەرنامەیەکی سیاسی و بۆ بەشێك لەو خیلافاتانەی لە ناو هۆڵی پەرلەمان ڕوویاندا ئەو پاش و پێشەی کرد، ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە تەمەنا ئەکەین هەڵەی تەکنیکی بێ، ئەگەر بەو شێوەیە بێت پێمان وایە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ ماددەی (17) بڕگەی (1) کە تێدا هاتووە سەرۆکی پەرلەمان تەتبیقی قانونی نیزامی داخیلی ئەکات، واتە بەڕێزتان پارێزگاری ئەو پەیڕەوە لە هەموو ئان و ساتەکان، ئەوەی ئێمەش بینیمان پێمان وایە پەیرەو ئەبێ ئەگەر ئەوەش بە شکلی حیساب بکەین ئەوە وەکو خەرکی شکلی بۆ پەیرەو حیسابی بکەی پێمان وایە پەیرەو لە ئەلفەوە تا یا ئەبێ وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێ، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان ڕوون کردنەوەمان لەسەر ئەوە بۆ بدەن، و ئەگەر ئەوەش وەکو بیلایەن نەبوونی جەنابتان بێ و لاگیری کردنی تەرەفێکی تر بێ لەسەر حیسابی تەرەفێکی تر، پێمان وایە شایەنی ئەوەیە جەنابتان کە زۆر بە ڕاشکاوانە و لێشمان قبوڵ بکەن داوا بکەین کە ئێوە لێبوردن پێشکەش بکەن لەسەر ئەوەی کە بڕگەیەکی پەیرەوتان پێشیل کرد لە پێناوی سەرخستنی تێروانینێکی سیاسی لەسەر حیسابی هێزێکی تری سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نیزامی تریشمان هەیە، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (53) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بڕگەی (2) ئەڵێ، هەر هاووڵاتیەك و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن کار ئەکەن مافیان هەیە لە دانیشتنی پەرلەمان بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی و بە مۆڵەتی سەرۆکەوە ئامادە بن، ئەوەش یەکێکە لە ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کە لە دانیشتنی پێشوو لە (23) ی حوزەیران پێشێل کرا، ئەوەی بۆی هەیەئامادە بێ وازیحە کە تەنیا هاووڵاتیە و ئەو کەسانەن لە بواری ڕاگەیاندن کار ئەکەین، ئامادە بوونی کەسانی بیانی لە هۆڵی پەرلەمان بەوەی کە پەرلەمان جەلسەیەکی زۆر ئاسایی ئەنجام داوە تێیدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ چەند پرۆژە یاسایەك کردووە، و گفتوگۆی لەسەر پرۆژەی یاسایەك کردووە کە تایبەتە بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسایەك نەکراوە کە تایبەت بێ بە حوسنی جیوار و تایبەت بێ بە پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، ئایا ئامادە بوونی ئەو کەسانە لە پەرلەمانی کوردستان پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ پاساوەکەی چیە؟ و بەڕێزتان وەکو کاك دکتۆر فرست وتی تەنیا هەڵەیەکی تەکنیکی بووە، یان بابەتێکی تری لە پشتە؟ جگە لەوەی بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی پێویستە بکرێ ئەو کارانە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەو کارە ئاگادار نەبووە، جگە لە خەرقی یەکەم کە خەڵکانێکی بیانی ئامادە بوون، تەنیا ماددەکە ئەڵێ هاووڵاتی کۆ ڕاگەیاندن کار، ئەو خەڵکەی ئامادە بووە نە هاووڵاتی بووە، نە ڕاگەیاندن کار بووە، و

جەلسەکەش جەلسەیەکی زۆر ئیعیتادی بووە، پەیوەند یدار بووە بە خەڵکی هەرێم، لەلا یەکی تر ئە گەر لەوەڵاّم و لە ڕوون کردنەوە پێم ئەڵێی ئەوە یان........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیماکەت گەیشت......

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید:**

....... ئەوەی کە ئەگەر لە وەڵاّم دا پێم ئەڵێی پێچەوانەی پەیڕەوە، بەڵاّم عورفێکی پەرلەمانیە، پێت ئەڵێم لە عورفی پەرلەمانیش ئەوە نەکراوە، چونکە ئامادە بوونی خەڵکانی بیانی تەنیا لە بۆ نە و مەرا سیمەکانی پەرلەمان بووە، وەکو سوێند خواردنی ئەندامانی پەرلەمان، هیچ کەسێك ئامادە نەبووە لە جەلـسەیەك کە بە شێوەکی ئاسایی ئامادە بێ، ئەوە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ نوقتەی نیزامی نەما، کاك عومەر فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب بورن بەرێزت لە دانیـ شتنی ژ مارە (12) ی ڕۆژی (2015/6/25) لیژ نەی شارەوانیت ڕا سپارد کە ڕاسپاردەکانمان حازر بـکەین بۆ حکو مەت دەر بارەی کێـشەی ز یادە ڕەوی، دو ێنی بە یادا شتێك ئارا ستەی بەرێزتم کرد کە بخرێـتە بەرنا مەی کارەوە، ڕا سپاردەکان لای ئێـمە ئامادە یە، لە بەرنا مەی کار نەمبینی، تەنیا ویستم سەرنجی بەرێزت بۆ ئەوە ڕابکێشم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر لەوە دە ست پێ ئە کەین ڕا سپاردەکانی بەرێزت نادرووتا نە داوا مان کردووە لە کارو باری پەرلەمان کە هەر ئەمڕۆ دابەشی بکەن بەسەر ئە ندامانی پەر لەمان، لە بەر ئەوەی لە بەرنا مەکانی کاری دانیشتنی پێشوو بووە، هەر سبەینێ ئەیخەینە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ، سەبارەت بەو تێبینیانەی هەبوون لە راستیدا حەزناکەم زۆر بـڕۆینە وردە کاری دانیـشتنی ڕا بردووی پەر لەمان، چونکە دانیشتنی ڕابردوو کۆمەڵێك حەدەس لە پێش دانیشتنەکە ڕوو یدا، کۆ مەڵێك با بەت لە پێش دانیـشتنەکە ڕوویدا، لە دوای دانیشتنەکەش هەندێ شت ڕوویدا، ئێمە نامانەوێ بـڕۆینە ناو وردە کاری کۆی ئەو شتانەی لە ماوەی ڕابردوو ڕوویدا، ڕاستە دانیـشتنی پێـشوو دانیـشتنێکی ئێجگار ئا سایی بوو، کۆ مەڵێك با بەت بە شێوەیەکی یاسایی و ئاسایی هاتبوونە بەرنامەی کار، بەڵاّم بەداخەوە بە شێوەکی ئا سایی مامە ڵەی لە گەڵ نەکرا، هاڵبە تە بایکۆت کرد نی هەر فرا سکیۆنێك لە فراکـ سیۆنەکانی پەر لەمانی کورد ستان بۆ هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکان زۆر ئاساییە، و ڕێز لێگیراویشە، لە ماوەی ڕابردووش فراکسیۆنی تریش بایکۆتی دانیشتنی پەر لەمانیان کردووە، پێکها تەکان، فراکـسیۆنە ئیـسلامییەکان، فراکـسیۆنی یەکێتی هە ندێ جاۆ

بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانی کردووە، دانیشتنی پەر لەمانیش بە شێوەیەکی ئ سوولّی و ئا سایی ڕۆیشتۆتە پێشەوە، بەلاّم جارێکی تر دووبارەی ئەکەمەوە نامەوێ بچینە ناو وردەکاری ئەوەی لە جەلسەی پێشوو چی بووە؟ چۆن بوو؟ چی ڕوو یدا، پێش دانیشتن و دوای دانیشتن چی بوو؟ ئەکرێ ئەوەش ببێتە با بەتێك گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو بابەتا نە دوو بارە نەبنەوە، بەلاّم لە هەموو حا ڵەتێك شێوازی دانیشتنی ڕابردوو و سەرەرای ئەوەی نیسابی یاسایی درو ست بوو، ئەوکات دانیشتن بەڕێوە چوو، هەندێ شتی شکلی کە باس کرا، ئەسڵەن لە خولی پێشوو ناوی ئا مادە بووان نەخوێندراوە تەوە، پوختەی دانیشتن نەخوێندراوەتەوە، بەلاّم ئەو ڕۆژەش کە لە بیرمان چوو ئاماژەمان پێدا وتمان ئەم بابە تە لەلا یەن دوو ئە ندامی پەرلەما نەوە سەرنجی ئێمە ڕاکێشرابوو بۆ ئەوەی ناوی ئا مادە بووان نەخوێندراوە تەوە، ناوەکانیان لامانە، لە دوای ئەوە داوامان لە بەرێز سکرتێری پەر لەمان کرد کە پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادە نەبووان بخوێنێتەوە، ئەمرۆش بۆیە ناوی ئامادە نەبووانمان نەخوێندەوە لە بەر ئەوە کاك عو مەر عینایەت لە یەکێ لە دانیشتەکانی پێشووی تری پەرلەمان سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاین کە ئەوانەی بایکۆتی دانیشتنی پەر لەمان ئە کەن لە سەرەتای کۆبوو نەوە ئا مادە ئەبن، یان بە هەر هۆکار ێك بایکۆتی دانیشتن ئەکەن، ڕاستە لە پەیرەو هیچ خالّێك نییە بەو شێوەیە ئا ماژەی پێدرابێ کە ئەوا نەی بایکۆت ئە کەن بە غیاب نەنووسرێن، بەلاّم بە شێوەیەکی عورفی وا مامە ڵەمان کردووە، ئەوەی بایکۆت ئەکات بە غیا بەمان نەنوو سیووە، ئەوەمان پەیرەو کردووە، ئەوەی پەیوە ندی بە لا گیری هە یە، دڵنیا تان ئەکە مەوە بەهیچ شێوەیەك وا نییە، ئەگەر فراسکیۆنێکی تریش بایکۆتی دانیشتنی پەر لەمان بکات و بە شێوەیەکی ئا سایی بەرنا مەی کار دارِ ێژرابێ، بە دڵنیای یەوە لا گیری نا کەین، بەڵگەشمان هە یە، یەعنی بەرێز سکرتێری پەرلەمانی کە ئە ندامی دە ستەی سەرۆکایەتییە جاری وا هەبووە فراکسیۆنی خۆی بایکۆتی پەر لەمانی کردووە، بەلاّم لێرە ماوەتەوە، بەهەمان شێوە بۆ بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەندەش ئەوە ڕا ست دەرئە چێ، ئەوکاتی بە شێوەیەکی ئا سایی و ئ سولّی بەرنا مەی کاری دانیشتن ئەبە سترێ، ئا مادە بوونی کەسانی بیانیش لە هۆڵی پەرلەمان لە ڕاستیدا تازە نییە، تەنانەت بۆ دانیشتنە ئا ساییەکانی پەر لەمان لە ماوەی ڕابردوو دەرفەتمان بە نوێنەری هەندێ لە قونسولگەریەکان داوا، چونکە ئەوان موتابیعن بۆ قەزییە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە بەردەوامی ئامادە ئەبن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، وە کو با سم کرد ئەو ڕۆژەش بۆ ئەوەی هەموان چاودێری ئەوە بن کە دانیشتنی پەر لەمان بە شێوەیەکی ئا سایی و یاسایی ئەڕوات، بۆیە سەرەڕای ئەوەی پەیوە ندی پەر لەمان ئا گاداری قونسولخانەکانیان کردبوو یەوە لەو بارودۆخەی کە ئەگوزەرێ، و ئێمە لە کۆنتاکتێکی بەردەوام داین لەگەڵ ئەوانە، بۆ یە داوا شمان لێکردن بۆ ئەوەی چاودێر بن بە سەر کۆی پرۆ سەکەوە، ئەوان لێرە بە شێکیان ئا مادە بوون، ئێستا ئەڕۆینە سەر بەرنا مەی کاری دانیشتن کە بریتییە لە (گفتو گۆ کردن لە سەر پرۆژە یا سای ڕێکخستن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەکانی جە ستەی مرۆڤ بەپێی مادده کانی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو)، داوا لە لیژ نەکانی کارو باری یا سایی و

لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە، لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی، لیژنەی مافەكانی مرۆڤ ئەكەین بێنە سەر مەنەسە، بەرێز دكتۆرە ڤالاڵ قسەی خۆ تت كرد، هەر شتێكی ترت هە یە ئەتوانی بە یادا شتێك پێشكەشی بكەی، دواتان لێ ئەكەین لیژنە پەیوەندیدارەكان بێنە سەر مەنەسە، كاك شوان فەرموو.

**بەرێز شوان شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ را ست كرد نەوەی ئەو و شەی بەرێزت كە بەكارت هێنا، ئێمە وە كو فراكسیۆنی زەرد بە شداری كۆبوونەوەمان نەكردووە نەك بایكۆت، ئەوەش بۆ ئەوە بووە درز نەكەوێتە نێوان سازان و تەوافوق، ئومێد ئەكەین ئەو سازانەی دەمانەویست بە هەمووومان بەقوەتری بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، حەیات خان فەرموو.

**بەرێز حیات مجید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم هەیە كە تایبەتە بە كۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان لەسەر پرۆژە یا سای بەخ شین و چاندنی ئەندا مە مرۆیـ یەكان لە هەرێمی كورد ستان، لەو جەلـ سەیە پێویـ ست بوو تا كە ڕێكخراو ێك كە خاوەنی ئەو فكرەی پرۆژەی ئەمڕۆیە و ئیـ شی جـ یدیان لە سەر ئەو پرۆژە یە كردووە، ئەویش ڕێكخراوی جەستەبەخشانی كوردستانە كە ئەتوانم بڵێم لە هەرێمی كوردستان و عێراق تا كە ڕێكخراوە ئیـ شی لە سەر ئەو مە سەلەیە كردووە، زەروور بوو لەلا یەن پەر لەمانی كورد ستان ئەمڕۆ لە دانیـ شتنەكە وجود یان هەبووا یە، بەلاْم بەپێی ئەوەی من ئا گادار بم شەو تە لەفۆنیان كرد كە هیچ ئا گادار نەكراون بۆ ئەو جەلسەی ئەمڕۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆزگە پێش دانیشتن ئێمەش لەوە ئاگادار بكردبایەوە، بە دڵنیاییەوە نەمانزانیـ یەوە ئەوان بە شداریان لە دارشتنی ئەو پرۆژە یاسایە كردووە، ئەوە لیژ نە پەیوەند یدارەكان ئا گادارن، ئەوكات بانگهێشتمان ئەكردن لەسەرەوەی هۆڵەكە، فەرموو دكتۆر ئیبراهیم.

**بەرێز د.ابراهیم سمۆ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی پێ سەیر بوو ئەڤرۆكە ل ڤەناتێ روداو سەرۆكی ڕێكخراوێ گوتی سەڤ پرۆژە پرۆژێ مەیە، و پشتی پرسیار كری ل هەڤالێت مە پێكەڤە كارد كەن؟ نە شێت نز یك یان د یر ئە بەدی پرۆژ ێت ڤێ ڕێكخراو ێت نینە، بەڵكو پرۆژێن كارمەندێن تەندروستییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ڕێكخراو بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ناتوانێ پرۆژە پێشكە شی پەر لەمان بكات، ئە ندامانی پەر لەمان و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن پرۆژە پێشكەش بكەن، فەرموو دكتۆرە شرین حوسنی.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ زێدەتر پەسند كردنا ئا خافتنێ بەرێز دكتۆر ابراهیم سمۆ، ئەڤ پرۆژە پرۆژێت پەرلەمانییە، ژ لا یە لایەنا پارتییە هاتییە پێشكەش كرن، بۆ پاراستنا مافێت پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دەقی پرۆژە یاساكە و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ڕێكختسن و چاندنی ئەندامە مرۆییەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق

بەشی یەكەم حوكمی گشتی:

ماددەی یەك:

نابێت نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەكان یان بەشەكانی یان شانەكان بە گوا ستنەوەی هەر ئە ندامێك یان بەشێكی ئەندام یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو یان لە لاشەی مرۆڤێكی مردوو بە مەبە ستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی دیكە ئەنجام بدرێت تەنها بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یا سایەو لائیحەی جێبەجێ كردنی و بڕیارەكانی ئەم یاسایە نەبێت.

ماددەی (2):

یە كەم: ناكر ێت هەر ئە ندامێك یان بە شێك لە ئە ندامێك یان شانەیەك لە جە ستەی مرۆڤێ كی تر بگوازرێ تەوە بە مەبە ستی چاندنی لە جە ستەی مرۆڤێكی دیكە تەنها لە حا ڵەتی زەرورەت نەبێت كە پێویست بكات بۆ پارێزگاری كردن لە ژیانی كەسی وەر گر یان چارە سەركردنی لە نەخۆ شییێكی كو شندەو، بەو مەرجەی گواستنەوەكە تاكە ئامراز بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم زەرورەتەو گوا ستنەوەكەش نەبێ تە هۆی ئەوەی كەسی بەخ شەر توو شی مەتر سییێكی كو شندە بێت لە سەر ژ یانی یان لە سەر تەندرو ستی، و چاندنی ئەندامەكان یان بە شەكان یان شانەكان یان خا نەی زاوزێ بەجۆرێك ببێ تە هۆی تێكەڵ بوونی وەچەكان قەدەغەیە.

ماددەی (3):

لە گەڵ ڕە چاو كرد نی حوكمەكانی هەردوو ماددەی یەك و دووی ئەم یا سایە ناكرێ گوا ستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئە ندام یان شانەیێك لە جە ستەی مرۆڤێكی زیندوو بۆ چاندنی لە جە ستەی مرۆڤێكی تر ئەنجام بدرێ تەنیا ئەگەر بەشێوەی بەخشین و لە نێوان خزمەكاندا نەبێت.

ماددەی (4):

لە هەموو حاڵەتەکان پێویستە بەخشینەکە لە ویستێکی ئازادو جێگیر کراو بە نوو سراوی سەر چاوەی گرتبێت ئەویش بەو شێوەیەی کە پێڕەوو ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکەن.

بەخشین لە منداڵ قەبول ناکرێت هەتا ئەگەر دایك و باوکیشی یان ئەوەی لە رووی یاساوە نوێنەرایەتی دەکات رەزامەندی لەسەر بدەن.

بەخشین لە کەسی نالێهاتوو قبوڵ ناکرێ ڕەزامەندی جێگیرەوەی یان ئەوەی لە ڕووی یاساوە نوێنەرایەتی ئەکات وەرناگیرێ، و ئەکرێ گواستنەوە و چاناندنی خانەی دایك لە منداڵ و بێ لێهاتە بۆ دایك و باوك یان منداڵەکان یان لە نێوان خوشك و برایەکان ئەنجام بدرێ بە مەرجێ بەخشەرێکی تر جگە لەوانە بوونی نەبێت، و بەمەرجێك ڕەزامەندی نووسراو لە هەردوو دایك و باوکی منداڵەکە دەربچێ ئەگەر هەردووکیان لە ژیان بن یان یەکێککیان لە حاڵەتی مردنی ئەوەی تر یان لەو کەسەی باوانە یان وسایەتی لەسەری هەیە، و لە جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی بێ لێهاتە یان کەم لێهاتە، لە هەموو حاڵەتێك کەسی بەخشەر یان ئەوەی یاسا پێویستی بە رەزامەندی دانی کردووە لەسەر بەخشین بۆی هەیە لە بەخشینەکە پاشگەزبێتەوە تاوەکو پێش دەسکردن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری گواستنەوەکە، و لائیحەی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، مەرجەکانی بەخشین و ڕێکارەکانی تۆمار کردن دیاری ئەکات.

ماددەی (5):

مامەڵەکردن بە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێکی یان یەکێك لە شانەکانی لەسەر شێوەی فرۆشتن یان کڕین یان بەبەرامبەرو سروشتەکەی هەر چیەك بێت قەدەغە دەکرێت، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت چاندنی ئەندام یان بەشێکی یان یەکێك لە شانەکانی ببێتە هۆی ئەوەی کەسی بەخشەر یان هەر یەکێك لە میراتگرەکانی هیچ سوودێکی ماددی یان عەینی لە کەسی وەرگر یان لە کەسوکاری بەهۆی گواستنەوە بێت یان بە بۆنەی، بەدەست بهێنن، قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن لە کاتی زانینی بە سەرپێچیکردنی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەیەی سەرەوەو.

ماددەی (6):

نابێت دەست بکرێت بە نەشتەگەری گواستنەوە بە مەبەستی چاندن تەنها پاش پێزانینی هەردوو کەسی بەخشەرو وەرگر نەبێت  ئەگەر تێگەیشتوو ( مدركاً) بێت  لە رێگەی لێژنەی سێیانەی دەقکراو لە مادده (12)ی ئەم یاسایەدا بە سروشتی هەردوو نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن و مەترسیە ئەگەرەکانی هەردووکیان لە مەودای نزیك یان دوورو وەرگرتنی رەزامەندی کەسی بەخشەرو وەرگر، یان رەزامەندی جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی ئەگەر لە کەسانی نالێهاتە یان کەملێهاتە یان وەسیەتکراو بێت ئەگەر مردوو بێت بەنیسبەت خانەکانی دایك  بەپێی ئەوەی بڕگەی ( سێیەم)ی ماددەی (4) دەقی لەسەر کردووە. و

**لێژنه كه كۆنوو سێك به مه ئا ماده ده كات و بەخ شەرو وەر گر واژووی ده كەن ئه گەر بێ هۆش یان تێنەگەیشتوو نەبێت یان له لایەن جێگرەوەی یان نوێنەره یاساییەكەی.**

**ماددەی (7):**

**یه كەم: دەكر ێت بۆ زەرورەتێ كی پێوی ست بۆ پارێز گاری كردن له ژ یانی مرۆڤێ كی زی ندوو یان چارەسەركردنی له نەخوشییێكی كوشنده یان تەواوكردنی كەمبوونێكی ژینەوەری له جەستەیدا، ئه ندامێك یان بەشێك له ئەندام یان شانەیەكی لاشەی مرۆڤێكی مردووی تیایدا بچێندرێت، ئەگەر مردووەكه بەر له مردنی وەسیەتی ئەم كارەی كردب ێت بەوه سیەتنامەیەكی بەڵگەدار یان جێگیر كراو له سەر هەر پەڕێكی فەرمی، یان دانی پێنا بێت بەپێی ئەو رێكارانەی كه پێڕەوو رێنماییه دەركراوەكانی بەگوێرەی ئەم یا سایه دیار دەكرێن.**

**بەشی سێیەم**

**پرۆگرامی بەخشینی ئەندامه مرۆییەكان و چاندنیان**

**یه كەم: لێژنه یەكی بالاّ بەناوی (لێژ نەی بالاّی چاندنی ئەندا مه مرۆی یەكان) پێ كدەهێنرێت و دەبێ ته خاوەنی كەسایەتی مەعنەوی و سەر به وەزارەتی تەندروستی دەبێت به سەرۆكایەتی وەز یر، و پێكهێ نان و رێكخ ستنی كاره كانی و د یاری كرد نی پادا شتی ئەندا مەكانی به برِ یاری ئەو دەب ێت له سەر داوا كرد نی وەزیری تەندروستی، وەزیری تەندروستی ئەبێته سەرۆكی لیژنه كه و ئەما نەتێكی هو نەری بۆ دا ئەنێت و لیژنەكه بەرێوەبردن و رێكخستنی نەشتەرگەرییەكانی چاندنی ئەندامەكان و بەشەكان و شانەكان و د یاری كردنی ئەو دامەزراوانەی مۆڵەت ئەدرێن به چاندن و سەرپەر شتی كردن و چاودێری كردن له سەریان له ئەستۆ ئەگرێت بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایه و لائیحەی جێ بەجێ كردن و برِیارەكاره بەركارەكانی ئەو یاسایه.**

**وەزیری داد به پێكهاتن لەگەڵ وەزیری تەندروستی برِیارێك دەرئەكات به بەخ شینی سیفەتی بەرزەف تەیی داد گەری بۆ ئەو كارمەندا نەی سەرپەر شتی و چاودێری سەر دا مەزراوه ئا ماژه بۆ كراوه كان له ئه ستۆ ئەگرن، ئەویش له سنووری ئەو دەستەڵاتانەی لەم یاسایه و لائیحەی جێ بەجێ كردن و برِیاره بەركارەكان پێیان راسپێدراوه.**

**ماددەی (9):**

**لێژنەی بالاّی چاندنی ئەندامه مرۆییەكان چەند لیستێك بەناوی ئەو نەخۆ شانەی پێوی ستیان به چاندن هەیه له لاشەی مرۆڤێكی مردوو بەگوێری پێشەنگی تۆماركردن لەو تۆ مارەی بۆ ئەم مەبه سته ئاماده یان دەكات، و ناكرێت ئەم پێشەنگیه هەموار بكرێت مەگەر نەخۆ شەكه پێداوی ستییێكی زۆرو بەپه لەی هەبێت بۆ نه شتەرگەری چاندن بەپێی رێ سا پزی شكیەكان و ئەو رێكارا نەی لێژ نەی بالاّ دیار یان ده كات، و ئەم لیستانه لەسەر چاندن له نێوان زیندووەكاندا پیاده ناكرێت. و له هیچ حاڵەتێك له حاڵەتەكاندا نابێت لەو**

ریزبەندییە لابدرێت کە لە لیستە ئا ماژە پێکراوەکا ندا هاتووە بەهۆی نەبوونی توا نای نەخۆش لە سەر پێدانی تێچوونەکانی نەشتەرگەری چاندن.

لائیحەی تێچووی ئەو یاسایە ڕێسای تایبەت بە دیاری کردنی پێ شەنگی ئا ماژە بۆ کراو بەپێی بارودۆخی نەخۆ شی و چۆنیەتی پارا ستنی تۆمارە کان و ڕێکارە کانی تایبە تە بە حاڵە تەکانی بێ توا نایی لە دا نی تێچوونی نە شتەرگەری چاندن و گەڕا نەوە بۆ سەر ئەو نەخۆ شانە توا نای تێ چوونەکانی نە شتەرگەریان هەیە دیاری ئەکات.

ماددەی (10):

دەو ڵەت تێ چوونەکانی ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان بەخۆڕایی لە دا مەزراوە پزیشکیە حکومیەکان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەویش بۆ ئەو کە سەی نۆرەی هاتب ێت و توا نای تێ چوونەکانی نەبێت بەپێی ئەو ڕێ سایانەی بڕ یاری پێ دەردە چێ لەلا یەن وەز یری تەندرو ستیەوە، و سندوقێك بۆ بەشداری کرن لە تێچوونەکانی گوا ستنەوە و چاندنی ئە ندام و شانەکان بۆ ئەو کە سانەی توانا یان نی یە دادەمەزرێت و سەربە وەزیری تەندورستی ئەبێت و داهاتەکانیشی پێك دێ لە:

1 ئەوەی دەوڵەت لە بودجەی گشتی بۆی تەرخان ئەکات

2- کۆی ئەو غەرامانەی ئەخرێنە سەر سەرپێچی کارانی حوکمەکانی ئەو یاسایە

3- ئەو رسووماتەی بەپێی ئەو یاسایە وەرئەگرێ

4- بەخشینەکان

ماددەی (11):

بە بڕیاری وەزیری تەندروستی و پاڵپشت بە ڕەزامەندی لێژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان مۆ ڵەت دەدر ێت بە دا مەزراو بۆ ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانی و شانەکان، مۆڵەتە کەش بۆ ماوەی یەك ساڵ دەب ێت تیا یدا دامەزراوە کە دەکەوێ تە بەر چاودێری و سەرپەر شتی بەردەوام لەبارەی ئەو نەشتەرگەرییانەی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانیان و شانەکان ئەنجام دەدر ێن و ئاستی پابەندبوون بە ستاندەرەکانی باشیی کە لەم بوارەدا بڕیار دراون لە گەڵ ئەو شەفافیەتەی پێوی ستە ڕێکخستنی نەشتەرگەرییەکانی بەخشین و چاندن هەیانبێت، و ئەگەر سەلمێندرا کەوا پابە ندیی هە یە بە مەرج و ستاندەرە ئا ماژە پێکراوە کان ئەوا نوێکرد نەوەی مۆڵەتە کە هەر سێ ساڵ جار ێك دەب ێت، و دەرکردنی مۆڵەت و نوێ کردنەوەی بەرامبەر بە ڕەسمێك ئەبێ کە لائیحەی جێ بەجێ کردنی ئەم یا سایە بەشەکانی دیاری ئەکات بەوەی لە ئەوەندە هەزار دی نار بۆ هەر مۆ ڵەتێك یان نوێ کرد نەوەی مۆ ڵەتێك تێ پەڕ نەکات، پێوی ستە ڕێکخ ستن و جێ بەجێ کرد نی چالاکیەکانی بەخ شین و چاندنی شەفافیەتی تێدابێت بەو شێوەی لائیحەی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دیاری ئەکات.

**ڕێکارەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان**

**ماددەی (12):**

**یە کەم: بە بڕ یاری لێژ نەی بالآی چاندنی ئەندا مە مرۆیـ یەکان لێژنە یەکی پزیـ شکی سیانە لە هەر دامەزراوێکی پزیشکی مۆڵەتدراو بە چاندن، پێکدەهێندرێت، ئەویش لە پزیـ شکە پـ سپۆڕەکان،جگە لەوا نەی خاوەنن یان بەشدارن لەو دامەزراوە و هیچ پەیوەندی کاریان یان پەیوەندی وەزیـ فی بەم دا مەزراوە نیـ یە، تەنها ئەوان تایبەتمە ندن بە رەزامە ندی دان لە سەر ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مە مرۆییەکان بەپێی ئەو حوکمانەی لەم یاساو ئەو پێڕەوو ڕێنماییانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دە کەن، دەقـ یان لەسەر کراوە، و ئەندامانی لیژنە بۆیان نییە بەچدار بن لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندن یان لە ئەستۆ گرتنی چاودێری دوایی بۆ هەر وەرگرێك لە دامەزراوەکە.**

**ماددەی (13):**

**نابێت هیچ ئە ندامێك یان بە شێکی ئە ندام یان شانەیەك لە لا شەی مـردوو ێك بگوازرێـ تەوە تەنها پاش سەلماندنی مردنەکە بە سەلماندێکی دڵنیاییدەر نەبێت، کە لە دوایـ یدا ئە ستەم بـ ێت بگەرێـ تەوە بۆ ژ یان، و سەلماندنی ئەمەش بەپێی بڕیار ێك دەبـ ێت بە کۆدەنگی بیروبۆ چوونی لێژنە یەکی سێیانی لە پزیـ شکانی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی یان نە شتەرگەریی مۆخ و دەمارە کان، نەخۆ شییەکانی یان نە شتەرگەریی دڵ و دەمارە خوێناوییەکان، و سڕکردن یان چاودێری چڕ، دەربچێت، ئەویش پاش ئەوەی لێژنە کە هەڵدە ستێت بەئەنجا مدانی پـ شکنینی ئیکلینیـ کی و جەختکرد نەوەی پێویـ ست بۆ دڵنـ یابوون لە سەلماندنی مـردنە کە، بەپێی ئەو ستاندەرە پزیشکیانەی لێژنەی بالاّ دیاریان دەکات و بڕیارێکی لە لایەن وەز یری تەندرو ستیەوە پێ دەردەچێت، لێژنەکەش لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆی هەیە پـ شت ببە ستێت بەوەی بەبا شی بزانێت لە پزیشکانی پسپۆڕ. و نابێت ئەندامانی ئەم لێژنەی پشکنینە پەیوەندی راستەوخۆیان هەبێت بە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان یان شانەکان، یان بەرپر سیاریەتی چاودێری هەر یەك لە وەرگرە کان هەبێت.**

**ماددەی (14):**

**یەکەم: لە هەر دامەزراوێك لە دامەزراوە مۆڵەتدراوەکان بە چاندنی ئەندامە مرۆیـ یەکان تیمێـ کی پزیـ شکی بەرپرس لە چاندن پێـ کدەهێنرێت، بەڕێو بەری پرۆگرا می چاندنی ئەندا مەکان لەو پزیـ شکانەی خاوەن شارەزایی و کارگێرین سەرۆکایەتیەکەی لە ئەستۆ ئەگرێ، و لائیحەی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە رێساکانی پێکهێنانی ئەم تیمەو مەرجەکانی پێویست لە ئەندامەکانی و دە سەلأتەکانی د یار دە کات. و بەڕێوە بەریش بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاندن لە دامەزراوەکەو هەڵسەنگاندنی کاری تیمەکەو، بەباش بەئەنجام گەیاندنی خز مەتگوزاری پزیـ شکی و کۆمەلاّ یەتی بۆ نەخۆش و بەخـ شەرەکان و، کەمکرد نەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆگرامی چاندنەکە بە باشترین شێوە ونوێنەرایەتی کردنی پرۆگرامە کە لە بەردەم لێژنەی بالأو سەرجەم لایەنە پزیشکی و کارگێڕییە پەیوەندارەکان.**

**بەشی چوارەم**

**سزاکان**

**ماددەی (15):**

**لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسای سزاکان یان هەر یاسایەکی دیکە دەقی لەسەر دەکات ئەو تاوانانەی لەو ماددانەی دادێن دەقیان لەسەر کراوە ئەو سزایانەیان دەبێت کە لە ماددەکاندا بۆیان دیاری کراوە.**

**ماددەی (16):**

**یەکەم: هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بەشێکی بەمەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (1، 2، 3، 5، 7)ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و ئەگەر لەسەر شانەیەکی مرۆیی زیندو بێت ئەوە سزا دەدرێن وبەزیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر ئەم کارەی لە بڕگەی پێشوو ئاماژەی پێکراوە ببێتە هۆی مردنی کەسی بەخشەر ئەوا سزایەکە دەبێتە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (15) ساڵ و غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.**

**ماددەی (17):**

**لەگەڵ پێشێل نەکردنی ئەو سزایانەی لە ماددە (16)ی ئەم یاسایەدا بڕیار دراون، هەر کەسێك نەشتەرگەرییێك لە نەشتەرگەرییەکانی گواستنەوە یان چاندن لە دامەزراوەیەك جگە لەو دامەزراوە پزیشکییانەی مۆڵەتدراون ئەنجام بدات لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن و بە غەرامەیەك لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و ئەگەر کارەکەی بووە هۆی مردنی کەسی بەخشەر یان وەرگر ئەوا سزایەکەی دەبێتە زیندانیی هەتا هەتایی، و بەرێوەبەری بەرپرس لە کارگێڕی کردارەکیی دامەزراوە پزیشکیەکە لەو جێگانەی مۆڵەتیان نەدراوەو تیایدا هەر نەشتەرگەرییێك لە نەشتەرگەرییەکانی گواستنەوەی ئەندامە مرۆییەکان یان بەشێکی یان شانەیەکی مرۆیی ئەنجام بدرێت لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا بە هەمان سزای دەقکراو لە بڕگەی پێشوودا سزا دەدرێت.**

**ماددەی (18):**

**هەر کەسێك بە مەبەستی چاندن لە رێگەی فێڵ لێکردن یان زۆرەکی هەڵسا بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامی مرۆڤێکی زیندوو، ئەوا سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و ئەگەر ئەو کارە لەسەر شانەیەکی مرۆیی ئەنجام بدرێ ئەوە سزای زیندانی کردنە توند کراوەکەی بۆ ماوەیەك ئەبێ لە (7) ساڵ زیاتر نەبێ، و هەر کەسێك هەستێ بە ئەنجامدانی ئەو کارە لە رێگەی فێڵ لێکردن یان زۆرەکی گوستراوە لەگەڵ پێزانینی بەم کارە ئەوە سزا**

ئەدرێ بەو سزایەی لە برگەی پێشوودا بریار دراوە، ئەگەر ئەم کارەی لە هەردوو برگەی پێشوو ئاماژە یان پێکراوە ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسەی لێی دەگوازرێتەوە ئەوا سزایەکە دەبێتە زیندانیی هەتا هەتایی و غەرامەیەك لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

ماددەی (19):

هەر کەسێك سەرپێچی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەی (5)ی ئەم یاسایە بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن و بە غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەمە سەرباری دەسبەسەرداگرتنی مایە یان سوودی ماددی یان عەینی وەرگیراو لە تاوانەکە یان حوکم دان بە بەهاکەی لەکاتی دەست بەسەر دانەگرتنی. وە هەر کەسێك هەڵسا بە گواستنەوە یان چاندنی شانەیەك بە پێچەوانەی حوکمی ماددەی (5)ی ئەم یاسایە ئەوا سزای زیندانیکردنەکە لە حەوت ساڵ زیاتر نابێت.

ماددەی (20):

هەر کەسێك هەڵبستێت بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێك بەبێ ئەوەی مردنی بە سەلماندنێکی دڵنیاییدەر سەلمێندرابێت وەك ئەوەی لە مادده (13)ی ئەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوەو ببێتە هۆی مردنی کەسەکە لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا سزا دەدرێت بە سزای کوشتنی بە ئەنقەست لەگەڵ پێشوەختە سووربوونی دەقکراو لە مادده ( 406 ) لە یاسای سزاکان ژمارە (111) ساڵی 1969. وە سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی تو ندکراو یان بۆ هەر کەسێك بە شداری کردبێت لە دەرکردنی بریاری دڵنیایی بوون لە مردن بەبێ ئەنجامدانی ئەو پشکنینانەی لە مادده (13)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

ماددەی (21):

نێوانگیریی لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بە هەمان سزای بریاردراو بۆ تاوانەکە سزا دەدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا نێوانگیر لە سزاکە دەبوردرێت ئەگەر هەواڵی تاوانەکەی دایە دەسەڵاتەکان بەر لە تەواوبوونی و ئەمەش بووە هۆی بەشداری کردن لە گرتنی تاوانبارانداا.

ماددەی (22):

دادگا بۆی هەیە، سەرباری ئەو سزایانەی بۆ ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بریار دراون، حوکم بکات بە سەرجەم یان هەندێك لەم رێوشوێنانەی خوارەوە بەگوێرەی حاڵەتەکان:

1 - بێبەشکردن لە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت.

2- داخستنی دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەتنەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان کە تیایدا تاوانەکە ئەنجام دراوە، بۆ ماوەیەك لە دوو مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت، و ئەگەر شوێنەکە لە دامەزراوە پزیشکیەکان نەبێت ئەوا حوکم دەدرێت بە داخستنی هەتاهەتایی.

3- راگرتنی مۆڵەتی چالاکیی چاندنی ئەندا مەکان یان بە شەکانیان یان شانەکان لە دا مەزراوەی پزیـشکی مۆڵەتدراو بە نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت.

4- بلاّوکردنەوەی حوکمەکە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی زۆربڵاو لەسەر تێچوونی کەسی حوکم لەسەر دراو.

ماددەی (23):

لائیحەی جێ بەجێ کردنی ئەم یا سایە بە بڕ یاری ئەنجو مەنی وەز یران دەردە کرێ لە سەر خـستنە ڕووی وەزیری تەندروستی لە ماوەی سێ مانگ لە ڕێکەوتی کار پێکردنی.

ماددەی (24):

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە و پاش سێ مانگ لە ڕێکەوتی بلاّو کرد نەوەی کاری پێ ئەکرێ.

**بەڕێز فرست صۆفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یا سای (ڕێکخـستن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەکانی جەستەی مرۆڤـ)

لێژنەی کاروباری یاسایی و کاروباری تەندروستی و ژینگە و ئەوقاف و کارو باری ئایینی و ما فەکانی مرو ڤـ (چوار شەمە 16ی گوڵان)ی کوردی بەرامبەر بە (2015/5/6) ی زایـ نی کۆبوونەوە یەکی هاوبە شیان ئەنجا مدا بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یا سای (ڕێکخـستن و چاندن و گوا ستنەوەی ئەندا مەکانی جە ستەی مرۆڤـ) کە لەلایەن (ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان) ەوە پێشکەش کراوە ، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە دانیشتنی ئاسایی ژ مارە (6)ئا سایی لە ڕۆژی (دوو شەمە) بەرواری 2014/5/26 و ڕەوانەی لێژنە تایبەتمەندەکان کراوە.

دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

ماددەی (1):

لە پ یادەکردنی حوک مەکانی ئەم یا سایە، مەبە ست لەم وو شەو دە ستەواژانەی خوارەوە مانا کانی بەرامبەریانە:

یەکەم: وەزیر: وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق.

سێیەم: ئەندام: هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێکی کە ژیـ نەوەرو گرنگ بـێت بۆ دەربازکردنی نەخۆش.

چوارەم: گواستنەوەی ئەندام: بەکارهێنانی چارەسەریی نەشتەرگەریی کە لە رێگەیەوە کەسی وەرگر یەکێك لە ئەندامەکان یان شانەکان لە کەسی بەخشەرەوە، چ زیندوو بێت یان مردوو، وەردەگرێت.

پێنجەم: بەخشەر: کەسی شیاو لە رووی یاساییەوە (کامل الاهلیە) کە تەنازول دەکات لە ئەندامێك لە ئەندامەکانی بۆ کەسێکی دیکە بەبێ بەرامبەر چ زیندوو بێت یان لەدوای مردنی.

شەشەم: وەرگر: ئەو کەسەی پێویستیەکی زۆری بە چاندنی ئەندامێکی مرۆیی یان شانەیەك لە جەستەیدا دەبێت.

حەوتەم: شانەی مرۆیی: بەشێك لە هەر ئەندامێکی مرۆیی کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێت, بێجگە لە خوێن.

هەشتەم: وەسیەتنامە: رەفتارکردن بە ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی جەستە لە رێگەی بەخشین لە دوای مردن و ئامانج لێی بریتیە لە بەخاوەنکردن بەبێ بەرامبەر.

نۆیەم: وەسیەتکار: ئەو کەسەی لە کاتی ژیانیدا بەپێی یاسا وەسیەتی کردووە بە بەخشینی ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی لە دوای مردنی.

دەیەم: مردن: راوەستانی دڵ و هەناسەدان راوەستانێکی هەمیشەیی، یان لەکارکەوتنی وەزیفەکانی مێشك بە لەکارکەوتنێکی تەواوی نەگەڕاوە (مردنی مێشك).

یازدەم: دامەزراو: هەر شوێنێکی رێگا پێدراو (المرخص بها) بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان چ ئەهلی بێت یان حکومی.

## بەشی چوارەم بەشی دووەم

## حوکمی گشتی

ماددەی (2):

نابێت نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان یان بەشەکانی یان شانەکان بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێکی زیندوو یان لە لاشەی مرۆڤێکی مردوو بە مەبەستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێکی دیکە ئەنجام بدرێت تەنها بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێڕەوو رێنماییەکانەوە نەبێت.

ماددەی (3):

ماددەی (3):

یەکەم: ناکرێت هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامێك یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێکی زیندوو بگوازرێتەوە بە مەبەستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێکی دیکە تەنها لە حاڵەتی زەرورەت نەبێت کە پێویست بکات بۆ پارێزگاری کردن لە ژیانی کەسی وەرگر یان چارەسەرکردنی لە نەخۆشییێکی کوشندەو، بەو مەرجەی گواستنەوەکە تاکە ئامراز بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم زەرورەتەو گواستنەوەکەش نەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەخشەر تووشی مەترسیەێکی کوشندە بێت لەسەر ژیانی یان لەسەر تەندروستی.

**دووەم: چاندنی (لووەکانی زاوزێی و بەشەکانی و شانەکانی و خانەکانی) قەدەغە دەکرێت.**

**ماددەی (4):**

**نابێت گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندام یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو بۆ چاندنی لە جەستەی مرۆڤێکی دیکە ئەنجام بدرێت تەنها بە بەخشین نەبێت.**

**ماددەی (5):**

**یەکەم: پێویستە بەخشینەکە لە ویستێکی ئازادو جێگیرکراو بە نووسراوی سەرچاوەی گرتبێت ئەویش بەو شێوەیەی کە پێڕەوو رێنماییەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکەن.**

**دووەم: جگە لە نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسك، بەخشین لە کەسانی نالێهاتەو کەملێهاتە ( عدیم الاهلیە و ناقصها) قەبول ناکرێت هەتا ئەگەر دایك و باوکیشی یان ئەوەی لە رووی یاساوە نوێنەرایەتی دەکات رەزامەندی لەسەر بدەن.**

**سێیەم: دەکرێت گواستنەوەو چاندنی خانەی دایك (خانەی رەگیی) لە مندالّ و لە کەسانی نالێهاتەو کەملێهاتە (عدیمی الاهلیە و ناقصها) بۆ دایك و باوك یان مندالّەکان یان لە نێوان خوشك برایەکان ئەنجام بدرێت بە مەرجێك رەزامەندی نووسراو لە هەردوو دایك و باوکی مندالّەکە بدرێت ئەگەر هەردووکیان لە ژیاندا مابن یان یەکێکیان لە حالّەتی مردنی ئەوەی دیکە یان لەو کەسەی باوانە یان ویسایەتی لەسەری هەیەو، لە جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی کەسی نالێهاتە یان کەملێهاتە.**

**ئەگەر ڕەزامەندی بفەرمووی بە پێویستی ئەزانم دکتۆر عەبدولا ڕێکانی کە ئەندامی لیژنەی تەندروستییە و خۆی خاوەنی پرۆژەکەیە و نووسیویەتیەوە بێتە سەر مەنەسە لە کاتی موناقەشە کردنی.**

**ماددەی (6):**

**کەسی بەخشەر یان ئەوەی یاسا پێویستی بە رەزامەندی دانی کردووە لەسەر بەخشین بۆی هەیە لە بەخشینەکە پاشگەزبێتەوە تاوەکو پێش دەستکردن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری گواستنەوەکە.**

**ماددەی (7):**

**یەکەم: مامەڵەکردن بە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێکی یان یەکێك لە شانەکانی لەسەر شێوەی فرۆشتن یان کڕین یان بەبەرامبەرو سروشتەکەی هەر چیەك بێت قەدەغە دەکرێت.**

**دووەم: نابێت چاندنی ئەندام یان بەشێکی یان یەکێك لە شانەکانی ببێتە هۆی ئەوەی کەسی بەخشەر یان هەر یەکێك لە میراتگرەکانی هیچ سوودێکی ماددی یان عەینی لە کەسی وەرگر یان لە کەسوکاری بەهۆی گواستنەوە بێت یان بە بۆنەی، بەدەست بهێنن.**

**سێیەم: قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن لە کاتی زانینی بە سەرپێچیکردنی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەیەی سەرەوەو بەر لە تەواوکردنی رێکارە یاساییەکان.**

ماددەی (8):

نابێت دەست بکرێت بە نەشتەگەری گواستنەوە بە مەبەستی چاندن تەنها پاش پێزانینی هەردوو کەسی بەخشەرو وەرگر نەبێت  ئەگەر تێگەیشتوو ( مدركاً) بێت  لە ڕێگەی لێژنەی سێیانەی دەقکراو لە مادده (14)ی ئەم یاسایەدا بە سروشتی هەردوو نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن و مەترسیە ئەگەرەکانی هەردووکیان لە مەودای نزیك یان دوورو وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسی بەخشەرو وەرگر، یان ڕەزامەندی جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی ئەگەر لە کەسانی نالێهاتە یان کەملێهاتە یان وەسیەتکراو بێت ئەگەر مردوو بێت بەنیسبەت خانەکانی دایك بەپێی ئەوەی بڕگەی ( سێیەم)ی ماددەی (5) دەقی لەسەر کردووە. و لێژنە کە کۆنووسێك بە مەئا مادە دەکات و بەخشەرو وەرگر واژووی دەکەن ئەگەر بێ هۆش یان تێنەگەیشتوو نەبێت یان لە لایەن جێگرەوەی یان نوێنەرە یاساییەکەی.

ماددەی (9):

یەکەم: دەکرێت بۆ زەرورەتێکی پێویست بۆ پارێزگاری کردن لە ژیانی مرۆڤێکی زیندوو یان چارەسەرکردنی لە نەخۆشییێکی کوشندە یان تەواوکردنی کەمبوونێکی ژینەوەری لە جەستەیدا، ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندام یان شانەیەکی لاشەی مرۆڤێکی مردووی تیایدا بچێندرێت، ئەگەر مردووەکە بەر لە مردنی وەسیەتی ئەم کارەی کردبێت بەوەسیەتنامەیەکی بەڵگەدار یان جێگیرکراو لەسەر هەر پەڕێکی فەرمی، یان دانی پێنا بێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە پێڕەوو ڕێنماییە دەرکراوەکانی بەگوێرەی ئەم یاسایە دیار دەکرێن.

دووەم: دەکرێ گواستنەوە بکرێ لە ئەندامانی جەستەی مردو بە مەبەستی جارەسەر کردن یان بە مەبەستی زانستی بە مەرجی بە دەست هێنانی ڕەزامەندی نزیکترین کەسەکانی تا پلە چوار( بەپێی ڕێزبەندی خوارەوە: کورەکان و کچەکان دواتر کورەکانی کورەکان, دواتر باپیر لە لای باوك دواتر برا و خوشکەکان, دواتر کورەکانی براکان, دواتر مامەکان, دواتر کورەکانی مامەکان, ئەگەر کەسە نزیەکەکان زیاتر بوون پێویستە ڕەزامەندی زیاتریان بێت. وە لە هەموو حاڵەتەکان دەبێت ڕەزامەندیەکە بە نووسراو بێت بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە.

أ- نابێ کەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی کردبێ کە لەدوای مردنی هیچ ئەندامێکی جەستەی خۆی ببەخشێ ، ئەمەش دەبێ بە پێی نووسراوێك بێ کە دوو کەسی شیاو لە رووی یاساییەوە شاهێدیان لەسەر دابێ.

ب- لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ مردنەکەی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بەپێی لیژنەیەکی پێکهاتوو بۆ ئەم مەبەستە.

سێیەم: نابێت ریشەکێشکردن لە لاشەی مردوو ئەنجام بدرێت مەگەر بە مۆڵەتی دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندەوە بێت ئەگەر مردنەکە بابەت بێت بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری.

چوارەم: وەسیەتکار بەیەکێك لە ئەندامەکانی بۆی هەیە لە وەسیەتنامەکەی پاشگەزبێتەوە

## بەشی سێیەم

## پرۆگرامی بەخشینی ئەندامە مرۆییەکان و چاندنیان

**ماددەی (10):**

**یە کەم: لێژنە یەکی بالاَ بەناوی (لێژ نەی بالاَی چاندنی ئەندا مە مرۆیـ یەکان) پێکدەهێنرێت و دەبێ تە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت بە سەرۆکایەتی وەزیر.**

**دووەم: لێژنەکە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی نەشتەرگەییەکانی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانی و شانەکان و د یارکردنی ئەو دامەزراوا نەی مۆ ڵەت دەدر ێن بە چاندن، هەروەها سەرپەر شتی و چاودێری کردن لەسەریان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پێڕەو و ڕێنماییەکان ، لە ئەستۆ دەگرێت.**

**ماددەی (11):**

**لێژنەی بالاَی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان چەند لیستێك بەناوی ئەو نەخۆ شانەی پێویـستیان بە چاندن هەیە لە لاشەی مرۆڤێکی مردوو بەگوێری پێشەنگی تۆمارکردن لەو تۆ مارەی بۆ ئەم مەبە ستە ئامادە یان دەکات، و ناکرێت ئەم پێشەنگیە هەموار بکرێت مەگەر نەخۆ شەکە پێداویـستییێکی زۆرو بەپە لەی هەبێت بۆ نە شتەرگەری چاندن بەپێی ڕێ سا پزیـ شکیەکان و ئەو ڕێکارا نەی لێژ نەی بالاَ دیار یان دە کات، و ئەم لیستانە لەسەر چاندن لە نێوان زیندووەکاندا پیادە ناکرێت. و لە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکاندا نابێت لەو ڕیزبەندییە لابدرێت کە لە لیـ ستە ئا ماژە پێکراوەکا ندا هاتووە بەهۆی نەبوونی توا نای نەخۆش لە سەر پێدانی تێچوونەکانی نەشتەرگەری چاندن.**

**ماددەی (12):**

**دەو ڵەت تێ چوونەکانی ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان بەخۆرایی لە دا مەزراوە پزیـ شکیە حکومـ یەکان لە ئە ستۆ دەگر ێت، بەپێی ئەو ڕێک سازییانەی لە لا یەن وەز یری تەندرو ستیەوە بڕیاریان پێ دەردەچێت.**

**ماددەی (13):**

**بە بڕیاری وەزیری تەندروستی و پاڵپشت بە ڕەزامەندی لێژنەی بالاَی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان مۆ ڵەت دەدر ێت بە دا مەزراو بۆ ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانی و شانەکان، مۆڵەتە کەش بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبـ ێت تیا یدا دامەزراوە کە دەکەوێ تە بەر چاودێری و سەرپەر شتی بەردەوام لەبارەی ئەو نەشتەرگەرییانەی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانیان و شانەکان ئەنجام دەدر ێن و ئاستی پابەندبوون بە ستاندەرەکانی باشی کە لەم بوارەدا بـڕ یار دراون لە گەڵ ئەو شەفافیەتەی پێویـ ستە ڕێکخستنی نەشتەرگەرییەکانی بەخشین و چاندن هەیانبێت، و ئەگەر سەلمێندرا کەوا پابە ندیی هە یە بە مەرج و ستاندەرە ئاماژە پێکراوەکان ئەوا نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە هەر سێ ساڵ جارێك دەبێت.**

**ڕێکارەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان**

ماددەی (14):

یەکەم: بە بڕیاری لێژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان لێژنەیەکی پزیشکی لە هەر دامەزراوێکی پزیشکی مۆڵەتدراو بە چاندن، پێکدەهێندرێت، ئەویش لە پزیشکە پسپۆڕەکان، تەنها ئەم لێژنەیە تایبەتمەند دەبێت بە ڕەزامەندی دان لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان بەپێی ئەو حوکمانەی لەم یاساو ئەو پەیڕەوو ڕێنماییانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، دەقیان لەسەر کراوە.

ماددەی (15):

نابێت هیچ ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە لاشەی مردوویێك بگوازرێتەوە تەنها پاش سەلماندنی مردنەکە بە سەلماندێکی دڵنیاییدەر نەبێت، کە لە دواییدا ئەستەم بێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان، و سەلماندنی ئەمەش بەپێی بڕیارێك دەبێت بە کۆدەنگی بیروبۆچوونی لێژنەیەکی سێیانی لە پزیشکانی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی مۆخ و دەمارەکان، نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی دڵ و دەمارە خوێناوییەکان، و سڕکردن یان چاودێری چڕ، دەربچێت، ئەویش پاش ئەوەی لێژنەکە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پشکنینی ئیکلینیکی و جەختکردنەوەی پێویست بۆ دڵنیابوون لە سەلماندنی مردنەکە، بەپێی ئەو ستاندەرە پزیشکیانەی لێژنەی باڵا دیاریان دەکات و بڕیارێکی لە لایەن وەزیری تەندروستیەوە پێ دەردەچێت، لێژنەکەش لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی بەباشی بزانێت لە پزیشکانی پسپۆڕ. و نابێت ئەندامانی ئەم لێژنەی پشکنینە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبێت بە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان یان شانەکان.

ماددەی (16):

یەکەم: لە هەر دامەزراوێك لە دامەزراوە مۆڵەتدراوەکان بە چاندنی ئەندامە مرۆییەکان تیمێکی پزیشکی بەرپرس لە چاندن پێکدەهێنرێت، و پێڕەوی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ڕێساکانی پێکهێنانی ئەم تیمەو مەرجەکانی پێویست لە ئەندامەکانی و دەسەڵاتەکانی دیار دەکات. و سەرۆکی ئەم لێژنەیەش بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاندن لە دامەزراوەکەو هەڵسەنگاندنی کاری تیمەکەو، بەباش بە ئەنجام گەیاندنی خزمەتگوزاری پزیشکی و کۆمەڵایەتی بۆ نەخۆش و بەخشەرەکان و، نوێنەرایەتی کردنی پرۆگرامەکە لەبەردەم لێژنەی باڵاو سەرجەم لایەنە پزیشکی و کارگێڕییە پەیوەندارەکان.

دووەم: بەبڕیاری لێژنەی باڵای بەخشین و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان تیمێکی پزیشکی لێهاتوو لەو پارێزگایانەی کوردستان کە نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت، پێکدەهێنرێت بە ئامانجی وەرگرتنی ئەندامەکان لەوانەی کۆچی دواییان کردووە بەمەبەستی چاندن.

## بەشی پێنجەم
## سزاکان

ماددەی (17):

لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسای سزاکان یان هەر یاسایەکی دیکە دەقی لەسەر دەکات ئەو تاوانانەی لەو ماددانەی دادێن دەقیان لەسەر کراوە ئەو سزایانەیان دەبێت کە لە ماددەکاندا بۆیان دیاری کراوە.

ماددەی (18):

یەکەم: هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بەشێکی بەمەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (3، 4، 5، 7، 9)ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیەك لە (10) ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و بەزیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت.

دووەم: ئەگەر ئەم کارەی لە برگەی پێشوو ئاماژەی پێکراوە ببێتە هۆی مردنی کەسی بەخشەر ئەوا سزایەکە دەبێتە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (15) ساڵ و غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

ماددەی (19):

یەکەم: لەگەڵ پێشێل نەکردنی ئەو سزایانەی لە ماددە (18)ی ئەم یاسایەدا بڕیار دراون، هەر کەسێك نەشتەرگەریەك لە نەشتەرگەرییەکانی گواستنەوە یان چاندن لە دامەزراوەیەك جگە لەو دامەزراوە پزیشکییانەی مۆڵەتدراون ئەنجام بدات لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن و بە غەرامەیەك لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، و ئەگەر کارەکەی بۆ هۆی مردنی کەسی بەخشەر یان وەرگر ئەوا سزایەکەی دەبێتە زیندانیی هەتاهەتایی.

دووەم: بەڕێوەبەری بەرپرس لە کارگێڕی کردارەکی دامەزراوە پزیشکیەکە لەو جێگا نەی مۆڵەتیان نەدراوەو تیایدا هەر نەشتەرگەریێك لە نەشتەرگەرییەکانی گواستنەوەی ئەندامە مرۆییەکان یان بەشێکی یان شانەیەکی مرۆیی ئەنجام بدرێت لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا بە هەمان سزای دەقکراو لە بڕگەی پێشوودا سزا دەدرێت.

ماددەی (20):

یەکەم: هەر کەسێك بە مەبەستی چاندن لە ڕێگەی فێڵ لێکردن یان زۆرەکی هەڵسا بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامی مرۆڤێکی زیندوو، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیی کاتی بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (7) ساڵ بە غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: ئەگەر ئەم کارەی لە هەردوو بڕگەی پێشوو ئاماژەیان پێکراوە ببێتە هۆی مردنی ئەو کەسەی لێی دەگوازرێتەوە ئەوا سزایەکە دەبێتە زیندانیی هەتاهەتایی و غەرامەیەك لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

ماددەی (21):

هەر کەسێك سەرپێچی هەر حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن و بە غەرامەیەك لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەمە سەرباری دەسبەسەرداگرتنی مایە یان سوودی ماددی یان عەینی وەرگیراو لە تاوانەکە یان حوکم دان بە بەهاکەی لەکاتی دەست بەسەر دانەگرتنی. وە هەر کەسێك هەڵسا بە گواستنەوە یان چاندنی شانەیەك بە پێچەوانەی حوکمی ماددەی (7)ی ئەم یاسایە ئەوا سزای زیندانیکردنەکە لە حەوت ساڵ زیاتر نابێت.

ماددەی (22):

هەر کەسێك هەڵبستێت بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێك بەبێ ئەوەی مردنی بە سەلماندنێکی دڵنیاییدەر سەلمێندرابێت وەك ئەوەی لە ماددە (15)ی ئەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوەو ببێتە هۆی مردنی کەسەکە لەگەڵ پێزانینی بەم کارە، ئەوا سزا دەدرێت بە سزای کوشتنی بە ئەنقەست لەگەڵ پێشوەختە سووربوونی دەقکراو لە ماددە ( 406 ) لە یاسای سزاکان ژمارە (111) ساڵی 1969. وە سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی کاتی بۆ ماوەیەك کە لە (7) حەوت ساڵ زیاتر نەبێت بۆ هەر کەسێك بەشداری کردبێت لە دەرکردنی بڕیاری دڵنیایی بوون لە مردن بەبێ ئەنجامدانی ئەو پشکنینانەی لە ماددە (15)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

ماددەی (23):

نێوانگیریی لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بە هەمان سزای بڕیاردراو بۆ تاوانەکە سزا دەدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا نێوانگیر لە سزاکە دەبوردرێت ئەگەر هەواڵی تاوانەکەی دایە دەسەلاتەکان بەر لە تەواوبوونی و ئەمەش بووە هۆی بەشداری کردن لە گرتنی تاوانبارانداا.

ماددەی (24):

دادگا بۆی هەیە، سەرباری ئەو سزایانەی بۆ ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە بڕیار دراون، حوکم بکات بە سەرجەم یان هەندێك لەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە بەگوێرەی حاڵەتەکان:

1- بێبەشکردن لە پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت.

2- داخستنی دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەتنەدراو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان کە تیایدا تاوانەکە ئەنجام دراوە، بۆ ماوەیەك لە دوو مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت، و ئەگەر شوێنەکە لە دامەزراوە پزیشکیەکان نەبێت ئەوا حوکم دەدرێت بە داخستنی هەتاهەتایی.

3- راگرتنی مۆڵەتی چالاکیی چاندنی ئەندامەکان یان بەشەکانیان یان شانەکان لە دامەزراوەی پزیشکی مۆڵەتدراو بە نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت.

4- بڵاوکردنەوەی حوکمەکە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی زۆربڵاو لەسەر تێچوونی کەسی حوکم لەسەر دراو.

## بەشی شەشەم

## حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی (25):

قەدەغەیە بەشێوەیەکی بنبڕ بانگەشەکردن بۆ کەسی بەخشەرو کەسی پێ بەخشراو (وەرگر) بە سیفەتێکی کەسێتی لە سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندندا.

ماددەی (26):

یەکەم: پێشەنگی لە گواستنەوەی ئەندامەکان لە زیندووەوە عێراقییەکان بۆ عێراقییەکان دەبێت، و دەکرێت ئەندامەکان بۆ جگە لە کەسی عێراقی بگوازرێتەوە ئەگەر نزیکی کەسی بەخشەر بێت.

دووەم: وەزیری تەندروستی پێڕەوی تایبەت بە رێکخستنی نەشتەرگەرییەکانی گواستنەوەی ئەندامەکان لە کەسانی بەخشەری بیانی دەردەکات.

ماددەی (27):

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە رەزامەندی بدات لەسەر دامەزراندنی بانکی ئەندام و شانە مرۆییەکان لە هەر نەخۆشخانەیەك یان بنکەیەکی پزیشکی بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و دابینکردنی شانەکانی چاندنی گلێنەو شانەکانی دیکە بۆ مەبەستەکانی چاندن بەو مەرجەی لەم دامەزراوە گشت توانا هونەرییە پێویستەکان هەبێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی بۆ دیارکردنی رێگەکانی کۆکردنەوەو پاراستنی ئەندامەکان یان شانەکان لەو دامەزراوانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە، دەربکات.

ماددەی (28):

دامەزراوەی مۆڵەتدراو پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی پشکنینە ئیکلینیکی و تاقیگەییەکانی پێویست لەسەر کەسی بەخشەر یان وەسیەتکار بەر لە مردنی لەسەر ئەو ئەندام یان شانانەی دەویسترێت ببەخشرێن یان وەسیەتیان پێ بکرێت لەدوای ریشەکێشکردنیان لە جەستەکەی بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتییان و خالی بوونیان لە نەخۆشییە گوێزراوەکان.

ماددەی (29):

ئەگەر ئاڵوگۆڕ لەگەڵ بانکە جیهانیە تایبەتمەندەکان لە ئەندامە مرۆییەکان ئەنجامدرا ئەوا پێویستە گشت رێکارە یاسایی و تەندروستیە پەیڕەوکراوەکان لەم جۆرە حاڵەتانە بگرترێنەبەر بۆ سەلماندنی سەلامەتیی ئەندامە مرۆییەکە لە نەخۆشیە گوێزراوەکان.

**ماددەی (30):**

**کار بەهیچ یاسایەك یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.**

**ماددەی (31):**

**یەکەم: پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**دووەم: پێویستە لەسەر وەزیر لە ڕێگای لیژنەی باڵا ڕێنمایی تایبەت بە کار و بەرپرسیاریەتی و هەیکەلیەتی پرۆگرامی بەخشین و چاندنی ئەندامەکان دەربکات.**

**ماددەی (32):**

**ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.**

## هۆیە پێویستکارەکان

**لەپێناو پشتیوانیکردنی هاریکاری و بەخشین لە کۆمەڵگەداو بەرجەستەکردنی بەهاو ماناکانی مرۆڤایەتی و قوربانیدان و بەزەیی بە یەکتری هاتنەوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یارمەتیدانی کەسانی دیکەو دەربازکردنی ژیانیان ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەبەر بوونی پرۆژە یاسا و وەرگرتنی رای لایەنی پەیوەندیدار و علمیەت و وردی ئیختیساسی بابەتەکە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو پرۆژە یاسایە بکەن بە ئەساس بۆ دەنگدان لەسەری.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ کردن، کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿56﴾ کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا، نوقتەی نیزامی ئێڤار خان؟**

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماوەیەك بەر لە ئێستا پرۆژە یاسایەك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ئەوەی ڕێگرتن بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەویش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دەکرێت ئیستیفادە لەو بکرێت بۆ راپۆرتی ئەوان بە هاوبەشی لەسەر راپۆرتی تر، بۆ ئەوەی جارێکی تر دانیشتن لەسەری نەکرابایە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری پەیوەندی بەم پرسەوە هەیە، کەسێك گورچیلە دەفرۆشێت و دەیداتە کەسێکی تر، پێم وایە پەیوەندنی بەم بابەتەوە هەیە دەکرا حسابی بۆ کرابایە،**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا تازە ئەوە راپۆرت حازر کراوە و گفتوگۆ لەسەر ئەم راپۆرتە دەکەین، سوپاس بۆ بەڕێزتان، لە ناونیشانەوە دەست پێبکەن، بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت.**

**بەڕێز د. ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونيشان بەم شێوەيە دەخوێندرێتەوە، ياسای بەخشين و چاندنی ئەندامە مرۆييەكان لە كوردستان عێراق.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس قسەی هەيە لەسەر ناونيشان؟ كاك سعيد مەسيفی فەرموو،

**بەڕێز سعيد محمد سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ياسای بەخشين و گواستنەوەی چاندنی ئەندامە مرۆييەكان لە كوردستان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆزان فەرموو،

**بەڕێز زۆزان صادق سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەز دكەم ئەڤ دەستەواژە لسەر بێتە زێدە كرن، ياسای بەخشين و چاندنی ئەندامە مرۆييەكان و نەبازرگانی پێكردن ﴿يەعنی منع الاتجار بها﴾، دێ دروست تر بيت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سهراب فەرموو،

**بەڕێز سهراب ميكائيل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ب ڤی شێوەی ببيت دێ پتر يا رێك و پێك ببيت، ياسا رێكخستنی بەخشين و گواستنە و چاندنی ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شكريە فەرموو،

**بەڕێز شكريە اسماعيل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەم شێوازە بێت باشە، ياسای رێكخستنی گواستنەوە و چاندن و بەخشينی ئەندامە مرۆييەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شرين فەرموو،

**بەڕێز د. شرین حسنی رمچان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وا بێت، یاسای بەخشین و چاندن و رێگەگرتن بە بازرگانی کردنی ئەندامە مرۆییەکان لە کوردستان عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەزیری تەندروستی فەرموو،

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای بەخشین و چاندنی بەشەکانی لەش لە هەرێمی کوردستان، کە تۆ یاسات دانا رێکی دەخەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کرا گفتوگۆیەك لە نێوان خۆمان دەکەین و ئاگادارتان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخشین و چاندن خۆی تەحسیل حاسلە، کەلیمەی موتاجری تێدا نەبێت، چونکە ئامانجی ئەو پرۆژەیە مەنعی موتاجەرەیە و نابێت لە عینوانەکەی موتاجەرەی دانێین، بەخشین و چاندنەکە پێم وایە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەهار خان فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیژنە پەیوەندیدارەکان پرسیار لە وەزیری تەندروستی کە جەنابی وەکو موختەسە لە بوڕارەکە کە ئیقتراحی کرد ئەندامەکان ببێت بە بەشەکانی لەش و ئەوە خەلفیەتی عیلمی لە پشتە کە داوا دەکات ئەندام ببێت بە بەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو جوان فەرموو،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناحیەی لوغەوی بە زمانی عربی بەش یەعنی قسم، ﴿الارجح ان اکون عضو﴾ یەعنی ئەندام، ئەمە باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز د. عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەڵ پێشنیارا ﴿د. جوان﴾ی مە و ل تەعریفا عەرەبی ﴿العضو یتکون من المجموعة انسجة تعدی وظیفة معینة و نسیجة تکون من مجموعة خلا یا تعدی وظیفة معینة﴾، عضو و ئەندام شامل ترە لە تەعریفی دا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زۆڵفا فەرموو،

**بەڕێز زۆڵفا محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە، یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیە عینوانەکەمان داڕێشتەوە، مەنع کردنی بازرگانیکردنمان ئیزافە نەکرد، لەبەر ئەوەی یەك فەسل بۆ سزاکانە و ئەمە خۆی ئاماژەیە کە بازرگانیکردن قەدەغەیە، ناونیشانی پرۆژەکە بەو شێوەیەیە، یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بەم شێوەیە خوێندرایەوە؟ ﴿46﴾ کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ ﴿1﴾کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی یەکەم.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی (1):**

**لە پ یادەکردنی حوک مەکانی ئەم یا سایە، مەبە ست لەم وو شەو دە ستەواژانەی خوارەوە مانا کانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم: وەزیر: وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق.**

**دووەم: وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان  عێراق.**

**سێیەم: ئەندام: هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێکی کە ژیانەوەرو گرنگ بێت بۆ دەربازکردنی نەخۆش.**

**چوارەم: گواستنەوەی ئەندام: بەکارهێنانی چارەسەریی نەشتەرگەریی کە لە رێگەیەوە کەسی وەرگر یەکێك لە ئەندامەکان یان شانەکان لە کەسی بەخشەرەوە، چ زیندوو بێت یان مردوو، وەردەگرێت.**

**پێنجەم: بەخشەر: کەسی شیاو لە رووی یاساییەوە (کامل الاهلیە) کە تەنازول دەکات لە ئەندامێك لە ئەندامەکانی بۆ کەسێکی دیکە بەبێ بەرامبەر چ زیندوو بێت یان لەدوای مردنی.**

**شەشەم: وەرگر: ئەو کەسەی پێویستیەکی زۆری بە چاندنی ئەندامێکی مرۆیی یان شانەیەك لە جەستەیدا دەبێت.**

**حەوتەم: شانەی مرۆیی: بەشێك لە هەر ئەندامێکی مرۆیی کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێت, بێجگە لە خۆین.**

**هەشتەم: وەسیەتنامە: رەفتارکردن بە ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی جەستە لە رێگەی بەخشین لە دوای مردن و ئامانج لێی بریتیە لە بەخاوەنکردن بەبێ بەرامبەر.**

**نۆیەم: وەسیەتکار: ئەو کەسەی لە کاتی ژیانیدا بەپێی یاسا وەسیەتی کردووە بە بەخشینی ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی لە دوای مردنی.**

**دەیەم: مردن: راوەستانی دڵ و هەناسەدان راوەستانێکی هەمیشەیی، یان لەکارکەوتنی وەزیفەکانی مێشك بە لەکارکەوتنێکی تەواوی نەگەڕاوە (مردنی مێشك).**

**یازدەم: دامەزراو: هەر شوێنێکی رێگا پێدراو (المرخص بها) بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان چ ئەهلی بێت یان حکومی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، با ناوەکان بنووسرێت، ئەندامانی لیژنە لە ئاخیرەوە ناوی خۆتان بنووسن، کاك سهراب فەرموو.**

**بەڕێز سهراب میكائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە من وەك روونكردنەوە هەبوو بۆ ماددێ ئێكێ، بەڵێ خستە دەنگدانێ و تە دەستێ من نەدیت، هندی من یاسا خویندی بێت هەمی دەولەتا، یاسا تێكەڵی و گواستنەوە ل گەڵ بێت، یەعنی نقل، چێ دبیت گواستنەوە بەس نەهێتە چاندن و ڤی رەنگی مە نەرێكخست گواستنەوە و مە بەس چاندن دانا، قانون تەنزیم نەقل و زیراعەت، هەمی یاسا نەقل تێدایە پاشان چاندن و لێرە مە بەس بەحسێ چاندنێ كریە، سوباس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دوایی بزانین لیژنە پەیوەندیدارەكان وەڵامیان هەیە بۆ ئەم بابەتەی باست كرد.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئەندام پەرلەمانانەی گفتوگۆی ماددەی یەكەم دەكەن، ﴿قادر ئۆتمان، عباس غزالی، شیلان جعفر، صالح فەقێ، سعید مەسیفی، شكریە اسماعیل، غریب مصطفى، مریم صمد، سروود سلیم، سراج احمد، عمر عینایەت﴾

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەگەر قسەتان هەیە خزمەت بە گفتوگۆ دەكات، پێش ئەوەی ئەندامان دەست بە گفتوگۆ بكەن، مریم خان فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارم هەیە، پێم باش، ماددەی یەكەم، بڕگەی دووەم بخرێتە یەكەم، وەزارەت بێتە سەرەوە و وەزیر بێتە دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چەندە من تەحەفوزم نەنووسیوە، بەڵام رەنگە پێشنیارەكەم خزمەت بە ماددەكە بكات ئێمە لە ماددەی ﴿10 و 11 و 13 و 14﴾ دا ناوی لیژنەی باڵای گواستنەوە و چاندنی ئەندامەكانی لەشی مرۆیی مان زۆر دووبارە كردووە، بۆیە لێرە پێنشیار دەكەم كە لیژنە پێناسە بكەین و بڵێین لیژنە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالله فەرموو،

**بەرێز عبدالله جاسم رجب :**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی دگەل پێشنیارا ﴿ كاك سهراب﴾ دا مە، راستی چاندن و ڤەگوهاستن فەرقە و ئیحتیما لە بەبێژین ڤەگوهاستنا خوینێ ژ ئێكێ بۆ ئێكی و نەك تنێ چاندن، چاندن ئیللا ڤەگوهاستنا گەل هەی، ئەم شێین چاندنێ یا هەی ب تنێ و نقل دم نابێنێ زرع دم، مع العلم خوین ژی ئێكە ژ ئەنسیجام و خەلایا و ئەندامێت لەشێ مرۆڤێ، بەرهندێ ژی ماددا حەفتێ بێجگە لە خوین ئەسلەكە لە ماددەی چوارەم بیت .

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سراج فەرموو.

**بەرێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی قسەی ﴿د. بەهار﴾ دەكەم، باسی لیژنە لە ماددەی ﴿10 و 11﴾ی و دواتر كرایە، دەبێت لێرە تەعریف بكرێت، پاشان باسی بەخشەر دەكات، بڕگەی پێنج كەسی شیاو لە رووی یاساییەوە كامل ئەهلییە كە تەنازول دەكات، بەڵام لێرە باشە باسی ئەوە بكرێت كە لە ژیاندا مابێت و زۆر جار كەس هەیە لە ژیان نامێنێت ئینجا ئیستیفادە لە جەستەی دەكرێت، ئەوەی لە ژیاندایە و لە ژیاندا نییە هەردووكی لە تەعریفدا هەبێت، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەزیری تەدروستی فەرموو،

**بەرێز د. رێكەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی :**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ مەسەلەی گواستنەوە مەبەست گواستنەوەی خوێنمان هەیە كە دەڵێی كێشەی یاسای ئەم یاسایە مەسەلە كێشە لە بەخشینەكە و تیجارەیە، بەخشینەكە دوو جۆرە، هەیە لە خزم و كەس و كارە كە ئەویش كێشەی خۆی هەیە بە هۆی دڵ گەورەیی ژنان كە زەختیان لێدەكەن و زۆر جار بەخشینەكان لە ژن دەكرێت، ئەوەی بەخشینی خزم و كەس و كار نین، تیجارەتی پێدەكرێت، بۆیە بەخشین و چاندنی ئەندامەكانی لەش هەموو دەگرێتەوە كە وتت یاسا واتە رێكخستنیەتی، كەواتە ئێمە خوێندمان لێ ئیستیسنا دەكەین، كەواتە یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تكایە سەرنجەكانتان بە كورتی بڵێن، چونكە بڕگەكانی ئەم پرۆژە یاسایە زۆرە بۆ ئەوەی فریای بكەوین، و تەواوی بكەین، كاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم چەمكی حكومەت پێناسە بكرێت و وەزارەت پێشی وەزیر ئەوەی ﴿ مریم خان﴾ وتی و ئەوەی ﴿بەهار خان﴾ وتی پشتگیری دەكەم، سەبارەت بە پێنجەم پێم وایە وشەی تەنازول لابرێت و پێناسە بكرێت، كەسی شیاو لە رووی یاساییەوە كە ئەندامێك لە ئەندامەكانی دەبەخشێتە كەسێكی دیكە بێ بەرامبەر تەواو بكرێت، خاڵی هەشتەم وەسیەتنامە بوترێت بەڵگەنامەی فەرمی یان یاسایی كە تێدا رەفتار كردن بە ئەندامێكی یان زیاتر لە رێگەی بەخشینەوە لە دوای مردن تۆمار دەكرێت و ئەمەش بریتییە لە بەخاوەن كردن و یازدەیەم بوترێت دامەزراوەی پزیشكی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی وەزیر دەكەین، بە راستی یاساكە لە ناونیشان دا لە كوردستانی عێراقە و لە ناو پێناسەكاندا حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتووە، ئێمە ناوچەی دابڕاومان هەیە، پێشنیار دەكەم بۆ ئەوەی لە هەموو كوردستان جێ بە جێ بكرێت، هەرێم لابرێت، پشتگیری ﴿ كاك قادر﴾ دەكەم كە وەسیەتنامە ببێتە بەڵگەنامە، چونكە وەسیەت بە شەفاهی دەتوانی گۆڕانكاری تێدا بكەیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شكریە خان فەرموو،

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم هەیە، ئەو وشەیە دەڵێت ژینەر و گرنگ بێت، زۆر زەرووره ئەو واوە بكرێت بە یا، چونكە ژینەر و گرنگ بێت، رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشكەوتن دەچێت و لە ئێستا چاو بگوازرێتەوە یان ئەندامی تر و ئەمانە ژینەر نین، بەڵام گرنگن تۆ كە مای هەردووكی تێدا بێت و هەم ژینەر و هەم گرنگ بێت ئەگەر واوەكە بكەی بە ﴿ی﴾كێشەكە حەل دەبێت و لە هەمان خاڵدا وشەی دەربازكردن بكرێت بە رزگاركردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سروود فەرموو،

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیر دەکەم، دوو خاڵم هەیە، یەکەم لە بەشی سێیەم، ئا یا بە پێویست دەزا نن کە دەڵێن ئەندامەکان تەحدید بکرێت لە ناو ئەو پرۆژە یە یان نا بە کراوە یە بمێنێت؟ دووەم لە سەر خاڵی حەوتەم کە سەرنجی ﴿د. عبدالله و د. ڕێکەوت﴾ رابکێشم، لە بەر ئەوەی پسپۆرن، نو سیومانە بێجگە لە خوێن و تەنیا نقل دم ، دەما نەوێت خیلالی ئەو یا سایە پرۆ سەی نقل اعضاء ر ێك بخەین نەك ز یاتر تەئقیدی بکەین، بۆ نموو نە هە ندێك نەقلی ئەنسیجەمان هە یە زۆر بە ئا سانی دەکرێ تەوە بۆ نموو نە بۆنگرافت، نقل انسجە عضم یان سینك گرافت نەقل جلد، جار هە یە منداڵ سووتاوە دەرە جەی سووتانی زۆرە پێویستە لە دایکی خۆی وەربگرین، ئەمە لە نەخۆشخانەکانی خۆمان بە ئاسانی دەکرێت یان ئێسکەك لە دایکی وەربگرێت بۆ منداڵەکەی، بەڵام بەم یاسایە ئەم ئیشە زۆر تەحکیم دەکرێت و بە رای من نەڵێین بێجگە لە خوێن و پێست و ئێسك، ئیستیسناو بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەوای خاڵی سێیەم، خاڵی حەفتەم بێتە شوێنی خاڵی چوارەم و خاڵی چوارەم بێتە پێنجەم، چونکە لە دوای پێناسەی ئەندام، پێناسەی شانە بکرێت، چونکە لە خالی چوارەم دەبێت بە خالی پێنجەم، کە دەوترێت گوا ستنەوەی‌ئەندام، با سی شانەش هاتووە هەروەها لە هە شتەم خاڵ وە سیەتنامەکە تا کۆ تایی دێرە کە لەدوای مردن کۆتایی بێت، ئەو بڕگەی دوایی زیادە، خاڵی دەیەم پێناسەی مردن روون نییە راوە ستانی دڵ و هەناسەدان وای لێبکرێت، راوستانی هەمیشەیی دڵ و هەناسەدان، هەروەها خاڵی دەیەم روون بکرێت ئا یا وەستانی مێشك بە وەستانی هەمیشەیی کە ئاماژە پێکراوە مانای مردنە؟ چونکە هەنا سەدان و لێدانی دڵ بۆی هەیە ﴿14﴾ رۆژ بەردەوام بێت، دوا سەرنجی من پێناسەی لیژنەش بکرێت، چونکە لە ماددەی ﴿10 و 11﴾ ی ئەم یاسایە هاتووە، لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مروییەکان دوو جار دووبارە بووە لە هەردوو ماددە، لەبەر ئەمە پێویستە پێناسەی لیژنەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیر دەکەم، چەند تێبینی و پێشنیارێکم هە یە بۆ بە شی پێنا سەکان، لە سێیەم، وا تە کە پێناسەی ئە ندام دەکر ێت دەر باز کردن بکر ێت بە رز گارکردن، چونکە و شەکە واگۆ نجاوترە، لە چوارەم

چاندن و گواستنەوەی ئەندام واتە چاندی بۆ زیاد بکرێت، لە پێنجەم لە پێناسەی بەخشەر کە دەڵێت تەنازول دەکات خۆ شتێکی نەکردووە کە تەنازول بکات ئەمە بەخشینە و پێویستە ببێتە دەستبەرداری یان دەبەخشێت و وشەی تەنازول گۆنجاو نییە، لە ﴿11﴾ دا مەزراو ببێتە دا مەزراوی پزیشکی، پێشنیارەکەم ئەوەیە مادام لە بەخشین پێناسەی بۆ بکەین، چونکە بە حوکمی ئەوەی پەیوەندی بە پێدان یان بەخشینی جەستەی مرۆڤ هەیە و لە زۆر شوێن ناوی بەخشین هاتووە بە هۆکاری دەرچوون، مادام لە ناونیشانەکەش دا هاتووە بەخشینمان زیاد کرد، پێویستە پێناسەی بەخشین بەم جۆرە بکەین، کە نە شتەرگەری گواستنەوەی ئەندامی مرۆیی یان شانە لە کەسی بەخشەر بە رەزامەندی خۆی یان کەسی مردووە بە رەزامەندی خزمەکانی بۆ وەرگر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم ئەو کەسەیە کە مەترسی لە ژیانی هەیە دواتر ئەوەی تر تەواو بکرێت، خاڵی دەیەم مردن راوەستانی، پێم باشە لێرە وەزیفەکانی مێشك لابرێت مردنیش لە کۆتایی لابرێت، بەم شێوەیە سیاغە بکرێتەوە، راوەستانی مێشك و دڵ و هەناسەدان راوەستانی هەمیشەیی یان لەکار کەوتنی تەواوی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عمر فەرمووو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێناسەکان چوارەم، بەکارهێنانی چارەسەری نەشتەرگەری و شەیەکە ناتەندروستە بەم شێوەیە بێت نەشتەرگەری وەرگرتوو و گواستنەوە و چاندنی **ئەندامەکان** یان شانەکان لە کەسی بەخشەر چ زیندوو یان مردوو بەم شێوەیە تەعریف بکرێت، وشەی بەکارهێنانی چارەسەر لا ببرێت، پێنجەم بەخشەر کەسی شیاو لە رووی یاساییەوە کامل ئەهلییە، وشەی تەنازول لابرێت و یان بکرێت بە ئەو کەسەی ئەندامێکی یان شانەیەکی لەشی دەبەخشێتە کەسێکی دیکە، وشەی تەنازول بگۆڕێت بە بەخشین، شەشەم، وەرگر ئەو کەسەی پێویستی زۆر، بکرێت بە پێویستی ژیاری، و زۆرەکە ناجائیزە، پێویستی حەیاتییە بە چاندنی ئەندام یان شانەیەکی مرۆیی کەسێکی مردوو یان زیندوو دەبێت، هەشتەم، وەسیەتنامە، بەم شێوەیە تەعریف بکرێت، بەخشینی ئەندامێك یان چەند ئەندامێك لە شانەیەك یان چەند شانەیەکی جەستەی لە دوای مردنی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سعید فەرموو،

**بەڕێز سعید محمد سعید :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من لە ماددەی یەكەم خاڵی سێیەم، ﴿ شیلان خان و شوكریەخان﴾ كرد یان دەر باز كردن ببێ تە رزگاركردن، خاڵی چوارەم، بەكارهێنانی نەشتەرگەری كەسی وەرگر یەكێك لە ئەندامەكان یان شانەكان لە كەسی بەخشەر چ زیندوو یان مردوو، كەواتە هەر ئەوەی ترە ئەندامەكە یان گواستنەوە دەبێت تێدا بێت گواستنەوە یان چاندنی ئەندام، ئەگەر لە ماددەكانی باس كراوە باسی چاندنیش كراوە بۆ لێرە باس كراوە بۆ لەویٚ باس نەكراوە؟ بەخشەر كەسی شیاو لە رووی یاسایی كە تەنازول دەكات لە ئەندامێكی بۆ كەسی تر بیٚ بەرامبەر چ زیندوو یان مردوو پێویستە لە رێگایوارسی یەكەمی كۆچ كردوو وەربگیرێت، وارسی یەكەم لەوەی لەگەڵیدا بێت شەشەم، وەرگر، ئەوەی چارەسەری نییە بژێت ناچار دەبێت لەوەی ﴿ كاك عمر﴾ باسی كرد ئەو كەسەی چارەسەری نییە ناچار دەبێت بە چاندنی ئەندامی مرۆیی یان چاندنی لە شانەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەزیری تەندروستی تێبینیت هەیە؟ فەرموو،

**بەڕێز د. رێكەوت حەمە رەشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانە كە ﴿ مریم خان﴾ وتی وەزارەت پێش وەزیر بكەوێت و لە سییەم، ئەندام بەم شێوەی پێناسە بكرێت هەر ئەندامێك لە ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ زیندوو یان مردوو جگە لە خوێن كە بەشێكی ژینەوەر و گرنگ بێت بۆ دەربازكردنی نەخۆش، دەربازكردنی نەخۆش مەبەست دەربازكردنی ژیانە، هەروەها رزگاركردنی لە نەخۆشی گران، چونكە مەرج نییە هەموو زەرعی اعضاء مردن بێت بۆ نموو نە كورنیا هە یە بیلبیلەی چاو، ئەگەر زەرع نەكەی نەخۆشەكە نامرێت، بەس نەخۆشەكە نابینێت ئەمە نەخۆشی قورسە بەس مردن نییە یان رزگاركردنی لە نەخۆشی قورس، چوارەم گواستنەوەی ئەندام من پێم باشە شانەش بێتە دوای ئەندام، حەوتەم بێتە جێی پێنجەم، پێنجەم چی لێبكرێت؟ كەسی شیاو لە رووی یاساییەوە كامل الاهلیە، تەنازول دەكات و دەبەخشێت شتێكی یاساییە، لە ئەندامێك لە ئەندامەكان بیٚ بەرامبەر چ زیندوو یان لە دوای مردنی جێگە لە چاندنی موخ، چاندنی موخ پێویستی بە كاملی ئەهلییە نییە، چونكە تۆ لە ماڵێكدای دوو منداڵت تەلاسیمیای هەیە و دوو منداڵت ساخن، نێزیكترین كەس و شیاوترین كەس كە هەبێت دەبێت لەو دوو منداڵە وەربگری كە تەلاسیمیای هەیە بدەی ئەو دوو منداڵە كە رزگاری بكەی، كە وتت كامل اهلیە هەبێت، ئەمە بۆ چاندنی موخ لا نەبرێت، مەعنای عەمەلییەی چەندان منداڵ ناردووە بۆ هیند و ئوردن و خۆمان لە كوردستان بە تەمای

بکەینەوە ئەمە مانای وایە ئەم ئیشە کۆتایی پێبینین، ئێستا لە بانقەکانی ئەلمانیا موخ نییە، دەبێت بۆ مەسەلەی چاندنی موخ ئەم بابەتە لابرێت، ئەوەی تر هاورێیەکمان ئەندامی پەرلەمان پرسیاری کرد، راوەستانی دڵ و هەناسەدان بۆ راوەستانی هەمیشەیی یان لە کارکەوتنی وەزیفەکانی مێشك بە لەکار کەوتنی تەواوی نەگەڕانەوە، لە توب شتێك هەیە پێدەڵێن کلینیکال زێس، یەعنی من خانەکانی لەشم هەموو ئیش دەکات و گورجیلەکانم ئیش دەکات تۆ زەرعی ئەعزات هەیە گورجیلەیە، جگەرە، دڵە، سی یە، ئیحتیمالە پەنکریاس و بیلبیلەی چاو بێت، بەڵام مێشکم ئیش ناکات و بێهۆشم و پێشتر وەسیەتنامەم کردووە دەبێت لە وەسیەتنامە تەحدید بکرێت، کە پێشتر ئەم نەخۆشە یا خۆد کە بە تەواوی مرد یان کلینیکال دێس بوو دەتوانی بە پێی وەسیەتنامە و رەزامەندی وەلی ئەمرەکانی چاندنی ئەندامەکانی لەشی بەکار بێنی، بابەتیکی تر نووسیومانە بێجگە لە خوێن سەبارەت بەوەی د. سروود تا ئێستا نازانم ئەگەر د. عبدالله هاوڕام بێت بونگرافت یەعنی پینەی ئێسقان لەگەڵ ئیسکین گرافت لە نەخۆشی تر وەر نەگیراوە، نازانم هەموو ئەنسیجەیەك کاك د. سروود کە لە نەخۆشێك بۆ نەخۆشێك وەردەگرێت پێویستی بە فەحسی ئێچ ئێل تایپینگ و دی ئێن ئەی تایپینگە، ئەمە نازانم ئەوەی بیستوومە گرافت کە بۆ ئێسقان و پێست بۆ سووتاوی دەکرێت هەر لە نەخۆش خۆیەوە وەردەگیرێت، ئەوەی لە دایك بۆ مندالٚ وەربگیرێت نازانم دەبێت رەئی تر وەربگرێن تا ئێستا نەمبینیوە لە نەخۆشخانەکانی هەرێم ئەمجۆرە نەشتەرگەرییانە بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆڵفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولٚفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ خاڵی حەوتەم (شانەی مرۆیی)، لەبەر ئەوەی مرۆییمان لابرد، بکرێت بە بەشێك لە شانەی هەر ئەندامێکی لەش کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێت بێجگەلە خوێن، بەم شێوەیەی لێ بکرێت، هەروەها خاڵی (11) دەمەزراوە بکرێت بە دەزگا، پێناسەکەشی بەم شێوەیە بێت هەر دەزگایەکی تەندروستی چ نەخۆشخانە بێت یان سەنتەرێکی رێگا پێدراو بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی چارەسەرکردنی ئەندامە مرۆییەکان، چە ئەهلی بێت یان حکومی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زولٚفا ئێوە ئەندام نەبوون لە لیژنەکان لە کاتی ئامادە کردنی راپۆرت؟ خۆزگە ئەو سەرەنجانە ئەو کاتانە جێتان بکردایەتەوە، بەڕێز د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله حاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرسیارەی (د.ڕێکەوت) وەزیری تەندروستی، ئەڤە قاعیدەیەکە کو کەسێکی شێت تەبەروع یەعنی بۆ چاندنێ بۆ تەبەروعێ پێ بکەتن، یەك: هەستینە، ئەو ژی (نقاع العظم، قرنية العين، قلب)، گورچیلەیە، جگەرە، ریئەیە، بەنکریاسە، جلد، ئەمعائە، (10) ئەندامن ئەوە تەبعەن ستاندەرێکی عالەمیە، دەتوانی زەرع و تەبەرع بەو ئەندامانە بکەن، یەعنی هەستیش لەگەڵە، بەڕێز جەنابی وەزیر، بە نیسبەتی حەوتەم ئێمە لە دەقی عەرەبی (د.سروود) نووسیومانە (جزء من اي عضو بشري يوزع من انسان حي أو ميت ماعدا الدم و الانسجة دائمة التجدد)، واتە خوێن و پێست و قژ ئەوە بەخۆی خۆی نوێدەکاتەوە، پێویست نییە، ئەگەر بەس ئەو وشەیە بنووسین (ماعدا الانسجة دائمة التجدد)، ئەوە خوێن و هەموو ئەو مولاحەزاتی جەنابتان لەخۆ دەگرێت، بە نیسبەت (موت الدماغ)، یەعنی وەفات، ئەز پێشنیار دکەم ئەڤ دەقێ عەرەبی بێتە نووسین، چونکە ئەوە شامل و کاملە تەقریبەن، ئەوە زۆر موهیمە بۆ ئەو یاسایە، (الموت الدماغي: هو موت المراكز الحيوية الهامة الواقعة في جذع المخ والتي تتحكم في نبض القلب و التنفس، فأن ماتت هذه المراكز يعد الانسان ميتاً)، ئەوە زۆر گرنگە، (على الرغم من استمرار تنفسه بواسطة جهاز التنفيز أو التنفس واستمرار نبض القلب بواسطة الاجهزة والعقاقير)، یەعنی موتی دەماغی ئەگەر کەسێك لە عیانەیە مورەکەزە بێتن و ئەو جیهازێ تەنفیزبن، یان ژی هەموو ئەو دەرمان و ئەجهیزانە کو دلێ کاری پێ دکەتن، یەعنی ئیحتیمالە حەفەیەك، (10) رۆژ، (20) رۆژ، هەیڤێك ژی قەلب و تەنەفوس کار بکەن، بەس ئەسلێ ئەوە بە (طبياً، ميكانيكياً، بصرياً يعد ميتاً، لان المراكز الحيوية في جذع المخ هي التي تتحكم في نبض القلب و التنفس)، هەر کاتێك لەسەر ئەو جیهازانە دەری بێنی دوای سێ دەقە، چوار دەقە، پێنج دەقە دەمرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شرین فەرموو.

**بەڕێز حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیری تەندروستی، خۆی دوو شێوەی زەرع هەیە (زرع ذاتي، زرع غير ذاتي) هەیە، ئەوانەی کە برای بەڕێزم (د.سروود) باسی کرد نەخۆش خۆی لە خۆی وەری دەگرێت بۆ پێست و ئەوانە، پێویست ناکات لە کەسێکی تر وەری بگرێ، لەبەر ئەوە ئەمە جێگای ناکرێتەوە لەم یاسایە، چونکە ناکرێت جەنابت لە ژێر چاندن و گواستنەوەی ئەندامی مرۆیی ئەمە تەنها بۆ ئەم یاسایە تەنها بۆ کەسێکی تر بگواسترێتەوە، ئەوەش دەچێتە ژێر خانەی زەرعی زاتی کە نەخۆشەکە خۆی لە خۆی وەر دەگرێتەوە، سەبارەت بە ئەندام هەر برای بەڕێزم (د.سروود) باسی کرد دەکرێت پێناسە بکرێت یان تەسنیفی بکرێت، یان دەست نیشان بکرێت، پێموایە پێشتر ئیشارەتمان پێدا ئەندام شمولیەتی خۆی هەیە،

کۆمەڵێك خانە، کۆمەڵێك شانە دەبێتە ئەنسیجە، کۆمەڵێك ئەنسیجە دەبێتە ئەندام، کۆمەڵێك ئەندام دەبێتە لاشەی مرۆڤ، لەبەر ئەوە ئەندام شمولیەتی خۆی هەیە هەمووی دەگرێتەوە، سەبارەت بەوەی بێجگەلە خوێن، دەست نیشانمان کردووە، چونکە تەنها خوێن بە گواستنەوە دەکرێت، ئەندام و ئەوانی تر هەمووی بە زەرع و چاندن دەکرێت، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم ئەگەر پێش بخرێ بکرێت بە خاڵی چوارەم، چونکە لە دوای ئەندام ئەگەر شانەی مرۆیی پێناسە بکرێت باشترە، سەبارەت بە دەرباز کردن ئەگەر بکرێتە رزگار کردنی نەخۆش، پێموایە لە رووی قواعدیەوە جوانترە، سەبارەت بە وەسیەت نامە و وەسەت کار، برای بەرێزم وابزانم (کاك قادر) بوو گوتی ئەگەر بەلگەنامە بێت، دەتوانین ئێمە جێگای بکەینەوە لە وەسیەت نامە بلێین لەوێ جێگای بکەینەوە، یەعنی بە بەلگە بێت، بە نووسین بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەخێرهاتنی (کاك د.رێکەوت) دەکەم، نامەوێش بەراستی لە توانای بەڕێزی بهێنمە خوارەوە، بەلاَم هەموو مرۆڤێك ئیختیساسی لە یەك بواردا هەیە، لەوانەیە بەڕێزیان ئیختیساسی لە بوارێکدا هەبێت، پێم باش بوو بەڕێزیان ستافێکی راوێژکاری لە بوارە جیا جیاکان کۆمەڵە یاسایەکی زۆر هەیە ئێمە ئیشکالی لەسەر دەکەین، لە بواری نەشتەرگەری بۆ ئێسك، لە بواری گورچیلە، لە بواری چاو، لە هەموو بوارەکانی سووتاندن، لەگەڵ خۆت بهێنایە و ئێمەش کەمترین ئەندامان لەم پەرلەمانە دکتۆرن، پێموایە سێ کەسمان دکتۆرن، لەبەر ئەوە وا باشتر بوو جەنابی (د.رێکەوت) ستافێکی راوێژکاری لەگەڵ خۆی بیهێنایە بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری بەڕێزیان بکردایە، مەبەستم ئەوە نییە خوا نەخواستە لە توانای بەڕێزیان کەم بکەمەوە، بەلاَم واباشتر بوو خەڵکی پسپۆڕ بهاتایە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی ئێمە کەم بکاتەوە، زیاتر ئێمە بەرچاومان روون دەبۆوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوشتانەی کە ئێستا باسیان دەکەم، ئێمە پێشتر ئەم یاسایەمان بۆ نێردراوە و پێشتر لەگەڵ (کاك د.عبدالله)دا موناقەشەمان کردووە، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە پێی دەگوترێت لیژنەی بالاَی چاندنی گورچیلە لە هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەمان کردووە و بە نووسراوی ژمارە (7105) لە (2015/4/22) راو سەرەنجی ئەو لیژنەیە بە ئیمزای خۆم دراوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ئێستا ئەو شتانەی کە من باسی دەکەم هەر ئەو ماددانە کە من باسی دەکەم فەقەرە بە فەقەرە لێرە تەدوین کراوە، ئەوەی چاندنی مۆخ، جگەلە چاندنی مۆخ لە نێوان خزمەکاندا، نەك بۆ بەخشین، بۆ بەخشین دەبێت ئەوە موافەقە بکات، بەس لە نێو خزەکاندا ئەمەی ناویٚ، ئەمە یاسایەی ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عبداللە ئەگەر شتێکی وا نەماوە تکایە ڕێکی بخەنەوە ئێوە لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە و بیخەینە دەنگدانەوە، خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم بۆ ماوەیەك ئەم کۆبوونەوەیە دوا بخەن، تاوەکو بەڕێز وەزیری تەندروستی بتوانێ ستافێکی عیلمی راوێژکار بانگ بکات بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، هەروەها ئەو پەڕی ڕێزیشم بۆ لیژنەکانی پەرلەمان بە تایبەتی لیژنەی تەندروستی رایەکانیان یەك بخەن، چونکە مەفروزە لیژنە پێش وەختە کۆبوونەوەی کردبێ، قەناعەتیان بە یەکتری هێنابێت کە یەك رایان هەبێت، ئێمە وەکو پەرلەمانتار، وەکو خۆم هەست دەکەم کەوا لێرە رای جیاواز هەیە لە ناو لیژنەکە، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ ماوەیەك کۆبوونەوەکە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، هیچ دەرفەتێك نەماوە بۆ دواخستنی کۆبوونەوەکە، چونکە بەیانی دوا رۆژە بۆ کۆتایی هاتنی خولی گرێدان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی یەك کاتژمێر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین رای لیژنە پەیوەندیدارەکان چییە، د.شرین فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمچان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم زۆر نۆرمالە ئەگەر ئەندامانی لیژنەی مەعنیش رەئی جیاوازیان هەبێت، چونکە لە ناو لیژنەش رەئی جیاوازمان هەبوو، نەمان توانی بکەینە یەك رەئی لە ناو راپۆرت بنووسین، بە دەنگدان یەکلاییمان کرد، زۆر ئاساییە ئەگەر ئەندامانی لیژنەش رەئی جیاوازیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زولّفا فەرموو.

**بەڕێز زوڵفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من دیفاع لە وەزیری تەندروستی ناكەم، بەڵام مەسەلەی یاسایی هەیە، نەخۆشی نییە كە پسپۆڕی تایبەتی لێ بێت ئەمە یەك، دوو: بە نیسبەت لیژنەی تەندروستیەوە هەمووومان پێشنیارمان نووسیوە لەسەر هەندێ خاڵ ناكۆك بووین بە دەنكدان یەكلاییمان كردەوە، بەڵام ئەم راپۆرتەی ئێستاكە لەبەر دەستماندایە راپۆرتی هاوبەشی چوار لیژنەیە، یەعنی لە هەندێ خاڵ كە لیژنەی تەندروستی رەزامەندیش نەبوو، بەڵام سێ لیژنە رەزامەند بوو، ئێستا ئێمە كە پێشنیار دەكەین بۆ ئەوەی جێگای پێشنیارەكانی ئەو كاتەی خۆمان بكەینەوە لێرەدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز د.عبدالله فەرموو.**

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەس ئەز دڤێت هەموو بۆ ئەندامێت بەڕێز دیار بكەم، چونكە زۆربەی ئەڤ تەعریفانە ستاندەرن، یەعنی چ تشتەكی مە تەئەلیف نەكریە، یەعنی تشتەكی لە گیرفانی خۆ مە دەرنەكریە، هەمووی ستاندەرن، ئێمە تەقریبەن (9) یاسای دەوڵەتانی عەرەبیمان خوێندووە، لە لیژنەش موناقەشەمان كردووە، یەعنی زۆربەیان ئەو تەعریفانە دەستەواژەنە، ستاندەرن، تەبعەن قابلی گۆڕانكارین، بەس زۆربەیان ستاندەرن سەد لە سەد، لە دەقی عەربییەكە هەیە (الاستخدام العلاجي الجراحي)، بەس هەیە ئەوە (نقل العضو)، گواستنەوەی ئەندام، هەیە غەیری جیراحی (د.رێكەوت)، وایە؟ (نقل الدم غیر الجراحیة)، (زرع نقاع العظم غیر الجراحیة)، پێنجەم: بەخشەر جەنابی (د.رێكەوت) گوتی جگەلە چاندنی موخ، بەس ئێمە ماددەیەكمان هەیە تایبەتە بە چاندنی موخ، بەڵێ، هەیە، موشكیلەش هەیە بەڕێز (د.رێكەوت) لە مەسەلەی كاملی ئەهلیە و چاندنی موخ، بەس ئێستا پڕۆژە یاسای موشەریعی فەرەنسی قەبول ناكات هیچ خۆ چاندنی موخیش لە كەسێكی ناقس ئەهلی دەبێت، چونكە لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەو ئیرادەی نییە، بەس لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئەوەی ئیستیسنا كردووە موشكیلە نییە، قەسدم لە رووی یاساییەوە شەخسی كاملی ئەهلیە، ئەگەر ناقس ئەهلیە بێتن پێی دەڵێن (الشخص مسلوب الارادة)، یەعنی ئەوە دەبێت موافەقەی قانونی هەبێت، وەسی هەبێت، موافەقەی مومەسیلی قانونی هەبێت، تەبعەن ئەگەر منداڵ بێت موافەقەی دایك و باوكی هەبێت، ئەوە هیچ موشكیلەی نییە، بەس ئێمە لێرە ماددەیەك هەیە ماددەی پێنجەم خاڵی سێیەم  ئەوە تایبەتە بە ماسائیلی (الخلایا الجذعیة و الخلایا المخ و النخاع العظم)، تەبعەن موفەسەلە لەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی موختەس من لەوەی هەڵەم راستم بکەنەوە قانونیەکان، لە پەیڕەو و پڕۆگرامی پەرلەمان وابزانم من دەبێ ئەگەر لیژنەکەش بێنم، چونکە من بۆ یەك، دوو یاسای تر خەڵکم لەگەڵ خۆم هێناوە، بەلأم هەر دەبێ من قسە بکەم، ئەوان هەر دەبێ ئیستیشارەم پێ بکەن، ئەو تەوزیحە بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە، هەروەها من وەکو ئاماژەم پێدا و جەنابیشت لەسەرت نووسیوە، وابزانم ئەوە ئیمزای بەڕێزتانە لە ($4/22$) من راو سەرەنجی وەزارەتەکەی خۆم لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە بە فەرمی ناردووە و ئەم راو سەرەنجەش لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای چاندنی موخ خۆیان فەقەرە بە فەقەرەی قانونەکەیان خوێندووە و خۆیان دایان رشتووە، سەبارەت بە چاندنی موخ ئێستا ئێمە بەراستی قانون بۆ ئەوەیە جێ بەجێ بکرێت، ئێستا ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە بۆ ئەو خاڵکانەی کە تەلەسیمایان هەیە، ناتوانن خۆشك و براکانیان بۆیان نابێت، ئێستا بۆیان نەکراوە، لەبەر ئەوەی دەستیان ناکەوێت، بۆیە بۆ مەسەلەی چاندنی موخ دەبێت هین بکرێت، دەبێت ئیستیسنا بکرێت، تاوەکو ئێمە دەگەینە مستەوای فەرەنسا و بەریتانیا و ئەوانە، کە بانکێکمان دەبێت و کە بڵێین (CONCERN) وەرگرین، کە (CONCERN)یش وەرگریت خۆ تۆ کە منداڵێکی ($18$) ساڵ هەر دەبێ لە دایك و باوك وەرگرێ، ئێستاش هەر دایك و باوکەکە هەڵیان دەبژێرن، مەسەلەن من کە دوو منداڵم هەبێت یەکێکیان تەلەسیمای هەبێت و ئەوەی تریان نەی بێت، من لەوە وەردەگرم کە هیچیان نەی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا لیژنە پەیوەندیدارەکان دەگەنە سیاغەی کۆتایی دوو ئەندام داوای موداخەلەیان کردووە، بەڕێز د. شوان قەلأدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەلأدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم بڕگەی چوارەم هەندێك رەکیکە، ئەگەر ئەوها گۆڕانکاری تێدا بکرێت گواستنەوەی ئەندامێکی جستەی مرۆڤە لە بەخشەرەوە بۆ وەرگر لە رێی چارەسەری نەشتەرگەرییەوە، هەر لە ماددەی یەك بڕگەی پێنجەم بەخشەر باسی تەنازولات کراوە، زۆرجار تەنازولات دێت جێ لە رێی هەندێك فشار و پاڵە پەستۆوە، بۆیە دەکرێ ئەوها گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەخشەر کەسی شیاوە لە رووی یاساییەوە کە ئەندامێکی جەستەی زیندوو بێت یان لە دوای مردن دەبەخشێت بۆ کەسێکی تر بەبێ بەرامبەر، بڕگەی هەشتەم و نۆیەم باسی وەسیەت و وەسیەتکاری دەکات، ئەگەر ئەوە بە شێوازێك دابڕێژرێتەوە ئەو وەسیەتە لە شوێنێکی فەرمی بکرێت، بۆ نموونە لە کاتب عەدل یاخود لە هەیئەیەکی شەرعی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەم پڕۆژە یاسایە را و سەرەنجی وەزارەتی تەندروستی لە رابردوو هاتووە كە وردەكاری زۆری تێدایە لە راستیدا، هەر ئەم را و سەرەنجانە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە ئەم پڕۆژە یاسایە زۆر بە دروستەوە دیراسە كراوە ئەوە یەك، دوو: بەڕێز وەزیری تەندروستی وەك خۆی روونی كردەوە راوێژكاریشی لەگەڵ بێت ناتوانێ قسە بكات، بەلاَم دەتوانێ ئەگەر بشكرێت هاتە پێشێ كە بگاتە بنبەست بە رێگایەكی تر رەئی خەڵكی موختەس وەربگرێ، ئەگەر نا پێویست بە دواخستن ناكات، لەبەر ئەوەی ماددەكان زۆرە دەبێ تەواوی بكەین، ئەوەی كە ئیشكالی قانونیە لە یاساكەدا هەبێت، ئەوە ئەركی ئێمە وەكو هەم لیژنەی یاسایی و وەكو پەرلەمانتاران، ئیشكالە عیلمی و توبیەكان تەسەور دەكەم چارەسەر كرابێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەس بۆ دڵنیا كردنەوە بەڕێز (د.رێكەوت) وەزیری تەندروستی فەسلی دووەم ماددەی پێنجەم (3): (یجوز نقل و زرع الخلایا الأم)، (خلایا الأم) یەعنی سێ (مصل)، یەعنی خەلایەی (مولدة)یە، هەمووویانە، (من الطفل و من عدیم الاهلیة)، نەك بەس كامل ئەهلیە، یەعنی (من عدیم الاهلیة)ش، بەس چەند شەرت و شروتێكن ئەویش تەبیعیە، ئیزافە دەكەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جا ئەگەر بەم شێوەیە بێت بەراستی تەواو نابێت یاساكە، بەڕێز د.جوان فەرموو.**

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی ئەوقاف بە تێر و تەسەلی ئەو پڕۆژە یاسایەمان گفتوگۆ كرد، لەگەڵ لیژنەكانی هاوبەشیش گفتوگۆیەكی زۆر لەسەری كراوە، من پشتگیری رەئی (د.عبدالله و د.رێكەوت) دەكەم، راستە ئێمە ئیستیفادەمان كردووە، ئەو پێناسانە ستاندەرە، زۆر ئیستیفادەمان لە تەجاروبی دەوڵەتانی عەرەبی كردووە، گفتوگۆیەكی زۆریشمان لەسەر كردووە، زوو، زوو تەلەفۆنمان لەگەڵ دكتۆری موختەسمان دەكرد رەئیمان لی وەردەگرتن، ئەگەر لە جێگایەكی راوەستابین لەگەڵ ئەوە نیم كە دوای بخەین، یەعنی حەقی پڕۆژەكەمان داوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د.ڤالاَ فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆربەی پێشنیارەکان بە هەند وەرگیران، بە تایبەتی پێشنیارەکانی بەڕێز جەنابی وەزیر، بەو شێوەیە لیژنە پەیوەندیدارەکان دای ڕشتەوە.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی (1): لە پیادە کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە مەبەسەت لەو وشە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریانە:**

1- **وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق.**
2- **وەزیر: وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق.**
3- **ئەندام: هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێکی کە ژینەوەر و گرنگ بێت بۆ ڕزگار کردنی نەخۆش لە مردن و نەخۆشی قورس.**
4- **گواستنەوەی ئەندام: ئەنجامدانی نەشتەرگەری کە لە ڕێگەیەوە کەسی وەرگر یەکێك لە ئەندامەکان یان شانەکان لە کەسی بەخشەرەوە چ زیندوو بێت، یان مردوو وەردەگرێت.**
5- **بەخشەر: کەسی شیاو لە رووی یاساییەوە (كامل الاهلية) کە دەستبەرداری ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشی دەبێت بۆ کەسێکی تر بەبێ بەرامبەر چ زیندوو بێت، یان لە دوای مردنی جگەلە چاندنی موخی ئێسك.**
6- **وەرگر: ئەو کەسەی کە پێویستیەکی زۆری بە چاندنی ئەندامێکی مرۆیی یان شانەیەك لە جەستەیدا دەبێت.**
7- **شانەی مرۆیی: بەشێك لە هەر ئەندامێکی مرۆیی کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێ بێجگەلە خوێن و، ئەو خانانەی کە خۆیان تازە دەکەنەوە.**
8- **وەسیەت نامە: رفتار کردن بە ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی جەستە لە ڕێگای بەخشین لە دوای مردن و، ئەمانج لێی بریتییە لە بەخاوەن کردن بەبێ بەرامبەر.**
9- **وەسیەت کار: ئەو کەسەی کە لە کاتی ژیانیدا بە پێی یاسا وەسیەتی کردووە بە بەخشینی ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی لە دوای مردنی.**
10- **مردن: راوەستانی هەمیشەیی دڵ و هەناسەدان یان لە کار کەوتنی وەزیفەکانی مێشك بە لە کار کەوتنێکی تەواوی نەگەڕاوە مردنی مێشك.**
11- **دامەزراوە: هەر شوێنێکی ڕێگا پێدراو بۆ ئەنجامدانی ...................**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵێکیان ئێمە تووشی شتێکی قانونی دەبین، شانەی مرۆیی بەشێك لە هەر ئەندامێکی مرۆیی کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێت بێجگەلە خوێن، ئەو فەقەرەیەی کە یان خۆی تازە دەکاتەوە، ئەوە لابەین باشە، دەزانی بۆ؟ چونکە جگەریش خۆی تازە دەکاتەوە، ئەوە تووشی ئیشکالێکی قانونی دەبین، دوو رەئیم بۆ هاتووە، نە (Bone)، نە (Skin)، زەرع ناکرێت لە بەینی دوو کەسدا، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، بێجگەلە خوێنەکە دەی پێکێت، بێجگەلە خوێن و ئەوانەی خۆیان تازە دەکەنەوە ئەوە لابەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکاریەکەی (کاك عمر و خوشکە کەژاڵ) دووپات دەکەمەوە، جەنابی وەزیر دەڵێ ئەوە بە (Message) بۆم هاتووە، رجائەن با جەلسە نەوستێت، بەس با سێ، چوار راوێژکاری بێن، ئەو یاسایە زۆر گرنگە بۆ ماددەکانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

7- شانەی مرۆیی: بەشێك لە هەر ئەندامێکی مرۆیی کەوا لە مرۆڤێکی زیندوو یان مردوو وەردەگیرێت بێجگەلە خوێن.

8- وەسیەت نامە: رفتار کردن بە ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی جەستە لە رێگای بەخشین لە دوای مردن و، ئەمانـج لێی بریتییە لە بەخاوەن کردن بەبێ بەرامبەر.

9- وەسیەت کار: ئەو کەسەی کە لە کاتی ژیانیدا بە پێی یاسا وەسیەتی کردووە بە بەخشینی ئەندامێك یان زیاتری ئەندامەکانی لە دوای مردنی.

10- مردن: راوەستانی هەمیشەیی دڵ و هەناسەدان یان لە کار کەوتنی وەزیفەکانی مێشك بە لە کار کەوتنێکی تەواوی نەگەڕاوە مردنی مێشك.

11- دامەزراوە: هەر دەمەزراوەیەکی تەندروستی رێگا پێدارو (المرخص بها) بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان چ ئەهلی بێت و چ حکومی بێت.

12- لیژنە: لیژنەی باڵای گواستنەوە و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان لە کوردستان عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.شرین فەرمووە.

**بەڕێز د.شرین حسنى رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ڕەئی حكومەتیش وەك ڕەئی هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان بووە خاڵی حەوتەم بێتە پێش خاڵی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە دوایی لە سیاغەشدا دەتوانین چاكی بكەینەوە، باشە، كێ لەگەڵ ماددەكەیە كە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (55) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس نییە لەگەڵ دا نەبێت، كەواتە پەسەندكرا، ماددەی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**حوكمی گشتیی**

**ماددەی (2):** نابێ نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەكانیان، یان بەشەكانی، یان شانەكان بە گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێكی ئەندام، یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو یان لە لاشەی مرۆڤێكی مردوو بە مەبەستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی تر ئەنجام بدرێت، تەنها بە گوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە و پەیڕەو و ڕێنماییەكانیەوە نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە كە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (62) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس نییە لەگەڵ دا نەبێت، كەواتە پەسەندكرا، ماددەی سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (3):**

1- ناكرێت ئەندامێكی یان بەشێك لە ئەندامێك یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو بگوازێتەوە بە مەبەستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی تر، تەنها لە حاڵەتی زەرورەت نەبێت، كە پێویست بكات بۆ پارێزگاری كردن لە ژیانی كەسی وەرگر، یان چارەسەركردنی لە نەخۆشیەكی

کوشندە، بەو مەرجەی گواستنەوەکە تاکە ئاماراز بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم زەرورەتە و، گواستنەوەش نەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەخشەر تووشی مەترسیەکی کوشندە بێت لەسەر ژیانی، یان لەسەر تەندروستی.

2- چاندنی لوەکانی زاوزێی و بەشەکانی و شانەکانی و خانەکانی قەدەغە دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی سێ، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناوی خۆیان تۆمار کردووە (قادر ئۆتمان، خاتوو منیرە، عباس غزالی، حاجی کاروان، مامۆستا غریب، شوان قەلاْدزەیی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ برگەی یەکەم پێشنیار دەکەم بە پێی ئامراز، چونکە گواستنەوەی پڕۆسەی چاندن یان هێنانی لەشی مرۆڤ یان شانەیەك، یان بەشێکی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێکی تردا پڕۆسەیەکە، نەك ئامراز بە رای من، بۆیە پێشنیار دەکەم بگوترێت رێگا، یان هۆکار، سەبارەت بە بڕگەی دووەم من پرسیارێکم لە لیژنەی تەندروستی یان بەڕێز وەزیری تەندروستی هەیە، ئایا هۆکاری قەدەغەکردنی ئەمە هۆکارەکە دینیە یان لایەنی کۆمەلاْیەتیە؟ بۆ نموونە کە دایکێك منداڵ دروست ناکات هێلکەی پیتراو دەچێندرێت، یاخود رەحمی دایکێك منداڵ دروست ناکات لە دایکێکی تردا کە دەهێنرێت ئەمە قەدەغە دەکرێت، ئەمە هۆکارەکە دینە یان لایەنی کۆمەلاْیەتیە یان لایەنی تەندروستیە؟ راستە ئێمە موسلمانین، بەلاْم دینەکانی تر کە ئەمان نوێنەریشیان لێرەیە حەز دەکەم لەو بارەیەوە روون کردنەوەیەك بدرێت بۆ بەرچاو روونی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتانە تەخەسوسی و یاسایین، پێم باشە لیژنەکانی تەخەسوسی لەگەڵ جەنابی وەزیر بگەنە رێکەوتنێك وەکو ماددەی دوو، ئێمە کۆتایی بەم بڕۆژەیە بێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێمواب‌ێت پێشتریش كۆبوونەوەیان كردووە، گەیشتوونەتە رێكەوتن لەسەر ئەم بابەتە، ئەو رایەی بەڕێزان ئەندامانی تری پەرلەمانیش كە باسیان كرد، بەڕێز وەزیر راوێژكار بێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڕێز وەزیر باس لەوە دەكات كە هەموو راوێژكارەكان رای خۆیان نووسیوە لەبەر دەستیەتی و ئەو راكانی ئەوانیش باس دەكات، بەڕێز د.ڤالاْ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنە پەیوەندیدارەكان بە تایبەتی لیژنەی یاسایی هەموو پێشنیارەكانمان لە وەزارەت و جەنابی وەزیر وەرگرتووە، بۆیە هیچ كێشەیەك لە نێوان لیژنەكان و لە نێوان وەزیر نییە، یەعنی روون كردنەوەكان وازحە، ئێمە كە دەیخوێنینەوە تەنها رای ئەندامانی پەرلەمانمان دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

د.ڤالاْ قسەكانمی كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ماددەكە نییە، بەلاْم تێبینیەكەم ئەوەیە كە بەڕێزان لە لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەو سەرەنج و تێبینیانەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە كە بەڕێز وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەداوە كە ئەم تێبینی و سەرەنجانە لەلایەن لیژنەیەكی موختەسەوە ئامادە كراوە، بۆیە دەكرێ لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەو تێبینیانە بە هەند وەربگرن، پێمواپە كار ئاسانیەكی تەواو بۆ پەرلەمانتاران و هەتا بەرچاو روونیش دەدات بە ئێمەش، بە تایبەتی ئەوانەی كە تەخسوسمان نییە لە بوارەكەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەمەوێ باس لەوە بكەم كە لیژنە پەیوەندیدارەكان وەریان گرتووە، ئەو رایانەیان وەرگرتووە، پێشتر بە دەستیان گەیشتووە لە كاتی ئامادە كردنی راپۆرت لەبەر دەستیان بووە و وەریان گرتووە، بەڕێز كاك شوان قەلادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بڕگەی یەکەم ئەوە کە دەڵێ لە حاڵەتی زەروری نەبێت، ئەگەر بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەو حاڵەتە زەرورە چییە بۆمان روون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە کۆتاییدا یەك وشە زیاد بکرێ، چونکە مردنی ئەو کەسە دوای ماوەیەکی تریش لەسەر ئەوە حیساب باش نییە، بۆیە تەنها لە ئێستای بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەرمووو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتی زەرورەت بکرێت لە کاتی پێویست، بەراستی وەرگێڕانەکە هەندێ وشە هەیە هەر بە عەرەبی ماوەتەوە، دواتر پارێزگاری کردن لە ژیانی کەسی وەرگر یان چارەسەرکردنی لە نەخۆشیەکی کوشندە، جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ کرد کە دەکرێت نەخۆشی کوشندە بکرێت بە نەخۆشی قورس، دواتر لە جەنابی وەزیر دەپرسم خاڵی دووەم چاندنی لوەکانی زاوزێ، ئەگەر وەرگێراوە لە (الاعضاء التناسلية)، بۆ وشەی لوەکان بەکار هێنراوە، ئەندامەکان باشتر نییە بەکار بهێنرێت، چونکە (لو) بە مانای تریش دێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمووو.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەنها تێبینیم تێبینیەکەی (کاك غریب)ی پەرلەمانتارە، (لو) نەخۆشیە، (لو) لە وڵاتی خۆمان بە وەرەم دێت، دەڵێ (لو)یەکم لێ هاتووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە چاندنی ئەندامەکان، یاخود دەتوانین بڵێین رژێنەکان و ئەندامەکانی زاوزێ و بەشەکان و شانەکان و خانەکان قەدەغە بکرێت، سەبارەت بەوەی بۆچی ئەمە قەدەغە دەکرێت، من پێموایە ئەوە شتێکە بێجگەلە شتە دینیەکە و کۆمەڵایەتیەکە شتێکی مەنتیقیشە، یەعنی مەسەلەن تۆ منداڵی خۆت لە خۆت دەبێ لە خۆت بێت، لەوانەیە بۆ دایك ئەگەر تۆ مەسەلەن هێلکەکە هێلکەیەکی تر بێنیت، مەسەلەن لە رەحمی دایکەکەی تردا رەحمی لەسەر بچێ و (9) مانگ هەڵی

گرێ، بەڵام ئەوە بۆ پیاو نابێت، زەحمەتە تۆزێك بۆ پیاو، بۆیە من هەر لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوە قەدەغە بکرێت بۆ ئێستای ئەم وڵاتەی ئێمە، چونکە ئەوە لەوانەیە دواتر کێشەی کۆمەڵایەتی تێدا بکەوێتەوە، تەنها سەرەنجم لەسەر ئەوە ئەو (لو)ە بگۆڕێت بە ئەندامەکان یان رژێنەکانی زاوزێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەسی عەرەبیەکەی (الغدد التناسلیة)، یەعنی ئەوە دروستە، ئەگەر جەماعەتی لیژنەی ئەوقافیش لەگەڵ ئێمە بوون، ئێمە تەکیمەلەمان هەبوو بۆ ئەو بڕگەی دووەم (لمنع اختلاط الانساب)، دوای بە ئیتیفاق ئەو وشە لاببەین، ئەوە لە ناحیەی دینی زۆر گرنگە، بەس ئەو کات بە ئیتیفاقی هەر چوار لیژنە ئێمە ئەو وشەی (لمنع اختلاط الانساب)، ماددەی سێیەمیش ئەو وشەی کوشندە ئەسڵەن لە عەرەبیەکە (خطر الجسیم)، نەك (خطر القاتل)، یەعنی جەسیم فەرقی هەیە لەگەڵ قاتل، کوشندە تەرجومەی قاتلە، نازانم بە کوردی تەرجومەی جەسیم دەبێت چی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شرین فەرمووو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من (د.عبدالله) بەحس کر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دای بڕێژنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز د.هەورامان گێچەنەیی فەرمووو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گێچەنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێز (کاك قادر) پرسیاری کرد وەکو تەوزیحێك بۆ پرسیارەکەی، ئێمە ئەو بابەتەمان زۆر باس کرد لە لیژنە، بەڵێ فیعلەن لە رووی شەرعیەوە بە هیچ جۆرێك دروست نییە، چونکە ئەوە ئیختیلاتی نەسەب دروست دەبێت ئەو کاتە، ئەوەش قەدەغەیە، هەر لە ئیسلامیشدا ئەوها نییە لە هەموو دینەکاندا وایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (3):**

1- ناكرێت هەر ئەندامێكی یان بەشێك لە ئەندامێك یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو بگوازرێتەوە بە مەبەستی چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی دیكە، تەنها لە حاڵەتی زەرورەت نەبێت، كە پێویست بكات بۆ پارێزگاری كردن لە ژیانی كەسی وەرگر، یان چارەسەركردنی لە نەخۆشیەكی كوشندە، بەو مەرجەی گواستنەوەكە تاكە ئامارز بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم زەرورەتە و، گواستنەوەش نەبێتە هۆی ئەوەی كەسی بەخشەر تووشی مەترسیەكی گەورە بێت لەسەر ژیانی، یان لەسەر تەندروستی.

2- چاندنی رژێنەكانی زاوزێی و بەشەكانی و شانەكانی و خانەكانی قەدەغە دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە كە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (50) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (1) كەس لەگەڵ دانییە، كەواتە پەسەندكرا، ماددەی دوای ئەو بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (4):**

نابێت گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندامی یان شانەیەك لە جەستەی مرۆڤێكی زیندوو بۆ چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی دیكە ئەنجام بدرێت، تەنها بەخشین نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی چوار دەكەن (بەهزاد دەروێش، مامۆستا غریب، د.سروود سلیم، شكریە اسماعیل).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەیا چواریٚ كە بێژیت تەنها بە بەخشین نەبیت، پرسیار لێرە بۆ لیژنە و هەم لە رێگای جەنابتان بۆ وەزیر، دیٚ چاوە دشێین هاوسەنگی بپارێزین، ئیحیتیمالە هەندێك حاڵەت هەبن بەخشین دەست نەكەویت، بۆ نموونە مەسەلەن گورچیلە پێویستی بە موتابەقە هەیە، لەوانەیە ئەڤ خزمە دەست نەكەویت، یان ئەوێت كو موتەبەرع بن، ئیحتیمالە حاڵەتی ئەوهاش بخوزایت هەر گورچیلە لە كار كەتی، ئەگەر نەهێتە زەرع كرن ئەڤ كەسە تووشی حاڵەتی مرنیٚ دبیت، ئایا ئەم نەشێین رێگا چارەكی بۆ بینیەوە و هاوسەنگی بپاریزیت؟ بۆ هەندەك حاڵەتا، نەك بۆ هەمیا، هەر چەندە من دگەل هەندیٚ نیمە بە هیچ شێوەیەكی تیجارەت بە ئەندامێت لەشیٚ مرۆڤی بێتە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە تێگەیشتنی من ماددەی دوو، ماددەی چواری لەخۆ گرتووە، لەبەر ئەوە من ئەو ماددەی چوارە بە زیاد دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سروود فەرموو.

**بەڕێز د.سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی (ماموٚستا غریب) دەكەم، هەروەها رەئی من ئەوەیە پاش زیندوو بكرێتە زیندوو یان مردوو بۆ چاندن ئەو كەلیمە ئیزافە بكرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینی كاك بهزادم هەیە لەگەڵ هەندێ ئیزافە ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دیارە كەسانێك هەن خوای گەورە ماڵ و سەروەت و سامانێكی زۆری پێ بەخشیون ، بەلاٌم لە هەمان كاتدا خزم و كەسیان نییە یاخود كەسێكی وا نییە لە حالەتێكدا كە كلیەكانی دەوەستێت یان پێویستی بە زەرعی جەرگ هەیە ئایا كە تۆ رێی لێدەگری تەنها بە بەخشین دەبێ ، لە لایەكەوە ئەم كەسە دەمرێت یاخود ناچار دەبێت كەسێك

لە گەڵ کە سێك ئیتیفاق بکا و بیبا بۆ دەرەوەی وڵات بۆ نموو نە چەندان حا لەتی وا مان هەبووە ئێ ستا کەسێك پەیدا دەکا و لەگەر خۆی دەیبا بۆ وڵا تی هیند لەوێ نە شتەرگەرییەکە ئەنجا مدەدات لەکاتێکدا هەمان شت دەکات ، بەڵام مەسرەفێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ ، لە هەمان کاتیشدا ئێمە چەندەهان کەسمان هەبووە لە هەژاری خۆی کشتووە ، بەلاْ ئەگەر کلیەکی بفرۆ شتبا چارە سەری ژ یانی دە کرد ، بۆ یە من بە پێویستی دەزانم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ چارەسەرێك بۆ ئەو حالەتە بدۆزرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك بهزاد و شکریەخان ئەکەم ، بەڕاستی ئەوە حالەتێکە ئێمە ئەیبینین لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی دانیشتنی ئێمە بۆ ئەوەیە کە ئێمە بازرگانی قەدە غە بکەین ، یەعنی ئەو دەرگا یە بکەینەوە ئێمە تووشی کێشەیەکی گەورە ئەبین ، من لەوە دڵنیام کە مە سەلەن کەس گور چیلەی خۆی نادا بە کەس بە خۆڕایی ، بەڵام نابێ ئەوە شەرعییەتی بدرێتێ ، بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران مەسەلەن حکومەت خۆی بڕێك پارە ئەدات ، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدانیم یان لە خزم و کەس و کار وەردەگیرێ یان ئەبێ بەخشینەکە بەڵگەنامەی لەگەڵ دابێ کە فرۆشتن نییە ، چونکە ئەوە تو شی کێ شەی یا ساییمان ئەکا ، جا ئەگەر ئێمە ئەوە ڕێ پێبدەین ئەو هەموو سزایەمان لە دواوە بۆ داناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دگتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی پرسیار و بابەتەکەی بەڕێز شکریەخان ئەوە بابەتێکی شەرعییە تەبعەن بازرگانی کردن بە هیچ جۆر ێك درو ست نی یە ، شەرعی خودای گەورە زۆر ڕ ێزی لە مرۆڤ ناوە لە ڕ ێی بەخ شین و یەعنی تەتەوعەوە دروستە ، بەڵام بە بازرگانی ئیستسغلالیش دەکرێ بەڕاستی ، ئەوەش بە هیچ جۆر ێك نابێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە شیرین فەرموو.

**بەڕێز د. شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی جەنابی وەزیر و بەڕێز مەلا هەورامان دەکەم ، ئیحتیماله تۆزێك جوان نەبێ ئەو قسەیە لێرە بکەم ، بەڵام خۆی لە هەموو دونیا بازاری ڕەش هەیە ، یەعنی ناکرێ ئێمە بە یاسا ڕێك بخەین کە بازرگانی پێوە بکرێتن ، چونکە ئەسڵی یاساکە ئەم یاسایە لەسەر ئەو ئەساسە داڕێژراوە کە بازرگانی قەدەغە بکرێتن ، ئەگەر جێگای ئەم خاڵەمان لێرە کردەوە مەتاتیەتمان خست ئیستیغلالی دەکرێت و بەهەڵە بە کاری دەهێنرێت ، لەبەر ئەوە من لەگەڵی دا نیم جێگای بکرێتەوە ، بەڵام خۆی بازاڕی ڕەش هەیە حکومەتیش ئیحتیماله ناتوانێت کۆنتڕۆڵی بکات ، کەسێك هەیە ئەندامێکی خۆی دەفرۆشێت ، بەڵام دوایی ئەڵێ من نەم فرۆشتووە بەخشینم کردووە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خودی بۆ ئەو بابەتە فەتواك هەیە دەرکەفتییە (هیئة العامة فتوای بالکویت) ئەز حەزدەکەم ڕەئیا تایبەتی لیژنە ئەوقافی وەربگرم نووسیوە (اما الشراء المريض كلية من شخص اخر فإن الاصل ان ذلك محرم لان الله كرم الانسان فلا يجوز قطع بعض اعضائه و بيعها بثمن مهما كان ثمن ، ولكن اذ لم يجب متبرعا يتبرع له بكليته وكانت هناك خطورة على حياته ولم يجيد وسيلة اخرى للتخلص من مرضه فيجوز له شراء حين اذن لانه مضطر ، وقد قال الله تعالى (وقد فصل لكم ماحرم عليكم الا ما اضطررتم اليه) یەعنی ئێمە لەو کاتەی ئەو یاسایەی ئێمە حەزمەن ئەو تشتە بنووسین ، بەس لەمە سەلەی قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بەو بابەتە ئێمە نەتوانین ئەو تشتە بنووسین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڤالاْ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاْ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەندامان وتیان پشتگیریان دەکەم دوو بارەی ناکەمەوە ، بەڵام ئەو ڕایەی کە وترا ماددەی (2) جێگای ماددەی (4) دەگرێتەوە ، بە هیچ شێوەیەك جێگای ماددەی (4) ناگرێتەوە ماددەی (4) مەبەستمان ئەوە بووە یان مەبەستی موشەریح ئەوەبووە کە پێشانی بدەین تەنها لە ڕێگای تەبەروعەوە نەبێتن بە هیچ شێوەیەك گواستنەوە ڕێگا پێدراو نابێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شەریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو فەتوایەی كە جەنابی كاك دكتۆر خوێندییەوە تەبعەن مەفهومەكەی هەر ئەو قسەیە كە پێشتر ئەمن كردم بەس بابی (اضطراري) ئەوە شتێكی ترە لە یاسا نانو سرێ ، مەوزوعی بابی نا چاری (ا ضطراري) لە شەرعدا ئەوە بابێكی واسیعە ، ئەوەش پەیوەندی بەم بابەتەوە نی یە تەنها بە حا ڵەتی نا چاری حا ڵەتێكی تایبەتە لەشەرعدا نابێ لێرە بەڕاستی خاس بكرێ بەم بابەتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با شە ، ئێ ستا ئە مە ج ێی نەكراوە تەوە ئیتر بۆ ئەوەی زۆر موناقە شە نەكرێ تكا یە ماددە كە ئە گەر دایدەڕێژنەوە دایڕێژنەوە ئەگەرنا بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(4):

نابێت گواستنەوەی هەر ئەندامێك یان بەشێك لە ئەندام یان شانەیەك لە جە ستەی مرۆڤێكی زیندوو بۆ چاندنی لە جەستەی مرۆڤێكی دیكە ئەنجامبدرێ تەنها بە بەخشین نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەیە كە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ (51) كەس لەگەڵیەتی ، كێ دژیەتی؟ كەس نییە دژی بێت كەواتە پەسەندكرا ، ماددەی(5).

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(5):

یەكەم: پێویستە بەخشینەكە لە ویستێكی ئازاد و جێگیر كراو بە نوو سراوی سەر چاوەی گرتب ێت ئەویش بەشێوەیەك كە پەیڕەو و ڕێنماییەكانی ئەم یاسایە دیاری دەكەن.

دووەم: جگە لە نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسك بەخشین لە كەسانی نا لێهاتەو كەم لێهاتە( عدم الاهلية تناقصها) قبول ناكرێت هەتا ئەگەر دایك و باوكی شی یان ئەوەی لە ڕووی یا ساییەوە نوێنەرا یەتی دە كات ڕەزامەندی لەسەر بدەن.

سێیەم: دەكرێت گواستنەوە و چاندنی خانەی دایك خانەی ڕە گی لە م ندالّ و لە كە سانی نا لێها تەو كەم لێها تە بۆ دا یك و باوك یان مندا ڵەكان یان لە ن ێوان خو شك و برا یەكان ئەنجام بدرێ بە مەرجێك ڕەزامەندی نووسراوی لە هەردوو دایك و باوكی منداڵەكە بدرێت ئە گەر هەردووكیان لە ژیا ندا مابن یان

یەکێکیان لە حالەتی مردنی ئەوی دیکە یان لەو کەسەی باوانە یان ویسایەتی لە سەری هە یە لە جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی کەسی نا لێهاتە یان کەم لێهاتە.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن ناوی خۆیان بنووسن ، فەرموون.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ئەندامە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەی (5) دەکەن، قادر وەتمان، ا نور قادر، عمر عینا یەت، پەری صالح، غەریب مصطفى.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر وەتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم ئەوەی جگە لە مۆخی ئێسك یەعنی گر یمان نموونە یەك دەهێنمەوە بەبوورن دەکرێ ئیستیسنای بکەین گریمان ژنێك هاوسەرەکەی نەماوە ، بەلاَم دوو کوڕی هەیە ، کور و کچێکی هە یە یان تەواو نییە عەقل و جە ستەیان تەواو نییە گر یمان تە مەنیان قانونییە ، بەلاَم عەقل و جە ستەیان تەواو نییە ، دایکەکە تووشی لە دەستدانی گورچیلەی بووە گورچیلەکەشی دی نەخۆشە پێویست بەوە دەکا ئەو ئەندامەی بۆ بگوازرێتەوە ، بەلاَم هیچ کەسێك ئامادە نییە بەخشین بکات یەعنی لە کاتێکدا ئەمیش سەرپەریشتیاری ئەو دوو کەسەیە ، لەبەر ئەوەی کە ئەهلیە و جەستەشیان تەواو نییە وا تە ناکرێ لێرەدا ئێمە ئیستیسنای بکەین بۆ خز مە نزیکەکان یان تا پلە یەك ئیستیسنای بکەین وار ید بێ؟ ئەوا نەی ئەهلییە شیان تەواو نییە تەنها لە حا لەتێکی لەو چە شنەی کە دەگمە نە من با سم کرد تەنها ئەما نە بگرێتەوە؟ کە بەخێوکەریان نییە وەك وتم تەنها دایکیان هەیە و دایکەکەش سەرپەرشتیارە؟ سەبارەت بە خالّی سێیەمیش لە دێری کۆتایی پێشنیار دەکەم لە بری ئەوەی نوو سراوە کە ئەو کە سەی باوا نە بوترێ ئەو کەسەی وەلی ئەمرە یان سەرپەر شیارە ، چونکە لەو حالە تەدا سەرپەر شتیارەکە دایکیش و باوکیش دەگرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر وەتمان ، بەڕێز انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ز یاتر تێبینییە کەی من لە ماددەی (5) لە سێیەمدایە کە وەکو پرسیارێکی شە بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی ئایا گواستنەوە و چاندنی خانە لە مندالْ و نا لێهاتە و کەم لێهاتە کاریگەری خراپی نابێت لەسەر ژیانی ئەوانە لە ڕووی زانستی و تەندروستییەوە؟ چونکە ئەوانە کامل ئەهلییە نین، ئەوانە لە حالەتێکدا نەو قازانج و زەرەری خۆیان نازانن، ئایا لە ڕابردوودا تا ئەم کاتەش هیچ حالەتێك یان نموونەیەك تەجروبەیەکی لەوە هەبووە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەستدەکەم دەقەکان لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی، کوردیە کەش تەرجومە کەی زۆر دوورو درێژەو زۆر مەفهومەکە وازح نییە، من پێم باشە یەکەم بەم شێوەیە بێ ( پێویستە بەخشینەکە ئارەزوومەندانە بێت و بە دەست نووسەکی بەخشەر پشت ڕاستکرابێتەوە)، لە برگەی دووەمدا جگە لە نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسك و بەخشین لە کەسانی نا لێهتوو کەم لێهاتوو قبولْ ناکەین ئەو هەتایە (حتی) عەرەبییە، تەنانەت ئەگەر دایك و باوکیشی یان ئەو کەسەی لە ڕووی یاساییەوە نوێنەرایەتی دەکات ڕەزامەندی لەسەر بدات، وازح نییە هەتاکە لابەن بە عیبارەیەکی دیکە بە وشەیەکی دی چارەسەری بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خاتوو پەری فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێکە ئاراستەی دەکەم کە نموونەی زیندوومان لەبەر دەستدایە زۆر جار نەخۆشەکە لە حالەتێکی زۆر بێ ئومێدی دایە مردنەکەی مسۆگەرە، بەلاّم لەبەر ئەوەی بێ ئومێد نەبی پێ ناگوترێ کەچی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ناچار دەکا ئەو ئەندامەی پێ ببەخشی، بە زۆریش کچەکان هەڵدەبژێرن لەبۆ ئەوەی ئەو ئەندامەی خۆی پێ ببەخشی چارەسەرییەك لە بۆ ئەم حالّەتە، خالّی دووەم کەم لێهاتە لێکجیا بکرێتەوە، کەم لێهاتە بە جیابی، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی تەواوی ڕایەكەی كاك عمر عینایەت ئەكەم كە وا دیارە دەقەكان لە عەرەبییەوە كراون بە كوردی ، لە خاڵی سێیەم دێری یەكەم و دووەمی خاڵی سێیەم كە نزیكەی بیست جار خوێندوومە تەوە لە مەعناكەی تێناگەم ، یەعنی ئەوەندە رەكیك تەرجومە كراوە بۆ كوردی ، لەبەرئەوە داوا ئەكەم لە لیژنەی یاسایی سەرنجیان ڕائەكێشم بۆ ئەوەی ئەو داڕشتنە وا لێبكەن كە مەفهوم بێت چونكە یاسا كە دا ئەڕێژرێ دواجار ئەبێ ڕوون و ڕەوان بێ و تەئویل هەڵنەگرێ و ئەو كەسەی ئەیخوێنێتەوە لێی تێبگا ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موستەلاحەتانەی لەو ماددە بەكارهاتووە هەمووی موستەڵەحاتی قانونین دەستكاری كردنیان كارێكی ئاسان نییە ، كە لە بڕگەی یەكەم دەڵێن (پێویستە بەخشینەكە لە ویستێكی ئازاد و جێگیر كراو بێ) مەبەستمان ئەوەیە كە ئەو بەخشینە سادر بكرێ ( من الارادة حرة و مستقرة) لە عەرەبییەكەی ، كاتێك كە دەڵێن (عدیم الاهلیة و ناقصها) مەبەستمان یەعنی كەسی نا لێهاتەو كەم لێهاتە مەبەستمان ( عدیم الاهلیة و ناقصی الاهلیة)یە ، خۆشتان دەزانن

(عدیم الاهلیة و ناقصی الاهلیة) جیاوازی هەیە ، (ناقصی الاهلیة) بۆ نموونە بڵێن ئەو كەسەیە ، ئەو كەسەش دەگرێتەوە كە نەگەیشتۆتە تەمەنی (18) ساڵی لە قەوانینی عیراقی ، بەلاّم كە دەڵێین ( عدیم الاهلیة) بۆ نموونە كەسێكە هەر عەقلی لەدەست داوە نییەتی ، بۆیە ئێمە لێرە ویستوومانە هەردووكی یەك حكومیان هەیە ، چ (عدیم الاهلیة) ، چ (ناقصی الاهلیە) یەك حكومیان هەیە ئەویش پێویستی بە ڕەزامەندی داك و بابەكە هەیە لە كاتی ژیانیاندا ، ڕەزامەندی هەردووكی لەكاتی مردنی یەكێكیشیاندا ، ڕەزامەندی یەكێیانمان دەوێ لە هەردوو حاڵەتیشدا ڕەزامەندییەكە پێویستە بە نووسراو بێتن ، باس لە بڕگەی سێیەم كرا لەو كەسەی باوانە یان ویسایەتی لەسەری هەیە مەبەستمان لە عەرەبییەكەی ( الولایة والوسایة) یەعنی موستەڵەحاتی عەرەبین ، موستەڵەحاتی قانونین بەهەر شێوەیەك دەستكاری بكرێتن ئەو مانایە ناداتن كە موشەرەع لێرە مەبەستییەتی ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە کە دەڵێن ئیرادەیەکی ئازاد و جێگیر (ارادة الحر) واتا ئیکرا هی لە سەر نەبێت ، واتا کەسێك زۆری لێنەکردبێت ئیرادەی موستەقریش واتا ئەو کەسە لە کاملی وەعی خۆیدابێت مودریك بێ ، بۆیە ئەمانە موستەڵەحی قانونین (عدیم الاهلیة) کەسێکە کە لە دا یك بوو نەوە هەتاوەکو حەوت ساڵ ، (ناقصی الاهلیة) ئەوەی کە لە حەوت ساڵەو پێش (18)ساڵی تەواو کردبێت (ایضافتا الی ) بۆ مەجمول و ئەوانە ، بۆ یە ئەما نە مو ستەڵەحاتی قانونین سەبارەت بەوەی کە کاك صالح ، کاك قادر ڕەز گەیی بوو پێموایە وتی ئە گەر ئیست سنایان بکرێ ، هەر ئیستیسنایەك بکرێ و بۆ ئەوەی هەر چەندە ئەو کە سەی دایکیشی بێ بۆ ئەوانە ئەوا پێچەوانە ئەبێ لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ، وابزانم لە فەقەرەی سێ شدا ئەوەمان حەلکردووە سەبارەت بە خانەی دایك ، خانەی ڕەگ ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز خاتوو زلفا فەرموو.

**بەڕێز زلفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیارەکی کاك قادر ڕەزگەیی لە پرۆژە یاساکەی ئێمەدا نییە ، بەڵام من پێموایە ئەوە جێگای باسەو پێوستە جێگای بکرێتەوە ، لە چەند وڵاتێکدا ئەمە هەیە ، لە چەند وڵاتێکی تردا کە بەپێ ڕێنمایی وەز یری تەندرو ستی یاخود داد گای باڵا یەکلای دەکا تەوە لە حاڵەتێکدا جگە لە وەرگرتنی لەم کە سە لێهاتەیە هیچ چارەسەرێکی تر نەبوو ئینجا بە قەراری دادگای باڵا یاخود حاکم ئەوکا تە یەکلا دەکرێتەوە دەتوانی وەربگیرێ ئەمە ئەتوانی بە خاڵێك جێگای بکرێتەوە ، بە نیسبەت پرسیاری مامۆستا لە سەر خاڵی سێیەم کە ئەڵێ تێی ناگەم خاڵی سێیەم ئەمە زیاتر بۆ دکتۆر و دەزگا تەندرو ستییەکانە کە با سی خا نەی ڕەگی دەکات وا تا ئەو خا نەی کە خۆ یان درو ست ئەکە نەوە (semi cell) بە نموو نە جگەرمان هە یە ، مۆخی ئێسکمان هەیە چەندیش لێبکرێ تەوە خۆی درو ست دەکا تەوە ئەوە بۆ کە سێکی کە پسپۆڕبێ لە تەندروستیا زۆر ئاسانە و زۆر ڕوونە تێگەیشتنی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا ڕەئی بەڕێز دکتۆر ڕێکەوت وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان وەردەگرین فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ماددەی یە کەم پێویستە بەم شێوەیە دابڕێژرێ (پێویستە بەخشینەکە لە ویستێکی ئازاد و جێگیرکراو بە نووسراو بێت کە ڕاستێندراوبێت لە لایەن نوو سەری دادی) یەعنی (مصدق من قبل کا تب العدل) دەبێ کاتب عەدل ئاگای لەوە بێت ئەویش بەو شێوەیەی کە پەیڕە و ڕێنمایەکانی ئەم یاسایە دیاری

دەکەن ، ماددەکەی تر هەندێك لە ئەندام پەرلەما نە بەڕێزەکان سەبارەت بە خا نەی سێیەم ، بەڵێ وا یە خانەی ڕە گی هیچ تەئ سیرێك ناکا تە سەر ئەو مرۆ ڤەی پ ێی ئەبەخ شێ خۆی خۆی درو ست ئەکا تەوە ، چەندەها نموونەشمان هەیە لە ولآتانی تر نەك هەر بۆ مۆخی ئێسك بەڵکو بۆ هە ندێك جار بۆ شەلەلی نصفی و بۆ ئەوەی کە نوخاعی شەوکیش زرع ئەکرێ تەوە ، بەلآم تا ئێ ستا نەگە شتۆتە ولآ تی ئێ مە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر ڕێکەوت ، بەڕێز دکتۆر عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیحتیماله ئێمە موشکیلە لە وەرگێرانی تەرجومە هەبی ، چونکی نە سی عەرەبی وە کو دکتۆر ڕێکەوتیش ئاماژە پێکری (یجب ان یکون تبرع صادر ان ارادة حرا و مثبت بالکتا بة) لە نە سی عەرەبیە کە نەنوو سیە (مثبت بالکتا بة) ئان ژی (مثبت تحریر یا) بەس یەعنی پ شتی وەرگێرا نی بۆ کوردی یان نوو سراوی سەرچاوەیی ئیحتیماله ئەوە موشکیلەی تەرجومە بیتن.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عینایەت تێبینیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیژ نەی یا سایی ئەپر سم (ارادة حرة) چ فەرق هە یە یەعنی تەرجومە یەکی زۆر جوان ئارەزوومەندا نە ، یەعنی بۆ چی خۆ یان لەو وو شە جوا نە کوردیە یە ئەپارێزن؟ ئەوە زۆر گرن گە ئارەزوومەندانە بێت و بە دە ست نوو سەکی بەخ شەری پە سندکراو لە داد نووس پ شت ڕا ست کرابێ تەوە وە کو جەنابی دکتۆر ڕێ کەوت با سی کرد ، ئیلا ئەبێ ئەو عیبارە تە ئەوان فەرزی کەن بە سەرماندا تەرجومەکەشیان زۆربەی سەقەتە ئەمە یەکێکیان ، لە خاڵی دووە مدا هاتووە ئەڵێ دا یك و باوکی شی یان ئەوەی لە ڕووی یا سابیەوە نوێنەرا یەتی دە کات ، با شە پێمان ب ڵێ ئەو ( ئەوەی)ەتان لە کوێ هێ ناوە؟ با عەرەبیەکەمان بۆ بخوێننەوە بزانین ووشەی (ئەوەی) لە کوێ هاتووە ، ( ئەوەی) لە کورد یا کوا هە یە یان (ئەوەی) ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ڕەئی کۆ تایی بخوێن نەوە بۆ ئەوەی بیخەی نە دەنگدا نەوە ، بەڕێز کاك قادر ڕەزگەی فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە تەنها یەك ووشە ، ئەوەی وتم پێچەوانەی مافی مرۆڤ نییە ، پارێزگاری کردنە لە مافەکانی مرۆڤ ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك دکتۆر ڕێکەوت فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم هەندێك شت ڕوون بکەمەوە ، ئەوەی ئەو کاك قادر ڕەزگەیی و هەندێ برادەری تر ئەیلێن ئەوە من ڕۆژانە ئەیبینم ، بەلأم مەسەلەن ئەوەی کاك دکتۆر عبدالله لە کوێ خوێندویەتیەوە کێ فەتوای داوە ، بەلأم ولأتی ئێمە ولأتێکی ترە یەعنی ئەبێ تۆ قانون بۆ ولأتەکەی خۆت دابنێی ، ئێمە ئێستا نزیکەی 1.800.000 ئاوارە خزمەت دەکەین ئەو ڕۆژە هەندێك لە قونسوڵی ولأتە گەورەکانەوە هاتووە دەڵێ (30) کەس لە گەرمیان ئێوە گور چیلەتان فرۆشتووە ، لەبەر ئەوە ولأتی ئێمە ولأتێکی تایبەتە ، ولأتێکە ئێمە تەبەقەی فەقیری تێدایە ، ئاوارەی تێدایە ، کەم ئەندامی تێدایە ، خەڵکی تری تێدایە ، بۆیە بازرگانی کردن بە گورچیلەوە یاخود ئەو ئیستیسناکردنانە قانونەکەمان لێ تێکدەدا ، لەبەر ئەوە نابێ بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە هیچ ئیستیسنایەك بدەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە ، کاك دکتۆر عبدالله ڕەئی کۆتایی فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارا کاك انور قادر مەسەلەی ئەو (زەرع لوقاح حەزم) ئێستا زیاتر لە (1400) سەنتەر هەیە لە جیهان ئەو عەمەلیاتە ئەنجام دەدرێت ، ساڵانە پتر لە (60-70) هەزار ئەو جۆرە عەمەلیاتە ئەنجام دەدرێت لە هەموو جیهان ، ئێستا بۆیە سەر چاوەیەکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی پتر لە (20) نەخۆشی زۆر کوشندە سەرەتانی خوێن و سەرەتانی غودەی لەمفاوی و ئەو جۆرە نەخۆشیانە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە ، ڕەئی کۆتایی بەڕێز دکتۆرە ڤالأ بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی(5):**

**یەکەم: پێویستە بەخشینەکە لە ویستێکی ئازاد و جێگیر کراو بە نووسراوی سەر چاوەی گرتبێت ئەویش بەشێوەیەك کە پەیڕەو و ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکەن.**

**مەبەستمان (ارادة حرة المستقرة) کە لێرانەش موشەرەع دەڵێ بە نووسراوی واتە ( المثبت کتابیا او تحریریا) ، (تحریریا و کتابیا) بە شێوەیەکی فەرمی ، بۆیە پێویست ناکاتن مەسەلەی بابەتی کاتب عەدل و ئەوانە ئیزافە بکەین بۆ ناو ماددەکە ، چونکە دەڵێن (المثبت تحریریا) واتە بە شێوەیەکی نووسراو بی نووسراوەکەش نووسراوێکی فەرمییە.**

**دووەم: جگە لە نەشتەرگەری چاندنی مۆخی ئێسك بەخشین لە کەسانی نا لێهاتەو کەم لێهاتە( عدم الاهلیة تناقصها) قبول ناکرێت هەتا ئەگەر دایك و باوکیشی یان ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە نوێنەرایەتی دەکات ڕەزامەندی لەسەر بدەن.**

**سێیەم: دەکرێت گواستنەوە و چاندنی خانەی دایك خانەی ڕەگی لە منداڵ و لە کەسانی نالێهاتەو کەم لێهاتە (عدم الاهلیة تناقصها) بۆ دایك و باوك یان منداڵەکان یان لە نێوان خوشك و برایەکان ئەنجام بدرێ بە مەرجێك ڕەزامەندی نووسراوی لە هەردوو دایك و باوکی منداڵەکە بدرێت ئەگەر هەردووکیان لە ژیاندا مابن یان یەکێکیان لە حالەتی مردنی ئەوی دیکە یان لەو کەسەی باوانە یان ویسایەتی لەسەری هەیە لە جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی کەسی نا لێهاتە یان کەم لێهاتە.**

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە نیساب هەیە فەرموو ئەوەی لەگەڵە با دەستی خۆی لەگەڵ بەرز بکاتەوە؟ (43) کەس لەگەڵن ، ئەوەی دژە دێڵین دیارە بەڕێز دکتۆر ڕێکەوت ئیختیساسە لێرە حازرە دەر فەتێك هەیە هەندێك تێبینی تری هەنە ، ئەو تێبینیانە پێمان باشە بە نووسین ، ئێستا ئەگەر زەحمەت نەبی بینووسی بدەی بە لیژنەکە.**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:**

**کاتب عەدلەکە ئەوە زەرورە ، ئەزانی چۆنە زۆر جار لە ژنی ئەستێنن ، لە خوشکی ئەستێنن یان لە ژنی ئەستێنن ، جاری وا هەیە جەبری ئەکەن کتابێکی لە ماڵەوە بە زۆر پێئەنووسن ، تۆ کە هێناتە بەردەم لیژنەیەك لیژنەکە قانونێکی تێدابوو قانونی تەبعەن قانونی دەوائیری سحە قوەتی کاتب عەدلی هەیە ، لەوانەیە لەبەر چاوی ئەو لیژنەیە بڵێ نایدەم من خۆم بەسەرم هاتووە ، نەخۆشێکیان هێنابوو وتی من نایدەم دوای ئێمە لیجنە توبیەکە وتمان کاکە ئەوە نابێ گورچیلەکەی نابێ ، بۆیە یەعنی زەرورە قەناتێکی تر هەبێ دوای ئەو کتابەتە ، کە قەناتی تر نەبوو موقابەلەی ئەو بکا کێ ئەڵێ ئەو نووسینە لە ژێر زەخت دانییە ، سوپاس.**

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا داوا لێیان دەکەین لە لیژنەی یاسایی لە سیاغە ، بە شێوازێکی وا سیاغە بکرێتن کە قابیلی ئیشتیهاد نەبیتن ، بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەیکەین بە نووسراوێکی فەرمی ، کە وتمان نووسراوێکی فەرمی واتا ئەو نووسراوە پێویستە لە لایەن جیهەتێکی فەرمیەوە موسادەقەی لەسەر بکا.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بنووسە لە سیاغە ، عیلاجەکی باشە ، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم بڵێم ئەم ماددەیە دەنگی لەسەر دراوە ، بەلاّم ئەوە لە سیاغە ئیزافە ئەکەین.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

باسمان کرد لە سیاغە ، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگی لەسەر درا ، دژ وەرنەگیرا موناقەشەشی لەسەر کرا ، ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە ، برادەرانی لیژنەی یاسایی خۆیان پێچەوانەی یاساکانن.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بۆ دەوڵەمەندکردنی سیاغەبوو ، ئێستا ئەوەی دژە......

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر سیاغە نییە ، ئێوە گۆڕیتان.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناگۆڕێ ، دکتۆرە ڤالاّ ڕەئی جەنابتان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕوونکردنەوەکەم لە کاتی خوێندنەوە ئیشارەتم بەوەدا کە مەبەستمان لە نووسراو نووسراوێکی فەرمییە.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لەگەڵ ئەوە تەواوو بوو ، ئەوەی دژە؟ (5) کەس دژە مادده کە پە سەندکرا ، ماددەی شە شەم بخوێندرێتەوە فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6)

کە سی بەخ شەر یان ئەوی یا سا پێویستی بە ڕەزامەند یدانی کردووە لە سەر بەخ شین ، بۆی هە یە لە بەخشینەکە پاشگەز بێتەوە تاوەکو پێش دەستکردن بە ئەنجام دانی نەشتەرگەری گواستنەوەکە.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ئەوەی دەیەوێت موناقە شە بکات لە سەر ئەو مادده یە ناوی خۆی بنو سێتەوە ،د یارە چوار بەڕێز دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەم ماددەیە ، دکتۆرە جوان فەرمووو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ماددەی (6) با سی بەخ شینی دە کات ، ئەوەش بەڕا ستی قیمەکی ئینسانییە ، هاوکاری یە ، قیەمی ئینسانی دەچەسپێنی لەناو کۆمەڵگا ، بەڵام ئێستا ئەو ماددەیە ئەگەر بخینی ماددەکە زۆر مەفتوحە ، داوای لێبوردنیش لە لیژنەی دەکەم ، چونکە ئێستا قسەکردنی لە سەری ئێمە لە لیژ نەی زۆر بە تێرو تە سەل گفتوگۆمان لەسەر ماددەکان کرد ، بەڵام ئێستا لە کاتی موناقەشە ئەو فکرەیەم لۆ هات ، مادده کە ئە گەر وا بخینی ماوەیەکی مەفتوحی کراوە لە پێش موتەبەریعی کردیتەوە ، باشە ئەوە مە سەلەن یە کەك نەخۆ شە گورچیلەی پێویستە ، گورچیلەی ڕاوە ستا گور چیلەی پێویستە یە کەك هات گور چیلەی بداتێ پا شی دوو ڕۆژی لە عە مەلیاتی پ شێمان بۆوە ئا یا حا لەتی دەروو نی نەخۆ شیەکەی کو دە بی؟ ئا یا حا لەتی سحی خەتەریاتی نابی؟ لەبەر ئەوە داوا دەکەم ماوەکی دانێن لە پێش موتەبەریعی وەها مەفتوح نەبی وای لێ بێ ماددەکە ئەگەر لیژنەی یاسایی لەگەڵم بی ( کەسی بەخشەر یان ئەوەی یا سا پێویستی بە ڕەزامەند یدانی کردووە لەسەر بە خشین بۆی هە یە لە بەخ شینەکە پاش گەز بێ تەوە پێش دە ستکردن بە ئەنجا مدانی نەشتەرگەری گواستنەوە بە ماوەیەکی گونجاو) بە عەرەبییەکەش زیاتر بە قوەت لێك تێدەگەیشتین ( یجوز للمتبرع او من استلزم القانون موافقته على التبرع العدول عن الـتبرع قـبل بدء في ا جراء عملية نـقل بـفترة مناسبة ) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، زەحمەت نەبێ ئەوەی نووسیتە لەبەر ئەوە درێژبووە ئەگەر بە نووسین بۆیان ڕەوانەی بکەی سوپاست دەکەین ، بەڕێز عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە سی بەخ شەر ، بەخ شەر ئێ مە تەعریفمان كردووە كەوا تە كە سی بەخ شەر كە سەكە زیادە یە ، لەو شوێنانەی پێویستە كەس هەبێ دایان نەناوە لەو شوێنانەی كە پێویست نییە دایاناوە ، كەواتە بەخشەر یان ئەو كەسەی یاسا پێویستی بە ڕەزامەندیدانی كردووە لە سەر بە خ شین بۆی هە یە لە بەخ شینەكە پاش گەزبێتەوە ، ئەو (تاوەكو)ە زیادەیە هەر پێویست ناكا پێش دەست پێكردن بە ئەنجامدانی نە شتەرگەریەكە (تاوەكوەكە) زیادەیە یەعنی ببێ و نەبێ تەحسیل حا سڵە ، كە سەكەی پێ شوش پێوی ستە لا ببرێ بەخ شەر یان ئەو كەسەی ئەبێ ئاوای لێبكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز كاك سوهراب فەرموو.

**بەڕێز سوهراب میكائیل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس من دا خازەك ژ بەڕێز دكتۆر ع بدالله هە یە ئە گەر بۆ مە بەس بێ ڕوونكەتن پێش دە ستكردن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری گوا ستنەوەكە ، یەعنی كەنگی ماوەی وێ دە ست پێكەتن پێش دە ست پێكردن كەنگی؟ بەرێ كوبەنە سالێكە ڕۆژەكێ پیچەك نیزیكا دكتۆرە جوا نە ، ئە گەر بێ تە دەستنی شانكردن بەرێ كو ئەم دەنگ لەسەر بدەین باشە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، دواتر داوا لە دكتۆر عبدالله دەكەین ڕوونكردنەوە بدات ئێستا بەڕێز شوان قەلأدزەیی فەرمووە.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (شوان قەلأدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن بەڕێز دكتۆرە جوان كرا ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز شێركۆ حەمە امین فەرمووە.

**بەڕێز شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها ئەوە داڕ شتنەوەكەی ڕەز گە خۆ شتریش بخوێندرێ تەوە (كە سی بەخ شەر یان ئەوەی یا سا لە سەر بەخشین پێویستی بە ڕەزامەند یدانی كردووە، هەتا پێش دە ست پێكردن بە ئەنجا مدانی نە شتەرگەری گواستنەوەكە بۆی هەیە لە بەخشینەكە پاشگەزبێتەوە) ئەگەر ئاوا دایبڕێژنەوە زۆر كوردی تر و ڕەوان ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئەگەر ئەوەی نووسیتە ئێستا پێشنیارت کرد بنێری بە نووسین بۆ لیژنەی یاسایی ، ئێستا داوا له لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ڕەئی خۆیان بدەن ، بەڵێ دکتۆر ڤالاٚ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاٚ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕایەی پێی وابوو فەترەیەکی موحەدەد دیاری بکرێت بۆ کەسی موتەبەرع ، لێرانە موتەبەرع موتڵەقە حەقی تەبەروعەکەی ، بۆیە بەهیچ شێوەیەك هیچ قەیدێك هیچ شەرتێك هیچ مەرجێك ناتوانین بخەینە ئەستۆی کەسی موتەبەرع ، کەسی موتەبەرع بۆی هەیە ئاخر لەحزەش پەشیمان بێتەوە لەو تەبەروعەی کە کردوویەتی ، هیچ یاسایەك حەقی نەداوەتێ خۆی کە حەقی موتەبەرع قەیدبکاتن بەدانانی مەرجێك یان بەدانانی شەرتێك بۆیە ئەوەیان لە ڕووی یاساییەوە ئەو کارە ناتوانین ئەنجام بدەین ، بەلاٚم لە ڕووی لوغەوییەوە ئەو پێشنیارانەی کە کران ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان دایدەڕێژین ، سوپاسی ئەندامان دەکەین.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوە ، بەڕێز دکتۆر عبدلله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدلله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ژی بەرسڤ بوو بۆ کاك سوهراب نەفسی بەرسڤا دکتۆرە ڤالاٚیە ، چونکە تەبەروع تشتەکی موتڵەقە یەتەویع نەشێ مودەیەکی بۆ دانێی ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە ، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین ڕەئی جەنابیان لەسەر ئەم مەسەلەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە گەڵ ناوەڕۆکی ماددە کەم ، بەلاٚم ئەگەر بکرێ هەتا کاتی دەستکردن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە ، یەعنی نەخۆشەکە بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە هەتا پاڵی ئەخەن ، حەقی موتڵەقی نەخۆشەکەیە ، بەخشەرەکەیە کە پەشیمان بێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا داوا دەکەین ماددەکە دوو بارە سیاغەبکرێتن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان ، بەڵێ کاك سوهراب فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز سوهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەزدا من ژوێ ئەو نەبوو دەمێك بێتە دەست نیشانکرن ، بەس من تڤی ئەڤە بۆمە بێتە ڕوونکرن ، بەری بێتە عەمەلی کرن ، بەری بێتە تەخدیر کرن ، کیش وەختا ئەم حسێب کەین بەری دەست پێکرنا ئەنجامدان ، قەزدی من ئەڤەیە نەکو ئەم بێنە دەستنیشان بکەین ئەڤە مافێ وییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك عبدالله پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبییەکە زۆر وازیحە (حتی ما قبل بدئ في اجرائ عملية نقل) یەعنی پێنج دەقیقە ژ بری عملیەت نقل ژحتی ما قبلەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە جەنابی سەرۆك ، ئەگەر ئەو (حتی)یە لێرە بوترێت تەنانەت پێش دەستپێکردنەکە زۆر باشترە ، زۆر باشتر ئەیپێکێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، (حتی) بیکەنە تەنانەت ڕاسترە ، بەڕێز دکتۆرە ڤالاْ ئەگەر ماددەکە بخوێنییەوە.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(6): بەخشەر یان ئەو کەسەی یاسا پێویستی بە ڕەزامەندیدانی کردووە لەسەر بەخشین ، بۆی هەیە هەتا پێش دەستکردن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری گواستنەوەکە لە بەخشینەکە پاشگەز بێتەوە.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازە دەیخەینە دەنگدانەوە ، ئەوەی لەگەڵ دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ (46) کەس لەگەڵە ، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە ماددەکە پەسەندکرا ، ماددەی(7) بفەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(7)"

یه كەم: مامه ڵەكردن به هەر ئه ندامێك له ئەندا مەكانی جه ستەی مرۆڤ یان به شێكی یان یەكێك له شانەكانی له سەر شێوەی فرۆ شتن یان كڕین یان به بەرام‌بەر و سرو شتەكەی هەر چیەك بێت قەده غه دەكرێت.

دووەم: نابێ چاندنی ئەندام یان بەشێكی یان یەكێك له شانەكانی ببێته هۆی ئەوەی كه سی بەخ شەر یان هەریەكێك له میراتگرەكانی هیچ سوودێكی ماددی یان عەینی لەكەسی وەرگر یان له كەس و كاری بەهۆی گواستنەوه بێ یان به بۆنەی بەدەست بهێنن.

سێیەم: قەدەغه یه له سەر پزیشكی تایبەتمه ند دە ست بكا به ئەنجا مدانی نه شتەرگەری چاندن لەكاتی زانینی به سەرپێچی كردنی هەر حوكمێك له حوكمەكانی هەردوو بڕگه یەی سەرەوه بەر له تەواوكردنی ڕێكاره یاساییەكان.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا دەست دەكەین به گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیه ، ئەوەی دەیانەوێت قسه بكەن ناوی خۆ یان بنووسن فەرموون ، بەڕێز شكریەخان فەرموو.

**بەڕێز شكریه اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایه ماددەی (7) به تەواوی زیادەو له مادده كانی پێ شتر با سكراوه و پێویست نا كات لێره دوو باره بكرێتەوه ، به پێویستی دەزانم ئەم ماددەیه لاببەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز منیرەخان فەرموو.

**بەڕێز منیره عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی(7) بڕگەی دووەم له كۆتایی دێرەكه كه ئەڵێ گواستنەوه بێت یان به بۆ نەی بەده ست بهێنن ، هەست ئەكەی یەعنی ئەوه مەتاتیه و ئینسان نازانێ مانای ڕستەكه تەواوناكاو بڕگەكه كەم و كوڕی تێدا یه بۆیه داوائەكەم جارێكی تر دایبڕێژنەوه ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له بڕگەی یەكەم (مامەڵه كردن بەهەر ئەندامێك له ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ یان بەشێكی یان یەكێك له شانەكانی لەسەر شێوەی فرۆشتن یان كڕین یان به بەرامبەر و سروشتەكەی) ئەلێره ئەوه واز یح نی یه ، سروشتەكەی مەبەستیان چییه ئەگەر دەقه عەرەبییەكەمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی تەرجومه كه با شتره یان

سروشتەکەی هەرچییەك بێ قەدەغەدەکرێت ، دووەمیش نابێ چاندنی ئەندام یان بەشێکی یان یەکێك لە شانەکانی ببێتە هۆی ئەوەی کە سی بەخ شەر یان هەر یەکێك میراتگرە کانی هیچ سوودێکی ماددی یان عەینی لە کەسی وەرگر یان لە کەس و کاری بەهۆی گواستنەوە بێت یان بەبۆنەی ، بەبۆ نەی چی؟ یەعنی ئەوەش هەر وازیح نییە ، ئەوەش ئەبێ چاك بکر ێت ، سێیەمیش لە و شەی حکو مەکانی هەردوو بڕ گەی بڕەگەکە بە هەڵە نووسراوە چاکی بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاڵەتێك هەیە پێموایە لەم ماددەی(7) یان ئەبێ ئیزافە بکرێ یان بە برگە یەکی جیا ببێتە چوار بڕ گە یان زیاد بکرێ بۆ سێیەم ئەویش ئەوەیە زۆرجار ئەو دکتۆرا نەی ، هە ندێك لەو دکتۆرا نەی بڕ یار ئەدەن لەسەر وەفاتی مرۆڤێك هەر خۆشیان ئەبنە ئەو کەسەی کە یان ئەو دکتۆرەی کە بڕیار ئەدا لە سەر نەقلی ئەو ئەندامە یان ئەو عزوە بەشەریە بۆ جەستەی بە شەرێکی تر ئە مە حا ڵەتێکی زۆر مەتر سی دارە هەر بۆ یە مونەزە مەی تەندرو ستی جیهانی لە مە بدەئی دووە می تەوجیهی خۆ یدا ڕا پۆرتی جیهانی خۆ یدا ڕایگەیاندووە کە نابێ ئەو دکتۆرەی بڕیار ئەدا لەسەر وەفاتی ئینسانێك هەر خۆی بڕیار بدا لە سەر ئەوەی کە چ عزوێك یان ئەو عزوە نەقل بکرێت ، بۆیە لە پێشنیارەکەم ئەوەیە کە هەر نەسی مەبدەئی تەوجیهی تەقریری مونەزە مەی سحەی عا لەمی دوو بکرێ بە برگە یەکی تر لە ماددەی (7)دا کە ئەڵێ (لا يجوز للأطباء الذين يبتون في أن وفاة المتبرع المحتمل قد حدثت فعلاً أن تكون لهم علا قة مبا شرة بعملية نزع الخلية أو النسيج أو العضو من المتبرع أو بإجراءات زرع أي منها لاحقاً ولا أن ينهضوا بمسؤولية رعاية أي من المتلقين المحتملين لهذه الخلايا أو النسج أو الأعضاء) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (7) سێیەم کە بەحسێ حکومێ هەردوو خاڵێ سەرەوە دکەت ، قەناعەتا من گەلەك حکومێ دییەت هەی ڤێ یاسایدا کە پزیشکی تایبەت پێگیری بکات ، لبەر هە ندێ پێم با شە ڤێ شێوازێ بێتە سیاغەکرن (قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن پێش کۆرێ کارێ یاسایی تەواوبن) ، چنکی وەزارەت مەعنییە دەرئێخستنا ڕێنمای پێویست بۆ پزیشکا تایبەتمەند ئیحتما لە دە ڕێنمای بۆ وان پزیشکێ دەربێخی نە بەس هەردوو خاڵی سەرەوە ئاماژە پێکرییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم مادده (7) برگا ئێکێ و یا دووێ هەردووك زێدەنە ، چنکی لە مادده (4) هاتییە بەحس کرن تنێ برگا سێ دەمینێتن قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند ، سەبارەت بە پرسیارا کاك عمر عینایەت کە بەحس کری برگا ئێکێ بەرامبەر سروشتەکەی ، ئەگەر بێن دەقی عەرەبی بخوینن (یحضر تعامل بأي عضو من اعضاء جسم الانسان او جزء منه او احد انسجته على السبيل بيعه او شراء او بمقابل ايا كانت طبيعته) یەعنی لێرە تەرجومەی حەرفی کراوە لەبەر ئەوە بە کوردیەکەی تۆزێك وازیح نەهاتووە یەعنی بەهەر شێوەیەك بێت نەك بەرامبەر و سروشتەکەی بێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی بەڕێز دکتۆر شەوکەت و کاك بەهزاد تەبعەن ئەوە ماددەی (15) فەسڵی چوارەم (اجرءات زرع اعضاء بشرية) ئەو چوار لیژنە تێدایە (لجنة موافقة على اجراء عمليات زرع و لجنة تحقق من الموت و لجنة قيام بزرع اعضاء و لجنة قيام بأخذ اعضاء من المتوفي) بەتەفسیل لێرە ئاماژە پێکریە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك عمر عینایەت لە جێی خۆیەتی باسی وەی کردیە بە بۆنەی نەمینێ ، فیعلەن بەبۆنەی و شەیەکە مانای نادا ، لەبەر ئەوەی لە عەرەبییەکەی تەرجومەی حەرفی کرایە لە عەرەبییەکەش وایە (سبب النقل او بمناسبته) جا من داوا دەکەم لە لیژنەی مەعنی (مناسبته) لابرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ڕەئی خۆیان بدەن ، ڕاتان تکایە ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم كە ئەڵێ بەرامبەر و سروشتەكەی هەر چییەك بێ ، ئەیكەینە كڕین یان بە بەرامبەر كە سروشتەكەی هەر چییەك بێ واتە ئەو بەرامبەرە سروشتەكەی هەر چییەك بێ نەقدی بێ یان عەینی ، سەبارەت بەوەی لە بڕگەی دووەمدا بە هۆی گواستنەوە بێت یان بە بۆنەی ئەم شتە لە یاسادا شتێكی نەشاز نییە یەعنی شتێكە هەیە لە زۆر بەی كاتەكاندا بە هۆی ئەوە یان بە موناسەبەتی ئەوە ، یەعنی بە موناسەبەتی ئەو وەرگرتنە یە ، موناسەبەتی ئەو گواستنەوەیە بۆ یە بەهۆی لە گەڵ بە موناسەبەتی دوو شتی جیاوازن زیاد نییە لێرە وەكو ڕای لیژنەی یاسایی ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، تكایە ڕەئی لیژنەی تەندروستی، دكتۆر عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بخودێ من ڕوونكردنەكی هەی، ئەگەر دەرفەت هەبیتن، كە عەلاقەت لە ماددەی حەفتی هەی، مەسەلەی كرین و فرۆتن و موقابل و فائیدەی عەینی و نا عەینی، ئەو ژی ئەبوو جەنابی دكتۆر ڕێكەوت ئاماژە پێ كری لە ئیران، لەوێ ئێستا موشكیلەی چاندنی گورچیلە، تەقریبەن ئەوە حەل بووە، چونكە یەكەم دەوڵەتە لەجیهان كە ئێستا قائیمەی ئینتیزامیە، هەركەسێك پێویستی بە گورچیلە هەبیتن، حكومەت ئەتوانێت بۆی دابین بكات، چونكە ڕابیتە یەكی دروست كردووە ( كەناوی ڕابیتەی ئەو نەخۆشیانەی كە تووشی فەشەلی كیلەوی بوون، ئەوانەشی كە پێویستیان بە چاندنی گورچیلەیە)ئەو ڕابیتە (79) فەرعی هەیە لە هەموو ئێراندا، (25) سەنتەریشی هەیە بۆ چاندنی گورچیلە، هەر نەخۆشێك لە ئێران عەجزی كلیەی هەبێت ناوی ئەو لەو ڕابیتەیە دەنووسرێت، هەركەسێكیش ئامادە بێت بە ساغی بە زیندوویی، گورچیلەی خۆی ببەخشێت بۆ ئەو نەخۆشە، ناوەكەی لەوێ نووسیوە، بەس چۆن، حكومەت هەموو نەفەقاتی ئەو عەمەلیاتە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، هەموو ئەو دەرمانانەشی كە بۆ پێش و پاشی عەمەلیاتەكە پێویستی پێیەتی ئەویش لەسەر حكومەتە، حكومەت بۆ ئەوە ڕێگای لە سەماسیرە بگرێت یان ئیمیرجنسی، حكومەت خۆی بەو ئەركە هەڵدەستێت، كە بڕە پارەیەك وەك دیاری بەو كەسە دەدات، كە تەبەروعی كردووە، حەقی نەخۆشەكەش بڕە پارەیەك وەك دیاری بدات بە موتەبەریعەكە، خۆی تەبعەن بێجگە لەوەش حكومەت ئەو كەسەی موتەبەریعە سوودمەند دەبێت لە هەموو خەدەماتی بیمەی تەندروستی بێ دانی قستی مانگانە، تەبعەن بەو ڕێگایە هیچ كێشەی گورچیلە لە ئێران نەماوە، ئێمە پرسیارمان ئەوە یە، بۆ كەلتوری خۆمان ئەوە زۆر باشە، جەنابی دكتۆر ڕێكەوت بۆ كلتوری خۆمان حەدێكی باشە، چونكە سەقافەتی بەخشین تاكو ئێستا كەمە لە كۆمەڵگای كوردی، بمانەوێت ونەمانەوێت ئێستا هەیە كە بازرگانی و كڕینی گورچیلە هەیە، لە كوردستان ئەگەر بەو شێوەیە حكومەت بەو ئەركە هەڵبستێت ئەوە حەلەقەی سمسارو تاجر ومافیاكان

نامێنێت، وچونکە ئێستا مەسەلەن هەیە بە 20 ملیۆن گورچیلە ئەکرێت، کە بەس (5) ملیۆن ئە چێت بۆ موتەبەریعەکە، (15)ملیۆنی بۆ سمسارو مافیاکان دەبێت، یەعنی ئەوە ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە لە ئێران، لەهەموو ڤەکۆڵێنی سایکۆلۆجیش ئەگەر ئیك هاندان و تەحفیزی کە سێك بکات، تەحفیزی ماددی باشترین تەحفیزە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، نازانم ئەمە چۆن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، قسەکانت گەشتن، داوا دەکەین لە بەڕێز وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، ڕەئی خۆی لەسەر ئەم ماددەی بدات، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ڕوونکردنەوەکەی دکتۆر عبداللە، من پێم وا یە ئەگەر حکومەت ڕازی بێت بەو ئیلتیزامە مالییە، چونکە ئێستا لە ڕاستیدا بڕیارێك هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەر بڕیارێك ئیلتیزامی مالی زیاتر بخاتە سەر حکومەت خۆت دەزانیت لەبەر قەیرانە داراییەکەیە، ئێمە پێمان ناکرێت، بەڵام ئەو بڕیارە من بە شتێکی باشی دەزانم، یەعنی فیعلەن ئێستا (20) ملیۆن ئەدرێت بە گورچیلەیەك لەوانەیە (5)ملیۆن بدرێت بە نەخۆشەکە، ئەوە لە ئیرانیش فیعلەن قسەکەی دکتۆر عبداللە دەکەمەوە حەل بووە، سەبارەت بە ماددەی حەوتەم، خاڵی سێیەم، تۆزێك ئەم خاڵە ئەبێت صیاغە بکرێتەوە، زانین و شەیەکی ڕەکیکە، یەعنی تۆ بەمن ئەڵێیت زانیووتە، من ئەڵێم نەمزانیووە، چۆن ئیسپاتی ئەکەیت کە زانیوومە، بۆیە ئیشی پزیشکی تایبەتمەندیش نیە، ئیشی دەوائیری صەحەو وەزارەتە کە ئەم ئیشە بکات، بەم شێوەی لێ بکرێت، قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات، بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن پێش تەواوکردنی ڕێکاری یاسایی و کارگێڕییەکان)، ئێمە یا سامان هەیە، یا سامان داناوە ڕێکارەکان چیە، ئەم نەخۆشە ئەبێت بە ئیرادەی خۆی بێت، ئەبێت کیتابێکی فەرمی هەبێت، بچێتە بەردەم لیژنەیەك کە دکتۆرێکی دەروونی و لیژنەیەکی پزیشکی بێت کە بڵێن کامل ئەهلیەتە، وە سبووت نەبێت کە زەختی لەسەرە، هەموو فەحصەکانی بۆ کرابێت، ئەو گورچیلەیە بۆ ئەم نەخۆشە بێت، کە ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان تەواو بوو، ئەو دکتۆرە حەقی هەیە ئەو زەرعە بکات، بەڵام تۆ ئەڵێیت تۆ زانیووتە منیش ئەڵێم نەمزانیووە، چۆن لەبەینی من و تۆیدا حەل ئەبێت، بۆیە قەدەغەیە لەسەر پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن پێش تەواو بوونی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز دکتۆر ڕێکەوت وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مریم صمد فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا بەڕێزان د یارە لە ماددەی حەوت کە دکتۆر عبداللە پێشنیارێکی کرد، وە کاك دکتۆر ڕێکەوتیش تەوزیحی لە سەردا، وە پ شتگیری لە پێ شنیارەکەی کرد، بۆ ئەوەی دەزگا یەك هەبێت تا هەرکە سێك ئەندامێکی خۆی ببەخشێت، پێتان وانیە ئەوە مەتاتی بێت و دواتر دەر فەتێك ب ێت بۆ ئەوەی کە خەڵك بیەوێت لەڕێگەی ئەوەوە سوودمەند بێت، من لەوە تێنەگەشتم کە حکومەت لەبەرامبەردا پارە ببەخ شێت بەو کەسەی کە ئەندامەکەی دەبەخشێت، یەعنی ئەگەر تەوزیحێك هەبێت خراپ نیە، یان ئەگەر قەرار بێت بکرێت بەمادده، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس بۆ خاتوو مریەم، ئەگەر دکتۆر ڕێکەوت تەوزیحێك بدات لەسەر ئەو خاڵە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت، بەخشین زۆر کە مە، یەعنی کەس نیە گور چیلەی خۆی بە خۆڕایی بدات بەکەس، ئەمان هاتوون تەبعەن ئەو ئیرانیانە و فارس لە خ یبرەی خۆیا نەوە ئەوەیان کردووە، ئەوە خیبرەی سەدەها ساڵە، فیعلەن بەو مەرحەلانەی ئێمەدا ڕۆ شتوون، هاتوون لەجیاتی ئەوەی دەڵاڵ درو ست ب ێت، هاتوون خۆ یان ڕێکخراوێک یان دا ناوە ناوی ئەو نەخۆ شانەیان نوو سیوە کە پێویستی بە چاندنی گورچیلە هەیە، ناوی ئەو خەڵکانە شیان نوو سیوە کە ئەیا نەوێت گور چیلەکانیان ببەخ شن، دەو ڵەت بڕە پارەیەکی داناوەو سەقفێکیشی داناوە، وابزانم (3)ملیۆن تمەنە، ئەگەر هەڵە نەبم، دە یدات بەو بەخ شەرە، کابراش ئەگەر موتەمەکین بوو ئەتوانێت بڕە پارەیەکی دیاری کراو بدات بەو بەخشەرە، شتەکانیش گرنگی لەوەدا یە، تۆ خۆت تەعامول لە گەڵ بەخ شەرەکە نا کەیت، تۆ ئەو ڕێک خراوە ناوە کەت بۆ ئەدۆزێ تەوە، تەبعەن بەپێی فەحص ئەگەر بۆت ببێت، واتە موتابق بێت، بەڕاستی ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی قەیرانی دارایی نەبێت، شتەکان ڕێکوپێك بێت ئێمە بەڕاوێژ لە گەڵ سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەز یران و وەزارە تی دارایی و لیژنەی تەندروستی پەرلەمان و لیژنەی ئەوقاف و تەبعەن ئەبێت شەرعیش ڕێگە بەوە بدات، من پێم وایە ئیقتراحێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، دکتۆر بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، سێ ڕە ئی تر مان هە یە، با ئەو ڕەئیا نەش وەربگرین، دوا یی ڕەئی کۆتایی بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، دکتۆر عبدالله جاسم، ڕەئیت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو ئیزافە بۆ ئەو ئاخافتانەی بەڕێز وەزیری تەندروستی، ل كوێتێ ژی ڤێ گاڤێ هەر بەخشەك حكومەتا كوێتێ چار هزار دینارێن كوێتی ددەتێ، یەعنی تەقریبەن دوانزدە هزار دۆلار، یەعنی ئەو سیستەمە هەیە ل چەند دەوڵەتەكان، و لە ئێران ئەو برە پارەی وەرگر ژی دەدەتە موتەبەڕیعە كە دكتۆر رێكەوت ئەوەش لە رێگای ئەو رێئاسوشنە تەحدید كراوە (تحدد و تنظم من قبل الرابطه) و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، خاتوو زولفا، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم بابەتەوە من پێم وایە دەبێتە كڕین و فرۆشتن، ئەگەر بشكرێت تەحدید بكرێت كە پاداشتێكی بچووكی دەدرێتێ لەلایەن حكومەتەوە، بۆ ئەوەی بەجۆرێك سەپۆرت نەكرێت خەڵك هەوڵ بدات جەستەی خۆی بفرۆشێت، بۆ پەیداكردنی پارە لەسەر خاڵی سێیەم، كە وەزیری تەندروستی سیاغەی كردەوە، سیاغەكەی زۆر جوان بوو، بەڵام پێم باشە بكرێت بە (پزیشكی تایبەتمەند قەدەغەیە لە دەست پێكردنی لەپێش تەواوكردنی بەڵگەنامە فەرمییەكان، یاخود ئاگاداركردنەوەی لەلایەن لایەنێكی فەرمی، لەسەر ساختەیی ئەو بەرلگەنامانەی كە پێیەتی) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس خاتوو زولفا، خاتوو شیرین حوسنی، فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئیزافا كردنا وێ خالێ كە دژە لەگەل ڤێ یاسایێ، چونكی ئەڤ یاسایێ لەسەر بنەمای بەخشین هاتیە دانان، ڤە ئیزافە كرنا وێ خالێ هەمی مادەكا تێك ددات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها ئەڵێم لە سێیەمدا (قەدەغەیە لەسەر) ئەم وشەیە وای لێ بكرێت یەكسەر بڵێین (نابێت)، بابەڕێزان وشەی نابێت دابنێن بزانن هیچ ئەگۆڕدرێت لەمەسەلەكە، دووەم، دەست بكات بەئەنجامدانی نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن، نەك هەر چاندن، ئەوە دەبێت بەڕێزتان بە جەنابی دكتۆر ڕێكەوت بڵێین، ئایا ئەكرێت گواستنەوە ئێزافە بكەین یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز شکریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەمە پێشنیارێکی زۆر چاك و پەسەندە، کۆمەڵێك کێشەی زۆرمان بۆ حەل دەکات، ئەمە وەکو کڕین نیە، حکومەت لەخەڵکی بکڕێت و بیدات بەکەسێکی تر، بەڵکو حکو مەت وە کو پادا شت، یان د یاری بەو کەسەی دەدات، ئەمە لەلایە کەوە، لەلا یەکی تریشەوە، د یارە کە سانێك کەناوی خۆ یان تۆ مار دە کەن، سەرجەم فەحـ صەکانیان بۆ دەکر ێت، وە ئەو کەسانە شی کە پێویستیان بە گور چیلەیە لە هەما کا تدا فەحصیان بۆ دەکر ێت، کە ئە مەش کا تمان بۆ دەگێڕێ تەوە، ئە مەش ڕێگا یەکی زۆر چاکە لە بەردەم ئەو کەسانەی کە بازر گانی بەم شتەوە دە کەن، ئەوەشمان لەبیر نە چێت، ئێمە پڕۆژە یا سایەکمان پێشکەش کردوو خوێندنەوەی یەکەمیشمان بۆ کردووە، سەبارەت بە هەموارکردنەوەی ئەو صندوقەی کە بۆ یارمەتی دا نی کە سانی نەخۆش بە شێرپەنجە، د یارە لەوەدا 8 نەخۆ شی کو شندەی تـ ێدا با سکراوە کە ئەما نەش هاوکاری بکرێن، یەکێك لەمانە ئەوە بێت، دەتوانین بڕگەیەکی بۆ زیاد بکەین هەر لەو صندوقی سەرەتانە کە ئەو 8 نەخۆشیە کوشندەی تێدایە، لەوێدا حکومەت پاداشت بدات بەو کەسانەی کە بەشێك لە ئەندامی جەستەیان دەبەخشن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ناونیشانی پڕۆژەکە لێرەدا باسی بەخشین ئەکات، یەعنی لـێرە بەدەق بیهـێنین و با سی دەعمێکی مادی ئەو کەسە بکەین کە بەخشەرە، ئەوە پێشەکیەکە بۆ بازر گانی کردن ئەو بابە تە، دەکر ێت هاو کاری بکرێن، بەڵام با بە نەص نەچێتە ناو یاساکەوە، وەکو ڕای لیژنەی ئەوقاف ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، دکتۆر بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە حکومەت بتوانێت بە موقابیلێك ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشی کە سێك وەربگر ێت، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەوە وەرناگرین و صیاغەی ناکەینەوە، چونکە ئەوە دە چێتە بابی تیجارە تەوە، فرۆشتنەوە ئیتر موقابیلەکە حکومەت بیدات، یان کەرتی گشتی بیدات، یان کەرتی تایبەت، بەڵام سەبارەت

بە تێچوونی عەمەلیاتەکە، ئێمە لە ماددەکانی تردا باسمان کردووەو جێگامان کردۆتەوە، ئەو کەسانەی کە ئیمکانیاتیان نییە، حکومەت ئەرکی تێچوونی نەشتەرگەرییەکە ئەگرێتە ئەستۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئێستا ڕەئی کۆتایی دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پێشنیارەی کەکرا، من پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر سراج و دکتۆرە شیرین و دکتۆرە بەهار دەکەم، لە بەر ئەوەی لە گەڵ ئا مانجی یا ساکە ناگونجێت، دا نانی ئەو ماددە یە، ئە مە لەلا یەك، لەلا یەکی تریشەوە، بڕگەی سێیەم، کەلەلایەن وەزیری تایبەتمەند صیاغە کرا یەوە، هەر چەندە بە سوپا سەوە ئەوە ئەر کە کە ئەو دەیکێ شێت، وە کو ئەوەمان صیاغە کردەوە کە و تی، ئەوە شی کە پەیوەند یدارە بە پێشنیارەکەی دکتۆر شێرکۆ، بەڵێ زۆر بەجێ بوو، بەڵام لەماددەی 15 لە دێڕی ئەخیری ئەوە هاتووە، بۆیە نامانەوێت دووبارەی بکەینەوە، بەسوپاسەوە، ماددەی (7):

1- مامە ڵەکردن بە هەر ئە ندامێك لە ئەندا مەکانی جە ستەی مرۆڤ یان بە شێکی یان یەکێك لە شانەکانی لەشی لەسەر شێوەی فرۆشتن، یان کڕین، یان بەبەرامبەر کە سروو شتەکەی هەر شتێك بێت، قەدەغە دەکرێت.

2- نابێت چاندنی ئەندام یان بەشێکی یان یەکێك لەشانەکانی ببێتە هۆی ئەوەی کەسی بەخشەر یان هەر یەکێك لەمیراتگرەکانی هیچ سوودێکی ماددی یان عەینی، لەکە سی وەر گر یان کە سوکاری بەهۆی گواستنەوە بێت یان بەبۆنەی بەدەست بهێنێت.

3- نابێت پزیشکی تایبەتمەند دەست بکات بە ئەنجامدانی نە شتەرگەری گوا ستنەوەو چاندن بەر لە تەواوکردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ماددەکە بەو داڕشتنەی کە ئێ ستا خوێندرا یەوە دەیخەی نە دەنگەوە، کێی لەگەڵدا یە بادە ستی بڵند بکات تکایە؟، 46 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە، 1 کەسی لەگەڵدا نیە؟، کەواتە ماددە کە پە سەند کرا بە زۆرینەی دەنگ، فەرموو بۆ ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

نابێت دەست بکرێت بە نەشتەگەری گواستنەوە بە مەبەستی چاندن تەنها پاش پێزانی نی هەردوو کە سی بەخشەرو وەرگر نەبێت  ئە گەر تێگەی شتوو ( مدرکاً) ب ێت  لە ڕێگەی لێژ نەی سێیانەی دەقکراو لە ماددە (14)ی ئەم یاسایەدا بە سروشتی هەردوو نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن و مەترسیە ئە گەرەکانی

هەردووكیان لە مەودای نزیك یان دوورو وەرگرتنی رەزامەندی كەسی بەخشەرو وەرگر، یان رەزامەندی جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی، ئەگەر لە كەسانی نالێهاتە یان كەملێهاتە یان وەسیەتكراو بێت، ئەگەر مردوو بێت بەنیسبەت خانەكانی دایك  بەپێی ئەوەی بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (5) دەقی لەسەر كردووە. و لێژنەكە كۆنووسێك بەمە ئامادە دەكات و بەخشەرو وەرگر واژووی دەكەن، ئەگەر بێ هۆش یان تێنەگەیشتوو نەبێت یان لە لایەن جێگرەوەی یان نوێنەرە یاساییەكەی.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە ئەوەی دەیەوێت قسەی لەسەر بكات ناوی دەنووسین فەرمووون، تەنها 3 كەس دەیەوێت قسە بكات، كاك عومەر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها سەرنجەكەم (تێگەیشتوو) یەعنی فاهم ئەوە بكرێت بە (بەئاگا بێت) یان (هۆشیار بێت) لەدێڕی دووەم و ئەخیر وای لێ بكرێت، وشەی تێنەگەیشتوو لەوێدا مانایەكی نیە بكرێت بە (بەئاگا بێت) یان (هۆشیار بێت)، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز شكریە اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصگفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من زۆر ڕەخنەم لە لیژنەی یاسایی هەیە، هەر چی پێشنیارێكیش باش بێت ئەوان ڕەدی دەكەنەوە، من حەز دەكەم یەك نموونەی واقعی بێنمەوە، من خۆم سەردانی گەنجێكی تەمەن (25) ساڵیم كرد، كە هەردوو كلیەی خەریكی وەستان بوون، توانیمان ئەو پارەی كە پێویستی بوو نزیكەی (30) ملیۆنی بۆ كۆبكەینەوە، ماوەیەكی زۆری خایاند ئەو گەنجە گیانی لەدەستدا، جا نازانم ئەوە چۆن چارەسەری هەبێت بۆ ئەو كێشانە، ئایا قوتابیەك كە دەخوێنێت و نمرەیەكی باش دەهێنێت لەكۆتاییدا سەركەوتوو ئەبێت، حكومەت خەڵاتی دەكات ئەمەش شتێكی وایە بەڕاستی زۆر پێم سەیرە كە ناكەوێتە بابی ئەوەی حكومەت بار قورساییەك لەسەر خەڵكی خۆی، هاووڵاتیەكی خۆی هەڵبگرێت، زۆر بەی وڵاتان ئەمەیان هەیە، ئایا ئەمەیان لەسەر چ بنەمایەك كردووە، نازانم بۆچی ڕێگری بكرێت لەسەر شتێك كە لە قازانجی خەڵكی فەقیرو هەژاردایە، كە دەكەوێتە ناو موعاناتێكی زۆر گەورەوە، پێویستە بەڕاستی ئێمە هەست بەو جۆرە كەسانە بكەین، حسابیان بۆ بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، مافی بەڕێزتانە كە ڕەخنە بگرن، مافی لیژنەی یاساییشە كە دواییی جواب بدەنەوە، كاك سهراب میكائیل فەرموو.

**بەڕێز سهراب میكائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرپێچیا هەر ماددەكێ ژ ماددا ڤێ یاسایێ سزایەك یێ بۆ دانایی و یێ ئاشكرا كری، ماددا هەشت ئەگەر سەرپێچی هەبوو من هندی بەرێخودا سەرپێچیا و سزاكان ئەڤێ سەرپێچییێ سزا بۆ نەدانایە موفقتەرحێ من ئەوە د سزاكاندا ئەم جهێ وێ بكەین ئەگەر ئێكێ سەرپێچیا ڤێ ماددەی كریە، یەعنی ئەگەر ئەوێ تەبەرع د كەت یان ئەوێ وەردگریت پزیشكێن دروست ل سەر ئەنجامێن ڤێ نەشتەرگەرییێ نەبیت یان ڤەگوهاستنێ نەبیت یان چاندنێ نەبیت سەرپێچیا وێ هاتە كرن دێ چ سزا بۆ وان هەبیت ئەوێن ڤی كاری رابوین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی و مشرع بە شێوەیەكی گشتی پەر لەمان كاتێك یاسا دەردەكات، قاعیدەی قانونی ئەبێت (قاعدة عامة مجردة) بێت واتە كە یاسا دەردەكەین یاساكە بۆ حالەتێك و دوو حالەت دەرناكرێت، یاسا بەشێوەیەك دەردەكرێت كە حوكمی غائیبی شایع بكات لە كۆمەڵگادا، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی زۆرجار ئەو قەیدە لەسەر ئێمەیە كە هیچ مشرعێك ناتوانێت بۆ یەك حالەت داخڵی تەفاصیل و جزئیاتی یەك تاكە كەس بێت و یاسایەك دەربكات تەنها بۆ موعالەجەی ئەو تاكە كەسە، قاعیدەی یاسایی دەبێت قاعیدە یەكی عامی مجرد بێت، ئەوەی پەیوەندی بە چاككردنەوە زمانەوانیەكانەوە هەبوو هەمووی وەرگیراوە، داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە بخوێنرێتەوەو بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگەوە، ئەگەر هیچ مولاحەزەیەك نەمابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیكی(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، با ڕەئی جەنابی وەزیریش وەربگرین دوایی دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە لەم ماددەیە بەخشەر و وەرگر جیا بكرێتەوە، یەعنی بەشێوەیەك كە بەخشەر یەكەمجار بنو سرێت (متبرع)دوایش وەرگر، یەعنی هەردووكیان بە جیا باس بكرێت، من ئەوەی عەرەبیە كەی دەخوێنمەوە ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت، (اولآ: المتبرع: لایجوز البدء في عملیة النقل بقصد الزرع الا بعد احاطة المتبرع بواسطة اللجنة الثلاثیة المنصوص علیها في المادة(14) من هذا القانون، بطبیعة عملیة النقل والزرع و مخاطره المحتملة على المدى القریب والبعید والحصول على موافقة المتبرع او الموصي علیه اذا كان متوفیاً

بالنسبة لخلايا الأم وفقاً لما نصت عليه الفقرة الثالثة من المادة (6) و تحرر اللجنة محضر بذلك يو قع عليه المتبرع ما لم يكون غائباً عن الوعي او الإدراك او ممثله القانوني).

ثانيا

أ- المتلقي: لايجوز البدء في عملية النقل بقصد الزرع الا بعد احاطة المتلقي بواسطة اللجنة الثلاثية المنصوص عليها في المادة (14) من هذا القانون بطبيعة عملية النقل والزرع و مخاطره المحتملة على المدى القريب والبعيد والحصول على موافقة المتلقي إذا كان متوفيا بالنسبة لخلايا الأم وفقاً لما نصت عليه الفقرة الثالثة من المادة (6) وتحرر اللجنة محضر بذلك يوقع عليها المتلقي ما لم يكون غائباً عن الوعي او الإدراك او ممثله القانوني). زۆر سوپاس. بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):

زۆر سوپاس، دەکرێت ئەو تێبینیەش لەبەرچاو بگرن و دووبارە دایبڕێژنەوە، دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەز یری تایبەتمەند، ئەو ڕاپۆر تە، ڕا پۆرتی نیهائی یە لەلای بەڕێزیا نە ئەوەی خوێند یەوە بۆ یە مسوەدەیەکی ترە لای بەڕێزیانە، ئەوەی ئێمە نیە، لێرە بابەتەکە پەیوەستە بەوەی کە نەفسی ئیجرائاتە بۆ هەردوو کەسەکە، بۆیە ویستوومانە لە یەك مادده دایبڕێژینەوە چونکە هەدەف لە دوو کەسەکە نیە، هەدەفەکە نەفسی ئیجرائاتە بۆ هەردوولا، ئەوەشی کە پەیوەندیدار بوو بە سزا، کە گەشتینە سەر سزاکان لەوێ پێشنیارەکەی کاك سهراب بە هەند وەردەگرین، ئەگەر هاتوو لەوێ ئیزافە نەکرابوو وەری دەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئێستا ماددەکە بە دارشتنی نیهائی بخوێننەوە، تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

نابێت دەست بکرێت بە نەشتەگەری گواستنەوە بە مەبەستی چاندن تەنها پاش پێزانینی هەردوو کەسی بەخشەرو وەرگر نەبێت  ئەگەر بەئاگابێت، لە رێگەی لێژنەی سێیانەی دەقکراو لە مادده (14)ی ئەم یاسایەدا بە سروشتی هەردوو نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن و مەترسیە ئەگەرەکانی هەردووکیان لە مەودای نزیك یان دوورو وەگرنتی وەرگرتنی رەزامەندی کەسی بەخشەرو وەرگر، یان رەزامەندی جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی، ئەگەر لە کەسانی نالێهاتە یان کەملێهاتە یان وەسیەتکراو بێت، ئەگەر مردوو بێت بەنیسبەت خانەکانی دایك  بەپێی ئەوەی بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (5) دەقی لەسەر کردووە. و لێژنەکە کۆنووسێك بەمە ئامادە دەکات و بەخشەرو وەرگر واژووی دەکەن، ئەگەر بێ ئاگا نەبێت یان لە لایەن جێگرەوەی یان نوێنەرە یاساییەکەی.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دیارە دوو تێبینی هەیە لەسەر ئەم داڕشتنەوەیە، زولفا خان، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەز یری تەندرو ستی خۆی دەزان ێت، دک تۆر و پ سپۆڕەکانی تەندرو ستیش هەر دەزا نن، لەمە سەلەی تەندروستی کە باسی بێ ئاگاو بە ئاگا دەکەین، واتە بەهۆش و بێ هۆش، ئێمە کە سێك بوورابێ تەوە پ ێی دەڵێین بەئاگا یان بێ ئاگا، بەڵام لێرەدا ئەم تێگەیشتووەی ئێمە کە لەنەصەکە دانراوە مەبە ستمان عا قڵ و غیر عاقڵە، واتە بەئاگاو بێ ئاگا پێم وا یە گو نجاو نابێت بۆ ئ ێرە، جەنابی وەز یریش نازانم جوابی چی ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەئاگا وبێ ئاگاش هەیە، تێگەیشتوو نا تێگەیشتووش هەیە، بێ ئاگا، مەسەلەن تۆ نەخۆشێك هەیە دەماغی مردووە، ئەمە بێ ئاگایە، بەڵام تۆ ئەم نەخۆشە پێش ئەوەی تووشی ئەم حادیسەی سەیارەیە بێت وتوویەتی من کە مردم جگەرەکەم و گورچیلەکەم و ئەمانە ببەخشن، تەبعەن ئەمە وەسیتیشی کردووە، وەسێتەکەی لای وەلی ئەمرە، ئەمە پێی ئەڵێن بێ ئاگا کە لەژێر جیهازدایە، بەئاگا ئەوەیە کە ئاگای لە خۆیەتی بەڵام تێگەیشتوو لەگەڵ تێنەگەیشتوو ئەوە کامل اهلیەو ناقص اهلیەیە ئەوەی کە ئێوە باسی ئەکەن، ئەوە دوو شتی جیاوازە، جاری وا هەیە بەخشەرەکە گورچیلەکەی ئەبەخشێت بەس بێ ئاگایە، لەژێر جیهازدایە، جاری وا هەیە ئەوەشی کە پێی دەدەیت ئەویش هەر بێ ئاگایەو لەژێر جیهازدایە، ئەویش پێویستی بەو ئەندامەیە بۆ ئەوی بژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، تێبینیەکەی تری کاك عومەر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها مەترسیە ئەگەرەکان عیبارەتێکی قورسە، یان بکرێت بە پێشبینی کراوەکان، یەعنی ئەوە مانا نابەخشێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حمە رشید(وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جیا بکرێتەوە پێم وایە ئەو کێشانە حەل ئەبێت، بەخشەر بەجیا بێت، وەرگریش بە جیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینیکی(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

نابێت دەست بکرێت بە نەشتەگەری گواستنەوە بە مەبەستی چاندن تەنها پاش پێزانینی هەردوو کەسی بەخشەرو وەرگر نەبێت  ئەگەر بەئاگابێت،(مدرکا) لە ڕێگەی لیژنەی سێیانەی دەفکراو لە مادده (14)ی ئەم یاسایەدا بە سروشتی هەردوو نەشتەرگەری گواستنەوەو چاندن و مەترسیە ئەگەرەکانی هەردووکیان لە مەودای نزیك یان دوورو وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسی بەخشەرو وەرگر، یان ڕەزامەندی جێگرەوە یان نوێنەری یاسایی، ئەگەر لە کەسانی نالێهاتە یان کەملێهاتە یان وەسیەتکراو بێت، ئەگەر مردوو بێت بەنیسبەت خانەکانی دایك  بەپێی ئەوەی بڕگەی ( سێیەم)ی ماددەی (5) دەقی لەسەر کردووە. وە لیژنەکە کۆنووسێك بەمە ئامادە دەکات و بەخشەرو وەرگر واژووی دەکەن، ئەگەر بێ ئاگا نەبێت یان لە لایەن جێگرەوەی یان نوێنەرە یاساییەکەی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/( سەرۆکی پەرلەمان):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 50 کەسی لەگەڵدایە، ئەی کێی لەگەڵدا نیە، کەس نیە، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا پشوویەك وەردەگرین تا کاتژمێر 3/30 دوایی دەست دەکەینەوە بەدانیشتنەکەمان، خواتان لەگەڵ....

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ ئەكەین خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (18)، كۆبوونەوەی ژمارە (2) ڕۆژی دانیشتن 2015/6/29 بەردەوام ئەبین لە سەر بەرنامەی كار كە گفتوگۆ كردن لە سەر پرۆژە یاسای ڕێكخستن و گواستنەوەی ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ بە پێی ماددەی (72، 74، 75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی (1992) هەمواركراو، بفەرموون ماددەی دوای ئەو بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆ، ماددەی (9)، (د.ڤالا) فەرموو.**

**بەڕێز: د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 9 :**

**1/دەكرێت بۆ زەرورەتێكی پێویست بۆ پارێزگاری كردن لە ژیانی مرۆڤێكی زیندوو یان چارەسەر كردنی لە نەخۆشیەكی كوشندە یان تەواوكردنی كەم بوونێكی ژینەوەری لە جەستەی دا ئەندامێكی یان بەشێك لە ئەندام یان شانەیەكی لاشەی مرۆڤێكی مردووی تێدا بچێندرێت، ئەگەر مردووەكە بەر لە مردنی وەسیەتی ئەم كارەی كردبێ، بە وەسیەتنامەیەكی بەڵگەدار یان جێگیركراو لەسەر هەر پەڕێكی فەرمی یان دانی پێدا نابێ بەپێی ئەو ڕێكارانەی كە پەیڕەو و ڕێنماییە دەركراوەكان بە گوێرەی ئەم یاسایە دیاری دەكات.**

**2/ دەكرێ گواستنەوە بكرێت لە ئەندامانی جەستەی مردوو بە مەبەستی چارەسەركردن یان بە مەبەستی زانستی بە مەرجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی نزیكترین كەسەكانی تا پلە چوار بە پێی ڕیزبەندی خوارەوە: كورەكان و كچەكان، دواتر كورەكانی كورەكان، دواتر باپیر لەلای باوك، دواتر براو خوشكەكان، دواتر كورەكانی براكان، دواتر مامەكان، دواتر كورەكانی مامەكان، ئەگەر كەسە نزیكەكان زیاتر بوون پێویستە ڕەزامەندی زیاتر یان بێت، لە هەموو حاڵەتەكان دەبێ ڕەزامەندیەكە بە نووسراو بێ و بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە:**

**أ/ نابێ كەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی كردبێ كە لە دوای مردنی هیچ ئەندامێكی جەستەی خۆی ببەخشێ ئەمەش دەبێ بە پێی نووسراوێك كە دوو كەسی شیاو لەڕووی یاساییەوە شاهیدیان لەسەر دابێ.**

**ب/ لێكۆڵینەوە بكرێ بۆ مردنەكەی، بە شێوەیەكی یەكلایی كەرەوە بە پێی لیژنەی پێكهاتوو بۆ ئەو مەبەستە.**

**3/ نابێ ڕێ شەكێش كردن لەلاشەی مردوو ئەنجام بدرێ مەگەر بە مۆڵەتی دادوەری لێكۆڵینەوەی تایبەتمەندەوە بێ ئەگەر مردنەكە بابەت بێ بۆ لێكۆڵینەوەی تاوانكاری.**

**4/ وەسیەتكار بە یەكێك لە ئەندامەكانی بۆی هەیە لە وەسیەت نامەكەی پاشگەز بێتەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا (غریب) فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم : بۆ بابەتی ڕەزامەندی باسی ئەو تەسەلسولی قەرابە یە که کراوە، باسی رەزامەندی هاوسەر نەکراوە، جا چ پیاوەکە بێ یان ئافرەتەکە بێ، لە کاتێك دا ئەوان بەهیچ شتێ حجب نابن و میراتیش دەبەن، مافی ئەوان هەر دیار نییە بەڕاستی لەمەی کە داڕێژراوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە حسابێ بۆ ئەوان بکرێ، ئەمە یەك، دوو/ ئەم تەسەلسولەی کە نووسراوە لە پرۆژە یا سایەکە، کوڕەکان و کچەکان بەم تەسەلسولە، ئەم ڕەزامەندیە ئاسان وەرناگیرێ، پێشنیاز دەکەم بنووسرێ ڕەزامەندی نزیکترین میراتگری ئامادەبوو لە کاتی مەرگیدا، یەك کەس لە کەسە نزیکەکانی ڕەزامەندی بدات تەواو دەبێ، دوا جار ئەم یاسایە باسی حاڵەتی مردنی کەسێکی نەکرد کە میراتگری نییە، ئەوەی تیا نییە، کەسی وا دەمرێ هیچ میراتگرێکی نییە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بنووسرێ ئەو مردووەی کە میراتگری نییە، بە مەرج دەگیرێ و ڕەزامەندی بالاترین دەسەڵاتی دادوەری یەك ئیداریەکەی خۆی وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بێستون) فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (9) یەکەمی دەکرێ بۆ زەرورەتێکی پێویست، زەرورەتی پێویست باشترە بەم شێوەیەی لێ بکرێ، دەکرێ لە کاتی پێویستدا بۆ پارێزگاری کردن لەوە، موستەلەحێکی تر بەکارهاتووە (لاشە) لاشە لە زمانی کوردی دا بۆ مردوو جوان نییە، ئەگەر دیقەتتان دابێ لە ئیعلام دا لاشە مەسەلەن بۆ تەرمی تیرۆرستەکان بەکاردێت، هەر خۆتان لە فەقەرەی (2) گوتووتانە جەستەی مردوو، لە فەقەرەیەك لە دێری سێیەم دەڵێ : لاشەی مرۆڤێکی مردوو، ئێمە ئەڵێین جەستەی مردوو، لە سێیەم وتوتانە لاشەی مردوو، لە ماددەکانی دواتریش دا یەك، دوو جار لاشە بەکارهاتووە، جا جوانترە بیکەن بە (جەستە) یان (تەرم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (قادر) فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (2)ی ماددەی (9) گواستنەوەی ئەندامەکان لە جەستەی مردووەکە ئەگەر بە مەبەستی شیکاری زانستی بێ ئاساییە، بەڵام بە مەبەستی چارەسەر بێ، ئایا بە پێچەوانە ناوەستێتەوە لەوەی کە لە ژیانی مردوو بەر لەوەی کەسە بمرێ یان لە کاتی ژیانی دا بە مەرجمان گرتووە کە پێویستە وەسیەت بکات، لەو

حاڵەتەدا ئایا پێچەوانە ناوەستێتەوە، دواتر بە مەبەستی شیکاری پێموایە ڕەزامەندی ئەوا نە زۆرە، ئەوەی مامۆستا (غریب) گوتی زۆر ڕاستە، بۆیە پێویستە پلەکان دیاری بکرێت، من پێشنیار دەکەم تا پلەی (1) یان تا پلەی (2)، چونکە ناتوانی ڕەزامەندی هەموو ئەوانەی کە لەو پرۆژەیەدا هاتووە دەستەبەر بکرێ، بە مەبەستی شیکاری زانستی، یان توێژینەوەی زانستی کە لە وڵاتی ئێمەدا لەوانەیە زۆر لە دواوە بین بۆ ئەو مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز (عمر) عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیگری قسەکانی کاك (بێستون) دەکەم، هەر ئەگەر نەبێ، نەشمێنێ هیچ کێشە دروست ناکات، دەکرێت بۆ پارێزگاری کردن لە ژیانی مرۆڤێکی زیندوو تا کۆتاییەکەی، ئەوە زۆر کێشە نییە، وشەی (لاشە)ش جەنابی کاك (بێستون) باسی کرد پشتگیری دەکەم، فەقەرەی (دووەم)، أ، مانا کەی زۆر ناتەندروستە، نابێ کەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی کرد بێ کە لە دوای مردنی هیچ ئەندامێکی جەستەی خۆی نەبەخشێ، ئەبێ نەیبەخشێ ئەگینا هیچ مەعنایەك نادات مەسەلەکە، ئەمەش دەبێ بە پێی نووسراوێك بێ کە دوو کەسی شیاو لەڕووی یاساییەوە شاهیدیان لەسەر دابێ واتە : ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێ پێویستە ئەومردووە پێشتر وەسیەتی نەکردبێ کەمن بەهیچ جۆرێك نابێ پارچەکانی لەشم ببەخشرێ لەوێ یان ناتەواوە یان نەبێ، جا داواکارم لە بەڕێزتان لە لیژنەی (یاسایی) یان لیژنەی ( مافی مرۆڤ) یان یەکێ لەو لیژنە پەیوەندارانە بۆمان ڕوون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاروان) فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ علاجی خاڵی (أ) لە وڵاتانی ئەوروپی بەعام هۆبە هەیە، هۆبەی بەخشین هەیە، هۆبەکانیش هەمووی بەش بەشی هەیە و بەشی (چاو، گورچیلە، بەنکریاس، جگەر) ئەوانە هەمووی بەش بەشن، خەڵکێك پێشی مردنی هاتووە ناوی خۆی نووسیوە، یەعنی ناوی لەوێ تۆمار کراوە بەڕەسمی، عیلاقەی بە وەسیەت و شاهید و ئەم بابەتانە نییە، ئەمە بەعزێ ئەشکالیاتی لەناو کۆمەڵگایە ئەشکالیات دروست دەکات، دەبێ کەسی بەخشەر دەبێ پێشتر ناوی نووسی بێ کە چی دەبەخشێ، چاوی دەبەخشێ، ئەعزاکان دیارن لەوێ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی ئەمە بەمە یەکلا بووەتەوە، یەعنی کردنەوەی هۆبەیەك بۆ کەسی بەخشەر کەچی دەبەخشێ، تکا دەکەم ئەوە لەوە دەچێ علاج بکرێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعید فەرموو.

**بەڕێز (سعید) مەسیفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی (9) بڕگەی (2) دەكرێ بەو شێوەیە بیكات، دەكرێ گواستنەوە بكرێ لە ئەندامانی جەستەی مردوو، بە مەبەستی چارەسەركردن یان بە مەبەستی زانستی، بە مەرجی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی هاوسەرەكەی لە كاتی ئامادەبوونی كەسانی پلەی یەكەم، گەر ئەمانە بوونیان نەبوو ئەوا یەكێك لە نزیكترین كەسەكانی پلە (دوو، سێ، چوار) ئەگەر یەكسان بن لە پلەكاندا یان ڕەزامەندی زۆرینە بێ، لەبەر ئەوەی ناكرێ كوڕەكان و كوڕی كورەكان و ئەوەی دیكە بە پلە بێتە خوارەوە ئاوا بنووسرێ باشترە سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتو (ئاواز) فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بمبورە ناوم نەنووسی بوو، بۆ پشتیوانی قسەكانی كاك كاروان دەمەوێ منیش ڕوونكردنەوەیەك بدەم، لە وڵاتانی دەرەوە، ئەم بابەتە وا چارەسەر كراوە ئەو كەسەی كە ئەندامانی لەشی دەبەخشێ لە دوای مردنی باجێكی تایبەتی پێیە، زۆر جار لە زۆر وڵات لەسەر ئیجازەی سایەقی و ئەوانەش ئەم ئیشارەتە دانراوە كە ئەم كەسە كەسێكی خۆبەخشە، ئەندامەكانی دەبەخشێ، بۆ ئەوەی تۆ بتوانی سوودی لێ وەبگری لەكاتێك لە كارەساتێكی كتوپڕی تووش دەبێ، ئەو تیمە پزیشكیەی كە پشكنینی بۆ دەكەن و چاویان بەو باجە دەكەوێ بتوانن سوود لە ئەندامەكانی لەشی كەسی (مردوو) وەربگرن بەخێرایی، بەڕاستی ئەوەی تر عەرفەلەی بۆ دروست دەبێت تاكو عەشیرەتێك ڕەزامەندی دەدات كە ئەو پارچانەی ئەندامی لەشی ئەو كەسە بەكاربێ و سوودی لێ وەبگیرێ، ڕەنگە زۆربەی هینەكان تەلەف ببن و بە كەڵك نەمێنن، بۆیە من پێم باشە لە جێگەی ئەو بكرێت كە باجی تایبەت دروست بكرێ، ئەو كەسانەی كە ناویان نووسیوە لەو ڕێكخراوانە ئەم باجەیان پێ بێ و هەڵی بگرن و لە كاتی تووش بوونیان بە كارەسات سوود لە ئەندامەكانی لەشیان وەربگیرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمەرشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ماددەی (9) یەکەمەکەی دەبێ بکرێ بە سێ بەشەوە، مردن تەقسیم دەکرێ بۆ سێ بەش، ئەوەی سەروو (18) ساڵە، ئەوە خۆی کە سەرووی (18) ساڵە خۆی وەسیەت دەکات و خۆی ئەندامەکانی جەستەی دەبەخشێ، ئەوەی تر سنی بلوغە، وابزانم لە بەینی (15–18) یە، ئەوەی تر منداڵە، ئێمە دەتوانین مەسەلەن بەپێی ئەمە من پێم باشە بکرێتە ماددەی (9) یەکەم : أ/ وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەکرێت بۆ زەرورەتیش و بۆ پارێزگاری کردن، ب/ بۆ باوکی منداڵ هەیە کە تەبەروع بکات بە ئەعزاکانی دوای مردن، مناڵ هەیە (12) ساڵە (13) ساڵە، هەروەها ئەو کەسانەی کە سنی بلوغیان هەیە دەتوانن بە موافەقەی زەویان، مەسەلەن برا گەورەکە باوکە و دایکە دەتوانن ئەوانیش بە موافەقەی ئەوان ئەعزاکانیان بەکاربهێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە پەیوەندارەکان خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (9) برگەی یەك پشتگیری لە بەڕێز (د.ڕێکەوت) دەکەم بەوەی ساڵەکان تەحدید بکرێ بەڕاستی، چونکە ئەوە گرنگە، دووەم/ لەسەر پێشنیارەکەی مامۆستا (مەلا غریب) و کاك ( قادر ڕەزگەیی) لەسەر ڕەزامەندی، بەڕاستی منیش پێم باشە ئەگەر هەڤاڵان لێرە ڕەزامەند بن ئەگەر بکرێت بە ڕەزامەندی نزیکترین کەسەکانی مردوو لە پلە (یەك) و پلە (دووی) خێزان، پشتگیری لە ڕایەکەی کاك (ابو کاروان) دەکەم بەوەی کە تەحدید بکرێ یەعنی کەسێك کە وەسیەت دەکات کە دەمرێ چ ئەندامێکی دەبەخشرێ، حەقی خۆیەتی برگە یەکی بۆ زیاد بکرێ، چونکە مردوو هەیە لەوانەیە بڵێ بەس گور چیلەکانم دەبەخشم یان دەوێ تەنها چاوی ببەخشێ، ڕایەکەی ( ئاواز) خانیش ڕەوایە، پێم باشە بەڕاستی ئەوەش ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زولفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازەکەی وەزیری تەندروستی خۆی لە خاڵی (أ)ی دووەم دا جێگەی بۆتەوە، بە نیسبەت ئەوەی کە مامۆستا (کاروان) باسی کرد، ئێمە لەم خاڵەدا کە دەڵێین : نابێ کەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی کردبێ، ئەمە بۆ یەکێکە کە وەسیەتی نەکردووە، بە نموونە دوونەخۆشمان هەیە لە خەستەخانە یەکێکیان دەمرێت، بەڵام هیچیان وەسیەتیان نەکردووە کە ئەندامەکانی ببەخشێ، یەکێکیان دەمرێت لە هەمان کاتدا

ئەوەی تریان زۆر زەرووره و حاڵەتی لە مەترسیدایە بۆ یەکێك لە ئەندامەکانی لەش دەتوانرێ ئەو کاتە لە دوای مردنی نەخۆشەکەی تر یان ڕەزامەندی کەسوکاری وەربگیردرێت بۆ ئەوەی کە بەم نەخۆشەی تر بدرێت و لێی ڕزگار بکرێت، لەو کاتەدا ئەمە هیچ وەسیەتێکی نەکردووە پێش مردنی بە بەخشین یاخود بە نەبەخشین، کەواتە جیایە لەوەی کە نەخۆشێك پێشتر وەسیەتی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.ڤالآ) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەیەی کە پەیوەست بوو بە برگەی یەکەم دەکرێت بۆ زەرورەتێکی پێویست (الضرورة القسوة) زۆر گرنگە بمێنێتەوە، چونکە بابەتەکە بابەتێکی حەساسە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئەوەی کە پەیوەندار بوو بەو کەسانەی کە ژماردوومانە ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێمان باشە کە هەڵبگیرێت، نزیکترین کەسەکانی تا پلەی (چوار) بە بێ ژماردنی ئەوانەی کە لە پلەی چوارن، لەبەر ئەوەی لە یاسادا وازحە کە کێ تا پلەی چوارە، دواجار لە خاڵی (أ) مولاحەزات هەبوو لێرە ئێمە نابێ لە پێشەوە داناوە مەبەستمان ئەو کەسەیە کە وەسیەت دەکات کە نابێ دوای مردنی هیچ ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی ببەخشرێ، ئەو پێشنیارەش کە کرا لاشە بکرێ بە جەستە، ئەوە شیان مەقبو لە جێگای دەکەینەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.شرین) فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواو لە (د.ڤالآ) دەکەم تەنها بمێنێ پلەی (چوار)، چونکە پلەکان خۆی پێناسە کراون و دیاری کراون، پشتگیری تەواوی ئەو برادەرانە دەکەم کە گوتوویانە ئەوەی کە حەزی لێیە ئەندامی خۆی ببەخشێ هەویەکی تایبەتی هەبێ، پێشتر ناوی خۆی تۆمار کردبێ لەو جێگایانەی کە تایبەتن بەو پرۆسەیە، بۆ زیاتر سوود وەگرتن لە کاتەکە و لە پرۆسەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.سیراج) فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو وەڵامێك بۆ کاك (حاجی کاروان)، برگەی (1) لەو ماددەیە باس لەو کەسانە دەکات کەوا بەخۆیان وەسیەتیان کردووە کە لە دوای خۆیان جەستەی خۆیان نەبەخشن، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بۆ خۆی

وەسیەتی نەکردبێ وەکو شەخسێکی ئاسایی دەکرێت بێ ئەو شاهید و بێ ئەوراق و ئەو شتانەی کە جەنابت باست کرد، ئەوا لەو حاڵەتەی ناورێت، تەبعەن ئەشکالەك لەسەر حوکمی نیهائی هەیە دەبەخشێ و نابەخشێ، ئەگەر ئەشکالەکە حەل بکرێت بۆ خۆی ماناکەی وازح دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینیەکا هەی، تەبعەن ئەڤە لێکۆڵینەکە و بەحسەکە لسەر (نقل الاعظاء) مصریە، بە سەراحەتی گۆتی (نقل الاعضاء من المتوفين حديثا هو الحد) مەسەلەن ئەوەی ئینعاشە لە نەخۆشخانە کو سەکتە دەماغی بۆ چێ بیتن، هێشتا ئەندامێت لەشێت وە ساغن، ڤێ گاڤێ ل عالەمێ و هەمو دنیایێ تەرکیز لسەر هەندێیە، تەرکیز لسەر ئەوێ (المتوفين حديثا) یەعنی ئەوەی نیزیك مردووە، چونکو ئەگەر ئێمە بزانین کو ئەندامەکانی لەش مردوو ژی بە تەدریجیە یەعنی مردن بەتەدریجیە، بۆ نموونە خەلایەی موخ پێنج دەقیقە دەمرێنن، مەسەلەن خەلایەی عەزە لە 45 دەقیقە نە، ڕەنینی عەین چوار سەعاتە، خەلایەی کەبد دوو سەعاتن، خەلایەی عیزەم 48 سەعاتن، یەعنی ئێمە ئەگەر ئیعتماد بکەینە سەر ئەوێ زێدە بکەن ڤێ تەعریفێ، لیژنا یاسایی زێدە بکاتن، (المتوفين حديثا) ئیزافە بکات، ئەوە زۆر دێ سوودمەند بی لەو پرۆژەی یاسایە، چونکە ئەوە زۆر بەی کێشەکانی ئێمە حەل دەکات بە مەسەلەی ئەوان ئێستا مردوو نە، هێشتا ئەندامەکانی لە شی یەعنی دەتوانی سوود لێ وەربگری، مەسەلەی ئەو ریزبەند یەی ماموستا مەلا غریب گوتی ژن ومێر تێدا نیینە بەڕاستی ئەوە لە پرۆژە یاسای ئوردنی نەزانم یەعنی ئیستنادەن لەسەر چ شتە، (وليس لزوج أو الزوجة راى فى ذالك لقطاع صلة الزوجية بالوفاة) ئەوە چەند دروستە لای ئایین نازانم، بەس موشەرعی عیراقی تەسنیف کریە، (الدرجة الاولى الزوج والزوجة وأولادهم والاب والجد) دەرەجەی دووەم (الاخوة والاخوات والشقيقة والشقيق)، دەرەجەی سێیەم (الخال والخالة والعمة والعم)، دەرەجەی چوار (اولاد الخال واولاد الخالة والعمة واولاد العم) ئەوە موشەرعی عیراقی تەحدید کریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.بەهار) فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمد فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە بەڕێز کاك حاجی کاروان کردی، هۆبەیەك بۆ ناونووسینی بەخشەر و داخل کردنی ئەمە لە ماددەکانی داهاتوودا لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە داناوە، سەبارەت بە تەحدیدکردنی ئەو کەسە کە چ ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستەی دەبەخشێ ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانێ لە وەسیەت

نامەکەدا تەحدیدی بکات، ئەمە یەك، دووەمیان/ ئەم یاسایەی ئێمە ڕێنماییی زۆر دەوێت کە لە وەزارەتی تەندروستیەوە دەربکرێ بۆی، بۆیە ئەو تەفاسیلانە لەناو ڕێنماییەکان دا جێی دەکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا (غریب) قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ویستم تەعقیبێك لەسەر ئەو قسەیەی کاك دکتۆر کە ئاماژەی بەوە کرد کە لە قانونی (ئوردنی) دا ئەوە هاتووە کە (انقطاع صلة الزوجية بالوفاة)، ئەوە پێچەوانەیە بەڕاستی لەگەڵ دەقی شەریعەدا، چۆن ئەوە دەپچرێ، ژن و مێردێك چل پەنجا ساڵ پێکەوە بن ئێستا تەرەفێکیان دەمرێ چۆن ئەویان مافی نییە لە لەت و پەت کردنی جەستەی هاوسەرەکەی خۆی قسەی هەبێ، ئەوەتا میراتی لێ دەبا، ئەوەتا حەقی هەیە لەسەر ئەو منالانە وا دانێین پیاوەکە دەمرێ، دایکە کە لەگەڵ مناڵەکاندا دەژی بە شێوەیەکی سروشتی، حەقی قەرابەی لەگەڵە، لەڕووی شەرعیەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زەجە تەنانەت لە قانوندا زەوج و زەوجە ئەوەندە لە یەکەوە نزیکن دەرجە نییە بۆیان، ئەوان یەك دەرەجەن، هەتا مەسەلەن ئێستا خوشکی زەوج نەفسی دەرەجەی قەرابەتی هەیە بۆ زەوجە، یەعنی ئەوەندە نزیکن بەیەکەوە قانون دەرەجەی قەرابەتی بۆ دانەناوە، بۆ ئەوەی کەتۆ دەرەجەش دانەنێی دەیگرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.عبدالله) فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی بنسبەتی ناحیا شەرعێ دا ئیحتماله دشێت نزانم، بەس تەسنیفی ئەقارب دەرەجە یەك و دوو و سێ لە شەریعە نییە، شەریعە مەسەلەن، قەسام شەرعی هەیە، ئەو ژی بێ ئایا (11، 12، 176) سورەتی (نساء) یەعنی تەقریبەن، بەس موشەرعی عیراقی ئەو موشکلە حەل کردیە، زەوج و زەوجە تێدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حازرە باشە سیاغەی نیهائی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، (د.ڤالا) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی/9 :**

1/دەكرێت بۆ زەرورەتێكی پێویست بۆ پارێزگاری كردن لە ژیانی مرۆڤێكی زیندوو یان چارەسەر كردنی لە نەخۆشیەكی كوشندە یان تەواوكردنی كەم بوونێكی ژیـنەوەری لە جە ستەی دا ئە ندامێك یان بە شێك لە ئە ندام یان شانەیەكی جە ستەی مرۆڤێكی مردووی تـێدا بـچێندرێت، ئە گەر مردووە كە بەر لە مرد نی وەسیەتی ئەم كارەی كردبێ، بە وەسیەتنامەیەكی بەڵگەدار یان جێگیركراو لەسەر هەر پەڕێكی فەرمی یان دانی پێدا نابێ بەپێی ئەو ڕێكارانەی كە پەیڕەو و ڕێنمايـیە دەركراوە كان بە گوێرەی ئەم يا سايە د ياری دەكات.

2/ دە كرێ گوا ستنەوە بكر ێت لە ئە ندامانی جە ستەی تازە مردوو (المـتوفی حديثا) بە مەبە ستی چارەسەركردن یان بە مەبەستی زانستی بە مەرجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی نزیكترین كە سەكانی تا پـلە چوار، لە هەموو حاڵەتەكان دەبێ ڕەزامەندیەكە بە نووسراو بێ و بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

ا/ نابێ كەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی كردبێ كە لە دوای مردنی هیچ ئە ندامێكی جە ستەی خۆی ببەخشێ ئەمەش دەبێ بە پێی نووسراوێك كە دوو كەسی شیاو لەڕووی یاساییەوە شاهیدیان لەسەر دابێ.

ب/ لێكۆڵینەوە بكرێ بۆ مردنەكەی، بەشێوەیەكی یەكلایی كەرەوە بە پـێی لیژنە یەكی پێكهاتوو بۆ ئەو مەبەستە.

3/ نابێ ڕیـ شەكێش كردن لەجە ستەی مردوو ئەنجام بدرێ مە گەر بە مۆ ڵەتی دادوەری لێكۆڵیـنەوەی تايبەتمەندەوە بێ ئەگەر مردنەكە بابەت بێ بۆ لێكۆڵینەوەی تاوانكاری.

4/ وەسیەتكار بە یەكێك لە ئەندامەكانی بۆی هەیە لە وەسیەت نامەكەی پاشگەز بێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێنرا یەوە؟ (61) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژ يەتی؟ 1 كەس دژ يەتی كەواتە پەسەند كرا، ماددەی دوای ئەوە (د.ڤالا) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم

پرۆگرامی بەخشینی ئەندامە مرۆییەكان و چاندنیان

ماددەی/10

1/ لیژنەیەكی باڵا بەناوی لیژنەی باڵای چاندنی ئەندا مە مرۆيـیەكان پـێك دەهێـندرێ ودەبێـتە خاوەنی كەسایەتی مەعنەوی و سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت و بە سەرۆكايەتی وەزیر.

2/ لیژنەکە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکان و بەشەکانی و شانەکان و دیاری کردنی ئەو دامەزراوانەی مۆڵەت دەدرێن بە چاندن و هەروەها سەرپەرشتی و چاودێری کردن لەسەریان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەو ڕێنماییەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی پرۆسەی گواستنەوەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە کات و کەمی ڕۆتینات، من پێشنیار دەکەم ئەم لیژنەیە لەسەر ئاستی پارێزگار نییە هەموو بەڕێوبەراتییە تەندروستیەکان دان نابێ لەسەر ئاستی پارێزگا، ئەم لیژنەیە پشتگیری لەو ڕایەی خاتوو (ئاواز) خان دەکەم کە تۆماری هەموو ئەوانە بکات کە پێشتر وەسیەتیان کردووە یان خۆیان ناوی خۆیان تۆمار کردووە، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەوەی کە ئاماژەی پێدراوە چ (ناسنامە) بێ چ لە شێوەی (مەیدانی) دابێ هەر شتێکی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی ئاسان تر بتوانێ ئەم پرۆسەیە جێ بەجێ بکات و هەموو تۆمارەکان لەسەر ئاستی پارێزگا بێ و گونجاوترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز (سعید) مصیفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەیەکی باڵا بەناوی لیژنەی باڵای بەخشین و گواستنەوە و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان بێ، کە ئەوەی لێرە بەس لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکانە، دووەم وەکو خۆی بێ ئەگەر خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ، سێیەم پەیکەرێك دابندرێ کە لە دیوانی وەزارەت پێك بێت، لیژنەکە (11) کەسی بێ کە لە دیوانی وەزارەت بێ ئەوەش سەرۆکی بەرنامەکە یان لیژنەکە هەڵگری نازناوی پزیشکی (ڕاوێژکار)ی بێ لە چاندنی ئەندامە مرۆییەکان و بە پلەی بەڕێوبەری گشتی بێ، دوو/ پێنج پزیشکی پسپۆر و سێ یاساناس و دوو ئەندامی دەستەی مافی مرۆڤ (ئەندام) و (ڕاوێژکار) بن لەو لیژنەیە، سێیەم/ بەرپرسەکانی بەرنامەکانی بەخشین و چاندنی ئەندامەکان لە پارێزگاکان بە مەرجێك پزیشکی پسپۆر بن، چوار/ لیژنەکە بۆی هەیە ڕای پزیشك و خەڵکانی پسپۆری تر وەربگرێ، پێنج/ لەسەر پێشنیاری لیژنەکە وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی دەربارەی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بەرنامەکە دەربکات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زۆزان فەرموو.

**بەڕێز زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخفتنێت کاك (سعید) دکەم، کو پێشنیار دکەم لیژنە یەك بێتە دیار کرن، یەك/ دیارکردنا هەیکەلێ یان پێکهاتەیێ لیژنەی بی، دوویی/ دیار کرنا ئەرکێت وێ لیژنێ، نوڤتا دو یێ ئەز پێشنیار دکەم کو برگەهەك بهێتە زێدەکرنێ و ڤی شێوەیێ بێتە خاندنێ، پێکهینانێ لە سێ نوژداری پسپۆر لە بواری جیهازی عەسەبی، بۆ ئیسپات کردنی (حالە موت الدماغ) لە نەخۆشخانەکانی دەست لێدای ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندن و ڤەگواستنا ئەندامێ لەشێ مرۆڤێ، حەز دکەم ئەڤ برگەیە بهێتە زێدەکرن، ببیتە برگا (3).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شوان) فەرموو.

**بەڕێز شوان قەلادزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکە کە کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە بۆ هەر موهیمەی چاندنی هەبێت، بۆ ناوەکەی بەو شێوەیە نەبێ لیژنەی بالای گواستنەوە و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان لەبرگەی یەکەم، برگەی دووەم/ ڕێکخستنی نەشتەرگەریەکانی گواستنەوە و چاندن، هەردووکی لە ئەستۆ بگرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە من لەگەڵ کاك (شوان) هاوڕام کەسایەتی مەعنەوی خۆی وەزارەتی تەندروستی کەسایەتی مەعنەوی هەیە ئەگەر ئەم لیژنە بالایە کەسایەتی مەعنەوی هەبێ ئێمە لیژنەی بالای دەروونیمان هەیە، لیژنەی بالای پەسەندکرنی دەرمانمان هەیە، ئەنواع و ئەشکال لیژنەی بالامان هەیە، لیژنەی بالای ماددەی هۆشبەرەکانمان هەیە، دەبێ ئەوانەش هەمووی کەسایەتی مەعنەویان هەبێ، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوە نیم کەسایەتی مەعنەوی هەبێ، سەبارەت بەوەی کە یەکێ لە ئەندامەکانی لیژنە بەڕێوبەری گشتی بێ و پزیشکی پسپۆر بێ و ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، هەر پزیشکی پسپۆری لەو بوارە دادەندرێ، بەلام ئێمە لە تەقەشوفی مالی داین، ناکرێ بۆ هەموو لیژنەیەك بەڕێوبەرێکی گشتی دانێین، بۆیە من پێموایە ئەو ماددەی 10 ئەگەر بەس ئەو کەسایەتییە مەعنەوییە من مولاحەزەم لەسەری هەبێ نامەێ لابرێ ئەگەر لیژنەی یاسایی بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەگینا ماددەی (10) زۆر بە ڕێك وپێکی داڕێژراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، (د.شرین) فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەیەکی باڵا هەبێ و سەر بە وەزارەتی تەندروستی بێ، بەڵام بە سەرۆکایەتی وەزیر نەبێ، چونکە جەنابی وەزیر زۆر ئەرکی قورسی لەسەر شانە، با لە ڕۆتینیات دووربکەوین، زۆر کێشە و گرفتی تر هەیە لە کەرتی تەندروستی دا جەنابی وەزیر خەریکی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەبێ، با کەسێکی تر بێ و فەراغی هەبێ بتوانێت بەڕێك و پێکی ئەم لیژنەیە بەڕێوە ببات، ئەم لیژنە باڵایە دەتوانێ لیژنەی موسەغەر لەهەر پارێزگایەك دا هەبێ، بۆ زیاتر جێ بەجێ کردن و ئاسان کردنی پرۆسەکە، زیاتر ئەگەر کەسێکی تایبەتمەند بێت و خاوەن پسپۆر بێت ببێتە سەرۆکی ئەم لیژنەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سراج) فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە مامۆستا (شوان) باسی کرد حەق وایە، لەبەر ئەوەی موهیمەی لیژنەکەی تەنها چاندن نیە، هەروەها گواستنەوەش نییە، بەڵکو بەخشینیشە ناوی لیژنەکە بەڕای من وای لێ بکرێ، لیژنەی باڵای بەخشین و گواستنەوەو چاندنی ئەندامەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.ڤالا) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان دوای ئەو ڕاو پێشنیارانەی کەکران پێویستمان بە کاتێکە بۆ داڕشتنەوە، بەڵام لەو مولاحەزانەی کە هەبوون ئەوەی بەڕێز وەزیر ئیقتراحی کرد هەڵدەگیرێ کە دەبێ بە خاوەنی کەسایەتیەکی مەعنەوی، زیاتر لە مولاحەزەیەك هەبوو لەسەر ئەوەی کە گواستن دابنێین لەپاڵ چاندن، خۆی چاندن بە بێ گواستنەوە ئەنجام نادرێ، بۆیە کە گوتت چاندن یەعنی جێگای ئەوەشی گرتووەتەوە کە گواستنەوەی لەگەڵە، (د.زۆزان) داوای زیاد کردنی بڕگەیەك دەکات، ئەو وەڵامەی (د.زۆزان) لە ماددەی (15) لە یاسایەکەدا هەیە، مەوجودە، بەڵام لە کاتی داڕشتنەوەکەی پێویستمان بە هێنێکە لەوانەیە ماددەی (31) هەیە بڕگەیەکە لەوێ پێویست بکات بیهێنین بۆ ماددەی (10) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە پێویستمان بە کاتە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە بەڕێز (د.بەهار) فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەرکی لیژنە کە و پێکها تەی لیژنە کە، ئەرکی لیژنە کە لەبڕگەی (2) بە شێوەیەکی عام دا نراوە، پێکها تەی لیژنە کە ئەوە لە ئی شی قانون نی یە، ئەوە کارێکی ئیداری یە و دە بێ لە وەزارە تی تەندروستی هەبێ، ئێمە تەنها دەڵێین بە سەرۆکایەتی وەزیر دەبێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو (مریم) قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان سەبارەت بەو ماددە یە من پێموا یە ئەو لیژنە یە لەوانە یە لیژ نەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان، پێم باشە ئەوە دیاری بکرێ کە ئەو لیژنە یە خەڵکی پ سپۆر و شارەزا بێ و تایبەت بێ بە چاندن و بەخشینی ئەندامەکان، ئە گەر بە یا سا تەحد ید بکرێ، چونکە زۆر جار بەڕا ستی لەوانەیە ناعەدالەتی تێدا بکرێ، ئینجا نازانم چۆن دەتوانین بە یا سا بەربە ست درو ست بکەین لە بەردەم ئەو ناعەدالەتیە، هیوادارم هاوکارم بن بۆ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.ڤاڵا) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم

پرۆگرامی بەخشینی ئەندامە مرۆییەکان و چاندنی

ماددەی/10

1/ لیژنەیەکی باڵا بەسەرۆکایەتی وەز یر بەناوی لیژ نەی باڵای بەخ شین و چاندنی ئەندا مە مرۆیی یەکان پێك دەهێندرێ سەر بەوەزارەتی تەندروستی دەبێ.

2/ لیژنەکە بەڕێوەبردن و ڕێکخ ستنی نە شتەرگەریەکانی چاندنی ئەندا مەکان و بە شەکانی و شانەکان و د یاری کرد نی ئەو دامەزراوا نەی مۆ ڵەت دەدر ێن بە چاندن و هەروەها سەرپەر شتی و چاودێری کردن لەسەریان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەو ڕێنماییەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرا یەوە؟ (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ (2) کەس دژ یەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

ماددەی (11)

لیژنە چاندنی ئەندامە مرۆییەکان چەند لیستێك بە ناوی لیژ نەی چاندنی ئەندا مە مرۆیی یەکان، چەند لیستێك بە ناوی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە چاندن هەیە لە جە ستەی مرۆڤێکی مردوو بە گوێرەی پێشەنگی تۆمار کردن لەو تۆمارەی بۆ ئەو مەبە ستە ئامادە یان دە کات و ناکرێ ئەم پێ شەنگییە هەموار بکرێت، مەگەر نەخۆشەکە پێداویستییەکی زۆر و بە پەلەی هەبێت بۆ نەشتەرگەری چاندن بە پ ێی ڕێ سا پزی شکییەکان و ئەو ڕێکارا نەی لیژ نەی باڵا دیار یان دە کات و ئەم لی ستانە لە سەر چاندن لە ز یوان زیندووەکان دا پیادە ناکرێت و، لە هیچ حاڵە تێك لە حاڵە تەکان دا نابێ لەو ڕێزبەندی یە لا بدرێت کە لە لی ستە ئا ماژە پێکراوە کان دا هاتووە بە هۆی نەبوونی توا نای نەخۆش لە سەر پ ێدانی تێ چوونەکانی نەشتەرگەری چاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێی (لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان)، ئەوە لیژنەی باڵا پێ شتر لە ماددەی (10) پێنا سە کراوە، وابزانم هەر لیژنەی باڵا بەسە، ئەوەی لیستەکەش بە گوێرەی پێشەنگی لەگەڵ حا ڵەتی زۆر زەروور، لەگەڵ حاڵەتی نەخۆشەکە، ئەوانە بکرێتە سیلسیلە لەسەر بنچینەی ئەو ڕێکارانەی کە لیژنەی باڵا دیاریان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سهراب، فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکی ماددە (8) سەرپێچیا ڤێ ماددێ سزا بۆ نەهاتی یە دا نان، ئە گەر بە شێ پ ێنج سزاکان دی سان ئیزافەکێ ب هەر ئێکێ سەرپێچیا ڤێ ماددێ بکەتن دێ یا باش بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك دلێر ماوەتی، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم دەڵێ ناکرێ ئەم پێشەنگییە هەموار بکرێت مەگەر نەخۆشەکە پێداویستییەکی زۆر و بە پەلەی هەبێت، ئەوە ناڕوونە، ئەو (پێداویستییە) بکری بە (ژیانی لە مەترسی دا بێ)، (مەگەر نەخۆشەکە ژیانی لە مەترسی دا بێ) جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی سێیەم لە ماددەی چەند کاك دلێر؟

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن (دلێر ماوەتی):**

بڕگەی سێیەم لە ماددەی (11)، (پێداویستییەکی زۆر و بە پەلەی هەبێ) ناڕوونە بکرێ بە (ژیانی لە مەترسی دا بێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین أحمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینی هەیە لەو بڕگەیە، لەو ماددەیە، یەکەمیان دەڵێ (پێشەنگی تۆمارکردن)، لە یاسای وڵاتانی تر ئەوە چۆن عیلاج کراوە؟ بڵێین (10) نەخۆش لە گەڵ (10) بەخشەر، ئەم (10) نەخۆشە لە (database)ێك هەیە، لەگەڵ (10) بەخشەر لە (database)ێك، بە خۆیان و بە خوێنییان، یەعنی بڵێین ئەو فەحسانەی کە کراون، ئەو کەسەی کە بڵێین (10) نەخۆشەکە دەگاتە حەددی ئەوەی کە شتێکی بۆ بگوازرێتەوە، ئەوە هەردووکی فەحص دەکرێ، لەو (10) کەسە کامی بۆ ئەوە گونجا ئەوەی بۆ دەگوازرێتەوە، یەعنی لێرە پێشەنگییەکە لەوە ناچێت بپێکێت، خاڵی تر/ لە ماددەی (25)دا، دەکرێ یان لە ماددەی (25) ئەوە حەل بکرێ، یان ماددەی (25) بێتە ئێرە، باسی نەبوونی توانای نەخۆش دەکات، ئەصڵ وایە وەزارەتی تەندروستی بچێتە ژێر ئەو بارەوە، ئەگەر نەخۆش نەیبوو ئەی وەزارەتی تەندروستی ڕۆڵی چییە لە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشە؟ کێ تەکلیفەی ئەو حاڵەتە دەکات؟ ئەم دوو شتەی بە ڕەئی من بۆ ئیزافە بکرێ، وەزارەتی تەندروستی بە ئەرکی بەخشینی ئەوە هەڵبستێ ئەگەر نەخۆشەکە نەیبوو، یان ئەوەتا چونکە لە ماددەی (25) ئەگەر لیژنەی یاسایی سەیر بکات ڕێگری دەکات لەو ڕێکخراوە و دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە ریکلام دەکات بۆ کەسێ کە دەبەخشێ، بەڵام کەسی وەرگر پێویستی پێیە، بۆ نموونە ئێستا لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بڵێین لە ڕووی خێرخوازییەکەی بانگەواز دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستییان پێیە، یان لێرە جێی بکرێتەوە، یان لە ماددەی (25)دا، کە ڕێگری نەکرێ لە بانگەشە کردن بۆ کەسێك کە پێویستی بە پارەیە، یان ئەو عزووەی کە بۆی دەگوازرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکیان بەڕێز کاك حاجی کاروان ئاماژەی پێ دا، بڕی تێچووی، بڕێ ماددیەکەی ئەو کولفە چەند دەکەوێ؟ لە خاڵێکی تردا من تەئکید لەو پێشنیارەی خاتوو ئاواز خان دەکەم، جارێکی تر، لێرە جێگەی بکرێتەوە بە (أ) و (ب) بێ، بە خاڵێکی جیاواز بێ، یان لە نێو ئێرە جێگەی بکرێتەوە، کە تۆمارێك هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ناسنامە، یان مەدالیای بۆ دروست بکرێ، بەداخەوە ئەم لیژنەیە زۆر ئەو خاڵانەی کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێشنیاری دەکەن وەریناگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر هەمواری ئەو پێشەنگییە، من پێموایە ئەو ئیستیسنایە لابەین، مەگەر نەخۆشەکە پێداویستییەکی زۆر بە پەلەی هەبێ، هەموو ئەو نەخۆشانەی کە پێویستییان بە چاندنی گورچیلە هەیە بەپەلەن، یەعنی قەصدی چییە مەگەر زۆر بە پەلە بێت؟ من پێموایە ئەو نەخۆشانە، عادەتەن ئەوانەی چاندنی گورچیلە لەسەر جیهازن، لەسەر (dialysis)ن، ئەوە مەجالی ئیجتیهادی تێدا دەکات، مەجال دەدا کە نەخۆشێك سرەکەی پێشخەیت و ئەوانە، بە ڕای من بکرێت بە (ناکرێت ئەو پێشەنگییە هەموار بکرێ)، ئەو (مەگەرە) لاببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.عبداللە جاسم، فەرموو.

**بەڕێز د.عبداللە جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەتی پێشنیارا بەڕێز حاجی کاروان ئەو ماددەی (12)ی تێدا هەیە، چونکە دەوڵەت تێچوونەکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان بە خۆڕایی لە دامەزراوە پزیشکییەکانی حکومەت لە ئەستۆ دەگرێت، ئەوە یەعنی موشکیلە نییە، بەس ئەز پێشنیار دەکەم لە ماددە (11) ئەم سجلەکیدیمان هەبێ، (سجل المتبرعین)، یەعنی مە سجلەك هەیە (بأسماء المرضى ذوي الحاجة للزرع) سجلەی ژی هەبیتن (المتبرعین)، بەس ئەوە بەس سجل ( من جسد إنسان میت)ە، یەعنی ئەوێت ساغ شمول ناکەت، بەڕێز د.ڕێکەوت، ئەوەی ساغ، ئەوەی زیندوو شمول ناکەت، چونکە ئەوە من تەبەروع مەسەلەن بۆ جەنابتان

دەکەم، ئەوە ڕیزبەندی تێدا نییە، ئەو بەس (زرع من جسد إنسان میت)، (و من یسجل لاتسري هذه القوائم على الزرع فيما بين الأحياء)، بەس ئەوە لە مردووەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو زولفا، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن هەر دوو بارەی قسەکانی د.عبدالله یە، ئەوەی کە حاجی کاروان باسی کرد لەسەر تێچوونی نەشتەرگەرییەکە، ئێمە لە ماددەی (12) باسمان کردووە کە تێچوونی نەشتەرگەرییەکە حکومەت بیخاتە سەر ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوە پێویستە دێڕی ئەخیر لە ماددەی (11) لابدەین، چونکە پێچەوانەی ماددەی (12) دەبێت، بە نیسبەت پێشنیاری وەزیری تەندروستیش، من پێم باشە ئەگەر نموونەیەك بهێنینەوە (10) کەسمان هەیە، یەکێکمان هەیە گورچیلەکەی لە (15٪) بە نموونە گورچیلە بێنمەوە، لە (15٪) ئیش دەکات، لە ڕیزبەندی یەکەمە، بەڵام نەخۆشێکمان هەیە لە ڕیزبەندی دەیەمە گورچیلەکەی لە (3٪) ئیش دەکات، کەواتە دەتوانێ لێرەدا ئیستیسنا بکرێ کە ئەوەی دەیەم لەبەر ئەوەی حاڵەتی لە خەتەرتردا یە بهێندرێتە پێشەوە، ئەوەیان دەکەوێتە سەر و یژدانی ئەو لیژنەیە و دکتۆرەکانیش کە ناعەدالەتی نەکەن تێیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11)

لیژنە لیستێك بە ناوی بەخشەرەکان و چەند لیستێك بە ناوی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە چاندن هەیە لە جەستەی مرۆڤێکی مردوو بە گوێرەی پێشەنگی تۆمار کردن لەو تۆمارەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیان دەکات و ناکرێ ئەم پێشەنگییە هەموار بکرێت، مەگەر نەخۆشەکە پێداویستییەکی زەروور و بە پەلەی هەبێت بۆ نەشتەرگەری چاندن بە پێی ڕێسا پزیشکییەکان و ئەو ڕێکارانەی لیژنەی باڵا دیاریان دەکات و ئەم لیستانە لەسەر چاندن لە نێوان زیندووەکان دا پیادە ناکرێت و، لە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان دا نابێ لەو ڕێزبەندییە لابدرێت کە لە لیستە ئاماژە پێکراوەکان دا هاتووە بە هۆی نەبوونی توانای نەخۆش لەسەر پێدانی تێچوونەکانی نەشتەرگەری چاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (12).

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەو ڵەت تێ چوونەکانی ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان بە خۆڕایی لە دا مەزراوە پزیشکییە حکومییەکان لە ئەستۆ دە گرێ، بە پ ێی ئەو ڕێکار سازیانەی لەلا یەن وەز یری تەندرو ستییەوە بڕیاریان پێ دەردەچێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز د.فرست صوّفی، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەکەم بەو شێوەیە داڕشتووە:

یەکەم/ دەوڵەت نییە، دەبێ دەوڵەت لاببەین بیکەینە حکومەت، دووەم/ ئەگەر ئەو ماددە یە دەخوێنی یەوە وەکو ئەوەی ئیجباری حکومەت دەکات کە دەبێ هەمووی بە خۆڕایی بکات، بۆیە وا با شترە ب ڵێین (دەکر ێت حکو مەت تێ چوونەکانی ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندا مەکان بە خۆڕایی لە دا مەزراوە پزیشکییە حکومییەکان لە ئەستۆ بگرێت، بە پ ێی ئەو ڕێکار سازییانەی لەلا یەن وەز یری تەندرو ستییەوە بڕیاریان پێ دەردەچێت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز کاك بێستوون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

م نیش پ شتگیری ڕە ئی د.فر ست دە کەم، دەو ڵەت بە خۆ تان دەزا نن گەورەترە، هەموو موئەسە سەکان دەگرێتەوە، باشتر ئەوەیە حکومەت بنووسرێ، لەم جوملەیە سێ و شەی بە دوای یەکی تیا یە هەر سێکی کۆیە، تێچوونەکانی، نەشتەرگەرییەکانی، ئەندامەکان، ئێ بڵێ (تێچووی نە شتەرگەری ئە ندامان)، بۆ هەر سێکی بە دوای یەك دا کۆ بێ؟ خاڵەکەی تر ئەنجامدان لەو بەینەدا، بۆ ئەوەی ڕ ستەیەك هەبێ لە کورت بڕی دا، ئە گەر و شەیەکت لێ لا برد ئەو ڕ ستەیە مانا کەی لە ڕووی قانونی و لە ڕووی صیاغەی زمانەوانی یەوە تێکنە چوو، با شترە ئەو و شەیە نەنوو سرێ، بۆ نموو نە (تێ چووی نە شتەرگەری)، (ئەنجامدانەکە) لەوێ لاببەی هیچ لە مەوزووعەکە ناگۆڕێ، کەواتە بۆ ئەوەی ڕستەیەکی کورتتر بێ با شترە لەو (ئەنجامدانە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتکیری قسەکانی بەڕێز د. فرست و کاك بێستوون دەکەم، (دەولەت) لاببرێت بکرێ بە (وەزارەت)، حکومەتیش تەعریف نەکراوە، لە قانونەکە نە حکومەتمان تەعریف کردووە، نە دەوڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ تەعریف کرا دوایی.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

حکومەت نەکراوە، دەوڵەتیش نەکراوە، کەواتە دەوڵەت هەر لاببرێ بکرێ بە وەزارەت، وەزارەتمان تەعریف کردووە، وشەی خۆڕایی لا ببرێ، هەر هەڵیشبگیرێ قەینا، ئەگەر هەڵیشیناگرن، بیکەن بە بێ بەرامبەر، چونکە خۆڕایی و شەیەکی بازاڕی یە، پێویست نا کات هەبێ ئەو و شەیە، بە پێی (ڕێک سازییانەی) عەرەبییەکەی نازانم چییە بەرامبەرەکەی، من (ڕێکسازی)م نەبیستووە لە کوردی دا، ئەگەر ئەوەشمان بۆ ڕوون بکەنەوە زۆر سوپاسیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی (د.فرست)دام، بنووسرێ (دەکرێت)، چونکە ئێستا خۆتان دەزانن قەیرانی دارایی یە، هەر چەندە ئێمە لە زۆربەی شوێنەکان دا بە خۆڕایی دەیکەین، بەڵام ئەگەر تۆ بێی قیاسی ئەو نەخۆشانە بکەی کە لە ئەهلی دەکرێن، ئەوەی لە حکومی دەکرێن زۆر زۆری فەرقە، بۆیە ئێمە ئەگەر بڕێکی کەم پارەش وەربگرین، بۆ نموونە ئێستا ئێمە بۆ نەشتەرگەرییەکی چاندنی گورچیلە (2000) دوو هەزار دۆلار وەربگرین، تەوزیعی دەستی ئەو دکتۆر و کارمەندانەی بکەی، چونکە نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە خۆتان دەزانن (5) تا (6) سەعاتی پێ دەچێ، موتابەعەی دەوێ، ئەو کاتە تەشجیعی ئەو کارمەندە، بە تایبەتی ئەو کارمەندانەی کە مووچەیان کەمترە لە دکتۆرەکان، تەشجیعیان دەکەین کە لە حکومی زۆرتر کار بکەن، ئەوە دەبێت بە هێنێك کە ئێمە نەشتەرگەری چاندن هەر لە ئەهلی مەنع بکەین، بۆیە کە تۆ شتەکەت کرد بە خۆڕایی، بڵێی هیچ نەدا، ( هیچ نەدا) ناکرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە دەکرێت تێچووەکان ئەوە بکرێت، یاخود بڕێکی ڕەمزی پارە وەربگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.عبدالله جاسم، فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتنه کرن ژ لای د.ڕێکەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ مه ئەو پر سیارە ئارا ستەی وەز یر دە کەین، دە کریٚ لە جێ گای حکو مەت بـ گوتریٚ دە کریٚ وەزارەت تێ چوونەکان لە خۆ دە گریٚ لە جێگای حکو مەت؟ یان پێوی ستی بە بڕ یاری ئەنجو مەن هە یە؟ یەعنی پێوی ستە داهات ێك د یاری بـ کات، بەڵام د یاری کرد نی نی سبە لـ ێرە بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، مەسەلەی صحە و تەعلیم مەجانی یە لە عیراق، تاکە ئێستا بە فەلسەفەی ئیشتیراکی، یەعنی خۆ تان دەزا نن دە ستووری عیرا قیش هەروا یە، لە بەر ئەوەی مەجانی یە ناتوانین ئێ مە لـ ێرە نیسبەیەك لە نەخۆش و لەوانە تەحدید بکەین، من پێموایە دەبێتە پێچەوانە لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی کە هەم دەستووری عیراقی و هەم نیزامی سیاسیش لە عیراق تاکو ئێستا لەسەری دەڕوا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵیٚ، سوپاس، خاتوو زولفا، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم ئەگەر ئیلزامی بکریٚ لەسەر حکومەت کە ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە بە بیٚ بەرامبەر بکریٚ، هەر لە کەرتی گشتیش دا بیکەن، نەك لە کەرتی ئەهلی، لە وڵاتێ کی وە کو تورک یادا کە هەموو سی ستەمی تەندروستی بە پارەیە، ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە بە بیٚ بەرامبەر دەکریٚ و لەسەر ئەرکی حکومەت، لە بەر ئەوەی حاڵەتێکی زەرووریيە و بە ئارەزووی نەخۆش ناکریٚ و دواخستنیشی ناکریٚ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.عبدالله جاسم، فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من (10)، (12) قانون دیتییێت، ئی هەموو دەوڵەتا، یەعنی لە هەموو دەو لەتا بە خۆڕایی یە، بیٚ بەرام بەرە، بەس ئەو دەوڵە تە بی مەی تەندرو ستی هە یە، مو شکیلەی ئەوە یە، مو شکیلەی ئێ مە بی مەی تەندروستی یە، ئەگەر بیمەی تەندروستی هەبیٚ هیچ مو شکیلە نی یە، یەعنی دە توانین بڕگە یەکی ئیزا فە بکەین، مەسەلەن (عـلی ا لوزارة)، یان حکو مەت، یەعنی بڕە پارەك بدات بۆ ئەو تی مەی پزی شکی، وەك

هاندان ئیزافه بکەین، د.ڤالاّ، ئەگەر دەتوانی مەسەلەن ببیتە (أولا)، (ثانیا)، دووەم/ حکو مەت یان دەو ڵەت یەعنی بڕە پارەیەك وەك هاندان، وەك حەوافیز بۆ ئەو تیمێن پزیشکییەی کە بەو کارە هەڵدەستن، چونکە منیش لەگەڵ د.ڕێکەوتم ئێستا مەسەلەن ئێمە لە کوردستان سێ بنکەی سەرکەوتوو هەنە لە کوردستان بۆ گواستنی گورچیلە، زیاتر لە دوو هەزار گورچیلە تاکو ئێستا لە کوردستان تا ئێستا چاندراوە، هەمووش بڕە پارەی دوو هەزار دۆلارە، یەعنی هەموو تیمە کە، هەتا حەدەکی نەخۆ شیش ڕازییە، خەلکێکیش ڕازییە، ئەگەر بەس حەوافز بۆ ئەو تیمێن پزیشکی، دەتوانین بە تەعلیمات دەربکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو ماددە یە ئاوای لێ بکرێت، پشتگیری لە ڕایەکەی زولفا خان دەکەم، ( بە پێی ئەو ڕێکسازییەی لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە بڕیار یان پێ دەردەچێت تێچوونەکانی نەشتەرگەرییەکانی چاندن بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەر بکرێت)، یەعنی (دەکرێت) نا، هەر تێچوونەکە فەرز بکرێت، نەك (دەکرێت)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.شرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەو حەوافیز بۆ دکتۆران چونکە نووکە خەریکی جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی داین، دەتوانن لەوێ دیاری بکرێ، بەلاّم لەم یاسایەدا پێموایە ناڕێکە ئەگەر حەوافز بۆ دکتۆر دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تێچووی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکان بە بێ بەرامبەر لە دا مەزراوە پزیشکییە حکومەییەکان دا لە ئەستۆ بگرێت، بە پێی ئەو ڕێکارسازیانەی لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە بڕیاریان پێ دەردەچێ.

ڕێکارسازی: مەبەست لێرە (ضوابط)ە، بەڕێزان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو زولفا، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە حكومەت ئیلزام بكرێ كە ئەو تێچوونە بدات، چونكە لە ڕاستی دا ئەم خاڵەی تێدا بێ كە بە (دەكرێت)، ئیتر دەكرێ كە هەر بە پارە بێت، بۆیە ئەوانە تێچوونی زۆری تێ دەچێت بە بێ بەرامبەر بۆ نەخۆش ئەنجام نادرێ، لەوانەیە نەخۆشێكمان هەبێ لەسەر دوو هەزار دۆلار هەر بە دكتۆر نەڵێ كە ئەم حاڵەتەی هەیە، لە ماڵی خۆیدا بمرێ، لەبەر ئەوەی پارەی نییە بچێتە دكتۆرەوە، پێویستە ئیلزامی بێت و نەك مەتاتی تێدا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ڕا هەبوو، ڕایەك ئەوەبوو كە بێ بەرامبەر بێ، ڕایەك ئەوەبوو ئەگەر ڕەمزی بێ، یان بەرامبەرەك دیاری بكرێ، پێویستە ئەو دوو ڕایە جیاوازە بخرێتە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر باسیان كرد لیژنەی یاسایی، كە ئەوە لەگەڵ فەلسەفەی تەندروستی ئێمە ناگونجێ، ئەو یاسایانەی كە لە بواری تەندروستی دەرچووە لە ماوەی ڕابردوو، ناگونجێت، لەبەر ئەوەی تا ئێستا لە وڵاتی ئێمە لەسەر سیستەمی ئیشتیراكی ئیش دەكرێ لەو بوارەدا، ئەو كاتە دەبێت كۆی سیستەمەكە گۆڕانكاری بەسەردا بێت، بەڕێز د.عبدالله جاسم، فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داخوازیا ئێمە ئەوەبوو بۆ نەخۆشی بێ بەرامبەر بیتن، بەس ئەو تیمێ پزیشكی حكومەت هەندەك حەوافیزی بداتێ، چونكە ئەگەر ئەوە نەبیتن ڕاستی ئێمە هەر سێ سەنتەر لە هەولێر و لە دهۆك و لە سلێمانی پشتی دوو مانگی دی ناتوانن ئیش بكەن بڕاستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، دڵنیام د.شرینیش پێشنیاری حەوافز دەكات.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیاری حەوافز ناکەم، ئێمە ئێستا هیچ بۆ دکتۆر ناکەین، ئێستا با بەتی نەخۆشە، دکتۆر موو چەی خۆی هەیە، دەوامی خۆی هەیە، ئەرکی ئەوە نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی حکومی بکات، حەوافز بۆ دکتۆر بۆ چییە؟ سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کەس بە قەت من حەز ناکا شت بە خۆڕایی بێ، کەسیش بە قەت من بە شایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی لە کابینەی حەوت دا پارەی بۆ نەخۆشەکەی سەرف نەکردووە، کەسیش بە قەت من پارەی بە خەڵکی فەقیر نەداوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستا هەرێم پێیدا دەڕوا، نەص خوێندنەوەیەکی واقیعانە بۆ بارودۆخەکە دەبێ بکرێت، ئێمە بەم یاسایە ناما نەوێ نەشتەرگەرییەکان لە نەخۆشخانە کەم بکەینەوە، ئێمە دەمانەوێ نەشتەرگەرییەکان زیاد بکەین و تیجارەت کەم بکەینەوە، ئەوە یەکەم، دووەم/ من قانونی نیم، بەڵام من دەستوورم خوێندۆتەوە، خا صەتەن ئەوەی صحە، دە ڵێ صحە دە بێ (accessible) بێ خدمەکەی، نەیوتووە خۆڕایی بێ، دە ڵێ (لە سەر دەوڵەت ئەوەیە کە خزمەتگوزاریی تەندروستی فەراهەم بکات بۆ هاووڵاتیان)، (فەراهەم) شەرت نییە خۆڕایی بێ، بەڕاستیش یەعنی ئەو مەوزووعە کە ئێمە دەڵێین ( حەوافز)، ئێمە حەوافز مەبەستمان دکتۆر نییە، ئەو دکتۆرانەی کە ئەم نەشتەرگەرییە ئەنجام دەدەن دەخلی مانگانەیان (علی الأقل) (30000) سی هەزار دۆلارە لە مانگێك دا، چونکە ئەوانە هەمووی پسپۆڕی گەورە گەورەن، ئێمە مەبەستمان ئەو تیمەیە کە لەگەڵ ئەوان دا ئیش دەکەن، خۆ هەر د. عەمەلیاتەکە ئەنجام نادا، (مساعد مخدر)ە، (مساعد تمریض)ە، کارمەندی تەندروستی یە، قاووشە، مەسەلەن تۆ لە کوێ عەمەلیاتێك حەوت سەعاتی پێ بچێ بوەستی بە پێوە، لە کوێ عەمەلیاتێکی فتق بکەیت و نیو سەعات و نەخۆشەکە بێنیتە دەرەوە، هیچ موشکیلەیەکیشی تووش نابێ، دوای ئەوە خۆ ئەوە مەسەلەکە بەس عەمەلیاتەکە نییە، ئەوە تۆ دەبێ پێنج ڕۆژ موتابەعەی بکەی، جاری وا هەیە بۆڕییە کە دەپچڕێتەوە، جاری وا هەیە گور چیلەکە ڕەفز دەکات، خۆ شەرت نییە، ئەوە (process)ە، دوای ئەوە تیمەکە مەبەست تیمی جیراحەکە نییە، دکتۆری گورچیلەی باتنیان لەگەڵدایە، دکتۆری موخەدیریان لەگەڵدایە، بۆیە من لە هەموو کەس زۆرتر لەم پەرلەمانە حەز دەکەم بە خۆڕایی بێ، بەڵام دەبێ ئەو تیمەی کە ئەو ئیشە دەکەن، با قەی چی دەکات؟ با وەزارەتی دارایی هاوکارییەکیان بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە بەلانسێكمان ڕاگرتووە، یەعنی كە دەڵێین (دەكرێت) و ( بێ بەرامبەر)، كەواتە (یجوز) دەكرێ بیكات بە بێ بەرامبەر، كەوا تە دەشكرێ نەیكات، بۆیە كێشەیەك نابینم لێرەدا، سەبارەت بە حەوافز، حەوافز مووچە نییە، حەوافز بە هیچ شێوەیەك شوێنی لە یا سادا نییە باس بكرێ، بە هیچ شێوەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز د.شوان، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر داهێنانی وشەی (دەكرێت) بۆ ئەوەیە كەوا حكومەت پابەند نەكرێ بە تێچوونەكانی خەرجی ئەو نەشتەرگەرییە، ئەوە كاتی خۆی بۆ سندووقەكانی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەوت بڕگەیەك باس كراوە كە لەو سندووقە بەشێك بۆ ئەو نەخۆشیە كوشندانە تەرخان دەكرێت، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك ئەو كە دەكرێی تێدا بێت یەعنی بەشێكی خەرجییەكە دەكەوێتە سەر ئەستۆی نەخۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دوا صیاغەی بخوێننەوە، لیژنە پەیوەندیدارەكان ئێوە قسەی خۆتانتان كرد، خاتوو زولفا، د.شرین، دوا صیاغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ناكرێ موناقەشە بكرێ، خاتوو شكریە، فەرموو.

**بەڕێز شكریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دوا ئامار یەكێك لە مونەزەمەكان لە كوردستان ئەوەی ڕوون كردۆتەوە، خەڵكی هەرێمی كوردستان خەریكە لە ستاندەردی جیهانی دەچێتە دەر، لە زیمنی خەڵكی فەقیر و هەژار و نەدار، دیارە ئەو كەسانەی كە دەچن بۆ موستەشفا ئەهلییەكان هەڵبەتە خەڵكی هەژار و نەداری زۆر زۆر تێدایە، بۆ من بە پێویست دەزانم بەم شێوازە بێ (حكومەت مولزەم بێ بۆ ئەم جۆرە كەسانە) وابزانم هەرێمی كوردستان خەریكە لەو قەیرانە دارایی یە دەردەچێ، نابێ هەموو قورسایی قەیرانی داراییش بخرێتە سەر ئەستۆی خەڵكی هەژار و

نەدار، باج بەوان بدرێ، تەنا نەت بە ژ یانی ئەوانیش بدرێ، بۆ یە پێویستە و شەی (پێویستە) دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون دوا صیاغەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12): دەكرێت حكومەتی هەرێمی كوردستان تێچووی نەشتەرگەرییەكانی چاندنی ئەندامەكان بە بێ بەرامبەر بەر لە دا مەزراوە پزیشكییە حكومەییەكان لە ئەستۆ بگرێت، بە پێی ئەو ڕێكار سازیانەی لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە بڕیاریان پێ دەردەچێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی كە خوێندرایەوە؟ (43) لەگەڵیەتی، كێ دژ یەتی؟ (16) كەس دژ یەتی، كەوا تە پەسند كرا، ماددەی (13).

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (13): بە بڕیاری وەزیری تەندروستی و پاڵپشت بە ڕەزامەندی لیژنە مۆڵەت دەدرێت بە دامەزراوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەكانی چاندنی ئەندامەكان و بەشەكان و شانەكان، مۆڵەتەكەش بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت تیا یدا دامەزراوە كە دەكەوێتە بەر چاودێری و سەرپەر شتی بەردەوام لە بارەی ئەو نەشتەرگەرییانەی چاندنی ئەندامەكان و بەشەكانیان و شانەكان ئەنجام دەدرێن و ئاستی پابەندبوون بە ستانداردەكانی باشی كە لەم بوارەدا بڕیار دراون، لە گەڵ ئەو شەفافیەتەی پێویستە ڕێكخستنی نەشتەرگەرییەكانی بەخشین و چاندن هەیانبێت و، ئەگەر سەلمێندرا كەوا پابەندی هەیە بە مەرج و ستانداردە ئاماژە پێكراوەكان ئەوە نوێ كردنەوەی مۆڵەتەكە هەر سێ ساڵ جارێك دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ هەر كاك صالح قسەی هەیە، فەرموو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مۆڵەتە بۆ ماوەی یەك ساڵ، سەرەتا كارێكی باشە و ئەوە پێویستە بەردەوام لە ژێر چاودێری دا بێ، من پێموا یە ئەو د ێرەی ئەخیر ز یادە، ئە گەر سەلمێنرا كەوا پابە ندی هە یە بە مەرج و ستاندەردە ئا ماژە پێكراوەكان، نوێكردنەوەی مۆڵەتەكە سێ ساڵ جارێك نوێ بكرێتەوە، ساڵانە نوێ بكرێ تەوە با شترە، لە بەر ئەوەی لە ژێر چاودێرییەكی توندی زیاتر دەبێ، ئەوە زیادە بۆ سێ ساڵ، پێویستە بە بەردەوامی چاودێری بكرێ، لە كاتی خۆشی دا ڕەنگە سێ مانگ بێ و گونجاو نەبێ و مۆڵەتی لێ وەربگرێ تەوە، بۆ یە ساڵانە بێ گونجاوترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو ڕایە وەردەگرن لیژنە پەیوەندیدارەكان؟

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەوە دەبێتە زیادكردنی ڕۆتین، یەعنی ڕۆ تینی ز یاد دە كات، ئەو لیژنە یە هەموو ساڵێك خەریكی نوێكردنەوەی مۆڵەت بێ، بۆیە سێ ساڵ جارێك بمێنێتەوە باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تۆ ئەگەر مۆڵەتەكەشی بۆ تازە نەكەیتەوە، تۆ مۆنیتەری دەكەیت، یەعنی تۆ ئە گەر ساڵی یە كەم تە سبیت بوو كە ئەم شوێنە بە ڕێك و پێكی ئیش دەكات، جاری دووەم بۆ سێ ساڵ مۆ ڵەتی دەدە یتێ، بەڵام خۆ لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا تۆ بە بەردەوامی موراقەبەی دەكەی، ساڵانە تۆزێ زەحمە تە، بۆ یە مـنیش لە گەڵ ئەوەم سێ ساڵ بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەك خۆی دەمێنێتەوە ماددەكە؟ بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

ماددەی (13): بە بڕیاری وەزیری تەندرو ستی و پاڵپـشت بە ڕەزامە ندی لیژ نە مۆ ڵەت دەدر ێت بە دا مەزراوە بۆ ئەنجا مدانی نە شتەرگەرییەكانی چاندنی ئەندا مەكان و بە شەكانی و شانەكان، مۆڵەتە كەش بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبـێت، تیا یدا دامەزراوە كە دەكەوێ تە بەر چاودێری و سەرپەر شتی بەردەوام لە بارەی ئەو نە شتەرگەرییانەی چاندنی ئەندامەكان و بەشەكانیان و شانەكان ئەنجام دەدرێن و ئاستی پابەندبوون بە ستاندەرەكانی با شی كە لەم بوارەدا بڕیار دراون، لەگەڵ ئەو شەفافیەتەی پێویستە ڕێكخستنی نەشتەرگەرییەكانی بەخشین و چاندن هەیانبێت

و، ئەگەر سەلمێندرا کەوا پابەندی هەیە بە مەرج و ستاندەرە ئا ماژە پێکراوەکان ئەوە نوێ کرد نەوەی مۆڵەتە کە هەر سێ ساڵ جارێك دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەی کە خوێندرا یەوە؟ (55) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژ یەتی؟ (2) کەس دژ یەتی کەواتە پەسند کرا، بەڕێزان دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ بەیانی، سبەینێ کاتژمێر (10).

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان  عێراق** | **کوردستان  عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 30/6/2015**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/30

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/30 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (19)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2015) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان  عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2015/6/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1 بەردەوام بوون لە سەر گفتو گۆ كرد نی گفتو گۆ كردن لە سەر پرۆژە یا سای چاندن و گوا ستنەوەی ئەندامەكانی جسەتەی مرۆڤ بە پێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

2- دەنگدان لەسەر ڕاسپاردەكانی پەرلەمانی كوردستان بۆ چارەسەر و ڕا گرتنی ز ێدەڕەووی بەپێی ماددەی (75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

3- گفتوگۆ كردن لەسەر هێر شەكانی ئەم دوایی یەی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر كۆ بانێ لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی عێراق.

4- دا نان و ئاڵوگۆر كرد نی هە ندێ لە ئە ندامانی لیژ نە هەمیشەییەكانی پەر لەمانی كورد ستان بەپێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

5- خوێند نەوەی یە كەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو.

أ پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كورد ستانی عێراق ژ مارە (17) ی ساڵی (1909).

ب- پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یا سای سندوقی خانەنیشنی پارێزەران ژ مارە (18) ساڵی (1999) ی هەموار كراو.

ج- پرۆژە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستان.

6- ڕاگەیا ندنی کۆ تایی هاتنی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەر لەمانی کورد ستان لەلا یەن سەرۆکی پەرلەما نەوە بەپێی بر گەی دوو لە ماددەی (17) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کورد ستان دە ست پێ ئە کەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانی شتنی ژ مارە (19)، ڕۆژی دانی شتن (2015/6/30)، بەرنا مەی کار، بەپێی حوک مەکانی بر گە (1)ی ماددەی بیست لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورد ستانی عـێراق ژ مارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دە ستەی سەرۆکایەتی پەر لەمان بڕ یاری دا کاتی دانی شتنی ژ مارە (19) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵ بژاردنی چوارەمی پەر لەمان لە کا تژمێر (10) ی پێش نـ یوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێ کەوتی (2015/6/30) بەم شێوەیە بێت:

1 بەردەوام بوون لە سەر گفتو گۆ کرد نی گفتو گۆ کردن لە سەر پرۆژە یا سای چاندن و گوا ستنەوەی ئەندامەکانی جسەتەی مرۆڤ بە پێی ماددەکانی (72، 74، 75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

2- دەنگدان لەسەر ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەر و ڕا گرتنی ز ێدەڕەووی بەپێی ماددەی (75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

3- گفتوگۆ کردن لەسەر هێر شەکانی ئەم دوای یەی ڕێکخراوی تیرۆری ستی دا عش بۆ سەر کۆ بانێ لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

4- دا نان و ئاڵوگۆر کرد نی هە ندێ لە ئە نداما نی لیژ نە هەمی شەییەکانی پەر لەمانی کورد ستان بەپێی ماددەی (44) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

5- خوێند نەوەی یە کەم بۆ ئەو پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

أ پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کورد ستانی عـێراق ژ مارە (17) ی ساڵی (1909).

ب- پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یا سای سندوقی خانەنی شنی پارێزەران ژ مارە (18) ساڵی (1999) ی هەموار کراو.

ج- پرۆژە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان.

6- ڕاگەیا ندنی کۆ تایی هاتنی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەر لەمانی کورد ستان لەلا یەن سەرۆکی پەرلەما نەوە بەپێی بر گەی دوو لە ماددەی (17) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

له ده ستپێك داوا له بەرێز سكرتێری پەر لەمان ئه كەین پوختە یەك له دانیشتنی كۆنوو سی پێ شوو بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە( 18) لە بەرواری (2015/6/29) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1 دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

2- خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

3- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ڕێکخستن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ و بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داواتان لێ ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئه ندامانی پەر لەمان كە لەدانیشتنی ژ مارە (18) ی ئا سایی له بەرواری (2015/6/29) ئا مادە نەبوون یان مۆڵەت پێدراو بوون بەم شێوەیە:

له کۆبوونەوەی یەکەم:

1 ڕێواز فائق- مۆڵەت

2- ادریس علی- مۆڵەت

3- انس محمد- ئامادە نەبووە

4- اومێد حەمە علی- ئامادە نەبووە

5- جمال عثمان- مۆڵەت

6- جودت جرجیس- مۆڵەت

7- زانا عبدالرحمن- ئامادە نەبووە

8- علی هالۆ- ئامادە نەبووە

9- عمر صالح- ئامادە نەبووە

10- فیرۆز طه  مۆڵەت

11- كمال یلدا- مۆڵەت

12- لینا عزریا- مۆڵەت

13- محمد علی یاسین- مۆڵەت

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، لە کۆبوونەوەی دووەم:

1 ڕێواز فائق- مۆڵەت

2- ادريس على- مۆڵەت

3- انس محمد- ئامادە نەبووە

4- اومێد حەمە على- ئامادە نەبووە

5- جمال عثمان- مۆڵەت

6- جودت جرجيس- مۆڵەت

7- زانا عبدالرحمن- ئامادە نەبووە

8- على هالۆ- ئامادە نەبووە

9- عمر صالح- ئامادە نەبووە

10- فيرۆز طه  مۆڵەت

11- كمال يلدا- مۆڵەت

12- لينا عزريا- مۆڵەت

13- محمد على ياسين- مۆڵەت

14- ئاری محمد- ئامادە نەبووە

15- باپير كاملا- ئامادە نەبووە

16- جوان اسماعيل- ئامادە نەبووە

17- حسين اسماعيل- مۆڵەت

18- عبدالرحمن فارس- ئامادە نەبووە

19- عبدالله محمود- ئامادە نەبووە

20- عزت صابر- ئامادە نەبووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئێستا ئەچینە سەر تەوەری یەكەمی بەرنامەی كاری ئەمرۆ كە بریتیە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای چاندن و گواستنەوەی ئەندامەكانی جسەتەی مرۆڤ بە پێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو، بۆیە داوا لە لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە و لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی و لیژنەی مافەكانی مرۆڤ ئەكەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست كردن بە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، فەرموو خاتوو حەیات نوقتەی نیزامییە؟**

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەلی هالۆ پێشتر ئیجازەی بۆ کرا و لەلایەن فراکسیۆنەوە ئیجازەکەی نێردراوە، بەڵام بە ئامادە نەبوو دانراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە مۆڵەتەکەی نەگیشتووە بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، فەرموو کاك مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وابێ ناوی من بە هەڵە هاتووە، من ئامادە بووم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکرێ لە ناو جەلسەی پەرلەمان کۆبوونەوەی لیژنەش هەبێ، ئەمڕۆ جەلسەی پەرلەمانمان هەیە، لیژنەی دارایی دوو کۆبوونەوەی داناوە، سەعات (10) و سەعات (1) کە وەزیری سامان لەسەر داوای خۆی ئەچێتە لیژنە، ئێستا ئەوە ئیختیساسی منە، زۆر مولاحەزاتم هەیە حەز ئەکەم لە نێو لیژنەی ئامادە بم، حەز ئەکەم لێرەش ئامادە بم، نازانم چۆن ئەکرێ؟ بەڕێزت ئەتوانی سەرۆکایەتی لیژنە ئاگادار بکەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە پێشتریش لیژنەکانمان ئاگادار کردەوە لە ڕۆژی کۆبوونەوەی پەرلەمان کۆبوونەوە دانەنێن، بەڵام کۆبوونەوەی دووەم کە باست کرد وامان تەسەور کرد کە کۆبوونەوەی پەرلەمان کۆتایی پێ دێ تا کاتژمێر (1)، بۆیە ئەو کۆبوونەوەی تر دانراوە، ئەچینەوە سەر گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاساکە، لە بەشی چوارەم وەستاین پێم وابێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێکارەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان

ماددەی (14):

یەکەم: بە بڕیاری لێژنەی لێژنەیەکی پزیشکی لە هەر دامەزراوێکی پزیشکی مۆڵەتدراو بە چاندن، پێکدەهێندرێت، ئەویش لە پزیشکە پسپۆڕەکان، تەنها ئەم لێژنەیە تایبەتمەند دەبێت بە ڕەزامەندی دان

لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان بەپێی ئەو حوکما نەی لەم یا ساو ئەو پێڕەوو ڕێنماییانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، دەقیان لەسەر کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددە یە؟ کەس نی یە؟ کەوا تە ئەیخەیـنە دەنـگەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ جەنابی وەزیر مولاحەزەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید- وەزیری تەندورستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم با شە ماددەی (14) بەم شێوەی لێ بـکرێ (لیژ نەی لاوە کی لە هەریە کە لە بەڕێوەبەرایەتیـ یە گشتیەکانی پارێزگاکانی هەرێم دروست ئەکرێ بەمەبەستی جێ بەجێ کرد نی ڕێکارە زانـستی و ڕێگا کانی بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەش) ناکرێ پێش ئەوەی لیژنەی موحافەزات هەبێ لیژنەی موئەسەسات هەبێ، ئێمە ئێستا سێ لیژنەمان هەیە، لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئەو لیژنانە کۆنـترۆڵی زەرعی ئەهلی و حکومیش ئەکەن، چونکە ئەوە عەمەلیاتێکە تەنیا زانست دەوری تێدا نابینی، یا ساش دەوری تـێدا دە بینی، مەحامی تێدایە، شورتەی تێدایە، ئاسایـشی تێدا یە، بۆ یە ئەبێ دە ستەلاَتەکە وردە، وردە بـچێتە خوارەوە، نابێ یەکـسەر لە لیژ نەی بالاێ چاندنی بە شەکانی لە شەوە برۆی بۆ باز نەی دا مەزراو، چونکە هە ندێ دا مەزراو هە یە ئەهلیـ یە، بۆ یە ئەبێ ماددەی (14) بکرێـتە موحا فەزات، دوا یی لە ماددەی (16) با سی لیژنەیەکی عیلمی ئەکرێ بۆ دەمەزراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتن چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەرێز وەزیر ئاماژەی بۆ کرد لە ماددەی (16) ئا ماژەی بۆ کراوە، تیمێکی پزیـشکی بەرپرس لە فە قەرەی یە کەم، لە فە قەرەی دووەم ( تیمێ کی پزیـ شکی لێ هاتوو لەو پارێزگایا نەی کورد ستان کە نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکانی تێدا ئەکرێ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەرێز وەزیری تەندورستی ئەڵێ وایە، چونکە ئە گەر لە ئا ستی موحا فەزەش لیژ نە هەبێ ئەبێـتە جۆرێك لە لامەرکەزی، ناکرێ هەر خە ستەخانەیەك بۆ خۆی بە تەنیا لیژ نەی خۆی هەبێ، بە تایـبەتی

دونایەك مولا حەزە هە یە لە سەر دا مەزراوەی ئەهلی لە هەرێمی کورد ستان، ئێستا ئەو خۆی بە تەنیا لیژنەیك بێت و لەژێر چاودێری حکومەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك تەحسین.

**بەڕێز تحسین دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موناقە شانەی بەرێزان ئە ندامانی لیژ نە ئە کەین یان بەرێز وەز یر بە تە سەوەری من ئەبوا یە لە لیژنەکە کرابووایە، نەك ئێستا پێشنیار بکات، یەعنی بەرێزی وەزیر و ئەو لیژنانەی مەعنین ئەبێ دیفاع لەو سیاغە بکەن کە ئێستا هەیە، نەك جارێکی تر بیگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ گفتوگۆش کراوە لە لیژنە، بەلآم هێشتان ڕای جیاواز هەیە لە سەر ئەو پرۆ سە، فەرموو دکتۆر عبدالله.

**بەڕێز د.عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی بۆ ئەز تیکستی عەرەبی زۆر وازیحە، مە چوار لیژنەیەت هەی، بۆ مە سەلا گوا ستنەوە و چاندنێت ئەندامێ لەشێ، ( لیژنە موافقە علی عملیات زرع الاعظاء)، ئە ڤە مە سەلی ئەخلاقی و مە سەلەێ قانونی ژی، بەس ئەکرێ لیژنێ توبی نەبیتن، موستەشارێ قانونیت تێدا هەبیتن، موحامیت تێدا هەبیتن، ئەڤە درستە، لیژنەی دووەم (لیجنة تحقق من موت الدماغي)، ئەوژی زۆر موهیمە، چونکە ئێمە ل قانونێ خۆمە نوو سی (المتوفین حدیثن)، ئەبێ ئەو لیژنە یە هەبیتن، لیژنە یەکی تایبەتمە ند هە یە (التی تقوم بزرع الاعظاء)، ئەویش لە ماددەی (16) یە، دووەم، ئەو لیژنە یە ئە گەر یەکێك هەبیتن مە سەلەن مـتەوەفی حەدیسەن چۆن ئەندامە کەی لە شی وەردەر گیتن؟ ئەوە لیژنە کەی تایبە تە، ئەوە تەقریبەت هەر چوار لیژنە یە، ئەوەی بەرێز دکتۆر ڕێکەوت گوتی ئێمە هەیکەلیەی ئەوەمان نەنو سیووە کاك دکتۆر، ئەو هەیکەلیەی ئێمە نەنووسیڤە، (تتالف برنامج تبرع في دیوان الوزارة من- اولا- رئیس برنامج علی ان یکون حاصل علی نقل طبیب استشاري و زرعت الاعظاء البشریة)، ئەوەی ژی پێشنیارێ لیژنەی خو بەرائی تەندورستی بوو، ( ب- یجري عملیة استشاریة علی ان یتالف من اطباء اختصاصین، محامین قانوني، وغیرهم ولجنة تسعین من متراهم الاطباء وا غیر اطباء والمتخصصین والمسئولي برنامج تبرع والزرع الاعظاء في المحافظات، علی ان یکون بدرجة الاختصاصیة)، یعنی سەرۆکی لیژنە و ئەو لیژنەی علمی ئیستیشاری ئەوە لە دیوانی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو زوڵف.

**بەڕێز زولفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشتر ئێمە ئەو نووسراوەمان بۆ وەزارەتی تەندورستی ناردووە و ئەوان ڕەزامەند بوون لەسەر ئەو نووسینە، مەبەستی ئێمە لەو سیاغە ئەوەیە كە لە هەموو شارێك زەرعی گورچیلە ناكرێ، نە لەسەر ئاستی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەكی سەحە، یان موحافەزەیەك، ئێمە وامان داناوە هەر لەو مەحافەزە یان لە سەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك كە كراوە، لەسەر ئاستی پارێزگا لیژنەیەكی تایبەتمەند هەبێ، وەزارەتی تەندروستیش ڕەزامەندی لەسەر داوە، ئەوكات پێویست بوو خۆیان تێبینیان هەبووایە لەسەری، نەك بە ئۆكەی بۆ ئێمەیان ناردبایەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شرین حسنی.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە ل ماددە هاتیە پەسند كرن كو سەلاحیەت دانە وەزیری هەیكەلیەتا لیژنێ، بەس ب دیتنا من ئەو خالێ نوكە دكتۆر عەبداللە ئیشارەتی پێدا ئەگەر ئیزافە ببە ل سەر ماددە (41) ێ كو ئەم ل یاسایادا جێگیر بكەین كو وەزیر ڤێ هەیكەلیەتێ دروست بكەت، نەك تەنها هەر سەلاحیەتێ وەزیری كو ل یاسایدا ئیشارەت پێدای، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خەلەف قسەت هەبوو؟ فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو لیژنەیە پێویستیش بێ، یەعنی لێرەش جێگای نەكرابێتەوە، ئێمە كە لیژنە بالاّ كە پێكهاتەكەیمان دیاری نەكرد بە هەدەفی ئەوە بوو كە دەستی وەزیر و وەزارەت نەبەستین بەوەی كە ئێمە تەحدیدی بكەین بە لیژنەیەكەوە، بڵێین ئەو لیژنە و ئەو لیژنە، بۆیە بە موتلەقی و تمان بە سەرۆكایەتی وەزیری لیژنەیەك پێكدێ، بۆیە پێكهێنانی لیژنە ئەوەندەی ئیدارییە هەندە لە قانون جێگەی ناكرێتەوە، ئەگەر لێرە داشبنرێ، بێگومان پێشنیارەكانی وەزیری تایبەمەند بە هەند وەردەگیرێ، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە تایبەتە بە وەزارەتەكەی بەڕێزیانەوە، بەلاّم من پرسیارێكم هەیە لە بەڕێزیان، ئەگەر بچێتە سەر ماددەی (31) بڕگەی (2) ی هەیە، پێویستە لەسەر وەزیر لە ڕێگەی لیژنە ڕێنمایی تایبەت بە كار و بەرپرسیاریەتی و هەیكەلیەتی پرۆگرامی بەخشین و چاندنی ئەندامەكان دەر بكات، ئەگەر ئەوە لێرە ئیكتیفا بكات و وەزیر بتوانێ وەلاّمی ئەو پرسیارە بداتەوە كە ئەولەمەی كردووە بۆ ئەوەی ئیزافەی بكەین، ئەگەرنا تا مشاوەرەیەك بكەین لە نێوان لیژنەكان بۆ جێ كردنەوەی پێشنیارەكەی بەڕێزیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز وەزیری تەندورستی.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید- وەزیری تەندورستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، سەبارەت بە من ڕەزامەندیم لەسەر ئەو قانونە نەداوە، و وتوومە، من سێ لاپەڕەم ناردووە کە مولاحەزاتی خۆمە، ئەبوایە لیژنەی تەندروستی و لیژنە پەیوەندیدارەکان منیان بانگ بکردایە، ڕاستە، ئەبوایە دانیشتبووینایە و سیاغەیەکی موشتەرەك بێ، منیان بانگ نەکرد، دووەم، من یەك وشە لە دانیشتنی دوێنێوە زیاترم لەوەی خۆم نەوتووە، سێ، شتێك هەیە پێی ئەوترێ قوەتی قانونی، تۆ ئەو قانونەت بۆ داناوە؟ ئەو قانونەت بۆیە داناوە بۆ ئەوەی بازرگانی کردن بە بەخشینی جەستەی مرۆڤ کەم بکەیتەوە، تۆ موئەسەسەکی ئەهلی تازە ڕێگە پێدراو ناتوانی هەموو سەلاحیەتێکی پێ بدەی، ئێستا لە کوردستان لە هەموو پارێزگاکان ئەکرێ، سەیرە ئەڵێن ناکرێ، لە دهۆك لە هەمووی باشترە، لە سلێمانی و هەولێریش ئەکرێ، بەس لە پارێزگای هەلەبجە ناکرێ، ئەوەش جاری تازەیە، دووەم، کە تۆ لە نەسێکی قانونی لیژنەیەکت دانا تەسبیتی ئەکەی، فەرقی ئەوەیە ئەو ڕێنماییە وەزیر دایبنێ، تۆ بە قانون ئەو لیژنەیەت داناوە، بەستووەتەوە بە لیژنەی بالأوە، بۆیە من موسیرم لەسەر داواکاری خۆم، ئەبێ دوای لیژنە بالاّ لیژنەی پارێزگاکان بێ، چونکە بە قەناعەتی من ئەو لیژنەی بالأیە لەوانەیە دوو مانگ جارێك بتوانێ کۆ ببێتەوە، هەمووی ئوستازە، من وەزیر ئەبم، ئەو مودیر عام ئەبێ، ئەو ئوستازی جامیعە و خەستەخانە ئەبێ، کارە فیعلیەکە لیژنەی موحافەزات ئەیکات، بۆ ئەوەی موحافەزەکە ئاگاداری هەموو ئەو عەمەلیاتی زەرعانە بێ کە لە ئەهلیەکان ئەکرێ، بۆیە ئەبێ لە نێوان لیژنەی بالاّ و لیژنەی موئەسەساتەکە لیژنەی پارێزگا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو مریەم.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری تەواو لە پێشنیاری وەزیری تەندروستی ئەکەم کە لیژنەی پارێزگاکان ئیزافە بکرێ، چونکە بەراستی زۆر تایبەتمەندە، وەکو ئەوەی کاك دکتۆر وتی زەروریەتی خۆی هەیە، پشتگیری ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حەیات فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی چواردەم نووسرایە یەکەم، بەڵام دووەمی نییە، پێم وابێ ئەو یەکەمە زەروور نییە بنووسرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یەکەم ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێ ( بە بڕیاری لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان و بە فەرمانی وەزیر) نەك هەر لیژنەکە بە زۆرینە بێ یان بە دوو لەسەر سێ بێ، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ، ئەو لیژنە پزیشکیەش کە دروست ئەکرێ بە فەرمانی ئەوان نەك هەر لە پارێزگاكان بێ، ئێمە لە كوردستان دوو ئیدارەی فەرمی هەیە، ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕینیش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو زوڵفا.

**بەڕێز زولفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەتوانین بڵێین بە بڕیاری لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان لیژنەیەکی پزیشکی لە هەر پارێزگایەك دائەنرێ، باقی ئەوەی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەس ئەمەوێ ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان دڵنیا بکەمەوە لەوەی ئەو پرۆژەیەمان بۆ هەرسێ پارێزگاكانی دهۆك و سلێمانی و هەولێر، ڕەئی دكتۆرەكانمان هەمووی وەرگرتوو، ڕەئی وەزارەتی تەندروستیمان وەرگرتووە، و چەند پسپۆڕێکیش لە شارە جیاوازەكان، بۆ ئەوەی کە گومانتان نەبێ لە نادروستی و دروستی ئەو پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دوا سیاغە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم بەو شێوەیە داڕێژرایەوە لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری تەندروستی.

دووەم: لیژنەیەکی لاوەکی لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی تەندروستی لە پارێزگاكانی هەرێم بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ڕێکارە زانستی و یاساییەكانی بەخشین و چاندنی ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ڕەزامەندە لەسەر ئەو دەقەی خوێندرایەوە؟ (52) کەس لەگەڵیەتی، (2) کەس دژیەتی، کۆی ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێکارەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان

ماددەی (14):

یەکەم: بە بڕیاری لیژنەی باڵای چاندنی ئەندامە مرۆییەکان لیژنەیەکی پزیشکی لە هەر دامەزراوێکی پزیشکی مۆڵەتدراو بە چاندن، پێکدەهێندرێت، ئەویش لە پزیشکە پسپۆڕەکان، تەنها ئەم لیژنەیە تایبەتمەند دەبێت بە ڕەزامەندی دان لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامە مرۆییەکان بەپێی ئەو حوکمانەی لەم یاساو ئەو پێڕەوو ڕێنماییانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، دەقیان لەسەر کراوە.

دووەم: لیژنەیەکی لاوەکی لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێم بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ڕێکارە زانستی و یاساییەکانی بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (43) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نیە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، ماددەی (15).

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

نابێت هیچ ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە لاشەی مردووێك بگوازرێتەوە تەنها پاش سەلماندنی مردنەکە بە سەلماندێکی دڵنیاییدەر نەبێت، کە لە دواییدا ئەستەم بێت بگەرێتەوە بۆ ژیان، و سەلماندنی ئەمەش بەپێی بڕیارێك دەبێت بە کۆدەنگی بیروبۆچوونی لیژنەیەکی سێیانی لە پزیشکانی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی مۆخ و دەمارەکان، نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی دڵ و دەمارە خوێناوییەکان، و سڕکردن یان چاودێری چڕ، دەربچێت، ئەویش پاش ئەوەی لیژنەکە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پشکنینی ئیکلینیکی و جەختکردنەوەی پێویست بۆ دڵنیابوون لە سەلماندنی مردنەکە، بەپێی ئەو ستاندەرە پزیشکیانەی لیژنەی باڵا دیاریان دەکات و بڕیارێکی لە لایەن وەزیری تەندروستیەوە پێ دەردەچێت، لیژنەکەش لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی بەباشی بزانێت لە پزیشکانی پسپۆڕ. و نابێت ئەندامانی ئەم لیژنەی پشکنینە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبێت بە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان یان شانەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو دكتۆر سروود.

**بەڕێز د. سروود سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من ئەو ماددە زۆر درێژە، ئەبێ كورت بكرێتەوە، بە تایبەت پاش ئەوەی ئەڵێ لیژنەكە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی پشكنین، لێرەوە تا خوارەوە ئەبێ ڕەش بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێنمایی وەزارەتە، یەعنی پێویست ناكات، بەس شەرحە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەقاو دەق قسەكەی من دكتۆر سروود كردنی، ماددەیەكی درێژە، ئەكرێ بە دوو دێر كۆتایی پێ بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیاری خۆتان بنووسن، بیدەن ببە لیژنە پەیوەندیدارەكان، فەرموو دكتۆرە زۆزان.

**بەڕێز زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل بڕگە ئێكێ هاتیە پێشنیار كرنێ كو لاشە ببیتە جەستە، و حەز دكەم ل جهێ ب سەلمانەكا دڵنایی نەبێتن، ئەڤ عیبارە بیێتە زیێدە كرن، بە پێی ڕاپۆرتیی لیژنەی پەیوەندیدار، چونكە ئەگەر ئەڤ عەمەلیات بێتە كرن دبێتن ڕاپۆرت دەركەڤی تاكو ئەڤ كەسە یان خەلكەك دڵنیل بی كو ئەڤ كەسێ مری ب تەمامیێ مری، یەعنی ڕح تێدا نەمایە، فە ژ بەر هندێ دبێ ڕاپۆرت دەركەڤی بۆ دڵنیا بوونا هندێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە تا ڕادەیەك كێشە و شێوانێكی زۆر هەیە كێ ڕازی بێ كە ئەوە بفرۆشن، كەسوكاری دەرەجەیك یەك، دەرەجە دوو، دەرەجە سێ، پێم وایە حەلێكی ئاسایی هەیە، ئەویش ئەوەیە یەكێك لە مردووەكە پێشتر كە خۆی ڕایگەیاندووە كە مەدالیایەكی پێوەیە، چی پێوەیە، ئەوە ڕوونە كاتێ ئەوە وەرئەگەڕێ لە شوێنێك ئەتوانن لاشەكەی ببەن، كەسانی تریش هەیە بۆخۆیان ئاگایان لە هیچ نییە وەرئەگەڕێن، پێم وایە حكومەت ئەو مەسئولیەتە بگرێتە ئەستۆ بۆ بەرژەوەندی گشتی، هەركەسێ خۆی وەرگەڕاوە پێی خۆش بوو، پێی خۆش نەبوو، كەسوكاری هەبوو، نەبوو، حكومەت خۆی ئەو ئەركە بگرێتە سەرشان و بچێ

ئەندامەکانی لەشی ببات، چونکە بۆ خزمەتی گشتییە، بۆ چارەسەری چەندین کەس بێ کە بە دەست چیەوە دەنالێنێ، و کێشەکانی چارەسەر ئەکرێ، یەکەم، خۆی ڕازی بووە، دووەم، حکومەت ئەو تەسەروفە بکات، ئەوە کارێکی سەرکەوتووترە لەوەی ئەو هەموو خزم و کەس و کارە بێنینە سەر خەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك تەحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نیوەی دووەمی دێڕی دووەم، کە ئەڵێ لە دوایی ئەستەم بێ بگەڕێتەوە بۆ ژیان بکرێتە ئومێدی گەڕانەوە بە ژیان نەبێ باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکەی کاك دکتۆر سروود و کاك عومەر عینایەت ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مانەوەی دەقەکە؟

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

بەڵێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عەبدوڵا.

**بەڕێز عبدالله جاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی ئەڤ لیژنە زۆر موهیمە، جونکە مە ماددەیەکی هەی، مە گوتی (یجوز نقل اعظاء من المتوفین حدیثن)، یەعنی ئەبێ لە نەخۆشخانە مریتن، ئەبێ ئەو لیژنە ژی، ئەوە تشتەکی ستاندەرە، ئەبێ ئەو تەخەسوسە تێدا هەبن، ئەبێ ئەو ئیخیبارە هەبێ، چونکە ئێمە مەسەلەن ئەو لیژنە چۆن موتەئەکید

ئەبن ئەو نەخۆشە مردووە؟ ئێمە چەند ئەعرازمان هەیە، ڕاوەستانی تەنەفوس نهائی، وەستانی مێشك، ڕەسمی دەماغی کەهرەبائی، تەسویری شەرائینی دەماغی، ئەوە چەند ڕێگە هەیە، چونکە دەبیتە موشکیلە، ئیحتیماله دوایی تووشی هەڵەی یاسایی ببین، ئەو مەعایرەش بە ڕێنمایی دەرئەخات، و لە هەمی موهیم تر ئەو لیژنەیە عەلاقەتی موباشیری نەبیت بە چاندنی ئەندامانی لەش، چونکە ئەگەر عیلاقەت هەبیتن ئیحتیماله تەحەیوز هەبیت، با یاسا هەبیتن، ئیحتیماله ئەوەندە ورد نەبن، بە ڕەئی لیژنەی خۆمان بمینێ، موکەسەفە، بەس هەموو شتی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڤالا:

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی تایبەتمەند داوای مانەوەی نەسە ئەکات وەکو خۆی، بەڕێز وەزیری تەندروستیش ئەگەر هەمان ڕای هەبێ ئێمە ڕازین نەسەکە وەکو خۆی بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

ماددەی (15):

نابێت هیچ ئەندامێك یان بەشێکی ئەندام یان شانەیەك لە لاشەی مردوویێك بگوازرێتەوە تەنها پاش سەلماندنی مردنەکە بە سەلماندێکی دڵنیاییدەر نەبێت، کە لە دواییدا ئەستەم بێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان، و سەلماندنی ئەمەش بەپێی بڕیارێك دەبێت بە کۆدەنگی بیروبۆچوونی لێژنەیەکی سێیانی لە پزیشکانی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی مۆخ و دەمارەکان، نەخۆشییەکانی یان نەشتەرگەریی دڵ و دەمارە خوێناوییەکان، و سڕکردن یان چاودێری چڕ، دەربچێت، ئەویش پاش ئەوەی لێژنەکە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پشکنینی ئیکلینیکی و جەختکردنەوەی پێویست بۆ دڵنیابوون لە سەلماندنی مردنەکە، بەپێی ئەو ستاندەرە پزیشکیانەی لێژنەی بالا دیاریان دەکات و بڕیارێکی لە لایەن وەزیری تەندروستیەوە پێ دەردەچێت، لێژنەکەش لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی بەباشی بزانێت لە پزیشکانی پسپۆڕ. و نابێت ئەندامانی ئەم لێژنەی پشکنینە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبێت بە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان یان شانەکان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیدا یە بەو شێوەیەی کە خوێندرا یەوە؟ ﴿45﴾ کەس لەگەڵیدا یە، کێ دژ یەتی؟ ﴿5﴾ کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی شانزە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە، یەکەم لە هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوە مۆڵەتدراوەکان بە چاندنی ئەندامە مرۆییەکان تیمی پزیشکی بەرپرس لە چاندن پێك دەهێنرێت و پێڕەوی جێ بە جێ کردنی ئەو ریسا و یاساکانی پێکهێنانی ئەو تیمە و مەرجەکانی پێویست لە ئەندام و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات و سەرۆکی ئەم لیژنەیەش بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاندن لە دامەزراوەکە و هەڵسەنگاندنی کاری تیمەکە و بە باشگەیاندنی خزمەتگوزاری پزیشکی و کۆمەڵایەتی بۆ نەخۆش و بەخشەرەکان و نوێنەرایەتی کردنی پرۆگرامەکە لە بەردەم لیژنەی باڵا و سەرجەم لایەنە پزیشکی و کارگێڕییە پەیوەندیدارەکان.

دووەم، بە بڕیاری لیژنەی باڵای بەخشین و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان تیمی لێهاتوو لەو پارێزگانەی کوردستان کە نەشتەرگەرییەکانی چاندنی ئەندامەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت پێك دەهێنرێت بە ئامانجی وەرگرتنی ئەندامەکان ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە بە مەبەستی چاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەم یاسایانە زیاتر لە رێنمایی دەچن، لە ماددەی چواردەم، لیژنەی باڵا و لیژنەی پارێزگاکان پێکهێنرا کە رێنماییە بۆ ماددەی چواردە، بە پێویستی نازانم ئەم ماددەیە هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی دوا ماددەیە و دەچینە سەر سزاکان، هەر چەندە وەزیری تەندروستی هەم لە رووی پسپۆرییەوە لە ئێمە باشتر ئاگادارترە، بەڵام ئامار لەبەر دەست دا نیە کە ئێمە پسپۆری بواری چاندن و گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ لیژنە دروست بکەن کە دەبوایە لەسەر ئاستی ئیدارەکانیش بوایە، پێم وایە رێژەکان لەوانەیە کەم بێت، هەر چەندە ئاماری دەقیق نییە، بۆیە ئەگەر رێژەکە کەم بێت پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکەین کە وا هاتبێت، پێویست بێت حکومەت دەستەبەری زەمالەی خوێندن لە دەرەوەی و ڵات بکات لە پێناو پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆر لە بواری چاندن و گواستنەوە کە دەکرێت بە سیغەیەکی تری قانونی داڕشتنی بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبەکان دەڵێن ﴿خير الكلام ما قل ودل﴾، بە ڕاستی ئەمە ئینشایە و لە یاسا ناچێت و دەکرا بە کورتی بێت، جێگەی ڕینمایی وەزیری گرتووە، دەکرا ئەو ماددەیە و ماددەی پێشوو بە 3 دێڕ کۆتایی پێ بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی فەرموو،

**بەڕێز کنعان نجم الدين احمد﴿حاجی کاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی ﴿27﴾، ئەو ماددە یە ببێ تە بڕگە یەك کە ببێ تە بڕ گەی سێیەم، ئە گەر وەز یر لە گەڵ من داب ێت، تەنیا بە کرد نەوی بانکی ئە ندام ئەوا نەی کە ل ێرە جێ دەبێ تەوە بە مەر جە تەندرو ستییە جیهانییەکان، چونکە تەتابوق نەسیجی هەیە کە لەم بڕگەیە جێ دەبێتەوە و ماددەی ﴿27﴾ نەمێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشيد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەر دووبارەیە، بەڵام ئە گەری شەرحی حاڵەتە کە بکات بە خرا پی نازانم، بەڵام یەك شت، نوێنەرایەتی کردنی پرۆگرامەکە لە بەردەم لیژ نەی با ڵا و لیژ نەی پارێزگا کە، ئە گەر مەجال هەبێت لە قانونەکەی تر لیژنەی پارێزگاکان پێش لیژنە دامەزراوەکەیە، چونکە پارێزگا کان دا مەزراوەی گەورەترە و ئەو پاشو پێشەی بکەن و لیژنەی باڵا و پارێزگا زیاد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شرین خان فەرموو،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکانی کاك عمر وتی ئینشایە، چونکە ئەو پرۆژە یاسایە پەیوەندیدارە بە ژیانی مرۆ ڤەکان و زۆر بینیمانە کە چەند کەس لە کوردستان بە هەڵەی دکتۆرەکان بوینە تە قور بانی، بۆ یە بە پێویستمان زا نی مەتاتییەتی تێدا نەبێت و تەفاسیلی تێدا بێت، بۆ ئەوەی دکتۆرەکان بە مەزاجی خۆیان ئەو یا سایە بەکار نەهێنن، بۆ یە دوورودرێژی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو،

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی دگەڵ کاك عمر دامە، خیر الکلام ماقل ودل، بەس بۆ ئەو ماددەی کو چوار رێزە ئیحتیمالە فەسلەکا کامل بیت ل تێکست بوکەکا علمی، هیچ جهێ تەفسیرێ تێدا نییە و ب وردی هاتییە نڤیسین،ئێمە چوار لیژنە پێویستیمان پێ هەیە، لیژنەی موافەقە، لیژنەی تحقق الموت الدماغی ، ئەو لیژنەی تایبەتە بە ئەنجامدانی چاندنی ئەندامانی لەش، کە تایبەتمەندن و جەراحن و دەبێت ئیختیساسی دەقیق هەبێت لەم بوارە، ففعلا ما قل و دل، وردتر لە ئەوە ئیحتیمالە مەجالێ تەفسیرێ تێدا دروست بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زۆلفا خان فەرموو،

**بەڕێز زۆلفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شانزە، هەمووی تەواوە تەنیا لە کۆتایی نەبێت کە نوێنەرایەتی پرۆگرامەکە لە بەردەم لیژنەی پارێزگا کان، چونکە لیژ نەی ناو نەخۆ شخانەکان نوێنەرا یەتی لیژ نەی پارێزگا کان و پارێزگا کانیش نوێنەرایەتی لیژنەی باڵا دەکات، ئەمە زیاد بکرێت و ماددەکە وەك خۆی بمێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەی تر تان هەیە لیژنە پەیوەندیدارەکان یان بێخینە دەنگەوە؟ فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە ، یەکەم، لە هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی مۆڵەتدراو بە چاندنی ئەندامە مرۆییەکان تیمی پزیشکی بەرپرس لە چاندن پێك دەهێنرێت وپێڕەوی جێ بە جێ کردنی یاسا و رێساکانی ئەو تیمە و مەرجەکانی پێویست لە ئەندام و دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات و سەرۆکی ئەم لیژنەیەش بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامی چاندن لە دامەزراوەکە و هەڵسەنگاندنی کاری تیمەکە بە باش گەیاندنی خزمەتگوزاری پزیشکی و کۆمەڵایەتی بۆ نەخۆش و بەخشەرەکان و نوێنەرایەتی کردنی پرۆگرامەکە لەبەردەم لیژنەی باڵا و لیژنەی پارێزگاکان و سەرجەم لایەنە پزیشکی و کارگێڕییە پەیوەندیدارەکان.

دووەم، بە بڕیاری لیژنەی باڵای بەخشین و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان، تیمی لێهاتووی پزیشکی لە پارێزگاکانی کوردستان کە نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت پێك دەهێنرێت بە ئامانجی وەرگرتنی ئەندامەکان لەوانەی کۆچی دواییان کردووە بە مەبەستی چاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿43﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەوا تە پە سەند کرا، وەز یری تەندروستی فەرموو،

**بەڕێز رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەدروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم لیژنە باڵایە و لیژنە پارێزگایە و لیژنەی موئەسەسات، هیچ ئیمتیازاتیان نییە ئەو ئیشەی کە دە کەن، ئەمە بەشێکە لە مووچەی خۆیان دەکەن، کابرا لە لیژنەی باڵای پارێزگا یە چۆن لە لیژنە یەکی ترە لەو لیژنەیەش دایە، لەبەر ئەمە ئەندامانی پەرلەمانی ئەمە باش بزانن و ئیمتیازاتی تێدا نییە لە سەر ئێشە زیاترنەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی حەڤدە، بەشی پێنجەم فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم، سزاکان، ماددەی حەڤدە، لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسا سزاکان یان هەر سزایەکی تر دەقی لەسەر دەکات، ئەو تاوانانەی لەو ماددا نە د ێن دە قی لە سەر کراوە، ئەو سزایانەی دەبێت کە لە ماددەکان بۆیان دیاری کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر وەتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم بوترێت ﴿لەگەڵ پیادەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە یاسای سزاکان یان هەر یاسایەکی تر دەقی لەسەر دەکات و ئەو تاوانەی لە ئەنجامی پابە ند نەبوون بە حوکمەکانی ئەم یا سایە روودەدەن ئەو سزایانەی دەبێت کە لە ماددەکان بۆیان دیاری کراوە﴾، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک بێستون فەرموو،

**بەڕێز بێستون فایق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە یە لەم بڕگە یە ئەوە ندە رەکێك و ناواز حە و تێگەیشتن لێی زۆر قور سە، تە سەور دە کەم لە عەرەبی نەسا و نەس تەرجومە کرا بێ، کێ لەگەڵ پێشێل نەکردنی سزا،ن ما نای چییە و ئە گەر لا بەر ێت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت و لە ماددەکانی تر سزاکانی دیاری کراوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك غریب فەرموو،

**بەرێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم ئەم ماددەیە کە دانراوە زیادە وەك کاك بێستون ئاماژەی پێکرد و ئەو یاسایە بۆ ئەوەیە هەموو رێکارەکانی چاندن و گواستنەوە رێك بخرێت و سزاکانیش دیاری کراوە و زۆر سالمن کە لە یاساکەدا هاتووە، حەبس و غەرامەی جیاوازی تێدایە و لە سێدارەدانی تێدایە، ئەگەر ئەم یاسایە ناتوانێت ئیحاتە بدات بە هەموو حاڵەتەکانی سەرپێچی و سزا دیاری بکات ، کەواتە یاساکە زیادە و کار بە سزادانی عێراقی بکرێت، لە ماددەی سی هاتووە کار بە هیچ یاسایەك یان بڕیاری ناکوك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت. پێم وابێت هەر ئەمە کیفایەتە و ئەو ماددەیە لابرێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو،

**بەرێز عمر مصطفى باوەمیر(د. شوان قالادزەیی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای ئەوەی ئەم مادەیە زۆر رەکیکە ئەگەر لا بچێت کێشەی نابێت، چونکە زۆری ماددەکان و سزاکان لەماددەکانی تر دیاری کراون.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەرێز د. رێکەوت حەمە رەشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئێمە لەم وڵاتە هەر جەریمەیەك بکرێت قورس و سوك، تا ئێستا بە پێی عقوباتی عێراقی مامەلە دەکەین، بۆ لێرە گۆڕاوە؟ یاسای ژمارە 111 ساڵی 1969 یاسای سزاکانی عێراقی هەیە، خەڵك ئەگەر 10 کەس بکوژێ بە مە مامە ڵە دەکرێت تۆزێك پێم وایە دەبێت وابکەین کارەکە بە قانونی بکەین و پزیشکەکان بە پێی یاسا و رێنماییەکان کارەکە بکەن و من پێم وایە یاساکان زۆر ساردن، ئەمە رەئی منە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەی لیژنە پەیوەندیدارەکان؟

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە وتوومانە لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر، ئەو سزایانەی لێرە هاتوون ئەگەر هاتوو لە قانونی عقوبات بۆ هەمان تاوان سزایەکە توندتر بوون، سزا توندەکەیە لەوێ، وەڵامی جەنابی وەزیر زۆر لەو یاسایانەمان هەیە کە فەسلێکی تایبەت بە سزاکان دادەنێین کە زۆر جار لە ناو قانونی عقوبا تدا هەیە یان نییە، بەڵام لێرە وەکو تەکمیلە ئەو عقوباتانە دادەنرێت کە ئەسلە بۆ تەحدید کردنی سزاکان و ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەگەر دیقەت بدەن دەڵێین لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەر سزایەکی توندتر، واتە ئەی مەحاکم ئەوە لێرە سزامان نەدیاری کردووە، بەڵام ئەوەی درکی پێنەکرابێت یان لە ناو عقوبات توندتر بێت و عیبرە بۆ ئەوەی کە لەناو قانونی عقوبات هاتووە، بەڵام هەڵگرتنی ئەو ماددەیە فەراغی یاسایی دروست ناکات و دەکرێت هەڵبگیرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ویستم ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەم و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لێرە ئەمە قانونی خاسە و چەند عقوباتی خاس بۆ حاڵاتی خاس دانراوە کە لە قانونی عقوبات بەم شێوەیە نەهاتووە، بۆیە لێرە ئەگەر ئەم مادەیە لابرێت، هیچ ئیشکال دروست ناکات، بۆیە داواکارم بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر لێرە عقوبە هەبوو ﴿ القازی يقيد العام﴾ قازی ئیش بەمە دەکات و ئەگەر نەبوو دەگەڕێتەوە بۆ قانونی عقوبات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلف فەرموو،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك بۆ ئەوەی کە ئیشکالی لەسەر، لەگەڵ پیادەکردنی هەر یاسایەکی تر وەکو یاسای سزادانی عێراقی کە دەقنووس کرابێت پیادە بکرێت نەك بڵێت پێشێل نەکردنی سزایەکی توندتر، لەگەڵ پیادەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە سزادانی عێراقی یان هەر یاسایەکی تر کە دەقنوس کرابێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بزانین رای لیژنە پەیوەندیدارەکان چییە؟ د. ڤالا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا ابراهيم فريد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی گرنگی ئەو ماددەیە هەیە لە لایەن ئێمە وەکو پسپۆر، تەنیا ئەوەیە هەر سزایەکی توندتر لە قانونی عقوبات یان هەر قانونێکی تر ئەوەیە مەحاکم مولزەم بکەین پێ، بۆیە لێرە زەمانێکی زیاترە ئەوەی هە یە لە ناو ئەو بابەتە بۆ ئەو خەڵکەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن کاری چاندن و گواستنەوە، هەر سزایەکی توندتر لەبەر ئەوەی دەقیقە و شتێکی نامۆش نییە و لە سزای زۆربەی وڵاتان هاتووە نەسێکی وا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەخەینە دەنگدانەوە، وەکو باس کرا ئەم دەقە هەر وا نەهاتووە بەو شێوەیەی لە یا ساکە، بەڵکو زەرورەتێك هەبووە، بۆ ئەوەی سزایەکی قورستر لە یاساکانی تر هەبوو بۆ ئەوەی لە لایەن مەحاکمەوە جێ بە جێ بکرێت، ئەو سزایانەی لێرە هاتووە نەبێتە کۆتا سزا، لە دەقەکانی تر قانونی عێراقی دەقی تر هات ئەم دەقانە پەیڕەو بکرێت و دەخەینە دەنگدانەوە و کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی د. ڤاڵا وتی راستە، ئەوەی من باسم کرد لەگەڵ پیادە کردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یا ساکاندا هاتووە، ئەم دەقە دێری دوایی هیچ مانایەك نادات، ئەو تاوانانەی لەو ماددەیەدا دێن دەقیان لە سەر کراوە، ماناکەی لە راستی دا روون نییە، بوترێت ئەو تاوانانەی لە ئەنجامی پابە ند نەبوون بە حوکمەکانی ئەو یاسایە رو دەدەن و ئەو سزایانەی دەبێت کە لە ماددەکاندا بۆیان دیاری کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەبێت بڵێین ئەو ماددا نەی لەم بە شەدا هاتووە، مەبە ست بە شی سزاکان، جارێ دەخەی نە دەنگدا نەوە، کێ لە گەڵ ئەوە یە کە ماددە کە لابرێت؟ ﴿13﴾ کەس لەگەڵیدا یە، کێ لە گەڵ ئەوەدا یە بمێنێتەوە؟ ﴿23﴾ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێت، کەواتە دەمێنێتەوە، سیاغە دەکرێتەوە د. ڤاڵا؟ بەڵێ ، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو کەسەی تەرجومەی ئەم یاسایەی کردووە هەر ئەو کەسەیە پێڕەوە کۆنەکەی تەرجو مەی کردووە، زۆر نامەفهومە هەر بخوێنەوە بە دوو دەقە تەرجومەی دەکەیەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، راستە، کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فايق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا خۆت قسەیەکت کرد و د. ڤالاٌ وتی هەر ئەم سیاغەیە عەیبی نییە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤالا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم، ماددەی حەڤدە، ئەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووس کراون ڕێگر نین لە پیادە کردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسای سزاکان و هەر یاسایەکی تر دەقیان لەسەر کراوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿38﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێت، کەواتە پەسەند کرا، کاك تحسين فەرموو،

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دوو جار خرایە دەنگدان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نە، جارێک یان بۆ ئەوەی بمێنێت یان نەمێنێت، ئەمجارە سیاغەکەی خوێندرا یەوە و خرا یە دەنگدان، ماددەی هەژدە، د. ڤالا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەم، یەکەم، هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بەشێکی بە مەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە ماددەکانی ﴿3 و 4 و 5 و 7 و 9﴾ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانی لە ﴿10﴾ی ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە ﴿10﴾ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە ﴿50﴾ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بە زیندانی کردن بۆ مامەوەیەك لە ﴿7﴾ ساڵ زیاتر نەبێت.

دووەم: ئەگەر ئەم کارەی لە بڕگەی پێشوو ئاماژەی پێکراوە ببێتە هۆی مردنی کەسی بەخشەر سزایەکەی دەبێتە زیندان بۆ ماوەی ﴿15﴾ ساڵ و غەرامە لە ﴿50﴾ ملیۆن کەمتر نەبێت و لە ﴿100﴾ ملیۆن زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناوەرۆکی بڕگەکەدا، بە زیندانی لە دەهـ ساڵ زیاتر نەبێت و دوایی زیندانی بۆ ماوەیەك لە حەفت ساڵ زیاتر نەبێت، پێشنیار دەکەم حەفت ساڵ لا ببرێت و لە دەهـ ساڵ زیاتر نەبێت بمێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وا یە ئی شکالییەتی زۆر مان هە یە لە سەر ئەم مادده یە، بۆ یە هـ یوادارم هاورێکا نمان لە لیژ نە تایبەتمەندەکان لەگەڵمان بن، بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ببورە نوقتەی نیزامی مان هەبوو، د. ڤاڵا فەرموو،

بە داوای لێبوردن لە بەڕێزتان و ئە ندامان ئە مە د یارە هە ڵەی مەتبەعی یە، ماددەی یە کەم و دووەم بەم شێوەیەیە، ماددەی هەژدەم، یەکەم، هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بە شێکی بە مەبە ستی چاندن بە پێچەوانەی حوکمێك لە ماددەکانی ﴿3 و 4 و 5 و 7 و 9﴾ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوا سزا دەدر ێت بە زیندانی لە ﴿10﴾ی ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەیەك لە ﴿10﴾ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە ﴿50﴾ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت،﴿ئەوەی دوای هاتبێت هەلەی مەتبەعییە﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لەو مادەیە و لەهەموو ئەوەی لە دوای دێت لە سزاکان، کێشەی زۆر مان هە یە و پێوی ستی بە لێ وردبوونەوەی زیاتر هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە، ئە گەر سەیری بکەی هاتووە هەر کە سێك ئە ندامێکی مرۆیی لە حوکمەکانی ماددەکانی ﴿3 و 4 و 5 و 7 و 9﴾، ماددەی ﴿3 و 4﴾ کە لە پێ شتر پە سەندمان کردووە با سی با بەتێك دە کات ئە ندامی جە ستە کە بە ئی کراه لێ وەردە گری و پێ شتر رەزامە ندیت وەرنەگرتووە، بەڵام ماددەی ﴿7﴾ مەسەلەی فروشتنی ئەندامی جەستەیە و ماددەی ﴿9﴾ باسی جەستەی مردووە کاتێك جەستەی مردووە دەگوازییەوە، ئایا مەنتقی تێدایە هە یە هەموو ئەما نە بە یەك عقو بە موحاکەمە بکرێت، جەستەی مردوەێك کە مردووە هەمان عقو بەی هەبێت لە گەڵ کە سێك کە زی ندووە بەبێ رەزامە ندی خۆی بە شێکی جە ستەی لێ وەر گیراوە؟ دەبێت زۆر بەدیقەت لە سەر ئە مە راوە ستیت، نەوعی عقو بەکان کە دەهـ ساڵ و سەد مل یۆن و پەنجا مل یۆن، من دڵن یات دە کەم کە یەکێك لەو

نە شتەرگەرییانەی زۆر بەربڵاوی لە کورد ستان دەکر ێت دوای تەتبیق بونی ئەم قانو نە نامێنێت و کام دکتۆر خۆی تووشی ئەم موخاتەرەیە دەکات؟ هەمووی غامز نییە ، روون و ئا شکرا نی یە، غامزە، ئێ مە لە قانونی مەدەنی هەمانە، ﴿التزام طبيت ب بلز العناية ليس بتحقيق الغاية﴾، هەوڵ و کوششی خۆی دەخاتە گەر ئەگەر حوسنی نیەتی هەبێت ، لێرە ئیلتیزا می زۆری جی نائی درو ست کردووە و هەموو حاڵە تەکان تێکەڵ کراوە و عقوبەکان زۆر توندە، بە راستی ئەگەر سەیری بکەی دەبینین جۆرێك لە تێکەڵ کردن، بە یەك ساید سەیری هەمووی کردووە و تەر و وشکی پێکەو سوتاندووە، بۆیە بە روخسەتی برادەرا نی لیژ نە پەیوەندیدارەکان و وێڕای تەقدیر کردنی ماندوو بوونیان و وێڕای ماندوو بوونیان بەم قانونانە بە را ستی تا لێرە تێنەگە شتووم، وتم لەوانە یە لە بەر ئەوە بێت کە ئیختیسا سی من نی یە، بەڵام لەو ماددا نە ئیختیساسی منە و هەست دەکەم لە پێناو سەلامەتی ئەم یا سایە، لە بەر ئەوەی تەعامول لە گەڵ عقو بە دەکەم کە سجنی هەتا هەتایی تێدایە و دوایی دەڵێت با سزایەکە بخوێنم کە شتی وا ل دونیا نییە و دەڵێت، سزا دەدرێت لە دەه ساڵ زی ندانی ز یاتر نەبێت و غەرا مەی لە دەه ملیۆن ز یاتر نەبێت، ئە مە قانونی عقوباتی عێراقی، ئەگەر کەسێك عقوبە بکرێت یان سزا بدرێت لە ئاخیری دەڵێی بە یەکێکیان یان بە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتت تەواو بوو، بەڵام قسەکانت تەواو بکە، فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەم قەوانینی عقوبات کە باسی عقوبە دەکرێت دوو عقو بە دادەنێت، ناکر ێت ئیجباری قازی بکەی و هەم سجنی 10 ساڵی بکات و پارە کەش وەربگر ێت، دەکر ێت ﴿10﴾ ساڵ سجن بکر ێت و مەجبور نیە غەرامەکەی بدات، کەواتە دەسەلاتی سوڵتەی تەقدیر بدە یە قازی و هەردووکیان یان یەکێکیان دابنێی و لێرە لە هەموو عقوبەکان هەردووکی ئیجبار کردوە چونکە ﴿واو﴾ هەیە و هیچ سوڵتەی تەقدیری بۆ قازی نەهێشتووە، بۆیە زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوەی باش دیار سە نەکراوە، دەکر ێت ئەم بابە تە هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ خەڵکی پسپۆر و قازی موختەس ئەم بابە تە باس بکر ێت لە پەر لەمان، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت بە راستی ترسام کە ئەم سزایانەم خوێندەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی د. فرست دەکەم بە رای من دەبێت ئەم یاسایە بگوازرێتەوە کە بە زی ندانی کردن لە دەه ساڵ ز یاتر نەبێت، دەکر ێت یەك رۆژ زی ندانی بکر ێت یان مانگێك و دوو مانگێك و یەك ساڵ، بە لایەنی کەم و زۆری زیندانی دیاری بکرێت و ئەگەر ئەم سزا ماددیا نە بەردەوام بێت ئە گەری گۆرانکاری

بەسەر پارەی دراوی عێرقیدا هە یە و مادده یەك ز یاد بکر ێت و  هەر گۆڕانکار یەك بە سەر دراوی عێرا قی بێت، سزا مادد‌ییەکانی هاوتا دەکرێن و  بە پ ێی نر خی دراواە نوێیە کە، ئە مە وەك مادده یە ز یاد بکر ێت، چونکە لا بردنی سفر لە دراوی عێراقی ئەگەرێکی زۆرە، بۆ نموونە لە پێڕەوی  ناوخۆ دەڵێت  هەر ئە ندام پەر لەمانێك ئا مادە  نەبێت دوو  سەد دی ناری لێ وەردەگیر ێت  تا ئێ ستا  نەیتوانیوە  سزای  یەك ئە ندام پەرلەمان بدات لەسەر ئەم بابەتە و ئەگەر دراوی عێراقی گۆڕا چۆن هاوتای بکەینەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شکریە خان فەرموو،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو عقوبە توندانەی کە دانراوە لەم یاسایە بەڕاستی زۆر توندە، پێموایە ئەمە لە مەسلەحەتی نەخۆش نییە، لە مەسلەحەتی هیچ کەسێك نییە، بۆیە لە عقوبە (یان) بێت، ئەو (واو)ە بەڕاستی هەڵەیەکی گەورەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەی کە دانراوە لە یاساکە من پێم باش نییە، بەلاَم شتێکی گونجاوترمان لەبەر دەستدایە ئەویش کە وەلاَمی نووسینگەی ڕاوێژکاری دەستووری ئەوان شتێکی باشتریان نووسیوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەکان سەیرێکی بکەن، ئەمان عقوبەکەیان گونجاوتر و شیاوترە کە دایانناوە بە تایبەتی لە بڕگەی یەکەم کە دەڵێ هەر کەسێك نەشتەرگەریەك لە نەشتەرگەریەکانی گواستنەوە یان چاندن لە دامەزراویەك جگەلە لەو دامەزراوە پزیشکییانەی کە مۆڵەت دراون ئەنجام بدرێت لەگەڵ پێ زانینی تاوەکو کۆتایی، ئەگەر خۆیان بیخوێننەوە ئەمان شتێکی گونجاوتریان نووسیوە، منیش ئەمە بە باش دەزانم، پاڵپشتی (د.فرست) دەکەم کە تەئجیل بکرێ مەسەلەی عقوبەکە، چونکە بەڕاستی عقوبەکان یان ئەوەیە بگۆڕێن، بەلای کەمەوە ئەو (واو)ە لابرێ و بکرێ بە (یان)، باشتریش وایە ئەم بڕگەی یەکەم ئەوەی ڕاوێژکاری دەستووری پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو حیاة فەرموو.

**بەڕێز حیاة مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیری کردنم لە قسەکانی (کاك د.فرست) و هەڤالاَنی ترم، خاڵەکەی من زیاتر لەسەر مەسەلەی دووجار زیندانیەکە بوو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕاستی کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە سزاکە ئەگەر هاتوو دکتۆر کەم تەرخەم بوو سزا درا بەم سزایە، دکتۆر بۆی نەبێت پاش بەربوون یان سزای غەرامە بۆی ماوەی دوو ساڵ کار بکات، واتە سڕ بکرێ لە ئیش و کارەکەی لەو کەم تەرخەمیەی خۆی کە لە رابردوودا هەی بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرمووو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(کاك د.فرست و کاك عمر حاجی عینایەت) قسەکانی منیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لە (کاك د.فرست) و بەڕێزان دەکەم، (د.ڤالا) تێبینیەکەی منی گوت، بەلاَم من یەك تێبینی ترم هەیە، ئەندامێکی مرۆیی زۆر دووبارە بۆتەوە لە ناو ماددەکان، مرۆیی سیفەیە لێرە، ناگونجێت، دەبێ بگوترێت ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ، جیایە لە ئەندامێکی مرۆیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سوهراب فەرمووو.

**بەڕێز سوهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئەڤ یاسایە هەمی حەساسە ب تایبەت ئەڤە بەشی پێنجەم سزاکان، ل بارەی ئاخافتنێت (د.فرست صۆفی) ئەز دگەل دامە، بە تەنیا ئەو نەبیت کو ئەز دگەل هەندێمە هەر سزایەکا توندتربیت ئەو ل ڤێرێدا بێتە نڤیسین، یا دیتر بۆ وێ ئیشکالێ کو ئەم حەلّ بکەین، چارەسەر بکەین، هەر ماددەیەکێ سێ، چوار، پێنج، حەوت، نەهـ، ئەم سزایەکی جودا بۆ دانێین، یەعنی پێکڤە گرێ نەدەین، ماددەیا سێ سزایەکا جودا، چوار هەر وەسا، یا دیتر ئەز هۆسا من تێبینی کر فارقێکی گەلەك مەزن هەی، جیاوازیەکا گەلەکا مەزن هەی دی غراماتەدا، یەك گوتیە ل (10)ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و ل (40) ملیۆن پتر نەبیت، ل (50) ملیۆن کەمتر نەبیت و ل (100) ملیۆن دینار پتر نەبیت، ل (100) کەمتر نەبیت و ل (150) ملیۆن دینار پتر نەبیت، ئەڤ فارقە گەلەکە، بێتە نزیك کرن، بۆ نموونە ئەگەر مە گوتی ل (100) ملیۆن

دینار پتر نەبیت، بلا (70، 80) ملیۆن بیت، نەگاتە (50) ملیۆن، تاوەکو ئەو سزایە پیچەکی پتر لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز (د.فرست) دەکەم، بە تایبەت ئەو پرسیارەی کە ئایا سزاکانی کە بۆ کۆمەڵێك ماددەتان کراوە کەوا سێ، چوار، پێنج، حەوت، نۆ، هەموویان هەر یەك سزایە بە مەرجێك هەر یەك لەوانە تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن (د.فرست) ئەوەی لە دڵی من دا بوو گوتی، زۆر سوپاسی دەکەم، زۆر سوپاسی ئەو برادەرانەش دەکەم کە پشتگیری (د,فرست)یان کرد، ئێمە لە ساڵی (2007)ەوە بە ئیمکانیەتی خۆمان دەستمان کردووە بە چاندنی گورچیلە، تاوەکو ئێستا دوو هەزار کەس چاندنی گورچیلەی بۆ کراوە، من لە ساڵی (2011) لە تەندروستی سلێمانی گوتم ئیتر نابێت بۆ بەخشەری بکەین، یان دەبێ خزم و کەس و کاری بێت، یان نابێت بۆ بەخشەری بکەن، سێ، چوار کەسی نەخۆش هاتن گوتیان کاك دکتۆر نەخۆشەکەمان مرد تۆ مەسئولیت، چونکە دکتۆرەکان ترسا بوون، تۆزێك ئیجرائاتمان کردبوو، مەسەلەن نفوسمان هێنابووە ناو هینەوە، پۆلیسمان هێنا، من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئیجرائات نەکرێت، بەڵام ئەمە قانونێك هەیە قانونی عقوباتی عێراقیە ماددەی (111)ی ساڵی (1969)، من پێموایە ئەم یاسایە ئەگەر بەو سزایانە بڕوات نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە ئیتر لە کوردستاندا ناکرێت، یەعنی شتەکان زۆر سارمە، دوای ئەو هیچ دکتۆرێك ئەوانەی کە ئەمە دەکەن هەموو دکتۆرایان هەیە لە چاندنی گورچیلە، هەموویان مامۆستای کۆلیژن، هەموویان عیادەکانیان رۆژی (50، 60) نەخۆشیان هەیە، هیچیان پێویستیان بەمە نییە، ئێستا تازە خەریکین ئێمە کوڕی گەنج فێر دەکەین، ئەوانیش پێویستیان بەوە نییە، دکتۆرێك دکتۆرای نەهێنابێ نایەڵین دەست کاری ئەم عەملیاتە بکات، (د.عبدالله جاسم) دەزانێت کێن ئەوانەی کە ئەوە دەکەن لە روادەکانی دکتۆرەکانی پرۆفیسۆرەکانی ئەم ولاتەن، ئێستا تۆ دەڵێی واللە (30) ساڵ، چونکە بەراستی ئەمە مەوزوعێکە من دیفاع لەوە ناکەم تۆ بە زۆر گورچیلەت دەربێنی، هیچ دکتۆرێك ئەوە ناکات، قانون هەیە، یاسا هەیە، بەڵام بەراستی ئەگەر ئێمە بەم هینە بڕۆینە خوارەوە ئیتر ئێمە دوای نەفازی ئەم قانونە چاندنی گورچیلە یان ناکرێ، یان زۆر کەم دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا غریب فەموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕوویەکی ترەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەو سزایانەی کە هاتوون کە لە ماددەی (17)ەوە تاوەکو ماددەی (24) کە هەشت ماددەیە هەمووی باسی سزایە، سزای غەرامە و سزای زیندانی زۆرتر جەخت لە بابەتی حەقی (عام)ەکە کراوە، هەست دەکەم حەقی (خاص) تێیدا فەرامۆش کراوە، کە ئەمەش بابەتێکە پێویستە لە یاساکە ئەگەر ئەمە جێگیر بوو حیسابی بۆ بکرێت، ئێمە وا دانێین پزیشکێك گورچیلەیەکی دەرهێنا بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی وارسەکانی وەکو لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا لە یاساکەدا، یان پێش دڵنیابوون لە مردنی نەخۆشەکە، ئەمانە وەکو حەقی (عام)یان تێدایە، حەقی (خاص)شیان تێدایە، تۆ کاتێك کە دێی ماددەکان دەخوێنیتەوە باسی سزا دەکەی غەرامەی ئەوەندە بکرێت و ئەوەندە زیندانی بکرێت هەمووی حیسابی حەقی (عام)ەکە بە گشتیی کراوە، لەو حاڵەتانەدا مافی کەس و کاری مردووەکە چییە؟ یەعنی ئەم هەموو غەرامە دەچێتەوە خەزێنەی حکومەت ئەی ئەو نابێت پێ بژاردنێك هەبێت مەسەلەن کە بۆتە هۆی مردنی ئەو کەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سرووود فەرموو.

**بەڕێز د.سرووود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی (د.فرست) دەکەم، هەروەها لەسەر قسەی جەنابی وەزیر دەمەوێ ئیزافەیەکی بچووك بکەم، کە فیعلەن بەو عقوباتانە هیچ عەملیاتێك لێرە ناکرێتەوە، ئەو قانونە دەبێتە سەبەب کە خەڵك فیعلەن بڕواتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بڕواتە (هند، تورکیا، ئێران) پارەی وڵات بڕوات بۆ دەرەوە، هەروەها پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی زۆر وازح نییە لای من، کە دەڵێ هەر کەسێك، یەعنی لە سێ شوێن هاتووە ئەو کەسە مەقسەدتان چییە، یەعنی بەس لەبەر ئەوەی لە عەملیاتەکە مەجموعە ئەشخاصمان هەیە، (الشخص الذي قام بالاستئصال)مانە هەیە، (الشخص الذي شارك بالاستئصال)مان هەیە، یاخود زەرع، وەسیتمان هەیە (من قام بالاعلان والتحاير و الاكراه)مان هەیە، ئایا کە دەڵێ هەر کەسێك شمولی هەموویان دەکات یان بەس جراحەکان دەکات؟ ئەوە یەك، ئەگەر شمولی هەموویان دەکات هەموویان عەینی عقوبەیە، یان دەبێ بکرێتە بەش، بەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو زوڵفا فەرموو.

**بەڕێز زوڵفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا نەبوونی یاسا وای كردووە كە ئێستا من دەتوانم لێرە ناوی چەند نەخۆشخانەیەك بێنم كە خۆیان بوونەتە دەلاڵێك بۆ كڕین و فرۆشتنی ئەندامەكانی لەش بە تایبەتی گورچیلە كە ئێستا لە كوردستاندا دەكرێت، بەڵێ، ئێمە وەكو لیژنە لەگەڵ ئەوەداین كە ئەم سزایە زۆر قورسە، بەلاَم لە تەسنیفی ماددەكاندا كە چەند ماددەیەك بە یەكەوە كۆ كراوەتەوە، پێموایە كێشەشی نییە، چونكە لە دوای ئێمە بە لیژنەی یاساییدا تێپەڕیوە، هەروەها دڵنیام ئەوان زۆر بە وریای كاریان لەسەر كردووە، كە ئەوان (11) كەسن هەموویان پسپۆڕن لە یاسادا، ئەگەر پێویستیش بێت ئێمە دەتوانین هەر لە هۆڵی پەرلەماندا چارەسەرێكی بكەین لە كەم كردنەوە سزاكاندا، ئەگەر نا پێمانوایە تەسنیفەكە كێشەیەكی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە یەكێك لە هەدەفەكانی كە ئەم یاسایەمان بۆ داناوە بریتی بووە لە مەنع كردنی ئەو سلوكانەی كە لە ماددەكانی (3، 4، 7، 9) تەجریم كردنیان هاتوون، بۆیە لابردنی ئەمە ئەوە بە هیچ شێوەیەك جائیز نییە، یەعنی بەشی سزاكان دەبێ هەبێت، بەلاَم سەبارەت بەوەی كە سزاكان زۆرن كە هیچ دكتۆرێك ئامادە نییە بیكات، دڵنیابن ئێمە لە لیژنەی یاسایی قانونی چەند ولاَتێكمان لەبەر دەستدا بووە لە سزاكان ئینجا هاتووین ئەم سزایانەمان داڕشتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە پێشنیاری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەوڵەمەند بكرێ ئێمە ئەوەی كە مومكین بێت جێگای دەكەینەوە لێرە، سەبارەت بەوەی كە ماددەكانی (3، 4، 5، 7، 9) یەك موعامەلە كراون، من پێموایە یەك موعامەلە نەكراون، چونكە ئێمە دەڵێین بە زیندانیەك بۆ ماوەیەك كە لە (10) ساڵ زیاتر نەبێت، سولتەیەكی تەقدیریمان داوە بە قازی كە دەڵێی زیندانی یەعنی لە (5) ساڵ كەمتر نییە، ئێمە حەدی ئەعلاكەمان بۆ دیاری كردووە كە (10) ساڵە، بۆ خۆی زیندانی كاتی (5) ساڵ بۆ (15) ساڵە، بەلاَم ئێمە حەدی ئەعلاكەمان بۆ دیاری كردووە، كەواتە حەدنی ئەدناكەشی دیارە كە دەڵێین زیندانیەك واتە لە (5) ساڵەوە بۆ (10) ساڵ قازی دەستی كراوەیە، واتە وەك یەك تەعامول نەكراوە، هەروەها غەرامەكەش بە هەمان شێوە حەدی ئەعلا و ئەدنای دیاری كردووە، سەبارەت بەوەی كە هەردوو عقوبەكەشمان دیاری كردووە، ئەوە شتێك نییە بەس ئێمە كردبێتمان لێرە، لە قانونی عقوباتی تریشدا لە زۆر یاسای تریشدا هەیە هەردووكیان بە یەكەوە دادەنرێت، ئێمە زۆرتر تەركیزمان لەسەر ئەوەبووە كە ئەم عقوبانەمان ئەگەر بەو شێوەیەی كە جەنابتان بە توندی دەزانن، توند دانراوە بۆ ئەوەبووە كە یاساكە هەدەف خۆی بپێكێ، هەروەها سەبارەت بەوەی كە یەك رۆژ

زیندانی بکرێ ئەوە روونم کردەوە، زیندانی کردن لە (5) ساڵەوە دەست پێ دەکات، ئەوەی ئەندامێکی مرۆیی بگۆڕێت بە ئەندامی جەستەی مرۆڤ ئەوە پێشنیارێکی بەجێیە، بێگومان هەر کەسێك، کە دەڵێی هەر کەسێك واتە هەر کەسێك کە لەو عەمەلیە بەشداربووە، لەو عەملیەیەی کە لە ماددەکانی (3، 4، 5، 7، 9) هاتووە، بڕیاری دواییش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە لە تەئجیل کردن و تەئجیل نەکردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شرین فەرمووو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار لە ڤێرێ ئەڤەیە ئەگەر دکتۆر سەرپێچی نەکات بۆ لە سزا بترسیت، بۆ عەملیات نەکات، یەعنی با سزای هەبیتن، بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش شتێك دەگێڕمەوە ئیحتیماله تۆزێك لە بابەتیش دوور بێت، بە یارمەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دکتۆرێك لە هەرێمی کوردستان بووە ئەگەری کە کوڕێك گەنجێك بە تەمەنی (24) ساڵ هەردوو چاوی کوێر بوو بە کەفالەتی (5) ملیۆن دینار کەفالەت کرا و ئێستا لەسەر میلاك وەزارەتی تەندروستی دەوامی خۆی دەکات و هیچ سزاش نەدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمووو.

**بەڕێز د.رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێك هەیە ئێمە میللەتێکی موسڵمانین، ئێمە وەسیلەین، شیفا خوا دەیدات بە نەخۆش ئەمە یەك، دووەم: لە هەموو دونیادا لەوانەیە ئەوانەی لێرە دکتۆرن دەزانن شتێك هەیە پێی دەگوترێت غەڵەتی توبی، هەڵەبت من دیفاع لە غەڵەتی توبی ناکەم، لە هەموو دونیادا ئەو حاڵەتە تەبعەن ئەو حاڵەتی کە (د.شرین) باسی دەکات من خۆم موتابەعەم کردووە، دەشزانم، موعامەلەم بۆ نەخۆشەکەش کردووە بچێتە دەرەوەی وڵات، ئەو دکتۆرە کەم تەرخەمە، تۆ کە یەکێك کەم تەرخەمی دەکات، یەکێك کە جەریمەیەك دەکات حەواڵەی دادگای دەکەیت، مەحکەمە بڕیار دەدات چی دەکات، خۆ تۆ ناکرێت بە حاکمەکە بڵێی کەس ناتوانێ لەم وڵاتە دەسەڵاتی دادوەری لەم وڵاتە حورە، لەم وڵاتە سەربەخۆیە، خۆ (د.رێکەوت) و سەرۆکی سەحە و کێ و کێ ناتوانێت بڵێ ئێوە عقوبەکەی ئەوا لێ بکەن، ئێمە هەر کەسێك قانونی خۆمانمان هەیە، لیژنەی لێکۆڵینەومان هەیە، ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوانە لە ساڵی (2011)ەوە نوێنەری داواکاری گشتیی تێدایە، ئەو سەرپەرشتی هەموو لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دەکات، کێ غەڵەتێکی توبی دەکات محامیەکان دەزانێ دەچێتە ژێر بابی قەتلی بە هەڵە، یان قانونی قەتلی غەیر عەمد، ئەوەی ئێمە دەیکەین،

ئێمە یاخود سزای دەدەین، یاخود ڕەوانەی دادگای دەکەین، کە ڕەوانەی دادگامان کرد ئیتر دادگا بڕیارمان بۆ دەدات چی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس وەکو ڕوون کردنەوە من مەبەستم ئەوەیە سولتەی تەقدیری کە دەدەیتە قازی، بەلاّم تۆ سەیر بکە سولتەی ئەوەی کە (د.بەهار) فەرمووی وابێت سولتەیەکی تەقدیری وات پێداوە قازی موخەول دەکەی لەوەی کە عقوبەی کەسێك کە مامەڵە لەگەڵ جەستەیەکی مردوو کردووە، لەوانەیە ئەگەر سولتەیەکی تەقدیری وا موتلەقی بدێ بە هیچ نەسێك موقەیەدی نەکەی زیاتر بدات لەوەی کە بە (اکراە) کەسێك جەستەی لێ وەرگیراوە، ئەمە لە قانون چۆن دەبێت، دوو حوکمی لە یەکتر جیاوازن، یەکێکیان مردووە، لە قانونی عقوباتیش کەسێك هێشتا زیندووە عقوبەی جیاوازە لەوەی کە جەستەی قەتیلێك بابڵێین تشویهی بکەی ئەوە یەك، دووەمیان: ئەوە پێنج سەد و چەند ماددەیە قانونی عقوبات، هەر هەمووی بەم شێوەیە هەر بۆ نموونە (یعاقب بالحبس مدة لاتزید علی سنة واحدة و بغرامة لاتزید علی مئة دینار أو باحدی هاتین العقوبتین)، هەمووی وایە، موتلەقەن لە هەر هەموو قانونی عقوبات وایە، کە هەردووکی دەنووسی غەرامە و سجن، یان غەرامە و حەبس، بەس لە ئەخیریش پەرەوایزێکی دێڵێتەوە، یان (باحدی هاتین العقوبیتن)، یەعنی یەکێك لەو دوو سزایە، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە لەوەی کە نامەوێ ماددەکان تەسەلسولەکەی تێك بدەم، ئەگەر نا کە دێیتە سەر ماددەکانی (18، 19) و ئەوانەش دیسان لەوێ ئیشکالمان هەیە لە سەپاندنی عقوبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، من قسەی زۆرم هەیە بیکەم لەسەر کەرتی تەندروستی و وەزیر و وەزارەتی تەندروستی، بەلاّم نایکەم، چونکە بۆ کاتێکی تری هەڵدەگرم و بابەتی ترم هەیە، سێ توێژ هەیە لە کۆمەڵگا کە دکتۆر و سیاسی و ڕۆناکبیرن، ئەم سێ توێژە ئەگەر خیانەت لە ئەرکەکەی سەر شانیان بکەن کۆمەڵگا هەرگیز چاك نابێت، لە کوردستان ئەم کێشانە زۆرە، لە ئەڵمانیا سیستەمی تەندروستی بە جۆرێکە کە دکتۆرە ئەڵمانەکان دەیانەوێ لە ئەڵمانیا تەعین نەبن، بچن بۆ شوێنەکانی تر، چونکە سیستەمەکە زۆر قورسە، مەجالی غەڵەت و کەم تەرخەمی و ئەمانە نادات، یەکەم: سیستەمە، دووەم: دکتۆرە، سێیەم: دەرمانە، چوارەم: ئەجهیزە و بینا و ئەوانەیە، نەخۆشخانە بریتیە لەمە، لەبەر ئەوە سیستەمی ئەڵمانی

زۆر توند و تیژە دکتۆرەکان هەوڵدەدەن بڕۆن لە بەلجیکا و سویسرا و لەو وڵاتانە تەعین بن، چونکە سیستەمەکەیان نەرمترە، پێویستە سیستەم لێرە زۆر توند و تیژ بێت، مەجال بەوە نەدات دکتۆرێك هیلاکە، دکتۆرێك کەم تەرخەمە، دکتۆرێك کوڕی فلانە، دکتۆرێك کوڕی فلان عەشیرەتە، ئەمە خەتەرێکی گەورەیە لە سیستەمی ئێمە کە پێویستە چارەسەر بکرێ، مەجالی تێدا نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی حەلێکی وەسەت بدۆزینەوە و زیاتریش سولتەی تەقدیری بدەین بە مەحاکم، چونکە ئێستا باشترین تەوجوهی ئەوەیە کە موشەریع عادەتەن سولتەی تەقدیری لە هینی سزاکان دەدات بە مەحاکم، بۆیە من پێم باشە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بەشێکی بە مەبەستی چاندن، بە پێچەوانەوەی حوکمێك لە حوکمەکانی ماددەکانی (3، 4، 5، 9)ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوە بە حەپس کردن یان زیندانی کردن سزا دەدرێت و ئینجا غەرامەیەك، واتە بە پێی قورسی و سووکی جەریمەکان حاکم لێرە سولتەی تەقدیری هەیە لە بەینی حەپس و لە بەینی سجن، ئینجا (واو) غەرامەیەك کە لە (10) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (50) ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، لە غەرامەکە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام مەسەلەی سزادانەکە دەتوانین بۆ حەل کردنی ئەو کێشەیەی بە حەپس و بە سجن عیلاجی بکەین، حەپس: حەپسی بەسیت هەیە، حەپسی شەدید هەیە، لێرانە مەبەستمان دەبێ تەبعەن ئەو حەپسەی کە لە(3) مانگ زیاترە تا دەگاتە(5) ساڵ، ئینجا لە (5) ساڵ بۆ (15) ساڵ ئەوەیان بە سجن دادەندرێت کە لە دەسەڵاتی حاکم دایە لێرە بە پێی شەدیدی و سووکی جەریمەکە تەعامول لەگەڵ تاوانبار بکات، کەسی تاوانبار، بەڵێ، حەپسی شەدید لە بەینی (3) مانگ تاوەکو (5) ساڵە، (5) ساڵ و یەك ڕۆژ تا دەگاتە (15) ڕۆژ ئەوەیان سجنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە لە غەرامەش دەبێ جیاوازی بکەین، ئەو غەرامانەی بۆ حەپسی بەسیت دانراون جیاوازن لەو غەرامانەی کە بۆ حەپسی شەدید، بە هەمان شێوە سجنی موەقەت و ئەوانەش، بەڵام ئەوەی تریان سەیربکە بڕگەی حەوت کە دەڵێ ماددەکانی (3، 4، 5، 7، 9)، تۆ سەیری ماددەی (21) بکە دیسان لەوێندەر دەڵێ عقوبەیەکی جیاوازی بۆ ماددەی حەوت داناوە، یەعنی ئێستا لە ماددەی حەوت دوو عقوبەی

جیاواز وەردەگریت، هەر لەبەر ئەوە من دەڵێم پێموایە هێمن تر دەبێ ئەمە دیراسە بکرێتەوە، ئەوە (د.ڤالآ)ش باسی کرد نازانم لە رووی قانونیەوە ئەگەر ئیشکال نەبێت ئەوەیان لەوانەیە موعالەجەیەکی وەسەتی بێت، یەعنی تەحدید نەکرێت، یەعنی ئەگەر سابیقەی هەبێت لە قوانینی دیکە، پێموایە حەلێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە، لە ناو قانونی عقوبات زۆرجار جەمعی کردووە لە بەینی حەپس و سجن و سولتەی تەقدیری بۆ مەحاکم بەجێ هێشتووە، بەڵام من پێموایە هەتا لە غەرامەکەش لێرە کە تۆ لە بەینی (10) ملیۆن دینار بۆ (50) ملیۆن دینارت داناوە ئەویشیان سولتەی تەقدیری مەحاکمە کە لە نێوان ئەو حەدی ئەعلا و حەدی ئەدنایە دەتوانێت تەحدیدی ئەو هینە بکات کە بۆ خۆی مەبەستیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر کەسێك ئەندامێکی مرۆیی یان بەشێکی، باسی شانە نەکراوە، لە باسی ماددەکانی پێشوودا باسی شانەشمان کردووە، ئیتر شانەش داخل بکرێت لێرە، دووەمیش ئەگەر لە ڕێگای جەنابتەوە بە لیژنەی یاسایی دەڵێم حەپس واتە (بەند کردن)، سجنیش واتە (زیندانی کردن)، بۆیە لە ناو قەوسدا بنووسرێت بۆ ئەوەی ببێت بە باویش بۆ لەمەو دوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوْفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس یەك تێبینی بچووکم هەیە بۆ بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان، پێموایە مادام حەپس و سجن بە مەفتوحی دەهێڵینەوە، با غەرامەکەش وای لێ بکەن بۆ ئەوەی تووشی ئیشکال نەبین بڵێ بە غەرامەیەك لە (50) ملیۆن زیاتر نەبێت، حەدی ئەدنای دامەنێن، بەس حەدی ئەقاسەیەکی بۆ دابنێن باشترە، چونکە لەوانەیە بە (5) ملیۆن ئیکتیفا بکات لەبەر حاڵەتێکی ئەوەبێت، لە (50) ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەوە باشترە بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەكان، لە ماددەی (16) لە بڕگەی دووەم ئیزافەیەكمان هەیە، بێ گومان قەبول كردنی كۆتایی بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، لە بڕگەی دووەم بڵێین ئەگەر ئەم كارەی لە بڕگەی پێشوو ئاماژەی پێ كراوە ببێتە هۆی مردنی كەسی بەخشەر یان مەبەست لە گواستنەوەكە بازرگانی بوو ئەوە سزایەكە دەبێتە زیندانی كردنی هەتا هەتایی و غەرامەیەك كە تەنها حەدی ئەعلایەكەی دیاری دەكەین لە (75) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، واتە لێرە ئەگەر هاتوو بووە هۆی مردن و ئەگەر هاتووش گواستنەوەكە بە مەبەستی بازرگانی كردن بوو بۆ مەنعی تیجارەتە زیندانیەكە بكەینە هەتا هەتایی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەم جەنابی (د.فرست) و هەم هەندێ لە برادەرانی تر و منیش هەندێ سەرەنجمان دا بە بەڕێزتان، لە ڕێگای بەڕێزتانەوە بۆ لیژنەی یاسایی، نازانم سیاغەكە چۆن دەبێ، بۆمان بخوێننەوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەین بزانین ئاخیر سیاغەیان چۆنە، بزانین بە پێی سەرەنجەكانی ئێمە كە كاریان لەسەر كردووە یان هەر وەكو خۆی ماوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا گوێ لە داڕشتنەوەی كۆتایی دەگرین، دواتر ئەگەر سەرەنج و تێبینیتان لەسەر هەبوو گوێ لەوانەش دەگرین، یەعنی دەبێت دڵنیا بین لەوەی كە ئەو داڕشتنە ئەو مەبەستە پێ دەگەیەنێت كە لە یاساكە مەبەستی هەیە، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سزاكان**

**ماددەی (18):**

1- هەر كەسێك ئەندامێكی مرۆیی یان بەشێكی بە مەبەستی چاندن بە پێچەوانەی حوكمێك لە حوكمەكانی ماددەكانی (3، 4، 5، 9)ی ئەم یاسایە بگوازێتەوە ئەوە بە بەندكردن یان زیندانی

کردن سزا دەدرێت و غەرامەیەك (واو)ی جەمع هەیە لە بەینیان، غەرامەیەك كە لە (50) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

2- ئەگەر ئەم كارەی لە بڕگەی پێشوو ئاماژەی پێ كرا و ببێتە هۆی مردنی كەسی بەخشەر ئەوە سزایەكە دەبێتە زیندانی كردنی هەتا هەتایی و غەرامەیەك كە لە (50) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (100) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینی هەبێ لەسەر ئەم داڕشتنە؟ كاك د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە دیسان لە بڕگەی یەكەم كە باش داڕێژرایتەوە، بەلاّم ئەوە ئیزافە بكرێ یان یەكێك لەو دوو سزایە ئەمە یەك، دوو: بەراستی ئێمە باسی ئەوەمان كرد كە بڕگەی دووەم ئەوەی بازرگانی زیاد كراوە، ئێمە دەڵێین حوكمەكانی بازرگانی كردن جیاوازە لەوەی كە حاڵەتەكە بە شێوازێك لێ وەرگیرابێ كە لە بڕگەكانی (3، 4) هاتووە، بۆیە دەبێ دوو عقوبەی جیاواز هەبێ، تۆ بتەوێ و نەتەوێ لە هەرێمی كوردستان تا (50) ساڵی تریش ناتوانێ رێگە لە كڕینی گورچیلە بگری، دەبێ واقیعیش بین، بۆیە بەو شێوازە ئەو عقوبەیە زیندانی هەتا هەتایی من تەسەور دەكەم زیانێكی زۆر بەو خەڵكە دەگەیەنی كە ئێستا ئەو نەخۆشیە بەڕێزان دكتۆرەكان دەزانن بە تەواوی تەشەنەی كردووە و رۆژانە ئەو عەملیاتانە دەكرێن، بۆیە بە تەسەوری من دوو عقوبەی جیاوازی هەیە، دوو حوكمی جیاوازیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوام كرد وشەی شانەكانیش ئیزافە بكرێ، پێموایە لە بیریان چووە، هەروەها پشتگیری لە قسەكانی (د.فرست) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سوهراب فەرمووو.

**بەڕێز سوهراب میكائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبینم یا باشتر دا ڤێ ئاریشە دەركەڤین و نەكەڤینە ئاریشەی مەزنتر ئەڤ یاسایە بە شكلەكی خێرا خەڵكەكی دابیتن، یاسایەك بیتن سەرێ مە پێ بڵند بیتن، داخاز دكەم بۆ ماوەی كاتژمێرەكی ئەگەر

لیژنەی یاسایی دگەل کەسێن پسپۆڕ رینن خاری بگەنە سیاغەیەکی، پشتی هەنگی بێنە هۆلا پەرلەمانی دی باشتر بیت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من لەگەڵ رایەکەی بەڕێز (د.فرست)دام، کە ئەو عقوبەیە زۆرە، بە رای من ئەگەر بکرێت جیا بکرێتەوە، ئەگەر ئەوەی بازرگانی بە ئەندامێکی جەستەوە دەکری ئەو بازرگانە عقوبەی بۆ دابنرێت و، ئەوە لیژنەی یاساییش بۆ خۆیان ئەگەر بکری روون کردنەوەیەك بدەن لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ابراهیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای کو مە شارەزاییەکا باشێت تەندروستی و سیستەمێ دکتۆرا دا نینە، بەس ژئەنجامێ ڤان دانووستاندنا و پتر گوهدانا مە ژ لایێ قانونیاڤە بۆ مە هوسا دیار بیت ئەڤ خەلکێت ڤێ گاڤێ کو موحتاجی گورجیسکا و سەح دکەنە مە ل تەلەفزیۆنێ، قەناعەتا من ئیحتیمالە ببنە سەبەبێ مرنا گەلەك ژ وان، چونکی حەقیقەت ئەو چاڤەرێنە کو یاسایەك دەرکەڤیت ل سالحێ بەرچاڤ کرنا واقعێ مەیێ کوردی و کوردستان تێدا دچیت، ئەز وەسادبینم ژئەنجامێ ڤان دانووستاندنا دا کە ئەننەما حەملەیەکا مەزنە سەر سەحێ ب خۆ هەی، دڤێن وەزعێ سەحەیا مە ل کوردستانێ بەر تەنگ بکەن، هەتا ئەڤێت پسپۆڕیش ژی هەی دی وی بواریدا سیقەیا وان بە وان نەمینیت و ڤی بواری نەمینیت، ئەڤ حالەتە یا هەی ل کوردستانێ، ئەم نە رابین هۆسا هندەك قەراراتا دەرێخین و یاسا بدەنە ئیمزا کرن کو ببیتە بڤە ل کوردستانێدا، حەقیقەتەن دڤێت وێ تشتی بەرچاڤ وەرگرن مەوزوعێ کلیە و دانا کلیەی هەتا سبەی بێژین، پسمامی بینە، برای بینە، برا و پسمام حەز دکەن (70) ملیۆنا، (40) ملیۆنا، (20) ملیۆنا بدەنە ئێکی دیتر، نە کلیە وی ژی بچیت و نە پارە زەرەر ڤی بکەڤیت، ژبەر هەندێ ژی دوو حاڵەتێت هەین، حاڵەتا رەغبەتێیە و قەناعەتێیە، ئیلتیزامێیە، فلان کەس تە رەغبەت هەیە کلیا خۆ بدەیە فلان کەسی، بەڵێ، کا تشتێت رسمی؟ ئەڤە تشتێت رسمی، کا فحوساتێت تە یێت رسمی؟ دروستن؟ بەڵێ، دەگونجێت، بەڵێ، بەس ئەڤ سیغەتێ ئەز دبینم یەعنی هەما سجنەکا ڤەکری جودا یا حازرە هەر سبە ڤێڤە چەند دکتۆرێت مە بکەنە سجنێڤە، ئیهانا سحا مە بکەن، یەعنی پیچەکێ ئەز هەست دکەم عاملێ تەوفیقی دڤی مەوزوعیدا هەبیت، لەورا ئەز پەسەندا رەئیا (د.فرست) دکەم و، چ تێدا نینە ژی ئەم ڤێ جەلسێ راگرین و باشتر ڤی مەوزوعی دیراسە بکەن، خاسەتەن مەوزوعێ سزایادا، یەعنی مە تەسەور دکر مەوزوعێ سزایادا کێ لەگەڵە دەستێ

خۆ راکەن و دێ خلاس بیت و جەلەسەیا مە تەمام بیت، بەس ئەم دبینین چونکی دکەتە حالەتا خەتەریەتێدا بۆ خەلکێ مە موخاترێت نەفسی سەر خەلکی مە دا هەی، ئەڤ خەلکێ مە ئەڤرۆکە باوەڕبکە هەر کەسێکی تووشی ڤێ ئێشێ، یان ئیشاراتێت ڤێ ئێشێ دەڤ هەبن و سەحکەنە مە ل ڤێ میدیایێ ل ڤی مینبەرێ پەرلەمانی باوەڕبکە خێرێ بۆ مە نابێژن و چ دعایە هەیە ژی دی ئەوەلی هەوە کەن و پاشی ل مە کەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر چەندە ئەڤە نوقتەی نیزامی نەبوو، رەئی بوو، هێڤیدارین نەساغ و تەندروستی بە خراپی نیازا پەرلەمانتار و پەرلەمانی دا نەگەن، چونکە مەبەست باش کرنا کەرتێ تەندروستی و خزمەتا نەخۆشایە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێ پێنجەم کە تایبەتە بە سزاکان وەکو هەر بەشێکی تر دەکرێت تاوتوێ بکرێت و زیاد و کەم بکرێت، بەلام ئەوەی کە لێرەدا هاتووە بە هیچ شێوەیەك ئەوەنییە کە تۆ لە بەرژەوەندی دکتۆردا نابێتن، ئێمە لێرە وەکو موشەریع دوو کەسی بەرامبەرت هەیە، یەکێکیان کەسی نەخۆش و هەژار و نەدارە، تەرەفێ بەرامبەریش (اطباء)ن، لێرانە دەبێ تەوازن بکرێت بە شێوەیەکی ئەوەتۆ کە پارێزگاری لە سەحەتی کەسی بەخشەر و ئەو کەسەی کە چاندنەکەی بۆ دەکرێت، هەروەها پارێزگاری بکرێت لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندیەکانی پزیشك، بۆیە موشەریع لێرە کاری ئەوەنییە تەنها ئاسانکاری بۆ پزیشکەکان بکات و کاری ئەوە بێت تەنها یاساکە بە شێوەیەك دابڕێژێ کە لە بەرژەوەندی تەبەقەی (اطباء)دا بێت، یاساکە پێویستە لە هەمان کاتدا زامنی حقوقی نەخۆش بکات، لە هەمان کاتیشدا بتوانێ بالأنسێك رابگرێت بەرژەوەندی (اطباء)یش بپارێزێت، بەلام بەبێ تەحدید کردنی عقوبە و سووك کردنی عقوبە بە شێوەیەکی ئەوەتۆ کە رادع نەبێت بۆ کەسی (طبیب) لێرانە تاوانەکە دەست پێ دەکات، لێرانە کەم و کورتیەکە دەست پێ دەکات، بۆ نموونە تەحدید کردنی ئەما حەپس و سجن، ئەما غەرامەیە، کە دەڵێی یەکێکیان بەوانە، باشە (75) ملیۆن دینار یان (100) ملیۆن دینار بۆ دکتۆرێك چییە تەنها بەوە عقوبەی بدەی، بۆیە لێرانە دەبێ موشەریع زۆر دەقیق بێت، چەند ئیلتیزام بەوە دەکات پارێزگاری لە بەرژەوەندی (طبیب) بکات، دەبێ ئەوەندەش ئیلتیزامی هەبێ بەوەی کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی خەلکی نەخۆش و نەدار و هەژاریش بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوێ لە رەئی بەڕێز د.رێکەوت وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان دەگرین، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە (22/ 4) واتە پێش دوو مانگ سەرەنجی خۆمان لەسەر ئەم بابەتە داوە، ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە لە وەزارەت، رەئی پارێزگاکانمان بۆ هاتووە، لە پارێزگاکان لیژنەی باڵای چاندنمان هەیە، رەئی خۆمانمان داوە، گوتومانە بە پێی ماددەی (111)ی ساڵی (1969)ی عقوباتی عێراقی بێت، دەبوایە ئێمە پێش ئەوەی بێینە هۆڵی ئەم پەرلەمانە، دەبوایە ئەم ماددانە بەراستی ئەم عقوبانەمان تاوتوێ بکردایە، من دەزانم ساڵی (1969) هەل و مەرجەکەی گۆڕاوە، دونیا گۆڕاوە، کۆنە، بەڵام دەکرێ ئێمە بگەینە حەلێکی وەسەت، حەلێکی وەسەت بۆ ئەو بابەتە، شتێکی تریش من حەز دەکەم ئەگەر ئێوە مەسەلەن مەسەلەی بەخشین، من پێموایە کەس گورچیلەی خۆی بە خۆڕایی نادات، یەعنی با واقیعی بین کەس گورچیلەی خۆی نادات بە کەس، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ تیجارەتەکە مەنع بکەی من و (د.عبدالله) دوێنێ گوتمان ئەوە با وەکو ئێرانێ لێ بکەین ئەو (ئەسۆستەشن)ە دابنێین، ئەوانەی گورچیلەیان دەوێ بینووسن، ئەوانەشی گورچیلە دەبەخشن حکومەت و خەڵکەکە سەقفێك دابنێین خۆیان دیاریان پێشەکەش بکەن، بەڵام تۆ بە تەمابیت کابرایەك بێت عەریزەیەك بدات بڵێ من گورچیلەی خۆم دەدەم بە تۆ بە خۆڕایی، باوەڕتان هەبێت ئەمە شتی وا نییە، لەوانەیە لە هەزار حاڵەتدا حاڵەتێکی ئەوها هەبێت، بۆیە یەکەم ئەوەی ساڵی (1969)، دووەم: ئەگەر بمانەوێت ئێمە ڕێگری لەو بازرگانیە بکەین با بە خۆمان وەکو حکومەت و وەکو پەرلەمان و وەکو نەخۆشەکەش سەقفێك بۆ ئەو بابەتە دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەم بابەتە پێویستی بە دەرفەتێك هەیە، دەرفەتێکی گونجاو بۆ هەم جەنابتان وەکو وەزیری تەندروستی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان و ئەو برا بەڕێزانە، ئەو پەرلەمانتارانە (کاك فرست و کاك عمر عینایەت) لەگەڵیان بۆ ئەوەی بگەینە سیغەتێکی گونجاو، یەعنی وا بێت تووشی هەڵەیەکی تەشریعی نەبین، یەك کاتژمێر پشوو وەردەگرین، دانیشتنەکە هەڵدەگرین تا کاتژمێر یەك

...............................

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کورد ستانەوە دەستپێئەکەینەوە خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم دانیشتنی ژمارە (19) ڕۆژی دانیشتن 2015/6/30 ، بەردەوام ئەبین لە تەوەری یەکەمی بەرنامەی کار کە بریتییە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسایی ڕێکخستن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە پێی ماددەکانی (72،74،75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 19992 هەموارکراو ، لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیارێکیان هەیە ، پێشنیارەکەی خۆیان بخوێننەوە بیخەینە دەنگدانەوە فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندیدار لەسەر داوای بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان و لەسەر داوای بەڕێز وەزیری تەندروستی داوا دەکەین کە ئەو ماددانەی ماون تەئجیل بکرێتن بە مەبەستی ئەوەی زیاتر کۆبوونەوەی لەسەر ئەنجام بدرێتن لەگەڵ جیهەتی مەعنی ، تکا لە بەڕێزتان دەکەین کە بیخەنە دەنگدان ئەو پێشنیارە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتم بزانم ژمارەی پەرلەمانتارەکان کامانەن نووسراویان تەقدیم کردووە ، هەر بەدەم وتوویانە کێن ئەو ژمارەی ئەندام پەرلەمانتارانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کاتی گفتوگۆدا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کرد .....

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

ئەبێ ژمارەکەی بزانین چەندە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەوە ئێستا پێشنیارێکە لیژنەکان ئەیکەن با هەر نەڵێین ئەندامانی پەرلەمان ، لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەیکەن ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ دواخستنی گفتوگۆیە لەسەر ئەم بابەتە لەسەر ئەم یاسایە بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان؟ ئەچێتە فسڵی داهاتوو ، (38)کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟

(11)کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، سوپاس بۆ لیژنە پەیوەند یدارەکان ئێستا ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان ، سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی کە ئامادەبوو لە دانیشتنی پەر لەمان ، ئەتوانی لە گەڵمان بمێنیتەوە بەردەوام بیت ، ئەتوانی ڕووخسەتی خۆت وەر گری فەرموو ، بەڕێزان ئە ندامانی پەر لەمان تکا یە لە گەڵمان بمێننەوە مە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی نیساب درو ست بێت ، تەواوبێت تا بەرنامەی کار تەواو ئەبێت ، بەڕێزان ئێستا ئەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەر و ڕاگرتنی زیادەڕۆیی بەپێی ماددەی (75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، داوا لەبەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئاسەوارو خزمەتگوزاری شارەوانی و گەشت و گوزار و گەیاندن ئەکەین با بفەرمووێت ڕا سپاردەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین ، نوقتەی نیزامی کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەفەرێکم کردبوو بۆ یونسکۆ لە بەشداری لە ئەوەکە یدا (15)ڕۆژە ڕا پۆرتێکم دا ، دوێنێ وتووتانە لە بەرنامەی کاردا دەبێتن ئەمرۆکە کە نییە داوای ڕونکردنەوە دەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر دوای خوێندەوەی ئەو ڕاسپاردانە دەنگدان لەسەر دوو بیرۆکەمان هەیە ئەو بیرۆکانە ئەخوێندرێتەوە ئەوەی جەنابتە لەگەڵ بیرۆکەیەکی تر ئەوانەش ئەخوێندرێتەوە بەسەرچاو ، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ماندوونەبوون بۆ لیژنەی شارەوانییەکان بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕا سپاردانە ، بەڵام بەپێی پەیڕەو بەلایەنی کەم بابەتێکی وا دەبێ (48)کاتژمێر پێش ئەوە ببینین ڕاسپاردەکان ، من لە بەیانی کە هاتووم بۆ پەرلەمان لەناو بۆکسی ئەندامان دانراوە ، بەیانی کە هاتووین بینیومانە ، وە هیچمان ئیتلاعمان نییە لەسەر ئەو ڕاسپاردانە تاوەکو دەنگی لەسەر بدەین....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دوێنێ خراوەتە بۆکسی ئەندامانەوە...

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

ئەگەر پاش دەوام خرابی ، ئەگەرنا ئێمە تا درەنگ لێرە بووین ، پێش بشرۆین چێکی بۆکسەکانی خۆم کرد هیچی تێدا نەبوو ، یەعنی کە هاتم بۆ دەوام لە ناو بۆکسەکەی خۆم داهەبووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی من ئاگاداربم لە دوێنێ بەیانی ، سەر لە بەیانی پێش دانیشتنی پەرلەمان ئێمە ڕامان سپاردوون کە بیخە نە بۆکسی ئەندامانەوە ، بۆ ئەوەی ئە ندامان لەلا یەن بێ پێش کۆبوو نەوەی پەر لەمان ، ئە مە

بابەتێکیشە پەیوەندیدارە کۆبوونەوەکانی پێشووتری پەرلەمان بابەتێکی تازە نییە ، لەبەر ئەوەی ڕۆژێکی دوور و درێژ لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە کرا ، ڕاسپاردەکانیش بەر مەبنای پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەکراوە دوایی لیژنە سیاغەی کردۆتەوە ، بۆیە با بخوێندرێتەوە دوا یی ئەیخەینە دەنگەوە ، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەر و ڕاگرتنی زیادەڕۆیی ، لەبەرنامەی دانیشتنی ژمارە (12) ڕۆژی 2015/5/26 کە بەشێکی تایبەت کرابوو بە دیاردەی زیادەڕۆی بۆ ئەو مەبەستە جێگیری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەر یان ئامادەبوون و لە دانیشتنەکەدا ڕاپۆرتی لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی خوێندرایەوە پاش گفتوگۆکردن و وتوویێژ لەسەر ئەم ڕاپۆرتە و ڕاپۆرتی جێگیری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ و دواجار سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی کرد کە لە سەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەیان ڕاسپاردەکان ئامادەبکەن و داوا شی لە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد پێشنیاز و بۆچوونەکانیان بدەنە لیژنەی شارەوانی و بەمەبەستی ئامادەکردن و پاک نووس کردنی و پێشکەش کردنی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و دواتر دەنگدان لەسەری ، بۆ ئەوەی وەک ڕاسپاردە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن پێش دەرچوونی یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و پاش دەرچوونی یاساکەش کەوا چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە ئەم یاسایە دەربچێت ، پاش ئەوەی لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی کۆبوونەوەی لەگەڵ چەندین یەکەی ئیداری و لەسەر ئاستی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و نوێنەرایەتی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پارێزگای هەولێر و پەیوەندیکردن بە ژمارەیەک سەرۆک شارەوانی و چەندین کەسی خاوەن ئەزموون لەم بواردا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگری لە زیادەڕۆیی وەڵامدەرەوەی ڕێگری لە دیاردەی زیادەڕۆیی نین و پێویستە پەرلەمانی کوردستان چەند زووە یاسایەک دەربکات بۆ ڕێگری لەم دیاردەیە ، بۆ ئەم مەبەستە پرۆژە یاسایەک لەلایەن لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری و شارەوانیەوە ئامادەکراوە و لە 2015/4/8 پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی کراوە ، بۆیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین کە بە زووترین کات ئەم پرۆژە یاسایە بخەنە بەرنامەی کار و بە بیانوی وەڵامی ئەنجومەنی شورا زیاتر دوای نەخەن ، چونکە ئەم پرۆژەیە تەنها پرۆژەی لیژنەکەمان نییە و بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و فەرمانگەی داواکاری گشتی سلێمانی ئامادەکراوە واتە ڕای لایەنی جێبەجێکار و یاساکە وەرگیراوە لە کاتی گفتوگۆکەشدا داوادەکەین وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ و وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ ئامادەبن و ئەوەی

**سەرنج و تێبینی خۆیانە لەسەر برگە و بەندەکانی ئەو پرۆژە یا سایەیە بیدەن لە بەر گرنگی بابەتەکەو لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندا پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن ، ڕاسپاردەکان:**

**یەکەم: دانانی نەخشەی بنەڕەتی هەموو شار و شارۆ چکەکان و ڕووپێوکردن و تەسوییەکردنی هەموو زەوییەکان بەتایبەت ئەو زەویانەی نزیکن لە سنووری شارەوانییەکانەو ساغکردنەوەی خاوە نداریێتی زەویەکە.**

**دووەم: یاسای ژمارە ($12$)ی ساڵی $2012$ تایبەت بە سنووری ئەو گوندانەی دەکەو نە سنووری شارەوانی شارەکان تا ئێستا بەهۆی دەرنەچوونی ڕێنمای لە ئەنجومەنی وەزیران کاری پێناکرێت داوادەکەین هەرچی زووە ڕێنمای پێویست بنێرێ بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ، بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.**

**سێهەم: واز هێنان لە دابەشکردنی زەوی لەسەر بنەمای خاڵ و خاڵبەندی و کارمەندبوون و هەموو هاولاٌتی کوردستان لەم قۆناغەدا بە کارمەندوو نا کارمەندەوە مافی ئەوەیان هەبێت ببنە خاوەنی یەکە یەکی نیشتەجێ لە ناحیە و ناوەندی قەزا و پارێزگاکاندا ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیریان کردبوو بەمەرجێك هیچ جۆرە شوێنێکی نیشتەجێیان نەبێت لە ئایندەدا پلان بۆ ئەوە دابندرێت کە هەر هاولاٌتیەکی کوردستان مافی ئەوەی هەبێت یەکە یەکی نیشتەجێ ، شوقەی هەبێت ئەگەر تەمەنی گەیشتە ($18$) ساڵ ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیریشی ئەنجام نەدابێت ، وەك ئەوەی لە هەموو ولاٌتانی ئەوروپا پیادە دەکرێت ، ئایا لەسەر چ بنەمایەك کەسێك کارمەندبێت و مووچەی حکومەت وەربگرێت و ژیانی مسۆگەر بێت و مافی وەرگرتنی زەوی و شوقەی هەبێت ، بەلاٌم کەسێك بە ڕەنجی شانی خۆی بژی و مووچەی نەوێت و قوتی ڕۆژانەی بە بازووی خۆی پەیدابکات ، بەلاٌم مافی پێدانی زەوی و شوقە و نیشتەجێی نەبێت.**

**چوارەم: بنەما سەرەکیەکان بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بریتیە لە زەوی ، بودجە ، دەستی کار ، خزمەتگوزاری ئەم چوار بنەمایە لای حکومەتی هەرێم هەیە ئەکرێت ($10$)کۆمپانیای سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یان دەستەی وەبەرهێنان پێکبهێنرێت لە ماوەی پێنج ساڵدا سەدان هەزار شوقەی مامناوەند بۆ ئەوانە دروست بکرێ کە شوێنی ژیانیان نییە و دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیری یان زەویان پێبدرێ و خۆیان بە پێی پلانی شارەوانی دروستی بکەن.**

**پێنجەم : دابینکردنی زەوی شوقەی نیشتەجێ تەنها بۆ ئەو کۆمپانیا حکومیانە بێ کە لە برگەی چواردا هاتووە.**

**شەشەم : ژمارەی کرێچییەکانی هەرێم دیاری بکرێت و بە ڕێژەی لە ٪$5$ ساڵانە بۆ ئەم ڕێژەیە زیادبکرێ بۆ هاوسەرگیری نوێ.**

**حەوتەم : ڕێگادان بە دابەشکردنی زەوی لە ناحیەکان و هەندێك قەزای دوور لە سەنتەری پارێزگاکان کە دانیشتوانەکەی بە کلتووری ژیانی شوقە ڕانەهاتوون.**

هەشتەم : زیادکردنی کارمەندانی چاودێری زیادەڕۆی لە شارەوانییەکان و خەرجکردنی دەرماڵەی تایبەت و کرێی کارە سەرەڕایی و خەرجکردنی هاندانی مانگانە بە شێوەیەك کە هانی کارمە ندان بدات لەم بە شە کاربکەن و چاو لە دەستی زیادەڕۆکاران نەبن.

نۆهەم : بۆ وەستاندنی کۆچی گوندییەکان بۆ شارەکان گرنگی بدرێت بە ئاوەدانی گوندەکانی کوردستان بە شێوەیەکی زانستیانەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە گوندی یەکان و ها ندانی کڕی نی بەرهە مە کشتوکاڵییەکانیان.

دە هەم : دەرکرد نی بڕیار ێك لە سەرۆکایەتی ئەنجو مەنی وەزیرا نەوە لە شێوەی بڕ یاری (241) بۆ تەملیکردنی ئەو خانووانەی کە دەیان ساڵە دروستکراون ، بەلأم بە ب یانووی پ شتێنەی سنووری (الشريط حدودي) لە سەردەمی بەعس بۆ یان تاپۆ نەکراوە ئەم بڕ یارە تەنها بۆ ئەم خانوو کەلاوە و زەویا نە بگرێتەوە کە پێش ساڵی (2000) یان زەوی بوون لە سەنتەری شارەکان و گەڕە کە کۆ نەکان بوون و کە پێش ساڵی (2000) ئاوەدان بوون.

یانزە : ڕووپ ێو کردن و دیرا سەکردن و ئەژمار کرد نی ئەو دو کان و بازاڕا نەی کە پێش یاڵی 1991 دروستکراون بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە تاپۆ نەکراون ئە گەر لە ڕووی یا سایی و هونەری یەوە ڕێگری نەبێت لە سەریان تاپۆ بکر ێت و ببێ تە سەرمایەك بۆ شارەوانییەکان بۆ نموو نە تەنها لە شاری کەلار (4000) دوکان و بازاڕ هە یە ئە گەر تەملیك ناکر ێت بە پ ێی یا سای (32) ساڵی 1986 بخەملێنرێت و پێان بفرۆشرێت یان کرێیان لەسەر حیساب بکرێت ئەم دوکان و بازاڕانە بوونەتە ئەمری واقیع و بە فیعلی موڵکی ئەو کەسانەن کە تێیاندانوو تەنها پێویست بە ڕێکخستن و فەرمی کردن دەکات.

دوانزە : بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فراوانکردنی سنووری شارەوانییەکان بڕیارێك لە ئەنجو مەنی وەزیرا نەوە دەربچێت بۆ قەرەبووکردنی ئەو جووتیارانەی کە زەوییەکانیان بەدە ستەوە بووە و نە موڵکی سرفەو نە مافی بەکارهێنانیان هەیە و نە گرێبەستی وەزارەتی کشتوکاڵیان هەیە بە ڕێژەی نیوەی شای ستەی ئەوا نەی گرێبەستیان هەیە یان هەر ڕێژەیەك حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەلایەنەوە پەسەندە و ستەم لە جووتیارەکان نەکرێت.

سیانزە : پێگهێ نانی بەڕێوبەرا یەتی ڕێ گری ز یادەڕۆی لە وەزارە تەکانی شارەوانی و گە شت و گوزار و کشتوکاڵ و دارایی و سامانە سروشتییەکان ، دەستەی گەشت و گوزار بەمەبە ستی چاودێری ئەو زەویا نەی کە موڵکی وەزارەتەکانیان و لە دەرەوەی سنووری شارەوانین.

چواردە : پێکهێ نانی هێزێ کی هاو بەش بۆ ڕێ گری لە ز یادەڕۆی لە هەموو پارێزگاکا ندا بۆ ڕێ گری لە زیادەڕۆی لە سنووری شارەوانی و لە دەرەوەی سنووری شارەوانی پێوی ستە پێکها تەی ئەو ه ێزە سەر بەم بەڕێوبەرایەتییە دەبێ لە پێکهاتەیەك بێ لە پۆلیس و ئاسایش و پێ شمەرگە و زێرە ڤانی لە ژ ێر فەرمانی سەرۆکی ئیداری ناوچەکە بێت.

پانزە : دەرکرد نی دەور یاتی بەردەوام بەناو شار و دەرەوەی شاردا هاو شێوەی پۆلیسی فریا کەوتن بە بەشداری چاودێرەکانی شارەوانی و کارمە ندانی هو نەری و وەزارە تە پەیوەند یدارەکان بۆ چاودێری هەر زیادەڕۆییەك لەسەر زەوی گشتی.

شانزە : هەلاّوێرکردن ، ئیستیسنای کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی ز یادەڕۆی لە هەموو وەزارە تەکان لە هەر جۆرە سیا سەتێکی دە ست پ یۆوەگرتن (تق شف) لە ڕووی دەرما ڵەی تای بەت و دەرما ڵەی کارکردن لە کاتی سەرەڕایدا.

حەڤەدە : لە کاتی نوێکردنەوەی گرێبەستی کشتوکاڵی جووتیارەکان تەنها گرێبەستی ئەو جووتیارا نە نوێ بکرێ تەوە کە بە فیع لی جووت یارن ، گرێبە ستی ئەو جووتیارا نە نوێ نەکرێ تەوە کە زەو یەکانیان فرۆشتۆتەوە بەو کەسانەی کە باغ و ڤیلای نایاساییان دروست کردووە یان بۆ کشتوکاڵ بەکاریان ناهێنن.

هەژدە : ئەگەر جووتیارەکە لە ژیاندا نەمابوو گرێبە ستەکە بەناوی وەرە سەکەی نوێ نەکرێ تەوە پو چەڵ بکرێ ، بە مەرجێ وەرە سەکەی زەوییە کەی بۆ وە بەرهێنانی کو شتوکاڵی بەکاربێنن ، پەیمان بدەن لە دادنووس گرێبەستەکە نەفرۆشنەوە و زەوییەکە تەنها بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاربێنن.

نۆزدە : دیاری کردنی شوێنی گرێبەستەکان لە سەر نەخ شە و نوو سینی ڕوو بەری زەوی و ژ مارە و کەرتی زەوییە کە بەڕوونی بۆ ئەوەی جووت یار نەتوانێ سوود لە یەك گرێبە ست وەربگرێ لە چەند شوێن و بازرگانی پێوە بکات.

بیست : چەند بتوانن گرێبەستی نوێ بۆ جووتیاران نەکەن تا دڵنیا نەبن لەوەی ئەو کەسەی گرێبەستی بۆ ڕێکدەخرێ بە فیعلی جووتیارە.

بیست و یەك : شارەوانییەکانی سەر بە وەزارە تی شارەوانی دە ست بە ڕووپ یوکردن و ئەژمارکردنی ئەو موڵکانە بکەن کە دەکەوێ تە سەنتەری شارەکان و پێش ساڵی 1991 درو ستکراوە یان ڕووخێ نراون یان زەوی بۆش بوون و دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێویست دەربکات بۆ تەملیك کردن یان لەسەر خاوەنەکانیان وەك ئەوەی کە پێشتر کردوویانە لە چەند شار و شارۆچکەی کوردستان ، بەلاّم بەهۆی کەمدەرامەتی و یان بێئاگایی هە ندێ لە هاولاّتی یەکان وەك پێوی ست سوودی ل ێوەر نەگیراوە و جێ بەجێ نەکراوە لەگەڵ ڕێزی لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی و گەشت و گوزار و گوا ستنەوە و گەیا ندن ، لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێزتان تەنها یەك ڕوونکردنەوەی بەسیت ئەدەم ئەویش ئەوە یە ئەم ڕا سپاردانە تەنها بۆ ئەوە ئامادەمان کرد بۆ ئەوەی یا ساکە دوا کەوت ئە گەر یا ساکە دوا نەکەوتبا یە ئێ مە پێوی ستمان بەم ڕاسپاردانە نەبوو لەگەڵ ڕێزما ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بمێنەرەوە تا کاتی دەنگدان لەسەری ، کاك قادر نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەویٚ بچمە سەر گفتو گۆکردنی ئەو ڕاسپاردانە ، چونکە قسەی زۆر هەڵدەگری پێشتر وەك جەنابت ئیشارەتت پێدا ، بەلاّم برگەی تێدایە کە پێچەوانەی قانونە بۆ نموونە لە ماددەی چواردە باس لەوە دەکات کە پێشمەرگە کە بۆ ئەو مەبەستە پێك دەهێنرێت بخرێتە ژێر فەرمانی سەرۆکی یەکەی ئیداری کە بە پێی قانونی پارێزگاکان پێشمەرگە هێزی سەربازی لە ژێر فەرمانی سەرۆکی یەکەی ئیداری دا نییە ، نە پارێزگار و خوار پارێزگاریش ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە بزانم ئەو بابەتەی تێدایە یاخود ئەمە ئەوە ئەگرێتەوە ئەو گوندانەی کە لو نزیکی شارەکانن کەوتۆتە ناو چوارچێوەی سنووری شارەوانییەکانەوە تا ئێستا تاپۆ نەکراون چ لە پارێزگای هەولێر چ لە پارێزگای دهۆك چ لە پارێزگای سلێمانی ، کێشەیەکی گەورەشی تێدایە کە بەشی زۆری زیادەڕۆیش لەو شوێنانەیە لەو گوندانەیە کە لە دەوروبەری پارێزگاکان هەن ، بزانم ئەمە ئەوە دەگرێتەوە یان ناگرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك عمر وەلاّمت هەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسەکەی بەڕێز کاك قادر ئەوەی داواکاری نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ بوو کە لەگەڵ ئێمە کۆبوویەوە بە ئێمەی ڕاگەیاند ئەگەر پێشمەرگە لەناو ئەو هێزە نەبێت بە هیچ جۆرێك ئەمان ناتوانن ڕێگری لە زیادەڕۆی بکەن ، زۆر جار ڕۆ شتوون ڕوو بەڕووی کە سێك بوونە تەوە هەویە کەی دەرهێناوە وتوویەتی من پێشمەرگەم لە بەرەکانی جەنگم هیچ کەسێك ناتوانیٚ زیادەڕۆییە کەم پیٚ لا بەرێت ، بۆیە بەناچاری ئەوان داوایان لە ئێمە کرد لە کاتی ڕاسپاردەکاندا کە ئامادەتان کردووە بە دەقیق لەو بەڕێزە هات کە نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ بوو لەگەڵ ئێمە دانیشت کە ئەبێت پێشمەرگەش و زێرەڤانیش و ئاسایش و پۆلیسش لە ناو ئەو هێزە موشتەرەکە هەبیٚ ، لەو کاتە ئەتوانریٚ تەنسیب بکرێن بۆ ئەو هێزە تا ئەو کاتەی یاساکە دەرئەچێت ، بە نیسبەت ئەوەی بەڕێز دکتۆر شێرکۆ شەوە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاسای ژمارە (12) ساڵی 2012 حەلی ئەوەی کردووە ، بەلاّم بەداخەوە لە ساڵی 2012 تا ئێستا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕێنمایی پێدەرنەچووە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی ڕەزا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی تەواوم بۆ ئەو ڕاپۆرتەی برایانم لە لیژنەی ئا سەوارو شارەوانییەكان ، پێموابێ ئە مە ز یاتر تەجاوزا تەكان یان زیادەڕۆیی یەكان با سكراوە كە كراوە تە سەر زەوی شارەوانییەكان ، بەلاَم كەمتر یاخود نەشكراوە زۆرترین تەجاوزات یان ز یادەڕۆی لە هەرێمی كورد ستاندا لە ئێستادا بۆ سەر زەویی یە كشتوكاڵییەكان بووە ، بۆیە دە كرا یا پێكەوە ڕا پۆرتێكی هاو بەشمان پێشكەش بكردابا یە یان ئێمە وە كو لیژ نەی ك شتوكاڵ و سەر چاوەكانی ئاو لە پەر لەمانی لەكورد ستاندا بە هەمان شێوەی ئەو برادەرا نە كۆمەڵێك ڕاسپاردەمان هەبێت یا چاوەڕێ بكەین بۆ ئەوەی یاساكە دێتە پەرلەمانی كوردستان و قسە لەسەر ئەوە بكەین پڕۆژە یاساكە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دكتۆر ڤالاَ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە سوپاسەوە بۆ ئەو ڕاسپاردانەی كە ئامادە كراوە لە لا یەن لیژ نەی تایبەتمە ند ، من پر سیارم لە بەڕێز سەرۆكی لیژنە دەكرد لەسەر هەدەفەكە دیارە هەدەفەكە ڕوونكردەوە گوایە یاساكە دەرنە چووە بۆ یە ئێمە ئەو تەوسیاتانەمان ئامادەكردووە ، بەلاَم ئەمن بە جەنابتان ڕادەگە یەنم كە ئەوە بە شی زۆری تەو سیات نییە ، یەكەمین لە شێوەی بیرۆكەیە ئەو بیرۆكانە بۆ وەزارەتی مەعنین لێرانە ئەو وەزارەتانەی موخاتە بە كراون وەزارە تی ك شتوكاڵە ، وەزارە تی ناوخۆ یە ، وەزارە تی شارەوانیە ، وەزارە تی ئاوەدانكردنەوە یە ، ئەنجومەنی وەزیرانە یەعنی كۆ مەڵێك وەزارەت لەو تەو سیاتانە موخاتە بە كراون ئەوە دە بوو بە شێوەی بیرۆكە بۆ ئەو وەزارەتانە بچێ لەبەر ئەوەی كاری ئەوانە نەك كاری پەرلەمان ئەوە لەلایەك ، لەلایەكی تر ئەو وەزارەتەنا نەی كە ناوم بردن هەر هەموو لیجانی مەعنیان هە یە لەناو پەرلەما ندا دە بوو هەموو لیژنەكان قسەیان هەبێتن جا ئەگەر ئەو كارە بەو هەدە فە كراوە تا یا ساكە دەردە چێ دە بێ یا ساكەی پێ دەر چێت و تۆكمەترە و با شترە ، داوا لە بەڕێزتان دە كەم كە ئەو بابە تە وە كو تەو سیات لە پەر لەمانی كوردستان دەرنەچێ و لەسەر یاساكە ڕابوەستن بۆ ئەوەی كارەكە بەو شێوەیە تێنەپەڕێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز خاتوو حەیات فەرموو.

**بەڕێز حەيات مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای دە ست خۆ شيم لە بەڕێز ع مر عينا يەت ، پ شتيگری ق سەکانی دک تۆرە ڤالاّ ئە کەم ، لە ڕاپۆرتەکەيا ندا با سی هە نديّك شويّنيان کردووە بۆ نموو نە با سی کەلار کراوە يەعنی شويّنيّکی وە کو سەيدسادق زەروور بوو باس بکریّ لە کاتيّکدا لە 2006 وە ئەوە بۆ نۆ ساڵ دە چیّ لە کۆی چوار گەڕەکی تيّدايە دوو گەڕەکی تاپۆ کراوە دوو گەرەکەکەی تری تا ئيّستا ماوەتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك سەعيد مەسيفی فەرمووو.

**بەڕێز سعيد محمد سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی هەژدەم ئەڵیّ ( ئە گەر جووتيارە کە لە ژيا ندا نەمابوو گرێبە ستەکە بەناوی وەرە سەکەيەوە نەکريّتن ) ئەو ليّرە کاك ع مر وای وت پو چەڵ بکريّ تەوە ، بەلاّم بەخۆی دەریّ بە مەرجيّك وەرە سەکەی زەوييەکەی بۆ وە بەرهيّنانی ک شتوکاڵی بەکاربهيّنيّت و پەيمان بدا لە داد گا گرێبە ستەکە نەفرۆ شيّتەوە کەواتە ئەويش بۆی هەيە بەناوی بکريّتن ن سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش پشتيوانی لە قسەکانی بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ ئە کەم ، ئیّ مە ئەبیّ پە لە بکەين لە دەرکرد نی يا ساکە ، نابيّت ئەم ڕاسپاردانە بەديلی ياساکە بيّت ، ئەوەی کە زەرورەتە ئيّمە پشت بە خوای گەورە ئی شی لە سەر بکەين و ئەنجومەنی شورای هەريّم و حکومەتيش وەلاّممان بدەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ماجد.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئيّمە ئەو خالاّنەمان داڕ شتووە تەنها بۆ ئەوە بووە ڕێگری بکەين لە ز يادەڕۆی ، يەعنی بۆ ڕێکخ ستنی زيّدەڕۆييەکان نييە ، بۆ موعالەجەکردنەکەی نييە موعالەجەکردنەکەی بە ياسايەکی ترە ، ئەوە تەنها بۆ ڕێگرتنە لە ئەنجامدانی ئەو زيّدەڕۆيانەی ئيّستا لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆتە ديارده يەکی ناشرين ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، تەبعەن ئەم ڕاسپاردانە بە دڵنیاییەوە نابێتە بەدیل بۆ یاساكە ، پێویست دەكات بە زووترین كات یاساكە لەم پشووی یاسادانانە ئامادە بكرێ بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتووی گرێدانی یاساكەش ببێتەوە هۆڵی پەرلەمان ، لە هۆڵی پەرلەمان دەربچێ ، بەڕێز كاك عمر ئەگەر وەڵامی هە یە بۆ ئە ندامانی پەر لەمان با بفەرمووێت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەر سەرنجەكەی كاك ع بدالرحمن جەنابت تەو سییەت كرد بۆ هەموو ئە ندامانی پەر لەمان كێ تەوسییەی هەیە بۆمان بێنێ ، مەفروز بوو بەڕێزی ئەو تەوسییە بۆ ئێمە بێنێ بەداخەوە هیچی بۆ ئێمە نەهێناوە ، بە نیسبەتی ئەوەی دكتۆرە ڤالأوە ئەمە وەكو كاك ماجد باسی كرد ئەمە بەدیل نییە بۆ یا ساكە ئەمە ڕاسپاردەیەكە ئەینێری بۆ حكومەت سوودی لێوەربگرێ لە ئەنجامی ئەو ئەزموو نەی ئێمە هەما نە ، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی یەی لە گەڵ سەرۆك شارەوانییەكان و لە گەڵ ئ یدارە و لە گەڵ سەرۆك ئیدارەكەمانە ئەمە تەوسییەیە تەنها بڵێی بە خەڵكی كورد ستان هەوڵبدەین لێرە بووە ستن ستۆپ ئیتر زیادەڕۆی مە كەن تا ئەوكا تە ئە مەش بەدیل بۆ یا ساكە نی یە ، باش تێبگەن یەعنی حكو مەتیش خۆی موخەیەرە موسەیەر نییە حكومەت موخەیەرە ئەم ڕاسپاردانەی ئێمە چی جێبەجێ ئەكا ، چی جێبەجێ ناكا ئەوەی بە سوودە ئەتوانێ جێبەجێی بكا ، ئەوەی قابیلی جێبەجێكرد نە ئەتوانێ ، ئەوەی قابیلی جێبەجێ كردنیش نییە ئەتوانێ جێبەجێی نەكا ، كەواتە حكومەت ئەگەر ئەمە بچێت بۆ حكو مەت هیچ زیانێك بە حكومەت ناگەیەنێ ، حكومەت ئەتوانێ سوودی لێ ببی نێ ز یان لە حكو مەت نادات ، سەبارەت بەوەی حەیات خان من یاسی كەلارم وەك نموونە هێناوەتەوە ئەگەر نا داوام كردووە بۆ هەموو شارەكانی كوردستان بە سەیدسادقیشەوە بە هەڵبجەوە بە پشدەرەوە بە ئامێدییەوە بە زا خۆوە بە هەموو شارەكانی كوردستان تەنها وەك نموونە بۆ نموونە سامپڵێك لام بوو بۆ كەلار باسم كرد ، ئەوەی كاك سعیدیش با سی كرد پێموا یە ئەوە هەڵە یەكی ئیملائی یە ڕوو یداوە ئە گەرنا بیزە بت ئەوەی كاك سعید و تی وا یە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بورێز دكتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەوسیانەی كە كراینە كاك عمر باسی كرد ڕێگری ناكاتن لە یاسایەكە بەڵكو ئێ ستا من تە سەوردەكەم هاوكار بێ بۆ ئەو لیژنەی ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی باڵا دامەزراوە بۆ نەهێ شتن و لابرد نی تەجاوزات ، تەسەور دەكەم ئەو ڕاسپاردانە بۆ ئەو لیژ نە باڵا یە لە ئەنجو مەنی وەز یران ئێ ستا كاردە كا و

ئیشی لەسەر دەكاتن تەسەوردەكەم هاوكارێك و هاندەرێكی باش ببێت بۆ ئەوانیش ، تەسەوردەكەم ئەوان ئیستیفادە لێبكەن جا داوادەكەم با ڕاسپاردەكان وەكو خۆی بڕوات ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، وەكو باسكرا ئەمە ڕاسپاردەیە بڕیار نییە ، بڕیار نییە تا حكومەت مولزەم بكا بەڵكو ڕاسپاردەیە ، ئەو پێ شنیارەش درو ستە هەر بۆ لیژ نە باڵا كەی بنێرین ، چونكە ئەو لیژ نە باڵا یە وەزارە تی پەیوەندیدارەكانی تێدایە ڕاسپاردەكان ئاڕاستەی ئەو لیژنەیە بكەین ، دوا تر بە یا سا ئەوەی پێویستە لە بوارەدا بە ماددەی یاسایی ئیلزامی تێدا دەبێت ئەوكاتە بەوە ڕێكدەخرێت كۆی ئەم بابەتە ، بۆیە پێمان وانییە ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی پێمان وانییە ئیشكالێكی تێدابێت هەر وەكو بیرۆكە وایە ، وەكو بیرۆكەیەكە ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەی ، فەرموو دكتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیرۆكەیە با بۆ وەزارەتە جۆراو جۆرەكان بە ناوی لیژنە بیرۆكەكان ئاڕاستە بكرێتن ، بەلام ڕاسپاردەی تێدایە ئەسڵەن بۆخۆی پێچەوانەی چەند یاسایەكە ، چۆن ئەو ڕاسپاردە دەكەم مۆزەفی مەحروم دەكەم لە وەرگرتنی زەوی و دەیدەمە بەشێكی ، دەتوانم بەشەكەی تریش كە مەحرومە زەوی بدەمێ ، بەلام چۆن تەرەفێك مەحروم ▯ەكەم یەعنی هەندێك ڕاسپاردەی تێدان پێچەوانەی یاساكانی پێش خۆینە ، بۆیە لە شێوەی بیرۆكە دەتوانێ بیان نێرێ ، بلام وەكو ڕاسپاردە دەنگی لەسەر بدرێ لە پەرلەمانی كوردستان بە ڕای من ئەوە هەڵەی یاسایی تێدایە ناكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مۆزەفێكمان لەو ڕاسپاردانە مەحروم نەكردووە لەوەرگرتنی زەوی ، بەڵكو داوامان كردووە چۆن كارمەندی دەوڵەت مافی وەرگرتنی زەوی هەیە بەهەمان شێوەش هاولاتییەكی ئاسایی كە ئەمە قسەی ئێمەیە هاولاتییەكی ئاسایش مافی هەبێت ، كارمەندی دەوڵەت مووچە وەردەگرێت ژیانی مسۆگەرە كەسێك عەرەبانەیەكی پێیە لەبەردەمی شێخەڵلە خۆی ژیانی خۆی دابین ئەكا تەمەنی گەیشتوتە (18) ساڵ ژنی هێناوە ئەو مافی نییە زەوی وەربگرێ و شوقە وەرگرێ ، بەلام كەسێك كە لە حكومەتدا كارمەندە و مووچەی خۆی هەیە ئەو مافی هەیە ، كەواتە ئێمە چۆن ئەو مافەمان داوە كارمەندمان وەرنەگرتووە ، بەلام داوامان كردووە بە خەڵكی ئاسایش بدرێ ئەو مافە تەنها بەو كەسانە بدرێ كە خانوویان نییە ، شوێنی نیشتەجێیان نییە ئەمە لە چییەوە بیرۆكەكە هاتووە لەوەوە هاتووە كە من چوومەتە یەك شارەوانی چوارسەد پارچە زەوی لە شارەوانی (x) دابەش كراوە لەو شارەوانییە من (300)كەسم دۆزییەوە

لەگەڵ سەرۆك شارەوانییەکە دانیشتم سێسەدەکە وتم ئەم سێ سەدە هەمووی خانووی خۆی هە یە و تی ڕاست دەکەی ، بەڵام بە خاڵ موستەحەقن وتم کاکە بە خاڵ موستەحەقە خانووی خۆی هە یە و تی چارم چییە بەپێی خاڵ مە ستەحەقە ئەبێ بیدەمێ ، بیرۆ کەی ئێمە لەوە سەر چاوەی گر تووە کە بدرێ بەو کەسانەی بە فیعلی خانوویان نییە ، شوێنی نیشتەجێیان نییە هاوسەرگیریان کردووە ، لە ئایندەشا بدرێتە ئەو کەسانەی ئەگەر حکومەت دەسەلاتی هەبوو ، توانای هەبوو بدرێ بەوانەی ئەگەنە هەژدە ساڵ و ئەگەر فەرزەن کەسێك هەر نایەوێ ژن بهێنێ ، کەسێك نایەوێ شوو بکا تۆ چۆن مافی ئەوەی لێوەردەگریتەوە کە خانووی نەبی و شوێنی نەبی ، نایەوێ لەگەڵ دایك و باوکی بژی یەعنی وەز عی دا یك و باوکیشی تێکبدا مافی خۆیەتی خانوویەکی نیشتەجێی هەبێ ، بیرۆکەی ئەمە لەوە سەرچاوەی گرتووە بە هیچ جۆرێ مافی ئەوەمان وەرنەگرتووە لە کارمەند کە خاوەنی شوقە بێ ، بەڵام داوا شمان کردووە هاوڵاتی ئا سایش مافی ئەوەی هەبێت کە وەك کارمەند شوقەی خۆی هەبێ وەکو لە هەموو ئەوروپا باوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بۆ حەلی ئەم ئی شکالیەتە تەب عەن دوو بەڕێز داوای ڤ سەکردنیان کردووە ، بۆ حەلی ئەم ئیشکالیەتە دەیکەن بە دوو دەنگدان ، دەنگدانێکیان بۆ ئەوەی کە دەنگ لەسەر ئەوە ئەدەین وەکو ڕاسپاردە ئاڕاستەی لیژنەی باڵای حکومەت بۆ مەسەلەی زیادەڕۆیی بکر ێت یان نا دەنگدان لە سەر ئە مە ئە کەین ، دوایش دەنگ لەسەر ڕاسپاردەکان ئەکەین ، بەس با دکتۆرە بەهار بفەرمووێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ناوی ڕاسپاردەیە ، ڕاسپاردەش جیاوازە لە یاسا ، ڕاسپاردە سیفەی ئیلزامی تێدا نییە بۆیە هەر کاتێك ئەگەر تەعاروز لە نێوان ڕاسپاردەو یاسادا هەبێ بە دڵنیاییەوە ئەولەو یەت بۆ یا سایە ، بۆ یە ئە گەر ئە مە دەنگیشی لەسەر بدرێ بشچێتە لای حکومەتیش هیچ ڕێگرییەك نییە بۆ ئەوەی کە ئیش بە یاسایەك بکرێ کە لەگەڵ ئەمدا تەعاروزی هە یە بۆ خۆی وا یە ، چونکە یا سا سیفەی ئیلزا می هە یە ڕا سپاردە سیفەی ئیلزامی نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر زۆر دەستخۆشی ئەکەم لە کاك عمر ، داوائە کەم لە ئە ندامانی پەر لەمان پ شتیوانییەکی زۆری لێبکەین بۆ ئەو بیرۆکانەو بۆ ئەو تەرحانەی کە هە یەتی بۆ چارە سەری ز یادەڕۆیی ، پا شان من ئەپر سم ئەنجومەنی وەزیران ئەو لیژنە باڵایەی دروستی کردووە بۆ وەڵامێکی پەرلەمان بە پڕۆژە یا سایەك یان بە بۆچوونێك بە خێرایی نادەنەوە بە پەرلەمان ئەوە کاتێکە زۆر تێپەڕی؟ کورد ستانی ئێمە وە کو شوێنێکی

لێهاتووە ئاگری تێچووبێ ئەم ئاگرە ئەبێ بە خێرایی بکوژێتەوە بەڕاستی زیادەڕۆیی بووە بە ئاکرێ هەڕەشە لەم کوردستانەی ئەکا ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵ جیا لە هەموو لیژنەکانی تر زیاتر دەرکی پێ ئەکەین ، ئەو ندە سکالا دێتە ئەو لیژنەی ئێمە لە سەر کێشەی زەوی و زار نەك هەر کێشەی زەوی کشتوکاڵیش ، بەڵکو ناو بەردەلآن و لەوەڕگا و شوێنەکانی تر داگیر ئەکرێ و شەڕە لەسەری لەبەر ئەوە داوا ئەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێ ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکا بۆ ئەوەی بە زوویی وەلآممان بدەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەوەش خۆی بەشێکە لە ڕاسپاردەکان ، بەس با خاتوو امنەش قسەبکات فەرمووو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئاخافتنا دکتۆرە بەهارێ دکەم تەبعەن ڕاسپاردە هیچ سیفەتەکا ئیلزامی نینە ، کۆمەلێك خالێ گەلەکێت ئیجابی لە ڕاسپاردێن لیژنە شارەوانی دا هەین یەعنی پەرلەمان زەرەرەکی ناکا کە ئەم ڕاسپاردانە بۆ حکومەت بنێرین ، حکومەت ژی دە ئیستفادە ژ وان بۆچوون و بیرۆکەی هەڤالێت پەرلەمانتار وەرگری و بۆ هەندێ کو ئەگەر یاسایێ ژ دەربێخین مانعێ هەندێ نینە کو یاسا بێتە دەرئێخستن ، ژ بەر هەندێ پشتگیریا وان ڕاسپاردە دکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك فرهاد فەرمووو.

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش وەکو هەمووتان دژی زیادەڕۆیم ، بەلآم زیادەڕۆی بابەتێکە تێگەیشتنی زۆرتری ئەوێ ، ئێستا ئێمە لە کوردستان زیادەڕۆیمان هەیە ، بەلآم ئەوەندە ئەرزمان هەیە بۆ گەنم و جۆ ئەوندە ئەرزیشمان هەیە بۆ بەنداو دروستکردن ئەگەر لە ٪50 زەوی کوردستان بخرێتە ژێر بەنداوەوە ، بخرێتە ژێر باغ دروستکردن هێشتا گەلی کوردستان هیچ زەرەرەکی نەکردووە ئێستا لەوەڕگای سەدار خراو هەیە لە 500 مەتری چوارگۆشە ئەتوانی بای 50دۆنم بەرهەم بهێنی بۆ کشتوکاڵ و بۆ ئەوانە ، بە پێەوانەوە مەڕو بزنەکانی کوردستان کە بەر ئەدرێ بۆ ئەو دەشت و دەرانە ئەو دەشت و دەرانە وێران ئەکا و زیانی زۆر زۆر ترە ، بۆیە زیادەڕۆیی پێویستی بە پێداچوونەوە و بیرکردنەوەی زیاتر هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەلێکی وەسەتی ، ئەو ڕاسپاردانەی ئێمە لیژنەی شارەوانی و ناوەکەی درێژە بەس ئەگەر قبولٚت بی لیژنەی شارەوانی ڕابسپێرین ئەو ڕاسپاردانەی دەنگی لەسەر ئەدەین تەبیعی ، ئەو ڕاسپاردانەی پەیوەستن بە تەجاوزات بۆ نموونە پێکهێنانی هێزێك مەسەلەی ئەوانە فیعلەن پەیوەستن بە تەجاوزات و ئەو کۆبوونەوەی کە کردمان ، ئەما ئەوەی تر کە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کرێچێتی و پەیوەستە بە مەسەلەی ڕاگرتنی زەوی و ئەوانە مەسەلەیەکی ترە با ئەوانە نا بەس با دەنگ لەسەر بدەین بە تەحدید ئەو راسپاردانەی تایبەتن بە ڕێگە گرتن لە تەجاوز جەلەسەکەشمان بە بیرم دێ لەسەر ئەوە بوو ڕێگا گرتن لە تەجاوز با ئەوانە لیژنەی تایبەتمەند تەنها ئەوانە سیاغەبکات وەکو ڕاسپاردە بچن بۆ حکومەت ئەمە چارەسەرێکی باشە ، ناوهێنانی شوێنێك و (4000) پارچە زەوی کەلار ئەمانە لابچیت ، چونکە ئەمە ڕاسپاردە بۆ هەموو شوێنەکانە وەکی ئەڵێ (علی سبیل مثال) یش ناوی هیچ شوێنێك نەهێنرێت ، تەنها ئەو ڕاسپاردانە دەربهێنین و دەنگی لەسەر بدەین ، لیژنەی تایبەتمەند دوایی سیاغەیان بکاتەوە من پێموایە ئەوە چارەسەرێکی باشە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك عمر وەلآمت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئەوە بە بەڕێزتان ئەڵێم من مەعاناتەکە زۆر باشتر دەرك پێ ئەکەم لەگەڵ بەڕێزان لە ئەندامانی لیژنە ئەم ڕاپۆرتە تەنها عمر عینایەت ئامادەی نەکردووە ، لەگەڵ وەزیری شارەوانی قسەمان کردووە ، ڕاسپاردەی جێگری وەزیری شارەوانیمان بۆ هاتووە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ لەگەڵ بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان لەگەڵ سەرۆکی ئیدارییەکانی سۆران ، چۆمان ، ڕەواندز ، کۆیە ، خەبات لەگەڵ ئەوانەش دانیشتین ئەمە لە خۆیەوە دروست نەبووە ئەمە ئەزموونی ئەوانیشی تێکەڵە ، من تەنها کەلارم وەکو نموونە هێناوەتەوە ناکرێت حەساسیەت بەرامبەر بە شارێك هەبێت ، من تەنها وەکو نموونە ئەم ناوەم هێناوە ئەڵێم بۆ نموونە ئەگینا لە هەموو شوێنەکانی کوردستان ئەم نموونە هەیە ، من یەك نموونە نامەیەکم نارد بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ، پارێزگای سلێمانیش پێم وتن با ئێوارەیەك پیاسەیەك بکەین بەناو جادەی مەولەوی و بەردەرکی مزگەوتی کاك احمدی شێخ لە سلێمانی بزانم کەسێك هەیە دەستی خێزانەکەی بگرێ و پیاسە بکا بە جادەی کاك احمدی شێخ یان بۆ دەوور و پشتی قەلآ ، زیادەڕۆی کارێکی کردووە کە تۆ ناتوانی لێم پرسین وتیان کاکە ئێمە کارمەندەکانمان تا سەعات چوار کۆنترۆڵی ناوشارمان پێدەکرێت دوای سەعات چوار کارمەندمان نییە ، موخەسەساتیان نییە لەبەر ئەوە ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین من یەکێ لە فەقەرەکانمان ئەوەیە کە ڕاسپاردەکانی ئێمە یەکێ لە

برگەکانێتی تکا ئەکەم ئەمە کۆمەڵێك ڕا سپاردەیە ئە چێ بۆ حکو مەت ئەوەی سوودی لێ ئەبینێ وەری ئەگرن ئەوەی سوودی لێنابینن تەرکی ئەکەن ئیتر ئەمە هیچ زیانەك ناگەیەنێ بە ڕەئی من قازانجی هە یە زەرەری نی یە ، داواش ئە کەم ئێ مە لە $4/8$ یا ساکەمان ناردووە بۆ دە ستەی سەرۆکایەتی ناردوویا نە بۆ مەجلیسی شورا ، مەجلیسی شورا تا ئێستا وەلامی ئێمەی نەداوەتەوە یەعنی ئەمە بەشەرتێ ئێمە سیفەی ئیستعجالمان بۆ ئەم یاسایە وەرگرت ، ئەبوایە لە پێنج ڕۆژدا تەواو بوایە ئێمە لە سێ ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆمان تەواو کردووە ، زۆر بەداخەوە تا ئێستا نە لیژنەی یا سایی ، بەتایبەتی وەزارە تی شارەوانی من کە ئێ ستا لێرەوە ئەتوانم بڵێم موقەسری یەکەم وەزارەتی شارەوانییە کە نەیانتوانی لە مەجلیسی شوراوە ئەو یاسایە بگەیەنەوە دە ستەی سەرۆکایەتی پەر لەمان ئاوا یا ساکە دوا کەوت ئەگینا پێویستمان بەو ڕا سپاردانەش نەبوو، ئێستا وا دوومانگی دیکەیە دەچینە پشووی تە شریعییەوە ئەبێ چاوەڕێی یا ساکە بکەین لەوانە یە دوای دوو مانگی دیکەش نەیە تەوە ئە گەر ئەم ڕا سپاردانەش نە چێ کەوا تە ئێ مە هیچمان نەکردووە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با شە سوپاس، بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە، کێ لە گەڵ ئەوەدا یە کە ئەو خاڵا نەی کە بەڕێز عومر عینا یەت سەرۆکی لیژ نەی ئا سەوارو خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گە شتوگوزار خوێندی یەوە، وە کو ڕاسپاردە ئاراستەی حکومەت بکرێت، کێی لەگەڵدا یە بادە ستی بڵند بکات تکا یە؟، $52$ کە سی لەگەڵدا یە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، $8$ کەسی لەگە ڵدا نیە؟، کەوا تە پە سەند کرا، سوپاس کاك عو مەر، بەڕێزان لەماوەی ڕا بردوو دوو بیرۆ کەمان هەبوو، بیرۆکە یەکیان لەماوەی پێ شووتر پێ شکەش بە سەرۆکایەتی کرا، ئێ ستا دەرفەت هەیە ئەو بیرۆکانە پێشکەش بکرێت، بیرۆکەیەکیان هی کاك عەباس غەزالیە، ئەوی تریشیان هی کاك فەرهاد سەنگاوییە، فەرموو کاك عباس بیرۆکەکەی خۆت بخوێنەرەوە.

**بەڕێز عباس غەزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم بە بابەتێکەوە لێرە قسە بکەم، کە لەم جەوەی ئێ ستا هەمان بووە بێینە دەرەوە، کە با بەتێکی هونەری و ڕۆشنبیرییە، لەو کاتەی کە هەوڵەکانی دیبلۆماسی بێ ئاکام دەمێنێتەوە، دەرگای تریش هەیە کە ئێمە دەتوانین لە ئاستی جیهاندا خۆمان بەرەو پێش بەرین، بۆ نموو نە، فیلمی بیرەوەرییەکانی سەربەرد، لەدەرهێنانی برای بەڕێزمان کوڕە پێشمەرگەیەك، کاك شەوکەت ا مین، کە لە بەر هەمی بەڕێوەبەرا یەتی دهۆکە، کە لەدوو ساڵی پێش بەرهەم هاتووە کە توانی لە ئا ستی جیها ندا چەند سەرکەوتنی هو نەری بۆ کورد بەدە ست بهێنێت، ئاخیرین دە ستکەوتی لە ئا سیا، (پا سافیك) بوو، کە لەناو (72) ووڵات لەناو (2400) فیلم توانی جائیزەی یونسکۆ وەربگرێت، کە ئە مە بەخۆی شتێکی گرنگ و بایە خدار بوو کە کورد خاوەنی کلتورو فەرهەنگی خۆیەتی، لەڕۆژی $2015/6/10$ لەیادی $70$ ساڵەی یونیسکۆ لە بارە گای سەرەکی لە پاریس ئێمەش وەکو ستافی فیلم بەشداریمان کرد، بۆ پارا ستنی کلتورو فەر هەنگی کوردی کە

جێگای خۆی بوو بە پێشوازییەکی گەرمەوە، لەلایەن سەرۆکایەتی یونسکۆوە پێشوازییان لێکردین، وە وتوو ێژمان لەگەڵ کردن و باسی شەڕی داعش و تێکدانی فەرهەنگ و کلتوری پێکەوە ژیانی ئەدیانی کوردستان باس کرا، کە ئەمە خۆی بایەخێکی تایبەتی هەبوو، لەڕاستیدا سەرۆکی یونسکۆ کە بە خێرهاتنی ئێمەی کرد لەسەر خاڵێك وەستا، لەو کاتەی کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە ئەندام پەرلەمانیشیان هەیە، کە بەڕێوەبەری بەرهەمە، کە ئەوە بوو بەجێگای بایەخ و ڕێگاین بە ئێمەشدا لە تریبۆنی یونسکۆوە وتاری خۆمان هەبێت لەسەر کلتور و فەرهەنگ و زمان و پاراستنی، وە بەرگری کورد لە شەڕی تیرۆریستان و داعش و تێکدانی شاری نەمروودو بەرگری کورد لە کۆبانێ تا جەلەولا، کە هەمووی بوو بە جێی بایەخی سەرەکی میدیایەکانی جیهان، لە ڤیۆ ئەی و ئەروروپا، ئەم هەواڵەش لە سایتی یونسکۆ زیاتر لە میدیای جیهانیش بلاو کرایەوە، جا هەر بۆیە پێشنیار دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر ئێمە لەو ڕوانگەوە بایەخ بدەین ئەتوانین لەو جێگایەی کە دیبلۆماسی تەئسیری نەبێت، لەبواری فەرهەنگ و هونەر و کلتور لەئاستی جیهان جێگای خۆشحاڵیشە، کە چوار کورد ئەندامی ئاسیا پاسافیکن، وە ڤیستیڤاڵی دهۆکیش مورەشەحەو موافەقەتی قونسوڵیشمان وەرگرتووە، کە ببێت بە ئەندامی ئەم(72) وڵاتە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئێمە بە فیلمەکانی دیرامان و ئەنیمەیشن و دیکۆمێنت و کورتە فیلم دەتوانن لەڕێگای ڤیستیڤاڵی دهۆك فیلمەکانیان بنێرن بۆ ئەوێ و پێویستە وەربگیرێن، کە ئەمەش یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمەش بتوانین لەبوارەکانی جیهانیەوە وەکو یونسکۆ وفاو ئێمەش چالاکی بکەین، ببین بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوانە بۆ دۆزی کوردمان و بۆ خەباتی نەتەوایەتیمان، هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی و ئێوەش هەر شاد و سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس غەزالی، ئێستا کاك فەرهاد، فەرمو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان شاد، من زۆر سوپاسی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان دەکەم، زۆر زۆر سوپاسی هەموو ئەندامانیش دەکەم، کە هەمووتان سەلماندتان ئێوە تووتی تار نین پەرلەمانتارن، بەڕێزان دەوڵەتی کوردی و کوردستان مافی هەرکەسێکە لەم وڵاتە باسی بکات، یان کاری بۆ بکات، ئەوە کارێکی دروستە، بەڵام باشترین باس ئەوەیە لە زەمان و زەمینی خۆیدا باسی بکات، باشترین باسکردنیش ئەوەیە کە پایەکانی دەوڵەتی کوردستان ئامادە بێت سازی بکات، لەبەر ئەوە ئێمە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان واژووی خۆمان، هەنگاوەکانی زەمینە سازی بۆ دەوڵەتی کوردستان بخرێتە بەرنامەی کارەوە، (100) واژۆشمان بۆ کۆکردۆتەوە، کە لە فەرهاد سەنگاوییەوە دەست پێدەکات، بۆ زانا عبدالرحمن، جێگای خۆیەتی بڵێین کە سەر سێ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش واژووی خۆیان کردووە، ئەمە جێگای سەرکەوتنێکی زۆرە بۆ گەلەکەمان، ئێمە بە پشت بەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ماددە

(54) برِ گەی(2) خاڵی(4)، هەروەها ماددەی (54) برِ گەی (2) خاڵی(2)، سەبارەت بە پر سی زەمینە دروست کردنی دەوڵەتی کوردستان، لەرِێگەی ئەم بیرۆکەیەوە واژووی ژمارەی یا سایی ئە ندامانی پەر لەمان دەخەینە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەت و لایەنەکانی پەیوەند یدار گفتو گۆی راشکاو و گرنگ لە دانیشتنی پەرلەمان کوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئەم خاڵانەی لەم بیرۆ کەدا پێشکە شتانی دە کەین، وەك بنەمای گفتو گۆ بچە سپێت و بکرێ تە نەخ شە رێگای دۆزینەوەی رێگای خێرا بۆ درو ست کردنی دەوڵەتی کورد ستان و پەر لەمان و حکو مەتی هەرێمی کورد ستان، هەنگاوەکانیان بخە نە سەر ئەم نەخ شە رێگا یە، چونکە پەر لەمان تا کە جێگای شەرعی نە تەوەی کوردو کورد ستانە، بەنارِا ستەوخۆ بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش، چونکە ئێمە کوردین ئەوانیش کوردن، ئەبێت ئەوەش بڵێم لەکورد ستان تەنها کورد نیە، نە تەوە بەرِێزو دێرین و خۆشەویستەکانی کلد و ئا شور و سریان وتورکمان وهە ندێکی عەرەبیش لەکوردستان هەن، کوردستان دەبێت ببیتە مۆزایکە بەناوبانگە کەی رۆژ هەڵاتی ناوەرِا ست، من گو مانم نیە کورد ستان لەداهاتوودا دەبێ تە دەو ڵەتێکی گەورە وە کو ئەمریکای رۆژ هەڵاتی ناوەرِا ست، هەرچوار پارچەکەی کوردستانیش یەك دەگرنەوە، هەر چوار داگیرکەرە کەی کورد ستانیش ئەرِووخێن لەم ناوچەیە، چونکە گەشەکردنی ژیان وایە، لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کورد ستان لەکۆماری مەهاباد، عو سمان دانش لە سلێمانیەوە چوو بوو بۆ ئەوێ، لەکاتی هەڵکردنی ئاڵاکەدا، عوسمان دانش لەسەر خانوویەك کەوتە خوارەوەو بوورایەوە، کاتێك کە هەڵیان گرتەوەو قسەیان لە گەڵ کرد، وتیان بۆ بوورایتەوە، و تی خۆ شی ئاڵاکە چەند خۆش بوو، لەو کا تەدا بیرم لەوە کردەوە کەی ئاڵا کەمان دەرِووخێنن، بۆ یە قازی محمدی نەمریش رێگەی رزگار بوون و دەرباز بوونی هەبوو، چوون پێیان وت کۆمار دەرِووخێت و دەر باز بە، و تی من دەرباز نابم لەئاڵا هەڵکردن و خۆشی لەگەڵ گەلەکەمدا بووم، ئێستاش ئەگەر ئێران بێن و من بکوژن، رِقی خۆیان بەمن برِێژن کەمتر خەڵك ئەکوژرێت لە مەهاباد، بۆ یە ئێمە پێویستمان بەدرو ست کرد نی دەوڵەتی کوردستانە، لە شاخەوە لەساڵی( 83 )ئێمە دروشمی رادیۆکەمان گۆرِی لە دەنگی شۆرِشی عێراقەوە بۆ مافی جارەی خۆنووسین، هاتین لە راپەرِین گەیشتینە فیدرالی، ئێستاش پێویستیمان بە کۆنفیدرالی و دەوڵەتی سەربەخۆیە، هەموو دەوڵەتەکانی دونیا بەیەکگرتنی ویست و پێویستی ناوەکی ودەرە کی درو ست بوون، بۆ کوردستانیش ئەمە راستە، ئێستا ئێمە خاك، دانیشتوان، ئیدارە، بە هەر سێ سەرۆکایەتیەکەوە ئامادەیە، کە ئەمەش نیوە دەوڵەتێکە، بەڵام ریفۆرمی دەوێت، چی پێویستە لەناوخۆو دەرە کی ودەر خۆ بکرێت، یەکەم: لە ناوخۆدا پەروەردەی گشتی و پەروەردەی خەڵك بەمافەکانی خۆی و دەو ڵەتیش یەکێکە لەو مافانە، دووەم: کشتوکاڵ و بەنداو کە خۆراکی ئەم نەتەوە یە، بەبێ کشتوکاڵ و بە نداو هیچ ناکرێت، رێگاو بان وگەیا ندن و پیشە سازی، سێیەم: دژا یەتی گە ندەڵی و ئی ستیماتیك کرد نی ئیدارە، چوارەم: یەکخستن و نوێکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە سوپای کورد ستاندا، پێنجەم: نەهێشتنی بێکاری، ئینتمای نەتەوایەتی و نیشتمانی، شەشەم: حزب و حکو مەت بە بیری دەو ڵەت وئیدارە کار بکەن، نەك پێکها تە کۆنەکان، حەوتەم: ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان مەندەلی تا تەلەعفەر، خاکی پیرۆزی کوردستانەو مافی

هیچ حزب و سەرکردەو کەسێك نیە، کە بتوانێت سازشی لەسەر بکات، دەرەکی دەرخۆ، یەکەم: پێویستە لە دەرەوەی وڵات بەهێزکردنی پەیوەند یە نێودەو ڵەتی و نێونەتەوەیی یەکان، دووەم: بەهێزکردنی کاری دیبلۆماسی، سێیەم: بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، دەوڵەت ئاوا دروست دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێزکاك فەرهاد سەنگاوی، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بڕ گەی سێیەم لەبەرنا مەی کار، کە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەسەر هێرشەکانی ئەم دواییە تیرۆر ستی دا عش بۆ سەر کۆ بانێ، لە سەرداوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان  عێراق، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئ ێوە ئا گادارن کە بەداخەوە لەماوەی ڕابردوودا جارێکی تر ه ێزی تیرۆر ستی دا عش پەلاماری شاری کۆ بانێی دا، دوای ئەو قوربانیە گەورەیەی کە ئەم شارە خۆڕاگرە خۆی پیشانی دا، بۆ دا گیر نەکردنی و ڕز گارکردنی ناو چەکانی کورد ستان، لەڕۆژئاوای کورد ستان، تەنا نەت لێ کدانی ناو چەکانی جز یرە لە گەڵ ناو چەکانی کۆ بانێ، تیرۆرستانی داعش کە هە ندێ گو مانیش هە یە، کە بەدە ستی ئەملاو ئەولاو دەو ڵەتانی تر ئەو کارە یان کردبێت، جارێکی تر پەلاماری ئەو شارە خۆڕاگرەیان دایەوە، بەداخەوە بەسەدان هاووڵاتی سیڤیل، شەهید و بریندار بوون لەو شارەدا، بەڵام جارێکی تر ئەو شارە خۆڕاگرە ئەوەی سەلماندەوە، کەئیرادەی گەلە کەمان لە ڕۆژ ئاوا زۆر گەورەترە، لە هەموو ئەو ه ێزە تیرۆر ستیانەی کە دژی ئە جەنگن، تەنا نەت لەو هەموو پیلانا نەی کە دژی ئەگێڕدرێت، بۆ یە ژمارە یەك لەئە ندامانی پەر لەمان داوای ئەوەیان کرد بوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەر لەمان تەرخان بکەین بۆ ئەم بابە تە، بەڵام ئێ ستا لە بەر ئەوەی لەکۆتایی خولی گرێداندایین، بەباشمان زانی بیکەین بە بڕگەیەك لە دانیشتنی کۆتایی ئەم خولی گرێدانە، هەم وە کو پشتیوانی بۆ گەلی خۆمان لە ڕۆژئاوا، هەروەها باسکردنی ئەم پرسە، بۆیە ئێستا داوا لە بەڕێزتان دە کەین تەبعەن پێشتر فراکسیۆنەکانمان ئاگادار کردبوو کە لە هەر فراکسیۆنێك بەڕێزێك تەعبیر لە بیروبۆ چوونی فراکسیۆنەکەی خۆیان بکات لەم ڕووەوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین ناوەکانی خۆتان بنووسن تا دە ست بکەین بە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە، کاك برزۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام گفتوگۆ لەسەر ئەو یاسایەی پێشوو دواخرا، ئێ ستا پەر لەمان کاتی ز یاتری هە یە، بەتەبیعەتی حاڵ کاتیش دیاری کراوە، ئەگەر (3) دەقەکە بێت، باوەڕ نا کەم لە هەموو فراکسیۆنەکان (6 تا 7) کەس ز یاتر قسە بکەن، هە یە سەردانی کۆ بانێی کردووە حەز ئەکات قسە بکات، پێ شنیازی من ئەوە یە کە تۆز ێك مرونەت بنوێنن لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زۆزان فەرموو.

**بەڕێز  زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕۆژئاواوە پشتگیری ماددی و مەعنەوی ڕۆژ ئاوا و هەموو بەشەکانی تری کوردستان  بوون و دە بن ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا بە بڕیاری سیاسی بیت یان قانونی بیت بە پشتیوانی پێشمەرگە بیت  یان هاو کاری ماددی و مەعـ نەوی وەك را بردوو  بەردەوام  هەموومان پ شتیوانی و هاو کاری  برا و خو شکمان دە بین  لە ڕۆژئاوای کوردستان، پێویستە هەموو هێز و لایەنە سیا سییەکان  لە کورد ستان هە ست  بە هە ستیاری  ئەم قۆناغە بکەن و هەموویان پشتگیری و پشتیوانی یەکتر و خواستەکانی خەڵکی کورد ستان  بن  بۆ  بە دە ست هێنانی مافی چارەنووسی کە لە قۆناغەکەدا و جگە لە دەوڵەتی کوردستان هیچ خەیارێکی  تردا  مان  نادەن و ناتوانن ببیتە شورەی پاراستنی کوردستان پێویستە بە بەیانێکی بەرپرسیارانە  یان  بە را سپاردە  یان  بە بڕ یار  پەر لەمانی کورد ستان گوزرا شت  لەم قۆنا غە بـکات و  بە  جەخت  کردن  لە بڕیارە کانی پێ شووتر دا مەزراوەکانی کورد ستان  لە (بە غدا) و  لە (کورد ستان) و  لە پارێز گەکانی ( هەولێر،  کەرکوك، د هۆك،  سلێمانی، هەڵە بجە)  بە هەما هەنگی  چی پێوی ستی  ئەنجام  بدرێت  بۆ پێ شکەش کرد نی  هەموو پێداویستییەکانی ژیان و بەرخۆدان لە ڕۆژئاوا لە هەمان کاتدا  جەخت  لە  یەك ر یزی ه یزی سیا سیەکانی کوردستان دەکەینەوە حەتا لەم هاوکێشەی سیا سی و  سەربازی کورد ستان و ناو چەکە پێ کەوە  سەرکەوتنە سیاسی و ئیداری و سەربازییەکان بەرەو سەرکەوتنێکی یەك جارکی بەرێوە ببەین لە دوایی  کات کو شتن و هاوکات لە گەڵ هەرەشە و کورەشەی سوپای (دیجلە) بۆ سەر حکومەتی هەرێم و بڕینی موچەی کارمەندان و فەرماذ بەرانی ( هەرێم) و ( کەرکوك) و ناو چەکانی  تر  لە لا یەن مالکی یەوە دوا تر در ێژی پ ێدانی چارەسەری ڕێفراندومە بو پێك هێنانی دەوڵەتی (کوردی) ئێمە پ شتگیری ڕۆژ ئاوایین  بۆ  خاك و  خەڵك و ه ێزە سیا سییەکانەوە داوا دە کەین دوور  لە لا یەن و  لە لا یەنگیری ه ێزی لایە نە سیا سییەکان پ شتگیری ڕاستەقینەی ڕۆژئاوا بن و حوکمرانی کوردستانیش هەموو هاوکارییە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ پارا ستنی ڕۆژئاوا بەردەوام بکات،  بەرێزان، هۆکارە کانی  سەرکەوتنمان  لەم خاڵا نەی  خوارەوە د یار دە کەون  :  یەك/ یەك ڕێزی و تەبایی، دوو/  پشتگیری کۆمەڵگای نیودەوڵەتی،  سێ، قارەماذ یەتی پێ شمەرگە،  چوار،  ئیرادە و خۆڕاگرتنی خەڵکی کوردستان و بەرگە گرتن تەنانەت قەبول کردن و بڕینی قوتی هاوڵاتـ یان  کە  لە لا یەن حکومەتی عێراقەوە بڕیوە، دەبێ لەم حاڵاتاندا یان لەم دۆ خەدا پەر لەمانی کورد ستان سوپا سی  خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بکەت و زیاتر فشار بکەت بۆ دابین کردنی مافەکانی خەڵکی کورد ستان ڕووداوە وەحـ شی کاریگەرییەکانی ئەم دواییە کە لە سەر خەڵکی کۆبانێ یان ڕۆژئاوای کوردستان ئەوە بۆمان دەسەلمێنێت  کە ڕاستە داعش زەربەی باشی پێکەوتووە، بەڵام هێشتا خەتەرێکی گەورە یە  لە  سەر  ئەو مەنتیقە یە  یان  لە سەر  مەنتیقەی خۆمان، لە کۆتاییدا سلاو بۆ شەهیدانی نەمر سلاو بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و  سلاو  بۆ  ئەو پێ شمەرگانەی  لە  بەرەکانی  شەردانە  بژیت  کورد و کورد ستان، فراکـ سیۆنی زەرد  لە پەر لەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو (ئێڤار) نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئه ندامانی پەر لەمانی بەرێز، له بڕ گەی سێ با سی گفتو گۆ كردن ده كاتن، ئه گەر وا ب ێت زۆر بەی فراكسیۆنەكان بەیاننا مەیان دەر كردووە و ەنابیشت وە كو سەرۆكایەتی پەر لەمان ئیدا نەی ئەم قەزییەت كردووە كە قەزیەیێكی ڕووداوێكی نەخوازراو بووە، یەعنی ئەگەر بەیاننامەیە با بزانین، ئە گەر گفتوگۆ یە دەبێ ئێمە موناقشە بكەین، چونكە دوای ئەوەی كە گفتوگۆ دەكرێت دەبێ چەند را سپاردەیەك دەربكرێتن من نازانم لە سەر بەیاننامە ژ راسپاردەیەك دەردەكرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا هیچ راسپاردەیەك حازر نییە.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نە مەبە ستم ئەوە یە یەك كەس قسە دە كات هەموو بەیاننامە یە، ئە گەر وا بێ هەموو فراك سیۆنەكان دەكرێتن لە دەرەوەی پەر لەمان ئەم بەیاننا مە دەر كەن، بەلاّم ئە گەر ئێمە پەرۆ شی ئەم قەز یەیین ئەم قەزیە قەزییەیێكی گرنگە دەكرێت پەرلەمانتاران گفتوگۆی لە سەر بكەن، بۆ نموونە جەنابتان وە فدێكتان نارد بەشداری لە كۆنفرانسی ئاوەدانكرد نەوەی (كۆ بانێ) كردووە سێ جار وە فدی پەر لەمانی كورد ستان، ئێمە دانیشتنێكی تایبەتمان كرد سەبارەت بەوەی هێزی پێشمەرگە بنێرینە رۆژئاوای كوردستان، دووەم، بە فەرمی نا ساندنی كانتو نەكانی كۆ بانێ ئێ مە شتی زۆر با شمان كردووە لە با شوری كورد ستان، سێیەم، وە فدێكی گەورە و گران لە سەرجەم فراك سیۆنەكان دوو رۆژ بە شداری كۆنفراذ سی كردووە لە ئاوەدانكردنەوەی كۆبانێ ئێمە داوامان لە بەرێزیشتان كرد كە سەر ئاوەدانكر نەوەی كۆ بانێ دانتیشتنێك بكەین لە باشوری كوردستان بەداخەوە سەرۆكایەتی پەر لەمان هیچ وەلاّمێك نەبوو، بەلاّم ئە گەر ئەمڕۆ بەیاننامە یە با بزانین، ئە گەر گفتوگۆ یە با هەمووومان موناقە شە بكەین چەند را سپاردەیەكی گرنگ دەركەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز خاتوو ئێڤار، ئە مە كۆی بابە تەكانی لە سەر كۆ بانێ نی یە خۆت ئەزانی ئێستا خۆ شت ژ ماردت چەندین هەولّ لە پەر لەمانی كورد ستان و دانیشتن ئەنجام دراوە بۆ پر سی بەرەنگاربوو نەوەی تیرور لە كۆبانێ هەر لە دانیشتنی بە رەسمی نا ساندنی ئیرادەی گەلی كورد ستان لە رۆژ ئاوا كانتو نەكانی رۆژ ئاوا و هەم لە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ كۆبانێ بڕیاردان لەوە و ناردنی وەفد بۆ كۆبانێ، ناردنی وەفد بۆ ئەوەی كە جەنابتباسی كرد بۆ كۆنفراذسی ئاوەدانكرد نەوەی كۆ بانێ ئە مەش تەنها وە كو دەربڕینی هەڵویستی

پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو کۆمەڵ کوژییەی لە ماوەی رابردوو ئەنجام درا دژ بە کۆبانێ ئێستا ئەمە رای پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانیشە پەرلەمانی کوردستان لە سەر ئەم پرسە قسە و باسی ئەنجام داوە و فراکسۆنە جیاوازەکان هەڵویستی خۆی لەم روو خستووتە روو، بەرێز مامۆستا (مەڕوان) فەرموو.

**بەرێز مەڕوان گەلآلی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پەرلەمانتارانی بەرێز، کورد تاکە نەتەوەیەکە لە رۆژهەلآتی ناوەراست کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە و زەرەر و زیانی زۆریشمان کردووە لەو بێ دەوڵەت و بێ کیانەی خۆمان هیواداریین کە هەنگاوەکانمان بۆ بە دەوڵەت بوون بۆ یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئێمەش وەکو گەلێك ئەو گەلانەی کە لە رۆژهەلآتی ناوەراستدا ژیان بە سەر دەبەن ژیانی سەرەتایی خۆمان پێوە ڕەوا بدرێتن، بۆ ئەوەی کە بتوانین بەرگری لە بوون و لە ناسنامەی خۆمان بکەین، رژێمێك لە دوایی یەکەکان ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەمیان تەجروبە کردووە بە سەر خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بە دەیان و بە سەدان و ئەتوانم بڵێم بە هەزاران شەهیدمان داوە بۆ بەرگری کردن لە ناسنامەی خۆمان و لە وڵآتی خۆمان و هیوادارم بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانە بەلاش نەڕواتن بە فیڕو نەڕواتن بتوانین ئێمە لە ژیانی خۆماندا ئەوەی کە ئەوان لە پێناویاندا قوربانیاندا ئێمە بتوانین بە دامەزراوەی بکەین و بتوانین نەوەکانی دوایی ئێمە سوودمەند بن لێی، شورشی گەلی (سوریا) کاتێك کە ئەو شورشە بەرامبەر بە زوڵم و ستەمی رژیمە عەلمانییەکەی سوریا هەڵگیرسا گزێنکێکی هێنایە کایەوە بۆ میلەتی ستەمدیدەمان لە سوریا کە میلەتی کوردە و هەموومان دڵخۆش بووین بۆ ئەوەی کە ئەو میلەتەمان کە حەقی هەموو حەقێکی سەرەتاییان لێ سەندرا بوو، پێشل کرا بوو مافی قسە کردنیان نەبوو بە کوردی و مافی خوێندنیان نەبوو و ناسنامەی کوردیشیان نەبوو کە بۆیان نەبوو وەکو میلەتی کورد بە کچکەترین سەرەتایی ئیعتیراف بە کوردایەتیان بکرێت لێرا نەدا بە راستی وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە توندی ئەو هەڵە تیروریستی یە شەرمەزار دەکەین کە کرایە سەر کۆبانێ لە لایەن تیرورستانی داعشەوە هیواداریین کە دوا هەوڵیان بێتن بۆ سەر (کۆبانێ) و خوای پەروەردگار تەبارك و تەعالا عاقیبەت خێری ئەو میلەتەمان بکاتن و سەربەرز و سەرفرازیان بکاتن و لێرەدا رێز و ئیحتیرامی خۆمان ئاراستەی پێشمەرگە ماندوونەناسەکان دەکەین کە پارێزگاری سنوورەکانن بۆ ئەوەی جەماوەر بە ئاسوودەیی ژیان بە سەر بەرن، پێویستە پەرلەمان و حکومەت و هێزە سیاسیەکان ئەوەی کە لە دەستیان بێتن دەرێغی نەکەن بۆ پاڵپشتی گەلی کوردمان لە خۆرئاوای کوردستان ئێمە دڵنیاین بە پشتیوانی خوای گەورە، لە بەر ئەوەی دوزی گەلەکەمان ڕەوایە و دوزی بوون و ناسنامەی خواکردی خۆمانە و دڵنیاین سەرکەوتن هەر بۆ ئیرادەی گەلەکەمانە هەروەها جەخت لە یەك رێزی و کۆ دەنگی هێزە سیاسیەکان هەر چوار پارچەی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتێجیەکی نەتەوەیی دەکەینەوە بۆ روبەروو بوونەوەی مەترسییەکان لە کۆتاییدا لە خوای

گەورە دەپارێ نەوە  شەهیدەکان ﭘ لە  بەرز ب کات و  شیفای برێ ندارەکانیش  بدات، فراک سیۆنی کۆ مەڵی ئیسلامی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا مەڕوان گەڵاڵەیی، بەڕێز کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، لە کاتێکدا باشوری کوردستان بارگای بووە بە کۆمەڵێك قەیرانی توندی نەخوازراو لە سەر هەموو ئەو ئەزمە و قەیرانان و شەڕی داسەپاوی داعش کە زیاد لە ساڵێکە گەلەکەمان و کوردستانی تێوە گراوە راستە خەسارەتێکی زۆری گیانی و مالی و ماددی زۆرمان لێ کەوتووە، بەڵام بەدیلەکی  تری پ شتیوانی و دو ڵەتی باش بۆ وڵاتە کەمان بەرجە ستە بووە ه ێزی پێ شمەرگەی کورد ستان لە بەرەنگاربوو نەوە و تێک شاندنی تیرور ستاندا رۆلی نە بەردی و موفاو مەتی بێ وێ نەیان بە خوێنی خۆ یان نووا ندووە مەتر سییەکانی سەر هەرێمە کەمان بە تەواوەتی دوور خ ستووتەوە سەرباری شەڕی بەرەیی دوور و درێژی زیاد لە هەزار کیلو مەتری ه ێزی پێ شمەرگە لە چەند مانگی را بردوودا لە کۆتایی ساڵی رابردوودا پشتیوانێکی باشی کانتونی کۆبانێ بووە لە رۆژ ئاوا و ئەڵبە تە مەتر سییەکانی سەر کۆبانێ و کەوتنی ئەو کانتونەی برا کوردەکانمان لە پارچەی کوردستان وای خواست کە لە سەر داواییەکانی یەکینەی پاراستنی گەل و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بە بڕ یاری ئەم پەرلەمانە بنێڕدرێتە رۆژئاوا و مەترسییەکانی سەر کۆبانێ کەم کردەوە بێ گو ێدان، بێ گو مان ئەوە بە یەك گۆتاری و یەك خیتابی سیا سی کورد بەرجە ستە بوو، بەڵام بە دا خەوە وەك بینی مان لە چەند رۆژی رابردوودا جارێکی تر تیرورستان لە ناکاو لە بەرە بەیانی رۆژی (هەینی) رابردوودا هێزێکی خۆکوژی لە سنووری باکوری ئەو شارەوە هێر شیان کردوو تە سەر خەڵکی سادە و سڤێلی ئەو شارە و لە قەتل و عامێکی هەمەجیانەدا جارێکی تر نیزیکەی چوار سەد (400) هاوڵاتی شەهید و برێ ندار کران و سەدانی تریش ئاوارە بوون و ئاسایشی ئەو شارە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە شوێندرا، ئێمە لێرەدا وێرای پرسە و سەرەخۆشی لە شەهیدانی ئەو شارە تەمەنای چاك بوونەوە بۆ برێ ندارەکانیان دە کەین و پێویستە لێرەدا وەکو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە عەمەلی پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو کانتو نە رابگەینین و ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە لە رابردوودا دەرچوون جارێکی تر تەفعیل بکرێ نەوە، چونکە ئەرکێکی نشتیمانی و نەتەوەیی یە لە هەمان کاتدا ئیدانە کردنی رەفتارە دڕندانەکانی تیرورستانی دا عش بە زەرور دەزانین دوا وتەم ئەگەر چی دۆخی کۆبانێ لە ئێستادا ئارامە، بەڵام پێویستە لە سەر خەت بین هەر کات بخوازن جارێکی تر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێڕینەوە ئەو دەڤەرە لە کاتێکدا ئێ ستا روی شتن بۆ ئەو شوێنە ئا سانترە بژی ئیرادەی گەلی رۆژ ئاوا شەرمەزار بێ تیرور سڵاو لە کۆ بانێ قوتابخا نەی فێر بوونی

بەرگری و خۆراگری سڵاو لە شاسوارانی (یەپەکە) و (یەپەژە) سڵاو لە شێرە ژنانی (یەپەژە) نەفرەت لە تیرور و تیرورستان سەرکەوێ ئیرادەی هێزی کوردان، زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز (کاك محمود)، خاتوو (بەهار) فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کۆبانێ وەك قەلای بەرگری کوردان دەمێنێتەوە دوایی ئەوەی لە سەر دەستی گەلی قارەمانی خۆرئاوای کوردستان و شەرڤانان و پێشمەرگەی باشوری کوردستان دەوڵەتە فشول و خوێن مژەکەی داعش شکستی خوارد بۆیە جارێکی تر رەقی نەگریسی خۆی بە خەلکی سڤێلی خۆرئاوا رشتەوە و دوور لە هەموو بەها ئاسمانی و مرۆڤایەتییەکان لەم مانگە پیرۆزەدا خوێنی کردەوە دیارە دەستی بۆ گەلە خۆراگرەکەی خۆرئاوا ئێمە وێرای مەحکوم کردن و رسوا کردنی ئەو دەستە رەشانەی داعش سەرەخۆشی دووبارەی خۆمان بە گەلەکەمان و خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان دەگەینین و هیوای چاك بوونەوەی بریندارەکان ئەخوازین و ئومێدی بەهەشتی بەرین بۆ شەهیدەکان دەکەین، بەڕێزان، هەولەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتارە ماندوو نەناسەکان لە رابردوو و ئێستادا کە بەردەوام هاو هەلوێست و پشتیوانی گەلی خۆرئاوای کوردستان بووە هەر بە دەرکردنی بریاری دانان بە ئیرادەی خەلکی خۆرئاوای کوردستان لە شێوازی لە خۆ بەرێوە بردن و ناردنی هێزی پێشمەرگە و پشتیوانی ماددی و مەعنەوی و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی (کۆبانێ) شایانی شانازی ئەم خولەی پەرلەمان و گەلەکەمانە لە باشوری کوردستان ئێمە لە (فراکسیۆنی یەکگرتوو) پێمان وایە کوردستان یەك دڵە و دڵ پارچە پارچە نابێت وەك چۆن پێشمەرگە و شەرڤان لە سەنگەری بەرگری لە کۆبانێ کۆبوونەوە ئاوا بەو جۆرەش پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکان یەك رێز و یەك دەنگ بن بۆ رو بەروو بوونەوەی تیروریستانی داعش و دانانی ستراتیجی نەتەوەیی و گۆتاری نەتەوەییمان بۆ ئەم قۆناغە لە پێناوی پاراستن و گەشەپێدانی دەست کەوتە بەدی هێنراوەکان لە (باشور، باکور، خۆرئاوای) کوردستاندا، ئێمە دڵنیاین بە پشتیوانی خوا تا ئێمە خاوەنی پێشمەرگە و شەرڤان بین تا ئێمە گەلێکی تینو بە ئازادی و ئاودەڵ بۆ کەرامەت بین بەردەوام داگیرکەران و تیرورستان دۆراو شکست خواردوو دەبن بۆیە دووپاتی پشتیوانی و پشتگیری خۆمان بۆ گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردستان و کانتونەکانی دەکەینەوە و پێویستە پەرلەمانی کوردستان و هێزە سیاسییەکان ئەوەی بۆیان دەکرێ و لە دەستیان دێ وەك پێشوو بکەین بۆ ئەو پارچە ئازیزەی کوردستان، سەربەرزی بۆ شەهیدان روو رەشی بۆ تیرورستان و ئەوانەی پاڵپشتیانن، فراکسیۆنی یەکگرتوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەرێز شوان احمد (شوان قەڵادزەیی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز، هەڵبەتە من پێشتر ئاگام لەوە نەبوو کە بابەتێك لە سەر ئەو بابە تەی ئا مادە بکەین.

بسم الله الرحمن الرحيم ...

خوای گەورە دەفەرمویێت : ((وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ))، خەبات و بەرگری ڕەوا خوای گەورە دایەتی بە هەموو گەلانی موستەزعەف و بێ بە شکراو لە لا یەن ستەمکارانی جیهانی یەوە لە هەر قارەیەك بن بۆیە ئەو هێرشەی کە کرایە سەر کۆبانێ کە تێدا ژمارە یەك لە هاوڵاتی سڤیل شەهید بوون زۆر بە تو ندی ئیدا نەی کو شتنی مرۆڤ و هەر مرۆڤێکی تر دە کەین لە ( مەهاباد) بێت یان لە (دیاربەکر) لە (کۆبانێ) بێت یان لە (خورماتو) میلەتی کورد یەکێکە لەو میلەتا نەی کەوا لە رۆژ هەلاتی ناوەراست میلەتێکە لە ئەنجامی سیاسەتی زاڵمانەی دوو جەمسەرەی وڵاتان نەبووتە خاوەن کیان و قەوارەی سەربەخۆ لێرەوە جارێکی تر سلاو و رەحمەتی خوا لەو خەڵکا نەی لە ئەنجامی ئەو کارە تیروری ستی یە شەهید بوون یا خود بریندار بوون یا خود ئاوارە بوون کە لە پێناو بەرگر یەکی ڕەوادا و ئەوان بوونی سونبول بۆ رۆلەکانی ئێستا و نەوەکانی داهاتوو خەباتی کۆبانێ ئەوەی بە ئێمە وت ژنی کورد، پیاوی کورد یەکسانن لە خەبا تدا هیچ جیاوازێکیان نی یە ئەو یەك رێزی یەی ئەوان وای کرد کۆ بانێ جارێکی تر مەرگە ساتێکی گەورەی وە کو مەرگە ساتی (بە غدا) لە لا یەن (هولا کۆ)یش ئەمرۆوە جارێکی تر درو ست نەبێتەوە برینەکانێ قۆلن ئەکرێ پەرلەمانی کوردستان لە قسە و شتی نەزەری یەوە تەرجو مەی بکات بە لایەنی عەمەلی ئەگەر بە تەبەروعاتی ئەندامانی پەر لەمانیش بێت لەو شارە نەخۆشخانەیەکی مودێرنی زۆر پێشکەوتوو یا خود فوتابخانەیەك دروست بکات ئەوەی کۆبانێ بە ئێمە دەڵێت خەڵك باشور یەك رێز و یەك دەنگ بن ئێمە مەکەنە موزایەدە بۆ مەرەمی ئەجیندەی تایبەتی خۆتان، لە بەر ئەوە پێویستە بە راستی (1) رێزی ئەوانی سەرخست ئەمرۆ ئێمە یەك رێز بین پاش یەك ساڵی تر دەو ڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوردا بە دڵنیاییەوە راگەیندراوە هاوکاری نێزان پارچەکانی کوردستان هەر لە سما یل خانی شوکاك هەر لە بارزانی یەکان هەر لە هاو کاری شور شی نوێ گەلی کورد بۆ هاو کاری کوردانی رۆژ هەلات شتێکی تەقدیر و رێز لێ گیراوە با ئەو نموونانە دووبارە بکەینەوە، بۆ یە من لێرەوە داوا دە کەم بە ر سمی وەکو فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە کوردستانی باشورەوە چوونە کۆبانێ بە ر سمی لە لا یەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کورد ستانەوە بە سیفەتی ئەوەی کە وا سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، مەدالیای شکومەندی، مەدالیای رێزلێنان، مەدالیای مەردایەتی پێیاندا بکرێت بە بێ جیاوازی ئەو خەباتەی ئەوانیان کرد خەڵکی کۆبانێ جارێکی تر لە لایەن هۆلاکەکانی سەردەمەوە قەتل و عام نەکرێن جارێکی تر بە پێویستی دەزانین کە هەموو کوشت و کوشتار و قەتل و عامێك ئیدانە بکەین و ئەوا نەی کە دە ستیان لە پ شتی ئەو هێزە یان هە یە، من لە کۆنفرانسی (مێری) لە شاری ( هەولێر)

پر سیارم کرد له بەرپر سێكی باڵای ئەمریكا یەكان و تمان ئەڵێن د ێوە ( هیلاریكلان كلینـ تون) له یادداشتەكانیدا وتی ئێمە دەستمان له دروست كردنی ئەو هێزەدایە له وڵامەكەیدا وتی ئەمریكا له ژ یان و خەباتی خۆی له مێژوویی خۆیدا هەڵەی زۆر گەورەی كردووە ئەوە پێمان دەڵێت ئەمە شانوگەری زۆر جار ئەم شانوگەریانە رۆژێك (مەخمور) رۆژێك له (خورماتو) رۆژێك له (حە سەكە) رۆژ ێك له شوێنەكانی تر پێشكەش دەكرێت، بەڵام یەك رێزی و ناو ماڵی كورد ئەساسە، ئێمە یەك نەبین ئەو ئەزمو نەش له برِی ئەوەی كە دوا یی (24) ساڵ ئێمە كە با سی سەربەخۆی كورد ستان دەكر ێت تەفـ سیرات و جـ یاوازی بۆ دەكر ێت بە یەك ر ێزی دەگەیـنە ئاوات و ئاما نجەكانمان ئەو ئاوات و ئامانجا نەش پێویـ ستی بە جـهود و تێكوشانی هەموو لایەك هەیە، دووبارە زۆر سوپاس بۆ جەنابتان كە ئەو فر سەتە رەخـساند ئە مەش بۆ پەر لەمان كارێكی شایـ ستەیە كەوا لەو دۆ خەدا رۆلی خۆی بینـ یوە لە هاو كاری كرد نی پار چەكانی تری كوردستان له گەڵ رێزماندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ كاك (شوان قەڵادزەیی)، بەرێز كاك (عبد الله) فەرمووو.

**بەڕێز عبد الله محمود :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بە ناوی هەر دوو فراكسیۆنی حیزبی (سۆشیالیست) و (ئارا ستەی سێیەم) هەموو كارێكی تیرۆریـ ستی رەد دەكەیـنەوە درود بۆ شەهیدانی كۆ بانێ و گەلی كورد ستان پـ شتیوانی پرۆ سەی سیا سی و دیمكرا سی گەلی كوردستان دەكەین له هەر لایەك سڵاو له پێشمەرگە قارەمانەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، بەرێز كاك (ابو كاروان) فەرمووو.

**بەڕێز (ابو كاروان) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا رەخنەی خۆم ئاراستەی دە ستەی سەرۆكایەتی پەر لەمان دە كەم، له بەر ئەوەی بە پێی ناونووسی مامەڵەیان له گەڵ ئەو مەسەلەیان نەكرد و من هەر بەیانی زوو پێش ئەوەی بەرنامەی كار بخوێنرێتەوە ناوی خۆم نووسی كە چی دیسان گەڕانەوە بۆ ئەم ساندیلی گو یەی كە بوو تە عیلەت بۆ هەموو كورد و كوردستان، سەرەتا سەری ر ێز و نەوازش بۆ قوربانیـ یەكانی كۆ مەڵ كوژیە كەی رۆژی (25/6/ 2015) كۆ بانێ دادە نوێنم كە له لا یەن دەو ڵەتی تیرور ستی ئیـ سلامی دا عش ئەنجا مدرا تیایدا زیاتر له دوو سەد و سی هاوڵاتی سیڤیل شەهید بوون و نێزیـكەی چوار سەد هاوڵاتی بریـ ندار، ئەم تاوانەی داعش كە نە یەكەم تاوانە و نە دوا تاوانیش دەبێت، ئە گەر له هەر كات و شوێنێك دەر فەتی بۆ برەخسێ دووبارەی دەكاتەوە ئەمەش یەكێكە له مەترسییە هەرە گەورەكانی دەو ڵەتی تیرۆریـ ستی ا سلامی دا عش نەك تەنیا بۆ سەر كۆ بانێ، بەڵكو بۆ سەر كۆی مرۆڤا یەتی بە گـ شتی و ناو چەی (رۆژ هەڵاتی

ناوەراست) بە تایبەتی تەرخان کردنی کاتی تایبەت بۆ گفتوگۆ کردنی هێرش و پەلەمار و ئەنجا مدانی کۆمەڵ کوژیەکانی داعش لە شاری کۆبانێ جێگای خۆیەتی و پێویستە بە گرنگیەوە وەری بگرین و جێگای بایەخمان بێت، هەروەها بە بڕوای ئێمەش پێویستە لەم کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بەم تاوانە ئەم رێگا و شوێنە بگرینە بەر و کاریان لە سەر بکەین، یەکەم : لێکۆڵینەوەی ورد و جدی لە هەموو لایەنەکانی تاوانەکە بکرێت، دووەم : لیژنەیەکی پەرلەمانی سەردانی کۆبانێ بکات و پاڵپشت و پشتیوانی پەرلەمانی کوردستانیان بۆ رابگەینرێت، سێیەم : پێویستە پاڵپشتی دەسەلاتی خۆ بەرێوەبەری کۆبانێ بکەین بۆ ئەوەی بە فەرمی سکاڵای یاسایی لە سەر دەوڵەتی تیروریستی ئیسلامی داعش لە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی تۆمار بکات، چوارەم : پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی ئیدانەی تەواوی ئەو لایانەنە بکات کە هۆکار و هاوکار بوون بۆ ئەوەی داعش ئەو تاوانە ئەنجام بدات، پێنجەم : پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە پێی توانا هاوکاری خێزانی قوربانیەکان بکات لە رووی ماددی و مەعنەویەوە، بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی ماددەی (دوو) ماددەی (سێ) لە رێکەوتنامەی ساڵی (48) (روما) ئەوەی کە داعش لە کۆبانێ ئەنجامی دا بە هەموو پێوەرێك تاوانی جینۆسایدە، بۆیە گرنگە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی نشتیمانی و نەتەوەی خۆمان هەڵسین و لە کۆڕ و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ئەم دۆسەیە بجوڵێنین هەر بە فەرمی داوا لە کۆمەڵێ نێودەوڵەتی بکەین کە ئەم تاوانە وەك تاوانی جینۆساید بناسین و رێگەیەك بۆ دووبارە نەبوونەوەی بگرنە بەر لە گەڵ رێزدا، (ابو کاروان) فراکسیۆنی ئازادی، زۆر سوپاس جارێکی تر.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاك (ابو کاروان)، تەنیا ئەمەوێ یەك سەرنج بدەم بەرێز مامۆستا مەروان بە یارمەتیت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش دانمان بەوە نەناوە کە ئەو رێکخراوە تیروریستیە دەوڵەتە بەڵکو وەکو رێکخراوێکی تیروریستی مامەڵەی لە گەڵدا ئەکەین.

**بەرێز ابو کاروان :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەموو جارێك تو تەعقیب لە سەر قسەی من ئەکەی، هەموو جارێك ئەوە لە جێی خۆیدا نییە بە راستی، خۆی ناوی نا من خۆی ئەڵێم دەوڵەتی تیروریستی ئیسلامی داعش.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئێمە دانمان پێوە نەناوە.

**بەرێز ابو کاروان :**

منیش دانم نەناوە پێوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێمە وەکو رێکخراوێکی تیرورستی مامەڵەی لە گەڵدا ئەکەین. فەرموو مامۆستا مروان.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مروان گەلاڵەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی ناوی داعش، تەبعەن ئێمە ئەگەر ناوهێنانی ئەو شێوازە دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی داعش، تەبعەن ئەگەر ئیسلامی بەو مانایە بێت کە ئیسلامی وەکو بڵێی تیرۆریست و هەڕەشە و سەربڕین و ئەوەیە، بەڕاستی بە هیچ شێوازێك قبوڵی ناکەین، لەبەر ئەوە ئەوەی کە داعش پێی هەڵدەستێت دوورە لە بنەماکانی ئیسلام، هەمووتان چاك دەزانن کێ داعشی دروست کردووە؟ و پێکهاتەی داعش کێن؟ پێکهاتەی داعش هەمان ئەو بەعسیانە بوون کە کاتی خۆی لە ژێر پەردەی ئیسلام و لە ژێر پەردەی دین ئەو هەموو زوڵم و ستەمەیان لە میللەتی عیراق و بە تایبەتی لە کوردیش کرد، هیوادارم برادەران بۆ مەسەلەی بەکارهێنانی ناوی ئیسلام کە هەموومان خۆ مان بە مو سوڵمان دەزا نین، میللەتی کورد میللەتێکی موسوڵمانە، هیوادارم ئەو کەلیمەیە بەکارنەهێنن و ڕەوایەتی بەوان نەدەن، چونکە ئەوە ڕەوایەتی دانە بە ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی کە دەیکەن، هیوادارم ئەوەی کە خەڵکانێك لە ناو دڵیاندایە کە ساڵەهای ساڵ نەیانتوانیوە بیکەن لە کوردستان، لە پاڵ داعش ئێستا بیکەن، کە پێشیان ناکرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، پێموابێت مەبەستەکە ئەوە نییە، کاك أبو کاروان خۆی ڕوون کردنەوە دەدا دەڵێ ( ئەوان خۆیان وا دەڵێن)، باشە، خاتوو وحیدە، فەرموو.

**بەڕێز وحيدە ياقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان.

سلاڤ بۆ هەمیت پێشمەرگێ سەنگەری شەری، ئەم وەکو پێکهاتا کلدان سریان ئاشوری و ئەر مەن ب تو ندی ئیدانە ئەو کاری تیرۆیستا دژی خەڵکی کۆبانێ هاتە کرن....

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك أبوکاروان، تکایە هێمنی بپارێزن، فەرموو وحیدە خان.

**بەڕێز وحيدە ياقو هرمز:**

هەروەسا داخوازێ ڤ کۆمەلگا نێودەوڵەتی بە زووترین وەخت هاریکاری خەلکی کۆبانێ بکەن...

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ دەنگی، مامۆستا هەورامان تکایە بێ دەنگی، کاك أبوکاروان تکایە بێ دەنگی، فەرموو وحیدە خان.

**بەڕێز وحيدە ياقو هرمز:**

هەروەسا کو ئەوە دەرفەتە بۆ مە داخاز بکەین بۆ ڕزگار کردنا هاووڵاتییێن ئاشووری ل دەڤەرا خابوور، ئەوێن حەتا نووکە ماینە ل دەستێ داعش دا، سلاڤ بۆ کۆبانێ، سلاڤ بۆ خابوور، بۆ حەسەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا ماجد، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك فراكسیۆن و لیستە توركمانییەكان هێرشەكانی ئەو دواییەی ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش بۆ كۆبانێ ئیدانە دەكەین، لەم كات و قۆناغە هەستیارەدا كە ناوچەكانی كوردستانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست تیایدا تێپەڕ دەبێ، بە تایبەتی لە كۆبانێ زیاتر پێویستیمان بە یەك ڕیزی و تەبایی هەیە، هەروەها بە وەلانانەوەی هەموو گرفتی سیاسی و حیزبی و هەوڵدان بۆ ڕزگاركردنی ئەو ناوچانە لە هەر جۆرە هێرشێكی تیرۆریستی كە دەبێتە هۆی ڕوودانی كارەساتی مرۆیی زیاتر، بۆیە پێویستە نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان بەرپرسیارێتی خۆیان نیشان بدەن، دەوڵەتانی دراوسێ زیاتر یارمەتیدەر بن، پاراستنی ژیانی خەڵكی ئەو ناوچانە لە هەموو خەتەرێكی چاوەڕوان نەكراو لەلایەن ئەو گروپە تیرۆریستیانە، ئێمە هەم لە كۆبانێ و هەم لە ناوچە كوردستانییەكانی تر پێویستە شانازی بە خەڵكی خۆڕاگری ئەو ناوچانە و پێشمەرگە قارەمانەكان بكەین، شایەنی باسە دەبێ ڕۆڵی وڵاتی توركیاش بەرز بنرخێنین لە هاوكاری و ئاسانكاری بۆ هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و ڕێگە پێدانیان بۆ چوونە ناو سنووری كۆبانێ و بەرگری كردن و دەركردنی تیرۆریستان، سەربەرزی بۆ پاسەوانانی سنووری كوردستان، خوای گەورە شەهیدەكان بە بەهەشت شاد بكات، شیفای بریندارەكان بدات، سەرشۆڕیش بۆ هەموو دوژمنانی گەلی كوردستان و تیرۆریستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا ماجد عثمان، بەڕێزان دەچینە سەر بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی كار، كە بریتی یە لە دانان و ئالوگۆڕكردنی هەندێك لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان، بە پێی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو، ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە ناوەكان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە مەبەستی زیاتر ڕێكخستنەوەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان داوای...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە داوای لێبووردنەوە لە جەنابتان و هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پەرلەمانی كوردستان لە بابەتێك كە پێویستە یاسای بۆ دەربكات، تەوصیاتی بۆ دەردەكات، لە بابەتێك كە پێویستە تەوصیاتی بۆ دەربكات، ئەو وتاری بۆ دەخوێنێتەوە، ڕەجا ئەكەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەوەی من دەیڵێم تەنها بۆ ڕاستكردنەوەی مەساری كارەكانی پەرلەمانی كوردستانە، ئەو بابەتەی كە یاسای پێ دەكرێ پێویستە كە وەزارەتمان پێ ئیلزام دەكرێ یان یاسای بۆ دەربكەین، ئەو بابەتەی ئەوڕۆ، وتارخوێندنەوە بەڵێ كاری پەرلەمانتارە، كاری پەرلەمانە، بەڵام وتار خوێندنەوە كاری ناو جەلسەی پەرلەمانی نییە، هیچ ماددەیەك لە ناو پەیڕەو ڕێگا نادا وتار لە ناو جەلسەی پەرلەمانی بخوێندرێتەوە، بەڵێ ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین ئیدانەی ئەو كارە بكەین، دەتوانین ئیدانەی بكەین، بەڵام خۆ دەمانتوانی وەكو پەرلەمانی كوردستان تەوصیە دەربكەین بڵێین (كۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناتوانین بە یاسا ئیلزامتان بكەین، بەڵام تەوصیەتان بۆ دەردەكەین كە نەتەوە یەكگرتووەكان بە پێی میساقی خۆتان ئێوە مولزەمن كە تاكەكان لە ناو نەتەوەكان بپارێزن لە تاوانە نێودەوڵەتییەكانی وەكو جینۆساید و وەكو تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەكانی جەنگ، بۆیە ڕاتان دەسپێرین كە میساقی خۆتان جێبەجێ بكەن، بە هانای خەڵكی كۆبانێوە بچن، بۆ ئەوەی جارێكی تر خەڵكی سیڤیل تووشی ئەو تاوانانە نەبێ، بۆیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەوە كۆتا دانیشتنی خوولی بەهارەیە، تەمەنا دەكەم لە خولی دادێ پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك ئەو جارە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ نەكات، ئەو وتارو وتارخوێندنەوە نەبێتە كاری جەلسات، زۆر سوپاس بۆ هەمووان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تەبعەن ئەوەی كە ڕێمان بە جەنابت دا نا پەیڕەوی بوو، چونكە ئەو خاڵە لە بەرنامەی كار تەواو بوو، بەڵام بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هیچ تەوصیەك لەبەردەستی ئێمە نییە ئێستا پێشكەش كرابێ بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، پەرلەمانی كوردستان لە ماوەی ڕابردوو ئەركی خۆی جێبەجێ كردووە لەم ڕووەوە، هەم بە ڕەسمی ناساندنی ئەو ئیرادەی خەڵكی كوردستان لەوێ، دەركردنی بڕیار بۆ ناردنی هێز، بەڵام ئەو بابەتە كە هاتۆتە كایەوە، ئەو كۆمەڵكەژییەی كە لە ماوەی ڕابردوودا هاتۆتە كایەوە، ئەوە بووە هۆی ئەوە كە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەو دانیشتنە بكەن، بەڕێز د.شێركۆ، بەڵام تكایە زۆر بە كورتی، چونكە ئەو بابەتە كۆتایی پێ هات.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن پشتگیری ئەو بەشەی قسەكانی د.ڤالآ دەكەم، كە ئەوەی پێویستی بە یاسایە، ئەوەی پێویستی بە ڕاسپاردەیە، نایێمەوە سەر ئەوە، من پێشتریش كە ویستم دەست بەرز بكەمەوە و قسە بكەم، من چوار

ڕا سپاردەم حازر کرد بوو، هەر حەزم کرد بیخه مه بەرده ست جەنابتان، بۆ ئەوەی بیخه نه بەرده ست ئەندامانی پەرلەمان، بەداخەوە وای لێکرا کە بوو بە شێوەی وتارخوێند نەوە، بۆ یە من ئێستا پێشکه شی جەنابتانی دەکەم، ئەگەر کرا خۆتان بینێرن بۆ حکومەت، ئەگەر کرا کەڵکی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی جەنابت پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەی، بە دڵنیاییەوە باشه پێی وەردەگرین، ئەگەر خولی گرێدانی درێژ نەکرێتەوە، ئەو کا تە ئێمە وە کو دە ستەی سەرۆکایەتی خۆ مان دەینێرین بۆ حکو مەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە تا ئێستا لەم بابە نەڕۆیشتوونەتە بابێکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست پێکرا، خوێندمانەوە و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوەکان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەوە جەدەل هەلدەگرێ (والحاصل)، ئەم بابە تەی کە پێ شکەش کرا بۆ پر سی کۆ بانێ و ڕۆژ ئاوا پرسێکی گرنگ و هەستیارە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کورد ستان هە یە، بۆ یە هـ یوادارم من لە بەر ئەوەی وە کو یەکێك لە واژووە کەرەکانی ئەو بیرۆکە یە، دەر فەتم بدەی من کۆمەڵێك ڕاسپاردەم نووسیبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی جەنابتان عەرزتان کردبوو لە هەر فراکسیۆنێك کەسێك بۆی هەیە قسە بکات، برای گەورەمان کاك دلێر لە جیاتی ئێمە قسەی کرد، ئە گەر دەر فەت هەبێ من کۆمەڵێك ڕاسپاردەم نووسیوە، دەکرێ ئەو ڕاسپاردانەشی کە وەك ڕاسپاردە کاك د.شێرکۆ و د. ڤالا تەرحیان کرد بە بنەما وەر گیرێ، چونکە ئەوە ئەو مەها مە پێك ناهێنی کە لە ڕا ستی دا ئێمە بابەتە کەمان بۆ پێشکەش کردبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ڕاسپاردانە بەڕێزیشت دەتوانی پێشکەشمان بکەیت، ئەو ڕاسپاردانەی بەڕێزیشتان لە گەڵ ڕا سپاردەکانی تر ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەر لەمانتار ڤەمان فیصل سلیم داوای دە ست لە کارکێ شانەوەی لە لیژ نەی بازر گانی و پارا ستنی مافی بەکاربەر کردووە و پەسند کراوە، داوا دەکات بچێتە لیژنەی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پەرلەمانتار ڤەمان فیصل سلیم بچێتە لیژنەی وەرزش و لاوان، کێ لەگەڵیەتی؟ (54) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (2) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو پەر لەمانتار مدیـنە أ یوب أ حمد داوای دە ست لە کارکێ شانەوەی لە لیژ نەی دارا یی و کارو باری ئابووری وەبەرهێنان، هەروەها بەهار محمود فتاح لە لیژنەی کاروباری پەرلەمانەوە پەسند کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس بۆ سکرتێری پەرلەمان، خاتوو امنە زکری، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخازێ دکەین داخازا مدینە خانی بێتە سەحب کرن، چونکە ماوە فراکسیۆن هێشتا بڕیاری لەسەر نەدایە، دگەل مدینە خانی ژ مە ئاخافتێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی دەتوانن وەکو فراکسیۆن داوایەك ئاراستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

ئاخر ئەگەر ژێ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگی لەسەر نەدراوە، ئەوە لای ئێمەیە، نازانم بڕیاری لەسەر دراوە؟ دوایی دەتوانن بە یاداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن،بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر بڕگەی پێنجەم لە بەرنامەی کار، کە بریتی یە لە خوێند نەوەی یە کەم بۆ ئەم پرۆژە یا سایانەی خوارەوە بە پـێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو:

1- پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، ژ مارە (17)ی ساڵی 1999.

2- پرۆژە یا سای هەمواری سێیەمی سندووقی خانەنـ شینی پارێزەران، ژ مارە (18) ساڵی 1999ی هەموارکراو.

3- پرۆژە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێـنە سەر مینـە صە بۆ خوێند نەوەی یە کەم بۆ ئەم پرۆژە یا سایانە، بەڕێز کاك عمر عینایەت نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەقریبەن دوو مانگ دەبێ یاداشتێكم پێشكەشی بەڕێزتان كردووە لە لیژنەی شارەوانی ئیعفا بكرێم، هیچ دەنگی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش هەر پێموابێ فراكسیۆنی بەڕێزتان داوای ئەوەی كردووە كە ئەو یاداشتە ڕابگیرێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەكەم:

بریتی یە لە پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سندووقی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی (1999)ی هەمواركراو، ئەم پرۆژە یاسایە لە سێ مادده پێك هاتووە بە بێ هۆكارەكانی دەرچوون، لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، كە ئەوە ناوەكانیانە:

1- شوان شێخ أحمد.
2- منی نبی قهوجی.
3- أنور قادر.
4- بەهار محمود.
5- فرست صۆفی.
6- محمد علی یاسین.
7- شێخ محمد صادق.
8- ماجد عثمان.
9- جودت نجار.
10- د.سرود سلیم.
11- تەلار لطیف.
12- مدینە أیوب.
13- هێڤا حاجی.
14- گەشە دارا.

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم:

بریتی یە لە پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (17)ی ساڵی (1999)، ئەم پرۆژە یاسایە لە (14) ماددە پێك هاتووە بە بێ هۆکارەکانی دەرچوون لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانە:

1- بەهار محمود.
2- منى نبی.
3- أنور قادر.
4- شوان شێخ أحمد.
5- فرست صۆفی.
6- محمد علی.
7- ماجد عثمان.
8- جودت نجار.
9- د.سرود سلیم.
10- د.ڤالآ فرید.
11- تەلار لطیف.
12- مدینە أیوب.
13- هێڤا حاجی.

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بۆ تێبینی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی سندووقی خانەنشینی پارێزەران ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووریش دەکرێت.

**بەڕێز شوان شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای سێیەم:

پرۆژە یاسای پارێزەرا یەتی لە هەرێمی کورد ستان، کە لە (163) مادده و لەگەڵ هۆکارە پێویستییەکان دەرچووێندراوە، لەلایەن ئەندامانی بەڕێز:

1- تەلار لگیف.
2- ئاواز شێخ جەنگی.
3- صالح فەقێ.
4- قادر ئۆتمان.
5- عەباس فتاح.
6- گەشە دارا.
7- سالار محمود.
8- مریم صمد.
9- دلێر ماوەتی.
10- زانا عبدالرحمن.

واژوو کراوە، تکایە ئاراستەی بکەن بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسای و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان ئێستا دەڕۆینە سەر تەوەری شەشەم لە بەرنامەی کاری پەرلەمان کە بریتی یە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی بەهارەی ساڵی دووەم، لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە پێی برگەی (2) لە ماددەی (17) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

خوشك و برایانی خۆشەویست، پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئەمڕۆ کۆتایی دەهێنین بە خولی بەهارە، لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، کە بە هەوڵ و ماندووبوونی ئێوە و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان دەکرێت بە خولێکی پڕ لە دەستکەوت و بەرهەم لە قەڵەم بدرێت، چونکە توانرا سەرەڕای ئەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەی کە هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێ، سەرەڕای ئەو کێشە داراییانەی کە حکومەتی ئیتیحادی بۆ هەرێمی کوردستانی دروست کردووە، پەرلەمانی کوردستان لە بوارەکانی یاسادانان و چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن تا ڕاددەیەکی زۆر بە ئەرکەکانی خۆی هەستێ، هەر بۆیە بە باشی دەزانم بەم بۆنەیەوە بە شێوەیەکی خێرا تیشك بخەمە سەر ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەم خولەدا لە پەرلەمانەوە دەرکراون، سەرەڕای پرۆسەی چاودێری کردن، کە ئەندامان و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئەنجامیان داوە، پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا (19)

دانیشتنی ئاسایی ئەنجام داوە، لەگەڵ (2) دانیشتنی نائاسایی، هەروەها (10) یاسای پەسند کردووە، لە گەڵ (4) بڕیار، لەم خولەدا پەرلەمانتاران (314) پرسیاریان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کردووە و (276) لەو پرسیارانە وەڵامەکانیان گەڕاوەتەوە، هەر لەم خولەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ (26) پرۆژە یا سا کراوە، لە بواری بانگ کرد نی وەزیرە کانی کابیـنەی هە شتەمی حکو مەتی هەرێمیش دا، (19) جار وەزیرە کانی کابیـنەی هە شتەم لە لیژ نەکانی پەر لەمان دا ئا مادەبوون، (15) جار سەرۆکی دە ستەکان لە لیژ نەکانی پەر لەمان ئا مادە بوون، ئەوە جـگە لە ئا مادەبوونی بەڕێز جێـگری سەرۆکی حکو مەت و وەز یرە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی زێدەڕۆیی لە دانیشتنێکی پەر لەمانی کورد ستان، خاڵێکی گرنگ کە دەکر یێت وەك شانازییەك بۆ خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەر لەمان تەما شا بکر یێت مە سەلەی پێکهێـنانی لیژ نەی نووسینەوەی دەستوورە، کە بە ماندووبوون و مکوڕبوونی هەموو لایەك، سەرەڕای درەنگ کەوتن توانرا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو لیژنەیە دروست بکر یێت، خۆ شبەختانە دوای پێکهاتنی لیژنە کە دە ستی بە کاروبارەکانی کردووە و بەردەوا مە لە ئامادەکرد نەوەی پرۆژەی دە ستوور، بۆ یە سەرەڕای دەستخۆ شیمان هیوادارین لەو ماوەی بۆیان دیاری کراوە ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیانە بە سەرکەوتوویی تەواو بـکەن و دەستوورێك ئامادە بکەن کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دا یەکانگیر بـێت و هەرێمە کەمان بکا تە نموونە یەك لە پێـکەوە ژ یان و داد پەروەری کۆمەڵا یەتی و بە دامەزراوەیی کردنی هەموو جومکەکانی دەسەڵات، بە هەمان شێوە پەسند کرد نی یا سای سندووقی داها تە نەوتی و گازیـیەکان هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بە دا مەزراوەیی و شەفاف کرد نی کەرتی نەوت و گازی هەرێم، پەرلەمانتارانی بەڕێز وەك دەزانن زیاتر لە ساڵێکە هەرێمی کوردستان لە پاڵ قەیرا نە دارایـیەکانی ڕووبەڕووی دڕندەترین پەلاماری تیرۆریستی بۆتەوە، ڕۆژانە پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە بەرەکانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا بە خوێنی خۆیان بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و خاکی کورد ستان دە کەن، ئەوەش بەرپرسیارێتی ئێمە زیاتر دەکات، هەم بەرامـبەر بە ئەوان، هەمیش بەر امـبەر بەو پرەنـسیپ و ئامانجانەی کە ئەوان دەیپارێزن، بۆیە دەبێ بە گیانی لە خۆبردوویی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتییەوە ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، جیاوازییەکانمان بکەینە هەوێنی پـتەوکردنی دیموکرا سی و بە گـیانی یەکڕیزی و سازان و لە چوارچێوەی پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی و حوکمی یاسا ناکۆکییەکانمان بەڕێوە ببەین و نەیانکەینە خاڵی لێکترازان و ململانێی نادروست، یەکێك لەو گرفتانەی کە لە ئێستادا ڕوو بەڕووی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، بریتی یە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستان، ئێـمە لە سەرەتای ئەو خو لەوە بە گـیانی بەرپر سیارێتی نیـشتیمانییەوە و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دۆ خەی کە هەرێمی پێدا تێپەڕ دەبێ، هەوڵی تەواومان داوە بە شێوەی سازان و دوور لە ململا نێ ئەم مە سەلەیە لە نێوان هێزە سیاسییەکان دا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێـتەوە، بۆ یە سەرۆکایەتی پەر لەمانی کورد ستان سەردانی لایە نە سیا سییە بە شدارەکانی حکو مەتمان کرد، داوا مان لێ کردن لەلای خۆیا نەوە بۆ چوون و پێشنیارەکانی خۆیانمان بۆ گەڵاڵە بـکەن، وەك دەزا نن بە شی زۆری لایە نە سیا سییەکان لە ڕێگای هێـنانی

پرۆژە یا ساوە بۆ چوونەکانی خۆ یان خ ستۆتەڕوو، بەڵام بە شێك لە ه ێزە سیا سییەکانی تری هەرێم و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لەو مەسەلەیەدا ڕای جیاوازیان هەبوو، کە ئەوەش لە سی ستەمی دیموکرا سی دا پر سێکی ئا سایی و یا سایی یە، بەڵام هەل و مەرجی هەرێمی کورد ستان و ئەو دۆ خە نا لەبارەی کە ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێ لەسەرمان دەخوازێ لەو مەسەلە گرنگ و هە ستیارەدا لە چوار چێوەی یا سا و دوور لە بەرژەوەندی حیزبی ئەم مەسەلەیەش چارەسەر بکرێت و بەرژەوەندی کورد ستان بخرێ تە سەروو هەموو ئیعتیبارێکەوە، ئەوەش ئەرکی لایەنە سیاسییەکانە و چاوەڕێ دەکرێت لە ڕێی لە یەك تێگەی شتن و سازان بە جۆرێك کە هەموو لایەك تێیدا براوە بێت، مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمیش چارە سەر بکر ێت، لەمڕۆوە پەر لەمانی کورد ستان سەرباری ئاوەڵاکردنی دەر گا بە ڕووی سازان لە سەر پرۆژەی دە ستووری هەرێم ڕێچکەی یاسایی چارەسەری ئەم پرسەی دەست پێ کردووە، ئومێدەوارین پاش سازانی فراکسیۆن و لایە نە سیا سییەکان قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێ تە دەر فەتێك بۆ ل ێك تێگەی شتنی قووڵتر و واقیعیانەتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و بە دا مەزراوەیی کرد نی ز یاتری هەرێمی کورد ستان، برا یان و خوشکانی بەڕێز دیزاینی نەخشەی ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری دایە، ئەم وڵا تان و گەلانی دەورو بەرمان کار دەکەن بۆ ئەوەی بە زۆر ترین دە ستکەوتەوە ل ێی دەر چن، بە شی زۆری ململانێکانیش لە سەر خاکی کوردستان بەڕێوەدەچن، هێزە کۆنەپەر ست و شۆڤێنییەکان کار دە کەن بۆ ئەوەی گەلی کورد ستان وە کو جاری جاران لە ژێر دەستیان دا بێت و نیشتمانەکەی بە پارچەپار چەیی و داگیرکراوە یی بمێنێ تەوە، بۆ یە لەسەرمانە بە گیانی یەکڕیزی و تەباییەوە کاربکەین بۆ ئەوەی گەلە کەمان و نی شتمانەکەمان ئەم قۆنا غە سەخت و دژوارە تێپەڕێنێت و نەوەی ئایندە لە سایەی قوربانییەکانی پێشمەرگە و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی دا بە ئاشتی و ئارامی بژی، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە پێویستی دەزانین داواتان لێ ب‌کەین لە ڕێگەی فراکسیۆن و لیژنەکانتانەوە لەو کاتەدا کە پرۆسەی یا سادانان لە پەر لەمان دەوە ستێت، ئەر کەکانی خۆ تان بەرام‌بەر چین و تو ێژەکانی کۆ مەڵگا در ێژە پێ بدەن و نەخ شە و بەرنا مەی گو نجاو بۆ وەرزی داهاتووی کارتان دابنێن، سەرکەوتوو و سەرفراز بن، زۆر سوپاس، ئەم شێوەیە خولی گر ێدان کۆ تایی پێ دەهێنین، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

**فخرالدين قادر**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

**جعفر ابراهيم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

**د. يوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**